هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 55

سالْی/ 2010 – بەرگی پەنجاوپێنج

---

چاپی یەکەم/ سالْی 2010

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/1/26 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/2/22 ل 21

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/2/23 ل

85

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/2/24 ل

159

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2010/2/25 ل

251

مەنصە، دانیشتنێکی نائاساییە بۆ خوێندنـەوەی بودجـە، کـەی موناقەشـەی بودجـە هـات ئـەو کـاتی قسـەی خۆت بکە، پێش موناقەشە نابێت، کەرەم بکەن، ئەوە دەتـوانی ئـەو عـەدەدەی کـە جـەنابت داوات کـرد بـوو (27) کەس بوون، (29) کەس بوون، خۆی (37) کەس لازمە بۆ دانیشتنێکی نائاسایی خوشکی من، بـەپێی یاسا ئێمە سەیرمان کرد (3/1)ی پەرلەمان، باشە دەتوانی بێیتە سـەرۆکایەتی لـەوێ موناقەشـەی دەکـەین، ئێستا جەلسەیەکی نائاساییە بۆ بودجەیە، زۆر سوپاس، فەرموون لیژنـەی دارایـی بـۆ خوێندنـەوەی پـرۆژە یاسایەکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسایەکە بە دوو زمان دەخوێندرێتەوە، بە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی.

بسم الله الرحمن الرحيم

اقليم كوردستان – العراق

الرئيس

باسم الشعب

**قانون رقم ( ) لسنة 2010**

**قانون موازنة اقليم كوردستان – العراق لسنة 2010**

المادة الاولى:

يرصد لنفقات السنة المالية/2010 مبلغ قدره (11,432,176) الف دينار (احدى عشر ترليـون واربعمائـة واثنان وثلاثون مليار ومائة وستة وسبعون مليون) دينار ويوزع كالآتي:

اولاً/ مبلغ قدره (3,543,074) الف دينار (ثلاثة ترليون وخمسمائة وثلاثة واربعون مليار واربعة وسبعون مليون) دينار لنفقات المشاريع الرأسمالية.

ثانياً/ مبلغ قدره (7,889,102) الف دينار (سبعة ترليون وثمانمائـة وتسـعة وثمـانون مليـار ومائـة واثنـان مليون) دينار للنفقات التشغيلية.

ثالثاً/ العجز المخطط يقدر بـ(835,000) فقط (ثمانمائة وخمسة وثلاثون مليار دينار).

المادة الثانية:

تقـدر ايـرادات الموازنـة للسـنة الماليـة/ 2010 بمبلـغ (348,679) فقـط (ثلاثمائـة وثمانيـة واربعـون مليـار وستمائة وتسعة وسبعون مليون دينار).

المادة الثالثة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان – العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق المـوارد الماليـة المتاحة.

المادة الرابعة:

**حصر الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية (المنح، الاعانات، نفقات المشاريع الرأسمالية) من الموازنة العامة لحكومة اقليم كوردستان بوزارة المالية والاقتصاد، ولوزير المالية والاقتصاد تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف مباشرة على بعض مستويات الحسابات الرئيسية.**

**المادة الخامسة:**

1- **لرئيس برلمان كوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالبرلمان.**

2- **لرئيس مجلس القضاء اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بمجلس القضاء.**

3- **لوزير التخطيط اجراء المناقلات اللازمة ضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة بالتنسيق مع وزارة المالية.**

**المادة السادسة:**

**اولاً/ يخول وزير المالية صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.**

**ثانياً/ لوزير المالية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة.**

**المادة السابعة:**

**تقدم وزارات ودوائر الدولة كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) في موعد لا تتجاوز مدته (10) ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية والاقتصاد – مديرية المحاسبة.**

**المادة الثامنة:**

**تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان - العراق للسنة المالية 2010 والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.**

**المادة التاسعة:**

**ايقاف التعينات بعقود كافة الا بعد موافقة وزارة المالية والاقتصاد.**

**المادة العاشرة:**

**اولاً/ للوزير المختص صلاحية الصرف بما لايزيد على (250) مائتان وخمسون مليون دينار لكل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ملا يزيد على (100) مائة مليون دينار.**

**ثانياً/ للهئيات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لايزيد على (150) مائة وخمسون مليون دينار لكل حالة.**

**ثالثاً/ يراعى في اولاً وثانياً مايلي:**

1- **ان يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللاغراض المحددة لها.**

2- **التقيد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولايجوز الدخول في الالتزام بالصرف بما يزيد عما هو مخصص في الموازنة.**

المادة الحادية عشر:

لوزير المالية والاقتصاد اضافة تخصيصات مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الصحة لكافة دوائرها الى موازنة وزارة الصحة لاغراض شراء الادوية وتدارك نفقات الصيانة بانواعها مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلاً.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

المادة الثانية عشر:

تقيد مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير مرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية، ايراداً نهائياً للخزينة على ان يقوم وزير المالية والاقتصاد بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة او الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التي منحت من اجلها.

المادة الثالثة عشر:

تستقطع نسبة (10٪) من رواتب ومخصصات اعضاء برلمان كوردستان والوزراء ومن بدرجتهم ووكلاء الوزراء ومن بدرجتهم والمستشارين ومن بدرجتهم والمدراء العامين ومن بدرجتهم والدرجات الخاصة وتقيد ايراداً للخزينة.

المادة الرابعة عشر:

لاتزيد المكافأت للموظفين على مليونين دينار سنويا للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصة وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

المادة الخامسة عشر:

يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2009 لدائرته بعد نفاذ هذا القانون الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية والتعليمات النافذة.

المادة السادسة عشر:

تخصص مبلغ (120) مليار دينار لصندوق مشروع تنمية قدرات كوردستان في حساب خاص لتهيئة كادر متخصص في مختلف المجالات التي يحتاجها الاقليم من خلال زمالات دراسية خارج الاقليم ويعد بنظام من قبل مجلس الوزراء.

المادة السابعة عشر:

يخصص مبلغ (150) مليار دينار لحملة انشاء المدارس النموذجية في الاقليم من موازنة النفقات الاستثمارية.

المادة الثامنة عشر:

1- تتم زيادة رواتب ذوي الشهداء وضحايا الانفال والاسلحة الكيمياوية:

أ- ذوي الشهداء بنسبة (25, 15٪) وفق النسب التالية:

1- من (400) الف دينار الى (600) الف دينار (25٪).

2- من (700) الف دينار الى (1,032) مليون دينار (15٪).

ب- ذوي الشهداء المدنيين (هاوولاتى) بمبلغ مقطوع قدره (50) الف دينار.

2- عوائل الشهداء المؤنفلين بنسبة (50٪).

3- أ- المعوقين من (30) الف دينار الى (50) الف دينار.

ب- المعوقين من (50) الف دينار الى (100) الف دينار.

ج- ينظم ذلك بتعليمات تصدر من قبل مجلس الوزراء.

المادة التاسعة عشر:

يخصص مبلغ تسعون مليار دينار لدعم الاحزاب والمنظمات ويتم الصرف من هذا التخصيص باجراءات مؤقتة على ان يتم تسوية المبالغ المستلمة من قبل الاحزاب والمنظمات وفق قانون دعم الاحزاب حال اقراره من قبل برلمان كوردستان.

المادة العشرون:

يتم تسديد العجز البالغ (835) مليار دينار لوزارة البيشمركة من الموازنة الجارية من المبالغ المخصصة لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع/ العراق حسب قانون الموازنة الاتحادية للسنوات 2007, 2008, 2009.

المادة الواحد والعشرون:

تقوم وزارة المالية والاقتصاد الالتزام بـ:

1- رصد مبلغ قدره (350) فقط (ثلاثمائة وخمسون مليار دينار) لاغراض دعم مشاريع صندوق الاسكان.

2- رصد مبلغ قدره (30) فقط (ثلاثون مليار دينار) لدعم مشاريع المصرف الصناعي.

3- استمرار الوزارة بتأمين القرض العقاري للمواطنين حسب الضوابط والتعليمات المرعية.

4- تقوم وزارة المالية والاقتصاد بدعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي ويعزز بمبلغ (50) مليار دينار.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية والعشرون:

في حالة حصول تغيير في حصة موازنة حكومة اقليم كوردستان يخول وزير المالية والاقتصاد بتخفيض او زيادة المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة او مايراه مناسباً لتسديد العجز.

**المادة الثالثة والعشرون:**

**تقوم وزارة المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة الموارد الطبيعية بتخمين وتقدير الموارد التي تحقق من نشاطات واستثمار الموارد الطبيعية المستحقة للاقليم وفق الدستور العراقي وتضاف الى الواردات المتحققة.**

**المادة الرابعة والعشرون:**

**لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون خلال اسبوعين من تاريخ اصداره.**

**المادة الخامسة والعشرون:**

**لايعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**المادة السادسة والعشرون:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة السابعة والعشرون:**

**ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ويعتبر نافذاً اعتباراً من نشره / /2010.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بە کوردی بخوێننەوە.**

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان.**

**دەقە کوردیەکە هەندێك ڕەکاکەتی تیایە لە وەرگێڕانەکە، ئێمە وەکو خۆی دەخوێنینەوە، هیچ دەستکارییەکمان نەکردووە.**

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان–عێراق**

**سەرۆك**

**بەناوی گەل**

**بڕیار**

**ژمارە ( )ی ساڵی 2010**

**یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق ساڵی 2010**

**بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی-عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو و پشت بەستن بەو یاساکارییەی کە پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( ) ڕۆژی / / 2010 کردوویەتی، بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایە درا:**

## یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2010

## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2010

**ماددەی یەکەم :**

**بۆ خەرجیەکانی ساڵی دارایی/2010 گوژمە پارەیەك دادەنرێ کە بڕەکەی 11,432,176 (یازدە ترلیۆن و چوارسەد و سی و دوو ملیارو سەدو حەفتا و شەش ملیۆن دینار)وە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێ:**

**یەکەم: گوژمەی 3,543,074 دینار (سێ ترلیون و پێنج سەد و چل و سێ ملیار و حەفتاو چوار ملیۆن دینار) بۆ خەرجی پڕۆژە سەرمایەدارەکان .**

**دووەم: گوژمەی 7,889,102 هەزار دینار (حەوت ترلیۆن و هەشت سەد و هەشتا و نۆ ملیار و سەد و دوو ملیۆن دینار) بۆ خەرجی بەکارخستن.**

**سێیەم: کورت هێنانی بودجە دەخەملێندرێ بە تەنیا 835000 دینار (هەشت سەد و سی و پێنج ملیار دینار).**

**ماددەی دووەم:**

**داهاتی بودجەی ساڵی دارایی 2010 بە گوژمەی تەنیا 348, 679 (سێ سەد و چل و هەشت ملیار و شەش سەد و حەفتا و نۆ ملیۆن دینار) دەخەملێندرێ.**

**ماددەی سێیەم:**

**وەزاراتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستان - عێراق دارایی دابین کردنی ژمێریاری وەزارەتەکان و کارگێریەکان بەپێی داهاتی دەستکەوتووی دارایی دەگرێتە ئەستۆ.**

**ماددەی چوارەم:**

**خەرج کردن لە ئیعتیماداتی (پشتیوانە)ی ژمێریاری سەرەکی (بەخشین، یارمەتی، خەرجی پڕۆژەکانی سەرمایەداری) لە بودجەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە دەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێ و وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە دەسەڵاتی خەرج کردن ڕاستەوخۆ بدات بە وەزیرەکان و سەرۆکەکانی ئەو لایەنانەی کە بە وەزارەتەوە نەلکاوە لەسەر هەندێ ئاستی ژمێریاریی سەرەکی.**

**ماددەی پێنجەم:**

1. **سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی تایبەت بە پەرلەمان بکات.**
2. **سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی دادەوەریی بکات.**

3. وەزیری پلان دانان بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی وەبەرهێنانی پەسندکراو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بکات.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: وەزیری دارایی دەسەڵاتی گواستنەوەی نێوان تەرخانکراوەکانی دەروازەکانی بودجەی پێدەدرێ بەدەر لە بەشی مووچە، کە دەشێ بۆی بگوێزرێنەوەو نابێ لێی بگوێزرێتەوە .

دووەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە گواستنەوە لەنێوان پشتیوانەی دارایی دەروازەکانی بودجە بکات لە پێناو فەراهەمکردنی توانای خەرج کردن بۆ کارگێڕییەکانی، کە بڕیار دەدرێ لێك بکرێنەوە لە وەزارەت، یان بە وەزارەتێکی دیکەوە بلکێندرێ و، وەزیری تایبەتمەندیش بۆی هەیە گواستنەوە لەناو یەك بەش یا یەك یەکەی خەرجکردندا بکات.

ماددەی حەوتەم:

وەزارەتەکان و هەموو فەرمانگەکان ژمێریاریی مانگەیان (پێوەری پێداچوونەوەکانیان) لە ماوەیەك لە (10) ڕۆژ لە کۆتایی هەموو مانگێك ڕەت نەکات پێشکەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بکات.

ماددەی هەشتەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر ئامادەکردنی تاکەکانی میلاکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی دارایی 2010 دەگرێتە ئەستۆ و پەسندی دەکات و، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی تێچووی مووچەکانی پەسەندکراو دەبێ لە نێو بودجەدا.

بەڕێز عدنان عثمان احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی نۆیەم:

ڕاگرتنی دامەزراندن بە گرێبەست مەگەر دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت.

ماددەی دەیەم:

یەکەم: وەزیری تایبەتمەند دەسەڵاتی خەرج کردنی هەیە کە لە (250) (دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك و، بۆی هەیە دەسەڵات بدات بە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەی بە خەرج کردنی پارەیەك کە لە (100) (سەد ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ .

دووەم: ئەو دەستانەی کە بە وەزارەتەوە نەلکاون دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمە پارەیەکیان هەیە کە لە (150) (سەد و پەنجا ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك.

سێیەم:

لە (یەکەم) و (دووەم) دا ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە دەکرێ :

1- دەبێ خەرجکردنەکە بەپێی پشتیوانەی دارایی پەسەندکراو لە بودجەی گشتی ساڵانە بێت و بۆ مەبەستی دیاری کراو بێت.

2- پشت بە پشتیوانەی تەرخان کراو لە بودجەی گشتی ببەسترێ و نابێ بچێتە ناوخۆ بەستنەوە بە خەرج کردن لەوەی لە تەرخان کراوەکەی نێو بودجە زیاتر بێ .

**ماددەی یازدەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە تەرخانکراوی گوژمەکانی داهاتی مانگانە کە وەزارەتی تەندروستی بە دەستی دێنێ بۆ هەموو فەرمانگەکانی بخاتە سەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی بۆ مەبەستی کڕینی دەرمان و دابین کردنی خەرجییەکانی پاراستن و بە هەموو جۆرەکانیەوەو خشتەکانی داهاتەکانی کە بەکردەنی بەدیهاتووی پێوەلکابێ.

**ماددەی دوازدەم:**

ئەو گوژمە پارانەی پیتاك کەدراون بەوەزارەتەکان و لایەنە نەلکاوەکان بەوەزارەت، ئەوە دوای قەبووڵ کردنیان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بە داهاتی کۆتایی بودجە تۆمار دەکرێت، بەرمەجێك دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری لەناو تەرخان کراوەکانی وەزارەتی، یان لایەنەنی کەبەوەزارەتەوە نەلکاوەبی تەرخانیان بکات بۆ خەرج کردنیان، بۆ ئەو مەبەستانەی کەلە پێناویان تەرخان کراون.

**ماددەی سێزدەم:**

ڕێژەی 10٪ لەمووچە و دەرماڵەکانی ئەندامانی پەرلەمان، وەزیرەکان و ئەوانەی کە بەپلەی ئەوانن لەگەڵ بریکارەکانی وەزارەتەکان و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن و راوێژکاران و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن و خاوەن پلەی تایبەتی و بەداهات بۆ گەنجینە تۆمار دەکرێن.

**ماددەی چواردەم:**

پاداشتی فەرمانبەران نابێ ساڵانە لەدوو ملیون دینار زیاتر بێ بۆ کەسێك و لەناو تەرخانکراوی بڕیاری لەسەردراوی بودجەی تایبەتمەند بێ و ئەمەش بەپێی ڕێنمایی وا دەبێ کە وەزارەتی دارایی وئابووری دەری دەکات .

**ماددەی پازدەم:**

سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرج کردن دەکەوێتە بەرلێپێچینەوە کەلە پێشکەش کردنی ژمێریاریی کۆتایی سالی 2009ی فەرمانگەکەی دوای جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دواکەوێ، ئەمەش بەپێی ڕێکارە یاساییەکان و ڕێنماییە جێبەجێ کراو دەبێ.

**ماددەی شازدەم:**

گوژمەی (120) ملیار دینار تەرخان دەکرێ بۆ سندوقی پرۆژەی گەشە پێ کردنی تواناکانی کوردستان لە حیسابی تایبەتی، بۆ ئامادەکرنی کادیری پسپۆر لە بوارە جیاجیاکان کە هەرێم پێویستی دەبێ. ئەمەش لە

ڕێگەی زەمالاتی خوێندنـەوە دەبـێ لـە دەرەوەی هـەرێم و بـە پێڕەوێـك لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە ئامادە دەكرێ.

ماددەی حەڤدەم:

گوژمەی (150) ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروستكرنی فوتابخانە نموونەییەكان لە هەرێمدا تـەرخان دەكـرێ لە بودجەی خەرجیە وەبەرهێنەكان.

ماددەی هەژدەم:

مووچەی كەس وكاری شەهیدان وقوربانیانی ئەنفال وچەكی كیمیایی بەم پێە زیاد دەكرێ:

أ- كەس وكاری شە هیدان بە ڕێژەی ( 15,25٪) بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:

1 -لە (400) هەزار دینار بۆ (600) هەزار دینار 25٪.

2 -لە (700) هەزار دینار بۆ (1,032) دینار 15٪.

ب/ 1- كەس وكاری شەهیدە شارستانیەكان (هاووڵاتی) بەگوژمەیەكی براوە كە (50) هەزار دینارە.

2- خێزانەكانی شەهیدە ئەنفال كراوەكان بەرێژەی 50٪ .

3- أ- كەم ئەندامان لە (30) هەزاردینارەوە بۆ (50) هەزار دینار.

ب- كەم ئەندامان لە (50) هەزاردینارەوە بۆ (100) هەزار دینار.

ج- ئەمانە بەرێنمایی ڕیك دەخرێن كە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەچوێنێ.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆزدەم:

گوژمەی نەوەد ملیار دینار بـۆ پشتگیری حزبـەكان و ڕێكخراوەكـان تـەرخان دەكـرێ و، لـەناو ئـەو تـەرخان كراوە خەرج دەكرێ بـەرێكارێكی كـاتی، بەمـەرجێك پـارە وەرگیراوەكـان لەلایـەن حزبـەكان و ڕێكخراوەكـان بەپێی یاسا بە پشتگیری حزبەكان بە وەرگرتنی تەسویە بكرێ، ئەمـەش دوای پەسـندكردنی دەبـێ لەلایـەن پەرلەمانی كوردستانەوە.

ماددەی بیستەم:

ئەو كورتهێنانەی بودجەكە دەكاتە (835) ملیار دینار دەدرێن بە وەزارەتی پێشمەرگە لـە بودجـەی ئێـستا لەو گوژمە پارانەی كە بۆ پاسەوانی هەرێم (زێرەڤانی) لەناو تەرخان كراوەكانی وەزارەتـی بـەرگری عێـراق تەرخانكراون بەپێی یاسای بودجەی فیدراڵی بۆساڵانی 2009,2008,2007.

ماددەی بیست ویەكەم:

وەزارەتی دارایی وئابووری خۆی پابەندە بە:

1 -تەرخان كردنی گوژمەیەك كە بڕەكەی (350) تەنیا سـێ سـەدو پـەنجا ملیـار دینـارە بـۆ مەبەسـتەكانی پشگیریی پرۆژەكانی سندوقی نیشتەجێ كردن.

2 - تەرخان کردنی گوژمەیەك کە بڕەکەی (30) تەنیا (سی ملیار دینارە) بۆ پشتگیریی پڕۆژەکانی بانکی پیشەسازیی.

3 - بەردەوام بوونی وەزارەت بە دابین کردنی قەرزی خانووبەرە بۆ هاوولاتییان بەپێی بەرزەفتکاریی ورێنمایی کارپێکراو.

4 - وەزارەتی دارایی و ئابووری پشتگیریی پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ دەکات لەڕێگەی بانکی کشتوکاڵییەوە و بە گوژمەی (50) ملیار دینار پشت ئەستوور دەکرێ .

ماددەی بیست ودووەم:

لە حاڵەتی روودانی گۆڕینێك لە بەشی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا وەزیری دارایی و ئابووری دەستەلاّتی پێدەدرێ بە کەمکردنەوە، یان زیاد کردنی سەرجەم گوژمەکەی بودجە بەهەمان رێژە، یاخود چی بە موناسب دەزانێ بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکە.

ماددەی بیست وسێەم:

وەزارەتی دارایی وئابوری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەو داهاتانە دەخەملێنێ کە لە چالاکی و وەبەرهێنانی داهاتی سروشتی موستەحەقی هەرێم دەستی دەکەوێ بەپێی دەستووری عێراق و دەخرێنە سەر ئەو داهاتانەی کە دەست کەوتوون.

ماددەی بیست وچوارەم:

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەی دوو هەفتە لە مێژووی دەرچوواندنیەوە.

ماددەی بیست و پێنجەم:

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێ.

ماددەی بیست وشەشەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەحێ بکەن.

ماددەی بیست وحەوتەم:

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوەو لە بەرواری دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئەم پرۆژە یاسایە دەدرێتە لیژنەی دارایی و ئابووری، کە لیژنەیەکی پسپۆرە لەو بارەیەوە، لیژنەی یاسایی و گشت ئەندامە بەڕێزەکان، هەروەها داوا لە سەرۆکی گشت لیژنەکان دەکەین سبەی سەعات (11) لە

ئێمەش وەکو فراکسیۆنی کوردستانی، لە مانگی (11)وە پرۆژەیەکمان تەقدیم کردووە، نوسخەیەك چۆتە لای بەڕێز سکرتێر و ئاراستەی جەنابت و جێگرەکەشی کراوە، بە ناوی فراکسیۆنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تەعارووزەك نیە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا لە قۆناغی پرۆژەدایە و تەنها خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەوە دەتوانین لەوێ، لەو کاتەی دەدرێتە دەنگدان ئەو پرۆژەیە، ئەو بڕگەیە تایبەتە بەو بابەتە لەوێ لادرا و نەما، لەبەر سەربەخۆیی ئەو دەسەڵاتە، ئێمە بە باشمان زانی کە پرۆژەیەکی سەربەخۆ بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوەی کە لیستی گۆڕان ئێستا دایان، ئەوەی کوردستانی کە ئێستا باسی دەکەن، ئێمە تەئکید دەکەین، با بۆ سبەی هەردووکی، لەگەڵ ئەوەی ئەوڕۆکە خوێندمانەوە، یەك دەخرێت و تەحویلی لیجانەکان دەکرێ، هەمووشتانی لێ ئاگادار دەکەینەوە، بەس تەئکید دەکەینەوە لەسەری، زۆر سوپاس، بە نیسبەت ئەو پرۆژەی کە ئەوڕۆ خوێندرایەوە، ئەوە پرۆژەی پەرلەمانە، حکومەت بۆی نیە ڕێگە بۆ پەرلەمان دابنێت، دەتوانێ پێشنیار بکات، بەڵام ناتوانێت ڕێگات بۆ دابنێ، بۆیە ئێوە خۆتان بڕیار لە ئیش و کاری خۆتان دەدەن، هەر پرۆژەیەکیش، لە لایەن هەر فراکسیۆنێکەوە کە (10) ئەندامی پەرلەمان ئیمزای کردبێ، جێگەی ڕێزە، وەری دەگرین و بە هەندیش وەری دەگرین، زۆر سوپاس، ئێستا بەخێر هاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، شێخ بایز (وەزیری دارایی)، کاك د. علی سندی (وەزیری پلاندانان)، ڕێزدار کاك رشید تاهیر، ڕێزدار کاك دڵشاد، بەخێربێن، بچینە خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن جارێ بۆ جێگای خۆتان، خاڵی سێیەم: گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی (2010) ی هەرێمی کوردستان، کاك شێخ ڕاپۆرتت هەیە؟ یان قسە دەکەی؟ ئەگەر ڕاپۆرتت هەیە، کەرەرمکە بۆ سەر مینەصە، ئەگەر قسە دەکەیت، لە جێگەی خۆت دەتوانی، کاك شێروان کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من پێویستە ئەوەلەن تەقریری لیژنەی دارایی بخوێندرێتەوە، دوایی جەنابی وەزیر ڕاپۆرتی خۆی تەقدیم بکات.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەفرووزە وەزیر مالیە بێت، سیاسەتی دارایی و ئابووری پێشکەشی پەرلەمان بکات و بزانین بودجەکە لەسەر چ ئەساسێك دانراوە، پاشان لیژنەی مالیە ڕەئی خۆی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێویستە پێش ئەوەی دەست بەکار بکەی، ڕوونکردنەوەیەك بدەین، چونکە زۆرجار لە زۆر شوێنەوە، زۆر باسی پەرلەمان کرا، کە گوایە بە عەمەدی دوای دەخەین، بە عەمەدی، بە حەقیقەت بەو شێوەیە نیە، بۆ ئێوەی بەڕێز و بۆ خەڵکی کوردستان دەڵێین، ئێمە یەکەم بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەشی (9) بابەت (بودجە)، ماددەی (79) کارمان کردووە، بودجە لە سەرەتای تشرینی یەکەم بوبێت، بەڵام کەمێك تاخیر بوو، ئەویش جێگەی ڕێز و ئیحتیرامە لەبەر ئەو زرووفەی کە لە پێش بوو، بە پێی ماددەی (79) لیژنەی دارایی و ئابووری پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی و حیسابکاری دومایی، هەر ساڵێك کە گەیشت پێی، حەواڵەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکرێت، بۆ لێوردبوونەوە و گفتوگۆکردن لەسەری، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز لە (2010/1/21) سەعات (1:35) کە ڕێککەوتی ڕۆژی پێنج شەم ڕاپۆرتەکە کەیشتە سەرۆکایەتی، کە دوای دەوام بوو، بۆیە پەیوەندیمان کرد لەگەڵ ئەندامانی سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین بۆ یەکەم ڕۆژی، بەردەوام پەیوەندیمان بە د. ئاراس سەرۆکی لیژنەی دارایی کرد، کە ئامادە بێت، بە بیرم دێت (11)ی شەو بوو پەیوەندیم پێ کرد، وتی: ئێستا بێم، وتم: نا لە وەختی تەبیعی خۆت کەرەمدەکەیت و دێت، ڕۆژی یەك شەم، ڕێککەوت (24)ی مانگ بوو، سەعات (11)ی بەیانی، پێشتر سەرۆکایەتی دانیشتین، پاشان لەگەڵ سەرۆك و جێگری لیژنەی دارایی، ڕاپۆرتەکە و وردەکارییەکانمان تەحویلی دا، هەر ئیعلان کرا کە (26)ی مانگ، (48) سەعات پێش وەخت دەبێ دانیشتنی ئاسایی بۆ دەکەین، لە (27)ی مانگ لەگەڵ سەرۆك لیژنەکان دا، لەگەڵ هەموویان دانیشتین، کە ڕێنماییەکمان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ و دەربارەی بودجەمان بۆیان ڕوونکردەوە، کە هەر لێژنەیەك بۆی هەبێت لەو بابەتەی خۆی، ئەو وردەکارییانە ببات، تاوتۆی بکات، ڕاپۆرتی خۆی بداتە لیژنەی دارایی لە ڕێگەی سەرۆکایەتی، لێژنەی داراییش پێویستە ڕەچاوی ڕاپۆرتی گشت ئەو لێژنانە بکات، ئەوەی تیایدا هاتووە ئیجابیاتەکانی کە داخلی دەکات، ئەگەر بە ڕەئی زۆرینە، یان کۆی لێژنەی دارایی موتەفیقن لەسەری، بڵێن ئێمە موتەفیقین، بەڵام ئەوانەش ئێمە موتەفیق نین لەسەری، بەڵام لە لێژنەکەی خوارەوە هاتووە، ئێمە سەرۆکی لێژنەی داراییشمان لەوە ئاگادار کردەوە، داواشمان کرد پاشان ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە پەیوەندن، وەزیری داراییە، وەزیری تەختیتە، یان هەر وەزیرێکی تر کە پەیوەندی بە لێژنە تایبەتیەکە هەیە، بانگ بکرێ، تەفسیری لێ بکەن، بۆ ئەوەی وردەکاریانەکان لاتان ڕوون بێ، لێی تێبگەن، ئێمە بە پێی ماددەی (80) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لێژنەی دارایی وئابووری ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی و حیسابکاری لە ماوەیەکدا پێشکەش دەکات، دەبێ لە (30) ڕۆژ تەجاوز نەکات، بۆیە ئێمە ئەو ماوەیەمان زۆر بە تەبیعی بۆ ئێوەی بەڕێز بەجێ هێشت، هەندێك وا تەصەوریان دەکرد زەغت هەیە، لە پێشی ئێوە دەیڵێم، هەمیشە بە لێژنەی داراییمان وتووە، موراعاتی ئەو

وەختە بکات، هەتا ئاخیر ڕاپۆرتی ئاخیر لێژنە دێت، ڕاپۆرتی لێژنەی داراییمان بۆ هات، یەکەم جار بەس سەرۆکی لێژنە ئیمزای کردبوو، وتمان: پێویستە گشت ئەندامان، یان زۆرینەیان ئیمزایان لەسەری هەبێ، تاکو ڕاپۆرتەکە بەهەند وەربگرین، پاشان ڕاپۆرتەکەیان جارێکی تر هات، ڕاوبۆچوونی هەندێك لێژنەکان تیایدا نەبوو، دووبارە بە نووسراوی ڕەسمی گەڕاندمانەوە، داوامان لێیان کرد ئاخیر ڕاپۆرت کە بۆمان هات لە ڕۆژەکانی ئەخیر بوو لە (14)ی مانگ، ڕاپۆرتێك لە (15)ی مانگ گەیشتە لێژنەی دارایی، نەفسی ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆیان کۆکردەوە و پێمانیان دا، تێبینی ئەو بەڕێزانەش کە لە ناو لێژنەکە لەسەر لێژنەی داراییان هەبوو، تەحەفووزی خۆیان لەسەری نووسیبوو، بۆیە ڕاپۆرتەکە پێویستی بە وەختێك بوو کە جوان تەنزیم بکرێ، ئێستاکەش لەبەر دەستتانە، (111) نوسخەمان لێ چاپ کرد، خرایە بەردەست ئێوەی بەڕێزیش، لەگەڵ سەرۆکایەتی دانیشتین، ئەمرۆمان بە موناسیب زانی کە ئیعلان بکرێ، مەبەستم لەو ڕوون کردنەوەیە ئەوەبوو، ئێمە بە هیچ شێوەیەك عەرقەڵەمان بۆ پرۆژە دروست نەکردووە، بە هیچ شێوەیەکیش زەغتمان لە ئەندامانی پەرلەمان نەکردووە، حەددی ئەقەل وەك سەرۆکایەتی، چونکە بە پێی نیزامی پەرلەمان (30) ڕۆژ لێژنەی دارایی دەتوانێ ڕاپۆرتەکە لای خۆی بهێڵێ، لێژنەکانیش دەتوانن (2) ڕۆژ پێشتر، دەتوانن زووتریش بیدەن، بۆیە من لیستی گشت لیجانەکانم لە لایە، زۆریش بە وردی موتابەعەمان دەکرد، کەوا لێژنە هەبووە زوو ناردویتی لێژنە هەبووە کەمێ درەنگتر، ئاخیر ڕۆژی لێژنەی نەزاهە بوو، پیشەسازی و وزەش ڕاپۆرتی مولحەقیان لە دوایی نووسی، چونکە دوو ڕاپۆرتیان نارد، وەرزش و لاوان دوو ڕاپۆرتیان هەیە، مەسەلەن ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەکان (4) ڕاپۆرتیان هەیە، ئاخیریان لە (2/10) بووە، مافی مرۆڤ ئاخیریان دوو ڕاپۆرتییان هەبووە لە (7/8)، کاروباری تەندروستی و کاری ژینگە دوانیان هەبووە لە (2/8)، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن سیانیان هەبووە، ئاخیریان لە (2/10) بووە، پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان دووانیان هەبووە، ئاخیری لە (15)ی مانگ بووە، کشتوکاڵ و ئاودێری یەکیان هەبووە لە (1/31) بووە، خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار دووانیان هەبووە، ئاخیری لە (2/11) بووە، مافی بەکاربەر یەکیان هەبووە لە (2/7) بووە، پەروەردە و فێرکردنی باڵا یەکیان هەبووە لە (2/8) بووە، کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید یەکیان هەبووە، لە (2/1) بووە، کۆمەڵی مەدەنی یەکیان هەبووە لە (2/8) بووە، کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان یەکیان هەبووە لە (2/8) بووە، کاروباری یاسایی یەکیان هەبووە لە (2/4) بووە، داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت یەکیان هەبووە لە (2/9) بووە، وەرزش و لاوان دووانیان هەبووە، هەردووکی لە (2/3) بووە، ئەوقاف و کاروباری ئایینی دووانیان هەبووە لە (2/10) بووە، نەزاهە یەکیان هەبووە لە (2/14) بووە، پەیوەندیەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان یەکیان هەبووە لە (2/8) بووە، دارایی دوو ڕاپۆرتی هەبوو، ئەوەی یەکەممان بۆی گێڕانەوە لە (31) ی مانگ، ئاخیری لە (15) گەیشتنە ئێمە، وارد کرا، لە (16) گەیشتە سەرۆکایەتی، لە (17) دانیشتنمان لەسەری کرد، بۆیە زۆر زۆر حیسابمان

بۆ وەقت کردووە، حیسابمان بۆ ئەوەش کردووە کە لیجانەکان و ئەندامانی پەرلەمان بە هێمنی بتوانن کارەکانی خۆیان بکەن، ئێستاش بەڕێز وەزیری دارایی کەرەمکە بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان،

ڕاپۆرت لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی دارایی (2010)

ئاشکرایە لای بەڕێزتان ساڵی (2009)ی دارایی ساڵێکی پڕ ڕووداو بوو، بە نیسبەت جیهان و عیراق و کوردستانیشەوە بە هۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی جیهانەوە، کە بووە هۆی ئیفلاس کردنی دەیەها بانکی جیهانی گەورە و دارمانی هەیکەلی سەدەها کۆمپانیای زەبەلاح، هەر بەو هۆیەشەوە بەرپرسیاری وەزارەتی دارایی عێراق بەرچاویان.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەیەکی نیزامی هەیە، کاک شێخ ئیجازەم بدە، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوێندنەوەی ڕاپۆرت لەلایەنی وەزیری داراییەوە بە ڕاستی نا یاساییە، پێش ئەوەی لێژنەی دارایی و ئابووری ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات، ئێمەش داوای ڕوونکردنەوە لە سیاسەتی ئەو بکەین، یەعنی چی لەو ڕاپۆرتە هەیە کە دەیخوێنێتەوە مەسەلەن؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فرست تکایە وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میزانیەک هاتە پێشمان موناقەشەی بکەین، مەفرووزە وەزیری دارایی بێ تەوزیحی بکات، کە ئەو سیاسەتەی مالیە چۆن هاتیە داڕشتن؟ ئەو میزانیە چۆن هاتیە دروست کردن؟ بەڵام کە ڕاپۆرتی وەزیر مالیە جەوابی لێژنەی مالی بێت، منیش لەگەڵ ئێوەمە، مەفرووزە ڕاپۆرتی وەزیری مالیە پاش ڕاپۆرتی لێژنەکان بێت، بەس ڕاپۆرتەکەی ئێستا نە وەڵامی ڕاپۆرتی لێژنەی مالیە، تەوزیحە بۆ میزانیە، مەفرووزە بێت ڕوونی بکات، ئەندامان ئاگادار بن ئەو میزانیە چۆن هاتیە داڕشتن؟ جەدوەلی ئەولەویات چۆن هاتیە دانان؟ ڕاستە ئێمە پێش ئێستا کاک شێروان بۆ منی نووسی، بە شکلێکی تر ڕۆیشتبووین، ڕاپۆرتی وەزیری مالیە پاشی لێژنەی مالی بوون، بەڵان شەرت نیە هەموو شتێك پێشوومان کردبێت، یەعنی ئەوە ڕاسترە، پێش ئێستا ئێمە تەقاریری هەموو لێژنەکانمان دەخوێندەوە لێرە، بەس ئەگەر تەماشای نیزامی داخلی بکەی، باسی خوێندنەوەی تەقاریری لێژنەکان ناکات، باسی ئەوە دەکات ڕاپۆرتەکانی لێژنەکان بۆ لێژنەی

ماليە ئەڕواتن، لێژنەی مالی دیراسەتی دەکات، ئیشارەت بەو خاڵانە دەدات، ئەوی ئیجابی و ئەوی سلبی لە دیو نەزەریان، ئەوی وەریبگرێت ئیشارەتی پێ بدات، ئەوی وەری نەگریت، دەڵێت بۆ وەرم نەگرت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە داهاتی سەرەکی حکومەتی فیدراڵەوە تا بتوانین لەسەر جێگیرکردنی بودجەی ساڵی (2010) ڕێك بکەون و، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی ساڵانەیە بۆ دواکەوتنی دانانی بودجەی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لایەنی داهاتی بودجەی هەرێم یەکلایەنەیە و بریتیە لەو تەمویلەی لە حکومەتی فیدراڵ ساڵانە دابین دەکرێت بۆ هەرێم و هەروەها تاخیربوونی دەرچوونی یاسای ئەحزاب لە پەرلەمان فاکتەرێکی تری دواکەوتنی بودجەی هەرێم، هەڵبژاردنەکانی (2009/7/25) و دواکەوتنی دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەم کە تێیدا چەندین وەزارەت هەڵوەشایەوە، بەشێکی تریش بوون بە یەك، ئەمە وایکرد تەنانەت ئامادەکاریە سەرەتاییەکانی بودجەش بە تەواوی نەکرێت چونکە ئاشکرا نەبوو تەشکیلەی کابینەی شەشەم بە چی شێوازێك جێگر دەبێت، بە ڕچاوکردنی ئەو فاکتەرانە ئێمە وەك وەزارەتی دارایی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان ڕەچاو کردووە و کردوومانە بە سەرچاوەیەك بۆ دەستنیشان کردنی ئامانجەکانی بودجەی دارایی ساڵی (2010) وەك لەو خاڵانە دا دیاری کراوە:

1-بەردەوام بوون لە دابین کردنی پێویستیەکان و خزمەتە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتیان لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ڕێگاوبان هتد.

2-گرنگیدان بە بەردەوامی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە ئاستێکی دڵخۆشکەرەدایە و دابین کردنی پێداویستیەکانی ئەو پاراستنە.

3-برەو دان بە وەبەرهێنان بە سەرمایەی مرۆیی، ئەویش بە گرنگی دان بە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی بە ئامانجی پەرەپێدانی داهاتە مرۆییەکان، بۆ نموونە لەو ساڵەدا کردنەوەی چوار زانکۆی تر لە گەرمیان و هەڵەبجەی شەهید و زاخۆ و ڕانیە و دابین کردنی (150) ملیار دینار بۆ دروستکردنی قوتابخانە.

4-جەخت کردن لەسەر ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کە تێیدا پێداویستیەکانی بنیاتنانی ئابووری بەرجەستە دەبێت و خزمەتە سەرەکییەکان دابین دەکرێت.

5-بەشداریکردن لە دابین کردنی هەلی کار بۆ بێکاران لە ڕێگای جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی بودجەیان بۆ دابین کراوە بۆ ساڵی (2010)ی دارایی.

6-کارکردن بۆ دابین کردنی خانووی نیشتەجێ و ئەپارتمان و بۆ خاوەن داهاتە سنووردارەکان لەڕێگای دابین کردنی سەرمایە بۆ بانقی خانووبەرە و صندوقی نیشتەجێ کردن و چاك کردنی مەرجەکانی خەرجکردنی ئەو قەرزانە و پشتیوانی نرخی سوود بۆ هاووڵاتیان لە کاتی وەرگرتنی قەرز بۆیان لە بانقەکانی کەرتی تایبەت و بۆ ئەو مەبەستەش بودجە دابین کراوە.

7-هەوڵدان بۆ زیاتر پابەندبوونی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە کۆکردنەوەی داهات بە هەردوو جۆرەکەیەوە (فیدراڵی و هەرێمی).

8-گرنگی دان بە پشتیوانی کردنی پرۆژە پیشەسازییەکان و پرۆژە کشتوکاڵیەکان لە ڕێگای قەرز وەرگرتن بۆیان لە بانقەکانی کەرتی تایبەت بە زەمانەتی حکومەتی هەرێم و پشتیوانی کردنی لە نرخی سوود (فائیدە) کە لە لایەن حکومەتەوە دەدرێت بەو بانقانە لە جیاتی خاوەن قەرزەکان، بۆ ئەو مەبەستەش بڕی پارەی پێویست تەرخان کراوە لە بودجەی ساڵی (2010) دا.

9-دابەشکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لە نێوان خەرجی بەکاربردن و خەرجی پرۆژەی وەبەرهێنانی حکومەت بە شێوازێك هاوسەنگی دروست بکات لە نێوان پێشکەش کردنی خزمەتە گشتیەکان و بەدی هێنانی پەرەپێدانی ئابووری پێویست و بەم شێوەیە ڕێژەی بودجەی پرۆژەکان لە (31٪) و بودجەی بەکاربردن لە (69٪).

10-پەنابردنەبەر وەبەرهێنەری بیانی و ناوخۆیی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژە ستراتیژیانەی کە لە توانای حکومەتی هەرێمدا نیە، بەو بودجەیەی ئێستا جێبەجێی بکات.

11-گرنگیدان بە گەنجان و لاوان لە ڕێگای دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ دروستکردنی یاریگا و سەنتەری گەنجان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمدا.

وەزارەتی دارایی عیراقی فیدراڵ بە نووسراوی ژمارە (7)، (8)، (3)،(6)، لە (2009/6/24) داوای خەملاندنی خەرجی و داهاتی هەرێمیان لێ کردین، بۆ ساڵی (2010)ی دارایی ئێمەش بە نووسراوی ژمارەی (11166) لە (2009/7/22) وەڵاممان دایەوە، کە پێویستمان لە بودجەدا بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

شازدە تریلیۆن و هەشت سەد و نۆ مووچە و خەرجی بەکاربردن، پێنج تریلیۆن و حەوت سەد و پەنجا خەرجی پرۆژە وەبەرهێنەرەکان، کە کۆیەکەی دەکاتە بیست و دوو ترسلیۆن و پێنج سەد و پەنجا و نۆ ملیار، لە بەرامبەردا داهاتی هەرێمی کوردستانمان خەملاند بە سێ سەد و چل و هەشت و شەش لە دە دا دینار، بەڵام دیارە توانای دارایی دابین کراو لە عیراقی فیدرالەوە لەگەڵ خواستی هەرێمی کوردستان دا یەك ناگرێتەوە، بۆیە دوای ئەوەی عیراق بودجەی ساڵی 2010 ی خۆی خەملاند و بڕی هەشتا و چوار تریلیۆن و صفر سی و یەکی بۆ خەرجییەکان دانا، داهاتی خۆی خەملاند بە شەست و یەك و حەوت سەد و سی و پێنج ملیار، کورتهێنانی بودجەی پێشاندا بە بڕی بیست و دوو تریلیۆن و دوو سەد و نەوەد ملیار، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە دەڵێن: پەنا دەبەینە بەر وەرگرتنی قەرز لە صندوقی دراوی نێودەوڵەتی و،

**قەوارەی گەنجینەیی (سندات الخزينة) و، لە ئەنجامی هەژمارکردنی بەشە بودجەی هەرێم دا، کە ساڵانە ئێمە سەرنج و تێبینیمان هەیە لەسەری، کێشە و گرفت دروست دەبێ لە گفتوگۆکاندا ، دیاری کراوە بە نزیکەی (10) تریلیۆن و (59)پەنجا و نۆ ملیار دینار کە لە نیوەی خواستی هەرێم کەمترە، شایانی باسە ئێمە وەك حکومەتی هەرێم هیچ بەشداریەکمان نەبووە تا ئێستا لە دانانی بودجەی عیراق دا و، پاساوی ئەو بەشداری نەکردنە دەگەڕێننەوە بۆ دەستووری عیراق، کە تێیدا سیاسەتی دارایی فیدرالیە، تەنانەت دوای ئەوەی بەشە بودجەی هەرێم دیاری دەکرێت، ئینجا ڕێگا دەدرێت پێمان کە گفتوگۆ بکەین لەسەری و، لەو حاڵەتەدا بنەما سەرەکیەکانی بودجە تەواو بووە و، نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، بۆیە دەستکاری کردنی ئەو خشتانە کارێکی ئاسان نیە، ساڵانە تووشی گرفتمان دەکات، بەهەر حاڵ ئێمەش وەك وەزارەتی دارایی دوای گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێم و، هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان بە پێی توانا، جێبەجێ کردنی پرۆژەکان، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی کە لە خوارەوە دەیخوێنینەوە و دەیخەینە ڕوو:**

**1- لیستی خەمڵاندنی داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2010ی دارایی:**

**-باجەکان سەد و شەست و سەد و بیست و نۆ ساڵی 2009، ئەم ساڵەکە (1996605)سەد و نەوەد و شەش و شەش سەد و پێنج، سوودی کۆمەڵایەتی نیە تەبیعی.**

**- داهاتی جۆراوجۆر (215) دوو سەد و پانزە بۆ ساڵی 2009، ئەم ساڵەکە سەد و پەنجا و دوو، صفر حەفتا و چوارە.**

**- فرۆشتنی مەوجوداتی نادارایی نیە، کۆی ساڵی 2009 سێ سەد و حەفتا و پێنج ملیار و سەد و بیست و نۆ، خەملێندراوی ساڵی 2010ی ئەم ساڵ کۆیەکەی دەکاتە سێ سەد و چل و هەشت و شەش سەد و حەفتا و نۆ.**

**2- لیستی خەمڵاندنی خەرجی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2010ی دارایی:**

**بابەت/ دابین کراوی ساڵی 2009 ڕێکەوتوو لەسەری بۆ ساڵی 2010، ڕێژەی جۆرەکانی خەرجی لە بودجەی ئاسایی، ڕێژەی جۆرەکانی خەرجی لە کۆی بودجە.**

**یەکەم: مووچەی فەرمانبەران (2009) سێ تریلیۆن و چوار سەد و نۆزدە و سەد و شەش،2010 چوار تریلیۆن نۆ سەد و نەوەد و نۆ و سێ سەد، ڕێژەی خەرجییەکان، هەر وەکو وتم لە بودجەی ئاسایی لە 63.37٪، ڕێژەی جۆرەکانی خەرجی لە کۆی بودجە (43.073٪)، شمەك و خزمەت و چاککردن هەشت سەد و سی و یەك و چوار سەد و سی و حەوت، بۆ 2010 نۆ سەد و سی و حەوت و سەد و چل، (11.88٪) و (8.20٪)، باربۆی (إعانات) سێ سەد و پەنجا و نۆ 2009، 2010 سێ سەد و نەوەد و هەشت و حەوت سەد و نەوەد و سێ، (5.505٪) و (3.49٪)، بەخشین (منح) چوار سەد و سی و چوار ملیار و پێنج سەد و سی 2009، چوار سەد و سی و یەك ملیار و سێ سەد و نۆزدە 2010، ( 5.47٪)، (3.77٪)، سوودە کۆمەڵایەتیەکان سەد و پەنجا و چوار و چوار سەد و بیست و چوار، سەد و هەشتا و چوار**

سەد و یەك، (2.29٪)، (1.58٪)، خەرجییەکانی تر پێنج سەد و سی و نۆ و حەوت سەد و هەشت، شەش سەد و هەشتا و سێ و سێ سەد و حەفتا و حەفت، (8,66٪)، (5,98٪)، مەوجوداتی نادارایی دوو سەد و یازدە و پێنج سەد و حەفتا و حەفت، دوو سەد و پەنجا و هەشت و حەفت سەد و حەفتا و دوو، (3.28٪)، (2.26٪)، کۆی خەرجی بودجەی ئاسایی پێنج و نۆ سەد و حەفتا و نۆ و هەشت سەد و سی و چوار، حەوت و هەشت سەد و هەشتا و نۆ و سەد و دوو، (100٪)، (69.1٪)، بودجەی سەرمایەداری دوو و سێ و سەد و سی و هەشت، سێ و پێنج سەد و چل و سێ و صفر حەفتا و چوار، (30.99٪)، کۆی بودجە هەشت و دوو سەد و هەشتا و سێ و سەد و حەفتا و دوو، یازدە و چوار سەد و سی و دوو و سەد و حەفتا و شەش لە (100٪).

تێبینیەکان:

ئەو بڕە پارەی کە دابین دەکرێت بۆ هەرێمی کوردستان تا ئێستا بە وردی دیاری نەکراوە، ئەژمارکردنی کۆتایی بودجە لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە بە دە و پێنج سەد و نەوەد و حەوت و سەد و حەفتا و حەوت، بەم شێوازەی خوارەوە دابەش کراوە:

-بودجەی بەکاربردن و مووچە حەوت و پێنج سەد و چل و یەك و سەد و دوو.

-بودجەی پرۆژەکان سێ و پێنج سەد و چل و سێ و صفر حەفتا و چوار، کۆی گشتی دە و پێنج سەد و نەوەد و حەوت و سەد و حەفتا و شەش.

دوای ئەوەی ئەو ساڵ بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە خرایە سەر بودجەی هەرێم و، بە مەبەستی دابین کردنی مووچە و پێداویستیەکانیان، بودجەی هەرێم گەیشتە ئەم ژمارەی خوارەوە:

- حەوت و هەشت سەد و هەشتا و نۆ و سەد و دوو، بودجەی بەکاربردن و مووچە، سێ و پێنج سەد و چل و سێ و صفر حەفتا و چوار بودجەی پرۆژەکان، کۆی گشتی یازدە و چوار سەد و سی و دوو و سەد و حەفتا و شەش.

بەم شێوازە بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر پەرلەمانی عیراق بودجەی دابین کراوی هەرێمی کوردستان وەك خۆی پەسند بکات، ئەوا ئێمە هێشتا (834) ملیار دینار کورتهێنانمان دەبێت، ئەم حاڵەتەش بۆ هەرێمی کوردستان ئاسایی نیە، تەنها دوو ڕێگامان لەبەر دەستدایە بۆ چارەسەرکردنی:

1- داپۆشینی کورتهێنانەکە لە بودجەی تەواوکاری عیراق، ئەگەر دابینی بکەن، یان

2- داشکاندنی دابین کراوەکانی بودجە بە بڕی کورتهێنانەکە لە بودجەی وەزارەتەکان.

ئەگەر بێت و ڕێژەی خەرج کردنی مووچە دەربهێنین، بە بەراورد لەگەڵ کۆی بودجەی ئاسایی، واتا بودجەی بەکاربردن، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی مووچە لە (63.37٪) دەکات لە کۆی بودجە، وەك لە لیستەکانی بودجە دا دەرخراوە، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ساڵی 2009، بڕی (322) ملیار دینار بووە، بۆ هەر سێ پارێزگاکە، ئەم ساڵ کراوە بە (123) ملیار دینار، ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی دەبێت

لەسەر پرۆژەی پارێزگاکان، ئەگەر بەراوردێك بكەین لە نێوان ڕێژەی بودجەی بەكاربردن و بودجەی پرۆژەكان لە عیراق و حكومەتی هەرێم، بۆمان دەردەكەوێ كە بەم جۆرەیە:

-بودجەی بەكاربردن، بودجەی پرۆژەكان لە عیراق و حكومەتی هەرێم، ڕێژە:

لە عیراق بودجەی بەكاربردن لە (72٪)، لە حكومەتی هەرێم لە (66.57٪)، بودجەی پرۆژەكان لە عیراق لە (28٪)، لە حكومەتی هەرێمی كوردستان (33.42٪)، لیستی پرۆژەكان لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بە هاوكاری وەزارەتمان دانراوە و پێكهاتووە لە دوو بەش، بەم شێوەیە پارەی پێویست بۆ پرۆژەكان، بۆ پرۆژە بەردەوامەكانی ساڵی 2010، پرۆژە پێشنیازكراوەكان، داهاتی فیدراڵی وەرگیراو لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە دەگەڕێتەوە بۆ حكومەتی فیدراڵی و، ڕاستەوخۆ لە بودجەی ساڵانەی هەرێم دەبڕدرێت، لەگەڵ ڕێزی وەزارەتی دارایی، سوپاس جەنابی سەرۆك.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، فەرموو كەرەمكە بۆ شوێنی خۆت، ئێستاش داوا لە لێژنەی دارایی دەكەین كەرەمكەن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكەیان، نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز حاكم ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەنەدی یاسایی ئەو پێش و پاشە چی بوو؟ لەبەر ئەوەی ئەوە مەسەلەیەكی تەنزیمیە دووبارە دەبێتەوە، ئێستا هەر ئەوڕۆ ڕاپۆرتی لێژنەی لێكۆڵینەوە پێشكەوت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە نیسبەت لێژنەی لێكۆڵینەوە، لێژنەی لێكۆڵینەوە چووە لێكۆڵینەوەی كردووە لە زانكۆكان، لێژنەیەكی پەرلەمانیە، وەزیریش وەڵامەكەی لەسەر ڕاپۆرتەكەیان حازركردووە بۆ ئێوەی بەڕێزی خوێندەوە، حكومەت دەڵێ: من ئاوا دەكەم، ئەمە پرۆژەكەمە، لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی كوردستان وەڵامی بۆ ڕاپۆرتەكەیان هەیە و پێی هەڵدەستن، لێژنەی دارایی كەرەمكەن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكەتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەكەمان لە سێ بەش پێك هاتووە، بەشی یەكەم ڕێڕەوی گشتی بودجەكەیە، بەشی دووەم پوختەی تێبینی لێژنەكانە، بەشی سێیەم ئەو گۆڕانكاریانە و پێشنیارانەیە كە لە لەلایەن هەردوو لێژنەی یاسایی و دارایی پێشنیار كراوە دەربارەی یاسای بودجەكە، لەگەڵ وەرگرتنی تێبینی بەشێك لە لێژنە بەڕێزەكان، ڕاپۆرتەكەشمان دابەش دەكەین لە دوای ڕەزامەندی بەڕێزت بۆ خوێندنەوە، بەشی یەكەم، یەكێك لە

ئەندامانی لێژنە دەیخوێنێتەوە، بەشی دووەم ئەندامانی دیکە، بەشی سێیەم و دوایی ئەگەر گەیشتین، بە هاوکاری ئەندامانی لێژنە دەخوێندرێتەوە، دوای ڕەزامەندی بەڕێزت.

**پەرلەمانی کوردستانی-عیراق**

**لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری**

بەپێی مادەکانی ژمارە (80، 81، 82) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووری هەستا بەئامادە کردنی ڕاپۆرتێك کە پێکهاتووە لە سێ بەشی سەرەکی دەربارەی یاسای بودجەی خەملێنراوی 2010ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك47) لە 2010/1/27 بەدەستمان گەیشتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری دەربارەی هەڵسەنگاندنی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2010.

دووەم/ ڕاپۆرتی پوختەی پێشنیاری لیژنەکانی پەرلەمان دەربارەی بودجەی خەملێنراوی 2010.

سێیەم/ پێشنیارکراوەکان لەماددەو بڕگەکانی یاسای بودجەی خەملێنراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010 بەپێی ڕاوبۆچوونی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی و کاروباری ئابووری.

**بەشی یەکەم**

**ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووری دەربارەی هەڵسەنگاندنی**

**بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2010ی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

یەکەم: لێژنە لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا لەسەر بەشی خەرجیەکان و داهاتی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2010و، گەیشتین بەم خاڵانەی خوارەوە.

1- بودجەی خەملێنراوی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2010 بریتیە لە یانزەو لە دەیا چوار تریلۆن‌و، بڕی حەوت تریلۆن و لە دەیا هەشت تەرخان کراوە بۆ بودجەی وەگەڕهێنان و، بڕی سێ تریلۆن و لە دەیا پێنج دینار تەرخانکراوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان، بودجەی خەملێنراوی هەرێمی کوردستان لە بەشی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 17٪ لە بودجەی گشتی خەملێنراوی عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی 2010و، هەروەها داهاتی هەرێم بە بڕی سێ سەدو چل‌و هەشت و لە دەیا شەش ملیار خەملێنراوە، لەگەڵ بوونی بڕی کورتهێنانی خەملێنراو بە بڕی (835000) هەشت سەدو سی‌وپێنج ملیار دینار لە بودجەکەدا لەو گوژمە پارانەی بۆ پاسەوانی هەرێم (زێرەڤانی لەناو تەرخان کراوەکانی وەزارەتی بەرگری عێراقی فیدراڵ کە تەرخان کراوە بەپێی یاسای بودجەی ساڵەکانی (2007، 2008، 2009).

2- لە یاسای بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2010 لە بواری بودجەی ئاسایی (الموازنة الاعتيادية) چەندین خاڵ بەدی دەکرێ:

أ- زیاد كردنی مووچە بۆ كەس و كاری ئەنفالكراوان و كیمیاباران و شەهیدانی سەربەرزی كوردستان و، هەروەها كەم ئەندامان بەڕێژەو بڕی جیاجیا وەكو لە یاساكەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، ئەگەر ئیجازە بدەیت، كاك عەدنان كەرەم بكە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی دارایی ژمارەكان بە هەڵە دەخوێنێتەوە، چونكە لە ڕێژە، ئەگەر ژمارەكە ڕێژە بوو تەنها لەو كاتەدا دەتوانیت بڵێیت لە سەدا دەو ئەوەندە، ژمارەكان وەكو ئەوەی كە نووسراوە، دەبێت بەو شێوەیە بخوێندرێتەوە، نەك لە سەدا دە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە گشت ژمارەكان بخوێندرێتەوە، چونكە تۆمار دەكرێت لە پرۆتۆكۆلدا، فەرموو كاك ئاراس.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب- تەرخان كردنی بڕی (120) سەدو بیست ملیار دینار بۆ پتەوكردنی (توانای زانستی) لە ڕێگەی صندوقی پرۆژەی گەشەپێدانی تواناكانی كوردستان و، لە هەمان كاتدا تەرخان كردنی گوژمەی (150) ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروستكردنی قوتابخانە لە هەرێمدا.

ج- بەپێی ڕێرەوی ئەم بودجەیە هەوڵ دەدات بۆ چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێ بوون لە ڕێگەی تەرخان كردنی بڕی (350) سێ سەدو پەنجا ملیار دینار بۆ پرۆژەی (صندوقی نیشتەجێ بوون) بۆ هاووڵاتیان، ئەمەو لەگەڵ بەردەوام بوونی پێدانی گوژمەی بانكی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان، هەرلەهەمان كاتدا بەپێی یاسای بودجەی ناوبراو هەوڵ هەیە بۆ بووژانەوەی چالاكیە ئابووریەكان لە ڕێگەی تەرخان كردنی گوژمەی (30) ملیار دینار بۆ پشتگیری قەرزی پیشەسازی و (50) ملیار دیناری بۆ پشتگیری قەرزی كشتوكاڵ.

د- لەهەمان كاتدا بودجەی ناوبراو ڕۆڵێكی دەبێ بۆ پەرەپێدانی ژینگەی دیموكراتی و كاری ڕێكخراوەیی لە هەرێمدا لەڕێگەی تەرخان كردنی بڕی (90) ملیار دینار بۆ ڕاپەڕاندنی كاری حزب و ڕێكخراوەكانی هەرێمی كوردستان كە لە یاسای بودجەدا هاتووە، پێویستە دواتر بە یاسا ئەم كارانە ڕێك بخرێن، بەم شێوەیە ڕێژەی تەرخانكراو بۆ ئەم مەبەستە نزیكەی (0.78٪) پێك دەهێنێت لە بودجەی خەملێنراوی

2010، بەپێی یاساو سیستمی ژمێریاری و وردبینی دەتوانرێت بەدواچوونی بۆ بکرێ لەلایەن دەزگا وربینیە فەرمیەکان و لەلایەن پەرلەمانەوە بەدواچوونی بۆ بکرێ.

دووەم: بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2010 بە بەراورد لەگەل بودجەی ساڵی 2009 ئەم خالآنەی تێدا بەدی دەکرێ وەکو لەو ڕێژانەی خوارەوەدا هاتووە.

أ- زیاد بوونی بڕی بودجەی ئاسایی (النفقات الاعتیادیة) بەڕێژەی نزیکەی (31.9٪) ئەمەش تەنها لەخودی حیسابی بودجەی ئاسایی دەبێت.

ب- زیاد بوونی بودجەی وەبەرهێنان (الموازنة الاستثماریة) بەڕێژەی ( 53.08٪) ئەمەش تەنها لە خودی حیسابی بودجەی نائاسایی دەبێت.

ئەم زیادەیە لەدەرئەنجامی زیادبوونی بەشی هەرێمی کوردستانە لە بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2010.

سێیەم: تێبینی دەکرێ کە ژمارەی میلاکات بۆ دامەزراندن بۆ ساڵی 2010 بەڕێژەیەکی کەم زیادی کردووە کە بریتیە لە (1.54٪) ئەگەر بەراوورد بکرێ لەگەڵ ڕێژەی زیاد بوونی ساڵانەی ژمارەی دەرچووانی دەزگا زانستیەکان و هێزی کار، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵئاوسانی ڕێژەی حسابی (قەرەبووەکانی کارمەندانو فەرمانبەران ) لە مووچەو دەرماڵەو پاداشتو .... هتد لە ناو حسابی (تعویضات الموظفین) کە ڕێژەی ئەم حسابە بریتیە لە (63.37٪) لە بەشەکانی بودجەی ئاسایی خەملێنراو (الموازنة الاعتیادیة) و، ڕێژەی (43,73٪) لە بەشەکانی بودجەی گشتی (الموازنة العامة) بۆ سالی 2010 ئەم خاڵە دەبێ ڕەچاو بکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ ڕەخساندنی بواری کارکردن بۆ شەپۆلی هێزی کاری نوێ کە دێتە بازاڕی کارەوە لەرێگەی پەرە پێدانی گشت کەرتە ئابووریەکانی حکومەتو کەرتی تایبەتو پرۆژە وەبەرهێنەکان.

چوارەم: ئەوەی تێبینی دەکرێ لە بودجەی خەملێنراوی 2010 بە بەراورد لەگەڵ 2009 بەتایبەتی لە بودجەی ئاسایی کە وەزارەت و دەستەکان و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان داوای تەرخانکردنی بڕێکی زیاد دەکەن بۆ میزانیەی ئاسایی، بەلآم زۆریان لە توانایاندا نییە ئەم بودجەیە جێبەجێ بکەن، بۆ نموونە.

أ - بڕی حسابی (الاعتمادات المصدقة) بۆ ساڵی 2009 بریتی بووە لە(5979834) پێنج ترلیونو نۆسەدو حەفتاونۆ ملیارو هەشت سەدو سیو چوار ملیون) دینار و، تێچووی فیعلی واتە ( المصروفات الفعلیة) هەمان ساڵ بە پێوەری (12 مانگ) دەخەملێنرێت بەبڕی (5839486) پێنج ترلیونو هەشت سەدو سیو نۆملیارو چوارسەدو هەشتاو شەش ملیۆن) دینار.

واتە حکومەتی هەرێم لە ساڵی (2009) تا ڕادەیەك توانیویەتی پلآنی بودجەی ئاسایی جێ بەجێ بکات بەرێژەی نزیکەی (97,65٪ )، بەلآم لەهەمان کاتدا زۆر لە وەزارەت و دەزگاکانی هەرێم نەیتوانیوە بە تەواوی ئەو پلانەی پابەندە بە حسابەکانی (السلع والخدمات والصیانة)و (المصروفات الاخری)و (الموجودات غیرالمالیة) جێبەجێ بکات و، لە هەمان کاتدا داوای بڕێکی زیاتر دەکات لە بڕی ئەو حسابانە بۆ ساڵی

2010، بۆیە پێویستە  وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو خاڵە ڕەچاو بکات لە جێبەجێ کردنی بودجەی ساڵی  2010 و، بڕی خەملێنراوی زیادە دابەش بکرێتەوە بەسەر ئەو لایەنانەی پێویستیەتی.

پێنجەم: دوای لێکۆڵینەوە لە سروشتی پرۆژەکان لیژنە پێشنیار دەکات کە بودجەی وەبەرهێنان پێویستە ئاراستەی ئەو پڕۆژانە بکرێت کە ڕۆڵی سەرەکی دەبێ لە بەهێز کردنی ژێرخانی ئابووری و، پێکهێنانی سەرمایەی ماددی و کەمکردنەوەی بڕی ئاراستە کراو بۆ ئەو پڕۆژانەی بەرژەوەندی کەس‌و گروپی تایبەتمەند دەپارێزێ دوور لە بەرژەوەندی گشتی.

شەشەم: ئەگەر بڕوانینە تێچووی وەگەڕهێنان ڕێژەی هەر چوار لە حساباتی (هاوکاری، بەخشین، سوودی کۆمەڵایەتی، تێچووەکانی کە) واتە (الإعانات، المنح، المنافع الاجتماعية، المصروفات الاخرى) نزیکەی (21,47٪) پێکدەهێنن لە تێچووی وەگەڕهێنان، بۆیە پێویستە حکومەت کە واقعیانەو شەفافانە مامەلە لەگەل بڕی تەرخانکراو بۆ ئەم حسابانە بکات و ئاراستەی ئەو بوارانە بکرێت کە بەرژەوەندی گشتی دەپارێزێ دوور لە بەرژەوەندی کەسی‌و گروپی تایبەتمەندو لایەنی دیاریکراو بەتایبەت حسابەکانی (الإعانات، المنح، المنافع الاجتماعية).

حەوتەم: دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی بودجەی وەگەڕهێنان (الموازنة الإعتيادية) بەسەر سەرۆکایەتی و ئەنجومەن و وەزارەتەکاندا لە هەرێمی کوردستاندا وەکو لە وردەکاریەکانی بودجەی خەملێنراودا هاتووە دوای ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ وەزیرە بەرێزەکانی حکومەتی هەرێم و، بە تایبەتی بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان و، بریکاری وەزیری دارایی دەرکەوت کە (سروشتی کارکردن و ئەرکەکانی) وەزارەتەکان و دەزگاکان بۆتە هۆی بوونی جیاوازی لە دابەشکردنی ڕێژەکانی بودجەی وەگەڕهێنان بەسەر ئەو لایەنانەداو هۆکارەکانی جیاوازی لە دابەشکردنیدا دەگەڕێتەوە بۆ واقعی کارکردنی ئەو وەزارەتانەو قەوارەی بەرپرسیەتیان لە پرۆسەی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لە وەگەڕهێنان و دابین کردنی پێداویستیەکانی هەرێمی کوردستان و، لیژنەی دارایی پێشنیار دەکات کە لە ساڵانی داهاتوودا هاوسەنگیەك ڕەچاو بکرێت لە ڕێژەی دابەشکردنی هەردوو بودجەی وەگەڕهێنان و بودجەی وەبەرهێنان بەسەر وەزارەتەکان و ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بەپێی پێداویستو ژمارەی دانیشتوان.

هەشتەم: لەناو هەندێك لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان لەگەڵ وەزیرە بەرێزەکان بۆمان دەرکەوت کە پێویستە لەکاتی جێبەجێ کردنی بودجەی وەبەرهێنان سەر لە نوێ ڕەچاوی ریزبەندی پرۆژە پێشنیارەکان بکرێتەوەو دانانی جۆرێك لە هاوسەنگی بەپێی پێویستی پرۆژەکان بۆ وەزارەتەکان و ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و پێداویستی فیعلی بەو پرۆژەیەو، دیاری کردنی ماوەی پرۆژەکان، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکرێ کە سەر لەنوێ بەڕێز وەزیری پلاندانان بەهاریکاری لەگەڵ گشت وەزیرە بەڕێزەکانی هەرێم بە پرۆژەکانەوە بچنەوەو ڕای وەزارەتەکان پێشکەش بە وەزارەتی پلاندانان بکرێت لەو بارەیەوە.

نۆهەم: لیژنەی دارایی پێشنیار دەكات كە ڕێژەی (10٪) لە هەردوو حسابی (الاعانات، المنح) كەم بكرێتەوە، وە ڕێژەی (15٪) لە حسابی (المصروفات الاخری) كەم بكرێتەوە بەم شێوەیە بڕی دەست كەوتوو دەچێتە سەر حسابی (احتیاطي) وەزارەتی دارایی بۆ بەرەنگار بوونەوەو قەرەبوو كردنەوەی ئەو زیادانەی كە پێشنیاركراوە لەلایەن لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووریەوە لە یاسای بودجەدا.

دەیەم: بڕی منحەی (390) سێ سەدو نەوەد هەزار دینار كە تەرخانكراوە بۆ زیندانیانی سیاسی بەپێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی دارایی ژمارە 24 داواكارین بچێتە بواری جێ بەجێ كردنەوە.

یانزەم/ لیژنە ڕووانیە ڕاپۆرتێك لەسەر حساباتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە 2009/1/1 تا 2009/6/30 كە پێشتر ئامادە كرابوو لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بە نووسراوی ژمارە 14618/14/5 لە ڕێكەوتی 2009/9/14 ئاڕاستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران – سەرۆكایەتی دیوان كراوەو، بە هۆی ئەوەی ئەو ڕاپۆرتە ژمارەكانی كۆتایی بودجەی 2009 تەواو ناكات بە كراوەیی دەمێنێتەوە تا گەیشتنی ڕاپۆرتی حساباتی كۆتایی (الحسابات الختامیة) ساڵی 2009 بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕاستی ناوەندی دارایی (المركز المالي) حكومەتی هەرێمی كوردستان كە تاكو بەرواری 2010/4/15 ئامادە بكرێت بەپێی یاسا.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەشی یەكەم كۆتایی پێ هات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكەن بۆ خوێندنەوەی بەشی دووەم.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری**

پوختەی پێشنیاری لیژنەكانی پەرلەمان دەربارەی بودجەی خەملێنراوی 2010ی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ڕاو سەرنجی لیژنەی داراییو ئابووری لەو بارەیەوە:

یەكەم/ پوختەی پێشنیارەكانی لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری.

1- دابەش بوونی دەسەڵات و دابەزین بۆ خوارەوە. (بەبۆچوونی ئێمە پەسەندە)

2- تەرخان كردنی بڕی پارە بۆ جێ بەجێ كردنی یاسای (تسویة) كە پەرلەمان هەمواری كردووە.(پەسەندە)

دووەم/ پێشنیارەكانی لیژنەی وەرزشو لاوان هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی وەرزشو لاوان.

1- گواستنەوە بکرێ لە (المصروفات الاخرى) بەبڕی 357 ملیۆن دینار لە حسابی (مكافأة لغير المنتسبين) بۆ (النشاطات الرياضية).(لە دەسەڵاتی وەزارەتدایە).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقیقە، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو کەرەم بکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسندە، مانای ئەوە نییە قەبولە، مانای ئەوەیە ئەم خاڵە عەرزە بۆ موناقەشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوە وەختی خۆی، رجائەن کەی هاتینە سەر موناقەشە ئینجا کەرەم بکە، کەرەم بکە بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2- هەروەها گواستنەوە بکرێ لە (المصروفات الاخرى) بۆ (مكافأة لغير المنتسبين) بەبڕی (312)ملیۆن دینار بۆ (التجهيزات الرياضية). (لە دەسەڵاتی وەزارەتدایە)

3- دیاری کردنی ماوەی پڕۆژەکان.(پەسەندە)

4- یاریگای (تارتان) لە ناوچە کێشە لەسەرەکان بکرێتەوە.(پەسندە)

5- بڕی (المنافع الإجتماعية) کەم بکرێتەوەو منحەی یانەکان لە (المنافع الإجتماعية) دیاری بکرێ. (پەسەند نییە)

6- لە بودجەی وەبەرهێنان بایەخ بدرێ بە قەزاو ناحیەکان. (پەسەندە)

7- بۆ چالاکی دیدەوانی گواستنەوە بکرێت لە (المنافع الإجتماعية) بەبڕی (250) ملیۆن دینار بۆ (النشاط الكشفي) لە (المصاريف الإخرى) وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی. (پەسەند نییە)

8- پارەی تەرخان کراو بۆ (الأوسمة) لە (المنافع الإجتماعية) بەبڕی (5) ملیۆن دینار گواستنەوەی بۆ بکرێ بۆ (الاوسمة) لە (المصاريف الأخرى) بۆ وەزارەتی پەروەردە. (پەسەندە)

9- لە مادده (13) بە ڕێژەی (10٪) تەرخان بکرێت بۆ پێدانی قەرز بە لاوان بۆ پڕۆژەی بچووكو مام ناوەند. (ئەم پڕۆژەیە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە لەژێر دیراسە دایە).

سێیەم/ پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی:

1 - بەپێی یاسای (الإدارة المالية والدين العام) ژمارە (94) لە ساڵی 2004 پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی کە (حساباتی ختامی) ساڵی 2009 تاکو ڕۆژی 2010/4/15 ئامادە بکات. (پەسەندە)

2 - گواستنەوەی بڕی داهاتی (نەوتی خاوو غاز) لەهەر پارێزگایەك بۆ بودجەی هەرێم لە کاتی گەیشتنیدا. (پەسەند نییە)

3 - ڕەچاو کردنی پەرنسیپی (هاوسەنگی) لەکاتی دابەش کردنی (تێچووی وەبەرهێنان) بەسەر کەرتە ئابووریەکان بەمەبەستی پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و پڕۆژەی وەبەرهێنان لە هەردوو بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی. (پەسەندە)

4 - لیژنەی یاسایی ڕای وایە تەنها (داهاتی گومرگ) دەچێتە بودجەی فدراڵیەوە نە (باجو ڕەسمی خۆجێتی) واتە (الضرائب والرسوم المحلية) بەپێی ماددەکانی (110، 114، 115) لە دەستووری عێراقی فیدراڵ.(پەسەندە)

5 - لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات کە سەر لە نوێ کار بکرێتەوە بە یاسای (تأمين) ژمارە (815) ساڵی 1982 یان دانانی یاسایەکی تایبەت بە هەرێم لەو بارەیەوە. (پەسەندە)

6 - لیژنەی یاسایی پێشنیاری هاوتا کردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی حکومەتی هەرێم دەکات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق. (پەسەندە ئەگەر توانای دارایی هەبێت)

چوارەم/ پێشنیاری لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر (نووسراوی ژمارە 10 لە 2009/2/7).

1 - (وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار)و (کارەبا) زیاد بکرێت لە ماددەی (یازدە) لەگەڵ وەزارەتی (تەندروستی). (پەسەندە)

پێنجەم/ پێشنیاری لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:

1 - سەبارەت بە ماددە (10) لە پڕۆژە یاساکە بڕگەی یەکەم کە جەخت دەکات بەپێدانی دەسەڵاتی خەرج کردن لەلایەن وەزیرەوە بە خوار خۆی پێمان باشە ئەم دەسەڵاتدانە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە ڕووی خەرج کردنی پارە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان و بەڕێوەبەری پەروەردەکان هەروەها ڕاگری کۆلیژەکانو پەیمانگاکان) بگرێتەوە، واتا دەسەڵاتی خەرج کردنی پارەیان زیاتر بکرێت لەسەر بنەمای کەم کردنەوەی مەرکەزیەتی ئیداریو زیادکردنی چاودێری، چونکە لەبەر ڕۆشنایی سەردانی مەیدانی لیژنەمان و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەکان و ئەنجومەنی کۆلیژەکان و پەیمانگاکان بۆمان دەرکەوتووە کە نەبوونی دەسەڵاتی خەرج کردن لای ئەوان گرفتێکی گەورەیە.(پەسەندە)

2 - لە دروستکردنی قوتابخانەکاندا ڕەچاوی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا بکرێت. (پەسەندە)

3 - دەربارەی ماددەی (16) لە پێکهێنانی بۆردی سندوقی توانا سازی کوردستان سێ وەزارەتی پەیوەندیدار کە بریتین لە (وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، وەزیری پەروەردە، وەزیری پلاندانان) ئەندامی ئەو بۆردی سەرپەرشتی کردنە بن.

شەشەم/ پێشنیاری لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوار:

ئەو پڕۆژە پێشنیار کراوانەی کە بۆ ساڵی 2010 بەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کەوتوون، ئێمە پێمان باشە ئەو (اختيار)ە بدرێتە وەزارەتی ناوبراو بە ڕەزامەندی (هەردوو وەزارەتی پلاندانانو دارایی) چاوێك

بەو پرۆژانەدا بخشێنرێتەوە بە گوێرەی (أولويات)ەکانی خۆی، بەمەرجێ ئەو چاوخشاندنەوەیە لە کۆی گوژمەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی ناوبراو تێنەپەڕێ. (پەسەندە)

حەوتەم/ پێشنیاری لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری:

1 - پێشنیار دەکەین صندوقێك بۆ ناوچە دابراوەکان دەستنیشان بکرێ بۆ خەرج کردنی بودجەی تەرخان کراو بۆ ئەم ناوچانە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

2 - لە حسابی (المنح) کە ڕێژەکەی (3.77٪) بە بڕی (432) چوارسەدو سیودوو ملیار دینارە، پێشنیاری ئێمە بە ڕێژەی (20٪) لە کۆی بڕی تەرخانکراو کەم بکرێتەوە، بۆ ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی.

3 - پێشنیار دەکەین لە حسابی (مخصصات ونفقات الايفاد) کەم بکرێتەوەو بخرێتە سەر حسابەکانی تر، ئەگەر ایفادیش هەبوو بۆ ئەو کەسانە بێت کە بۆ ئەو مەبەستە دەچن بۆی پسپۆرییان بەو بابەتە هەبێت، هەرکەسێکیش کە ئیفاد دەبێت بۆ مەبەستێك کە هاتەوە با:-

أ - ڕاپۆرتێك لەسەر سەردانەکەی ئامادە بکات.

ب - وۆرك شۆپ بۆ چەند کەسێك لەو بوارەدا بکاتەوە. (پەسەندە)

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەشتەم/ پێشنیاری لیژنەی کاروباری تەندروستیو ژینگە:

1 - ڕێژەی میزانیەی تەندروستی (5.73٪)ی میزانیەی گشتیە، کە پێویستە بەپێی معیاری نێودەوڵەتی ڕێژەی میزانیەی تەندروستی (5٪) میزانیەی گشتی کەمتر نەبێت و، پەسند کراو ئەوەیە کە بگاتە (7٪) .(پەسەندە)

2 - پێشنیار دەکەین پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشیەکانی ئافرەت و نەخۆشخانەی لە دایك بوونو منداڵان زیاتر لە پرۆژەکان ڕەنگ بداتەوە. (پەسەندە)

3 - دەعم کردنی کەرتی تایبەت بەمەرجێك بەرژەوەندی گشتی تێدابێت. (پەسەندە)

4 - پێویستە لامەرکەزیەتێکی زیاتر بدرێتە وەزارەتی تەندروستی بۆ کەڵك وەرگرتن لە میزانیەی تەندروستی بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی باشترو بەکارهێنانی داهاتەکانی بەپێدانی صەلاحیەتی زیاتر. (پەسەندە)

نۆیەم/ پێشنیاری لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی.

1 - لە بودجەی ساڵی 2010 ی عێراقی فیدراڵ چەند دانراوە بۆ پاڵپشتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان؟ (پەسەندە)

2 - وشەی (ڕێکخراو) کە لە ماددەی نۆزدە هاتووە، مەبەستی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانە؟ یان ڕێکخراوە سیاسیەکانیش دەگرێتەوە؟ (پەسەندە)

دەیەم/ پێشنیاری لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنی خۆجێیەکان:

1 - زیادو کەمی لە میلاکی وەزارەتی ناوخۆدا هەیە. (پەسەندە)

2 - دیاری نەکردنی گوژمەیەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان. (پەسەندە)

3 - دووبارەبوونەوەی هەندێ فەرمانگەی وەزارەتی ناوخۆ کە دووبارە بودجەی بۆ دانراوە، بەم شێوەیە:

أ - ژمارەیەکی زۆر لە خانووەکانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکان کە (19) خانووەو خانووەیەك بۆ بەڕێوەبەری ناحیە، لە (2009) تەواو بووە لە (2010) دووبارە بودجەی بۆ دیاری کراوەتەوە. (پەسەندە)

ب - دووبارەبوونەوەی بودجەی ناوخۆ کارگێڕیو خۆیەتی لە دهۆك لە زنجیرە (1) ئاڤاکرنا ئاڤاهی تاقیگەها بیناسازی لە دهۆك، دووبارەبوونەوەی لە زنجیرە (5) دروستکردنی بینایەی فەرمانگەی تاقیگەی بیناسازی دهۆك کە برە پارەی بە هەردوو پرۆژەی دووبارە بووەو (444) چوار سەدو چلو چوار ملیۆن دینارە. (پەسەندە)

ج- دووبارە بوونەوەی بودجەی دهۆك لە بودجەی ناوخۆ (2010) لە زنجیرەی (2) ئاڤاهی رێڤە بەریا بەرهەمێن سوتەمەنیا دووبارەبوونەوەی لە زنجیرە (10) پرۆژەکانی دهۆك ژمارە (10) دروستکردنی باڵەخانەی بەروبوومە نەوتییەکان لە دهۆك، کە بڕی گوژمەی دووبارە دەکاتە (286) ملیۆن دینار. (پەسەندە)

د- لە بڕی بودجەی پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر بۆ ناوخۆ لە زنجیرە (21) دروستکردنی هۆڵی کۆبوونەوەو (11) یانزە ژوور بۆ بینایەی لقی دوو کە (156) ملیۆن بۆ دیاری کراوە (30) ملیۆن لە ساڵی 2009 بۆ ساڵی (2010)و (126) ملیۆن بۆ ساڵی (2010). (پەسەندە)

هـ- لە برە بودجەی ناوخۆی هەولێر زنجیرەی (26) نۆژەنکردنەوەی تەکییەی شێخ کاکە بگوازرێتەوە بۆ لیژنەی ئەوقاف و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کە برە پارەی (282) ملیۆنی بۆ دیاری کراوە بۆ ساڵی (2010). (پەسەندە)

4 - ئەو برە پارەی کە زیادو دووبارەیە بگەڕێتەوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان بۆ خزمەت کردنی ناوچە زەرەرمەندو زیان لێکەوتووەکان لە هەرێمی کوردستان، کە کەمترین خزمەتگوزاری پێگەیشتووە. (پەسەندە)

یانزەهەم/ پێشنیارەکانی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار:

1 - لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئەبێ ڕەچاوی کەم و کوڕی پرۆژەی خزمەتگوزاری شارەوانیو شارەوانیەکان بکرێت بۆ ئەوەی کەمی تەرخان کراوی بودجەی شارەوانی لەم بودجەیە لەوێ قەرەبوو بکرێت، بۆ ئەوەی لە ئاستی پێداویستیەکانی خەڵکدا بێت. (پەسەندە)

2 - ئەوەی تێبینی دەکرێت کە ئەگەر دەسەڵات بدرێتە شارەوانیەکان کە بەیاسایەك بتوانن داهاتەکانی خۆیان خەرج بکەن لە بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەیان ئەرکێکی زۆر لەسەر میزانیەی تەشغیلی کەم

دەكرێتـەوەو ئـەوەی تێبینـی دەكرێـت ئـەو داهاتـەی بـۆ سـاڵی 2009 بـە ژمـارە نیشـان دراوە پێویسـتیمان بەوەیە بۆمان ڕوون بكرێتەوە كە ئەو داهاتە زۆرەی شارەوانی بۆ وەها بەكەمی هاتووە؟. (پەسەندە)

3 - له بودجەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەڕێز وەزیر زۆر بەڕاشكاوانە بێ ئاگایی خۆی لـە هـەردوو فرۆكەخانەی سلێمانی و هەولێر دەربڕی چ له داهاتیـان، چ لـە پرۆژەكانیـان و، بـەم شـێوەیە نـابێ ئـەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ وەزارەت بكەن كە مەرجەعی ئەوانە وە لە بودجـەی وەزارەتـی دارایی بودجەیەكی زۆری بۆ خەرج كراوەو دانراوەو ئەمە ڕوون نییە لامان.

4 - داهاتی تقـدیر كـراوی وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـت و گـوزار بـۆ سـاڵی (2010) زۆر كەمـە، پێویسـتە ڕوونكردنەوە لەو بارەیەوە بدرێت.

دوانزەهەم/ پێشنیاری لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەكان:

1 –لەبەر ئەوەی وەزیری پیشەسازی لە دەرەوەی وڵات بوو هەرسێ بەڕێوەبـەرەكانی وەزارەت ئامـادە بـوون و پاش گفتوگۆیەكی چڕوپڕ گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ - بڕی بودجەی دیاریكراو كەمە. (پەسەندە)

ب –بەهیچ جۆرێك ئاگایان لەپلانەكە نەبووە. (پەسەندە)

ج- بـەهیچ شـێوەیەك پـرۆژە پێشـنیاركراوەكانی وەزارەتیـان لـەناو پـرۆژە پێشـنیار كراوەكـانی وەزارەتـی پلاندانان نییە. (پەسەندە بۆ ڕوونكردنەوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان)

2 –دوانزە پرۆژەیان پێشنیار كردووە، بەڵام هیچی لەپلانی وەزارەتی پلاندانانـدا نییە:

ئـەو بـڕە پارەیـەی كـە ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە سـێ پـرۆژەی تـری دروسـتكردنی ناوچـەی پیشەسـازی دابمەزرێت لە جیاتی كارگەی پیستەخۆش كردن. (پەسەند نییە)

3 –وەزارەتی كارەبا داوای (463.839) چوارسەدو شەست سێ ملیارو هەشت سـەدو سـیونۆ ملیـۆن دینـار كردووە، بەڵام وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر (86) هەشتاو شەش ملیار دینار داوەو، ئەم برە پارەیەش بەشـی پێداویسـتەیەكانی وەزارەتـی كارەبـا ناكـات. (پەسـەندەو ڕوونكردنـەوە لەلایـەن وەزارەتـی دارایـیو ئابووریەوە)

4 –ئەولەویات و ریزبەندی پرۆژەكان دوای پەسەند كردنی بودجە بدرێتە وەزارەتی كارەبا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان.(پەسەندە)

5 - داهاتی فرۆشتنی یەكەی كارەبـا بدرێتـە وەزارەتـی كارەبـا، بـەڵام لـە بودجـەی وەزارەت دانەبـەزێنرێت بەمەرجێك خەرج كردنی لەژێر چاودێری وەزارەتی داراییو ئابووری بێت.(پەسەندە)

سیانزەهەم/ پێشنیاری لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی:

1 - سـەبارەت بـە بەشـە بودجـەی وەزارەتـی ئـەوقاف و كاروبـاری ئـاینی، لیژنەكـەمان هـاوڕا بـوو لەگـەڵ نوێنـەرانی وەزارەتـی ئـەوقاف كـە بەشـە بودجەكـەیان زۆر كـەم كراوەتـەوە. (پەسـەندەو گفتوگـۆی لەسـە ربكرێت)

2 - بەخشینی مزگەوتو شوێنی پەرستگاکان لە کرێی ئاوو کارەبا.( پەسەندە)

3 - دووبارە چاوخشاندنەوە بەشێوازی بە کرێدانو وەبەرهێنانی ماڵ و مڵکەکانی وەزارەتی ئەوقاف. (پەسەندە)

4 - ئاسانکاری زیارتر بکرێت بۆ ئەو خێرخوازانەی کە دەیانەوێت مزگەوتو هۆڵە ئایینەکان دروست بکەن، یان نۆژەن بکەنەوە. (پەسەندە)

چواردەهەم/ لیژنەی کاروباری کۆمەلآیەتیو منداڵو خێزان پێشنیاری ئەم خالآنەی خوارەوە دەکات:

1 - ئەو بڕە پارەی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دانراون لەسەر بنەمای ساڵ (سالآنی) ڕابردوو دانراون، لە کاتێکدا کە هەر کابینەیەك بەرنامەی خۆی هەیەو پێویستیەکانی کۆمەڵگا هەردەم لە زیاد بوونو فراوان بووندان، لەبەر ئەم هۆیە پێشنیار دەکەین کە هاوسەنگیەك هەبێت لە نێوان داواکاری وەزارەتو بڕیاری وەزارەتی دارایی. (پەسەندە)

2 - لە دوای سەردانە مەیدانیەکانمان و کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ وەزیرو بەرپرسە بالآکانی وەزارەت بۆمان دەرکەوت زۆر لە گرتووخانەکانو خانەی بە سالآچووانو دەزگاکانی وەزارەت پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەو دابینکردنی پێداویستیەکانیان هەیە، هەر بۆیە پێشنیار دەکەین ئەو پرنسیپەی کە لە خاڵی سەرەوە هاتووە ڕەچاوبکرێت، بەباشیش دەزانین ئەو بڕە پارەیەی بۆ بواری (المنافع غير المالية) کە بە (1.5) یەك ملیارو نیو دانراوە بە (5) ملیار. (پەسەندە)

3 - لە بواری (المنافع الاخرى) پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەرکی چاودێری خێزانیو تۆڕی کۆمەلآیەتیو پارمەتی کەم ئەندامان...هتد)، پڕۆژەی بەردەوامن و بۆ یەکجار نین، هەروەها بەردەوامن لە فراوان بوون و زیادبوونی خەرجیەکان. (پەسەندە)

4 - لە بواری (السلع) هەموو پێداویستیەکانی گرتووخانەکان لە خۆی دەگرێت، پێشنیار دەکەین بۆ زیاد کردن و گەشەکردنی بوارەکانیان کە بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ ئەم بوارە لە (9) تا (18) ملیار زیاد بکرێت. (پەسەندە ئەگەر لە توانای وەزارەتی داراییو ئابووریدا هەبێت).

5 - دەرماڵەی کەم ئەندام و پارمەتیەکانی تۆڕی کۆمەلآیەتی پێویستیان بەسیستەم کردن و وردەکاری زیاتر لە بواری دەرماڵەکانیانی دیکەو....هتد هەیەو کاراکردنی تۆڕی کۆمەلآیەتی بەلایەنی کەم نزیکەی 100 ملیار دیناری پێویستە. (پەسەندە)

پانزەهەم/ لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدانو قوربانیانی جینۆساید هیچ تێبینەیەکیان لەسەر بودجەی خەملێنراوی 2010ی حکومەتی هەرێم نییە.

شانزەهەم/ لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنو بەهاوچەرخکردنی لادێیەکان:

ئەوەی تێبینیمان کرد لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە ئەمەی تێدابوو:

1 - سـەبارەت بـە پـڕۆژە بەردەوامـەکان گوژمەیـەك هەیـە لەسـەر ئەساسـیی تەخمینیـە، واتـە زیـادو کـەم هەبووە لە ماوەی دیاریکراودا، دەبێت ئەوەی ماوەتەوە دیاربێت کە لەم بودجەیە پڕۆژەی چوار ساڵی تیـادا بێت. (پەسەندە)

حەڤدەهەم/ لیژنەی بەرگری مافی ئافرەت:

لـە ڕاپۆرتەکەیانـدا چـەند خـاڵێکی تیـابوو کـە هاوبـەش بـوو لەگـەڵ خـاڵی لیژنـەکانی تـرو ڕاپۆرتـەکانی لیژنەکەمان و ئەم خاڵانە دەخەینە پێش چاو:

1 - ڕەچاوی هاوسەنگی بکرێت لە دامەزراندن لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێدا لە داموودەزگاکاندا. (پەسەندە)

2 - قەرزی خانووبەرە ئەو زەویانەش بگرێتەوە کە ڕووبەرەکەی 100 مەتر دووجا. (پەسەندە)

هەژدەیەم/ لیژنەی مافی مرۆڤ:

1 - بەباشـی دەزانـن لـە بـری ئەنجومـەنی وەزیـران وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا پێرەوێـك ئامـادە بکـات بـۆ ڕێکخستنی ناردنە دەرەوەی زەماڵەی خوێندن. (پەسەندە)

نۆزدەیەم/ پێشنیارەکانی لیژنەی نەزاهە:

1 - پێویست وابوو هەموو ڕاپۆرتەکانی شێوازی سەرفکردن (حیساباتی خیتامی)ی ساڵی (2008) و نیوەی یەکەمی (2009) بگەیشتایەتە پەرلەمانو لەلایـەن لیژنەکانـەوە لـە کـاتی خۆیـدا کـاری لەسـەر بکرابوایـە، هەروەها داواکارین تا مانگی نیسانی (2010) بەپێی یاسای دارایی هەموو حیساباتی خیتامی ساڵی 2009، لەگەڵ ڕاپۆرتی هەردوو دیوانی چاودێری دارایـی (هـەولێرو سـلێمانی) لـە بـارەی چۆنیەتی سـەرف کردنـی بودجەی پێشوو، بنێردرێن بۆ پەرلەمان.(پەسەندە)

2 - سـەبارەت بـە مـاددەی (دووەم) لـە پـڕۆژەی یاسـای بودجـەی هـەرێم داهـاتی بودجـەی سـاڵی دارایـی (2010) بە (679، 848) ملیار دینار خەملێنراوە، پێویستە بە وردی ئـەوە دیـاری بکرێـت ئایـا لەسـەر چ بنەمایەك ئـەم بـڕە پارەیـە خـەملێنراوە؟ ئـەی ئەگـەر ئـەو بـڕە پارەیـە زیـاتربوو، خـۆ پڕۆژەکـە باسـی لـە (عجزی مخطط) کردووە کە بریتیە (835) ملیار دینار، بەڵام ئەوەی دیاری نەکردووە، ئەگـەر ئـەو داهاتـە زیاتر بوو، ئەکرێت عەجز لە داهات زیارتر بێت؟ (پەسەندە)

3 - پێویستە هەر لەم پڕۆژەیەدا بە وردی ئەو داهاتە بخەملێنرێت کـە لـە چـالاکی وەبـەرهێنانی نـەوت و داهاتی سروشتی موستەحەقی هەرێم دەست دەکەوێت. (پەسەندە)

4 - دەبێ ئەو بڕە پارەیەی تا ئێستا لە گرێبەستە نەوتیەکان دەسکەوتوون لەگـەڵ ئـەو (5) ملیـار دۆلارەی کە وەزیری سامانە سروشـتیەکان لەبـەردەم پەرلەمانـدا باسـیکرد لـە بودجەکـەدا دیـاری بکرێـت و هـەردوو وەزیری داراییو وەزیری سامانە سروشتیەکان بێنە بەردەم پەرلەمان و وردەکارییـەکان ڕوون بکەنـەوە، بـۆ ئەوەی پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات. (پەسەندە)

5 - بودجەی نەفەقاتی (سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەت، ئەنجومەنی دادوەری) بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوەو بخرێتە سەر بودجەی پڕۆژەکان. (پەسەند نییە).
بەس بەڕێزان، چەند روونکردنەوەیەکمان هەیە لەسەر ئەم راپۆرتی دووەمیان، زۆربەی لیژنەکان کە راپۆرتەکانیان نارد بوو خاڵی زۆری تیا بوو، بەلأم لەبەر ئەوەی ئێمە لیژنەکان هەموو لەیەك رۆژدا نەیان نارد، ئەوانەی کە پێشەوە دەمانووسی و خاڵی تیا بوو لیژنەکانی تریش هەمان داواکاریان کردبوو، کە چەند خاڵێکمان بۆ نووسیوەتەوە، وەنەبێ ئەوانیش کەمیان نووسی بێت، بەلأم نەمانویست دووبارە ببێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوەتان لەلا روون بێت.
خاڵێکی تر، مەسەلەی ئەو پەسندو پەسند نییە، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی لە هەموو فراکسیۆنەکان خۆمان موناقەشەمان کردووە، موناقەشەمان کردووە لەسەر زۆر شتی رێك کەوتووین، لەسەر زۆر شتی تریش کە نووسیومانە پەسندە، یان پەسند نییە، پەسندەکە بۆ گفتوگۆو موناقەشەو لێکۆڵینەوەیە، ئەوە نییە لە لای ئێمە 100٪ پەسند بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورن، بەپێی ماددەی (82) لە پەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی دووەم، راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری ئاماژە بەو تێبینی و پێشنیارانە دەکات، کە لیژنەکان دەربارەی پڕۆژەی بودجە پێشکەشیان کردووە لەگەڵ ئەو ئاکامەی کە پێی گەیشت، بەلأم ئێمە لە لیژنەی ماف بەکاربەر پێشنیارێکمان کردووە کە سولفەی عەقار لە پازدە ملیۆنەوە بکرێتە بیست و پێنج تا سی ملیۆن دینار، بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی پێ نەدراوە، ئەوە یەك.
تێبینیەکی تریشم هەیە بەشێوەیەکی گشتی ئەم راپۆرتانە لە کاتێکدا ئامادە کراوە ببوورن کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان پرۆژە بەردەوامەکانی 2010یان نەبینیوە، واتا ئەم راپۆرتانە تەنها تەعبیر لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکان دەکات، واتا ئەم راپۆرتە نوقصانە، بۆیە پێویست دەکات ئەم راپۆرتە پێداچوونەوەی تیای بکرێت، ببوورن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دکتۆر ئاراس.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به حەقیقەت ئێمە پرۆژە پێشنیار کراوەکان و بەردەوامەکانیش هەردووکی لەسەر سایتی پەرلەمان هەیە، دواتریش لای ئێمەو هەموو سەرۆك لیژنە بەڕێزەکان هەیە، بەدوو کلیك دەکرێت، دواتر هەموو سەرۆك لیژنە بەڕێزەکان هاتوون ئەوەی ویست بێت و مەبەستی بێت کۆپی کردووەو بردوویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا سەعاتێك لەمەوپێش لە سایتی پەرلەماندا پرۆژە بەردەوامەکان بڵاو نەبۆتەوە، لە کاتێکدا ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان لە 2009/2/8وە داوامان لە بەڕێزتان کردووە، کە پرۆژە بەردەوامەکان بۆ رای گشتی خەڵکی کوردستان بڵاو بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا پرۆژە بەردەوامەکان کە رای گشتی خەڵکی کوردستانە شاردراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێستا خوێندنەوەیە، کەی هاتینە سەر موناقەشە وەقتتان هەیە، ئینجا قسەی خۆتان بکەین، لیژنەی دارایی بەردەوام بن لە خوێندنەوەتان.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای رەزامەندی بەڕێزت دەچینە بەشی سێیەمی راپۆرتەکەمان، بەشی سێیەم پێشنیار کراوەکانی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی و کاروباری ئابووری دەربارەی خودی یاسای بودجەکە، بۆچوونمان پاش ئەوەی کە هەندێ بۆچوونی لیژنە بەڕێزەکانیش تیایە رەنگدانەوەی داوەتەوە، ئەگەر جەنابت رەزامەندی بفەرمووی دەست بکەین بە خوێندنەوەی.

بەشی سێیەم

پێشنیارکراوەکان لە ماددەو بڕگەکانی یاسای بودجەی خەملێنراوی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010

بەپێی ڕاو بۆچوونی هەردوو لیژنەی یاساییو داراییو کاروباری ئابووری

پێشنیار دەکەین دیباجەکە بەم شێوەیە بێ:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەیەکی نیزامی هەیە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم بەشی سێیەمەوە، دوو جار نووسراوەتەوە، تێبینیەکەم ئەوەیە ئایا هەردووکی دەخوێننـەوە جارێکی عەرەبییە، جارێکیش کوردییە، بەشـی یەکـەم و دووەم هـەر بـەکوردی خوێندرایـەوە، مـن پێشـنیار دەکەم لە لاپەڕە (21 تا 27) نەخوێندرێتەوە، چونکە عەینی ئەوە لە لاپـەڕە (28)ەوە دەسـت پـێ دەکات، ڕەنگە لیژنەکە خۆشیان هەمان سەرنجیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گۆڕانکاریمان هەیە لە دیباجەکە، لە پێشدا ئەسڵی دیباجەکە دەخوێنینەوە ئینجا دوایی پێشنیاری ئێمەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پرۆژەکەتان، ئەوەی بۆ خوێندنەوەیە بیخوێننەوە، پاشان دێینە سەر موناقەشە، مولاحەزات هـەبێت، نوقتەی نیزامی هەبێت، ئێستا بەشی سێیەم هەیە فەرموو کەرەم بکەن بیخوێننەوە.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکرێت دیباجەکە بەم شێوەیە بێت: (استناداً لحكم الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ما عرضهُ مجلس وزراء اقليم كوردستان قرر برلمان كوردستان – العراق بجلسته المرقمة والمنعقدة في/ /2010 تشريع القانون الآتي:

یەکەم/ دەربارەی (المادة الاولى):

1 -زیاد کردنی دوو بڕگە دەربارەی (ميزانية البرلمان والسلطة القضائية) لەچوارچێوەی (الموازنة العامة للإقليم) دوای دەرکردنی لە (مجموع النفقات الواردة في المادة الاولى).

2 -هەروەها زیاد کردنی بڕگەی (پێنج) دەربارەی (العجز المخطط)، هەروەها گواستنەوەی ناوەڕۆکی ماددەی (20) بۆ ئەم بڕگەیە لەگەڵ گۆڕینی زنجیرەی بڕگەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

ثالثاً: مبلغ قدره (72.741.000) مليار دينار لنفقات البرلمان.

رابعاً: مبلغ قدره (39.814) مليار دينار لنفقات السلطة القضائية.

خامساً: العجز المخطط يقدر بـ(835000000) (ثمانمائة وخمسة وثلاثون مليار دينار) ويغطى هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة البيشمەرگە من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع العراقي الاتحادي حسب قانون الموازنة الاتحادية للسنوات (2007، 2008، 2009).

دووەم/ دەربارەی (المادة الثانية) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

سێیەم/ دەربارەی (المادة الثالثة) پێشنیار دەکرێ بە زیاد کردنی (بڕگەیەك) بۆ ماددەکەو، خودی ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە دەبێ بە (بڕگەی یەکەم) وەکو لە خوارەوە هاتووە:

ثانياً: اضافة ايرادات البلديات الى ميزانياتها الخاصة لتغطية الزيادة في تقديم الخدمات البلدية للمواطنين وعلى ان تقوم وزارة المالية والاقتصاد بمراقبة هذه الايرادات وكيفية صرفها).

چوارەم/ دەربارەی ( المادة الرابعة ) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

پێنجەم/ دەربارەی ( المادة الخامسة ) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

شەشەم/ دەربارەی ( المادة السادسة ) پێشنیاری ئەم گۆڕانکاریانە دەکرێت:

1 - دەربارەی لـ ( أولاً ) وشەی ( يخول الوزير ) بگۆڕێ بۆ ( لوزير ).

2 -زیاد کردنی بڕگەیەك بە زنجیرە ( ثالثاً ) و بەم شێوەیەی خوارەوە:

ثالثاً: لا يجوز إجراء المناقلة في تخصيصات التنمية بين المحافظات.

حەوتەم/ دەربارەی ( المادة السابعة ) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

هەشتەم/ دەربارەی ( المادة الثامنة ) پێشنیار دەکرێ ئەم رستەیە لە کۆتایی ماددەکە زیاد بکرێ ( مع الاخذ بنظر الاعتبار الاستفادة من الملاكات الوظيفية الفائضة في الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة لسد الحاجة للملاكات الشاغرة).

نۆیەم/ دەربارەی ( المادة التاسعة ) پێشنیار دەکرێت بگۆڕدرێت بۆ ئەم شێوەیە ( ايقاف التعينات بعقود كافة إلا في حالات الاختصاصات النادرة وبعد موافقة وزارة المالية والاقتصاد).

دەیەم/ دەربارەی ( المادة العاشرة ) پێشنیار دەکرێت بۆ زیاد کردنی وشەی ( لرؤساء ) بۆ سەرەتای بڕگەی ( ثانياً ) و بەم شێوەیەی خوارەوە:

ثانياً: لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لايزيد على (150) مائة وخمسون مليون دينار لكل حالة.

یانزە/ دەربارەی ( المادة الحادية عشر ) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

دوانزە/ دەربارەی ( المادة الثانية عشر) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

سیانزە/ دەربارەی ( المادة الثالثة عشر ):

1) ئەم گۆڕانکاریانەی تیادا ئەنجام دەدرێت:

أ - دەستەواژەی ( اعضاء برلمان ) لابرێ.

ب - دەستەواژەی ( اعضاء محكمة التميز) زیاد بکرێ.

ج- وشەی ( مخصصات ) لابرێ.

2- بەم شێوەی خوارەوە ئەم ماددەیە دادەڕێژرێتەوە:

(تستقطع نسبة (10٪) من رواتب الوزراء ومن بدرجتهم واعضاء محكمة التمييز والقضاة واعضاء الادعاء العام ووكلاء الوزارة ومن بدرجتهم والمستشارين ومن بدرجتهم والمدراء العامين ومن بدرجتهم واصحاب الدرجات الخاصة وتقيد إيراداً للخزينة).

چوارده/ دەربارەی (المادة الرابعة عشر) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

پانزه/ دەربارەی (المادة الخامسة عشر) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

شانزه/ دەربارەی (المادة السادسة عشر) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

حەڤدە/ دەربارەی (المادة السابعة عشر:

پێشنیار دەکرێت بە لابردنی وشەی (النموذجية)

هەژدە/ دەربارەی (المادة الثامنة عشر):

1- ئەم گۆڕانکاریە پێشنیار دەکرێت:

3أ- المعوقين من (30) ألف دينار الى (100) ألف دينار.

3ب- المعوقين من (50) ألف دينار الى (150) ألف دينار.

2- لابردنی بڕگەی (ج) لە (3) چونکە ئەنجومەنی وەزیران بە یاسا رێگەپێدراوە کە سیستەمو رێنمایی دەربکا.

نۆزده/ دەربارەی (المادة التاسعة عشر) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بیست/ دەربارەی (المادة العشرون) دەگوێزرێتەوە بۆ ماددەی (یەکەم).

بیستویەك/ دەربارەی ماددەی (الحادي والعشرون) پێشنیار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بمايلي):-

1- (رصد مبلغ قدره (250) مائتان وخمسون مليار دينار لأغراض دعم مشاريع صندوق الاسكان).

2- رصد مبلغ قدره (30) ثلاثون مليار دينار لدعم مشاريع المصرف الصناعي.

3- رصد مبلغ قدره (50) خمسون مليار دينار لتعزيز القرض العقاري للمواطنين في الاقليم وزيادة مبلغ القرض الى (15) خمسة عشر مليون دينار للمحافظات والاقضية والنواحي و (12) اثنى عشرة مليون دينار للقرى.

4- (استمرار الوزارة في تأمين القرض العقاري للمواطنين حسب الضوابط والتعليمات المرعية).

5- (رصد مبلغ قدره (50) خمسون مليار دينار لدعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي).

6- رصد مبلغ قدره (50) خمسون مليار دينار لدعم المنهاج الاستثماري لورارة الزراعة والموارد المائية.

بیستودوو/ دەربارەی (المادة الثانية والعشرون) پێشنیار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(في حالة حصول تغير في موازنة اقليم كوردستان يخول وزير المالية والاقتصاد) بـ:

أ- تخفيض المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة لتسوية العجز.

ب- وفي حالة حصول الزيادة في الموازنة تستحصل موافقة البرلمان عن كيفية الصرف.

بيستوسێ/ دەربارەی (المادة الثالثة والعشرون) پێشنیاری زیاد کردنی وشەی (الاتحادي) دەکرێت دوای دەستەواژەی (الدستور العراقي) و زیاد کردنی ئەم رستەیە (اعلام البرلمان بذلك للمصادقة عليه) لە کۆتایی ماددەکە بەم شێوەیە دەقی ماددەکە وەکو خوارەوە دەبێ.

(تقوم وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع وزارة الموارد الطبيعية بتخمين وتقدير الموارد التي تتحقق من نشاطات واستثمار الموارد الطبيعية المستحقة للاقليم وفق الدستور العراقي الاتحادي وتضاف الى الواردات المتحققة واعلام البرلمان بذلك للمصادقة عليه).

بيستوچوار/ دەربارەی (المادة الرابعة والعشرون) پێشنیاری دارِشتنەوەی ئەم ماددەیە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون لاسيما لتحديد صلاحية الصرف للايرادات الحكومية خلال فترة لاتتجاوز خمسة عشر يوماً من تأريخ نفاذ هذا القانون).

بيستوپێنج/ دەربارەی (المادة الخامسة والعشرون) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بيستوشەش/ دەربارەی (المادة السادسة والعشرون) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بيستوحەوت/ دەربارەی (المادة السابعة والعشرون) لیژنەی یاسایی پێشنیاری زیاد کردنی بەرواری (2010/1/1) دەکات بۆ ماددەکە.

تێبینی/ پێشنیاری ئەم ماددانەی خوارەوە دەکرێ کە زیاد بکرێ بۆ ناو یاساکە، یەکێك لەو ماددانە کە هێشتا ژمارەمان بۆ دانەناوە:

المادة رقم ( ): (تلتزم كافة الوزارات والدوائر الغير مرتبطة بوزارة توزيع النفقات التشغيلية والاستثمارية على محافظات الاقليم وفق الكثافة السكانية لكل المحافظات بعد استبعاد تخصيصات مركز الوزارة).

ماددەیەکی تر کە ئیزافەی دەکەین:

المادة رقم ( ): على وزارة المالية والاقتصاد تقديم تقرير دوري كل ستة اشهر من السنة عن الوضع المالي لإقليم كوردستان العراق وتقديم الحساب الختامي وفق القانون).

ماددەیەکی تر:

المادة رقم ( ): تلزم حكومة الاقليم بإجراء مايلزم لتوحيد قوى الاسايش في الاقليم خلال مدة ستة اشهر من تاريخ نفاذ هذا القانون.

ماددەیەکی تر:

المادة رقم ( ): تلزم حكومة الاقليم بإجراء مايلزم لتوحيد مؤسسة الالغام في الاقليم خلال مدة ستة اشهر من تأريخ نفاذ هذا القانون.

ماددەیەکی تر:

المادة رقم ( ): يلزم برلمان كوردستان بإجراء اللازم لتنفيذ قانون ديوان الرقابة المالية في الاقليم خلال مدة لاتتجاوز ستة اشهر من تأريخ نفاذ هذا القانون.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، كۆتایی راپۆرتەكەمان بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەكەم دوامین راپۆرت لە پرۆتۆكۆلەكان بێنیتە دەرەوە، لەبەر هۆكارێكی سەرەكی، ئێمە هێشتا قسە كردنمان بەپێی ماددەی (85) لە پێڕەوی ناوخۆ، دەڵێ دوای خیتامی موناقەشە لە تەقریب وشەیەكی گشتی، ئینجا دەنگ دەدرێت لەسەر قسە كردن لەسەر بنودەكانی ئەو موازەنەیە، باشە ئەگەر ئێمە هێشتا موناقەشەی پرۆژە یاسایەكەمان نەكردووە، ئەگەر هاتینە سەر باس كردنی پرۆژە یاسایەكە، ئەندامانی بەڕێزی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی هەر هەمان شت دووبارە دەكەنەوە، كە ئێستا باس كراوە، بۆیە ئەمە نابێت بەشێك بێت لە راپۆرتەكەی لیژنەی دارایی، ئەمە پەیوەندی هەیە بە یاسایەكەو بەڕێزانی لیژنەی یاسایی و دارایی كاتێك دێینە سەر باس كردنی بڕگەو ماددەكانی یاسایەكە، پێشنیازەكانی هەردوو لیژنەكە دەكرێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستە، هەر واش دەكرێت، كاكە كەرەم بكە، فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە راپۆرتەكەی لیژنەی دارایی بەڕاستی رەخنە دەگرم، لەبەر ئەوەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا تكایە دانیشە، تكایە وەختی موناقەشە دێت ئینجا قسە بكە، رجائەن دانیشە، بەڕێزان، ئەمە راپۆرت بوو خوێندرایەوە، موناقەشە دەكرێتە دوای نیوەڕۆ، ئینجا هەر كەسێك لەسەر هەر بابەتێك، هەر بۆچوونێكی هەبوو، هەر (108) ئەندامی پەرلەمان ناوی خۆی نووسیووە بۆ قسە كردن، هەمووتان بە تێرو تەسەل، نوقسانیەكان دەڵێن، هی لیژنەكان دەڵێن، هەر چیتان هەیە بە ئارەزووی خۆتان باسی بكەن، ئەوانیش وەڵامتان دەدەنەوەو وەختێكی كافیتان بدەینێ، ئێستا دانیشتنەكە دوا دەخەین بۆ سەعات (4)، بچن ئیسراحەت بكەن، پاشان دێینەوە بەردەوام دەبین لە گفتوگۆو موناقەشەو بەخێر بچن، خوا حافیزتان بێت.

## دانیشتنی2ی نائاسایی له 2010/2/22 ڕۆژی دووشەممە

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەكەی كە دوامانخست بۆ دوای نیوەڕۆ، بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە ناویان نووسراوە وەختیان پێ دەدەین بە ئارەزووی خۆیان بەبێ موقاتەعە، تكایە كەس، كەس موقاتەعە نەكات، رەئی خۆی بە راشكاوی بداتن، كە تەواو بوو لە جێی خۆی دادەنیشێت، ناوێكی تر دێتە شوێنی، محاوەلەمان كردووە كە ئەو بەڕێزانەی قسە دەكەن موراعاتی قەبارەی لایەنەكەی ژمارەیان لەناو ئەو فراكسیۆنە تێكەڵمان كردووە، بۆ ئەوەی هەموو لە لایەك نەبێتن و تەواو بێت لایەكی تر بێت، هەوڵماندا‌وە

ئـەو پـەڕی عەدالـەت بـەکار بهێـنین، ئومێـدەوارین هـەمووومان سـوود لـەو دانیشـتنە وەربگـرین، ئـەوەی لـە بەرژەوەنـدی ئـەم کوردسـتان و ئـەم هەرێمەیـە بخرێتـە پـێش چـاو، بـۆ ئـەوەی بەرچـاومان روون بێـت بـۆ موناقەشەی داهاتوو، هەوڵیش بدەین زۆر دووبارە نـەبێت، بـۆ ئـەوەی باشـتر ئیسـتیفادە بکـەین، لـە هـەمان کاتیش کەس، کەس بریندار نەکات، چونکە بە حەقیقەت رێزمان بۆ هەمووتان هەیە، هەر لادانێك مـەجال نادەین، یەعنی محاوەلە بکەین لە بابەتەکە دەرنەچین، ئیلتیزام بە ئوسولی موناقەشە بکەین، دوێنێ لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان دانیشتین و رەئیمان وەرگرتن و موناقەشـەمان کـرد، بـڕیـار بـوو ئیلتیـزام بـە وەقـت بکرێت، سێ دەقیقەمان دەست نیشان کردووە، بەڕێزان، سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەتوانین بۆیان دەقیقەیەك زیاد بکەین، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە کردن لەسـەر بودجـە، قسـە کردنـە لەسـەر ژیـانی تـاك بـە تـاکی ئـەم کۆمەڵگایـە، ئێمـە تـاوەکو ئێسـتا نزیکەی چواردە کۆبوونەوەمان کردووە، زۆربەی کۆبوونەوەکانمان لەسەر هەندێك شت بووە، کە پەیوەنـدی بە ژیانی کۆمەڵگەی کوردییەوە نەبووە، هەندێك لە کۆبوونەوەکانمان کراوە بوون، ئەندامان بۆیـان هـەبووە لەسەر زۆر شت قسە بکەن، لە کاتێکدا زۆربەی قسەکانمان لەسـەر شـێوازی ناونـانی لیژنـەکان بـووە، لەسـەر هەڵەی زمانەوانی بووە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان پێمانوایە هەموو ئەندامێك لە پەرلـەمانی کوردسـتان مافی خۆیەتی لەسـەر بڕگـە بـە بڕگـە، بـەپێی زەرورەت، نـەك بـە شـێوازێکی کـراوە قسـە بکـات، بۆیـە ئێمـە پێمانوایە نەك تەقید هەبێت، واتا نە قەید دابنرێت، نە کراوە بێت، بەپێی زەرورەت هـەر کەسـێك ویسـتی لەسەر بابەتێك قسە بکات، بۆی هەبێت قسە بکات، رێگـری لـە کـەس نـەکرێت قسـە بکـات، رەنگـە هەنـدێك ئەندام هەبێت یەك دەقیقە قسە بکـات، هەنـدێك ئەنـدام هـەبێت دە دەقیقـە قسـە بکـات، هەنـدێك ئەنـدام هەبێت زیاتر قسـە بکـات، رەنگـە هەنـدێك ئەنـدام هـەبێت قسـەکەی کـرا بێـت، دووبـارەی نەکاتـەوە، بڵێـت قسەکەی من کراوە، کەواتە لە رووی مەبدەئیەوە نابێت بە هیچ شێوەیەك قەید دابنرێت، دانانی قەید دژی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، دژی ماددەی (84، 85، 86، 87)ـە، دژی دیموکراتیەتی نیابییـە، لەبەر ئەوە بەپێی دیموکراتیەتی نیابی هەموو هاووڵاتیەك بۆی هەیە لە بودجەی گشـتی وڵات بپرسـێتەوە، لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان چوار ملیۆن کەسن، یەك بە یـەك نـاتوانن بـێن لـەو پەرلەمانـە قسە بکەن، بەڵام دەبێت لە رێگەی نوێنەرەکانیانەوە قسە بکەن، ئێمە نوێنـەری خـەڵکی کوردسـتانین، ئێمـە بۆمان هەیە لەسەر بودجە قسە بکـەین، جـا لەبـەر ئـەوە تکـا لـە بـەڕێزتان دەکـەم دژی دیموکراتیـەت، دژی پەیڕەو، دژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان مەبن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوەن، دژی پەیڕەو نییە، دژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانیش نییە، زۆر زۆر بەنیزام کارمان کردووە، نیزام حەقی بە ئێمە داوە هەموو دانیشتنێك تەنزیم بکەین، بەپێی ئەو نیزامە کار دەکەین، ئەوە نزیکـەی

مانگێکـه ئـەو پرۆژانـە لەبـەر دەسـتە، موناقەشـە کـراوە، گفتوگـۆ کـراوە، داوامـان لـە بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمان کرد کێ دەیەوێت قسە بکات (99) ئەندام ناوی نووسراوە بۆ قسە کردن، بۆ هەر (99) بکرێتەوە دەبێتە (الی ما لا نهایـة) بـەردەوام دەبـین، بۆیـە (99) ئەنـدامی پەرلـەمان یـەکی سـێ دەقیقـە قسـە بکات، یـەعنی (330) دەقیقـە قسـە دەکرێت، لەبـەر ئـەوە دەیخەینـە دەنگدانـەوە، سـەلاحیەتی ئێمەیـە، فـەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆبوونەوەکەی بەیانی کە لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکان کرا، سوودی چیە؟ ئەگەر جارێکی تر ئێمـە لێـرەدا بیخەینەوە دەنگدان، جەنابت بۆیە ئێمەت کۆ کـردەوە بـەیانی سـەعات یـەك، بـۆ ئـەوەی دانیشـتنەکە ڕێـك بخەین، ئەمڕۆ قسە لەسـەر ئـەم دانیشـتنە بکـەین و سـەرۆکی هـەموو فراکسـیۆنەکان لـەوێ ئامـادە بـوون و خستمانە دەنگدانەوە، سەرۆك فراکسیۆن هەبوو گوتی پێنـج دەقیقە، سـەرۆك فراکسـیۆن هـەبوو گـوتی سـێ دەقیقە، سەرۆك فراکسیۆنیش هـەبوو گـوتی کـراوە بێـت، بـەلام زۆرینـە ڕەئیمـان وا بـوو ڕێـك بخرێـت، بـۆ ئـەوەی ڕێگـە بـدرێت بـە هـەموو ئەنـدامانی پەرلـەمان، مـەجال هـەبێت، بـۆ ئـەوەی ڕێگـەیان پـێ بـدرێت هەموویان قسەی خۆیان بکەن، کە (99) ئەندام ناوی نووسی بێت، دەبێت هین بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

لـە هـەموو دنیـا سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بـۆی هەیـە جەلسـەکان تـەنزیم بکـات، ئـەوە یـەك، پێشـنیاری نـاو پەرلەمان بۆ ئەوەیە کراوە بێت، پێشنیاریش هەیە بۆ ئەوەی تـەنزیم بێـت وەکـو سـەرۆك لیژنـەکان، بۆیـە ئێمە ئەمە دەخەینە دەنگدانەوەو دەیخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز، کاکە بەبێ ئیجازە قسـە مەکـە لـە جێـی خۆت تکایە، تکایە بەبێ ئیجازە کەس قسە نەکات، بە هیچ کەسێك مەجال نادەم بـەبێ ئیجازە قسـە بکات، فەرموو کاك عەبدوللا.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆ بـە هـیچ دەقێـك کـات دیـاری نـەکراوە، ئێمـە زۆر جـار ئیـدیعای ئـەوە دەکـەین دیموکراسی ئێرە بگوازینەوە بۆ بەغدا، لە پەرلەمانی بەغـدا تـەنها قسـە کـردن لەسـەر بودجـە پـازدە ڕۆژی پێچـوو، مـن تـەنها قسـە لەسـەر ناوچـەکەی خـۆم بکـەم وەکـو ئەنـدامێکی خـەڵکی گـەرمیان، کـە خـاوەنی کۆمـەڵێك کێشەو گرفتن تەنها باسی کێشەی ئەنفالەکانی ناوچەکەی خۆمان بکـەم، تـەنها باسـی کـەموکورتی پرۆژەکانی ناوچەکەی خۆمان بکەم زیاتر لە دە دەقیقەشی دەوێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئێمە دانانیشین باسی هەموو شتەکان بکەین، باسی ئەو پرۆژەیە دەکەیت کە لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێزە، هەر بەڕێزێك لە ئێوە لە لیژنەیەکە موناقەشەی ئەوە دەکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەگەر تەماشای پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەیت پەرلەمان دەبینین زۆر بە روونی، بە ئاشکرایی لە دەسەلاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان ئیدارەو موناقەشاتی جەلساتە، ئیدارەو موناقەشەی جەلساتی پەرلەمانیش دەسەلات دەداتە سەرۆکی پەرلەمان تەحدیدی وەقت بکات بۆ قسە کردن، ئەوە لە هەموو دنیاشدا وایە، فەقەرە سێ لە مادده (17).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەموومان لەسەر ئەوە موتەفقین  کە بودجە ئەهمیەتێکی تایبەتی هەیە، من پێموایە ئەو ڕێکخستنەی کە کێ ناوی خۆی دەنووسێت فۆرمەکە کارێکی سەلبییە، لەبەر ئەوەی رەنگە ئێمە زەرورەت تەحدیدی ئەوە بکات کە چەند پێویست دەکات، ئەندامی پەرلەمان حەقی خۆیەتی کە کێشە، یان نا روونی لە بودجەکە هەبێت قسەی لەسەر بکات، با لەسەر ئەوە نەبێت هەر (111) ئەندام دەبێت قسە بکات، یان چەند دەقیقە قسە دەکات، لەسەر ئەوە بێت کێ ناوی خۆی دەنووسێت بەپێی زەرورەت، رەنگە پەرلەمانتارەکەی تر ئەو قسەی من بکات، من نەیکەمەوە، بەلام ئەگەر بودجەیەك پێویست بکات روون کردنەوەی بوێت، یان راپۆرتێك کەموکورتیەکانی دەربکەیت و کێشەکانی بخەیتە روو و پێویست بکات، بۆ دەبێت تەحدیدی کات بکەین، ئامانج چیە لە ئەمە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگای بە جەنابتان داوە وەکو سەرۆکایەتی دانیشتنەکان ڕێك بخەن، بەلام ئەو ڕێکخستنە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندایە، کە مافی من وەکو ئەندامی پەرلەمان دەستە بەر دەکات، لەناو پەیڕەوی ناوخۆشدا مافی قسە کردن بۆ من کراوەیە، تەحدید نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەندام پەرلەمان بۆی هەیە هەموو قسەکانی خۆی بکات، کە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش لە چوارچێوەی ئەو پەیڕەوە بۆی هەیە دانیشتنەکان ڕێك بخات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەناو لیژنەکاندا زیاتر لە بیست ڕۆژە، دە جەلسە زیاتر دانیشتووین، هەندێك لەو برادەرانەی کە تەحەفوزیان هەبووە لەسەر خاڵەکان دەتوانن لە ماوەی سێ دەقیقە لەسەر ئەو بەندەی کە تەحەفوزیان هەبووە لەسەری، لەراپۆرتی لیژنەکە قسە بکەن، بەپێی ئیختیصاصی لیژنەکە، ئەوە خۆی هەر زۆر موتەبەعە، لە خولی پێشووشدا لە زۆر لە یاساکاندا وامان کردووە، خۆ ئێمە ناکرێت هەموو گفتوگۆیەکان و هەموو ئەوەی کە بیست ڕۆژە کردوومانە جارێکی تر لێرەدا هەمان شت باس بکەینەوە، بەم شێوەیە لێ نابینەوە، ئێمە لەناو لیژنەکاندا گفتوگۆی خۆمان کردووەو بەهەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە مولاحەزاتی خۆمان گوتووە، لەبەر ئەوە ڕێکخستنی جەلسەکە کەوتۆتە ئەستۆی جەنابت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی ماددەی (17) لە بڕگەی (3) دەڵێت هەڵسوڕاندنی گفتوگۆیەکان و پاراستنی ڕێك وپێکی هەڵسوڕاندنە، هەڵسوڕاندن مەبەستی ئیدارەی جەلسەکەیە، کێ هەڵدەستێت و کێ دادەنیشێت؟ تەحدید کردنی کات نییە، ئێمە پێمانوایە مەرج نییە هەموو ئەندامێکی پەرلەمان قسە بکات، مەرج نییە هەمووی سێ دەقیقە قسە بکات، مەرج نییە هەمووی لە سێ دەقیقەدا تەواوی بکات، ڕەنگە من بۆ خۆم دەقیقەیەك قسە بکەم، ڕەنگە هاوڕێیەکەم دە دەقیقە قسە بکات، ڕەنگە هاوڕێیەکی ترم بڵێت قسەکانم کراوە، قسە ناکەم، لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە پێویستە ئەم مافە بدرێت بە ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی لە لیژنەکاندا کراوە، ئیشی لیژنەکان ئیختیصاصیە، ئێرەئیختیصاصی نییە، ئەمە یەك.

دووەم/ زۆربەی ئەندامانی ئێمە کە لە لیژنەکان راپۆرتەکان نووسراوە، پێیانوایە ئەوەی کە لە لیژنەکان باسیان کردووە بەشێکی زۆری لە راپۆرتی لیژنەی داراییدا نییە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین ڕێگا بدرێت بە ئەندامانی پەرلەمان، ئەو مافەیان پێ بدرێت کە پەیڕەو ئەو مافەی پێ داون قسەی خۆیان بکەن و مەرجیش نییە هەمووی سێ دەقیقە قسە بکەن، مەرجیش نییە هەمووشی قسە بکات، بۆیە داوا دەکەین ئەو مافەمان پێ بدرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسایەکەدا وەکو هاتووە سەرۆکایەتی مافی ئیدارەدانی جەلسەی هەیە، ئیدارەدانی جەلسە مانای تەقەیود کردن، لەمپەڕدانە نییە لەسەر بیرو رای هەر کەسێك لێرەیە کە نوێنەری بیست هەزار کەسە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (26)، ماددەی (26) دەڵێت ئەندام لەسەر را دەربڕین و ئەو رووداوانەی لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی لە ئەنجومەندا لێیان دەدوێ، لێیان ناپرسێتەوە، یەعنی ئەم ماددەیە دوو بەشە، یەعنی ئەندام مافی ئازادی را دەربڕینی هەیە، کە مافم هەبێت، دووەم بەشیشی دەڵێت لێی ناپرسرێتەوە لەسەر ئەو رایانەی کە دەردەبڕێت، یەعنی من ئازادی رام هەیە، ئێستا جەنابتان باسی (99) ناو دەکەن نووسراوە، وابزانم ناوی منی هەر تیا نییە، یەعنی من بۆم نییە قسە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من ئیشکالیەتێکی گەورە لە مەسەلەکە نابینم، پێموایە دیارە لەگەڵ رێزم بۆ سەلاحیەتی سەرۆکایەتی، ئێمە لە چەند کۆبوونەوەیەکی تری پەرلەماندا لەسەر چەند پرسێکی زۆر گرنگ و چارەنووسساز کات کراوە بوو بۆ هەموو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان قسە بکەن، گفتوگۆی خۆیان و راو بۆچوونی خۆیان دەربڕن، ئێستاش ئەمە یەکێك لە مەسەلە زۆر گرنگ و چارەنووسسازەکانە کە مەسەلەی بودجەیە، پەیوەستە بە ژیانی خەڵکەوە، کرانەوەی کات لەڕاستیدا دانی جۆرێکە لە ئازادی قسە کردن و تەعبیر کردن و هەوڵدانە، بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆیەك لە بیرو راو بۆچوونەکاندا هەبێت، یان بەشێوەیەکی زۆر نا مەعقول، نا مەنتیقی، یان با بڵێین بەشێوەیەکی نا مونەزەم قسەکان دەرنەچێت، بۆیە کە قسە تەحدید ناکرێت لەوانەیە زۆر لە بەڕێزەکان لە ماوەی دەقیقەیەکدا قسە بکەن، یان زۆر لە ئەندامەکان قسەیەکیان هەبێت برادەرکەی پێشتری کردبێتی، یەعنی مەوزوعەکە بەدیوێکەوە ئیشکالیەتێکی زۆر گەورە نابینم کە وەقتەکە کراوە بێت، بۆ ئەوەی هەموو ئەندامێك قسەی خۆی تیا بکات، بەلام بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ قسە دووبارە نەکرێتەوەو موماتەڵە لە قسەکاندا نەکرێت.

خاڵی دووەمیش/ جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، دیارە ئێوە سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە دەکەن، هەر بەڕێزێك لەچوارچێوەو باسەکانی ئەو مەوزوعەی کە تەرخان کراوە، یان ئەو بەندەی کە تەرخان کراوە، تۆ دەتوانیت تەنبیهی بکەیت، یان بیگەڕێینەوە بۆ مەساری خۆی.

خاڵی سێیەمیش/ ئەوەیە لەڕاستیدا راپۆرتەکان جۆرێك تێکەڵی تیایە، یەعنی بۆیە لەوانەیە نەتوانێت لەماوەی سێ دەقیقە، یان چوار دەقیقە هەموو دیوەکانی راپۆرتەکان قسەی لەسەر بکەیت، لەبەر ئەوەی راپۆرتەکان خۆی کراوەیە، بۆیە قسەکانی ئێمەش حەق وایە بەو شێوەیە بێت، کە بتوانین ئیلمامێ بکەین و چوارچێوەی راپۆرتەکان بتوانین قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەبدلوسەلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیارێكم هەیـە، وابـزانم رزگارمـان دەكـات لـە خولانـەوە لەسـەر ئـەوە، ئەگـەر رێگـام پـێ بـدەیت پێشنیارەكەم شەرح بكەم، ئێمە ئەگەر رێك بكەوین لەسەر ئەوەی بۆ لێرە دانیشتووین؟ وابزانم وەڵامی زۆر قسە دەدرێت، ئێمە دانیشتووین راپۆرتێك پێشكەش كراوە، پاش ئیشێكی دوورو درێژ هاتووینە ئەو راپۆرتە موناقەشـە بكـەین، بـە رەئـی مـن ئەگـەر ئیلتیزامـمـان كـرد بـەوەی موناقەشـەی راپـۆرت بكـەین و پرسـیار بكەین، تەوزیح بكـەین و جـەنابی وەزیرەكـانیش لێرەنـە، ئەگـەر مـەجالم بـدەیێ ئـەو كاتـە منـیش لەگـەڵ ئەوەمە ئازاد بین چەند قسە بكەین بە مەرجێك قەبول بكەین ئەو مەبادئانەی خۆمان كە بانگەشـەیان بـۆ دەكەین قەبول بكەین، لە مەوزوع دەرنـەچین، قسەكە موەجەه بێت و كۆتایی بێت بە پرسـیارێك، قسـەكەم رەد كردنی وەكو مەسئوولی لیژنە ئـەو شـتەم تێـدا نـەبوو، ئەگـەر ئیلتیـزام بكـەین بـە مەبەسـتی سـەرەكی دانیشتنەكەمان، موناقەشەی راپـۆرت، نـەك بچـین تروحـاتی تـر عـەرز بكـەین، یـان لەگـەڵ رێـزم مـن بچـم موعاناتی مەنتیقەی دیالەو ئەوە باس بكەم، ئەگەر قەبول بكەین لە حەقی ریئاسەتی پەرلەمان پـێم بڵێـت تۆ دەرچووی لە مەوزوع، نەك حیساب بكرێت كە ناهێڵن قسان بكـەین، تەسـەور دەكـەم مەوزوعەكـە حـەل دەبێت، پێشنیاری من ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خانم.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـارە هـەموو ئەنـدام پەرلـەمانێك كـە لێـرەدا هـاتووین نوێنەرایـەتی چـەند هـەزار كەسـێك دەكـەین لـە چوارچێوەی یەك نوێنەرایەتی ئێمە لەناو لیژنەكانی خۆماندا ئەو پێشنیارو راو بۆچوونانەی خراوەتە نـاو راپۆرتەكەو هەیە، ئێمە تەنها نابێ لەو چوارچێوەیەدا قسـە بكـەین، هـەموو ئەنـدام پەرلـەمانێك تێبـینی و پێشنیاری خۆی هەیە لەسەر كۆی پرۆژەكان و كۆی ئەو پرۆژانـەی كـە وەزارەتـی دارایـی خوێندیـەوە وەكـو پرۆژەكانی لیژنەی دارایی و بەو شێوەیە، بۆیە هەموو ئەنـدام پەرلـەمانێك بـۆی هەیـە تێبـینی و سـەرنجی هەبێت، لەسەر ناوچەی خۆشی هەیـە، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە نوێنەرایـەتی ناوچـەی خۆشمـان دەكـەین، جگـە لـەوەی كـە لـەناو چـەند لیژنەیـەكی تـر دایـن، نوێنەرایـەتی ناوچـەی خۆشمـان دەكـەین، بۆمـان هەیـە كەموكوڕییەكان و پێداویستیەكانی ناوچەی خۆمان لێرە بە ئاشكرا باس بكەین و قسەی لەسەر بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاكە.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها مولاحەزەم لەسەر یەك شت هەیە، یەعنی من ئەگەر راپۆرتەكەی خۆم لە لیژنەی ناوخۆو ئاسایش تازە باسم كرد پێش ئێستا رێگاتان پێ نەدام، ئێستا وا باسی دەكەم، ئەگەر راپۆرتەكەم لە لیژنەی دارایی ئیشارەی پێ نەدرێت، تەنیا هەر ناویشی نەیەت وەكو ئەوەی كە ئێمە یەك دنیا كێشەی ئاسایشمان هەیەو لێرەش بۆم تەحدید بكەیت سێ دەقیقە قسەی بكەم، من نازانم چ مافێكم هەیە لە پەرلەمان؟ ئەوە راپۆرتەكەم، ئەوە لیژنەی دارایی، ئەوە هەموو برادەرانی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لێرەن، ئێمە سێ هەفتە دانیشتنمان لەسەر ئەوە كردووە، هەردوو بەڕێز بەرپرسی ئاسایشی گشتی سلێمانی و هەولێرو شاندی یاوەریمان بانگ كردووە، یەك دنیا تێبینیمان هەیە لەسەر میلاك، لەسەر بودجە، لەسەر كۆمەڵێك شتی تایبەت بە پاراستنی سەرو سەروەتی هاووڵاتیان، ئێستاش لێ نەگەڕێی سێ دەقیقە قسەی بكەم، ئەوە نازانم یەعنی مافی من لە كوێیە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاكە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە كاتێك خیلاف دروست دەبێت لە وەجهەی نەزەردا حەكەم بۆ ئەوەیە یاساو لائیحە، سەیری هەموو ئەو ماددەو بڕگانە دەكەین كە باسی دانیشتنەكان و بەڕێوە چوونی دەكات و باسی ناو نووسین و ئیدارە كردنی جەلسەكە دەكات، هەموویان بەو عاقارە دەڕۆن بەبێ هیچ تەفسیرێك، كەوا مافی پەرلەمانتارە بە ئازادی قسە دەكات و تەحدیدی وەقتی بۆ نەكرێت، بەڵام بە هەموو ئەو مولاحەزەو پرنسیپانەی كە بەڕێزانیش باسیان كرد لە دووبارە نەكردنەوەو لە ئەو شتانەی كە قسە كردن لەسەر قسەی ترو بەپێی پەیڕەو و پرۆگرام كە لە ماددەی (72)دا دەڵێت (دەبێت لە پێشدا دیراسەو موناقەشەی راپۆرتەكە بكرێت، دواتر بچین بۆ بودجەكە، دواتر بچین بۆ پرۆژە یاساكەمان) مانای وایە بازدانێك نەبێت، من پێموایە ئەگەر هەموومان بە كراوەیی قسە بكەین و كات دیاری نەكرێت هیچ فەرق ناكات، تەنیا دوو، سێ سەعات فەرق دەكات، فەیدی چ دەكات با نەفسمان درێژ بێت، بۆ ئەوەی لائیحە جێ بەجێ بكرێت و هەمووشمان بە ئازادی قسە بكەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوون.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك بـەڕێزتان ئاگـادارن لیژنـەكانی پەرلـەمان و هـەموو لایەنـەكان هاوبەشـیمان تیـا كـردووەو، هـەموومان ڕەئیمان هەبووەو بۆچوونمان هەبووە لەسەر لیژنەكان، هـەموو یـەكێك لـە ئێمـەش لەگـەڵ فراكسیۆنەكانی خۆمان لەسەر كێشەكانی لە لیژنەكاندا هەبووەو ڕاو تێبینیەكانی خۆمان قسەمان كردووە، نازانم ئەوە تا چ حەددێك جەنابتان قەبولی دەكەن، ئەگەر بكرێت لیژنە بە لیژنە بخەینە موناقەشەوە، بـۆ نموونـە لیژنـەی وزە، بابەتی لیژنەی وزە هەمووی بخرێتە موناقەشەوە كۆی مولاحەزاتەكان كۆبكرێتەوە، دوایی لە ئـەخیردا هەموو لیژنەكان كە كێشەكان چارەسەر بوو، لە هەموو لیژنەكاندا ئەو (18) لیژنەیە، ئەوسا یەك ڕاپـۆرتی موفەسەل لەسـەر هـەموو لیژنـەكان كـۆ دەكرێتـەوەو، وابـزانم هـیچ یـەكێك لـە ئەنـدامان كێشـەیان نابێـت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەیانیش عەرزم كردی، بەڕاستی تەحدید كردنـی وەقت لـە بەرژەوەندیـدا نییـە، ئـەوا جـەدوەلێك دروسـت دەبێت، لەوانە بوو ئێستا ئێمە سێ، چوار لاپەڕەمان دەخوێندەوەو ئیشەكان بەڕێوە دەچوون، ئـەم تەحدیـد كردنە بـا نەكەینـە پـەیڕەو باشـە، بـەیانیش جـەنابت ڕەئـی سـەرۆك فراكسـیۆنەكانت وەرگـرت، بـۆ ئـەوەی هەموو براو خوشكانی پەرلەمان بزانن كە ئێمە هەمووومان لەگەڵ تەحدید كردن نەبووین، ئـەوەی مـن تـێ بگەم لە دەسەڵاتی جەنابتانەوە وەكو سەرۆكایەتی بۆ تەنزیم كردنی دانیشتن ئەوەیە نەفەر ئەگەر دەرچوو لە سنووری خۆی تەشهیری كرد، دووبارەی كرد، شتی زۆر دووبارە كردەوە، لە بەرنامەی كاری ڕۆژ دەرچـوو، ئەوەی كە ئەمڕۆ دیاریمان كردووە، ئەوە سەڵاحیاتی كاملتان هەیـە كـە مـەنعی بكـەن و نـەهێڵن، جـەنابتان عەرزم كردن كە تەوصیات ئاراستەی پەرلەمان بكەیت باشە، بەڵام شتی دووبارە نـەڵێن، ئـەوەی لـە لیژنـەی دارایـی و ئـابووری دیـاری كـراوەو پێویسـت ناكـات دووبـارە بكرێتـەوە، بـا ئـەو خوشـك و برایانـەی كـە تەحـەفوزیان نووسـیووە سـەرنج و ڕەخنـەكانیان بـە هەنـد وەرنـەگیراوە، تێبینیـەكانیان نەخراوەتـە نـاو ڕاپۆرتەكەوە، ئەوانە با هەموویان قسە بكەن، چونكە ئەگەر ئێمە لێرە ئەمە بكەینە پێشینەیەك شـتی زۆر خراپی لێ دەكەوێتەوە، پەرلەمان ئیتیهام دەكرێت كـە ناهێڵرێـت ئەندامـەكانی ئازادانـە قسـە بكـەن، ئـەوە خاڵی یەكەم.

خاڵی دووەم/ جەنابت بەیانی لێرە تەئكید بكرێتەوە باشە، یەك جار قسە كردن نییە، فەرمووت دوو جارە من بیری بەڕێزتان دەخەمەوە، جارێـك لەسـەر ڕاپۆرتەكەیـە، جـاری دووەم نـاونووس دەكرێتـەوە، جـەنابت ئەوەت بیر چوو باسی بكەیت، ئەوە لەوانە بوو جۆرێك لە خوشك و برایان هێور بكاتەوە كە دوو جـار قسـە بكەن، یان بە كراوەیی یەك جار قسە بكات هەر كەس هـەر چـی هەیـە بیكـات، مـن وام پـێ باشـترە، هـەموو

راپۆرتەكان و بودجەش هەمووی بخوێندرێتەوە، دوایی هەر كەس ئازادانە چی هەیە لەسەر هەمووی بڵێت ئەوە باشترە، چونكە هەمووی پێكەوە بەستراوە، یان كە كردتان بە هەردووجار، هەردوو جارەكە جەنابت لەو دوو مەجالە تەحدیدەن دەسەڵاتان هەیە كە نەهێڵن لە سنوور دەرچوون، تەشهیر كردن، ئەگینا بەڕاستی تەحدید كردن ئەوە هەموو ئیشارەتی پێ درا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر كورەی ئەرز هیچ پەرلەمانێك لە عالەم بهێنە، میسالێكم بۆ بهێنە لە جەلسەكان تەحدیدی وەقت نەبێت، لە هەموو دنیا نیزام هەیە، ئیلتیزام بە نیزام دەكرێت، ئێمەش لە خەڵك فێر بووینە، لە خۆمانەوە نەمانهێناوە، كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، ئەگەر ئێمە تێبینی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بكەین، دەبینین لە ماددەی (17) بڕگەی (3) بە وازیحی تەحدید كراوە، كە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئیدارەی موناقەشات دەكات و موحافەزەی نیزامەكەی دەكات، ئەوە خاڵی یەكەم.

دووەمین/ بەپێی بڕگەی دوو لە ماددەی (55) دەڵێت (تسجل طلبات الاذن في الكلام مع مراعاة تسلسل تقديمها وتراعى في اعطاء الاذن الاسبقية في الطلب)، واتا ئەو ئیستیماڕاتانەی كە پڕ كراوەتەوە زۆر زۆر شتێكی چاكە، تەنزیمی جەلساتەكە دەكات، تەنزیمی قسە كردنەكان دەكات.

سێیەم/ ئەگەر بێینەوە سەر ماددەی (80) جەنابتان و هەموو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئاگایان لێیە، تەبعەن پرۆژەكە پرۆژەی بودجەی هەرێمی كوردستان لە (2010/1/26) لە جەلسەی نائاسایی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، ڕەوانەی لیژنەی دارایی و بۆ هەموو لیژنەكانی تری پەرلەمان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش، لە ماوەی سی ڕۆژدا هەموو لیژنەكان كۆبوونەوەی خۆیان كردو ڕاپۆرتی خۆیان پێشكەشی لیژنەی دارایی كرد، لیژنەی دارایی كۆی ئەو ڕاپۆرتانەی كۆكردەوە لە ڕاپۆرتی خۆی، واتا ئەگەر ئێستا دووبارە مەجالی ئەوە بدەین هەر كەسێك بێت بە كەیفی خۆی قسە بكات، وابزانم بودجەكە بە شەش مانگیش تەصدیق ناكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس برای بەڕێز، ئەمە لەسەر ڕاپۆرتە گشتییەكەیە، كە هێشتا ماوە، یەعنی یەك جار بۆ هەموو میزانیە سێ دەقیقە نییە، لەسەر ڕاپۆرتە گشتیەكە كە ڕەئی عامی خۆتان دەدەن، پاشان دێینە سەر بابەتەكانی تر لەوێش وەقتی تر دەبێت و تەنزیم دەكرێت، كاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەکان وەکو سۆزان خان باسی کرد موناقەشەیەکی زۆرمان کردووە، ئێمە وەکو لیژنـەی نـاوخۆو ئاسایش و خۆجێیەکان دە کۆبوونەوەمان کـردووە لەسـەری و راپۆرتەکـەمان نووسـیووە داومانەتـە لیژنـەی دارایی، ئێستا لیژنـەی دارایـی بەشـی زۆری راپۆرتەکـەی ئێمـەی داخیلـی سـەر راپۆرتەکـەی خـۆی کـردووە، رەنگە لە ئاسایش خەلەلێك هەبێت، وەختێ کە گەیشتنە سەر وەزارەتی ناوخۆ، ئێمـە وەکو لیژنـەی نـاوخۆ دەتوانین قسەی لەسەر بکەین و ئەوەی کە زەرورە بیخەینـە بـەردەمی ئەنـدامانی پەرلـەمان و موناقەشـەی لەسەر بکرێت، من چ پەیوەندیم بە تەندروستییەوە هەیە، رەنگە تەندروستی کاری من نـەبێت، ئیشـی مـن نـەبێت، لیژنـەی نییـە؟ ئەگـەر هـەموو برادەرێـك تـەدەخول بکات لـە ئیشـی لیژنەیـەکی تـر، رەنگـە ئـەوە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت و ناتوانین کارەکان بکەین و پەکیان دەخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەیام فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگـەڵ رێزمـدا، ئێمـە هـەر کەسـێك نـین لێـرە دانیشـتووین، هـەر یەکـە لـە ئێمـە ئەنـدامی پەرلـەمانین و نوێنەری خەڵکین هاتووین بۆ ئێرە، دیارە ئێمە پێشتر ئەوەمان بینوەو ئەوەمان خوێندۆتـەوە لـە پـەیڕەودا کە ئێمە مافمان هەیە قسە بکەین، هیچ سەقفێکیش دانەنراوە بۆ ئەو قسـە کردنـە، لەوانەیـە مـن بـۆ خـۆم قسەم نەبێت، بەڵام هاوڕێیەکەم قسەی هەبێت، دوایی ئێمە لەناو لیژنەکاندا بەڵێ تێبینی خۆمـان گوتـووەو قسەی خۆمانمان کردووەو موناقەشەمان کردووە، بـەڵام لـە لیژنـەی داراییـدا ئـەو تێبینیانـەی ئێمـە دیـاری نەکراوەو باس نەکراوە، لەوانەیە لە لیژنەیەك باس کرا بێت، لـە لیژنەکـەی تـر بـاس نـەکراوە، بۆیـە ئێمـە داوا دەکەین قسەکانمان سەقفی بۆ دانـەنرێت، لەوانەیـە ئـەم فەترەیـەی کـە هـەر هـەموومان قسـەمان کـرد ئێستا کاتەکە تەواو بوایەو قسەکانی خۆشمان بکردایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاهۆ.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم دۆکیۆمێنتانـە لـە لایـەن بەڕێزتانـەوە گەیشـتووە بـەمن وەکو ئەنـدام پەرلـەمانێك، هەنـدێکی هاتۆتـە بۆکسەکەمەوە، هەندێکیش لە سایتی پەرلـەمان وەرمگرتـووە، بـۆ ئـەوەی تـاوتوێی بکـەم و دیراسـەی بکـەم، پاشان رەئی خۆم بڵێم لەسەر ئەم هەموو دۆکیۆمێنتانە، بە سێ دەقیقە تەواو نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە گیان بەو شێوەیە نییە، ئێستا تەنیا راپۆرتی دارایی، بابەتە گشتیەکەی، تەنها بۆ ئەو بابەتە ئەو تەنزیمەمان داناوە کە بە عام لەسەری قسە دەکرێت، هەر کەسێك رەئی خۆی دەدات، پاشان دەڕۆین بۆ سەر بابەتەکانی تر لەوێش مەجالی تر دەبێت.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم حەلێکی وەسەت، نە تەقید هەبێت، نە ئینفیتاحی تەواو، یەعنی کرانەوەی تەواو بەپێی زەرورەت، من بۆم هەیە لەسەر راپۆرتی لیژنەی تریش قسە بکەم، من ئەندامی لیژنەیەکم، بەلأم بۆم هەیە لەسەر راپۆرتی لیژنەی تریش قسە بکەم، بەس هەندێك ئەندام هەیە تەنیا لە بواری پسپۆری خۆیدا قسە دەکات، هەندێك ئەندامیش هەیە لە بواری پسپۆری خۆشی قسە ناکات، قسەکەی دەکرێت، جا لەبەر ئەوە بەپێی زەرورەت قسە بکرێت، باشترین حەلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابتان دەزانن کەوا ئەو راپۆرتە گشتییەی ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت هەموو بوارەکانی کاری حکومەت دەگرێتەوە، من دووبارەی ئەوە ناکەمەوە کە چەند رۆژە لیژنەکان کاری خۆیان دەکەن، بەلأم یەك ئیزافە دەکەم، ئەم بوارانە هەر یەکەی کۆمەڵێك پرسیارو وەلأم هەڵدەگرێت، خەڵکی مەعنی بە وەلأمدانەوەی ئەو پرسیارانە لێرە نین، لێرە بوون، وەزیری مەعنی بانگ کراوە، بەڕێوەبەری گشتی بانك کراوە، وەکیلی وەزیرەکان بانگ کراون، ئێستا هیچ مانایەکی نییە ئێمە لە بوارێکی موعەیەن پرسیارێك تەوجیهی کەسێکی غەیرە حازر بکەین، کە کەسێك حازر نییە ئەو وەلأمە بداتەوە، دوو رۆژ وەزیری دارایی و پلاندانان لێرە بوونەو کراوە بووە، کەوا بچن، بەڵێ لێرە بوونە بە کراوەیی و رۆژێکی کامل، مەنتق نییە ئەم پرسیارانەی کە لەوێ کراوە، ئەی باشە رەنجی ئەم هەموو بیست رۆژە بە شەو و رۆژ، هەموو حکومەت و هەموو پەرلەمان پێوەی خەریك بووە، ئێمە چۆن بێین هەمووی لێرە ئیعادە بکەینەوە، دیسانیش دەڵێمەوە ئەی ئەوانەی کە لێرە نین؟ ئەو پرسیارانەی کە لە شارەوانی دەکرێت، کە لە ناوخۆ دەکرێت؟ کە لە ئەوی تر دەکرێت، کە هەمووی وەلأمی دراوەتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە تەقیودێك هەبێت، نابێت ئەو کرانەوەیە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن منیش پێموایە ئەگەر تەحدید نەكەیت، ئەگەر كات تەحدید نەكرێت و سەقفێكی بۆ دانەنرێت، هەموو ئەندامانی پەرلەمان نەفسیەن مورتاح دەبن، من تەماشای كاتەكەی دەكەم چل دەقیقەیە موناقەشەی ئەوە دەكرێت كە رێگا بدرێت، یان رێگا نەدرێت، لەوانەیە تاكو ئێستا پازدە ئەندامی پەرلەمان موناقەشەی لەسەر راپۆرتەكە كردبوایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ تەنزیم بە تەئكید تەحدیدی وەقت دەكرێت، ئینجا لەسەر وەقتەكەی دەتانەوێت لە جیاتی سێ دەقیقە، ببێتە پێنج دەقیقە مانعمان نییە، دەتوانین ئەوەتان بۆ بكەین، بەڵام بۆ ئەوەی فێر بین ئیلتیزام بە نیزام بكەین، ئیلتیزام بە یاسا بكەین كە هەیە، بە تەئكید بەبێ نیزام، بەبێ تەحدید نایكەین، با لە جیاتی سێ دەقیقە لە سەرۆكایەتی موتەفیقین ببێتە پێنج دەقیقە، كەرەم بكە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرەدا دوو شت هەیە، یەكەم/ راپۆرتی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری، لەگەڵ پرۆژەی بودجەكە، هەردووكیان ناكرێت پێكەوە قسەیان لەسەر بكرێت، جاری یەكەم لەسەر راپۆرتی لیژنەی دارایی قسە بكرێت هەر ئەندام پەرلەمانێك بەتایبەتی ئەوانەی كە لیژنەكاندا قسەی خۆیان بكەن، چونكە بەڕاستی من تێبینیم كرد لەو لیژنانەی ئێمە تێدا ئەندامین لە راپۆرتەكەیاندا نەهاتووە، پاشان مادده بە مادده پرۆژەكە، بودجەكە قسەی لەسەر بكرێت، واتا ئەندامانی پەرلەمان بە ئازادانە قسەی خۆیان لەسەر بكەن، ئەوەی كە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە هەندێكی بە پەسند داناوە، هەندێكی بە پەسندی دانەناوە، ئەمە دەكرێت بەڕاستی ئەندامانی پەرلەمان قسەی لەسەر بكەن، رای لیژنەی داراییە كە بە پەسندی دەزانێت، یان بە پەسندی نازانێت، یەعنی لێرە نابێتە یاسا، لەبەر ئەوە من وا بە باشی دەزانم سەرەتا لەسەر راپۆرتی لیژنەكە ئەندامان قسەی خۆیان بێت، بەتایبەت ئەوانەی لە لیژنەكاندا سەرنجیان هەبووە لە راپۆرتەكەدا نەهاتووە، یان بە شێوازێكی تر هاتووە، پاشان بودجەكە بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ لەسەر كردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە موناقەشە لەسەر راپۆرتە گشتییەكەیە، برای بەڕێز لەسەر ئەوە قسە دەكەین، تكایە ئیتر بەسە، پێنج دەقیقە بە هەر بەڕێزێك دەدەین، لەوە زیاتر نییە، هیچ نییە، لیژنەی دارایی كەرەم بكەن وەرنە جێگای خۆتان، لیژنەی یاسایی فەرموون وەرنە ئێرە، بۆ ئەوەی بەرامبەری ئەندامان بن، بۆ ئەوە یاداشتەكانتان بنووسن و كەرەم بكەن وەرنە شوێنی خۆتان، برۆ لە پەرلەمانەكانی دنیا بگەڕێ، ئەگەر ئەم شتەت دیت، نییە.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی

**سێ شەممە ڕێكەوتی 2010/2/23**

کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2010/2/23 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کـەرکووکی) سـەرۆکی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (3)ی نائاسـایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شـەممە ڕێکـەوتی 2010/2/23 دا بـەم شێوەیە بێت:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی یەکـەم، خـولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (3)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2010/2/23، بەرنامەی کار:

بە پێـی حوکمـەکانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (6) لـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی ژمـارە(1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشـتنی ژمـارە (3)ی نائاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، ڕۆژی سێشـەممە، ڕێکـەوتی 2010/2/23 بـەم شـێوەیە بێت، کۆبوونەوەی یەکەم لە کاتژمێر 10ی بەیانی:

1-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان-عـیراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

2-خسـتنە ڕووی ڕاپـۆرتی لێژنـەی لێکۆڵینـەوەی پەرلـەمان، سـەبارەت بـە زانکـۆ ئەهلیـە داخراوەکـانی کوردستان-عیراق.

کۆبوونەوەی دووەم کاتژمێری 4ی ئێوارە:

1-گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی 2010 ی هەرێمی کوردستان.

لێژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

نوقتەی نیزامی فەرمووو.

**بەڕێز احمد سلێمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابتان دوێنێ هەر کە ئێمە لێرە دەستمان هەڵبڕی، هیچ فایدەی نەبوو، هەر چی هاوارمان کرد، قسەی ئێمە وەنەگیرا، یەك جاریش جەنابتان رووتان لەم لایە نەکرد، ئیعتیرازەکەم ئەوەیە، یان بە پەیڕەو لەگەڵمان بکەن، یان بە تەوافوق، ئەگەر بە پەیڕەوە لەماددەی 52 باس لە دانیشتنی ئەندامانی پەرلەمان دەکات، کە بە پێی حروفی هیجا بێت، یان بە تەوافوق لەگەڵمان بکەن با تەوافوقمان دیار بێت، چونکە ئێمە هەر چی ببپرسین جەنابتان فایدەی نیە لەگەڵمان، دەبێ بە رێگایەکی تر لەگەڵمان بکەن، ئەوە یەکەم، خاڵی دووەممان لەسەر دانیشتنەکەی ئەمڕۆیە، دوێنێ هیچ باسی خاڵی یەکەمی تێدا نەبوو کە دوێنێ بریارمان لەسەر دا، ئەمڕۆ نازانم چۆن یەکسەر هاتووتە نا خاڵەکان و پێش بودجە و پێش ئەوەی دانیشتنەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

به نیسبەت خاڵی یەکەم، خاڵی نیزامی دووەمت، دوێنێکە ئیعتیراز هەبوو و یەکسەر چووین و سەیری ئەرشیفمان کرد، راستە ئەو پرۆژەیە هەبوو، وەعدمان دا و هەر دوێنی لێرە ئیعلانمان کرد وتمان بەیانی ئەیخوێنینەوە و ئەیخەینە بەرنامەی کار و تەحویلی لێژنەکانی ئەکەین، دوێنێ لێرە لە پێش جەنابت و ئەو بەڕێزانە ئەو وەعدەمان دا، بالفعل ئەو پرۆژەیە هاتووە بۆ ئێمە پێش ماوەیەك، بە نیسبەت حروفی ئەبجەدی، وەختی خۆی رێکەوتبوون هەمووتان لەگەڵ رێزدار سکرتێری پەرلەمان کە بەم شکلە دابنیشن، باشە پێداچوونەوەی بۆ دەکەین بۆ جارێکی تر بەسەرچاو، کاك محمد کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

.................................کوردستانی عیراق هاوکار بێت لەگەڵ عیراقی فیدراڵ و زیاتریش بێ، بەڵام تەنها ئەو دوو رەخنەم هەیە، ئەمە ئەبێ 24 سەعات پێش ئەوە بێت و 48 سەعات، ئەوانی تر زووتر هاتوون خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بۆ ناکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکی لە جەلسەی پێشتر ئیعلانمان کرد، و جەلسەی پاشتر بابەتەکان ئەوە 1و2و3و4 ، ئەوە بەرنامەی کارە، ئەمێنێت ئەوەی بە نووسین بێت بۆ خاتری ئەوەیە لە ئەرشێفی پەرلەمان حەفز بکرێت، موهیم لە بەرنامەی کار ئەوەیە کە جەنابت ئاگادار بێت، مادام ئاگادار بوویت چ بە شەفەوی و چ بە تەحریری، وا بزانم ئەو مەوزوعە جێگای رەخنە نیە، ئەوە رەئی جەنابتە ماموستا ئەگەر وا بکەی، بەس ئێمە وەك قانونی، لێژنەی قانونیش لەوێیە با تەفسیری بکات، بزانە چۆن تەفسیری دەکات، مەوزوعی تر ئەوەی خوێندنەوەی بۆ نەکرایە، ئەو دانیشتنە دانیشتنێکی ئیستیسنائیە و تایبەت هی بودجەیە و راپۆرتی

لێژنەی تەحقیقیە، مەوزوعی 10٪ و ئیستیقتاع بکرێت لە راتبەکان، ئەوە عیلاقەی بە بودجە هەیە، چونکە لە صولبی بودجە هاتووە، پرۆژەکانی تر ئەوەی جەنابت باسی دەکەی ئەوە مەفروزە لە جەلساتی ئیعتیادی بێت، چونکە هیچ سیفەتێکی ئیستیسنائی لەسەر نیە، بەس چونکە بودجەکە سیفەتی ئیستیسنائیە، ئەو دوو رۆژانە عیلاقەی لەسەر بودجە هەبوو و باس کرابوو، لەبەر ئەوە دەبێ لەگەڵ بودجە باس بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کەرەم بکە.

**بەڕێز احمد سلێمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی جەنابی کاك فرسەت باسی کرد راستە، ئەوە پەیوەندی بە بودجە هەیە و ئێمەش تەئیدی دەکەین، بەڵام ئێمە پێشتریش پرۆژە یاسایەکمان داوە و خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە، بۆ گەنجان و دوو، سێ مەسەلەی تر هەیە کە پەیوەندی بە بودجە هەیە، لەسەر مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی بێ پاساوی یاسایی، ئەوە یەکێکیان، ئەو خەڵکانەی کە دەگێرین بێ پاساوی یاسایی و لە زیندان دەمێنێنەوە، خوێندنەوەی بۆ کراوە و نەخراوەتە بەرنامە، دووەم، مەسەلەیەکی دیکە، مەسەلەی هاوسەرگیری بۆ گەنجان و هاوکاری کردنیان، ئێمە پرۆژە یاسایەکی بەو شێوەمان داوە، خوێندنەوەشی بۆ کراوە، بەڵام بۆ ناخرێتە بەرنامەوە؟ ئەوەش خۆ رەبتی هەیە بە بودجەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە جەنابی سکرتێر.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیڕەوی ناوەخۆ زۆر روون و ئاشکەرایە، ئەوە دەچێتە ناو بەرنامەی کار، ئەوەی لە دەعوەتەکە هاتبێت، ئەوەی لە دەعوەتەکە ئەندامان، لە دەعوەتی ئەندامان، داوا لە ئەندامانیان کرد بێن ئەو دانیشتنە بکەن و گفتوگۆ لەسەر بودجەی بکەن، لە دەعوەتەکە ناوی هیچ پرۆژەیەکی تر نەهاتووە، کەس داوای نەکردیە جەلسەیەکی ئیستیسنائی بۆ قانونێکی ئیعتیادی بکرێت، لەبەر ئەوە نەهاتووە ناو بەرنامەی کار، دانیشتنەکە ئیعتیادی نیە، دانیشتنەکانی ئیعتیادی لە خولی داهاتوو دەست پێ دەکات لە مانگی سێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا بۆ پێشکەش کردنی خوێندنەوەی پرۆژە یاسای تەعدیل الرواتب، فەرموو کاکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

**بابەت/پرۆژە یاسای(قانون تعدیل الرواتب فی اقلیم کوردستان-العراق)**

**سلاو:**

**بەڕێزان، ئێمە ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، داوا دەکەین پرۆژە یاسای (قانون تعدیل الرواتب فی اقلیم کوردستان-العراق)، کە لە لایەن ژمارە یاسایی ئەندامان ئامادە کراوە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان، تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و پەرلەمان پەسندی بکات.**

**لەگەڵ ڕێزدا**

**ئەوە دەقی پرۆژەکەیە، ناوی ئەندامان، لیستی ئیمزای ئەندامانی پەرلەمان بۆ پشتیوانی کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی سیستەمی مووچە لە هەرێمی کوردستانی عیراق:**

1-**کوێستان محمد**

2-**پەیمان عزالدین**

3-**پەیمان عبدالکریم**

4-**جعفر علی**

5-**عەزیمە نجم الدین**

6-**د.پەریهان**

7-**ڤیان عبدالرحیم**

8-**عبدالرحمن حسین**

9-**نەسرین جمال**

10-**شێرزاد عبدالحافظ**

11-**د.ڕێباز فتاح**

12-**سەرهەنگ فەرەج**

13-**پێشەوا تەوفیق**

14-**ئاشتی عزیز**

15-**شاهۆ سەعید**

16-**عدنان عثمان**

17-**سیوەیل عثمان**

18-**عبدالله ملا نوری**

**ئەوەش دەقی پرۆژەکە لە لایەن د.زانا پێشکەش دەکرێت.**

**بەڕێز د.زانا رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پرۆژە یاسایەکەیە،

**مشروع (قانون تعديل الرواتب في اقليم كوردستان-العراق)**

المادة الاولى: تكون للكلمات و العبارات الاتية المعاني المخصصة لها:

مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقليم كوردستان-العراق

وزارة المالية: وزارة المالية في حكومة اقليم كوردستان

اللجنة: لجنة تعديل الرواتب و المشكلة بمقتضى احكام هذا القانون

الفئة: مجموعة وظائف ذات الدرجات و الرواتب و المسؤوليات المصنف حسب هذا القانون دون غيره.

الراتب:الراتب الاساسي الشهري الذي يتقاضاه الموظف او المكلف بالخدمة العامة و لا يشمل ذلك اي علاوة او مكافآة.

الموظف العام:كل شخص عهدت اليه وظيفة عامة داخل ملاك الحكومة لقاء راتب يتقاضاه من الميزانية العامة خاضع لاحكام قانون التقاعد.

المادة الثانية: يسمى هذا القانون(قانون تعديل الرواتب في اقليم كوردستان-العراق)

المادة الثالثة:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو ڕەخنەم هەیە لەسەر ئەم یاسایە، جارێ ئەوە دانیشتنی نا ئاسابییە، لە کاتی پشوودا دەبەسترێت، لەبەر خاتری پێشکەش کردنی بابەتێك بووە، هەندێ لە بابەتەکان خرانە ڕوو، ئەمڕۆ ئەو کارە تازەیەی کە جەنابتان خستووتانە ناو بەرنامەکەوە، ئێمە ڕەخنەمان لێی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوە پرۆژەیەکە دەکرێ لە دەست پێکردنی خولەکانی پەرلەمان بخرێتە ناو دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم:ئەگەر هەر خراوە، ئەگەر هەر دائەنرێ لەبەر چ مەبەستێك بێ، هیچ کێشەمان نیە، بەڵام ئێمە هەموو جارێك بەس عینوانەکەیمان خوێندووتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە گفتوگۆی ترمان بەدواوەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەوە ڕەبتی هەیە لەگەڵ ئیستیقتاع ڕواتب، دوو: ئەوەی بەس خوێندنەوەیە و تەحویلی لێژنەکان دەکرێ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دوێنێ هەبوو، بڕینی لە 10٪ی مووچەی ئەندام پەرلەمانە، چونکە لەناو یاسای بودجەدا هاتووە، ئەوە فەرمانبەرانە، ئەمە دوو شتی جیاوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بەوە دەست پێدەكەم كە جار جارێك ئاوڕ بدەیتەوە بەلای راستی هۆڵی پەرلەمان باشترە، ئەوەی سەبارەت بە پرۆژەكەوە، ئەم پرۆژە لەبەر دەست ئێمە نیە كە ئێستا دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەوزیع دەكرێ دوای خوێندنەوە خوشكی من، نیزام وایە، ئوصولێ ئەوەیە كە خوێندرایەوە، پاشان تەحویل دەكرێ، بەردەوام بە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: يهدف هذا القانون الى اقامة المزيد من العدالة الاجتماعية في توزيع واردات اقليم كوردستان من خلال تعديل الرواتب و تضييق الفوارق بين الرواتب العليا و الرواتب الدنيا بالتالي بين الطبقات الاجتماعية التي زادت الفوارق بين مستوياتها بسبب عدم التوازن في المستوى المعيشي لموظفي الدولة و المكلفين بالخدمة العامة، كما يهدف الى التقريب بين مستويات سلم الرواتب بما يؤمن مستوى افضل من الحياة المعيشية لذوي الرواتب الدنيا في الاقليم.

المادة الرابعة: تشكل وزارة المالية لجنة لتصنيف الرواتب و تقسيمها على النحو الاتي:

الفئة الاولى: الفئة العليا من سلم الرواتب و الامتيازات و المنح المالية، و تبدآ باعلى راتب في الاقليم مروراً برواتب جميع من يعتبرون ضمن الدرجات الخاصة، وفقاً للقوانين الخاصة او اية قوانين و قرارات اخرى، وتنتهي برواتب المدراء العاميين و من هم في صنفهم.

الفئة الثانية: الفئة المتوسطة و الدنيا من سلم الرواتب النافذ في اقليم كوردستان في غير الحالات التي نصت عليها الفقرة الاوى من هذه المادة.

المادة الخامسة:الفقرة الاولى: تستقطع نسب معينة من مجموع الراتب الاصلي و المنح الثابتة للمشمولين بالفئة الاولى بصورة تصاعدية من ادنى راتب الى اعلاه، على ان لا تقل نسبة الاستقطاع من اعلى راتب من الفئة الاولى من 20٪ و لا تزيد نسبة الاستقطاع من ادنى راتب من الفئة نفسها من 5٪.

الفقرة الثانية: تضاف النسب المستقطعة من رواتب الفئة الاولى الى رواتب الفئة الثانية بشكل تنازلي و تقسم الى نسب فرعية تضاف النسبة الاكبر الى الدرجة الادنى من سلم رواتب الفئة الثانية و النسبة الاقل الى الدرجة الاعلى من سلم رواتب الفئة نفسها.

الفقرة الثالثة:تصدر وزارة المالية التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

الفقرة الرابعة:لا يعمل بأي نص او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة السادسة: يسري هذا القانون على المشمولين بالتقاعد من الفئتين الاولى و الثانية حسب نظام خاص تصدره اللجنة المعنية من وزارة المالية.

المادة السابعة:على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون .

المادة الثامنة: ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

اما بالنسبة للاسباب الموجبة:

بما ان التفاوت الكبير بين سلم الرواتب الفئات الوظيفية التي افرزها النظام الخاص بالرواتب في اقليم كوردستان قد احدث شرخاً كبيراً بين الطبقات الاجتماعية و خصوصاً من الموظفين و المكلفين بالخدمة العامة حسب نظام سلم رواتب الموظفين العموميين، بما ان التقارب بين سلم الرواتب يؤدي الى المزيد من العدالة الاجتماعية و يقوي انتماء الموظف و المكلف بالخدمة العامة الى مؤسسته العامة و وطنه و شعبه، و طالما ان الغاء نسبة من هذه الفوارق بين هذه الطبقات لا يزيد من اعباء الحكومة لتخصيص مزيد من الاموال و الرواتب و لا تكون سبباً في اثقال الميزانية العامة بمزيد من التضخم في مجال الرواتب، فقد شرع هذا القانون.

ئەوە لێرە پرۆژەکە تەواو ئەبێ، تەنها یەك ئیزافە لەسەر ئەم حاڵەتە، ئەو پرۆژەیە پەیوەندی هەیە بەسەرجەم پلەکانەوە، تەنها پەیوەندی نیە بە فەرمانبەرانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تەوزیح مەدە، ئەوە تەحویلی لێژنەی دارایی و یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان و حکومەت دەکرێ، کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، من ئەڵێم ئەمە (ئیقحامە)، ئەگەر مەسەلە ئەوە بێت تەنها ئێمە ژمارەی یاساکانی دەرمان کرد، سەرچاو، ماددەیەك لە پرۆژەی یاسای بودجە هەیە، عیلاقەتی هەیە بە مەوزوعی تەنزیم کردنی گۆڕانکاری لە ئەوانەی پلەی خاصەنە، ئەتوانین بێ ئەوەی ئێمە بچینە کاهیلی خۆمان ئەوە بکەین و قانونێکی تر و وەختێکی پێ ببەین، ئەم ئیقتیراحە تازانە بخرێنە ئەو خاڵەی کە لە یاسای بودجەدا هاتووە و، هەمان هەدەفیش تەحقیق دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە کاتی موناقەشە بەسەرچاو، بەلزەبت وا دەکرێ، ئەوە خۆتان قەرار دەدەن نەك ئێمە، فەرمو کاکە.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پرۆژە یاسایە تەنها پەیوەندی بەوەوە نیە کە مووچەی کێ زیاد دەکرێ و کێ کەم دەکرێ، بەڵکو بۆ تەوازونی ڕەواتیبە لە کوردستان بۆ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی نیە، تکایە دانیشە، بەڕێزان ئێستا ئەچینە سەر بابەتی دوو، خستنە رووی راپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمان سەبارەت بە زانکۆ ئەهلیە داخراوەکان.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوای موستەنەدێکی یاسایی دەکەین بۆ دەرکردنی ئەم دەزگایانەی راگەیاندن بە چ قانونێك دەخرێنە دەرەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکایەتی پەرلەمان تەنزیمی دەکات بۆ ئەوەی ناو پەرلەمان وەزعەکە نەشێوێت، ئێمە تەسجیلی ئەکەین و ئەیدەینە راگەیاندنەکان گشتیان، موستەنەدی یاسایی، صەلاحیەتی سەرۆکایەتی پەرلەمانە تەنزیمی ناو قاعەکەی پەرلەمان بکات، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت مەسەلەی ڕاگەیاندن شتێکی ناقانونیە کە دەرئەکرێنە دەرەوە، من خۆم رازی نیم پێیان، شتێکی ناعەدلە، ئەگەر نەورۆز باس دەکەین، نەورۆز وەرە ئەرشیفەکەی تەماشا بکە بزانە ئەو ریزە لێرەوە هیچ کەسی پێشان داوە هیچ وەختێك؟ لەبەر ئەوە ئێمە لە لایەن جەنابتانەوە و لە لایەن ئیعلامیشەوە تەعتیمی ئیعلامیمان لەسەرە، لەبەر ئەوە رازی نیم ئەوە بڕواتە دەرەوە، موخالیفن پێی، ئەگەر ئەوانە بڕۆنە دەرەوە، منیش خۆم لەگەڵی دەچمە دەرەوە بەراستی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رەئیەکەت گەیشت، رەجائەن کاك بلال تەداخول مەکە لە تەنزیمی ناو قاعە، من رجاتان لێ دەکەم لە هەموو ئەندامە بەڕێزەکان، بە حەقیقەت نیزام، ماددەی 59 لەسەر هەر کەسێك ئیخلال بکات بە نیزامی ناو پەرلەمان ماددەی 59 فەقەرە 3 لەسەری تەتبیق دەکەم، رەجائەن ئیخلال نابێ بکرێ، ئازادی مانای ئەوە نیە هەموو ئیعلام بێتە ژوورەوە، ئەوە ئازادە، ئەوە هەموو جەماوەرە دانیشتوونە، ئەدرێتە تەلەفزیون، بلاودەکرێتەوە، فەرموو کاکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی 9ی نیزام داخیلی هاتووە، ئەڵێ: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە ئاشکرا دەکرێت، لە ماددەی 53 بڕگەی 2 هاتووە، هەر هاونیشتمانیەك، ئەوانەی کە لە بواری ڕاگەیاندن کار دەکەن، مافی ئەوەیان هەیە ئامادەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بن، بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی و بە مۆڵەت دان لە لایەن سەرۆکەوە،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە و مۆڵەتی پێ نەدراوە لە لایەن سەرۆکەوە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یارمەتیم بدەیێ، ئەو حاڵەتی ئیستیسنائی کە ئەڵێ، بە مۆڵەتی سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر بگەڕێینەوە و دەمجی بکەین لەگەڵ ماددەی 9، دەبینین مەبدەئی عەلەنیەتە لە هەموو دونیایی، کە ئەو ئیستیسنائەی داوە، لە قانوندا ئەڵێ: الاستسناء استسناء و الاستسناء لا یجوز التوسع فیها، یەعنی ئیستیسناء فراوان ناکرێ، من نازانم سەرۆکایەتی پەرلەمان چی موبەریرێکی قانونی هەیە، ئیعلام کە چاوی میللەتە و چاوی خەڵکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قەراری سەرۆکایەتی پەرلەمانە، دانیشتنەکە تەنها تەلەفزیۆنی پەرلەمان لێی بەشدار دەبێ، تەواو برای من ئەوە قەرارە و درایە، موبەریری قانونی ئەوەیە لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە، لە بەرژەوەندی پەرلەمان و خەڵکی کوردستانە، تکایە دانیشن، ئەچینە خاڵی دوو، خستنە ڕووی ڕاپۆرتی لێژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمان سەبارەت بە داخستنی زانکۆ ئەهلییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڕگەی دوو، داوا لە لێژنەی لێکۆڵینەوە دەکەین بێنە سەر شوێنی خۆیان، کاکە جەنابت ئازادی، بەس ئەوە بریاری سەرۆکایەتیە، تەنها ڕاگەیاندنی پەرلەمان لێرە ئەبێ، موبەریر هەیە، کاك بورهان ئاگادارت دەکەم، دانیشتنەکە کەس تێکی نەدات، ماددەیەکی نیزام هەیە، بەداخەوە مەجبوورم مەکەن بەکاری بێنم، تکات لێ دەکەم، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چوار ساڵ لە خوولی دووەمدا، لەگەڵ ئەوەی کە ڕاگەیاندنەکان، لە ئەلفی تا یائی لە ژوورەوە بووە، ڕاستەوخۆش پەخش دەکرا، ئێمە پێمان وایە چوونە دەرەوەی ڕاگەیاندن بە تایبەتی لە کاتی بوودجەدا، بردنە دەرەوەی چاوی خەڵکە و شاردنەوەی بوودجەیە لە چاوی خەڵك، ئێمە هەمان مولاحەزەی ئەم بەڕێزانەمان هەیە، پێمان وایە تەلەفزیۆنی نەورۆز بێ لایەن نیە، ئەوەی بیەوێت ئەیخاتە زوومی کامیراکەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە خوشکی من خەلاص، لەسەر ئەم بابەتە رەجائەن خەلاص، لەسەر مەسەلەی ئیعلام خەلاص.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاماژەی پێكراوە، ئێمە نامانەوێ پێشێلی پەیڕەوی ناوەخۆ بكەین، بەڵام لە هەمان كاتدا مافی خۆمانـە داوای روونكردنـەوەی لـە بـەڕێزتان بكـەین، بـۆ چـی ئـەبێ ئەگـەر ئـەو كەنالانـە بچـنە دەرەوە؟ ئەگـەر ئـەزانین كۆبوونەوەكە نهێنیە و پەیوەندی بە پرسێكەوە هەیە و ئاشكرا ئەكات، هەموومان بـا بـە قەناعەتـەوە رێـك بكـەوین لەسـەر ئـەم پەیامانـە، تـەنها بابەتەكـە لێـرەدا هەیـە، ئەگـەر ئـەم بابەتانـە پەیوەنـدییان نیـە بـە خەڵكەوە، بـا خـەڵك ئاگـادار نـەبێت، بـەڵام ئـەوە پەیوەنـدی هەیـە بـە خـەڵك، بۆیـە تكـا ئەكـەم كەناڵـەكان رێگایەان پێ بدرێ بێنە ژوورەوە.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەركردنی راگەیاندنەكان لێرە، بۆخۆی ئەوە ئەگەیێنێ كـە سـەرۆكایەتی پەرلـەمان سانسۆر لەسـەر راگەیانـدن دائـەنێ، ئێمـە بەشـێكین لـە كۆمـەڵگا كـە لێـرە دانیشـتووینە، كۆمـەڵگاش چـاوی لەوەیـە كـە لـە ڕاگەیاندنەكانەوە پەرلەمانی خۆی ببێنێ، دیارە سانسۆر خستنە سەر ئەندامانی پەرلەمان، سانسۆر خسـتنە سەر كۆمەڵگایە، دیارە بۆ خۆی ئەمە پێشیل كردنی مافی هەموو هاووڵاتیەكە لەم كوردستانە.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشـتیوانی لـەو رایـە دەكـەم، لـە رای سـەرۆكایەتی دەكـەم، رایـەكی زۆر باشـە، لەبـەر ئـەوەی پەرلـەمانی كوردستان خیتاباتی سیاسی تێدا ئەدرێت، ئێمە ئێستا لەبـەردەمی هەڵبـژاردنین، هـەر برادەرێـك دەیـەوێت خیتابی سیاسـی خـۆی دەڵێت، و هـەبوونی ئـەو فەوزایـەش تـەنها بـۆ بانگەشـەی هەڵبژاردنـە، بۆیـە دەسـت خۆشیت لێ دەكەم و دەستت خۆش بێ، حەقی خۆیەتی.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێت و دەركردنی ئەم ئیعلامانەی ئێمـە بـۆ ئـەوەی كۆنـترۆل بكـرێ و بـەكار نەهێنـدرێ بـۆ خیتـابی سیاسی، پێم وایە نەورۆز و ئەوەش بێ لایەن نیە، بەهەمان شێوە ئەویش فراكسیۆنی زۆرینـە ئیسـتیفادەی لێ دەكات، بۆیە من پێم وایە ئەبێ ئیعلامـەكانی ئێمـەش، چونكە دەركردنـی ئـەوان بـۆ تـەحجیمی قـوەتی ئۆپۆزیسیۆنە، زائیدەن چاوی هاووڵاتیان ئەچێتە دەرەوە، لەبەر ئەوە بەراستی حەقی خۆیانە بێنە ژوورەوە و من لەگەڵ ئەوەم دەرنەكرێنە دەرەوە، زۆر غەڵەتیش بوو كە كرانە دەرەوە بەراستی.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم دەسەڵاتی خۆتان بەکار بێنن بۆ ئەوەی جەلسەکە بە ڕێك و پێکی بەڕێوەبچێ، ئەو دەزگایە ئیعلامیانەی کە لێرەن و ئێستا دەزگایەکی ئیعلامی بێ لایەن لێرەیە، فەرمانگەی ئیعلامی پەرلەمانمان هەیە، داوا دەکەین لە ڕێی فەرمانگەی ئیعلامی پەرلەمانەوە، ئەوەی کە لەناو قاعەکەدا زەرەر بدرێ بە هەموو ئەو ئیعلامانەی کە جیاوازن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەسە، ئەوە بە تەواوەتی باس کرا، کۆتایی پێ دێنین و ئەچینە بڕگەی دوو، لێژنەی لێکۆڵینەوە فەرموون بۆ جێگای خۆتان.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەناوی فراکسیۆنی یەکگرتوو داوا لە بەڕێزتان دەکەم، پێداچوونەوەیەك بەو بڕیارەی سەرۆکایەتی بکەن، با ئەمڕۆ ڕاگەیاندنەکان نەچنە دەرەوە، خراپی لێ ئەکەوێتەوە، خۆشتان هەر مەجبوورن لە نەورۆز لێی دەن، ئەم لەقتانە هەمووی گیراون، داواتان لێ دەکەم موراجەعەیەکی ئەو بڕیارەتان بکەن، با جەماوەری کوردستان ئەو هەستەی بۆ دروست نەبێ، داخوازێ بودجە لە تاریکایی بگەڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بریار درا و وەکو خۆی جێبەجێ کرا، منیش داوای لێبوردن دەکەم، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دائیمەن ئەڵێین، عیراق پێش ئێمە کەوتووە لە دیموقراتیەت، لە عیراق و بە ئاگاداری زۆر لەو ئەندام پەرلەمانانە کە لە شاندەکانی ڕۆشتن بۆ بەغدا، فەرمانگەی ئیعلامی پەرلەمانی عیراق هەیە، تەسجیلی دەکات و ئەیدات بە هەموو کەناڵەکان، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی پەرلەمانیشەوە، ئێمە داوامان لەوە کردووە کاری ڕاگەیاندنی پەرلەمان ڕێکبخرێت بەم شێوەیە، داوامان کردووە و ئێستاش داوای دەکەینەوە، ئەوانیش دیموقراتین، ئەوانیش هەموو لەقتەکان پیشان ئەدەن، بەڵام مانای ئەوە نیە، ئێمە ئەندام پەرلەمانمان هەیە کامیرامان لێی تووڕە بووە، لەسەر ئەوەی وتوویەتی نابێ بە بەردەممدا بڕۆی.

**بەڕێز نریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من ڕەخنەم هەیە لەو هەڤاڵەم، کە ئیزنت بە من دا و پیشی من قسەی کرد و جەنابیشت موقاتەعەت نەکرد، بەراستی ئەوە پێشێل کردنی ئازادیەکانی خەڵکە، چاوی کامیرا بردنە دەرەوە، من بە

بەڵگەوە هاتمە لای جەنابت و وتم راوێژکاری راگەیاندنی جەنابت بێ تەرەف نیە، بەڵگەوە ئیسباتم کرد و بە خۆشت قەناعەتت کرد و هیچت نەکرد، بۆیە بەراستی ئێمە حەقی خۆمانە و متمانەمان بەو راگەیاندنە نیە کە نوێنەرایەتی پەرلەمان دەکات وەکو زاگرۆس، بە بەڵگەوە هاتمە لای جەنابت و ئیسباتیشم کرد کە ئیتیهامێکیان دایە پاڵی من و جەنابیشت هیچ هەڵوێستێکت نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئیەکەت گەیشت، کاك عەدنان کەرەم بکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا تەلەفزیۆنی نەورۆز تەغتیە کردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەو شێوە پێرفێکتە چاوەروانکراوە نیە کە هەمووومان دەمانەوێت، ئەوەی کە لە راستیدا باسی پەرلەمانی عیراق دەکرێ زۆربەی جەلسەکانی بە موباشیری و هەیئەتێك بۆ کۆنترۆل کردنی ئیشەکان، ئەمە خاڵێکی گرنگە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەلەفزیۆنی نەورۆزیش کەرەم بکات بچێتە دەرەوە، بەس هی پەرلەمان ئەمێنێت، من پێشنیار دەکەم، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێمە نەمانتوانیوە لەم ماوەیە راگەیاندنی پەرلەمان بە شێوەیەکی رێك و پێك مەسەلەی پەخش کردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان پەخش بکات و نەیتوانیوە کۆنترۆلی دانیشتنەکان بکات بەوشێوەیە کە چاوەروان دەکرێت، هەیئەیەکی ئیعلامی سەربەخۆمان نیە، من داوا لە جەنابت دەکەم تاکو دروست بوونی ئەم حاڵەتە و چاککردنی راگەیاندنی پەرلەمان، رێگا بە هەموو راگەیاندنەکان بدرێت وەکو جاران پەخشی بکات، بەڵام لە ماوەیەکی دیاریکراودا موعالەجەیەکی ئەمە بکرێت.

ئینشائەللا، بەس ئەمجارە ئەوە تەواو ئێستا، بەس بۆ داهاتوو بەسەر چاو، ئێمە راگەیاندنمان ئاگادار کردەوە بۆ موقەدیمەی جەلسەکە دێن، پاشان جەلسەکە بەجێی دێڵن، یەعنی بە حەقیقەت لە بەرژەوەندی ئێوە و خەڵکی کوردستانە کە بەو شێوەیە بێت و بە ئەمانەتەوە شتەکانیان پێ بگات، سوپاس، رەجائەن خەلاص، زۆر سوپاس، نەورۆزیش نابێ لێرە بێت، تەنها راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان نەبێت، تەواو، بۆ بڕگەی دوو، کەرەم بکەن فەرموو، پێشنیارت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووی ئەم بابەتەی کە هەمانە، داوا دەکەم وەك چۆن باسمان کرد دوێنێ، ئەمە کارێکە کە عیلاقەی هەیە بەسەر لایەکی عیلمی گرنگەوە، عیلاقەی بەسەر کوالیتی خوێندن لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، داوای تەئجیل کردنی دەکەین هەتاکو خولی ئاسایی پەرلەمان دەست پێ دەکات، لە خولی داهاتوودا و ماوەیەکی زیاتریشمان دەبێت، ئەندام پەرلەمانەکانیش و خۆشمان هەندێ بەدواداچوونی ورد بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەفروزە ئێمە وەكو لیژنـەی لێكۆڵینـەوە لـە راپۆرتەكـەی خۆمـان، حـەقت دابـا بـە ئێمـە قسـەمان بكردبـا، سۆزان خان قسەی كرد، ئێمە رەئیەكی خۆمان هەبوو بۆ راپۆرتەكەی خۆمـان، پێویسـت ناكـات سـۆزان خـان ئەو تەرحـەمان بـداتێ، ئێمـە بـە گوێرەی مـاددەی 50 ی پـەیڕەو و پرۆگرامـی نـاوەخۆی پەرلـەمان، ئێمـە موهیمەكەمان كۆتایی پێ هاتووە لە تەقدیم كردنی ئەو راپۆرتەی كـە جـەنابت بـە ئـەمرێكی سـەرۆكایەتی تەكلیفت لێ كردووین، لەبەر ئەوە ئێستا من پێم وایە وەكو یاسـایی، ئێمـە دەورمـان لەسـەر ئـەم مینەصـە نەماوە، بۆیە حەقی تەركە بۆ رای سەرۆكایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەوە داوا دەكەن تـەئجیل بكـرێ بـۆ مەرحەلەیـەكی تـر، كـێ لەگـەڵێتی بـا دەسـتی بـەرز بكات؟، كێ لەگەڵدا نیە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ دواخرا بۆ كاتێكی تر بۆ لێكۆڵینەوەی زیاتر.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو داوایە تەنها یەك لە ئەندامانی پەرلەمان كردوویەتی، بەرای من پێویسـت نـەبوو بخرێتـە دەنگدانەوە، نایاساییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەناوی سەرۆكی فراكسیۆنە كە 59 كەس داوای كردووە، نەك بە ناوی یەك كەس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەناوی هەموو ئەندامانی فراكسیۆنەوە داوا دەكەم، دانیشتنمان كردووە، ئێمە كارێكی گرنگترمان لەبـەر دەست دایە، ئەویش كاری بودجەیە، بۆیە داوای تەئجیل كردنم كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كەرەم بكەن لە جێگای خۆتان، بەڕێزان كاك ئەرسەلان پێشنیارێكی هەیە.

**بەڕێز ارسلان بايیز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبـەر ئـەوەی بودجـە شـتێكی حەیاتیـە بەراسـتی، مەعیشـەتی هـەزاران كەسـی بەسـەرەوە بەنـدە، چـەندی تەئخیر بێ ئەوەندە لە زەرەری خەڵكە، چونكە خەڵك قووتی لەسەر ئەوەیە، ئێستاش ئێمە مـەجالمان هەیـە و تازەش نەبوویتە سەعات 12، من پێشنیاری ئەوە دەكەم لە جیاتی سـەعات 4ی ئێـوارە، ئێسـتا بودجەكـە

موناقەشە بکرێ، بۆ ئەوەی زووتر شتەکان بێنە دەست، من پێشنیارم بۆ سەرۆکی پەرلەمانە، لە رووی قانونیەوە چۆن موعامەلە دەکرێ؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەرنامەی کە بەڕێزتان داتانناوە، ئەڵێ: گفتوگۆکردن دووەم سەعات 4ی ئێوارەیە، لەبەر ئەوەی ئێوە پابەند بن بەو بەرنامەیەوە و هیواداریشم لە جەلسەی دووەمیشدا ئەو برادەرانەی کە چووینەتە دەرەوە، دانیشنەوە، لەبەر ئەوەی وەزیری داراییش لێرە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکە هەڵدەگرین تا سەعات چوار، تکایە سەعات چوار هەموو لێرە ئامادە بن، سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لە دانیشتنی ئەمڕۆمان، بەشی دووەم کاتژمێری 4 ی ئێوارە،

1- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی 2010 ی هەرێمی کوردستان.

داوا لە لێژنەی دارایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆ تەواوکەری دانیشتنی بەیانی بوو، بەڵام ئێمە تکایەکمان هەبوو لە بەڕێزتان، وەڵامێکمان دەست کەوێت سەبارەت بە ئامادەبوونی راگەیاندن، بەڵام دیارە تا ئێستا ئێمە وەڵامێکمان لە ئێوەی بەڕێز دەست نەکەوتیە، بۆیە جارێکی تر تکا ئەکەین ناوی ئەندامانی پەرلەمان و

ئەو ئەندامانەی کە پشتگیریمان دەکەن، تکاتان لێ ئەکەین جارێکی تر سەبارەت بە نەهێشتنی هێنانە ژوورەوەی کەناڵەکانی راگەیاندن، ئەو کەناڵانە لەبەر چ پاساوێك رێگەیان لێ دەگیرێت؟، ئێمە تا دوا دەقە داواکارین کە رێگە بدرێت بە سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن، لەسەر هەر بابەتێك بێت، ئەگەر پێویستیش بکات ئەم کارە لە لایەن پەرلەمانەوە بە شێوەیەك بێت، کەناڵەکانی راگەیاندن پێویستە بە نیسبەت ئێمەوە روون کردنەوەکەمان بدرێتێ، ئەگینا ئێمە وەکو ئەندامەکانی پەرلەمان ناچار دەبین رایەکانی خۆمان ئەوەی کە پێویست دەکات لێرە بیلێین و ئەوەی تریان لە دەرەوە بۆ راگەیاندنەکانی بیلێین، بۆیە تکاتان لێ دەکەین ئێمە لەناو پەرلەماندا بتوانین داخوازیەکانمان لە پەرلەماندا ئەوەی کە پێویست دەکات بوترێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئێمە لە سەرۆکایەتی دانیشتنمان کرد، بڕیارمان وەرگرت بۆ ئەوەی لەناو ساڵۆنەکە تێك نەچێت و سوورەتێکی تەشویە لەسەر حەرەکاتی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان نەچێتە دەرەوە، بۆیە ئەو بەڕێزانە لە سەرەوە دانیشتینە، ئاگایان لە رەفتاری ناو پەرلەمان هەیە، بەڵام هەتاکو وەختێکی تر و بە تایبەت ئەم دانیشتنە نائاساییانە تەواو دەبێت، تەنها پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە دانیشتنەکان تۆمار بکات، فەرموو کاکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەوزوعە حەق نیە بەراستی ئێمە ئەوەندەی لەسەر بچین، بەیانیش وەکو تکا تکامان کرد، ئێمە ئەو تکایە دووبارە ناکەینەوە، داوا دەکەین ئەم جارە، ئێمە داوای موستەنەدی یاسایی دەکەین، پەرلەمانتارین و حەقمانە، یەك لەسەر سێی ئەم پەرلەمانە موعارەزەیە، وەکو جاری جاران با رێڕەوی کۆبەرنەوەکان نەچنە پێشەوە، خەڵك چاوەڕێیە، ئێستا هەموو کەناڵەکان ئیتیصاڵمان پێوە ئەکەن، داوا دەکەن و دەڵێن چۆن ئێوە وەکو سێ کوتلەی سەرەکی لە پەرلەمان رازین بەوەی رووماڵی ئازادی کۆبوونەوەکان نەکرێ، ئێمە پێتان رائەگەینین لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان تا ئێستا کەناڵی نەورۆز من تەحدا دەکەم یەك لەقتەی ئەم زاویەیەی گرتبێ، راستە برادەران لەولا ئەگرێ لەبەر عەدەدەکە، لەبەر ئەوە جەنابتان وەڵامەان بەوە مەدەنەوە، کە فەرمووت شت نەچێتە دەرەوە، خۆ نەورۆز هەر ئەیباتە دەرەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای لێبوردن دەکەین، نەك شت نەچێتە دەرەوە، هەر چی لێرە ئەکرێت بە نیزامی و بە رێك و پێکی پەرلەمانی کوردستان تەسجیلی ئەکات و کاسێتیش ئەداتە راگەیاندنی دەرەوە تا بڵاوی بکاتەوە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر چاوی ئێمە و پەرلەمانتاران، خۆمان گوێمان لێ بێ کە ئیعاز بدەی جەنابت بە کەناڵی نەورۆز بێ لایەنانە ڕووماڵێکی کاملی ئەو لایەنانە بکات، هیچ جیاوازی نەخات، هەموو جارێکیش ئەمە دووبارە نەبێتەوە، ئێستا کەناڵەکان لە دەرەوە وەستاون، عەلئەقل با لەفتەیەکی سەرەتای کۆبوونەوەکە بگرن، بەڕێز جەنابی سەرۆك لەفتەیەکی کۆبوونەوەکە بگرن با بزانن ئەمڕۆ بودجە بە تاریکایی نەرۆیشتووە، چەند دەقەیەك لە ژوورەوە بن دوایی یان کەناڵێك لە ئەوان یان نەورۆز خۆی هەمووی تەغتیە بکات، ئەگینا ئێمە بەوشێوەیە ئەمڕۆ پەرلەمان تۆمەت بار نەکرێت بەوشێوەی کە ئەخوازرێت، بودجە کە گرنگترین پرۆژەیە بەم شێوەیە بڕوات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم کە کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئی من نیزامیە، چونکە بابەتی موناقەشەمان ئەوە نەبوو ئیعلام بێتە ژووری یان نا، یەك، دوو: من ئەم قسانە داوای لێبوردن دەکەم بە بەهانە ئەزانم وەکو ڕاگەیاندنکارێکی کۆن، ڕاگەیاندن ئەوە لێرە مەوجودە و ئاگاداری هەموو شتە و مومکینە تەسجیلیش بکەن، ئێمە هاتووین موناقەشەی بابەتێکی قانونی بکەین، نەهاتووینە ئیستیعرازی ڕاگەیاندن بکەین، موناقەشەکان ئەگەر لەسەر ئەوە بێت ئایا یاساییە، یاسایی نیە، ئایا بودجە بە تاریکی بچێت یان نا دروستە؟، بەڵام موناقەشەکە ئەوەیە ئەمانەوێ لە ئێعلام دەرچین، ئێمە هاتووینە لە ئیعلام دەرچین یان موناقەشەی قانونێك بکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ڕێگەدان یان نەدان بە ئیعلام پەیوەندی بە لیستی زۆرینە و لیستی ئۆپۆزیسیۆن نیە، من رام وایە ڕێگە بدرێت بە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە جەلسەکانی پەرلەمان بە شەفافانە بۆ رای گشتی و هەموو لایەك روون بکەنەوە، بەڵام ئایا زەمان چیە جەلسەکانی پەرلەمان بە تایبەتی ئەم جەلسانەی کە پەیوەندی بە میزانیە و بودجەی ئەم ساڵەوە هەیە، کە وەختەکەی وا ڕێککەوتووە کە لەگەڵ بانگەشەی هەڵبژاردندا یەکانگیر بوویتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بەکار ناهێنرێ، لە راستیدا ئێمە نیگەرانین کە ڕاگەیاندنەکان حوزوریان نیە، بەڵام زەمان چیە کە بەوشێوەیە بەکارناهێندرێ، لە راستیدا دوێنێ بەکار هات، ئەو بەڕێزانەی کە چوونە دەرەوە، ئەمڕۆش نیگەرانی کردووین، بەڵام لای برادەرانی فراکسیۆنی ئۆپۆزیسۆن زەمان چیە لە پەیڕەوی ناوەخۆ و لە چوار چێوەی بابەتەکە ناچنە دەرەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حمه سعید.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوەی لە بەغدا دەگوزەرێ سێ مانگە، پەرلەمان و لەسەر بودجە، کە لە بوودجەی ئێمە حەساسترە و لیستی ئۆپۆزیسۆنی زیاتری تێدایە، لەوێ گفتوگۆکان گەرم و گوڕترن، من پێم وایە ڕەوشی ئیدارە و ڕەوشی پەیڕەوی ناوەخۆ ئەساسە ئەصڵەکە، ئەبێ شەفافانە ئیعلام رووماڵی بکات، ئەگەر ئێمە رێگە بەوە نەدەین، تەراجوعە لە دیموکراسیەت و کرانەوە بۆ دەوڵەتانی دەرەوە، ئەبێ بە لەزمە لەسەر پەرلەمان و لەسەر هەمووومان و لەسەر سەرۆکایەتیش و بە هەموو ئەندامانەوە، ئەگەر عەفوم بکەی بۆ ئەو کەلیمەیە، ئەگەر باس لەوە دەکرێ کە ئیستیسمار نەکرێ بۆ حەملەی هەڵبژاردن، خۆ ئەتوانین لە دەرەوەی کەناڵەکان، رەوشی ناوەخۆ و بەرێوەچوونی ئیش و کارەکان، ئەتوانرێ بەو ئاقارە بەرێ کە ئەوە روونەدات، ئیستیسمار بکرێ، هەڵمەتی هەڵبژاردن، وەکو چۆن خیار لەبەردەم مندا هەیە، خیار لەبەردەم کەسی تریش هەیە، بەڵام من ئەڵێم با بەڕاستی پەخش بکرێ، راستەوخۆ بێت، با هدوء و ئارام بێت، ئیدارەی جەنابت ئەوە زەبت دەکات کە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکارنەیەت، من داوا دەکەم و بە داوا تەسجیلی دەکەین بە رەسمی لەسەر جەنابت، کە رێگە بدەی بە راگەیاندنەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ ئێمە نیزاممان هەبێ بە بێ ئازادی، بەڵام ناکرێ ئازادیمان هەبێ بەبێ نیزام و سیستەم، ئەوەی کە ئەم چەند رۆژەی رابوردوو بینیمان، جۆرێك لە بێ سەرو بەرەیی لە بەرێوەچوونی جەلسە و لە مەسەلەی رێکخستنی ناو کۆبوونەوەکان هەبوو، بۆیە ئەو سیستەمەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیهەوێ کارێکی باشە، بەڵام رێکخستنی بە مانای ئەوە ناکات ئەندام پەرلەمان قسە نەکات یان ئازادی رادەربرینی لێ بگیرێت، هەروەها ئەم رێکخستن و ئەو تەنزیم کردنە دیسان بە مانای ئەوە نیە کە دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان نەچێتە ناو میدیاوە، ئەوەی کە ماف و ئازادی بە باشی وای لێ دەکات کە پێی بگەین، ئەوەیە کە جۆرێك لە نیزام و سیستەم هەبێت، بە نیسبەت ئەو کۆبوونەوانەشەوە لەناو پەیڕەوی ناوەخۆدا ئاماژەی پێدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره بابەتی موناقەشە کردنی بودجە بابەتێکی گرنگە، ئەوەی کە گرنگە راگەیاندن ئامادە بێ بریتیە لە شەفافیەت لەم مەسەلەیەدا، جێگیر کردنی شەفافیەت ئاشکرا بوونی هەموو ئەو گفتوگۆ و تەداولانەیە کە لە پەرلەمانـدا رادەگوزەرێ، ئەو بنچینە و بنەما و پەیڕەو و یاسایانەی کە بودجەی لەسەر دارێژراوە، دابەش کراوە و سەکتەرەکان دیاری کراون، ئەگەر راگەیاندن نەییتە ناو مەوزوعەکەوە بۆ ئەوەی هەمووان بەشدار بن لە پەیڕەو کردنی شەفافیەتدا، جا ئەگەر لەناو پەرلەمانـدا شەفافیەت پەیڕەو نەکرێت، لە شوێنی تر دەست ناکەوێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لەناو پەرلەمان شەفافیەت هەیە، ئیعلام هەیە، بە ئەمانەتەوە ئێمە داوایان لێ ئەکەین لە پێش ئێوە، نوسخەکانی بدەنە کەناڵەکانی تری راگەیاندن و تەغتیەی گشتی بکەن بە بێ جیاوازی و هەر بەڕێزێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە قسە ئەکەن، دەنگی تەسجیل بکرێ بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لێی بە ئاگا بێت و هیچ دەنگێك لێرە نەشاردرێتەوە، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دانیشتنی بەیانی لەسەر ئەوەی کە راگەیاندن، سەرۆکایەتی بە پێی پەیڕەوی خۆی تەنزیمی کردبوو، ئەوەی کە راگەیاندنەکان دەبێ بچنە دەرەوە، ئیحتیجاج کرا لەبەر ئەوەی، چونکە ئێمە پێمان وایە کە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان بودجەیە، کە پەیوەندیدارە بە خەڵکی کوردستانەوە بە گشتی و بەرای عامیشەوە، ئەگەر لە کاتێکی ئاساییتردا پەرلەمان بە پێی پەیڕەوی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆ ئەم دەسەڵاتە دیاری بکات و تەنزیمی بکات و بە کۆنترۆڵ بیداتە راگەیاندنی رەسمی، زۆر ئاساییە، بەس بۆ ئەمڕۆ کە پەیوەنددارە بە بودجەوە، بۆیە پێویستە ئیستیسنائێك لەو قاعیدەیە بکرێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بزانن نوێنەرەکانیان لە پەرلەمان چۆن رۆشنایی دەخەنە سەر بودجە و چۆن بەرگری لەو حیصەیە دەکەن کە ئەمە پەیوەندی بە عەدالەت و بە شەفافیەتەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە حەقیقەتەوە ئەگاتە هەمووتان، ئەگاتە هەموو خەڵکی کوردستان، هیچ ناشاردرێتەوە، ئەوەی تەسجیل دەکرێ، تەوزیع دەکرێتە سەرتان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دووشت لێرە، دوو دەستەواژە کە جێگای لەسەر وەستانە، زۆر قسەی لەسەر کراوە، لە جەلسەی بەیانی و لەمڕۆشدا، ئەوەیە کە قسە کردن لەسەر هاتنە ژوورەوەی راگەیاندن ئەبەسترێتەوە بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە، بە دیویێکی ترەوە، ناکرێ ئەندام پەرلەمان قسە لەسەر مافەکانی خۆی، قسە لەسەر داکۆکی

کردن له پەیڕەوی ناوەخۆ نەکات، لەبەر ئەوەی کە لەناو هەڵمەتی هەڵبژاردنداین و ئەگەری ئەوە هەبێ ئەو تۆمەتەمان بخرێتە پاڵ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێ ئیزن قسە مەکەن، ڕەجائەن کۆتایی بە موناقەشە لەسەر ئیعلام هات، بەم شێوەیەی هەیە ئەڕوات، تکایە با بێینە سەر مەوزوعەکەمان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دانیشتوونە، ئێستا دەست دەکەینە موناقەشەی راپۆرتی بەشی دارایی و تەوزیعمان کردووە بە شێوەیەکی عادیلانە، هەموو ئەو بەڕێزانە بە ئازادی خۆتان و بە بێ تیکرار و بەبێ درێژی، بێ سنوور دەست دەکەینە قسەکردن و ڕەئی خۆتان دەدەن، ئەو تەرتیبەی دامانناوە، حەز دەکەم بزانن وەختێکی زۆر کافیمان داناوە، ئەگەر موعادەلەی بکەی لەگەڵ پەرلەمانتارانی تری دونیا، وەختتان زیاتر بەردەکەوێت، تکامان لێتانە زۆر بە ئیحتیرام ڕەئیەکانی خۆتان بڵێن، کەس موقاتەعەی ئەوەی تر نەکات، گەیشتە حەدێکی موعەیەن خۆمان ئاگادار دەکەینەوە و ڕایئەگرین، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من دەمەوێ بڵێم کەوا ئەو بودجەیە تەعبیر لە سیاسەتی حکومەت دەکات بۆ بودجەی ساڵی 2010، لێرەدا حکومەت ئەولەویەتی داوە بە ئاوەدانی و زیادکردنی مووچەی کەم دەرامەتەکان، پشتگیری تەواو لە راپۆرتی لێژنەی دارایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ بەدەر لە بەندەکانی پەیڕەوی ناوەخۆ، راپۆرتی وەزارەتی دارایی خوێندرایەوە، حیکمەت لە خوێندنەوەی ئەو راپۆرتە پێم وایە بۆ گفتوگۆکردنە، هەق نەبوو ئەمڕۆش لە دانیشتنەکاندا لە سەرەتادا گفتوگۆیەك لەسەر راپۆرتی وەزارەتی دارایی بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

راپۆرت لەسەر راپۆرتی لێژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ بەرێز وەزیری دارایی راپۆرتی وەزارەتی خوێندەوە، بەدەر لە بەندەکانی پەیڕەوی ناوەخۆ، ئایا ئێستاکە هەق نیە گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی وەزارەتی دارایی بکەین کە دوێنێ وەزیر خوێندیەوە و دواتریش لەسەر راپۆرتی لێژنەی دارایی؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لێژنەی دارایی کە راپۆرتەکەی لەگەڵ گشت لێژنەکانی پەرلەمان وەرگرتووە، تەرکیزیان لەسەر راپۆرتی حکومەت کردووە، ئێستا موناقەشەی راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەیە کە بۆتان هاتووە، بۆ حکومەت هاتووە و بۆ گشت لێژنەکان موناقەشەی بکات، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان، بودجەیەکی یەکگرتووە، مۆرکی دوو ئیدارەیی پێوە دیار نەماوە، ئێمە دەست خۆشی لە حکومەت دەکەین و لە سیاسەتەکەشی، بە تایبەتی بۆ بواری ئاوەدانکردنەوە و پێگەیاندنی لاوان و زیادکردنی مووچەی کەس و کاری شەهیدان، لەگەڵ ئەوەشدا داوا دەکەین لە حکومەت، ئەو پێشنیارانەی کە لە راپۆرتی داراییدا هاتووە، پێشنیاری لێژنەکانیش وەکو تەوصیە لەگەڵیدا بەرز بکرێتەوە و کاری پێبکەن، من لێرەدا داواکارێکم وەکو نوێنەرێکی شاری سلێمانی، وەکو باس لە هەندێ پرۆژە بکەین کە هەیە لەوێ، یەکەم: سەبارەت بە پرۆژەی نۆژەن کردنەوەی سایلۆی سلێمانی کە بڕی دە ملیۆن دۆلاری بۆ دانراوە، پێشنیار دەکەم ئەم پارەیە بۆ دروست کردنی سایلۆیەکی نوێ تەرخان بکرێ، 12 ملۆن دۆلاری تێدەچێت، لە بڕی ئەو نۆژەن کردنەوەیە، چونکە ئێستا شوێنەکەی کەوتووتە ناو جەرگەی شاری سلێمانی، بخرێتە دەرەوە و سایلۆیەکی تازە دروست بکرێ، خاڵی دووەمم، سەبارەت بە سروشتی پرۆژەکان، پێویستە ئاراستە کردنی پرۆژەکان لە بەرژەوەندی هیچ گروپ و تاقمێك نەبێت، داوا دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك هەنگاوی یەکەم بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب و حکومەت، ئەو پرۆژانەی لەناو پرۆژە بەردەوامەکان و پرۆژە پێشنیارکراوەکان هەیە، ئەگەر لە بەرژەوەندی حیزبێك یاخود کەسێك بێ یان لایەنێك بێ، دەربیبێنێت، ریزبەندی پرۆژەکان بدرێتەوە دەستی وەزارەت لە پێداچوونەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان، بۆ هیچ کەسێك نەبێت وەعدی پرۆژەیەك بدات لە شوێنێك بە بێ گەڕانەوە، چونکە حکومەت ئەولەویەتی خۆی هەیە، دەبێ پرۆژە بۆ هەر چ لایەنێك وەعدیان پێ بدرێ لە لایەن هەر چ کەسێکەوە بێ، دەبێت حکومەت بە پلان کار بکات و نەکەوێتە ژێر ئەو تەئسیرەوە، سەبارەت بە رێکخستنی بودجەی حیزب و رێکخراوەکان، پێشنیار دەکەم حکومەت بودجەی رێکخراوەکان بۆ لەمەودوا بۆ ئەوەی ئەو هەدرە نەبێت لە ماڵی عامە، بە پێی کارنامە و پرۆپۆزەڵی پێشنیارکراوی ساڵێ، هەموو رێکخراوێك پارەیان بدرێتێ، هەروەها سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە، کە ساڵی دارایی ئەوان بە پێی ساڵی خوێندن بێ، ئەگەر ئیمکان بکرێ، چونکە ئەوان لە مانگی 9وە دەوامی قوتابخانە و جامیعەکان دەست پێ ئەکات، لە مانگی 11دا ساڵی دارایی قفل ئەکرێ، لە مانگی

11 كە ساڵی دارایی قفل كرا، جارێكی تر پەسند دەكرێ، ماوەیەك ئەبێ ئەوان دەكەونە ژێر ئەوەی كە بێ ئیمكانیاتی ماددی بن بۆ بەڕێوەبردنی كارەكانیان، سەبارەت بە زیندانە سیاسیەكانیش داوا دەكەم، پشتگیری لە رای لێژنەی دارایی دەكەم، لە پاڵ ئەوەشدا داوا دەكەم خاڵێكی تر ئیزافە بكرێ، ئەویش با حكومەت بە زووترین كات رای خۆی بدات لەسەر یاسای ژمارە 4ی زیندانانی سیاسی، یان ئەوەتا لە پەرلەمان تەنفیزی پێ بدات، یاخود ئەوەتا ئێمە یاسایەكی تایبەتی بۆ دەربكەین، كۆتایی قسەكانم بە پرسیارێك دێ، هیوادارم وەڵامم بداتەوە، حكومەت بڕیاری داوە زیاد كردنی مووچەی پێشمەرگە بە ئاستێك وەكو وەزارەتی دیفاعی عیراق، حەز دەكەم بزانم حكومەت ئەو پارەیە لە كوێ و لە چ بابێكدا دابین دەكات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، هاوكارانی بەڕێزم، ئەگەر بودجە پرۆسەیەكی ئابووری، ژمێریاری، یاسایی بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بودجەی هەرێمی كوردستانی ئەمجارە تەعریفی بودجەی بەسەردا فەرز ناكرێ، نەك هەر پرۆسەیەكی ئابووری نیە، نەك هەر پرۆسەیەكی ژمێریاری نیە، بەڵكو چەندین نەواقیصی هەیە، چەندین جار پرۆژە دووبارە بوویتەوە، بۆ نموونە پرۆژەكانی دهۆك، چەند جار دووبارە بوویتەوە، ئەوە حەقیقەتە، هەروەها هەموو بودجەیەك ئەبێ پەیامی ئابووری لە پشتی بودجەكەوە هەبێت، ئەبێ بودجە پێمان بڵێ ئەم ساڵ ڕێژەی بێكاری ئەوەندە دائەبەزێنێن، ئەبێ بودجە پێمان بڵێ نیسبەی تەزەخوم ئەم ساڵ ئەوەندە بۆتان كەم ئەكەینەوە، بە دڵنیاییەوە هیچ پەیامێكی پێ نیە تەنها ئەوەی ئیشارەتی پێدراوە، نزیكی 10 هەزار میلاكاتی داوا كردووە، لەوە زیاتر نیە، هەروەها دڵنیاین، ئەگەر 10 ملیار دۆلار بەو شێوەیە كە ئێستا لە بودجەدا هەیە بخرێتە بازاڕەوە، نەك تەزەخوم حەل ناكات، بە پێچەوانەوە تەزەخۆم ئەوەندەی دیكە سەر دەكات، ئەگەر تەماشای بازاڕەكانی كوردستان بكەین بۆ نموونە، موقارەنەی بكەین لەگەڵ تاران، دیمەشق، ئوردن، بازاڕەكانی كوردستان لە هەموو ئەو شوێنانە گرانترە، ئەوەش نەتیجەی ئەو سیاسەتە نا ئابوورییە كە حكومەتی هەرێم چەند ساڵێكە بە بەردەوامی بودجەیەكی خەیاڵی ئەخاتە بازاڕەوە، بە بێ ئەوەی ئیستیسماری بكات لە سەكتەرە جۆراوجۆرەكەدا، سەبارەت بە ئەوەی كە ئایا ئەوە بەراستی پلانی ئابووری لە پشتەوەیە یان نا؟، ئێمە هەموومان دەزانین ئەم ساڵ، دیارە بە هۆی ئینتیخابات كە روویدا، حكومەت درەنگ تەشكیل بوو، لەبەر ئەوە دیارە حكومەت دوا كەوت و لەوەی كە بودجە ئامادە بكات، ئەمە شتێكی سروشتیە، بەڵام ئەوە نابێت ببێتە پاساوێك كە حكومەت پەلەپەل بكات، ئیستیعجال بكات، بە زووترین وەخت بودجەیەك بنێرێ بۆ پەرلەمان، ئینجا بە هەر مەبەستێك بێت، لەبەر ئەوەی پەلەپەلی تێدا بكات و هەڵەی تێدا بكات، بۆ نموونە من ئەیسەلمێنم كە بەڕاستی پەلەی تێدا كراوە لەو

بودجەیـە و بەشـێوەیەكی زانسـتی نـەكراوە، دوو وەزارەت یـەكجار مـەعنین، یـەكجار گـرنگن لـە داڕشـتنی بودجە، یەكێكیان وەزارەتی مالیەیە، وەزیفەیەتی و ئیشیەتی، هەموو داهاتـەكان كۆ دەكاتـەوە، وەزارەتێكـی تـر كـە وەزارەتـی پـلان دانانـە، وەزارەتێكـی یـەكجار گرنگـە، ئـەو بوودجـەی كـە ئەمێنێتـەوە لـە بودجـەی تەشغیلی بە شێوەیەكی زانستی و بە پێی ئـەو مەجلیسـە تەختیتیـەی كـە هەیـەتی دابەشـی دەكات بەسـەر هەموو سەكتەرە ئابووریە جۆربەجۆرەكاندا، پێویست دەكات وەزارەتـی تـەختیت بەشـێوەیەكی بـەردەوام و بـە شـێوەیەكی زانسـتی و بـە شـێوەیەكی هەماهـەنگی لەگـەڵ یـەك بەیـەك لەگـەڵ وەزارەتـەكان دابنێشـێ و ئەولەوەیاتی وەزارەتەكان تەشخیص بكات و بە پێی ئەولەویاتی ئـەوان بودجـەیان بـۆ تـەئمین بكـات، بـەڵام بەداخەوە من تەنها باسی لێژنەكەی خۆم ئەكەم، لێژنەی وزە و كانزاكان، كـە سـێ وەزارەت تـابیعی ئێمەیـە كـە لـە لێژنەكـەی ئێمـەدا، یـەكێكیان وەزارەتـی كارەبایـە، دووەمیـان وەزارەتـی صـیناعە و تیجارەیـە كـە لـە ئەساسدا كە دوو وەزارەتەو وئـەم سـاڵ كـراوە بـە یـەك وەزارەت، هـەروەها وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەكان، وەزارەتی كارەبا بەداخەوە كەمترین بودجەی بۆ دانراوە، كە 80 ملیـارە، كـە زۆر زۆر كەمـە، سـەرەڕای ئـەو بودجە كەمە كە بـۆی دانـدراوە، كـە كارەبـا یەكێكـە لـە سـەكتەرە موهیمـەكان، لـە دونیـای سـەرمایەداریدا، یـەعنی رووحـی سـەرمایەداری، تـا سـەكتەری كارەبـا چارەسـەر نەكـەین، نـاتوانین نـە كێشـەی كارەبـا حـەل بكەین، نە بەتاڵە، نە شتێك، بەڵام بەداخەوە ئـەوە بودجەیـەكی یـەكجار كەمـە، لـەوەش خـرابتر، وەزارەتـی تـەختیت ئەوەنـدە وەختـی نـەبووە لەگـەڵ وەزارەتـی كارەبـا دابنیشـێت و بـە پێـی ئەولـەویاتی ئـەوان، ئـەو بودجە كەمەی كە لەبەر دەستی دایە، ئەو مەجالەیان پێ بدات كە ئەولەویاتی خۆیان ڕێز بكەن، بەداخـەوە ئـەوە عـەیبێكی زۆر خراپـە، هـەروەها وەزارەتـی صـیناعە و تیجـارە كـە هاتـە لێژنەكـەی ئێمـە، ئـەوان لـە ئێمەیان داوا كـرد، بودجەكـەمان چیـە؟ پرۆژەكانمـان چیان بـۆ موافەقـە كـراوە؟ بەڕاسـتی ئـەوە ئەگـەر لـە شوێنێك یان لە وڵاتێكی تر باسی بكەین، ئەوە ئەبێتە نوكتە، یەعنی وەزارەتی تەختیت موافەقەتی كردووە لەسەر كۆمەڵێ پرۆژە بۆ وەزارەتێكـی تـر، ئـەو وەزارەتـە هـەر ئاگـای لـێ نیـە، هـەروەها ئـەو پرۆژانـەی كـە وەزارەتی صیناعە داوای كردووە، نیهائیەن لەناو ئەو پرۆژانەدا نیە كە وەزارەتی پلان دانان موافەقـەتی بـۆ كردووە، دوو دونیای جیاواز، وەكو ئەو وەزارەتی تەختیتە وەزاەرتی وڵاتێكـی تـر بـێ، وەزارەتـی صـیناعە و تیجارە وەزارەتی وڵاتێكی تر بێت، ببورن، هەروەها وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەكان، ئـەوانیش بـە هـەمان شێوە پێیان راگەیاندین، ئەصڵەن پرسیان پێ نەكراوە بۆ دانانی پلانـی ئەمسـاڵدا، پێیـان نـەوتوون، ئەچـمە سەر خاڵێكی تر كە من بەراستی گومانم هەیە، هەندێ لەو پرۆژانەی كە لە رابـوردوودا هـەن، جێـی خۆیـان نەگرتووە، بۆ نموونە كە من خەڵكی ناوچەی ماوەتم، كە حەز دەكەم بەراسـتی پـرۆژەی زۆر سـتراتیژی لـەو مەنتیقەیە روو بدات، بەڵام یـەك پـرۆژەی بـەردی مەرمـەری مـاوەت كـە لـە بودجـەی سـاڵی 2009دا، 18 ملیار و كەسر كە بودجەی بۆ تەرخان كراوە و رۆیشتووە، لە بودجەی ئـەم ساڵیشـدا شـەش ملیـار و كەسـر، بودجەی بۆ داندراوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع قاعەیەك و سیاجێك كـراوە، كـە بـایی یـەك ملیـۆن دۆلارە، بە پێی ئەوە سیاسەتی ئیش كردن، تۆ كـە لـە 80٪ی بودجەكـەی وەرگرتـووە، ئینجـا ئـەوە حكومەتـە، یـان

کەرتی تایبەت، پێویستە لە 80٪ پرۆژەکە تەواو بکات، بەڵام لە 2٪ی پرۆژەکە جێبەجێ نەبووە، یەك خاڵی تر کە ئەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، مینەح و تەبەروعات، ئەو چوار بابە کە لە کۆی بودجەی تەشغیلی لە 21٪ی بودجەی بردووە، بەڵام بەداخەوە، ئەوە ئێمە هێشتا رەقابەی مالیمان نییە، تەدقیق لەو حیسابانە بکات، بە دڵنیاییەوە لە ساڵانی رابوردودا ئەو بابە زۆر بەکار هاتووە بە شێوەیەکی سلبی، ئەوە یەکێکە لە نموونەکان کە بە ئیمزای جەنابی شێخ بایز کە لەسەر مینەح و تەبەروعات سەرف کراوە، بۆ مەڵبەندی رێکخستنی کەرکووك، کە بەداخەوە ئەو بابە بابێکی زۆر گرنگە، من داوا دەکەم هەرچی مینەح و تەبەروعاتە لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا ئەم ساڵ کانسڵ بکرێ و بخرێتە نێو بودجەی ئیستیسماری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار شلێر محمد فەرمووو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی بە نیسبەتی من، لەبەر ئەوەی پیشەکەم ئەندازیار بوو لە پرۆژەی وەبەرهەم هێنانە، حەزدەکەم لەسەر پرۆژە وەبەرهەمهێنانەکان بەعزێ خاڵێك هەیە، ئەو پرۆژانەی کە لە لێژنەی دارایی باسی لێ کرا، ئەوەبوو کە هەندێ پرۆژە هەیە تیکراری تێدایە، من خۆم کە لە موحافەزەی سلێمانی تەدقیقم کردووە، پرۆژەکانی خانووەکان تیکرار نیە، ئەوە نیە تەواو بووبێت و ئیتر پارەی نەوێت، چونکە بەعزێکی ئەعمالی ئیزافیە و بەعزێکیشی ئیستیلام نەکراوە لەبەر ئەوەی هەر ئەمڕۆ لەگەڵ سەرۆکی بەشی پرۆژەکان پێی وتین، وتی ئێمە ئیستیلامی ئەوەلیشمان نەکردووە و نیهائیشمان نەکردووە، ئەعمالی ئیزافیشمان هەیە لە 12\31 و دوای ئەوە موافەقەتی لەسەر دەکرێ، بە نیسبەت بودجە و بۆچی زۆر گرنگە بۆ پرۆژەکانی بەرهەم هێنان کە زۆر زوو بەراستی موافەقەتی لەسەر بکرێ، ئێمە سروشتی کەش و هەوای هەرێمەکەمان لە 2\25ەوە و هەتا مانگی 11 بە کەڵکی ئیش کردن دێت، ئەوەی کە من بینیومە، لە هەموو ژیانی ئەندازیاری خۆمدا، هەر دواکەوتنێك لە موصادەقەی بودجە زۆر بە زیان ئەشکێتەوە بەسەر ئەو بەرنامە، زەرەر لە بەرنامەکەش هەیە، بەراستی بەرنامەکانی هەمووی تێك ئەچێ، ئەو خەڵکەش کە سوودمەندە لەو پرۆژانە هیچ ئیستیفادەی لێ ناکات، بۆ نموونە هەر پرۆژە ئەگەر رێگا بێت هەر چی ئیشت کردووە ئەوە بە بارانێك تێك ئەچێ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو هینە، ئێمە وەکو پەرلەمانتار ئیشمان ئەوەیە بەراستی ئەو بودجەیە تا زووتر بڕوات، بەڵام یەکێك لە مەهامی ئێمە، موراقەبەی جیهازی تەنفیزیە، ئەگەر ئێمە ئەو موراقەبەیە بکەین بەرێك و پێکی، چونکە کولفەی ئەو پرۆژانەی بۆ 2010 دانراوە هەمووی تەخمینیە، ئەبێ ئێمە لە وەرزەکاندا، لە مانگی سێ، لە مانگی شەش بە تەواوی هەر کەسێ بۆ وەزارەتەکەی کە تایبەتە بە لێژنەکەی، بەدواداچوونی بۆ بکەین، چەندی پارە مایەوە، مەتەئەکید بین لە پلانی ئەمە، سەرەتا بۆ ئەوەی هیچ پارە نەمێنێتەوەو تەئکید بین کە چەند ئەتوانین پرۆژەی تر بکەین کە لە

خزمەتی خەڵکدا بێت، خۆی بەخۆی ئەم بودجەیە لەم وەختەدا من بەشتێکی زۆر گرنگی ئەزانم بۆ هەموو خەڵك، چونکە ئەمە زاهیرەیەکی صحیە بەنیسبەت کوردستان بەتایبەتی و عێراقیش بەگشتی، چونکە قەت شتی وا نەبووە، خۆمان (35)ساڵی ڕژێمی بەعسمان بینی کە داهاتی نەوت چی لێ ئەهات، ئێستا لەجیاتی ئەوەی داهاتی نەوت بکرێت بە سیلاح و ئێمەی پێ بکوژرێت، ئێستا بۆ مەشاریع و بەرژەوەندی خەڵك بەکار دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عدنان عوسمان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی(84)ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بەگشتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، واتە گفتوگۆی ئەم ئێوارەیەمان تەرخانە بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی نەك لەسەر یاساکە یان لەسەر بودجەکە، یەعنی گفتوگۆیەکی گشتیە لەسەر ڕاپۆرتەکە نەك لەسەر بودجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین، حەقیقەتیشە، بەس ئەندامێك کە بۆ جێگایەکی تر ئاراستە ئەگۆڕێ ئەوە لەوەختەکەی خۆی سەرف ئەکات، فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ئامانجەکانی بودجەوە کە وەزارەتی دارایی دەست نیشانی کردووە داخلی ناو بابەتەکە ئەبم، دیارە هەر حکومەتێك لەدونیادا لەکاتی پێشکەش کردنی بودجەدا، هەندێك ئامانج دیاری ئەکات، مەسەلەن لەم بودجەیەدا من ئەپرسم ئایا؟، داهاتی نیشتمانی تا ئێستا لەم ولاتەدا چەندە؟، بەتێپەڕاندنی ئەم بودجەیە ئەم داهاتە چەند سەر ئەکەوێت؟، ئەگەر سەیری ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی بکەین سەبارەت بە ئامانجەکان کەناردوویەتی لەسەر چەند خاڵێك قسە بکەین، مەسەلەن لەیەکێك لە ئامانجەکاندا هاتووە ئەڵێ، بەردەوامی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵك وەك ئاوو ئاوەڕۆ کارەبا و ڕێگاو بان، هەموو ساڵێك حکومەت ئەم پڕۆژانە جێبەجێ ئەکات لەناوچە جیاوازەکاندا، بەڵام ئەم گرفتانە هەربەردەوامیان هەیە، ئایا لە بودجەی ساڵی 2010 من ئەپرسم لە سەدا چەندی ئەم گرفتانە چارەسەر ئەبێت؟، ئەبی حکومەت دیراسەتی کردبێ، بە تێپەڕاندنی ئەم بودجەیە لە ساڵی 2010 لە سەدا چەندی کێشەی ئاو، لەسەدا چەندی کێشەی ئاوەڕۆ، لەسەدا چەندی کێشەی ڕێگاو بان، لەسەدا چەندی کێشەی کارەبا چارەسەر ئەبێت؟، ئەمە پرسیارێکی جدیە، هیوادارم دیراسەتێکیان هەبێت و وەڵاممان بدەنەوە، لەخاڵێکی تری ئامانجەکانی بودجەدا هاتووە، نووسراوە هەوڵدان بۆ پابەند بوونی حکومەت بۆ کۆکردنەوەی داهات، ئایا داهاتی ئەم ولاتە چەندە؟، ئایا داهاتی ئەم ولاتە هەر ئەو سێ سەدو چل ملیارەیە کە دیاری کراوە، سەرچاوەکانی

داهات چین لەم وڵاتەدا؟، من ئەپرسم ئایا ئێمە چەند داهاتمان لە زەرائیب دەست ئەکەوێت؟، چەندمان لە ڕسومات دەست ئەکەوێت؟، چەندمان لە گومرگ دەست ئەکەوێت؟، چەندمان لەداهاتی گومرگ دەست ئەکەوێت؟، چەندمان لەداهاتی سەرچاوە سروشتیەکان هەیە؟، چەندمان وەکو قەرزی خارجی و داخلی هەیە؟، چەند ئیراداتی عقودی نەوتە؟، چەندی داهاتی پارەی ساڵی ڕابردوو کە خەرج نەکراوە؟، میزانیەی موراجەعە، من ئەپرسم داهاتی نەوت ئەوەی کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان لەم پەرلەمانە باسی کرد، ئەو $(5)$ملیار دۆلارە لەکوێیە؟ بۆ نەخراوەتە ناو ئەم پرۆژەی بودجەیەوە؟، ئایا داهاتی نەوتی ڕەش کە ئێستا بە تەنکەر لەم وڵاتە ئەچێتە دەرەوە کوا؟ من پێم وایە جگە لە بێزارکردنی خەڵك هیچ ئیستیفادەیەکی نیە بۆ ئەم هەرێمەی ئێمە، داهاتەکەی لەکوێیە؟، من لەمە ئەپرسم، بۆ داهاتی وەزارەتەکان ئەوەندە کەمی کردووە،داهاتی فرۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی لەکوێیە؟، داهاتی وەزارەتەکان ئەگەر ئێمە دیقەتێك بدەین لە ئیستیمارەی تەقدیری ئیراداتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی $2010$، مەسەلەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار داهاتیان لە$0,9$٪ لەسەدا سفر ولەدەیا نۆیە، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە بەڕاستی، من ئەپرسم ئەم داهاتە بۆ وای لێهات؟، لەکاتێکدا ئێمە لەهەندێك کەناڵ و سەرچاوەی ڕەسمی ئەبیستین کە بەتەنها داهاتی شارەوانیەکانی سلێمانی ئەمە سەرچاوەیەکی ناڕەسمیە ساڵی پار $(7)$ و$(8)$ ملیار بووە، ئەم داهاتە لەکوێیە؟، داهاتی کەرتی پیشەسازی و بازرگانی لەکوێیە؟، لەم وڵاتە ئەم کەرتە موهیمە ئەبێت داهاتی لە $0,7$٪ بێت، من ئەپرسم بۆ داهاتی ئەم کەرتانە وای لێهاتووە، پرۆژەی حکومەت بۆ بنیاتنانەوەی ئەم کەرتانە چیە؟، لەم بودجەیەدا، گوژمەی دابین کراوی پرۆژەکانی ساڵی $2010$ لە $25$٪ی کۆی بودجەی وەبەرهێنانە، وە لە $8$٪ی کۆی بودجەی ساڵی $2010$یە، ئایا ئەمە ئەتوانێ هەلی کار بۆ بێکاران برەخسێنێت؟، ئایا وەزارەت و حکومەت دیراسەتێکی وردی هەیە کە چەند بێکار لەم وڵاتەدا هەیە؟، ئایا تێپەڕاندنی ئەم بودجەیە چەند فرسەتی کار ئەڕەخسێنێت؟، ئەمەمان بە ژمارە پێ بڵێن، ناعەدالەتی لەدابەشکردنی بودجەدا من ئەڵێم لەم بودجەیەدا ناعەدالەتیەکی گەورە ئەبینم لەدابەشکردندا، من نازانم لەسەر چ ئەساسێك ئەم دابەشکردنە کراوە لە پرۆژەکاندا، مەسەلەن دووسەو حەفتاو شەش مليارو هەشت سەدو نەوەد و دوو ملیۆن دانراوە، بۆ سلێمانیش دووسەدو چل ونۆ ملیار وسێ سەد و نەوەد و نۆ ملیۆن دانراوە بۆ دهۆك، سێ سەد و حەفتا و حەوت ملیار وسێ سەد و هەشت ملیۆن دانراوە، لەدونیادا دوو پرەنسیپ هەیە بۆ دابەشکردنی بودجە، پرەنسیپێکیان ژمارەی دانیشتوانە، ئەوەی تریان ناوچەی زیان لێکەوتووە، ئەو ناوچانەی کە زیاتر زیانیان لێکەوتووە، سلێمانی زۆرترین دانیشتوانی هەیەو زۆرترین ئەو ناوچانەشی هەیە کە زیانیان لێکەوتووە، بۆچی کەمترین بودجە بۆ سلێمانی دانراوە؟، من ئەوەش ئەڵێمەوە کە ئەم ناعەدالەتیە بەرامبەر بە دهۆکیش بکرێت ئێمە هەر قسەی لەسەر ئەکەین، بەرامبەر بە هەولێریش بکرێت ئێمە هەر قسەی لەسەر ئەکەین، سەبارەت بە وەزارەتەکان، پێویست بوو هەموو لیژنەکانی پەرلەمان حیسابی خیتامی و میزانیەی موراجعی وەزارەتەکانیان لەبەردەستدا بوایە، ئەمە سەرەڕای ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێری بۆ ئەوەی ئەندامی

پەرلەمان ئاگای لە سەرفکردنی بودجەی ساڵانی ڕابردوو بێت، ئێمە تەحەدا ئەکەین کە کەسمان بەرچاو ڕوونیەکمان نیە لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەی ساڵانی ڕابردوو، کەموکوڕی لە پرۆژە بەردەوامەکاندا، یەکێك لە خەلەلەکانی ئەم بودجەیە، ئەم پرۆژە بەردەوامانە کە بەلیستیك لە بەردەستی ئێمەدایە، تەقریبەن بەشی زۆری پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ ئەم پرۆژە بەردەوامانە چووە، لەکاتێکدا دونیایەك هەڵەو کەموکوڕی وپرۆژەی نارۆشنی تێدایە، لەهەموو ئەم پرۆژە بەردەوامانەدا ئیشکالیاتێکی زۆر گەورە ئەوەیە کە وەخت تەحدید نەکراوە بۆ پرۆژەکان، من چەند پرۆژەیەك دەخەمە ڕوو، بەحوکمی ئەوەی کە دەبوو هەموو ئەندامەکان بەرچاویان ڕوون بێت، بەڵام بەداخەوە چونکە ئێمە ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریمان لەبەردەستدا نیە، میزانیەی موراجەعەمان لەبەردەستدا نیە، بەرچاومان ڕوون نەکراوەتەوە بەڕاپۆرتەکانی دیوانەکان، ئێمە ناچارین لەو ناوچانەی کەخۆمان لێیی بووین بەپێی ئاگاداریمان، بەپێی مەوقیعیەتی خۆمان لەو ناوچانەدا بپرسین کە ئەم پرۆژانە هەیە یان نیە؟، مەسەلەن لە لاپەڕەی $10$ی پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی $2010$دا هاتووە دروست کردنی ڕێگای (ڕەزڵە – گولان – دۆڵ پەمو)لە سنوری قەزای پێنجوێن، ملیارێك و دوو سەدو چل و یەك ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، حەز ئەکەم هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەوە بزانن، لە ساڵی $2005$ وە کۆمپانیایەك بەناوی (عبر البحار) لەم ڕێگایە ئیشی کرد دوایی تێك و پێکی داو ڕۆشتووە، لەو دەقەیەوە تا ئەم کاتەی کەمن قسەی تێدا دەکەم لە پەرلەمان بچووکترین ئیش لەم ڕێگایەدا نەکراوە، ئێمە ئەپرسین ئەم پارەیە لە کوێیە، ئەم پرۆژەیە بۆ جێبەجێ نەکراوە؟، دروست کردنی ڕێگای دووەمی (تاسلوجە – دوکان) دووجار دووبارە بوەتەوە، جارێکیان حەفتاو دوو ملیار و دوو سەدو شەست و یەك ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، جاری دووەمیش بیست و نۆ ملیار وهەشت سەدو دوانزە ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، لە لاپەڕە پانزەدا هەیە، ئێمە ئەپرسین هەموومان ڕۆژانە بەشی زۆرمان بەو جادەیەدا هاتووچۆ دەکەین، چەند ساڵە ئەو جادەیە تەواو بووە، ئێستا ئەیانەوێت دروستی بکەنەوە جارێکی تر، دروست کردنی سایدی دووەمی (عەربەت – سلێمانی) ئەمەش دووجار هاتووە، کارەساتەکە لەوەدایە لەئاوەدانکردنەوە بیست و شەش ملیار و دووسەد ونەوەد و حەوت ملیۆنی بۆ دانراوە، جارێکی تریش لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار سی ملیار و نۆسەد و سی ملیۆنی بۆ دانراوە لە لاپەڕەکانی ( $15$ و $35$) هاتووە، ئەم جادەیە من بۆ خۆم هەفتانە هاتووچۆی تێدا دەکەم، دوو، سێ ساڵە تەواو بووە، ئێمە ئەپرسین بێزەحمەت ئەمە چیە، ئەمە هەڵەیە؟، نارۆشنیە، بۆمان ڕوون بکەنەوە؟، قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی (سید سادق) ملیارێك و پێنج سەدو یەك ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، لە لاپەڕە ($33$) هاتووە، من لەسەرۆکی شارەوانی سەید سادقم پرسی و خۆم بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ کردووە، هیچ پرۆژەیەك لە سەید سادق نیە بەو ناوە، دروستکردنی قوتابخانەیەکی ($18$)پۆلی بۆ سەید سادق ئەمەش دووجار هاتووە، دروست کردنی دوو قوتابخانە بەس یەکێکیان بوونی هەیە، تەواوکردنی قوتابخانەیەکی ($18$)پۆلی کە ئەویش نۆسەدو شەست و چوار ملیۆنی بۆ دیاری کراوە، کۆمپانیایەکی تورکی ساڵی $2004$ ئەو قوتابخانەی جێهێڵاوەو تا ئێستا بەردێکی نەخراوەتە سەر بەردێك، گەیاندنی کارەبا بۆ نۆ گوند لە

شارەزوور ملیارێك و پێنج سەدو پێنج ملیۆن دینار ئەم گوندانە کامانەن کە ئەم بودجەیەی بۆ دیاریکراوە، لەکوێن؟ تکایە ئەوەو چەند خاڵێکی تریش کە لێرە مەجالم نەبوو من لە ئیعلام بڵاوی دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا جەنابتان ئاماژەتان بەوە کرد کە یەکێك لە برادەرەکانم باسی لەوە کرد، کە کۆبوونەوەکە ئەم سەرەتایەی تایبەتە بە راپۆرت، بەڵام لێرەدا نووسراوە، گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجە، وەکو تێبینیەك نازانم وانووسراوە لەناو بەرنامەی کاردا، لەبەر ئەوە منیش وا ئەزانم ئەمە ڕزمەیەکە هەمووی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ تەوزیح ڕاپۆرتی لیژنەی دارایش بەشێکە لە پرۆژەی بودجە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش قەناعەتی خۆم وایە، کە هەمووی پێکەوە قسەی لەسەر ئەکرێت، باسی بودجەو ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و لیژنەی داراییش، هەموو لیژنەکان و لیژنەی دارایش هەموو بەیەکەوەیە، بەڕێزان من پێم وایە، چارەنووسی بژێویی هاووڵاتیان و گەشەپێدانی کوردستان بە بودجەوە وەستاوە، بەڵام بەداخەوە دوای ئەو هەموو دواکەوتنە ئێستا لەم سەرەتایەوە کە چەند پەرلەمانتارێك قسەی کردووە، کە بەوردی ئێمەش خوێندومانەتەوە ئەم کەموکورتیانە لە بودجەدا ئەبینرێت، بەداخەوە لە ڕاپۆرتی لیژنەکانیشدا زۆر بەپێیی پێویست ئاماژەیان پێ نەکراوە، ڕاستە ئاماژە بەهەندێکی کراوە، بەڵام زۆری ماوە، ئەم پرۆژەیە پەلەکردن و دووبارەبوونەوەو ناشەفافیەت وکەموکورتی وناڕوونی لەزۆر لایەندا پێوەی دیارە، بەمەدا دەرئەکەوێت کە بەڕاستی پێوەری زانستی بۆ دیاریکردنی بڕەکان زۆر بەکار نەهێنراوە، چ بەشی نەفەقاتی تەشغیلی چ بەشی وەبەرهێنانەکەی، من یەك نموونەتان عەرز دەکەم، لەڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ئەولەویەت دراوە بەکارەبا، بەڵام یەك و پۆینت سی و دووی بۆ تەرخان کراوە، یەعنی لە 11 تریلیۆن سەدو چوار ملیار کە ئەزانن ڕێژەکە چەند کەمە؟، لەڕاپۆرتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە پلەی دووەم هاتووە بۆ بایەخپێدان، کە یەك و لەسەدا یانزەی بۆ تەرخانکراوە، کە ڕێژەکە مەعلومە چەند کەمە، خاڵی دووەم: مەسەلەی ئەو ئیعانات و منح ومەسروفاتی ترە کە هەموو ساڵێك بووە بە دەرگایەك بۆ ناشەفافیەت و خەرجێکی ناعادیلانە لەبودجەی کوردستان، کە ئەمجارەش دووبارە بوەتەوە، بڕەکەشی زۆرە، تەفاسیلەکەشی هاووڵاتیان نایزانن، بەدڵنیایشەوە دەیان بەڵگە هەیە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، کە لێرەوە ناعەدالەتیەکی زۆر ڕوویداوەو زۆریك لەو لایەنانەی کە ئیعانە ئەیانگرێتەوە، منحە ئەیانگرێتەوە،

حەق وابوو مەسروفات اخری شیان بۆ سەرف بکرێت( مصروفات أخری)کەچی بۆیان سەرف نەکراوە، خاڵێکی تر پەیوەندی بە ئەولەویاتی داواو پێداویستی وەزارەتەکانەوە هەیە، لەپرۆژەی حکومەتدا دیار نیە، من نموونەیەکتان عەرز دەکەم لەمەسەلەی کارەبا، وەزارەتی کارەبا داوای چوارسەد و شەست و سێ ملیار و هەشت سەدو سی و نۆملیۆن دیناری کردووە، بەڵام وەزارەتی دارایی تەنها ڕەزامەندی لەسەر هەشتا و شەش ملیار دینار داوە، کە ئەکاتە یەك لەسەر پێنجی داواکارییەکەیان، کە لەولاشەوە ئەڵێن ئەولەوییەت بۆ کارەبایە؟، باسی داهات برادەرانم باسیان کرد من دووبارەی ناکەمەوە، حەق وایە کە پەرلەمانتاران و هاووڵاتیانی کوردستان ئاگاداربن، منیش تەئکید ئەکەمەوە لەسەری، ناچمەوە سەری داهاتی گرێبەستیە نەوتیەکان ئەو پێنج ملیارەی جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان لێرە لەسەر ئەم مەنەسەیە باسی کرد، زۆرێك لە رسومات و زەرائیب وگومرگ و ئەو شتانەی کە کارخانە حکومیەکان زۆرێکی تریش کە حەتمەن برێکی زۆر زۆرە، حەق وایە ئالیەتێك میکانیزمێك دابندرێت بۆ ئەوەی ئەو هاوسەنگیە بپارێزین کە هەندێ بوعدی سیاسی تێدایە و تەحەفوزی تێدا دەکەین، بەڵام حەق نیە نوێنەرانی میللەت و میللەتیش بەشێوەیەکی گشتی بێ ئاگا بن لەوانە، خاڵێکی تر پەیوەندی بە کێشەی مووچەخۆرانەوە هەیە، جەنابی دکتۆر بەرهەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باس لە ملیۆنێك و سێ سەد هەزار کەس دەکات، ئێمە بە ژمارە شەش سەدو بیست و پێنج هەزارمان هەیە، لێرەشدا دووبارە پاشماوەکەی تر ناڕوونی و ناشەفافیەتێکی پێوە دیارە، زۆرێك لە خەڵکی کوردستان مەحرومن لە تەعین و دامەزراندن لەکاتێکدا ئەم ژمارە زۆرەشمان هەیە، ئەمەش حەق وابوو لەم خولەی ئەمجارەدا بەراستی ئاوا بەسەریدا تێنەپەڕین، باسی نۆهەزار و پێنج سەد کەس بۆ تەعین بوون ئەکرێت، بەبێ ئەوەی پێوەرێکی وازح و زەوابتێکمان هەبێت، نە مەجلسێکی خدمەی وازحمان هەیە، نە وەزارەتی پلاندانان شتێکی ڕوونی لەو لایەنەوە هەیە، من دەستخۆشی لە لیژنەکانی پەرلەمان دەکەم، ئاگام لێیە زۆرماندوو بوون، بەڕاستی ئەو گلەییە هەیە لەسەر لیژنەی کاروباری دارایی کە ئەویش زۆر ماندوو بووە، ئەو هەموو پێشنیارەی بۆ چووە؟ بەڵام بەڕاستی لە زۆرێك لە لیژنەکان ئەو گللەییان هەیە کە تێبینیەکانیان بە هەند وەرنەگیراوە، سێ، چوار لاپەڕەی ئەگەر باسی درێژی ئەکات جەنابی سەرۆکی لیژنە سێ، چوار لاپەڕەی یەکەمی تەوصیف و پێدا خوێندنێکە بۆ بودجەکە کە نەدەبوایە ئەوانەی تێدا بوایە، خۆشی ئەگەر لاپەڕە $(1 - 3)$ سەیر بکات، ئیقراری ئەو حاڵەتە بکات، شتێکی تر نەوەد ملیار بۆ ژینگەی دیموکراتی کە بەو تەعبیرە دەستخۆشی دەکەم لە لیژنەی دارایی، کەناوی ناوە پەرەپێدانی ژینگەی دیموکراتی و کاری ڕێکخراوەیی، بەڵام بەڕاستی من لێرەدا نایشارمەوە جەماوەری کوردستان حەقە و لایەنە سیاسیەکانیش هەموویان و پەرلەمانتارانی بەڕێزیش بزانن کە زۆر زۆر ناعادیلانە ئەم برە لەخولە پێشووەکاندا سەرف کراوە، تکامان وایە ئەمجارە زۆر شەفافانە، زۆر عادیلانە بێت، لەڕێی وەزارەتی ناوخۆوە بیت و ڕێکخراوە مەدەنیەکان ئەوانەی مۆڵەتی یاسایی و ڕەسمییان هەیە، بەبێ جیاوازی حزبێك بۆ حزبێکی تر، گروپێکی بۆ گروپێکی تر هەمووی بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێت چونکە هەموو ساڵە ڕابردووەکان ئەم حاڵەتە ڕەچاو نەکراوە، خاڵی

کۆتاییم ئەوەیە سەرنجەکانی ئەندامانی لیژنەکان تەحەفوزی زۆریان لەسەر ئەو خاڵەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هەیە، حەق وایە ئەولەوییەت بدرێت بەوانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا نەنووسراوە، لێرەدا ئیشارەتی پێبدرێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەم مەرجانەوە پێویست ئەکات کە دووبارە بودجە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت تێبینی و سەرنجی ئەم لیژنانەو پەرلەمانتارانی بەڕێز ئیزافە بکرێت، ئەو کاتە ئەم بودجەیە ئەبێت بخرێتەوە بەردەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ایوب نعمت( ئارام) فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان بودجەی ساڵی 2010 کۆمەڵێك کەموکورتی و نوقسانی تێدایە، ئێمە تێبینی و ڕەخنەکانیشمان لەسەر بودجە لە دڵسۆزییەوەیە بۆ بەهێزکردنی ئابووری کوردستان، کۆمەڵێك خاڵم ئاماژە پێکردووە، یەکێك لەوانە لە ئیراداتی ساڵی 2010 کە لەبودجەکەیدا هاتووە، کە داهاتی وەزارەتی کارەبا بریتیە لە 55 ملیۆن دینار، بەڵام ئەگەر بێت و سەیرێکی حساباتی ختامی ساڵی 2009 بکەین، تەنها بۆ شەش مانگ 84 ملیۆن بۆ کارەبا دەستنیشان کراوە، ئەمە جێگای سەرنج و تێبینیە، لەکاتێکدا کە ڕسوماتی کارەبا زیادی کردووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون کە یەکێکە لە ئامانجەکانی وەزارەتی دارایی، 350 ملیار دینار دانراوە، لەکاتێکدا بەپێی سەرژمێرییەکی پارێزگای سلێمانی (30)هەزار کرێچی لەناو شاری سلێمانی هەیە، ئایا چۆن بە (350)ملیار دینار ئەو کێشە بۆ تەنها یەك پارێزگا جێگای ناکرێتەوە، پێشنیارێکم هەیە کە مووچەی هەر سێ دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێژەی لە 20٪ کەم بکرێتەوە، هەروەها بە ڕێژەی لە 10٪ی ئەندام پەرلەمانەکان ئەویش کەم بکرێتەوە، هەروەها ڕاوێژکارەکان هەر وەك چۆن لە یاسای بودجەی عێراقدا بڕیاری لەسەر دراوە، وەکو لە ماددەی (35)دا هاتووە، حەق وابوو پەرلەمانی کوردستان ئەو ڕێژەیە زیاتر بکات، لەبەرئەو بارودۆخە، پێشنیارەکەشم ئەوەیە ئەو داهاتەی کە دائەنرێتەوە یان ئەگەڕێتەوە تایبەت بکرێت بە صندوقی زەواج بۆ لاوان لە کوردستان، خاڵێکی تریشم بریتیە لەوەی کە جیاوازییەکی زۆر خراوەتە نێوان شارو شارۆچکەکان بۆ پڕۆژەکان، بەپێی ئەو ستاندەرەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەماندا هاتووە، کە بریتیە لە ژمارەی دانیشتوان، هەروەها پێداویستی ناوچەکان، بۆنموونە زاخۆ 55 پڕۆژەی بۆ دانراوە، ڕانیە 6 پڕۆژە، هەڵەبجە 9 پڕۆژە، ئەگەر بێت و باس لەمەسەلەی زیادی پڕۆژەکان وزۆر بوونی ڕێژەی پارەکە بکرێت، یەك پڕۆژە لە زاخۆ 15 ملیار دیناری تێچووە، خاڵێکی تریشمان بەپێی یاسای وەزارەتی پلاندانان یەکێك لە ئەرکەکانی ئەو وەزارەتە بریتیە لەدانانی پلانی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان کە بەڕاستی تا ئێستا ئەو پلانە ڕۆشن نیە و دیار نیە، پێش ئەوەش کە بودجە بێتە پەرلەمان ئەبوایە وەزارەتی پلاندانان ئەو پلانەی ڕوون بکردایەتەوەو لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا ڕایبگەیاندایە، خاڵێکی تریش کە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایدا هاتووە، کە پلە

بەندی و بایەخدانی ڕێكخستووە، یەكێك لەو خاڵانە بریتیە لە ئاسایشی كوردستان، بەڵێ بێگومان ئێمە هەموومان ئەبێت بەهەموولایەكەوە داكۆكی بكەین لە ئاسایشی كوردستان، بەڵام ئەگەر بێت وئەمڕۆ موقارەنەیەك بكەین لە نێوان كوردستان وباشوورو ناوەڕاستی عێراقدا، دەبینین كوردستان لەهەموو شوێنەكانی تر بەرقەراری و ئاسایشی تێدا جێگیر بووە، بەڵام لەكاتێكدا كە لە 39٪ی مووچە خۆری كوردستان بۆ ئاسایش و پێشمەرگە ئەگەڕێتەوە، كە ئەوەش ئەگەر بێت و سەیری زۆرێك لە وڵاتان بكەین لەكاتی جەنگدا، بێگومان بودجەی زیاد دائەنێن بۆ بەرگری، بەڵام لەكاتێكدا كە بارودۆخ ئاسایی بێتەوە، ئەو بودجەیە كەم دەكەنەوە، هەروەها ئەگەر تێڕوانینێكی گشتی بكەین بۆ بودجەی ساڵی 2010 دەبینین ئەم بودجەیە هیچ بایەخی نەداوە بەوەی كە بنكەیەكی ئینتاجی بۆ كوردستان دابین بكات، بۆ نموونە مەسروفاتێكی زۆر لە نەفەقات دانراوە كە ئەتواندرێت وەزارەتی دارایی سوودی لێ وەربگرێت، بۆ قاعیدەیەكی ئینتاجی لەكوردستاندا، بۆ نموونە لە حساباتی خیتامی بۆ شەش مانگ هاتووە، چوار ملیارو سێ سەدو شەست و هەشت ملیۆن دینار دانراوە بۆ قرتاسیە، كە ئەگەر لە هەموو خەبیرێكی ئیقتصادی بپرسین، هەر ئەو پارەیە بەسە بۆ دانانی كارگەیەك، پانزە ملیار و هەشت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار بەس تەنها بۆ كرێی خانوو ڕۆشتووە بۆ دامودەزگاكانی حكومەت، كە ئەگەر بێت و پرۆسەیەك یان بەرنامەیەك هەبێت، بێگومان دەتواندرێت بەبەرنامەیەك بۆ ماوەیەكی كورت خایەن هیچ دامودەزگایەكی حكومەت لەناو خانووی كرێدا نەمێنێت، خاڵێكی تریشمان كە وەك پرسیارێكە لە وەزارەتی دارایی كۆمەڵێكی زۆر لە خەڵك خانەنشین كراوە، بەناوی خانەنشینی حزبی یاخود تەفەروغ، ئایا ئەم مووچانە لە چ شوێنێكدا جێگای بوەتەوە؟، پێشنیاریشمان ئەوەیە كە بەڕاستی لیژنەیەك پێداچوونەوە بكات بۆ ئەو تەفەروغانە یاخود ئەو خانەنشینانە، چونكە ئەوە بریتیە لە سامانی گشتی هاووڵاتیان و پێویستە تەنها بۆ ئەو هاووڵاتیانە بەكار بهێنرێت كە لەدامودەزگایەكی حكومەتدان و خانەنشین كراون یان كاروباریان تەواو بووەو یاسای خانەنشینی گرتبێتیەوە، پرسیارێكیشم ئەوەیە كە حساباتی خیتامی لە 9/14 دەرچووە، پرسیارەكەشم بەڕاستی بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دارایی، بەڵام لەم كۆتایەدا گەیشتووە بە هەندێك لەسەرۆك لیژنەكان، ئایا بۆچی لەپاش ئەوەی كە لە 9/14 دەرچووەو ئەبوایە زووتر بگەشتایە بەدەستی پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی لەكاتی موراجەعەی بودجەی ساڵی 2010 بتوانێ زیاتر تەدقیق بكات، خاڵی كۆتایشم بریتیە لە یەكێك لەو پاساوانەی وەزارەتی دارایی، كە بودجە بۆچی دواكەوتووە؟، پاساوەكەشی بریتی بوو لەوەی كە بارودۆخی ئابووری هەموو دونیا تێك چووە، هەروەها بریتی بوو لە دیارنەبوونی داهاتی عێراق، ئەگەر بێت و ئەمانە پاساو بوایە، دەبوایە بۆ بودجەی عێراقیش هەمان پاساو هەبوایە، بەڵام هەر لە ڕاپۆرتەكەی وەزیری داراییدا هاتووە، كە لەمانگی 7دا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق توانیویەتی ئەو ڕاپۆرتە پێشكەش بكات وبیگەیەنێت بەهەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەكان، یەكێك لەوانە وەزارەتی دارایی عێراقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی حسین فەرموو.

**بەڕێز علی حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر لە تێبینیەكانم سۆزان خان وتی، ئەوەی كەماوە من ئاماژەی پێبدەم، تایبەتە بەناوچە ناكۆكی لەسەرەكان، بەداخێكی زۆرەوە لەبودجەی پێشنیاركراو تەنها پێشنیاری ئەوە كراوە، كە صندوقێك بۆ ناوچە دابڕاوەكان دیاری بكرێت، بۆ خەرج كردنی بودجەی تەرخانكراو بۆ ئەو ناوچانە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان، ئەوەی كە ئێمە دیمان تەنها لە یەك بڕگە بۆ ناوچەی مەندەلی بێ ئەوەی كە دیاری بكرێت، كە بۆ چ بابەتێك ئەو پارەیەی كە دیاری كراوە خەرج ئەكرێت، كە شەش سەدو شەست و نۆ ملیۆن دینار تەرخانكراوە، وەك دەزانن لەمپەڕ تا ئەو پەڕی كوردستان ئێمە ناوچەی كێشە لەسەرمان هەیە، جا لەسەر ئەو پێوەرە، لەسەر ئەو ئەساسە، تەصەوری من ئەوەیە، كە لێرەدا كەمتەرخەمییەك كراوە، چونكە ئێوە دەزانن كێشەی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان ئەبێ دیاری بكرێت، كە ئەولەویەتی چەندەمە؟، چەند لایەنیشی هەیە؟، دەخوازم پرسیار بكەم، دەڵێن دەبێ صندوقێك بۆ ناوچە دابڕاوەكان دەستنیشان بكرێت، ئایا ئەو مەبلەغە یان ئەو گوژمەیە، كە بڕیارە بۆ ئەو ناوچانە دیاریبكرێت لەكوێ تەئمین ئەكرێت؟، ئایا نیازەكانی ئەو ناوچانە كەپێیان دەڵێین ناوچە دابڕاوەكان دەستنیشان كراوە؟، چۆنیش دیاری ئەكەین؟، پرسیارێكی ترم ئەوەیە، چەند لە سەدی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ئەو ناوچانە تەرخان كراوە یان تەرخان دەكرێت؟، ئایا نیسبەتی ڕێژەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە و خصوصیەتی ئەو ناوچانە بەحوكمی ئەوەی كە لەلایەن حكومەتی ناوەندییەوە بێناز كەوتوون، بەحوكمی ئەوەی لەڕووی یاساییەوە لەدەرەوەی هەرێمی كوردستانن، ڕەچاو كراوە یان ڕەچاو دەكرێت؟، بەحوكمی ئەوەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لەوەو پێش هەندێك كاری كردووە، بەڵام لەچاو ئاستی هەژاری و نەداری، لەچاو ئاستی وێرانی وكاول بوونی ئەو ناوچانە شتەكە هێندە بەرهەست نەبووە، ئایا ئەو صندوقە ئەتوانێ قەرەبووی ئەو زیانانە بكات؟، هیوام وایە كە بەپێیی خەم ساردی حكومەتی بەغداو پەرۆشی حكومەتی كوردستان بەتایبەت لە بودجەی ساڵی 2010 سەبارەت بەناوچە دابڕاوەكان ئەو مەسەلەیە زیاتر تاوتوێ بكرێت، چونكە بەڕاستی شارێكی وەكو مەندەلی بێ ئەوەی كە دیاری بكرێت ئەو بڕە پارەیە كە شەش سەدو شەست و نۆ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان كراوە بۆ چ پرۆژەیەك خەرج دەكرێت؟، گەلێك لەوە زیاتر پێویستی هەیە، بەتایبەت بە خانەقین كە زیاتر ئیشارەت دراوە بە بەردەوامی پرۆژە بەردەوامەكان، داوام ئەوەیە كە لەم بودجەیە نسبەتێكی زیاتر چ لەبابەتی ڕێژەی سوكانی چ بەحوكمی تایبەتمەندی ئەو ناوچانە ڕەچاو بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك یەشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم زۆربەی كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالم تۆما، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت بودجە وەكو تەرازوو وایە، هەر مەسروفات نیە تا ئێمە هەر باسی مەسروفات بكەین، باسی تەرخانكردنی پارە بۆ پرۆژەكان و باسی بودجەی تەشغیلی بكەین، بەڵكو ئەوەی لەوە گرنگترە، لایە گرنگەكەیەتی كە داهاتە، مومكینە تا ساڵی 2003 زیاتر ئیهتیمامەمان بە دیاریكردنی داهاتەكان و زیاد كردنی و ڕێكخستنی دەداو زیاتریش ڕوون بوو، بەس لەو وەختەی كە دەستمان بەوە كرد كە داهات لە بەغداد وەربگرین، وابزانم كە جەنابی وەزیری دارایش پشتگیریم لێ دەكات، زیاتر ئەو لایەنەمان ئیخفا كرد یان زیاتر ئاگاداری نین، زۆرمان نەشارەزاییمان هەیە لە چۆنیەتی دابین كردنی داهاتەكان و چۆنیەتی ڕێكخستن و بەدەست هێنانی داهاتەكان، چ گومرگەكان، چ رەسمەكان، چ داهاتەكانی تر بە هەموو جۆرەكانیەوە، ئیتر هەمووومان گرنگیمان داوە بە چۆنیەتی تەوجیه كردنی ئەو داهاتەی كە بۆمان تەرخان كراوە، بۆ كام پرۆژە، بۆ كام شوێن، كام جێگا تا زیاتر خزمەتی ناوچەكانی كوردستان بكات، بەڵام ئەوەی لەوە گرنگترە ئەوەیە كەمن ئەمەوێت بیڵێم چاودێری كردنی چۆنیەتی سەرف كردنی ئەو بودجەیەو چۆنیەتی چاودێری كردنی ئەو دەستهاتەیە بەگشت دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، چ چاودێری دارایی، چ دەزگاكانی چاودێری لەوەزارەتەكانی ترەوە، چ خودی پەرلەمان، چ وەزارەتی پلاندانان و چ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، زۆر زۆر گرنگ ترە لەوە، من بۆ ئەو بابەتە دوو خاڵم هەیە، یەكەم: مومكینە بەشێكی زۆری ئەو موناقەشانەی كە لێرە كران كەم دەبوو، ئەگەر لیژنەی دارایی لەگەڵ لیژنەكانی تر كۆبوایەتەوەو لەسەر مولاحەزاتیان موناقەشەیان بكردایە، مومكینە بەشێكی زۆری پرسیارەكان لێرە نەدەكران و حەل دەبوو، دووەم: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 2009 بودجە لە كۆتایی مانگی 6 موصادەقەی لەسەر كرا، لە كۆتایی مانگی 9 و 10 چووە حەیزی تەنفیزەوە، بەتایبەتی بودجەی پرۆژەكان كە مومكینە بەشی زۆری برادەرانی ئەندام پەرلەمان ئاگاداری نین، ئایا پرۆژەكان دەستی پێكراوە یان دەستی پێنەكراوە؟، تا چ ئاستێك جێبەجێكراوە، ئایا پارەكەی سەرفكراوە یان نا؟، لە ئەستۆی وەزارەتەكان ماوە یان نا؟، لەئەستۆی لیژنەكان ماوە یان نا؟، ئەگەر بێت و وەزارەتی دارایی ئەو ئەركە بكێشێ و بەرچاو ڕوونیەك بكات بۆ ئەندام پەرلەمانەكان زۆر سوپاسیان دەكەم، من سێ خاڵم هەیە مومكینە برادەران ئیشارەتیان پێدابێت، بەس من دەمەوێت لەسەری بوەستم، بەنیسبەت وەزارەتی كارەبا، كە هەمووومان ڕۆژانە قسەی لەسەر دەكەین و ئیعلام قسەی لەسەر دەكات، شریانی سەرەكی پێشكەوتنەو ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانە، بەڵام پارەیەكی زۆر زۆر كەمی بۆ تەرخان كراوە، كەچی بەرامبەری

مەسئولیەت لەسەر وەزارەتی کارەباو وەزیری کارەبایە، من وا ئەزانم سەلاحیات و مەسئولیات وەکو تەرازوو وایە، ئەگەر سەلاحیاتی نەدەیتێ کەواتە مەسئولیاتی لەسەر نابێت، دەبێ لەجیاتی ئەو جوابی بدەینەوە، کەبۆ ناتوانێ ئەو خزمەتە بە هاوولاتیان بگەیەنێ، ئیحتیمالی هەیە لە بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا موشکیلەی نەمابێ، بەلام لە گواستنەوەو دابەشکردنی موشکیلەیەکی زۆری هەیە، وابزانم دەبێ پێداچوونەوەیەك هەبێت، بۆ پتر هاوکاری کردنی، ئەوەی لەوە گرنگترە ئەوانیش کە کاك ئیسماعیل قسەی لەسەرکرد، وەزارەتی کارەبا ڕیزبەندی ئەو پڕۆژانە بوو کەموصادەقە کراوە، لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانان ئیتیفاقیە کراوە دووبارە ڕیزبەندی دانانەوە بۆ پڕۆژەکان لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار بۆ هەموو وەزارەتەکان بکرێت، بەلام ئەو شتەم نەبینی لە وەزارەتی پیشەسازییەوە، کەخۆیان داوای ئەو پڕۆژانەیان نەکردووە، سێ پڕۆژە لە بودجەی ئەمساڵ هاتووە بۆیان، ئەمڕۆش من لێم پرسین کێ موناقەشەی کردووە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، ئاگاداری نەبوون، ئێمە وەکو لیژنەی پیشەسازی پێشنیارمان کردبوو کە هەر بەگوێرەی ئەو پارەیە، ئەگەر نەبێ پڕۆژەی تر لەو پڕۆژانەی کە داوایان کردبوو موافەقەیان بۆ بکرێت، دیارە لە لیژنەی دارایی بەڕێزەوە بەناوی پەسەند نیە هاتووە، من دووبارە تەئکیدی لەسەر ئەکەمەوە کە بە ئیهتیمامەوە وەربگیرێت، ئەوەی تر من لە بودجە مولاحەزەم کرد زۆر فەرمانگە هەیە، کەشفی بینای بۆ کراوە، پارەی بۆ بینا کردن تەرخان کراوە، ئیحتیمالی هەیە هەندێك لەو فەرمانگانە شتێکی کاتی بن، چەند ساڵێکەو کۆتاییان پێ دێت، یاخود دەمج دەکرێت لەگەڵ وەزارەتێکی تر یاخود دەزگایەکی تر، من پێم باشە، ڕاستە بوونی بینا گرنگە بۆ دەزگایەك، بۆ فەرمانگەیەك، بەس پارەمان زۆر پێویستە بۆ هەندێ پڕۆژەی خزمەتگوزاری تر، ئەمساڵیش هەندێ بینا هەیە بابەکرێ بن، هەندێ فەرمانگە هەیە با بەکرێ بن، بەڵکو ئەو پارەیە تەوجیە بکرێت بۆ هەندێ پرۆژەی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر صەباح بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان قسە کردن لەسەر هەر سێ تەوەری ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و، بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان، پاشا پڕۆژە یاسای بودجە، ئەمە هەر یەکێکیان تەوەرێکی تایبەتە، پێویستی بە لەسەر وەستان و بەوە هەیە کە بەنەفەسێکی درێژەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی من چەند خاڵێك ئەخەمە بەرچاوی ئێوەی بەڕێز و هەموو هاوکارانی بەڕێزم، سەرەتا ئەم ڕاپۆرتە بە زمانێکی تەبریری نووسراوە، ئەو هێزەی کە پێویستە ڕاپۆرتی لیژنەیەکی پەرلەمانی هەیبێت، تێیدا بەدی ناکرێت،

من چەند نموونەیەك دێنمەوە بۆ ئەوەی قسەكانم بسەلمێنم، یەكەم: لە لاپەڕەی یەكدا لە پێشەكیەكەی دەڵێت، داوا دەكەین كەوا لەكاتی یاساییدا بودجە پێشكەش بكرێت، حەق وابوو لیژنەی پەرلەمان بڵێت پێویستە نەك داوا دەكەین، چونكە ئەم مەوقیفە مەوقیفێكی زەعیفە، شایستە نیە بە نوێنەرانی گەل بەو زمانە، بەزمانێك كە داوا كردن و ڕجای تێدا بێت بنووسرێت، خاڵی دووەم: لەلاپەڕەی حەوتدا داوا دەكات، پێشنیار دەكات، كە تەوازون ڕەچاو بكرێت لەساڵانی داهاتوودا، لەبەینی ڕێژەی دانیشتواندا، من پێم وایە ئەبێ لیژنە بڵێت پێویستە ڕەچاو بكرێت، نەك داوا بكرێت، سێیەم: ئەو زمانەی كە پێی نووسراوە ئەم ڕاپۆرتە لە هەندێ لە لاپەڕەكانیدا كە تەماشا دەكەین بەزمانێكی سەردی، تەوصیفیە، تەحلیل ولێكدانەوەی پێویستی تێدا نیە، كە بیكات بۆ فەصڵەكانی ئەم بودجەیە، چونكە لەڕاستیدا ئێمە ئەبێ ئەو ڕاپۆرتەی كە دەیخوێنینەوە ئەوەمان نیشان بدات كە ئەم بودجەیە چ سیاسەتێكی ئیقتیصادی بۆ ئەمساڵی كوردستان وەدیسان لەم ساڵەوە بۆ ساڵانی داهاتوو دەگرینە بەر، بۆ داڕشتن و دامەزراندنی قاعیدەیەكی ئیقتیصادی بەهێز، ئیستراتیژێكی ئابووری بەهێز، لە ڕاپۆرتەكەیدا لیژنەی بەڕێز باسی ئەوە ناكات كە ئێمە چ ئیستراتیجیەتێك لەم میزانیەدا دەخوێنینەوەیە، چ ئامانجێكی ئابووری وا لە پشتی داڕشتن و جێبەجێ كردنی ئەم بودجەیەوەیە، بەنیسبەت پێشنیار و ڕەخنەو بۆچوونەكانی لیژنە تایبەتمەندەكانی پەرلەمان، لەڕاستیدا لیژنە هەندێ لەو پێشنیازو هەندێ لەو ڕەخنانەی نووسیوەتەوە كە حەق وابوو زۆربەیان و كاكڵەیان بەشێوەیەكی جەوهەری بنووسرێنەوە، من بۆ نموونە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا ژمارەیەكی زۆر پێشنیازمان گونجاندبوو، تەنها سێ پێشنیاریان جێگای كراوەتەوە لە ڕاپۆرتەكەدا، دیسانەوە كەسەیری ڕاپۆرتەكە دەكەین ئەوەی لێ ئیستینتاج دەكەین كەلیژنە بۆ خۆی ڕازی نیە لە بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2010، بۆ نموونە لە لاپەڕەی پێنجدا كە باسی میلاكات دەكات، زۆر بەڕوونی دەخوێنرێتەوە كە ڕازی نیە لەو برە میلاكەی كەبودجە پێشنیاری كردووە، یان وەزارەتی مالیە تەصدیقی كردووە، لەلاپەڕەی شەش كەباسی تەعویزاتی فەرمانبەران دەكات، دیسان لەهەمان لاپەڕەدا كەباسی تەنفیزی میزانیە دەكاتن لەلاپەڕەی حەوت كەباسی سروشتی پرۆژە وەبەرهێنانەكان دەكات، دیسانەوە لیژنە بۆ خۆی ڕەخنەی هەیە لە شەفافیەتی میزانیە كاتێك كە باسی حسابی ئیعانات و منح و مەنافعی ئیجتماعی و مەسروفاتی تر ئەكات، لەلاپەڕەی هەشت كە داوا دەكات لە وەزارەتی پلاندانان كە بەڕیز بەندی بە ئەولەویاتی خۆیدا بچێتەوە، كاتێ كە باس لە پرۆژە وەبەرهێنەكان دەكات، كاتی داوای ئیجادی تەوازن ئەكات، دروست كردنی تەوازن و هاوسەنگی لەنێوان وەزارات و ناوچە جیاوازەكان، ئەمە سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنە، سەبارەت بەخودی بودجەی پێشنیاركراو، ئەو كەسەی كە سەیری نەفەقاتی تەشغیلی بكات لەم بودجەیەدا بەپێی ئەو لیستەی كەلە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە، بۆی دەر ئەكەوێت كە ئەم بودجەیە لە ڕاستیدا بودجەی ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدانی ئابووری كوردستان نیە، چونكە زۆر لەو پرۆژانەی كە هەیە پێویستە لەسەر ئەساسی جەدوا جێگیر بكرێن، هیچ ئەولەویەتێك نیە لەدانانی پرۆژەكاندا یان ئێمە هەستی پێناكەین، یەعنی بۆیان هەیە جوابمان بدەنەوەو بۆچوونەكەی ئێمە هەڵە

بێت، پرۆژە بەرهەمهێنەکان ڕیزبەندی گەشەی ئابووری هەرێمی لەبەرچاو نەگرتووە، بۆنموونە وەزارەتی پیشەسازی بەپێیی ئەو ئامارەی کە داویەتی بەدەستەوە، ئەڵێ لەساڵی 2006 بەدواوە (176)کارگە داخراون، بەڵام لە 2006 بۆ 2009 تەنها ئیجازەی (35)پرۆژە دراوە، ئەو(35) پرۆژەیەش چەندی جێبەجێکراوە، چەندیش ئێستا فیعلەن لە ئینتاجدایە ئەوە نازانـدرێت، عاملی ئینتاجی و عاملی گەشەپێکردن لەمیزانیەی ئیستسماری وەزارەتەکاندا بەڕاستی بەرچاو ناکەوێت، هاوسەنگی جوگرافی لەنێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ڕەچاو نەکراوە، کە پێویستە بەپێیی ڕێژەی دانیشتوان بێت، دیسان قاعیدەی ئینتاجی بۆ هەرێمی کوردستان بەڕاستی بەدی ناکرێت، لەدانانی میزانیەدا هەست ناکرێت کە حکومەت خاوەنی سیاسەتێکی بازرگانی دیاریکراوە، چونکە هیچ بڕگەیەکی تێدا نیە کە باس لەوە بکات کە تەوازونێك هەبێت لە نێوان ئیستیراد و تەصدیر، ئیستیراد لەسەدا سەدە، بەڵام تەصدیر لە سەدا سفرە، لەحاڵێکدا ئەبوایە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی پشکێکی زۆریان هەبوایە، لە نەفەقاتی تەشغیلی ولە نەفەقاتی ئیستیسماری کە دەبینین ئەو نیسبەیەی کە ڕەچاوکراوە هەمووتان دەیبینن زۆر کەمە، ئیراداتی کارەبا زۆر کەمە، دێمە سەر مەسەلەی حساباتی خیتامی کەبەڕاستی زۆر گرنگە، هی شەش مانگی پێشوو ئاخرین خاڵ هەندێ فەصڵ وبڕگەی تێدایە بەڕاستی جێگای پرسیارە، باسی هەموو مخصصاتەکانی تێدایە، بەڵام لە کۆتاییدا دێت دەنووسیت مخصصات استسنائیە، کەئێمەش نازانی ئەو ئیستسنائیە چیە؟، باسی هەموو لەوازمەکان ئەکات هی توبی، هی عیلمی، هەمووی ڕیز ئەکات لە کۆتاییدا ئەڵێت( اللوازم أخرى) باسی هەموو نەفەقاتەکان ئەکات لە کۆتاییدا ئەڵێت (نفقات متنوعة أخرى)، باسی هەموو جۆرە ئیستیشارەکان ئەکات، لەکۆتاییدا ئەڵێت (الاستشارات أخرى) نازانین ئەمە چیە؟، باسی هەموو جۆرە ڕێکخراوەکان ئەکات، لەکۆتاییدا ئەڵێت (المنظمات الاخرى) باسی هەموو جۆرە سیانەیەك ئەکات، لەکۆتاییدا ئەڵێت (صيانة السجلات الاخرى)، باسی هەموو جۆرە ئینشائاتێك ئەکات، لەکۆتاییدا ئەڵێت( إنشأت أخرى)، باسی هەموو جۆرە ئالیاتێك ئەکات، لەکۆتاییدا ئەلێت( أليات كبيرة أخرى) ئەمە هەمووی کۆمەڵێك لەو تێبینیانە بوو کە لەلای من گەڵاڵە بوون، هیوادارم کە یان وەڵامێکی موقنیعمان بدەنێ یان بەڕاستی پێویستە موعالەجەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری دەکەین، هەروەها لیژنەکانی تری پەرلەمان کە ماندوو بوون، تێبینی و سەرنجی باشی خۆیان داوە، بەڵام منیش هەندێك سەرنجم لا گەڵاڵە بووە، ئەمەوێت لێرەدا عەرزی جەنابتانی بکەم، دیارە بودجەی بەکاربردن لە بودجەی هەرێمی کوردستان زیاترە

لەبودجـەی وەبـەرهێنان، ڕێـژەی بودجـەی پڕۆژەکـان 31٪ و بودجـەی بـەکاربردن 69٪یـە، بودجـەی بەکاربردن کـە لەبودجـەی وەبـەرهێنان زیـاترە، کـە 3 ملیـار دینـارەو لـەو بـڕە 2 ملیـار دینـاری بـۆ پـڕۆژە تەواونـەکراوەکانی کابینـەی پێنجـەمی حکومـەتی هـەرێم تـەرخانکراوە، ڕاپـۆرتی وەزارتـی دارایـش ئـەڵێت بەردەوام بوون لەسەر دابین کردنـی پێداویستیەکان وخزمەتـە سـەرەکیەکان لـەبواری کارەبـا، ئـاو، ئـاوەڕۆ، ڕێگاوبان، بەڵام ئێمە هەست دەکەین هەندێك لە پڕۆژەکانی ساڵانی ڕابـردوو نەخراوەتـە پڕۆژەکـانی سـاڵی 2010وە، هەر بۆ ئەوە من نموونەیـەك دەدەم، کـە ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانیش کـراوە، لـە پـڕۆژە تـەواو نـەکراوەکانی سـاڵی 2008ە ماوەتـەوە، کـە وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە بـەژمارە(4588) کـەبۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی ڕانیەی ناردووە، پڕۆژەی قیرتاوکردنی ڕێگای (پلَنگان – وەرتـێ) کـە ئـەم داواکارییـە ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانیش کـراوە، کەئاماژەی بەنوسـراوی وەزارەت کـردووە بـەژمارە(5317) لـە 2008/7/2 ئـەڵێت هـاوپێچ نووسـراوی وەزارەتـی پلانـدانان ، فەرمانگـەی پلانـدانان بـۆ پرۆژەکـانی بودجـەی وەبـەرهێنان ژمـارە(2031) لـە 2008/6/4 کـە بـۆی نـاردوون، تێیـدا ئامـاژە دەدات بـە دانـانی پـڕۆژەی نـاوبراو واتـە قیرتـاوکردنی ڕێگـای (پلَنگـان – وەرتـێ) لـە پلانـی سـاڵی 2009دا، کەچی ئەو پڕۆژانەی کە ئێمە سەیرمان کرد بۆ ساڵی 2010 دانراون، ئـەم پڕۆژەیـە نەخراوەتـە ناو پڕۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ساڵی 2010، بەڕاستی لێرەدا پێویستە وەزیری ئاوەدانکردنەوە وەڵامـی ئـەوە بداتـەوە، کەبۆچـی ئـەم پڕۆژەیـە پشـتگوێ خـراوە؟، لەکاتێکـدا لەسـاڵی 2005ەوە ئەمـە لەبەردەستیاندا بووە، بەنیسبەت ئەوەی کە برادەرانیش ئاماژەیـان پێـدا، داهاتـەکانی هـەرێمی کوردسـتان و ئەو بڕە پارەی کە لە گرێبەستە نەوتیەکان دەست دەکەوێت، هەروەها ئەو (5) ملیارەی کە بـەڕێز وەزیـری سامانە سروشتیەکان لەبەردەم پەرلەماندا ئاماژەی پێدا، ئێمـە پشـتگیری ڕاپـۆرتی دارایـی ئەکـەین، کـەباس لەوە ئەکات ئەبێ وەزیر بێتە بەردەم پەرلـەمان وئـەم مەسـەلەیە ڕوون بکاتـەوە، دەربـارەی کـەم ئەنـدامان، ئـەو بـڕەی کـەبۆیان دیـاریکراوە بەڕاسـتی ئێمـە پشـتگیری لـە لیژنـەی کاروبـاری دارایـی ئەکـەین، کـە لـە (30)هـەزارەوە زیـادکرا بـۆ (100) هـەزار دینـار، نـەك ئـەو بـڕەی کـە لـە پـڕۆژە یاسـای بودجـەدا هـاتووە، ئەوانەی کە لە (30)هەزارەوە بۆ (100)هەزار و ئەوانەی کە (50) هەزارە بۆ (150)هـەزار زیـاد بکرێـت، دەربـارەی شـەهیدی هـاووڵاتیش بەڕاسـتی (50)هـەزار بـە مـەقتوعی کـەبۆیان بـڕاوەتـەوە ئـەوە زۆر کەمـە، پێشنیار دەکەین کە ببێت بە (100)هەزار، دەربارەی حیساباتی خیتامی بەڕاستی ئێمە هەموو ساڵێك دەبێ چاوەڕوانی بکەین، حساباتی خیتامی لەکۆتایی ساڵدایە، پێویستە ساڵی دووجـار حسابات بگـات بەپەرلـەمان لەلایـەن حکومەتـەوە، کـە تائێسـتا ئەمـە جێبـەجێ نـەکراوە، دیـارە لـەکاتی خۆیشـیدا کـە بودجـە ناگاتـە پەرلـەمان ئەمـە دیـارە پەلەپـەلی تێـدا دەکرێـت، بێگومـان ئـەم پەلەپەلـەش ناچێتە خانـەی بودجەیـەکی زانستیەوە، ئەمەش بە سلبی ئەشکێتەوە لەسەر پڕۆژەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان و لەسەر سیاسەتی دارایی هەرێم، بۆیە پێویستە کە حساباتی خیتامی لە کۆتایی هەر شەش مانگێکدا بگاتە پەرلـەمان، ئـەوەی کە دەوترێت لە شەش مانگی کۆتایی ساڵی 2009دا حساباتی خیتامی گەیشتۆتە دەست پەرلەمان، بۆیـە تـا

ئێستا ئەندامانی پەرلەمان بێئاگایی خۆیان لەوە دەردەبڕن، سەبارەت بە ماددەی (21) کە دەربارەی ئەوەی کە لە پرۆژە یاساییەکەدا هاتووە کە (350) هەزار دینار دانراوە بۆ مەشاریعی صندوقی ئیسکان، لە پرۆژەکەی لیژنەی داراییدا هاتووە، کە ڕای لیژنەی دارایی و یاسایشە هی هەردووکیانە ئێمە لە لیژنەی کاروباری یاسایی (350) ملیار دینارمان داناوە، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا (250) ملیار هاتووە، ئەمە نازانم ئایا هەڵەیە؟ چونکە هەم بە ڕەقەم و بە کیتابەتەنیش نووسراوە، پێشنیاری لیژنەی یاسایش هەر وایە کە (350) ملیار دینار بێت، لە پرۆژەی بودجەکەشدا بەهەمان شێوە هاتووە، دەربارەی قەرزی عەقاری ئێمە بەڕاستی پێشنیار دەکەین کە لە (20) ملیۆن کەمتر نەبێت، چونکە ئەمە کە (12) ملیۆن ئەدرێت بەهاووڵاتی، زۆر کەمە، بۆیە پێویستە لە (20)ملیۆن کەمتر نەبێت، بەلانی کەمی ئەوەی لە صندوقی نیشتەجێبوون بخرێتە سەر قەرزی عەقارییەوە، دەربارەی هەندێك لەداواکاری یان پێشنیاری لیژنەکان بەڕاستی لە لیژنەی کاروباری دارایی نەهاتووە، هەروەها لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیریشدا ئێمە کۆمەڵێك شتمان پێشنیار کردبوو، لە لیژنەی کاروباری داراییدا نەهاتووە، دەربارەی بودجەی حزبەکان، ئەو (90) ملیارەی بۆ بودجەی حزبەکان دیاریکراوە، پێویستە وەزیری دارایی بەڕاستی وەڵام بداتەوە کە تاوەکو یاسای بودجەی حزبەکان لە پەرلەمان دەردەچێت، ئێمە بزانین لەسەر چ پێوەرێك ئەم بودجەیە ئەدرێت بە حزب و ڕێکخراوەکان، وە ئایا ڕێکخراوەکان ئەوانەی سیاسین ئەیانگرێتەوە یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی؟، دەربارەی سەلاحیاتی وەزیر کە (250)ملیۆن دینار سەلاحیاتی بۆ دانراوە، بەڕاستی ئەم سەلاحیاتەی کە بۆی هەیە بۆ هەر حاڵەتێك و تەخویلی سەرۆکی دائیرەکانی تابعی وەزارەت ئەکات بە سەرف کردنی ئەوەی کە لە (100) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، ئەمە بەڕاستی ئەو سەلاحیەتە ڕەهایەی کە دراوە بە وەزیر پێویستە عقود لەڕێگای تەندەرەوە ببێت، بەڕاستی سەلاحیەتی وەزیر دیاریکراو بێت، چونکە زۆر سەفەر ئەکرێت بۆ دەرەوە بەبیانووی ئەوەی کە ئەو عقودانە تەواو ئەکرێن، بۆیە بەیەکجار تەواو بکرێن لەڕێگای تەندەریشەوە بێت، چونکە پارەیەکی زۆر سەرف ئەکرێت بەناوی ئەو سەفەرانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە تەسەلسولی ناوەکاندا من وای بەباشتر ئەزانم کە ناوەکان بخوێنرێتەوە تا هەریەکەو لە ئێمە بزانێ کەی سەرەی دێت و لەپێش کێ و لەدوایی کێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە فراکسیۆنی خۆتان تەقدیمی کردووە، هەموو فراکسیۆنەکان و کوتلەکان ناوەکانیان پێشکەش کردووە، بەو تەسەلسولەی کە بەڕێزتان بە ئێمەتان داوە ئێمە دەڕۆین، بەڵام ئێمە تەوزیعمان کردووە، لیستی کوردستانی (4) گۆڕان (2) پاشان ئەوانی تر، دوایی ئەوانەی کە ژمارەیان کەمە زوو تەواو ئەبن کە وەختیان تەواو بوو ئەوکاتە ئەمێنێتەوە گۆڕان و لیستی کوردستانی، دوایی گۆڕانیش تەواو ئەبێت تەنها کوردستانی ئەمێنێتەوە، زۆر بە عەدالەت تەوزیعمان کردووە، تکایە وەرنەوە سەر مەوزوعەکە، خاتوو بەفرین، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا نامەوێت بچمەوە سەر ئەو خاڵانەی کە بەڕێزانی پێش من باسیان کرد، ئەوەی کە ئەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، قسە کردنە لەسەر بەشێکی گرنگی ئەم کۆمەڵگایە، ئەویش ناوچەکانی دەرەوەی شارەکانە، بەڕاستی قەزاو ناحیەکان و تەنانەت گوندەکانیش کە ئێمە هەمیشە لە گوفتار و قسەکانمان و وتارەکانمان ئەوە دووپات دەکەینەوە، کە ڕۆڵی دانیشتوانی ئەو ناوچانەمان بەرز نرخاندووە لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، بێگومان هەر ئەوانیش بوون، هەر پاڵپشتی ئەوان بوو، هەر خەمخۆری ئەوان بوو، بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان توانی بگاتە ئەم قۆناغەی کە ئێمە خۆمان لە خاوەنداریێتی پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی خۆماڵیدا دەبینینەوە، بۆیە جێگای خۆیەتی تا دوێنێ ئەوان پێشەنگ بوون لە خزمەت کردندا ئەمڕۆش پێشەنگ بن لەوەیە کە خزمەتی زیاتریان پێبگەیەندرێت، بێگومان ئەهەمیەتی ئەوان هیچ لە هی شارە گەورەکان و سەنتەری شارەکان کەمتر نیە، پێویستە ئەولەویاتی بدرێتێ، کە خزمەتی زیاتر بەو ناوچانە کرا بێگومان خەڵکانی دەرەوەش کۆچەکانیان کەمتر دەکەنەوە بۆناو شارەکان، بەمەش ئەزمەی سەکەن کەم دەکات، لەلایەکی تریشەوە گرنگیدانە بە بواری کشتوکاڵی ئەو ناوچانەی کەوا گرنگی بە سامانی ئاژەڵی دەدەن، ئەمەش بۆخۆی دەوڵەمەند بوونی ژێرخانی ئابوورییە، جا بۆیە من ئەمەوێت لێرەوە بڵێم کە ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە پاداشتی خزمەتەکانی ئەوان بدرێتەوەو بەمافەکانی خۆیان شاد بن و خزمەتی زیاتر بەم کوردستانە بگەیەنن، خاڵێکی تریش کە ئەمەوێت قسەی لەسەر بکەم زیاد کردنی ژمارەی قوتابخانەکانە هەر لەو ناوچانەی کە ئاماژەم پێکرد، لە قەزاو ناحیەکان و گوندەکان، بەڕاستی هەرێمی کوردستان و سەرجەم قوتابخانەکانمان بەدەست زۆری ژمارەی خوێندکاران و سێ دەوامییەوە دەناڵێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە حکومەت دەبێت کار بۆ ئەوە بکات بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پڕۆژەی بودجە هەموو ساڵێك لەکاتی خۆیدا لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمەوە بگاتە پەرلەمان، ئەبێت حکومەتیش کار بۆ ئەوە بکات کە لەکاتی خۆیدا بیگەیەنێتە پەرلەمان، دەربارەی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، لە ڕاپۆرتەکەدا بەڕاستی لەیەکەم لاپەڕەدا کە ئاماژەی پێدرابوو لە ئاسایشی سلێمانی و هەولێر هەروەها دیوانی چاودێری هەولێر وسلێمانی بەڕوونی جیاکراونەتەوە، کە ئەمەش بەڕاستی مۆرکی دوو ئیدارەیی پێوە دیارە، دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێت کە ئەوە لابرێت و یەك ئاسایش و یەك دیوانی چاودێری دارایی بنووسرێت لە پڕۆژەکاندا، دەستخۆشی لە پێشنیارەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم، کە دەڵێت بودجەی وەبەرهێنان پێویستە ئاراستەی ئەو پرۆژانە بکرێت کە رۆڵی سەرەکی دەبێت، لە بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری و پێکهێنانی سەرمایەی ماددی وکەم کردنەوەی برِی ئاراستە کراو، بۆ ئەو پرۆژانەی کە بەرژەوەندی کەسی و گروپی تایبەتمەند دەپارێزێت دوور لە بەرژەوەندی گشتی، بۆیە پشتگیری لەو پێشنیارەیان دەکەم، دەربارەی منحەی زیندانیانی سیاسی بەڕاستی کە (390)هەزار وەکو منحە دەدرێت بەزیندانیانی سیاسی من پێم باشە کە ئەوە چاك بکرێت، بەپێیی یاسای دەستەی زیندانیانی سیاسی، چونکە لە بەغداد (500) هەزار دینارە، نازانم ئەو (110) هەزارە بۆچی لە زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان براوە؟، دەربارەی ڕاپۆرتی لیژنەکان، لیژنەی دارایی ئیشارەتی بەو گفتوگۆیانە نەداوە کە لەناو لیژنەکاندا هاتووە، بۆ نموونە ئێمە لە لیژنەی ماڤ مرۆڤ بە تێکڕای ئەندامان باسی ئەوەمان کرد کە ناوی پێشمەرگە بمێنێتەوە لەجیاتی ناوی زێرەڤانی، دەربارەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان بەڕاستی دەبینرێت کە ئەو پرۆژە پێشنیارکراوانەی ساڵی 2010 زۆر بەیەکسانی بەسەر شوێنەکاندا دابەش نەکراوە، بۆ نموونە من خەڵکی شاری ڕەواندوزم، بەڕاستی دوو پرۆژەی زۆر بچووك بۆ شاری ڕەواندوز تەرخانکراوە، لەگەڵ ئەوەش کە شاری ڕەواندوز شارێکە ئێستاکراوەتەوە بە قەزاو پێویستی بە زۆر پرۆژە هەیە، بۆ ئەوەی گەشەی پێبدرێت وپەرەی پێ بدرێت، زۆربەی دەوائیرەکانی لەخانووی کرێدان، کە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرابایە، بەڕاستی دەبیندرێت لە پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا کە پرۆژەی پیشەسازی وای تێدا نیە کە کەرتی پیشەسازی لە کوردستان ببوژێنێتەوە، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت کە (120)کارگە لە هەرێمی کوردستان داخراوە، کار بۆ ئەوە نەکراوە پلانێك لەلایەن حکومەتەوە نیە، بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەو کارگانە، کەبێگومان دەبێتە هۆکارێك کە گەشە بە کەرتی پیشەسازی بدات لە هەرێمی کوردستاندا، پرۆژە گەشتوگوزارییەکان بەڕاستی وەکو دەبیندرێت من لەو ناوچەیەی کە لێی دەژیم شوێنێکی گەشتوگوزارە هەر چوار قەزای( ڕەواندوز، سۆران، مێرگەسوور، چۆمان)شوێنێکی گەشتوگوزارین نابینین یەك پرۆژەی گەشتوگوزاری لەو شوێنانەدا هەبێت، بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە هەموو کوردستان ولەو ناوچانەدا بەتایبەتی، پرۆژەی کشتوکاڵی بەڕاستی هیچ پرۆژەیەکی وای تێدا نیە، بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتووکاڵی تەنها گرنگی دراوە بە پرۆژەی سەرچاوەکانی ئاو، ئەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، چونکە بەڕاستی حکومەت بڕیاری ئەوەی دابوو کە ئەو

پێنج ساڵە ساڵی بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ بێت لە کوردستان، بۆیە دەبوایە زیاتر گرنگی بەولایەنە بدرایە، لەناو پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا بەڕاستی دروستکردنی قوتابخانەی(شوەیفات) لە (دهۆك و سلێمانی) من نازانم بەڕاستی قوتابخانەی شوەیفات سەر بەکەرتی تایبەتە پێویست ناکات حکومەتی هەرێم بودجەی خۆی بۆ تەرخان بکات، هەمووشی بۆ ئەو قوتابیانەیە کە بە ئیمکانیەتن وهەر قوتابیەکیش ساڵی (5) هەزار دۆلار دەدات بۆ ئەوەی لەو قوتابخانانەدا بخوێنێت، هەمووی کوڕی بەرپرسەو کوڕی ئەو کەسانەیە کە بەئیمکانیەتن، بۆیە پێویست ناکات لە بودجەی هەرێم پارە بۆ ئەوە تەرخان بکرێت، هیچ پڕۆژەیەکی بەڕاستی تێدا نیە بۆ چاکسازییەکان یان بۆ ئەو شوێنانەی تر، بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانی دهۆکمان کرد، چاکسازییەکانی منداڵان وژنانمان بینی، کە زۆر زۆر خراپن، هەولێریش بەهەمان شێوە، سلێمانیش بەهەمان شێوە، پێویست بوو ئەو پارەی کە تەخصیص ئەکرا بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەو چاکسازییانەی تێدا بوایە، بۆ داڵدەدانی ئافرەتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فازڵ حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر لەسەرەتاوە پڕۆژە یاسای بودجە کەموکوڕیەکی زۆری تێدا هەبوو، بەڵام دیارە بە هەوڵ و هیمەتی هەموو لیژنەکان توانرا بەهۆی ئەو پێشنیارو تێبینی وسەرنجانەی خۆیان لایەنێکی زۆری کەموکوڕییەکان پڕ بکەنەوە کە لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریدا هاتووە، کە نزیکەی (80) پێشنیارو تێبینی وپرسیارو لەو بابەتانەیە، بەشی هەرە زۆری تەنها ( 4 -5 )ی نەبێ کە نووسراوە پەسەند نیە، ئەمە زۆر باشە، بەڵام ئەوەی کە ڕاپۆرتەکەی هەبێت لە لاپەڕەی (9) کە لیژنەی کشتوکاڵی پێشنیارێکیان کردووە سەبارەت بە تەرخانکردنی بڕە پارەیەك بۆ تەسویە، دیارە مەسەلەی تەملیك لە تەسویەدا گرنگترە، یەعنی پێویست بوو بڕە پارەیەکیش بۆ تەملیك کردن، تاپۆکردنی زەوی لەسەر جوتیارەکان، کە ئەمە بەڕاستی موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە ئێستا، یەکێکیان: لەبەرئەوەی کە یاسایەکە هەرچەندە لە خولی دووەمی پەرلەمانیش دەرچووە، بەڵام زۆر لەسەرخۆو بەهێواشی دەڕواتە پێش، بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە وەزارەتی کشتوکاڵ موبەرڕیریان ئەوەیە کە پارەیان لەبەردەرست نیە، هەرچەندە دیارە عەرقەلەی شتی تریش هەیە، چونکە بەشێك لەو جوتیارانەی کە موراجەعەیان کردووە پێیان وتوون، بەتایبەتی لەم یەك، دوو مانگەی دوایی کە بڕیارەکە بۆ ماوەیەکی کاتی وەستێنراوە، نازانین ئەمەش چی بەسەر دێت، دووەمیان: سەبارەت بە مەسەلەی باربوو، بەخشین ، سوودە کۆمەڵایەتیەکان و خەرجیەکانی تر لە بودجەکە، بەراستی ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە لە 21٪ لەکاتێکدا کە کورتهێنان لە بودجەدا هەیە، لە ڕاپۆرتەکەدا لە تێبینیەکان بۆ زیاد کردنی چەند ماددەیەك لە کۆتاییدا، کە پێشنیاری زیاد کردنی (5) ماددەیان کردبوو، دیارە مەسەلەی ماددەی(1 و2) تا ڕادەیەك موناسبە، بەڵام (3و4و5) هیچ

پەیوەندییەکی بەمەسەلەی یاسای بودجەوە نیە، بۆیە هیوادارم ئەوە چاوێکی پێدا بخشێننەوە کە زیادکردنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئارام شاهین، فەرموو.

**بەڕێز ئارام شاهین داود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی سەرۆك قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای دەستخۆشیم لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، داواکارم ئەو پێشنیارو بۆچوونانەی کەوا خراونەتە ڕوو بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی پڕۆژەکە، لەلایەن وەزارەتی دارایی و پلاندانانەوە، ئەوەی کە گونجاوە لەڕووی داراییەوە لەبەرچاو بگیرێت و جێگای بکرێتەوە، من چەند خاڵێك هەیە دەمەوێت باسیان بکەم، لە پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی کەخراونەتە ناو ڕاپۆرتی لیژنەی داراییەوە لە خاڵی دووەم کە باس لە گواستنەوەی بڕی داهاتی نەوت و غاز دەکەن بۆ پارێزگای مونتج، ئەوەی بەرامبەری نووسراوە کە ئەمە پەسەند نیە، من حەزم لێیە ئەوە ڕوون بکەمەوە کاتێك کە ئەم پڕۆژەی بودجە هاتە پەرلەمانی کوردستانەوە زووتر بوو لە دەرچوونی پڕۆژەی بودجەی حکومەتی عێراقی، کە لە حکومەتی عێراقی دەرچوو لە مادده (42)ی پڕۆژەی بودجەی حکومەتی عێراقی باسی لەوە کردووە کە هەر پارێزگایەکی مونتجی نەوت و غاز دۆلارێکی لە هەر بەرمیلێك بۆ دەخرێتە سەر بودجەی ئەم پارێزگایە، کاتێك بەڕێز وەزیری دارایی وبریکارە بەڕێزەکەی لە لیژنەمان ئامادە بوون ئەم خاڵەمان خستە بەردەستی زۆر پشتگیرییان کرد وزۆریشیان پێ باش بوو، موبەڕیریشیان ئەوە بوو کە ئەوان پێشتر ئەم پڕۆژەیان ناردووە، بۆیە داواکارم ئەم خاڵە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، چونکە ئەو پارێزگایانەی کەوا بەرهەم هێنی نەوت و غازن ئەمان پێویستیان بە خزمەتگوزاری زیاترە، لەڕووی ژینگەشەوە تەئسیرات زیاتر لەسەر ئەو ناوچەیە دەکات، بۆیە ئەم خاڵە لە پڕۆژەی عێراقی ئەمساڵ جێبەجێ کرا، کوردستانیش نەوت و غازی هەناردە کرد، با ئەم دۆلارە بگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو پارێزگایەی کە بەرهەمهێنی نەوت و غازەکەیە، چەند خاڵێکی تریشم هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی تێیدا هاتووە بە پشت بەستن بە ماددەی (83)لە پەیڕەوی ناوخۆ کە باس لە زیاد کردنی هەر بابێك بکەین پێویستە شوێنی بۆ ببینینەوە، بۆیە بەڕاستی من پشتگیری لە زیاد کردن و یەکسانی کردنی سولفەی عەقاری دەکەم، لەنێوان پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا، بەراستی ئەوەندەی کە گرنگە سولفەکە زیاد بکرێت من لەگەڵ ئەوەشدام کە یەکسانی هەبێت، کە ئێستا

دەیبینین لە حکومەتی هەرێم ئەو سولفەیەی کە دەدرێت فەرقی هەیە لە پارێزگا لەگەڵ قەزاو ناحیەکان، من پێم وایە هیچ جیاوازییەك نیە لە نرخی مەوادەکاندا، بەڵکو لە شارۆچکەکان گرانترە وەك لە پارێزگاکان، چونکە ئەو مەوادانە بۆیە لە شارۆچکەکان گرانترە چونکە لە پارێزگاکانەوە دێت، بۆیە ناکرێ ئەم سولفەیە کەمتر بێت، بەڵکو ئەبێت برەکە هەرچەند بێت بەیەکسانی بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆچەی کە ئێستا لە لادێکانەوە ئەکرێت بۆ شارەکان پێچەوانە بکەینەوە، ئێمە باس لە گرنگی دان بە لادێکان دەکەین، بەڕاستی پێویستە حکومەتی هەرێم ئالیەتێك ببینێتەوە بۆ دابین کردن و پێدانی سولفەی عەقاری بەلادێکانیش بەگوێرەی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی کەوا پێیان باشە، کە پێم وایە ئەمە سوودێکی گەورە دەبێت بۆ ڕێگرتن لە مەسەلەی کۆچ، لە دەقی ڕاپۆرتی بەڕێزان لە لیژنەی دارایی باسی ئەوە کراوە کە ئەو پڕۆژەی کە تەرخان کراوە بۆ کەس و لایەنەکان کەم بکرێتەوە، من دەڵێم وشەی کەم دەکرێتەوە بگۆڕدرێت بۆ وشەی لابدرێت، نەك وشەی کەم بکرێتەوە، ئەگەر هەر پڕۆژەیەکی تیایە بۆ کەس وپارت و حزبی دیاریکراو تەرخان کراوە، بەڕاستی لابدرێت نەك کەم بکرێتەوە، لەگەڵ ڕوون کردنەوەی هەندێك پڕۆژە کە بەناوی کەس و گروپ هاتووە، بەڵام هەندێکیان ئەگەر بکرێت دوایی بۆمان ڕوون بکەنەوە بەڕێزان وەزیری پلاندانان ئەوەی بەدواداچوونمان بۆ کردووە ناوەکە بەشێوەیەکە، بەڵام ڕاست نیە، بۆ نموونە تەرخان کردنی پارەیەك بۆ دروست کردنی زێرابی صندوقی بۆ بارەگای سەرۆك کۆمار کە بەدواداچوون دەکرێت بۆ ئەم بابەتە، بەڕاستی ئەو پارەیە بۆ (120) خانووە لەو ناوچەیە هەیە تەنها بەبەردەم ئەوێدا دەڕوات، ئەمەمان بۆ ڕوون بکرێتەوە، ئەگەر بۆ بینای سەرۆك کۆمارە ئەوە بەڕاستی با لابردرێت و بەو شێوەیە ناوی نەیەت لە پڕۆژەکەدا، پرسیارێکی ترم هەیە، هەندێك پرۆژە هەیە چەند ساڵێك کاری تێدا کراوە یان ساڵێك کاری تێدا دەکرێت و بەشێکیشی تەواو بووە، بەڵام ئەم پڕۆژەیە هەر ئاوا بەجێ هێڵدراوە، بۆ نموونە ئەگەر من باسی شاری کۆیە بکەم مەلەوانگەی تێدایە، تونیلی تێدایە، جادەی سەرەکی خەتی سەریعی تێدایە، کە کارێکی زۆر زۆری تێدا کراوە، دەتوانم بڵێم لە 40٪ تا 50٪ی کارەکەی کراوە و تەواو بووە، بەڵام ئێستا لە پڕۆژە بەردەوامەکاندا ناوی نەهاتووە، ئایا ئەم پڕۆژانە کەی پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت و کەی تەواو دەکرێن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، عەبدوڵای مەلا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره من بۆ ئەمرۆ نزیکەی لە 80٪ی قسەکانم واز لێ ئەهێنم بەئومێدی ئەوەی کە لە دانیشتنەکانی تردا دەرفەتی ئەوە هەبێت کە تەواوی قسەکانم بکەم، لەڕاستیدا قسەکانی من هەمووی لەبەر دوو هۆکاری سەرەکیە، یەکەمیان: وا هەست ئەکەم لە بودجەی ئەمساڵدا کە ئومێدەواریشم وا نەبێت، بۆیە گومان دەکەم پلانێکی ئیستراتیژی هەبووبێت بۆ ئەوەی بتواندرێت سوود لە دینار بەدیناری ئەو بودجەیە ببیندرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕاپۆرتەکە موناقەشە بکە، واز لە قسەی تر بێنە، بۆیە تکا لە هەمووشتان دەکەم کەوا تەنها موناقەشەی ڕاپۆرتەکە بکەن، بزانن نەواقصی هەیە، چارەسەری بکەن، بەڵام مەیبەنە بارێکی تر کە تەرەفێکی پێ ئیتیهام بکەن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانیشم کە ئەیکەم وا هەستەکەم لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا نەهاتووە، ئەگەر بهاتایە بەدڵنیاییەوە تەنها قسەیەکم نەئەکرد، ئومێدیش دەکەم لە نەتیجەدا وەڵامی وەربگرمەوە، یەکەم: بودجەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، تەبعەن ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان تا ئێستا نازانین و نەمان بینیوە، بۆیە پێویستی دەکرد ئێمە بمانزانیایە ئەو بودجەیە چەندە؟، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێنەدراوە، لەڕاستیدا پێویستی دەکرد لە لیژنەکان یاخود بەلانی کەمی لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێبدرایە کە ئەو بڕە پارەی بۆ سەرۆکایەتی تەرخانکراوە چەندە؟، بودجەیەکی تر بۆ سەرۆکایەتی قەزا دانراوە، ئێمە ئەوەشمان نەبینیوە، خوێندنەوەشی بۆ نەکراوە کە هاتە ئێرە، ئەوە جێگای تێبینی و سەرنجە، ئەبوایە قسە لەسەر ئەو مەوزوعانەش بکرایە، قسەکانیشم بە دڵنیاییەوە زۆر چڕ دەکەمەوە، قسە لەسەر قوتابخانەی شوەیفاتە، بەڕاستی سەرنجتان بۆ یەك شت ڕابکێشم هەموو شتەکان بیرکارییە، شتی مەنتقین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاراس نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عەبدوڵڵا ئەوەی باسی کرد، لەناو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لەبەردەمیدایە، لەوانەیە نەیخوێندبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کەس لە جێگای خۆیەوە قسە نەکات، فەرموو کاك عەبدوڵڵا.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ڕاپۆرتەکەی من هەندێك هەڵەی تێدایە ئیحتیمال هەیە لەوەی مندا نەهاتبێ، فوتابخانەی شوەیفات کە لە دهۆك دروست ئەکرێت، دیارە من لەگەڵ ئەوەدام کە چەند بکرێت پارە تەرخان بکرێت بۆ پێشخستنی پلانی پەروەردەیی و بۆ پێشخستنی بواری پەروەردەیی، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، بەڵام وەکو ئەو برادەرانە ئاماژەیان پێدا باسی ئەو بڕە پارەیان نەکرد کە تەرخان کراوە بۆ ئەو فوتابخانەیە، کە بڕەکەی (36)ملیار دینارە بۆ فوتابخانەیەکە کە کەرتی تایبەتە، کەرتی تایبەتیش لەڕاستیدا بۆ ئەوەیە کە قورسایی دارایی لەسەر حکومەت نەهێڵێت، ئەگەر تۆ پارەی بۆ تەرخان بکەی کەوابوو حیکمەتی ئەو پرۆژانە نامێنێ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی منە، ئەو (36)ملیار دینارەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەو پرۆژەیە یەکسانە بەو سێ زانکۆیەی کە بۆ (گەرمیان، هەڵەبجە، ڕانیە) دروست ئەکرێت، بۆ هەر یەکێك لەو زانکۆیانە (12)ملیار دینار دیاریکراوە، وەرە پارەی سێ زانکۆ یەکسان بێت بە پارەی فوتابخانەیەك کە ئەهلیە، ئایا ئەمە ئەکرێت بڵێین حکومەت خزمەت بەو ناوچانە ئەکات؟، ئومێد دەکەم پێداچوونەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بکرێت، بەهەمان شێوە فوتابخانەیەکی تری لەو شێوە لەناو هەولێردا کراوە، بۆ کەرتی تایبەت ئەو بڕە پارە بڕوات بەڕاستی من وای نابینم کە ئەمە ناوی لێ بنرێت کەرتی تایبەت، لەمیانی خوێندنەوەم لە پرۆژە بەردەوامەکاندا من بۆ خۆم لەڕاستیدا هەوڵمدا زوو دەستم بکەوتێت و خوێندمەوە، هەندێ کەموکورتی هەیە و ئەیبینم بە ئومێدی ئەوەی چارەسەر بکرێن، بە ئومێدی ئەوەی لابدرێن ئەگەر خەلەلێکی تێدایە، ئەگەر تێشیدا نیە ئەوە جێگای دەستخۆشیەو دەستخۆشیان لێ دەکەین، یەك: لەو خەلەلانەی کە هەست دەکەم بڕێکی زۆر پارە تەرخان کراوە بۆ یاریگای شەعب، بڕەکەی (4)ملیارو (800) ملیۆن و فسورە، لە بەغداد، یاریگای شەعب من نازانم ئێمە پارە لە حکومەتی عێراقەوە وەر ئەگرین، حکومەتی عێراقی لەهەموو ڕوویەکەوە لەڕووی داراییەوە لە ئێمە زۆر زۆر وەزعیان باشترە، ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، حکومەتەکانی دونیا، دەوڵەتە عەرەبیەکان ئەو پەڕی هاوکارییان دەکەن، تەنها وەکو حکومەتی خۆمان باسی ئەکات داهاتی کوردستان بریتیە لەو تەمویلەی کە لە عێراقەوە دێت، ئایا ئەکرێ ئێمە لەو بڕە داهاتەی کە لە بەغدادەوە دێت بەشی ئەوان بدەینەوە لەکاتێکدا ئێمە خۆمان دونیایەك کێشەمان هەیە، حەز دەکەم سەرنجتان بۆ یەك شت رابکێشم ئەو بڕە پارەی کە تەرخانکراوە بۆ یاریگای شەعب چوار هێندەی ئەو بڕە پارەیە کە تەرخانکراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگای دووەمی هەولێر، وەرە تۆ لەناو شارەکەی خۆتدا دونیایەك کێشەی وەرزشیت هەیە، کێشەی لاوانت هەیە، من قەصدم ئەوەیە کە لەهەمان کاتدا دوو یاریگا نۆژەن ئەکرێتەوە یەکێکیان لە هەولێرە ئەوی تریان لە بەغدادە، ئەو بڕەی بۆ بەغداد تەرخانکراوە چوار هێندەی ئەوەیە کە لە هەولێر نۆژەن ئەکرێتەوە، ئایا ئەمە خزمەتە بە باری وەرزشی؟، هیوادارم وەڵامم بدەنەوە، لەڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا باسی ئەوە کراوە کە بڕێك داهات تەرخانکراوە بۆ حزب و ڕێکخراوەکان بۆ پەرەپێدان بەبورای دیموکراسی و ئەو شتانە، سەرنجی من لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەوەیە، باسی هەندێك شت نەکراوە کەلە ناو ڕاپۆرتەکەدا وجودی هەیە، کاك گۆران ئازاد ئاماژەی بەهەندێ شت کرد، بەڵام ئاماژەی بەهەندێکی تری

نـەكرد، هەنـدێ پـارە تـەرخانكراوە بـۆ مەڵبەنـدی خانـەقین مەبلـەغێكی زۆرە كـە بـڕوا بكـەن چـەند قوتابخانەیـەكی پـێ دروسـت ئـەكرێت، هەنـدێ پـارە تـەرخان كـراوە بـۆ لقـی هـەولێر كـە ئـەویش هەنـدێ قوتابخانەی پێ ئەكرێت، (15)ملیۆن دۆلار تەرخان كراوە بۆ سەری بڵند، دیارە ئێمە پێمان خۆشە بست بە بستی ئەم وڵاتە ئاوەدان بكرێتەوە، جوان بكرێت، بڕازێندرێتەوە، بەڵام (15)ملیـۆن دۆلار تـەرخانكراوە بـۆ سەری بڵنـد، ئێمـە لـە گـەرمیان دەیـان كێشـەمان هەیـە، بـا وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە وەربگـرین، بڕێكـی زۆر تەرخانكراوە بۆ قەلاچوالان، ئەوەی جێگای سەرنج و تیبـینی منـە، هۆڵـی شـەهید سـەعد عبـدالله هەیـە لـە هـەولێر كـە مەبلـەغێكی زۆر تـەرخانكراوە بـۆ دووبـارە دروسـت كردنـەوەی باخچـەكانی ، مـن نـازانم كـە باخچەی بۆ دروست كرابێ كەی پێویست دەكات تۆ باخچـەی تـری بـۆ دروسـت بكـەی، تـەنها ئـەو پـارە بـەو عینوانەی كە لەناو پڕۆژەی بودجەدا هاتووە عینوانەكەی یان هەڵەیە یان نەئەبو وابوایە، چونكە وەكو وتم ئەولەویەت بۆ هەندێ پڕۆژەیە كە ڕێگاو بانە، قوتابخانەیە، نەخۆشخانەیە، دەیان كێشەی تـرە كـە هەمانـە، حەق نیە كە باخچەیەك هەبێ تـۆ دووبـارە قسـە لەسـەر دروسـت كردنـەوەی بكـەی، ئـەكرێ ئەمـە بخرێتـە چەند ساڵێكی ترەوە، بەڕێز وەزیری كارەبا ئەڵێت ئێمە بڕی (1) تریلۆن دینار و قسورمان داوا كردووە، بۆ سـووتەمەنی بـۆ وێسـتگەكانی كارەبـا لـە كوردسـتاندا، كـە خراوەتـە سـەر بودجـەی وەزارەتـی سـامانە سروشتیەكان، بەڵام بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان ئەڵێت نەخێر ئەو بڕە پارە ئەوەنـدە نیـە، ئـەڵێت كەمتر لە نیوەی ئەو بڕە پارەیە، یەعنی كەوابێ ئێمە هەست ئەكەین كە نزیكـەی(600)ملیـار دینـار لـەناو بودجەدا دیار نیە، ئومێد دەكەم بەڕێزان وەزیری دارایی وبەڕێزانی تر وەڵام بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەمیرە خان، فەرموو.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تـەرخانكردنی گوژمـەی (150)ملیـار دینـار بـۆ هەڵمـەتی دروسـت كردنـی قوتابخانـەكان لـە هـەرێمی كوردستاندا، ئەو بڕە پارەیە زۆر چاكە، بەڵام هیوادارم دروستكردنی ئەو قوتابخانانە لەسەر پارێزگاو شارو شارۆچكەو لادێكان بە یەكسانی بێت، چونكە قوتابخانەی سێ دەوامـی هەیـە، نـەك نموونـەیی بێـت، یـەعنی نموزەجی نەبێت و بۆ هەموویان بەیەك چاو سەیر بكرێت، خاڵی دووەم: ژمـارەی میلاكـات بـۆ دامەزرانـدن بۆ ساڵی 2010 بەڕێژەیەكی كەم زیـادی كـردووە، كـە بریتیـە لـە (1 و 54٪)ئـەم ژمارەیـەش دەبێـت ڕێـك بخرێت، بەرەچاوكردنی پێویستی و فائیزو خانەنشینی و گواستنەوە، وازهێنان و تەنسیب، هیوادارم ئەوەش جێبەجێ بكرێت، خاڵی سێیەم: بەنیسبەت پێشینەی عەقارات من لەگەڵ ئەوەدام كە زیـاد كردنـی سـولفەی عەقاری بـۆ دابـین كردنـی زەوی نیشـتەجێبوون لـەلای حكومـەت لەسـەر بودجـەی 2010، چـونكە لەسـەر صندوقی نیشتەجێبوون نەك تـەنها لـەڕێگای كـەرتی تایبەتـەوە، لـەم بارەیـەوە ئـەزموونی زۆرمـان هەیـە، پێشـینەی عـەقارات بكرێـت بـە(20) ملیـۆن دینـار بـۆ (200)مـەتر زەوی و (10)ملیـۆنیش بـۆ زەوی

(100)مەتری، چونکە واقعی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە کە خەڵکێکی فەقیر و هەژارن و ناتوانن زەوی (200)مەتری بکڕن و بیکەن بە خانوو هەر هەمووی، خاڵی ترم هەیە، بۆ دروست کردنی هاوسەنگی لەنێوان داهات و خەرجی لەڕێگای هاندانی کەرتەکانەوە هەموو جۆرێکی بۆ کەم کردنەوەی بارقورسی لەسەر بودجە، گرنگیدان بە کەرتی تایبەت، هەروەها دیاری کردنی پرۆژەکان جۆر و کات و مەبەستیان و خەرجییان، بەپێی ژمارەی دانیشتوان و پێویستیان و زیان لێکەوتنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک سەمیر سەلیم، فەرموو.

**بەڕێز سەمیر سەلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە ئەندامی لیژنەی داراییم، بەپێویستی دەزانم قسەیەك لەسەر شێوازی نووسینی ڕاپۆرتەکە بکەم، چونکە شێوازی نووسینەکەی هەندێ ئەشکالی لەسەرە، یەکەم: ڕاپۆرتەکە لە ڕاستیدا ئەگەر بڵێم تەعبیرە لە ئینتیباعی دکتۆر ئاراس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تەنها موناقەشەی ڕاپۆرتەکە بکە، بزانە باشە، خراپە، چی تیایە، ئەم راپۆرتەش کە هاتووە واژووی زۆرینەی ئەندامانی لەسەرە، تکایە بۆ ئەوەی ئیشەکان زۆر بەڕێکی بڕوات زۆر بەمیانی موناقەشەی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەمیر سەلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلیژنەکە ئەیانووت هەر شتێکتان هەیە هەڵی بگرن بۆ هۆڵی کۆبوونەوە، لێرەش ئەوەتا ئەیبینی، بۆیە ئەبێ حسابێکی بۆ بکەین، بەهەرحاڵ دێمە سەر ڕاپۆرتەکە لەبەر کات، پێم باشە مەوزوعی بودجە، کە لە ڕاپۆرتەکەدا مەتروحە، لەڕاستیدا هێندە سەیری ئەکەم بودجە، تەعبیرە لەپلانێك بۆ سەرفی سولفەیەك، نەك تەعبیر کردن بێت لەداڕشتنی بودجەیەك بۆ دەوڵەتێك، بۆ وڵاتێك، بۆ حوکمڕانیەك کە ئەبرێت بەڕێوە، من لە بودجەکە ئاماژە بەچەند شتێك دەکەم، یەکەم: ئامارو داتاو میعیار لە کردنی تەخصیصات و ئیراداتی ئەم وڵاتەی ئێمە دیار نیە؟، ئەوەی سولفەکەی بەغداد لە 17٪ی کە بەغداد دەیدات وازحەو هیچ پیاوەتیەکی تێدا نیە، چونکە بەغداد بە ئاشکرا ئیعلانی کردووە، ئاماژەی پێکردووە، دەبێ بۆ هەموان وازح بێت، بەڵام لێرەدا قسەی تر هەڵئەگرێت، دووەم: ئاساری دوو ئیدارەیی لە دیوانی چاودێریدا، لە ئاسایش، لەدەزگای مین تا ئێستا بە بودجەوە دیارە، سێیەم: بودجەی تەشغیلی، کە ئێمە هەموو جارێك گرفتی بودجەی تەشغیلی دێتە سەر فەرمانبەری هەژار حەز ئەکەم قسەی لەسەر بکەم، بۆیە حەز ئەکەم وردتر قسەی لەسەر بکەین، (7) تریلیۆن و 889 ملیارو 102 ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ بودجەی تەشغیلی، ئەم بودجەی تەشغیلیە (2) تریلیۆن 889 ملیار و102 ملیۆن دینار تەنها بە منح و ئیعانات و مەنافعی

کۆمەڵایەتی و مەسروفاتی تر ئەڕوات، هیچی ناچێتە شتی ترەوە، دووەم: لەو حاڵەتە (4) تریلیۆن و999 ملیارو 300 ملیۆن دینار بۆ مووچەخۆر دیاری کراوە، ئەم مووچەخۆرانە بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە بودجەکەدا هاتووە، ( 625849)فەرمانبەر هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، لەم ڕێژەیەدا (232471)کەسی بریتیە لە پۆلیس وپێشمەرگەو ئاسایش و زێرەڤانی، واتە ئەوەی کە ئەمێنێتەوە فەرمانبەرە لە دەوائیرەکانی حکومەت و موچەخۆرە، بریتیە لە (393378)فەرمانبەرمان هەیە، ئەمانە بۆ بواری موئەسەسەی عەسکەری با بڵێین بۆ بواری پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس (1) تریلیۆن و 628ملیار و700 ملیۆن دیناری بۆ دەچێت، کە دەکاتە لە 21٪ی بودجەی تەشغیلی، ئەوەی ئەمێنێتەوە بۆ فەرمانبەری فیعلی ولەگەڵ ئەو 700 هەزارەی کە دکتۆر بەرهەم ئاماژەی پێکرد، لەدەرەوەی ئەم 625 هەزارەی کە ئەڵێین ملیۆنیك و سێ سەد هەزار فەرمانبەرمان هەیە، ئەمێنێتەوە (3) تریلیۆن و370ملیار و 600 ملیۆن دینار، کە ئەمێنێتەوە بۆ مووچەخۆر، ئەم مەوزوعەو (3) تریلیۆنەکەش دابەش کراوە بەسەر ملیۆنێك و سێ سەد هەزار موچەخۆردا، (393) هەزاری فەرمانبەری دائیرەکانە، باقیەکەشی بۆ خانەنشینەکانە کە 700 هەزار و کەسرێك ئەکات، ئەم حاڵەتە بەبێ بوونی داتایەك لەسە ژمارەی خانەنشینان، لەسەر پلەی خانەنشینان، لەسەر هۆکاری خانەنشین کردنیان، لەسەر بە دەقیقی پلە بەندی کردنیان، هیچ ئامارێك نیە، ئەمە لە ڕاستیدا ستەمێکە لە فەرمانبەر دەکرێت، لەولاوە فەرمانبەر ئەناڵێنێت و داوای بودجە ئەکات، داوای زیادکردن و باش کردنی گوزەرانی خۆی ئەکات، ئێمەش ناچار ئەبین و تەنانەت حکومەتیش ناچار بووە، لە 10٪ی ئیستیقتاعات لەسەر پلە تایبەتەکان ببڕێت، کەمن پێم وایە ئەم لە 10٪یە لە بری ئەوە ببڕین کە هەستین سیستمی موچە کەئەمڕۆ باسی کراوە لە پڕۆژە یاسای بودجە، سیستمی چاودێرییەکی باش موراجەعەیەکی باشی بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرانە بەوردی حسابیان بۆ بکرێت، سێیەم: شتێکی تر کە حەز ئەکەم ئاماژەی پێبکەم، ئەو 393 هەزارە بەعزێك فەرمانبەری کەرتی تایبەتی تێدایە، من لەگەڵ بەڕێز وەزیری داراییش باسم کردووە وەك کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی، کورد تێل، کارەبا، کە ئەمانە هەمووی کەرتی تایبەتین، کەرتی تایبەت ئایا چۆن ئەبێت حکومەت موچە بدات بە فەرمانبەرانێك کە لەکەرتی تایبەتدا ئیش ئەکەن؟، ئێمە تەمویلی بکەین، ئێمە موچەی بدەین، بەڵام ئینتاجی بۆ کەرتی تایبەت بێت، یەکێکە لەو خەلەلانەی کە لە حاڵەتی تایبەتدا ئەبێت، خاڵێکی تر هەندێ دەزگای حکومی دەزگای حزبیان پێوە بەستراوەتەوە لەم بودجەیەدا، ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ بەو پێیەی کە ئەندامی لیژنەی ناوخۆشم، لەوێ لەگەڵ هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر دانیشتین،لەئاسایشی هەولێر بەراوردی ژمارەکەمان کرد، ئەو تەخصیصە مالییە کە کراوە بۆ ئاسایشی هەولێر لەگەڵ سلێمانیدا، زیادەیەك لە هەولێر هەیە، یەکێك لە بەڕێزانی ستاڤ ئاسایشی هەولێر وتی ئێمە بۆیە ژمارەکەمان زیاترە، تەخصیصە مالیەکەمان زیاترە، چونکە دەزگای پاراستن بەشێکە لەو تەمویلەی کە لە ناو ئاسایشدا کراوە، واتە بەدەرگایەکی تر هەڵ ئەستین بە تەغزیە کردنی حزب لەڕێگای دامودەزگای حکومیەوە، کەئەوەش خەلەلەو لەوێدا هەیە، مەسەلەی تەخصیصاتی تەقدیری ئیراداتی

هەرێم، بەڕێز وەزیری دارایی لەکۆبوونەوەی لیژنەی داراییدا فەرمووی ئێمە لەبەر ئیعتیباراتی سیاسی ناتوانین هەموو ئیراداتی داخلی ئاماژە پێ بدەین، لەبەر ئەوە کەسەیر ئەکەین بەپێیی دەستووری عێراقی لەماددەکانی (110، 114،115)دا بێجگە لەداهاتی گومرگ هەموو گومرگەکان زۆر بە شەفافانە ئەبێت ئاماژەیان پێبکرێت، ئاخر خاڵم مەسەلەی داهاتی نەوتە کە بەڕێز وەزیری دارایی خۆی لێ بێبەری کرد، وتی ئێمە ئاگامان لەو (5) ملیۆن دۆلارە نیە؟، کە کاك ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان ئاماژەی پێدا، وتی ئەوە لەناو بودجەکەدا نیە، مەبیعاتی نەوت نیە، بڕی داهاتی هەر پارێزگایەك کە بودجەی عێراقی ئیقراری کردووە تێیدا، کە ئەکاتە (3) ملیۆن دۆلار مانگانە بۆ هەرێم، ئەوەشی تێدا نیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر مولاحەزەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی دارایی لەوێ بوون، من قەت ئەو شتەم بەو شێوەیە نەوتووە، دیاریشە و ڕوونیشە بۆیان، ئیرادات، ئێمە ئێستاش ئەڵێین ئیرادات تەخمینیە، لە کۆتاییدا ئێمە شەرحی ئەکەین، کە ئەو ئیراداتە چۆنە؟، دیارە زۆرجار ئەڵێن ئیراداتی شارەوانی لەکوێیە، ئیراداتی کارەبا لەکوێیە؟، ئەوانە هەمووی مەوجودە، بەپێی تەعلیمات و ڕێنماییەکان، ئەو قسەیەش ئەگەر من کردوومە بەڕێزان لیژنەی دارایی ئامادەن با ئەوان شاهیدی بدەن لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەیەکی نیزامی کە بەپێیی ڕێڕەوی دانیشتنەکان، پێویستە جەنابت ڕێگا بە وەڵام دانەوە نەدەیت، وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری دارایی دوای قسەکانی ئێمە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە موداخەلەی هەبێت، بەڵام ئەویش لەبابی نیزامی بوو، ڕاوەستا تا قسەکانی کرد پاشان ئەو وەڵامی دایەوە، سۆزان یوسف، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان یوسف خوشابە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تەعلیقێکم نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك امیر گۆگه، فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی سوپاس بۆ لیژنا دارایی كو زەحمەتا كێشا، قسەكانم هاوكارانا من بەحس كرن و هاتنە كرن، تەنها ڤێ مابت لە بوارا پەروەردەیا، بڕاستی لە بوارا پەروەردەیا بوارەكی زۆر زۆر گرنگ هەیە، بەس مە ئەگەر سەیری ڕاپۆرتی لیژنا دارایی بكەین، لەم بودجەیا هیچ ئیهتیمام نەدایە بە بوارا پەروەردەیا، بەتایبەتی ئاڤا كرنا قوتابخانا، ئەڤ بزان جیهەكی مە من بۆ نموونە، لەجێهەكی وەك زاخۆ (28)قوتابخانا سێ شەفتینە، كە (75)هەزار تەلەبەنە، بەس لە قەزای زاخۆ، لە ڕاپۆرتا بودجەدا هیچ ئیشارەت نەهاتیە تاكو یەك قوتابخانە لە زاخۆ بێتە ئاڤا كرن، بۆ زانین تەنها لە زاخۆ، (48)قوتابخانە پێی ئیحتیاجە خالێكی تر، بەنیسبەت خزمەتكارا قوتابخانە، ئەڤ زانێت قوتابخانا مە لەگەلەك قوتابخانا نزیك (1000)قوتابی یان(1500)قوتابی هەنە، ڤان قوتابخانا بەهرە پتر ژخزمەتا وان نینە، پاڤژ كرنا ڤان قوتابخانا ژلایا قوتابی دێتە كرن، هێڤی دارم چارەك بۆ ڤان مەسەلا بێتە كرن، بۆ دەست نیشان كرنا یان دامەزراندنا خزمەتكارا بۆ ڤان قوتابخانا، وەهەروەسا هەندەك پرۆژا هاتینە دەست نیشان كرن، بەرێ بناغا هاتینە كرن، وەك نەخۆشخانا مەزن لە زاخۆ كە بنیاغا وی پار هەیڤا شەش هاتیە كرن، هەتا نوكە شتیش نەهاتیە كرن، حەتا لەڤ بودجەیەدا، بودجەی بۆ نەهاتیە تەرخانكرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پێویست ئەكات ئێمە لەسەر چەند بەشێك، یان زیاتر لەچەند بابەتێك قسە بكەین، كە ڕاپۆرتی بەڕێزان وەزارەتی دارایی و لیژنەی دارایی پەرلەمان و خودی بودجەكەشە، بۆیە من قسەكانم دابەشكردووە بەسەر سێ تەوەردا، یەكەمیان لەسەر ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووریە، سەرەتا بەڕێزیان هۆكاری دواكەوتنی بودجەی ئەمسالّیان هێناوەتەوە كە گەڕاندویانەتەوە بۆ ئەوەی كە درەنگ كەوتنی تەشكیل كردنی كابینەی شەشەمی حكومەتە، لەكاتێكدا كە پێشتر لەوەڵامی هەمان پرسیاری دواكەوتنی بودجەدا، پاساوی بەڕێزیان یان ئەو فاكتەرەی كە ئەیانهێنایەوە بۆ دواكەوتن، ئەیانوت ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، بۆیە پرسیارەكەم لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو فاكتەرە بە فیعلی وجودی هەبووە، یان هەر بۆ ئەو كاتە بووە؟، بۆ ئێستا لە ڕاپۆرتەكەیاندا وجودی نەماوە؟، خالێكی تر ئەو خاڵانەی كە هاتوونەتە سەری لە ڕاپۆرتەكەدا و لەڕوانگەی كاری حكومەتەوە ئیشارەتیان پێكردووە، لەخاڵی سێیەمدا ئەڵێن بۆ برەودان بە وەبەرهێنان ئەویش بە گرنگیدان بە بورای پەروەردەو خوێندنی باڵاو تەندروستی، بەڵام ئەگەر سەیری بودجەكە بكەین كە هێناویانە، تەندروستی لەكاتێكدا كە لە هەرێمی كوردستاندا لە

خراپترین ئاستدایە، لەبودجەی ئەمسالّدا لە پلەی نۆیەم هاتووە، لە ئەولەویاتی بودجەی حكومەتی هەرێمدا هاتووە، كە ئەمە لەگەلّ ڕاپۆرتەكەی ئەواندا یەكناگرێتەوە، ئەمە گرنگیدان نیە بەو بوارە، لەخالّی شەشەمدا كە ئیشارەتیان بەكاركردن بۆ دابین كردنی خانووی نیشتەجێبوون داوە، ئاماژەیان بە صندوقی نیشتەجێبوون داوە، كە هەموومان دەزانین ئەو پرۆژانەی كە صندوقی نیشتەجێبوون كردوویانە، كێشەی نیشتەجێبوونی چارەسەر نەكردووە، لەبەر ئەوەی ئەو صندوقی نیشتەجێبوونە هاوكاری زیاتری ئەو پرۆژانەی كردووە كە خاوەنی دەخلی مەحدوودن و ناتوانێ بەشداری تێدا بكات وناتوانێ شوقەیەك بە $(8)$دەفتەر بكرێت، هەرچەندە ئەگەر قیستەكەی بە $(2-3)$ سالّ بێت، كە ئەمەش دیسانەوە لەگەلّ بەرنامەی حكومەت ناگونجێت، ئەوەی لەخالّی حەوتەم لە ڕاپۆرتەكەیاندا وتوویانە، هەولّدان بۆ زیاتر پابەند بوونی دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم بە كۆكردنەوەی داهات، لەكاتێكدا كە لەناو بودجەدا داهاتی هەرێم، ئەمان باسیان لەداهاتی فیدرالّی وداهاتی هەرێمیش كردووە، كە ئەو دوو داهاتە، زۆر ناشەفافن و هیچ وازحیەتێكیان تێدا نیە، كەواتە چۆن كۆ ئەكرێتەوە؟، كە كۆش بكرێتەوە لە كوێدا كۆ ئەكرێتەوە؟، چی لێ ئەكرێت؟، لەكۆتایی ڕاپۆرتەكەیاندا هاتووە ئەلّێن حكومەتی هەرێم هیچ بەشدارییەكیان لە دانانی بودجەی عێراق نەبووە، تەنانەت دوای ئەوەی كەبودجەی هەرێم دیاری ئەكرێت، ئینجا ڕێگا ئەدرێت پێمان كە گفتوگۆ بكەین لەسەری، پرسیار لێرەدا بۆ بەرێز وەزیری دارایی ئەوەیە، ئایا ئەمە بەم شێوازەوە سیمای بودجەی تێدا دەر ئەكەوێت؟، ئایا ئەمە بودجەیە بۆ ئێمە دێت؟، یان سولفەیە بۆمان دێت؟ لە چ چوارچێوەیەكدا ئێوە مامەلّەی لەگەلّ دەكەن؟ سەبارەت بە ڕاپۆرتی بەرێزان لە لیژنەی دارایی كە لیژنەیەكی تایبەتمەندن و ئەوان تەمسیلی پەرلەمان دەكەن بۆ چاودێری كردنی بودجە لە ڕاستی دا كە تێكڕا و لە كۆی ڕاپۆرتەكە دەڕوانیت تێ دەگەی كە پێشنیار و ڕاسپاردە و دەست نیشان كردنی كەموكوڕیەكانیان سیفەیەكی جەوازی وەرگرتووە، نەك وجوبی، لە كاتێك دا دەبوایە ئەوان لە بەرامبەری ئەو هەموو كەموكوڕیەی كە خۆیان دەست نیشانیان كردووە، دەقی عیقابیان هەبووایە، ڕێگەیان دابنایە كە چۆن دووبارە نەبێتەوە، بۆ نموونە لە خالّێكیان دا كە باسیان كردووە، باس لە نایەكسانی نێوان بودجەی وەزارەتەكان دەكەن، داوا دەكات لە سالّی داهاتووەوە ئەم نایەكسانیە چارەسەر بكات كە ئێمە هاتووین بە پێچەوانەی ئەو بەندەی هەیە چۆلەكەی دەستمان كە بودجەی ئەمسالّە بەرەلاّمان كردووە و ئیشمان لەسەر چۆلەكەكانی سەر دارەكە كردووە، ئەوەی كە دیقەت دەدرێت بە شێوەیەكی گشتی لە ڕاپۆرتی لایەنێكی ئەدنا دەچێت بۆ لایەنێكی ئەعلا بەرز كرابێتەوە كە لە چوارچێوەی داواكاری دا كورت بۆتەوە، تێبینیەكانی من لەسەر كۆمەلّێك گرفت كە لە ناو بودجەكە دا هەیە، یەكەم: ئەوەی $21{,}47$٪ تەرخان كراوە بۆ ئیعانات و منح و مەنافعی ئیجتماعی و مەسروفاتی ئوخرا، كە بە ڕای من ئەمانە هەمووی لابرێت، پێشنیار دەكەم بخرێتە ئەو سندوقەی بۆ هاوكاری كەركوك و ناوچە دابڕاوەكان پێشنیار كراوە دابندرێت، دووەم: لە ناو بودجە دا سیمای دوو ئیدارەیی بە وازحی دیارە بە ئاسایشی هەرێمەوە لە هەولێر و لە سلێمانی، بە دەزگای چاودێری داراییەوە لە سلێمانی و لە هەولێر كە تێ پەڕاندنی ئەمە و چارەسەر

نەکردنی مانای شەرعیەتدانی پەرلەمانە بە بوونی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان دا، سێیەم: کورت هێنانی بودجە کە بەرێزیان لە پرۆژەکەدا بە کورت هێنانێکی موخەتەت داندراوە، ئەو کورت هێنانە موخەتەتە وایان داناوە کە لەو پارەیەی وەزارەتی دیفاعی عیراقی کە سێ ساڵە داوا دەکرێت و نەدراوە پڕ بکرێتەوە، بەڵام ئەوەیان ڕوون نەکردووەتەوە، ئەگەر نەدرا کە سێ ساڵە داوادەکرێت، دەبێت بە عجزێکی حەقیقی، دەبێت بە عەجزێکی فعلی چۆن پڕی دەکەنەوە؟ لە هەر بودجەیەك دا پێویستە ژمارەکان ڕوون کردنەوەیان لەگەڵ بێت، بەڵام لەم پرۆژەیەدا نە ژمارەکان نە پرۆژەکان ڕوون کردنەوەیان لەگەڵ نیە، بە نموونە کۆمەڵێك پرۆژە هاتووە کە پرۆژەکانی ناحیەی مەندەلی، لە پرۆژە بەردەوامەکاندا هاتووە دروست کردنی دوو باڵەخانە لە تەق تەق کە بڕی (ملیارێك و شەش سەد و سیانزە ملیۆن)ی بۆ تەرخان کراوە، پرۆژە سەروەریەکانی سەر گەڵو، خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکەکانی سلێمانی، دروست کردنی هۆڵی کۆنفرانس لە سۆران، دروست کردنی هۆڵی کۆنگرە لە سۆران، پرۆژەکانی خزمەتگوزاری 63 گوند، ئەمانە چین؟ کامانەن، خاڵێکی تر نەبوونی تەنسیق لە نێوان وەزارەتەکان و پرۆژەکانیان، بۆ نموونە باخچەی ساوایان، دروست کردنی خوێندنگا، قیرتاو کردنی ڕێگاوبان، ئەمانە ئیختساسی کامە وەزارەتن؟ چونکە دەبینین لە پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆیە بە تەنها و لە پرۆژەکانی هەولێر دا لە کۆی 30 پرۆژە تەنها دوو پرۆژەی بۆ وەزارەتی ناوخۆیە ئەوانەی تر لە نێوان قیرتاو کردنی ڕێگاو بان و نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی گشتی، دروست کردنی تەکیە و هۆڵی بۆنەکان، گەیاندنی کارەبا، هۆڵی کۆبوونەوەی 11 ژووری لە بینای لقی دوو تەرخان کراوە، لە بودجەی هەمان وەزارەت دا لە سلێمانی دروست کردنی مەلەوانگەی ژنان، یاریگا و جوانکردنی شەقامەکان لە هەمان وەزارەت دا هاتووە، لە دهۆکیش ئاوی گوندی لیڤۆن و پرۆژەی ئاوی هاوبەشی گوندی قەسرێ و مانشڤان هاتووە، لەناو ئەوانەدا تەرخان کردنی گوژمەیەکی بەرچاو بۆ پرۆژەکانی حیزب کە ئەمانە بەدەر لەو نەوەد ملیارەن کە لەناو پرۆژەکەدا هاتووە، نموونە بۆ ئەوانە دروست کردنی باڵەخانەی سەنتەری خوێندکاران لە پرۆژە بەردەوامەکان لە زانکۆی کۆیە، کە بڕی (سێ ملیارو دوو سەد و چل و چوار ملیۆن)ی بۆ تەرخان کراوە، ناوەندی تەلاری خێزانی لە سلێمانی، هۆڵی کۆنگرەو هۆڵی کۆبوونەوە وەکو لە سەرەوە ئیشارەتم پێی کرد، پرۆژەی مەرقەدی بارزان، کە ئەمەش جگە لەوەی کە چەندین پرۆژەی تر بۆ نموونە لە دێکان دا هەیە، خاڵێکی تر خراپ بەکارهێنانی بودجە لە هەندێ پرۆژە دا، بۆ نموونە ئەوەی کە هەندێك لە هاوڕێیان کە ئیشارەتیان پێ کرد کە شوەیفات یەك لەوانە و جەمعەکەیتان پێ دەڵێم لە بەکارخستنی قوتابخانەی شوەیفاتی هەولێر و دروست کردنی هەمان قوتابخانە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك کۆکەی دەکاتە (چل و هەشت ملیار و کۆمە سەد و بیست و پێنج) لە کاتێك دا کە یەك قوتابخانەی 18 پۆلی لە نێوان (نۆ سەدو شەست و چوار ملیۆن بۆ ملیارێك و سەد و نۆزدە دایە)، کە ئەم بودجەیەی داندراوە نزیکەی 45 قوتابخانەی 18 پۆلی تیا دەبێت لە کاتێك دا زۆربەی قوتابخانەکانی ئێمە 3 دەوامی تیایە لەبەر نەبوونی قوتابخانە! ئەخیر خاڵم ئەوەیە کە لە کۆتایی دا لەبەر ئەم گرفتانە و چەندین گرفتی تر کە چەندین نموونەی بچووك بوو، من پێشنیار دەکەم پەرلەمان ئەم

بودجەیە بگەڕێنێتەوە لە ماوەی 10 ڕۆژدا چارەسەری ئەم گرفتانە بکرێت، بەلایەنی کەم بۆ ئەوەی ئێمە بەشدار نەبین لە تێ پەڕاندنی پرۆژەیەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەرگوڵ فەرمووو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش سەرەتا لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی داراییەوە دەست پێ دەکەم کە ئەو ئامانجانەی ئەوان دیاریان کردووە کە دەڵێت ئەم بودجەیە هەوڵ دەدات بۆ ئەم ئامانجانە، ئەوان دەڵێن هاوسەنگی لە نێوان ئەو بودجەیەی کە تەرخان کراوە بۆ بواری وەبەرهێنان و بۆ بواری تر کە ئێمە دەڵێین بە هیچ نەوعێك هاوسەنگی تێدا ڕەچاو نەکراوە، ڕێژەکەیان هەمووتان دەزانن لە 31٪ و 69٪ یە کە ئەمە بە هیچ نەوعێك هاوسەنگی تیا نیە، خاڵێکی تریش کە ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەڵێن ئەم تەئخیر بوونەی بودجە هۆکارەکەی موناقەشە کردنی یاسای ئەحزابە لە پەرلەمان، ئەمە هیچ رەبتێکی نیە بەوەوە، نازانین باسی کام پەرلەمان دەکەن و کام یاسای ئەحزاب باس دەکەن! بە هیچ نەوعێك ئەوە باس نەکراوە، خاڵێکی تریش هەیە کە ئەوان دەڵێن ئێمە ئامانجەکەمان پشتیوانی کردنی پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانیە، ئەو هەدەفە ئێمە نابینینەوە لە بودجە، لەبەرئەوەی تەنها بودجەکە لەو دوو بوارەدا چی کردووە؟ دابین کردنی قەرزە بۆ هەردوو بانکی پیشەسازی و کشتوکاڵی، ئەو لایەنانە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان پشتیوانی بکەن لە پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانی، خاڵێکی تریش کە بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا کە دەڵێت ئێمە هیچ بەشداریەکمان نیە ساڵانە لە دانانی بودجە کە لە ئەنجومەنی نوێنەران تەسدیق دەکرێت، ئێمە هیچ بەشداریەکمان نیە، ئێمە دەپرسین دانانی بودجە لە عیراق دا بە پێی ئەولەویاتی بودجە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەزیری دارایی پێشتر خۆی راپۆرتی ئامادە دەکات، سیاسەتی ستراتیژی بودجە حازر دەکات و لە ناو ئەنجومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەی چڕوپڕی لەسەر دەکرێت، ئایا ئێمە لە ناو ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق وەزیرمان نیە؟، ئێمە وەکو ڕاستە وەزارەتی دارایی هەرێم دەستی نیە لەوێ، بەڵام ئێمە نوێنەرمان هەیە و ئاگادارن لەوەی کە ئەوان سیاسەتی ئابووریان چۆنە و ئەو ڕێژەیەی کە بۆ ئێمەش دیاری کراوە چیە؟ لەبەرئەوە خاڵێکە و بەهانەیەکە، موبەررێکی نیە، خاڵێکی تر کە من دەمەوێت باسی بکەم بۆ وەزارەتی دارایی کە ئەوان داهاتی تەخمین کراوی 2010 یان داناوە بە 348 ملیار، لەکاتێك دا کە عجزەکە کە ئەوان تەخمینیان کردووە 835 ملیارە، یەعنی ئەمە لە چ بودجەیەکدا؟ لە هیچ شوێنێك شتی وانیە داهات کەم تر بێت لە عەجز، یەعنی ئەمە جۆرێکە لەوەی کە ئەم بودجەیە بە مەراحلی دانانی بودجە تێ نەپەڕیوە کە بە هیچ جۆرێك دیراسەی ئابووری بۆ ئەم بودجەیە نەکراوە، خاڵێکی تریش لە دانانی پرۆژەی بودجەکە دا ئێمە هەستی پێ دەکەین کە ئەم بودجەیە بە پێی فصول هیچ تەرتیباتێکی بۆ نەکراوە، لە سەرەتای هەموو بودجەیەکدا پێویستە تۆ داهاتەکە دیاری بکەی لە دوای دیاری کردنی داهات

ئینجا تۆ دەبێت نەفەقات و عەجز دیاری بکەی، کە ئەمە بە هەمووجۆرێك تێبینی دەکرێت کە کاری لەسەر نەکراوە، پرسیارێکی تریشم بۆ وەزیری دارایی هەیە کە ئایا لەناو وەزارەتی دارایی هیچ خەبیرێکی ئابووری هەیە کە لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستاندا 4500 ئابووری ناسمان هەیە؟، ئەوە پرسارێکە بۆ وەزیری دارایی، لەسەر ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووریش لە پەرلەمان، ئێمە ئەو پرسیارە دەکەین بۆچی ڕاپۆرتی تایبەت بە ئاسایش لەناو ئەو ڕاپۆرتەی ئەواندا باسی لێوە نەکراوە؟ خاڵێکی تریش هەیە کە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین، لە پرۆژەکاندا ئێمە هەست دەکەین کە پرۆژەکان ئەولەویەتی پێ نەدراوە کە زۆر جار باس لەوە دەکرێت، بەڵام لەو پرۆژانەی کە لە یەکێك لە دیمانەکاندا لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری کە ئەو پرسیارەیان لێی کردووە کە ئایا تەمویلی ئێوە بۆ کەناڵی ڕاگەیاندنەکان چۆنە؟ باس لەوە کراوەکە کەناڵی زاگرۆس کە مانگانە 500 ملیۆن بودجەی هەیە، لە کاتێك دا کەناڵی نەورۆز کە کەناڵێکی حکومیە 150 ملیۆنی هەیە، سەیر کەن ئەم جیاوازیە لە بەینی کەناڵەکاندا هەیە، بەڕاستی کەناڵی وا هەیە هەر هیچ بودجەی نیە! ئەمە لە کاتێك دا ئەم کەناڵە حیزبیە، بۆ لە بودجەی وەزارەتێك کە وەزارەتێکی حکومیە جێی کراوەتەوە؟ لە بودجەدا هیچ مەبلەغێك دیاری نەکراوە بۆ ڕوودانی کارەسات، ئەمە خاڵێکە دەبێت لە بودجەدا ئاماژەی پێ بدرێت، هەرچەندی لیژنەی دارایی لە ڕاپۆرتەکەیاندا ئاماژەیان بە ئەوە کردووە ئەو ئیستقتاعانە ئەگەر بکرێت، لێرە باسی ئیفاد لە بودجەی هەرێم کراوە، زۆر بۆ ئیفاد دەڕوات، ئایا ئیفاد دیراسەی عیلمی بۆ کراوە، ئایا کاریگەری هەبووە لەسەر پێشکەوتنی ئابووری و بوارەکانی تر؟، تەنها لە 6 مانگی یەکەمی ساڵی 2009 دا 4 ملیار بۆ ئیفاد سەرف کراوە و 6 ملیاریش بۆ نەفەقاتی سەفەر، کە سەیر دەکەی ئەم مەبلەغە زۆر زۆرە کە بۆ ئیفاد سەرف دەکرێت، ئایا ئەو ئیفادە کاریگەری هەبووە بۆ سەر کوردستان؟ خاڵێکی تر منحەی وڵاتان کە بۆ کوردستان دێت، ئەو مینحەیە بە هیچ شێوەیەك نەوعێ لە داهات و لە بودجەی هەرێمدا دیار نیە، خاڵی تریش زۆر بوو، بەڵام لەبەر کاتەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز ناکەم قسەی هاوڕێیانم دووبارە بکەمەوە، بەڵام من بە پێی ئەو پرۆژە یاسایەی بودجە کە تاوتوێ کراوە لەلایەن هەموو لیژنە هەمیشەییەکانەوە، بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کە دەست خۆشیان لێ دەکەم، منیش داوای ئەوە دەکەم ئەو کەموکوڕیانەی کە هەیە لە بودجەدا حکومەتی هەرێم ڕەچاوی بکات بۆ ئەوەی بودجەکە تێ پەڕێ، لەبەرئەوەی دواکەوتنی ئەو بودجەیە لە بەرژەوەندی میللەتەکەی ئێمە نیە، کە ئێمە بە دەنگی ئەوان هاتووینەتە ئێرە، پێویستە ئەو بودجەیە جێ بەجێ بکرێت، لەبەرئەوەی ئێمە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە 6/25 زۆربەی قەوارەکان زۆر بەڵێنمان بە میللەتەکەمان دا، من خاڵە

پۆزەتیفەکان لەم بودجەیە دەبینم و داواکارم کە حکومەتی هەرێم، دووبارە دەڵێمەوە کە کەموکورِیەکان ڕەچاو بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدارگولیزار فەرموو.

**بەڕێز گولیزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نامەوێ ئەو شتانەی کە ئەو هاورِێ بەرِێزانەی کە گوتیان دووبارەی بکەمەوە، بەڵام شتێك هەیە کە ئیشارەی پێ نەکراوە، ئەویش پێویستە لە بودجەدا یان لە وەزارەتی تەندروستی برِێك لەو بودجەیە تەرخان کرا با بۆ ئەو نەخۆشە بێ نەوایانەی کە شەوانە لەسەر تەلەفزیۆنەکان نیشان دەدرێن، هیچ چارەیەکیان نیە لە کوردستان یان ئەوەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەرِێیان بکات بۆ دەرەوە یان لەسەر وەزارەتی تەندروستی بودجەیان بۆ دابین بکرێت و وەزارەت تەندروستی خەمیان لێ بخوات و بچنە دەرەوە، دەربارەی زیندانیە سیاسیەکان کە زۆر داوایان لێ کردووین دەڵێن بۆچی مەعاشی ئێمە وەکو زیندانیە سیاسیەکانی بەغدا نیە، ئێمە چەندین جار چووینەتە بەغدا و گوتوویانە وەکو بەغدا دەنێرین، بەڵام ئایا لە کوردستان پێتان نادرێت؟ ئیمە نازانین، پێویستە ئەو موشکیلەیە بۆ ئەو هینانە چارەسەر بکرێت، دەربارەی وەزارەتی ئەوقاف ئەگەر تەماشای بودجەکەیان دەکەین فەقیرترین وەزارەتە، بەراستی ئێمە کە تەماشا دەکەین، چەندین مزگەوت بێ ئیمام و خەتیە لە کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەگەر شتێك بێتە پێشەوە پەنا بۆ مزگەوتەکان و بۆ ئیمام و خەتیبەکان دەبردرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کەمترین بودجەی بۆ داندراوە، هیوادارم چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکرێت، بیتوێن و پشدەر دەروازەی راپەرینە، هەتا ئێستا ئەگەر بێی تەماشای مەسایفەکانی بکەی هیچ شتێکی بۆ نەکراوە، بەداخەوە دەڵێین لە کاتێك دا خەڵك لە بەغداوە دێت بۆ ئەم مەنتیقەیە، بەڵام ئەگەر تەماشای شوێنی مەسایفەکان بکەی هیچ شتێکی بۆ نەکراوە، پێویستە ئاورِێکیان لێ بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئەو خاڵانەی من لەسەر ئەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی هەمە، بەراستی ئەو راپۆرتە بە خاڵێکی ئەساسی نەچووە کە قانونەکە ئاماژەی پێ نەداوە، ئەو قانونە........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەقیقەیەك نوقتەی نیزامی هەیە، رێزدار د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەندەی تێبینی دەكەم ئەو بەڕێزانە راپۆرتەكە هەڵدەسەنگێنن، نەك بودجەی هەرێمی كوردستان یان یاسایەكە، ئایا دانیشتنەكە بۆ هەڵسەنگاندنی راپۆرتی منە؟ یان بۆ میزانیەی حكومەتی هەرێمی كوردستانە؟ كە پێك هاتووە لە 150 هەزار رەقەم؟ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا راپۆرتی لیژنەی داراییە بە شێوەیەكی گشتی، كەرەمكە كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: نە قانونەكە و نە راپۆرتەكە ئیشارەیان لە دیباجەدا یان لەو رەقەمانەی كە تەقدیمی كردووە ئیشارەتی نەداوە بە ستراتیژیەتی سیاسەتی مالی ئەم حكومەتە و ئەم وڵاتە یان ستراتیژیەتی سیاسەتی ئاوەدانكردنەوە لەڕووی صناعات و زراعات و ڕێگەوبانەوە، كە بەڕاستی ئەگەر سەیری مەشروعی میزانیەی وڵاتان بكەین فەرقی هەیە، دووەم: من حەز دەكەم كاك شێخ بایيز ئەو لەلای خۆی بنووسێ كە لە بودجەی هەرێم دا لە بەشی فەرمانبەراندا ئەو خەملاندنەی كە نێردراوە بۆ مەركەز لە بەشی بەڕێوەبەری پلە (أ) دا بە هەفتا مدير عام نێردراوە، بەڵام لە بودجەی هەرێم تەنها 48 مدير عامی نووسیوە، من نازانم مەبەست لە شاردنەوەی ئەم رەقەمە لە پەرلەمانی كوردستان چیە؟ بەڵێ ئەمە من تەقریری خەبیرێكی مالیم لەبەردەستە، .......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە تەوزیحی خۆت بدە، پاشان جوابت دەدەنەوە، كەرەمكە كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەقریری خەبیرێكی ئیقتسادیم لەلایە، لە بودجەی هەرێم دا لە بەشی فەرمانبەراندا ئەو خەملاندنەوەی كە نێردراوە بۆ مەركەز لە بەشی بەڕێوبەری گشتی پلە (أ) حەفتا مدير عام نێردراوە، بەڵام لە بودجەی هەرێم تەنها 48 مدير عامی پلە (أ)ی تێدا دابەشكراوە، كە ئەمە جێگەی گومان دروست كردنە، بەڕاستی تەقریری لیژنەی مالی رەخنەی زۆر باشی تیایە، لەسەر ئەو ئەساسە من داواكارم ڕاپۆرتەكە بگەڕێندرێتەوە، بودجەكە بگەڕێندرێتەوە لەسەر ئەساسی ئەوە بودجە قانونی بۆ دابندرێت، خاڵێكی تر مەوزوعی ئاسایشە، من نازانم ئاسایشێك لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێم و رەقابەیەكی مالی دانەبێت بۆ دەبێت بودجەی بۆ تەخسیس بكرێت؟، یەعنی ئەمە پرسیارە، یەعنی ئەگەر یەك حكومەتە با یەك بودجەی بۆ تەخسیس بكرێت، ئەگەر هی حكومەتیش نیە و تا ئێستا حیزب تەحەكومی بەسەرەوە بكات، ئەم هی خۆی و ئەو هی خۆی و بۆ خۆم و بۆ خۆی......، بۆچی میزانیەی لە قوتی خەڵكی بدرێتێ؟

خاڵێکی تر مەوزوعی رەقابەی مالی، بەهەمان شێوە، خاڵێکی تر مەوزوعی میزانیەی مدەوەرە، بەڕاستی ئایا باشی لێ نازانم یان بەرچاوم نەکەوتووە، من نەدیوە ئەو پارەیەی کە لە پاردا ماوەتەوە چەندەو چۆن دەگێڕدرێتەوە بۆ سەر میزانیەی ئەم ساڵ؟ مەوزوعێکی تر مەوزوعی ئەو 5 ملیار دۆلارەیە کە هینی فرۆشتنی نەوتە، بەڕاستی ئەمە شتێکە قابیلی چاو نوقاندن نیە، دەبێت بۆمان یەکلایی بکرێتەوە، مەوزوعی داهاتی ئەو نەوتە کە تەهریب دەکرێت ڕۆژانە لە باشماخ، مەوزوعی داهاتی فرۆکەخانەکانە....... ئێمە نازانین لە کوێ دایە، ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەم و هینی ساڵی 2009 بەڕاستی بەدەستمان نەگەیشتووە، من راپۆرتی رەقابەی مالی و شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2009 م پێ نەگات! بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان حەقی خۆمە ئەنواع قسە بکەم، بەڕێز ئەو عەجزەی کە باس دەکرێت، ئەو کورت هێنانە، من قەناعەتم پێ نیە کە ئەو بودجەیە کورتی هێنا بێت، لەبەرئەوەی پارەیەکی زۆر بۆ مەسروفات ئوخرا و ئیعانات ئوخرا و منح ئوخراو ئەو شتانە داندراوە کە نزیکەی زیاد لە 20٪ی میزانیەی ئەو وڵاتەی بردووە، کە ئەمە سەرف کردنەکەی خۆی لە خۆیدا لە مودەی رابردوو دا جێی گومانە، ئەمە بگێڕدرێتەوە لەگەڵ 5 ملیارەکە و لەگەڵ داهاتی فرۆکەخانەکان و لەگەڵ پارەی باشماخ و ........ ، بۆیە من هیچ عەجزێك و کورت هێنانێك لەو میزانیە دا شك نابەم، من داواکارم لیژنەیەکی تەقەسی حەقائیق دروست بکرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لەو کورت هێنانی بودجەیەی بەڕێز وەزیری پلانان دانان و وەزیری دارایی کە باسی لێوە دەکەن، خاڵێکی تر هەیە کە مودەی ڕابردوو زەجەیەکی زۆریان لەسەر دروست کردین کە ئێمە گوتوومانە پاسەوانی هەرێم ئیستناد لەسەر 121 ی دەستووری دائیمی عیراقی، ئێمە گوتمان با شەخسیتە قانونیەکەی دەستووری عیراقیان پێ بدرێت، ئەو شەخسیەتە قانونیەی کە لە داخل و خارجی عیراق دا موعتەرەفە بە پیێ دەستوور، لە تەلەفزیۆن دا هەڵایەکی زۆریان لەسەر کردین کە ئێمە ویستمان خزمەتی شەخسیەتی قانونی و مەعیشەتی پێشمەرگە بکەین، گوتیان ئەمانە دژی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەن، من نازانم لەلاپەڕە 4ی ئەم تەقریرە بۆ هاتووە کە دەڵێت پاسەوانی هەرێم (زێرەڤانی) ئاخر باشە بۆ بۆ تۆ حەڵاڵە و بۆمن حەرامە؟! لە نوقتەیەکی تر من داهاتی کارەبا، لیژنە هاتووە ئامادە بووە مەبلەغێکی زۆر لەوە زیاتری گوتووە کە لەو تەقریرە هاتووە، کە مەسئولینی دائیرەی کارەبا کۆبوونەتەوە، بەداخەوە لە 2010 نیوەی ئەو مەبلەغە تەقدیم کراوە وەکو ئیرادات و وەکو داهات، من نازانم لەوە مەبەستیان چیە؟ ئەمە هەمووی گومان دروست دەکات، دابەش کردنی پرۆژەکانی 2010، ئێمە خەڵکی ئەو وڵاتەین لە زاخۆوە بۆ کفری خۆمان بە نوێنەری هەمووی دەزانین بەڕاستی، بەڵام سەیر دەکەی مەحافەزەی سلێمانی 45٪ی دانیشتوانە، سەیر دەکەی 27٪ی پرۆژەی پێشنیاز کراوی بۆ تەخسیس کراوە، بەڕاستی ئەو بودجەیەی کە بۆ کەرکووك تەخسیس کراوە، زۆر زۆر کەمە، ئەگەر یەك دەقیقەی ترم بدەیتێ؟ من داواکارم منح و ئیعانات و مەنافعی ئیجتماعی لە غەیری وەزارەتی سحە و وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی کە باش بەکاری دەهێنن، ئەوەی تر هەمووی بخرێتە سەر کەرکووك لەگەڵ سناعات و زراعەتا لەم وڵاتە، فەرقی شتێکی تری بۆ نەکردووین، ئەرێ (وەیش ) مەبەستت چیە؟....... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو كاتێكی تر، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێی بڕیم بەخوای، ئیتر لە تەقریری ئەماندا فەرمانبەر و مووچە خۆر جیا نەكراوەتەوە، ئێمە وەكو ئەوەی مەعلوماتمان هەیە بە هەزارەها مووچە خۆری حیزبی داندراوە كە یەك ڕۆژ دەوام ناكات و مەعاشی خۆی لەسەر وەزارەتی مالیە وەردەگرێت، ئەمە لە كوێی دنیادا هەیە؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو، تكایە ئیلتزام بكە، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەكەم بۆ ئامادەكردنی ئەو راپۆرتە ڕێك و پێكەی كە ڕوون كردنەوەیەكی تەواوی داوە لەسەر بودجەكە، هەروەها خاڵی بەهێزو لاوازی خستۆتە ڕوو و دەست نیشانی كردووە، بەلأم گرنگ ئەوەیە پێشنیاری لیژنەكان بە نەزەر ئیعتباروەربگیردرێت و بە تەواوی جێ بەجێ بكرێت، لە بواری پەروەدەدا ئەو بڕە پارەیەی كە بۆ وەزارەتی پەروەردە داندراوە لەڕاستی دا هێشتا ئەگەر بڵێی ئەوە كەمە بۆ بواری پەروەردە لەبەرئەوەی ئەو بوارە كێشەی زۆری هەیە بە تایبەتی لەڕووی جێ بەجێ كردنی بینای قوتابخانەكانەوە، هیوادارم ئەو پرۆژانەی كە داندراون بۆ دروست كردنی بینایەی قوتابخانەكان زۆر گرنگی پێ بدرێت و جێ بەجێ بكرێت، دەست خۆشی لە وەزارەتی پلاندانان دەكەم بۆ ئەو بڕە پارەیەی كە داناوە بۆ دروست كردنی بینایەی قوتابخانە، چونكە گەورەترین گرفت لەبەردەمی پرۆسەی پەروەردە كێشەی قوتابخانەیە كە بووەتە هۆی جێ بەجێ نەكردنی بە تەواوی ئەو سیستەمە ڕێك و پێكەی كە چەندەها وەخت پێیەوە خەریك بوون و سوود لە زۆر خیبرەی شارەزایانی دەرەوە وەرگیرا كە داندرا، ئێستا جێ بەجێ ناكرێت لەبەرهۆی كەمی بینایە و زۆری ژمارەی تەڵەبە، ئەوانە هەمووی و سەقەتی میلاك هەمووی دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی بینایە، بۆیە ئەوە دەبێت گرنگیەكی زۆر تایبەتی پێ بدریت، لە بودجەكەدا هیچ كەم كردنەوەیەك نەكرێت هەتالە منەح و ئیعانات، زۆر لە برادەران داوا دەكەن لە وەزارەتی پەروەدە مینەح و ئیعانات نەمێنێت، من دەڵێم با هەبێت لە وەزارەتی پەروەدە، لە سیستەمی نوێ دا پرۆژەیەكی جیهانی هەیە كە خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان بەشداری دەكەن لە خوێندن، ئەوانەش پێویستیان بە بودجەیەكی تایبەت هەیە، دەبوایە بودجەیەكی تایبەتیان بۆ دابندرێت، ئەگەر ئەو بودجە تایبەتیەش نیە دەتوانرێت لە مینەح و ئیعانات زۆر سوودی لێ وەربگیردرێت، چونكە ئەوانە ڕاستە تێكەڵن لە پرۆسەی خوێندن، لە خوێندنی ئاسایی دا دەخوێنن، بەلأم پێویستیان بە زۆر شتی تایبەت هەیە كە زۆر جار من لەناو كێشەكە بوومە لە وەزارەتی مالیەوە سەرف نەكراوە و دەڵێن ئەو بابە نیە كە ئەو جۆرە

شتەی بۆ سەرف بکرێت، ئەگەر بێتو ئەو مینەح و ئیعاناتە هەبێت دەتوانرێت لەوانەوە بۆیان سەرف بکرێت، زۆر شتی عیلاجی فەوری هەیە بۆ منداڵە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، کڕینی عارەبانە، کڕینی سەماعەی گوێ، هەندێکیان پارەیان کەمە، بەڵام عارەبانەی منداڵی کەم ئەندام بە 3 هەزار دۆلارە، کولفەی یەك عارەبانەی ئۆتۆماتیکی کە ئێستا هەیە زۆر لە بنەماڵە فەقیرەکان ناتوانن بیکڕن، دەبێتە هۆی نەهاتنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەو بێ بەش بوونیان لە خوێندن، ئینجا لێرە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە خەرج کردنی ئەو بودجەیە لە چوارچێوەیەکی یاسایی بێت و دوور بێت لە بەرژوەندی سیاسی و حیزبی و تایەفەگەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەمکە کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سوودی کۆمەڵایەتیەوە دەست پێ دەکەم کە ساڵی 2009 گوژمەی سەد و پەنجا و چوار ملیار و چوار سەد و بیست و چوار ملیۆن بۆ ئەو بوارە داندراوە، کەچی ئەو ساڵ بووەتە سەد و هەشتا ملیار و چوار سەدو یەك ملیۆن، ئەوە دەبوایە بە تەدقیقاتی دیوانی چاودێری دارایی دا ڕۆیشتبایە و ئەسبابی موجبەی بۆ دیاری بکرابایە و ئەوجا ئەو زیاد کردنەی بۆ کرابا، ئەو زیادکردنە 26 ملیارەی بۆ زیادکراوە، ئەوە خاڵێکیان، خاڵی دووەمیان، بەڕاستی ئەوەی کە برادەران باسیان کرد لەسەر مەسەلەی ئەو پرۆژانەی کە بۆ لق و مەڵبەندەکان کراوەو کۆمەڵێك بەرپرسی تریش کە من ئیزافە لەسەر قسەکانی ئەوان دەکەم کە ئەوەی ئەوان گوتیان دووبارەی ناکەمەوە، لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك گۆران ئازادم کە بەڕاستی بەدواداچوون لەسەر ئەوە بکرێت ئەگەرئەوە ئاو و ئاوەڕۆی بارەگای مام جەلالە و هی هەموو لق و مەڵبەندەکان ئەوەی مەڵبەندی 20ی قەرەچوغ، مەڵبەندی خانەقین و هەروەها قیرتاو کردنی ڕێگای خاڵی پاسەوانی میوانخانەی بەڕێز سەرۆك کۆمار لە دەباشان، هەروەها قیرتاو کردنی ڕێگای گۆڕەپانی عەرەزات و گەراجی ئۆتۆمبیلی تایبەت بە مەقەری خەلفی لیوای سەرۆك کۆمار وە هەروەها دروست کردنی میوانخانە بۆ مەڵبەندی 12ی خانەقین، هەروەها کۆمەڵێك شتی تریش کە دیار نیە و نازانرێت بۆ کێیە؟ نازانرێت و گوژمە پارەیەکی یەکجار زۆری بۆ داندراوە، مەسەلەن پرۆژەی سەنتەری میدیا ڕاگەیاندن، دارایی وئابووری هەولێر چل و دوو ملیار و سەد ملیۆن، ئاخر نابێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەوە هی حکومەتە یان لایەنێکی سیاسیە؟ هەروەها دروست کردنی هۆڵی کۆنگرە، کۆنگرەی کێ؟؟ هی حکومەتە؟ حیزبە؟ هی کێ یە؟ لە کوێ یە لە کامە شارە و لە کامە شوێنە؟ کە چل و چوار ملیار و شتێکی بۆ دیاری کراوە، بەڕاستی زۆر لە قسەکانی من برادەران کردیان، من نامەوێ زۆر لەسەر ئەو مەوزوعە بڕۆم، بەڵام دوو خاڵی ترم ماوە کە باسی بکەم: یەکیان ئەوەیە کە تەنها لە ئیدارەی هەولێری کۆن نزیکەی 500 ڕێکخراو و سەندیکای تێدا بووە ، تا ئێستا لە دیوانی چاودێری من مەعلوماتم هەیە، تەنها 26 ڕێکخراو حیسابی

خیتامی بۆ دیوانی چاودێری بردووەتەوە، ئەوە کە کارێکە بەڕاستی جێگای ئەوەیە کە لەسەری بوەستین، ئەو ڕێکخراوانە ئەگەر ڕێکخراوی سەربەخۆن و حکومین یان ناحکومین بۆ حیساباتی خیتامی خۆی ناگەڕێنێتەوە بۆ دیوانی چاودێری، حەزدەکەم بەراستی بەدواداچوونی لەسەر بکرێت، خاڵێکی ترم ئەوەیە کە ئەوەی لێی بەدی دەکەم بەڕاستی جۆرێك لە دوو ئیدارەیی باڵی بەسەر ئەو بودجەیە داکێشاوە، یەکیان ئەوەیە کە دوو ئاسایشە، ئێمە پێشنیارمان کرد کە وەکو یەك ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئاسایش و هەردوو جەنابی سەرۆکی ئاسایشی گشتیمان بانگ کردوو سەرۆکایەتی بەڕێزتانامان ئاگادار کردووەتەوە کە بکرێت بە یەك بودجە، ئەوە نەکرا، کە ئێستا دەڵێن لە خیلالی شەش مانگ یەك دەگرێتەوە، بەڕاستی ئەوە کارێکە زۆر ئاسان نیە و حەز دەکەم لەسەر ئەو مەسەلەیە بوەستین کە فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە لە بەینی ئەو دوو ئاسایشە، بۆ نموونە لەوازم مەکتەبیە لە ئاسایشی سلێمانی مەبلەغێك داندراوە کە لە هەولێر 20 قاتی ئەم مەبلەغە بۆ هەمان شت داندراوە، بۆ وقود و سیارات بۆ دەیان شتی وردەکاری و بۆ میلاکات، ئێمە وردەکاری زۆرمان لەبەردەستە لە لیژنەی ناوخۆ ئەوانەمان دیراسە کردووە، بەڵام بەداخەوە تەنانەت ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆمان هاتۆتە لیژنەی دارایی و ئابووری، بەڵام لیژنەی ئاسایشمان ئیشارەی پێ نەدراوە لە راپۆرتەکەی بەڕێزیان، ئەوجا بۆیە بۆ ئەو مەسەلەیە من دەڵێم دوو دیوانی چاودێری و دوو ئاسایش وە هەروەها حیسابێکم پێیە کە لە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە 11 ڕۆژ پێش ئێستا ئاراستە کراوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری ـ س، یەعنی سلێمانی، ئایا وەزارەتێکی تر هەیە؟! یان ئەوە ماوە؟ ئەگەر ئەوە ماوە مەسەلەن من لەسەر مەبلەغەکەش قسەم هەیە، کە ئەوە ماوە ئەی ئێمە ناڵێین وەزارەتی دارایی یەکی گرتووەتەوە و یەك ئیدارەییە، ئەگەر ئەو دوو ئیدارەییە ئەوها باڵ بەسەر بودجەکە دا بکێشێت و هەروەها کۆمەڵێك ووردەکاری تریش هەیە، من پێشنیار دەکەم ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و بە خیلالی چەند ڕۆژێك و دە ڕۆژێك بە زووترین کات تەدقیق بکرێت ئەو شەوائیب و ئەو ناڕەواییەی کە تێیدا کراوە هەمووی چارەسەر بکرێت و ئەو پارەیەش دیاری بکرێت کە لە بەدەلی ئەو بۆ کێ سەرف دەکرێت؟ ئایا ئەوە ڕەوایە و حەقە کە ئەو هەموو پرۆژەیە کە بە دەیان و بە سەدان شت هەیە کە جێگای شك و گومانە، من بۆ ئەو مەسەلەیەی کە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری سلێمانی نۆژەنکردنەوەی بینای پێشانگای سلێمانی نێودەوڵەتی پێنج ملیار و دوو سەد و بیست و شەش ملیۆن و چوار سەد و نۆزدە هەزار دیناری بۆ دیاری کراوە کە 11 ڕۆژ پێش ئێستایە، نەدەکرا لەو بودجەیە ئێمە لە بەردەوامەکان و لە پێشنیار کراوەکان لە شوێنێك ئیشارەی پێ نەدراوە، یەعنی ئەو حکومەتەی ئێمە دەبێت بزانێت کتاب بۆ کێ دەکات، بۆ (وەزارەتی دارایی و ئابووری ـ س)، هی هەولێریش (وەزارەتی دارایی و ئابووری ـ ه) کەواتە بودجەکەمان دوو ئیدارەیی پێوە دیارە، من بۆیە پێشنیار دەکەم بە دە ڕۆژی تر جەنابی وەزیر و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواداچوون لەسەر هەموو ئەو تێبینیانەی ئێمە بکەن، بۆ ئەوەی عەدالەت بگێڕینەوە بۆ بودجەکە و بتوانین بۆ خزمەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و ئەو

شوێنانەی کە دەستی ئاوەدانی نەگەیشتووە پێیان، بۆ ئەوانی سەرف بکەین ئەو پارانەی کە بە زیادە سەرف کراوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حمە سعید فەرمووو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە چوار، پێنج ڕاپۆرت یان باس لە بەردەمی ئێمە دایە کە گفتوگۆی لەسەر بکەین، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی، ڕاپۆرتی وەزارەتی لیژنەی دارایی کە خۆی سێ بەشە و وە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و پرۆژە یاسای بودجە، بۆیە پێویست دەکات بەلایەنی کەم چوار جار مۆڵەت بدرێت بە پەرلەمانتاران کە موناقەشە و موداخەلە بکەن، ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن قسەی خۆتان بکەن و تەحدیدە و زۆر بە ڕێك پێکی دەڕوات و وەکو چۆن هاتووین هەر ئاواش دەڕۆین، تەغیری لێ ناکەین، کاك حمە سعید فەرمووو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی تر، من پێم وایە دارشتنی بودجە بەسە رەقەمی و حیسابی و جەمع و تەرحە، ئەگینا ئەو بودجەیە بە شێوەیەکی زانستیە کە ئیعتماد بکاتە سەر داتا و ئامار و مەعلومات دانەڕێژراوە، دەبوایە پسپۆرانی بواری ئابووری و کەسانی خاوەن شەهادە لە بواری بودجە بە تایبەتی، چونکە ئێمە دەزانین بودجە بە ئیزافەی ئەوەی کە ئەرقام و حیساب و تەرح و جەمعە، بەڕاستی ستراتیژە بە بەرنامەیەك و خوتەیەك ئەهدافە، ئەو خوتە و بەرنامە و ستراتیژە پێویستی بە وەسائیل و پێویستی بە دارشتنێك هەیە کە ئایا مەبەست لەم ستراتیژیەتە چیە بۆ بووژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان، بۆ پەرەپێدان و گەشەدان بە ئابووری و سیاسەتی ئابووری حکومەتی هەرێم ؟ من پێم وایە دەبوایە دارشتنی بودجە لەسەر ژمارەی دانیشتووان، لەسەر پێداویستی ناوچەکان و لەسەر ئاماری کەرتە تایبەتەکان بوایە و ئەولەویەت بۆ چ کەرتێکە؟ ئەولەویەت بۆ چ پرۆژەیەکە؟ ئەولەویەت بۆ چ شوێنێکە؟ کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك ئەمەی تیا ئەنجام نەدراوە، بۆیە ناهاوسەنگی و ناعەدالەتی هەیە هەم لە کەرتەکان دا و هەم لە ناوچەکان و شار و شارۆچکە و گوندەکاندا، بەڕاستی لە بودجەدا باسی ساڵی 2009 و 2010 ی نەکردووە چ لەڕووی سەرفەوە بێت چ لەڕووی هاوسەنگی بەینی سەرف و چ لەڕووی هاوسەنگی بەینی داهاتەوە، ئایا سیاسەتی حکومەتی هەرێم چیە بۆ کەم کردنەوەی نەفەقاتی تەشغیلی و زیاد کردنی نەفەقاتی ئیستسماری؟ ئایا سیاسەت و بەرنامەی حکومەتی هەرێم چیە بۆ گەشەدان بە کەرتێکی؟ ئایا ساڵی 2009ی هێناوە لە چ کەرتێك دا گرنگی پێداوە و ئەم ساڵ چ کەرتێك ئەولەویەتیەتی گرنگی پێ بدات، ئایا داهات بەڕوونی و

ئەگەر هاتو داهاتی ئێمە لەبەر ئەوەی 17٪ بەزۆری لە ناوەندەوە دێت ئەم داهاتە لەبەردەم سێ خەتەر دایە، سێ خەتەری گەورە لەبەردەم داهات دایە، ئایا چەند ئیحتیاتی داناوە و ستراتیژیەت و سیاسەتی داناوە بۆ موعالەجەی ئەو سێ خەتەرە؟ ئایا چەند ئیعتمادی کردووەتە سەر داهاتی ناوخۆ؟ خاڵێکی تر بەڕاستی من پێم وایە ئەم بودجەیە بە پێی ماددەی 80 دەڵێت (دەبێ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئیعتماد بکاتە سەر: یەکەم/ بودجە، دووەم/ حیسابی خیتامی) چونکە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لەسەر دوو شت دادەڕێژرێت بە پێی ماددەی 80ی پەیڕەو پڕۆگرامی پەرلەمان، لەسەر ڕاپۆرتی حیسابی خیتامی + بودجەکە کە حیسابی خیتامی لەبەر دەست دا نیە، کەواتە نوقسانە دارشتنی بودجەکە، خاڵێکی تر وەکو هەندێك لە وەزیرەکان لە لیژنەکان دا ئاماژەیان پێی کرد کە بودجەی ئەوان کەمەو کە گرنگی نەدراوە بە پرۆژەکانی ئەوان کە ئەولەویەت نەدراوە بە پرۆژەکانی ئەوان، بۆیە پێویست دەکات ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە و ئەو نوقسانیانەی کە تیایەتی چارەسەر بکرێت، خاڵێکی تر بە هیچ شێوەیەك نیە کە ئەم ئیستمارەیە بخوێنیتەوە بەداخەوە دەڵێی بە قەزاو قەدەر زۆربەی زۆری وەزارەتەکان داهاتیان لە 2009 و 2010 نزیکە لە یەکەوە، دەڵێی قەزاو قەدەرە کە وا لێك نزیکن، خاڵێکی تر وەزارەتی بەلەدیە لە ساڵی 2009 دا سی و یەك ملیار و حەفتا و نۆ ملیۆن دیناری بۆ داندراوە، بەڵام لە ساڵی 2010 سێ سەد و حەوت ملیۆن دینار کەواتە یەك تەقسیم دەی ئەوەیە کە مەفروز بوو زیادی بکردبایە، کەواتە سیاسەت و پلانی حکومەت نیە بۆ زیاد کردنی داهاتی ناوخۆ، خاڵێکی تر بە هیچ شێوەیەك بەرنامەیەك بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی کە گرنگی دەدات بە کەرت و دەڵێت ببن بە کەرتی کشتوکاڵ و بە کەرتی کارەبا و بە کەرتی سحە گرنگی دەدەم، ستراتیژیەتمە، بەڵام کە سەیری بودجەکە دەکەی بەداخەوە بودجەکە لە ئەواخیریەتی و مەبلەغێکی زۆر کەمی بۆ داندراوە، کشتوکاڵ 70٪ی لە وڵاتی ئێمە، یەعنی ئاو هیچ پرۆژەیەکی تیا نیە بۆ دابین کردنی سەرچاوەی ئاو بۆ کشتوکاڵ، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەو ئەزمانەی، ئەو قەیرانانەی کە لەناو کۆمەڵگای ئێمە هەیە قەیرانی کۆمەڵایەتی و قەیرانی ئابووری و قەیرانی بێکاری و قەیرانی گەنجان و قەیرانی هەژاری، هیچ بەرنامەیەکی سیاسیی و ستراتیژی نیە لەناو بودجەکەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە، بۆ نموونە من دەپرسم چ پلانێك و چ بەرنامە و چ سیاسەت و ستراتیژیەتێك هەیە بۆ نەهێشتنی بەتاڵە؟ چ بەرنامە و ستراتیژیەتێك هەیە بۆ خزمەت کردنی گەنجان و هەلی کار بۆ گەنجان و بۆ تەعین کردن و دامەزراندنیان؟ هەروەها بۆ بوارەکانی تریش، خاڵێکی تر بەڕاستی هەموومان ئەو ڕاستیە دەزانین کە نزیکەی ئەگەر نەڵێم زیاتر لە 600 هەزار کارمەند و مووچە خۆر هەیە کە هەمووی کەوادیر و ئەندامی حیزبن کە پێی دەڵێن بەتاڵەی موقەنەعە، ئەمە هەمووی وای کردووە کە بڕێکی زۆری بودجە بچێت بۆ کەوادیری حیزبی، چۆن چارەسەر دەکرێت؟ خاڵێکی تر بەڕاستی مەسەلەی ئەو ئوخرایە کە باس کرا، ئەو ئوخرایە مەجالێکی زۆرە بۆ ناشەفاف بوونی بودجە و سەرف کردنی بودجە و بە ئارەزووی خۆی تەسەروف کردن لە بودجە، بۆیە ئێمە داوامان کردووە کە 40٪ی ئەو

مینــەح و ئیعانــات و مــەنافعی ئیجتماعییــە ببڕدرێــت، خــاڵێکی تــر نەفــەقاتی ســیادی زۆر زۆرە و 20٪ی پێویستە کەم بکرێتەوە، خاڵێکی تر کە مەتارە، بە داخەوە وەزیری ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تەواو کاتت، کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆشـحاڵم بـەوەی کـە زۆربـەی ئـەو شـتانەی کـە دەمویسـت بیڵـێم بـاس کـرا، پـێم وابـوو کـە نـاتوانم لـە وەختەکەی خۆم هەمووی بڵێم، بەتایبەتیش برای بەڕێزم کاك سمیر و کاك د.صباح و پـەیمان خـان زۆر لـە تێبینیەکانی منیان باس کرد، هیوادارم بتوانم ئەوەی کە ماوە باسی بکەم، دیارە مـن پـێم وایـە ئـەم پـرۆژە بودجەیەی کە هاتووە کەموکوڕی زۆری تیایە، پێویستە بەڕاسـتی زۆر بـە جدی تـر قسـەی لەسـەر بکرێـت، جەدوای ئابووری بۆ بودجە نەکراوە، دەمەوێ بە سەریعی بەسەریان دا تـێ پـەڕم، ئەگـەر سـەیری ڕاپـۆرتی دارایـی بکـەین زۆربـەی ئامانجـەکان لەگـەڵ نـاوەڕۆکی بودجەکـەدا یـەك ناگرێتـەوە، حیسـاباتی خیتـامی کەموکوڕی و ناشەفافیەتێکی زۆری تێدایە، دەلیلیشم بۆ ئەوە زۆرە، هەتا لە هەنـدێك لـە پرۆژەکـان لـەناوی وەڵحاسڵ ناچمە ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە، چونکە ئەگەر بچمە ناویـەوە زۆر درێـژ دەبێتـەوە، داهاتـەکان زۆر ناشەفافن، تەنها هەندێك ژمارە هەیە و ڕیز کراون، ژمارەیـەك لـە پرۆژەکـان تـەنها بـۆ خزمـەتی حیزبـی و شەخسی دروست دەکرێن، هەروەك لە پرۆژە بەردەوامەکان و پرۆژە پێشنیار کراوەکان دا هاتوون، هەنـدێك لـە پرۆژەکـان دووبـارەن و دوو جـار بودجـەیان بـۆ دیـاری کـراوە، لـە پـرۆژە پێشـنیار کراوەکانـدا پـرۆژە بەردەوامەکانیش بە هەمان شێوە، نموونە بۆ ئەوە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان بۆ نموونە پرۆژەی ژمـارە 7 و ژمارە 11 لە خوێندنی باڵا بە هەمان پرۆژە بـە هـەمان نـاو و هـەمان بودجـە دووبـارە بۆتـەوە، پـرۆژەی ژمـارە 8 و 12 لـە خوێنـدنی بـاڵا دووبـارە بەهـەمان نـاو هـەمان بودجـەی بـۆ دیـاری کـراوەو لـە جـەمع دا کۆکراوەتەوە، لە پرۆژە بەردەوامەکانیش پرۆژەی ژمارە 40، من هەڵبەتە بەردەوامـەکان زۆر کـەم فرسـەتم بووە سەیری بکەم لەبەر کەمی کات، بەڵام ئەوەی کە سـەیرم کـردووە چـەندین دووبـارەی تێدایـە ئـەویش، پرۆژە بەردەوامەکان، بۆ نموونە پـرۆژەی ژمـارە 40 و ژمـارە 60 هـەمان پـرۆژە بـە هـەمان نـاو وە هـەمان بودجە دووبارە بۆتەوە، ئەوە بەڕاستی جێگەی پرسیارە کە ئەوانە بۆ؟ هیچ پێوەرێك لەبـەر چـاو نـەگیراوە بۆ تەوزیعی پرۆژەکان، لە شاروشارۆچکەکاندا دەبووایە پێوەری ستانداری جیهـانی لەبەرچـاو بگیردرایـە بـە ژمـارەی دانیشـتوان و شـوێنە زیـان لێ کـەوتووەکان، بـە تایبـەتی پـرۆژە پێشـنیار کراوەکـانی کـە ئێسـتا لەبەردەست دایە، تێبینی زۆر لەسەرە، لەسەر ئەو، هەندێ پرۆژە لە حاڵەتی جێ بەجێ کـردن دایـە، بـەڵام لە پرۆژە بەردەوامەکاندا نیە، نموونەش لەبەردەست دایە بۆ ئەوە کە چەند پرۆژە هەیە ئێستا لەبەردەست دایە و تەواو نەبووە و ئیشی لەسەر دەکرێت، نە لە پرۆژەی بەردەوام و نە لە پێشنیار کراودا وجـودی نیـە، پرۆژە هەیە وەکو ئـەو پرۆژەیـەی هەڵەبجە کـە بڕیـاری بـۆ دەرچـووە لـە ئەنجومـەنی وەزیـران و وەزیـری

**شارەوانی کابینەی پێنجەم ئیمزای کردووە بە بڕی زیاتر لە 22 ملیار و کەسرێکە، بڕیاری بۆ دەرچووە، بەڵام نە لەپڕۆژە بەردەوامەکان و نە لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکان دا دیار نەماوە، پارەکەی چی لێ هاتووە؟ پڕۆژە هەیە تەندەرەکەی فرۆشراوە، بەڵام لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکانـدا ئێستا هاتووە بۆ پەرلەمان و تا ئێستا پەرلەمان تەسدیقی نەکردووە و تەندەرەکەی فرۆشراوە و خەریکە جێ بەجێ دەکرێت، نموونەشم بۆ ئەوە پڕۆژەی ژمارە 41 ی ئاوەدانکردنەوەیە بە بڕی هەشت ملیار و نۆ سەد و چل و پێنج ملیۆن دینارە، بودجەی تەشغیلی زۆر ناشەفافە، بۆ نموونە ئەگەر موقارەنەی ڕێژەی ژمارەی فەرمانبەر و مووچەی ساڵانەی چەند دەزگایەکی هاوشێوەی یەکتری لە عیراق و کوردستان بکەین، سەرۆکایەتی هەرێم 800 فەرمانبەری هەیە، بەڵام لە موقابل دا سەرۆکایەتی کۆمار 682 فەرمانبەری هەیە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، 2731 فەرمانبەری هەیە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق 2523 فەرمانبەری هەیە، کەواتە کوردستانی خۆمان بە چەند سەد نەفەرێك فەرمانبەری زیاتری هەیە لە موقابلی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، لە موقابلی پارەکەشی دا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان 218000788 ملیۆن دیناری بۆ دیاری کراوە، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق کە 18 محافەزەی لەبەردەست دایە، لە هەمان کاتیش دا بودجەکەی (سەد ملیار و حەوسەد حەفتا و هەشت ملیۆن دینارە)، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران......، کوردستان تەنها خۆیەتی، بەڵام ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بودجەکەی تەقسیم دەبێت بە (مەجلسی وەزیران، سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی ئاسایش، دەستەی پشکنین، سەرچاوە تیشکدارەکان، دیوانی وەقفی سونی، دیوانی وەقفی شیعی، دیوانی مەسیحیەکان، تەوائیفەکانی دیکە، نووسینگەی سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان، دەزگای موخابەراتی عیراق، بەڕێوبەرایەتی چەك داماڵین، تێکەڵکردنی میلیشیا، دەستەی ئیستنکاری) لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوەم لەبیر چوو باسی بکەم سەرۆکایەتی هەرێم تەنها خۆیەتی و بەڵام سەرۆکایەتی کۆمار دوو جێگریشی لەگەڵ دایە کە خۆمان دەزانین چۆن تەوزیع بووە، هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر و چاودێری ئەوەش دیسانەوە جێی خۆیەتی لەسەری بوەستین و بەس دەمەوێ بە سەریعی پێیدا تێ بپەڕم، کە دەبوایە بودجەکەیان یەك بێت، پێشنیار دەکەم کە دەرچووانی پەیمانگا و زانکۆکان دابمەزرێن و بۆ ئەوەی سوود لە توانا و کارەکانیان وەربگیردرێت و دامەزراندن دەبێتە هۆکارێکی خراپ بۆ جیلی داهاتووی قوتابیەکان، سلفەی عەقار دوو بەرامبەر بکرێتەوە و هەموو شارەکانیش وەکو یەکی لێ بکرێت و بە قەزا و ناحیە و شاری گەورەشەوە، کەمتر نەبێت لە 20 ملیۆن دینار، هەموو ئەو خانەنیشینانەی کە خزمەتیان نەکردووە بە پلەی وەزیر و بەڕێوبەری گشتی، بەڕێوبەر، خانەنشین کراون فەرمانەکانیان هەڵبوەشێندرێتەوەو بودجەکەیان تەرخان بکرێت بۆ سلفەی زەواج و گەنجان، بە بڕی 5 ملیۆن دینار، پرسیارم بۆ جەنابی وەزیر ، بودجەی ئەحزاب لە کوێ جێی کراوەتەوە؟ من لەناو بودجەکە هیچ شوێنێکم نەدۆزیەوە کە باسی بودجەی ئەحزاب بکات، داهاتەکان، داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە بڕی 890 ملیۆن هاتووە کە زۆر خەیاڵیە و ئەو هەموو نەوتەی ئێمە و ئەو هەموو داهاتەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەیەتی بۆ**

ئەوەندەیە؟ داهاتی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گەشت و گوزار، من کە سەرۆکی لیژنەی شارەوانیمە کاتێك پرسیارم لە وەزارەتی شارەوانی کرد، وتم 307 ملیۆن دینار هاتووە بەناوی ئەوەی تەقدیراتی ساڵی 2010، هەر خەریك بوو شێت دەبوون، گوتیان ئەوە ملیارە لەوانەیە تۆ لێت تێك چوو بێت! دووبارە چوومەوە سەری سەیرم کرد تەئیکدم کردەوە کە 307 ملیۆنە نەك ملیار، داهاتی وەزارەتی کارەبا 5 ملیۆن دینارە، شتێکی زۆر سەیرە، لە کاتێك دا تەنها سەرفیاتی دەوائیری حکومی بۆ 6 مانگی ساڵی 2009 ، 84 ملیۆن دینار وەرگیراوە و دراوە بە وەزارەتی کارەبا، بەڵام بۆ یەك ساڵ تەقدیر کراوە 55 ملیۆن دینار، باسی مەسروفاتی ئوخرا ناکەم کە برایان باسیان کردووە، چوار قوتابخانە 180 ملیاری بۆ دیاری کراوە لە کاتێك دا ئێمە پێویستمان بە سەدان قوتابخانە هەیە لە کوردستان جێ بەجێ بکرێت، ئەمە بۆ؟ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سوپاسی برادەران دەکەم زۆربەی قسەکانمان کران، بەڵام هەر تیشکێك دەخەمە سەر زۆربەی پرۆژەکان ماوەی بۆ دیاری نەکراوە، هەروەها درێژی و کورتی ڕێگاکان چەند کیلۆمەتر بێت و چۆن بێت؟ ئەوەشی بۆ دیاری نەکراوە بە تایبەت لە پرۆژەکانی سلێمانی دا، دیارە وەکو ئەوەی باسکرا حیسابی خیتامی لە دەستمان نەبوو ئەوە کەموکوڕیەکی یەکجار دیارە لە هینەکە، وەکو د.صباح باسی لێوە کرد، هەموو ئوخرەیاتەکانی باس کرد پێویست ناکات من باسی بکەم، ئەوە ئەگەر ئەو مەنافعە هیچی نەمێنێت و بخرێتەر سەر ئەو سندوقەی کە بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان پێشنیار کراوە، سلفەی عەقار ئەگەر بکرێت پێشنیار دەکەین وەکو یەکی لێ بکرێت لە قەزا و پارێزگاکان، چونکە بۆ نموونە لە کەلار ئێستا ئەرز زۆر گرانترە لە هەولێر، کەچی لە سلفەی عەقار ئەو جیاوازیە هەیە لە بەینی قەزایەك و پارێزگایەك، هەروەها لەو سەردانەمان کە کردمان ناوچەکان تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ناوچەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان زۆر پێویستە ئەوە بکرێتەوە، تەنانەت بۆ ئەوەی کە تا ئەو کاتەش بێت ئیشیان بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ ئەو کەرتە تایبەتیانە کە کەرتی تایبەت کە بەناو کەرتی تایبەتە و، بەڵام حکومەتی هەرێم مەسروفاتەکەی دەکات، بۆ نموونە مەحەتەی کارەبای 29ی سلێمانی فرۆشراوە بە کۆمپانیایەك، بەڵام فەرمانبەرەکانی و پارەی گازەکەیشی حکومەت دابینی دەکات، دیارە دووبارەبوونەوەی پرۆژەکان کە زۆر دووبارە کراوەتەوە، هەروەها پرسیارێکم هەیە ئەو پرۆژانە لەسەر چ ئەساسێك دابەشکراوە، ئایا لەسەر ئەساسی دانیشتوان بووە یان لەسەر ئەساسی ئەو ناوچانەی کە زیانیان پێ گەیەنراوە؟ دواتر ئەگەر ئێمە باسی گەرمیان بکەین، دیارە حکومەتی هەرێم وەکو ئیدارەیەکی تایبەت و سەربەخۆ باسی گەرمیانی کردووە، بەڵام بەداخەوە لە بودجەکەدا و لە بودجەی 2010 دا خراوەتە سەر سلێمانی، هەرچەندە

دەبینین گەرمیان ئەو ناوچەیە کە زۆر قوربانی داوە، زۆر وێرانە، بەڵام بەداخەوە لە پرۆژەکان دا زۆر ئیهمال کراوە بە تایبەتی شاری کفری کە هیچ پرۆژەیەکی بۆ دانەنراوە، هەروەها دەبینین هەندێك پرۆژە دیاری کراوە لە ناوچەکاندا، بەڵام ناوی ئەو پرۆژەیە نەهاتووە، بۆ نموونە باسی پرۆژەکانی ناحیەی جەلەولا و سعدیە دەکات کە ئەو پێشتریش ئەو پرسیارەم لە بەڕێز وەزیری پلاندانان کرد، کە پرۆژەکانی ناحیەی مەندەلی کە پرۆژەکانی جەلەولا و سعدیە 528 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە کە پرۆژەکانی ناحیەی مەندەلی 669 ملیۆنی بۆ دابین کراوە، ئەمانە هەر هەمووی دیار نیە و ئەو پرۆژانە لە کوێیە و ناوەکانی چیە؟ هەروەها دروست کردنی کۆگایەك بۆ تۆ پاککردنەوە لە گەرمیان 321 ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە لە کشتوکاڵ دا، ئایا ئەمە لە گەرمیان لە کوێیە؟ هەر لە چەمچەماڵەوە گەرمیانە تاوەکو ئەگاتە کفری و خانەقین، لە چ شوێنێك لە گەرمیان ئەوە کراوە؟ هەروەها لە پرۆژەکانی وەزارەتی رۆشنبیری دیارە لە گەرمیان دا کە پێشتر باسکراوەو لە تەلەفزیۆن ئیعلانی بۆ کراوە کە دەکرا (4) کۆمەڵگەی رۆشنبیری بکرێتەوە لە گەرمیان، بەڵام بەداخەوە تەنها بۆ کەلار تەرخان کراوەو پێشنیار کراوە کەچی لە کفری و لە خانەقین و ئەوانەی کە پێشتر ئیعلانی بۆ کراوە هیچی بۆ نەکراوە، هەروەها دەبینین کە رزگاری کە چەند پێویستی بەو پرۆژانە هەیە تەنانەت رۆشنبیری مناڵان لە ناحیەی رزگاری لە ژوورێك دایە و ئەو ژوورە (3 بە 4) ەو کە خۆمان دەزانین مناڵانی ئەو ناوچەیە کە چەند زەرەرمەند بوونە و پاش ماوەی ئەنفال و چەند پێویستی هەیە کە لەو ناوچەیە هەیە و ئێمە خزمەتیان بکەین، تەنها لە گەرمیان وەزارەتی رۆشنبیری 52 ملیۆن دینار دەداتە کرێی خانوو. ئایا ئەو 50 ملیۆن دینارە ناکرێت ئێمە ئیستیفادەی لێ بکەین بۆ شتی تر؟ دیارە قسەکان زۆرەو کاتەکەشی کەمە من پێشنیارێك دەکەم وەکو ئەوەی کە برادەران پێشنیاریان کرد کە ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیراسەیەکی بکرێ و کەموکوڕیەکانی پڕبکرێتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین بودجە دوا بکەوێت، نەخێر پێویستە و مەبەستمانە کە بودجە بە زووترین کات قەراری لەسەر بدرێت، بەڵام بودجەیەك بێ شەفاف بێ و بێ کەموکوڕی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی ئەگەر ئەم بێین سەح کەینێ ئەو ڕاپۆرتە ژ لایێ لیژنا دارایی ڤە هاتیە دارشتن ڕاپۆرتەکا یا تێروتەسەلە، چونکو پوختەیا ڕاپۆرتێت یێت هەمی لیجانایە، هەمی پێشنیارێت یێت لیجانێ هاتینە بەرچاڤ گرتن ل ڤێ ڕاپۆرتێ دا، سەرەڕای هەندێ ژی کو پێشنیارێت خۆ ژ هەبووینە وەکو لیژنەیا دارایی و لیژنەیا یاسایی، وەکی ئەم زانین کو بودجەیا هەرێما کوردستانێ بەس ڕێکخستنایە مەسروفاتەیا، ژ بەر هەندێ ژی یێك ژ پرسیارێت من ئەڤە بوو کە بۆچی ماوەی پرۆژە نەهاتیە دیاری کرن؟ چونکو ئەم وەکو دەسەڵاتا یاسایی و چاڤدێریێ پێت، ڤیە بزانین کە ماوەی پرۆژا چەندە؟ بۆ هەندێ چاڤدێریا وێ بکەین،

یا دی تر ژی ئەڤەیە، ئەو سێ وەزارەتێت هەی، وەزارەتا یا شارەوانی و وەزارەتا کارەبایە و وەزارەتا سحێ، کە داهاتێ وان نەهاتیە دیار کرن بوێ رەنگێ پێتڤی، ئەگەر هاتبا دیار کرن کو هەندێ کو ئەو دەسەلاتا مە هەی، ئەم ژی بشێن بکاربینن، تێبینی هاتیە دیتن لڤێرێ هەی بەحسێ هەندێ هاتە کرن کو ناعەدالەتیەکا دارایی لدابەش کردنا پرۆژە دا هەی، براستی جهێ دلخۆشیە کو مرۆڤ ببینیتن هەر ڤولاجکەکا کوردستانێ پرۆژەکا ئاڤەدان کرنێ لێ تێتە کرن، ئەگەر مە دەسەلات هەبایە وەکو کوردستان دەبێژین ئەو 22 ترلۆنێت هاتینە داخاز کرن بلا هەمی بۆ کوردستانێ هاتبان، بۆ هەندێ کو هیچ بەشەکی کوردستانێ ژ پرۆژێت خزمەتگوزاری بێ بەش نەبووبا، لێ ئەگەر ئەم بەحسێ ڤێ عەدالەتێ ژی بکەین پێتڤیە بەراوردەك مە هەبیتن، یەك مەسەلەیا ئارکنجی بونێ دایە یا دی مەسەلەیا مەحرومیاتیە مەناتقادا، چونکە ئەم زانین ل بودجە عیراقێ ژی دا تەنیا ئەڤالیمادا ئەڤ خالەیەت هاتینە بەرچاڤ کرن، ئەز نزانم زۆر جار بەحسێ دهۆکێ وەختێ تێتە کرن، ئەگەر بهێین وەکو پارێزگا سەح کەینە دهۆکێ، ئەگەر تە رێکەکا یا وەسا نەبیتن کو لدیف ئامارا ل بەردەستێت مە هەیە تێدا دەه کەسێ ڤێ رێکا مە دەینە دوو پارێزگاهادا دەعمێ مرین ئەڤە یێك ژوان خالا کو بێتڤیە سەر راوەستانێ یە، وەختێ ئەم بەحسێ ملیۆنەکا ئارکنجی بویە دهۆکێ بکەین هێشتا خەستەخانەکا ژ دایك بوونێ لڤێ پارێزگاهێ نینە، ئەڤە ژی نیشا مەحرومیەتا وەیە، وەختێ ئەم بەحسێ کۆمەلگایا دهۆکێ بکەین کو سەر ریبارەکی ئاڤێ هێشتا ئاڤا سحی ناچیتە یان تەندروستی ناچیتە مالا وان ڤە، ئەڤە پێتڤیە راوەستانێ یە، وەختێ ئەم بەحسێ بەراوردێ بکەین، بەراوردا یا مەتارا بکەین، هەر دوو پارێزگایێ تر ژی کو هەر یەکێ مەتارەکا هەیە، هەتا ڤێ گاڤێ مەتارەك لپارێزگاها دهۆکێ نینە کو حەرکایا تیجاریا گەشتوگوزاری لڤێ مەنتقێ ئەم چ بێژین نیڤ مریە، ژبەر هەندێ ژی ئەڤروکە ژ ئەم بێژین ئایا ئەو ئەولەویاتا هاتیە دا بۆ پارێزگاها دهۆکێ لسەر چ ئەساس بویە؟ ئەگەر مە سناعەیا خۆراکیژل ل پارێزگەها دهۆکێ نەبیتن ئەم زانین ژ کو پارێزگەها دهۆکێ ژ وان پارێزگەهایە کو ژ لایەکا کشتوکالی ڤە پێتڤی هەندێ دکاتن کو راستیا نك هەبیت، ئەڤە هەمی ڤێ پرۆژەیا بودجەیا نەهاتینە بەرچاڤ گرتن، ژ بەر هەندێ داخازیا من ئەڤەیە وەختێ ئەم بەراوردێ دکەین مابەینا هەمی ناوچێت کوردستانێ بەراوردەکا وەسا بکەین کو یا عادیلانە بیتن، سەرەرای هەندێ تیکرار دکەمەڤەوە کو ئەم خۆشحالین هەر ڤولاچکەکا کوردستانێ کو پرۆژەك لێ بهێتە جێ بەجێ کرن و زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێردڵ فەرمووو.

**بەرێز شێردڵ تحسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جیهان فەرمووو.

**بەڕێز د.جیهان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن وەك ئەندامـەکی لـە لیژنـەی کاروبـاری تەندروسـتی و ژینگـە، دبینـم کـو میزانیـا خـاس بـۆ وەزارەتـا تەندروستی زۆر کەمە، تەختیە ئەو ئیحتیاجات و خەدەماتی تەندروستی ناکات، نوقتەکا دی زکیە خان ژی بەحس کر کە ئەو پرۆژێت ئیستسماری کە هاتینە تەخسیس کرن بۆ وەزارەتا تەندروستی نسبەت دهۆکێ نەخۆشخانا خاس بئافرەت و لە دایك بوونێ نینە هەتا نوکە، ئەڤە چەند ساڵە دێتە تەئجیل کرن، تشتەکی زۆر زەروریە خاسەتەن پشتی ساڵا 2003 ، چونکە خەڵکی دهۆکێ زێدە تـر لێ هاتینـە، بـەرێ هەنـدێ ژی هەتا نوکەش ژی خەڵکەکی ژ میسلێ و مەنتقەت تلکێف و ئـەو گونـدێت وان نـەواحێ و هـەروەها سـنجار و ئەو مەنتقێت بەدار و بار هەمی هەتا نوکە ڤەستا دهۆکێ کەن و نەخۆشخانا ئازادی کـو یـك تـابق بـەس یـا هەی بۆ نەخۆشێت ئافرەتان ژ بۆ ل دایك بوونێ، فە ئەز دبینم کو ئەڤ پرۆژە زۆر زەروریە و لازمە یەعنی ئیعادەی نەزەر پێ بێتە کرن، چونکە خەڵکی دهـۆکێ هێشـتا پەیتڤینـە کـو ئـەڤ نەخۆشـخانە وەسـا ببینـن، پرسیارا من کو کەنگێ خەڵکی دهۆکێ ئەڤ نەخۆشخانا بێنن کو تشتەکی زۆر زەروریە؟، نوقتەکا دی من ژی وەك ئەندامەکی لە لیژنە ئەوقاف و کاروبـاری ئـایینی ئـەز دبینـم هـەر میزانیـا ئـەوقاف ژ کەمـە، کـو ئـەو ڕێڤەبەرێت خـاس وەك مـدیریاتێت شـئونی مەسـیحی و شـئونی یەزیـدی هـەتا نوکـە میزانیـەتا خـاس بـۆ ئەوانە نەهاتیە دانان، چونکە لە پار 2009 هەیڤا پێنج هاتیە دامەزراندن وەك شئونی مەسیحی، فە هـەتا نوکە نەهاتیە تەفعیل کرن بە شکلەکی جدی، برەئی من ئەگەر وەزارەتەك بیتن یان مدیریەتەك بێـت یـان دائیرەیەك بێت میزانیەکا کافی نەبێت کو دشێت خزمەتا خەڵکێ خۆ بکەتن، یەعنی مجرەد دەمینیت ناڤ و چ شوغل نەکاتن، فە ئەز حەزدکەم بێتە تەفعیل کـرن و میزانیـەکا کـافی بـۆ بێتـە تـەرخان کـرن ودا هـیچ تەفریقە نەبیتن مابەینی شـەرائیحێت خـەڵکێ مـە، نوقتـەکا دی بەحسـێ زەرائیبـە، زەریبـە لەسـەر دووری عیبادە مەسەلەن بۆ مزگەفت نینە، بەس بۆ کەنائیس و دیریەت هـەن، فـە پرسـیارا مـن ئـەوە، بۆچـی ئـەڤ زەریبە تێـتە وەرگرتن؟ ئەگەر تشتەکی قانونیە فە ئەز حەزدکەم کو بێتە تەعدیل کرن، هـەر نەفسـی شـت کو تەفریقە نەبێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لە ڕۆژی هاتنی بودجەکەوە یەکێك لە کێشەکان لەسـەر داهـات بـوو، زۆر پرسـیار کـرا لـە وەزیـری دارایی لەسەر ئەوەی کە داهاتی هەرێمی کوردستان بێجگە لە 17٪ ەکە کـە چـی لێ دێـت، جـوابی بـەڕێزیان ئەوە بوو کە ئەوە دەچێتە سەر بودجەی فیدراڵی و دوایی 17٪ی دێتـەوە، بـەڵام پـێم وایـە ئێسـتا لیژنـەی

یاسایی زۆر بەجوانی و بە پێی دەستوور جوابیان داوەتەوە، کە تەنها باجی گومرگ دەچێتەوە بۆ بەغدا، کەواتە ئێستا پرسیارەکە دەکەینەوە کە ئایا دەرامەتی هەرێمی کوردستان لە کوێ یە؟ هەر لەسەر داهات و لەسەر نەوت قسە کرا کە باسی پێنج ملیار دۆلار کرا، بەلآم دوێنێ 13 ملیۆن پاوەندی تر ئاشکرا کرا لەسەر د.ئاشتی کە قازانجی کردووە، لەبەرئەوە من دەپرسم ئەمجارە 13 ملیۆن پاوەندەکەش کوا؟ جگە لە ئەو نەوتەی کە لە سنوورەکانی خۆمانەوە دەڕوات بە تانکەر، لەسەر داهاتی کارەبا نازانم من پێم سەیرە پارەی کارەبا زیادکراوە، کەچی لە ساڵی 2009 سەد ملیار داهاتی وەزارەتی کارەبا بووە، کەچی لە ساڵی 2010 دەبێت بە 55 ملیۆن، یەعنی تۆ داهاتت لە کاتێك دا لە ساڵی 2009 دا سەد ملیار بووە، باشە تۆ پارەت زیاد کردووە لەسەر خەڵك و کەچی داهاتەکە لە ساڵی 2010 دیسانەوە کەم دەکات، ئەوە شتێکی ترە، هەر لەسەر داهاتەکە لە پرۆژە یاساکە یەکێك لە خاڵەکان دەڵێت داهاتەکە کە داهاتی وەزارەتی تەندروستی یە، بۆ وەزراەتی تەندروستی خۆی سەرف دەکرێت، کەچی لەسەر داهاتەکە دیسانەوە داهاتی وەزارەتی تەندروستی حیساب کراوەتەوە، کەواتە ناڕاستی هەیە لە داهاتەکە، لەسەر بودجەی وەبەرهێنان نازانم من پێم سەیرە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگە دەدات کە ئەو پرۆژە یاسایانەی کە هاتووەتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان لە کاتێك دا بە هەزاران ملیۆن دینار زۆر بە شەفافانە سەرف کراوە بۆ پرۆژەی حیزبی، میوانخانەی مەڵبەند، لقی نازانم دوو، نازانم ئاوەڕۆیی کوێ، جادە قیرکردنی خاڵی پاسەوانی، سەرف کردنی هەزارەها ملیۆن دینار بۆ پرۆژەی وەهمی، ئەوانەی کە خەڵکی هەڵەبجەن دەزانن کە گوندی سازان و گریانە دەبێت بە کۆپتەر هاتووچۆ بکەی لە نێوانیان دا، لە ساڵی 2009 یەك ملیار و هەشت سەد و نۆ ملیۆن لەسەری خوراوە، لە ساڵی 2010 سێ سەد و هەشتی تری بۆ سەرف کراوە و ئەسڵەن وجودی نیە، پردی تەنگی سەید محمد نازانم 81 ملیۆنی خوراوە لە ساڵی 2009 دا تا ئێستا خاکەناسێکی لێ نەدراوە، لە ساڵی 2010 دا پەنجا و یەك ملیۆنی تری بۆ داندراوە، دەڵێن زانکۆ بۆ هەڵەبجە دروست دەکرێت لە کاتێك دا زانکۆکە 12 ملیاری تێ دەچێت و 4 ملیاری بۆ سەرف کراوە، نووسراوە دروست کردنی 171 خوێندنگا و نەخۆشخانە لە چەند شوێنێکی جیاواز 7 ملیاری بۆ داندراوە، یەعنی چیە من تێ ناگەم لەوە، تەفاسیلەکەی چیە؟ نەخۆشخانەی قەڵاچوڵان، هەمووتان دەزانن ئەوە فەشەلی هێناوە، کەچی دیسانەوە پارەی بۆ داندراوەتەوە! بەکارهێنانی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ عیراق، جگە لە مەلعەبەکەی کە باسیان کرد، سەرۆکایەتی کۆمار بۆ خۆی بودجەی هەیە چ پێویست دەکات ئێمە پارە بۆ ئەو سەرف بکەین؟ لەگەڵ ئەوەی کە ناعەدالەتی هەیە لە تەوزیع کردن بەسەر شارەکاندا دوای ئەوە ئەولەویەت لە پرۆژەکان ئەسڵەن هەر نیە، من قسەم هەیە لەسەر وەزارەتی تەندروستی کە بنکەی تەندروستی لە کاتێك دا تۆ پێویستت بە ولادە و نەخۆشخانەی منالآن هەیە کە د.جیهان باسی کرد، نیتە ئەو شتانە بکەی، تۆ دەچی بنکەی تەندروستیم بۆ دروست دەکەی لە کاتێك دا بە هەزارەها بنکەی تەندروستی هەیە و ئاژەڵیان تێ کردووە لە گوندەکان دا، لە بودجەی تەشغیلی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێژەی ئەو پارەی کە بۆی تەرخان کراوە لە ساڵی 2010 بە ڕێژەی 10٪ و 161 پارەکەی زیادی

کردووە، خێرە چی ڕووی داوە؟ یەعنی تۆ لە ساڵی 2009 نەوەت ملیارت بۆ داناوە، لە 2010 بووە بە 218 ملیار، چی ڕوویداوە؟ نازانم! چی قەوماوە لەوە؟ لە مەنافعی ئیجتماعی 4٪ من لەگەڵ ئەوەم لە مەنافعی ئیجتماعی بۆ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەبێت بەڵام ئەویش بە یاسا و ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد کە بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان بەکاربهێنرێت لە وەزارەتی تەندروستی، بەڵام لە وەزارەتەکانی دیکە ئەوە سەرچاوەی گەندەڵیە جگە لە سەرف کردنی منحە و تەڵەب و ئەوانە برادەران باسیان کرد، باس لەوە کراوە ڕێژەی بێ کاری کەم کراوەتەوە لە بودجەی 2010 ئەو ڕێژەیە کامەیە کە ڕێژەی بێ کاری کەم کردووەتەوە ئایا بێ کاری بەس تەنها بۆ ئەوە کەم دەبێتەوە کە تۆ خەڵك دابمەزرێنی؟ لە بودجەی وەبەرهێنان وتم پارە بە شەفافانە بۆ حیزب سەرف کراوە، بەڵام لە بودجەی تەشغیلی بە ناشەفافی سەرف کراوە کە هەزاران کەس هەیە پارە وەردەگرێت و لەسەر وەزارەتەکان، من بۆ خۆم مەعلوماتم لەسەر وەزارەتی تەندروستی هەیە کە خەڵك هەیە پارە وەردەگرێت لەسەر وەزارەت بە ناوی کارمەند، بەناوی شتی تر، کە ئەسڵەن دەوامیش ناکەن لە وەزارەت، هەر لەسەر وەزارەتی تەندروستی تا ئێستا نەخۆشخانەی شۆڕش نووسراوە (یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ــ دەزگای تەندروستی پێشمەرگە) 18 ملیار دیناری بۆ سەرف کراوە، ئێستاش وەفدێکی ئەو نەخۆشخانەیە لە یەکێك لە ناوچەکانا دیعایەی ئینتخابی بۆ لایەنێك دەکات، من شتی زۆرم هەیە، باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ مەسەلەی گەندەڵی لێرە ناتوانی کەس ئیتیهام بکەی بە گەندەڵی، دەتوانن لێکۆڵینەوە بکەن، گەیشتنە نەتیجە ئەو شتانەی لەبەر دەستانە، ئەو مەشروعانەی تەقدیم کراوە لیجان و ئەندامانی پەرلەمان پێکەوە بڕۆن بیدۆزنەوە، ئەوجار دەتوانی، بەڵام ئێستا بڵێی ئەمە گەندەڵە ئەوە دروست نیە، داوای لێ بوردن دەکەم، د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەرەتادا پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کەوا خاڵێکی دڵخۆشکەر لە بودجەکە هەیە با هەر هەمووی ناخۆشی و گلەیی نەبێت، ئەوەیە کە ئەگەر تەماشای بودجەی پرۆژەکانی عیراق بکەین لەوێ بودجەی پرۆژەکان لە عیراق دا ڕێژەکەی 28٪، بەڵام لە کوردستان 33,43 ٪ یە، کەواتە بودجەی پرۆژەکان لە کوردستان زیاترە وەکو ڕێژەکەی لە عیراق، هەروەها نەفەقاتی تەشغیلیش لە کوردستان کەمترە وەکو ئەوەی لە بودجەی عیراق دا هەیە، تەبعەن ئەوە خاڵێکی چاك و باشە، داوا دەکرێت کەوا زیاتر ئیش بۆ ئەوە بکرێت، ئەگەر تەماشا بکەی ڕێژەی مووچە لە نەفەقاتی تەشغیلی 63,37 ٪ ە، ئەمە بەڕاستی دەبێت جیابکرێتەوە، مووچە خۆر لەگەڵ فەرمانبەر، ئەمە دەکرێت ئەو ڕێژە زۆرە کە بە هەموو مەقایسێك ئەم ڕێژەیە زۆرە، ئەگەر هاتو ئێمە مووچەخۆرمان کەم کردەوە و لەسەر فەرمانبەر زیادمان کرد ئەو کات هەم ڕێژەکەش کەم دەکاتەوە و هەم فەرمانبەریش زیاد دەکات، وە لە مەسەلەی دامەزراندنیش رزگارمان

دەبێت، لەوانەیە ڕیژەیەکی باش لە دامەزراندن دابمەزرێت، خاڵی سێیەمم ئەوەیە کە گرنگی دان بە پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی ناوەند بووە، یەعنی تەبەقاتی وەسەت، کە ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستان زۆر پێویستیمان بەوە هەیە، ئەمە دوو فائیدەی هەیە، یەکەم: ئەوەیە کە ئێمە بۆ خۆمان بەعزێك مەعامل و کارگەی ئاوا لە کوردستان دابمەزرێنین کەوا سوودەکەی بۆ خۆمان بگەڕێتەوە، نەك لە دەرەوە بۆمان بێت، یەعنی ئەوانەی کە ئیستیرادمان کردبێت لەوەی کە تەسدیر، بۆ نموونە مەسەلەن بەرهەمەکانی شیرنەمەنی، ئەلبان، ماست و پەنیر و ئەوانە لە کوردستنان دەکرێت و زۆر ئەمانە، یەعنی کارگەی بۆ دابندرێت بۆ قوتووبەندی و بۆ خاوێن کردنەوە، بۆ ماستی یۆنان و تورکیا و فلان و فلانمان بۆ بێت؟ بۆ میوەی لوبنانی و سوریامان بۆ بێت؟ بە خۆمان کوردستان مەشهورە بە میوە، مەشهورە بە سەوزە و ماست و پەنیر، کە ئەمانە لە دەرەوە بۆمان دێت، بۆیە دانانی پرۆژەی مامناوەندی یان کارگە بۆ ئەمانە کە دەکرێت ئێمە لە کوردستان ئیشی باشی لەسەر بکەین، خاڵی دیکە زانکۆی نوێ داندراوە لە گەرمیان کە لە بودجەی تازەدا لە گەرمیان و لە هەڵەبجە و زاخۆ، دیارە ئێمە دژی دانانی زانکۆ نین، کردنەوەی زانکۆ و زیاد بوونی ڕێژەی زانکۆ لە هەر وڵاتێك دا نیشانەی زانیست و زانیاریە، بەلام ئەمەش وەکو هەر پرۆژەیەکی دیکە ئایا جەدوای عیلمی دیراسە کراوە، یەعنی ئەو شوێنانە کەوا زانکۆیان بۆ داندراوە ئایا بەڕاستی لەلایەنی زانسیتیەوە پێویستی بەوە هەیە؟ ئایا ئەو زانکۆیانەی کە ئێستا هەن فعلەن میلاکاتی تەدریسی تەواوە تا میلاکات بۆ ئەوان پەیدا بکەین؟ ئەمە یەکێك ئەمڕۆ لە موشکیلەکانی زانکۆکانی کوردستان ئەوەیە کەوا میلاکات کەمە و نیمانە، جا میلاکات نەبێت تۆ چۆن داوا دەکەی کە بۆ شەش تا حەوت زانکۆی تر میلاکات پەیدا بکەی؟ بۆیە من ناڵێم نەکرێتەوە، بەلام جەدوای عیلمی لەگەڵیدا هەیە یان نا؟ خاڵی دیکە مەوجوداتی غەیری مالی، مەوجوداتی غەیری مالی تەماشا دەکەی $2,26$٪ داگیر دەکات، لە کاتێك مەوجوداتی غەیری مالی لە زۆربەی وەزارەتەکان دا لەوانەیە فائیدەیەکی ئەوتۆی نەبێت، ناڵێم هەمووی هەر لە ئەساس و دابین کردنی سەیارەو ئەمانە زۆربەی سەیارەکانیان حکومین لە پاش دەوام بۆ ئەغرازی شەخسی بەکاردێت، بۆ سەفەرو سیاحەی خۆیان بەکاری دێنن، بۆیە دەکرێت وەزارەتی مالیە ئەمە کەم بکاتەوە، بە تایبەتی سەیارە، هەروەها دیکۆری ژوورەکان و دیکۆری مدیر عامەکان، مدیرەکان و وەزیرەکان، لەوانەیە ناڵێم هەمووی بەلام بەعزێکیان جاری وا هەیە کەوا ناپێویستیشە نوێ دەکرێتەوەو نۆژەندەکرێتەوە، ئەمەش هەر لە مەوجوداتی غەیری مالی حیساب دەکرێت، سلفەی عەقار $2$٪ کەیان لابرد، ڕاستە ئەشەدوبیللا ڕێژەی ریبایەکەیان لاچوو بە پێی هەوڵەکانی یەکێتی زانایان و لیژنەی ئەوقاف و مامۆستایانی ئایینی و وەزیری مالیە و پەرلەمان، هەر هەموویان بەشدار بوون لە لابردنی، ئەمە جێی دەست خۆشیە، بەلام بەلایەکی دیکە لێمان سووڕانەوە بە تەعلیماتی مالیە $250$ هەزاریان دانا وەکو رسومات، ئەو $250$ هەزار دینارە لەسەر $12$ ملیۆنەکە لە $2$٪ ەکە زیاتر دەکات، یەعنی کەواتە لە $2$٪یان لابرد، بەلام زیاتریان لەسەر دانا بە ناوی رسومات و بە ناوی ئەوانەوە، پێمان خۆشە ئەوە کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی تا ڕادەیەك ئینسان بتوانێت ئەمە وەربگرێ، هەروەها سندوقی نیشتەجێ بوون پارەیەکی باشی

بۆ داندراوە، بەڕاستی سندوقی نیشتەجێ بوون جێیەکی باشە و گرفت حەل دەکات، بەڵام پێویستە زۆر زۆر ئاگاداری ئەوە بن، ئەو پارەیەی سندوقی نیشتەجێ بوون بۆ کۆمپانیا تایبەتەکان نەڕوات زیاتر، یەعنی مواسەفاتی خانووەکان دروست دەکرێت، ئەمڕۆ مواسەفاتی زۆر ڕێك و پێك نین هەموویان، بۆیە پێویستە مواسەفاتەکانی زۆر باش بن و مەبلەغەکەشی لە کەمی بداتەوە، پارەیەکی باش تەرخان دەکرێت بۆ پرۆژەیەك، ئەمڕۆ پرۆژەیەك دادەنـدرێت و ساڵێکی تر تەماشا دەکەی پارە تەرخان دەکرێت بۆ نۆژەنکردنەوە، نۆژەنکردنەوەی نەفسی پرۆژە، باشە پرۆژە چۆن تەرخان کراو و کێ موحاسەبەی ئەوە دەکات کە ئەو پارەیە بۆ کوێ چوو؟ لیژنەی دارایی داوا دەکات لە دوو شوێن لە ڕاپۆرتەکە داوا دەکات دەڵێت 10٪ لە مینەح دا کەم بکرێتەوە، لە کاتێك دا لە ژوورەوە لە ڕاپۆرتەکەی خۆیان داوا دەکات لە 20٪ کەم بکرێتەوە، ئەو 20٪ و 10٪ یە چیە؟ مەسەلەی دامەزراندن لە ئەوقاف زۆر کەمە با زیاد بکرێت، بەخشینی مزگەوتەکان لە کرێی ئاوو کارەبا و هەروەها چاو خشاندنەوە لە بەکرێدانی مومتەلەکاتی ئەوقاف، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئێوەی بەڕێز، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین و سبەی سەعات 10 لێرە ئامادە بن، خوا ئاگادارتان بێت، بەخێر چن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 24\2\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/2/24

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2010/2/24 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (4)ی نائاسـایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/2/24 دا بـەم شێوەیە بێت:

1 -بـەردەوام بـوون لەسـەر گفتوگـۆكردن و بڕیـاردان لەسـەر پـرۆژەی بودجـەی سـاڵی 2010، هـەرێمی كوردستان-عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی یەكـەم، خـولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (4)ی نا ئاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2010/2/24، بەرنامەی كار:

بە پێی حوكمی مـاددەی 1ی بڕگـەی 6 لـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی ژمـارە 1ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كە بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمـارە 4ی نائاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات 10ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی چوارشـەممە، ڕێكـەوتی 2010/2/24 بەم شێوەیە بێت:

1-بـەردەوام بـوون لەسـەر گفتوگـۆكردن و بڕیـاردان لەسـەر پـرۆژەی بودجـەی سـاڵی 2010، هـەرێمی كوردستان-عیراق.

بەڕێزان لێژنەی دارایی فەرموون بۆ شـوێنی خۆتـان، بـەخێرهاتنی وەزیـرە بـەڕێزەكان دەكـەین، كـاك شـێخ بایز، كاك د.ئاشتی، كاك دڵشاد، كاك سیروان، كـاك ڕشـید، هـەروەها بـەڕێز وەزیـری پـلان دانـان كـاك د.علـی سندی، زۆر بەخێر بێن، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ قسەمان کرد لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی ڕاگەیاندن لە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە ڕاگەیاندن تەواو، ڕەجائەن دانیشە، ڕاگەیاندن باس ناکرێ، قەراری سەرۆکایەتیە، ناهێڵم ڕاگەیاندنی هیچ لایەنێکی سیاسی لەناو ئەو پەرلەمانە بێت، جگە لە ڕاگەیاندنی پەرلەمان زیاتر، تکایە تەواو، ڕەجائەن دانیشە، بەڕێز ئاواز عبدالواحد کەرەم بکە بۆ قسە کردن. نەهاتووە؟ بەڕێز صبیحە احمد مصطفى، کەرەم بکە.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك من دەستخۆشی لە سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی دارایی دەکەم، بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هەروەها پشتگیری لە هەموو خاڵەکانیان دەکەم کە لەم ڕاپۆرتە ئیشارەتیان پێداوە، هەموومان بە ئاشکرا دان بەوە دادەنێین کە دەکرێ کەم و کورتی لە بودجەدا هەبێت، هەر وەکو لە بودجەی ساڵی 2010 هەندێك کەم و کوڕی تێدا هەیە، بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان فکر لە ژیان و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی کوردستان بکاتەوە، چونکە هەمووشمان دەزانین کە خەڵکی کوردستان شایستەی ئەوەنە کە لە بودجە ئیشارەتی پێ دراوە زیاتری بۆ بکرێ، چونکە هەموویان تووشی قوڕبەسەری و نەهامەتی و ئاوارەیی بوونە، ئەو داهاتەی کە لە بودجەدا پێشکەش کراوە، هەمووشمان دەزانین کە داهاتێکی تەخمینیە، تاکو ئێستا ئەم بودجەیە لەنێوان حکومەتی فیدراڵی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکلانەبوویتەوە، لە بودجەی ساڵی 2010دا زۆر خاڵی دڵخۆشکەر تێدایە، هەرچەند هەندێ خاڵی سلبیش ڕچاو دەکرێ، لەم بودجەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەنگاوێکی گرنگی یەکخستنەوەی حکومەت و دوایی هێنان بە مۆرکی یەك ئیدارەیی تێدایە، ئەم شوێنانەی کە لە بودجەدا ئیشارەتی پێ نەدراوە، لە ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی ئیشارەتی پێ دراوە، وەکو یەکگرتنەوەی هەردوو دەزگای ئاساییش و یەکگرتنەوەی دیوانی چاودێری دارایی، خاڵێکی تر کە لەم بودجەدا ئیشارەتی پێدراوە، بودجەی حیزبەکانی خستووتە چوارچێوەیەکی قانونی، هەورەها خاڵێکی تر کە لەم بودجەیەدا هەیە، زامن کردنی مووچەی پێشمەرگەیە، کە لە ڕێگای وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیان سەرف دەکرێ، خاڵێکی تر کە بەراستی لەم بودجەیەدا جێی دڵخۆشیە، زیادکردنی مووچەی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و کیمیاباران و ئەنفال و کەم ئەندام و دەرماڵەی مامۆستایان و زیادکردنی پارەی خانەنشینانە، بە نیسبەت خاڵی ئاوەدانی و پرۆژەکان، من بەش بە حاڵی خۆم، هەموو خاکی کوردستان لە خانەقینەوە بگرە تا زاخۆ، تا گەرمیان و هەڵەبجە، بە خاکی خۆمی دەزانم، بە تایبەتی ناوچە دابڕاوەکان و ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە، هەر نوقتەیەك لە خاکی کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە، جێی دڵخۆشییە، چونکە کوردستانە و هاووڵاتیانی کورد و کوردستانی تێیدا ژیان بەسەر دەبەن، بە نیسبەت دانانی مەبلەغی 300 ملیۆن دۆلار ساڵانە بۆ سندوقی نیشتەجێبوون، ئەمە خزمەتێکی گەورەیە کە بە گشت چین و

**توێژەکانی کۆمەڵ دەگەیەنرێ، دانانی بودجەیەك بۆ سولفەی عەقار، بەراستی جێی دڵخۆشییە، ئەم بە شەرتێك کە بە یەکسانی دابەش بکرێ لە شار و شارۆچکەکان و قەزا و ناحیەکان، لە کۆتاییدا پێشنیارێکم هەیە، سەبارەت بە ماددەی 19ی یاسای بودجە، کە تایبەتە بە میزانیەی حیزب و رێکخراوەکان، وەکو لە لاپەڕەی 13 ی راپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە، وا دیارە دەستەواژەی رێکخراوەکان ئاشکرا نیە، ئایا رێکخراوە ناحکومیەکان دەگرێتەوە، یاخود تەنها رێکخراوە سیاسیەکانە؟ بۆیە پێشنیار دەکەم وشەی سیاسیەکان زیاد بکرێ تاکو ببێتە حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان، چونکە رێکخراوە ناحکومییەکان، لە لایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە پێی یاسای ژمارە 15 مینحەیان وەرگرتووە، ئیتر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**رێزدار د.زانا فەرموو.**

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من هەوڵ دەدەم بە پێی پێویست ئەو نوقتانەی هەمە لەسەر راپۆرتەکان دابەشی بکەم بە سێ تەوەری سەرەکی، سەرەتا قسە لەسەر راپۆرتی وەزارەتی دارایی بکەم، کە بەڕێز وەزیری دارایی سەرەتا راپۆرتەکەی خۆی شی کردەوە، من ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە راپۆرتەکەدا ئەوە هاتووە کە کاریگەری بودجە ئەخاتە ئەستۆی، بۆ نموونە یەکێك لە هۆکارەکان پەیوەندی بە بەغداوە هەیە، هۆکارێکی تریش پەیوەندی بە پەسەند کردنی یاسای ئەحزابەکانەوە هەیە، من ئەڵێم ئەم پاساوانە بەراستی لە رووی هەڵسەنگاندنەوە لە جێی خۆی نین، لەبەر چەند هۆکارێك، یەك لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی کە پرۆژەی بودجە گەیشتە بەردەمی پەرلەمان، هێشتا لە بەغدا بودجە پەسند نەکرابوو، ئەمە خاڵی یەکەم، لە لیژنەی یاساییشدا لە 11/19ەوە پرۆژە یاساکان کە ئاراستەی حکومەت کراوە، پەرلەمان گلەیی لە حکومەت هەیە کە پرۆژە یاساکان وەڵام نەداتەوە، نەوەك حکومەت گلەیی بکات کە پەرلەمان زوو پرۆژەکانی ئاراستە نەکردووە، ئەوە دووەمیان، سێیەمیان، ئەگەر کابینەی پێنجەم توانیبویەتی لە رۆژی 2009/7/22دا بە هەمان راپۆرتی وەزارەتی دارایی نووسراوێك ئاراستەی حکومەتی بەغدا بکات، بە نووسراوی ژمارە 11166 ئاراستەی بکات، کە خەرجی و داهاتەکانی بە خەملاندنەوە بنێرێت، بۆیە ئەتوانیت ئەگەر نووسخەیەکیش لەم راپۆرتە، لەم خەملاندنە، ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی کە زوو پەرلەمانی کوردستانیش کاری خۆی بکات، نەبێتە هۆی ئەو دواکەوتنەی کە بە هەموو پێوەرێك دواکەوتنەکە لە خودی ئەستۆی حکومەتدایە، نەوەك لە ئەستۆی پەرلەمان یاخود جیهەتێکی تر، پاشان بێینە سەر باس کردنی پارەی تەرخان کراو بۆ تەمویل کردن، ئەوەی کە لە بەدغداوە بۆمان دێت، رێژەکەی دەستنیشان کراوە بە نزیکەی 11 ترلیۆن و 432ملیارو 176ملیۆن، لە هەمان کاتدا دەستنیشان کردنی داهاتیش بە 348ملیارو 679ملیۆن دینار، من لێرە ئەپرسم لە وەزارەتی دارایی، ئایا ئەم 348ملیارە لە کوێی تەمویل کراوە کە بۆمان هاتووە؟ لە راپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتووە کە تەنها پارەی گومرگ ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی**

ئیتیحادی، ئایا چ جێگەیەك كراوەتەوە لەم پارەیە و بە چ شێوەیك سەرف ئەكرێت؟ پاشان لە وەزارەتی دارایی ئەپرسم: ئایا ئەو پارەیەی كە تەرخان ئەكرێت بۆ پارێزگاكان لە هەمان كاتدا بە پێی یاسای پەرەپێدانی پارێزگاكان، بۆ نموونە ئەو تەقدیراتانەی كە هەیە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، تەنها بۆ پارێزگایەك وەكو پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2010، نزیكەی 40ملیار دینارە، ئایا ئەوە لە چ پرۆژەیەك تەرخان دەكرێت؟ كێ چاودێری ئەم حاڵەتە دەكات؟ لە كاتێك كە ئێمە لە سایەی ئەنجومەنی پارێزگاكان وادەیان تەواو بووە و هەڵبژاردنیشیان تێدایەو بە ئەنجام نەگایندراوە، ئەو پارەیەی ئەگاتە دەستیان لە ژێر سەرپەرشتی كێ بە ئەنجام ئەگەیەنرێت و ئەو داهات و پارەیە بە چ شێوەیەك و لە چ پرۆژەیەكدا و لە چ سەرف ئەكرێ؟ ئەگەر بێینەسەر باس كردنی ئیستیمارەی تەقدیراتی ئیرادات، كە لە لایەن حكومەتی هەرێم پێشنیاز كراوە بۆ ساڵی 2010، بەڕێزان سەرتاپای ئەمانە هەمووی جێگای گومانە، راستە ئەوە بودجەیەكی خەملاندنە، بەڵام ئەگەر تۆ نەتوانی تەقدیری بكەی، ئەتوانی بە نزیك بوونەوە رێژەیەك پێشكەش بكەی كە عەلەل ئەقەل هەندێكیان نزیك بێت لەو رێژەیەی كە لە ساڵی 2009دا تەحدید كراوە، ئەگەر ئێمە نەتوانین بە تەواوی لە 2010 رێژەیەك تەحدید بكەین، خۆزگە بگەڕاباینەوە سەر ئەوەی كە لە 2009دا هەبووە، بۆ نموونە من یەك، دوو وەزارەت لەمانە باس دەكەم، كاتێك كە باس لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار دەكرێ، مەعقول نیە بە هەموو پێوەرێك تۆ لە 31 ملیارەوە بێتەوە بۆ 307 ملیۆن، لە هەمان كاتدا من پرسیار دەكەم لە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، لە راپۆرتەكەیاندا هاتووە و نووسراوە ئیراداتی تر لە زمنی مەبیعاتی نەفتی لە 2009دا 18 ملیۆنە و لە ساڵی 2010 تەقدیر دەكرێ بە 890 ملیۆن، 18ملیۆن پارەی دوو مانگی مووچەی ئەندام پەرلەمان و وەزیرێكە، باشە ئەگەر بەو حیسابەی سەیری بكەین، ئەم پێوەرە بە هیچ پێوەرێك و ئەو پارەیە ناگاتە ئەو رێژەیەی كە هەموومان، وەزیری بەڕێزیش ئامادە بوو كە باس لە 5 ملیارەكە ئەكات، ئەو رێژەی پارەیەی كە دەستنیشان كراوە، جا ئەگەر ئەمە بە پرۆژە بێت، بە پارە بێت، بە هەر چ پاساوێك بێت، مەفروز بوو لەگەڵ پرۆژەكاندا، ئێمە یاداشتێكی ترمان لەبەر دەستمان بوایە، كە باس لەوە كراوە پرۆژەی جیا بەدەر لەوانە، ئەگەر بە پرۆژە یاخود بە داهات بێ دەبوا دەستنیشان بكرابا، لە هەمان كاتدا من ئەپرسم ئەگەر داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بە تەقدیری بۆ ساڵی 2010 بریتی بێت بە رێژە، بریتی بێت لە 0,25٪ كەچی ئەبێنین بە تەقدیری داهاتی پەرلەمانی كوردستان رێژەیەك نزیكە لە رێژەی وەزارەتی سامانە سروشتیەكان كە بریتیە لە 0,25٪، من ئەپرسم لە بەڕێزان، لە پەرلەمانی كوردستاندا، خۆ ئێمە هیچ واریداتێكیشمان نیە، رێژەكەی نزیكەی لە 0,19٪ لە كاتێكدا كە ئێمە یەكێك لە وەزارەتە بەرهەم هێنەرەكانمان رێژەیەكی هەیە نزیكە لە رێژەی وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، بۆیە لە هەمان كاتدا ئەپرسم لە بەڕێز وەزیری دارایی كە خۆی بەڕێزیان ئاماژەی بەوە داوە كە ئاگاداری پارەی داهاتی ئەو گرێبەستە نەوتیانە نیە، من ئەپرسم لە بەڕێزیان، ئایا ئەو تەنسیقەی كە هەیە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە نێوان ئەو دوو وەزارەتانە، ئایا بە چ حاڵەتێك كراوە؟ ئایا ئێمە لەبەردەمی دوو وەزارەتی داراییداین یاخود یەك وەزارەتی

داراییمان هەیە؟ بۆیە بە تەواوەتی ئەو پارانە دەست نیشان بکرێت، لە چ پرۆژەیەکدایـە؟، چونکە ناکرێت ئێمە لەبەردەمی راپۆرتی وەزارەتی داراییدا بین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگاداری داهاتێکی تـر نـەبین، دێمـە سەر باس کردنی راپۆرتی لێژنەی دارایی، لەگەڵ رێـز و حورمـەتم بـۆ هـەموو بـەرێزانی خوشـك و برایـانی لێژنەی دارایی، ماندووبوون بە ئیشەکانیانەوە دیارە، بەڵام من لە هەندێ کاتدا گلەییم لەو بەرێزانـە هەیـە تایبەت لەناوەرۆکی راپۆرتەکە، دڵنیا بن تێبینیەکانم بەس لەسەر راپۆرتەکەیە نـك لەسـەر هـیچ یـەك لـەو بەرێزانە خۆیان، یەکێك لەوانە کە بە لەنگی دەبێنم ، هەندێ جار ئەبینین لە راپۆرتی لێژنـەی دارایـی بـە جۆرێك لە جۆرەکان پاساو ئەهێنێتەوە بۆ راپۆرتەکەی وەزارەتـی دارایـی، لـە هـەمان کاتـدا خـۆی بـە دوور ئەگرێت لە باسکردنی هەندێ تەوەر و داوا ئەکات لە ئایندەیەکی تردا چارەسەرێك بۆ بەشێك لـەو کێشانە بدۆزێتەوە کە لە پرۆژەی بودجەی ئـەم ساڵدا ئاراسـتە کـراوە، داوا ئـەکات بـۆ سـاڵی 2011 راپۆرتەکـە بـە ئاراستەیەکی تر بێت، بۆیە هەست دەکەم ئەم راپۆرتە لەسەر ئەم تەوەرە کـار ناکـات، کـە داوای لـێ بکـەیت ئیجبار بکرێت، چونکە بڕیاردەری کۆتایی لەسەر بودجە خودی پەرلەمانە نەوەك حکومەت، لە هەمانکاتـدا لەناو راپۆرتەکـە هەنـدێك زاراوە خـۆی تەنانـەت لـە خوێندنەوەشـدا بـەرای مـن روون نیـە، بـۆ نموونـە لـە لاپەرەی 6دا باس لەوە ئەکات ئەڵێ: حکومەتی هەرێم، دیارە لێرە بـاس کـردن لەسـەر کابینـەی پێنجـەم تـا رادەیەك توانیویەتی لە ساڵی 2009دا پلانی بودجەی ئاسایی جێبەجێ بکات، لێرە نووسراوە تـا رادەیـەك، دوایی نووسراوە بە رێژەیەك لە 97,65٪، من پێم سەیرە ئەگەر تا رادەیەك توانیوەتی لە 97٪جێبـەجێی بکەن، لەوانەیە پرۆژەکە لە 200٪ بێت، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا زۆر لـە وەزارەتـەکان و دەزگاکـانی هـەرێم نەیانتوانیوە بە تەواوەتی ئەو پلانەی پابەندە بـە حیسابەکانی سلع و خـەدەمات و صـیانە و مەصـروفاتی ئوخرا، مەوەجوداتی غەیر مالیش جێبەجێ بکات، ئەوە خۆی لە خۆیدا هەست دەکـەم جـۆرە تەعاروزێکـە، نا هاوسەنگیەکە لە تەقییمکردنێکی دەقیقی ئەوەی پێشوو، لـە هـەمان کاتـدا لـە بـەرێزانی لێژنـەی دارایـی ئەپرسم، ئایا ئەو بەرێزانە راپۆرتیان لەبەر دەستدا بووە تایبـەت بـە حیسابی خیتـامی 2009 کـاتێ بـاس لەم شێوەیە ئەکەن؟، کە توانیوەتی بە رێژەیەکی دیاریکراو ئیش بکات یاخود ئیش نـەکات، پاشـان ئەپرسـم لە بەرێزانی لێژنەی دارایی، ئایا چۆن توانیویانە کار بکەن لەسەر پرۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان؟، لە کاتێکدا یـەك راپـۆرتی چاودێری دارایی لەبەردەسـتی ئـەو بەرێزانـە نـەبووە، مـن هەنـدێ زانیـاریم لەبـەر دەستدابوو و کە بەڵێنم دابوو هەندێ بە نهێنی بیهێڵمەوە لای خۆم بەو هیوایەی کە پەرلەمانی کوردسـتان لە کاتێکی دیـاریکراودا لەسـەر ئـەم راپۆرتانـەی چاودێری دارایـی ئـیش بکـات، بـەڵام بـە ناچـاری مـن لێـرە هەندێ نموونە ئەهێنمەوە، کە نموونـەی قـەرزی حکومـەتن لـەلای دەوائـیر و شـەریکات و ئـەفراد، بـەڵام تـا ئێستا حکومەت لێپێچینەوەی بەرامبەر نەکردووە، ئەپرسم لە وەزارەتی دارایی، باشە رێژەی ئەو قەرزانەی کە حکومەت هەیەتی لەلای ئەفراد، لە لای شەریکات، لە پێشینە، لە سولفەی زەواج، لە سولفەی عەقار، ئایا ئەمانە لە ساڵی 2010 رێژەی چەندیان لێ دەگێردرێتـەوە و ئـەو رێژەیـە چـەندی دەستنیشـان کـراوە لـەو داهاتەی کە خەملێنراوە بەر 348ملیارو چەند ملیـۆن دینارێـك؟، بـۆ نموونـە لـە یـەکێك لـە حاڵەتەکانـدا،

زۆرترین راپۆرتەكانی چاودێری دارایی لە كۆتایی ساڵەكانی 2008 و 2009دا ، تایبەت بە دەردانی سامان لە تێوەگلان، مەسائیلی گەندەڵی، تایبەتن بە وەزارەتی كارەبا، وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، ئەم راپۆرتانە بە نموونە دێنمەوە، 43 ملیار دینار داوا كراوەتەوە، كە قەرزی حكومەت بووەلای هاووڵاتی و شەریكات، چی كراوە، لەو قەرزەی كە وەرگیراوەتەوە لە داهاتی حكومەتدا؟، سێ ملیار پێشینەی جۆراوجۆر بووە، ئیتر لە كۆتایی 2009دا لە یەك ملیار دینار زیاتر داوا كراوەتەوە، 283 هەزار دۆلار بە نایاسایی خەرجكراوە، 15 ملیار داوا كراوە، قەرزی حكومەت بووە لە لای شەریكات و ئەفراد، وەزارەتەكانی دارایی و كارەبا و پیشەسازی و پرۆژە تایبەتیەكان، 143 ملیار دینار قەرزی حكومەتی هەبووە لە لای ئەفراد و شەریكات چی لێ كراوە؟، تەربیە 395 ملیاری هەبوو، سولفەی زەواج و عەقار كە تا ئێستا وەرینەگرتووتەوە، ئەمانە هەموو پرۆژەن كە تا ئێستا بێ وەڵام بووە، لە هەمان كاتدا من ئەوە ئەڵێم، ئەگەر بێین ئەو پرۆژە بودجەیە بەراورد بكەین بە كارنامەی كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەو كارنامەی كە تا ئێستا بەداخەوە لەبەردەم پەرلەماندا گفتوگۆی دەربارەی نەكراوە، ئەبینین دیسان نا هاوسەنگیەك هەیە لەم حاڵەتانە، بۆ نموونە لە بواری ئابووریدا، لە كەرتی پیشەسازیدا، لە كەرتی بازرگانیدا، كاركردن لە توانا سازی لاوان و لە كەرتی خانەنشینی بۆ رەخساندنی دەرفەتی كار، ئەمانە هەموو حاڵەتن، تاكە قسەشم ئەڵێم: كەم قسەكردن لەسەر ژێرخانی ئابووری لە كارنامەی حكومەت هاتووە، كار بكرێ لەسەر پەرپێدانی شەمەندەفەر، بەڵام ئەبێنین لەناو پرۆژەكاندا پارە تەرخان بكرێت بۆ پرۆژەی پردی خەسرەو، ئەو پردەی كە ئێمە دوو ساڵە بەسەری ئەڕۆین، پارەكە لەوێدا تەرخان دەكرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، رێزدار بەیان احمد فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستی ئێمە وەكو میللەتی كورد، میللەتێكین پەیڤانی خۆ دەهاوێژین بەرەو پێشكەفتنا، لەوما گەلەك و گەلەك گرنگە ئەز دەبینم ستراتیجیەتی مالی یا هەرێمی كوردستانی بیتن باشی ڤیادیاركرن، راستیدا دەبینم ستراتیجیەتی مالی نە وازیحە، ڤیتن ئەڤ ستراتیجیەتە گەلێك جڤان بێتە داڕشتن لەسەر ئەساسێ شەفافیەتێ بێتە دانان، روئیا بۆ بواری دارایی چیە؟ هەمی پرۆژەیەك دەبێ روئیا هەبێت، دەبێ پەیاما، ریسالە هەبێت، ئەهادێ مە چیە؟ ئەوە تەبعەن نە دیارە، ئەڤە تەبعەن چەند خاڵێك هەن ئەز دەبێژم، یەكێ: گەلەك و گەلەك گرنگە رەسما سیاسیەتە مالیە هەرێما كوردستانێ بێتە كرن، ئێمە وەكی گوتیە ئەز میلەتێكین بەرەڤ پێشكەڤتنا هەنگاوی خۆدەهاوێژین، گەلەك و گەلەك زەروورەیە بونیاتی تەحتی ئەم هەمیت خەما، هەمی بونیەی تەحتی میللەتی ئەم دی چەوا ئاواكەین، ئەڤە هەموو پێویستی دیراسەتی واقیعی هەیە، كو ئەڤرۆكە بە خێیە ئەڤە هەمی مانا دەبێتن، دیراسەتێك هەبێ بۆ واقیعی ئیحتیاجاتی

هەر دەڤەرێك، كول زاخۆ هەتا كفرى و كەلار و هەتا هەڵبجە، پێویستیت گەلەك شت هەیە بەراستی، چونكە میللەتێكە وێران بووە، بونیەی تەحتی بۆ نەهاتیە دانانێ، گەلەك و گەلەك پێویستە سیاسەتێكی وازیح هەبێتن لەو بواریدا، ئەڤ سیاسەتە تەبعەن كاری هەرە گرنگی وەزارەتی پلاندانانیە بە راستی كو بە تەنسیقی لەگەڵ وەزارەتی دارایی، رەسما ڤی سیاسەتە بكات بە شێوەیەكی گەلەكی جوان، خوتە دەبێ هەبێت، خوتە بۆ $10$ ساڵی و $5$ ساڵی، واقیعی كوردستانێ ئەڤرۆكە ئەڤەیە، هەتا $50$ ساڵی تر دەبێ ئەڤە چ لێ بكەین، هەموو دێتە گۆڕین، ئەڤرۆكە دەڤیا میللەتی مە میحتاجی گۆڕین هەیە بەراستی، شتی مەلوس ئەڤ بۆ میللەتی خۆ بكەین لە بواری خزمەتگوزاریدا، بۆ نموونە، ئەگەر ئەز بەحسی كەرتی پەروەردە بكەین، كەرتی ساخلەمیا بكەین، كە كەرتێكی هەرە گرنگن، ئەگەر ئەڤ بونیەی تەحتی هەردوو ئەڤانە نەكەین تەبعەن، ئەڤ چەند موحتاجی كردنا مەدرەسەینە؟ ئەڤ جەند مەحتاجی ساخلەمینە؟ خەستەخانە و شتمان هەبێت، ئەمە جارێك موحتاجین، هەتا سی ساڵی تردا دەبینین ئەڤ بونیا هەبی، هەندێ دابین ئەو بەرنامجێت دبێ، وەختێك دیاریكراو بێت، ئەڤە هەندێ دەبێ وازیح بێت بەراستی، موراعاتی عەدالەتی و شەفافیەتی و نیسبەی سوكانی تەبعەن گەلەك و گەلەك زەروریە، خاڵا دی كو جەنابی وەزیری دارایی ئیشارەتی پێدا، كوما خەلەلێ لە بەغدا هەن، ئەز نازانم هەتا كەنگین ئەڤ خەلەلە دێنە دی كرن؟، ئەم كورد وەكو شەریكێكی فیعلی لە بەغدا زیاد بایە، هە تا هەنوكا ئەڤ كێشە هەندێ مەحەل هەبوایە، ئەڤرۆكە سەرۆكا كۆمارێ بگرە و جێگری سەرۆكی وەزیران بگرە و ئەز ئاگادارم ئەگەر غەلەت نەبم، جێگری وەزیری مالی كوردن، بۆ چی مە نوێنەرێ لێرە نینە هەتا كرن؟ و بۆ چی ئەز موتالەبەی پێ ناكەین وەكو حەقێكی سەرەكێی یی خەڵكی كوردستانێ؟ هەتا كەنگین ئەڤ تەنازولێ لە حەقی خۆ بكەین بەراستی؟ ئەڤرۆكە میللەتی مە دەبێ موتالەبەی بكاتن، تەبیعی ئاڤەدانكردن بەراستی ئەڤە ئەز دەبێژم لە ئیختیصاصاتی وەزارەتی پلان دانانە، هەر وەزارەتەك شتەكی هەیە، یەعنی گەلەك و گەلەكە گرنگە وەزارەتێ پلان لە خەما مەشاریعی ستراتیجی دابێت، ئەڤە كرنا بونیاتا تەحتی میللەتا دابین كرنا بەراستی، كو هەر پارچەیەك لە كوردستانێ پێتەڤێ بونیە تەحتیە، ئەگەر ئەز پرسیارێكی ئاراستەی وەزیری دارایی بكەین، مینحەی دەولی هەن، قروزی دەولی هەن، ئەرێ نیسبەی كوردستانا تێدا چەندە و كێ دەدا ؟، تەبعەن ئەڤە هەمی نادیارە، هەروەسا كو مینحەی تایبەت هەن بۆ كوردستانێ، بۆچی ئەڤە بەكار نایینن؟ حەملەیەكی ئاڤاكرنا ڤوتابخانە، سەخلەمیا، بۆ چی ئەڤە تەرەف نەكەینە؟ هەزاران ئەڤرۆكە هەرێمی كوردستانێ پێویستی بە ڤوتابخانە و لە هەمی بواردا بەراستی هەیە، یا دی دیتنا وەزارەتی دارایی بۆ چارەسەركرنا كێشەی بەتاڵی، كێشەكە گەلەك و گەلەك مەزنا بەراستی، دی چ بكاتن؟ یەعنی خوتەی و پلانی چیە بۆ ئەڤان دەرچوویێ؟ كو بەراستی كادیرێكی نەوعینە، كادیرەكن شەهادەی بەدەست خۆیان كرن، هەتا كەنگین ئەڤە هەمێ وا بمێنن؟ بەراستی وەكو شعوور مەسئولیەتێكی ئەز دەبێژم، ئەڤرۆكە دهۆكێ بگرە هەتا كفری و مەندەلی بگرە هەمی موزاهەرە دەكەن ڤوتابیە مە، ئەڤە چ هەیە بۆ ئەڤ دەرچوون، بۆ چ ئەڤ مووچە خۆرێ تەنێ حەلەك دانانێ؟، ئەڤ موشكیلەیە گەلەك و گەلەك مەزنا، یەعنی

ئەڤ خەریجی هەن همیٚ گەنجی خۆمەتا هەن و خزەمتا خۆ پێشکەشی میللەتی خۆ بکەن، ئەم پێویستی پیا هەیە بەراستی، لەبەر هەندیٚ دەبیٚ بەراستیٚ ئەمە هەندیٚ تر وازیحتر بیٚ و حەلێك هەبیٚ، بەداخەوە ئەز دەبێژم لە هەمی حەملا هەلّبژاردنا، هەمی تەئکید لەسەر ئەڤە دەکەنەوە ئەز دێم چارەسەری بەتالّە دەکەم بەس کانیٚ؟ شیعارات گەلێك حیزبەکان دێنە کرن، نایکەن، بەس ئەڤ موزاهەراتە موئەشریٚکە بەراستی، ئەڤ وەکو شعوری مەسئولیەت ئەز دەبێژم، یا دی سولفەی عەقاری، ئەڤە شتێکی دەست خۆشی لیٚ کرن بەراستی، بەس ئەز دەبێژم بۆ چی ئەز وەکو عیراقی ناکەین ببێتە تەئسیری ئیقتیصادی، دروستەهی، خەلّکی مە ئەز گەلێك موستەفیدین و فیعلەن ئیستیفادە دەکات، ئەز گەلەك و گەلەکا شتی باشی لیٚ بکەن، بەحسی مەدرەسەی نموونەیی هاتنە کرن، پرۆژیٚ دیدا، ئەز دەبێژم مەدارسی نموونەیی ئەڤ محتاج نینە، چونکە گەلەك شت هەن هێشتا لە بن ئیجارن و مەدرەسە نینە، لەبەر هەندیٚ گەلەك حاجات هەن زۆر زەروریە بۆ مەدرەسە، پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیری دارایی دەکەین، رسوماتی دائیرە نە وازیحن، ئەز نەزانم کیٚ ڤە چن؟ شتێکی دی، وەزارەتی کاروباری کۆمەلّایەتی، ئەز وەکو ئەندامیٚ لە لیژنەی کاروباری کۆمەلّایەتی و خێزانیمە، بەراستی حاجاتەکە گەلەکە گرنگ هەیتن، باخچەت ساڤا بینە ئاڤا کرن لە هەمی عاردا، بە تایبەتی لە قەزا و ناحیە، ئەڤە حاجەتەکە گەلەك و گەلەك مەزنە بێتە ئاڤاکرن، وەکو ژنەك ئیستیقرار دەکات، وەزیفی بێت و بچێت تەندروستی ئەدائی بکات، چونکە ژن ئەڤرۆکە هاریکارێکا گەلەکە مەزنە ئاڤا کرا میللەتیٚ کە، شتێکی دی گەلەك و گەلەك زەروریە، ئەڤرۆکە میللەتیٚ مە چاڤەرێیە بەراستی، ئێکگرتنا هەمیٚ دەزگاها، و دێماهێك ئینانا دوو ئیدارەیە بەراستی، ئەڤە مەسئولیەتە گەلەکە گرنگە و ئەڤرۆکە پێویستە ئەم دیماهیە پێك بێنین، رەنگ بدانا خۆ بودجە هەرێمی کوردستانا هەبێت، ئەگەر ئەز بێژم 90 ملیار هاتنە تەخصیص کرن بۆ ژینگەها دیمەقراتی، ئەڤە دلّ خۆشیە، تەبعەن و شتێکی گەلەك جوانە، بەلیٚ ئەز دەبێژم تەئکیدم هەندیٚ ژ مەبدەئیٚ عەدالەتی دابین کرن ڤیٚ چەند جێدا، چونکە دەهان رێکخراویٚ هەن، هیچ فلسەك وەرنەگرتیا و سالێك، چەند سالێك هەیە و دەبوری، ئەوژێت خەلّکی ی میللەتی نینە، چیدی مەحروم بن، هەتا کەنگین مەحروم بن؟، یا دی سەر ئەزمانێك سەرکردە و حزبی دەسەلّاتدار، هاتیە گوتن 70 ملیار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە باسی راپۆرتەکە بکە، حیزبی دەسەلّاتدار لەناو راپۆرتەکە نیە، رەجائەن،

**بەڕێز بەیان احمد حسن کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە حەقی خەلّکیٚ مەیە مامۆستا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی لە مەجالێکی تر موناقەشەی ئەوەی بکەین لە وەختێکی تر، بەس ئێستا باسی راپۆرت دەکەی، چیت لە سەرداوە؟

**بەڕێز بەیان احمد حسن کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حزبێکی تر هەن، رێکخراوێك هەن هیچ فلسێك نینـە، ئـەز تەئکیـدی لەسـەر عەدالـەتێ دەکـەین بەراسـتی، پشتێ دێ دەست خۆشی، وەلەو ئەز حەز کەم بـۆ دوو دەقیقـە وەکـو نوێنـەرێ پارێزگاهـا دهـۆکێ ئیشـارەتێ بدەمێ، وەلەو هەڤاڵێ من هەندێ بەحس لێ کرن، ئەز ئەرقامێ مە ئیشارەت ئەدەم، کۆ ئەگـەر ئـەم بێـژین بۆ چی، یەعنی حاجـەتی پارێزگاهـا دهـۆکی بەراسـتی کـۆ نوقتەکـە گەلـەك و گەلـەك فـەرە، ئیشارەتێ ئـەز دەدەمــە برایــەت خــۆ، تەبعــەن بــۆ ئاگاداریــە برادەرێــت مــە، هــەمیا ئەنــدام پەرلــەمانی بــەڕێز، راســتە رەنگڤەدانێکی باش هەیە بۆ ئەم پرۆژەو کە تـەرخان کـرن پارێزگاهـا دهـۆکێ، تەقریبـەن نیسـبە لـە 38٪، بەس ئەگەر ئەڤ بینین لە پار، میزانیەی پار چەند بوو؟، تەبعەن لە 6٪ تـەرخان کـرن بـۆ بـاژێرێکی وەکـو پارێزگاها دهۆکێ، تەبعەن ئەڤە ب چ حەقی؟ ئەگەر ئەز بێژن هەردوکێ بکـەین یـەعنی تەقریبـەن دەبێتـە لە 16٪، کو رێژا مە لە 24٪، دێ ڤە ژمارە سوکانیا خەلکی دهۆکێ، ئەڤرۆکە گەر حیساب بکەین لە سەدان و هەزاران ئەز موحتاجێ مامۆستایانا، یەعنی هـەتا 5، 6هـەزار مامۆسـتا ئـەز دەڤـێ، ئـەز موحتـاجی 400 مەدرەسەینە لە پارێزگاها دهۆکێ، ئەڤە وەکو ئەرقامێ، ل دەڤـەرا ئـاکرێ 58 مەدرەسـە هـەبوون بـە ئیجار هەبوون، کەرتی کەهرەبا حەتا ڤێ دەقیقە هیشتا چبوو نەهاتیـە کرنـا تەبعـەن، ساڵێ حـەفتا مەعمەلـەك هەبوون، هە تا ئێستا یەك مەعمەل و ئێك پرۆژە ستراتیجیە دهۆکێ نەهاتیـە کـرن، تەبعـەن هـەتا 2009 کۆ دەڤەرا بادینان ئەنفال دەستی پێ کرن، 72 گوند بە هیچ ئیشارەتێك نەهاتبووە دان لە وەزارەتێدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو خوشکی من، وەختت تەواو، بەڕێزان دوێنێ لە راگەیاندن لـەناو موناقەشـە وشـەیەك کـە لێـی نـاڕازی بـووین بـەکار هـات، وشـەی بـەرلایی و داوام کـرد لـە پرۆتۆکـۆل بسـڕێتەوە، بـەلام بەداخـەوە ئەمشـەو لـە راگەیاندنەکان بلاوکراوە، بۆیە داوا لە راگەیاندنی پەرلەمان دەکەم بە بێ کۆنترۆل هەر وشـەیەك ویسـتمان سەحب بێت ئەبێ سـەحب بێـت، نـابێ هـیچ وشـەیەك کـە سـەحبی بکـەین و دابەزێتـە راگەیاندنـەکان، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە چوارچیوەی ئـەو قسـەی جـەنابت باسـت کـرد، جـەنابت دوێـنێ و ئـەمڕۆش لـە قسـەکانی د. زانـا و ئێستاش لە هی بەیان خان، ئیشارەتت بەوە کرد کە رێکخستن حەقی جەنابتە، کە موراعاتی کاتەکـە بکـەن، بەلام لە راگەیاندنەکاندا وا دەرکەوت ئەمشەو کە لەسەر زاری راوێژکاری راگەیاندنی جەنابتانەوە کە ئێمـە نەمانتوانیوە لە کاتەکانی خۆشمان قسە بکەین، بۆیە ئـەبێ جـەنابت یـەکلایی بکەیتـەوە، یـان ئێمـە کاتمـان

هەبێت بۆ ئەوەی وەکو من دوێنێ بە هەناسە سوارییەوە قسەکانم تەواو کردیە بۆ ئەوەی پێرابگەم، یان ئەوەتا قسەی راوێژکاری جەنابتان سەحب بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە تەواو، 5 دەقیقەیە و من سوپاست دەکەم، هیچ موناقەشەیەکی تر نیە، رێزدار ئاواز عبدالواحد فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد جعفر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ هەڤاڵانی لێژنەی دارایی بۆ ئامادەکردنی راپۆرتەکەیان، دیارە ئێمە لە زۆربەی ئەو لێژنانەی کە کارمان تێدا کردووە تێبینیەکانی خۆمان خستووتە بەردەم، بەڵام یەك تێبینیم ماوە، ئەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە راپۆرتی دارایی ئیشارەتی پێکراوە، وەك دەبینین بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئەمساڵ لە چاو ساڵی پار بە رێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، کە ئەمەش تەئسیرێکی راستەو خۆی دەبێ لەسەر گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بە هاووڵاتیان، بە تایبەت هاووڵاتیانی قەزا و ناحیەکان، داواکارم لە حکومەت کە بکرێتە توصیە و ئەگەر بکرێت لە بودجەی ئیحتیاتی حکومەت یاخود هەوڵ بدرێ لە رێگای حکومەتی بەغداوە ئەم بودجەیە تۆزیك بۆیان تەعویز بکرێتەوە، وەکو ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندی بە ژیانی کاروباری هاووڵاتیانەوە هەیە، بۆیان زیاتر بکرێتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی قسەکان دووبارە نەبێتەوە، خۆشم ئەندامم لە لێژنەی دارایی و ئابووری، بەڵام بەراستی تەحەفوزم هەبوو لەسەر زۆربەی مادده و بڕگەکانی کە ئامادەکرابوو، بە گشتی راپۆرتی حکومەت کە بەڕێز وەزیری دارایی دوێنێ خوێندییەوە، باسی لە تاخیر کردنەکە کرد کە بودجە بۆ تاخیر بووە؟، کە برادەران باسی سەبەبەبەکیان کرد کە سەبەبێکی موقنیع نیە، ئەمە خاڵێکیان، خاڵێکی تر باسی سیاسەتی حکومەت دەکات کە بەرنامەی حکومەت لە پەرپێدانی یان ئامانجی سەرەکی، یەکێك لەوانە بە نموونە دێنمەوە، کارەبا کە لە حەقیقەتدا لە پرۆژەکەدا یەك پرۆژەی وا گەورە بۆ ئەهمیەتی نموونەی کارەبا کە لە سیاسەتی حکومەتدا، ئەمە جگە لە مەجالی کشتوکاڵ لە زۆر مەجالی تردا کە زۆر دیارە ئەم راپۆرتە هەر راپۆرتەکی روو کەشی و ئەوەیە، نەك بە قوڵایی و بە داتا و زانیاری و پیداویستیەکان چووبێتە ناو داڕشتنی ستراتیجیەك کە بەرنامەی حکومەتە، خاڵێکی دیکە کە من پێم وایە زەبتی داهاتی پێ دەکرێ، ئەو بڕیارەی یان ئەو پرۆژەی کە پەرلەمان دەری دەکات و لە یاسا دەرناچێت، پەیوەندی بە دیوانی چاودێری هەیە، تا ئێستاش دیوانی چاودێری، دوو دیوانی چاودێری هەیە، دوو نیزامیان هەیە، کەواتە ئێمە هەر

یاسایەك دەربكەین و بۆ ئەوەی بزانین ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێت، یان جێبەجێ ناكرێن، یان پرۆژەی حیزبی هەیە؟ ئەو دەرئەنجامە وەرناگرین كە پێویستە، بۆیە من سەرەڕای ئەو پێشنیارە، پێشنیار دەكەم بودجەی دیوانی چاودێری و ئاساییش و مین رابگێرێ، جگە لە مووچە، هەتا یەك دەگرنەوە، چونكە پەرلەمان قانونێكی هەیە كە ئەم دەزگایانە یەك نەگرنەوە بە ناشەرعیان دەزانین، ئەمە خاڵێكە بە پێویستم زانی تەئكیدی لەسەر بكەمەوە، دووەم خاڵ: مەرجەعیەت نەبوون لە دابەش كردنی پرۆژەكان، وەزارەتی دارایی دەیان پرۆژەی هەیە كە ئیختیصاصی ئەو نیە، ئیشی ئەو نیە، ئەمە یەكێكە لە كەم و كورتیەكان، خاڵێكی دیكە كە پەیوەندی بە ناهاوسەنگی نەتەوەییەوە هەیە، ئەویش لەوەی كە ئەگەر سەیری ناوچە جێ ناكۆك لەسەرەكان بكەین، من یەكێك بووم لەوانەی كە ئێستاش جەنابی وەزیری دارایی شاهیدە لەسەر ئەوە، باسی ئەوەم كرد، ئەو پرۆژانەی كە دادەنرێن بۆ جێگا ناكۆك لەسەرەكان لەبەر ئەوەی لەگەڵ وەزیری پەیوەندیداری جێناكۆك لەسەرەكان دانیشتین، وتی، ئەگەر بۆتان باس بكەم چ پارەیەك دێتە كەركووك و بە چ ناشەفافیەك سەرف دەكرێ، سەرتان سوڕ دەمێنێ، بۆیە ئێمە وتمان دەبێ میكانیزمێك هەبێ و شەفافیەتی هەبێ و دەبێ شوێنێك هەبێ ئەم پارەیە سەرف بكات، ئەمە خاڵێكیان، خاڵێكی تریان، بۆ دەبێ هەر لەسەر سلێمانی بێ؟، ئەمە جۆرێك لە زەعیف كردنی بوعدی قەومیە لە تێروانین بۆ جێ ناكۆك لەسەرەكان، دەبێ لەسەر ئاستی هەرێم ئەم پارەیە دابنرێ، یەكێك لەو پێشنیارانەی ئێمە كە سندوقی بووژاندنەوە بوو بۆ جێ ناكۆك لەسەرەكان و پێشم وایە لەو پارەی ئیعانات و مەصروفاتی ئوخرا و ئەوانە، جگە لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی كە ئەویش پەیوەندیدارە بە تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی، كە پێشم وایە پارەكەی كێشەی لەسەرە لە چۆنیەتی سەرف كردنی و كێ ئەیدا و بە كێی ئەدەن، ئەوانی تر هەمووی دەتوانرێ بخرێتە ئەم سندوقە كە خزمەتی مەسەلەیەكی نەتەوەیی گەورە دەكات و ئەوە بووژاندنەوەیەكی گەورەی پێ دەكرێ، جگە لەوە، من پێم وایە رۆڵی وەزارەتی تەختیت ونە لە دارشتنی ئەم پرۆژانە، هەر لە پرۆژە بەردەوامەكانە، كە دووبارەی تیایە، تەنسیقی تێدا نیە لەگەڵ وەزارەتەكاندا كە پێشنیاریان كردووە، ئەو پرۆژانەی تێدا نیە، مەدەوەری پارە دیار نیە لەو پرۆژانە، تۆ ئەمساڵ بە بەردەوامی پارەیەك سەرف دەكەی بۆ مەشروعێك، ئەم پارەیە ئەمێنێتەوە، پارەی 2009 كە لە پرۆژەكان بە فیعلی جێبەجێ نەكراوە لە كوێیە؟، ئەمە خاڵێكە، خاڵێكی تر كە بەلامەوە گرنگە لە پرۆژە پێشنیازەكان، ئەویش دابەش كردنی ناوچەیی زۆر سلبی تیایە، رەنگە ئەمە لە ئایندەدا زۆر بەخراپ بشكێتەوە، تۆ كاتێك لە ناوچەیەك بڕێكی زیاد لە پێویستی بۆ دادەنێی، ناتوانرێ جێبەجێ بكرێ، جۆرێك لە كێشە و مەشاكیلی دارایی دروست دەكات لەو مەنتیقەیە، حكومەت لە ئیمكانی دا نیە لەم شوێنە جێبەجێی بكات، بەتایبەتی شوێنی پێویست فەرامۆش دەكات، خاڵێكی تر كە بەلامەوە گرنگە، مەسەلەی زەبت كردنی داهاتە، یەعنی ئێمە ئەگەر سەیری بكەین لە داهاتی كوردستان كە بە 348 ملیار دینار خەملێندراوە، من یەك نموونە دێنمەوە، جگە لە داهاتی كارەبا و رسومات و باجی گومرگ و داهاتەكانی زەوی و كرێی شارەوانی و ئەوقاف و ئەوانە، دڵنیام پارەی یەك گەرەك، یەعنی ئەمە هەر چەندە وردەكاری

تێدا نیە، بەڵام بەشی ئەو داهاتە دەكات كە لە وەزارەتی كارەبا دانـدراوە، جگە لە مەبیعاتی نەوت و مەصفات و لەوە، یەعنی من پێم وایە كە وەزارەتی تەختیت نەیتوانیوە پلانێكی ستراتیژی دابنێ و لەسەر ئەو ئەساسە كار بكرێ بۆ داڕشتنی پرۆژەكان و پێشنیارەكان و بەردەوامیشیان كە ئەهمیەتێكی گەورەی هەیە لە ستراتیجی ئیش كردنی ئێمە و لە بودجە، بۆیە من پێم وایە ئەم میزانیەیە دەبێ بچێتەوە حكومەت بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشە زەقانەی كە هەیەتی، خاڵێك كە بەلامەوە گرنگ بوو، مەسەلەی زیندانە سیاسیەكان بوو كە دەمێكە عێراق دەڵێ، ئێمە بە پێی یاسای ژمارە 4 ی دامەزراوە زیندانە سیاسیەكان، پارەیەكی خاص دێت بۆ كوردستان، كەچی ئەم قانونە جێبەجێ ناكرێ، یان ئی زیندانە سیاسیەكانی ئێرەش وەكو زیندانە سیاسیەكانی بەغدا حیسابی بۆ ناكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار رەفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەكەم بۆ ئامادەكردنی راپۆرتەكەیان، ئەوان توانیان بەشێكی گرنگی سەرنجەكان بخەنە روو، بەڵام بەشێكی گرنگی دیكەش ماوە كە ئێمە لە لیژنەكانی ترەوە پێشنیار كراوە، بۆ نموونە، لیژنەكەی خۆمان داوامان كردبوو كە مەسەلەی مەنافیعی ئیجتیماعی، ئیعانات و مینەح و مەصاریفی ئوخرا بكرێتەوە، راستە كە لەم بودجەیە پارەیەكی یەكجار زۆر بۆ ئەمە تەرخان كراوە، ئەوە پێی ئەوترێ مەصروفات غەیر مەنزورە، یەعنی مەصروفاتی نەبینراو، دیارنیە و روون نیە كە بۆ چی سەرف دەكرێ، زۆرترین سەرپێچیەك كە بە هەدەردان بكرێت لە بودجەی وڵاتدا بەراستی دەتوانرێ لەم لایەنەوە بكرێ كە نزیكەی 21٪ گرتووتەوە، ترلیۆنێك و 600 ملیار دینارێك دەبێ، ئێمە داوامان كردبوو لە لیژنەی نزاهە كە لە 40٪ ئەمە كەم بكرێتەوە، مەنافیعی ئیجتیماعی بخرێتە سەر وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی، ئەوی تر بەو شێوەی ئێستا نەمێنێ، ئەوەندەی كە پەیوەندی بە بودجەكەوە هەیە، من لێرەدا بەباشی دەزانم كە بودجەیەكی باش ئەمساڵ بۆ وەزارەتی پەروەردە دیاری كراوە، بەڵام بە گشتی ئێمە لە مەسەلەی ئەم بودجەیەدا چەند لایەنێك بە دی دەكەین، یەكەمیان: نا عەدالەتی لە داڕشتنی بودجەكە لە بورای پرۆژەكاندا، كە سامانی هەموو خەڵكی وڵاتەو پێویستە ناوچە جیاوازەكان لەبەر چاو بگیرێن، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی كە زیاتر زەرەرمەند بوون بە هۆی شەڕی دەولەتی عیراق یان بە هۆی شەرفرۆشی دەولەتانی دراوسێوە، هەروەها نا عەدالەتی لە دابەشكردنی بودجە بەسەر وەزارەتەكاندا ، بۆ نموونە وەزارەتێكی زۆر گرنگ وەكو وەزاەرتی تەندروستی نزیكەی نیوەی ئەو بودجەیەی داوا كردووە و بۆی دابین كراوە، لە كاتێكدا ئێمە هەموو دەزانین كە ئێمە سیستەمی لەش ساغیمان لە كوردستاندا دواكەوتووە، خەستەخانكانمان زۆربەیان بەراستی شایەنی ئەو نین كە ئینسان تیایدا چارەسەر بكرێ، من لە شوێنیكی تر و لە وەختێكی تر دێمە سەر ئەوەی ئەوەندەی پەیوەندی بە نا عەدالەتی هەبێت لەناو وەزارەتەكاندا

قسه دەكەم، بۆیە ئەمەشم بە بەراوورد لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە هێنا كە زیاتر لە21٪ بودجەی هەرێمی كوردستانیان بۆ چووە، خۆ ئەگەر پارەی هەردوو ئاساییش بخرێتە سەر ئەوانی دیكە، دەكاتە چوار یەكی بودجەی هەرێمی كوردستان كە من پێم وایە ئەمە بەهەدەردانێكی زۆری تێدایە، مەسەلەیەكی تر كە نا عەدالەتە لە ناو ناوچەكانی كوردستاندا، بۆ نموونە من ئەگەر شوێنێكی وەكو شاری قەڵادزە بە نموونە بێنمەوە كە من بۆخۆم خەڵكی ئەم شارەم و دوو جار ئەم شارە وێران كراوە، ئێمە دەبینین لە تەواوی ئەم پرۆژانەی كە بۆ ئەم شارە دیاری كراوە، 3 ملیارو 250000 دینارە، لە گۆشەیەكی ترەوە وەزارەتی دارایی سێ ملیار دیناری داناوە بەناوی پشدەرەوە كە مەعلوم نیە، پشدەر واتە قەڵادزێ و كۆمەڵێ ناحیە و سەدان گوند، ئەمە روون نیە لە چ پرۆژەیەكدا خەرج دەكرێ، هیوادارین بەڕێز وەزیری ناوەخۆ لەو بارەیەوە روونكردنەوەمان بداتێ، یان ناوچەیەكی تری بۆ نموونە وەكو رانیە كە بڕیارێك هەیە یان بیر لەوە كراوەتەوە كە ئەو پرۆژەیەی كە رانیە بكرێتە پارێزگا، بەڵام ئێمە دەبێنین بۆ شارێكی وەكو رانیە تەنیا دوو ملیارو 559 ملیۆنی بۆ پرۆژەكانی تەرخان كراوە، كە ئەمە بەراستی پارەیەكی زۆر كەمە، شارێكی وەكو هەڵەبجەی شەهید تێكرڕای پرۆژەكانی بە هی زانكۆشەوە لە 10 ملیار تێناپەڕێ، پێنجوێن هیچ پرۆژەیەكی بۆ نەكراوە لە كاتێكدا كە سێ ملیار دینار دانراوە، وەزارەتی دارایی نەیوتووە بۆ چی دایدەنێ؟، لەبەرامبەر ئەوەدا دەبێنین قەزایەكی وەكو زاخۆ، تەنیا وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گەشتیاری ئەو وەزارەتە 17 ملیار دۆلار پرۆژە لەو شارە دەكەن كە نزیكەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

17 ملیار دۆلار؟

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە چوار قەزا كە زۆربەیان سنوورین و وێران كراون، تەقریبەن هەر ئەوەندە پارەیەیان بۆ تەرخان كراوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە من زۆر نیگەران بووم كە وەزارەتی دارایی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو زۆر سوپاس، رێزدار سیوەیل عوسمان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی و ئابووری دەكەم بۆ ئەم راپۆرتە، بەس هەندێك خاڵمان هەیەن تێبینیمان هەیە، یەك بەرای من پێویستە هاوسەنگی لە نێوان بودجەی وەگرهێنان و وەبەرهەمهێنان هەبێ، بەتایبەت بودجەی تەشغیلی كە حەقمان بەسەر راتبەكەی نیە، بەڵام ئەوەی مەنافیعی ئیجتیماعی و ئیعانات و مەصروفات ئوخراو ئەوانە وای لە ئەندامانی پەرلەمانیان كردووە وا بزانم موعەقەد بووینە لەو وشەیە لەبەر ئەوەی هەندەی زۆر هاتووتەوە ئەو وشەیە، د.صباح ئیشارەتی پێدا لە هەموو شوێنێك

هاتووتەوە، جگە لە مەصروفات ئوخرا، مەصـروفاتی ئـوخرای تـری لـێ دەرچووە، دووبـارە ئەگـەر نـەمێنێ تەنها ئی مەنافیعی ئیجتیماعی یان مەصروفات ئوخرا لـە بـۆ وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کۆمەڵایـەتی ئـەوە زۆر پێویستە لەبـەر ئـەوەی سجنیان هەیـە، خانـەی بەساڵەچـووانیان هەیـە، ئـەنواعی شـتیان هەیـە، دوو: دەبینین تەبعەن حیسابات دیار نیە لەبەر ئەوەی راپۆرتی حیساباتی خیتامی ئی ساڵی 2009 نەگەیشتیە، سێ، مـن پـێم باشـە سـەر لـە نـوێ ڕەچـاوی ڕێزبەنـدی پرۆژەکـان بکرێتـەوە، ناعەدالـەتی تێدایـە لـەناو پارێزگاکان، ئەگەر دوو بارە ڕێزبەندی بکرێتەوە و چ ناوچەك پێویستە پرۆژەکان، لەوانەیە نەتوانێ و هەر شارێك و هەر قەزایـەك و هـەر ناحیـەك، ئەگـەر پرۆژەیـەکی بـۆ دەرچـووبیت، زۆر زەحمەتـە و زۆر گرانـە ئەگـەر بیگـۆڕی، خـەڵکی شـارەکە قبـوڵ ناکـات، نوێنـەری قـەزا و ناحیـەکان قبـوڵ ناکـەن، بـەڵام ئەگـەر ڕێزبەندی بکرێتەوە هەندێ پـرۆژە هەیـە لابـردرێ و هەنـدێ پـرۆژە هەیـە زیـاد بکـرێ، ئـەوە تایبەتـە بـە وەزارەتی مـەعنی، وەزارەتـەکانی مـەعنی لەگـەڵ وەزارەتـی پـلان دانـان، دارایـی و ئـابووری، ئەگـەر دووبـارە قسەی لێ بکەنەوە پێم باشە، بە نیسبەت زیندانی سیاسی باسی لێ ناکەم، لەبەر ئەوەی باس کرایە، ئەوە نا عەدالەتی باسمان کرد لە نیوان پارێزگا، یەك شتمان هەیە لە بەرواری 2010/2/2، ئێمە لێژنەی شـارەوانی کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن کرد، بەرێوەبەری گشتیش ئامادە بـوو، هەنـدێ پـرۆژە هەیــە لەســەر وەزارەتــی گواســتنەوە و گەیانــدن، لەســەر بودجــەی گواســتنەوە و گەیانــدن دەکــرێ، بــۆ فڕۆکەخانەکان، بەڵام داهاتی فڕۆکەخانەکان لە وەزیری بەرێزمان پرسی بێ ئاگایی خـۆی نیشـان دا و وتـی من نازانم ئەو داهاتە دەچـێتە کێنـدەر؟، یـەعنی مەعقولـە تـۆ مەصـروف بـۆ شـوێنێك بکـەی و داهاتەکـەی نەزانی دەچێتە کێندەر؟، ئەوە جێی پرسیارە، بە نیسبەت خاڵێکی ترمان هەیە، هەندێك پرۆژە هەیە دیـار نیـە لـە پـرۆژە بەردەوامـەکان، دیـار نیـە کـەی تـەواو دەبـێ و پارەکەشـی دیـار نیـە، بـە نیسـبەت وەزارەتـی شەهیدان هەمانە لە زنجیرەی سێ هاتووە، دروست کردنی 2 هۆڵ بۆ بارزان، نـازانم هـۆڵی چـی بـۆ ناوچـەی بارزان دروست دەکرێ؟، کێشە نیە لەوەی بارزانە، بەڵام وابزانم ئەگەر ئەوەی یـەك لـەو دوو هۆڵـە هـەر لـە هەمان ناوچە بچێتە شارێکی تر،قەزایەکی دی، ناحیەکی دی، پێم باشە، نەك دوو هۆڵ بۆ شوێنێك بـێ، بـە نیسبەت وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە زنجیرە دوو هـاتووە، دروسـت کردنـی دوو سـەنتەری پارێزگـاری منداڵ لە هەولێر، ئەگەر یەك لەو سەنتەرانە بچێتە یەك لەو قەزا و ناحیانە وا بزانم باشترە، بـە نیسـبەت وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، لە زنجیرە پێنج هاتووە، دروست کردنی 22 بنکـەی ئاسـایش، 22 بنکـەی ئاسایش هاتووە بەس لە کوێ، لە کام ناوچە و لە کام شوێن؟، نازانین ئەوە دیار نیە، لـە زنجیـرە 6 دروسـت کردنی ئامێری DNE، بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی، ئەوە نازانم باشـە یـان باش نیـە؟، مـن لێـی نازانم و شارەزاییم نیە، بەس با بزانین داهاتەکەی دەچێتە کێندەر؟، لە زنجیرە دوو و سێ هاتووە، پـرۆژەی پەرەپێدانی شەقامی 60 مەتری کۆن، لە هەمان کاتدا پرۆژەی سەرپەرشـتی کـردن و راوێـژکاری و پـرۆژەی پەرەپێدانی شەقامی 60 مەتری، وا بزانم هەردووك یـەك پرۆژەیـە، بـەس وا بـزانم تەعبیرەکـەیان گۆڕیـە، پارەی بۆ سەرف کرایە، ئەگەر بکرێتە یەك پرۆژە، پارە دەگەڕێتەوە و زۆر باشە، زنجیرە 11 هاتیە دیـواری

پاڵپشت بۆ گەڕەکی شەهیدان لە پیرمام، هیچ گەڕەکێك نیە ئەگەر دیواری پاڵپشتی بۆ کرابێ، یەعنی لەبەر چی لە گەڕەکی شەهیدان دیواری پاڵپشتی بۆ بکرێ، با لە پیرمام پرۆژەیەکی تری بۆ بکرێ لە دیواری پاڵپشت باشترە، هەمووی دەڵێی دیواری بەرلینە ئەو بینایەتانە دەبینین، هیچ بە شار ناچێ، ئەگەر ئەو رەسمانەی تێدا نەبێ هەر بە سەنگەری شەڕو شتی وا دەچێ، لە زنجیرە 12 هاتیە دروست کردنی ڕێگای جووت سایدی سەری بڵند، تەبعەن ئێمە لە ساڵی 91ەکەوە لەوەتی راپەرین کرایە، من سەری بڵندم نەدیتیە، رەنگە هەزاران کەسیش سەری بڵندی نەدیتبی، نازانین ڕێەکەشی لە کوێیە؟، تەبعەن ئەوە شتێکی تایبەتە و ڕێزم هەیە بۆ سەرۆکی هەرێم، کەس بە غەڵەت لێم وەرنەگرێت، بەڵام ئەگەر ئەو جووت سایدە بە هەمووی وا بزانم 50 یان 60سەیارەی پێدا دەڕوات، ئەگەر یەك سایدیش بێ وا بزانم هیچ کێشەی نیە، ئەو جووت سایدە بچێتە شوێنێکی دی، قەزا و ناحیەکی دی، با هەر تایبەتی بێ بەو مەنتیقەی، بەس وا بزانم ئەوە شتێکی زیادە، لە زنجیرە 72 هاتووە، دروست کردنی باڵەخانەی سەنتەری خوێندکاران لە زانکۆی کۆیە، تەبعەن سەنتەری خوێندکاران عاید بە حیزبە، ڕێکخراوێکی حیزبیە، عاید بە زانکۆ نیە، سبەینێ قوتابیانیش ماڤی خۆیەتی داوا بکات، ئەوەی خوێندکارانی ئیسلامی و حیزبەکانی تریش حەقی خۆیانە، ماڤی خۆیانە بۆیان دروست بکرێت، لە زنجیرە 75 هاتیە، پرۆژەی ئاوی کلێسە، پرۆژەی ئاوی کلێسە وا بزانم 10 ساڵ زیاترە، پارەی بۆ دەرچووە، لە بەڕێز وەزیری شارەوانی پرسیمان پارەی ئاوی کلێسەی چی لێ هاتیە؟، 22 ملیۆن دینار بوو وا بزانمن باسی کرد و وتی ئەوە لە بانکە، بەسەر سەر و سەرچاو، بەس بە غەڵەت لە من نەگەن بڵێن سیوەیل حەزی نیە بۆی بکرێ، بۆ خۆم خەڵکی شاری کۆییمە و پێشم خۆشە، لەبەر ئەوەی کۆیە هیچ ئاوی نیە، بەس مەبەستم ئەوەیە پارەی زیادی بۆ تەرخان کراوە، ئەگەر پرۆژەی ئاوی کلێسەی 10 پێش ئێستا بۆی دەرچووە و جێبەجێ نەکرایە، بەڵام پارەکەی لە بانك داندرایە، لەبەر چی پارەی تری بۆ دادەنێن؟ یەعنی ئەو پارەی بۆ ئێرە دادەنێن زیادە، تەخصیص بکرێ بۆ پرۆژەیەکی تر لە هەر شوێنێك بێ موشکیلەمان نیە، لە زنجیرە 78 هاتیە باخچە سازی و کۆنکریت کردنی شەقام و سیاج کردنی کۆمەڵگا و شوقەکانی ئاوارەکان لە کۆیە، تەبعەن ئەو شوقەی ئاوارانە، ئێمە دوو، سێ جۆری شوقەمان هەیە لە کۆیە، ئەوەی ئاوارەکانی برا مەسیحیەکانی تێدایە، حەقی خۆیانە وەریانگرتیە، بەس وا بزانم هەر سوبغی مایە، من زۆر بەوێندەر تێدەپەڕم، ئەگەر لە کۆیە بم رۆژێ 4 جار بەو مەنتیقەی تێدەپەڕم و پارەکی زۆری بۆ داندرایە، ئەوەش وا بزانم زیادە و ئەگەر پارەکەی بۆ کەم بکرێتەوە، هەندێ شوقە هەیە لە کۆیە نازانم عایدی بە شارەوانیە، نازانم عاید بە کێیە؟، لەوانەیە 8 ساڵ بێت ئەو شوقانە دروست کراوە لە کۆیە، بەس تاکو ئێستا دابەش نەکرایە، لەسەر چ ئەساسێك ئەو شوقانە، هەمووی بڕووخێتن دێ بڕمێت، باشە ئەگەر بیدەنە خەڵکی فەقیر، بیدەنە گەنجان، لاوان، ئەو کەسانەی کەم دەرامەتن، باشتر نیە لەوەی ئەو شوقانە حاشا حازری و دوور لە رووتان جورج و مشکی تێدا گەمەی بکات، لە سەر ڕێی دەشتی کۆیە لە لای مروری کۆیە، زنجیرە 88 پرۆژەی خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەڕۆ، بڕین و ڕێکخستنی شەقامەکان و کۆڵانەکان و تێکەڵەکردن، بەس نازانین کام شەقام و لە چ گەڕەکێك و لە چ شارێك

و له چ شوێنێك؟، ئەوە دیار نیە، زنجیرە 89 دروست كردنی پاركی كۆیە، بەشی یەكەم، ئەگەر پاركێكی نوێ دروست دەكرێ لە شاری كۆیە بە ناوی پاركی گەورە لە كۆیە زۆر تەبیعیە، تەواوە و راستە و رەخنەم لێی نیە، بەس ئەگەر مەبەستیان پاركی هاموون بێت، پاركی هاموون دروست كرایە و ئەوە عالەم رۆژانە سەیرانی تێدا دەكات، ئامادەكردن و دانانی 10 كەرەڤانە لە هەولێر، نازانین پارەی تونیلەكەی كۆیە، پارەی تونێلی كۆیە بۆی دەرچوو، بەس تا ئێستا نەمزانی چ پرۆژەیەكی تر بەدیلی ئەو بۆی كرا، پارەی تونیلەكەی كۆیە زۆرە، چی بەسەر هات، نازانین، ئەگەر پرۆژەی تری پێ كراوە ئەوە شتێكی دیە، پرۆژەی ئاوەدان كردنەوە، زۆر خانوو دروست كراوە، زۆر شوقە، دەگاتە 2000 شوقە، ئەگەر نەكرێتە شوقەكانی ناز سیتی و شاری ئەڵمانی و گوندی ئەڵمانی و ئینگلیزی، بدرێتە كەم دەرامەتەكان، بدرێتە ئەو خێزانانە یان گەنجان زۆر باشترە، پێشنیار دەكەم ئەگەر ئەو بودجە بگەرێتەوە دووبارە بۆ ماوەیەكی زۆر زۆر بۆ حەفتەك.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاوڕاز احمد.

**بەڕێز هاوڕاز احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەقیقەن لەسەر لیژنەكەی خۆم قسەی دەكەم، لیژنەی تەندروستی و ژینگە، من سەرنجم لەسەر راپۆرتەكەی دارایی و كاروباری ئابووری دەربارەی هەڵسەنگاندی بودجەی 2010 هەیە، كەوا لە كۆی 18 خاڵی راپۆرتەكەی ئێمە، هی لیژنەی تەندروستی تەنها 4 خاڵی داخیل كردیە، سەرەرای ئەوەش لە خاڵی یەكەمدا بەشە هەرە گرنگەكەی بەراستی فرتاندیە، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی دی، بودجەی تەندروستی كەمە و كێشەی تەندروستیشمان زۆرە و رەوشی تەندروستیش لە كوردستان ئەگەر بڵێین خراپە، خراپە بە مەعنای وشە، تەبعەن ئەگەر تەماشای بكەی رێژەی میزانیەی تەندروستی، ئەوەی كە هاتووە 5,73٪، ئەوە لە میزانیە گشتیەكە هاتیە، بە پێی معیاری نێودەوڵەتی ئەصڵەن نابێت میزانیەی تەندروستی لە 5٪ كەمتر بێ، یەعنی بۆ وڵاتی هەژار و كەم دەرامەت و هەموو ئەوانە كەمتر لە 5٪ ئەصڵەن قبوڵ ناكرێ، قبوڵ نیە، لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە وڵاتێكی خاوەن سامانین و وڵاتێكی ئەوەندە نەبوون نین و رەوشی تەندروستیش لە وڵاتی ئێمە رەوشێكی خراپە، وەكو پەسندیش كە هێشتا ماوەتەوە پەسند بكرێ، 7٪ دانایە، ئێمە پێمان باشە لە 10٪ كەمتر نەبێت، خاڵێكی دی، میلاكی دامەزراندن بۆ وەزارەتی تەندروستی بەراستی زۆر كەمە، 1100 كەس بۆ دامەزراندن لە كاتێكدا ئەگەر ئێمە تەماشا بكەین كێشەی كەمی دكتۆری پسپۆر و كارمەندی تەندروستی و ئەوان زۆر بە وازیحی دیارە، تەماشای بكەین 49 نەخۆشخانە و 739 بنكەی تەندروستی، تەنها 5742 كارمەندی تەندروستی و لە گەڵ 6456 پزیشكمان بۆ ئەوە هەبێ بە هەموو پلەكانیەوە، تەبعەن ئێمە لە ناوچەكانی دەرەوەی شار كێشەكی زۆر گەورەشمان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو دكتۆرانەی بۆ ئەوی دەنێردرێن ئیمتیازێكیان نیە، بەجۆرێك لە جۆرەكان لەوێ دكتۆری پسپۆرمان زۆر

کەمە و لەویّ کێشەی تەندروستی هەر زۆر زۆرە، ئەوە لەناو شارەکانیشن من بۆ نموونەیەك دەڵێم کاتێك ئێمە سەردانی نەخۆشخانەی ولادەمان کرد لە هەولێر، گەورەترین کێشەی ئەوان کە بەراستی کێشەکی زۆر گرنگ بوو، ئەوان ستافی نەشتەرگەریان نیە، کە ئەوە کێشەیەکە هەم بۆ نەخۆشەکان و هەم بۆ دکتۆرەکانیش دروست کردیە، لەگەڵ ئەوە ئەو میلاکەی کە داندراوە بۆ تەندروستی بەراستی بە هیچ جۆرێك قبوڵ نیە، ئەگەر ئەوە دابندریّ کەواتە ئێمە کێشەی تەندروستیمان زیاتر دەبیّ، ئەگەر تەماشا بکەین لە پرۆژە بەردەوامەکان، ئێمە کە ئەو ڕێژەی میلاکمان دانایە، تەماشا بکەین لەگەڵ ئەو هەموو کێشەی کە هەمانە لە کەمی میلاك و ئەگەر بە پرۆژە بەردەوامەکان تەماشا بکەین لە هەولێر 19 پرۆژەی بەردەوام هەیە تەواو نەکراوە، ئیدی کەی تەواو دەبیّ ئەوە نازانم؟، لە سلێمانی 35 مان هەیە، ئەوە بەس لە تەندروستی، لە دهۆکیش 6مان هەیە، پرۆژە پێشنیارکراوەکانیش بۆ 2010 لە هەولێر 18 و لە سلێمانی 10مان هەیە و لە دهۆکیش 4مان هەیە، خاڵێکی تریش بەراستی، ئەگەر تەماشای ئەو ئیحصائیە بکەین، سەردانی نەخۆش بۆ نەخۆشخانە، من باسی هەولێر دەکەم، لە 2009 زۆر زیادی کردووە لە چاو 2008، ئەمە مانای چیە؟ لەسەر وەستانی ناویّ؟ خاڵێکی تر ئەگەر تەماشای ڕێژەی لە دایك بوون بکەین، بەرامبەر ئەوەش ڕێژەی مردووان تەماشا بکەین، ڕێژەی مردووان دیراسەو لەسەر وەستانێکی دەویّ، دەبیّ بزانین ئەسبابی ئەو مردنە چیە؟، ڕێژەی مردووان زۆر زۆرە لە 2009، خاڵێکی تر، دروست کردنی باڵەخانەی وەزارەتی تەندروستی لەسەر بودجەی هەولێر داندراوە، من پێم باشە ئەم دروست کردنی باڵەخانەیە، ئەم پرۆژەیە بکرێتە پرۆژەیەکی دی کە ڕاستەوخۆ خزمەت بە هاووڵاتیان بکات، کە پرۆژەیەکی خزمەت گوزاری بێت و ڕاستەوخۆ خزمەت بە هاووڵاتیان بکات، پرۆژەی دروست کردنی باڵەخانەش ئیمما بچێتە سەر بودجەی ئەنجومەنی وەزیران، ئیمما سەر هەرێم وەکو هەر پرۆژەیەکی تر لەو بابەتە هەیە، خاڵێکی تر، نۆرەگرتن لە نەخۆشخانە حکومیەکان، گرفتی بۆ نەخۆشەکان دروست کردووە و گرفتی زۆری بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە، بەشێکی ناچار کردوون لەگەڵ کەمی ئیمکانیەت، چونکە نەخۆشەکە تا سرە دەگریّ ئەوە سیحەتی بەرەو خەراپتر دەچیّ، کێشەی تەندروستی زیاتری دەبیّ، بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی ناچار کردووە لەگەڵ ئەوەش کە ئیمکانیەتی نیە، بچێتە نەخۆشخانە ئەهلییەکان، خاڵێکی تر مەنافیعی ئیجتیماعی وەکو پێویست بەکارهێنانی روون نیە، پێویستە بیّ فەرق و جیاوازی بەکاربهێنریّ، دوور لە ڕۆتینیاتی گەیشتنە سەرە مەرگ، چونکە زۆربەی مەنافیعی ئیجتیماعی کە بەو حالەتانە دەتەویّ بەکاری بێنی، ئەوەندە هێنان و بردن و لێژنە و ئەو بەزم و ئەو بەزمەی پیّ دەکەن تا بۆ تازیەکەی پارەکە سەرف دەکریّ، پێمان باشە بەشێکی ئەو مەنافیعە ئیجتیماعیەی کە هەیە بۆ کارەساتی هەڵەبجە و کیمیا بارانی کوردستان بەکار بهێنریّ، خاڵێکی تر، مەصروفات ئوخرا، تەبیعی خۆی زۆری لێی بوویتەوە، ناروونی زۆری پێوە دیارە لە رووی تەندروستی من دەیڵێم، وا باشە کەم بکرێتەوە و بچێتە سەر پرۆژەکان، بۆ نموونە پێت بڵێم، کۆمەڵێك نەوعی سەیارە داندراوە و نازانین ئەو هەموو پارەیە بۆ چی سەرف دەکریّ؟، خاڵێکی دی کێشەی دەرمان و خراپی، نەبوونی ئاستی کوالیتی کۆنترۆل وەکو

پێویست نیە بە جیددی دەبێ کاری لەسەر بکرێ و ئەمە خەتەرناکێکی زۆر گەورەیە کە لە دەرماندا هەیە و دەرمانی زۆر خراپ دێتە ناو کوردستان، خاڵێکی تر، بودجە بۆ چاککردنی ژیانی تەندروستکاران و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی و چاوگێڕانەوە بۆ سەرفی ختورە بۆ هەمووی ئەوانە، چونکە بە شێوەیەك لە شێوەکان ژیانیان لە مەترسیدایە، خاڵێکی دی، موخەصەصات و حەوافز و مووچە لە هەموو دەزگاکان ڕێك بخرێت و یەك بخرێت، چونکە وازیح نیە بەراستی، ئاخیر خاڵم، میزانیەی تەندروستی و کەرتی عەسکەری و زانکۆ لە میزانیەی وەزارەت جیا بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئەڤین عمر فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من دەستخۆشی لە ئەندامانی لێژنەی دارایی دەکەم بۆ ئەو ماندووبوونەی کە دیارە بە ڕاپۆرتەکەیانەوە کاتێك کە نووسیانە، ماندووبوونێکی زۆریان کێشاوە لەم ماوەیە، هەروەها دەستخۆشی لە لێژنەکانی تریش دەکەم، لەبەر ئەوە ماوەیەکی زۆر تەقریبەن 15 ڕۆژ تا 20 ڕۆژی پێچوو کە لە لێژنەکان موناقەشەیەکی تێرو تەسەل لەسەر ئەم ڕاپۆرتە کرا، هەر لێژنەیەك و بە پێی پسپۆری خۆی لەگەڵ وەزارەتی مەعنی خۆیدا کارەکانی ئەنجامدا و گفتوگۆیەکانی کرد، کە ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئێمە زیاتر بە میهەنیانە و بە پسپۆری لەناو لێژنەکانی خۆماندا، لەناو پەرلەماندا کار بکەین، بەڵام من چەند ڕوون کردنەوەیەکم هەیە و حەز دەکەم ئەگەر بوارم بدەنێ بیخەمە ڕوو، یەکەمیان ئەوەیە، ئێمە ئەو پرۆژە یاسایەی کە هاتووتە بەردەستمان پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوە هاتووتە بەردەستی ئێمە بۆ پەرلەمان تاوەکو بتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، موناقەشەی لەسەر بکەین، لە لێژنەکانی خۆماندا بە تایبەتی هەر کەس و بە پێی پسپۆری خۆمان و بە پێی شارەزایی خۆمان بتوانین لەو بوارەی کە پێمان سپێردراوە، بتوانین زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکەین و ئەو خاڵانەی کە پێمان گرنگە پەسەندی بکەین و ئەو خاڵانەی کە پێمان موهیم نیە یاخود گرنگ نیە لای ببەین یاخود گۆڕانکاری لەسەر بکەین، جا بۆیە ئێستا لێرەیە و لەبەر دەستی ئێمەدایە و ئێمە لێرە لەپەرلەمان بڕیاری لەسەر ئەدەین کە ئایا ئەوانە پەسندن یاخود پەسند نین، پرۆژەی موازەنە هێشتا لەبەر دەست ئێمەدایە لە پەرلەمانە و نەکەوتووتە بواری جێبەجێ کردن، ئەوە بەس تەنها ئەوەیە، موصادەقەش نەکراوە تەنها لە بواری گفتوگۆکردن دایە، حەق نیە ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان هیچ لایەنێکی پێ تاوانبار بکەین کەوا جارێ پرۆژەکە نەگەیشتووتە بواری جێبەجێ کردن، جا ئێمە چۆن ئەتوانین خەڵکی پێ تاوانبار بکەین؟، بەڵکو کاتێك کە چووە بواری جێبەجێ کردن لە موستەقبەلدا ئێمە وەکو پەرلەمان موتابەعەی کارەکان ئەکەین و موتابەعەی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو پارەیە دەکەین کەوا حکومەتی کوردستان چۆن هەڵدەستێ بە ئەرکی خۆی و چۆن جێبەجێی دەکات، هەروەها من تێبینی شتێکی ترم کرد کە حەز دەکەم

روونی بکەمەوە ئەویش لە راپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتبوو کە هەندێ خاڵ هەیە لە تەنیشتنی نووسیتی پەسندە و هەندێکی نووسیتی پەسند نیە، هەڵبەتە حەز دەکەم تەنها روونی بکەمەوە ئەو پەسند و پەسند نیەی ئەوان بۆ ئەوە نیە کەوا بڕیاری کۆتایی پەرلەمان لەسەری دەرچووە وئەو بڕگانە پەسندکراوە یاخود پەسند نەکراوە، بەڵکو ئەوە رەئی تەنها زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی داراییە کاتێك کە لیژنەکە خۆیان موناقەشەیان کردووە و ئەو رەئیەیان لە تەنیشتی نووسی، هەروەها هەندێ خاڵ هەیە کە لە راپۆرتەکەی ئەواندا هاتووە، خاڵی ئیجابین، پێویست دەکات ئێمە لێرەدا پشتگیری لێ بکەین، بۆ نموونە ئەو بڕە پارەیەی کەوا زیاد ئەکرێ بۆ مووچەی بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکان، یاخود بۆ بنەماڵەی ئەنفالەکان، ئەوانەش ئێمە پشتگیریان لێ دەکەین و دەستخۆشیان لێ دەکەین، کەوا ئەوان لەوێدا پەسندیان کردووە و هەروەها بۆ زیندانیە سیاسیەکان، وەکو رێنماییەك هەیە لە وەزارەتی دارایی بەرێزەوە بە ژمارەی 24 بۆ بڕینی 390 هەزار بۆ ئەو زیندانە سیاسیانەی کەوا لە رۆژانێکدا ئەوانە دلێرانە پێشمەرگە بووینە، چی لە دەرەوەی شارو چی لە چیاکان و چی لە ناوەوەی شار، ئێمە بۆیە ئەو سەربەرزانە و زۆر بەقەدرەوە پێیان دەڵێن، ئەو مینحەیەش کە بۆیان داندراوە هێشتا کەمە، چونکە ئەوانە رۆژانێك بوون زۆر بە دلێرانە زۆر بە قارەمانانە بەرگریان کرد لە ئێمە کە توانیمان رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ بێنینە دی، لە پەرلەماندا بە ئازادانە هەڵوێست دەربڕین و رەئی خۆمان بدەین بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەو هەرێمە، هەروەها پشتگیری ئەو خاڵەش دەکەم کە پێشنیار کراوە لە لایەن لیژنەی دارایی، کە باسی ئەولەویەت دان بە ریزبەندی، گۆڕینی ریزبەندی ئەو پرۆژانەی کە پێشنیار کراون لە لای هەندێ وەزارەتەوە و پێشنیاری ئەوەشیان کردووە کەوا بەڕێز وەزیری پلان دانان لەگەڵ وەزیری مەعنیدا دانیشن و گۆڕانکاری لەو ئەولەویاتانە بکەن، حەز دەکەم ئەوەش روون بکەمەوە کەوا ئێمە لەبەر ئەوەی سیستەمی کوردستان سیستەمێکی موغلەق بوو، ئێمە کە هاتووین لێرە سەربەرزین بەوە و شەرەفمەندین بەوە کەوا ئێمە هەر هەمووومان، هەر یەکێ لە ئێمە دەنگی هەموو کوردستانیانی عێراقە، ئێمە حەز ناکەین قسەکانمان بەو شێوەیە بێت کەوا ئێمە ناوچەگەری، یاخود تەخصیص کردن بۆ جێگایەك و جێگایەکی تر ئیهمال بکەین، ئێمە حەز ناکەین ئەو جۆرە قسانە رەنگداتەوە لە کاتی تەرح کردنی ئەفکاری ئێمەدا، بەڵکو ئەوەی ئێمە باسی ئەکەین، من خۆم شەخصی باسی ئەوەندە ئەکەم کەوا من خەڵکی ناوچەی گەرمیانم، من بەو هینەدا ناڕۆم کەوا من حەز ئەکەم بۆ گەرمیان هەندێ شت بکرێ، بۆ ناوچەیەکی تر نەکرێ، نا، بەڵکو لە زاخۆ تا خانەقین یاخود هەڵەبجە، شارەزوور، هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە، سنجار، هەمووی ماڵی منە، مولزەمە لەسەری من دیفاع لەو پرۆژانە بکەم، یاخود ئەو شوێنەی کە تەخصیصی بۆ کراوە، دەستیان خۆش بێ بۆ ئەو پارانەی کە تەخصیص کراوە، بۆ ئاوەدانی کوردستان، تەنها ئەوەندە ئەڵێم کەوا ناوچەیەك هەیە وەکو کفری، پرۆژەی بۆ تەخصیص نەکراوە، هەر ئەوەندە ئەولەویەتی بدرێتێ، دێمەوە سەر ئەوەی کەوا ئێمە وەکو لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتیەکان، هەڵبەتە کۆبوونەوەیەکی چڕ و پڕمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان کرد، بۆ ماوەی 4 سەعات لە رێکەوتی 2/10/ و لەو راپۆرتەی ئێمەدا زۆر

لەو پرسیارانەی کە کرا ئێمە بەراشکاوانە کردوومانـە، بـەڵام وا بـزانم ئـەو راپۆرتـەشمان بـەرز کـردووە بـۆ بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمان وەکو مولحەقێك لەگەڵ راپۆرتی لێژنەکەمان بۆ لێژنەی دارایی رەوانمان کرد، ئەو رەئیانەی ئێمەش کە دەرمانبڕیوە، ئەو پرسـیارانەی کـرا زۆربـەی وەڵامـەکانی تێدایـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەڵێم من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان سەربەرزم بەو کارانەی کە حکومەتی کابینەی پێنجەم کردوویەتی لە بواری نەوت و لە کاتی کە پەرلەمانی کوردستان یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی پەسند کـرد، لێـرەدا و ئـەوانیش زۆر بـە بوێرانـە و بـە شـەجاعەت و بـە شـەفافانە توانیویانـە کارەکـانی خۆیـان ئـەنجام بـدەن، وەزعـی کوردسـتان لـە بـارێکی زۆر سـەختەوە کاتێکـدا ئـەوان زغوتـاتی نـەبوونی سـووتەمەنی و ئـەو تەشەنوجەی کە هەبوو لـە کوردسـتاندا وای لـێ هـاتبوو ئێمـە بـەرمیلێکی نـەوتمان زۆر بـە گـران ئـەکری و لیترێکی تا ئەهات لە دەستی ئیرهابیەکانەوە زۆر بە سەختی ئەگەیشت بە ئێمە، جا بۆیە ئێمـە ئـەڵێین ئـەو کارانــەی کــە وەزارەتــی ســامانە سروشــتیەکان کردوویانــە زۆر دەستخۆشــیان لــێ ئەکــەین، لەبــەر ئــەوەی توانیویانە ئێمە لە قۆناغێکەوە بگوازنەوە بۆ قۆناغێکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە تەواو بوو، تکایە هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئـازادە باسـی چـی ئـەکات لێـرە، بـەڵام کـەس تەعلیق لەسەر ئەندامێکی تر نەدات، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبد العزیز بهاء الدین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتاران لێـرە زۆر ئاسایيە کـە نوێنـەری ناوچـە جیاجیاکـانی کوردسـتانن، حـەق وا نیـە ئـەو تێبینـە بدرێ کەوا هیچ پەرلەمانتارێك باسی ناوچە جیاجیاکانی .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من خۆم ئیشارەتم پێدا بۆ ئەوەی هەموو نیزامیەکان بگرێتەوە، هەر پەرلەمانتارێك ئازادە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر جار کە ئەندامێکی پەرلەمان لە هەر کوتلەیەك، ئەگەر قسەکەی موخالیفە رایئەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئیتیفاقمان کرد، خۆشکی من رەجائەن دانیشە، من خۆم جوابم دایەوە، هیچ ئەندامێکی پەرلەمان حەقی نیە تەعلیق لەسەر ئەندام پەرلەمانێکی تر بدات، بۆچوونی خـۆی ئـەڵێ و هـەر پەرلـەمانتارێکیش ئـازادە، کاك شاهۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح اللە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم باس لە سیاسەتی دارایی حکومەت بکەم لە دانانی ئەم بودجەیە، یاخود بە دیاری کراوی حەز دەکەم باس لەو ئامانجە سیاسیە بکەم کە لە پشتی دانانی ئەم بودجەیەیە، بۆ ئەوەی لەو سیاسیەتە داراییە بگەین، پێویستمان بە وەڵامی پێنج پرسیار هەیە، ئایا ئەو بودجەیە لایەنی کەمی شەفافیەتی تێدایە؟، شەفافیەت کە مەرجی سیاسیەتی ئابووری هەر سیستەمێکی دیموکراتیە، خەڵك، کە خاوەنی دەسەڵاتی ئابووریە، لە پاڵ دەسەڵاتی سیاسیدا، بۆیە خەڵك موەکیلی حکومەتە، حکومەت وەکیلە، ئەبێ هەموو زانیارییەك بۆ خەڵك ئاشکرا بکرێ سەبارەت بە بودجە، دووەم: ئایا ئەو بودجەیە توانیویەتی بودجەی حیزب لە بودجەی حکومەت جیا بکاتەوە؟، واتا توانیویەتی نوخبەی سیاسی لە نوخبەی ئابووری جیابکاتەوە؟، خاوەن بەرژەوەندیە ئابوورییەکان لە خاوەن بەرژەوەندییە سیاسیەکان جیا بکاتەوە؟، سێیەم، ئایا ئەم بودجەیە توانیویەتی کۆتایی بە دابەش بوونی دارایی نێوان حکومەتی-سلێمانی و حکومەتی هەرێم-هەولێر بێنێت کە مەرجی پلانی ئابووری نیشتمانیە؟، چوار، ئایا ئەم بودجەیە دەتوانێت پێمان بڵێت پارەی گلدراوە، مدەوەر، میزانیەی مدەوەری پێشوو چەندە و لە کوێ دانراوە و چی بەسەر هاتووە؟، پێنج، ئایا ئەم بودجەیە دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئیراداتی ساڵی پێشووی یاخود ساڵانی پێشووی حکومەتی هەرێم بە تایبەتی ئەوانەی 2009 چەندە و چی بەسەردا هاتووە و لە چ گەنجینەیەکدایە؟، بەرێزان وەڵامی ئەم پێنج پرسیارە نەفیە؟ واتە نەخێرە، بۆ سەلماندنی ئەم پێنج نەفیە، یەکەم، تاوەکو ئێستا تا ئەم چرکە سەعاتە حیسابی ختامی ساڵی 2008 و نیوەی یەکەمی 2009 نەگەیشتووتە دەست هیچ ئەندام پەرلەمانێك، تاوەکو ئێستا راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری سلێمانی، حکومەتی سلێمانی و حکومەت هەولێر نەگەیشتوون، تا وەکو ئێستا دۆکیۆمێنتی پەیوەندیدار بە مینەحی ئیجتیماعی، تەبەروعات، مەصرفات ئوخرا، ئیمتیازات و موخەصەصاتی ئیستیسنائی نەگەیشتوون، تاوەکو ئێستا و تا ئەم چرکە ساتەی کە من قسەی تێدا ئەکەم، پرۆژە بەردەوامەکان بۆ رای گشتی بڵاو نەبوویتەوە، لە کاتی پشوو وەرگرتنمان تەماشای پەڕەی یەکەمی سایتی ئەلیکترۆنی پەرلەمانم کرد، تاوەکو ئەم چرکە ساتە پرۆژە بەردەوامەکان لە رای گشتی کوردستان شاردراوەتەوە، بۆیە من مافی خۆمە بڵێم هەموو ئەو پرۆژە بەردەوامانە کە زیاتر لە سێ ترلیۆن دیناری بۆ دانراوە، هەمووی پرۆژەی وەهمیە، پرسیاری دووەم: ئایا ئەم بودجەیە توانیویەتی بودجەی حیزب لە بودجەی حکومەت جیا بکاتەوە؟، جگە لەو پرۆژانەی کە هەندێکیان زۆر بە ئاشکەرا و هەندێکیان غەیرە موباشیر بە ملیۆنەها دیناریان بۆ لق و مەڵبەند و بارەگای حیزبەکان و بارەگای سەرۆك و سکرتێرەکان تەرخان کردووە، شێوازی سەرفی مینەحی ئیجتیماعی و تەبەروعات و مەصروفات ئوخرا و ئیمتیازات و موخەصەصاتی ئیستیسنائی لە زۆر شوێندا دەرفەتی داوە کە بۆ ئەندامانی حیزب یاخود بۆ حیزب سەرف بکرێ، وەکو ئەو بەڵگەنامانە کە ئێستا لامانە و دوێنێش هەندێ لە هاورێکانم خستیانە روو، لە کاتێکدا لە 15,81٪ ی نەفەقاتی تەشغیلی بۆ ئەو ئەبوابانە داندراوە کە تیایە بڕی بە پارە ئەکاتە 750 ملیار دینار، تەبعەن بە لێ دەرکردنی حیصەی هەردوو وەزارەتی صیحە و کاروباری کۆمەڵایەتی، دابەش بوونی هێزە چەکدارو ئەمنیەکان بەسەر دوو

ئیدارەدا، کە زۆر بە وازیحی لە ئاساییشدا دیارە، ئەو دابەش بوونە دابەش بوونێکی ئیداری نیە، دابەش بوونێکی جوغرافیش نیە، بەڵکو دابەش بوونێکی سیاسی و بە دیاریکراوی دابەش بوونێکی حیزبیە، بۆیە لێرەوە زۆر بە وازیحی ئەڵێم، لەم سەکتەرەدا بودجەی حیزب تێکەڵ بە بودجەی حکومەت بووە، لە کاتێکدا لە 24,81٪ ی بودجەی تەشغیلی کە ئەکاتە 1 ترلیۆن و 957 ملیارو 286 ملیۆن بۆ ئەم سەکتەرە تەرخان کراوە، مەرج نیە ئەوانەی لە وەزارەتی ناوەخۆو پێشمەرگە و هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، کار ئەکەن حیزبی بن، بەلاَم بە مەرجی حیزبی، ئەبێ هەمیشە تەزکیەی حیزبی و رەزامەندی حیزبیان لە پاڵ بێت، ئەمە ئەو دۆکیۆمێنتانەیە کە لە سەرۆکایەتی هەرێم پارێزراوە، 1566 مووچە خۆری ئەو وەزارەتانە نان بڕاو کراون، ئینزاری سیاسی دراون بە هۆی تەبیعاتی سیاسی و بە هۆی تەبیعاتی حیزبیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرە سەر راپۆرتەکە، کاکە رەجائەن.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پارە تەرخان ئەکا بۆ نووسینگەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، هەموو ئەو راپۆرت و بەڵگەنامانەی لە دەرەوە پێمان ئەگەن زۆر بە وازیحی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە تێکەڵن بە پەیوەندییەکانی حیزب، پەیوەندییەکان لە بودجەی ئەنجومەنی وەزیران پارەی بۆ سەرف ئەکرێ، کە لە 2,77٪ مەبلەغێکی زۆر زەخمە و زیاتر لە 300 ملیار دینارە، ئەگەر یەك لە سەر سێی میزانیەی مەجلیسی وەزرا بۆ پەیوەندییەکان تەرخان بکرێ، زیاتر لە 70 ملیار دینار بۆ ئەو سەکتەرەیە کە بودجەی حیزب و حکومەت تێکەڵ بووە، پرسیاری سێیەم، ئایا ئەم بودجەیە توانیویەتی کۆتایی بە دابەش بوونی مالی نێوان حکومەتی هەرێمی سلێمانی و حکومەت هەرێمی هەولێر بێنێ؟، موساوەمەکان زۆر بە وازیحی بەوانەی کە دوێنێ کاك کاروان ئیشارەتی پێدا، وەزارەتی دارایی-ه، وەزارەتی دارایی –س ئەوە دەردەخات کە تاوەکو ئێستا وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم لە سەر ئەرزی واقیع یەکیان نەگرتووتەوە، هەروەها جیاوازی نێوان پرۆژە پێشنیازکراوەکان، پرۆژە بەردەوامەکان دیویکی تری جیاوازی نێوان سیاسەتی مالی حکومەتی سلێمانی و حکومەتی هەولێرە، چونکە لە سیاسەتی مالی ئەوەی کە ، بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانی کورتی هێناوە، بودجەی پارێزگای سلێمانی لە بودجە پێشنیازکراوەکان، لە بودجە بەردەوامەکان پڕ کراوەتەوە، لە کاتێکدا کە پرۆژە بەردەوامەکان، پرۆژەی تەم و مژاوی و تەنانەت وەهمیشن، نەفی پرسیاری چوارەم، ئایا ئەم بودجەیە دەتوانێت پێمان بڵێت پارەی گلدراوەی (مدەوەری) ساڵی پێشوو چەندە و چی بەسەر هاتووە؟، لە کاتێکدا 539 پرۆژەی 2009ن، واتا پرۆژەی بەردەوام تاوەکو ئێستا یەك دیناری تێدا سەرف نەکراوە، ئێمە نازانین پارەی تەرخان کراو بۆ ئەم پرۆژانە چەندە؟، لە کاتێکدا زۆر بە وازیحی ئەبێنین پرۆژە پێشنیازکراوەکان هەمووی لەم ساڵەدا پارەیان بۆ تەرخان کراوە،

ئەی ئەو پارە تەرخان کراوەی کە بۆ پرۆژەکانی پار تەرخان کراوە، چییان بەسەر هاتووە؟، بۆیە بە هەموو مقیاسێك ئەو پارانەی کە بۆ ئەم پرۆژانە دانـدراون و سـەرف نـەکراون بـە مـدەوەر حیسـابن، بـەڵام چارەنووسیان دیار نیە، کە جەمع و تەرحێکم کردووە نایڵێم بە بڕەکە ئەگاتە یەك ترلیۆن و 200 ملیار دینار، ئایا ئەو بودجەیە ئەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە ئیرادات چەندە؟، هەڵبەتـە مـن ئیشـارەت نادەم بە ئیراداتی باجی رسومات و داهاتی فڕۆکەخانە و نەوتی رەش کە تاوەکو ئێستا دیار نیە، بەڵکو تەنها ئاماژە ئەدەم بە 5 ملیار دۆلار داهاتی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ یەك مليارو 400 ملیۆن دینـاری ئـەو گوژمەی کە لە پای بەرنامەی نەوت بەرامبـەر خـۆراك هـاتووە  و ئـەو بەرنامـەی دیـوانی چاودێری بەغـدا ئەیسەلمێنێ کە ملیارێك و 400 ملیۆن دۆلار هاتووتە کوردستان، تاوەکو 2009/5/3بە ئیمزای عبدالباسط فکری سعید تا ئێستا چارەنووسی دیار نیە، ئەبێ چارەنووسی ئەوەشمان بۆ ئاشکەرا بێت، بۆیە لـە کۆتاییـدا زۆر بـە وازیحـی ئـەڵێم، مـن لێـرە بـاس لـەو نەوعـە ناعەدالەتیـە زۆریـە ناکـەم کـە هەیـە بەتایبـەتی لەناو بەرکەوتی ناوچەکانە، باس لەو هەموو تەعتیمـە ناکـەم کـە لـە پرۆژەکانـدا هەیـە، بـاس لـەو هـەموو هەڵـە زانستی  و ئـەو هـەموو تیکـرارە ناکـەم، تـەنها ئەوەنـدە ئـەڵێم بـە بـڕی زیـاتر لـە 2 ترلیـۆن و 770 ملیـار بودجەی حیزب تێکەڵ بە بودجەی حکومەت بووە، چارەنووسی زیاتر لـە 7ملیـار و 400 ملیـۆن دۆلار کـە دەگاتە زیاتر لە 8 ترلیۆن و 280 ملیار لە پارەی ئیرادات دیار نیە، هەروەها لە پـارەی میزانیـەی مـدەوەر، بۆیە زۆر زۆر بە وازیحی ئەڵێم ئەم بودجەیە پێویستە بگەردرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، بۆ ئـەوەی ئـیش لە سەر زۆر خاڵ بکاتن بە تایبەتی ئیش لە سەردوو خاڵ بکات، یەکـەمیان جیاکردنـەوەی بودجـەی حیـزب لەسەر بودجەی حکومەت، دووەمیان، کەشف کردنی چارەنووسی ئیرادات و میزانیەی مدەوەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك توفیق فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكريم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بە حوکمی ئەوەی بریاردەری لێژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشـتیەکانم، زیـاتر لەسـەرەتا قسە لەسەر لێژنەکەی خـۆم دەکـەم، حـەز دەکـەم بڵـێم دەسـتخۆشـی دەکـەم لـە لێژنـەی دارایـی و ئـابووری، چونکە بەراسـتی بـە ئینصـافانە ئـەوەی کـە نووسـیومانە، نووسـیویانە ئـەوانیش بۆمـان، بـەڵام ئـەوەی کـە نەنووسراوە سەبارەت بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە کە شتێکی وامان لا نەبوو ئـەو کاتـە، بـەڵام دواتـر راپۆرتێکمان مولحەق کرد، ئەو راپۆرتە لای بەرێزان وجودی نیە، لای ئەندامانی پەرلەمان، من حەز دەکەم جـارێ سـەرەتا باسـی وەزارەتـی کارەبـا بکـەم، کـە ئـەو وەزارەتـە داوای 463 ملیـار و 839 ملیـۆن دینـاری کردووە وەکو بودجە  بۆ خۆی، بەڵام 86 ملیاری بۆ دابین کراوە، یەکێك لە بەرێوەبەرەکانی کە ئامادە بـوو لەم جەلسەیە، بە ئێمەی وت ئەگەر ئێوە نەتوانن دەستکاری ئەم بودجەیە بکـەن، جارێکی تـر داوا مەکـەن بێیەنەوە پەرلەمان، بەراسـتی ئەگـەر پەرلـەمان نـەتوانێت دەسـتکاری لـە بودجـە بکـات، تـەرحی هـەبێت بـۆ

وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان بۆ دەستکاری کردنی بودجە، ئەوە لە صەلاحیەتی خۆی کەم دەکاتەوە و سیقە ناهێڵێ پێی، ئەوە یەك، دوو، لە ئەولەویاتی پرۆژەکەدا، نوسخەیەك لە پرۆژەکانی خۆیانمان هێناوە کە دواتر داوامان لێ کردن، وا بزانم خراونە بەردەست لێژنەی دارایی کە هەتا ئەو 86ی کە بۆیان دانراوە، ئەولەویەتی پرۆژەکان بە دڵی خۆیان نیە، چونکە ئاگایان لێ نەبوو، بیێنە سەر وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بە هەمان شێوە، داوای 12 پرۆژەیان کردووە، عەینی شت ئەوەتا نووسخەم لایە وەکو خۆیان بۆمانیان ناردووە، ئاگایان لەوە نیە کە 12 یان داناوە، بەڵام 4 پرۆژەیان بۆ نووسیون، سێیان گۆڕینی پێستە بۆ حل، ئەوان داوای مەخازن و تاقیگە ئەکەن، کەچی لێرە گۆڕینی پێست و شتی وایان بۆ داناوە، یەك پرۆژەیان بە دڵی خۆیان بووە، ئەویش قبوڵ کردنی بینای وەزارەتە کە ئەویش پێشنیارکراوی کابینەی پێنجەمە، یەعنی پێشتر وەعدیان پێ داون، دێمە سەر خاڵێکی تر، کە ئەویش بەراستی مەوزوعی داهاتە، دیارە بەراستی بودجە لەسەر دوو بنەمای ئەساسی دائەرێژرێ، داهات و خەرجیە، داهات ئێمە ئەوەی بەشەکەی کە لە بەغداوە بۆمان دێت وازیح و شەفافە، چونکە ناکرێ بشاردرێتەوە، بەشێکی کوردستان زۆر نا روونە، با لە کارەباوە پێدا بێین، کارەبا لە 2009دا 100 ملیاریان هەبووە، کاتێ ئێمە پێمان وتن باشە بۆ چی بووە 55 ملیار؟، زۆر تەعەجوبیان کرد و وتیان ئێمە 150 ملیارمان هەیە، نازانن بەریوەبەرەگشتیەکان وتیان ئێمە نازانین، ئەوەی تەخمینمان کردووە ئەوەندە نیە، منیش ئەڵێم بە هاوڕێیانم لە ناو پەرلەماندا 750 هەزار موشتەریکی کارەبامان هەیە لە کوردستان، یەك زەرب و جەمعێکی بچووك بکە بزانە ئەگەر هەر ماڵێك مانگانە تەنها 20 هەزار بدات، ئەگەر گوێ لە دەزگاکان بگرین، ماڵی  وا هەیە 100ی لێ سەندراوە، ماڵی وا هەیە 400، تێناگەم ئیتر بۆ چی داهاتی کارەبا ئەوەندە کەمە، ئەمە تەنها عەوائیل، واز بێنە سوپەرمارکێت و ئەو شتانەی تر، هەتا باس لەوە ئەکەن کە زۆر دەوائیر قەرزی کارەبایان لایە، لەوانە پەرلەمانە کە قەرزاری دائیرەی کارەباین، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەو داهاتە روون بکرێتەوە، ئاشکرا بکرێ، بخرێتەوە سەر کارەبا، چونکە بەراستی لە کارەبا زۆر گرفتمان هەیە، مەعنای نیە دوای 18 ساڵ، هەتا ئێستا خەڵکی کەم دەرامەت ئەناڵێنن بەدەست کارەبا، باسی خەڵکی تر ناکەین ئەوەی موەلیدەی دائەنێ، صرەصرەکەی بۆ خەڵکە فەقیرەکەیە، ئەویش بەردەوام کارەبای هەیە، دێینە سەر داهاتی سامانە سروشتیەکان، ئەوەی کە بەرەسمی گەیشتووتە دەست لێژنەی ئێمە تەنها مەبیعاتی نەوتە، یەعنی ئەوەی کە بە فۆرمی خۆراك تەوزیع دەکرێ بەسەر هاووڵاتیان، 340 هەزار عائیلە هەیە لە هەولێر، 180 هەزار عائیلە هەیە لە دهۆك، 360 هەزار عائیلە هەیە لە سلێمانی، یەعنی دەگاتە880 هەزار عائیلە، هەر زەربێکی بچووك بکەن بزانن ئەگەر هەر برمیلێك لەو نەوتەی کە ئەدرێ لە هەندێ شوێن بە 38500 و لە هەندێ شوێن بە 40000، هەر زەربی هەزاری بکەن خاتریان بگرن بزانن چەند دەکات، بێینە سەر 5 ملیار باڵانصەکەی کە زۆر قسەی لەسەر کرا، ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان، زۆر جوان رۆشنی کردەوە، من حەز دەکەم بۆ ئەوەی خەڵك ئاگای لێ بێ، لە راپۆرتەکەشمان نووسیومانە ئەوە راپۆرتەکەیە بەس نەگەیشتووتە

دەست بەڕێزتان، کە سەرۆکی لیژنەی لێ نیە، بەڵام جێگر خۆی ئیمزای کردووە، ئەڤین خان حەزم دەکرد باسی کردبا، ئەڵێ ئەو پێنج ملیارە هەندێکی پارەی کاشە، هەندێکی پرۆژەیە، کۆمپانیاکان خۆیان پرۆژە دەکەن بۆ ئەو شوێنەی کە پێویست دەکات، هەندێکیشی موستەقبەلیە، ئەم هەندەیە، پێم وایە ئەبێ وەزیری دارایی بیکاتە ڕەقەم و بیخاتە سەر ئەم بودجەیە بۆمان، بزانین ئەو هەندەی کە کاشە و چوویتە بودجەی حکومەتەوە بۆ دیار نیە؟، زائیدەن ئەو پرۆژانەی کە قەرارە لەسەر حیسابی ئەم بالأنصە بکرێ کامانەن؟ کە لەوە ئەچێ نیوەی ئەم بودجەیەی هەرێم بێ، ئەگەر پێنج ملیار دۆلار یەعنی تەقریبەن پێنج ترلیۆن و کەسرێك دەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە وەزیری سامانە سروشتیەکان لەگەڵ وەزیری دارایی ئەوانەمان بۆ بکەنە ڕەقم و بیخەنە سەر بودجەکە، ئەوە سەبارەت بە لیژنەی پیشەسازی و وزە، سەبارەت بە لیژنەی ژنان، 592544میلاکات هەیە لە کوردستان، ئەم ڕەقەمە تەبعەن بە بێ تەعیناتی تازە، لەم ڕەقەمە 554566 زکورە و 137978ی ئونسایە، یەعنی لە 24٪ هینە، من پرسیارم کرد لە وەزارەتی دارایی وتی غەڵەتە، من ئەڵێم ئەگەر غەڵەت بێ دیسان ئەم بودجەیە ئەبێ موراجەعە بکرێتەوە، چونکە ئەوە تەجمیعی سێ وەرەقەیە، یەعنی ئەگەر غەڵەت بێ، کەواتە تەجمیعەکەی غەڵەتە، کەواتە پێشینەکانی غەڵەتە، ئەوەش یەکێکی تری غەڵەتەکان، سەبارەت بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و بە حوکمی ژنان سەردانمان کرد و بودجەکەیان زۆر کەمە، چونکە باس لە بنکەی چاکسازی و ئەوە دەکەن، من پێم وایە 180 ملیار بۆ مەنافیعی ئیجتیماعی داندراوە، چونکە بەراستی ئەم 180 ملیارە یەعنی هیچ پێوەرێك نیە ڕزگاری بکات لە میزاج و دەسەڵات و ڕزگاری بکات لە مەصالیح و بەرژەوەندی شەخص و حیزب، پێم وایە ئەگەر ئەمە جگە لەوەی کە داندراوە بۆ وەزارەتی کۆمەڵایەتی، ئەوەی تری لە 40٪ بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ سەرف کردنی بۆ ئەو پێداویستیە تایبەتیانەی کە هەیە لەوێ، خاڵێکی تر کە موهیمە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بودجەیەکی خاصی بۆ دابنێ، مەوزوعی ئەوەی کە بەراستی ئەمڕۆ لە کوردستان هەر کە هەڵدەستێ ڕەقەم لێ ئەدا، یەکێك هەڵدەستێ ئەڵێ لە 75٪ی فەرمانبەرانی ئەم کوردستانە گیری بە دەست بەرپرسەکانەوە خواردووە، لە دام و دەزگاکانەوە تەحەروشی جنسیان پێ دەکرێ، ئەم ڕەقەمە ئەگەر ڕاست بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕەجائەن تۆ باسی ڕاپۆرت دەکەی یان باسی وەزعی کۆمەڵایەتی دەکەی؟، وەختیشت تەواو بوو، ڕەجائەن تەواو، کاك شێروان حیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو قسانەی کە من دەمویست بیکەم، هەمووی کراینە، بەڵام من تەرکیز لەسەر دوو نوقتەی موختەصەر دەکەم، بە نیسبەت ڕاپۆرتی دارایی و ئابووری، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا مولاحەزەکەمان دایە

لێژنەی دارایی و ئابووری، زۆربەی هەرە زۆری مولاحەزەکان لە زمنی راپۆرتی لێژنەی دارایی هاتیە، چ بە نیسبەت تەعدیل کردنی هەندێ لەبڕگەکان، چ بە نیسبەت هەندێ بڕگەی تازە کە هاتووتە ناو پرۆژەکە، سەبارەت بە گەڕانەوەی بودجە بۆ حکومەت، ئەگەر سەیری نیزام داخیلی بکەین، ئوسوسەکی گشتی داندرایە بۆ موناقەشەکردنی قەوانین بەشێوەیەکی گشتی، ئەساسێکی تازەش داندرایە بۆ موناقەشەی بودجە، بە شێوەیەکی تایبەتی، من بەش بە حاڵی خۆم نەمبیستووە بە هیچ شێوەیەك بودجە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بەڵکو بالاترین دەسەلات لە هەرێمی کوردستان کە پەرلەمانە، پێویستە کەم و کوڕییەکانی ئەم بودجەیە چارەسەر بکات، ئینجا رەوانەی حکومەتی بکاتەوە، بە تایبەتی جەنابی وەزیری مالیە لێرەیە، جەنابی وەزیری پلان دانان لێرەیە، جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان لێرەیە، بۆیە من ئیلتیزامێکی تەواو بە نیزامی داخیلی پەرلەمان دەکەم، ئیلتیزامێکی تەواو بە تەوجیهاتی ئیدارەی ئەم جەلسەیە دەکەم، دووبارەی قسەکان ناکەمەوە و، زۆر سەپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.جعفر علی فەرموو.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشێکی زۆر لەو قسانەی کە، یان لەو مولاحەزاتانەی کە من هەم بوو، بەڕێزان باسیان کرد، بەلام چەند مولاحەزاتێك بە خێرایی دەڵێم سەبارەت بەو بودجەیە، سەرەتا دەمەوێ لە مەسەلەی نا عەدالەتی دابەش کردنی ئەم بودجەیەوە دەست پێ بکەم، بە سەر سەکتەر و بە سەنتەر و قەزا و ناحیەکان و گوندەکانی کوردستان دابەش بکەم، دیارە پێم باشە بەر لەوەی قسە لە ناعەدالەتیەکە بکەم، قسە لەوە بکەم کە ئێمە دژی ئەوە نین لە هەر بەستێکی خاکی ئەم نیشتمانە، لەهەر شوێنێکی کوردستان چ پرۆژەیەك دەکرێ بەڵکو ئێمە پشتیوانی لێ دەکەین، بەلام لە بەرامبەریدا دەبێ ناوچەکانی تریش فەرامۆش نەکرێن، یاخود ئەو برەش بۆ ئەوان تەرخان بکرێ، سەبارەت بە ناعەدالەتیەکە، من چەند نموونەیەکت دەدەمێ، یەك پرۆژە لە ناحیەکی بچووکی ئەم کوردستانە 46 ملیاری بۆ تەرخان کراوە، بەلام کۆی بودجەی تەرخان کراو بۆ قەزای رانیە، بە هەر چوار ناحیەکەی و سەد و ئەوەندە گوندیە 31 ملیارو چەند ملیۆنێکە، واتە بودجەی ئەو پرۆژەی کە بۆ یەك ناحیەی بچووك تەرخان کراوە، 15 ملیاری زیاترە لە بودجەی یەك قەزا بە 4 ناحیەوە، ئەوە بۆ قەلادزێ و بۆ هەڵەبجەش راستە، ئەمە یەکێکە لەو نا عەدالەتیە گەورانەیە کە بە هیچ پێوەرو بە هیچ معیارێکی عیلمی لە تەوزیعی بودجەدا جێگای نابێتەوە، دیارە زۆر خاڵی تر لە مەسەلەی نا عەدالەتیدا، هەندێك پرۆژە هەیە تەرخان کراوە بەراستی بۆ هەندێك لە ناحیەکان، من بەش بە حاڵی خۆم دیارە ئەو پرۆژەیەش بە هەمان شێوە یەك پرۆژەیە بۆ ناحیەکی بچووك تەرخان کراوە، بە هەمان شێوە ئەو بودجەیەی کە بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کراوە، رێك بڕی ئەو بودجەیە کە بۆ شاری رانیە بەسەرجەم ناحیە و گوندەکانی تەرخان کراوە، خاڵێکی تر کە دەمەوێ

ئاماژەی پێبدەم، مەسەلەی ماوەی پرۆژەكانە كە بەشێك لە بەڕێزەكان ئاماژەیان پێدا، من دەڵێم جگە لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، كە تەنها وەزارەتە و ماوەی بۆ بەشێكی زۆر لە پرۆژەكانی دیاری كردووە، خودی وەزارەتی پلان دانانیش ماوەی بۆ پرۆژەكانی خۆی دیاری نەكردووە، من دەپرسم چۆن دەتوانی موتابەعە و بەدواداچوون بۆ پرۆژەیەك بكەی لە كاتێكدا ماوەكەی دیار نەبێ، بە سپیەتێ بەجێ مابێ، پێویستە ماوەی پرۆژەكان دیاریكراو بن، دووبارە لە پرۆژەكان هەیە، بەڕێزان ئاماژەیان پێدا، من خۆم دەرجم كردووە و نووسیتم، جگە لە دووبارەكە من قسەم لەسەر خودی دووبارەكە نیە، قسەم لەسەر ئەو مەبلەغانە هەیە كە بۆ پرۆژە دووبارەكان تەرخان كراوە لە كۆتاییدا لە ئیجمالی كۆكردنەوەكەدا، ئەم مەبلەغانە بە دووبارەوە كۆكراوەتەوە، ئایا ئەم مەبلەغانە بۆ كوێ دەچێ و چی لێ ئەكەن؟، كۆرێكی بودجە ساڵانە بریتیە لە دیاری كردنی بودجە و دابەش كردنی بەسەر سەكتەر و بوارە جیاوازەكاندا، ئێمە دەزانین سەرچاوە ناوەخۆییەكانی داهاتی هەرێم، روون و شەفاف نین، جێگای گومانن لە قسەی بەشێكی زۆر لەو ئەندام پەرلەمانە بەرێزانەی كە قسەیان لەسەر سەرچاوە ناوەخۆییەكانی داهاتی هەرێم كرد، هەر لە فرۆشتنی نەوتەوە، لە باج و گومرگەوە، لە داهاتی كۆمپانیا حكومیەكان، لە داهاتی ئاو و كارەبا، لە داهاتی فرۆشتنی خزمەت گوزاریە گشتیەكاندا، داهاتی سزادانی كۆمپانیاكان.....هتد، هەموو ئەوانە نا روونیەكی یەكجار زۆریان تێدایە، نا شەفافیەتێكی زۆریان تێدایە، ئەم بڕەی كە خراوەتەوە 348 ملیار لە داهاتی ناوەخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2010 لەگەڵ چەند ملیۆنێك، بەراستی جێگای گومانێكی زۆرە، ئێمە بە هەموو ئەو دابەش كردنەی كە لەبەر دەستمان دایە، ئەم بەرێزە نموونەی كارەبای هێنایەوە، 55 ملیۆن دینار بەراستی مووچەی 7 پەرلەمانتارە لە مانگێكدا، پێمان وایە پارەیەكە جێگای گومانێكی یەكجار زۆرە، ئەگەر ئەو تەرحەی ئەو بەرێزە كردی 750 هەزار موشتەریك هەبێ لە كوردستاندا، زەربی 5000 بكەین، نەك 100 هەزار و 200 هەزار، زیاتر لە 3 ملیار دینار دەكات بۆ هەر مانگێك، بەڵام تەنها 55 ملیۆن دینار دانراوە لە یەك مانگدا، لە ماددەی 16 یاسای بودجەدا، بڕی 120 ملیار دینار بۆسەندوقی پەرەپێدانی تواناكان كە زیاتر مەبەست لێی دیارە زەمالاتی خوێندنە بۆ دەرەوەی هەرێمی كوردستان تەرخان كراوە، بەڵام بە پێی كارنامەی خودی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كاتێك كە لە بواری پەروەردەدا بەرنامەی كابینەی شەشەمی حكومەت دەڵێ: دابین كردنی بایەخدانی زیاتر بە لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و تەرخان كردنی بودجەی ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام یەك تاكە دینار لە بودجەی حكومەتی هەرێم نە بۆ لێكۆڵینەوە و نە بۆ توێژینەوەی زانستی تەرخان نەكراوە، لە كاتێكدا هەموومان دەزانین لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لە رووی عیلمیەوە و لە رووی پەرەپێدان و گەشەكردنی توانای عەقلی لەو وڵاتە چ كاریگەریەكی دەبێت، بە هەمان شێوە لە رووی ئیستیقراری ئیقتیصادییشەوە كاریگەریەكی گەورە دادەنێت، وڵاتێكی وەكو ئیسرائیل بۆ نموونە وەربگرە، لە 4٪ داهاتی نەتەوە نەك تەنها بودجە، بۆ ئەم بوارە تەرخان دەكات، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا لە كاتێكدا لە كارنامەكەی خۆیان هاتووە، پێچەوانەی كارنامەكەی یەك دینار بۆ ئەو بوارە تەرخان ناكرێ، هەموومان ئێستا دەزانین،

ئێستا له كوردستاندا سوپایەكی گەورەی بێ كار هەیە، كە بەشێكی زۆری ئەوانە هەڵگری بروانامەی زانكۆ و پەیمانگاكانن، بەشێكی زۆریشی گەنجن، كە رەنگە هەڵگری بروانامەی دبلۆم و بەكەلۆریۆس بن، ئەمانە بڕوام وایە لە ئایندەدا مەترسیەكی گەورە لەسەر ئاساییشی ناوەخۆی هەرێم دروست دەكەن ئەگەر بەو شێوازەی ئێستا بمێنینەوە، پێویستە بیرێكی قووڵ لەمە بكرێتەوە، بڕوام وایە پێویستە حكومەتی هەرێم ساڵانە بودجەیەكی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بكات و لە رێی مەشق و راهێنانەوە هەوڵ بدات لە هێزێكی بەكاربەرەوە بیانگۆڕی بۆ هێزێكی بەرهەم هێن، بە جۆرێك بیانكاتە هێزێك نە تەنها بەس بەرهەم هێن، بەڵكو بۆ ئارامی سیاسی و ئیستیقراری هەرێم كاریگەری باشیان هەبێت، یاخود ئەو بڕەی كە بۆ مەنافیعی ئیجتیماعی و ئیعانات و مینەح تەرخان كراوە، هەوڵ بدرێ بخرێتە سەر یەك و حكومەتی هەرێم وەك سۆسیال بیدات بەو دەرچووانەی زانكۆ و پەیمانگاكان كە رۆژانە بەردەمی دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمیان گرتووە، خۆپێشاندان و مانگرتن دەكەن بۆ ئەوەی ئەو گەنجانەی كە بێكارن، تا وەكو حكومەت دەرفەتی كاریان بۆ برەخسێنی، كاریان بۆ بدۆزرێتەوە، هیچ برێك لەو بودجەیە بۆ حاڵەتی پێشهاتی روودانی كارەساتی سروشتی لە شێوەی لافاو و بوومە لەرزە و وشكە ساڵی كە لە بەینی ساڵێك و دوو ساڵ رووبەرووی دەبێتەوە، یاخود هەر جەنگێكی چاوەڕوان نەكراو، یاخود هەر نەخۆشی و پەتایەك كە دێتە كوردستان و بۆی تەرخان نەكراوە، كە ئەمەش دیسان جێگای پرسیارە، بەپێی راپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری، ژمارەی میلاكاتی هەرێم، لە سەرۆكایەتی هەرێمەوە تاوەكو نزمترین دەزگا 625 هەزارو 849 فەرمانبەرە، من قسەم لەسەر فەرمانبەر نیە، قسەمان لەسەر مووچە خۆرە، رێژەی مووچە خۆری هەرێمی كوردستان چەندە؟، لە كاتێكدا ئەوە لێرە تەحدید كراوە، بەڵام لە سەر زاری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە كە دەڵێت، نزیكەی یەك ملیۆن 200 تا 300هەزار مووچە خۆر هەیە لە هەرێمی كوردستاندا، ئایا كادیرانی حیزبیش خرانە سەر ئەو مووچە خۆرانەی هەرێم، بە چ مافێك لە بودجەی هەرێم پارە بدرێتە كادیرانی حیزب، ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەوانیش ژیانیان بۆ دابین بكرێ، بەڵام كاتێك كە تۆ فەرمانێك بۆ حكومەت جێبەجێ نەكەی، ئەركێكی وەزیفی و ئیداری و حكومیت نەبێ، بە چ مافێك پارەی حكومەتی هەرێم بۆ ئەو كادیرانە یاخود بۆ ئەوخەڵكە حیزبیە سەرف بكرێ؟، من پێشنیار دەكەم، ئەو بڕەی لە بودجەی هاووڵاتیانی كوردستان بۆ نۆژەنكردنەوەی یاریگای شەعب لە بەغدا، بۆ بارەگاكان و بەرژەوەندی حیزب تەرخان كراوە، هەر هەمووی تەرخان بكرێت بۆ پرۆژەی خزمەت گوزاری لە كەركووك و سەرجەم ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئێمە ئەگەر ئەو مەبلەغە كۆ بكەینەوە كە هەمووی من نووسیومە، لە دروستكردنی ئاوەڕۆی سندوقی بۆ بارەگای سەرۆك كۆمار لە قەڵاچۆلان، دروست كردن 11 ژوور و هۆڵی كۆبوونەوە لە بینایەی لقی دووی پارتی، كە لەسەر بودجەی وەزارەتی ناوەخۆ بۆی تەرخان كراوە، پرۆژەی ڤیرتاو كردنی رێگاكانی خاڵی پاسەوانی میوانخانەی سەرۆك كۆمار، ڤیرتاو كردنی رێگای دوو خاڵی پاسەوانی سەرۆك كۆمار دیسان لە قەڵاچۆلان، ڤیرتاو كردنی رێگای عەرەزات و گەراجی ئوتۆمبێل بۆ لیوای سەرۆك كۆمار، دروستكردنی میوانخانە بۆ مەڵبەندی 12 ی

خانەقین، هەموو ئەو بڕە پارانە کۆبکرێتەوە، جارێکی تر بخرێتەوە ناو ئەو سندوقەی پەرەپێدان و گەشەکردن بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەس یەك روونکردنەوەیەك، 55 ملیۆن دینار ناکاتە راتبی 7 ئەندام پەرلەمان، هەر بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێز، رێزدار عەونی بەزاز فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە توانیان راپۆرتەکەی خۆیان لە ماوەی دیاریکراو لە پەیڕەوی ناوەخۆ ئامادە بکەن و پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، کە سێ تەوەری گرنگی لە خۆ گرتووە، یەکەمیان هەڵسەنگاندنی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2010، گشت راپۆرتەکانی لێژنەکانی تری پەرلەمان، پێشنیارکراوەکان لەسەر ماددەکانی یاسای بودجە، بەڵام تێبینی ئەوەی دەکەم کە بڕگەك ئێمە پێشنیارمان کرد، داخیل نەکراوە لە راپۆرتەکە، ئەویش بە هیچ شێوەیەك دوو مووچە لە پەرلەمان سەرف نەکرێ، بۆ هیچ کەسێك و بە هەر جۆرێك بێت، دووەم، من پرسیارێکم ئاراستەی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەکەم، کەوا ئەویش ئەوەیە، ئایا داهاتی رسومی مەحەلی زمنی میزانیەی عامەی عیراقە؟، چونکە بە بۆچوونی ئێمە لە لێژنەی یاسایی گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد کە تەنها گومرك عایدی میزانیەی عیراقیە، ئەوانی تری مەحەلی دەبێ بۆ خۆمان بێت، ئینتیزاری وەڵامی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار عەزیمە نەجمەدین.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکەم، لە پرسیارێکەوە ئاراستەی بەرێزتان دەکەم، بودجە هۆی دواکەوتنی چیە و بۆ چی بودجە دوا کەوت؟ خاڵی دووەمم، حیسابی خیتامی شەش مانگی یەکەم پێویست بوو پێش موناقەشە کردنی بودجەی 2010 بگەیشبایە دەست ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە میزانیەی ئەمساڵ، ساڵی 2010، من ئەم میزانیە بە هیچ شێوەیەك بە پلانێکی شیکاری و زانستی تێدا نابینم، پێویستە پلانی وەزارەتەکان دیاریکراو بایە تا بزانین بە چەند ساڵ ئەو کێشانە و ئەو پرۆژانە لە وەزارەتەکان دیاریکراو بوایە، من پێم وایە ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتی پلان دانان داناوە، وەزیری پلان

دانان به تەنسیق لەگەڵ وەزارەتەکاندا ئاڵۆزیـەك و نـا روونیـەکی زۆری پێـوە دیـارە لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەو پرۆژانـەی لـە 2008 و لـە 2009، دووبـارە هەنـدێ پـرۆژە هەیـە کـە هـیچ کـاری لەسـەر نـەکراوە، هـیچ پرۆژەیەك ئەو پارانەی کە لە 2008 و 2009 بۆی دانراوە دیسان لە 2010 پارەی بۆ تەرخان کراوەتەوە، بۆیە پێویست بوو ئەو پرۆژانە پارەکانیان دیاریکراو بوایە، مودەی زەمەنیشی بۆ دابین بکرێت و مودەکانی دیاریکراو بێت تا بزانین ئەو پرۆژەیە لە چ ساڵێکدا تـەواو دەبێـت و تـا چـەند ئەخایـەنێ؟، دیـارە ئەمـەش ئەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی وەزارەتەکان، کە پلانی درێژ خایەنیان نیە تا بزانن ئەو بودجەیە، ئەو میزانیەی کە ئەکرێ پێویستی بـە چـەند کـات هەیـە؟، خـاڵێکی تـر بودجـە دەبێـت تـەوازونی ئیقتیصـادی بـۆ بکـرێ، بەشێك لە کێشە ئابووریەکان چارەسەربکات، شەفافیەتی موازەنە یەکسان بێت بە گۆڕینی ژیانی خەڵك، ئایا لە بودجەی ئەمساڵدا تـەوازونێك هەیـە لـە نێـوان بودجـەی ئیسـتیسـماری و بودجـەی تەشغیلی؟، بـە هـیچ شێوەیەك لەبەر ئەوەی، ئەوەی تر لە 31٪ و ئەوی دی لە 69٪، من پێم وایە ئەو بودجەیە تەوازونی تێدا نیە، ئایا سیاسەتی حکومەت، سیاسەتی ئیقتیصادی حکومەت لـە مـەجالی صـیناعی و زراعـی چـیە؟، تـەنها پێدانی ئەو گوژمە پارەیە یان حکومەت هەوڵی داوە لە پاڵ دابین کردنی پارە، کادر و ستاف باش لـە پاڵیـدا، ئـەو چـەند مەسـاحەی زەوی دابـین کـردووە بـۆ ئـەو پرۆژانـەی کـە پـارەی بـۆ دابـین کـردووە، خـاڵێکی تـر سەبارەت بە پرۆژەکان، من هەڵسەنگاندنێك نابێنم لە نێوان ناوچەکاندا، بە هـیچ شـێوەیەك لەبـەر ئـەوەی کە لە دابەش کردنی وەزارەتەکاندا نا عەدالەتی و نا روونیەکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێم وایە هەر هەموومان، ئەگەر ئەندامی هەر ناوچەیەك بین و هەر شوێنێك بین، دیفاع لەو شوێنەی بکەین کە تیـاین، ئێمـە لەبـەر ئـەوەی نوێنەرایـەتی ئـەو شـوێنە دەکـەین، یـەکێك لـەو شـوێنەی کـە زۆربـەی پرۆژەکـان کـە نەیگرتووتــەوە لــە نــاو هــەموو پــرۆژەی وەزارەتەکانــدا ئــەو ناوچــەی ئێمەیــە، کــە چەمچــەماڵە کــە زەرەرمەنترین ناوچەیە کە ئەنفال و کیمیاباران کەوتووتە ناوچەی ئێمەوە، بەداخـەوە کـە چـوار پـرۆژە لـە شاری ئێمەوە کراوە کە ناگاتە 4 ملیار دینار، چەند پرۆژەیەکی تر هەیە کە لەناو پرۆژەکاندا دیـاری کـراوە لـەناو پرۆژەکـانی 2008 و 2009، چـەند پرۆژەیـەك دووبـارە بوویتـەوە، ئـەو پرۆژانـە تـەواو کـراون و تەسلیم کراون، بەڵام ئێستا گوژمەیەك پارەی بۆ دیاری کراوە بە ملیار دینار، ئەو پرۆژانە ساڵێکیش زیاترە کـە هـیچ ئـیش کردنیـان تێـدا نـەماوە و تەسـلیم بـە ئیـدارەی ئـەو شـارە کـراوە، وەکـو پـردی یـەکتر بـڕی چەمچەماڵ، ساڵی پـار لـە مـانگی سێ و چـوار ئـەو پرۆژەیـە تـەواو بـووە و تەسـلیم کـراوە و هـیچ کێشـەی نـەماوە، کەچـی لێـرەدا یـەك ملیـارو 82 ملیـۆن دینـاری بـۆ تـەرخان کـراوە، دروسـتکردنی 20 خـانوو لـە سـەنگاو، 363 ملیـۆنی بـۆ تـەرخان کـراوە، دروسـت کردنـی سـەنتەری خزمـەت گـوزاری و کۆمەڵایـەتی و دەروونی لە ناحیەی شۆرش، ئەو پرۆژەیە لە 2008 و 2009 پارەی بۆ تەرخان کـراوە، هـیچ ئاسـەوارێکی نیە، کەچی ئێستا لـە 2010 دیسـان گوژمـەی پـارەی بـۆ دانـدراوەتـەوە، بـەم شـێوەیە ئەگـەر ئێمـە سـەیری پرۆژەکانی ئـەوە بکـەین، بـە هـەموو شـێوەیەك عەدالـەتی تێـدا نـابینم، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ناوچـەی ئێمـە ناوچەیەکی زەرەر مەندە، پێویست بوو حکومەت ئەو جارە لە قەزا و ناحیەکانـەوە دەسـتی پـێ بکردابـا بـە

ئاوەدانكردنــەوە و خزمــەتگوزاری، تــەنها چـاوی لـە سـەنتەری شـارەكان نەبوایـە، خـاڵێكی تـر پـرۆژە پێشنیاركراوەكان، پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بكرێت، جۆرێك هاوسەنگی تێدا بێت، ئەوەی كە ئێستا باسم كرد، لە پرۆژەكان وتمان نا عەدالەتی زۆر هەیە لە نێوان ناوچەكاندا، خاڵێكی تر لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە، كە گرنگی بە گەنجان و لاوان دراوە، لە راپۆرتەكەی وەزارەتی دارایی، بە دابین كردنی بودجەی پێویست بۆ دروستكردنی یاریگا و سەنتەری گەنجان لە شار و شارۆچكەكان، بەداخەوە دیسان ئەڵێم ئەو شارەی ئێمە، كە قەزای چەمچەماڵە، 4 ناحیەی لەسەرە، یەك پرۆژەی تێدا نیە كە خزمەت بە گەنج بكات لەو شارەی ئێمە، كە ئەگەر بێت و ئامارێك وەربگری بزانە لە ماوەی یەك ساڵدا لە ئەو 4 ناحیەیە و قەزای چەمچەماڵدا چەند هەزار كەس سەری خۆی هەڵئەگرێ و شاری خۆی بەجێ ئەهێڵێ، لەبەر ئەوەی حكومەت هیچ ئاوڕێكی لەو شارە نەداوەتەوە و هیچ خزمەتگوزاریەكی تێدا نیە، بۆیە پێویستە حكومەت بە چاوێكی یەكسان ئاوڕ لە هەموو ناوچەكانی كوردستان بداتەوە، پرسیارێكی ترم هەیە، ئایا حكومەت تا چەند پێشنیار و داواكارییەكانی لیژنەكان بە هەند وەردەگرێ، ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، شەش پێشنیارمان هەبوو، سێ پێشنیار كاری پێكراوە، یەكێ لەو پێشنیارانەی كە زۆر بە هەند وەرگیراوە بۆ ئێمە و خۆمان وەكو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لێرەن، یەكێك لەو پێشنیارەمان كە لە هەموو سەرۆكایەتی زانكۆكان و بەرێوبەرایەتی پەروەردەكان و پەیمانگاكان، دوای ئەوەی كە بە پێی ماددەی 4، خەرج كردن لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتەكان شۆڕ بكرێتەوە بۆ خوارەوە، ئــەویش كــە ســـەرۆكایەتی زانكۆكـــان و ســـەرۆكایەتی بەشـــەكان و كۆلێـــژەكان ئەگرێتـــەوە، لەگـــەڵ بەرێوەبەرایەتیەكان، بەم شێوەیە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە داواكاری ئەو بەرێزانەش بگرین، پێویستە بودجە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەكان و داخوازیەكانی خەڵك بێت، ئایا لە دانانی بودجەی تەشغیلی، حكومەت توانیوەتی تا رادەیەك بنبڕی هەژاری بكات؟، لەم بودجەیەدا، سەرجەم چین و توێژەكانی كۆمەڵگا سوود لەم پارەیە وەربگرن، ئایا حكومەت هەوڵی داوە لە بودجەدا ناوچە زەرەمەندەكان وەكو پێویست پرۆژەی بۆ دابین بكات؟، ئایا حكومەت توانیویەتی كار لەسەر ئەوە بكات گرنگی بە تەنمیەی بەشەری لەسەرجەم ئەو ناوچانەی كە بەر شاڵاوی ئەنفال و كیمیاباران و خانەی هەتیوان و بە ساڵاچوان و ئەوانەی كە لەسەر جاددەكان كەووتوون، حكومەت توانیویەتی لەسەرجەم شارو شارۆچكەكاندا خزمەت بەو بوارانە بكات؟، لە كۆتاییدا چەند پێشنیارێكم هەیە، حكومەت ئەم جارە سولفەی عەقار و ئەو پارەی كە داندراوە، ئەو پارەیە بۆ سەرجەم شارو شارۆچكەكان بە شێوەیەكی یەكسان، هەر كەس ئەیەوێ لە گوندەكەی خۆیدا جوانترین خانوو بكات، هەر كەس ئەیەوێ لە قەزاكەی خۆیدا و لە پارێزگاكەی خۆیدا، هەموو هاووڵاتیەك حەقی هەیە وەك یەك و بە مافێكی یەكسان سەیر بكرێ لەم وڵاتە، نەك برێكی زۆر لە سەنتەری شارەكان و برێكی كەمتر لە قەزاكان، ئەوە بۆ خۆی دەرەجە یەك و دوو و سێیە، لەگەڵ دروست كردنی بینای قوتابخانەكاندا، ئایا حكومەت گرنگی داوە بە ئاستی زانستی و بەرز كردنی توانای مامۆستا، ئێمە وەزارەتی پەروەردە لە چەند ساڵی پێشوودا توانیویەتی گۆڕانكاری لە سیستەمی پەروەردە و گۆڕانكاری بكات، بەڵام

گەورەترین کێشە و گرفت ئەوەیە، کە ئاست و تواناى مامۆستایان لەو ئاستەدا نیە کە بتوانێ هەزمى ئەو گۆڕانکاریە بکات، ئایا حکومەت لە بەرنامەى ئێستادا بەرنامەى هەیە بۆ ئەوەى کە بتوانێ لەو بوارە شاکار بکات؟، ئایا حکومەت توانیویەتى لەگەڵ ئەوەى کە خوێندنگایەکى زۆر، گۆڕینى پرۆگرامەکان و دروست کردنى بینا و چاککردنى تواناى مامۆستا، لەگەڵ ئەوەدا چاککردنى بارو ژیانى گوزەرانى مامۆستا لە کۆلێژ و لە زانکۆکان و لە قۆناغە بنەرەتییەکان بتوانێ مامۆستا بەبێ ئەوەى کە کارى تر بکات، خزمەت بە پەروەردە و خوێندن بکات، لەبەر ئەوەى کە تۆ بتەوێ کۆمەڵگایەکى تەندروستت هەبێ، ئەبێ لە بوارى پەروەردەوە دەست پێ بکەى، خاڵێکى تر، سەبارەت بە بودجەى تەشغیلى، ئێمە پێمان وایە ئەو پارانەى کە بۆ مینەح و تەبەروعات و مەصروفات ئوخرا تەرخان کراوە، هەڵبگیرین یان بە رێژەى لە 90٪ کەم بکرێنەوە، سەرف بکرێ بۆ سندوقى دابین کردنى هەلى کار لە پرۆژەى گەورە و بچووکدا، لە کەرتى تایبەت بۆ گەنجان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو، تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد عمر :**

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەى من هەمبوو، زیاتر لە چەند جار وتراوە، بۆیە دووبارەى ناکەمەوە، بەس دەست خۆشى لە لێژنەى دارایى و ئابوورى دەکەم بۆ راپۆرتەکەیان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان:**

د. پەریهان فەرموو.

**بەڕێز د.پەریهان قبلاى محمد على :**

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان.**

من دێمە سەر باسى سیاسەتى حکومەت لە ناو وەزارەتى تەندروستیدا خۆى، ئایا سیاسەتى وەزارەتى تەندروستى چیە بۆ چاککردنى سیستەمى تەندروستى لەم وڵاتە؟، ئایا وەزارەتى تەندروستى هیچ پلانێکى هەیە بۆ بودجەى ئەمساڵى 2010؟ ئایا هیچ بودجەیەکى تەرخان کراوى هەیە بۆ حالاتى تەواریى ئەمساڵ؟، ئەگەر بێینە سەر ئەوەى سەیرى بڕى پارەى پرۆژەکانى تەرخان کراو بۆ وەزارەتى تەندروستى بکەین، سەیر دەکەین لە خاڵى نۆیەمى کە پلە بەندى هاتووە، کە لە کاتێکدا وەزارەتى تەندروستى لە ئاستێکى زۆر زۆر خراپدایە، کە ئەکاتە گوژمەى پرۆژەکان بۆ ئەمساڵ ئەکاتە 26 ملیارو 646، هەروەها ئەگەر بێینە سەر ئیراداتى وەزارەتى صیحە لە 2009، سەیر دەکەین 7 ملیار و 749، بەڵام بۆ 2010 کە 5 ملیارو 276 کە ئەم ئیراداتە ئەکاتە 1,51 ٪، کەواتە وەزارەتى تەندروستى بەم بودجەیەوە، بەم بڕە پارەى کە تەرخان کراوە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان، ناتوانێ بەهیچ جۆرێ خزمەت گوزارى لە بوارى تەندروستیدا باش بکات، چ لە رووى پرۆژەکان، هەروەها لە رووى زانسیتیەوە، ئەگەر بێینە سەر وەزارەتى

تەندروستی، سەیر دەکەین شەش ملیار تەرخان کراوە بۆ مەنافیعی ئیجتیماعی، کە ئەوە هەدر دانە بۆ ئەم پارەیە، ئێمە داوا ئەکەین کە ئەو شەش ملیارە، یان بگەڕێتەوە بۆ سەر پارەی پرۆژەکان، یان ئەوەتا بخرێتەوە نا سندوقێکەوە، ئەو سندوقە هەستێ بەبەردەوام بوونی ئەو پرۆژانەی کە نەقصی تێدایە، هەروەها ئەگەر بێینە سەر باسی وەزارەتی تەندروستی، سەیر دەکەین وەزارەتی تەندروستی لە زۆربەی پرۆژەکانی، یان ئەوتا نەماوە و فشەلی پێهێناوە، یان ئەوەتا بەردەوامە، من نازانم ئەگەر بێمە سەر باسی خەستەخانەی 400 تەختیەکە، کە من ئەو کاتە لە جامیعە بووم، کە ئەکات زیاتر لە 7 ساڵ لەمەوبەر، خەریکی ئەم خەستەخانەن کە گۆژمەی تەرخان کراو بۆ ئەم خەستەخانەیە دەگاتە75,35 هەزار، خەرجی2009 ، 54 ملیارە، هەروەها جارێکی تر بۆی تەرخان کراوە، لە 2010،21,35 ملیارە، من پرسیارم هەیە بۆ تا ئێستا تەواو نەبووە؟، ئەی باشە بۆچی لە بودجەی ئەمساڵ پارەی بۆ تەرخان کراوە؟، ئایا ئەگەر چەند ساڵ بودجەی بۆ تەرخان کراوە لە کوێیە؟، زۆربەی پرۆژەکانی کەرتی تەندروستی، عیبارەن لە پرۆژەی بچووک بچووك، کە ئێمە ئەناڵێنین بۆ ئەوەی خەستەخانەی گەورەمان نیە، کە چی دێینە، ئەگەر سەیری پرۆژە پێشنیارەکان بکەین، تۆ زۆربەی پرۆژەی پێشنیارەکان لە جۆری مەرکەز صیحین، لە جۆری سی، کە ئەمە تەنها ئەتوانێ تەنها بۆ ماوەی 4 سەعات خزمەتگوزاری دابین بکات، هەروەها هیچ ئامێرێکی تێدا نیە لە رووی پشکنینەوە و لە رووی نەشتەرگەرییەوە، لە رووی خزمەت گوزارییەوە، تەنها ئەتوانێ وەکو ئیستیعلامات پێشوازی لە نەخۆشەکان بکات، لەبەر ئەوە زۆربەی پرۆژە کە بۆ ئەم جۆرە مەراکز صیحیە دانراوە، زیاتر لە 5 ملیارە، ئێمە داوا ئەکەین کە بگەڕێتەوە بۆ پرۆژە گەورەکان کە بۆ نەخۆشخانەکان تەرخان کراوە ئەو بڕە پارەیە، ئەگەر بێینە سەر، هەر لە وەزارەتی تەندروستی خۆشیدا دیارە کە زۆربەی بودجەی تەرخان کراو لە وەزارەتی تەندروستی، ئەبێ بۆ وەزارەتی تەندروستی خۆی بێ، بۆ پرۆژەکانی خۆی بێ، من نازانم نەخۆشخانەی شۆڕش، پرسیارێکم، ئایا عایدی وەزارەتی گشتیە، یان سەر بە وەزارەتی صیحەیە؟، من زیاتر لە 10 ملیار کۆژمەی پارەی بۆ تەرخان کراوە، 10,842 لە ساڵی 2009، خەرجی بۆ کراوە لە 2747 ملیۆن و کۆژمەی پارەی تری بۆ دانراوە، 10,559 ملیار کە ئەوانە دابین کراون بۆ تەواو کردنی نەخۆشخانەی شۆڕش لە قڕگە بەشی بووژانەوەی دڵ و هەروەها دابین کردنی پێداویستیەکانی نەخۆشخانەی ددان لە قڕگە، هەروەها پێداویستەکانی پزیشکانی شۆرش، کڕینی ئامێری پێویست بۆ نەخۆشخانەی قڕگە، من داوا ئەکەم ئەم پارەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی صیحە بۆ ئەوەی سەرف بکرێت لە وەزارەتی صیحە خۆی، ئێمە باسی پرۆژەی وەهمی یان فەشەلی هێناوە، بێینە سەر پرۆژە بەردەوامەکان، سەیردەکەین نەخۆشخانەی دڵ لە قەڵاچوڵان، ئایا ئەم پرۆژەیە ماوە؟، هەر نەماوە و فەشەلی هێناوە، بۆچی پارەی بۆ تەرخان کراوە ئەم ساڵ؟، ملیارێك و 200 ملیۆن دینار لە کاتێکدا خەرجیشی هەبووە، 9,51 ٪ملیار و گۆژمەشی بۆ دانراوە 14 ملیار، من داوای ئەو پارەیە ئەکەم کە ئەمساڵ بۆی تەرخان کراوە، لە کوێیە؟ و ئەوەی تریش کە لە 2009دا بۆی تەرخان کراوە، ئەگەر بێینە سەر ئەوەی کە ئێمە باسی کەرتی تەندروستی بکەین، دروشمی کابینەی شەشەم ئەوەبووە کە

هاندانی کەرتی تایبەتە، من نازانم هیچ یاسایەك نیە کە رێکخستنی ئیشی کەرتی تایبەت یان ئەوەتا حکومەت هیچ بودجەیەکی دانەناوە بۆ دەعمی کەرتی تایبەت، بە چ یاسایەك؟ بە بودجەیەك؟ کەوا بێ ئێمە هەر باسی نەکەین لێرە، نە لە پەیامی کابینەی شەشەمدا و نە لە لێژنەی تەندروستیشدا کە هاتووە، لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم، چاوێکی پێ بخشێننەوە وەزارەتی تەندروستی، کە بتوانێ بە ئاستێکی زانستیانەو وبە پلانێکی باش کە بتوانێ ئایا هەر تاکێك لەم ولاتە چەند قەروێلەی بەر ئەکەوێ لە خەستەخانە؟، سەبارەت بە لێژنەی پەیوەندییەکان و ئاسەوارەکان، ئێمە لە کاتێکدا کە ئەڵێین ئاسەواری ئەم ولاتە زۆر گرنگە، ئێمە لە زاخۆوە و هەتا مەندەلی و هەتا کفری ئاساری تێدایە، کەچی نە وەزارەتێکی هەیە تەنها عیبارەتە لە هەیئەتێکی ئاسار، ئەویش هیچ بودجەیەکی نیە، بۆ خۆمان چەند جار لەگەڵیان دانیشتین، هیچ یاسایەکی نیە، نە تەنقیبی پێ بکات و نە بگەڕێ بە دوای و نە مۆزەخانە دروست بکات و نە پێشکەوتنی پێ بکات، کەوابێ ئێمە کەلتووری خۆمان و ئاساری خۆمان هەمووی بە هەدەر داوە، کە زۆربەی ولاتان داهاتی ولاتەکە لە ئاسارەوەیە، من لەبەر کەمی وەخت داوا ئەکەم ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و چاوێکی پێ بخشێنێتەوە و لە هەموو سیاسەتەکانیەوە و هەروەها لە سیاسەتی تەندروستی خۆی چاك بکرێتەوە، چونکە ئەوە کارەساتێك دروست دەکات بۆ ئەم ساڵە کە ناتوانێت خزمەتگوزاری پێ بگەینێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەیلی خان فەرموو.

**بەڕێز کەیلی اکرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە راپۆرتی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری دەکەم، دەستخۆشیان لێ دەکەم، لە پرۆژەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، پێشنیار کراوە بە دروست کردنی چەند یاریگایەکی تارتان لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی، من پێم وایە دروست کردنی ئەو چەند یاریگایانە دابەش بکرێ بەسەر ئەو قەزا و ناحیانەی کە بێبەشن لەو یاریگایانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای دەستخۆشی بۆ لێژنەی دارایی و و کاروباری ئابووری، پێم خۆشە دەست خۆشی لە حکومەت بکەم و پشتگیری پرۆژە یاسایەکەی سەبارەت بە زیاد کردنی مووچەی کەس و کاری شەهیدان و کیمیاباران و جینوساید بو رێژەی لە 51٪ تا لە 25٪، بکەم سەبارەت بە ماددەی 20، من پێم خۆشە حکومەت و پەرلەمان هەوڵەکانیان زیاتر سەرف بکەن بۆ وەرگرتنی بودجەی پێشمەرگە لە بەغدا کە تا ئێستا

نـەهاتووە، هـەروەها بودجـەی سـاڵانی 2007 و 2008 و 2009 وەکـو قـەرز بـژمێردرێ بەسـەریان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار نەریمان عبداللە فەرمووو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ باس لە حاڵەتێك بکەم کە ئەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرە سەر ڕاپۆرتەکە ڕەجائەن، وەرە سەر ڕاپۆرتی دارایی و هیچ مەجالی تـرت پـێ نـادەم، موناقەشـە هی ڕاپـۆرتی داراییـە و بـە بـیر و بۆچوونی خـۆت و بـەو پـەری ئازادییـەوە لـەو وەختـەی کـە بـۆ جـەنابت داندراوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز نریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بودجـەی خـەملێنراو بـۆ هـەرێمی کوردسـتان 11 ترلیـۆن و 432 ملیـارو 176 ملیۆنـە، ئـەوە تـەنها ئـەو بودجەیە کە لە 17٪ کە بۆ هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراوە، لە کاتێکدا لە مانگی شەشی پار لەلایـەن بەڕێزان هەردوو سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆك کۆمارەوە، ڕۆیشتنی نەوت و فرۆشتنی نەوت بـە شـێوەیەکی ڕەسمی ئیعلان کرا بـە موژدەیـەکی زۆر گـەورە، خـەڵك چاوەڕێی ئـەکرد بەڕاسـتی، ماڵەکان بـۆڕی نـەوت و غازی بۆ دابین بکرێ، لە کاتێکدا کە ئەوە سـەروەت و سامانێکی گەورەیـە لـەم وڵاتـەدا کـە ئـەبێ بـۆ ژیـانی خـەڵك و گۆڕانکـاری لـە ژیـانی خـەڵك بـۆ باشـی، گرنگیـەکی گەورەیـە، بەداخـەوە کـە ئێسـتا لـە بودجـەی ئەمساڵدا هەر باسی نەکراوە، من لێرە پرسـیارێکم ئەوەیـە، لـە سـاڵانی پـێش رووخـانی حکومـەتی عیراقـی، ئێمە ئەو 17٪ نەبوو، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە ئەچوو و کاریش ئـەکرا و پـرۆژەش ئەکرا بەو شێوەیەی کە لەوکاتەدا ئیمکانیات هەبوو، لە کاتێکدا ئەم 17٪ نـەبوو، باشـە ئەگـەر هـاتو ئێسـتا وەکو سیاسە تێکی تەعەسوفی وەکو حکومـەتی بەغـدا بـەکاری هێنـا و لـە ئێمـەی بـڕی، کەواتـە ئێمـە هـیچ بودجەیەکمان نیە بتوانین کاری لەسەر بکەین و حکومەت ئەبێ بچێتەوە ماڵەوە، بۆیـە لـە ئێسـتادا دەیـان جار و سەدان جار بەقەدەر ئەو کاتە دەستکەوتەکانی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان دەسـتکەوتی ئـەبێ بـە تـەنها کۆمپانیاکـانی تورکیـا و ئێـران بـە ئیعـتیراڤی خۆیـان زیـاتر لـە پێـنج ملیـار دۆلاریـان لـە سـاڵێکدا دەستکەوتووە، قازانج لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، باشە ئێمە خۆمان خاوەنی ئـەرز و خاکەکـەین، لـە کاتێکدا خەڵکانێکی تر دێن و ئەوەندەیان دەست ئەکەوێ؟، ئـەی خۆمـان دەسـتکەوتەکەمان لـە کـوێ دایـە؟، بەراستی ئەمانە هەمووی جێگای پرسیارە، ئەکرێ ئەوان تەنها بە نیوەی بودجەکەی ئێمـە لـە 17٪ بۆمـان

دێ قازانج بکەن و ئێمە بۆخۆمان ئەوەی کە ئیشارەتی پێکراوە بەراستی مایەی ئەوەیە هەر باسی نەکرێ، لە کاتێکدا من پرسیارێك ئەکەم ئەو بودجەیە ساڵی پار هەمووومان گوێمان لێبوو و ئیعتیرافیش کرا لە لایەن پلە باڵاکانی حیزبەوە کە 18 ملیار و 750 ملیۆن دینار بۆ پرۆژەی کارەبا تەرخان کراوە و چوویتە بەریتانیا و زەمانەتیشیان داوە خەڵك، کە ئەوە مەحفووزە و ماوەتەوە، ئایا هێندراوەتەوە؟، خراوەتەوە سەر ئەو بوودجەیە؟ یان نا؟ هۆکاری چیە 7 ساڵ و 8 ساڵ لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا ئەمێنێتەوە؟، سەرەرای ئەوەی کە راپۆرتەکە ئاماژەی داوە و دانی ناوە بەوەی کە نا عەدالەتیەکی زۆر هەیە لە دابەش کردنی بودجە لە هەموو بوارەکاندا، ئێمە لە یەکێك لە خاڵەکاندا کە باسمان لەوە کردووە کە مووچە لە هەرێمی کوردستان زۆرترین رێژەی بردووە کە لە 63137,37٪، مووچەی فەرمانبەرانە، لەکاتێکدا هەتاکو ئێستا لەبەر چاوی ئێمە روون نەبوویتەوە کە ژمارەی فەرمانبەران چەندە؟، ئێمە وەکو لێژنەی ناوەخۆ تایبەتین بە دوو بودجە کە بودجەی وەزارەتی ناوەخۆ و هەردوو ئاساییشە، بەداخەوە وەکو ئێستا لە کۆبوونەوەکانی خۆمان و پاشان لە چوار جار، سێ جار کۆبوونەوەمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هەتاوەکو ئێستا بەو ژمارەییش کە لە بودجەکەدا بوو هاتووە، تا ئێستاش روون نەبوویتەوە بۆ ئێمە ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەت و ئاساییش چەندە؟ هەر یەکێك بەرەقەمێك هاتووە، لە بودجەکەدا بە رەقەمێك هاتووە، کە زۆر جیاوازە و بە دەیان هەزار جیاوازی هەیە لە ئەوەی کە بە ئێمە ئەڵێن، پاشان کە دووبارە دێنەوە هەر هەمان ژمارەکەی خۆیان بە هەڵە پێمان ئەڵێنەوە، کە رەقەمێکی ترە، من قسەم لەسەر هەردووکیانە، بۆیە ئەمەوێ تێکەڵاوی بکەم، زیادەیەکی زۆر هەیە، ئەگەر بێت و ئەو رەقەمەی کە ئەوان ئەڵێن بیخەینە سەر ئەوەی لە بودجەکەدا هاتووە، زۆر زۆر زیادە، ئەگەر بێت و لەسەری لاببەین بە 28 هەزار فەرق هەیە، بەس تەنها لە وەزارەتی ناوەخۆ، بێجگە لە ئاساییش و پۆلیس، پێم سەیریە ئێمە لە کاتێکدا دەرچووانی پۆلیس و پەیمانگاکان لەسەر جاددەکان هاوار ئەکەن و داوای دامەزراندن ئەکەن و ئێمەش ئەڵێن بودجەکەمان تەحەمولی ئەوەندە ناکات، لە کاتێکدا هەردوو ئاساییشەکە پێکەوە و هەردوو بەرێوەبەرایەتی ئاساییشەکە پێکەوە، ئەوە داواکاری خۆیانە، 900 کەسیان داوا کردووە بۆ دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا من پێم سەیرە، تەنسیقێك نابێنم و کارێك نابێنم لە نێوان وەزارەتی پلان دانان و وەزارەتی دارایی، موافەقەتیان لەسەر 8 هەزار و 188 کارمەند کردووە بەس بۆ دوو ئاساییشەکە، لە کاتێکدا خۆیان داوای 900 کردووە، من تێناگەم فەلسەفەی ئەوە چیە؟، لە کاتێکدا کە ئێمە هاتو هاورامانە کە بودجەکەمان کورتی هێناوە و هێزەکانی پێشمەرگە بودجەکەیان بە کورت هێنان خەملێنراوە، لە کاتێکدا هەردووکیان پێکەوە بە ئیعتیرافی لێژنەی نەزاهە یەك لەسەر چواری بودجەی هەموو هەرێمی بردووە، بەرێوەبەرایەتی هەردوو ئاساییشەکە و وەزارەت، لە کاتێکدا بەس تەنها لەو ئاساییشە 8188 موافەقەتی بۆ کراوە بۆ دامەزراندن، خۆشیان داوای 900 کردووە، کە پێیان ئەڵێن، پێیان سەیرە، ئەڵێین، پرسیار ئەکەین لە وەزیری ناوەخۆ لە پرۆژە بەردەوامەکاندا لە برگەی 20 هەتاوەکو برگەی 64 ئەڵێین ئەم پرۆژە بەردەوامانە تەواو بووە و کۆتایی پێ هاتووە، خەڵکی تێدایە، ماڵی تێچووە

ئەم پرۆژانە، بۆچی دووبارە گۆژمە پارەی بۆ دانراوە؟، ئەڵێ نازانم، بە نازانم کۆتایی پێ دێنێ، کە تەحقیق ئەکەین بە هەمان شێوە لە ئیدارەی مەحەلی سلێمانیش تەحقیقمان کرد هەر ئەڵێ نازانم، لە هەولێر تەحقیقمان کرد هەر ئەڵێ نازانم، یەعنی ئەم نەزانینە پێم وا نیە ئێمە بتوانین کە ئێمە لەسەر ئەرقام قسەی ئەکەین، سبەینێ بتوانین بەدواداچوونی لەسەر بکەین، بۆیە من ئەچمەوە سەر ئەوەی کە ئەم پرۆژەیە بەراستی کەم و کوڕییەکانی یەکجار زۆرن، مەقصوودی تێدایە، بۆیە پێویست ئەکات بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە باس لە ناعەدالەتی ئەکرێ لە دابەش کردنی بودجە لە هەردوو سنوورەکە، ئەوەی کە من ویستم ئاماژەی پێبکەم، ئەو 8188 تەنها بۆ ئەوەیە تەوازونی 54 بودجە بردنی ئیدارەی پێشوو هەولێر، لەگەڵ سلێمانی کە 44 ببا، کە رێژەی سەدی دەرئەکەی نەفسی ئەوە ئەکاتەوە، بۆیە من تەئکید دەکەمەوە لەسەر قسەکانی بەڕێز د.شاهۆ، کە ئەیوت بە ئەرقامەوە ئەیسەلمێنین کە ئەوە تەنها دابەشکردنی بودجە لەسەر ئەساسی دوو حکومەتیەکەی پێشووتر، حەز دەکەم هاوڕێکانیشم ئەو نیسبەیە دەربهێنن، من ئەمەوێ بچمەوە سەر یەك خاڵ کەبرادەران ئاماژەیان پێکرد، لقی دوو ساڵی پاریش بودجەی بۆ دانراوە کاتێك کە پرسیاری لێ ئەکەن ئەڵێن تەواومان کردووە، ئەوە چیە؟، ساڵی پاریش بۆیان دانراوە، گۆژمەی پارەی بۆ دانراوە، هەروەها زیندانی سیاسیەکان، دوو ساڵ بۆ سێ ساڵ ئەچێ حکومەتی عیراقی پارەی بۆ دابین ئەکات، پێیان نادرێ، سەرەڕای ئەوەی کە 13 هەزار کەمتری لە حکومەتی هەرێم بۆ دانراوە، نا عەدالەتێکی زۆر هەیە لە نێوان خانەنشینانی پێشمەرگە، داوا ئەکەین کە ئەوە چاوی پێدابخشێننەوە، کە هیچ ئیعتباراتێکی نیشتمانی، نەتەوەیی، خەبات و هیلاکی و ماندووبوونی تێدا ڕەچاو نەکراوە، ئیعتیباراتی وەلاء و حیزبی ئێستای تێدا بەرچاوە لە پێداچوونەوە، ئەگەر سەیر بکەین پێشمەرگەمان هەیە هەردوو شۆڕشەکەی تێدا گرێداوە، شۆرشی ئەیلول و شۆرشی نوێ، لە 76ەوە 6 مانگ پێش سەرکردەکانی خۆی هاتووتەوە کوردستان، تا وەکو ئێستا یەك مووچەی نیە کە هاوەڵەکانی هەمووی بە پلەی وەزیر ئێستا تەقاعود بووینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێژدار ئاشتی عەزیز.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە تێبینیەکانم هاوەڵکانم باسیان کرد، بەڵام ئەوەی کە گرنگ بێت سەبارەت بەوەی کە تەواوی ئەم بودجەیە کە سەیری ئەکەین، بەشی شێری ئەم بودجەیە تەرخان کراوە بۆ مەسەلەی دروست کردن و نۆژەن کردنەوە، لە کاتێکدا کە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە لە کوردستاندا، کەم و کوڕیەکی زۆر هەیە لە بینای قوتابخانەکان و فەرمانگە تەندروستیەکان و بنکە تەندروستیەکانیشدا، بەڵام لە هەمان کاتدا کێشەیەکی گەورەمان هەیە کە مەسەلەی تەنمیە کردنی مرۆییە کە بەشێکی زۆر کەم لەم بودجەیە لە نەفەقاتی تەشغیلیدا یان لە هەندێك نەفەقات وەك لە بڕگەی 16 هاتووە، کە ئیشارەت بە 120 ملیار لە

پـرۆژە یاسـاکەدا دەکـات، بـە بـڕوای مـن ئـەو 120 ملیـارە ناتوانێـت سـەرخانی ئـابووری کوردسـتان بـەرز بکاتەوە، بەو پێیەی ئەو 120 ملیارە تەنها خزمەت بە دەستەبژێرێك لە خەڵکەکە بۆ ئەوانەی کە دەچنە دەرەوە بـۆ زەمالـەت، ئـەوە نـاتوانێ کارێگەرییـەکی راسـتەوخۆی هـەبێ لەسـەر بەرزکردنـەوەی ئاسـتی کۆمەڵایەتی ژنان، ئاستی کۆمەڵایەتی گەنجان، لەبەر ئەوە ئەمە بـە کـەم و کـوڕی ئـەبینم، خـاڵێکی تـر لـەم بودجەیە کە بودجەیەکی زۆر زەبەلاحە و خاڵێکە زۆر گوژمەیەکی گەورەی بۆ دانراوە، سەنتێك نابینم کـە تـەرخان کرابـێ بـۆ مەسـەلەی توێژینـەوەی زانستی، کـە مەسـەلەیەکی زۆر گەورەیـە، ئەمـە کـەم و کوڕیـە، کەواتە تەواوی ئەو پرۆژانەی کە پێشنیار کراوە لەسەر بنەمای زانستی نیە، ئایـا مـن وەکـو پەرلـەمانتارێك چـۆن بـزانم کـە ئـەدائی تـەنفیزکردنی ئـەم پرۆژانـە لـە سـاڵی ئاینـدەدا چـۆن جێبـەجێ ئـەکرێ، ئەگـەر توێژینەوە نـەبێ، لـە هـەمان کاتـدا پرسـیارێکی تـرم ئەوەیـە، ئایـا ئەولەویـەتی ئـەم پرۆژانـە کـە لـە لایـەن بەڕێزان وەزارەتی دارایـی و وەزارەتـی پـلان دانانـەوە دانـراوە، ئەگـەر لەسـەر بنـەمای توێژینـەوەی زانسـتی نەبوو، ئەولەویاتەکان لەسەر چ بنەمایەك دانراوە؟، چونکە ئەو ئەولەویاتانە کە دیاری کراوە بە بڕوای مـن کۆمەڵێك خاڵی تێدا هەیە کە کەم و کوڕییە، ئەگەر سەیری شیکاری ئـەم موازەنەیـە بکـەین، ئـەبینین ئـەم موازەنەیـە لەسـەر سـێ ئاسـتە، عەدالـەتی تێـدا نیـە، چ لەسـەر ئاسـتی عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی، سیاسـی و ئیقتیصـادیش، ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی ئیقتیصـادیەکەش قسـەی بکـەین، سـەکتەرێك بـەراورد بکـەین لەگـەڵ سەکتەرێکی تر، دەبێنین سەکتەری پەروەردە کە دروست کردنە، پارەیەکی بـێ شـوماری بـۆ تـەرخان کـراوە لەبەرامبـەردا کـە مـەناهیجی پـەروەردەیی سـەکتەرێکی گرنگـە، قابیلیـەتی قوتـابی بـەرز دەکاتـەوە و لـە کوردستاندا کەم و کورییەکی گەورەمان هەیە لە مەناهیجی پـەروەردەیی، لـەم بـوارە پـارەی بـۆ تەخصـیص نەکراوە، هەڵبەت قابیلیەتی مامۆسـتاکانیش هاوەڵـەکانم باسـیان کـرد، ئـەوەش خـاڵێکی زۆر گرنگـە، ئەگـەر لەسەر ئاسـتی پـرۆژە جێبـەجێ کردنـەکان بێـت، ئەگـەر لەسـەر ئاسـتی دروسـت کـردن بـاس بکـەین، ئـەدای تەنفیزکردنی پرۆژەکانی پێشوو لە ئاستێکی خراپ دایە، قوتابخانەمان هەیە کـە چـەند سـاڵێکی زۆر کەمـە دروست کراوە، بەڵام ئێستا ئەناڵێنن بە دەست ئەوەی کە بیناکان دارِماوە، ئەمانەش لە دەرئـەنجامی ئـەوەی کـە لێپرسـینەوەیەك نیـە لـەم بودجەیـە، یـان ئـەدائێك نیـە، میکانیزمێـك نیـە، دیـاری نـەکراوە کـە ئـەم بودجەیە کە تەرخان دەکرێ و تەصدیق دەکرێ، دواتر چۆن لەسەر ئەدائی تەنفیزکردن و موراقەبـەکردنی جێبەجێکردنەکەی ئێمە بتوانین ئاگادار بین، من پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێز جەنابی وەزیـری دارایـی، مـن بە پێی ئەو سیاسەتەی کە جـەنابت ئامـاژەت پێکـرد، مـن سیاسـەتی حکومـەتم لا ئاشکرا نـەبوو، کـە ئـەوە کێشەیەکە بۆ زۆرێك لە پەرلەمانتارانی تر دروست بووە، ئەو وەڵامانـەی کـە جـەنابت لـە راپۆرتەکـەت دات نەیتوانی سیاسەتی حکومەتمان بۆ ئاشکەرا بکات، بەمانایـەکی تـر بۆمـان روون بکاتـەوە، چـونکە حکومـەت وەکو کابینەی پێنجەم کۆمەڵێك سیاسەتی خۆی ئیعلان کردووە، من پرسـیارەکەم ئەوەیـە، ئایـا میکـانیزمی ئەم موازەنەیە بە چ شێوازێك و بە چ میکانیزمێك ئەم موازەنەیە ئەبەستێتەوە بـە سیاسـەتی حکومەتـەوە کە ئیعلانی کردووە؟، لە کاتێکدا کە حکومـەت ئـەڵێ مـن بـارودۆخی ژیـانی کەمئەنـدامان چـاك ئەکـەم، لـە

بودجەیەکدا کە بڕی 50 هەزار زیاد ئەکا بۆ 100 هەزار، 30 هەزار بۆ 50 هەزار، لەو بڕوایەی دام ئەمە تەشجیع کردنە بۆ هێشتنەوەی هێلێك لە هەژاری و توێژێك لە هەژاری لەناو کۆمەلگای کوردستان کە ئەمە بەسەر وەزارەتی پلاندانیشدا رۆیشتووە، کە ئەمە راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ کار ئەکات لەسەر ئەوەی توێـژێك بـەردەوامی بـدات بـە هەژارییەکـەی، لەبـەر ئـەوەی کـە مـن کۆمـەلێك خـاڵ لـەم بودجەیـەدا، لـەم موازەنەیـە بەرچـاوم نەکـەوتووە، پرسـیارەکانم سـەبارەت بـەوەی کـە مـن هـیچ ئیسـتیعرازێکمان و هـیچ پێشاندانێك نەکەوتووتەوە بەردەممان، بە ژمارە بێت یان بە روونکردنەوە بێت، سـەبارەت بـە تەفصـیلاتی ئینفاق، نە لەسەر ئاستی وەزیفی و نە لەسەر ئاستی ئیقتیصادی و نە لەسەر ئاستی ئیداری، ئایا سەرچاوە جیاوازییەکانی ئیراداتی زەریبی چیە؟، وەکو زەریبـەی دەخلـە، وەکو زەریبـەی قیمـە ئیزافیەکانـە، ئەمانـە ئەگەر تەفصیلاتێکی ئینفاقمان لەبەر دەمدابوایە، لەوانەیە باشـتر بمانتوانیبـا ئیشـەکانی خۆمـان جێبـەجێ بکەین، ئیراداتی غەیری زەریبی چیە، خۆ ناکرێـت ئـیرادات تـەنها زەریبـە بێـت، وەکـو مینـەح و بـەزایع کـە ئەمانە هەمووی بە سیفر کۆدەکەی هاتووە، من لـە بودجـەی پێشـووتردا پرسـیارەکەم ئەوەیـە، پرسـیارێکی ترم هەیە، ئایا حکومەت قـەرزار نـەبووە؟، ئایـا قـەرزەکانی خـۆی بـە چ رێگایـەك و بـە چ میکانیزمێـك پـڕ کردووتـەوە؟، ئەگـەر ئێمـە ئینفـاقی پێشـووترمان نەیەتـە بـەردەم، مـن وەکـو پرسـیار ئەیخەمـە ژێـر گریمانـەیەك بۆ ئەم ئینفاقەی کە لە داهاتوودا باسی ئەکـەین، سـەبارەت بـە لێژنەکـەی مـن کـە تایبەتـە بـە رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی، ئەو بـڕە پـارەی کـە دانـراوە بـە پێـی پـرۆژەی یاسـای کـە 90 ملیـارە، بـۆ رێکخـراوە سیاسـیەکانە، ئێمـە وەلامەکـەیمان وەرگـرت کـە پرسـیار بـوو لـە لام، لەبـەر ئـەوەی ئامـاژەی پـێ نەکرابوو لە پرۆژە یاساکەدا، ئەو بودجەیە کە دانراوە، رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی ناگرێتـەوە، چۆن لـەناو بڕگـەی پـرۆژە یاسـاکەدا ئامـاژە بـەو کـراوە کـە ئـەبێت بـەرێکارێکی کـاتی بـۆ ئـەوەی کـاری پارتـە سیاسیەکان نـەوەستێنرێت، رێ و شوێنێك وەربگیرێت بۆ سەرف کردنی ئەو پارەیـە، مـن لێـرەدا داوا ئەکـەم کە بڕێك لەم پارەیەش تەرخان بکرێت تا ئەو کاتەی یاسای رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی قسەی لەسەر ئەکرێ و جێبەجێ ئەکرێت و ئەچێتەوە حـەیزی تـەنفیز، بڕێـك پـارەش هـەبێ بـۆ ئـەوەی رێکخراوەکـانی کۆمەلگەی مـەدەنی بڕێك بتوانن ئازادی خۆیان لە دەستەمۆیی حیزبەکان کە مینحـە و مووچـە وەرئـەگرن، رزگار بن لەوان، پێشنیازێکم هەیە کە ئەو بڕە پارەیەی کە تـەرخان دەکرێـت بـۆ رێکخراوەکـانی کۆمـەلگای مەدەنی، لە ژێر چاودێری لیژنەیەکی پەرلەمانی سەرف بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پێشەوا تەوفیق فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق کانی وەتمانی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە من دەمەوێ باسـی بکـەم، دوو رەخنەیـە لەسـەر راپۆرتەکـەی لێژنـەی دارایـی و ئابوورییـە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو پرۆژە کشتوکاڵیانەی کە لە پـرۆژە پێشـنیارکراوەکانی 2010 بوونیـان نیـە، هـیچ

ئاماژەکیان پێ نەدراوە کە ئێمە پێشتر لە لێژنە باسمان کردووە، دەبوایە ئاماژەی پێبدرێ، رەخنەیەکی تریش، ئەو پرۆژانەی کە تەواو کراون و دووبارە بودجەیان بۆ تەرخان کراوەتەوە، کە ئەویش لە راپۆرتەکە ئاماژەی پێ نەدراوە و باسی نەکراوە، من وا دەبێنم راپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری پێچەوانەی سیاسەتی بەرنامەی کابینەی شەشەمە کە ئەمەش کارنامەکەیە، دیارە بۆ ئەم مەبەستە لە بواری کشتوکاڵ و لە بواری پرۆژەکانەوە دەمەوێ قسە بکەم، ئەوە کە لە کارنامەکەوە هاتووە، لە بواری کشتوکاڵدا، لە کارنامەی کابینەی شەشەم هاتووە، پێدانی قەرزی بچووك و مامناوەند و گەورە بۆ ماوەی درێژ خایەن لە رێگای بانکی کشتوکاڵییەوە بۆ پەرپێدانی بواری کشتوکاڵی، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانی کشتوکاڵ و دابین کردن خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و پێداویستی ژیانی کشتوکاڵی، پەرەپێدان بەو بوارە کشتوکاڵیانەی کە تەئسیریان هەیە، گرنگیان هەیە لەسەر ئابووری کوردستان، هەوەکو چۆن سەرۆکی حکومەت لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی رایگەیاند کە ساڵی 2010، ساڵی بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی و ئاوەدانی دێهاتەکان دەبێ، بەراستی من نازانم کاتێك کە لە پرۆژە پێشنیارەکراوەکانی 2010، پرۆژەی کشتوکاڵی بوونی نەبێ، تەنها پرۆژەی ئاودێری هەبێ، ئایا ئەمەیە سیاسەتی حکومەتی هەرێم بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان؟،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرە سەر راپۆرتەکە، باسی راپۆرتەکە بکە، چاکی بکە، کەمی بکە، زیادی بکە.

**بەڕێز پێشەوا توفیق کانی وەتمانی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیار دەکەم، ئەمەیە 64 پرۆژەکە؟، من پرسیار لە وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان دەکەم، هۆکاری داخیل نەکردنی ئەو 64 پرۆژەیە چیە؟، لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2010 کە بوونیان نیە، هەروەها بۆ چی ئێمە لە لێژنەی کشتوکاڵ ئاماژەمان پێداوە، لێژنەی دارایی باسی ئەو خاڵەی نەکردووە لە راپۆرتەکەی خۆی، خاڵێکی تر کە من دەمەوێ باسی بکەم، لە ئامادەکردنی بودجەدا هاتووە، سیاسەتێکی کوردستانی لە گەشەپێدانی هاوسەنگ پەیرەو دەکەین، بۆ ئەوەی داخوازی سەرجەم ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی تێدا بگرێتەوە، بەراستی من پێم وایە نا هاوسەنگی و نا عەدالەتی هەیە لە دابەش کردنی بودجە بەسەر وەزارەتەکان، دابەش کردنی پرۆژەکان لەلایەن وەزارەتەکانەوە بەسەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، من بە حوکمی ئەوەی کە دانیشتوونی قەزای دوکانم و خەڵکی ئەویشم و نوێنەری قەزای دوکانم لە پەرلەمانی کوردستان، قەزای دوکان بە نموونە دێنمەوە کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە 50 هەزار کەسە، پێنج ناحیەی گەورە لە قەزاکە هەیە، ئەمساڵ ئەو پرۆژانەی کە پێشنیار کراوە لە سنووری ئەوانە بکرێ، ژمارەیان 8 پرۆژەیە بایی 5 ملیار و 753 ملیۆنە کە ئەم برە پارەیە تەنها بۆ نۆژەنکردنەوەی یارێگای شەعب تەرخان کراوە، لە کاتێکدا یەکێك لەو پرۆژانە پرۆژەی سەروەریەکانی سەروەرە کە ئەوە دووبارە پارەی بۆ تەرخان کراوە، خاڵێکی تر، یەکێك لەو ناحیانەی کە لە سنووری قەزای

دوكان هەیە، ببوورە دیارە بە هۆی كارەباوە قسەكان بـران، نـاكرێ لـە بیدایەتـەوە دەست پێبكەینـەوە، مـن باسی ناحیەی پیرە مەگرونم كرد، ئـەو ناحیـەی زیـاتر لـە 5 هـەزار مـاڵی هەیـە، ژمـارەی دانیشـتووانی 30 هەزار نفوسە و هەمووی كەس و كاری پاش ماوەی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی و ڕاگوێزراوانی ئـەو مەنتیقـە و ناوچە جیاجیاكانی كۆبوونەوەتەوە، بەراستی كارەسات لەوە دایە لە ساڵی 2010 یـەك پـرۆژە لـە سـنووری ئەو ناحیەی پێشنیار نەكراوە جێبەجێ بكرێ، لەكاتێكدا  هەروەكو پێشـتر بینیمـان، لـە بـری ئـەوەی داوای لێبوردن لە خەڵكی ئەوناوچەیە بكرێ، لەلایەن سەرۆكی شارەوانیەوە ئەوە راگەیندرا بە خەڵك، كـە خـەڵك كوێر ببورە و پرۆژەكانی نەدیوە، من لێرە رایدەگەینم كام پرۆژەیـە؟، منـیش نەمـدیوە نـەك خـەڵك، بۆیـە ئەوە جێگای پرسیارە كـە خۆپێشـاندانی لـێ كەوتـەوە و ئـاڵۆزی و رووداوی ناخۆشـی لـێ كەوتـەوە كـە وەك خۆمـان بینیمـان، مـن لێـرەدا كۆمـەڵێك پـرۆژە هەیـە كـە دەمـەوێ ئامـاژەی پێبـدەم لـەو سـنوورە كـە ئـەو پرۆژانەی كە تەواو بووینـە، هـیچ ئیشـێكیان تێـدا نـەماوە، بـەڵام دووبـارە پارەیـان بـۆ تـەرخان كـراوە، مـن دەپرسم ئایا لێژنەی دارایی و ئـابووری بـۆ ئاماژەتـان پـێ نـەداوە؟، بـەڕێز وەزیـری دارایـی و وەزیـری پـلان دانان هۆكاری دووبـارە تـەرخان كردنـەوەی بودجـە چیە بـۆ ئـەو پرۆژانـە؟، یـەكێك لـەو پرۆژانـە دروست كردنی رێگای دۆڵە رووت و قزلەر و شەدەڵە، رێگای قزلەر،مێرگـە پـان، شـەدەڵە، چاككردنی رێگای گونـدی گەبە لە پیرە مەگروون، قیرتاوكردنی رێگای پیرە مەگرون، یەكێك لەو پرۆژانـەی كـە زۆر بەراسـتی جێگای مولاحەزەیە، دروستكردنی سایدی دووەمـی رێگـای تاسلوجە-دۆكـان، 23 بـۆ 46 كـم لـە كۆمپانیـای mgg، پرۆژەی دروست كردنی دوو سایدی تاسلوجە لە دۆكان لە 0 كم بۆ 23 كە ئەوە رێگایەكە و هەموومان پێی هاتووچـۆ دەكـەین تـەواو بـووە، بـۆ چـی دووبـارە بودجـەی بـۆ تـەرخان كـراوە؟، پـرۆژەی تـەواو كردنـی موقتەرەباتی گوندی كونە جوولەكە، تـەواوكردنی رێگـای بنـاری كۆسـرەت كـە خـۆم مـودیر ناحیـە بوویمـە لەوێ و ئەو رێگایە دەمێكە تەواو بـووە، هۆكـار چیـە دووبـارە بودجـەی بـۆ تـەرخان كـراوە؟، تـەواوكردن و دروست كردنی گونـدی قەشقۆلی-دۆكان، قیرتـاو كردنـی رێگـای دەربەنـد، بنگـرد، رێگـای یاخسـەمەر و كـانی مراد كە ئەوانە كۆمەڵێك پرۆژەن، زائیدەن هەندێ پرۆژەی تر هەیە كە تەواو نەكراون، بەڵكو پارەشیان بۆ دانراوە، هیچ ئیشیش نیە لەو پرۆژانە، بۆ نموونە 500 خانوو لە تابین، ئەو خانووانەی كـە بریـار بـوو لـە ساڵی 2005 دروست بكرێ كە نازانرێ لـە كـوێ دروسـت دەكـرێ و لەسـەر بریـاری كـێ بـووە؟، بـەڵام ئـەوە 2010یـە و پێـنج سـاڵی بەسـەر تێپـەڕ بـووە، لـە كاتێكـدا لـە دوبـەی تابقێـك یـان ئـوتێلێكی 160 تـابقی دروست دەكرێ، لە خیلالـی 5 سـاڵدا، كارەسـات لەوەدایـە دووبـارە بودجـەی بـۆ تـەرخان كـراوە، لـە كاتێكـدا ئێستا مەعلوماتم هەیە پۆلیس دەستی لەسەر پرۆژەكە داگیر كردووە، تەنها 30 بۆ 40 خانووی لێ دروست كراوە، ئەویش بە نوقصـانی، مـەواد و شتیشـی لـە توركیـا بـۆی هـاتووە، تێكەڵڕێـژ كردنـی رێگـای گـەرەدێ، یاخیان و خورخورە و شارسـتێن وهـەنجیرە بـە درێـژایی 56 كـم، ئـەوەش یەكێكـە لـەو پرۆژانـەی كـە هـەر بوونی نیە و پارەی بۆ تەرخان كراوە، مـن ئەپرسـم بـۆ چـی؟، تـەواوكردنی رێگـای قـیری دەربەنـد رانیـە و بنگـرد و قەرەسـێ، ئـەوەش یەكێكـە لـەو پرۆژانـە كـە تـەواو بـووە بـۆ چـی پـارەی بـۆ تـەرخان كـراوە؟،

فراوانکردنـی نەخۆشـخانەی پـیرە مـەگروون، لەکاتێکـدا کـە باسـم کـرد ئـەو هـەموو دانیشـتووانەی هەیـە، مەڵبەندێکی نیە نـەك نەخۆشـخانە، گەیانـدنی کارەبـا بـۆ گونـدەکانی بنـاری کۆسـرەت، ئەسـڵەن نـەك هـەر کارەبا، یەکێك لەو گوندانە کە گردەسوورانە و هەموو چەند کیلومـەترێك لـە سـەدەی دوکانـەوە دوورە، تـا ئێستا کارەبای نیە و ئەو پرۆژەیە بـوونی نیـە، پـارەی بـۆ تـەرخان کـراوە، گەیانـدنی کارەبـا بـۆ گونـدەکانی دۆڵێ ناحیەی بنگرد ، بەریمەرگە، گەیاندنی کارەبا بۆ ناوچەکانی دوکان، کوێی دوکان؟، گەیاندنی کارەبا بۆ سێ گوند لە دوکان، کام گوندانە؟، قیرتاو کردنی رێگای سوسێ کۆن، پرۆژەکانی شارۆچکەی پـیرە مـەگروون، کە نووسراوە 4 پرۆژە، من دەپرسم کام پرۆژانەیە؟، من بەراستی شتم زۆر ماوە بەڵام دەمەوێ لە کۆتاییـدا ئەوە بڵێم کە ئێمە بودجە بە قوتی خـەڵك دەزانـین و مـافی خەڵکە و پرسـێکی گرنگیشـە، ساڵێ یـەك جـار موناقەشە دەکرێ لە پەرلەمانی کوردستان و پێویستیشە هەموو خەڵك ئاگاداری موناقەشـە کردنـی بودجـە بێت، بۆیە ئێمە وەکو ئۆپۆزیسیۆن و وەکو لیستی گۆڕان، لەگەڵ تێپەڕاندنی بودجەین بە بێ کەم و کورتی، نەك ئەو کەم و کورتیانـەی کـە بـاس کـرا، بـۆ ئـەوەی دەسـتی حکومـەت کـراوە بێـت، بـۆ پێـدانی مووچـەی فەرمانبەران، بۆ زیادکردنی مووچەی کەس و کاری شەهیدان و قوربانیـانی ئـەنفال و چـەکی کیمیـاوی، بـۆ زیادکردنی مووچەی کـەم ئەنـدامان، مووچـەی زینـدانی سیاسـی، جێبـەجێکردنی پـرۆژە خزمـەت گوزاریـە سەرەتاییەکان لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان و ئەو ناوچـانەش کە ناکۆکیان لەسەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر لە خاڵەکان هاوڕێکانم ئاماژەیان پێدا، بەڵام بـە پێویسـتی ئـەزانین لەسـەر راپۆرتەکـە، لـە هـەمان کاتـدا لەسـەر ئـەو ناعەدالەتیـەی کـە هـەبووە، بەتایبـەتی لەسـەر پرۆژەکـان پێویسـت بـەوە ئـەکات هەڵوەستەیەك بکەین و قسەی لەسەر بکەین، چونکە بودجە پێویست بەوە ئەکات کـە زیـاتر قسـەی لەسـەر بکرێ و زیاتر ئاماژە بە کەم و کورتیەکان بدرێ و زیاتر روون بکرێتەوە، چونکە ئەوە هی هـەموو میللەتـە و هی من و تۆ نیە، دیارە ئەوەی کە من ئەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، زۆر لـە برادەرەکـانیش ئاماژەیـان پێـدا، مەسەلەی ئەو دابەش کردنـە یـان ئـەو نـا عەدالەتیـەی پرۆژەکانـە بـە هـەموو ناوچـەکانەوە، ئێمـە هـەموو کوردسـتان لای هـەمووومان خۆشەویسـتە و هـەمووومان خـاوەنی کوردسـتانین، لـە ناوچـە دابـراوەکـان و بـە کەرکووکیشەوە، ئەو نا عەدالەتییەی کە ئـەیبینین لـە دابـەش کردنـی بودجـە و یـاخود دانـانی پرۆژەکـان، بەراستی نەك ئەوەی تـەنها لـە پارێزگاکانـدا ئـەو دیاردەیـە هـەبێت، بـەڵکو ئـەو دیـاردە نـا عەدالەتیـە شـۆڕ بوویتەوە بۆ پارێزگاکان و قەزاکان و بۆ ناحیەکان، و لە ناحیەکانیشەوە بـۆ گونـدەکان، هـەر چ کەسـێك کـە خەڵکی مەنتیقەیەك بێ، دیارە ئێمە نوێنەرێ هـەموو خـەڵکی کوردسـتانین، بـەڵام هـەر یـەکێکمان خـەڵکی

شوێنێکین، هەر یەکێکمان شارەزاییمان لە مەنتیقەکانی خۆمان هەیە زائیدەن چەند مەنتیقەیەکی تر، ئەو پرۆژانەی کە باس ئەکرێ و کە پێشنیار کراوە بۆ مەنتیقەکان، بەداخەوە لە ئاستی پێویستدا نیە، کەم و کوڕی زۆری تێدا هەیە، بۆیە من ئەمەوێ لەو روانگەوە ئاماژە بە چەند پرۆژەیەك بدەم لە مەنتیقەی قەرەداغدا، هەندێ خەڵك و هەندێکشتان ئەوەی بە تایبەتی خەڵکی سلێمانی بێت، پێشمەرگایەتی کردبێ، مەنتیقەی قەراغی بینیوە، مەنتیقەی قەراغ کە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی سەرەوە و بەشی خوارەوە کە ئەبێ بە دوو بەشەوە، بەداخەوە قەراغ شوێنێکی کۆنە، بەڵام تازە بووە بە قەزا، لەو قەزایەشدا تەنها خوێنێك بووبێ بە ناحیە، ناحیەی سێوسێنانە، کە خاوەنی چەندین شەهید و چەندین کیمیابارانن، ئەم قەزایە خۆی هیچ رووخسارێکی قەزای پێوە دیار نیە تاوەکو ئێستا، چونکە کاوەلکارییەکان ئەوەندە زۆرن، تەنها ئەوانەی کە بۆی کراوە لە ئاستی پێویستی خەڵکدا نیە، بەڵام شوێنمان هەیە لە مەنتیقەی قەراغ، زیاتر لە بودجەی پێویستی بۆ تەرخان کراوە و زیاترین پرۆژە و زیاترین بودجە بۆ ئەو شوێنە رۆیشتووە، من لێرەوە ئەچمەوە سەر ناحیەی سێوسێنان، ئەو ناحیەی سێوسێنانە کە هیچ خزمەت گوزارییەکی نیە، راستە تازە بووە بە ناحیە، راستە 60 ماڵی بۆ چوویتەوە، بەڵام لەو ناحیەیە خۆیان مزگەوتیان هەیە، تازە بە تازە من حورمەتم هەیە، مزگەوتێکی تازەیان بۆ کراوە لەگەڵ هۆڵی بۆنەکان، مەعەلعیلم ئەم گوندە ئاو نیە بیخۆنەوە، کە پێویست بوو ئەو پارەی کە بۆ ئەو هۆڵەی تەرخان کراوە، هیچ مەراسیمێکی تێدا ناکرێ هەندێ بۆنەی تایبەتی نەبێ، ئاویان نیە بیخۆنەوە، حورمەتم بۆ پەرلەمان هەیە، بە گوێ درێژ و شەڵتە لە کانییەوە ئاو دەبەن بۆ ماڵەکان، ئەو پارەیەی لەو هۆڵە تەرخان کرابوو بکرابایە پرۆژەیە بۆ پرۆژەی ئاو بۆ خەڵکەکە باشتر بوو، خاڵێکی تر کە ئیشارەتی پێبدەم هەر لە ناحیەی سێوسێنان بوو، دروستکردنی 60 خانووە بۆ ئەو خەڵکانەی کە لەناو ناحیەی سێوسێنان ، ئەم 60 خانووە پرۆژەیەکی بەردەوامە، لە ساڵی 2009، 2 ملیار و 801 ملیۆن دیناری بۆ سەرف کراوە، بەردەوامە کە ئێستا 558 ملیۆنی تری بۆ تەرخان کراوە، مەعەلعیلم ئەو 60 خانووە تەواو بووە، تەنها نازانم ئەگەر گلۆپەکانی دابین نەکرابێ، بەڵام ئەرزی 60 خانووەکە پارەی لە خەڵکی سێوسێنان کۆکراوەتەوە بە بڕی 17 ملیۆن دینار کە ئەم بینایانە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم دروستکراوە، ئایا بۆ چی؟، بۆ کڕینی ئەرزەکە پارە لە خەڵکی ناحیەکە کۆکراوەتەوە کە بڕی 18 ملیۆنە؟، لە هەمان کاتدا حکومەت تەعەهودی پێ پڕکردوونەتەوە، ئەو دانیشتوانانە ئەگەر هاتو خانووەکانیان دابەش کرد بەسەریانە، واز لەو پارەیە بێنن کە داویانە بە حەقی ئەو خانووانە، خاڵێکی تر کە ئێمە دەمانەوێ باسی بکەین هەر لەو مەنتیقەیە جاددەی شیقازی و قەلاقایمەزە، کە ئەوە مەشرۆعێکی بەردەوامە، لە 2009دا ملیارێك و 8010ی بۆ سەرف کراوە، ئێستاش بڕی 200 ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ماوەی شەش مانگ زیاترە ئەو جاددەیە وەستێنراوە، ئەگەر لێپرسینەوە هەبوایە، ئەگەر بەدواداچوون هەبوایە، ئەگەر سزادان هەبوایە، بە دوایاندا بچینەوە، ئەم مەشروعە بۆچی وەستاوە؟، خاڵێکی تر کە هەر ئەمەوێ لەناو قەراغدا باسی بکەم، باسی باخچەیەك دەکات، باخچەکە لە دەربەندیخان، لە قۆناغی دووەمدایە، بەڵام لەسەر میلاکی قەراغ داندراوە، ئەوە ئەگەر

غەڵـەتی مەتبەعیــە حەقــە راســتی بکەنــەوە، ئەگــەر غەڵــەتی مەتبــەعیش نیــە و باخچــەکە بــەناوی دەربەندیخانە، فەراغ راستە باخچەیەکی بۆ کراوە، بەڵام پێویستی بـە مەشـروعی زیـاتر هەیـە تـاوەکو ئـەو باخچەیە، ئەگەر بڕۆی بۆ بەشی سـەرەوەی فـەراغ کـە ئـەو مەنتیقەیـە نزیکـەی 35 دەێیـە، تـەنها و تـەنها ئەوەی کە بۆیان کرابێ جاددەیەکی تێکەڵرێژە کە لە ساڵی 1992 مونەزەمـەی میـدیکۆ کردوویـەتی، ئـەوە جگە لە کۆمەڵێ نا عەدالەتی تر کە لەو مەنتیقانـە کرانـە، بـڕۆ بـۆ بازیـان، بـڕۆ بـۆ بادینـان، بـڕۆ بـۆ هـەر شوێنێ زیاتری نەبێ، کەمتری نیە، بۆیە من لێرەوە ئەگەر بڕۆین بۆ موازەنەتی وەزارەتی کشتوکاڵ، خۆزگە سەیرتان بکردابا و بتاندیتبا چەندی تیکراری تێدا هەیە، هەر لە موخەصەصات و نەفـەقاتی ئیفـادەوە کـە لە جیاتی جارێك دوو جار دووبارە بوویتەوە، ئەوە هەمووی پارەیە و دووبارە ئەبێتەوە لە ئیجاری مـەبانی و ئیجاری مەخازن، کە دووبارە ئەبێتـەوە، لـە کـڕینی مەلابیسـەوە کـە دووبـارە بوویتـەوە، لـە لەوازیمـەکان، لەوازیمی ریازی و توبی و لە خاڵی دووەمدا کـە تیکـرار بوویتـەوە موسـتەلزەماتی خەیریـە، بۆیـە پێویسـت بەوە ئەکات زیاتر قسە لەسەر بودجە بکەین، من لێرەشـەوە کۆتـایی بـە قسـەکانم دێـنم بـە چـەند خاڵێـك، ئەوە رەئی خۆمە و بە کورتی ئەگەر بودجە شەفاف بوایە، ئەگەر عەدالەت بەرقەرار بوایە، ئەگەر عەدالەت لە دابەشکردنی بودجە و لە دابەشکردنی کارەخزمـەت گوزاریەکانـدا هەبوایـە، ئەگـەر یاسـا سـەروەر بوایـە، ئەگـەر بەدواداچـوون و لێپرسـینەوە و سـزادان هەبوایـە، ئەگـەر هـەموو داهاتـەکانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـە داهـاتی نەوتـەوە و بـە داهـاتی نـەوتی رەش و بـە داهـاتی گرێبەسـتەکانەوە و بـە هـەموو رسوماتەوە کـۆ بکرابـاوە و بخراباتـەوە سـەر بودجـەی هـەرێم، بـە شـەفافانە دابـەش بکرابـا بەسـەر هـەموو هەرێمدا، بە کەرکووك و شوێنە دابڕاوەکانیشـەوە، بەراسـتی ئێسـتا کوردسـتان ئـاوەدان بـوو، خـەڵکیش ئـەو هەموو گلەیی و گازاندەی نەبوو، بێ کار نەئەما.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، کوردستان زۆر ئاوەدانە و ئاوەدانتریش ئەبێ، ئێستا رێزدار لانە احمد.

**بەڕێز لانە احمد چەلبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کە ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووریمە، پشتگیری لە هەرسێ راپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، حـەز ناکـەم ئـەو خاڵانـە دووبـارە بکەمـەوە کـە لـەناو راپۆرتەکـەمان هەیـە، کـە دەمانهـەوێ بۆمـان روون بکرێتەوە، زۆر پێشنیاریشمان کرد لەناو راپۆرتەکەمان کە بڕگە و ماددەکان، ئیزافەمان کردیـە، بـەڵام یـەك خـاڵ هەیـە حـەز دەکـەم ئامـاژەی پـێ بکـەم، کـە بڕوانینـە وەبەرهـەمهێنانمان، نەفـەقاتی تەشغیلیمان، لـە موازەنەی حکومەتی ئیقلیم لە کوردستان، کـە ئیقـتیراح کرایـە لـە وەزارەت لـە دائیرەکـان لـە سـاڵی 2010، ئـەویش 16 ترلیـۆن و 127 ملیـار و 753 ملیـۆن، کـە تەخمینیـە، بـەڵام ئـەوەی کـە لـە یاسـای موازەنـەی هەرێمی کوردستان کە لەبەر دەستماندا هەیە، ئەویش هـەر تەخمینیـە کـە بـۆ سـاڵی 2010 داندرایـە، 11 ترلیۆنـە تەخمینیـە، کـە 7 ترلیـۆن بـۆ نەفـەقاتی تەشـغیلی دەچـێت و وەگەڕهێنانـە، کـە دەکاتـە لـە 69٪،

ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ نەفەقاتی تەشغیلی حکومەتی فیدرالی عیراق، کە بەنیسبەت ئەوان نەفەقاتی تەشغیلیان لە 72٪، هەروەها 3 ترلیۆنیش لە نەفەقاتی ئیستسماری وەبەرهەمهێنان، کە داندرایە لەو 11 ترلیۆنەی کە دەکاتە ڕێژەکەی 31٪ ، ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ نەفەقاتی ئیستیسماری حکومەتی عیراق ی فیدراڵ کە ئی ئەوان لە 28٪، یەعنی من ئەوها ئیعتیبار دەکەم ئەوە دەسکەوتێکی گرنگە، کە نیسبەی نەفەقاتی ئیستیسماریمان ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ نەفەقاتی ئیستیسماری حکومەتی عیراقی فیدرال، هی ئێمە زیاترە، هەروەها حەز دەکەم ئاماژە بەونوقتەیە بدەم کە من جێگری لێژنەی ماڤ بەکاربەرم، کە لێرە من حەز دەکەم ڕوونی بکەمەوە کە ڕاپۆرتی دووەممان لەسەر پێشنیاری لێژنەکان بوو، ئەوانیش زۆر هەیە لە پێشنیاری لێژنەکان تیکرار هەبوو، حەزمان نەکرد تیکرار بکەینەوە، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکە زۆر نەبی عەدەد ئەوراقەکانی ، بۆیە ئێمە لێرە یەکێك لە پێشنیارەکان وتمان بە نیسبەت لێژنەی پاراستنی ماڤی بەکاربەر وتمان بە نیسبەت ئیراداتی وەزارەتی صیحە، کە ئیشارەتی پێدرایە لە یاسایەکەی، بگەڕێتەوە بۆ موازەنەی وەزارەتی صیحەو هەروەها پێشنیارمان کرد بە نیسبەت وەزارەتی کارەبا و شارەوانی، هەروەها ئاماژەمان بە سندوقی نیشتەجێبوون کرد و بە زیادەی سولفەی عەقاری کرد، بەڵام کە دەبێنین لە لێژنەکان هەموو نوقاتەکان نەوترایە، چونکە لە ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی ئیشارەتمان پێدایە، حەزمان نەکرد زۆر خاڵ هەبوو لە لێژنەکان تیکراری تێدا هەبوو، ئیکتیفائمان کرد بە یەك جار نووسینەوە بۆ خاتری ڕاپۆرتەکان عەدەدی زۆر نەبێ کە تیکرار نەبێ، هەروەها نوقتەکم هەیە کە حەز دەکەم بە نیسبەت وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، تەبیعی پرۆژەکان کە دەبینم، حەز دەکەم عەدەدی پرۆژەکان زیاتر بێ، بە نیسبەت نەوعیەتی پرۆژەکان زیاتر بێ، ئێمە بە نیسبەت لە هەرێمی کوردستان زۆر مەعادنمان هەیە دەتوانین سوودی لێ وەربگرین، بۆ بونیەی تەحتی بەکاربێنێن، هەروەها حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بدەم کە دەبینین شاری هەولێر، لە خیلالی ئەو 4 ساڵەی ڕابوردوو، کە حکومەتی کابینەی پێنجەم زۆر دیارە ئاوەدان کراوەتەوە، زۆر فەرع و شتی لێ زیاد بووە، زۆر بونیەی تەحتی زیاد بووە، ئامادەش بۆ 4 ساڵی داهاتوو زیاتر ئاوەدان ببێت، هەروەها بە نیسبەت ناحیەکان و ئەقزیەکانیش ئاوەدان ببێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عیماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسپێکی، سوپاسیا لێژنا دارایی دکەین، کە ئەڤە نێزیکی هەیڤەکێیە خەریکێن دارشتنا ڤێ بودجێ نە، ب شێوەیەکی گشتی پشتگیریا ڕاپۆرتا لێژنا دارایی دکەین ژ بەر دوو ئەگەران:

یەکەم:چونکە ب شەفافی لێکۆلینا ڤێ بودجێ کریە، دووەم: ڕێگە چارەسەری پێشنیار کرینە بۆ ئەو کەم و کوڕیێن دنا ڤ بودجێدا هەین، دیسان جهێ دلخۆشێیە کە دبودجا ئەڤ ساڵدا کە بەردەوام بوونە لسەر

سیاسەتا کابینا پێشوو، پێشنیارا چارەسەرکرنا چەند گرفتێن ڤێ وەلاتە کرێنو، ژوانا زێدەکرنا مووچێن شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کیمیاباران و کەم ئەندامان، و تەخصیصاتێن تایبەت بۆ تواناسازیا لاوان، و تەخصیصاتێن تایبەت بۆ چارەسەرکرنا قەیرانا نیشتەجێبوونێ، و تەخصیصاتێن تایبەت بۆ هەڵمەتا ئاڤاکرنا فوتابخانان، و تەخصیصاتێن تایبەت بۆ پرۆژێن پێشەسازی و کشتوکاڵی، کە هەمی خالێن ئەرێنینە دبودجا ئەڤ سالدا. بەلاّم من چەند پێشنیارەك هەنە ئاراستەی بەرێزان وەزیرێ دارایی و پلان دانانێ دکەم، ئێك ژوانە ئەو پێڤەرێ وەزارەتا پلان دانانێ کریە پیڤەر بۆ دابەشکرنا پرۆژێن پێشنیارکری، رێژا ئاکینجیبونێ بۆیە، ئەڤە ژێ پێڤەرەکێ جهێ خۆدایە، بەلاّم پێشنیار دکەین پێڤەرێ مەنکوبییەت و هەژاریا دڤەرا ژی بچێتە پالێ پێڤەرێ رێژا ئاکنجیبوونێ، چونکە هندەك دڤەر هەنە دمەنکوب و هەژارن و پێتڤێ ب کارێن خزمەتگوزاریا زێدەترن. داخازا لێبورینێ دکەم کە ئەڤێ دڤەرێ ژ دکەمە نموونە و هێڤیدارم نەچێتە پالێ ناوچەگەریی دا، بۆ نموونە دەڤەرا ئامێدێی کە ژ سەرجەمێ (327) گۆندان نزیکی (200) گۆندا دوێرانن و خەلکێ ڤێ دەڤەرێ ژ گۆندێن خۆ بێ بەهربوویینە، ژبەر کو رۆژانە فرۆکێن تورکیا تۆپبارانا گۆندێن وان دکەتن، خەلکێ وان نەچاربوویە گۆندێن خۆ ب جە بهێلن و بکەڤنە دکرێچێ دا و ئاڤاهێین حکومیدا و دوەزعەکیچ نالەباردا بژێن. لەوان پێشنیار دکەین کەوەزارەتا دارایی یا حکومەتا هەرێما کوردستانیچ رێژەیەکێ ژ نەفەقاتێن ئیعانات و مینەح و مەنافیع ئیجتیماعیە و لە مەصروفات ئوخرا و لە ئیحتیاتیێ وەزارەتا دارایی و ژتەخصبصاتێن تایبەت، رێژەیەکێ تەرخان بکەتن بۆ ئەو دەڤەرێن مەنکوب و هەڤار کە رۆژانە فرۆکێن تورکیا و تۆپخانا ئیرانێ ڤان دەڤەران تۆپ باران دکەت، بۆ قەربووکرنا وێ زیانا ماددی و مەعنەوی یا ب خەلکێ وان دەڤەران دکەڤیت.

دەربارەی خالاّ دووێ لدور بەردەوام بوونا وەزارەتا دارایی لسەر تەئمین کرنا قەرزێ عەقاری بۆ هاوولاّتیان لدیف زەوابت و رێنماێین کارپێکراو، خالەکا جهێ خۆدایە، بەلاّم ئێك ژ رێنماییێن وەرگرتنا قەرزێ عەقاری ئەوە کە دڤێت سەنەدا تاپۆیێ هەبیتن ب پارچا عەردی، وە ئەڤە ژی دەبیتە ئەگەرێ بێبەهربوونا هەزارەها خەلکێ نیشتەجێبوویێن دەڤەرێن هەتا نۆکە (تسویە) لێ نەهاتیە کرن. لەوان پێشنیاردکەین کە وەزارەتا دارایی رێنماییێن تایبەت دەربێخیت دا کۆ خەلکێ وان دەڤەرا مەحروم نەبیت ژ وەرگرتنا سولفا عەقاری، ببۆرن هندەك دەڤەرێن دژی هەنە هاوشێوەنە و هاوسنوورن دگەل تورکیا و ئێرانێ، بەلاّم ئەڤە وەك نموونە و سۆپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار ئامێنە زکری.

**بەرێز امينة ذكري:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرا ئەز دەست پێ بکەم، پشنیار دکەم کو د ناڤبەرا روینشتنێن مە دا بێهنڤەدان "پاوز" هەبن کو بـ راستی ژ بەر درێژیا روینشتنا مەجورە وەستیانەك یا بـ هەمیا ڤە دیارە.

سەبارەت تەرخان کرنا 120 ملیار دینار بو سندوقا گەشەپێدانێ و 150 ملیار دینار بو هەڵمەتا نیشتمانی بو دروست کرنا قوتابخانا، ئەڤە وەرچەرخانەکا نوی و پوزەتیڤە بو کەرتێ پەروەردێ، لێ بەرێزان ئەگەر ئەم بهێین سەح کەینێ تەرخان کرنا 1500 کەسان بو میلاکێن وەزارەتا پەروەردێ رێژەیەکا گەلەك کێمە، بۆ نموونە ئەگەر ئەم بەحسێ پارێزگەها دهوکێ بکەین پێدڤیا پارێزگەها دهوکێ بو قوتابخانێن بنەرەتی و دوانـاڤنجی 604، 4 مامۆسـتایانە، ئەگـەر ئـەم بهـێین سـەح بکـەین دێ بیـنین ب تـنێ 1500 مـیلاك بـۆ دامەزرانـدنێ ب تـنێ بـۆ کـەرتی پـەروەردێ نـە. کـو بەشـێ پارێزگـەها دهـۆکێ بتـەنێ ناکـەت و سـەبارەت خزمەتگوزارو فەرمانبەران هەژی ئاماژە پێدانێ یە ئەو سالا2006ێ وەرە حـەتا نوکـە ئێـك خزمـەتگوزارو فەرمانبـەر ل پارێزگـەها دهـوکێ نەهاتینـە تـەعین کـرن و پێـدڤیا پارێزگـەهێ بـ 385، 5 فەرمانبـەرو خزمەتگوزارایە. بەرێزان ژینگەها قوتابخانێن کوردستانێ ژینگەهەکا ناتەندروسـتە بـو زاروکـی کـو ئـەو بـ خوە قوتابخانا پاقژ بکەن، کە ئێزەن هەکە چ پاقژکەر بو قوتابخانا نەبن تەندروستیا زاروکی دکەڤیتە د بن مەترسیێ دا، کو بـ راستی پێدڤیە چاڤخشاندنەکا دی دوارێ میلاکێن پەروەردێ دا بهێتە کـرن. ئـەو بودجـا بو پرۆژێن وەزارەتا پەروەردێ هاتینـە تـەرخان کـرن بـو پارێزگـەها دهـوکێ 11 قوتابخـانێن 18 پـولی نـە ئەڤـە د دەمـەکێ دایـە کـو پارێزگـەها دهـوکێ 579 مەدرەسـێن 2 شـیفتی، 70 مەدرەسـێن 3 دەوامـی یـێن هەین. گەلو ئایا 11 قوتابخانێن 18 پولی بەشێ هندێ دکـەت کـو ئـەڤ دەوامـێن 2 شـیفتی و 3 شـیفتی دێ نەمینن؟

ئەگەر ئەم بنێرینە پلانـا رێڤەبـەریا گشـتی یـا پـەروەردا دهـوکێ بـو نـەمانا دەوامـا 3 شـیفتی و 2 شـیفتی، پێدڤیا پارێزگەهێ بـ 6 مەدرەسێن 27 پولیە، 72 مەدرەسـێن 18 پـولی، 82 قوتابخـانێن 12 پـولی و 99 قوتابخانێن 9 پولی و 2 مەدرەسێن 6 پولیە، کەچی خوە ئێك مەدەرەسا 27 پولی ژی بو پارێزگەها دهوکێ نەهاتیە دانان و هندەك قـەزایێن پارێزگـەهێ ژی د بـێ بـەهرن. سـەبارەت باخچـێ زاروکـان بـەرێزان ئەڤـە CD یەکا وێنایە لـ باخچێ زاروکان لـ سێمێلێ، کو د ڤی باخچەی دا پتر ژ 300 زاروکان تێڤەنەو ژیانـا وان یا د بن مەتەرسی داو، هەر گاڤێ ئەڤ ئاڤاهیە لـ سەر سەرێ وان بـ هەرفیت یا دروستە؟ بـ راسـتی ئـەز حـەز دکەم وەزیرێ پلاندانانێ و وەزیری دارایـی سـەح بکەنـە ڤـێ کارەسـاتا هـەرە مـەزن، گـەلو چ منطق قوبـول دکەت پتر ژ 300 زاروکا ژیانا وان د خەتەرێ دابیت و ئێك باخچێ زاروکا بو سێمێلێ نەهاتیە دانان؟

بەرێزان، بەلێ یەکسانی د دابەش کرنا بودجەی دا نینە ئەز پارێزگەها دهوکێ دێ کەمە نموونە پارێزگـەها دهوکێ 23٪ ژ ئاکنجێیـت هـەرێما کوردسـتانێ پێـك دهـێن و بەشـی بودجـا بـو هاتیـە تـەرخان کـرن تـەنها 15٪یە. ئەز دێ ئاماژە دەمە وەختێ شەرێ برا کوژیێ، لـ وێ فەترێ تەنها رێکا اقتصادی دەرگـەهێ دهـوکێ بو و ئەڤە بو سەبەبێ هندێ کو دهوك بەرامبـەر هـەولێرو سلێمانی گەلـەك پـێش بچیت، د فـەرتا کابینـا پێنجێ دا سیاسەتا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بو هندێ کو تەوازونەکێ لـ هەمبـەر پارێزگـەها دا دروسـت بکەت، بودجا پارێزگەها دهوکێ کێم کر و ئەڤە بو سەبەبێ هندێ کو پارێزگـەها سلێمانیی و هـەولێرێ بـ تایبـەتی هـەولێر بـەرەف پێشـڤە چونەکا مـەزن بچێت بـ تایبـەتی هـەبونا 2 مـەتارخانا دیاردەکـا هـەرە

پوزەتیڤە بو وەلاتێ مە. ئەو پێشڤەچوونا ل ڤان 4 سالان لـ هەولێرێ چی بوی بـ هەمی شانازیی ڤە هەولێر رەنگێ باژێرا یا لی هاتی ئەم وەکی دهوکی شانازی بـ هندێ دکەین، لێ مە دهوکیا تەزحیە یا پێ دای. لێ دهەمان دەمدا ژلایێ حەرەکا ئابوری دهوك پاش ئیخست و بەرێ هەمی بازرگان و رێڤینك و پروژان ئیخستە هەولێرو سلێمانیێ ئەڤە بو سەبەب حەرەکا سیاحی لـ دهوکێ نەمایەو هوتیل هەمی یێن ڤالا ماین و ئەڤە ددەمەکێ دا یە کو پارێزگەها دهوکێ دەڤەرەکا ئیکجار باشە بو دەڤەرا سیاحی براستی پرسیارا من ژ وەزیرێ دارایی ئەوە، ئەو 6٪ ئەوا ژ پارێزگەها دهوکێ هاتیە برین کیڤە چویە؟ چ لێ هاتیە؟ و ژ بەرچ هاتیە برین؟ هەکە بەرسڤ ئەو بیت کو بو خەرجیێن سیادی چویە ئەرێ حکومەتا هەرێمێ بەس حکومەتا پارێزگەها دهوکی یە؟ بوچی خەرجییێن سیادی ژێ ناهێتە برین و ئەوا دمینیت لـ سەر پارێزگەهان بهێتە دابەش کرن؟ بـ چ بەهانە هوین دهوکێ دکەنە کەبشێ فیدایێ ئیبراهیم پێغەمبەر؟ براستی ئەڤە پرسیارەکە کە من دڤێت بهێتە بەرسڤ دان.

بەرێزان، د پروژێ بودجێ پشنیار کری دا وەزارەتا ئەوقاڤێ گرنگی یا دایە ئەڤا کرن و نویژەنکرنا مزگەفتان و تەنها ئێك پروژە ژی نە بو جهێن ئاینییێن کریستیاناو نە بو پەرەستگەهـ و مەزارگەهێن ئێزدیان نەهاتیە تەرخان کرن، لێ دهەمان دەم دا هەکە ئەم سەح کەینێ دێ بینین ئێزدیان 315 پەرەستگەهـ و مەزارگەهێن ئاینی یێن هەین بەس هەتا نوکە ژبلی پەرجانا ئێك ئاورا دی بـ وان پەرسەتگەها نەهایتە دان.

د راپورتا لێژنا دارایێ و یاسایا پەرلەمانێ د لاپەرێ 16 دا لێژنا ئەوقاف و کاروبارێن ئاینی لـ پەرلەمانی پیشنیار یا کری کو مزگەفت ژ کرێ یا ئاڤ و کەهرەبێ بهێنە عفو کرن؟ ئەرێ پرسیارەك ما بو حکومەتێ ژ لایێ ئیدارێ ڤە چ فەرق هەیە، ئەگەر پشنیار بکەین مستشفی و مەدرەسە ژ کرێ یا ئاڤ و کەهرەبا بهێنە عفو کرن؟ و هەکە ژلایێ روحی ڤە سەح کەینێ ئایا لێژنا ئاینی کەنیسەو پەرەستگەهێن دی یێن دینی ژی بەرچاڤ کرینە؟ بەرسڤ نەیە ژ بەر هەندێ ئەز پشنیار دکەم هەر دەخلێ وان بچیت بو حکومەتێ و ژلایێ وان ژی ڤە بهێتە سەرف کرن.

د راپورتا لێژنا دارایی دا لاپەرێ 14 ێ ئاماژە دایە هندێ کو پارێ بو پروژێن دوبارە بوین بزڤریت بو بودجا وەبەرهێنانێ بو خزمەتا ناوچێن زەرەرمەندو زیان لێکەفتی کو کێمترین خزمەت بوهاتبیتە پێشکێش کرن ئەز پشنیار دکەم ئەو پارە هەر بو پروژەیەکێ دی بو وێ محافظێ بـ خوە بهێتە تەرخان کرن.

بەرێزان، من وێنەیەکێ هەی ژ خەستا ئازادی ئەڤ وێنەیە یێ ڤاتێ دوویێ بەشێ زاروك بونێ یە، یەعنی کارەساتەکا هەرە مەزن یا لـ پارێزگەها دهوکێ هەیەو هەتا نوکە نەخوشخانا زاروك بونێ لـ دهوکێ نینەو ژن لـ عەردی د نڤینن و سێلانێ بو دانن، هەرێ ئەڤە چەوا چێ دبیت؟ ئەز پشنیار دکەم پێداچوونەك لـ سەر ڤێ مەسەلێ بهێتە کرن هەر چەندە لـ سالا 1996 نەخشەو پلان یا بو هندێ هاتیە دانان. لـ خەستا ئازادی بـ تنێ 72 تەخت لـ تەبەڤا دوێدا یێن هەن و 25 تەخت لـ ڤاتا شەشێ یێت هەین کو ئەڤە تێرا پارێزگەهێ ناکەت. داخوازێ ژ وەزیرێ دارایێ دکەم بلا ئاور و لێزڤرینەکا بلەز بـ ڤێ چەندێ بدەن و گەلەکا گرنگە خەستەخانا ژن و زاروك بونێ لـ دهوکێ بهێتە چێکرن.

بـ تنێ من خالەکا دی یا مای بەرێزان، ئاوارێت ژ ئیران و تورکیا زڤرین ڤە پێدڤیە ئەم گرنگیەکێ پێ بدەین بـ راستی د دەرفەتێن تەنگ و وەختێ نەخوشێن ملەتێ مە وان کارەساتێن مەزن تەحەمول کرینەو توشی نەخوشی و ئەشکەنجەدانێن

مەزن. بوینە ژ بەر هندێ ژی گرنگە حکومەتا هەرێمێ ئاورەکێ لێ بدەیت و ڤەرەبویا وان بکەن. راستە هندەك ژ وان گەلەك موستەفیدن و عەردو هندەك ئیمتیازاتێن دی یێن وەرگرتین بەس گەلەك ژی یێت هەین هەتا نوکە نەهاتینە ڤەرەبو کـرن و گەلەك بێ بەهرن تایبەت ئەوێن چوینە کەمپا مێردینێ، داخوازێ ژ وەزیـرێ دارایـی دکـەم کـو چاڤخشاندنەکێ لـ سـەر ڤـێ چەندێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**رێزدار جمال طاهر فەرموو.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، بەراستـی بـرادەران و بـە تایبـەتی خوشـکە ئامینـە، گەلـەك ئـافڤکرن مـن دڤیـا ئـەز بێـژم، بـە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر ئەم بێن گفتوگۆکردنا بودجەیەك بکەن، لە وڵاتێکی سـەربەخۆ، وەڵاتێکـی خـودان، سیادە، خودان بەنکێك مەرکەزی، خودان وەحدەکێ نەقدی بێ، ئەم گفتوگۆیە بۆ دجیـا ئـەڤێ وڵاتـی بکـەن بەراورد دگەل گفتوگۆکردنا بودجا هەرێمێکی پێك هاتی ئی سێ پارێزگاها کو هـەتا نهـۆ بەشـێکی عیراقـێ، مەصدەری سەرەکی بێ تەمویل کردنا ئەڤێ بودجێ هەر عیراقا و بودجا هـەرێمێ پارچـەیەکە ئـەز بودجـە عیراقێ، ئەڤ بیر و بۆچوون و تەحلیل کرن دی مەنحایەکی دی چـن، دێ بـە شـێوەیەکی دی بێـت، ئـەم وەك هـەرێم تـا ئێسـتا نـە خـودان وەحـدا نەقدیـە ج بێـت، نـە خـودان سـیادەیەکی تـامین، نـە خـودان بـەنکێکی مەرکەزینە، بۆیە شێوە و سیستەمێ بودجا مە سیستەمی شێوە بودجەت ولاتا ناگرێتن، ژ بـەر ڤـێ چـەندێ دەبێتن بیر و بۆچوونێ مە، بڤی مەنحای ڤـەبجن ، ئەگـەر بـێن و بـەری خـۆ بدەینـە راپۆرتـا لێژنـە داراییـا، تەقریبەن ب مەنحا هەندێ دەرچووی و گشتی نە خوا و سوپاسـی ئـەون دەکـەین کـو دمـاوێ پێویسـتدا شـیا ئەڤێ راپۆرتێ ئامادە بکەن و پێشکەش بکەن، سەرەرای هەمی کەم و کوریا، زۆر باس کرن سەر شەفافیەتێ، ئەبینین ئاشکرا کردنا بودجە سەر تۆرا ئینتەرنێتی هەنگاڤەکا گەلەك مەزن بوو، ئەگەر نا 100٪، لە 50٪ هەمیشە، بێژین ئەڤا شەفافیەتێ دیار کەتن و وەلێ هات بودجە کەتە دەسـت هـەر کەسـێکی ئـەوی بزانێـت ماوسێ کومپیوتەرێ بگرێت و داخیلی مەوقیعی بێت و ئەڤێ شەفافیەتانێ دیاردکەن، گەلەك بەحسێ خاڵی سلبی هاتنە کرن، ئەز ناچمە ناڤ بابەتێ جارەکا دیتر، ئەگەر بێنە بەحسێ بابەتی عەدالـەت و نـا عەدالـەتێ بکەین، کێشە و گرفتێن کوردستانێ نە کێشە و گرفتێ ئەڤرۆ ناو و دهینە، بەلکی ئەڤە دێـت سـەدەها سـاڵن و کوردستان پێویستی ماوەکی درێژە هەتا وەلێ بێت دخیلاتەمیادا بدەستگەڤین، ئاریشە گەلەکن، ئیمکانیات پچیڤکن، ئەڤە ئەساسێکی کێشە ئیقتیصادیە، ئەگەر ڤی کێشە ئیقتیصادی تەعریف بکەی، تعدد الحاجات و ندره الموارد، ئا ئەوە بودجە هەوڵدانێکە تو دێ چاوا تەوازونێکی دابین بکەین ناڤ بەینا کێشە و گرفتا و ناڤ بەینا پێداویستا کو دی چاوانەکا ئەڤێ دەرماڵە و ئەڤە ئیمکانیات تەنێ بـەرەو ئاسـتێ پێویسـت ببـەی، ئـەز وەك ئەندامێ دوو لێژنە، لێـژنا بەلـەدیاتا و لێژنـە ئاڤـادانکردنێ، کـو کـەرتێ کـارا بێـژێ پەیوەندییـەك کـۆ ئەڤە هەیە، بتنێ بەحسێ هەندێك ئامارە ئەکەم، کو سەرجەمێ ڤە ئامـارە ئەگـەر بێـی و گشـت پـارەی ئـەڤ ساڵە المتفق علیە کو بێتە سەرف کرن بۆ بەلـەدیاتا، بـۆ ئـاوەدانکردنێ، بـۆ کـەرتێ کـارە بـێ، حـدودێ 550**

ملیار و 300 ملیۆن دینار هەیە، ئەڤە هەنێ دکەتن 55,7٪ ژ گوژمێ، یانیش کۆی گشتی میزانیا کودێ ئەڤ ساڵە ئێ تاخیر کرن، هی 2010، کو گوژمێ وی گوتە نە 176 ملیار و 828 ملیۆن دینار پشتی ئەم یەبری دابێ، المشاریع تحت التنفیذ، ئەموا ژێ دەردێخن، کو ئەڤ ساڵە دێنە سەرف کرن المتفق علیها، دێ بودجە داهاتێ، ئەڤە لێرە موئەشرێکی باشە کو حوکمەتا هەرێمێ، یا پیتایەکی ژیان و ژیانا خەلکی کیتن، نەخەسما کەرتێ پارە بێ، کەرتی ئاڤەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردنێ، هتد، ئەگەر ئەز بێم بەحسی پارێزگاها دهۆکێ بکەم، برادەرێ مە بەحسی کرد، من نامەڤێ بچمە تەفاصیلا جارێکی تر، مەنافیعی تەنمیەی، یان سوودێت تەنمیەی، تو حیساب بکەی سەر ئاستێ کوردستانێ، مەشاریعی مونەفەز یان تەحتی تەنفیز، کو پارەی وە کەیتە 3 ترلیۆن و 509 ملیارو 111 ملیۆن دینار، تۆ دەبێ فەرقەکا مەزن بێت، دهۆکێ 5,46٪ بەرکەڤێتن، موقارەنەتەن بودجەیێکی تر، سوودیا هەر کەسێکی لەسەر ئاستێ کوردستانێ دەربخەیتن، 731 دۆلارە، پارێزگاها دهۆکێ و کۆ 24٪ خەلکێ کوردستانێ، حیصە هەر فەردێکی دیکە بێتن 159 دۆلار، ئەڤە ژ بێنە حیساب کرێ کو هەمێ خەلکێ کوردستانێ 4 ملیۆن کەس بن، سیعرا دۆلارێ 1200 دینارا بێت، ئەبێ 3 ترلیۆن و 509 ملیارا تۆ تەقسیم بکەی لەسەر ئەڤێ ژمارەی هەنێ، راستە نا عەدالەتێکی یا هەی، بەس پێدڤیەش ئەڤرۆکە ئەم دووبارە دەڤخوازێ نەبە وەکو من بیدایەتی گۆتی وەلاتێك سەربەخۆ و هەرێمێك تا ئێستا جوزئێك ژ ئەبێ وەلاتێ هەنوکێ عیراق و هەنوکی وەزعێ سیاسی و وەزعێ ئیقتیصادی موستەقیر نینە، حەتمەن مەحاورت موازەنەی˚ علمیەن تۆ نەشێت بچی، چونکە ئەڤ نەشێ وە سیاسە نەقدی بێتن، تەنمەوێ بێت و موستەقیل بێت، ئەڤ لێرە من دوو سێ پرسیارێ دکەم، تەقریبەن پارا پتر کت ئیختیصاصێ مە، ئەز ڤێ داخوازێ دکەم پارێزگاها دهۆکێ پیتەتە مەزن دابێتە دان، نەخوازمە مەجالێ رێك و بانەدا، دهۆك نوکە دەرگەهێ کوردستانا، تورکیایە، دهۆك دەرگەهێ کوردستانێیە بۆ ئەوروپا، ئەڤرۆکە ناڤ بەینا مە و هەولێرێ، رێکەکە ستراتیجیە، بۆچی ئەز داخوازێ دکەم، ڤی لێرە پیتەکا تایبەت ڤەرێگە پێتەدان و پارەکێ باش بێتە تەرخان کرن، ئەگەر بێشن بێتە ئۆتۆ بان، یەعنی ئۆتۆ بانکردنا ئەڤێ پرۆژانە و ئەڤێ شاریعە بەینا مە و هەولێرێ، چونکێ وەك ئیحصائیە بەردەستێ مە، رۆژێ 1700 ترێلە ئەڤە دێ ئامارا مودیریە رێکا دهۆکێ 1700 ترێلە ئازوقە و کەل و پەلێ مەنتەقێ بەرەو هەولێرێ دێنن وختێ دێن سەردهۆکێ و حیسابێ دکەن، بێژن هەندە شاریع بۆ دهۆکێ تۆ بەری خۆدێ زۆربەی ئەڤ رێگانا پەیوەندێ ڤێ هەیە و دیسانەکە داخاڤازێ دکەم ئەگەر بێتن مەتارێك دابین بکەن بۆ پارێزگاها دهۆکێ، ل ڤێرە تەنێ پرسیارێك هەیە، سندوقا ئیسکانێ 350 ملیار بۆ هاتینە تەخصیص کرن، ڤە لێرە پرسیارێ هەنە جەنابێ وەزیری مالیە، وەزیرێ تەختیتێ، ئایا مەصدەری دی پارەی چیە؟، ژ ئیحتیاتیی، وەزارەتی مالیە دەیدات، یان ژێك ڤە ببێتە قەرز، ئیقتیراحێ دکەم پێداچوونێك بێتە کرن، موراجەعە بکەن، عەقد و عقود و تەنفیزکردنا ئەڤە پارە و ئەڤ بشێ خەڵکێ مە سوودمەند بن، نە تاجیر و نە موستەسمر تەوازونێك هەبن نا بەینا هەردوو تەرەفا یان هەردوو مەصلەحە، سوپاسێ ئەڤە دکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ گشت ئێوەی بەڕێز ئێستا دانیشتنەکەمان دوا دەخەین بۆ سەعات 4,30 پاش نیوەڕۆ، خوائاگادارتان بێت.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، دێینەوە سەر ئەو بەڕێزانەی کە ناویان تۆمار کردووە، بۆ گفتوگۆ کردن، ، لیژنەی یاسایی و دارایی کەرەم بکەن بۆ شوێنەکانتان، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكريم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە تێبینیەکان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، ئەوە ماوە کە بڵێین هەروەك پەرلەمانتارێك کە بیرو راو بۆچوونەکان ئەوەیە، کە ئەم بودجەیە پەیامی ئابووری تێدا ڕۆشن نییە، چونکە وەزارەتی دارایی روون ناکاتەوە، کە بودجەکەی بۆ چارەسەرو بنبڕ کردنی چ جۆرە گیرگرفتێکی بازاڕە، ئایا هەڵئاوسانە؟ بێ بازاڕییە؟ دایناوە، دوای ئەوە دواکەوتنی بودجە بێگومان کارێکی سلبی دەکاتە سەر زۆر پرۆژەو پلانی وەزارەتەکان، هەردوو وەزارەتی دارایی و پلاندانان دانیشتنیان لەگەڵ وەزارەتەکانی تر بەپێی پێویست نەکردووەو گفتوگۆیان لەسەر ئەوە نەکردووە، بۆ باسکردن و خستنەڕووی تێرو تەسەلی پلان و گیرگرفت و فائیزو کەموکورتیەکانی وەزارەتەکانی تر، بڕی پارەی مودەوەر لە بودجەی هیچ وەزارەتێك دیار نییە، بە هیچ شێوەیەك داهاتی نیشتمانی جۆراوجۆر لەم بودجەیەدا دیار نییە، کە داهاتی نەوت و گومرگەکان و باجەکان دەگرێتەوە، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەکی ترەوە کەرتی کشتوکاڵ دەبوایە حەسەی ئەسدی بەرکەوتبوایە بۆ بووژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دووبارە پەرەپێدانی دوای

گیروگرفتی بێ بارانی چەند ساڵە؟ بەهۆی پلانێکی زۆر دروست و تۆکمەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە رەچاو ناکرێت، بەگوێرەی زیاد بوونی دانیشتوان بایەخ نەدراوە بە کەرتی تەندروستی و نەخۆشخانەی حکومی، لەکاتێکدا ئەمرۆی شارستانیەت زۆر پێویستی بە فریاکەوتنی خێرا هەیە، واتە ئیمێرجنسی، بەهۆی تەجهیز کردنی سیارات و ستافی تایبەت و ئەدەواتی تایبەت و باش، ئەمە وا ناگەیەنێت ئەم فریاکەوتنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بێت، چونکە زۆر لە خەڵکی کاتێك لە رێگان بەرەو نەخۆشخانە، لەبەر فریانەکەوتنیان گیانیان لە دەست دەدەن، بۆیە داواکارین لە وەزارەتی پلاندانان ئەم خاڵەی زۆر بە ئەرکێکی گرنگ دانا بوایە لە چارەسەری پێویستی، چارەسەری پێویستیشی بۆ دانا بوایە، ئەمەو بێجگە لە من کە ئەندامی لیژنەی پەروەردەم، دیار کردنی بڕە پارەیەکی زۆر کە بە سی و شەش ملیار دینار دەخەملێنرێت، بۆ قوتابخانەی شوەیفاتی نێودەوڵەتی تایبەت، لە کاتێکدا کە قوتابخانەکانی تر بە چەندەها کەموکورتییەوە دروست دەکرێن، بێگوێدانە زۆر لە مەرجە دروستیەکانی قوتابخانە، لە مەسروفاتی وەزارەتی پەروەردە بابڵێین بابی مەسروفات ئوخراو مەنافیعی ئیجتیماعی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو وەزارەتەکان هەیە، بەتایبەتیش لە وەزارەتی پەروەردە، ئەویش بڕەکەی چەندەها ملیۆنە، لە هەمان کاتدا کە ئەم بابە هەیە پارەی تێدا خەرج بکرێت بۆ قوتابخانەکان، دەبینین لە قوتابخانەکانی کوردستان بەشی زۆریان لەبەر بێ خزمەتی دەناڵێنن، ئەمانە بەشێکیانە، نەبوونی سیستەمی تەهوییە، وای کردووە کە قوتابخانە لە زستان زۆر ساردو لە هاویندا زۆر گەرم بن، لە کاتێکدا لە قوتابخانە نموونەیی و ئەهلیەکاندا سیستەمی تەهوییەو سپلیت بەکار دێت، کۆنی سۆبای قوتابخانەکان و تێکچوونیان، چونکە صیانە نییە، پێ نەدانی نەوت و سووتەمەنی پێویست لەسەرەتای زستاندا بەبیانووی کەمی پارە وای کردووە بە بەردەوامی مامۆستاو قوتابی لەناو گێژاوی نەخۆشی دابن و لە نەفسی زستاندا، تا ئەمڕۆش قوتابخانەکان تەختەی سپی و قەڵەمی تایبەتیان نییە، بەڵکو مامۆستاو قوتابی خۆیان مەسرەفی کڕینی قەڵەم بۆ نووسین دەکرن، پەروەردە ئەم مەسروفاتە ناگرێتە خۆی، هەروەها پارەی تەرخان کراو بۆ تەبعی کتاب بە ئاشکراو رۆشن دیار نییە، لە چ بابێکەوە سەرف دەکرێت، هەروەها ئەو رێگایەی کە دەگرێتە بەر بۆ تەبع کردنی کتێب ئەمیش هەر دیار نییە، وا باشە لە رێگای تەندەرەوە بە کەم کردنەوەی نرخ بدرێتە چەند کۆمپانیایەك، کە بە پارە هەڵستن و بەشێوەیەکی رێك و پێك، نەوەك نیوەی کتێبەکان تەبع بێت و نیوەشی ئیستینساخ بێت هەروەك لە پەروەردە دەبینرێت، داهاتی حانووتی مەدرەسی باس نەکراوە، دەچێتە چ بابێکەوە؟ بۆ نموونە هەر لە ئیمتیحاناتی نیوەی ساڵی ئەمساڵدا، بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان بە قوتابیەکانیان گوت خۆتان وەرەقەو دەفتەری ئیمتیحانات بکرن، هەروەها مەسئوولیەتی تەبع کردنی ئەسئیلەش هەر کەوتۆتە سەرشانی مامۆستایەکان، ئەمە بێجگە لەوەی کە صیانە بۆ هیچ شتێك نییە، کۆمپیوتەر هەمووی تێکچووە، کە لەکاتێکدا وەکو دەڵێین بە مەلایین دانراوە، زۆر لە قوتابخانەی دەرەوەی شار گیروگرفتی هاتووچۆیان هەیە، بەتایبەتی لە سەردانەکانمان لەناوچەی بالیسان کە پاسێکیان بۆ تەرخان کراوە، ئەو پاسە ناتوانێت بەسەر ئەو لۆفانەدا بسووڕێتەوەو قوتابیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی

تر ببات، بۆیە داوا دەکەن کە ئەم گیرگرفتانە هەمووی بخرێتە بەرچاو و حیسابی تایبەتی بۆ بکرێت، بەنیسبەت کێشەی میلاکاتی وەزارەت، وەزارەت میلاکاتی زۆر بۆ دانراوە، چونکە جۆری دانان و تەعین کردن، بەڕاستی هیچ سیستەمێکی تەواوی نییە، بۆیە ئەگەر بهاتبوایە ملیۆن کەسی بۆ دانابوایە بۆ تەعین کردن، هەر کەموکورتی دەبوو، چونکە تەعین کردن لە وەزارەتی تەربیە، بەڕاستی هیچ رێنماییەکی نییەو لەسەر حیسابی خزمایەتی و برادەرایەتی ئەو شتانە بەڕێوە دەچێت، بۆ نموونە دەرچووانی پەیمانگاکانی رانیەو قەلاًدزێ و ئەوانە تاکو ئێستاو، چەند مانگە مانیان گرتووە لەژێر خێوەتەکاندان و کەس سلاًویشیان لێ ناکات.

بایەخ نەدراوە بە موختەبەری عیلمی، ئەوە هەر لە بابی مەسروفاتەکەوە، کە ئەوانە موختەبەری ئینگلیزی، بەگوێرەی سیستەمی نوێی قوتابخانەکانی بنەڕەتی، هی قوتابخانەی بنەڕەتی هەیە بەگوێرەی سیستەمی نوێی قوتابخانە، لەم قوتابخانەیە کە پۆلی حەوت و هەشت ونۆیان تێدایە لەگەڵ شەش پۆلەکەی سەرەتایی، رەحلەکان و کورسیەکانیان هەر هەمان کورسی تەرخان کراون بۆ مەرحەلەی سەرەتایی، ئەوەش شتێکە بەڕاستی قبول ناکرێت و تەحەمول ناکرێت، قوتابی هەموو رۆژێ لە گیروگرفت و گلەیی و گازاندە دایە، لەکاتێکدا کە ئەو هەموو گیروگرفتە لە قوتابخانەکانماندا هەیە، کە کەمن و سێ دەوامن، دیارترین یان زەقترین دیاردە لەو مانگەدا کە قوتابخانەیەکی سێ دەوامی لە عەنکاوە رووخاوە، کەس نازانێت سەبەبەکەی چیەو تەخت کراوە، ئەمەش هەر بۆ زانیاری، نازانین وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی ئاگایان لەو شتە هەیە، یانیش شتێکی غەریبە، بۆیە لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئێمە لەگەڵ سندوقی دەعمی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانین، ئاوات دەخوازین بڕەکەشی زیاد بکرێت و دابین کردنی هەلی کار بۆ گەنجان، ئاوەدانکردنەوەی هەموو کەلێنی کوردستان بەبێ جیاوازی لەنێوان شارو شارۆچکەکان، بەرز کردنەوەی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و پێدانی مووچەی زینندانیانی سیاسی و زیاد کردنی مووچەی کەم ئەندامان، پێداچوونەوەی سیستەمی مووچەی فەرمانبەران لە کوردستان بەشێوەیەك لەگەڵ ستاندەردە جیهانیەکان بگونجێت، هەروەها پێداچوونەوەی رێژەکانی عەلاوەو تەرفیعی مامۆستایان، کە گلەیی و گازاندەیەکی زۆری لەسەرە، ئەمە لەلایەك، بەهۆی ئەوەی کە ئەندامم لە لیژنەی کاروباری کۆمەلاًیەتیش چەند تێبینیەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە بایەخ پێدانی زیاتر بە میزانیەی ئەم وەزارەتە، چونکە چینێکی زۆر نەداری لە کوردستان دەگرێتە خۆ لە رێگای پەرەپێدانی تۆڕی حیمایەی کۆمەلاًیەتی و بەرفراوان کردنی، زیاد کردنی مووچەی کەم ئەندام و بە سیستەم کردنی، کردنەوی خانەی کۆمەلاًیەتی بەشێوەیەکی رێك و دروستانە بەگوێرەی پێویست لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بۆ بنبڕ کردنی دیاردەی ژیانی سەر شەقام و سواڵ کردن، زیاد کردنی بڕی پارەی (السلع) کە تەرخان کراوە ئەم دەروازەیە بۆ تەمویلی گرتووخانەکان و پێداویستیەکانیان، ئەم بڕە پارەیەی کە سێ سەدو نەوەد هەزارە دانراوە بۆ زیندانیانی سیاسی، وەزارەتی کۆمەلاًیەتی تەکلیف کراوە بە سەرف کردنی، لە کاتێکدا ئەم وەزارەتە خۆی

لەخۆیدا دەڵێت بڕە پارەیەکی تەواوم نییە بۆ مووچەی کەم ئەندامان و نەداران، تکایە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت لایەنێکی بە بایەخدارتری بۆ دابنرێت بۆ سەرف کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالله مام عەلی فەرموو.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە پرۆژەیەك ئەوەندە خەڵك لە بەڕێزان قسەیان لەسەر بکەن، زۆر زەحمەتە جوملەیەك دەرکەوێت دووبارە نەبێتەوە، بەڵام ئەوەی من مەبەستە بیڵێم باوەڕ ناکەم کەسێك هەبێت، بۆ نموونەش بکرێت بە وەزیری دارایی، یان وەزیری پلاندانان، یان ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر پارەیەکی مەفتوحیشی لەبەر دەستدا بێت، بتوانێت پرۆژەیەکی بێ کەموکورتی دابنێت، بۆیە پێویستە ئێمە ئەوەی ڕەچاو بکەین، ئەمە پاساوێك نەبێت بۆ دیفاع کردن لە حکومەت، بەڵام ئیعتیراف ئازایەتیە، حکومەتی هەرێم دەبێت ئیعتیراف بەوە بکات، ئیستیشارەیەکی باشی بە خوارووی خۆییەوە نەکردووە بۆ دانانی ئەو پرۆژەیە، چونکە ئەگەر لە 50٪ی هەمووی ئەم کەموکوڕیانەی کە ئەم بەڕێزانە باسی دەکەن ڕاست بێت، دڵنیاشم زۆرتری ڕاستە، ئەو کاتە کەموکوڕییەکی زۆر لە حکومەتدا لە پرۆژەکەیدا دەکەوێت، هەر یەکێك لە ئێمە بەر لەوەی ببێت بە ئەندام، یان مەسئوول لە لیژنەیەك بۆ مەنتیقەیەك نوێنەرایەتی دەکات و چاوەڕوانی لێ دەکەن کە دیفاع لەناوچەکەی خۆی بکات، ئەمە ناوچە پەرستی نییە، بەڵام ئێمە هەموومان هەر یەکە شتێك تەواو دەکەین بە هەموومان هەمووی تەواو دەکەین، ئێمە کە پرۆژەکەمان خوێندەوە جاری یەکەم هاتین قسەمان لێ کرد، وابزانم یەك بە یەکی ئەندامانی پەرلەمان و هەموو سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان وەکو مودیر ناحیەو قائیمقام و تەنانەت هەندێك لە وەزیرە بەڕێزەکانیش گلەییان هەبوو لەسەر ئەوەی بەشی ناوچەکەی ئەوان کەم دانراوە، یان بەشی وەزارەتەکەی ئەوان کەم دانراوە، بەڵام بەڕاستی دوای ورد بوونەوە لەهەموو مەنتیقەکان، من ئەوەی خۆم دەیبینم هەست ناکەم زوڵم لە مەنتیقەکەی من کراوە، دراوە مەنتیقەیەکی تر، چونکە ئەگەر بە عادیلانە تەماشای بکەین بەشی حصەی سلێمانی بە گەرمیانیشەوە لە حدودی سەدو لە سەدا چل، بۆ هەولێر لە سەدا سی و هەشت، بۆ دهۆك لە سەدا شازدە، ڕەنگە تا ڕادەیەك عادیلانەی تێدا بێت، بەڵام نا عەدل بوونەکە لەوە دایە، کە کۆمەڵێك شتی ناشەفاف هەیە، مەجموعەیەکی زۆر لەو بودجەی زۆرەی کە هەمانە لە بودجەکە کەم کراوەتەوە، ئەویش پارەی مووچەیە، کە من ئەوەی حەز دەکەم زۆرتر لە بڕاردەران دێن باس لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەن، کە عەدەدی مووچە خۆرانی حکومەت ئەوەندە نییە، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان ئەمە ساغ بکاتەوە، وەکو چۆن دەزانین چەند مامۆستامان هەیە؟ چەند قوتابیمان هەیە؟ چەند فەرمانبەری شارەوانیمان هەیە؟ پێویستە مووچە خۆرانی ئەم حکومەتە بە شەهیدان و ئەنفال و بە پێشمەرگەو بە ئاسایش و بە هەموو ئەوانە، من ناڵێم لە ڕۆژێك و دوو ڕۆژدا، بەڵام لە ماوەیەکی تر بخرێتە بەرچاو، بۆ ئەوەی ئەو

**گومانە لەلای هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەلای هەموو ئەوانەی کە دەنگیان دەگەیەنێت دیار بکرێتەوە، ئەو کاتە ئەگەر واقیع بوو، کە ئومێدەواریشم وا بێت، گلەیی و گازاندە لەسەر ئەوە نەمێنێت. من پێموایە ئێستاش دەتوانین کەموکوڕیەکان هەندێکی چارەسەر بکەین بەوەی کە ئەم پارە مودەوەرانەی کە هەیە، پەرلەمان خۆی موتابەعەیەکی جددی لەسەر بکات، ئەم پرۆژە دووبارانەی کە لەمساڵ پارەیان بۆ دیاری کراوەتەوە، ئەم پرۆژانەی کە دوو جار ناویان هاتووە، ئەم پرۆژە نازەرورانەی کە لە هەندێك شوێندا شتی زۆر زەرورتر هەیە، بەلاّم نازەرورەکان نووسراون، هەمووی ئەوانە تەعدیل بکرێت و چاك بکرێتەوە، دەتوانرێت هەموو مەنتیقەکان بەو پێیەی کە چاوەڕانمان هەیە بەشێوەیەکی موتڵەق نا چارەسەری بەشێکی زۆری کێشەکانمان بکەین، ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە لەبەر ئەوەی هیچ پرۆژەیەك نییە لەبەر دەستیان تا بڵێین ئەو پرۆژانەتان خراپە، یان ئەوە باشە، مولاحەزاتێکمان لەسەر ئەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە چاوەڕوان دەکەین کە بابی موحاسەبات ئەوەیش دەکەوێتە ئاخیری ساڵ، کە ئەوە کارێکی دیوانی رەقابەی مالییە، بە ئامادە بوون و بە ئاگاداری بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی کە ئێمە چاوەڕوان دەکەین لە وەزارەتی پێشمەرگە، کە بەزووترین کات هەوڵ بدات سیمای دوو ئیدارەیی وەکو هەنگاوی باشیشی ناوە، بەتایبەتی لە دروست کردنی چوار لیوایە، لەو ماوەیەدا بەتەمان کە دروستی بکەن، لیوایەکان بێت تەرەف بن و مووچەی هێزی پێشمەرگە تاکو ئێستا چوار نەوع مووچە بەس لەولاو لە ئیدارەی سلێمانی سەرف کراوە، لێرە هەر هەمان شت ئەو نەوعانە چاك بکرێت، مووچەی هێزی پێشمەرگە وەکو یەکی لێ بکرێت، کە دەڵێن بە داخەوە دوو سەد هەزار دینار لە هەندێك شوێن بۆ پێشمەرگە سەرف دەکرێت، کە پارەی نەك هی مانگێك نییە، رەنگە هی چەند رۆژێکیش نەبێت، من لەگەڵ ئەوەدام رەنگە پێشمەرگەکانیش تاکو ئێستا کە ئاسایش بەرقەرارە، رەنگە ئەو واجیباتە زۆرەیان نەبێت، کە بڵێین ژیانیان تەنها لەسەر ئەو دوو سەد هەزارەیە، بەلاّم دیسانیش پێویستە ئیلتیزاماتی زیاتری بۆ دروست بکرێت، بەلاّم مووچەکەشی باش بکرێت، بەلایەنی کەمەوە مووچەکەیان یەك جۆر لێ بکرێت، نەك چوار جۆر، بۆ بەشی وەزارەتی شەهیدان ئەم پارەیەی کە بۆیان دانراوە دەستیان خۆش بێت، رەنگە بەشێوەیەکی زۆر باش دابەشیان کرد بێت، هەرچەندە پێمانوایەو داوا دەکەین وەکو لیژنەی کاروباری شەهیدان هەرچی بکرێت لە هەر شوێنێك پارەی ترمان بۆ ئیعادە دەکرێتەوەو سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت هەوڵێکی جددی بدەن بۆ بەشی تەندروستی و بەشی پەروەردە زەرورە، بەلاّم کەسوکاری شەهیدان و خزمەت پێ کردنیان لە هەموو ناوچەکاندا لە پێش ئەوانیشەوەن، هەرچی بۆیان بکرێت ئەمە واجیبێکی ئەخلاقی و نیشتمانی ودینییە، سەبارەت بە لیژنەی ناوخۆ کە ئێمە لەوێدا ئەندامین، جاری یەکەم ئێمە پرۆژەکەمان رەد کردەوە لەسەر ئاسایش، بەتایبەتی کە وتمان بە دوو پرۆژە قسەی لەسەر ناکەین، لە نەتیجەی نووسراوی دووەمی بەڕێزتان بۆ رێزگرتن لە نامەکەی ئێوەو بۆ قبول کردنی ئەمری واقیع، ئێمە ئەوەمان قەبول کرد، بەلاّم بە کۆمەڵێك تەحەفوزەوە نامەکەمان نووسی، بۆیە من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو رەخنەیە، کە برادەرانی لیژنەی دارایی لەگەڵ ئەوەن دەستخۆشیان لێ**

دەكەم، بەڕاستی ماندوو بوونێكی زۆریان كێشا، ئێمە كە خۆمان لیژنەین، دوو لیژنـەمان بـە دەسـتەوە بـوو، خۆمـان هەراسـان بـووین، دەبێـت ئـەو واقیعـە بـزانین، ئـەوان سەرپەرشـتی كـردن و دروسـت كردنـەوەی راپۆرتێك لەسەر راپۆرتی نۆزدە لیژنە بەو هەموو كەموكورتی و رەخنە گری و گلەیی و گازاندانەوە دەبێت ماندوو بوونی ئەوان چەند زۆر بێت؟ بەلاّم دەبوایە ئەگەر بـە مولحەقیش بێـت، ئـەم رەخنانـەی ئێمـە لـە وەزارەتـی نـاوخۆدا گرتوومانــە، یـان لـە پرۆژەكـانی ئاسایشـدا گروتوومانـە ئیزافـەیان كـرد بوایـە لەسـەر راپۆرتەكەی خۆیان، بۆ ئاینده خزمەت بە حكومەتی هـەرێمی كوردسـتان دەكات، خزمـەت بـە نەهێشـتینی سیمای دوو ئیدارەیی دەكات، كە لە خزمەتی تاك تاكی كۆمەڵگای خەڵكی كوردستان دایە، لەناوچـەكەی مـن كە رانیەیە ئێستا بڕیاردراوە لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستان، كـە دوای موافەقـەت لەگـەڵ پەرلـەمان و سـەرۆكایەتی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، دەكرێـت بـە ئیدارەیـەكی سـەربەخۆ، دەروازەی راپەڕینـەوە یەكێكە لە قەزا فراوانەكان، كە جەمعیەتی نزیك بە دوو سەدو پەنجا هەزار كەس دەبێت، پشدەر زیـاتر لـە سەدو دە هەزار كەسە زائیـدەن بیسـت، سـی هـەزار كەسـی لەمەرگـە، بـەلاّم بەداخـەوە ئـەم پارەیـەی كـە لـە پشدەرو بتوێن سەرف كراوە، رەغمی ئەوەی پشـدەر هێلانەكـەی شۆڕشـەكان بـووە، هـەر لـە سـەرەتای سـاڵی 1961 و ئەوانــەوە، بــەلاّم پـارەی هــەردوو قەزایەكـە كـۆ بكەیتــەوە، رەنگـە نەكاتـە پـارەی یــەكێك لــەو قوتابخانەی بەناوی شویفاتەوە دروست كراوە، من پێموایە ئەم پارەیەی بۆ قوتابخانەی شـوێفات، نـەك هـەر بۆ پشدەرو بتوێن زەرورە، دەكرا لە كوردسـتاندا ئـەم پارەیـەی لـەم سـێ شـوێنە بـۆ شـوێفات سـەرف كـراوە، سەدان قوتابخانەی پێ دروست بكرێت، بەو حیسابەی كـە هـەموو بـرادەران لێكیـان دایـەوە قوتابخانـەكانمان بەچەند؟ نازانم من لە یەك شت بە گومانم تا ئێستا، ئەم عەقدەی لەگەڵ دروست كردنـی ئـەم قوتابخانەیـە كراوە چۆنە؟ ئایا ئەوان هەر بۆ ئیستیسماری خۆیان هاتوون؟ یان ئەوان هـاتوون خزمـەت بـە ئێمـە بكـەن؟ ئەوان مەرجیان لەگەڵ حكومەتی هەرێم هەیە كە خزمەتگوزارییـەكانیان عایـدی ئێمـە بێـت، ئەگـەر ئـەوە بێـت مـن قسـەیەكم نییـە لەسـەر ئـەو مەسـەلە، چـونكە لـە چـۆنیەتی بەسـتنی عەقدەكـە، ئێمـە هـیچ مەعلوماتێكمان نییە، من زۆریش لە برادەرانم پرسیار كرد، هەمووی بێ مەعلوماتە لەسەر ئەو مەسەلەیە، لەسەر شێوەی عەقدەكە، من داوا دەكەم هەموو ئەو پرۆژانەی كە پەیوەندییان بە بەرنامەی خزمەتگوزاری گشتی نییە، بسڕێنەوە پارەكەیان لە شـوێنی خۆیـان بـۆ دەوائیـری تـر سـەرف بكرێـت، بـوونی نـا رۆشـنی لـە پرۆژە بەردەوامەكانی ساڵی رابـردوو، پەرلـەمانی كوردسـتان موتابەعەیـەكی جـددی بكـات، مـنح و ئیعانـات جگە لە بواری كۆمەلاّیەتی لە هەموو شـتەكانی تـر كـەم بكرێتـەوە تـا رادەیـەكی زۆر كـەم، چـونكە ئەوەیـە بۆتە مایەی قسە لەسەر كردنی بۆ هـەموو كـەس، مـن بەداخـەوە دۆڵـی بالیسـان و شـێخ وەسـانان و وەرێ و دۆڵی مەلەكان، كە خاوەنی زیاتر لە چوار سەد شەهیدی كیمیاباران و زیاتر لە شـەش سـەد تـا حـەوت سـەد بریندارییان هەیە، ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنن لەناو پرۆژەكاندا ناویان نەهاتووە، ئێمـە تـەنها دەتـوانین لە ساڵ رۆژی یادەكەیان دابچین دوو، سێ فرمێسكیان بۆ بڕێژین كە ئەوەش هیچ بە كەڵك نایەت.

زیاد كردنی سولفەی عەقاری وەكو زۆربەی برادەران باسیان كرد، من داوا دەكەم چەندی بكرێت لەلادێ و لە شارە بچووكانیش وەكو شارەكانی تری لێ بكرێت، رەنگە ئەوە هەنگاوێكی جددی بێت، بۆ ئاوەدانكردنەوەی دێهات و گەشەكردنی بواری كشتوكاڵی، نەهێشتنی سیمای دوو ئیدارەیی، كە خزمەتی هەموومان دەكات و هەموو لایەكیشمان رەنگە هەرچەندە هەنگاوی بۆنراوە، بەلاَم هەتا جددی تر كاری لێ بكەین باشترە، من لە كۆتاییدا دەڵێم یەك شت قەرەبووی تۆپبارانی پشدەر كە بە درێژایی پێش راپەڕین خۆتان دەزانن ناوچە سنوورییەكان تووشی چ موعاناتێكی شەڕی ئێرانی و عێراقی بوون، لە ساڵی 1991یەكیش بە دواوە، هەمیشە سنووری پشدەر تاوەكو دەگاتە حاجی ئۆمەران بەردەوام تۆپباران كراوە، ئەوەش چارەسەر بكرێتەوە، لە كۆتاییدا تەنها ئەوەندە دەڵێم خۆزگە منداڵی هیچ بەرپرسێك لە رێگای شۆڕشەوە پێگەیشتووە هەست بە شۆڕشگێڕ بوونی خۆی دەكات منداڵەكانی خۆی نەناردبایە بۆ ئەو قوتابخانەی شوێفاتە، هەمیشە لە قوتابخانە سادەكاندا لەگەڵ منداڵانی خەڵكی تردا بخوێنن، ئەوە جێگای شانازییە بۆ ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزیش ڤێرێ پشتگیریا خۆ لە پرۆژا بودجا حكومەتێ بۆ ساڵە دارایی 2010هێ دەرێ دەخەم بەگشتی، بەتایبەتی بۆ ئەڤ پۆستە گرێدانە قەزا زاخۆ، ئەز وەكی كچا بازارێ براستی دبینم جێهێ دلخۆشییە، كە داخازم پێتیڤیا قەزا زاخۆ هاتنە بەرچاڤ كرن، نزیكی چل و شەش پرۆژەن لە دەڤەرا سنوورێ ڤێ قەزایا هاتە پێشنیار كرن وەكی درست كردنا زانكۆیا زاخۆ، درست كردنا هۆلە وەرزشی، درست كردنا پردا ڤێدانێ، دار چاندن، چاك كردنا پردا دەلالێ، چێ كرنا جادەن چەند تەخێن قەزا زاخۆ، هەروەسا چێ كرنا رێ گەلی زاخۆو گەلەك تشتێن دی، بەلكو زاخۆ باژێرە سنوورییە، ستراتیجیە، بازرگانییە، گەشتوگوزارییە، دەرگا هەرێمێ كوردستانێ بۆ جیهانا رۆژئاڤا، بجوونا من چەند بێتە كرنێ بۆ ڤێ قەزایێ هەركێ مە، تایبەت چونكە ئەم باژێرە بەرو فراهینە دچتن و ژمارا وێ ساڵێ پتر دێت، كەموكوڕیا وێن لە مێژەدا گەلەكن، كێم هاتە كرن، دبینم گرنگی هاتڤا دانێ بۆ كەرتێ دن، بۆ نموونە وەكی كاك ئەمیر گوگە ئاماژە پێ كرد، كەرتا پەروەردەیە كە پرۆژە ئێكە مەزنترین ئارێشەیێە سنوورێ ڤێ قەزایا، چ ڤێ پرۆژە نەهاتە تەخصیص كرنێ، بەرێ من تێگەیشتن هەیە، كە هەموو كەموكوڕیەن ڤێن قەزایەن ڤێن دەڤەرێ نایەنە كرنێ بودجا ئێك ساڵێ، داخازیا دكەم كە گرنگی پێدا ڤیلدانێ كەموكوڕیان ساڵێن داهاتێ، داخازێ حكومەتا هەرێمێ ژت دكەم پشتی بێ كاران ڤێ بودجێ كە نزیكترین وەخت ڤە پرۆژا جێ بەجێ بكەن، ئیش ڤەر گەلەك گرنگی هەیە، گرێدانی هەیە ڤێ ژیانا رۆژانە خەڵكێ ڤێ دەڤەرێ گەلەك سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شێرزاد عبدالحافز فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من هەوڵ دەدەم ئەوانەی گوتراوە دووبارەی نەکەمەوە، ئەگەر دانەیەك، یان دووان دووبارە بکەمەوە، ببوورن دیارە لێرە نەبوویمەو لەو کاتە ئاگام لێ نەبووە قسەیان کردووە، من لەوێ لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەست پێ بکەم، کە بەڕاستی لەناو بودجەی ئەمساڵدا شتێك نییە بەناوی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، ڕەنگە بیانووش بۆ ئەوە ئەوە بێت کە ئەنجومەنی پارێزگاکان یاسایەکیان نییە ئیشی پێوە بکەن، بەلأم ئەنجومەنی پارێزگاکان لە خولی دووەمدا یاسایەکیان بۆ دەرچووە، ئێستا یاسایەك هەیە بۆ ئەم ئەنجومەنەی ئێستا نابێت، ئێمە قەرار وایە لە 10/31 هەڵبژاردن بکرێتەوە، لەو کاتەوە بۆ شەش، حەوت مانگێك حەقی وا بوو لە بودجەی ئەمساڵدا بۆ ئەوانیش دیاری کرا بوایە، من کە زۆر باسی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەم، من لە سنوورەکەی خۆمدا تیا دەژیم، بەڕاستی بە پەنجەی دەست پرۆژەکانی حکومەت هەیە، کە دیارن، ئەگینا ئەوەی کراوە هەمووی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردوویەتی لە و سنوورانەی کە هەیە بە هینێکی زۆر کەمەوە، بە بودجەیەکی زۆر کەمەوە کە لە 17٪ەکەش نییە، ئەویش بودجەکە پار دوو سەد ملیار دینار بوو، تەقریبەن دە ملیارێك بەر ئەو شارەی من کەوتووە، کە چەمچەماڵە، ئەو پرۆژانەی کە حکومەتیش کردوویەتی، کە ئێستاش لە پرۆژە بەردەوامەکاندا هەیە، من حەز دەکەم دوو، سێیەکتان پێ بڵێم کە وەزعی چونە؟ یەکیان/ ڕێگای کانی شەیتان، ئاغچەلەر، ئەمە تەقریبەن ملیارێك و هەشتاو دوو ملیۆنی بۆ دانراوە لەلاپەڕە پازدەدا ئەمە تەواو بووە، من خۆم دوو هەفتە پێش ئێستا پێیدا ڕۆیشتووم، یەعنی ئەم پارەیەی کە ئەمساڵ دانراوە ملیارە، من نازانم ئەوە بۆ چیە؟ دوو/ ترازوو جێگر لە سەنگاو و شۆڕش، ئەوە هەردووکی تەواو بووە، پارەی تری بۆ دانراوە لە لاپەڕە شازدەدایە، دروست کردنی پردی چەمچەماڵ هاوکارم عەزیمە خان باسی کرد، کە ئەویش پارەیەکی زۆری بۆ دانراوە، تەواو بووە لە لاپەڕە شازدەدایە، بیست خانوو لەسەنگاو کە ئەویش تەواو بووەو ئیستیلام کراوەو خەڵکی تیایە، پێم سەیرە ئەو پارەیەی بۆ بۆی تەرخان کراوەتەوە؟ ڕێگای شێردەرە، قەرەوەیس ئەوە تەواو بووە، تێکەڵە ڕێژ بووە، جارێکی تر پارەی بۆ دانراوەتەوە، قیرتاو کردنی مەقەری خەلەفی سەرۆك کۆمار لە تەکیە، پارەیەکی بۆ دانراوە، پارەیەکی تری بۆ دانراوەتەوە، بەلأم وجودی نییە، یەعنی من خەڵکم ناردووە، خۆمان هەموو چووین، یەعنی شتێك نییە لەو بابەتە پرۆژەیە بێت، ئەوە دیار نییە، دروست کردنی ڕێگای گوندی ساتی، ئەوە تەواو بووە، لە کەرکووکیشەوە ئەمری هەیە، تەبعەن بۆ ئەو جادەیە، پرۆژەی ئاوی فەقێ میرزا ئەوە تەواو بووە، خزمەتگوزاری شارەوانی ئاغچەلەر وجودی نییە، دیواری ڕاگرو سیاجی ڕێگا تەواو بووە لە ئاغچەلەر، قوتابخانەی چەمچەماڵ لە پشتی فەرمانگەی داد، ئەوە تەواو کراوە، ئەمساڵ ئەمانە هەمووی پارەی بۆ سەرف کراوەتەوە، تەبعەن مەجموعەیەك بۆ کەرکووك**

کراوە، کە بەڕاستی ئێمە نەمانتوانی بە دواداچوونی بۆ بکەین، تەبعەن ئەویش هەر لەسەر بودجەی تەواوکاری ئەوانەیە، شوێنەکان زۆری نامەعلوم و ئەوەیە، ئەوەی کە کراوەو باس دەکرێت خانووی ئەنفالەکان، مەجموعەیەك خانوویان بۆ کراوە لە چەمچەماڵ بە عەدەد نازانم چەندە؟ بەلاّم زۆرە، پەنجاو شتێك ئەوەندە دەبێت تەقریبەن، تەبعەن حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان هاتن ئیفتیتاحی ئەو خانووانەیان کرد بەناوی ئەوەی کە ئەمە هی حکومەتەو بۆ ئەو سنوورە کراوە، زۆر دڵمان پێخۆش بوو، بەلاّم دوایی دەرکەوت کە ئەوە پارەکەی لە مونەزەمەی پۆلسەمەندی کەندییەوە کۆمپانیای پۆلسەمەندی کەندی دوو سەدو بیست ملیاری داوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو شەرتەی کە لە ناوچەی گەرمیاندا سەرف بکەن، فیعلەن ئەوە لەناوچەی گەرمیان سەرف کراوە، پێموایە ئەوە لەسەر بودجە نییە، ئەو پرۆژەیە لەسەر بودجەی هەرێم نییە، ئەوەی کە ئەمساڵ حکومەتی هەرێم لە پرۆژەکەیدا هەیەتی لە بودجەکەیدا هەیەتی بۆ چەمچەماڵ، بەڕاستی برادەران هەمووتان دەزانن چەمچەماڵ قەزایەکە تەقریبەن ئەگەر لە هەموو قەزایەکانی کوردستان گەورەتر نەبێت، رەنگە دووەم بێت، سێمان هەیە، سێ بینایەیان کردووە، یەعنی سێ پرۆژەیە بایی چوار ملیارو شەش سەدو سی و چوار ملیۆن دینارە، کە ئەنجومەنی پارێزگا پارساڵ بایی دە ملیۆنی سەرف کردووە، بێینە سەر ئەو خانووانەی مودیر ناحیەکان کراوە لە ناحیەکان نۆزدە خانووە، بۆ ئەوانە زۆربەیان تەواو بووە، ئێستا خەڵکی تیایە، بەلاّم دیسان جارێکی تر پارەکانیان دووبارە بۆتەوە، ناڵێم لە 100٪ دووبارە بۆتەوە، بەلاّم بۆیان هین بووە، یەعنی بۆیان ئەوە بووە تەواوکاریان بۆ بکەن، بۆ یەکگرتنی هەردوو ئاسایش تەبعەن لە لیژنەی ناوخۆ زۆر باسمان کردووە، پشتگیری قسەکانی کاك عبداللە بەزیادەوە دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە من پێموایە بەس مووچەیان بۆ سەرف بکرێت تا ئەو کاتەی یەك دەگرنەوە، دەلیلیشم بۆ ئەوە ئەوەیە هەردوو ئەو دوو بەڕێزە بەرپرسەی ئاسایش خۆیان باسیان کرد لە لیژنەی ناوخۆ گوتیان ئێمە سێ رۆژ تا چوار رۆژ هەفتەی دوو هەفتە باسمانە، هەموو ئیشەکانمان تەواو بووە، ئەگەر تەواو بووە، یەعنی هیچ پێویست ناکات بە دوو بودجە بێت، من بە جەنابیشیانم گوت، ئەگەر ئێوە وا بوایە با هەردووکتان بە یەك فایل بۆمان بهێنایە موشکیلەمان نەدەبوو ئێستا، بەداخەوە کە لە لیژنەی مالیەش ئەو ئیقتیراحەی کە ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ کردوومانە نەبینی، دووبارە لە لیستەکاندا کە تەماشای دەکەیت دووبارە بوونەوەی زۆرە لە هینەکان، لە داواکارییەکان، لە پرۆژەکاندا هەیە، حەق وایە چاوێکی پێدابخشێندرێتەوەو نەمێنێت، دێمە سەر شەهیدان، برادەران هەمووتان دەزانن ئەگەر بە خوێنی شەهیدان نەبوایە، ئێمە لێرە نەدەبووین، ئەو پارەیەی کە دانراوە بۆ شەهیدان لە 50٪ زیاد بکرێت، من پێم زۆر کەمە، ئەو شەهیدەی کە ئەو کاتەی شەهید بووە، بەتایبەتی پێش راپەڕین، ئێستا ئەگەر بمایە بەلایەنی کەمەوە ئامر لیوا، یان عەقید دەبوو، ئینجا بۆیە من لێرەوە پێشنیار دەکەم ئەوانەی کە شەهیدن بەتایبەتی شەهیدەکانی پێش راپەڕین هەموویان دەرەجەی لیوا بێت، کەم و زیادی نەبێت لەگەڵ یەکتریدا فەرقیان نەکەن، ئەوە شەهیدی سەرکردەیەو ئەوە شەهیدی یەکی دیکەیە، برادەرینە شەهیدی سەرکردە هەبووە کەهاتووە بۆ پێشمەرگایەتی خۆڵم فرێداوە پێی، باشە

ئەگەر من شەهید بومایە ناوم سەرکردە نەبوو، بەلاّم ئەو شەهیدە ناوی سەرکردەیە، خانوویەکی وا فـەخم و ئەوەیان بۆ کردووە، ڕێـزم بـۆ هـەر هـەموویان، بـەلاّم حـەقی وایـە فـەرق لـەنێوان شـەهیدەکان نـەکرێت، چونکە شەهید هەمووی خوێنی ڕێشتووە، شـەهید هـەمووی دایـك و بـاوکی هەیـە، دایکی دڵ هەڵقرچاوی هەیە، مـن پـێم باشـە مـنح و ئیعانـات ئـەوەی ئـوخرا لـە 80٪ی بـۆ 90٪ بـدرێت بـە کـەرکووك و بـە ئـەو شوێنانەی کە دابڕاون لە کوردستان، چونکە بەڕاستی ئەوە مەسرەفێکی زیادەیـەو مـەجالی زۆر شـتی تیایـە، داهاتەکانمان جێی سەرنجە، ئەوەی کە دەڕوات گومرگە، بەڕاستی زۆر باس باسی گومرگە باس کـراوە باسـی ناکەمـەوە، دەمـەوێت بێمـە سـەر تەبەقەیـەکی تـر لـە کۆمەلگاکـەمان کەلـە 10٪ی کۆمـەلگای کـوردی بـە عێراقیشەوە کەم ئەندامن، من یەکێکم لەوانەی کە لـەناو ئـەم هۆڵـەدا مـن کـەم ئەنـدامم تیایـە، دەمـەوێت دیفاعی لێ بکەم، دەمەوێت پێشنارێکیان بۆ بکەم پێشکەشی ئێوەی بکەم، حەز دەکەم ئەو پارەی کـە بۆیـان دانراوە بەڕاستی پارەیەکی کەمە، نـەخۆش خـۆی ئـازاری خـۆی دەزانێـت، دکتـۆر ئازارەکـەی نازانێـت، ئێمـە دەزانین کەم ئەندام موشکیلەکانی چیە؟ کێشەی کەم ئەندام چۆن حەل دەبێت؟ ئەو پارەیـەی کـە دەیـدەنێ پێموایە هەر بەشی ئەوە دەکات، ئەگەر سێ ڕۆژ بـە تەکسی بچێتە بـازاڕ و بێتـەوە، یـان سـەردانی دکتـۆر بکات، ئەویش پارەی دەرمان و شـتەکەی نامێنێـت، مـن پـێم باشـە ئەمـە پێشـنیار دەکـەم بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی، دوای ئەوەی کە لیژنەیەکی پزیشکی فەحصـی دەکـات کـەم ئەندامـە دەرەجەکـەی چـەندە؟ ئـەوە دەرەجـەی عەجزەکـەی بـەدەر دەکـەوێت، بـە گـوێرەی ئـەو دەرەجـە عەجزەی ئەگەر هی ئەوە بوو لەماڵەوە بێت، ئەمە حەقێکی بۆ دابنرێت، حیسابێکی بۆ بکرێت و مەبلەغـە پارەیەکی بۆ دابنرێت، تەبعەن ئەوە بەیاسا ڕێك بخرێت، حەقی ئەوەی یەکێك لـە ماڵـەوە خزمـەتی دەکـات بەشەو، یان بە ڕۆژ، یان بەهەردووکیان، حـەقی ئـەوەی کـە دەڕوات بـۆ بـازاڕو دێتـەوە ناتوانێـت وەکـو مـن، وەکو یەکێکی ئیعتیادی بڕوات، پێویستی بەوە هەیە یەکێك ئاگاداری بێت و یەکێکیش یارمـەتی بـدات، لـەو کاتەدا حەقی وایە بیر لەوە بکرێتەوە کە مەبلەغێکی بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەش کـە یارمـەتی بـدات ئـەو کاتـە بەو مەبلەغە دەتوانێت بە قیست سەیارەی پێ بکڕێت، دەتوانێت عارەبانەی پێ بکڕێت، دەتوانێت چـی پـێ بکڕێت، ئەو کاتە پێویستی بە حکومەت نابێت یارمـەتی بـدات، تەبعـەن ئێمـە پێشـمەرگەی هینمـان هەیـە، چـینێکی ترمـان هەیـە کـە پێشـمەرگەی سـەنگەری پـێ دەڵـێن، ئەمانـە ئێسـتا لـە شۆڕشـی ڕزگـاریخوازی گەلەکەمان کەم ئەندام بـوون، مـن پـێم باشـە ئەمانـەی سـەرەوە کـە باسمـان کـرد هـەموو بـۆ ئـەوان ببێـت، سەرەڕای ئەوە حەقی ئەو پلەو پایەو ئەو خزمەتی ساڵانەی و ئەو شتانەو ئیمتیازانەی کە هەیە ئـەوان بـە زیادەوە بەریان بکەوێت، داوای ئـەوەش دەکـەم ببێـت بـە قـەرارێکی پەرلـەمان لەمـەودوا هـەر بینایـەك کـە دروست دەکرێت لە کوردستاندا حیسابی ئەوە بکەن کە کەم ئەندامێك دەچێتە نـاو ئـەو بینایـەوە، چـونکە کەم ئەندام پێویستی بەوە هەیە موڕاعات بکرێت، کەم ئەنـدامانمان وەکـو باسـم کـرد لـە 10٪یـە، مـن ئـەو قسەیە دەکەم بەڕاستی برادەرینە تاسەری ئێسقانی کوردسـتان، بـەلاّم لێرەشـەوە داوا دەکـەم، کـە وەزارەتـی پلاندانان بیرێك لەوە بکاتەوە ئەو بودجەیەی کە سەرفی دەکات بۆ کوردستان، بەگوێرەی ژمارەی دانیشـتوان

بێت، وا بێت ئەو شارەی من چەند عەدەدی هەیە ئەوەندە بودجەی بەربکەوێت، شوێنێکی تریش ئەوەندە، یەعنی هەوڵ بدەین فەرقی تیا نەکەین بە غەیری ئەوەی کە هەندێك شوێن بوو تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە، ئەمە جیایە کەس هین ناکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شەونم فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئاشکرایە لای بەڕێزتان بودجە بریتییە لە بڕێکی دیاری کراو لە پارە، ئەو پارەیە کە بودجەی ئەم وڵاتەیە دابەش دەکرێت بەسەر لایەنە جیاوازەکانی جیهاندا، بێگومان ئەو دابەش کردنەش بەنیسبەت دەبێت، کە دابەش دەکرێت هەندێك جێگا کەم دەبێت، هەندێك جێگاش حەقی خۆی رەنگە نەتوانرێت بە تەواوەتی بدرێتێ، بودجەی ئەمجارە زۆر لەم لایەنانەی گرتۆتەوە، لایەنەکانی کە پێویستە ئیشی تیا بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بودجەکە خاڵی نییە لە هەندێك کەموکوڕی، هەندێك لە کەموکوڕیەکان برادەرەکان باسیان لێوە کرد، بەڵام من وەك ئەندامێك لە لیژنەی وزە، پاش ئەوەی لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان کۆبووینەوە، ئەو تێبینیانەمان هەبوو لەگەڵیاندا، بەداخەوە زۆربەی بەڕێوەبەرە گشتیەکان کە هاتن باسی ئەوەیان دەکرد کە بودجە چۆن ئامادە کراوەو؟ پرۆژەیان چۆن ئامادە کردووە؟ هەموویان ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە ئاگایان لەو پرۆژانە نییە، من خۆم لە ئیدارەدا ئیشم کردووە، ئەوەی دەیزانم بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکاندا بریتییە لە بڕبڕەی پشتی وەزارەتەکان، چونکە لە بەڕێوەبەر گشتیەکانەوە بودجە بەرز دەبێتەوە بۆ وەزارەت و لە وەزارەتەکان کۆ دەکرێتەوەو دەچێتە وەزارەتی دارایی و لەگەڵ پلاندانان، پاشان ئیشی لەسەر دەکەن، بەڵام ئەوە بێ ئاگایی ئەوانیان دەردەخست لەو مەوزوعە، هەتا هەندێك پرۆژەی کە بۆیان کرا بوو دەیانگوت کە ئەو پرۆژانە نییە کە ئێستا ئێمە پێویستمان پێیەتی، بۆ نموونە وەزارەتی صناعە بەرنامەیەکی سێ ساڵی خۆیان هەبوو، بەرنامەکەی خۆیان کە نارد بوو بەرنامە ستراتیجیەکە لەسەر ئەو ئەساسە، لەسەر ئەساسی بەرنامەی ستراتیجیەکە پرۆژەکانیان بۆ دانا بوو، بەڵام ئەوان خۆیان وتیان لە ئێستا ئەولەویاتی ئەو پرۆژانە نەماوە، داوایان دەکرد کە ریز بەندییەکی تری پرۆژەکان بکرێتەوە بۆیان، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین ئەو ریز بەندییە بکرێتەوە، هەرچەند برادەرەکانی پێش خۆشم باسیان کرد، بەس من بۆیە بە تۆزێك تەفسیل باسم کرد، چونکە ئەوە رەبت بوو بەو قسانەی کە هەندێك لە برادەران کردیان، بۆ نموونە داواکارین ئەو پرۆژانە ریز بەندییان بۆ بکرێتەوەو موافەقەتیان بۆ بکرێت بەپێی ئەو ریزبەندییە تازەیە لە بودجەدا تەصدیق بکرێت، چونکە هەندێك لەو خاڵانەدا باس کرا لەو ریز بەندییە چارەسەر دەکرێت، بۆ نموونە کاك دکتۆر جەعفەر باسی پرۆژەیەکی کرد، کە ئەو پرۆژەیە بچووکەو دەبوایە لە جێگایەکی فەرەباڵغ تر کرا بوایە، لەوەی لە جێگایەکی بچووکدا، لەوە دەچێت لەو ریز بەندییە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، هەروەها لە پرۆژە

بەردەوامەکان، لە پرۆژە بەردەوامەکاندا زۆرێك لەو برادەرانەمان کێشەیان لەسەر ئەوە هەبوو، کە هەندێك پرۆژە هەیە تەواو بووە، بۆ نموونە خانووەکانیان تەواو بووە باسی کرد، کەپارەی جارێکی تری بۆ دانراوە، بەڕاستی تەفسیلەکە لە جەدوەلەکە نەنووسراوە، بەلاَم زۆربەی زۆری جەدوەلەکان نوقصانی تیا هەبوو، لەبەر ئەوە داواکارم چ لیژنەی دارایی، چ وەزارەتی دارایی سەیرێکی جەدوەلەکان بکاتەوە، بۆ نموونە ئەو پرۆژانە هەندێکی رەنگە ئیستیلامی نیهائی کراوەو فەترەی صیانەی ماوە، لەبەر ئەوەی فەترەی صیانەی بمێنێت، دەبێت پارەی بۆ دابین بکرێت، بەلاَم ئەگەر لە جەدوەلەکە روون نەکرا بێتەوە، بێگومان برادەران حەقی ئەوەیان هەیە قسەی لەسەر بکەن و داوای رۆشن کردنەوەی ئەو خالاَنە بکەن، هەروەها لە داواکارییەکانی تری وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی کارەبا وەك بەڕێزتان دەزانن وەزارەتێکی پەیوەندیدارە لە بچووکترین پێداویستیەکانی ماڵەکاندا کارەبا داخلە هەتا دەگاتە دروست کردنی ژێرخانی ئابووری لە کوردستاندا، ئەو بودجەیەی ئەوان داوایان کرد بوو، بودجەیەکی زۆر گەورە بوو، لەم پرۆژەیەدا، لەم بودجەیەدا نەتوانراوە جێی بۆ بکرێتەوە، بەلاَم هیوادارم لە داهاتوودا لە بودجەی تەکمیلیدا، یاخود لەو منحانەی کە دێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە رەچاوی ئەو خاڵە بکرێت و بەشەکانی کارەبا بە هەند وەربگیرێت، هەروەها کارەبا لە هەموو شارەکاندا شەبەکاتی تەوزیع، واتا شەبەکاتی ناو شارەکان تاکو ئێستا ئیشی لەسەر نەکراوە بە تەواوەتی، ئەوەی کە کراوە زیاتر تەرکیز کراوەتە سەر سەکتەری بەرهەمهێنان، چونکە بەرهەمهێنان لە کوردستاندا کێشەی ئەساسی بووە، بۆ دابین کردنی کارەبا بۆ هاووڵاتیان، ئێستا بەرهەمهێنان نیسبەتێکی باشی کێشەی بەرهەمهێنان لە کوردستان چارەسەر کراوە، بەلاَم کێشەی تەوزیع ئەگەر لەگەڵیدا چارەسەر نەکەین شان بە شانی بەرهەمهێنان بە تەئکید نوقصانیەك لەوە دەبێت کارەبا بە تەواوەتی ناگاتە ماڵەکان، لەبەر ئەوە داواکارین وەزارەتی دارایی موافەقەت بکات لەم بودجەیە واریداتی کارەبا هەمووی تەخصیص بکرێت لەپێناو بەکار هێنان بۆ چاك کردنی شەبەکاتی تەوزیع لە هەموو شارەکانی کوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر مولاحەزەیەك وەزارەت موافەقەت ناکات، ئێوە موافەقەت دەکەن، ئەو میزانیە لێرە لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێزە، چی لێ دەکەن بۆ ئێوەی پەرلەمانتار بەجێ ماوە؟ وەزارەت بەس پێشکەشی کردووە، دەتوانیت چاکی بکەیت، زیادی بکەیت، لایبەیت، بیگۆڕیت، رەفزی بکەیت، ئەوە بۆ ئێوەی پەرلەمانتار ماوە، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیع دابنرێت، هەروەها ژمارەیەك لە بودجەی تازە نزیکەی نۆ بۆ دە هەزار کەس دامەزراندن هەیە، بەلاَم دیاری نەکراوە لە بودجەکەدا رێژەی ژنان و پیاوان چەندە؟ چونکە وەکو ئیعتیادی لە هەموو دائیرەکاندا ئەگەر هاتو رێژەیەکی تەعینات هەبێت، زۆربەی زۆری دەبێت بە پیاوان، ژنانی لێ بێ بەش

دەبن، وابزانم ئەوەندەی کادیری ژن و پێگەیشتوو لەم وڵاتەدا هەیە، کە بتوانێت لەناو ئەو ژمارە زۆرەدا جێی بکرێتەوە، هەروەها منیش لەگەڵ هاوڕێیەکانم دەنگم دەخەمە پاڵ ئەوان بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و مین و چاودێری دارایش، هەروەها ژمارەیەك معامل هەیە کە وەستاوە، هیوادارم ئەو معاملانە بخرێنەوەگەڕ، بۆ ئەوەی جارێکی تر کەمێك لە کێشەی بێ کاری لە کوردستاندا چارەسەر بکات، خاڵێکی تر، کە وەزارەتی کۆمەڵایەتی هاوکاری ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و لە کەم ئەندامان، لەو کچانەی لە ماڵەوەن و ئیش دەکەن، تەبعەن ئەوە جێگای دەستخۆشیە، بەڵام هیوادارم لە داهاتوودا کار لەسەر ئەوە بکرێت، ڕەنگە لەم بودجەیەدا نەتوانرێت ئەوە جێی بۆ بکرێتەوە، بەس لە داهاتوودا کار بۆ ئەوە بکرێت بخرێتەوە ژێر تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی وەکو بەغدای لێ بێت، تاکو بتوانرێت بەشێکی زۆر لە کێشەکان چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من گەلەك هاتنە کرنێ هەڤاڵێت بەڕێز ئەندامێ پەرلەمانێ گەلەك کرن، من ئەڤە دووبارەی دکەم، بەس من هەرڤێ ڕۆشنایی دکەمە سەر زاخۆ، ئەو بودجە بۆ زاخۆ داینای بەلکی گەلەك دبێژن گەلەکن، بەس ئەگەر زاخۆ ببینن، چ بۆ زاخۆ نەهاتیە کرنێ، زاخۆ گەلەك لێ پاش کەتیە ژی هەمی خزمەتگوزاریا، ئەگەر کەسانێك وەختێك ساڵە 1991 هەتا 2003 ئەمریکی تەیارەکی سیارڤە زاخۆ دێتە پێش چاڤا خۆ وەکو لەوحەکی، کەواتە لە زاخۆدا دادەبەزیت دێتە کوردستانێ و دێتە ناڤ عێراقێ، گومرگا زاخۆ هەتانوکە ژی کوردستانێت ڕێڤەت بەت داراو حکومەت بەرێڤە دبێتن، بەس ئەگەر سەدی ئێکیش گومرگێ بۆ زاخۆ دانابا ڕێڤە زاخۆ ماوە خزمەتگوزاری دێبت، ژ بەر هەندێ ئەو خزمەتگوزاریە زاخۆ هاتیە کرن هەتاکو ئێستا چ نەبوویە، ئیژ بەر هەندێ ئەگەر تڤێ بەرێ خۆ دوو جسەرت ل زاخۆی هەی، ئەو ژێت ئاسنینە وەختێ سەیارەك بەسەر دکڤی تەق تەقەك ژی دەبێت، مەحەلە هەمی کێم ببەن، هەتانوکە جسرێك ئەوەندە بەدل نەهاتیە کرن، خابیرێ زاخۆ نیڤە زاخۆ را بچیت، یەعنی دوو جسر ئەو تنێت هاتنە چون بوو وێ بورخی یا گەلەك زەحمەت بوو، ڤێ جسر زێدە ببن، پارکە وەست تێدا نینە خەڵك بچێت تێدا بحەوێتەوە، وەختێ خۆ بووری، جسرێ پردا دەلال لەوێرێ ئەوژیش ئەسەوارێکی کەڤنە کە زاخۆ پێی مەعروفە، تەقریبەن یا تێکچوو، ژی تێکچوو چەند جار مە داوا کری ڤێ پردێ چێ کەن، ئیعادە کەنەڤە، کەسەك نەهاتە، دروست نەکریە، بەس دەڤرو هەمیا دروست کریاو کرنا پارك و کرنا مەتعەم یەدەنە خەڵکێکی تاجر، مەلعەبەکی لێ هەبی، ئەو ژیا ریازی بوو دەڤرو بەر هەمیا فروتییا دوکان مەلعەبیش بۆ زاخۆ نەما، تۆ بچیە ناو زاخۆ تو شارعێکی تیا نابینی کە تو بێژی ئەڤە شارعە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە لەسەر بودجەكە قسە بكە برای من لەسەر راپۆرتەكە شەرحی زاخۆم بۆ مەكە، شەرحی راپۆرتەكە نوقصانی تیایە، چاكە، خراپە، هی لیژنەكان لەناوی دانراوە، پێشنیار دەكەیت، ئیزافە دەكەیت، من سیاحەت ناكەم بچمە زاخۆ.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەلام ئەو بودجەیەی كە بۆ زاخۆ تەرخان كرییە لەبەر ئەوە من ئەو ئیشارەت پێ دەدەم، دەمەوێت رۆشنا ببێت لەبەر خەڵكەكە، من وەكو لیژنەی ئەوقاف ئەندامی لیژنەی ئەوقافم، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف دانیشتین باسی خۆی كردو باسی وەزارەتەكەی كرد، گوتی ئێمە هەزار و شەست و یەك مزگەوت هەیە كەسی تیا نییە، یەعنی نە ئیمام، نە خەتیب، گوتی هەندێ مزگەوتیش هەنە سێ چوار خەتیب و ئیمامی تیایە، ئێمە دەمانەوێت نەقلی بكەین بۆ ئەوێ، دەڵێن ناقل نابین ناچین، گوتمان بۆ نەقل نابن، فەسڵیان بكەن، یان هەندێكی تر دانێن، گوتی ئەوانە تەعین بوونە بە تەزكیەی شەخصی، كەواتە شەخصی دامەزراوە ناتوانین دەستیان لێ بدەین، گوتیان سێزدە هەزارو سێ سەدو پێنجی موەزەفمان هەیە، گوتمان باشە لەجیاتی ئەوان سێزدە هەزارو سێ سەدو پێنجی بێت وەزارەتێ تەعینن، گوتی بن دیوارا مە دوو هەزار موەزەڤ دی هەنە كە لیستەكا جیایە ئەم پارەی بۆ سەرف دكەین بێ تەعین و بێ رەسمی، ڤێرێ وەكو من ئیشارەت پێدا منیش پشتیوانی دەكەم كە سولفەی عەقاری بێتە سی هەزار بۆ هەموو شارو شارۆچكەكانی كوردستان داكو ئیستیفادەی لێ بكەن، عەفو سی ملیۆن، بەڵێ من هەندەك پرسیار هەنە كو وەزیرێ دارایی و ئابووری دەمانەوێت بزانین واریداتی گرێبەستی نەوتیەكان چەندن و كانن؟ پرسیارا دوێ/ ژی بۆ فروتنا نەوتا رەش واریداتێ وێ كو سەدان تانكەرا نەوتا دێنا فرۆتن ئەو ژی دیار نییە لە زاخۆدا چەندەها تانكەرا نەفتێ ژ بیرا نەفتێ تێتە فرۆتن؟ وەزیرێ دارایی باس كر شەست و سێ پۆینت سی و حەوت بۆ موەزەفا دچێت، ئێمە لە لیژنەكان داوای لیستەكانمان كرد، گوتیان ئەو لیستە نییە، لیستێك موەزەفا تێدا بێتن، بە رەئیا من دوو ئاسایش هەنە، لە ئاسایشی هەولێرێ و ئاسایشی سلێمانی، چاودێری سلێمانی و چاوێری هەولێر، من پێموایە ئەگەر یەك بگرن باشە، ئەگەر یەك نەگرن ئەم بودجەیە بۆ نەدەین هەتا یەك نەگرن، ئەمڕۆ یەك بگرن بەیانی بیاندەینێ، بەیانی یەك بگرن دوو بەیانی بیاندەینێ، یەعنی هەتا یەكتر نەگرن ئێمە بودجەكە نەدەین، ئەم بودجەیە من هەروا ئیشارەتی پێ دەدەم، ئەم بودجەیە لەلای من زۆر كەموكوڕی تیایە، شەفافیەت و ناعەدالەتی تیایە، پێم باشە ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، دووبارە چاكی بكاتەوەو بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار نیشتمان فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من وەك ئەندامێکی لیژنەی شارەوانی کۆمەڵێك خاڵ هەیە لەسەر شـارەوانی دەمـەوێت باسـی بکـەم لەسـەر ئەم بودجەیە، ئەو بودجەیە بۆ وەزارەتی شارەوانی، بۆ بودجەی تەشغیلی، هەروەها بۆ وەبەرهێنان دانراوە زۆر کەمە، دەبێت بە ورياییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین لەگەڵ ئەو وەزارەتانە، لەبەر ئەوەی زۆر پەیوەنـدی بە هاووڵاتیانەوە هەیە، هەر کەموکورتیەك بێت، دەبێتە گلەیی و گازاندە لەلایەن هاووڵاتیانەوە.**

**خاڵی دووەم/ ئەوەیە داواکارین دەسەڵات بدرێت بـە شـارەوانیەکان بـە یاسایەك بتـوانن داهاتـەکانی خۆیـان خەرج بکەن لە بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەیان، کـە ئەمـەش ئـەرکێکی زۆر لەسـەر میزانیـەی تەشغیلی کـەم دەکاتەوە.**

**خاڵێکی تـرم ئەوەیە من وەکو نوێنەری خەڵکی ناوچەی شەقڵاوەو دەوروبـەری، تەبعـەن ئـەو پرۆژانـەی کـە لە شـەقڵاوەو دەوروبـەری تەقـدیم کـراون هیچیان نەخستۆتە بـواری جێ بـەجێ کردنـەوە، کـە ئـەوە زۆر زەرورە لەو مەنتیقەیە شوێنێکی گەشت و گوزارە، ئەو پرۆژانە تێدا جێ بەجێ کرابان، پێم خۆشە جارێکی تر وەزیری پلاندانان ئەو پرسیارەمان وەڵام بداتەوە.**

**یەك شتی تریش هەیە، بەنیسبەت سولفەی عەقار کە برادەران هەموو باسیان کرد، بەڕاستی ئێمەش پێمان خۆشە لە شارۆچکەکان سـولفەی عـەقار وەکـو شـارەکانی لـێ بکرێـت، بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش ئیسـتیفادەی لـێ بکەن، چونکە زۆر شت هەیە لە شارەکانەوە دەچێت بۆ قەزایەکان، یەعنی لەوێوە شتەکان زۆر زۆر گـرانترە، نەك لە شارەکان.**

**هەروەها بەنیسبەت مووچەی کەم ئەندامان وەکو کاك شێرزادیش باسی کرد، من لەگـەڵ ئەوەمـە مووچـەی کەم ئەندامان زیاد بکرێت، چونکە ئەو بڕە مووچەیە ناکاتە ئەوەی ژیانی کەم ئەندامی پـێ دابـین بکرێـت، بەڵکو ئەو زیاتر مەسرەفی کەم ئەندام زۆر زیاترە لەو پارەیەی کە بۆی دابین کراوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار کوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سەرەتا لە خاڵی یەکەمی ڕاپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری داراییەوە دەست پێ دەکەم، دیارە ئێمە هـەمووومان دەزانـین کـە سـاڵی 2007 و 2008 و 2009 ئەمسـاڵیش 2010 بودجـەی پێشـنیار کـراو تـەخمینی فەترەیەکی زەمنی زۆر کە کەمترینیان چوار مانگە درەنگ هاتۆتـە پەرلـەمان، هـەموو جارێکیش تـەبریری حکومەت و وەزارەتی دارایی ئەوە بووە، کە ئەم بودجەیە لە پەرلەمانی عێراق پەسند نـەکراوە، بـەڵام ئـەو سەبەبەی کە کاتێك کە بودجەی ئەمساڵ لەناو پەرلەمان خوێندنەوەی یەکـەمی بـۆ کـرا هێشـتا بودجـە لـە پەرلەمانی عێراق پەسند نەکرا بوو، ئەو تەبریرەی بێ بنەما کرد، بۆیە من پێموایە هیچ تەبریرێك نییـە بۆ دواخستنی بودجە، ئێمە هـەموو سـاڵێك، سـاڵانی پێشـوو لـە ڕاپـۆرتی خۆمانـدا تەوصـیەمان کـردووە بـۆ حکومەت، کە بودجە لە کاتی یاسایی خۆیدا بنێرێت، بۆیە من لێرەوە داوا لە پەرلەمانی کوردسـتان دەکـەم،**

که ئێمە ئەمساڵ لە پرۆژەی یاساکەدا سزایەك دابنرێت، بۆ ئەوانەی کە هۆکار دەبن بۆ دواخستنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011، بۆ ئەوەی ئەمە وا بکات حکومەت لەکاتی خۆیدا بودجەکە بنێرێت، من قسەی ئەو برادەرانە ئیزافەیەکی دەخەمە سەر کە باسی دوو وەزارەتی داراییان کرد، باسی نووسراوەکان ناکەم، من باسی ئەو ستافە دەکەم، ئەو ستافی دارایی سلێمانی کەئێستاش بە هەمان شێوە لە سلێمانی دەوام دەکەن، ئەمە بەوازیحی دەیسەلمێنێت کە دوو وەزارەتی داراییمان هەیە، هەمووشمان دەزانین وەزارەتی دارایی رۆحی حکومەتە، کە وەزارەتی دارایی یەکی نەگرتۆتەوە، ئەم حکومەتە دوو حکومەتە، بۆیە من ئەو پرسیارە لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، کەی ئەم دوو وەزارەتە یەك دەخاتەوە؟

دیارە ئەوە ئیشی حکومەتە، بەڵام ئەرکێکی سەرەکی دەکەوێتە سەر بەڕێزیان، سەبارەت بە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی، دیارە کەموکورتیەکی زۆری تیا بوو، من پشتگیری هەموو خاڵە لاوازەکانی هاوڕێیەکانم کە باسیان کرد پشتگیری دەکەمەوە، بەڵام دوو مەسەلە لێرە باس دەکەم، یەکەمیان/ ئەوەیە بەڕێزیان لە یەکێ لە خاڵەکان باسی ئەوە دەکات، کە ئەوان حیسابی ختامی شەش مانگی 2009یان بینیوە، ئەی ئایا حیسابی ختامی ساڵی 2008یان بینیوە؟ لە کاتێکدا ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان نە حیسابی ختامی 2008مان بینیوە، نە شەش مانگی یەکەمی 2009، ئێمە نەمانبینیوەو بۆ کەس نەهاتووە، لە راپۆرتەکە من تەئیدی ئەوە دەکەم، کە راپۆرتێکە تەنها خوێندنەوەی بۆ بودجە کردووەو تەوصیاتی داوە، پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم کە ئەمە راپۆرتی لیژنەیەکی، دەزگایەکی چاودێری پەرلەمان نییە، باس لەوە دەکات لە حیسابی، لە تێچووی وەگەڕهێناندا حیساباتی هاوکاری بەخشین، سوودە کۆمەڵاتیەکانی تر لە سەدا بیست و یەك و چل و حەوتە، من لێرەوە پێشنیار دەکەم، کە ئەم پێشنیارەم هەیە لە 50٪ی ئەم حیساباتانەی هەر سێ سەرۆکایەتی ببڕدرێت، هینی هەموو وەزارەتەکان جگە لە وەزارەتی کۆمەڵایەتی و وەزارەتی صحە بکرێت بە سێ بەشەوە، بەشێکی بخرێتە سەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی ئەو خێزانە هەژارانەی، ئەو خێزانە کەم دەرامەتانەی کە تاکو ئێستا تەنها سی هەزار دیناریان هەیە بەپێی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی کە لە سەد هەزار کەمتر نەبێت.

خاڵی دووەمم/ لەگەڵ ئەوەی کە دەبوو ئەمساڵ بینای چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی دروست بکرایە لە بودجەی ئەمساڵ، دروست نەکراوە، من دەپرسم بۆ نەخراوەتە بودجەی وەبەرهێنانەوە؟

خاڵی دووەم بخرێتە سەر ئەو بودجە کەمەی کە دانراوە بۆ کەرکوك و ناوچە ناکۆکەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان.

من تێبینیەکی ترم هەیە، ئەوەیە کە زۆربەی وەزارەتەکان وەك هاوڕێیەکانم باسیان کرد، ئاگایان لە ئەخیر بودجەی تەخمینی خۆیان نییە، ئەوەمان بە وازیحی لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی باس کرد کەنەیانبینی بوو، جگە لە 17٪ەکە داهاتەکانی دیکە دیار نییە، من ئەو قسانەم بۆ وەزیری سامانە سروشتیەکان بوو، کە بەداخەوە لێرە نییە، من ناپرسم پێنج ملیۆن دۆلارەکەی شیرینی لەکوێیە؟ ناپرسم داهاتی ئەو تانکەرە نەوتانەی خۆم پارساڵ لە مانگی هەشت کە سەفەری ئێرانم کرد بینیومە کە دەچێت

بۆ ئێران، لە کوێیە؟ من یەك شتی لێ دەپرسم، هیوادارم هاوڕێیەکانی ئەم پرسیارەی کە لێرە گوێی لێمە ئەوەیە کە لەم هەرێمە کۆمەڵێك مەسفا هەیە، بە قسەی خۆی کە لەگەڵ لیژنە باسی کردووە، زیاتر لە سەد مەسفا هیچیان ئیجازەی حکومەتیان نییە، من دەپرسم ئایا هاووڵاتیەکی ئاسایی ئەم هەرێمەی ئێمە دەتوانێت مەسفا دانێت؟ دەتوانێت نەوتی خاوی بۆ پەیدا بکات؟ دەتوانێت بەرهەمی بێنێت؟ ئەی داهاتی ئەم بەرهەمە نەوتیانە دەچێتە کوێ؟ ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێیە، ئیجرائاتی بەڕێزیان چیە بۆ هاووڵاتی ئاسایی بتوانێت مەسفا دانێت و نەوتی خاوی بۆ بێنێت و بەرهەمەکانیش ساغ بکاتەوە، ئەگەر نەخێرە، کێن صاحێبەکانی ئەم مەسفایانەو داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێت؟

داهاتی ناوخۆ ئەمە بەهیچ شێوەیەك قەناعەت بە من ناکات، کە ئەمە داهاتی ناوخۆ ئەوە نەبێت، من لە بەڕێز وەزیری دارایی دەپرسم هەر ئەم داهاتی ناوخۆیە بوو، کە پێش پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق، ئێمە ئەم هەرێمەمان پێ ئیدارە دەکرد، مووچەی فەرمانبەرانمان لێ دەدات، کۆمەڵێك پرۆژەشمان لێ دەکرد هەروەك تەیارەخانەکەی سلێمانی و هەروەکو تەلاری هونەر پێش پرۆسەی ئازادی کراون، خێرە ئەم داهاتە زۆرە، ئەم داهاتە قەبەیە، ئێستا وا کەمی کردووە. لەبودجەی تەشغیلیدا یەك بەراورد دەکەم، بەراوردەکەم ئەوەیە، کە ئەگەر هێزەکان کۆ بکەیتەوە ناوخۆ، ئاسایش، پێشمەرگە، لەکاتێکدا مووچەی پێشمەرگە ئەوەندە کەمە شایانی باس کردن نییە، دەکاتە روبعی ئەم بودجەیە، کە دەکاتە نزیکەی دوو ملیار دۆلار، بودجەی وەزارەتی دارایی لەگەڵ ئەمانە کۆ بکەیتەوە دەکاتە لە 48٪ی داهاتەکە، من ئەم پرسیارانەم هەیە، یەکەم/ کە کاتێك مووچەی ئەم هێزانە ئەوەندە کەمە، ئەم بودجە زۆرە بۆ؟

دووەم/ بودجەی وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەندە زۆرە، کە بەراوردی دەکەیت لەگەڵ وەزارەتە خەدەمیەکانی وەك کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، صناعەو تیجارە، ئەو دوو لەسەدا سێیە، لە کاتێکدا بودجەی وەبەرهێنانەکەی شایانی وتن نییە ئەوەندە کەمە، ئایا ئەم بودجەیەی ئێمە دەتوانێت پێداویستیە سەرەتاییەکانی کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، بەتایبەتی ئاوەڕۆی هەولێری پایتەختی شاری کوردستان چارەسەر بکات؟ دەتوانێت وەزارەتی بازرگانی کێشەی سایلۆو مەخزەنەکانی ئازووقە بۆ شاری سلێمانی چارەسەر بکات، کە هەموومان دەزانین ساڵ دوازدە مانگە گەنمی شاری سلێمانی لەبەر هەتاو بارانە؟ لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ، دیارە ئێمە دەزانین کە ئەو بودجەیەی بۆی دانراوە، چ لە بەرهەمهێنان، چ لە بودجەی تەشغیلییەکە زۆر کەمە، لە کاتێکدا کابینەی پێشوو پلانێکی پێنج ساڵی هەبوو، ئەم حکومەتە دیارە تەواوکەرو درێژە پێدەری کابینەی پێشووە، چی دابین کردووە بۆ پلانی کابینەکەی پێش خۆی لەمەو، دیارە لەسەر پرۆژەی وەبەرهێنان زۆر قسە کرا، من تەنها ئەوەندە دەڵێم هاوڕێیەکانم باسی جیاوازیان لە شارەکانەوە کرد، من لە گوندەوە دەست پێ دەکەم، ئێمە گوندێکمان هەیە لە قەراغ گوندی شێخ مستەفا، من خۆم جەولەم کردووە، دە رۆژ پێش ئێستا لە قەراغ، کەدەچیتە ئەم گوندەیە وا دەزانی لە ئەوروپای، بەڵام سەرجەم گوندەکانی تر هەست دەکەیت کۆمەڵێك گوندن لەشارێکی زۆر دواکەوتوو، بە مەرجێك ئەمساڵ لە بودجەی ئەمساڵ بۆ راکێشانی بۆڕی ئاو سەدو بیست ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، ساڵی پار سەدو شەستی بۆ دانراوە لەبەرامبەردا بەشێکی

زۆری گەڕەکانی شاری سلێمانی تۆڕی ئاویان نییە، لەوانەی کە بیرمە، کانی سپیلکە، ئەوالْ، کۆستەی شەم، قولەرەیسی، من پێش ئەخیر یەك شتم هەیە، ئێمە دیارە نەوەد ملیۆن دۆلار دانراوە بۆ حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، دیارە کادیرە حزبیەکان زۆربەی حزبە سیاسیەکان لە سلێمانی لەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکان مووچە وەردەگرن، لە هەولێرو دهۆك خراونەتە سەر وەزارەتەکان، پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی دارایی ئەم مووچانە بگوازێتەوە هینی زۆربەی حزبە سیاسیەکان بۆ سەر بودجەکانی خۆیان، بۆ ئەوەی ئەو تەزەخومەی هەیە لەسەر بودجە کەم بێتەوە.

من ئەخیر شتم ئەوەیە، کە من داوا دەکەم ئەم بودجەیە، ئەم شتەم بەدەست گەیشتووە کە لە 17٪ی بودجە پارەی زیندانیانی سیاسی 2007 و 2008 و 2009 تەرخان کراوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆچی ئەو مووچەیان پێ نەدراوە؟ من داوا دەکەم کە حکومەت ئەم بودجەیە بباتەوەو چاکسازییەکی تەواوی تیا بکات، ئێمە سالْی 2008، ئێوە هەردووکتان بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان لەم پەرلەمانە بوون، حکومەت داوای لێ کردین، کە جەلسەکە دوابخەین، بودجەکەیان بردەوە ماوەی هەفتەیەك، دوایی هێنایانەوە پەرلەمان لەکاتێکدا پرۆژە یاساو بودجەی سالْی 2008 کەموکورتیەکانی زۆر زۆر کەمتر بوو لە بودجەی ئێستا، بۆیە ئاساییە ئەگەر ئەمجارەش حکومەت بیباتەوە، هەموو ئەم تێبینی و سەرنجانە بۆ لەپێناوی چاك کردنی بودجەکە، لە پێناوی خزمەت کردنی کۆمەلاْنی خەلْك چاکسازی بکات و دوایی بیهێنێتەوەو پەسندی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە کارەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، پشتگیری لەو خالاْنە دەکەم کە خستوویانەتە روو، سەبارەت بە پرۆژە یاسایەکەو دەست نیشان کردنی خالْی بەهێزو لاوازی بودجەکە، تەئکید دەکەمەوە لەو پێشنیارەی کە دەلْێت ئێمەش وەکو پەرلەمان دەبێت تەئکید بکەینەوە لەوەی کە لە سالْی داهاتوو بودجە لە مانگی تشرینی یەکەم بێت، بۆ ئەوەی لە سەرەتای سالْی دارایی بگاتەوە دامودەزگاکانی حکومەت و بۆ خزمەتی خەلْك بەکار بێت، لەگەلْ ئەوەشدا بودجە لە ئەمسالْدا لەهاتنی لە مانگی یەکدا هەنگاوێکی گەورەیەو جێگای دەستخۆشییە، سەرەڕای چەندین بڕیاری گرنگ و ستراتیجی تیایدا، لە مەسەلەی زیاد کردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و چەکی کیمیاباران و شەهیدانی کەم ئەندامی و تواناسازی لاوان، دروست کردنی قوتابخانەو چارەسەر کردنی کێشەی نیشتەجێ بوون، بەلاْم من پێشنیار دەکەم ئەو قەرزی نیشتەجێ بوونە ماوەکەی زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر خەلْکی کەم دەرامەت بگرێتەوە، بێ لە چەندین پرۆژەی تر بۆ تەشجیعی ئیستیسماری زراعی و صناعی، کە تێیدا بڕیار دراوە، باشە لە ڕێی پێدانی قەرزی کشتوکالْی و پیشەسازی، یەکێك لە کارە گرنگەکانی تری حکومەت، کابینەی شەشەم

پێكهێنانی لیژنەیەكی باڵای خانمانە، كە من خۆم لەسەر ناوەكەی تێبینیم هەیە، بەڵام كاتی باس كردن نییە، بەپێی ئەو پەیڕەوی ناوخۆی كە هاتووە بۆ لیژنەكەمان هەیكەلێكی باشی بۆ دانراوە دەسەڵاتێكی تەنفیزی فراوانی هەیە لە چەند وەزیرێكی بەڕێزو چەندێك ژنانی چالاك لەبواری كێشەكانی ژنان، بەڵام لەم بودجەیە هیچ ئاماژەیەكی پێ نەدراوە، كە دەبوایە بودجەیەكی باشی بۆ تەرخان كرا بوایە، چونكە ئەوان بەرنامەو ستراتیجیان دەبێت لەسەر چارەسەر كردنی كێشەكانی ژنان و راستەوخۆ كاری لەسەر دەكەن، مەسەلەیەكی تری گرنگی ئەم بودجەیە وەكو رەچاو كردنی سیاسەتی ئیتیقصادی بۆ ژن رەچاو نەكراوە، بەڕاستی بە هێز كردنی پێگەی ئابووری ژن، دەبێت حكومەت كاری بۆ بكات لە رێگەی وەگەڕخستنی ژنان لە مەیدانەكانی كار، ئەویش لە رێی پێدانی قەرز بۆ پرۆژەی بچووك، تا ژنان بێنە مەیدانی كار، چونكە یەكێكە لە چارەسەری كێشەی ژنان، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا بە دوو پرسیار دەست پێ دەكەم، یەكێكیان/ بۆ بەڕێزان لیژنەی دارایی، ئەویتریشیان بۆ بەڕێز وەزیری دارایی.

وەكو هەموو لایەك دەزانین هەرسێ دەسەڵاتەكە یاسادانان و تەنفیزی و قەزائی، هەرسێ دەسەڵاتەكە بودجەی سەربەخۆیان هەیە، هەروەها بەپێی یاسای ئەنجومەنی دادوەری كە لە پەرلەمانەوە دەرچووە، دەبێت بودجەیەكی سەربەخۆی هەبێت، بۆ حكومەت نییە دەستكاری ئەو بودجەیە بكات، كە پەرلەمان پێویستە بڕیار لەسەر بودجەكە بدات، ئەویش بە ئامانجی سەربەخۆیی و بۆ لێك جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكانە، بەداخەوە كە زۆر جار ئەم دەسەڵاتە ناچاری دەسەڵاتی تەنفیزی كراوە، بۆیە ئێمە بەڕاستی دەزانین كە ئەم دەسەڵاتە، ئێمە پشتیوانی لەوە دەكەین كە بودجەیەكی سەربەخۆی هەبێت، ئەویش بۆ پاراستنی دەسەڵاتەكەی خۆی، بەڵام بەداخەوە حكومەت دەستكاری بودجەكەی كردووە، كە لیژنەی داراییش ئاگای لێیە، بەڵام هیچ ئاماژەیەكیان پێ نەكردووە.

پرسیاری دووەمم بۆ بەڕێز وەزیریی داراییە، وەك ئاگادارم كۆرەك تیلكۆم نیو ملیار دۆلار قەرزاری حكومەتە، هەروەها ئەوەش دەزانم كە دوو سەد ملیۆن دۆلاری وەرگرتۆتەوە، من پرسیارەكەم ئەوەیە ئایا ئەو سێ سەد ملیۆن دۆلارەی كە ماوە چۆنەو چیە؟ ئیستیفادەی بۆ كێیە؟ ئەوە هیوادارم وەڵامێكم دەست بكەوێت لەسەر ئەمە.

بەنیسبەت ئەو پرۆژانەی کە لە بودجەشدا دیاری کراوە، بەنیسبەت پرۆژەی بەردەوام و پێشنیار کراوەکان، هەندێك پرۆژە هەیە دووبارە بۆتەوە، هەندێ پرۆژەش هەیە تەواو بووەو، بەڵام بودجەی تری بۆ تەرخان کراوەتەوە لە ژێر ناوی پرۆژە پێشنیازکراوەکانی وەزارەتی تردا، کە ئەمەش بەڕاستی ئەو بودجەیە پەلە کردنی پێوە دیارە، هیچ وردەکارییەکی بۆ نەکراوە، نیشانەی ئەوەیە کە وەزارەتی پلاندانان پێوەرێکی زانستی وردی بەکار نەهێناوە لە دابەش کردنی ئەو پرۆژانە لەناوچە جیاجیاکان و قەزاو ناحیەکاندا، بۆ نموونە ئەگەر باسی ناوچەی پشدەر بکەم، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی سەدو سی هەزار کەسە، سەدو نەوەدو شەش گوندی لەسەرە، پێنج ناحیەو قەزایەکە، هەموو ئەو بودجەیەی بۆی تەرخان کراوە چواردە ملیار و سێ سەدو حەفتاو هەشت ملیۆن دینارە، لە کۆی ئەمە شەش پرۆژە دابین کراوە بۆ ناوچەی پشدەر، لەو پرۆژانەشدا یەکێك لە پرۆژەکان دووبارەیە، کە ئەویش دروست کردنی قوتابخانەیەکە کە هەژدە پۆلییە لە قەڵادزێ، کە پرۆژە پێشنیار کراوەکان بە بودجەیەکی جیاو پرۆژە بەردەوامەکان بە بودجەیەکی تر دیاری کراوە، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان بە ملیارێك و هەشت سەد ملیۆن دینارە، لە پرۆژە بەردەوامەکاندا بڕی ملیارێك و نۆ سەدو شەش ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، بەنیسبەت ئەو پرۆژانەی تریش، کە باقی پێنج پرۆژە دەمێنێتەوە، ئەویش دیراسەو دیزاین کردنی پرۆژەی ئاوە، پاشان تەرازوویەکی گەڕۆکە لەناوچەی پشدەر، دوای ئەوەش بەڕێوەبەرایەتی مین کە چوار ملیارو چوار سەدو سی و شەش ملیۆن دیناری بۆ دابین کراوە، کە دەبوایە ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە لە سلێمانی و لە هەولێر یەکیان بگرتایەوە، پاشان ئەوەی بۆ تەرخان بکرایە، هەموو ئەو پرۆژانەی کە بۆ ئەو ناوچانە تەرخان کراون دابەش کردنێکی ناتەندروستە، چونکە لە ناوچەی پشدەر کە ناوچەیەکی کشتوکاڵیە هیچ گرنگی نەدراوە بە پێشخستنی پلانێکی ستراتیژی لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو کشتوکاڵیەوە، بۆ نموونە لە پرۆژە بەردەوامەکان هەندێك شتم دەست نیشان کردووە کە لەگەڵ ئەوەی بڕێکی کەم بودجەی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام لە پرۆژە بەردەوامەکان ژمارەیەکی زۆریان دووبارە بووەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا تەواویش بووە، یەکێك لەوانە کە باس لە دروست کردنی سەنتەری پاراستنی منداڵ لە قەڵادزێ دەکرێت، ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەو سەنتەرە تەواو بووە، بەڵام جارێکی تر بڕی ملیارێك و چوارسەد و چل و دوو ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوەتەوە، هەر لە پرۆژە بەردەوامەکاندا ئاوەڕۆیی گوندی شێنێ، دوو جار بە دوو بودجەی جیا هەم دیسان دووبارە بووەتەوە کە یەکێکیان 812 ملیۆن دینارە و بۆ ئەوەی تریان 667 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، بە نیسبەت خانوو کە پێنج ناحیە لە دەوروپشتی قەڵادزێ هەیە، ئەو پێنج ناحیەیە 19 خانووی هەیە کە بۆ فەرمانبەران و مدیری ناحیەکەیە، لە هەڵشۆ و ناودەشت و ژاراوەو ئی سێوە هەمووی خانووەکانیان تەواو بووە، بەڵام هەم دیسان لە هەڵشۆ 912 ملیۆن دیناری تر تەرخان کراوەتەوە، لەناو دەشت 788، لە ژاراوە 677، لە هێرۆ 934 ، لە ئی سێوە 962 ملیۆنی تر تەرخان کراوەتەوە، هەر لە پرۆژە بەردەوامەکان نووسراوە بینای پەروەردەی قەڵادزێ، ڕوون نەکراوەتەوە ئایا بۆ نۆژەنکردنەوەیە یان بۆ دروست کردنە؟ یان بۆ چ شتێکە؟ کە بڕی 736 ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، باس لە دروست کردنی سێ، چوار ڕێگە کراوە،

بەڵام هەر هەموو ئەو ڕێگایانە تەواو بووە و بودجەی تری بۆ تەرخان کراوەتەوە، ئەویش ڕێگای سەید ئەحمەدان و شێنێ و زەڵێ و ناوزەنگ، پاشان بودجەی بۆ داندراوەتەوە بە بڕی 7000271 دینار، ئاوەڕێی گەڕەکێك لە شاری قەڵادزێ کە تەواو بووە، بەڵام هەم دیسان سێ میار و دوو ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوەتەوە، کە ئەو ئاوەڕۆیە خۆی تەواو بووە، پاشان دروست کردنی قوتابخانەیەکی چوار پۆلی لەگەڵ دروست کردنی 4 خانوو بۆ مامۆستا، کە ئەمە پرسیارم کردووە هیچ ئەساسێکی نیە، کە بڕی 478 ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، نازانم بۆچی ئەو چوار مامۆستایە لە کۆی ئەو هەموو مامۆستایە جیاکراوەتەوە؟، قوتابخانەی چوار پۆلی من تێ ناگەم نازانم بۆچیە، پاشان دروست کردنی باخچەی ساوایانی سەنگەسەر، باس لەو باخچەیە کراوە کە ئەو باخچەیە خۆی لە ئاساسدا تەواو بووە، بەڵام 591 ملیۆن دیناری تری بۆ تەرخان کراوەتەوە، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە ژاراوەش بە هەمان شێوە تەواو بووە و 1000377 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوەتەوە، من ئەم هەموو پارەیەی کە بۆ ئەو ناوچانە تەرخان کراوە، بەڕاستی کە پشدەر ناوچەیەکی کشتوکاڵیشە سەیر دەکەی بە هیچ شێوەیەك گرنگی نەدراوە بەو ناوچەیە، کە خۆی لە ئەساس دا پرۆژەیەکی ئاودێری کشتوکاڵی لە سەنگەسەر هەیە کە دووەمین پرۆژەیە لەسەر ئاستی هەموو عیراق و یەکەمین پرۆژەشە لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵام نازانم بۆ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی هیچ پلانێکیان نیە بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری کشتوکاڵی لەو شوێنانە و ناوچانە، پاشان سەدێك هەیە بەناوی سەدی بەلك کە پرۆژەیەکی ئاودێری کشتوکاڵیە کە بە هەمان شێوە کە ناوچەکانی ژاراوەو قەڵادزێ کە شوێنێکی کشتوکاڵیە و هەموو زەویەکانیان بەراودەکات، بە هەمان شێوە هیچ گرنگیەکی پێ نەدراوەو هیچ باسیش نەکراوە، جگە لەوەی ئەو ناوچانە کە ناوچەیەکی کشتوکاڵین و پێویستیان بە خانووی پلاستیکی هەیە زائیدەن کۆگا بۆ خەزنکردنی ئەو بەروبوومە کشتوکاڵیانە، کە لە بودجەی ئەمساڵ دا باس لە هیچ ئەو شتانە نەکراوە بۆ ناوچە کشتوکاڵیەکان، لە ناوچەی پشدەر ژمارەیەکی زۆر گوند هەیە کە ژمارەی دانیشتوانەکانیان بەڕاستی زۆرە و لە ناوچەی پشدەر حەوت گوند هەیە کە بەڕاستی هەر حەوتیان تا ئێستا پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەیان نیە کە پشت بە سەرچاوەیەکی سروشتی دەبەستن، پاشان بە هەر حەوتیان یەك بنکەی تەندروستیان هەیە کە مەعاون توبیەك دەوامی تێدا دەکات هەفتەی ڕۆژێك، دوای ئەوە وەکو باسم کرد ئەو ناوچانە جگە لەوەی هیچ پرۆژەیەکیان بۆ دابین نەکراوە لە بوارەکانی قیرتاو کردن و قوتابخانە و خەستەخانە، باخچە و لە بواری کارەبا، لە هەمان کاتدا لە سەنگەسەر مەکتەبێك هەیە سووتاوە و تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی، لە هەمان کات دا تەڵەبەکانیان لە باخچەی ساوایان دەوام دەکەن، بەهەمان شێوە لە قەڵادزێ مەکتەب هەیە دووبارە بووەتەوە و بودجەی جیای بۆ تەرخان کراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامادەییەك هەیە بەناوی ئامادەیی ئاڵا کە ژمارەی خوێندکارەکانی زۆر زیادە و دەبێت خوێندکارەکان زۆر پێش کاتی دەوامی خۆیان بچن بۆ ئەوەی لە پۆلەکانیان زوو جێگە بگرن بۆ ئەوەی بە پێوە نەوەستن، پاشان لە ناوچەی قەڵادزێ مەرزی کێلێ هەیە کە خاڵێکی سنووری ـ بازرگانی یە کە بتوانرێت ئیهتمامی پێ

بدرێت، بەڵام بەسیت ترین پرۆژەی بۆ دابین نەکراوە کە قیرتاوکردنی جادەکەیەتی، پاشان کارەبا کە لەو ناوچەیە کارەبا بەڕاستی زەعیفە و تا ئێستا ڤۆڵتات بەکاردەهێندرێت، یەك شتی تر هەیە ناوچەی پشدەر جگە لەوەی کە تۆپباران و کاولکاری و ڕاگوێزانی تووش بووە، بەڵام تا ئێستا هیچ قەرەبوو کردنەوەیەکی بۆ نەکراوەو هیچ پرۆژەیەکی باشی بۆ دابین نەکراوە تا ئەم کاتەش، بۆیە هەست دەکەم خەڵکانی ئەو ناوچەیە زۆر زۆر زەرەرمەند بوون، وە بەنیسبەت وەزارەتی شەهیدانەوە من یەك تێبینیم هەیە، من لەگەڵ ئەوەم موچەی شەهیدان زیادبکرێت، بەڵام بە شێوەی پێوەرێك بێت کە مووچەی هەموو شەهیدانی سەنگەری ڕاستەقینە لەیەك پێوەر و لەیەك ئاست دابێت، نەك جیاکردنەوەی کۆمەڵێك شەهید بەناوی شەهیدی سەرکردە کە 32 کەسیان جاکردووەتەوە، هەر لەناو ئەو 32 کەسەش دا جیاکاریەکی تر هاتووە کە چوار شەهیدی تر جیاکراوەتەوە، براونەتە سەر خانەنیشینی بەنووسراو نەقڵ کراون بۆ ئەوێ، بە نووسراوی 10/50 لەرێککەوتی 2009/2/25 بۆ ئەوەی بەدەر لە ڕێنمایی شمولی ئەو مووچەیە بکەن کە چوار ملیۆن و چوار سەد و چل ملیۆن دینارە، ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر یەك لە ئێمە لە لیژنەکانی خۆماندا سەبارەت بە بودجە سەرنج و ڕەخنە و تێبینی خۆمان لە دووتوێی ئەو ڕاپۆرتە دا دەست نیشان کردووە، زۆرێکی باسکرا ناکرێت من ئێستا بچەمەوە سەری، لەبەرئەوەی لە ڕاپۆرتە گشتیەکەدا هاتووە، من بەش بە حاڵی خۆم وای تێ دەگەم کە سیاسەتی دارایی و بودجە زانستە، بۆیە ئینسان هەندێك زانیاری و شارەزایی نەبێت لەو بوارە، ئەستەمە وردەکاریەکانی لا ڕوون بێت، وای دەبینم سەرچاوەی سەرهەڵدانی هەندێك لەو پرسیارانە بەڕاستی لەو ڕووەوە دێت! هەربۆیە ئێمە دەلیلەن بۆ ئەوە کە بەرچاومان ڕوون بووە لە هەندێك مەسائیل میوانداری ئەو وەزیرە بەڕێزانەمان کردووە بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بکەن، ناکرێت هەموو ئینسانێك بڵێت شارەزام و پسپۆرم لەبواری دارایی و لەبواری بودجە و لەو بوارانە دەکرێت، تۆ کەموکوڕیەکان لە خوێندنەوەیەکی سەتحی دا ببینی، بەڵام دەشکرێت ئەوانەی کە دەستکەوتن بەڕاستی بەرز بیانرخێنین، من ناڵێم ئەو بودجەیە خاڵیە لە کەموکوڕی، بەڵام بەڕاستی دەستکەوتی واشی تیایە حەقە ئینسان بە ویژدانەوە بەرز بینرخێنێت، یەعنی بۆ کەم کردنەوەی ئەزمەی سەکەن کە کێشەیەکی زۆر گەورەیە لەم وڵاتەی ئێمە، مەسەلەن لە سندوقی نیشەجێ بوون، دوای ئەوە قەرزی خانووبەرە، پێشینەی خانووبەرە، یەعنی چۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، انشاللە دوای پەسەندکردنی بودجە من پێم وایە ئەوە یەکێکە لە خاڵە ئیجابیە ڕۆشنەکانی، دیارە زۆرێك لە ئەندام پەرلەمانان ئاماژە بە هەندێك لە دەسکەوت و هەندێ لە

کەموکورِیـەکان دەدەن، مـن پـێم وایـە و وەکـو گـوتم حەقـە ئەوانـەی کـە یەکەیەکـە جگـە لـە رەخنـەکان، دەستکەوتەکانیش بەرز بنرخێنین، بۆ نموونەی برِی سێ ترلیۆن و پێنج سەد و چل وسێ ملیـارو حـەفتا و چوار ملیۆن، بۆ بودجەی وەبەرهێنان لە کوردستان دا تەرخان کراوە کە بە موقارەنە زیاترە لە عـیراق بـەو بودجـە زەبەلاحەیـەوە کـە هەیـەتی، یـەعنی ئەمـە مایـەی دەسـت خۆشـیە بەرِاسـتی، ناکرێـت ئەمـە بـەرز نەنرخێنیت! سەبارەت بە زیندانی سیاسی دیارە هەروەکو لای هەمووومان ئاشکرایە کـە ئـەوە لـە حکومـەتی عیراق یاسایی ژمارە $4$ دەرچوو لە ساڵی $2006$ دا کە ئەوە گرفتێکی دروست کردووە کە فعلـەن دیـارە ئـەو مووچەیەش بۆ فەترەیەکی موعەیەنـە، یـەعنی ئـەوە قـەربووە، یـەعنی هـەتا هەتایـە نیـە، منحەیـە و بـۆ چـەند سـاڵێکە و کۆتـایی دێـت، دیـارە حکومـەتی هـەرێمیش بـۆ ئەومەبەسـتە مـن پـێم وایـە برِیارێکیـان دەرکردووە کە لە $2009$ پاش ئەم بودجەیە کە تەسدیق بوو، لێرە کاری پـێ بکرێـت، بـەڵام وەکـو ئـەوەی بەغـدا نیـە، مـن هیـوادارم بەرِاسـتی دوای زیـادکردنی بودجـەی وارسـی شـەهیدان و ئـەنفال و کیمیابـاران چاوێکیش بە بودجەی زینـدانیانی سیاسـی بخشـێندرێتەوە، لەبەرئـەوەی بەرِاسـتی ئـەوانیش شـەریحەیەکی گرنگ و خەڵکێکی خەباتگێرِی ئەم میللەتەی خۆمان بوون، بە نیسبەت هەڵەبجەوە دیـارە قـوڵایی هەڵەبجـە لای هەمووان لای دنیاش روونە، بۆیە من وەکو خەڵکی هەڵەبجە هیـوادارم ئـەو پرِۆژانـەی کـە بـەردەوامیان هەیە، یان ئەو پرِۆژانـەی کـە ئەمسـاڵ بۆیـان دەسـت نیشـانکراوە مـن پـێم وایـە لـە ئاسـتی ئـەو کارەسـاتەی هەڵەبجە دا نیە، لە ئاستی ئەو کارەساتە قوڵە نیە، کە خۆمان دەزانین عالـەمی هەژانـد، بۆیـە مـن داواکـارم حکومەت لە سیاسەتی ئاییندەدا پرِۆژەی هەرچی زیاترە تێیدا ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی ئەو شارە برینەکانی سارێژ ببێت، هەرچەندە ئێمە ناڵێین بەو ویژدانەوە کە شتی تیا نەکراوە، ئەو فەترە زەمەنیە قیاسیەی کە لە $2005$ ەوە ئێمە بەرِاستی حسەمان لە بەغدا بووە، پێشتر دەمانزانی کە ئـەم وڵاتـە بـەرِێوە چـووە، ئـەو داهاتانە چۆن کۆ کراوەتەوەو چۆنیش توانراوە ئیدارەی ئەم وڵاتە بدرێت، یەعنی من ناڵێم هەژدە ساڵە بـە حەقەت یەعنی ئەوە هیچ پاساوێك نیە بۆ حکومەت، ئـەوەی ئێمـە لـە $2005$ ەوەیـە بەرِاسـتی بودجـەمان هەیە لەم وڵاتە، بودجەکەش دەزانین بە چ حاڵێك دێت، من نامەوێت بەرِاسـتی زۆر لەسـەر ئـەو مەسـەلانە برِۆم کە هاورِێکانم باسیان کـرد، لـە کۆتـایی دا زۆر زۆر سوپاسـی لیژنـەی دارایـی دەکـەم کـە بـە حەقیقـەت مانـدوو نەناسانە کاریان کردووە و ئەو هەموو راپۆرتەیان لابووە و رِیزبەندیان کـردووە، بۆیـە دووبـارە مـن سوپاسیان دەکەم و سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رِێزدار جلال فەرموو.

**بەرِێز جلال علی عبدالله:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێگەی قسەکانم بەوە دەست پێ دەکەم، دیارە گرنگ و چارەنوسسازە بۆ هەرێمی کوردستان کە خـاوەنی ئابووریەکی بەهێز و خاوەنی دامـەزراو بێـت کـە ئەمـەش پاڵپشـتە لـە هەڵوێسـتی سیاسـی و چـارەنووسمان،

دیاره کشتوکاڵ بە هەموو بەشەکانیەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی ئەو پشتگیریە، بۆیە ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری یەکەم کۆبوونەوەی خۆمان کرد لە 1/31 دا، وە سێ داواکاریمان هەبوو کە بەسوپاسەوە هەرسێ داواکاریەکەمان جێ بەجێ کرا، یەکێك لەوانە کە یەکەم داوکاریمان بوو، داوامان کرد کە دەسەڵات دابەزێ لەسەرەوە بۆ خوارەوە، دەسەڵات قەتیس نەمێنێ لای یەکێك یان لە دائیرەیەك دا، دووەم: کە سەرنجی پلانی وەبەرهێنمان کرد، دیاربوو کشتوکاڵ بودجەی بۆ دانەنرا بوو بە سوپاسەوە لەماوەیەکی کەم دا توانیان 50 ملیار دینار بخرێتەوە بودجەی وەبەرهێنانەوە بۆ کشوکاڵ، جگە لەوەش 398 ملیار دانراوە بۆ لە ئیعاناتی زراعی دا، لێرەوە داواکارم لە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری کە ئەو پارەیە دابندرێت بۆ بەڕیوەبردنی ئەو 64 پرۆژەیەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری کە پێشکەشی کردووە، جگە لەوە داوای ئەوەمان کردبوو کە بودجەیەك لە تەشغیلی بێت یان لەهەرچی بودجەیەکی تر بێت بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای تەسویە و تەملیك کە ئەمە زۆر گرنگە و ئەساسیە، لەپێشدا بەڕێز پەرلەمانی کوردستان ئەو یاسایەی دەرکردووە و پێویستی بە جێ بەجێ کردن هەیە، من لێرەشەوە سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم لە وەزیران و وەکیلەکانیان و بەرپرسەکانیان کە ماندوو بوونە لەگەڵمان و ئەزیەتیان کێشاوە، داواکاری و پێشنیارێکم هەیە کە دیارە دەمەوێت بیخەمە ڕوو بۆ بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلاندانان کە یەکێك لەوانە دیارە داهاتی نیشتمانی و سامانی نەتەوەیی تەنها ئەو 17 یە نیە کە وەکو سلفە لەبەغدا دەماندرێتی، دیارە کەرتی تایبەت بە کۆمپانیا گەورەکانەوە، بەو کۆمپانیایانەی کە خاوەنی دەسەڵات و فەرمانبەری زۆرن، بە تاکی دەوڵەمەندی کوردەوە دەبێت وەزارەتی پلاندانان بەرچاو ڕوونی و پلانی هەبێت کە ئەو سەرمایەش بخرێتە گەڕلە بووژاندنەوەو بونیادنانەوەی هەرێمی کوردستاندا، جگە لەوە من داواکارم کە وەزارەتی پلاندانان وردەکاری بکات لە پرۆژە بەردەوامەکاندا بۆ دیاری کردنی ئەو پرۆژانەی کە تەواو بوون و پارەیان بۆ تەرخان کراوە، وە ڕاپۆرتی وەرزی بدات لەم بارەیەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەمان کاری پێویست بۆ پرۆژە پێشنیارکراوەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت پەیوەندارەکان لەو پرۆژانەی کە دووبارە بوونەتەوە، دووەم: ئەو پرۆژانەی سەر بە پارتە سیاسیەکانن و پارەیان لە حکومەتەوە بۆ دابین کراوە تەسبیت بکرێت وبکرێتە مولکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان پارەیان بۆ سەرف نەکرێت، داواکارم لە وەزیری دارایی و وەزارەتی دارایی کاری پێویست بکات بۆ ئەو بودجانەی ساڵانی پێشوو سەرف نەکراوە بۆ پرۆژەکان، بۆ بەکارهێنانی ئەو بودجەیە بۆ میزانیەی وەبەرهێنان، ئەگەر لەو بابەتە هەبوو لە بودجەکەدا، داواکارم لە پەرلەمانی کوردستان کە لەو ماوەیەی دیاری کراوە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئاسایش و چاودێری دارایی و مین، یان هەرچ مۆرکێك کە دوو ئیدارەیی پێوە دیارە، ئەو ماوەیە بۆ دیاری کراوە، لەدوای ئەو ماوەیە هیچ بودجەیەکیان بۆ سەرف نەکرێت، بۆ ئەوەی ببنەوە یەك و مۆرکی دوو ئیدارەیی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دیار نەمێنێت، داواکاریەکی ترم هەیە لە وەزارەتی دارایی لیژنەیەکی تایبەت دیاری بکات بۆ کۆکردنەوەی قەرزەکانی حکومەت و بەکارهێنانی لە بواری وەبەرهێناندا، وەدانانی سیستەمێکی بانکی کە

پەیوەنـد بێـت بـە ناوەنـد و بـە جیهانـەوە و ئاسـانکاری بـۆ بکرێـت، چـونکە سیسـتەمی بـانکی لـە هـەرێمی کوردستان دا بە گشتی لاوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار دانا فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە سێ پێشنیاری ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری کە هاتووە بەوەوە دەست پێ دەکەم، هیوادارم خۆم بە دوور بگـرم لـە تیکـرار کردنـەوە، هەرچـەندە کـەمێك زەحمەتـە، بـەڵام هـەوڵ دەدەم بـە شـێوەیەکی تـر دایبڕێژمــەوە، لیژنــەی دارایــی و ئــابووری پێشــنیاری ئــەوە دەکــات کــە بــۆ ســاڵانی داهــاتوو هاوســەنگی ڕەچاوبکرێت لـە ڕێـژەی دابەشـکردنی بودجـەی وەبـەرهێنان و هـەروەها هاوسـەنگی لـەنێوان ناوچـەکان و بودجـەی وەزارەتـەکان، پرسـیارەکەی مـن ئەوەیـە ئـەی بـۆ پێشـنیار ناکـەن بـۆ ئـەو بودجەیـە کـە بۆچـی پێشنیارەکەتان تەنها بۆ بودجەی ساڵی داهاتووە؟ هەروەها لیژنەی دارایی و ئابووری پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو پرۆژانەی کە بۆ گروپ و بۆ دەستە و لایەنی دیاری کراو دانراوە ڕێژەکانیان کەم بکرێتەوە، من تـێ ناگەم کەم کردنەوە مانای چیە لێرە، ئەگەر بۆ بەرژەوەندی گشتی و بۆ سەرجەمی هاووڵاتیان نیـە واچاکە لابدرێت نەك کەم بکرێتەوە، پێشنیارێکی تری لیژنە دارایی و ئـابووری کـە لـە ڕاپۆرتەکـە هـاتووە بـاس لـە کەمکردنـەوەی 10٪ ی ئیعانـات و مـنح دەکـات، 15٪ ی مەسـروفاتی ئـوخرا، لەڕاسـتی دا 10٪ و 15٪ دا ڕێژەیەکی زۆر کەمە، بۆ نموونە ئەگەر ملیۆنێك بێت تەنها 100 هەزاری کەم دەبێتەوە، دەبوایە ڕێژەیەکی زۆر لەوە زیاتر داواکرابا، بە نیسبەت ئەوەی کە لە بودجەکەدا هاتووە وەك هاوکـارانم باسـی ئـەوەیان کـرد کە لە منحەی ڕێکخراوەکان دیار نیە، یاخود دەتوانم بڵێم لە ماددەی 19 دا کە باس لەو 90 ملیـارە دەکـات کــە بــۆ بودجــەی حیزبــەکان و ڕێکخراوەکــان دیــاری کــراوە، نــازانین تــەنها بــۆ حیزبەکانــە یــاخود ڕێکخراوەکانیش دەگرێتەوە؟ ئەگەر ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەگرێتەوە بەهـەر حاڵ بە پێی ئەو زانیاریانەی کە پێش نیوەڕۆ ئاشتی خان باسی کرد ئەو بودجەیـە بـۆ حیزبـەکان دانـراوە، بەڕاستی من تەئکید نیم لەوەی کەبۆ حیزبەکان دانـدراوە یـان بـۆ ڕێکخراوەکانـە؟، بـەڵام بـە پێـی زانیـاری سەرەتاییمان لەوانەیە بەشی حیزبەکان خۆیان نەکات، جا چۆن بەشـی ڕێکخراوەکـان دەکـات؟ بـەڵام ئـەوەی سەیرە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری ئـەم مەسـەلەیە دیسـانەوە هاتووەتـەوەو پشـتگیریان کـردووە و وەسف کراوەتەوە وەکو ئەوەی کە ئەم 90ملیارە بۆ پەرەپێدانی دیموکراتی و گەشەی دیموکراتی و شتی لەو بابەتانە دانراوە، بەڵام ئەگەر ئەم 90 ملیـارە پشـکی ڕێکخراوەکـانی تیـا نـەبێت تـەنها بـۆ حیزبـەکان بێـت نازانم ئەو وەسف کردنـە لـە پـای چـی؟ بەرهـەحاڵ هـەر بـە نیسـبەت بودجـەی ڕێکخراوەکـان مـن پێشـنیار دەکەم ئەگەر ئەوە بودجەی ڕێکخراوەکانی تیـا نیـە، پشـکی ڕێکخراوەکـان لـە بودجەکـە دیـاری بکرێـت، جـا نازانم لە ئیحتیاتاتی وەزارەتی دارایی دەبێـت، یـان بودجـەی تایبـەتیان هەیـە لـە وەزارەتـی دارایـی بـۆ ئـەم

مەسەلەیە، هەر چۆنێك بێت واچاكە بودجەیەكی دیاری كراو بۆ ڕێكخراوەكان هەبێت، لە بودجەكە پێشنیاری ئەوە كراوە كە 4 زانكۆی نوێ كراوە، ئێمە ئێستا چوار زانكۆمان هەیە لە كوردستان، زانكۆی حكومی ڕەسمی، هەموومان دەزانین كە ئەو زانكۆیانە كێشەی یەكجار زۆریان هەیە بە تایبەتی لە نەبوونی كادیر، یەعنی ئێستا كردنەوەی چوار زانكۆی تر، لەوانەیە كێشەكان دوو بەرامبەر بكاتەوە، لەڕاستی دا من لەگەڵ ئەوە دام كە هەرچەند سەنتەری زانستی و مەعریفی لە كوردستان بكرێتەوە، پشتیوانی لێی دەكەین، تواناكانی مرۆیی بەهێز دەكات لەو بوارەیاندا، بەڵام من پێشنیار دەكەم كردنەوەی چوار زانكۆ لە یەك ساڵ دا نازانم بۆ حكومەتێكی زۆر زۆر گەورە كە سەقامگیر لە هەموو ڕوویەكەوە لەوانەیە بۆ ئەوان زەحمەت بێت، نەك بۆ ئێمە دە بەرامبەر ئەوە زەحمەتە، جا بۆیە من پێشنیار دەكەم یا ئەوەتا چەند كۆلیژێك بگوازرێنەوە بۆ ئەو شارانەی كە پێشنیار كراوە زانكۆیان بۆ بكرێتەوە، لەو زانكۆیانەی كە ئێستا مەوجودن لە پارێزگاكان یان ئەوەتا ئەو بودجەیەی كە تەرخان كراوە بۆ كردنەوەی زانكۆكان لە جیاتی ئەوە بكرێت بە سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی كە دەبێتە زەمینەیەك بۆ دروست كردنی كادیری زانستی نوێ ئەو كاتە دەتوانرێت قسە لەسەر ئەوە بكرێت كە زانكۆ بكرێتەوە یان نا؟، بەشێوەیەكی گشتی لەسەر بودجەكە هەست دەكەم ناڕوونیەك هەیە لە داهاتی حكومەت، چ مەسەلەی گومرگ و رسومات بێت یان داهاتی نەوت، هەروەها لە لیستی پرۆژە پێشنیار كراوەكانیش تێكەڵی و بێ سەروبەری و نامونەزەمیەك هەیە، تەعریف و ئەو مەعلوماتانەی كە لەسەر پرۆژەكاندا هەن بە شێوەیەكی نامونەزەم پێشكەش كراوە، هەموو ئەو شتانە پێویستیان بە ڕوون كردنەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەكەم و هیوادارم ئەو سەرنج و تێبینیانەی كە دەیدەین دڵنیام لە ئەهمیەتی ڕاپۆرتەكە و لە ئەهمیەتی گەیشتنی پرۆژەی بودجە بۆ كوردستان كەم ناكاتەوە، بەڵام كۆمەڵێك سەرنج و تێبینیە كە لەلایەن سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانەوە دەربڕا كە لە ئەهمیەتی هینەكە كەم ناكاتەوە، بەڵام دەكرێت دەوڵەمەندی بكەی و ئیزافەی زیاتری بۆ بكەی، من هیوادارم ئەو سەرنج و تێبینیانە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیردرێت، یەكەم تێبینی و سەرنج ئەوەیە كە لە پرۆژە پێشنیاركراوەكانی سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك گرنگی كەمتر بە لادێكان دراوە وەك لەو پرۆژانەی كە لە سنووری پارێزگای سلێمانی هاتووە بە تایبەتی لەبواری ئاوەدانكردنەوە كە چاككردنەوەی ڕێگا و بانەكان كە ئێمە هەمووومان دەزانین چاككردنەوەی ڕێگا و بان یەعنی دەتوانرێ ئەو كۆچە پێچەوانە بكاتەوە، كە ئەگەر ئێمە ڕێگاوبانی باشمان نەبێت ناتوانین ئەو كۆچە پێچەوانە بكەینەوە، كە دواجار ناتوانین پلانی پەرەپێدانی لادێكان و هەروەها پلانی كشتوكاڵی لە لایەكان بە باشی تەوزیف بكەین،

دووەم/ گرنگی کەمتر بە دروست کردنی بەنداو دراوە بۆ گلدانـەوەی ئـاو، ئـاوی بـاران بـۆ بـەرز کردنـەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوی کە لەوانەیە لە چەند ساڵی داهاتوو دا نەك لە کوردستان لە زۆر شـوێنی تـر کێشـەی وشکەساڵی و کەم ئاوی ببێتە کێشەیەکی مرۆیی و کارەسات بار، ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوو دا بـە کێشـەی کەم ئاویەوە ناڵاندوومانە بە تایبەتی لـەو سـنوورانەی کـە هـەم کشـتوکاڵین و هـەم لـە لادێکـان دا مـن پـێم وابوو دەکرا ئەم ساڵ ئەگەر بەشێکی باش لەو بودجەیە تەرخان بکرێت بۆ دروست کردنی بەنداوی بچووك بۆ گلدانەوەی ئاوی بارانـاو و بـەرز کردنـەوەی ئاسـتی ئـاوی ژێـر زەوی، خـاڵێکی دیکـە ئـەوەی کـە سـەرنجی لێدراوە ئێمە سێ زێ و چەندین ڕووباری بچووك بـەناو کوردسـتاندا تێپـەڕ دەبێـت و بـەڵام تـاوەکو ئێـستا لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکانەوە بە تەواوەتی نەتوانراوە سوود لەو ئاوانە وەربگیردرێـت، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە هاوشانی ئەو زێ و بارانەن کـە بـە ڕووبـەری کشـتوکاڵی دەژمێـردرێن، تـاوەکو ئێستا هیچ پلانێکی ستراتیژی باش دانەنراوە بۆ ئەوەی کە بتوانن قەنەواتی ڕێ و جۆگەی باشی لێ دروست بکرێت بۆ ئاودێری کـە لـە ڕووی ئابووریـەوە مـن پـێم وایـە ئەمـە سـوودێکی باشـی هەیـە، خـاڵێکی تـر کـە سەرنجی دەدەین ئەویش کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و شەهیدانی هەموو ناوچەکان بە بێ جیاوازی کاری ئێمەن، بـەڵام پـێم خۆشـە عەدالـەتێك هـەبێت لـە پێشـکەش کردنـی خزمـەتگوزاری بـۆ هـەموو کەسـوکاری قوربانیان لە سەرجەم ناوچە جیاجیاکان، یەعنی ئەوەی کە دەیبینی لە سنووری چەمچەماڵ و لە سـنووری گەرمیان کە خانوویان بۆ دروست کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەسوکاری ئەنفال کـراوان لـە دۆڵـی جافایـەتی، لە دەشتی کۆیە و شێخ بزێنی دارێکیان بۆ لەسەر بەردێك دانەنراوە، کە من هیوادارم حکومەت و وەزارەتی شەهیدان وئەنفال کـراوان ئـەم سـاڵ پلانێـك بـۆ ئـەوە دابنـێ و ئـەو کێشـەیە چارەسـەر بکـات، خـاڵێکی تـر مەسەلەی گەنجان و دامەزراندنی دەچووانی زانکۆیـە، مـن دەسـت خۆشـی لـە حکومـەتی هـەرێم دەکـەم کـە کارێکی کردووە بودجەی تەشغیلی کەم کردووەتەوە، بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیربچێت کە دەبێت ئێمـە بـیر لە دۆزینەوەی هەلی کار بکەین بۆ ئەو گەنجانە کـە 63٪ی کۆمەڵگاکـەمان پێـك دێـنن، بۆیـە مـن پێشـنیاری ئـەوە دەکـەم کـە ڕەچـاوی ئـەوە بکرێـت کـە چـاو بـە سیسـتەمی ئیـداری ئێمـە دابخشـێندرێتەوە بتوانرێـت تەمەنی خانەنیشین کەم بکرێتەوە لە 63 ساڵ بەرەو خوار تر بۆ ئەوەی فرسەت بۆ گـەنجان هەڵکـەوێ کـە بتوانن دابمەزرێن و هەلی کاریان بۆ بڕەخسێت، هەندێك لەو گەنجانە خاوەنی ئیختساسی زۆرزۆر نادرن کـە بۆ پێشخستنی بوارێك لە بوارەکان کە ئەمڕۆ پێویستمان بە بوارێك لە بوارەکانە ئەمڕۆ پێویستمان بە توانا و شـارەزاییانە، ئێمـە ئێسـتا خـاوەنی 200 خـەریجین لـە بـواری نـەوت دا تـاوەکو ئێسـتا پێویسـتمان بـە فێرکردنی کەوادیری خۆماڵیە و تاوەکو ئێستا دانەمەزراون  کە ئەمە دەکرێت بیریان لێ بکرێتەوە، خـاڵێکی تر بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق و دۆزینـەوەی نـەوت لـەو ناوچـانەی کـە نـەوتیان لێ دۆزراوەتـەوە و دەرهێنـراون، ئـەو ناوچـانە تووشـی کێشـەی گـەورە بـوون لـە ڕاگواسـتن و دەربـەدەری و جۆرەهـا سیاسـەت بوونەتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕە پارەیەی کە لەداهاتی  گاز و نەوتی پارێزگاکـان دەبردرێـت بـۆ پارێزگاکان بمێنێتەوە لەو ناوچانە سەرف بکرێت بەڕاستی، خاڵێکی ترم هەیـە مـن لەگـەڵ ئـەوە نـیم هـیچ

پرۆژەیەکی حیزبی بخرێتە ناو بەرنامەی حکومەتەوە، ئێمە هەموومان کادیری حیزبین، بەلآم من لێرە داوای ڕوون کردنەوە لە وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی دەکەم کە هەندێك پرۆژە هاتووە بە مەبەست هاتووە و، ئەو مەبەستەی کە بۆی داندراوە، تەرخان نەکراوە، مەسەلەن ئێمە لە وەزیری دارایی و وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەپرسین دەڵێین 518 ملیۆن دینار کە بۆ ئاوەڕۆیی سندوقی سەرۆك کۆمار تەرخان کراوە، دەڵێت نەخێر ئەوە بۆ ئاوەڕۆی سندوقی سەرۆك کۆمار نیە، بەڵکو بۆ 120 خانووی چوارتا بووە و بۆگوندی شەمساوەیە کە بە ناو بارەگای سەرۆك کۆمار دادێت، نازانین ئێمە بەڕاستی لەم هینانەدا کە پێویستە ڕێزبەندی بکرێت و ناوەکانیان بە شێوەیەك ڕێکبخرێتەوە کە نەکرێتە ماددەیەکی ئیعلامی و لەو لاو ئەو لا بەکاربێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شۆرش فەرموو.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جگە لە دەست خۆشی و پشتگیری کردن لە ڕاپۆتەکەی لیژنەی دارایی کۆمەڵێك سەرنج و تێبینیم هەیە کە لە ماوەی گفتوگۆ کردن لە لیژنەکان و ئامادەبوون لە موناقەشە لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان و کاربەدەستەکان و بەڕێوبەرە گشتیەکانی وەزارەتەکان، بەشێکی باش لە وەڵامەکانی خۆم دەست کەوتووەتەوە ئەوانەی تریش لەلایەن خوشك و برایانی پەرلەمانتار دووبارە و سێ بارە کراونەتەوە، بۆیە من لێرە پابەندی پەیڕەوی ناوخۆ دەبم و دووبارەیان ناکەمەوە ئەوەندەی لە توانام دابێت، بەلآم هەندێك شت هەیە بە گرنگی دەزانم کە بە سەریعی بەسەریان دا بڕۆم، لەوانە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی دیارە جگە لە ڕاپۆرتەکەی خۆیان پێشنیاز و تێبینی و بەشێکی زۆر لە لیژنەکانی تریشی تێدایە، بەلآم ڕەچاو دەکرێت و تێبینی ئەوە کرا کە بەشێك لە لیژنەکان و ئەندامانی لیژنەکانیش گلەیی ئەوەیان هەبوو کە هەموو خاڵ و سەرنج و تێبینیەکانیان نەخراوەتە ناو ڕاپۆرتەکە، بۆیە من داوا دەکەم هەموو ئەو خاڵ و ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە نەخراونەتە ناو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لە ڕاپۆرتی لیژنەکان دا هاتووە بە هەند وەربگیردرێت، ئەوانەی کە دەکرێت لەڕووی یاسایی و لەڕووی داراییەوە جێ بەجێ بکرێت و پەرلەمان لێرە بڕیاری لەسەر بدات، چونکە کۆمەڵێك شت هەیە وا پێویست دەکات کە حکومەت لە سیاسەتی دارایی ساڵی 2010 یدا لە بەرچاوی بگرێت، پرۆژە دووبارە بووەکان، ئەگەر بێت و تەماشای ئەو پرۆژە دووبارە بووانە بکەین کە زۆر لە خوشك و برایانی ئەندام پەرلەمانیش تەئکیدیان لەسەر کردەوە، دوای بەدواداچوون هەندێکیان وانیە، بۆ خۆمان لە لیژنەی ناوخۆ، کۆمەڵێك شت هەبوو، یەکێك لەوانە بۆ نموونە دێنمەوە، پرۆژەی جادەی مەلیك مەحمود، لە شەش جێگا بەهەمان گۆژمە ناوی هاتووەتەوە، دوای ئەوە هیچ سەرچاوەیەکی زانیاریمان دەست نەکەوت، خۆمان لە لیژنەکە بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کرد، وتی ڕاستە وایە ئەوە لەبەر گەورەیی پرۆژەکە، دابەشی شەش بەش

کراوە، بۆیە شتەکان دووبارە بوەتەوە، بە من دەڵێت بۆ دووبارە بووتەوە؟ جا ئەگەر وایە با تەئکید بکرێت، ئەگەر دووبارەیە با چاك بکرێت و لابدرێت، بخرێتە سەر شوێنێکی تر کە پێویست تـر بێت لـەوە، دووەم: ڕاست کردنەوەی ناوی ئەو پڕۆژانەی کە بە غەڵەت ناویـان هێنـراوە، وەکـو ئـەوەی کـە تـازە برادەرێکـی تـر باسـی کـرد، ئەگـەر وایـەو تـەنها هەڵـە لـەناوی پڕۆژەکەیـە، دەبـێ ناوەکـەی ڕاسـت بکرێتـەوە، بـرادەرانیش بەهەندی وەربگرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شۆڕش پرسیارەکەت زۆر جوانە، بەس تەوجیهی پرسیارت بۆ حکومەت بکە، تا جوابت بدەنەوە بـزانن وایە یان وا نیە؟، سوپاس.

**بەڕێز شۆڕش مەجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم ئیزافەی سەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بکرێت، لێرە لـە پەرلـەمان بڕیـاری لەسـەر بـدەین، تـا حکومەت ناچار بێت جێبەجێیی بکات، بەدواداچوونی بۆ بکات، چاکی بکاتەوە، بۆیە ئەگەر وایـەو ئـەو نـاو وناونیشانانە بەکار هاتوون تەواو ئەوە شتێکی ترە، ئەگەر دووبارەشە ئـەوە ئـەبێ ئەوانـە نـەك هـەر ڕاسـت بکرێنەوەو کەم بکرێنەوە، بەڵکو دەبێ هەر لابرێن، هەروەها دەبێ ڕوونکردنەوەیەکیش بدرێت لەسەر ئەو پڕۆژانەی کە تەنها ناوی گۆژمەکەو ناوی شوێنەکە هاتووە، ناوی هیچی تـری لێنـەنراوە، ئەوەشـیان جێگـای سەرنجی کۆمەڵێك برادەر بـوو، ئێمـە خۆشمـان هەسـتمان بـەوە کـرد، ئەوانـە دەبـێ ڕوونکردەوەیـان لەسـەر بدرێت، یـان دەبـێ هەڵـەی مەتبـەعی بێـت، یـاخود دەبـێ شـتێکی تـر بێـت، دیسان ئـەوانیش دوای تەئکیـد کردنـەوە، لەشـوێنی مەبەسـت نـەبوو، جێگـای قەناعـەت پێکـردن نـەبوو، ئـەوە لابرێـت و بخرێتـە سـەر پڕۆژەیەکی تر کە لەخزمەتی زۆرینەی خەڵکدا بێت، هـەروەها ئـەوەش ئیزافـە بکرێت ئـەو پڕۆژانـەی کـە وەزارەتـەکان پێشکەشـیان کـردووە، بـە وەزارەتـی پلانـدانان، وەکـو بۆمـان دەرکـەوت لەبەشـێك لـە ڕاپـۆرتی لیژنەکان و لە وەزیرو لە بەڕێوەبەرە گشتەکانیش ئەو پڕۆژانەی کەخۆیان داوایان کردبوو، نەخراونەتە ناو بودجەی ساڵی 2010، بەڵکو پڕۆژەیـەکی تـر کـە لەوانەیـە لەساڵی پێشوو تـر بووبێـت، تەقـدیم کرابێـت، ئەویان بۆخرابێتە ناو پڕۆژەی ئاسایی بودجەوە، بۆیە دەبێ ئەوە جارێکی تـر چـاوی پێـدا بخشـێندرێتەوە، وەزارەتی پلاندانان ئەولەوییەت بدات بـە ئەولەویاتـەکانی ئـەو وەزارەتانـە کـەخۆیان بـەگرنگی دەزانـن کـە جێبەجێیی بکەن، من وەکو ئەندامی لیژنەی ناوخۆش هەمان ئەو تێبینی و سەرنجانەم هەیە، کە هـەڤاڵانم لە لیژنـەی نـاوخۆ باسـیان کـرد، چـونکە ئێمـە لـە لیژنـەی نـاوخۆ بـە دوو ڕاپـۆرت سـەرنج و تێبینیـەکانی خۆمان بۆ لیژنەی دارایی ناردووە، کە بەداخەوە یـەکێکیان ئـەوەی تایبـەت بـوو بـە ئاسایش کـە هـەر بـاس نەکراوە، هەرچەندە لە پڕۆژە یاساکە جێگای کرابوویـەوە بـە فەقەرەیـەك، کـە ماددەیـەکی پێشـنیاز کـراو ئیزافە بکرێت، هەروەها جێگای دڵخۆشکەریشە کە لەوێدا جێگایان کردۆتـەوە، هـەم جێگـای دڵخۆشیشـە کـە بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و هـەروەها وەزیـری نـاوخۆو بەڕێوەبـەری

ئاسایشی گشتی سلێمانی و هەولێریش لەدانیشتنەکاندا تەئکیدیان لەسەر کردەوە، کە لەماوەیەکی کەمدا یەك دەگرێتەوە، سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی ناوخۆ، سوپاسیان دەکەین بەشێکی زۆر لە تێبینی و پێشنیازەکانی ئێمەیان خستۆتە ناو ڕاپۆرتەکەی خۆیان، بەڵام لەخاڵی یەکەمی پێشنیازەکانماندا تەنها نووسراوە کەموکورتی و جیاوازییەکان لە میلاکی وەزارەتی ناوخۆ نووسراوە، ئێمە بە ژمارەش دابوومان، ژمارەکان نەنووسراوە خۆ، ئەگەر مەبەست لە نەنووسینی ئەو ژمارانە شتێکی نهێنی بێت و پەیوەندی بەو نهێنیانەوە هەبێت کە ئاشکرا نەبێت، دەکرێ حکومەت بە شێوازێك لە شێوازەکانی تر ئاگادار بکرێتەوە لەو جیاوازییە کە لەمیلاکات هەبوو، کە زۆریش بوو، کەم نەبوو ئەو فەرقە، سەبارەت بە بودجەکە گشتی، خاڵی گرنگ و گەشەداری تێدایە، کە پێمان وایە کاریگەری دەبێت لەسەر پێشکەوتنی بواری ئابووری و ژێرخانی ئەو وڵاتە دارماوە لەکۆمەڵێك بواردا، بۆیە ئێمە بەگشتی پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەین بەرەچاوکردنی ئەو خاڵانەی کە باسم کرد ئیزافە بکرێن، پرسیارێکیشم لە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی هەیە، ئەوان بەرەسمی داوایان لە حکومەتی فیدراڵ کردووە، پێویستیەکانی هەرێمی کوردستانیان بۆ ساڵی 2010، بە (16809)ملیار دینار بۆ خەرجی تەشغیلی تەخمین کردووە، بۆیان ناردوون، هەروەها (5750) ملیار دیناریش بۆ پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان تەخمین کردووەو بۆیان ناردوون، واتە (22559)ملیار دۆلاریان تەخمین کردووە، بۆ پێویستیەکانی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان، کەچی لەولاوە بێجگە لەو داهاتەی کە خۆیان تەخمینیان کردووە بە (348)ملیار تەقدیر کراوە، بەڵام لەولاشەوە نیوەی ئەو بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان تەخمین کراوە، پرسیارەکەی من لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەیە، ئایا ئەوە تەنها هەر بەشی هەرێمی کوردستان ئەوەندە بووە بە پێیی لە 17٪ یان بەپێیی بینینی مەساریفی پێویستیەکانی ساڵی ڕابردووی هەرێم بووە؟، پرسیارێکی تریشیم هەمان شت بۆ بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەیە، ئایا ڕاستە داهاتی هەرێمی کوردستان تەنها بە(348)ملیار تەخمین کراوە؟، ئەی ڕاستە دەڵێن داهاتی هەردوو فڕۆکەخانەکەی لەگەڵ نیە؟، لەگەڵ کۆمەڵێك شتی تریش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پێم خۆشە دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی بکەم، کە بەڕاستی ماندوو بوونێکی زۆریان کێشا، لەگەڵ ئەو هەموو کۆبوونەوانەی کە کردیان بۆ نووسینەوەی ئەو ڕاپۆرتانە، دیارە ڕاپۆرتەکانیان لەئەنجامی ڕاپۆرتی هەموو لیژنە هەمیشەییەکانی ناو پەرلەمانە، کە ڕاپۆرتێکی دەوڵەمەندیان نووسیوەتەوە، بەڕاستی من نامەوێت بڵێم ئەو شتە وانەبووە یان ئەوە وانەکراوە، دیارە بەحەقیقەت لەهەر جێگاو قوژبنێکی کوردستان، ئەگەر گوڵێك بنێژرێت بۆ ئێمە مایەی دڵخۆشی و دەستخۆشیە، چونکە خەباتمان لەپێناو سەرتاسەری کوردستاندا کردووە، ئاواتیشمانە هەموو کوردستان بێ کەموکورتی ببینین، بۆیە من ئیشارەت

بەهیچ جێگایەك نادەم كە كەمی بۆ سەرف كراوە یان زۆری بۆ سەرف كراوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم لە بودجەی ساڵی 2010، بە حەقیقەت بەو پێیەی كە من نوێنەری خەڵكی هەڵەبجەو دەوروبەریم، بەڕاستی مەغدووریەتێكی زۆری پێوەیە، دەتوانم بڵێم نەك تەنها هەڵەبجە لە بودجەی ئەمساڵی 2010، بەحەقیقەت ڕەچاوی ناوچە سنووریەكانی كوردستان بە تایبەتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی نەكراوە، چونكە هەمووما‌ن دەزانین لەسەردەمی پێشمەرگایەتی و لەسەردەمی سیاسەتی دیكتاتۆرانەی ڕژێمی پێشوو، ئەو ناوچانە زیاتر وێرانكارییان بەركەوتووە، بەڵام لەهەمان كاتدا دەتوانم بڵێم شارێكی وەكو هەڵەبجە هیچی بەسەر هیچەوە نەما، ئەوەی بۆ ئێمە كە تەنها مایەی دڵخۆشیە لە ساڵی ڕابردوو لە 2009 هەندێ پڕۆژە هاتوەتە شاری هەڵەبجە، بەڵام هەموومان دەزانین و زۆربەی بەرپرسانی هەرێمی كوردستان بەبەردەوامی و بەتایبەتیش لە ڕۆژی 3/16 دێن و سەردانی شاری هەڵەبجە دەكەن، بەچاوی خۆیان مەرگەساتی شاری هەڵەبجە دەبینن، پێم وایە چەند ڕۆژێكی ترلەمانگی 3 سەرتاسەری دونیا و هەرێمی كوردستانیش، بەرەو شایی و هەڵپەڕكێ دەچن، بەڵام هەڵەبجەییەكان بەرەو شین و گریان و فرمێسك ڕشتن ویادكردنەوەی كارەساتە دڵتەزێنەكەی 3/16 دەچن، بۆیە بەڕاستی لێرەدا دەتوانم بڵێم كەمتەرخەمییەك بەرامبەر بەو پڕۆژانەی شاری هەڵەبجە كراوە، لەشاری هەڵەبجە دوو شتی زۆر تایبەت هەیە، یەكەمیان: ناوچە گەشتیارییەكانە كە تەنها دوو جێگا ئیشارەتی پێدراوە كە كاریان تێدا بكرێت، ئەوانیش هاوینەهەواری ئەحمەد ئاواو باوە كۆچەكە، بەڵام لەهەمان كاتدا هەموو ناوچەی هەڵەبجە شوێنی گەشتیارییە، ئەگەر بێت و لە پڕۆژەی بودجەی ساڵی 2010، چونكە بەڕاستی زۆر كات و لە ساڵانی ڕابردووش هەموو بەرپرسانی هەرێمی كوردستان، وەعدی خەیاڵی بەخەڵكی هەڵەبجە دەدەن، لەپاش یادی هەڵەبجە ئەوە بەجێ دەمێنێت، خەڵكی هەڵەبجەش نائومێد دەبێت لەو هەموو بەڵێنانەی كە پێیان دراوە، بۆیە بەحەقیقەت ئەگەر بێت و ئەو ناوچە گەشتیارییانەی كە سەرتاسەری هەڵەبجە ناوچەی گەشتیارییە، ئیهتیمامی پێبدرایە یان بودجەیەكی بۆ تەرخان بكرایە، هەم دەبوو بەحەق پێدان وڕازاندنەوەی شاری هەڵەبجە، هەم دەبوو بە شوێنێكی گەشتیاری و هەم داهاتێكی بەقوەت بۆ هەرێمی كوردستان دروست دەكات، لایەنێكی تر كە ئێستاكەش گرفتێكی زۆر گەورە لە شاری هەڵەبجە هەیە، كە ئێمە لە ساڵی 2007هاتینە خزمەتی جەنابی كاك نێچیرڤان بارزانی ئەو كاتە وەعدی پێداین كە چوار قوتابخانە لەشاری هەڵەبجە دروست بكرێت، كە ئێستا گەورەترین گرفتی ئێمە لەشاری هەڵەبجە و دەوروبەری بینای قوتابخانەیە، چوار قوتابخانە دروست بكرێت هەشت قوتابخانە نۆژەن بكرێتەوە، بەداخەوە نە چوارەكە دروست كراوە نە هەشتەكەش نۆژەن كراوەتەوە، هەتاوەكو ئێستا زۆربەی قوتابخانەكانی هەڵەبجە سێ دەوامی تێدا هەیە، هەندێك لە پۆلەكان (40 – 60)قوتابی تێدا هەیە، یەعنی بەڕاستی نازانم ئەو قوتابییەی كە لەو پۆلەدایە ئەبێ چی فێر ببێت؟، ئەبێ چی وەربگرێت؟، ئێمە هەموومان ئێستا لێرەدا لەمستەوای بەرپرسیارێتیداین، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزو حورمەتم ئەندامی پەرلەمانین، زۆركات لە مێزەكە دەدرێت بۆ ئەوەی بێدەنگ بین و گوێمان لەقسەكان بێت، عەجەبا ئەو قوتابیانە چۆن گوێ لەقسەكانی

ماموّستاكەیان دەگرن و وانەكانیان فێر دەبن، بۆیە بەڕاستی ئەمە غەدرێكی گەورەیە، چونكە ئێمە كاتێك بوو هیچ گلەیی و گازندەمان نەبوو، چونكە ئینتاجمان نەبوو، داهاتمان نەبوو، بەڵام ئێستاكە هەرێمی كوردستان خاوەنی میزانیەیەكی زەبەلاحە، ئەوجارە ئێمە گلەیی و گازندەمان زیاترە، لەشاری هەڵەبجە (20187)هەزار قوتابی هەیە، یەعنی بەپێیی ئەو ئامارەی كە دەست كەوتووە، ئێستاكە لەشاری هەڵەبجە (30) بینای قوتابخانە نوقستانە، یەعنی بەپێیی ئەو ئامارە، هێشتا شاری هەڵەبجە نەگەڕاوەتەوە دۆخی پێش وێران كردنی لەڕووی قوتابخانەوە، بۆیە چەندین وەزعی تر لەمبارەوە هەیە لە شاری هەڵەبجەو دەوروبەری كە حیسابی بۆ بكرێت، لایەنێكی تر كە من بەحەقیقەت لە پرۆژە پێشنیارەكەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا دەبینم باس لە قەرەبوو و زەرەرو زیانی ئەو جوتیارانە ناكاتەوە، كە ساڵانە تووشی زەرەر دەبن، لەئەنجامی هاتنی كۆمەڵێك شت و مەكی دەرەوە بۆ هەرێمی كوردستان، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو لە دەشتی پێنجوێن و شلێر كە باشترین تەماتەو سەوزەواتی تێدا دەستەبەر دەكرێت بەرەنجە شانی جوتیارەكان هاتە بەرهەم، بەڕاستی دەچوون تەماتەیان لە سنە و مەریوان و كرمانشاهەوە ئەهێنا، ئەوەی خەڵكی جوتیاری ناوچەی پێنجوێن لە جارەكەی خۆیدا ڕزی و هیچ كەسێك لێی نەكڕین و بوو بەگەورەترین زەرەرو هیچ كەسێكیش بەرپرسیارێتی خۆی یان ئەو زەرەرو زیانەی نەگرتە ئەستۆی خۆی، بۆ قەرەبوو كردنەوەی جوتیارەكان، یەك كێشەی تری گەورە هەیە كە پێم وایە وەكو پێویست لەبودجەی ساڵی 2010 بەتایبەت بۆ شاری هەڵەبجەو لە سلێمانیەوە بۆ دەربەندیخان و گەرمیان، بەڕاستی مەسەلەی ڕێگاو بانە، ئێمە هەموومان دەزانین ڕۆژانە بەهۆی خراپی ڕێگاو بانەوە بۆ نموونە دەڵێم تەنها لە ساڵی ڕابردوو لە تەسادومی دوو سەیارەدا، (24)كەس لەبەینی كەلار و دەربەندیخاندا گیانیان لەدەست دا، هیچ كەسێك نەبوو ئەم زەرەرە رۆحی و ماددییە لەئەستۆی خۆی بگرێت، ئەمە بەڕاستی ئێمە دەرامەتێكی زۆرمان هەیە، بودجەیەكی زەبەلاحمان هەیەو وڵاتێكی بچووكیشمان هەیە، بۆیە كە تەماشا دەكەین بەقەدەر بەینی جادەی دەربەندیخان بۆ هەڵەبجەی تازە كە دەشتە، هەموو كاتێك دەتواندرێت لە هەر چوار فەصڵەكەدا كاری تێدا بكرێت، بەڵام لە هەندێ لەجێگاكان ئەوەندە شاخ بڕاوەو تونێلی تێدا دروست كراوە لە وڵاتانی دەرەوە نەكراوە، بۆیە بەڕاستی ئەمە هەمووی دەكاتە كەمتەرخەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەحەقیقەت دەبێ بڵێین ئەو گلەیی و گازندانەی كە خەڵكی كوردستان لە ئێمەی دەكەن حەقیانە، چونكە ئەو دەسەڵاتەی ئەمڕۆ بە خوێن و فرمێسكی هەر تاكێكی ئەم وڵاتە بەدەست هاتووە، بۆیە حەقی خۆیانە كە یەخەمان بگرن لەسەر ئەو كەم وكوڕییانە، لەسەر ئەو نەقسانە، لەسەر ئەو مەشاكیلانە كە ڕووبەڕوی هاووڵاتیانی ئێمە دەبێتەوە، لە ڕێگاو بان، لەخوێندن، لە تەندروستی، لەبواری كشتوكاڵی، لە بوارەكانی تریش، ئەمانە كۆمەڵێك خاڵی گرنگن هیوادارم حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بودجەی ساڵی 2010، كۆمەڵێك لەو مەشاكیلانە چارەسەر بكات، تا ئیتر خەڵكی ناوچەكە روبەڕووی ئەو هەموو زەرەرو نەهامەتیە نەبنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو مرونەتەی کە هەتانە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر وردەکاری بودجە، من لەوەوە دەست پێدەکەم، کە بودجە تەنها ئەوە نیە، کە ئێمە چەند پارە یان هاوولاتی چەند پارە وەردەگرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە چۆنی وەردەگرێت، من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کۆمەڵێك لەو گلەیی و گازندانەی کە دەکرێت، دەتوانین بەم خاڵە مەسئولیەتەکەی جیا بکەینەوە، بەشێك لە مەسئولیەتی تەنزیم کردنی بودجە، تەنزیم کردنی سیستەمی ئیداری، دەگەڕێتەوە سەر پەرلەمانی کوردستان، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان خۆیان ماندوو بکەن، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پرۆژەی ڕێك وپێك دروست بکرێت، دابمەزرێت، بۆ ئەوەی ئەم خاڵانە تەنزیم بکرێت، حکومەتیش بەرپرسە لەبەردەم جێبەجێ کردنی یاساکان، بەرپرسیاریشە لەبەردەم وردەکارییەکان، لەبەردەم دەستپاکی، بێگومانیشین کە بواری ئیختیصاصی لەناو حکومەت زۆر زۆر زیاترە وەکو لەناو پەرلەمان، من تەقیمی بودجە لە چەند ناونیشانێکەوە دەکەم، یەکەم: پرەنسیپی بودجە، سێ خاڵی مەبدەئی بودجەمان هەیە، یەکەمیان: شەفافیەت، دووەم: ژمێریاری، سێیەم: دەستپاکی، بەنیسبەت شەفافیەت، زۆر برادەر زۆر خاڵیان باسکرد، من تەنها ئەوە دەڵێم کە تەنها نەك لە صالحی پەرلەمان نیە کە بودجە بشاردرێتەوە، بەڵکو دەبێ ئەوپەڕی شانازی پێوە بکات، کە بودجە بەشەفافی بڕوات، چونکە ئەم بودجەیە، ئەم لە 17٪یە دەستکەوتێکی گەورەی هەرێمی کوردستانە، هەمووشمان دەزانین بە چ شەڕێك تەسبیت بووە، ئەوە بە بیری هەڤاڵانم دێنمەوە کە لەپێش ساڵانی 2004یش شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا ساڵی دووجار تەفاصیلی بودجەی پیشانی هەموو خەڵکی کوردستان دەدا، مەسەلەی ژمێریاری ئەگەر سەیری بکەین، بریتیە لە ژمارە، بەڵام دوو بەشە، بەشێکیان ناونیشانە، بەشەکەی تریشیان ژمارەیە، بەحەقیقەت ئێمە ناتوانین هیچ ناونیشانێك لە بودجە لابەرین، چونکە جەدوەل و موستەنەداتی بودجە، لەسەر ئەساسێکی دەولی دانراوە، هەر ناونیشانێك لابەرین، بە تەئکید تۆ دەسەڵاتێك لەخوارەوە کەم دەکەیتەوە، یەعنی ئەگەر تۆ ناونیشانێکت لابرد مومکینە شتێکی زۆر بەسیط، شتێکی زۆر پێویست بەپارەیەکی زۆر کەم، مودیری دائیرەیەك نەتوانێ بیکات، مەسەلەی ژمارەش ئەویش دوو بەشە، ئیستیمارەی (جی، ئێف ، ئیس)دەدرێت بەهەموو دائیرەیەك ئەوەی کە سەرفیاتی هەبێت، لەو بەشەدا تەبیعی سەرفیاتەکەی خۆی دەنووسێ، ئەوەشی کە نەیبێت هیچ نانووسێ واتە سفر دەنووسێ، ئەگەر سەیری ئیستیمارەکان بکەین، دەبینین زۆر وەزارەت لە زۆر لەو ژمارانە سفری داناوە، ئێمەش بەڕاستی ناکرێت، ئەم ژمارانە کەم بکەینەوە، چونکە ژمارەکان بە پێیی ئیختیصاص دانراوە، دەستکاری کردنیان باش نیە؟، مەسەلەی دەستپاکی من وا تەسەور دەکەم ئەندامانی پەرلەمان مەسئولیەتەکەیان لێرە تەواو نابێت، کە موناقەشەی بودجە دەکەن، ئەندامی پەرلەمان مەسئولە لە تەنزیم کردنی بودجە، لە بڕیار دان لە بودجە و هەروەها لە مەرحەلەی تەنزیم و تەنفیز و لە مەرحەلەی مراقەبەی بودجە، کە

بەشێکی زۆر لە موناقەشەکانی ئەمڕۆمان دەچێتە چوارچێوەی بەشەکانی تر، خاڵی دووەم/ تەوجیە و ئاراستەی بودجەیە، بەعام بودجە لە هەموو دنیا دوو تەوجیهی عامی هەیە، یەکێکیان پێداویستی فعلی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیە، کە خۆی لە خزمەتگوزاری ئاو و تەندروستی و خوێندن دەبینێتەوە، نیسبەت بۆ ئەو خاڵە کە من لەسەر سحە قسە دەکەم، کە ئەم پارەیە و ئەو میزانیەی کە داندراوە بەڕاستی لە زمنی مەعایری دەولیە، بەڵام حەدی ئەدنایەتی، بۆیە داوا دەکەم کە نیسبەتێکی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها لامەرکەزیەتێك بدرێت بە وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەی لەسەر سەرف و لە سەلاحیات بتوانێت باشتر بکات، چونکە لە ئەمساڵ لە پەرلەمان و حکومەت بە تەماین بەڕاستی بە سیستەمی تەندروستی دا بچینەوە، ڕیزبەندی تەندروستی گوێم لێ بوو لە نەفەقاتی تەشغیلی لە ژمارە 9یە بەڕاستی من تەماشا دەکەم ژمارە 6 ەو ئەوەی کە گوترا داهاتە، داهات بە تەسەلسولی 9 هاتووە، بەڵام لە نەفەقات بە تەسەلسولی 6 هاتووە، خاڵی دووەمی ئاراستەکە گەشەپێدانی ئابووریە، کە لە 31٪ ی بودجە، بودجەی ئیستسماریە کە لە هەموو دونیا ئەم بەشەیان تاقەی ئینتاجی زیاد دەکات و لە کوردستانیش ئەم نیسبەتە ئەگەر سەیری بکەین و موقارەنەی بکەین نیسبەتێکی کەم نیە، برادەران ئیشارەتیان پێیدا کە بەشێکی لە عیراقیش زیاترە، بۆ زەبت کردنی ئەم دوو ئاراستەیە من چەند پێشنیارێکم هەیە کە نەفەقاتی تەشغیلی، یەکەم/ تەعینات زیاد بکرێت، دووەم/ دەست خۆشیتان لێ دەکەین کەوا ڕەواتبی شەهیدان و کەم ئەندامان و خانەنیشینان زیاد کراوە، بەڵام پێویست دەکات ئەوانی تریش ڕێکبخرێت، سێیەم/ منح و ئیعانات و مەسورفاتی ئوخرا بە ڕێژەیەك کەم کراوەتەوە کە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین، چوارەم/ کەم کردنەوەی سەرفیات، بەڕاستی کەم کردنەوەی سەرفیات هەر بە ئەوەوە نابێت کە لێرە ڕەقەم کەم بکەینەوە، بەڵکو بەوە دەکرێت کە ئێمە لە کاتی تەشغیلیەکە دا زەبت و موراقەبە بکەین بە تایبەتی لە نەفەقاتی ئیداری و سەیارات و دەتوانین بەوە نەفەقات کەمێك کەم بکەینەوە، خاڵی دووەم: بە نیسبەت نەفەقاتی ئیستسماری، منیش هەر داواکارم زۆربەی ئەو پرۆژانەی کەوا زەرورین ئیشیان لەسەر بکرێت، هەوڵ بدرێت ئەولەیەتیان پێ بدرێت، من دەڵێم خۆشبەختانە کە بودجە هەندێك ئاراستەی تایبەتی وەرگرتووە لەوانەش 120 ملیار دینار کە بۆ سندوقی پێشخستنی تواناکانە، 150 ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەیە، 350 ملیار دینار بۆ سندوقی نیشتەجێ یە، 30 ملیار دینار بۆ پرۆژەی کارگەی پیشەسازیە، 50 ملیار بۆ پرۆژەی زراعیە، ئەمانە هەندێك لەو ئاراستانەن کە تایبەتیشن، بودجە و مافی مرۆڤ، پێویستە بودجە چاودێری مافەکانی جیا جیای مافی تاکەکانی کۆمەڵگا جێ بەجێ بکات، بە تایبەتی هەژاران، کێن ئەوانەی کە ئیستیفادە لە بودجە دەکەن؟ بێ گومان لە هەموو چینەکان خەڵکی هەژار هەن، بودجەی دیموکراسی، بەرزکردنەوەی ئاستی ئازادی و پێشخستنی ڕێڕەوی دیموکراسی بە تەرخان کردنی 90 ملیار دینار بۆ دەعمی ئەحزاب، بودجە هی چ ساڵێك؟ بودجە هی ساڵی 2010 یەك کە تا ئێستا ئەم بودجەیە نیسبەتێکی زۆر کەمی لەوانەیە لێ سەرف کرابێت، ئەوەی کە بزانین بە 12 مانگ دێتە کوردستان، بودجە وەسیلەیەکی جامدە، وەسیلەی حەیەوی بۆ سەرف کردنی بودجە دەزگاکان و کارمەندانی حکومەتە، بۆیە

شتێکی خەتەرە بە بێ بەڵگە کەسێك تاوانبار بکەین، هەرکەسێکیش بەڵگەیەکی دەست کەوت، غەدرە نەیخاتە بەرچاوی میللەت، بودجەو تەکنەلۆژیا، لەسەر ئاستی مەعلومات ڕێژەی ئەوانەی کە ئێستا ئەنتەرنێت بەکاردێنن، ئەوانەی کۆمپیوتەریان هەیە چەندە؟ من ئەم پێشنیارانەشم هەیە، یەکەم بۆ 6 شاری کوردستان، هەڵەبجەو و پێنجوین و چوار تا و قەڵادزێ و دوکان و چۆمان، کە شەش شار بوون لەگەڵ گوندەکانی کوردستان بە دەستی ڕژێم رووخێندراون، من داوا دەکەم کە ئەوانیش لەم بودجەیە بێبەش نەبن و هەوڵ بدەین، ئەوانە پێویستیان بە دوو بەشە، بەشێکیان ژێرخانی ئابووری لەم بودجە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەواو، خوشکە بێرڤان سەرهەنگ.

**بەڕێز بێریڤان سەرهنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو شتانەی کە دەمویست باسی بکەم زۆربەی باس کرا، بەڵام وەکو خۆم کە لە لێژنەی تەندروستیم، چەند ئەندامێك داواکاری ئەوە بوو کە نەخۆشخانەی ئافرەتان بکرێتەوە، ئی منداڵان لە دهۆك، زۆر لەگەڵ ئەوەم کە بە زووترین کات ئەو شتە بکرێ، ئەویش لە پێشنیاری ئێمە هەیە لە راپۆرتی دارایی لە لێژنەی تەندروستی، بەڵام تەعریفێکی کورتی ئەو بودجەیە دەکەم کە هاتووتە پێشمان، ئەو بودجەیە من بە دەسکەوتێکی زۆر گرنگ دایدەنێم، چونکە لای من شەفافیەت گرنگە، کە دەبینم شەفافیەتی تێدایە و کۆی داهاتی هەرێمی تێدا نووسراوە، چەند پرۆژەیەکی جوانیشی تێدایە، بە بێ جیاوازی لە هەموو سەرانسەری هەرێم، ئەگەر هاتوو پرۆژەیەك لە شوێنێك نەکرابێ و لە شوێنێکی تر دانرابێ، مەعنای ئەوە نیە ئەو بودجەیە خراپە، مەعنای ئەوە نیە ئەو شوێنە پێویستی بەو پرۆژەیە نیە، بەڵام باشتر ئەوەیە پرۆژە لە هەموو شوێنەکان بکرێ بە پێی پێویستی خۆیان، یەك داواکاریشم ئەوەیە کە بە نیسبەت کەم ئەندامان، راستە پارەیان بۆ زیاد کراوە، چونکە کەم ئەندام تەنها بە مووچە چارەسەر ناکرێ، بەڵکو پێداویستی زۆری پێویستە، ئەویش ئەوەیە لە باری کۆمەڵایەتی و لە باری نیشتەجێیەوە دەبێ ئیعتیباری بۆ دابنرێ وەکو هەر هاووڵاتیەکی ئاسایی ژیانی خۆی بباتە سەر، هەست نەکات بەو کەمییەی، نەك کەم ئەندامێك بێتە سەر جاددە و خەڵك دڵی پێ بسووتێ، لەبەر ئەوەی کەم ئەندامە و یارمەتی بدات، بەڵکو دەبێ ئێمە هەست بکەین ژیانی ئەو کەم ئەندامە لەئێمە خۆشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، بۆ ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلا و ماندووبوونەی لە چەند رۆژی رابووردوودا کە زۆر هیلاك بوون بەوەی کە توانیان راپۆرتێکی وا پێشکەش بکەن و ئەمڕۆ

موناقەشەی لەسەر بکەن، من دەمەوێ لەسەر سیاسەتی حکومەت تۆزێك قسە بکەم، دیارە سیاسەتی دارایی حکومەت زۆر روون و ئاشکەرایە، ئەوە زۆر گرنگە بۆ خەڵکی کوردستان کە بزانێ بودجەکەی چەندە و چۆن سەرف دەکرێ؟، بە تایبەت کە بە شێوەیەکی یاسایی خراوەتە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ هەموو ئەو پارانەی کە دیاریکراوە، چۆن و لە کوێ و چۆن بەکاردێت؟، ئەوەیان خاڵێکی زۆر گرنگە و من دەستخۆشی لە حکومەت دەکەم، بەراستی حکومەت یەکەم جارە شتی وا لە کوردستان، یان خەڵکی کوردستان ئاشنا بێت بەو بودجە راستیەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەو بودجەیە هەنگاوێکی زۆر گرنگە، بۆ یەکخستنەوە و نەهێشتنی ئەوەی کە باسی دەکەن، دوو ئیدارەیی، بە تەواو بوونی ئەو بودجەیە بە تەکمیل بوونی ئەو بودجەیە، بە موصادەقەکردنی ئەو بودجەیە هیچ کێشەی دوو ئیدارەیی لێرە و لەوێ باس ناکرێ، دوو وەزارەتی و دوو ئیدارە و دوو پارە باسی لێوە ناکرێ کە ئەوە خۆی هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، بۆ یەکخستنەوەی تەواوی دوو ئیدارە و کۆتایی پێهاتنی، بە تایبەت کە ئەوە یەکەم جارە بەو شێوەیە هەموو خەڵك بزانێ و ئاگادار بێ، دیارە هەموو حکومەتێك حەز دەکات کاری باش بکات، هیچ حکومەتێك لە دونیادا نایەوێت لە حوکمەکەی خۆیدا فەشەل بێنێت، بە تایبەت حکومەتەکەی ئێمە کە لە قۆناغێکی زۆر گرنگ و هەستیاردایە، کە بەبەرنامەیە، حکومەت کاری باشی کردیە و خزمەتی زۆری کردیە و خزمەتی زۆر بەولاتی خۆی ئەکات، هەنگاوی زۆر باشی ناوە بەتایبەتی لەو بودجەیە کە ئێستا ناردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و موصادەقەی لەسەر بکەین، کە دەبینین لە کارە باشەکانیدان من دەستخۆشی لێ دەکەم، کێ دەتوانێ بڵێ زیادکردنی مووچەی شەهیدان، ئەنفالکراوەکان، کەم ئەندامان، کارێکی خراپە؟، کێ دتوانێ بڵێ کردنەوەی 4 زانکۆ لە کوردستان، کارێکی خراپە؟، کردنەوەی 4 زانکۆ و دانانی بودجە بۆ ئەو 4 زانکۆیە کارێکی زۆر گرنگە و خەڵکی کوردستان لە رووی زانست و پەروەردەوە ئیستیفادەی زۆری لێ ئەکات، من خەڵکی ناوچەیەکی بچکۆلەم، لەوناوچەیەدا 60 دکتۆرا و ماجستێری تێدایە، رەنگە ئەوە کێشەیەك ببێت لە کوردستان، زۆری ئەو هەموو دکتۆرا و ماجستێرە کە بتوانین بەکاریان بێنین، کردنەوەی ئەو زانکۆیانە دەتوانێ ئیستیفادەیەکی زۆری لێ بکەین و هەموو ئەو خەڵکانەی کە هەیە بەکاری بێنین، ئەو مەکتەبە نموونەیانەی کە ئێستا دەکرێن و سالانە 100 تا 120 قوتابخانە لە کوردستان ئەکرێ جگە لە بودجەی وەبەرهەمهێنان، ئەوە کارێکی زۆر باشە و پێویستە دەستخۆشی لە حکومەت بکەین، سندوقی نیشتەجێبوون کارێکی زۆر باشە و خەڵك ئیستیفادەی زۆری لێ ئەکات، یەك خستنی وەزارەتی پێشمەرگە و دیاری کردنی بودجە بۆ 4 لیوای پێشمەرگە کارێکی زۆر باشە و دەستخۆشی لە حکومەت دەکەم، کە توانیوتی بەو شێوەیە رێکی بخات و لە کوردستان کە بریارە16 لیوا هەبێ، بەلام ئێستا بۆ 4 لیوا توانیویەتی بودجەیەکی زۆر باش و بەرچاو رێك بخات، کە مووچەی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان وەکو مووچەی چەکدارەکانی یان وەزارەتی ناوەخۆی عیراقی لێ بکات، کە زۆر لە خوشك و برایان باسیان لەوە کرد کە مووچەی پێشمەرگە کەم و کورتی هەیە، ئەوە کارێکی زۆر باشە و لە داهاتووشدا لەوانەیە لیواکانی تر بکەونە کار و ئەو مووچەیە بە هەمان مووچە کە لە عیراق وەردەگیری،

وەربگیرێ، دیاری کردنی بودجە بۆ حیزب و ڕێکخراوەکان، کە 90 ملیارە، یەکەم جارە ئەو یاسایە کاری پێ بکرێ، کە زۆر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان، داوام لەسەر ئەوە بوو کە دەبێ، لەبەر ئەوەی یاسا هەیە، یاسایەکە جێبەجێ بکرێ، میزانیەیەك بۆ حیزب و ڕێکخراە سیاسیەکانی کوردستان دیاری بکرێ، ئەوەشیان کارێکی باشە، کێ ئەتوانێ بڵێ ئەوە کارێکی خراپە و بە یاسا تەنزیم ئەکرێ، هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان بە یاسا لەو بودجەیە کە دەستنیشان کراوە بەشی خۆیان ئەبەن بە پێی ئەوەی کە لە یاسای ئەحزابدا، لە داهاتوودا پرۆژە یاسایەکەی پێ دەردەچێ، لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کورتی هەیە، بەلام ئێمە دژی حکومەتەکەی خۆمان نین، حکومەتی خۆمان بۆ ئێمەی ناردووە، نەیشاردۆتەوە، بودجەیەکی بۆ ئێمە ناردیە، کە ئێمە تەواوی بکەین، نەیشاردۆتەوە و بە ئاشکەرا دەڵێ: بە هۆی تێکەڵاوی حیزب و حکومەت، ڕەنگە لێرەو لەوێ هەندێ کەم و کورتی تێکەوتبێ، بۆ پەرلەمانی کوردستانی ناردووە، کە لێژنەکان لە پەرلەمانی کوردستان موناقەشەی لەسەر بکەن، هەموو ئەو شتانەی کە زیاد و کەمی تێدایە ئێمە دەتوانین بڕیاری لەسەر بدەین، ئێمە دەتوانین لەگەڵ وەزیری دارایی، لەگەڵ وەزیری پلان دانان پێیان بڵێین، خاڵە باشەکان کە دەستخۆشێم لێ کردن، ئەو خاڵانەش کە کەم و کورتی لە بودجەکە دایە، پێیان بڵێین جەنابی وەزیری دارایی ئەوە کەم و کورتیە و فەرموو چاکی بکە وەکو هەموو ئەو خوشك و برایانە کە لە ئەمڕۆ و بە تێر و تەسەلی باس لە کەم و کورتیەکان کرا، با ئێمە باشی بکەین، با بە باش بڵێین باش و بە خراپیش بڵێین خراپ، حکومەت کارە چاکەکانت دەستخۆشی لێ ئەکەین، کارە خراپەکانیش داوات لێ ئەکەین چاکی بکەی، کەم و کورتیەکانت باش بکەی، ئەوە کارێکی زۆر باشە، حکومەت نەیشاردۆتەوە زۆر بە ئاشکرایی ناردوویتی و ئێمە دەتوانین لەگەڵیان باس بکەین، من پێش ئەوەی باسی کەم و کورتیەکان و هەنێ شتی تر بکەم، دەمەوێ باسی ناوچەکەی خۆم بکەم کە وەکو هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانی باسی ناوچەکانیان کرد، دیارە ئەو ناوچەیەی کە منی تێدایە و نوێنەرایەتی تێدا ئەکەم، ئەو ناوچەیە ناوچەیەکە لە ڕووی قوربانی، قوربانیەکی زۆری داوە، لە ڕووی وێرانکاری ناوچەیەکی وێرانە، لە ڕووی خزمەت گوزارییەوە، خزمەتگوزارییەکی کەمی پێگەیشتووە، داواکارم لە وەزارەتی دارایی، لە ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز، لەو پارە زیاد و کەمانەی کە لە پرۆژەکاندا هەیە، بتوانین شتێك بۆ ئەو ناوچانەی کە زەرەرمەند بوون و کەم دەستی خزمەت گوزارییان پێگەیشتیە، بتوانێ دەستی خزمەت گوزاری و بە تایبەتی ئەو ناوچەیە من کە ناوچەیەکە لە ڕووی گەشت و گوزارییەوە حکومەت ئیستیفادەکی زۆری لێ دەکات، دەتوانێ پلانی باشی بۆ هەبێت وەزاەرتی شارەوانی و ئیستیفادەی زۆر باشی لێ دەکرێ، ناوچەیەکە بوویتە ناوچەیەکی نێودەوڵەتی ئێستا لەوناوچەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیستیفادەیەکی زۆر ئەکات، ڕەنگە ئەو ناوچەیە و ناوچەکانی تریش بە تایبەتی لەو ناوچەیەدا ڕەنگە مانگانە دوو ملیار تا سێ ملیار دینار واریداتی بێ بۆ حکومەت، پێویستە لەو داهاتەی کە لە ناوچەکەدا دەستدەکەوێت، کە ناوچەکەش ناوچەیەکی مەغدورە، بەشێك لەو داهاتەی کە خەڵکی ناوچەکەش داوای دەکات، بەشێك لەو داهاتەی لەو ناوچانەدا سەرف بکرێتەوە کە داهات لێ بەدەست دێ، من دەمەوێ باسی لێژنەی ناوخۆ

بکەم، وەزارەتی ناوەخۆ دەستخۆشیان لێ دەکەم بۆ ئەوەی کە بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی وڵات کە ئێمە هەموومان دەزانین لە سایەی ئەو ئەمن و ئاسایشەی کە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، هەمووی لە چاوی هێزە چەکدارەکانی ناوەخۆیە، لە چاوی وەزارەتی ناوەخۆ و ئاسایشە، کە خۆش بەختانە هەموو لایەکمان شانازی بە ئەو ئەمن و ئاسایشە دەکەینەوە لە وڵاتی خۆمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە کەم و کورتی لە وەزارەتی ناوەخۆدا بەدی ئەکەین، بە تایبەتی هەندێ لە میلاکاتی زیاد و کەمیدا کە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین، موناقەشەی زۆرمان کرد و چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ جەنابیان کرد، ئەو زیاد و کەمە بۆ ئێمە ماوەتەوە، من داوا لە جەنابی وەزیری دارایی دەکەم، ئەو زیاد و کەمەی کە لە وەزارەتی ناوەخۆدا هەیە سەبارەت بە میلاکاتیاندا، چاوی پێدا بخشێتەوە و بتوانین زیادەکانی لێ لادەین و بە پێی پێویستی وەزارەتی ناوەخۆ ئیشی بۆ بکەین، دیارە هەندێ کەم و کورتی تر لەسەر وەزارەتی ناوەخۆ لەسەر بودجەکە بەدی ئەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە رەنگە لە هەولێر هەندێ وەکو برادەران باسیان کرد، 11 ژوور و هۆڵی کۆبوونەوەکان لە لقی دوو دروست کراوە، لەسەر بودجەی وەزارەتی ناوەخۆ، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین و موناقەشەی ئەوەمان کرد، جەنابی وەزیر بێ ئاگایی خۆی نیشاندا لەم مەسەلەیە، من لەگەڵ ئەوەشدا حەق ئەدەمە ئەوەی کە بەراستی بۆ ئەو شوێنانەش هاوکاری بکرێ، چونکە ئەو هاوکارییەی کە بۆ ئەوانە دانراوە پارەیەکی زۆر کەمە، سەد و چەند ملیۆنێکە، دیارە ئەوە بە هۆی ئەوەیە کە لە یەکی شوباتی 2004 ئەو تەقینەوە گەورەیەی کە لە هەردوو ، مەڵبەندی یەکێتی و لقی دوودابوو، سەدان کادیری تێدا شەهید بوو، وەزیر و پارێزگار و چەندین مەسئول و کاربەدەستی تێدا شەهید بوون، بینایەکانیشی بەسەر یەکدا وێران بوون، ئەوە دەکرێ حکومەت چاوی لێ بکات ئەو شوێنانە، وەکو شوێنەکانی تر کە تەقینەوەی تێدا ئەکرێ، چاکبکرێنەوە، بەڵام دەکرا لە جیاتی ئەوەی لەسەر وەزارەتی داخیلیە بێت، دەبوایە وەزارەتی مالیە یان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە بریارێك شتێکی بۆ تەخصیص کرابا و ئەوانە قەرەبوو کرابانەوە، لەسەر وەزارەتی ناوەخۆ تەکیەی شێخ کاکە هەیە، ئەوە کەم و کورتیە، وەزارەتی ناوەخۆ چ پەیوەندی بە تەکیە هەیە؟ ئێمە رێزمان هەیە بۆ هەموو تەکیەکان کە هەیە، بەڵام دەبوایە ئەو پارەی کە بۆ چاککردن و چاککردنەوەی تەکیەی شێخ کاکە دەستنیشان دەکرا، دەبوایە لە وەزارەتی ئەوقاف بێت لە جیاتی ئەوەی لە وەزارەتی ناوەخۆ بێت، ئەوە هەڵەیە، کە لەگەڵ جەنابی وەزیریش باسمان کرد، ئەویش بە هەمان شێوە دانی بەوەدا نا کە ئەوە کەم و کورتیە، دەبوایە لە جیاتی ئەوەی کە لە وەزارەتی ناوەخۆ بێت، لە وەزارەتی ئەوقاف بوایە و حەقی خۆیەتی لەوێ هەر جۆرە هاوکارییەك بکرێت، لەسەر حیسابی وەزارەتی ناوەخۆ نەبوایە، سەبارەت بە هەردوو ئاسایش، راستە ئێمە لە لێژنەی ناوەخۆ گلەییمان لەوە هەبوو، رەخنەمان لەوە هەبوو، کە دەبوایە ئەو دوو ئاسایشە بەیەك بودجە بهاتبایە، بەڵام لێرەشدا پێم وایە حکومەت چۆن لە بودجەکەدا شەفاف بووە، لەوەش راستگۆ بووە لەگەڵ ئێمە، نەیشاردۆتەوە کە دوو ئاسایش هەیە، راستە لە هەرێمی کوردستان دوو ئاسایش هەیە، دەیتوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەك کوراسە لەسەر بەرگەکەیدا بنووسێ، بودجەی ئاسایشی

هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت شەفاف بووە و بە شەفافانە ناردوویەتی و بە دوو میزانیەی جیا ناردوویەتی، ئێمە لە لێژنەی ناوەخۆدا پێشنیار دەکەین کە ئەو بودجەیە لە ماوەی سێ مانگدا یەك بخرێت، بە یەك بودجە بنێردرێتەوە، بۆ ئەوەی هەردوو ئاسایشیش یەك بگرنەوە، لە کۆتاییدا داوا دەکەم مووچەی هێزەکانی پۆلیس و ئاساییش، وەکو هێزەکانی بەغدای لێ بکرێت، کە ئەوەیان داوایەکی زۆری لەسەرە و حەقی خۆشیانە هێزەکانی ئاساییش و پۆلیسی وڵاتی خۆمان وەکو هێزەکانی بەغدا بێ، کە چی لە وەزارەتی ناوەخۆی عیراق وەردەگرن، بە هەمان شێوە هێزەکانی ناوەخۆشمان وەربگرێت، پێشنیار دەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دی ئەو مەعمەل و شتانەی کە لە وەزارەتی صیناعە هەیە، دروستیان نەکات و ئیهتیمامیان پێ نەدا زیاتر لەوە، بەکاریان نەیێ و بیانفرۆشی و زیاتر دەعمی کەرتی تایبەت بکات، پێشنیار دەکەم لە بودجەی ئیحتیات پارەیەك بۆ پارێزگاکان تەرخان بکرێت، پەرەپێدانی پارێزگاکان دەستنیشان بکات، ئەوە کارێکی زۆر گرنگە و رەنگە زۆر داوای لەسەر بێت و لە قەزا و ناحیەکان و پارێزگاکان موناقەشەی کرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز کە زۆر بەراشکاوی و لەبەرژەوەندی ئەو هەرێمە قسەتان کرد، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین تاکو سبەی سەعات 10 بە خواتان ئەسپێرین، خوا ئاگادارتان بێ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |

**کوردستان – عێراق** **کوردستان – عێراق** **کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 25\2\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2010/2/25

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2010/2/25 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (5)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2010/2/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1 ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 5ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2010/2/25.**

**بەرنامەی کار:**

**بە پێی حوکمی بڕگە 1 ی ماددەی 6 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە 1 ی هەمووارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 5ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر 10 ی پێش نیوەڕۆ لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2010/2/25 بەم شێوەیە بێت:**

**1 ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.**

**بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، بەخێرهاتنی کاک شێخ بایز و کاک د.علی سندی و کاک رشید و کاک سیروان و کاک دڵشاد دەکەین، زۆر بەخێربێن، هەروەها بەخێرهاتنی قونسولگەری ئەڵمانیا دەکەین کە بە میوانداری لەسەرەوەیە بۆ سەیرکردنی دانیشتنەکە، بەخێرهاتنی هەر هەموو لایەك دەکەین، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر کارەکان، ئەو ناوانەی کە مابوون تەواوی دەکەین، کاك عدنان فەرموو.**

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەو حوکمەی کە نوقتەی نیزام پەیوەست نیە بە بەرنامەی کارەوە، بەڵکو پەیوەستە بە یاساوە، من لێرە بەڕەسمی داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم تەوزیحی رەسمی بدەن لەسەر قسەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە پێرێ لە دوای دەرچوونی ئێمەوە و ئامادەنەبوونی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان دا کردی، دەمەوێ تەوزیحی ئەوەش بدەن کە چۆن دەکرێت مەسەلەی بودجە کە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە هەموو کۆمەڵانی خەڵکەوە بە بێ ئامادەبوونی ئۆپۆسیۆن کە نزیکەی 35٪ی پەرلەمان پێك دێنن، 35 ئەندام پەرلەمانی کوردستان.......**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە، زۆر سوپاس ئەوە لەبەرنامەی کار نیە، دوایی دەتوانن یاداشتی جەنابتان بهێننە سەرۆکایەتی و لەسەری قسەی دەکەین، جەلسەکەش بە ئامادەبوونی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام بوو، بە هەموو لایەکەوە تەواو بوو، لیژنەی دارایی کەرەمکە بۆ جێگەی خۆتان، کاك سەرهەنگ فەرموو.**

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره دوو ڕۆژه بەبڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگە بـە کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن نـادەن بێنـە ژوورەوە بـۆ تەختیە کردنی دانیشتنەکان، بەڵام ئەم بڕیارەی جەنابتان سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی گرتووەتـەوە، یـەعنی تکایە من داواکارم چاوێك بەو بڕیارە بخشێننەوە، لایەنی کەم پەیامنێری ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکان لێرە ئامادە بن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەت، بە حەقیقەت بـۆ ڕاگرتنـی هێمنـی و قودسـیەتی نـاو قاعـەی پەرلـەمانی کوردسـتان، هـەروەکو گشـت پەرلەمانـەکانی تـری سەرتاسـەری دونیـا بـۆ هـیچ کـەناڵێکی لایـەنی حیزبـی و سیاسی نیە لەناو قاعەکە بێت، ئێمـە بـە ئەمانەتـەوە کـەناڵی پەرلـەمان و ڕاگەیانـدن بـە ئامانەتـەوە گشـت دانیشتنەکان و گفتوگۆی گشت لە ئێوەی بەڕێز و هەتا وەکو ئـەو مولاحەزەیـەش کـە کـاك عـدنان ئیشـارەی پێی کرد کە ئەگەر سانسۆر هەبووایە ئەوەی لێ لادەدرا، ئەوەش  بـە ئەمانەتـەوە گەیەنرایـە شـوێنی خـۆی، ئێمە بە ئەمانەتەوە کاسیەتەکانتان تەسلیم دەکەین، تاکو شوێنێك لەناو ئـەم قاعەیـە تـەرتیب دەکـەین بـۆ گشت کەناڵەکان کە بتوانن لەوێوە ڕۆژانە ئاگایان لێ بێت، تکایە ئەو مەوزوعە تەواو، ئێستا داوا دەکـەین لـە ڕێزدار سەروەر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بودجەیەی کە لەبەردەستمان دایە و  گفتوگۆی لەسەر دەکەین دەتوانین لە دوو لایەنەوە تێی بڕوانین، یەکەمیان ئەوەیە کە تـا ئاسـتێکی بـاش سیاسـیەتێکی ئـابووری گونجـاو و هاوسـەنگی تیـادا ڕەنگـی داوەتەوە، دەتوانم بڵێم گرنگی زیاتر بەو کەرتانە دراوە کە ئەولەویاتیان هەیە، بۆ نموونە ئێمە لەو وڵاتەدا قەیرانی نیشتەجێ بوونمان هەیە کە هاتووە 350 ملیار دینار بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون، جگـە لـەو بـڕە پارەیەی کە بۆ سولفەی عەقار تەرخان کراوە، هەروەها لەبواری پەروەردەدا  ئێمـە کێشـەی دوو مەکتـەب و سێ مەکتەب و کێشـەی دوو دەوام و سـێ دەوامـمـان هەیـە لـەناو هـەموو قوتابخانەکانـدا، ئەوەیـە کـەوا هـەم 120 ملیار تەرخان کراوە بۆ هەڵمەتی نیشتمانی و دروست کردنی قوتابخانەکان و هـەم ئـەو قوتابخانانـەی کەوا لە بەرنامەی وەزارەتی پلاندانان داهاتووە، وە جگە لەمە دەتوانم بڵێم هەم بـۆ کەمکردنـەوەی گرفتـی لاوان  و کێشەکانی لاوان و هەم دابین کردنی کادیری زانستی 120 ملیار کە تەرخان کـراوە، مـن پـێم وایـە لـە بـواری خوێنـدنی بـاڵادا کـارێکی زۆر کـراوەو بڕێکـی بـاش لـە بودجـە تـەرخان کـراوە هـەم لـە پـڕۆژە بەردەوامەکاندا  کە 94 ملیار تەرخان کراوە وە هەم لە پڕۆژە تازەکان دا کە 68 ملیار بـۆ پـڕۆژەکـانی ئـەم ساڵ تەرخان کراوە، جگە لە دروست کردنی چوار زانکۆ، وە گەلێ لایەنی تری گەشـی تیـادا دەبیـنین، بـەڕێز

سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانم بڵێم بودجەکە بێ کەموکوڕی نیە و هەندێك سەرنج و تێبینـی هەیـە کـە دەتـوانم لێـرەدا بیخەمـە ڕوو، یـەکێك لەوانـە پەلەپروزەیـەك دیـارە بـە ئامـادەکردنی بودجەکەوە ئەویش دەتوان بۆ ئەوەی بگێڕمەوە کە هەرچەندە من خۆم بە مەحامی حکومەت نازانم بەڵام وەزیرە بەڕێزەکان لێرەن و دەتوانن خۆیـان وەڵامـی بدەنـەوە، کـە دەڵـێین ئـەو بودجەیـە دواکـەوتووە، ئـەم بودجەیە دواکەوتووە کە دەبووایە لەسـەرەتای مـانگی $10$ دا بهاتبایـە، بـەڵام ئێمـە دەزانـین کـە لـە کۆتـایی مانگی $10$ دا حکومەت پێك هاتووە، لەو ماوە کورتـەش دا ناکرێـت پرۆژەیـەك ئامـادە بکرێـت بـەو جـۆرەو کابینەیەکی تازەیە، پێم وایە ئەو پەلەپروزەیەی هەر پێیەوە دیار دەبێت، خاڵێکی تری ئەوەیە کـەوا ئێمـە یەکێك لە کێشەکانمان کە دەکرێـت هاوسـەنگیەك هـەبێت لـە نێـوان وەزارەتەکانـدا لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت ئێمـە پێویسـت لەگـەڵ پێویسـت تـر جیـا بکەینـەوە، وە گـرنگ لـە گـەڵ گـرنگتر جیـا بکەینـەوە، ئـەو بـڕە بودجەیـەی کـە دانـدراوە ناکرێـت هـەموو ئـەو داواکاریانـەی کـەوا لـە وەزارەتـەکان دا هـاتوون جـێ بـەجێ بکرێت، بە پێی ئەو بەرنامەی کە لەبەردەستدایە (شازدە ترلیۆن و سەد و بیست و حـەوت ملیـار و حـەوت سـەدو پـەنجا و سـێ ملیـۆن) داوا کـراوە لەلایـەن وەزارەتەکانـەوە، بـەڵام خـۆی بودجەکـە یـازدە ترلیـۆن و ئەوەندەیە، جگە لەوە ئەمە پێش پەسەند کردنـی بودجـە لـە بەغـداوە هـاتووە لـەدواتر دا وەکـو دەیـزانین کەوا نزیکەی ترلیۆنێکیش و کەم تر لە ترلۆنێك کەم کرایەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمان سـەرباری ئەمانـە هەندێك سەرنجی ترم هەیە پێم وایـە دەتـوانین لێـرەدا بیخەینـە ڕوو، ئەگـەر چـی ئێمـە نزیکـەی $20$ ڕۆژ بەردەوام بووین لەسەر گفتوگۆ کردن لەسـەر ئـەو بودجەیـە لـە لیژنـەکان کـەوا سـەرجەم لیسـتەکانی تـر و نوێنەری هەموو لایەکی تیایە و هەموو بیروڕاو سەرنجەکانی خۆمان دەربڕیوە، مایەی دەست خۆشی کردنـە لـە لیژنـەی دارایـی کـەوا نزیکـەی $90\%$ ی ئـەو سـەرنج و پێشـنیار و ڕەخنانـە لـە ڕاپۆرتەکەیانـدا جێـی کراوەتەوە، هەندێك خاڵ هەیە کە دەمـەوێت بیخەمـە ڕوو، یـەکێك لەوانـە پێویسـتە کاربکرێـت بـۆ ئـەوەی سەرجەم داهاتی هەرێمی کوردستان بە شـێوەیەك، بـە یاسایەك ڕێـك بخرێـت، لەبەرئـەوەی پـێم وایـە ئـەو داهاتەی کەوا هـاتووە ناتەواویـەکی تیادایـە، خـاڵێکی تـر ئێمـە لـە لیژنـەی نەزاهـەدا داوامـان کردبـوو کـەوا نەفەقاتی سیادی سەر بە سـەرۆکایەتیەکانی سـەرۆکایەتی هـەرێم و سـەرۆکایەتی حکومـەت و سـەرۆکایەتی پەرلەمان و هەروەها ئەمانە تا ئاستێکی بەرچاو کەم بکرێنـەوە، ئـەو بـڕە پارەیـە بخرێتـە سـەر پرۆژەکـان، بەڵام تیایدا هاتووە کە پەسەند نیە و هیوادارم پەسەند بکرێت، خاڵێکی تر سەبارەت بەو زانکۆیانەی کـەوا کراونەتەوە، هەنگاوێکی باشە، بەڵام من لێرەدا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پەلە بکرێت لـە دروسـت کردنیـان و چاودێریەکی توندیان بخرێتە سەر، بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت، چونکە ناکرێـت زانکـۆ بکرێتەوە و پێداویستی تەواو نـەبێت و یـاخود کـەموکوڕی هـەبێت، پێشـنیارێکی تـرم ئەوەیـە کـەوا بەشـی نـەوعی بکرێتـەوە لەوانـەدا، هەرچـەندە ئەمـە بابـەتێکی سـرف زانسـتیە، بـەڵام پەیوەنـدارە بـە بودجـەوە، چونکە بەشی زانستی کە دەکرێتەوەپێویستی بە بودجە هەیـە و کـە ئەمـەش لـە پـەنا پلاندانانـدا هـەبێت، خاڵێکی تر من پێشنیار دەکەم بڕی ئەو $120$ ملیارەی تەرخان کراوە بۆ تواناسازی لاوان لەم ساڵ دا تایبەت

بكرێت بە کەوادیری ئەو زانکۆیانە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورت دا کێشەی نەبوونی کادیری زانستیان نەبێتن، هەروەها خاڵێکی تر کە هاتووە لەبەرنامەکەدا سەبارەت بە دامەزراندن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا موافەقەی 912 کەسیان بۆ کراوە، ئەو 912 کەسە من پێم وایە بەشی زانکۆ کۆنەکان ناکات چ جای ئەوەی 5 زانکۆی تازە کراوەتەوە بە زانکۆی سۆرانەوە کەوا ئێمە لە جەولەکانماندا بۆ زانکۆکان بۆمان بەدیار کەوتووە کەوا کێشەیەکی زۆر هەیە لە کارمەند و خزمەتگوزار و مامۆستا و لایەنەکانی تریش، هەروەها سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە کە دیسانەوە داوای دامەزراندن 22520 کەسیان کردووە، هەرچەندە ئێمە پێمان وایە ئەو ڕێژەیە زۆرە، بەڵام 1500 کەسیان بۆ موافەقە کراوە، بۆیە لێرەدا ئێمە داوای ئەوە دەکەین کەوا ڕێژەی دامەزراندن لە وەزارەتی تەربیە زیادبکرێت، بەلای کەمەوە لە 5 هەزار کەس کەمتر نەبێت، خاڵێکی تریان هەر سەبارەت بە خوێندنی باڵاوە، ئێمە لە شاری چەمچەماڵ دا سێ کۆلیژ هەیە، کۆلیژی زانستە سیاسیەکان، کۆلیژی پەروەدە و کۆلیژی پەروەدەی بنەڕەتی، هەر سێ کۆلیژەکە لە کرێدان، ئەو سێ کۆلیژە واتە بینایەی خۆیان نیە، پێشتر داوایان کردبوو کەوا بینایەیان بۆ دروست بکرێت، بەڵام بینایەکەیان بۆ دروست نەکراوە، وە موافەقەی خوێندنی باڵا و ئەنجومەنی وەزیرانیشیان هەیە لە ساڵی ڕابردوودا کە بخرێتە پرۆژەی بودجەی ساڵی 2010 ەوە، نەخراوەتەوە، ئێمە هیواداریین هەرچەندە ئێمە لە لیژنەی پەروەدەدا و لە ڕاپۆرتی خۆشماندا دەست نیشانمان کردبوو، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا نەهاتووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دەزگاکای مین و ئاسایش و چاودێری شەش مانگی بۆ دیاری کراوە، پێم وایە شەش مانگ زۆرە، هەر بۆیە من لێرەدا داوادەکەم کە پێویستە کاتەکەی لە دوو تا سێ مانگ بێت، بە تایبەتی ئەوەی کە سەبارەت بە دەزگای چاودێریە کە پەیوەندارە بە پەرلەمانەوە، ئێمە خۆمان لێرە پەلەی تێدا بکەین و مشورەتی بخۆین و بۆ ئەوەی زوو تر کارەکانی بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو پرۆژەی بودجەیە باشتر بێت، وەکاری باشتری لەسەر بکرێت و شەفافانە تر بێت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم/ یەکەم: چاودێری باشتر بێت و کارا تر بکرێت، دووەم: بە زووترین کات پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت، سێیەم: دەستەی نەزاهە پێك بهێندرێت بۆ ئەوەی بە چاودێریەکی توند تر ئێمە بتوانین بەسەر دامودەزگاکاندا هەمان بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڵێ ڕاستە ئەو بودجەیە کەموکوڕی تیا دایە، وە لە هەندێ شوێندا مۆرکی دوو ئیدارەیی پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە دەڵێین مۆرکی دوو ئیدارەیی، بەڵێ بە دوو ئاسایش هاتووە، بەڵێ بە دوو دیوانی چاودێری هاتووە، بەڵێ دوو دەزگای مین هاتووە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم ئەمە ڕەنگدانەوەی واقعێکی ڕابردووە، حکومەت بە شەفافانە ویستویەتی ئەو شتەی هەیە دەری ببڕێت، نەی ویستووە هەندێ شت هەیە بیشارێتەوە، تەعامولی لەگەڵ واقع کردووە، جگە لەمە دەتوانم بڵێم هەندێك پرۆژەی حیزبەکانیش تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، لە لق و لە مەڵبەند و، وە لەچەند لایەنێکی تریش، بەڵام ئەمە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەنها دوو حیزبی دەسەڵاتدار دەتوانم بڵێم ناگرێتەوە، ئێمە بە حوکمی ئەوەی لەم وڵاتەدا حیزب و حکومەت تێکەڵ کراون، بە هۆی ئەو بارودۆخەی کەوا هەبووە، ئەگەر لە

**ولأتانى تر حيزب ئامرازێك بێت له سەردەمێكى ديموكراسى دا بۆ ململانێيەكى سياسى دروست بوو بێت له پرۆسـەيەك دا، بـەلأم لـە كوردسـتان دا خـەباتى رزگـاريخوازى كـورد حيزبـەكان كردوويانـە و حيزبـەكان حكومەتيان دروست كردووە، حيزبەكانن كەوا هاتوون و ئەمڕۆش ئەو تێكەڵيە هەيە، پێويستە لەسەر ئێمە كار بكەين بۆ ئەوەى حيزب لە حكومەت جيابكەينەوە، هەر بۆيە دەكرێت حيزب دەربهێنين لە زانكۆكـان و لـە مزگەوتـەكان و لـە فەرمانگـەكان و لـە هـەموو قوتابخانـەكان و لـە هـەموو شـوێنەكانى تـريش، بـەڕێز سەرۆكى پەرلەمان، لێرەوە ئێمە دەكرێت داواى ئەوە بكەين، تەنها پارتى و يەكێتى نين كەوا ئەو كارانـەيان كردبێت، ........... .**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

**رجائەن مەچۆ سەر حيزب، باسى ڕاپۆرتەكە بكە، وەختەكەت تەواو بوو، كاك سەروەر فەرموو.**

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**ئێمـە داواى ئـەوە دەكـەين كـەوا ديـوانى چـاودێرى يـەك بگرێتـەوە، بـۆ ئـەوەى بـە شـەفافانە تـر چـاودێرى كاروبارەكان بكات و ڕاپۆرتى خۆى بنووسێت، بەلأم لەمەشيان دا ئەوە دەڵێم ناكرێت ديوانى چاودێرى كـەوا بۆ خۆى داگير كراوە لەلايەن لايەنێكەوە، بۆيە ........... .**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

**كاك عبدالقادر فەرموو.**

**بەڕێز عبدالقادر اكرم جميل:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**وەڵڵاهـى بەڕاسـتى هـەتا ئێسـتاكە تەقريبـەن زۆر ئـەو قسـانەى كـەوا حـازرم كردبـوو، يـەعنى تەقريبـەن هەمووين گوت، فەقەت لـە نيسبەت حيزبەكانـەوە، ئێسـتا حيزبـەكان خاسـەتەن حيزبـە توركمانيـەكان كـە قەسدم ئەترافە توركمانيەكانە، هەتا ئێستا بودجەيان زۆر زۆر كەمترە لـە حيزبـە كورديـەكان، هـەتا ئێسـتا حيزبە توركمانيەكان و ئەترافە توركمانيەكان پێيان ناكرێت فەرعێك لە ئەوەيەكى تر بكەنەوە، چونكە بە سەراحەت بودجـەيان زۆر زۆر كـەمترە لـە حيزبـەكانى دى، هـەروەكو هـەمووومان دەزانـين يـەعنى ميللـەتى توركمان دووەمين ميللەتە لەناو هەرێمى كوردستان دا، يەعنى دەبێت حسەيەكى چاكى هـەبێت بـۆ ئـەوەى بتوانێ خزمەتى خۆى بكا و، هەروەها خزمەتى هەرێمى كوردستانيش بكات، زۆر زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

**تكايە باسى ميزانيەكە بكەن، كاك قادر فەرموو.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو بودجەیەی کە پێشکەش کراوە ئەو بودجە تەخمینیە بە دەستکەوتێکی باشی دەزانم بە عومومەن، ئەو موناقاشانەی لەسەری کراوە لەخلالی ئەو چەند ڕۆژەو ئەو چەند هەفتەی ڕابردوو، لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانیش نیشان درا ئەو پەڕی دیموکراسیەت و شەفافیەتە، بێ گومان هیچ شتێکیش بێ کەموکوڕی نابێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من بە دەسکەوتێکی دەزانم، حەقیشە ئەو ئازادیە و ئەم شەفافیەتە و دیموکراتیەتە ئێمە هەمووومان بەهەند هەڵبگرین و ڕێزی بگرین و بیپارێزین، سەرەتا من هەندێك پێشنیار دەخەمە ڕوو ئینجا دێمە سەر کارەکانی لیژنەکان کە لیژنەکەمان لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان بوو، یەکەم: من حەزدەکەم گرنگی زیاتر و بایەخی زیاتر بدرێت بە کەرتی کشتوکاڵی بۆ ئەوەی هەم داهاتێك بێت لەبەروبوومە خۆماڵیەکان و هەم بێ کاری لە هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە، هەمیش ئاوەدانکردنەوە لە گوندەکان، هەرهەمووی خاڵی ئیجابین بۆ هەرێمەکەمان، هەروەها هەوڵ بدرێت گرفتی ئاوارەکانی ئێمە کە لە ساڵی 1975 ەوە بەهۆی هەڵوێستی کوردانە و شۆڕشگێڕانەیان ئاوارەی ئێران بوون تاوەکو دوای ڕاپەڕین بگرە ئێستاش هەموویان نەگەڕاونەتەوە لەبەر نەبوونی جێگاو ڕێگا، من داواکارم حکومەتی هەرێم بەجدی لە بودجەی ئەم ساڵدا حسابێك بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئەم ئاوارە شۆڕشگێڕانە بکات، هەروەها پێشنیار دەکەم گرنگی بدرێتە کەرتی گەشتوگوزار لە هەموو کوردستان بە تایبەتیش لە سنووری قەزای سۆران و ڕواندوز و چۆمان و مێرگەسۆر کە چەندین شوێنی گەشتیاری و دێرین و بەناوبانگی تێدایە وەکو گەلی علی بەگ و بێخاڵ و جوندیان و هەڵگورد و مەنتیقەی باڵەکایەتی و مەنتیقەی سیدەکان بە گشتی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان زۆر بە درێژی و لە خیلالی چەندین کۆبوونەوە گفتوگۆی تێروتەسەلمان کردووە لەسەرجەم بوارەکانی پەیوەندار بە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش، دانیشتنمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ و ستافی کارگێڕی و دارایی کە پەیوەندار بوونە بە میزانیەکە و چۆنیەتی سەرف و بەکارهێنانی، هەروەها کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەردوو بەڕێزان لە بەڕێوبەرانی ئاسایشی گشتی هەولێر و سلێمانی زۆر بە تەفسیل لە کارەکانیان و بودجەکەیان گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون، من بەویژدانەوە دەڵێم زۆر بە شەفافانە وەکو لیژنەی ناوخۆ بابەتی بودجەی پەیوەندار بە لیژنەکەمان خستە بەرباس و هەندێ کەموکوڕیمان بەدی کرد کە خۆش بەختانە لە لیژنەی داراییش کە ئاراستەمان کردبوون ئاماژەیان پێدراوە، سەبارەت بە دووبارە بوونەوەی بودجەی هەندێك پرۆژە لە دهۆك و لە هەولێر، ئێمە حیسابمان کردووە هەر هەمووی کەمترە لە 1 ملیار دینار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوامان کردووە بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت و بۆ ئەو شوێنانە سەرف بکرێت کە کەمترین خزمەتگوزاریان لێ کراوە، ئەوەی من بەلامەوە گرنگە ئێمە چاودێری حکومەتین و دژی حکومەت نین، چونکە ئەو حکومەتە حکومەتی خۆمانە و خۆشمان لێرە متمانەمان پێی بەخشیوە و هەمیشە تەمەنای سەرکەوتنی بۆ دەکەین، چونکە سەرکەوتنی ئەوان لەکارەکانیان سەرکەوتنی هەمووومانە، بێ گومان ئەوانیش هەیئەو جیهەتی جێ بەجێ کارن، ئەوەی من گرنگترلە ئێستا دەیبینم موتابەعەی بەردەوامی ئێمە وەکو پەرلەمان لەمەودوا بۆ

چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو بودجەیە لە پرۆژەکان، بەدواداچوونمان و چاودێریمان لەسەر چۆنیەتی کارو پرۆژەکان، ئەمە ئەسڵی ئیش و کاری ئێمەیە و گرنگە بە بەردەوامیش ئەو چاودێریە هەبێت، تەبیعی زۆر باس لەیەکگرتنەوەی ئاسایش کرا، ئێمە لیژنەکەمان کە تایبەت بوو بەو مەوزوعە زۆر بەسەراحەت و بەوردیش لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان باسمان کرد، دیارە خۆش بەختانە هەنگاوی زۆر باش هاویشتراوە، ئێمە تەسەور دەکەین لەو سەقفە زەمەنیەی کە داندراوە بە زووتریش ئەو پرۆسەیە سەربگرێت و تەنها مومکینە ئەوە مابێ کە مەرجەعیەتیان بۆ دیاری بکرێت، ئەم دەزگایانە سەر بە کوێ بن و باوەڕناکەم هیچ لەمپەرێکی ئەوتۆ لەسەر ڕێگا مابێ، سەبارەت بە ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2004 ئەگەر هەڵە نەبم بە یاسای ژمارە 46 ئەمە ڕێکخراوە، هەربۆیەش لە هەموو ئەرك و مافێك بەرخوردارە، من لام سەیرە کە گوێم لێ بوو هەندێك برادەر ئاماژەیان بەوە دا کە بودجەی ئاسایش ڕابگیردرێت تاوەکو یەکتر دەگرنەوە، من دەڵێم کارتی فشار بەکارهێنان..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تەعلیق لەسەر رەئی هیچ ئەندامێك نەدرێت، بیروبۆچوونی خۆتان بە پاکی و دروستی بەوپەڕی سەراحەتەوە بدەن تکایە، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەسەور دەکەم بودجەی ئاسایش کەمە با بۆیان زیاد بکرێت، لەبەرئەوەی ئەرکیان زۆر هەستیارە و زۆر قورسیشە، بەربەرەکانی ئەو هەموو پلانە تیرۆرستیانە بوونەتەوەو دەبنەوە، ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین ئەو هەموو ئازادی و ئەو سەقامگیری و ئەو پێشوەچوونانە هەموو لە سایەی ئەو سەقامگیری و ئاسایشەیە کە لە سایەی کوردستان دا هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بودجەیان زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئەو کەرەستە و پێداویستی و ئامرازە پێشکەوتووانەی ئێستا پەیدا بووە کە بەربەرەکانی تیرۆرو تیرۆرستانی پێ دەکرێت ئەوانیش هەیان بێت، چونکە ئەگەر ئەو سەقامگیریە نەبێت نە ئێمە وەکو دەسەلات و نە ئۆپۆسیۆنیش ناتوانین بەو حاڵە بین کە ئێستا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەڕاستی دا رەخنەکانم بە گشتی لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دەبێت، و وردەکاریەکانی تر لە کاتی گفتوگۆ کردنی وردەکاریەکانی بودجەکە قسەی لەسەر دەکەم و ئەو حەقەی خۆم هەڵدەگرم بۆ ئەو کاتە، لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دا لەڕاستی دا پاساو بۆ تاخیر بوونی بودجە بۆ وەزارەت دێنێتەوە و لە راپۆرتی وەزارەتی داراییشدا سێ پاساو هێنراوەتەوە بۆ تاخیر کردنی بودجەکە لە

نەناردنی لە کاتی خۆیدا ئەوەش بەبێ ئەوەی حکومەت بە شێوەیەکی ڕەسمی یان داوای لێ بووردن یان مۆڵەت لە پەرلەمان بکات بۆ ئەو دواکەوتنە، یەکێك لە پاساوەکان ئەوەیە کە لە دواکەوتنی پەسەند کردنی بودجەی عیراق دا کە ئێمە باش دەزانین پرۆژەی بودجەکە پێش ئەوەی لە عیراق بنێردرێ بۆ کوردستان، پاساوی یەکەم پاساوێکی باتڵە، پاساوی دووەم دواکەوتنی دەرچوونی یاسای حیزبەکان کە لەڕاستی دا یاسای حیزبەکان یاسای دەعمی حیزبەکانە، ئەمەش تا ئێستا وەکو دەزانین هێشتا پەسەند نەکراوە، کەواتە ئەو حجەیەش حجەیەکی باتڵە، سێیەم پاساو ئەوەیە کە دواکەوتنی دەست بەکاربوونی کابینەی نوێیە کە لە ڕاستی دا من پێم وایە ئەو حجەیەش باتڵە لەبەرئەوەی هەر کابینەیەکی تازە کە دەست بەکاردەبێت پێشتر دەبێت پلانێکی ستراتیژی هەبێت، پلانێکی ئابووری هەبێت، نەخشەی هەبێت، پرۆژەی هەبێت، وەگفتوگۆی لەسەر بودجە کردبێت، بۆیە دەبوایە لیژنەی دارایی ڕەخنەیەکی توندی لە وەزارەت بگرتایە، لە کابینە بگرتایە بۆ دواکەوتنی بودجە لە کاتی خۆیدا، نەك پاساوی بۆ بهێنێتەوە، لەڕاستی دا هەر دوو ڕاپۆرتەکە جگە لە کۆمەڵێك شەرح و عمومیات و کە باسیان کرد هەندێك بەرێز، هیچ تێبینیەکی تر لەسەر خاڵە گرنگەکانی بودجەکە نیە، تەنانەت لیژنەی دارایی تێبینیشی لەسەر ڕاپۆرتەکەی لیژنەی وەزارەتی داراییش نەنووسیوە، یەکێك لە ستانداردەکانی ستانداردی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی بودجە و لەمەسەلەی موازەنە لەڕاستی دا گفتوگۆ کردن و لێکۆڵینەوەی پەرلەمان و پەرلەمانتارانە بە تایبەتی لیژنەی داراییە لەسەر بودجەی ساڵانی ڕابردوو، لە ستانداردی عالەمی بە تایبەت قسە لەسەر بودجەی ساڵی پێش ئەوە دەکرێتەوەو نیوەی ساڵی پێشتر، واتە بۆ قسە کردن لەسەر بودجەی 2010 دەبوایە پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و لێکۆڵینەوە بە مانایەکی باشتر بکرایە، لیکۆڵینەوەیەکی لەسەر بودجەی 2008 ی کوردستان بکردایە، لایەنە گەشەکانی و لایەنە سلبیەکانی و خاڵە ئیجابی و سلبیەکانی ئەو شتانەی کە پێویستە زیادبکرێت و ئەو شتانەی پێویستە کەم بکرێتەوە، چەند سەرف کراوەو چەند سەرف نەکراوە؟ وە نیوەی 2009 یش، بەداخەوە پێم وایە وەزارەت بە هیچ شێوەیەك بەوکارە هەڵنەستاوە و کابینەی تازە بەو کارە هەڵنەستاوە، وەك دەبینین پەرلەمان و لیژنەی داراییش بەو کارە هەڵنەستاوە، ئەسڵەن هیچ حیساب و ئیعتبارێك بۆ بودجەی 2008 نەکراوە و بۆ نیوەی 2009 یش هەر نەکراوە، لەبەرئەوەی ئەگەر بکرایە بەڕاستی دەبوایە ئەو ئەرقامانە بەو شێوەیە نەبوایە کە من ئێستا دەیخەمە بەردەستی جەنابت، بۆ نموونە، تەبعەن پێش ئەوەی نموونەکان بێنمەوە ئەمە نیشانەیەکی مەترسیدارە بۆ ئەوەی کە هیچ هاوسەنگیەك لەنێو بودجەدا نیە، هاوسەنگی بودجە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی دانانی بودجە، وەحدەی بودجە یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی بودجەیە، وەحدەی بودجە لەوەیە کە با بڵێین جۆرێك لە تەوازون لە نەفەقات و ئیرادات دا هەبێت، هاوسەنگیەکەش لەڕاستی دا لەوەیە کە تۆ جۆرێك لە عەدالەتت هەبێ لەو بودجەیەی کە ئەمساڵ دایدەنێی لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو دا، تەعویزاتی فەرمانبەران لەماوەی ساڵێك دا ترلیۆن و نیوێك زیادی کردووە، ئەمە با بەراورد بکەین لەگەڵ سەرفراوی نوێی 2009 هێشتا نزیك بە یەك ترلیۆن زیادی کردووە، بێ ئەوەی نە وەزارەت و نە لیژنەی

دارایی هیچ ڕوون کردنەوەیەك لەسەر ئەمە بدەن، من قسەیەکم لەسەر ئەمە هەیە، ئێمە دەبینین مووچە لە کوردستان بەو شێوەیە زیادی نەکردووە، ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە لەڕاستی دا زیادکردنی مووچەی شەهیدان و ئەنفال کراوان ئەمە خاڵێکی زۆر باشە و سالانێکە هەموو لایەنەکان باسی دەکەن، ئەمە بەشێکە لە ئیستحقاقاتی ئەو خەڵکە کە شەهیدان و ئەنفال کراوان کە ئێمە دیارە دواتر کە گەیشتینە سەر وردەکاریەکانی ئەو ڕێژەیەش کە داندراوە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دادەنێین، چونکە خانەنیشینی چ بۆ پێشمەرگە و چ بۆ کەسوکاری ئەنفال چ بۆ هەر هاووڵاتیەکی تر، چ بۆ هەر فەرمانبەرێك، خانەنیشینی ئیستحقاقێکە، خانەنیشینی پارەیەکی رەمزی نیە کە تۆ پێی بدەیت بۆ ئەو شتە، خانەنیشینی دەبێت بە هۆی کارەکەیەوە و بە هۆی ئیشەکەیەوە، بە هۆی پێشمەرگایەتیەکەیەوە، بەهۆی فەرمانبەریەکەیەوە ژیانی مسۆگەر بووە و ژیانی عائیلەی، لە خانەنیشینیشدا کە ناتوانێ کار بکات دەبێت ژیانی مسۆگەر بکرێت، دەبێت ناچاری ئەوەی نەکەی ئێواران بڕوات تەماتە بفرۆشێ و شتی تر و کەسابەتی تر بکات، بۆیە خانەنشینی موچەیەکی رەمزی نیە، موچەیەکی حەقیقیە بۆ ژیانی خەڵکە و بۆ بودجەی خەڵکە، مووچەی فەرمانبەران کە ئێمە باسی موچەی تەعویزی دەکەین، مووچەی فەرمانبەر لە کوردستان بەراوردی بکەن لەگەڵ فەرمانبەر لە عیراق دا، بۆ ئەو ناعەدالەتیە هەیە؟ ئێمە باس لە مووچەیەکی فیدراڵ دەکەین، باس لە حکومەتێکی فیدراڵ دەکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم بەیانیە مفەوەزێکی مرور لەگەڵما سەرکەوت مووچەکەی ئەو 630 هەزار دینارە، گوتی نوقتەیەکی تری مرور هەیە کە سەر بە حکومەتی عیراقە 960 هەزار وەردەگرێت، سەرباری کۆمەڵێك ئیستحقاقات و ئەوانی تر، ئەم جیاوازیە لەنێوان مووچەی کوردستان لەگەڵ مووچەی عیراق لە چیەوە هاتووە؟ کە ئێمە بە گوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی کە بە ڕەسمی ناردوویەتی دۆکیۆمێنتێکی رەسمیە دەڵێت ئەمە تەمویلە لە بەغداوە بۆمان دێت، سیستەمی مووچە دەبێت ڕێك بخرێتەوە، یەکێ لە ئەشکالیەتەکانی ئەم یاسایە و ئەو بودجەیە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، ڕاپۆرتی لیژنەی وەزارەت هیچ قسەیەك لەسەر سیستەمی مووچە و ناعەدالەتی سیستەمی مووچە نەکراوە لە کوردستاندا، سیستەمی موچە دەبێت بە گوێرەی هەڵاوسانی بازاڕ، بە گوێرەی خەدەمات، بە گوێرەی ماڵ و منداڵ، بە گوێرەی ساڵی خزمەت، بە گوێرەی خوێندن و پرۆفیشناڵیەتی و توانا ومەهارەت، ئەمانە سیستەمی مووچە دادەنێن، ئەو مفەوەزە بۆی باسکردم گوتی هەرکەسێکی تر بێت و تەعین بکرێت هەمان مووچەی من وەردەگرێت، ئەمە جۆرێکە لە ناعەدالەتی لە مەوزوعەکەدا، با بچینە سەر بڕگەیەکی تر کەل و پەل و چاککردن (صیانە) لە نیوەی 2009 ، 361 ملیاری بۆ سەرف کراوە، لە نیوە ئەوەندە، ئەگەر فی دووی بکەی وەکو ئەوەی لە لیژنەی دارایی باس لەوە دەکات، دەبوایە لایەنی زۆر حەفت سەد ملیار بۆ ئەوە تەرخان بکرابایە، بە تایبەتیش لە لە 2008 دا شەش سەد هەزار بووە، 630 ملیار دینار بووە، بەڵام ئەمساڵ 937ی بۆ داندراوە بە بێ هیچ تەوزیحاتێك ئەمە چیە؟ لە موقتەرەحەکەشدا کارەسات لەوەیە کە 4 ترلیۆنی بۆ داندراوە، صیانە یەکێك لە کێشە گەورەکانە، ئەمەی کەلوپەل و صیانە ئەگەر بە شێوەیەکی زانستیانە ئیشی لەسەر نەکەین ئەمە دەبێتە

هەڵاوسانی بازاڕ، دەبێتە دەرگایەك بۆ كۆمەڵێك خروقاتی ناقانونی، 4 ترلیۆن داوا كراوە، ئەم 4 ترلیۆنە بۆچی داواكراوە؟ چۆن داوا كراوە؟ چۆن سەرف دەكرێت؟ چۆن پـڕ دەكرێتـەوە؟ بـازاڕ چی لێ دێـت؟ كە 4 ترلیۆن بەس بۆ صیانە و بۆ كەلوپەل و ئەوانە دابنێی، مەنافعی كۆمەڵایـەتی لـە نیـوەی 2009 تـەنها 62 ملیار سەرف كراوە، كەچی بۆ 2010 ، 180 ملیـار تـەرخان كـراوە، مەسـروفاتی تـر كـە ئەمـە یەكێكـە لـە ئەشكالیەتە گـەورەكانی بودجەكەیـە و دەبێـت وردبكرێتـەوە، لـە 2008 ، 315 هـەزار خـەرجی بـووە، لـە نیوەی 2009 تەنها 95 ملیاری سەرف كراوە، كەچی لە 2010 داوای 683 ملیار دەكات كە بـۆی تـەرخان بكرێـت، لـە موقتـەرەحی قبـل داوای ترلیۆنێـك دەكـات، یـەعنی ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە كـە ئـەو كەسـەی بودجەكەی بەڕاستی هیچ حیسابێكی بۆ ساڵانی ڕابـردوو و بـۆ مەسـروفاتی ساڵانی ڕابـردوو نـەكردووە كـە ئەمە یەكێ لە كێشە گەورەكانە، من لێرە دا لە ڕێگای جەنابتەوە پرسیارێك لە وەزیری دارایـی دەكـەم، ئایـا حكومەتی عیراق هیچ حیسابێك بۆ ئەم بودجەیەی ئێمە دەكات؟ حكومەتی عیراق هیچ حیسابێك بـۆ ئـەو مونقەشانەی ئێرەو ئەو زیاد و كەمە دەكات؟ ئەم میزانیەی ئێمە و ئـەو یاسایەی ئێمـە و ئـەو گفتوگۆیـەی ئێمە لەلایەن حكومەتی عیراقەوە موعتەبەرە و ئیعترافی بۆ دەكرێت؟ چونكە لە ڕاپۆرتی وەزارەتـی دارایـی زۆ رڕاشكاوانە وە زۆر ئازایانەش من ئیعترافیان بۆ دەكەم دەڵێت ئەمە تەمویلێكە و لە بەغداوە بۆمان دێت، ئەگەر تەمویلێك لە بەغداوە بۆ مان دێت وەكو ئەوەی من دیراسەی راپۆرتەكە و دیراسەی یاسایم كـردووە، لەڕاستی دا كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان یەك مامەڵە دەكات لـە ژێـر شعاری ئـەم دەسـتەوە وەری دەگرم و لەو دەستەوە سەرفی دەكەم، بەبێ هیچ دیراسەیەك و بەبێ هیچ لێكۆڵینەوەیەك بە بێ هیچ قسـە كردنێك لەسەر تەوازونی ئیجتماعی لە كۆمەڵگادا، یەك نموونـەی بەسـیت دێنمـەوە، لـەم یاسـایەدا بـاس لـە فورسەتی كار بۆ تەنها 9000 كەس دەكرێت، ئەی ئەو هەزاران كەسـەی تـر كـە تەخـەروج دەكـەن، كـە 15 ساڵ و 16 ساڵ دەبنە 18 ساڵ پێویستیان بە ژیانە، ئەی ئـەو كەسانەی كـە ژیـان پێكـەوە دەنـێن، ئـەی بـۆ ئەمانە حكومەت چ بەرنامەیەكی هەیە بۆیان؟ ئەی حكومەت باوكی گەلە، میزانیـە دەبێـت بـیر لـە هـەموو نوقتە گرنگەكانی كۆمـەڵگا بكاتـەوە، مـن خـاڵی زۆرم هەیـە بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، بـەڵام لـە هـەمووی گرنگتر بۆ من كە وەكو عدنان عثمان دەمەوێ قسـەی لەسـەر بكـەم لێـرەدا لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی كـە دۆكیۆمێنتێكی ڕەسمی پەرلەمانی كوردستانە، لەلاپەڕە 4 دا وشەی پیرۆزی پێشمەرگە كـراوە بـە پاسـەوانی هەرێم و زێڕەڤانی، جگە لە بەڕێزێكی تر لە فراكسیۆنی گۆڕان هیچ بەڕێزێك لێرە كە چەند ڕۆژێكە قسە لەسەر پێشمەرگە دەكەن، كەسێك باسی ئەوەی نەكرد، بۆچی وشەی پیرۆزی پێشمەرگە كراوە بـە پاسـەوانی هەرێم و زێڕەڤانی؟ و هیچ بەڕێزێكی تر باسی ئەوەی نـەكرد كـە چۆن دەبێـت لـە دۆكیـومێنتێكی ڕەسمـی حكومەت و پەرلەمان دا كە دەسەڵاتی تەشریعیە ئەو وشەیەتان گۆڕی و كردووتانە بـە پاسـەوانی هـەرێم و زێڕەڤانی؟ لەگەڵ سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شڤان فەرموو.**

**بەڕێز شڤان احمد كۆڤلی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی زۆر لەوانەی كە ئیشارەت كراون لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە چڕ كراوەتەوە لە ڕاپۆرتی خۆیاندا دەست نیشانی كردوونە و چارەسەریشیان بۆی داناوە، بۆیە جێگای ڕێز و دەست خۆشی لێ كردنە، من چەند تێبینیەك و چەند پێشنیارێكم هەیە ئاڕاستەی بەڕێزتان و وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین بەو ئومێدەی كە جێگای چارەسەر و پێشوەچوونی ئەو بودجە و ئەو كێشانە بێت كە باس لێ كراون، من لە بودجەدا دەبینم كە تێكەڵ بوونێك هەیە بە تایبەتی لە نەفەقاتی بودجەی وەبەرهێنان، ئەمە بە تایبەتی لە پێشكەش كردنی مەشروعەكاندا، وەزارەتێك هاتووە كە هیچ مەعنی نیە بەو مەشروعە؟ بە عەكسەوە وەزارەتێكی تر هاتووە بە هەمان شێوەیە بۆیە ئەم تێكەڵ بوونە بوویتە ئاڵۆزیەك و تێكەڵ بوونێك لە ناو بودجەدا، من لێرەوە پێشنیار دەكەم كە دەبوایە لە سەرەتاوە ئەم مەشروعانە مەسەلەن وەزارەتێك پێی مهیمە ئاڕاستەی خودی وەزارەتی مەعنی كرابایە، ئێستا كە نەكراوە، لێرە پێشنیار دەكەم ئەم مەشروعانە بە كولفەوە بگەڕێتەوە سەر وەزارەتی مەعنی بە كولفەكەیەوە، من پێشنیاریش دەكەم بۆ ئەوەی زیاتر ئەهمیەتی ئەم پرۆژانە و كەموكوڕی ئەم پرۆژانە بزانین، پێشنیار دەكەم كە یەك بە یەك ئەو پرۆژانە لەلایەن لیژنەكانی پەرلەمانەوە بەسەر بكرێن، بۆ ئەوەی زیاتر ئەهمیەت و كەموكوڕیان بزانین و ئەو غموزەی كە باس دەكرێت زیاتر بۆمان بەدەردەكەوێت، بەهۆی كەمی قوەی شیرائی پارەی عیراقی كە ئێستا هەیە من پێشنیار دەكەم كە هیچ موچەیەك كە ناوی لێ دەنێن مووچە لە 120 هەزار دینار كەم تر نەبێت، یەعنی لە وەرەقەیەك كەمتر نەبێت، چونكە قوەی شیرائی پارەی عیراقی بە حەقیقەت زۆر كەمە، خاڵێكی تر كە زۆر باسی لەسەر كرا و منیش بەش بەحاڵی خۆم بەو شێوەیە تەعبیر لە رەئی خۆم دەكەم كە ناهاوسەنگیەك لە دابەشكردن دا هەبوو بە تایبەتی لە لایەنی بودجەی وەبەرهێنان دا كە من پێم وایە چەند لیڤلێك یان چەند مەرحەلەیەكیان و چەند معیارێك هەیە كو ئەوەی زیاتر هاوسەنگی و عەدالەتی تێدا بێت زیاتر لێرە عەدالەتێكی نسبیە، چونكە عەدالەتی موتڵەق كمال لله ئەوەی كە تێبینی دەكەم لە دهۆك ئەم ساڵ كە 15,6 و لەگەڵ ساڵی پار كە لە 6 تێپەڕی نەكرد، بە دوو ساڵ ناگاتە ئاستی ئەوەی كە دهۆك ڕێژەی سوكانیەكەی 23 پێك دەهێنێت، بۆیە من پێم وایە عەدالەتی زیاتر یان هاوسەنگی زیاتر لە معیاری یەكەم دەست پێ دەكات كە دەكرێت وەزارەت یان وەزیری پلاندانان كە جەنابیان لەوێ دانیشتوونە ئەو بودجەی وەبەرهێنان تەقسیم بە ژمارەی سەرژمێری كوردستان بكرێت ئەو وەختە مەنفەعی فەرد دەردەچێت، مەنفەعی فەرد زەربی ئەو سنوورە دەكرێت و بەدەر دەكەوێت كە هەر فەردێك لە دهۆك و لە زاخۆ، لە سلێمانی، لە هەولێر چەندی بەر دەكەوێت، چونكە ناكرێت لە دهۆك فەردێك مەنفعەكەی 10 ملیۆن بێت، لە سلێمانی 4 ملیۆن بێت یان بەعەكسەوە، بۆیە ئەمە معیارێكی ئەساسیە بۆ دابەشكردنی ئەو عەدالەتە كە مەبەستمانە، معیاری دووەم دەكرێت لە پاش ئەوە كە ئاساری زەرەرە، كە چەند زەرەرمەند بووە، معیاری سێیەمیش كە ئەهمیەتەكە و

خسوسیەتەکە و تایبەتمەندیەکە دەکرێت لە ئاخری هەریەکە چەند پۆینتێك یان چەند خاڵێکی کەم لێ ئەوە کەن، تەئسیر لە یەکتر نەکەن، لەسەر حیسابی یەکتر نەکەن، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بە حوکمی ئەوەی کە لە کاروباری شەهیدان تەجروبەیەکم هەیە، ئێستاش لە لیژنەی شەهیدان و جینۆسایدم، من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر وەزعی شەهیدان دەخەیمە ڕوو بۆ جەنابتان و بۆ وەزیرە بەڕێزەکان، وێڕای ئەوەی کە ئەم زیادەی کە لە قانونی موازەنەدا هاتووە کە دەست خۆشیان لێ دەکەین بۆ ئەو مەرحەلەیە من بە باشی دەزانم ئەگەر چی ئاستی بژێوی کەسوکاری شەهیدان ناگاتە ئەو مەرحەلەیەی کە ئینسان لێی پشت ڕاست بێت، بەڵام وەکو هەنگاوێك بۆ ئەمساڵ بە شتێکی باشی دەزانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش چەند کێشەیەکی سەرەکی بۆ ئەوان ماوەتەوە کە پێویستی بە چارەسەر کردن یان ئاوڕدانەوەیە بۆ ئەوەی کە لە بەرچاوی جەنبتان ڕوون بێتن، کێشەی نیشتەجێ بوون، ئەو ژمارە شەهیدانەی کە هەمانن بەرامبەر ئەو مەشروعانەی کە نیشتەجێ بوون دەگرێتەوە بۆ شەهیدانمان کردووەتەوە، لە زاخۆ هەتا خانەقین، لە 10٪ دەرناچێت بگرە لە 15٪ یش، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە ئێستاش لە پرۆژەکاندا هاتوونە، چارەسەری کێشەی نێشتەجێ بوون ناکات، کە حدودی 1600 خانووە لە سەرانسەری کوردستان ئەمە زۆر زۆر جوزئیە لە چاو حەجم و کارەساتی ژیانی شەهیدان، بۆیە من پێشنیار دەکەم حکومەت لە بودجەی خۆیدا ساڵانە بڕێکی دیاری کراو وەکو چۆن لە سندوقی نیشتەجێ بوون دیاری کراوە ئەوها بۆ شەهیدانیش دیار بکرێت و حکومەت موباشر تەنفیزی بکات و شوقەی مورەفەهـ و جیاواز دروست بکات، بۆ ئەوەی تەمەیوزێك هەبێت، کەسوکاری شەهیدان لە ژیاندا لە حاڵەتی نیشتەجێ بوون دابن، کێشەی دووەمیان کێشەی عیلاجە، کە ئەمە کێشەیەکی یەکجار زۆرە و کێشەیەکی ڕۆژانەیە و هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە، وە دەتوانم بڵێم بویتە گەورەترین نوقتەی زوعف بۆ حکومەت و هەرێم و هەموو کەسێك کە گوێی لێ دەبێت، بۆیە ئەو کێشەیە من وای دەبینم عیلاجەکەی بەو شێوەیە بێت کە لە هەولێر و لە دهۆك و لە سلێمانی ئەگەر لە سلێمانی هەش بێت نازانم ئیحتماڵە مستەشفایەکی تایبەت بە شەهیدان دروست بکرێت، هەموو ئیختساسێکی تێدا بێت و هەموو ئەجهیزەیەکی تێدا بێت، کەسوکاری شەهیدان پێویستیان بە موراجەعەی ئەم مستەشفا و ئەو کلینیکەی خارج نەبێت کە بارێکی قورس بکەوتە سەر شانیان وە وەزارەتی شەهیدان ناتوانێت دەفعی ئەو پارەیە بکات، چونکە من ئاگادارم بە دەیان وصولات لە وەزارەت کەوتووە کە تاقەتی ئەوەی نیە بتوانێت ئەو تەعویزە یان ئەو چارەسەرەی بۆ بکات کە بە پێی ئەو وصولاتەش هاتووە، دەبینین ئافرەتێك کە دایکی شەهیدە یان خێزانی شەهیدێکە چووە کلیەی گۆڕیوە کە مەسەلەیەکی حەیاتیە و دەبێت بگۆڕدرێت ئەگەر نا دەمرێت، دوو دەفتەری سەرف کردووە وەزارەت دەتوانێ ملیۆنێك بدات کە دەکاتە 8 وەرەقە، ئەم هەشت وەرەقەیە وەکو ئەوەیە کە تۆ شتێکی ناشیرینی پێ بڵێی، پێی نەدەی باشترە، کە عیلاج نیە ئەمە، بۆیە من داوا دەکەم ئەم مەشروعی سێ مستەشفا لە موستەقبەل لە شوێنەکانی تریش بکرێتەوە و موجەهەز بێت لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی کێشەی شەهیدان لە هەمان کات دا کێشەی وەزعی پێشمەرگەش بە هەمان شێوە حەل دەکات کە دەکرێ

ئیستیفادەی لێ بکرێت، کێشەی سێیەمی شەهیدان کێشەی خوێندنە، کێشەی خوێندن بە حەقیقەت ئەوەی کە دەڵێن شەهید، یەعنی پێشمەرگە، بۆیە فورسەتی ئەوەی نەبووە کە دابینی ژیانێکی وای هەبووبێت کە ئەمڕۆ موحتاج بە حکومەت و بە دەسەڵات نەبێت، بۆیە دواکەوتووە لە خوێندن و ئەو دەرەجە بەرزەی نەهێناوە کە بتوانێ لە زانکۆکانی حکومەت بخوێنێت، بۆیە ناچارە لە زانکۆ ئەهلیەکان یان لە زانکۆکانی حکومەت کە ئێوارانە دەخوێنێت کە رسوماتیان هەیە، ئەم رسوماتە بووەتە بەرپرسیاریەتێکی یەکجار گەورە بۆیان، بە تایبەتی لە زانکۆ ئەهلیەکان کە رسوماتیان زۆر بەرزە، ئەم رسوماتانە لە تاقەت و لە توانای کەسوکاری شەهیدان دانیە بە تایبەتی کوڕ و کچی شەهیدان، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئێستا 50٪ لەرسومات دەدرێت، بەس 50٪ لەسەر حیسابی خۆیە، ئەم 50٪ ئەگەر حیسابی بکەی لەسەر حیسابی ئەو مووچەیەیە کە مانگانە وەری دەگرێت هیچ واریداتی دیکەی نیە، بە هەموو ساڵ ئەو 50٪ ە ئیحتمالە تەعویزی نەکاتەوە ئەو موچەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەم 50٪ ی دیکە بدرێت لە داخلی کوردستان وە لە هەمان کاتدا پێشنیار دەکەم بۆ دیراساتی عولیا لەو بڕە بودجەیەی کە دانراوە بۆ زەمالات حسەیەکی تایبەت بۆ کەسوکاری شەهیدان دیار بکرێت، قەسدیشم لێرە ئەوە نیە کە جیا بکرێتەوە لە خەڵکی دیکە، ئەوانە منافەسەی ناوخۆیان بکەن لەسەر ئەساسێکی عیلمی بە پێی شروتی عیلمی، نەك لەسەر حیسابی عیلم بێت، لە ئاخری دا من ئاخر پێشنیارم هەیە کە داوای لێ بوردن دەکەم کاك دکتۆر، پێشنیاری لیژنەی دارایی کە لە لاپەڕە 6 داهاتووە کە ڕێژەی 10٪ی هەردوو حیساباتی ئیعانە و منح کەم بکرێتەوە، ئەم کەم کردنەوە من پێشنیار دەکەم بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەراییا سوپاسیا لیژنا دارایی و ئابووری دکەم بۆ ئامادەکرنا ئەڤێ ڕاپۆرتێ کە هەم لایەنی ئیجابی و هەم لایەنێ سلبی و هەم پێشنیار تێدا هاتینە ئاشکرا کرن، چونکی ئەز دشێ بێژم بارێ مە سوك تر کر بۆ هەندێ کەمتر لسەر وێ مەوزوعێ بئاخڤێ، وەختێ مرۆڤ بەحسی بودجە دکات حەقیەت ناڤ هۆڵا پەرلەمانێ شتەکی لجهێ خۆیە و هەر بوارەکی هەڵسەنگێنێ هەم لایەنێ سلبی و هەم لایەنێت ئیجابی، ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ لسەر دەمی کابینێ پێنجێ گەلەك پرۆژەیت مەزن و ستراتیژی هاتینە هاڤیتن کە بە حەقیقەت جهێ خۆشحاڵیەیە، بەلێ ئایا تموحاتێت خەڵکێ مە دیماهی پێ هاتینە، لەبەر سڤێ دا دبێژم نەخێر، بودجا ئەڤ ساڵیش ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ گەلەك تشتێ باش هاتینە وەکی زێدە کرنا یارمەتیا شەهیدان و کەسوکارێت ئەنفالا، یت زیندانیەت سیاسی یان کەم ئەنداماں، بەرێ لسەر هەندێ ڕاش ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ بێژین کەموکاسی لێت ئەڤێ بودجەدا نیە بەلێ کەموکەسیات لڤێ بودجەیت دا هەی،

ئیحتماله گەلەك پرۆژە لجهێ خۆ نەهاتبن یان هەندەك ئەو پرۆژەت لسالێ مەنتقێت دا نەبن لە شتەكی دیكە و لعەردێكی دیكە داهەبن، حەقە چاڤ گەڕانەك لئەڤێ دا بێتە خشاندن و ئەو كەماسیەت تێدا هاتینە جارەكی دیكە بێتە ڕێكخستن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانێ بە حەقیقەت ئەز وەكو جێگری لیژنا پێشمەرگە و شەهید و جینۆساید برادەرێت من گەلەك تشت بەحس كرن، ڕاستە ئەوی كاك شڤانێ بەحس كری، منیش حەقیقەت وەختێ كە دبێژن تشت دووبارە نەبنەوە مرۆڤ مەجبورە گەلەك تشتا ڕەش كاتەڤە، ئەوەی كاك شڤانێ بەحس كری بۆ كەسوكاری شەهیدان ئەز دگەل وێ دامە ئەو نەسەن وە روحەن ببێتە جێ بەجێ كرن كە هەر چا بكەین هەر كمە بەرامبەر قەترەكا خوینێ شەهیدێ نیە كە بوری كورد و كوردستانێ كری، دوهێ برادەرا بەحسێ وە كری كە سنوورا مەنتیقا مەش هەریەك ئەم ئەندامێت پەرلەمانێ كوردستانێ خرینە بەس هەریەكا لئێمە تەمسیلا مەنتیقەكی دكاتن، ئەز وەكو ئەندام پەرلەمانەكی لسنورا قەزا ئاكرێ و بەردەڕەش كە یەك ئەندام پەرلەمانم بەهەر دوو قەزایا حەقە هەندەك تشتێ وان بێخمە بەر چاڤێ جەنابێ وا، مەنتیقا مە نزیكی 30 گوندە وەكی كاك عمادیش بەحس كری، چونكێ گوندێ توخیبینە نزیكی توخیبینە لبەر تۆپ بارانێ و بۆمباران كرنێ لسەر مالا و حالێ خۆ ڕابووینە و من پێم باشە چاڤ گەڕانەكی لسەر وان بێتە كرن، دیسا دوهێ برادەران بەحسێ ئاوارەو دەربەردەرێت توركیا و ئیرانێ كر، ئەڤە كە چەندین سالە هاتینە حەقە چاڤ گەڕانەك دیسان لسەر ئەوان بێتە كرن، چونكە بڕاستی ئەو هێمای بەرخودانێ بووینە، لێرەدا ئەز پرسیارەكی ئاڕاستەی جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانانێ دكەم كە چاڤ گێڕانەكی لسەر یارمەتیا بۆ پێشمەرگەی بێتە كرن، چونكی یارمەتی پێشمەرگەی گەلەكی كەمە وە پێشمەرگەیە پارێزەری ڤێ ئەزموونی و ڤان دەسكەفتیەت میللەتێ مەیە، بڕێز سەرۆكێ پەرلەمانێ، سنووری قەزای ئاكرێ و بەردەڕەشی ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ ڕەنگە گەلەكی لەنگۆ شارەزا بن لسنوورێ قەزا بەردەڕەش كە دەشتەكا بنا ناڤخورێ ئەو دەغڵ و دانێ لوێ دێتە كرن دەشێ بێژم لكوردستانێ خرێ هەیە بەڵێ هەتا ڤێ گاڤێ سایلۆیەك لوێ دانیە، ئەز داخازێ دكەم بۆ وێ دەڤەرێ سایلۆیەك بێتە درست كرن، لسنوورێ قەزا ئاكرێ كە نیزكەی 15 مەنتیقەت سیاحی تێدا هەنە، كە گەلەك وڵاتێ دنیایێ بپارەی سیاحی دژین، مەنتقەكا سیاحیا گەلەكا مەزنا حەقە چاڤگێڕانەك بێتە كرن و تشتەك بۆ بێتە دەست نیشان كرن بۆ هەندێ دەڤەرەكە ببیتە دەڤەرەكا سیاحی و ببیتە دەرامەتەك بۆ حكومەتا هەرێما كوردستانێ دیسا لەنتقا مە 40٪ لەمەڕ و مالاتێ لپارێزگا دهۆكێ پێك دهێنیتن لە ناحیا گردەسێن و ناحیا بجیل، كە حەقە مەعمەلەكا ئەلبان لێ بێتە درست كرن، بۆ هەندێ خەڵكەكی بحەویتن، دشێتن سوودەكا گەلەك مەزنیش هەبیتن، لەنتیقەكا دیكە مەنتیقا مەل مەنتیقەكا بەرفرەیە فیقی ئان كو میوەی بڕاستی گەلەك جارا دێ مرۆڤ بەرێ خۆ بكاتێ، ئەو موزارعێ دبینیت پیكەبا خۆخێ یان خیار یان ئی ناو گومرگێ چوو بوو حەڤێ ترۆمپێلێ نەهاتە بڕین، حەقە سەرخانێ بێنیتە دروست كرن مەعمەلێت ئاڤا فیقێ بێتە درست كرن بۆ هەندێ هەم مزارعی مە پتر بشێتن بەرەڤ چاندنێ بچیتن وە دبیتە هجرەكا مەعاكس خەڵك جارەكا دی باژێرێ بزەڤریتەڤە، چیدیكە خیار و تەماتە

و ل دەوربـەرێت وەكـە وڵاتـێ سـوریا وتورکیـا و ئیرانـێ نایـەت، دوماهیـا ئـەز دووبـارە داكۆكیـەت دکـەم کـو مەتارێ پارێزگەها دهۆکێ چارەسەری لێ بێتە کـرن، کـو بحەقیقـەت چـونکی تشـتەکی حەیەویـە لـدهۆکێ و مەتارا دهۆکێ دووبابکەنەڤە و بێتە درست کرن وە ڕێكەك جیا لە بودجەدا هاتیە دەڤەرا ئاکرێ و ئامێدیێ لسەر وێ ئەز داخازا جەنابێ وەزیرێ دارایی و وەزیری پلاندانانێ دکەم کو بحەقیقەت ئەو پرۆژە بێتە جێ بەجێ کرن، پرۆژەکا گەلەکی حەیەوییە، دیسان چونکە مەنتیقا کوردستانێ بەس بۆ مەنتیقا مە مەنتیقەکا شاخاویە و مەنتیقەکا چیاییە حەڤە حیسابەك بۆ تـونێلا هاتبـا کـرن، بـۆ هەنـدێ ڕێـت بێنـە کـورت کـرن، حیسابەك بۆ تونێلا هاتبا کرن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان کە سوێندێکی یاساییمان خواردووە و داوامان کردووە کە داکۆکی لەبەرژەوەندیە باڵاکانی گەلەکەمان بکەین، دەبێت ئەو مەسەلەیە بـە بەرژەوەندیـەکی بـاڵا و دوور لـە هـەر ئیعتبارێك تەماشا بکەین، من دەست خۆشی لـەو بەڕێزانـە دەکـەم کـە لـە دەرەوەی پەرلـەمان لـە ماوەکـانی ڕابـردوو دا هاوکارمـان بـوون بـۆ دەوڵەمەنـد کردنـی پـرۆژە پێشـنیار کـراوی بودجـەی سـاڵی 2010 ی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان، لەڕاسـتی دا لـەو ڕاپۆرتـەی کـە حکومـەت ناردوویـەتی دەرئەکـەوێ ڕوئیـا و سیاسـەتی حکومـەت بـە وازحـی بەسـەر سـێکتەرەکاندا دابـەش کـراوە، وە حکومـەت بـۆ ئـەوە ناردوویەتـە پەرلەمان بۆ ئەوەی کەلێن و ناتەواویەکانیان تەواو بکرێ و ئێمـەش بـە ئـەرکی یاسـایی و بەرپرسـیاریەتی قانونی خۆمان هەستین، نەك لە پەسەند کردن و تاوتوێ کردنی پرۆژەکە، بەڵکو دواجـاریش لـە موتابەعـە کردنی دا، من تەسەوڕم وایە ئەم بودجەیە بە هەموو ئەو خەلەلانەی کە باسکرا بە دەر نیـە لـە ئینجازاتـی گەورە، بەدەر نیە لە ئیستحقاقاتی ئەم قۆناغە سیاسیەی کە هەرێمی کوردسـتان لـە چوارچـێوەی جـەنجاڵی کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و عـیراق و نـاوخۆی کوردسـتان دا تـێ ئەپـەڕێ، ئێمـە دەبێـت لـەو مەسـەلەیە دەوروبەر واقعیانە بخوێنینەوە و سیاسەتی مالی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـۆ ئـەم قۆناغـە ڕام وایـە تـا ئاستێکی باش سیاسەتێکی واقعیانەیـە، مـن دەمـەوێ چـەند خاڵێـك بخەمـە ڕوو لەڕاسـتی دا، خـاڵی یەکـەم: بڕینی 10٪ ی خاوەن مووچە تایبەتیەکان کە لە پلـە باڵاکانـدا هـاتووە، کارێکی باشـە، بـەڵام داواکـارم ئـەو پارەیە نەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، بـەڵکو بخرێتـە سـندوقی شـەهیدان تـاوەکو ئێمـە بتـوانین نـەك هەر لە مەسەلەی ئاوڕدانەوە لە کەسوکاری شەهیدان و شوێنی نیشتەجێ بوونیان و پێویستیەکانیان، بەڵکو ئێمە سەدان هـەزار شـەهیدی ئـەنفال و شـەهیدی جینۆسـایدمان هەیـە کـە هێشـتا ئێسـك و پروسـکەکانیان نەهاتووەتـەوەو خـەڵکیش هێشـتا چـاوەڕێی ئێسـك و پروسـکەکانیان دەکـەن، بـۆ ئـەو مەجالانـە کـە ئێمـە پلانێکی دوور و درێژمان هەبێت بۆ چەندین ساڵی داهاتوو کە بتوانین لەڕووی مەعنەویەوە نـەك لـەڕووی

مادديەوە قەرەبووی ئەو مەسەلانەیان بۆ بکەینەوە، گەشەپێدان بە زمانی کوردی  و زمانی تورکمانی و زمانی عەرەبی و سریانی و کلدان و ئاشووری لە مەناتقی کێشە لەسەر، یەکێکە لەو مەسەلانەی کە لەڕووی مەعنەویەوە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بە بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ دا بکات، چونکە حکومەت دەبێت روئیای وازح بێت بۆ گەشەپێدان بە سیاسەتی پێکەوە ژیان لەو مەنتیقانە، بیرمان نەچێت جوگرافیا عاصیە و ئێمە دەبێت لەگەڵ ئەو جوگرافیایە زۆر مەنتقیانە لەرووی ماددی و لە ڕووەکانی تریشەوە مامەڵە بکەین، هەروەها ئاوڕدانەوە لە ڕەوشی ئەو ئاوارانەی کە لە ئێرانەوە هێنراونەتەوە یان هاتوونەتەوە یان خیتابێك هەبووە بۆ هێنانەوەیان لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی چیتر ڕەوەند لە دەرەوە بە تایبەتی لە ناوچە هەرێماتیەکانی دەرەوەی ئەوروپا نەمێنێت، هەندێ ئاوارە هەن لە خانەقین، هەندێ ئاوارە هەن لە ناوچەکانی تر پێویست دەکات لەڕووی ڕەوشی مافی مرۆڤەوە حکومەت پلانێکی هەبێت بۆ ئاوڕدانەوە لێیان، چاککردنی ڕەوشی زیندانیانی سیاسی بە تایبەتی لەڕووی نیشتەجێ بوونەوە، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە چاودێرانی نێودەوڵەتی بە بەردەوامی موتابەعەی ئەم مەسەلەیە دەکەن، چەند هەنگاوێك و چەند فرسەتێك حکومەت لەم مەسەلەیە چووەتەوە پێشەوە داواکارین لە سێکتەری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دا بۆ مەسەلەی دابین کردنی بینا ئەگەر موناقەلە بکرێت بۆ گرتووخانەی هەولێر و بە تایبەتیش گرتووخانەی سلێمانی کە تا ئێستا لە مەعسەکەردا شوێنی زیندانیان نیشتەجێ کراون، ئەمە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، کارێکی باشە، خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید مەسەلەیەکی گرنگە، لەڕاستی دا وەکو ئینجازێکیش پێی شەرفمەندین کە حکومەت ئاوڕی لێ داوەتەوە، بەڵام مەسەلەیەکی لەمە گرنگتر ئەوەیە کە ئەویش ناساندنی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان بە دنیا یان بە جیهان، ئەمە یەکێکە لەو سێکتەرە مەعنەویانەی دەبێت حکومەت گوژمە و بودجەی لە هەر جێگایەکەوە پەیدا کردووە بۆ تەرخان بکات بۆ ئەوەی بە تایبەتی لە خلالی ئەمساڵدا موئتەمەر و کۆنفرانس ببەستێت لە دەرەوە بۆ ناساندنی ئەم کەیسە وەك بەشێك لە ناساندنی ئەم کەیسە لەڕووی قوربانی دانەوە، کارێکی باشە، دەزگا یەك نەخراوەکان بە یاسایەك یەك بخرێن و حکومەتی هەرێمی کوردستان باشی کردووە، جەریئانە خستوویەتە  بەردەم پەرلەمان و پیشانی داون، دیارە لای ئەوانیش ئاستەنگ هەیە کە نەیانتوانیوە بە یەك ریتم ئیشی لەسەر بکەن، دەبێت ئێمە بەرپرسیارانە وە دوور لە هەر مەسەلەیەکی تر مامەڵە بکەین، لێرەدا مەنتقیانە ئەو مەسەلەیە یەك بخەین بە پێی یاسا، من داواکارم لە پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکی خۆی ئەوەی پەیوەندی بە چاودێری داراییەوە یاساکە نەك لە خیلالی شەش مانگ دا بەڵکو لە خیلالی سێ مانگ دا کاری پێ بکرێ و لە خیلالی سێ مانگ دا ئەو دەزگایەش یەك بخرێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە مزگەوت و پەرستگاکان شوێنی پیرۆزن و جێی بایەخی هەموو  لایەکمانن، وە پیرۆزی خۆیان هەیە، بەڵام بەخشینی ئەو شوێنە پیرۆزانە لە کرێی ئاوو کارەبا تەسەوڕم وایە پێداچوونەوەی پێویستە، یان ئەوەتا ئەو بەخشینە بەرێژە بێت یان نەبەخشرێت، چونکە لە دنیادا شوێنە پیرۆزەکان بایەخی تەواوی خۆیان پێ دەدرێت، بەڵام لەگەڵ شوێنە گشتیەکانی

تریشدا لەڕووی ئیداریەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئـەو میزانیـەی بـۆ سێکتەری تەندروسـتی دانـدراوە، ڕێژەیەکە 5,73٪ یە لەڕووی ئاستی سێنترالەوە ئەوە لەڕووی نێودەوڵەتیەوە مەقبولە و ڕێژەکە 7٪ ە، ئەو ڕێژە پێشنیار کراوەو لەگـەڵ ئـەو ڕێـژە داواکـراوە موفارەقەیـەکی زۆر نیـە، هیـوادارین حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئـەو معیـارە پەسـەندە پڕبکاتـەوە، بـەردەوامی لـە دامەزرانـدن و ئاوڕدانـەوە لـە پڕکردنـەوەی میلاکـاتی حکومـەت کـارێکی گرنگـە، داواکـارم لـەو بـوارەدا وەزارەتـی پلانـدانان ڕێژەیـەکی دیـاری کـراو بـۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان یان هاووڵاتیانی شارەزا لە ناوچەکانی کێشە لەسەر دەست نیشان بکات تـا ئـەو کاتـەی لـەڕووی ئیداریـەوە یـەکلا دەبنـەوە، چـونکە حکومـەتی ئیتیحـادی لـە هـەموو بوارەکـانی تـر و هەروەها ئەو بوارەش فەرامۆشی کردوون، جێی دڵخۆشیە هەر کەس بۆ لـەیلای خـۆی دەگرێـی لەڕاسـتی دا، هەرکـەس لێـرە وەکـو ئەنـدامانی پەرلـەمان ئیهتمـامی بـۆ ناوچـەکانی خۆیـان هەیـە، بـەڵام بـە هـەموو لەیلاکانەوە ئێمـە لەیلایـەکمان هەیـە پێـی دەگوترێت کوردسـتان، بۆیـە مـن لەسـەر گـەرمیان قسـە ناکـەم لەڕاستی دا، بەڵام یەك پێشنیارم دەکەم ئەویش ئەوەیە لە هەندێ لە پرۆژەکان ناوی گەرمیان، ناوی پشدەر هاتووە کە ئـەم نـاوە لـەڕووی ئیداریـەوە وازح نیـە، چـونکە لـەناو گـەرمیان دا کۆمـەڵێك وەحـداتی ئیـداری هەیە، لە پشدەر دا وەکو دەڤەرێك کۆمەڵێك وەحداتی ئیداری هەیە کە ئەو پرۆژانـە دەسـت نیشـان بکرێـت بۆ کام وەحدەی ئیداریە لە قەزاو ناحیەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، میوانانی بەڕێز، بۆ ئەوەی مۆرکی دوو ئیدارەیی بە تـەواوەتی نـەمێنێت، بـۆ ئەوەی پارەی تەرخانکراوی حیزبەکان بە یاسا ڕێکبخرێت و لەسەر بنەمای ئیستحقاقی ئینتخابی بێـت، بـۆ ئەوەی تێکەڵەی دەستەملانێی حیزب و حکومەت چیتر بەلاوە بنرێت، بۆ ئەوەی قبـوڵ خـاس لـە زانکـۆ و زەمالـە تایبەتیـەکان دا نـەمێنێ، بـۆ ئـەوەی باڵادەسـتی پەرلـەمان بەسـەر حـوکمڕانی هـەرێمی کوردستان لە چوارچێوە یاساییەکەی دا هەمیشە بەرقـەرار بێـت، بـۆ ئـەوەی کەسوکاری شـەهید وئـەنفال و زیندانیانی سیاسـی و کـەم ئەنـدامان و توێـژەکان زووتـر سـوودمەند بـن لـەم پرۆژەیـە، بـۆ ئـەوەی فرسـەت بدەین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە عەمەلی سیاسەتی مالی خۆیان جێ بەجێ بکەن، ئێمـەش چاودێری وردیان بکەین لە کات و شوێن و جۆری سەرفی بودجەدا، بۆ ئەوەی ئەم ئەزمە مالیەی کە ئێستاکە جیهـانی گرتووتەوە کوردستان لێی بێ بەری بێت، بۆ ئـەوەی بـە خێرایـی و بـەو پـەڕی دڵسۆزیەوە بـۆ هاووڵاتیـانی ڕابگەیەنین کە ئەم هەموو جـەدەل و سـین و جیمـە بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بـووە، بـۆ ئـەوەی هەمیشـە لـە کەشـێکی دیمـوکرات و کـراوەو شـەفاف دا گفتوگـۆی بـەردەوام و فـرە ڕەهەنـد ئامـادەیی هـەبێت بـۆ تیشـك خستنە سەر تەواوی لایەنەکانی بودجە وەك ئێستا و بۆ ساڵانی داهاتووش، بۆ ئەوەی لەم کابینەیەوە ئیدی حکومەت خاوەن یەك گیرفان و یەك دەست و یەك ئاراستە ویەك ئیرادەو یـەك دامـەزراوە بێـت، بـۆ ئـەوەی جهـود و هەڵسـەنگاندنە واقعیانـە واقعیـەکانی پەرلـەمانتاران و هـەموو لیژنـەکان بچـنە چوارچـێوەیەکی یاسـایی کـارپێکراوە وە، لـەم پرۆژەیـە دا ئـەم هـەموو هیوایانـە بـەدی دەکـرێن، داواکـارم ئـەم پرۆژەیـە نەگەڕێتـەوە، وەنوێنـەرانی حکومـەتیش لێـرەن، دەسـەڵاتی یاسـایی لای خۆمانـە، بـا پێکـەوە دەسـتمایەی

حکومەت پوختر بکەین و لە کەلێن درەبازی بکەین و بەسەری بکەین و کوردستانیش هەمیشە ئاوەدان، لەڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ دا ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی 20 ەوە هەیە هەموو ئەندامانی لیژنەکە کە لە هەموو فراکسیۆنەکانن پێشنیاریان کردووە وشەی زێڕەڤانی لابدرێت یان بخرێتە کەوانەوە، وشەی (پێشمەرگە) بەرقەرار تر بکرێت لە 2/7 ئەم پێشنیارە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابیت، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەم پرۆژەی میزانیە وەها باسی نەکەم بەو تەفسیلەی کە برادەرەکان هەموو کەموکوڕیەکانیان باس لێوە کرد، بەڵام پێم وایە بە ئیستلاحی عیلمی دەکرێت ئەم میزانیە پێی بوترێت میزانیە، پێی بوترێت بودجە، بەڵام ئەگەر بە تەفسیری قانونی مالی تەفسیرێکی قانونی بۆ بکرێت، پێم وایە ناتوانین پێی بڵێین میزانیە، لەبەرشێوەو جۆری تەحدید کردن و ناردنی لەلایەن حکومەتی ئیتحادی عیراقەوە، بۆیە دەکرێ و دەشێت ئەم میزانیە هەندێك هەڵە و کەموکوڕی تیا بێت، بەڵام من پێم وایە ئەو هەڵە وکەموکوڕیانە ئەوەندە گرنگ نین و ئەوەندە کاریگەر نابن بتوانن لە ماهیەتی ئەم پرۆژەیە بێننە خوارێ، ئەویش بە توانای ئەو بەڕێزانەی کە ئەم بودجەیان ئامادە کردووە و توانا و دەسەڵات و لێهاتوویی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان و لیژنەی ئابووری و دارایی، من دەستخۆشی لە لیژنەی کاروباری ئابووری و دارایی دەکەم بۆ ئەو هەموو ئەرکەی کە کێشاویانە و ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانیان بە سەرنج وەرگرتووە، جا هەندێکیان لێ وەرگرتبێت و قسمێکیان لێ وەرنەگرتبێت ئەوانەش هەر شتە، حوکمێکی خۆی و ئەسبابی خۆی هەیە، پێ دەچێ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری تەواو سەرتاسەر ڕاوبۆچوونی دیدی هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە لەڕێی لیژنەکانی خۆیانەوە پێشکەشیان کردووە، بۆیە من پێم وایە زۆر قسە لەسەر ڕاپۆرتەکەی دارایی و ئابووری و بابەکانی ناو پرۆژەی بودجە کرا، هەموو ئەحکامەکانی ماددەی 84 و 85 و 86 بە تەفسیلێ لە وردەکاری ناو پرۆژەکان و کەموکوڕیەکان و بڕە پارەکان گوژمەکانی کە بۆی تەحدید کراوە و ناو و شوێن و هەموو کارەکانی تیا لەسەر باسکراوە بە وردی، پێم وایە ئەم پرۆژەیە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمساڵ وەختێکی زووتر گەیشتە پەرلەمان کە هیوادارم سەرۆکایەتی حکومەت جارێکی دیکە بۆ ساڵی داهاتوو پەیڕەوی ماددەی 79 ی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی چ وەزارەتی درایی و ئابووری و چ سەرۆکایەتی حکومەت لەم گلەیی و گازاندەیەی کە تیکرار دەکرێتەوە بۆ پرۆژەی بودجە درەنگ هاتوو، کەم هاتوو، زوو هات، رزگاریان بکات، من پێم وایە ئەم پرۆژەی بودجەیە بەڕاستی گەلێك شتی گرنگی لەخۆوە گرتووە، چ لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بێت چ لە نەفەقاتی تەشغیلی و چ لە نەفەقاتی ئیستسماری، وە لە هەندێ بڕیاری یاسایش کە گرنگی تیایە کە لەوانە موژدەبەخشێکی گەورەیە بەوەی کە

ئیتر مۆرکی دوو ئیدارەیی لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـەرەو نـەمان و ئـاوا بـوون دەچێت، ئـەویش بەوەی کە باس لە هەردوو دەزگای ئاسایشەکان وچاودێری دارایی کراوە، سەرۆکایەتی حکومـەت و وەزارەتـی دارایی بە بێ ترس و زۆر بە شەفافانە باسی لەوە کردووە کە ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا دەلالـەتی ئەوەیـە کـە مۆرکی دوو ئیدارەیی ئیتر کۆتایی پێ هات و بووە یەك حکومەتی هەرێم، ئەمە موژدەیـەکی زۆرخۆشـە کـە لەم بودجەیە بە سەرتاسەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەوترێت، هەروەها لەم بودجەیە باس لە هەندێ پـرۆژەی گـرنگ کـراوە کـە هەنـدێ بـڕە پـارەی بـاش دانـدراوە کـە دەبێتـە بووژانـەوەی ژێرخـانی ئـابووری کوردستان کە ئەمـەش موژدەیـەکی زۆر خـۆش و گەورەیـە بـە تایبـەتی ئـەو بـڕە پارانـەی کـە دانـدراوە بـۆ زیادکردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان و پێشمەرگەی دێرین و پێشمەرگە سەربڵندەکان کـە بە ئەزموون و هەوڵی ئەوان ئەم ڕۆژە هاتووەتە دی و ئەم پرۆژەیە هاتووەتە ئێرە، من پـێم وایـە ئـەو بـڕە پارانە ئەوەندە نیە کە بگاتە ئاستی تموحی ئەو تەزحیە و ئەو خۆبەخشینەی کـە ئـەو بەرێزانـە داویانـە، پێویستە لە هەموو توێژەکانی دیکە زیاتر خزمەت بکرێن و پشکی گەورەیان هەبێت لەهەموو میزانیەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەمە بێ لەوەی کـە بـڕە پارەیـەکی 350 ملیـۆن دۆلاری تـەرخان کـراوە بـۆ سـندوقی نیشتـەجێ بوون کـە ئەمـە هۆکـارێکی گرنگـە بـۆ ئـەوەی کـە چیـتر خێزانـی کۆمـەڵگای کـوردەواری بـە بـێ شوێنی نیشتـەجێ بوون نـەمێنێتەوەو ببێتە هۆی ئەوەی کەوا کێشەی نیشتەجێ بوون بەرەو کەمی بەرێت، زیاد لەوەی کە سلفەی عـەقاریش لـەناو پرۆژەکـە باسـی لەسـەر کـراوە، بۆیـە مـن داوا لـە جـەنابی وەزیـری دارایی دەکەم بەو روحیەتەی کە لە خولەکانی پێشوو دا داوامان لێی کرد زۆر بە دڵ سافی و بـە ئەمەکـەوە تەڵەبەکەمانی قبوڵ کردو سلفەی عەقاری خستە ناو پرۆژەی میزانیەی هەرێمی کوردستانەوە، ئەم جاریش داوای لێ دەکەین وا بکات لە سلفەی عەقاری بڕەکەی زیـاد بکـات، بـۆ ئـەوەی هـەموو لا و شـارو شارۆچکە و دێکانیش بگرێتەوە، هەرچی چەند بـە مەسـەلەی دێکـان بڵێـت دەبێـت هەنـدێك کـاری یاسـایی لەسـەر ئـەو زەویانە بکرێت ڕاستە، ئەوکات دەتوانێ وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هاوکاری وەزارەتـی داد و کشـتوکاڵ و شارەوانی لە ئیستیلا و ئیتفا و ئیفراز و تەسـجیل کردنـی ئـەو موڵکانـە دەسـت بـەکاربێت بـۆ ئـەوەی ئـەو گوندنیشینانەش سوودمەند بن لە سلفەی عەقاری، هەروەها من پێم وایـە لـەم پرۆژەیـەدا بـاس لـە گوژمـە پارەیـەکی 120 ملیـار دینـاری کـراوە بـۆ پێشکەش کردنـی بـواری زانسـت ونـاردنـە دەرەوەی خوێنـدکارانی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی خوێندکارانی کوردستانیش مەحروم نەبن لەو پێشکەتنە زانسـتی و تەکنەلۆژیـەی کـە ئـەمڕۆ لـە عالـەمی دەرەوە دا هەیـە، کـە دواتـر ئـەوە بگەڕێتـەوە بـۆ کۆمـەڵگای کـوردی، هەروەها لەم پرۆژەیە باس لە سلفەی عەقاری کراوە کـە وەکـو باسمـان لەسـەری کـرد، هـەروەها مـن داوا لـە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم کەچی زووترە ڕێنمایی جێ بەجێ کردن بـە تایبـەت بـەو گوژمـە پارانەی کە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان و پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی شاری سلێمانی، کە ڕاستە ئێمە هـەموومان نوێنـەری هـەموو کوردسـتانین، بـەڵام مـن بـە ئـەرکی خـۆمی دەزانم و بـە حـەقی خـۆشمی دەزانم لێـرەوە سوپاسی سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەم بۆ ئەو گوژمە پارەیەی کـە دانـدراوە بـۆ

شاری سلێمانی، هەرچەندە شاری سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستانە، پێویستی بە خزمەتی زیاتر هەیە لەبەرئەوەی جێ دەستی هەموو ڕژێمەکانی عیراق لە ئەوەڵ ڕۆژی دروست بوونی حکومەتی عیراقەوە لە ساڵەکانی 1922 هەتاوەکو کۆتایی هێنان بە ئاخر دکتاتۆری سەردەم جێ دەستیان بە کاوڵ کردنی سلێمانی و شاروشارۆچکەکانی دەوروبەریەوە تا سەر سنوور هەیە، من لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم کە بڕی یەك ترلیۆن و سەد و یانزە ملیار دینار بۆ پرۆژە بەردەوامەکان تەرخانکراوە و بڕی دوو سەد وحەفتاو چوار دینار و حەوت سەد و هەژدە ملیۆن دینار بۆ پرۆژە پێشنیازکراوەکان، ڕاستە دابەشکردنی بودجە دەبێت بە نیسبەتی میئەوی و بە ڕێژەی سوکانی بێت، بەلاَم من پێم وایە ئەو ڕێژەیە ڕەنگە بگاتە نیسبەتێکی باش، هیوادارم بۆ ساڵی داهاتوو جەنابی وەزیر و حکومەت هەوڵ بدەن لەو ڕێژەیە زیاتر بۆ شاری سلێمانی دابنێن، وە جەنابی وەزیریش زوو بە زوو تەعلیماتی سەرف کردن و جێ بەجێ کردنی پێ دەربکات، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانە بە زووترین کات لە خزمەتی سەرتاسەری کۆمەلاَنی خەلك دابن، من پێم وایە جەنابی وەزیر دەتوانێت بە هاوکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەکارهێنانی ماددەی 83 لە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی پەرلەمان لە بابی نەقڵی موازەنە و فسوڵ و نەقڵەکاندا هەندێ لەو بڕە پارانەی کە داندراون بۆ کۆمەڵێك مەقەڕی حیزبی و هەندێ لایەن کە بووەتە گلەیی و گازاندە، پێشم وایە شتێکی زۆر ئاسانە بتوانن بە تەنسیب نەقڵێ لەو پارانە بکرێت وبخرێتە سەر ئەو گوژمە پارانەی کە داندراوە بۆ خزمەتگوزاری وەکو تەندروستی و قوتابخانەکان و ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان، بەوە دەتوانن زیاتر خزمەت بە پرۆژەکە و خەلکی کورستان بگەیەنن، من پێم وایە جەنابی وەزیر بەو روحیەتە گەورەیەی کە وەختی خۆشی ماددەی دەربڕینی هەبوو لەسەر سلفەی عەقاری، هەوڵ بدات بۆ گەڕانەوەی موخەسەساتی ئەو حقوقیانەی کە موخەسەساتەکانیان بڕاوە، بەڕاستی ئەوانە لەژێر ترس و ئەرکێکی زۆر دان و بە شەو و بەڕۆژ لە خزمەتی جێ بەجێ کردنی عەدالەت و قەزا دان، ئەگەر بکرێت لەناو ئەو فەسلْ و بابانە جێگای بۆ بکرێتەوە، پێم وایە جەنابی وەزیر دەتوانێ ئەو بڕە پارەیەی کە بە منحە بۆ زیندانیە سیاسیەکان داندراوە، یا یاسای 4 ی زیندانیە سیاسەکانی ئیتیحادی عیراقی بفەرموون لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان بە تەنسیب ئینفاز بکرێت لێرەوە بۆ ئەوەی ئەوە لە بابی منحە بێتە دەرێ، سیفەتێکی یاسایی بۆ خۆی وەربگرێت، هەم زیندانیە سیاسیەکان پێی دڵشاد دەبن و هەم کارەکەش کارێکی یاسایی دەبێت، لە کۆتایی دا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم، کارێکی ئاسان نیە کۆکردنەوەی تێبینی ئەو هەموو لیژنانە لەیەك ڕاپۆرت، بەلاَم سێ ڕۆژە لە گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان وا دیارە هەندێك تێبینی هەندێك

لیژنەکان کەوا لە ڕاپۆرتەکە دا نـەهاتووە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم هـەموو تێبینیـەکان لەبەرچـاو بگیردرێـت، لەبەرئـەوە ئەنـدامانی لیژنــە ماوەیـەکی زۆرە سـەرقاڵی گفتوگـۆی بودجەنـە و ماوەیـەکی زۆرە خـەریکی کۆکردنـەوەی زانیـاری و تێبینیـەکانن، بۆیـە بـە هەنـد وەربگیردرێـت، جگـە لـەوە پێشـنیاری ئامـادەکردنی لیستێك دەکەم بە تێبینی و ڕاسپاردەکان، لیژنە و ئاڕاسـتەی حکومـەت بکرێـت بـۆ ئـەوەی جـێ بـەجێ یـان بکات، سەبارەت بەو پرۆژانەی کەوا ماوەیان بۆدیـاری نـەکراوە، ئـەوەی تێبینـیم کـرد لـە بودجـەی ئەمساڵ هەندێك وەزارەت هەیە پرۆژەکانیان بە هیچ شێوەیەك ماوەی جێ بەجێ کردنی دیاری نـەکراوە، بـە باشـی دەزانم کەوا هەردوو وەزیری بەڕێز وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی ئـەو بابەتـەمان بـۆ ڕوون بکەنـەوە، ڕاسـتە هەنـدێك وەزارەت وەکـو وەزارەتـی تەندروسـتی و وەزارەتـی کشـتوکاڵ و وەزارەتـی پیشەسـازی و وەزارەتی داد و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، پرۆژەکانیان ماوەیان بۆ دیاری کـردووە، بـەڵام وەزارەت هەیـە وەکـو وەزارەتـی پلانـدانان هـیچ پرۆژەیـەکی مـاوەی بـۆ دیـاری نـەکراوە، وەزارەت هەیـە بەشـێك لـە پرۆژەکانی، بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبیری دروست کردنی دوو باڵەخانە ماوەی بۆ دیاری کراوە، پرۆژەکانی دیکە ماوەی جێ بەجێ کردنیان دیاری نەکراوە، وەزارەتی داد هـەموو پرۆژەکـانی مـاوەی بـۆ دیـاری کـراوە، ئەوە بۆ ئێمە زۆر گرنگە لەبەرئەوە کاری پەرلەمانتار بەوە کۆتایی نایەت بودجەکە پەسـەند بکات، ئەرکـە قورسەکە دوای پەسەند کردنی بودجەیە، بەدواداچوون دەکات، چاودێری چۆنیەتی جێ بەجێ کردنـی ئـەو بودجەیـە دەکـات، بۆیـە بـۆ ئێمـە ئـەو بابەتـە گرنگـە، پێشـنیارێکم بـۆ وەزارەتـی دارایـی سـەبارەت بـەو وەزارەتانەی کەوا خاوەن داهاتی خۆیـانن، هەنـدێك وەزارەت هەیـە داهاتیـان هەیـە دەتـوانن خۆیـان خۆیـان بەڕێوە ببەن، پێشـنیاری ئـەوە دەکـەم، ئـەو داهاتـە بچێتە نـاو بودجـەی وەزارەت، ڕاسـتە وەزارەتـی دارایـی ئەوەی لەبەرچاو گرتووە لە کاتی ئامادەکردنی بودجەی وەزارەتەکان کـەوا داهاتـەکان لەبەرچـاو بگیردرێـت، بـەڵام ئـەوەی مـن مەبەسـتمە ئـەو داهاتـە نەچێتەوە نـاو بودجـەی گشـتی حکومـەتی کوردسـتان، ئەگـەر هەمووشی نەبێت بڕێك بچێتەوە نـاو بودجـەی تایبـەت بـە وەزارەتـەکان، ئـەوا دەتـوانن وەزارەت کاروبـاری خۆی پێ بەڕێوە ببات بۆ ئاسانکاری و کەم کردنەوەی ڕۆتین، داوا دەکەم کەوا بایەخ بەو لایەنانە بدرێت کە دەتوانێ بڕێك داهات بۆ کوردستان دابین بکات، بۆ نموونە کەرتی گەشتیاری کە وەك پێویسـت بایـەخی پـێ نەدراوە، ڕاستە هەندێك پارە داندراوە، بۆ نموونە بۆ شاری هەولێر دوو ملیار و بیست و پێنج ملیۆن دینار داندراوە، بۆ سلێمانی چوار ملیارو سێ سەد داندراوە، بۆ دهۆك هەشت ملیار و سـەد و پـەنجا ملیـۆن دینـار داندراوە، بەڵام بووژانەوەی کەرتی گەشتیاری داهاتێکی باش بۆ کوردستان دابـین دەکـات بـە بۆچـوونی مـن، من باس لە ژمارەکان ناکەم ئەو بڕە پارەیەی کە داندراوە، چونکە ئەوە ئەرکی حکومەتـە، ئـەو دەزانـێ ئـەو پرۆژانەی کە داندراوە چەندی تێ دەچێت و خەرجی پرۆژەکان چەندە، بۆیـە ئـەو ژمارانـەی دانـاوە، بـەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بووژانەوەی ئەو کەرتە داهاتێکی باشمان لە ئایندە بـۆ مسـۆگەر دەکـات، سەبارەت بە مەنافعی ئیجتماعی سـەدو هەشـتا ملیـار دینـار، بڕێکـی زۆر زۆرە بـۆ مـەنافعی ئیجتمـاعی کـە دانـدراوە کـە دەکاتـە 2,29٪ لـە کـۆی بودجـەی گشـتی کوردسـتان، بڕێکـی زۆرە ئـەو پارەیـە داوای کـەم

کردنەوەی دەکەم، ئەو 2٪ ە دەکاتە دوو ئەوەندەی بودجەی تەرخان کراو بۆ وەزارەتی کارەبا، ئایا مەنافعی ئیجتماعی پێویست ترە یان بووژانەوە یان چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کە دانـدراوە، ئیعانـات 5٪ لـە کـۆی گشتی بودجە پێك دێنێت، مەسروفاتی ئوخرا لـە 8,66٪ ئەوانـە زۆر لـە بودجـەی وەزارەت زیـاترن، داوای کـەم کردنـەوەیان دەکـەم، ئـەو بڕەیـەی کـە کـەم دەکرێتـەوە بچـێتەوە نـاو بودجـەی گشـتی، سـەبارەت بـە بودجەی وەزارەتەکان هەر سیاسەتی حکومەت دیارە و وایە کـە هـەر ساڵەی بایـەخ بـە لایـەنێك و کـەرتێك دەدات و داوای بووژانەوە دەکات و هەوڵ دەدات بزانـێ ئـەو کەرتـە کـە بـۆ نموونـە کـەرتی تەندروسـتی یـان پەروەردە کە کێشەمان لەو دوو کەرتە زیاترە پێویستی بە بودجەیەکی باشە بـۆ ئـەوە، بـەڵام ئـەوەی بـەدی دەکرێت کەوا وەزارەتی دارایی لە بودجەی ئەمساڵی کوردستان لە ساڵی 2010 بەشی شێری بەبەرکـەوتووە کە دەکاتە 23٪ کـە بڕێکـی یـەکجار زۆرە بـۆ وەزارەتـی دارایـی، ئەگـەر ڕوونکردنەوەیـەك لەلایـەن جـەنابی وەزیری دارایی هەبێت کە لەبەرچی ئەو ڕێژە زۆرە بۆ وەزارەتی دارایی داندراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم بۆ لیژنـەی دارایـی و مانـدوو بـوونی ئـەو لینژنەیـە کـە لـە مـاوەی ئـەم 21 ، 22 ڕۆژە لەگەڵ هەموو ئەو لیژنانەی کە دەست بەکاربوون لەو کارەدا، وای دەبینم ئەو بودجەیـە کـە سیاسـەتی ئـەو حکومەتەمان نیشان دەدات، زۆر بە ڕوونی بۆ ئەو کەسانەی کە بـە عەدالـەتی ویژدانیـەوە هـەر هـەمووی و سەرجەم پرۆژەکان و ئەو کارانەی کە کراوە دەبینم عەدالەتێکی زۆر هەیە لە دانانی ئەو بودجەیە، ئـەوەی من تێبینیم کردووە وەکو خۆم کە جێگری لیژنەی کارو کـاری کۆمەڵایـەتیم و لـە لیژنـەی مـافی مـرۆڤیش بەڕاستی دەیبینم هەموومان بە خاڵ دانـاوە لـەناو ڕاپۆرتەکەمانـدا، بـەڵام حەزدەکـەم دەسـت نیشـانی ئـەوە بکـەم دوای سـەردانێکی زۆری گرتووخانـەکان بەڕاسـتی موشـکیلەی بینایـە کـە یەکێکـە لـە موشـکیلە هـەرە گرنگەکان کە هی ئەمساڵ نیە و بۆ ئەم بودجەیە نیە، بڵێم چەندەها ساڵە پێیەوە دەنـاڵێنین کـە بۆچـی تـا ئێستا ئەم خەمە بەو شێوەیە نەخوراوە؟ ئێمە داوا دەکارین کە ئێستا بـە خۆشـحاڵیەوە دەبیـنین شـتی بـۆ تەرخان کراوە کە دەست بەکاربن لەو کارەدا کە تەماشامان کرد لەڕووی مافی مرۆڤەوەو بـۆ زیـادکرنی ئـەو پرەنسیپانە لەڕووی خواردنیان و لەڕووی ئاگا لێ بوونیان، لەڕووی لایەنی دەروونیەوە، زۆر بـەڕێك و پێکـی لەناوی دا بەدی دەکرێت، بەڵام لەڕووی بینایەوە زۆر دواکەوتووە، ناتوانێ تەواوکاری بێت لـەو پرەنسـیپانە ئەگەر شوێنێکی باشیان نەبێت، بە تایبەتی لە سلێمانی و لە هەولێر، لە دهۆکیش لە بەشی ژنان، بەڕاسـتی داوا دەکەم لایەنی چاودێری دوایی کە پێی دەوترێت (مراقبە لاحقە) ئەوەی ئەو زیندانیانەی کە هەیـە بـە هۆی تاوانێکەوە دەچنە ناو زیندانەوە نەگەڕێنەوە جارێکی تـر بـۆ ئـەو زیندانـە، بڕێـك لـەو بودجەیـە بـە تەواوی تەرخان بکرێت بۆ بەشی ئـەم لایەنـەی کـە باسـی دەکـەم، چونکە بـە شـتێکی زۆر گـرنگ و بـەنرخ

پیشان دەدرا کە دەچووین سەردانمان دەکردن و قسەمان لەگەڵ هەموو ئەو لێپرسراوانەی کە لە ناو زیندانەکان بوون دەکرد، دەیانگوت کە دەگەڕێنەوە ناو زیاندانەکان، لەبەر ئەوە مراقەبە لاحقەیە کە زۆر یەعنی بایەخی بەو دەرەجەیە پێ نەدراوە، تەنانەت لایەنی دەرونیش بەڕاستی لە ناو سجنەکان یان بڵێین گرتووخانەکانی دهۆك هەر ئەسڵەن لە لایەنی دەروونی ڕاستە هی ئیجتماعیان هەیە، بەڵام لایەنی دەروونیان نیە، داواکارین ئەگەر لەناو زانکۆکاندا زیاد بکرێت کە بەشی عیلم نەفس لەوێ بخوێندرێت بۆی تەرخان بکرێت  تاوەکو ئەوانەی خەریج دەبن بتوانن لەوێش دابندرێن، لەلایەنی کەم ئەندامانەوە ئیهتمام دانی حکومەت بە خۆشحاڵیەوە دەڵێم یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی کە دەبێت بەرز بنرخێندرێت کە ئاوڕدانەوە لەم توێژە گەورەیەی کە هەیە لەناو کۆمەڵگای خۆماندا، بەڵام من وای نابینم تەنها زیادکردنی بڕە پارەیەك کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە بۆ ئەوەی گوزەرانیان چاك بکات، بەڵام ئێمە چۆن وایان لێ بکەین و بەگەڕیان بخەینەوەو بیخەینە ناو کۆمەڵ، هەڵبەتە دەبێت بودجە بۆ کردنەوەی تەرخان بکرێت، کردنەوەی بۆ نموونە یاریگایەك بۆ کەم ئەندامان کە ئێستا بەخۆشحاڵیەوە پێش ماوەیەك دیتم کە یەکخستنەوەیەك هەیە لە ڕێکخراوەکانی کەم ئەندامانی پارا ئۆلۆمپی کە لێرەدا هەیە، بەڵام بەداخەوە شوێنێکیان نیە کە بتوانن ئەو بەشەی کە بڵێین حەقی خۆیان بهێننە دی، هۆڵی تایبەتیان هەبێت، چۆن لەگەڵ وەزارەتی لاوان کە دانراوە وەکو تارتان و یاریگا بۆ خەڵکانی تر ئاوا بۆ کەم ئەندامانیش ببێت، بە نیسبەت کەم ئەندامانی سەنگەر، بەڕاستی داواکارم بایەخێکی تەواو کە پێیان بکرێت، زۆر بەداخەوە دەڵێم نابێت ئەوان ئەو کەسانە بن کە نەتوانن هەندێك لە پێویستیەکانی خۆیان بێننە دی، هیوادارم لە جەژنی نەتەوایەتی خۆمان کە نەورۆزە بە زوویی ئەگەر ئەو بودجەیە تێ پەڕێندرێت لەبەر ئەو هۆیەی کە ئەمانە بهێندرێتە دی کەم ئەندامانی سەنگەر دەیان بینم لە زۆر لایەنەوە پێویستیان بە بایەخدان هەیە، ئەو داواکاریە لە زیادکردنی ئەو بودجەیەی کە بۆ ئەوان داندراوە، یەکێکی تر لەو شتانەی کە بەڕاستی دەمەوێت دەست نیشانی بکەم، پشتگیری خۆم بۆ هەر کەسێك دەردەبڕم کە لێرەدا داوای کرد بۆ زیندانیە سیاسیەکان کە من بە شەهیدی زیندوویان دادەنێم، لەبەرئەوەی زیندانیەکان ئەگەر زۆر شت کراوە بۆ شەهیدان بە دەستخۆشیەوە بۆ حکومەت، بەڵام بۆ زیندانی سیاسی کە خۆم لە لیژنەی مافی مرۆڤم چەندەها جار باس کراوە تا ئێستا نەگەیشتووینەتە نەتیجە، کە وابزانم زۆر بە ئاسانی ئەو ئەوە دەکرێت و ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، ئەوەی دەمەوێت ئێستا بیلێم ئەوەیە کە پرسیار ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری دارایی بکەم بۆچی بڕە پارەی بەشی کۆمەڵایەتی زۆر نیە کە لە هەموو وڵاتانی دنیا بەشی هەرە زۆر کە دەزانین هەمووی بە خەڵکەوە بەندە، کۆمەڵایەتی هەموو لایەنێك دەگرێتەوە، بۆچی ئەو بڕە پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە بە کەمی دەبینین لەگەڵ ئەو پێویستیانەی کە هەیە؟، پێویستمان بەوە هەیە هاوسەنگیەك هەبێت لە نێوان داواکاری وەزارەتەکە لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی کە بۆی داندراوە لەلایەنی داراییەوە، نازانم هۆیەکەی ئایا ئەمانەی کە پێشکەشی دەکەن بە شێوەیەك وا پێشکەشی ناکەن کە ئەم هەموو گرفتانەی کە لەناو لایەنی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە، وەکو گوتم گرتووخانەکان و کەم ئەندامان و

پەككەوتووەكان، زۆر شت كە ئێمە لە كوردستانێكی بەرەو ئاوەدانی، بەرەو چاك بوونی ڕەوشی دیموكراسی و بۆ هەموو لایەنێك كە من بە دەسكەوتێكی زۆر گەورەی دەزانم كە ئەم بودجەیە بە بەرزی دەنرخێنم، ئەو لایەن با زیاتر بایەخی پێ بدرێت، پرسیارێكی ترم هەیە بە نیسبەت پرۆژە یاسای بودجەوە كە سەبارەت بە ماددەی 2 كە داهاتی هەرێم لە ساڵی 2010 بە سێ سەد و چل و هەشت ملیار و شەش سەدو حەفتا و نۆ خەملێنراوە، لەسەر چ بنەمایەك ئەوە دانراوە؟ ئەگەر عجزەكەی هەشت سەد و سی و پێنجە، پشتگیری خۆم بۆ لیژنەی نەزاهە دا دادەنێم بزانم ئەگەر هاتوو ئەمە زیاتر بوو لەوەی كە خەملێنراوە، دەكرێت عجز لەگەڵ ئەوەی كە خەملێنراوە بەم شێوەیە فەرق هەبێت؟ حەز دەكەم لە لایەنی وەزیری سامانە سروشتیەكانەوە بۆم ڕوون بكرێتەوە، ئەوەی داواشی دەكەم لە دەزگای خانمان كە دانراوە، پشتگیری لە گەشە خان دەكەم كە زیاتر تەرخانی ئەو بودجەیە بكرێت بۆ ئەوەی بە تایبەتی بۆ ژنی سەركردە، كە كەمیەكی زۆر بینیم بەڕاستی لەناو ژناندا كە ژن تا ئێستا نەگەیشتووەتە پلەی ژنی سەركردە، ئامادەبوونێكی باشی دەوێت بە دیراسەت كردن لەسەری و سەرف كردن لەسەری ئەگەر لەناو وڵاتی خۆمان بێت یان ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات، چونكە دەزانین هەر ئەو دایكەیە كە ئەو ڕۆڵەیە دروست دەكات و ئەو پیاوە سەركردەیەش دروست دەكات، پرسیاری ئەخیرم یان بڵێین دەست خۆشی خۆم دەكەم بۆ ئەوەی كە حیزبەكان بە یاسا دانراون، ئەوەش خەونی زۆر لە پێستری خۆمان بوو، بەڵام ئەگەر هاتو تا كۆتایی ساڵی دارایی 2010 یاسای حیزبەكان یەكلانەكراوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پارەیە دەكرێت؟ لە وەزیری دارایی دەپرسم، ئەگەر هاتو هەتا كۆتاییەكەی نەبوو ئەو بڕە پارەیەی كە تەرخان كراوە چی لێ دەكرێت؟ دەتوانم لە كۆتایی دا ئەوە بڵێم ئایا كەس هەیە حەز نەكات كوردستان بەو شێوەیەی ئێستا كە دەیبینن لە ئیعمار و لە ئاوەدانكردنەوە؟ ئایا كەس هەیە حەزنەكا خۆشگوزەرانی فەقیرو هەژارەكان كە بە پشتی ئەوان ئەم دنیا تازەیەی ئێستای خۆمان دەبینین؟ ئایا كەس هەیە حەزنەكات بە پشتگیری پێشمەرگەكانمان هەر كەسێك كە قەڵەمی خۆی بە پاكی دروست كردووە و ئامۆژگاری كردووە بێتە دی؟، هەڵبەتە ئەگەر هەمووومان حەزبكەین بەوەڵامێكی بەڵێ، بەڵێ بۆ شتی چاك نەك (نعم نعم)ی سەدام كە چەندین..... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك دەست خۆشی لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم، هەر لەیەكەم ڕۆژی خوێندنەوەی پرۆژە یاسای بودجە كارتان بۆ ئەوە كرد كە ئەم پرۆژە یاسایە بە شێوەیەكی شەفاف و بەڕوونی لەبەردەم چاوی هەموو پەرلەمانتاران و لە ڕێگەی ڕاگەیەندكاران و دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بكەوێتە بەردیدی خەڵكی، بەڕێزان، سەرباری دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی بە تایبەت سەرۆكایەتیەكەی، بەڵام چەند تێبینیەكم هەیە لەسەر ڕاپۆرتەكە، یەكەم: لەبەشی مووچەی فەرمانبەران ڕاپۆرتەكە بە هیچ جۆرێك

ئاماژه بۆ ئەم بەشە نەكراوە، كە ئێمە پێشتر لە لیژنەی دارایی ئەم بابەتەمان گفتوگۆ كردبوو بە چەند خاڵێكیش تێبینیمان لەسەر دابوو، ئەم بەشە كە چوار ترلیۆن پێك دێنێت، چوار ترلیۆن و ئەوەندە، هیچ خاڵێكی لەسەر نیە، ئێمە لە لیژنەی دارایی بە پێویستمان زانی بوو كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی 2010 هەتا كۆتایی 2010 بە ژمارەی مووچە خۆرەكاندا بچێتەوە، ئەگەر دوو مووچەیی هەبوو هەوڵ بۆ ئەوە بدات كە نەیانهێڵێت، لە هەمان كاتدا ئەگەر كەسێك مووچەخۆر بوو ئیللا لە كاتی پێویستی دا وەكو لە یاساكەشدا هاتووە ئەگەر پێویستی نەبێت دامەزراندنی بۆ نەكرێت بە عقد، بە هیچ جۆرێك لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی باسی ئەمە نەهاتووە، لە خاڵی دووەم لە ڕاپۆرتەكە كە تایبەتە بە سندوقی نیشتەجێ بوون، باس لەوە دەكات كە سێ سەد و پەنجا ملیار دینار دابندرێت بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون، بەڕێزان لیژنەی دارایی لە پرۆژەی یاسای بودجەدا پێشنیاری ئەوەی كردووە كە سەدملیار كەم بكرێتەوە، بەڵام لە ڕاپۆرتەكەی خۆیاندا ئاماژەی بەمە نەداوە، دەبوایە ئاماژە بەوە بدات كە پەنجا ملیاری دەڕوات بۆ دەعمی مەشارعی زراعی، پەنجا ملیاریشی بۆ سولفەی عەقاریە، ئەمە لە ڕاپۆرتەكە نەهاتووە و بە نوقسانی دەژمێردێت، .... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن لە جێی خۆتانەوە بە بێ ئیجازە قسە مەكەن، كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

.. ناوی ئەم بابەتە نەهاتووە دەبوایە بهاتبا، لە لاپەڕە 8 لیژنە پێشنیار دەكات كە 10٪ لە حیسابی منح و ئیعانات وە 15٪ لە حیسابی مەسروفاتی ئوخرا ببڕدرێت، بەڵام بە بێ ئەوەی هیچ وردەكاریەك بخاتەڕوو كە ئەم بڕانە چەندن؟ دەبوایە لیژنە لە ناو ڕاپۆرتەكەیان ئەمەیان ئاماژە پێ كردبا، ئێمە وەختی خۆی لە لیژنەی دارایش ئەمەمان گوت، بەڵام بەداخەوە نەهاتووە، ئەگەر زەرب و تەرحێك بكەی ئیعانات بە بڕی 39 ملیار و ئەوەندە ملیۆن دەكات، منح بە بڕی 43 ملیار دەكات، مەسروفاتی ئوخرا بە بڕی 102 ملیار و ئەوەندە ملیۆن دەكات، هەمووی كۆ بكەیتەوە تەقریبەن نزیكەی 180 ملیار دینار دەكات، لێرە پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری وەك لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە دەڵێت بگەڕێتەوە بۆ ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی، بەڵام لە یاسای بودجە 19 ملیاری گەڕاندووەتەوە بۆ بودجەی پەرلەمانی كوردستان بە بێ ئەوەی لێرە ئاماژەی پێ بكات، بۆیە من داوادەكەم، ئەم بڕگەیە هەموار بكرێتەوە بەو شێوەیەی خوارەوە: بڕینی 10٪ لە حیسابی ئیعانات و لە حیسابی منح، وە لە 15٪ لە حیسابی مەسروفاتی ئوخرا، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بكرێت: نۆزدە ملیار و حەفتاو چوار ملیار و ئەوەندە بڕوات بۆ موازەنەی پەرلەمانی كوردستان،

تەرخان کردنی بڕێك بۆ سێ قەزا یان چوار قەزا کە بەردەوام ئەم قەزایانە و خەڵکەکەی لە خزمەتی گەلی کوردستان بوون، ئەو دامەزراوانەی کە ئێستا ئێمە تیایا کار دەکەین، بەڕێزان پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 1999 بە بڕیاری ژمارە 11ی بڕیاری داوە کە هەڵەبجە و ڕانیە و سۆران ئەمانە بکرێن بە پارێزگا، من دەڵێم ئەگەر ئێستا ئەم شوێنانە ناکرێن بە پارێزگا با زیادەیەك لەم بودجەیە کە بودجەیەکی زۆرە، یانزە ترلیۆن پارەیەکی زۆرە، پێشنیار دەکەم بڕی 20 ملیار دینار بۆ هەریەك لە قەزای هەڵەبجە و قەڵادزێ و ڕانیە، سۆران و مێرگەسور و ئامێدی زیادبکرێت، چونکە وەکو بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێیدا هەرچەندە لە یاسای بودجە و لە وردەکاری بودجەکە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئاوەدانی بە زۆرینەی پارچەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بگات، بەڵام ئەم شوێنانە وەکو پێویست و وەکو ئەوەی کە خواستی هەموومانە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بە تایبەتیش ئەوانەی کە تایبەتن بە ژێرخانی ئابووری نەیگرتوونەتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم بەو بڕانەی کە ناوم هێنان ئەم بڕە تەرخان بکرێت بۆ ئەو شوێنانە، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان سەرپشك بێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بڕەیە، تایبەت بە سندوقی هاوکاری بۆ جێیە ناکۆك لەسەرەکان، پێشنیارێکی زۆر جوانە کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، بەڵام من پشتگیری لە ڕایەکەی کاك علی حسین دەکەم کە دوو ڕۆژ لەوەو پێش کردی کە ئەویش ئەوەیە کە تەرخان کردنی بڕەکە، بۆ ئەوەی هەم وەزارەتی دارایی بۆ خۆی بتوانێ چاودێری بکات تا بزانێت ئەو وەزارەتانەی کە خزمەتگوزاری و هاوکاری پێشکەش بە شوێن و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەکەن، هەرچەندە، هەم پەرلەمانی کوردستانیش ئەو بڕەیەی کە وەزارەتی دارایی دایدەنێ و لێرە موسادەقەی لەسەر بکرێت، بۆیە ئێستا بەڕێزانی وەزیری دارایی و وەزیری و پلاندانان و هاوکارەکانیان لێرەن هەر لە ئێستاوە موناقەشەی ئەو بڕەیە بکەن کە باشە بۆ ئەوەی لەو سندوقەیە بێت هەم حکومەت بۆ خۆی لە ڕێی وەزارەتی دارایی و تەختیت و هەم پەرلەمان و هەم دەزگاکانی ئیعلامی و هەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئەحزابی سیاسی هەموویان پێکەوە دەتوانن چاودێری لەسەر ئەو سندوقە دابنێن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە و بە بێ کەموکوڕی خزمەتگوزاریەکە و بڕە پارەکە بگات بەو شوێنانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەلایەن زۆرێك لە پەرلەمانتاران قسە لەسەر داهاتی نەوت کرا، بۆیە من پێشنیار دەکەم پێش ئەوەی بودجە تەسدیق بکرێت وەزیری سامانە سروشتیەکان بێت لێرە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو بابەتە بدات، بۆ ئەوەی بەرچاوی هەموو پەرلەمانتاران ڕوون بێت کە ئەو بڕەیەی کە لە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانە چەندە و چۆن وەردەگیردرێت و چۆنیش سەرف دەکرێت؟ بەهەمان شێوە داوای ڕوون کردنەوە دەکەم لە بەڕێز وەزیری دارایی لەسەر مووچەی پێشمەرگە دەکەم، چونکە ئەوانە برای ئێمەن، هەمووومان پێکەوە دەتوانین ئەم هەرێمە بپارێزین و ئێمە بە پشتیوانی ئەوان بەردەوامیمان دەبێت، ئەگەر ئێمە نەزانین ژیانێکی باش بۆ ئەوان فەراهەم دەکرێت، دڵنیا بن لەوەی کە موسادەقە بۆ ئەو بودجەیە ناکەین، بۆیە پێویست دەکات ئەوان ڕوون کردنەوە لەسەر مووچەکە بدەن، تا

بزانین ئەو مووچەیەی کە دایان ناوە بۆ پێشمەرگەیەکی ئاسایی تا بەرزترین پلە چەندە؟ تا بزانین ژیانێکی باشیان بۆ فەراهەم دەکات یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ئەوەی نوێنەرایەتی کردنی ئەندام پەرلەمان لەناو پەرلەمان و هەم لەسەر ئاستی نیشتمانی دا هەم لەسەر ئاستی ناوچەییشدا، بۆیە لەسەر هەردوو ئاست من دەمەوێت قسە بکەم، تا ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندی بە ناوچەی خۆمانەوە هەیە، من یەکێکم لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە نوێنەرایەتی شاری قەڵادزێ و دەوروبەری و دەڤەری پشدەر دەکەم، ئاشکرایە کە ئەم دەڤەرە لە نیوەی دووەمی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە زنجیرەیەك قۆناغدا تووشی سیاسەتی تەرحیل کردن و کاولکاری و وێرانکاری بووە تا ئەوەی لە ساڵی 1989 بە یەکجاری ئەم مەنتیقەیە تەرحیل کراو بوو بە کاولستان، دیارە لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆماندا بایەخ بەو مەنتیقەیە دراوە، بە تایبەتی لەسەردەمی کابینەی پێنج دا بە دەیان پرۆژەی ئاوەدانی بۆ ئەم ناوچەیە چووە، بەڵام تا ئەو ڕادەیەی پەیوەندی بە پرۆژەکانی ئاوەدانیەوە هەیە یا خزمەتگوزاری بۆ ساڵی 2010 لەوەی کە میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیار کراوە، من تێبینیەکانی خوشك و برایانی بەڕێزم لەسەر ئەو ناوچەیە دووبارە ناکەمەوە، چونکە منیش هەمان تێبینیم هەیە، بەڵام دەبینین بە شێوەیەکی گشتی تێبینیەکان لە دوو خاڵدا کۆ دەبنەوە، یەکێکیان کەمی پرۆژەکانە و دووەمیشیان جۆری پرۆژەکانە، ئەوەش بە بیردەهێنمەوە  کە من سەبارەت بە ئەو مەنتیقەیە لەگەڵ هاتنی پرۆژەی بودجە یاداشتنامەیەکم دا بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز و وێنەیەکیشم دا بە بەڕێز وەزیری تەختیت، نارەزایی و گلەیی ئەو مەنتیقەیەم نیشاندا بوو، هەم کۆمەڵێك پێشنیار بوو بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت چاوخشاندنەوە بکرێت بە پرۆژەکانی کە بۆ ئەم سنوورە پێشنیار کراوە، بۆیە جارێکی تر من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە پێویستە چاوخشاندنەوە بکرێت بە جۆری پرۆژەکان و ڕادەی پرۆژەکان، هەروەها دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ خەڵکی مەنتیقە و لەگەڵ قائیمە قامی قەڵادزێ ئێمە گەیشتووینە ئەو قەناعەتەی کە چەند پرۆژەیەك پێویستە بخرێتە  ناو پرۆژە پێشنیار کراوەکان بۆ ساڵی 2010 هەندێکیشیان بگۆڕدرێت، لەوانە لەو بڕە پارەیەی کە دانراوە بۆ دروست کردنی قوتابخانە کە بڕی 150 ملیار دینارە کە ئەمە خاڵێکی گەشی بودجە و میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ساڵی 2010، چوار قوتابخانەی 27 پۆڵی بۆ ئەم مەنتیقەیە دروست بکرێت، دوویان بۆ سەنتەری شاری قەڵادزێ و یەکێکیان بۆ ناحیەی ژاراوە و ئەوەی تریشیان بۆ ناحیەی سەنگەسەر، هەروەها بە دوو ساید کردنی ڕێگای سەرەکی نێوان قەڵادزێ - دەربەند کە لە ڕابردوو دا دەیان کارەساتی ناخۆشی تێدا ڕوو داوە، ئەمە داخوازیەکی خەڵکی مەنتیقەیە و لە ڕابردووش کاری لەسەر کراوە، هەروەها لە سنووری قەزای قەڵادزێ

ناحیەیەك هەیە بەناوی ناحیەی ئی سێوە كە تا ئێستا نە تۆڕی كارەبای پێگەیشتووە نە جادەی قیرپشی هەیە، بۆیە هەوڵ بدرێت لە داهاتوو دا بۆ سنووری ناحیەی ئی سێوە كە تا ئێستا 22 گوند زیاتری لەسەرە تۆڕی كارەبای بگاتێ و هەروەها جادەكەشی بۆ قیرتاو بكرێت، هەروەها دروست كردنی ناوەندێكی رۆشنبیری و هونەری بۆ گەنجان و لاوانی قەلادزێ كە ئەمەش داخوازیەكی ئەوانە، هەروەها بەردەوام بوون لەسەر پرۆژەی تەواوكردنی خزمەتگوزاری قیرتاو كردنی جادە و كۆڵانەكانی هەم سەنتەری شاری قەڵادزێ و هەم ناحیەكانیش بە تایبەتی ناحیەی سەنگەسەر و ناحیەی ژاراوە، ئەوەش بە بیردەهێنمەوە كە ئێمە پرۆژە بڕیارێكمان كردبوو سەبارەت بە پشتیوانی كردن لە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە بۆ ئەو قەزایانەی كە تەرحیل كراون، ئەوەی كە كاك عمر باسی كرد دەكرێت بەم شێوەیە ئەم پرۆژە بڕیارەی كە ئێستا لای سەرۆكایەتیە لەگەڵ ئەم فكرەیەی كە كاك عمر باسی كرد دەمج بكرێت، چونكە ئەم ناوچانە پێویستیان بەوە هەیە لەبەرامبەر كاولكاری و قوربانی دانی تایبەتی پشتیوانیەكی تایبەتیشیان لێ بكرێت بۆ پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە، سەبارەت بە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا كە ئەمە پەیوەندیان بە لیژنەی ئێمەوە هەیە، ئێمە دەبینین لەناو پرۆژەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دا بایەخی تایبەتی دراوە بەم دوو بوارە كە ئەمە مایەی دەست خۆشیە، تەرخانكردنی 120 ملیار بۆ بواری تواناسازی و خوێندن كە ئێمە پێمان وایە دەبێت ئەم بوارە بواری توێژینەوەی زانستیش بگرێتەوە، هەروەها تەرخانكردنی 150 ملیار بۆ دروست كردنی قوتابخانە كە ئەمەش كارێكی زۆر باشە، بەڵام ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەسەر چۆنیەتی جێ بەجێ كردنی ئەم بڕە پارەیە و وەگەڕخستنی لە ئایندەدا هەندێك پێشنیارمان هەبوو، خۆش بەختانە سوپاسی لیژنەی دارایی دەكەین كە بەشێك لە پێشنیارەكانی ئێمەیان خستووەتە ناو راپۆرتی خۆیانەوە، بەڵام دیسانەوە هەندێك پێشنیارمان هەیە دیسان چاوی پێدا بخشێندرێتەوە و بەهەند وەربگیردرێت، بۆ نموونە بۆ هەردوو بوار دەبینین ئێمە وەزارەتی پەیوەندارمان هەیە، یەكێكیان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیە كە پەیوەندی بە 120 ملیارەكەوە هەیە، هەروەها ئەوەی تریشیان وەزارەتی پەروەردەیە كە پەیوەندی بە 150 ملیارەكەی دروست كردنی قوتابخانەوە هەیە، بۆیە ئێمە بە زەروری نازانین لەسەرووی ئەم وەزارەتانەوە بۆردی تایبەتی یان دەسەڵاتی تایبەتی یان موئەسەساتی تایبەتی هەبێت بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم بڕە پارەیە و وەگەڕخستنی، یان ئەگەر بۆرد هەبێت دەبێت ئەم وەزارەتە مەعنیانە رۆڵی سەرەكیان پێ بدرێت لە جێ بە جێ كردن و وەگەڕخستنی ئەم بڕە پارەیەدا، خاڵێكی تر كە ئێمە لە راپۆرتەكەمان دا ئاماژەمان پێی دابوو و بەشێك لە بەڕێزانیش باسیان كرد، بەڵام تیكرار كردنەوەی هەر باشە، ئەویش مەسەلەی میلاكی وەزارەتی پەروەردەیە، لەوێدا وەكو ئاماژەی پێدرا داوای 1500 كەس كراوە كە هەم بۆ مامۆستا و هەم بۆ فەرمانبەر و خزمەتگوزاریش، دوای ئەوەی كە ئێمە مەیدانیەن سەردانی زۆربەی بەڕێوبەراتیەكان كرد، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەدە و بەڕێوبەرایەتی پەروەردەكەمان لەسەنتەری موحافەزات وقەزا و ناحیە، بۆمان دەركەوتووە كە ئەم بڕە بەراستی لەگەڵ داواكاری و پێداویستی زانستی و پەروەدەیی وەزارەتی پەروەدە یەكناگرێتەوە، بۆیە ئێمە

داواکارین له وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی حکومەت پێویستە چاو بەو بڕە میلاکەدا بخشێندرێتەوە بە شێوەیەك کە داواکاریەکانی وەزارەتی پەروەدە لەڕووی پسپۆریەتی و زانستیەوە جێ بەجێ بکات، هەروەها دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان و ئەوانەی زانکۆ کە لە بواری پەروەدەدان بە هەند وەربگیرێت بەشێوەی ئیستسنائی لەسەر سێ بنەما، یەکەمیان/ چونکە ئەوانە تەنها بۆ مامۆستایەتی پەروەدە کراون، دووەمیان/ ئێستا پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان داخراوە تەنها ئەوانە ماون کە ئێستا دەرچوون و دانەمەزراون، سێیەمیان/ لەلایەن پەروەردەکانی خۆیانەوە پێشنیار پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی لە داهاتوو دا بە پێی پلانی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوبەرایەتی پەروەدەکان ئەمانە لە داهاتوو دا دابمەزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە کە دواکەوتن لە قسەکردن سوودیشی هەیە و زەرەریشی هەیە، زەرەرەکەی ئەوەیە کە قسەکان هەمووی دەکرێن و خەڵك تاقەتی نەماوە، سوودەکەشی ئەوەیە کە هیوادارم سوودی لێوەربگیردرێت نەك وەك ئەو هەڵانەی کە پێش من کران، بەڕاستی من خۆم بەئەندامی پەرلەمان دەزانم و بە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای لیستێکەوە هاتوومە، قەت ماف بەخۆم نادەم بەوە دەست پێ بکەم و ئیدعای ئەوە بکەم کە نوێنەرایەتی ناوچەیەك دەکەم، چونکە ڕەنگە خوشکێك و برایەك لە فراکسیۆنێکی تر ئەویش لە هەمان ناوچە بێت و بڵێت منیش نوێنەری ئەوانم، هیوادارم خۆم بپارێزم لەوەی کە باسی ناوچەیەکی تایبەت بکەم، ئەگەر کردیشم بۆ مەسڵەحەتی عامەیە وەکو ئەندامی پەرلەمان، دووەمیان/ من هیوادارم ئەو پسپۆریەی من لە ماتماتیك وکۆمپیوتەر و ئامار ڕێگام پێ بدرێت کە هەندێ تێبینی گشتی لەسەر بودجە و ڕاپۆرتەکە بدەم و قبوڵ بکرێت، بەڕاستی من لەوە دەست پێ دەکەم و هەوڵ دەدەم باسی ڕاپۆرت و بودجە تۆزێك بکەم، سیاسەتی بودجە و هەڵسەنگاندنی بودجە، پاشان بە پێی ئەوەی کە من سەرۆکی لیژنەیەکم هەوڵ دەدەم باسی چۆنیەتی مامەڵە کردنی ڕاپۆررت لەگەڵ لیژنەکەم بکەم، هیوادارم وەختەکەی کافی بێت، بەڕاستی ئەم گفتوگۆیەی ئێمە تەنها گفتوگۆیەکی ژمێریاری نیە، کە بێین باسی ژمارە بکەین و ئەم مەدرەسەیە چەندی تێ چوو، هەمیشە گفتوگۆی بودجە گفتوگۆیەکی سیاسیە، ئەم ژمارەو ڕێژانە بێ گومان بەکاردەهێندرێن بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی سیاسی بۆ بودجە بکرێت و ڕەواشە هەڵوێستی جیاوازمان هەبێت لەسەر ئەو بودجەیە بە پێی هەڵوێستی جیاوازمان لە حکومەت و لەو لایەنەی کە پێشکەشی کردووە، بەڵام ناکرێت ئەوە لەبیری خۆمان ببەین ئەو هەڵوێستە سیاسیە نەکرێتە ئەوەی کە ئێمە کاری هەرە سەرەکی خۆمان کە پەرلەمانتاریە لەبیر بکەین، ئەویش ئەوەیە کە هاوکار بین ئەو وڵاتە بەزووترین کات بودجەیەکی کامڵ ترو باشتری هەبێت، ئیتر لەلایەنی کە من بەشدارم تێیدا یان

لایەنێکی تر بیت، ئەگەر پێم بکرێت وەکو ئەندام پەرلەمان تاکو بیسەلمێنم بۆ خەڵکی کوردستان کە من نوێنەرایەتیان دەکەم و ئەڵتەرناتیفی باشترم هەیە پێویستە بێ گومان هەوڵی ئەوە بدەین کە ئەو بودجەیەش هەر تێپەڕ دەبێت بە دەنگدانێك کێ دەنگی لەسەر دەدات و کێ دژیەتی؟، با لە ئەخیر بڵێین ئێمە ئەو بودجەمان دەوڵەمەند کردووە ئەو نەواقسانەی کە تێیدا بوو با هاوکاری ئەو دوو وەزیرە بەڕێزەو ئەو لیژنەمان کردبا، لەسەر ئەو ئەساسە من تەسەور دەکەم یەکەمین پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەو بودجەیە سیاسەتێکی هەیە یان نیە؟ من دەڵێم بەڵێ، ئەو ڕێژە 37٪ی کە دانراوە بۆ بوارەکانی پەروەردەو ئاوەدانکردنەوەو خوێندنی باڵاو تەندروستی باشترین بەڵگەنە کە ئەمە سیاسەتێکە ئەو هەموو پارە تەرخانکراوە کە لە خاڵەکانی یاسای بودجە هاتوون، دیارە کە حکومەت نیازێکی هەیە کە نامەوێ ڕەقەمەکان دووبارە بکەمەوە، واتە تەسەور دەکەم بۆچوونێکی هەبوو، بەڵام لە بیرمان نەچێت ئەم موازەنەیە، ئەمە وەکو لە سەرەتای ماددەی یەکەمی بودجە هاتووە بۆ خەرج کردنی ئەو بڕە پارەیەی خەملێنراو بە 11 ترلیۆن پلانێکمان داناوە، من ناکەومە ئەو هەڵەیەوە کە وەکو گوتم کە لە ئەخیر بێم و بڵێم لەناو بودجە نووسراوە ئێمە پلانمان هەیە بۆ ئەو ساڵە فوتابخانەیەك لە گوندی سێ گرتکان بکەین، بێم بڵێم من چوومە ئەو گوندە ئەو فوتابخانەم نەدیت ئەم مەشروعە وەهمیە، خۆم دەخەمە هەڵەیەکەوە، چونکە ئەمە نە حیسابی شتێکە کراوە، ئەمە پلانێکە بۆ ساڵی داهاتوو، ئێمە تەسەور دەکەم خزمەتێك دەگەیەنینە ئەو لایەنەی کە تەمسیلی دەکەین و ئەو بودجەیە ئەگەر بێین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ موناقەشەی حیسابی خیتامی و میزانیە، میزانیە ئەوەی بەراوردی ئیراد و مەساریف لەوێیا دەپرسم مدەوەر لە کوێیە، لەوێ دەپرسم چۆن ئەو پارەی کە تەرخان کراوە سەرف کراوە؟ لەوێ حەقی خۆمە وەکو هاووڵاتیەك و وەکو پەرلەمانتارێك بچمە وردترین وردەکاریەکانی ئەو پرۆژەیە، لێرە کە پلانێك دادەنێی هەر لەسەرەتاوە بڵێم چوومە ئەو جێگایە و شەقامەکەم نەدیت! تەبعەن نایبینی، چونکە دەڵێت من پلانێك دادەنێم بۆ ئامادەکردن یان دامەزراندن لەو ساڵە، ئەمە بە حەقیقەت ئەگەر تەماشای بکەین من دەڵێم ئەو بودجەیە چەند هەنگاوێکی بوێرانەی تیایە کە ئێمە دەزانین لە کاتی ئامادەکردنی نە وەزارەتی دارایی نە پێشمەرگە و نە داخلی بە کۆتایی یەکتریان نەگرتبووەوە، وەزارەتی دارایی کە جەنابی وەزیر لێرەیە و چاوەڕوانە پرۆژەی وەزارەتی دارایی لێرە پەسەند بکرێت و تاوەکو ئەو بتوانێت بڵێت من بە پێی ئەو وەزارەتە ئیش دەکەم، من دەبینم ئەنجامی ئەو قۆناغەی کە زۆر شتی سلبی تێدا بوو ڕەنگی دایەوە لەسەر ئەو بودجەیە، ڕاستە، بەڵام دەستان خۆش بێت بە جورئەتەوە توانیتان، من یەك لەوانە بووم کە دەمگوت نەدەتوانرا بڵێین ئاسایشی هەرێم و کۆی بکەن، بەڵام نەیانویستووە فێرمان بکەن واقعێکیان پیشان داوە، ئێمە دەتوانین سوور بین لەسەر ئەوەی پەلە بکرێت لە دەرکردنی هەموو ئەو یاساو ڕێنماییانەی پێویستن بۆ ڕێککردنی ئەم وەزعەی ئێمە لە کوردستان کە تێیدا دەژین، نەتیجەی ماندوو بوونی هەردوو دەزگای ئاسایشە، کە پۆلیس و پۆلیسی مرور و پێشمەرگەیە، من نازانم چۆن جورئەت بە خۆم بدەم و بڵێم هیچیان بۆ سەرف نەکەم، بەس راتب تاوەکو لەبەر هەڵەیەکی ئیداری بیت، لەبەر

مەوقفێکی سیاسی بیت، ئێمە هەرێمی کوردستان و ئاسایش و سەقامگیری ئەو وڵاتە بخەینە خەتەری ئەوەی کە ئێمە تۆڵە بستێنین لە دەزگایەك کە بەرپرسیارە لە ئەمنیەتی ئێمە، بۆیە ئەوەش سوودێکە کە قسەی لەسەر دەکەم، دەمەوێت قسەکانی خۆم کۆتایی پێ بێنم بە دوو شتی گرنگ و ئەساسی بۆ هەر گفتوگۆیەکی بودجە، ناکرێت ئێمە داوا بکەین یان هەوڵ بدەین ئابووری بازاڕ و کەرتی تایبەت ئەساسی ئابووریمان بێت، هەوڵ بدەین هەر گروپێك و هەر توێژێکی ئەو کۆمەڵگایە راتب و مووچەی هەبێت، لەلایەکەوە گلەیی دەکەین و حەقمانە کە زیاتر لە 60٪ ی بۆ تەشغیلی چووە، ئینجا شەرمانە لەسەر ئەوەی هەشت سەد هەزار فەرمانبەرە یان ملیۆن و نیوە؟ مەعقولە ئەم 800 هەزارە بینایەیان نیە و مەسارفیان نیە؟، بۆیە من تەسەور دەکەم با جەریء بین، خۆشە بڵێم بۆ ئەو گروپە پارە سەرف بکەن، ئەگەر بەس تەماشا بکەین ئەو سێ ڕۆژەی کە لێرە باسمان کرد هیچ توێژێك نەما لەو کۆمەڵگایە کە داوا نەکات حکومەت پارەیەك بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆی سەرف بکات، لە دەوڵەتی دنیای پێشکەوتوو کەس بێ پارە نیە، ئەوەی هیچ نایگرێتەوە سۆشیاڵ دەیگرێتەوە، بەڵام با لە خۆمان بپرسین لە 17٪ ی دانراو بۆ ئێمە ئەدرێت لەسەر حیسابی پرۆژەکانە کە تا ئێستا ئێمە خانوومان لە دیرەلۆك و شیلادزێ و سیریێ، 46 هەزار کەس لە وەزعی ساڵی 1991 دەژین، لەبەر ئەوەی نێروەو ڕێکان و مزوری ژوورو دۆسکی ژوورو تەقریبەن هەزار عائیلە مەنتیقەکەیان داگیر کراوە لەلایەنی چەکدار یانیش تۆپباران دەکرێت، ڕاستە حکومەت باوکە، بەڵام نە ئەو باوکەیە بەس نان بخاتە گەرومان، من داوا دەکەم لە باتی ئەوەی ئێمە زەخت بخەینە سەر حکومەت میزانیە تەشغیلی و مووچە زیاد بکەین....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن وەرە سەر بەنامەکە، هەرکەسێك ئازادە چی گوتووە، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ هەر دوو وەزیر کە لێرەن، بۆ چارەسەر کردنی ئەو جیاوازی ڕێژەیەو ئەو زیادەیەی بەینی میزانیەی تەشغیلی و میزانیەی پرۆژەکان پلانێکی زانستی پێشکەش بکەن، کە دەزانین بە ساڵێك و دوو ساڵ ئەوە حەل نابێت، چۆن ئێمە دەرفەتی کار پەیدا دەکەین، چۆن بەرهەم هێنەر و سەرمایەدار و دەوڵەمەند هان دەدەین لەڕێگای یاسا لەڕێگا هەموو شتێك کە خەڵك ڕووبکاتە بازاڕ و لەوێ بەرهەمیش بێنێت، خەرجیش بکات لەباتی ئەوەی بە میزانیە زەحمەت بکێشێ، دووەم خاڵم کە کۆتایی پێ دێنم من تۆزێك لە ریازیات تێ دەگەم (GFS) سیستەمێکی دنیاییە هەموو بوارەکانی خەرجیاتی هەیە کە ئەگەر لە هی هەر وەزارەتێك وەربگری ڕەنگە ببنە 300 و 400 حەوت بوارە هەر بوارێك تەقسیم کراوە بۆ پێنج سیستەم و پێنج مستەوا، کە پێنج جارانی حەوتی بکەی دەکاتە سی و پێنج، لەهەر مستەوایەکی خوارەوە تا دە د.ئاراس وابزانم کە دە بابەتی خەرج وەردەگریت، 350 بابەتی خەرج کۆکرایەوە بە شێوەیەکی عیلمی لەژێر ئەو سیستمە، بەداخەوە لە تەرجومەی عەرەبی وکوردی هەندێك وشەی نەیار

دێت، مەسورفاتی ئوخرا، منح و ئیعانات، وەزارەتی ڕۆشنبیری چۆن دەتوانێ ئیشی خۆی بکات ئەگەر جەزائیز موسابەقاتی ریازی و منح نەداتە فیستیڤاڵ و ئەو شتانە، ڕاستە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی منحی نیە لە (GFS)ەکەش نیە، من هیوادارم کە هەر دوو وەزیرە بەڕێزەکانیش لێرەن و لیژنەی داراییش لێرەیە و پەلە نەکەین لەو قسە عاتفیەی کە 10٪ لە مەسورفاتی ئوخرا، چونکە گوایە مەترسی ئەوەی هەیە ببیتە مایەی گەندەڵی، ببڕن و بیخەنە سەر فلان جیگا ئەمە قسەیەکی زۆر ناعیلمیە، عیلمیانە دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین کە شەفافیەت و بەدواداچوون و بە وردی تەماشا بکەین چۆن ئەو پارەیە سەرف دەکرێت، دەستی ئەو کەسە ببڕین ئەوەی ئەو پارەیە لە ڕێگایەکی نادروست سەرف دەکات، ئاخر کەلیمەم ئەوەیە کە سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەم کە مەتاڵبەکان و داخوازیەکانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەچاو کردووە، هیوادارم لە باتی پەسەند بکرێنە بەشێك لەو، چونکە فعلەن داخوازی وەزارەتە، با ئەم بودجەیە تێپەڕێنین، چونکە خەڵك چاوەڕوانی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك عمر نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەفو كاك د.بڕینی 10٪ ناعیلمی نیە، من ئەو پێشنیارەم لەسەر ماددەی ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن ئەوە رەئی خۆیەتی، تكایە رەئی ئەوەو ئەندامی پەرلەمانە، جەنابیشت رەئی خۆت داو ئەویش دای و هەمووتان ئازادن لە دەربڕین، بەڵام ناوی كەسێكی تر نەهێنن، كاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كریم محمد صالح (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من بەگشتی لەگەڵ ڕاپۆرتەكەی لیژنەی دارایی و ئابووری دام، بە پێویستی دەزانم پێشنیاز وڕاسپاردەكانی ئەو لیژنەیە بە هەند وەربگیردرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دا هەموو پێشنیاز و ڕاسپاردەو ڕەخنەی لیژنەكانی پەرلەمان بە تەواوی جێگایان لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوبراو دا نەكراوەتەوە، یەكەم/ لەبەرئەوە بە پێویستی دەزانم لیژنەی ناوبراو چاوێك بەمەدا بخشێنێتەوە، دووەم/ سەرەڕای هەندێ كەلەبەرو كەموكورتی پرۆژەی بودجە وەك لە ڕاپۆرتەكەدا دەستنیشان كراوە یان پەرلەمانتاران ئاماژەیان بۆی كرد، كە پێویستە پێداچوونەوەی جدیان بۆ بكرێت یان لەلایەن وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان و وەزیری سامانە سروشتیەكانەوە ڕوونكردنەوەی جدیان لەبارەیەوە بدرێت، بەگشتی چەندین خاڵی گرنگی تێدایە كە من نامەوێ دووبارەیان بكەنەوە، بەڵام بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر دەڵێم بە گوێرەی ئەو پارانەی كە ئەمساڵ بۆ پرۆژە بەردەوامەكان و بۆ پرۆژە پێشنیاز كراوەكانی ساڵی 2010 كە بۆ هەر وەزارەتێك خەرج دەكرێن دەبینین شارەوانی 23,28 ی بۆ تەرخان كراوە،

ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن 17,7 ی بۆ تەرخان کراوە، کارەبا 16,1 ی بۆ تەرخان کراوە، پەروەردەو خوێندنی باڵا بەیەکەوە 10٪، ئەگەر تەخسیساتی بواری کشتوکاڵ و تەندروستیشی بخەینە سەر (تەبعەن مەبەستم لە پرۆژە وەبەرهێنانەکانە چ بە بەردەوامەکان و چ ئەوەی ئەمساڵ)، ئەوا بەسەریەکەوە دەبنە 75٪ ئەو ڕێژانەش بایەخ پێدانی حکومەت بەو سێکتەرانە نیشان دەدەن کە لە هەمان کاتدا درێژە پێدەر و تەواوکەری ئەو ڕێبازەیەکە پێشتر حکومەت لە ساڵانی ڕابردوو دا لە بواری بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزاریەکانـدا لەسـەری ڕۆیشـتووە، ئـەوەش بـە دەوری خۆیـەوە کاریگـەری باشـی دەبێـت لەسـەر بەرزبوونەوەی ژیان وگوزەرانی خەڵك و دۆزینەوەی هەلی زیاتری کارکردن، دەق ئەو بایەخ پێدانەش لەگەڵ هێڵە گشتیەکانی کارنامەی حکومەتی هـەرێم یـەك دەگرێتـەوە کـە لـە 10/28 دا ئێمـە متمانـەمان پێیـدا، سێیەم/ تاڕادەیەك نـەك بـە تـەواوی لـە بودجـەی سـەرمایەگوزاری ئەمساڵ دا عەدالـەت لـە نێـوان هەرسـێ پارێزگای هەرێمی کوردستان واتە سلێمانی و دهۆك و هەولێر دا ڕەچاو کـراوە، چۆن؟ ئەگـەر ئـەو پارانـەی کە ئەمساڵ بڕیارە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژە بەردەوامەکان و ئەو پارانەی کە ئەمساڵ لە پـرۆژە پێشـنیاز کراوەکان خەرج بکرێن کۆی بکەینەوە کە بۆ هەر پارێزگایەك دانـراوە دەبیـنین سـلێمانی 40,4 ە، هـەولێر 38٪ ەو دهۆك 15,4 ە، ڕێژەی ئەو پارانەش کە بۆ تەواوی هەرێم سەرف دەکـرێن 6,2 ـە، ئـا لێـرەدا وەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایش داهاتووە بۆ دابەشکردنی پرۆژەکان دوو پێوەر وەرگیراوە، یەکـەمیان: پێویسـتی، دووەمیان: ڕێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك، لێرەدا ڕەنگە ڕێککەوتنێك نەبێت لەسەر معیاری پێویستی، چونکە ڕەنگە بەڕاستی شتێکی مەوزوعی نەبێت، بەڵکو شتێکی زاتیە، ڕەنگە هەریەکێك بڵێت ئەو ناوچەیە پێویسـترە لـە ناوچـەیەکی دیکـە، بـەڵام پێـوەری ڕێـژەی دانیشـتوانی هەریـەك لـەو سـێ پارێزگایـە دیـارەو معیارێکی بایەتیە، سلێمانی 41٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە، هەولێر 36٪ و دهۆك 23٪ یە، کەواتە سـلێمانی غـەدری لێ نـەکراوە، هـەولێر کـەمێك لـەڕادەی خـۆی زیـاتر پـارەی بـۆ سـەرف دەکرێـت، لێـرەدا دەمێنێتـەوە دهـۆك، وەك دەبیـنین ئەمسـاڵ ئـەو ڕێژەیـەی کـە بڕیـارە لـە پارێزگـای دهـۆك خـەرج بکرێـت بریتیە لە 15,4 ئەو ڕێژەیەش کەمترە لە ڕێژەی دانیشتوانی دهۆك کە 23٪ یە، بەڵام لە ساڵی داهـاتوو دا کە مەبەستم ساڵی 2010 یە، ئەو پارسەنگە بۆ دهۆك ڕاسـت کـراوە، واتـە قـەرەبوو کـراوە، چۆن؟ ئەگـەر کـۆی ئـەو پارانـەی کـە دەبێـت بـۆ پـرۆژە وەبەرهێنـەکان خـەرج بکـرێن، لـە سـاڵی 2010 دا چ بـۆ پـرۆژە بەردەوامـەکانی پـێش سـاڵی 2010 کـە بیسـتیان بـۆ سـاڵی 2011 یـش دەمێننـەوە، چ بـۆ پـرۆژە پێشـنیاز کراوەکانی ئەمساڵ کە تەواو نـابن و 81٪ پرۆژەیـان دەمێنێتـەوە بـۆ سـاڵی 2011 ڕێژەکـەی دەکاتـە 29٪، کەواتە خزمینە ئەوەش 23٪ زێترە، کەواتە وەزارەتی پلاندانان کارێکی باشی کردووەو قـەرەبووی دهـۆکی کردووەتەوە، کەواتە وەزارەتی پلاندانان تاڕادەیەك هەوڵی داوە ئەو غوبنە لەسەر دهۆك هـەڵبگرێت، بـەڵام وەك دەڵێن پێنگاڤ پێنگاڤ، هەر ئەندام پەرلەمانێك کە شکی لـەم ئامـار و ڕێژانـە هەیـە، ئامـادەم کۆپیـەکی ئەو داتایانەی پێ بدەم تا ڕاست ودروستی ئەو قسانەی منی بۆ دەربکـەوێت کـە ئاوایـە یـان نـا؟ بـەڵام وەك دەردەکـەوێت لـە سـنووری هـەر سـێ پارێزگاکـەدا مەبەسـتم لـەناو هـەر پارێزگایـەك دا لـە دابەشـکردنی

پرۆژەکان دا بەسەر قەزاو ناحیەکاندا چ پرۆژە بەردەوامەکان و چ پرۆژە پێشنیازکراوەکاندا ناعەدالەتیەك هەیە، بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەر چ لایەنێك وەزارەتی پلانـدانان یـان وەزارەتـی مـەعنی، ئـەوە ئەسـڵی مەبەست نیە، ئەوەی گرنگە هیچ ناوچەیەکی کوردستان خۆی بە غەدر لێکراو و پـەراوێز خـراو نـەزانێت، پەرلەمانیش ڕێگەی ئەو ماف خورانە نەدات، چونکە هەم داهاتی حکومـەت و داهـاتی خـەڵکی کوردسـتانن، لەبەرئەوە دەبێت هەموو ناوچەکان بەهرەمەند ببن، چارەسەری ئەوەش بەوە دەکرێت، کە جارێکی تـر لـە سنووری هەر پارێزگایەك دا وەزارەتی پلاندانان کە بەڕێز د.علی خۆی لێرە دانیشتووە بـە تەنسـیق لەگـەڵ وەزارەتـە مەعنیەکانـدا چـاو بـە ئەولەویاتـەکان وبەرەچـاوکردنی جـۆرێ لـە عەدالـەت لـە دابـەش کردنـی پرۆژەکان لە سەنتەری پارێزگا و قەزا و ناحیەکان دا بگێڕێتەوە، چوارەم/ منیش لەگـەڵ ئـەوە دام کـە ئـەو پرۆژانەی مۆرکی حیزبایەتیان پێوەیە، وەك لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دراییـش ئامـاژە بـۆ هەنـدێکیان کـراوە نەك بۆ هەموویان، یان ئەوەتا لابرێن ئەگەر هێشتا نەخراونەتە بـواری جـێ بـەجێ کـردن، یـان ئەگـەر لـە بـاری جـێ بـەجێ کـردن دان بخرێنـە خزمـەت بەرژەوەنـدی گشـتیەوە، سـەبارەت بـەو پرۆژانـەی کـە گوایـە دووبـارە کراونەتـەوە یـان گوایـە تـەواو بـوون و جـارێکی تـر دانراونەتـەوە، یـان گوایـە هـەر لـە بنـەڕەت دا وجودیان نیە و پارەیان بۆ تەرخان کراوە، ئێستا ساغ کردنەوەی ئەوانە بۆ ئێمەی پەرلەمانتاران زەحمەتـە، وەختی پێ دەوێت، بـەڵام پـێم باشـە پـاش پەسـەند کردنـی بودجـە ئـەوە ئـەرکی یەکـە یەکـەی لیژنـەکانی پەرلەمانە کە هەریەکەیان لە بواری خۆیدا لە ڕاستی و دروستی ئەوانە بکۆڵێتـەوەو پـاش سـاغ بوونـەوەیان لیژنـەی نەزاهـەی پەرلـەمانیان لێ ئاگـادار بکرێتـەوە، هـەروەها لەلایـەکی تریشـەوە بـۆ ئـەوەی زووتـریش دیسانەوە بگەینە حەقیقەت، پێشنیاری من ئەوەیە بۆ هەر دوو وەزارەت کە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی ئەوانیش بە یەکەوە لەلایەن خۆیانەوە پێداچوونەوە بۆ پرۆژەکـان بکـەن، سـەبارەت بـەو باسـانە لـە مـاوەی یـەك مـانگ دا پەرلـەمانی کوردسـتانی لێ ئاگـادار بکەنـەوە، سـەبارەت بـە مـنح و ئیعانـات و مـەنافع هەموو ئەو شتانەی تر کە پەرلەمانتاران ئاماژەیان بۆی کرد وەك نەفەقاتی تر و مەساریفی تر و ئەدەواتی تر و لەوازمی تـر و شـتی تـریش، ئەگـەر حیسـاباتی کۆتـایی شـەش مـانگی 2009 مـان لەبەردەسـت بوایـە، لەگەڵ ئەو خانە خانانەدا بـەراوردمان بکردنایـە، ئەگـەر دیـوانێکی رەقابـەی دارایـی یـەکگرتوومان هەبایـە، ڕەنگە تەسەورێکی تا ڕادەیەك نزیك لە ڕاستیمان لـەلا دروسـت ببوایـە، کەواتـە لێـرەدا لەسـەر چ ئەساسـێك ئێمە داوای لابردن یان کەم کردنەوەی مینەح و ئیعانات و مەنافع بکەین بە ڕێژەیەکی دیاری کراو؟، بەڵکـە ئەوە بە بڕوای من کاری دیوانی رەقابەی داراییە کە سەر بە پەرلەمانە و وردبینی خۆی بکات، ڕاپۆرتەکانی خۆی بە پەرلەمان بدات کە تاوەکو بزانێ ئایا ئەو برە پارانـە بـە ئەمانـەت و بـە پێـی ڕێنماییـەکان سـەرف کراون یان نا؟ مەبەستم کە سەرف دەکرێن یان نا؟ لێرەشدا لیژنەی نەزاهە و لیژنەکانی تری پەرلـەمانیش دەتوانن دەوری خۆیان بگێڕن، سەبارەت بـەو هـەموو سـەنتەرە ڕۆشـنبیریانەی کـە لـە کوردسـتان هـەن، ئـەو گۆڤار و بڵاوکراوەو ئەو کەناڵانەی میدیا یان خانەی پەخش و بڵاوکردنەوە، جا چ حیزبی بن چ ئەهلی کـە لەلایەن حکومەتەوە لـە بابـەکانی مـنح و ئیعانـات و مـەنافع و هـەر بـابێکی تـرەوە بـاروبوو کۆمـەکیان پـێ

دەكرێت، پێشنیازی من ئەوەیە، پێویستە هەموویان لە یەك سەرچاوە كە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە گونجاو دەزانم بە گوێرەی سیستەم و ڕێنماییەكی دیاری كراو كۆمەك وەربگرن، نەك لە چەندین وەزارەت و لایەنی تری حكومی جیا جیا، چونكە ئەوە بۆ خۆی هۆكارێكە بۆ ئەو بێ سەروبەریە ڕۆشنبیریە و ئیعلامیەی لە كوردستان دا دروست بووە، هەم بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتی كۆمەك كردن بەو بنكە و گۆڤار و كەناڵانە و هەم ڕەنگە پارەیەكیش بە خۆڕایی لەو ناوەدا و لەو كەس بە كەس نەبووەدا بڕوات و جێگەی خۆی نەگرێت، بۆ ئەوەی بۆ خەزێنە بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك حاكم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمدامین حمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگەم بدەی لە شوێنی خۆمەوە قسە بكەم، چونكە باری تەندروستیم زۆر مناسب نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە كاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمدامین حمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی سەرۆك، ڕاستەوخۆ دەچمە سەر ڕاپۆتەكان، هەندێ شتی بەسیت هەیە لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لەوانە داهاتی شارەوانیەكانی باس كردووە لە سەفحەی 22 ماددەی 3 دەڵێت بخرێتە سەر بودجە تایبەتیەكان، ئایا شارەوانیەكان مەبەستی بەلەدیە و بەلەدیاتە؟ چونكە دوو موستەڵەح بەكاردێت بەلەدیە شارەكەیەو بەلەدیات دەرەوەی شارە، ئەوە حەزدەكەم دوایی ڕوون كردنەوەی خۆیان لەسەری بدەن، دوایی لە ماددەی 7 هەر لە هەمان سەفحە هاتووە كە دەڵێت (تقدم وزارات ودوائر الدولة) لە لیژنەی یاسایی ئەوان وەك خۆی هێشتوویانەتەوە، لیژنەی دارایی و ئابووری (دوله) وابزانم (اقلیم) ڕاست ترە، ئەمە وەك خاڵە بەسیتەكان، دەچمە سەر ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە كە دەڵێت بودجەی ئەمساڵ لە نیوەی خواستی هەرێم كەمترە، وە حكومەتیش هیچ بەشداریەكی نەبووە لە دانانی بودجە بە هۆی ئەوەی كە سەنەدی دەستووری نیە، حكومەتی هەرێم هاوكاری بكات یان بەشداری بكات، بە بۆچوونی من سەنەدی دەستووریمان هەیە كە بەشداری بكەین لە بودجە، ڕاستە ئەو بۆچوونە لەڕووی دەستووریەوە سیاسەتی مالیم لە دەسەڵاتەكانی حكومەتی ئیتحادیە، بەڵام ماددەی 121 بڕگەی 3 دەڵێت دەبێت حسەیەكی عادل بۆ هەرێمەكان و بۆ پارێزگاكان دیاری بكرێت بەمەرجێك بتوانێ هەرێم یان پارێزگا بە كارو ئەرك و بەرپرسیاریەتەكەی خۆیان هەڵسن، من ئەگەر سیاسەتی خۆم یان پێویستیەكانی خۆم ڕوون نەكەمەوە، چۆن دەتوانم ئەو نەسە دەستووریە جێ بەجێ بكەم، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تر ئەگەڕێمەوە بۆ یاسای موازەنە، یاسای موازەنەی موەحەد كە ڕێگا دەدات بە حكومەتی هەرێم بەشدار بكات

له گفتوگۆكان، له ماددەكانی 16 بڕگەكانی 6 و 7 و 8 و 9، له ماددەی 17 و ماددەی 18، ماددەی 22 و ماددەی 23 و ماددەی 42 و ماددەی 43، ئەمانە هەمووی باس له هاوكاری و تەنسیق دەكات له بەینی سەرۆك وەزیران له كوردستان و سەرۆك وەزیران له حكومەتی ئیتیحادی، باس له هاوكاری و تەنسیق دەكات بۆكاری هەرێم و ناوەند، له بەینی دیوانی چاودێری و له بەینی وەزارەته پەیوەندارەكان، بۆ نموونه لێره له ڕاپۆرتەكه نەمبینی ئایا ماددەی 43 له میزانیەی موەحەد بەڕاستی ئەوەی كه له پەرلەمانی عیراق ئەو نوسخەیەم دەست كەوتووە، من نازانم، تەسدیقیش بوو، بەڵام نازانم وەكو خۆی هێشتراوەتەوە ماددەكه، نەسی ماددەكه وەكو خۆی ماوەتەوە یان ڕەقەمەكەی گۆڕاوە؟، ئەوە گرنگە، لێره له ماددەی 22 باس له قەرز دەكات و باس له عەدالەتی قەرز دەكات كه بدرێت به هەرێمەكان به شێوەیەكی عەدالەت دەبێت تەوزیع بكرێت، له ماددەی 43 باس لەوە دەكات كه ئەو شارانەی حدودین و مەنفەزن دەبێت 5%ی داهاتی خۆیان له كاتێك دا كه دەچێتەوە بۆ ناوەند، دەبێت ئەوە بدرێتەوە به هەرێمەكه، من نازانم لەڕووی ناردنەوەی ئەو واریداتانەی كەوا له هەرێم به پێی قانونی موزانه و به پێی قانونی موزازەنەی عام دەبێت واریداتی هەرێم بچێتەوە بۆ ناوەند، بچێتەوە بۆ حكومەتی ئیتیحادی، ئەم بۆچوونه یان ئەم لێكدانەوەیه لەڕووی دەستووریەوە ئایا چۆنیان لێك داوەتەوە ئەوان؟ من پێم وایه حكومەتی هەرێم و ئێمەش دەبێت لەم نوقتەیه هاوكاربین كه ئەم كێشەیه ئەگەر ساغ نەكراوەتەوە دەبێت بیبەینە بەردەمی دادگای باڵای ئیتیحادی بۆ ئەوەی كه ئایا حكومەتی ئەقالیمەكان حەقی ئەوەیان هەیه قسه لەسەر میزانیه بكەن؟، من ئەگەر بەشداری نەكەم و هەر دەست بگرمەوە ئەو كاتە، چی بۆم بێت و بۆ نەیەت موناقەشەی بكەم، له كاتێك دا ئەو خۆی (بڕگەی 3) پێم دەڵێت به شێوەیەكی عادیلانه دەبێت به ئەركەكانی خۆیان هەڵبستن، به شێوەی عادیلانه و ئەرك و بەرپرسیاریتی حكومەتی هەرێمیش ئەوەیه كه خۆشگوزەرانی خەڵكه، خۆشگوزەرانی خەڵكیش به پاره دەكرێت و پارەكەش لێره مەعالی وەزیری دارایی و ئابووری دەڵێت كه ئەمه نیوەی خواستەكانی حكومەتی هەرێمه، بۆیه داوا دەكەم كه جەنابی وەزیر لەوە بێ دەنگ نەبێت كه دەزانێ ئەمه نیوەی خواستەكانی هەرێمه، ئێمەش هەموو هاوكاری دەبین و داوا بكات و پێ لەسەر ئەوە دابگرێت كه نیوەكەی تریش بێت، ئەمه نوقتەیەكه لەڕووی یاساییەوە، دواتر له لاپەڕەی 7 ڕاپۆرتەكەی بەڕێز لیژنەی دارایی و ئابووری هاتووە كه هەست به ناواقعیەت و ناشەفافیەتێك دەكات له حەقلەكانی ئەو نەفەقاتانەی له بابی سەرف، تەشغیلی و منح و ئەو حاڵەتانەی كه باسی كردووە، ئیعانات و هاوكاریەكان و كۆمەڵایەتیەكان، بەڵام ئەوە حەلێكی وازحی دانەناوە، دەڵێت با حكومەت چاودێری بكات، پێم وایە ئەوە حەلێكی گشتیە، یەعنی دەبێت ڕەقابەی مالی چاودێری هەموو سەرفێك بكات نەك تەنها ئەوە، من لێره ئیقتراح دەكەم ئەو بڕه پارەیەی كه ئەوان دایان ناوە كه دەكاتە 21,47%ی نەفەقاتی تەشغیلی، واته وەبەرهێنان، له بودجەكە نەچێتەوە سەر تەشغیلی، له سێ تەوەر دا تەقسیم بكرێت، بەشێكیان بۆ تەئمینی ئیلزامی، ئێمە هەموو دەزانین كه ڕۆژانە كارەساتی ڕێگاوبان چەند زۆره و بەشێكیش له كارەساتەكانی ڕێگاوبان دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ڕێگاكان، وە خراپی ڕێگاكانیش دیاره بەرپرسیاریەتی

حکومـەتی خۆمانـە، دەبێـت ڕێگاوبـان بـاش بێـت، تەنانـەت لەسـەر حیسـابی ئەساسـی نەزەریـە یـان تیـۆری تەحـــەمولی تەبـــەعیش بێـــت، ئـــەو ڕووداوانـــەی کـــە ڕوو دەدات دەبێـــت حکومـــەت قـــەرەبووی بکاتـــەوە، قەرەبووەکەش ئێمە یاسایەکی سـەرکەوتوومان هـەبوو لـە سـاڵانی هەشـتاکان یاسـای تـەئمینی ئیلزامـی کـە لیژنەی بەڕێزی یاساییش ئیشارەتیان پێیداوە، دەست خۆشیان لێ دەکەم کە ئەوە بخرێتەوە کـار، ئـەوە زۆر کێشەمان بۆ حەل دەکات، چونکە ڕۆژانە حەوادیس بووەتـە دیاردەیـەك، شـتێك نیـە بڵێـی وەڵڵا کەمـە، لـە ساڵانی هەشـتا هەرکەسـێك کـە بـە ڕووداوێـك بمردایـە تـا 20 هـەزار دینـاری سویسـری تـەعویزی دەدرایـە، بووژانەوەیەکی ناو بازاڕیش بوو، کارێکی زۆر گرنگیش بـوو بـۆ پارێزەرەکـانیش، ئەمـە بەشـێکی بـڕوات بـۆ تەئمینی ئیلزامی و بەشێکیشی بڕوات بۆ سندوقێك کە خەڵکانێك کە ئەوانـەی لـە ژێـر هێڵـی فـەقیری دان، ئەمە وەکو قەرزێکی درێژخایەن پێیان بـدرێت، مەسـەلەیەکی گرنگـە ئەوانـەی کـە کـاری ڕۆژانـەیان هەیـە، ئەگەر ڕۆژانە کار نەکەن نیانە بیخۆن، کە چووە دەرەوە بۆ کرێکاری نەبوو و کرێکاری دەست نەکەوت، ئەوا دووبـارە تووشـی ئەزمـەی نەبوونیـەکی وازح دەبێـت و هـیچ ئیحتیاتێکیشـی نیـە، ئەمـە دەکرێـت بەشـێکی تـەرخان بکرێـت بـۆ ئـەو خەڵکانـەی کـە کارەکـەیان بەشـیان ناکـات یـان تـەواو کاریـان دەسـت ناکـەوێت بـە درێـژایی سـاڵەکە، بەشـێکی تریشـی بـە بۆچـوونی مـن تـەرخان بکرێـت بـۆ نەخۆشـی سـەرەتان، نەخۆشـی سەرەتان کە بەداخەوە لە زۆر بوونە، ئەو عەمەلیاتانەی کە لە توانای نەخۆشخانەکانی خۆمانـدا نیـە، ئـەو عەمەلیاتە قورسانە کە کەسیشی تر کە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانێ و دەرامەتی ئەوەی نیە بیباتـە دەرەوە، ئەو سندوقە بەشێکی لەو پارەیەی کە بـە بۆچـوونی مـن ئـەو 20٪ ەی کـە لێشـی جیابکەیتـەوە، پـێم وایـە گونجـاو دەبێـت بنـەمای (ڕاسـتە مـن لـە ئـەرقام و تەفاسـیلی شـتەکان شـارەزای ئـەوتۆم نیـە)، بـەڵام ئێمـە تەرشیقی حکومـەتمان کـرد، وەزارەتـەکانمان کـەم کـردەوە، کـە وەزارەتمـان کـەم کـردەوە دیـارە غایەیـەکمان هەبووە لە کەم کردنەوەکان، ئێستا 19 وەزارەتە، جاران ئەگـەر بـە وەزیرەکـانی هەرێمـەوە حیسـابی بکـەی کەوتووەتە نیوەی ئەو وەزارەتانە، بەڵام ئێستا تەقریبەن دوو ترلیـۆن لـە نەفـەقات زیـادی کـردووە لـە پـار، ئێمە کە وەزارەتەکانمان کەم کردووەتەوە بە بۆچوونی من ئەگـەر ئـابووری ناسـەکانمان و وەزارەتـی دارایـی بەڕێز و وەزارەتی تەختیت پێدابچنەوە دەبێت حیکمـەتی ئـەو کـەم کردنـەوە و تەرشـیقەی حکومەتـە کـە شتێکی زۆر باش بوو کە کرا، دەبێت بزانین و دەبێت ئیستغلالی ئەوە بکەین کە چۆن ئەو کـارە و ئـەو پـارە زیادەیە کە لە نەفەقاتی تەشغیلی دا بەداخەوە بەشـێکی زۆری مـن دەمـەوێت بـەس ئیشـارەت بـۆ حاڵـەتێك بکـەم ئەوانـەی کـە ڕۆژانـە لیجـانی موشـتەریات لەگـەڵ ڕێـزم بـۆ ئـەو خەڵکـە پاکانـەی کـە لـەناو لیجـانی موشتەریات دان، یەك نوقتەی ترم ماوە کە ئەو بڕە پارەیـەی کـە بـۆ زیـادەی ڕەواتـب دانـدراوە، بـۆ زیـادەی ڕەواتب، لەیەکێك لە ئابووری ناسەکانم پرسی کە نیسبەیەك دانراوە ئەو نیسبەتە پێی وابوو دەبێت پارەکە دیاری بکرێت، ئێستا لە بودجەکە بڵێت ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەو کۆمەڵەیە کە زیـادی دەکـەین دەبێـت دیـاری بکرێت، ئەگەر دیاری نەکەن ئەوا نەقسێك دەبێت لە میزانیە دا نابێت بەس بە نیسـبەتێك دیـاری بکرێـت، ئەوەش حەزدەکەم بخرێتەوە سەری، ئاخر شت کە من دەمەوێت بڵێم حاڵـەتی تەقاعودەکانـە، ئەوانـەی کـە

مەشمول نین بە قانونی 27ی ساڵی 2006، ئەوانەی کە بە قانونی 33 تەقاعود بوون، پێم وایە ئەوانە موستەحەقی ئەوەن کەوا ئاوڕیان لێ بدرێتەوەو مەشمول ببن بەو قانونە و ئەو زیادانەی کە ئێستا دەدرێت بە پێی ئەوە بۆ ئەوانیش بگەڕێندرێتەوە، ئێمە لەلایەکی ترەوە لە وەزارەتی ئەوقاف و شئونی دینی یەزیدیەکان و مەسیحیەکان کێشەیەك دروست نسبەیەك هەبوو کە دیاری نەکرابوو بۆیان و نەیان دەزانی وەزارەتی ئەوقاف کە ئیلتیباسێك هەبوو دەبێت ئەوەش دیاری بکرێت، پێشم وایە کە داهاتی مەجلسی قەزا بدرێتەوە بە خۆیان وەکو چۆن دەدرێتەوە بە بەلەدیات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ هاوکارەکانم کە تەئکید لەوە دەکەنەوە کە لە ئامادەکردنی بودجە پەلەیەکی تیا بووە جا لەڕووی تەکنیکیەوە بێت یان لەڕووی ڕێکخستنەوە بێت، یان لەڕووی جەداویلەوە بێت یان لەڕووی کۆکردنەوەی پارەکانەوە بێت، جگە لە تەوزیعی جەداویلەکانیش، دیارە جگە لەوە ئەو تێبینیە زۆرەی هاوکارەکانم کەو لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا و ئەمڕۆش پێشکەشیان کرد، دەلیلێکە بۆ ئەوەی بە تەئکید سوور بوونی پەرلەمانە لەسەر ئەوەی کە مەسجێك بنێرێت بە هەموو لایەك کە ئێمە دەبێت و ئەرکی سەرشانمانە و پێویستە بزانین بودجە چۆن دادەندرێت و چۆن سەرف دەکرێت؟ شێوەی سەرف کردنی چۆنە و لە چیدا سەرف دەکرێت؟ هەموو ئەو لایەنانە بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە دەبێت بزانرێت، لێرەوە من پێم وایە لەدوای تەسدیق کردنی بودجەوە ئەرکی پەرلەمان گەورەتر و قورس ترە لەوەی کە موتابەعەی دەقیق و وردی سەرف کردنەکە بکات و هەموو وەزارەتەکان و هەموو ئەو شوێنانەی بودجەیان بۆ دیاری کراوە، چ لە تەشغیلی بێت و چ لە ئیستسماری بێت، بە تایبەتی لەسەرووی لیژنەکانیشەوە لیژنەی نەزاهە ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە سەرشان، من پشتگیری لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و هەروەها ئەوەی کە پەیوەندی بە لیژنەی یاسایشەوە هەیە لە بەشی هەرە زۆری دەکەم، لە هەمان کات دا داواکارم ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە چەند ڕۆژێکە ئامادەی کۆبوونەوەکان دەبن، بەوردی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە و ئەو تێبینیانە بدەنەوە کە لەلایەن هاوکارانی بەڕێزمەوە وروژێنراون و کراون، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەك هەبێت لەلای هەموومان و لەلای خەڵکیش کە بزانن ئەو بودجەیە چۆن دانراوەو چۆن تەرخانکراوە، من حەزدەکەم بێمە سەر بەشێکی ڕاپۆرتەکەی دارایی کە پەیوەستە بە بودجەکەوە، بەڕای من حکومەتی هەرێم لەدانانی بودجە بەرچاوی ڕوون بووە کە ئەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆیەتی یان ئەو ئیلتیزامانەی کە هەیەتی بەرامبەر خەڵکی کوردستان بە قەدەر ئەوەندەی کە پێی کراوە جێی کردووەتەوە لەناو بودجەدا، من چەند خاڵێك بە نموونە دەهێنمەوە، تەرخان کردنی بڕێکی باش لە پارە بۆ سندوقی نیشتەجی بوون، هاوکاریەکی زۆر گرنگە بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، ئەمە جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ

سلفەی عەقار کە دەدرێت بە هاوولاتیان ئەوەیە کە پێویستە زەویەکت هەبێت و تاپۆ بێت بەناوی خۆتەوە، ئەمەیان ئەوەی تیا ڕەچاو نەکراوە، ئەمەشی تیا ڕەچاو ناکرێت، مەعنای وایە کە خەڵکی زۆر کەم دەرامەتیش دەگرێتەوە، من لەمە دا داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی نێشتەجێ بوون ڕەچاوی چەند خاڵێك بکات، یەکەم/ ئەوانەی کە لەلادێکانەوە دەست پێ بکات و گرنگیەکی زۆر بە لادێکان بدات، چونکە بەڕاستی هەنگاوێکی گرنگیشە بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانمان، دووەم/ لە دابەشکردنی پرۆژەکان بەسەر هەرێمی کوردستان دا ڕەچاوی ناوچەی دوورە دەست و مەحروم و ئەوانە بکات و بیخاتە پێشتر، سێیەم/ لە دابەشکردنی پرۆژەکان بەسەر کۆمپانیاکاندا عەدالەتێك پەیڕەو بکات و زۆرترین کۆمپانیا بەشدار بن لەو پرۆژانە، ئەمە لەلایەکی تریشیەوە، تەئسیرێکی باشی دەبێت لەسەر بەگەڕخستنی بازاڕی کار کە لە هەموو ئەو بوارانەی کە بینا و ئینشائاتەوە هەیە، لایەنێکی تری بودجەکە کە پارەیەکی باشی تەرخان کردووە بۆی یاخود بڕیارێکی تیایە بۆ چوار زانکۆ لە گەرمیان و هەڵەبجە و ڕانیە و زاخۆ، لە هەمان کاتدا بڕێك پارەی تەرخان کردووە بۆ دروست کردنی ژمارەیەك قوتابخانە بە مواسەفاتی سیستەمی ئێستا، خوێندن، بەڕاستی ئەوە ئیشارەت دەدات کە حکومەت بە فعلی ئەو قسەیەی کە کردوویەتی گرنگی بەلایەنی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەدات، لەمە بەرجەستە دەبێت، لەمەشا من داواکارم حکومەت لە دوای تەسدیق کردنی بودجە پەلە بکات لە جێ بەجێ کردنی دامەزراندنی ئەو زانکۆیانە بە دابین کردنی هەموو پێداویستیەکانیەوە کە بەڕاستی لەمەشا هەر لایەنێکی ئابووری تیایە، هەم کۆمەڵێك کۆمپانیا دەکەونە کارو خەڵکێکی زۆر ئیش دەکەن، جگە لەوەش بۆ خەڵکی کەم دەرامەت کە لەو سنوورانە کوڕ و کچیان خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکەن، پێویستە بچنە زانکۆ و ئەو ئەرکە قورسەی لە کۆڵ دەبێتەوە کە لێرەوە ئەگەر لێرە نەبێت بینێرێتە شارێکی دیکەو پارەیەکی زۆر سەرف بکات و ئەو پارەیە بۆ ئەو هاوولاتیە و ئەو خەڵکە دەگەڕێتەوە کە دەتوانن لە باشتر کردنی ژیانی خۆیاندا سەرفی بکەن، مەسەلەی دروست کردنی ئەو خوێندگایانە من پشتگیری لە ڕای ئەو هاوەڵانەم دەکەم، منیش داواکارم لە تەوزیع کردنی ئەو خوێندنگایانەدا یان ئەو قوتابخانانەدا بێت لەسەر شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا، لەو شوێنانەوە دەست پێ بکرێت کە لەو جۆرە خوێندگایانەی تیا نیە لەو جۆرە قوتابخانانەی تیا نیە، دواتر بێتەوە بۆ ناو قەزا و شارە گەورەکان، بەڕاستی مەسەلەی تەرخان کردنی بڕێك پارە بۆ بودجەی حیزبەکان، ئەمە بە حەقیقەت هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی چیتر پارەی خەرجی حیزب داخڵ بە پارەی حکومەت نەبێت، لەمەشا من داواکارم دوای تەسدیقی بودجە ئەوە زوو جێ بەجێ بکرێت، ئەوەی کە داواکراوە عەدالەتێك لە دابەشکردنەکەدا ڕەچاوبکرێت، بە تەئکید ئەوە زۆر گرنگە، لە زیادکردنی مووچەی شەهیدان و کەسوکاری ئەنفال و کیمیاباران پشتگیری لەو داوایە دەکەم کە لە ڕاپۆرتەکە دا هاتووە، بڕی مووچەی زیادکراوی کەم ئەندامان زیادبکرێت، ئەوە بەڕاستی بە حەقیقەت کەم ئەندامان وەکو ئەو برا بەڕێزەمان باسی کرد ژمارەیەکی زۆرن لە کوردستان و ڕێژەیەکی زۆری کۆمەڵگای ئێمە پێك دەهێنن، پێویستە دەستگیرۆیی بکرێن و مافی خۆشیانە هیچ هینێکی تیا نیە، من بەوە کۆتایی

بە قسەکانم دەهێنم کە کۆمەڵێك داواکاریم هەیە، لەمەسەلەی دامەزراندندا هاتووە کە ژمارەیەك لە حدودی 9 هەزار، شتێکە یان نزیکەی 10 هەزار کەسە کە حکومەت بڕیاری لەسەر داوە کە دایان بمەزرێنێت، بەڕاستی ئەو ژمارەیە لەچاو ژمارەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ئامادەییە پیشەییەکانی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر کەمە، خەڵکێکی زۆر لەم چەند ساڵەی پێشوودا زانکۆ و خوێندنی تەواو کردووە چاوەڕێی دامەزراندنن، بە دڵنیاییەوە من دەڵێم ئەو خەڵکە لەبەرئەوە خوێندنی تەواو کردووە بۆ ئەوەی دەرئەنجام سوودێکی ئابووری بە خۆی و بە خێزانەکەی و بە ماڵ و حاڵی خۆی بگەیەنێت، ئەگەر نەتوانێ تووشی ئیحبات دەبێت، من داواکارم ئەو ڕێژەیە یاخود ئەو ژمارەیە زیاد بکرێت، ئەگەر دەبێتە زەخت لەسەر مووچەی ئەوەی کە ئێستا هەیە و ئەوەی کە بۆ مووچە دیاری کراوە، دەکرێت لەو داواکاریەی کە لەناو ڕاپۆرتەکە هەیە لە 10٪ و 15٪ لە منح و ئیعانات و مەسروفاتی ئوخرا ببڕدرێت و لەوە دابین بکرێت، ئەگەر ئەوەش ناکرێت من داواکارم بە پێی تەسەلسولی ساڵی دەرچوون، هی وا هەیە چوار ساڵە تەواوی کردووە وهی واش هەیە سێ ساڵ و هی وا هەیە 2 ساڵە تەواوی کردووە و تەعین نەبووە، حەقە ڕیزبەندیەك بکرێت و بیمەی بیکاریان بۆ سەرف بکرێت، ڕێژەیەك کە حکومەت و وەزارەتی دارایی دیاری بکات کە بیمەی بێکاریان بۆ سەرف بکرێت بۆ ئەوانەی کە هیچ کاریان نیە، من پشتگیری ئەو داوایە دەکەم کە ئەو دامەزراوانەی کە دووانەن یەکبگرنەوە بۆ ئەوەی سیمای دوو ئیدارەیی بەڕاستی چیتر لە کوردستان دا نەمێنێت، ئەو پرۆژانەی کە بەناوی حیزبەکانەوە لەناو پرۆژە ئیستسماریەکاندا هاتوون و لە بەردەوامەکاندا هاتوون، داواکارم کە ڕابگیرێن و پارەکەی بخرێتە سەر بودجەی ئیستسماری و بۆ پرۆژەی تر سەرف بکرێت، ئەو بڕە پارەیەی کە بڕیارە و هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە کە لە سەدا چەند لە پلە تایبەتەکان ببڕدرێت، من پشتگیری لە داواکەی هاوکارم کاك سالار دەکەم کە سندوقێکی تایبەتی بۆ دابندرێت نەچێتە هیچ بابێکی ترەوە، ناوێکی بۆ دابندرێت و خەرج بکرێت بۆ ئیحتیاجاتی تری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و قوربانیانی جینۆساید، وە هەروەها ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری داوامان کردبوو بودجەیەك تەرخان بکرێت بۆ نوێ کردنەوەو تازەکردنەوەی قەیسەری شاری کفری، بەڕاستی ئەوە هەم پرۆپۆزەڵ و هەم کەشفیشی بۆ کراوە لەلایەن شوێنەواری گەرمیان و شوێنەواری سلێمانیش، داواکارم وەزیری دارایی کە لێرەیە ئەوە بە نەزەر ئیعتبار وەربگرێت، ئەوە بخرێتە ناو ڕاپۆرتەکەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم بۆ ڕاپۆرتەکەیان کە زۆربەی کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی بودجەیان خستۆتە ڕوو، ئەویش لەسەر ڕاسپاردە و هەماهەنگی و پشتگیری لیژنە هەمیشەییەکانی ناو

پەرلـەمان، بۆیـە لێـرەوە داوادەکـەم لـە حکومـەت و لـە بـەڕێزان وەزیـری دارایـی و وەزیـری پلانـدانان کـە مەعنین بە جێ بەجێ کردنی و وەك خۆی جێ بەجێ ی بکەن، قسەکانی من لەسەر دوو بەشە، بەشێکیان لەسەر ڕاپۆرتی دارایی حکومەتە کە ڕەسمی سیاسەتی حکومەت دەکات لەسەر بودجە و دابەشکردنی بەسەر سێکتەرەکان دوایی هەندێ پێشنیارم هەیە، من ناچمە سەر ئـەوەی کـە لەسـەر زاری جـەنابی وەزیـرەوە کـە باسی بودجەی کردو خۆی دانـی پێدانا کـە هەنـدێك کـەموکوڕی تیایـە و کۆمـەڵێك هینیشـی هێنایـەوە بـۆ ئەوکەموکوڕیانە، هەرکەس ئازادە لەوەی کە چەند باوەڕ بەو هۆکارەکانە دەکات کە هێناویەتەوە بۆ بودجـە و یان بۆ ئەو کەموکوڕیانە و ئەوانە، بـەڵام لـە ڕاپۆرتەکە کۆمـەڵێك شـتی گرنگـی تیایـە، لەوانـە کۆمـەڵێك پرۆژەی گرنگن و دەبێتە هۆی باشتر کردنی ژێرخانی ئابووری و زائیـدەن خزمـەتگوزاری کۆمـەڵانی خـەڵك لــە پــێش هەمووەیانــەوە خانــەوادەی شــەهیدان و ئــەنفالکراوان و کیمیابــاران و جینۆســاید و زائیــدەن خزمەتکردنی خەڵکی کەم دەرامـەت و گوندنیشـینان، مـن پشـتگیری لـە قسـەکانی هاوکـارم کـاك عبدالسلام دەکەم کە گرنگی ئێمە لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانـەوە بەدواداچـوونە بـۆ کارەکـانی حکومـەت کـە بودجەکـە پەسـەند کـراوە بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی پرۆژەکـان و چۆنیەتی سـەرف و ئەمانـە، لێرەشـەوە پشتگیری خۆم بۆ هاوکارانم دەردەبڕم کە لە ڕێگەی ئەم پەرلەمانە بەڕێزەوە چی زووتـرە هەوڵ بـدرێت کـە ڕەقابەی مالی یەکبخرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕەقابەی مالی دەست بەکار بێت بۆ بەدواداچوون و سەرف و شتەکانی حکومەت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەبەرئەوەی لە دوو لیژنەم لیژنـەی پێشمەرگە و لیژنـەی شـەهیدان و ئەنفال و جینۆساید و لە لیژنەی کشتوکاڵیشم، بۆیە پێشنیارەکانم زیاتر خۆی دەبینێتـەوە، منـیش دەنگـی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو هاوکارانـەم کـە ئـەو 10٪یـەی کـە حکومـەت لـە پـرۆژەی یاساکە هـاتووە کـە دەڵێت ببڕێت لە مووچەی وەزیر و جێگری وەزیر و مـدیرعام و پلـە تایبەتـەکان بگەڕێتـەوە بـۆ میزانیـەی حکومەت، مـن پێشـنیار دەکـەم بچێتە سـندوقی شـەهیدان و، وەزارەتـی شـەهیدان مـەعنی بێـت بەسـەرف کردنی ئەو پارەیە، ئەویش بـەوەی کـە ئـەو روفاتانـەی کـە زۆر مـاون و تـا ئێسـتا نەهاتووەتـەوە، دواتـر بـۆ هاوکاری کەسوکاری شەهید لـە کـاتی لێ قـەومان و یـان نەخۆشـی و کۆمـەڵێ شـتی تـر، پـێم وایـە کۆمـەڵێك ڕۆتینیاتە کە وەزارەتی شەهیدان داوای لە وەزارەتی دارایی کـردووە کـە وەزارەتـی دارایـی موافەقـەت بکات، بەڵام ئەو پارە لەژێر دەستی وەزارەتی شـەهیدان بێـت زیـاتر کەسـوکاری شـەهیدان ئیسـتیفادەی لێ دەکـەن، دووەم/ بـۆ پـیرۆز ڕاگرتنـی نـاوی پێشـمەرگە داواکـارم کـە سـیمبولێك یـان مۆنۆمێنتێـك بـۆ پێشـمەرگە لـە شـوێنێکی دیـاری کـراوی کوردسـتان دا دروسـت بکرێـت بـۆ ئـەوەی کـە خـەبات و هیلاکـی و مانـدووبونی پێشمەرگە لە یادو یادەوەری جیلەکانی داهاتوو دا بمێنێت، وە ئەگەر بشکرێت، کە ئەوەش نەکرا لـە هـەموو شاروشارۆچکەیەکی کوردستاندا شەقامێك یان باخچەیەك بەناوی پێشمەرگەوە دروست بکرێت، سـێیەم/ لـە بابی موناقەلەدایە کە دیارە وەکو هاوکـارانم گوتیـان ئەنـدامی پەرلـەمانی کوردسـتانم و هـەموو کوردسـتان بەوە دەزانم لە خزمەتیا بم، بەڵام ناچارم کە منیش باس لـە سـنوورێك بکـەم کـە لـە ناوچـەیەك دام چوار قەزای تێدایە کە ئـەویش قـەزای هەڵەبجەی شـەهید و پێنجوین و سـەید سـادق و هەڵبەجـەی تـازەش، لـە

زمنیـان دا هەشـت ناحیـەی تیایـە کـە ناحیـەی گـەرمك و ناڵپـارێز لـە پێنجوین، زەڕایـەن لـە هەڵەبجـە و بەرزنجە لە سەیدسادق، خورماڵ و بیارە و سیروان لە هەڵەبجەی شەهید، من ناڵێم پرۆژەی وەبـەرهێنان لـە بودجەی وەبەرهێنان کە بۆ پـرۆژە دانـراوە نـاڵێم هـیچ بـۆ ئـەو سـنوورە نـەکراوە، بـەڵام هەنـدێك جێگـا و ناحیە هەیە بە تایبەتی لە قەزای وا هەیە لە پرۆژەی وەبـەرهێنان دا هـیچ شـتێکی بـۆ دانـەنراوە لـە ساڵی 2010 کـە لەوانـە ناحیـەی گەرمکـە، ناحیـەی ناڵپـارێزە و ناحیـەی بیارەیـە، سیروانە و خورماڵـە، بۆیـە داواکارم لە بابی موناقەلە لە وەزیری دارایی لە بودجەی تەشغیلی کە موناقەلە دەکات کۆمـەڵێك پـرۆژە لـە بودجەی تەشغیلی لەو سـنوورانە و لـەو ناحیانـەی کـە باسـم کـرد دابنێـت، پرسـیارێکم لـە بـەڕێز وەزیـری دارایی هەیە لە ساڵی 2009 داواکراوە کـە شـەش بـیری ئیرتیـوای لـە سەیدسـادق لێ بـدرێت، چـونکە سـەید سادق تازە بووە بە قەزا و دانیشـتونێکی زۆری تیایـە، بـەڵام ئـەوە نەچـووەتە بـواری جـێ بـەجێ کردنـەوە، بۆیە داواکارم لە بودجەی تەشغیلی دا بودجەیەکی بۆ دابنـدرێت، چـونکە شـارێکە نفوسـێکی زۆری هەیـە و کەم ئاوە، لەبواری کشـتوکاڵ دا دیـارە سـنووری شـارەزوور دەشـتێکی بـەرفراوانی هەیـە، کۆمـەڵێك جێگـەش هەیە کە بەنـداوی تیـا دروسـت دەکرێـت، لـە پرۆژەکـانی وەزارەتـی کشـتوکاڵ دا لـە وەبـەرهێنان باسـی ئـەو بەنداوانە نـەکراوە، بۆیـە داواکـارم لـە وەزاەرتـی کشـتوکاڵ کـە بەنـداو لـە سـنووری شـارەزوور بکێشێت، بـۆ نموونە لە ئەحمەداوا و زەڵم دەتوانرێ بەنداوی تیا دروست بکرێ و دەشتی شارەزوور هـەتا دێتـەوە نزیکـی عەربەت و ئەوانە ئیستیفادەی لێ بکەن، ئەخیر شتم داواکارم لە حکومـەت چاوێك بـە یاسـای خانەنیشـینی بخشێنێتەوە، چونکە خەڵك دڵنیا نیە لەوەی کە خانەنیشین بێت تا ئێستا بـە تایبـەتی فەرمانبـەر، چونکە خەڵکی وا هەیە 40 ساڵ خزمەتی هەیە،........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یاسا پەرلەمان چاوی پیادەخشێنێتەوە، نەك حکومەت، کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانم تەواو بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حازم فەرمووو.

**بەڕێز حازم تحسین سعید علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشی ئاخافتنیْ خۆ ئەز سوپایی و دەست خۆشـی لیـژنا دارایـی دکـەم، ئـەز وەکـو ئەنـدامی لیـژنا ئـەوقافێ، وەزارەتا ئـەوقافێ تەخسـیس کریـە 92 ملیـار هـیچ مەشـروعەك و میزانیـەك بـۆ بـرای مسـیحی وئێزیـدی دانەنایـنە، چەندین میدر عام هاتینە پەرلەمان و موناقەشەیان لەگەڵمان کریە و پرسیار ژێ کریە، دبێژێت

هیچ ئاگا لەو مەسەلان نیە، نازانم ئەو چۆنە؟ نوقتەی سێیەمم هیچ تەوزیحێك بۆ واریداتی کوردستان لە ساڵی 2010 هیچ مە نیە، بەس ڕێژەی 17 لە حکومەتی مەرکەزی هاتووە، نوقتەی چوارەمم تەحدیدی هەندێك پرۆژە بۆ مەناتقی کێشە لەسەر هەی، ئەو مەناتق مەناتقێت کوردستانینە، قیادەی سیاسی کوردستانی تەنازولی لێ ناکات، وەکو خانەقین و مەخمور شنگال و شێخان و زومار، شنگار هەندەك مجەمەع لێ هەینە 10 هەزار کەسە، هەتا نوکە شارع لێ نینە، بنکەی سحی نینە، ئەز وەکو رەئیم یەعنی ئەڤانە کوردن و شانازی بە کوردیا خۆ دکەن، ئەز دبینم تەحدیدا میزانیەکی بۆ وان بکەن، هەتا ماددا 140 دێتە عیلاج کرن، گەلەك مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێت شتێك بڵێم بڕوام پێ بکەن، ئەگەر بڵێم کەلیمەیەکیش مابێت نەگوترا بێت، تەسەور دەکەم بە کەلیماتیش هەمووی گوتراوە، وەرەقەکانیشم هەرچەندی بسڕمەوە بۆ ئەوەی تووشی تیکرار نەیەم، بەڵام خۆشم شتێکی هەر دەڵێم، بەڕێزان تەعریفی ئەو بودجەیە بەڕاستی بە تەسەوری من تموحاتێکی زۆر و وڵاتێکی کاولکراو و ئیمکانیاتێکی کەم و سنووردار، ئەوەی دەمەوێ کە بە بیری پەرلەمانتارانی بەڕێز و ئێوەی بەڕێزی بێنمەوە ئەمە یەکەمین هەنگاوی کاری حکومەتە و بۆ ماوەو بەرنامەی ساڵێکە، کو بەرنامەیەکی ستراتیژی درێژخایەنی وەکو ئەوەیە کە ئەوەڵ کار و ئەخیر کاری ئێمە بێت، ئەوەندە بەقوڵایی بچینە ناو بابەتەکە، بە دیتنی من حکومەت لە پێشنیارکردنی بودجەدا بیرکردنەوەیەکی ڕاست و واقع بینانەی هەبووە و دەرکی بە زەرورەت و پێداویستیەکان کردووە، ئەگەر نەیتوانی بێتن ئیمکانیات بۆ هەموو شت پەیدا بکات، بەڵام ئەو موئەشراتانەی کەوا لە بودجەکەدا هاتوون دەلیلی ئەوەن کەوا شتی زۆر چاك و بۆچوونی زۆر چاك هەبوونە بۆ گرنگی دان بە هەموو لایەکانی پێویست لە وڵاتی ئێمەدا، باوەڕی من وایە ئەفکار و شتی زۆر باش خرانە ڕوو کە زۆر شتی باشیش هەن، پێش ئەوەی کەوا ئێمەی پەرلەمانتاران ئەم ئەفکارانە بخەینە ڕوو، ئەگەر سەیری بودجەی پێشنیار کراوی وەزارەتەکان بکەین لەچاو ئەوەی کەوا لە وەزارەتی دارایی بۆیان پەسەند کراوە یاخود پێشنیار کراوە یان موافەقەتی ئەوەڵی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانانی لەسەر بووە، دەردەکەوێت کەوا حکومەت زۆر زیاتر لەوە پرۆژەی هەبوونە، زۆر زیاتر لەوە بەرنامەی هەبووە کەوا خراونەتە ناو بودجەکەوە، چونکە لە هەندێ وەزارەت تەنانەت لە حدودی 120 یان 125 یان 130 ـ 140 بڕوا ناکەم هیچ یەکێکیان 50٪ی پرۆژەکانیان جێگای بۆ کرابێتەوە لەبەر سنووورداری ئیمکانیەتەکە، واتە کە ئێمە باسی شتی باش دەکەین زۆر ئەفکاری جوان و پوخت هەن کەوا بخرێنە ڕوو، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بخرێنە کوێی ئەم بودجەیە؟ کامە لەم پرۆژانەی کەوا پێشنیار کراون لابدرێن بۆ ئەوەی جێگای پرۆژەی تازەی بۆ بکرێتەوە؟ زانکۆیەکان

لابدرێن، سندوقی نیشتەجێ بوون لابدرێن؟ ڕێگای کۆیە ـ هەولێر لابدرێت؟ تونێڵی هەولێر ـ صلاح الدین لابدرێت؟ ڕێگای زاخۆ ـ ابراهیم خلیل لابدرێت؟ ڕێگای هەولێر ـ دهۆك لابدرێت؟ پێشنیار کردنی دروست کردنی قوتابخانە و هتد.......... ، کامە لەوانە لابدرێت بۆ ئەوەی جیگای ئەم هەموو ئەفکارە جوانانەی خۆمان بکەینەوە، ئەوەی تر کە من تەعلیقم لەسەری هەیە، کوردستانی بوونی بودجە یاخود هەرێمی بوونی بودجە یان گوند بوونی بودجە یان شار بوون یان شارۆچکە بوونی، ئێمە بە ژمارەیەکی زۆر بەسیت 4500 گوندی کاولکراومان هەبوونە کە بەشێکی دەستی ئاوەدانکردنەوەی گەیشتووەتێ و بەشێکیشی لە بەردەوامی دان، ئەگەر شاروشارۆچکە و ناحیە و قەزایەکان هەمووی لێ دەربکەین، ئێمە بڕی 800 ملیار دینارمان لەبەردەستە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی بودجەی وەبەرهێنان، ئەگەر ئێمە 800 ملیار دینار تەنها بە ژمارەیەکی ڕەقەمی بەشی سەر 4500 گوند بکەین، جگە لە شاروشارۆچکەکان بۆ ئەوەی هەموو گوندێك ناوی لە پرۆژەی حکومەت دابێت، هەر گوندێك لە حدودی 150 ـ160 ملیۆن دیناری بەردەکەوێت، کە بەشی ئەوە ناکات ئەگەر تانکی بەتاڵی ئاویشیان بۆ بکڕدرێت، نەك پرۆژەیەکی وا کەوا گوندی پێ بژێنێتەوەو حەیەویەتی بۆ بکرێت، ئەوە لەکاتێك دا ئەگەر هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی و هیچ پرۆژەیەکی سیادی و هیچ پرۆژەیەکی گەورە لەم وڵاتەدا نەبێت، من بەش بەحاڵی خۆم خەڵکی مەنتیقەیەکم ڕەنگە نموونەی هەرە زیندووی هەرە کاولکردن بێت لە تەئریخی ئەم میللەتە لەم وڵاتەدا، من خەڵکی قەزای مێرگەسوورم، بەڵام ناچمە ئەو تەفاسیلەوە چونکو من زانکۆی هەڵەبجەش بە هی خۆم دەزانم و زانکۆی گەرمیانیش بە هی خۆم دەزانم، ئەو جادەیەی کەوا لە عەربەت و سلێمانیش دروست دەکرێت بە خزمەتی خۆمی دەزانم، ئەوەی کە لە زاخۆش و ئەوەی کە بۆ هەر ناوچەیەك و بۆ هەر بستێکی تری کوردستان بێت بە هی خۆمی دەزانم، بۆیە قەد بیرکردنەوەم ڕێگا بەوە نادات، یاخود ڕێگری نابێت لەبەردەمی ئەوەی کەوا من پاڵپشتی لەو پرۆژە جوانانە بکەم کە بۆ هەر بستێکی خاکی کوردستان دەکرێت، لەبەرئەوەی کە ناوی گوندەکەی من یان شارەکەی من، شارۆچکەکەی منی تێدا نەهاتووە، تێبینی زۆرمان هەبووە، زۆربەی تێبینەکان بە دیتنی من لە خیلالی ئەو 20 ڕۆژی کارکردنی ئێمە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان و لەگەڵ ئەوەی کە لەڕێگای لیژنەکانی خۆمان پێشکەشمان بە لیژنەی دارایی بەڕێزەوە کردووە، بۆیە سەرتان بەوانە نایەشێنم، چونکو من پاڵپشتی لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم، چونکو ڕەنگدانەوەی تێبینیەکانی ئێمەی تێداهەبووە، بۆیە هەوڵ دەدەم کە ئەوانە تیکرار نەکەمەوە، ئەوەی کەوا حکومەت لەو ماوەیەدا کردی، بەڕاستی جێگای دەست خۆشیە لە هاوکاری کردنیان لەگەڵ ئێمە، لە گفتوگۆکانی لیژنەکان لەسەر پرۆژەی بودجە، من تەنانەت بە بیری جەنابتان دەخەمەوە کە وەزیری بەڕێزی وا هەبووە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی جی ّهێشتووە بۆ ئەوەی بێت و بەشداری بکات بۆ ئەوەی کاری لیژنەکەی ئێمە دوانەکەوێت، من دەزانم ئەرکە لەسەر ئەو، بەڵام هیچ کات ڕێگر نەبووینە و بە پێچەوانەوە هەر کەسێکی لەڕێگای جەنابتانەوە ئاگادار کرابێتەوە، هاتوونە و ئامادە بوونە، ئەم گوتنەم بۆ پێداهەلگوتن نیە، بەڵام گوتراوە (ویل لامة لم تقل للمحسن احسنت وللمسيء أسأت)، کاتێك

ئێمە دێینە سەر هەڵسەنگاندن، هەڵسەنکاندن واتە هەردوو بواری ئیجابی و سلبی دەبێت بەرچاو بگیردرێت، لیژنەی دارایی بە ڕەئی من زۆر بە پیشەییانە و میهەنیانە کاری خۆیان کردووە، وە سەرەڕای ئەوەی کە من دەزانم ئەکسەریەتی ئەندامانی ئەم لیژنەیە سەر بە ئەو لیستەن کەوا حکومەتی پێکهێناوە، ئەم جاریش ئەو تەشخیسەی کەوا لیژنەی دارایی بۆ ئەو شتانەی کردووە کە ڕەنگە بە شێوازێك لە شێوازەکان بە تەعنیش بگەڕێتەوە بەسەر پێکهاتەکانی ئەو لیستە بەڕاستی جورئەتێکی میهەنی تێدا بووە دەست خۆشیان لێ دەکەم بە تایبەتی لەناوهێنان و دەست نیشانکردنی ئەو پرۆژانەی تەواو بووە و مەبەستی گروپ یان تاك یان حیزب یان ئەو شتانە دەست نیشان کراون، بەڕێزان ئێمە چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز لە سەرووبەندی ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك بووین، یاخود لە شێوازی داواکاری بۆ بڕیارێکیش پێشکەش کرا بۆ ناوچە سنووریەکان، ناوچە سنووریەکان مەبەستم نابێتە تەناقوز لەگەڵ ئەو گوندانەی کەوا من گوتم، بەڵام ناوچە زەرەرمەندەکانەو من پێیدا نایەمەوە، بەڵام هەر لە شەریتی حدودی سنووری قەزای زاخۆوە بگرە تا دەگەیە پێنجوێن بەو شریتە حدودیە تەبعەن ئەوانە ناوچەی هەرە زەرەرمەندی ئەو وڵاتە بووینە، ئەگەر هەوڵ بدرێت لە دوو شوێن تۆزێك ئەم بەڵانسەیان بۆ ڕاست بکرێتەوە یاخود گرنگیەکیان پێ بدرێت، یەك لەو پرۆژانەی کەوا ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەخسیساتی بۆکراوە، وەکو ئەوەی کە قوتابخانەکان هەندێك لە هەڤاڵانیش ئاماژەیان پێی کرد، حەزناکەم زۆری لەسەر بگەڕێمەوە، دووەم/ تەوسیەیەك بۆ حکومەت بکرێت کە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان تەرکیز لەسەر ئەو ناوچانە بکرێتەوە ئەوانەی کەوا مومکین نەبووە وەکو پێویست لە پرۆژەی بودجەی ئێمەدا کاریان بۆ بکرێ و یاخود پارەیان بۆ تەرخان بکرێت، لە مێشکی هەمووەمان دا هەیە و لەلای خۆمان باسمان لێی کردووە کە دەرفەتی دامەزراندن زیاد بکرێت و کۆمەڵێك مووچە بۆ کۆمەڵێك فیئە بۆ کۆمەڵێك خەڵك و بۆ کۆمەڵێك لەو شەرائیحانەی کەوا پێویستە زیادبکرێت، پرسیار ئەوەیە کە ئەم پارەیە لە کوێوە دێت؟، ئێمە لەلایەکەوە هەمووەمان کۆکین لەسەر ئەوەی کە تەشغیلیمان زۆرە، لەلایەکی تریشەوە پێشنیار دەکەین کەوا ئەرك بخەینە سەر بودجەی تەشغیلی، خۆمان هەندێك جار لە گوتنەکانی خۆمان لە ئەخیری تووشی تەناقوزێك دەبین، بۆیە من وای بە باش دەزانم کاتێك کەوا خۆم و هەر یەکێکیش لە هەڤاڵانم شتێك دەخەینە ڕوو، حیسابی ئەوە بکرێت کە حکومەت لەکوێی بودجەکەدا یان لە کامە مەبلەغ ئەو جێگایە بۆ ئەمە بکاتەوە؟، بۆ ئەوەی گوتنەکانمان تێك بکاتەوە، کارێکی زۆر باشە ئەگەر ئێستا جێگای ببێتەوە، چونکە هەندێك شتی پرۆژە یاسایەك کە باس کران کە مووچەی شەهیدان و کەسوکاری ئەنفالکراوان زیاد دەکرێت، من پێشنیار دەکەم کە قانونەکە دەردەچێت ئەسەری ڕەجعی هەبێت و کە تەسبیت دەکرێت لە بیدایەتی ساڵی دارایی 2010 ەوە، واتە لە مانگی 1 ەوە ئەو ئیستحقاقاتانەی بۆ حیساب بکرێت، هەرکاتێکی کەوا موافەقەت لەسەر ئەمە کرا، چونکو باوەڕدەکەم کە لە حیساباتی مالیش حیسابی بۆ کراوە، لە جیاتی ئەوەی ئەم زیادەیەی هی مانگی 1 یاخود ئەگەر مانگی 2یشی گەیشتە سەری بچێتەوە بۆ حیسابێکی تر، نەخێر چونکە عادەتەن کە قانونەکانی

ئێمە دەردەچن وان، کەوا لە ڕۆژی موسادەقە کردنی و بڵاوکردنەوەیەوە دەردەچن، من پێشنیار دەکەم ئەمەیان ئەسەری رەجعی هەبێت و ئیستحقاقی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە مانگی 1 ی ساڵی 2010 ەوە بۆیان حیساب بکرێت، من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کەوا قوتابخانەکان ئەوانەی کە لە هەڵمەتی نیشتمانی دروست کردنی قوتابخانەکان دروست دەکرێن، وە ئەو بڕە پارەیەی کەوا دانراوە بۆ گرنگی دان بە توانا زانستیەکان بە پێی پلانی یاخود بە بەشداری کردنی کاریگەری هەر دوو وەزارەتی پەیوندار کە وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا بێت، وە چەند تێبینیەکی خێرام هەیە لەسەر پرۆژەکان کە بە خێرایی تەنها بەسەریدا تێ پەڕ دەبم، لە هەندێك لە پرۆژەکان کاتی دەست پێ کردن و یاخود ماوەی دیاری کراو هەرچەندە پرۆژەکان تەخمینین، بەڵام تەوسیەمان ئەوەیە کاتێك کەوا ئەمانە کە گەیشتنە قاڵبی تەندەر کردن و موافەقەت لەسەر کردنی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمانی کوردستانی لێ ئاگادار بکرێتەوە لە ماوەی دیاری کراو یاخود ماوەی ئیتیفاق لەسەر کراو، بۆ ئەوەی لە لیژنەکانی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکەن و لەسەر کاتیش ئەگەر بەشێکی گرنگی هەموو عەقدەکانە، پرۆژە کۆنەکان ئەوانەی کە بە پرۆژە بەردەوامەکان ناونراون، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕاپۆرتێك ئاگاداری پەرلەمان بکاتەوە لە ماوەی پێویست بۆ کۆتایی هاتن و دەبێت سنوورێك بۆ کۆتایی هاتنی ئەم پرۆژانە هەبێت، چونکە بەشێکی زۆریشی چوونە قاڵبی ئەوەی کەوا عەقد کراوەو یاخود ئیحالە کراوە، یاخود ڕاپۆرتێك لەسەر نیسبەتی ئینجازیان و ئەو ماوە زەمەنیەی بۆ ئەوەی ئەگەر خوا تەمەنی داو ساڵێکی تر لێرەدا دانیشتینەوە زۆر باسی پرۆژە بەردەوامەکان نەکەینەوە، من سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، کاك د.ارسلان ناوی نووسی بوو دەیەوێت قسە بکات، نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قوتابیانی زانکۆی جیهان زۆر قەلقەن و ............. .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن، ئەمە مەوزوعێکی خاسە و هەزار جار گوتوومانە خوشکی من، لەو مەوزوعە دەرمەچن، لەسەر میزانیە زیاتر هیچ مەجالێك نیە، کاك د.ئەرسەلان فەمووو.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە خۆمان دەزانین ئەو کابینەیە بە فعلی دوای دوو مانگ و شتێك کارکردنی ئەم بودجەیەی پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردووە بۆ دیراسەکردن و بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی بکات، هەمووشمان دەزانین هیچ کابینەیەك هەتا سوێند نەخوات ئەرکەکانی پێ ناسپێردرێت، لەڕووی یاساییەوە ناتوانێ ئیتلاع لەسەر وەرەقەیەك بکات، چونکە قانونی نیە، من پێم وایە ئەوە کارێکی باشی حکومەت و کابینە تازەکەیە. وەشەفافیەتی ئەو بودجەیە لەوە دیارە کە هەندێك بڵێین ڕەخنە یان هەڵەی زەقی تێدایە کە ئەوان دەیانتوانی بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەسەری بکەن، بەڵام وەکو خۆی دایاننا‌وە بۆ ئەوەی مسداقیەت و شەفافیەتی بودجە و کابینەکە نیشان بدات، لەوانە مەسەلەی شوەیفاتە و مەسەلەی مەلعەبی شەعبە و مەسەلەی هەردوو بودجەی ئاسایشەکانە و مەسەلەی تەکیە و مزگەوتەکانە و هاوکاری مەڵبەند و لقەکانە، کە دەکرا ئەوان بە شێوەیەك لە شێوەکان بە جۆرێکی تر بیخەنە بەرچاو، بۆیە ئەمە شەفافیەت و مسداقیەتی ئەم کابینەیە نیشان دەدات، من کۆمەڵێك پێشنیارم هەیە دەیخەمە بەردەستی لیژنەی دارایی و وەزارەتەکان، یەکەمین پێشنیارم ئەوەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی حیزب و حکومەت لێك جیابکرێنەوە پێشنیار دەکەم هیچ حیزبێك یارمەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرنەگرێت، واتە هیچ حیزبێك یارمەتی نەدرێت، واتە حیزبەکان با بۆ خۆیان خۆیان بژێینن، ئەگەر ئەوە کرا وەکو نموونەیەکی ئێستا لە عیراق کە نزیکەی 100 ساڵە حکومەت و دەوڵەتە و تا ئێستا لە عیراق قانونێك نیە یارمەتی ئەحزاب بدات، ئەگەر ئێمە ئەوەمان کرد، کۆمەڵێك شتمان لە کۆڵ دەبێتەوە، لە بودجەکە هاتووە یارمەتی هەندێك لە تەلەفزیۆنە حیزبیەکان دەدرێت، لەو حاڵەتانە ئەوە نابێت، یارمەتی وەزارەتەکان بۆ مەڵبەند و لقەکان سەرف دەکرێت، ئیتر ئەوە ناکرێت، چونکە حیزب و حکومەت هەر کەسە و دەبێتە خاوەنی موئەسەساتی خۆی، خۆی خۆی بەڕێوە دەبات، هەروەها هیچ بودجەیەك بۆ ماڵە لێپرسراوەکان و بە ماڵی سەرۆکی کۆماریش و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش سەرف ناکرێت، وە پێشنیار دەکەم لیژنەی دارایی تەوزیحێکمان بداتێ بۆ ئەوەی بزانین ئەو بودجەیەی کە بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆماری عیراق سەرف کراوە، ئایا بۆ ماڵەکانی خۆیان سەرفیان کردووە یان بۆ بارەگا رەئیسیەکانیان، بارەگای ئیشکردنیان؟، چونکە ئەو دوو سەرۆکە، بە شەرعی و بە قانون بە ئینتخابات بوونە بە سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە پێی نەریتی هەموو دەوڵەتان و ئەتەکێتی دونیاش، دەبێت ئەوان بارەگایان هەبێت، جێگایەکیان هەبێت بۆ دەوام کردن، بۆ دیتنی ئەو لێپرسراوە گەورانەی دنیا کە دێن، چونکە ئێمە خۆمان دەزانین ڕۆژانە چەند لێپرسراوی گەورەی دنیا و وەزیرەکان و جێگری سەرۆکی دەوڵەتە گەورەکانی دنیا دێن، وەکو نەریتێك دەبێت جێگایەکی شایستەیان هەبێت بۆ ئەوەی ئیستقبالی ئەو نەوعە شەخسانە بکەن، پێشنیار دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی تەختیت و وەزارەتی دارایی زیاتر ئیهتمام ئیستسماری سەرمایەی ئەجنەبی بدەن لە کوردستان، کار ئاسانیان بۆ بکەن و هاوکاریان بکەن بۆ ئەوەی فرسەتی کاریان زیاتر بێت، چونکە چەند ئیستسماری ئەجنەبی لە وڵاتەکەمان بێت و کارئاسانیان بۆ بکرێت ئەوەندە ئەرکی حکومەت کەم دەبێتەوە لە

دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و دەرچووی مەعاهد و سانەویە میهەنیەکان، بەڵام مەبەستم لێرەدا ئەوە نیە کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە کارمەندی حکومەت یان مووچەخۆری حکومەت کار لەو پرۆژە ئەهلیانە بکات، ئەگەر هەر پرۆژەیەکی ئەهلی لە کوردستاندا کارمەندەکانی تەنانەت ئەگەر یەك کارمەندیشی کار بۆ پرۆژە ئەهلیەکان بکات دەبێت حکومەت ئەوە کۆتایی پێ بێنێ بەڕاستی، چونکە خزمەتگوزاری لە ڕێگای دروستکردنی بونیەی تەحتی لە کوردستان لەڕێی ئیستسماراتی ئەجنەبیەوە بۆ ئەوەیە کە هەم بۆ مەودایەکی دوور، هەم بۆ مەودایەکی دوور ستراتیژیەتی دوورمان بۆ دێنێتەوە بۆ وڵاتەکەمان و نیشتمانەکەمان، هەم فرسەتی کارمان بۆ دروست دەکات، من پێم وایە ئایین لە نێوان خودی ئینسان و خوای خۆیەتی حیزبایەتی بۆ کاری دنیا و بەڕێوەبردنی میللەتە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە موجتەمەعێکی موسڵمان و جۆرەها دینی تر و مەزاهبی تریشمان هەیە لەم وڵاتە، ئەگەر ئێمە سەیری وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بکەین، ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکەین کە چەند بایەخ بە پەرستگا ئایینیەکانی خۆیان دەدەن، بۆ ئێمە لێرە کە وەزارەتێکمان هەیە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و لیژنەیەکمان هەیە بەناوی لیژنەی ئەوقاف، ئەی بۆ ئێمە بەلامانەوە کارێکی ناقانونی بێ ئەگەر ئەو وەزارەتە و ئەو لیژنەیە بایەخێکی تەواو لە چوارچێوەیەکی قانونی بە پێی حەق و عەدالەت ڕەچاوی هەموو مزگەوت و تەکیە و پەرستگا ئاینی یەکانی تر بکات، ئەگەر ئێمە سەرنجێکی یان فەقەت سەیرێك (بە ئیحترامێکی زۆر گەورەوە دەڵێم) کە ئەگەر ئێمە سەرنجێکی مەقەرەکەی ڤاتیکان بدەین یان ئەو مەقەرە گەورەی بوزیەکان بدەین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بدەین چ سەڵتەنێتێکیان هەیە، بۆ بەلای ئێمە نابێت مزگەوتەکانمان ئیحترام بگیرێن و تەکیەکان ئیحترامیان بگیردرێن و پەرستگا مەسیحی و یەزیدی و فەیلەیەکان، بە مەرجێك ئیستیفادەی لێ نەکرێت بۆ مەسائیلی حیزبایەتی، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بۆ ئەوەی حکومەت دەستی کراوە بێ و زوو بپرژێتە سەر دەست بەکاربوون بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی هەتا زووە پارەی زیادکراوی شەهید و کەم ئەندام و پێشمەرگە و ئەنفالکراوەکان سەرف بکرێت و ئەو بودجەیە بەرەچاوکردنی بۆچوون زانستیەکانی هەموو لیژنەکان و ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان سوودی لێ وەربگیردێت و دەوڵەمەند بکرێت و ڕەزامەندی لەسەر بدرێت بۆ ئەوەی بکەوێتە مەیدانی جێ بەجێ کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان سەعات 4 دووبارە کۆبووەنەوە دەست پێ دەکاتەوە تا ئەو کات خوتان لەگەڵ.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەناوی گەلی كوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتەكەی ئەمڕۆمان، ئێستاش داوا لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان دەكەین تەشریفی بێت بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی كە ئاراستەی وەزارەتەكەی دەكرێت، كەرەمكە فەرموو كاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها دەمەوێت بەرچاوم ڕوون بێت لەوەی ئایا لە دوای وەڵامی ئەو بەڕێزانە دەرفەتمان دەبێت لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەكانیش قسە بكەین؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر هەموو موناقەشەتان كرد بە تێروتەسەلی هەموو شتەكان تێكەڵ كرا، زۆر هاوارمان كرد، ئێستا ئەمان وەڵامتان دەدەنەوە، دانیشە بۆت ڕوون دەكەمەوە، وەزیرە بەڕێزەكان گفتوگۆی خۆیان دەكەن، وەڵامی پرسیارەكان دەدەنەوە پاشان لیژنەی دارایی وەڵامی خۆی دەداتەوە، پاشان پێشنیارێك هەبوو بۆ ئەوەی میزانیەكە بنێردرێتەوە بۆ حكومەت ئەو پێشنیارە دەخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز بۆ دەنگدان لەسەری، ئەگەر دەنگتان دا بنێردرێتەوە ئەوا دەینێرین بۆ ئەوەی تەعدیلاتی لەسەر بكەن و بۆمان بنێرنەوە، ئەگەر نەیان كرد ئەوا لێرە لەبەردەستمان دەمێنێتەوە، ئینجا دووبارە دەیخەینەوە دەنگدان لەسەر ڕاپۆرتە گشتیەكە، بۆ ئەوەی كە ئایا ئەو موناقەشەیە كافی بوو لەسەری كردمان یان كافی نەبوو، ئەگەر دەنگی هێنا كافی بوو ئەوا دەچینە سەر بابەتەكانی تر، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوا دووبارە موناقەشەی دەكەینەوە، زۆر سوپاستان دەكەم، كاك د.ئاشتی فەرموو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بەڕێزانە، نوقتەی نیزامیت هەیە كاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی 72 و بە پێی قسەی جەنابیشت لە سەرەتای كۆبوونەوەكەوە گوتت ئەم بابەتە سێ بەشە، بەشێكیان ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و بەشێكیان ڕاپۆرتی لیژنەكان كە قسەی لەسەر دەكەین، بەشێكیان لەسەر یاسای بودجە، لەبەرئەوە لە ماددەی 72 دەڵێت (لەسەرەتاوە گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەكرێت، دواتر دێینە سەر ڕاپۆرتی لیژنەكان، دواتر دێینە سەر پرۆژە یاسای بودجە)، كەواتە موناقەشەی تری ماوە، ئێمە بەشێكیمان تەواو كردووە و دوو بەشی ماوەو لەگەڵ ڕێزما، سەرەتاش جەنابت وات گوت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی 72 بزەبت هی مەشروع قەوانینە، نەك هی ئەوە، برۆ بابی بودجە ئێمە بە پێی ئەو نیزامە كار دەكەین و لێی دەرناچین، چۆن هاتووە بەم ئسوڵە ئیش دەكەین، ئێستاش رجائەن وەختی وەڵاندانەوەیە، كەی وەڵام دانەوە تەواو بوو و تەقریرەكان تەواو بوو گەیشتینە ئەوێ، ئەوجا ئەو مولاحەزاتانە بڵێن، كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ هەڵسوڕاندنی كاروباری پەرلەمان لە ئەستۆی جەنابتە، تۆ بە پێی بەرنامەی خۆت دات نابوو بە سێ قۆناغی جیاواز ..... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش وامان کردووە، رجائەن دانیشە، ئێستا نۆرەی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکەیە لەلایەن وەزیرە بەڕێزەکانەوە، پاشان لەلایەن لیژنەی داراییەوە، پاشان ئەو دوو دەنگدانەی کە باسمان کرد، پاشان ئەڕۆینە مەرحەلەکانی تر، هێشتا نەهاتووە جەنابت باز دەدەی، زۆر سوپاس، کاک د. ئاشتی فەرمووو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاستان دەکەم، من ئەوە تێ گەیشتم کە بەشێك لە کۆبوونەوەکان بەشدار نەبووم، بەڵام پرسیارەکانم دیوەو دوو، سێ بەشن، زۆربەی لەسەر داهاتە بەڕاستی، داهاتیش بەو شێوەیەی کە پرسیارەکان کراون تێکەڵکراوە بەڕاستی مەفهومی داهات چیە؟ ئێمە دوو، سێ جۆری داهات دەتوانین باس بکەین، یەکێك لە نەوتی خاوە کە دەیفرۆشین، یان لە دەرەوە یان لە ناوخۆ، داهات هەیە کە لە موشتەقاتی نەوتەوە بۆت دێت مەسەلەن لە مەسفای بازیان و خەبات، یان وەکو لە تۆپن پلانتس) کە ئەوانەی کە مەسفای بچووکن، تەقریبەن 50 ـ100 مەسفامان هەیە لە کوردستان، ئەوەش کە پێی وتراوە داهات بەڕاستی دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە کە لە موقەدیمە کە داهات نیە، ئەوەی یەکەم پێی دەڵێن منحە کە لەعەقدەکانی نەوت دانراوە کە شەریکاتی نەوتیان لە مەناتقی عقد ئیش دەکەن، بەرامبەر ئەوە منحەیەك دەدەن بە حکومەت بۆ بونیەی تەحتی وڵاتەکە بۆ مەنتیقەی عەقدەکە ئەوە گرانتی پێ دەڵێن بە ئینگلیزی، ئەمە داهات نیە پەیوەندی بە نەوتەوە نیە، پەیوەندی بە هیچ نەوت دەرهێنان و نەوت فرۆشتنەوە نیە، ئەو دەڵێ ئەو عەقدەم بدەرێ من ئەمە دەکەم بۆ وڵاتەك بە بەلاش، دەیدەم بە حکومەت یان خۆم مەشروعێکت بۆ دەکەم یان پارەت بۆ دادەنێم بۆ لیژنەیەك کە ئەو پارەیەی بخاتە سەر مەشاریعی نەك ئیستسماری و نەك مەشاریعی حکومی تایبەت، بۆ مەشاریعی بونیەی تەحتی کە میللەتی ئەو مەنتیقەیە ئیستیفادەی لێ بکات، بۆچی ئەو شەریکانە ئەوە دەکەن؟ چونکە بۆ سومعەی خۆیان باشە، هەموو شوێنەکە هەرچەندە کە لە وڵاتی خارجین تەئسیر دەکاتە سەر میللەت، مەسەلەن سایزیمێك دەکەن، حەفر دەکەن، هاتووچۆ دەکەن، ئەمە پێی دەڵێن (ئینکۆمڤینیەش) بۆخەڵك، لەبەرئەوە دێت مەکتەبت بۆ دەکات، خەستەخانەت بۆ دەکات، یان ڕێگاوبانت بۆ دروست دەکات، یان ئەوەتا پارەت دەداتێ کە خۆت هاوکاری بکەی بۆ ئەوەی ئەو ئیشانە بەڕێوە بەرێت، لەبەرئەوە ئەمە پێی ناڵێین داهات، ئەمە داهات نیە، داهات مانای ئەوەیە کە تۆ شتێك دەفرۆشی و شتێك وەردەگری بە موقابل، ئەمە منحەیە، جا لەبەر ئەوە ئەوە مەعنای ئەوە نیە کە بشاردرێتەوە، مەعنای ئەوە نیە دەبێت ئاشکرا نەبێت، مەعنای ئەوە نیە ئەو مەشروعانە دەبێت سەرپەرشتیان لەسەری نەبێت، من باسی ئەوە ناکەم باسی ئەوە دەکەم کە دەڵێین داهات، با جیاوازیەکە بزانین کە داهات شتێکە و مەبەستێکی هەیە، ئەمە منحەیە، وابزانم پرسیارەکان لەسەر ئەو شتانە تێکەڵاو بووە، ئینجا لە باتی ئەوەی یەکە یەکە وەڵام بدەمەوە حەزدەکەم مەوزوعەکە باس بکەم، ئەگەر شتێکم لەبیر چوو دوایی بە تەئکید ڕوون دەبێتەوە، من دەمەوێت لە پێش هەموو شتێك باسی شەفافیەتی عەقدەکانی نەوت بکەم، من باسی بە تایبەتی پارەکە دەکەم، چونکە مەسەلەی ئەمڕۆ پارەیە و مەشاریعە،

چونكە باسی موازەنە دەكەین، لەبەرئەوە با بێینە سەر مەسەلەی جدیو جەوهەری كەچی لە عەقدەكان دا هەیە؟ ئێمە ساڵێك لەمەوپێش ئەوەمان بڵاوكردووەتەوە، لەم كتێبە تاوەكو مانگی حوزەیرانی 2009 هەرچیمان كردووە ئاشكرایە و لەوێ داندراوە بەڕێك وپێكی چ بە پارە چ بە مەشروع كە موقاول چی تەرخان كردووە بۆ مەنتیقەی عەقدەكە یان بۆ ئەو ناوچەیەی كە حكومەت دایدەنێ، هیچ نەشاردراوەتەو بەس بەداخەوە زۆر كەس هیچ ناخوێنێتەوە، ئەمە من سێ جار دابەشم كردووە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، ناردوومە بۆ مەجلسی وزەرا، ناردوومە بۆ بەغدا، لە ئیعلامدا لە سەر ئۆفسایدی هەرێمی كوردستان هەموو عالەمی نەوت ئەمەی دیوەو تێی گەیشتووە، بەڵام خۆمان تێی ناگەین كە دیارە، من ئامادەم دووبارە باسی بكەمەوە هەتاوەكو میللەت و جەنابتان كە مەندوبی میللەتن كە لێرە بزانن ئەو شتانەی هەمووی بە شەفافیەتە لە بیدایەوە و لە سەرەتاوە ئەو كتێبە هەبووە و پێش ئەوەش ئەوە هەبووە، مولەخەسی ئەو كتێبە لەگەڵ نەختێ ئیزافە كردن دوای ئەو مەرحەلەیە، لە دوو پەڕدایە لەناو كتێبەكە، ژمارەكانی هەمووی تیایە، من تەفاسیلەكە ناخوێنمەوە، هیوادارم ئەم جارە سەیری بكەنەوە، بەڵام مولەخەسەكەت دەدەمێ، ئەو مقدارانەی كە لە كتێبەكە دان، 610 بلیۆن........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك دەقیقە ئیجازە كاك دكتۆر، نوقتەی نیزامی هەیە، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان، جاری یەكەم كە هات ئەمەش جاری دووەمە كە جۆرێك لە سووكایەتی بە شارەزایی و لێزانینی ئەندام پەرلەمان دەكات، تكایە ڕای گرن!.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەتوانی تیكراری بكەیەوە كە چی گوت؟

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

با بڵێین تۆمەتبارمان دەكات بەوەی كە نەخوێندەوارین كە عەقدەكان ناخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا شتی وا نیە، نا نا شتی وای نەگوت، ببورە، جەنابی وەزیر سەماعەكەت هەڵگە و كەرەمكە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من باسی ئەوە دەكەم كە میدیا دەخوێنیتەوە كە هەمووومان سەیری دەكەین، بەداخەوە ئەوان وەكو تەسەموم شت بڵاودەكەنەوە كە ڕاست نیە بۆ میللەت، ئیشی ئێمەیە و ئیشی جەنابیشتانە، بەڕاستی

مەسئولیەت لەسەر هەموومانە ئەوەی کە ڕاستە بیڵێن، ئەوەی کە درۆیە بڵێین ئەوە درۆیە، مەبەستم ئەوەیە، مەبەستم ئەوە ئەندامی پەرلەمان لێرە نیە، هیوادارم کە ئەوە وا تێ نەگەیشتبی جەنابت، ئینجا وەکو گوتم لەو کتێبە مقدارەکان هەمووی دانراوە، ئەگەر گوێ بکەیتەوە ئەوەی بە پارەیە زۆربەی بە مەشروعە تەقریبەن سی و نیو تا چوار ملیار ئەوە مەشارعی موستەقبەلیە، شەریکات دێت پارەت ناداتێ تۆ ڕێك دەکەوێ لەگەڵی کە مەشروعی هەیە ئەویش مەشروعەکەت بۆ دەکات موقابل مقدارێك لە ئیلتزاماتەکەی کە لەوێ تەندەریش دەبێت سەرپەرشتی لەسەر بێ وەکو هەر ئەوەیە کە پارەی خۆت سەرف دەکەی لەگەڵیدا دادەنیشی و ئیتیفاق دەکەی، ڕێگاوبانت بۆ دروست دەکات، مەحەتەی کارەبات بۆ دروست دەکات، کە ئەوە ئیتیفاقی لەسەر دەکرێت و ئەوە موستەقبەلیە، پەیوەندی بە داهاتی موستەقبەلیشە بۆ شەریکەکان، ئەوەی کە پارەیە مقدارەکان ئەمانەن: شەش سەد و دە ملیار دۆلار پێی دەڵێن (سیڤیلێن) کە بۆ بونیەی تەحتی، سەدو سی و دوو پێی دەڵێن بۆ نەس، دوو سەد ملیۆن ئەوە بۆ شەریکەی تەلزمان تەرخانی کرد بوو کە بە پارە دانراوە، بەڵام تەرخان کراوە تایبەت بۆ مەشاریعی گەرمیان، دوو سەد ملیۆن بۆ شەریکەی کەی ئێن سی  ئەوەی کۆری دایناوە بۆ مەشروعێك کە حکومەت بڕیاری لەسەر بدات، دوای ئەو کتێبە تەقریبەن سەد ونەوەد ملیۆن دۆلاری تریش هاتووەتە پێشەوە کە ئیمزاکانی تەواو بکرێت کە ئەو پارەش دەڕژێتە ناو ئەو حیسابەش، نەگەیشتووەتە حیسابەکەوە، بەڵام ئیلتزاممان هەیە بۆی موقاویلەکەش ئیلتزامی هەیە بۆ ئێمە، ئەو مەجموعە تەقریبەن ملیۆنێك و سێ سەد و سی ملیار، یەعنی (1330) ملیار دۆلارە، ئیزافەتەن لەسەر ئەوەش سی و پێنج ملیۆن دۆلار قازانجمان کردووە لە دوو ئەسهومی دی ئێن ئۆ و شەریکەی هەریتز، ئەوەش لە عەینی حیسابەکە دایە، بۆ ئاگاداری هەموو خوشك وبرایان ئەوەش بخەرە سەری و دبێتە 1365 ملیۆن دۆلار، ئەم شێوەیە سەرف کراوە، حەزدەکەن بە هێواشی بیخوێنمەوە هەتا هەمو کەسێك ئاگادار بێت، 163 ملیۆن دۆلاری سەحب کراوە لەڕێگای حکومەتەوە، پێش ئەوە ئەو پارەیە چۆن دێت؟، دێتە شەریکەی بانکێکی عالمی خارجی، لەوێوە تەحویل دەبێت بۆ حیسابی هەرێمی کوردستان کە بەناوی وەزارەتی ئێمەیە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو پارەیەی کە هاتە ئەوێ من ئاگادارم کە موقاولەکە دەیداتێ حیسابی خارجی کە دێتە ئەو حیسابە لە کوردستان، تەحەمولی مەسئولیەتیش دەکەم لەسەر ئەو پرۆسەیە، هەتا ئاخر دۆلاری هیچ موشکیلە نیە، لەوێوە کە دەردەچێت پارەی من نیە و عیلاقەی بە وەزارەتی ئێمەوە نیە، بڕیاری لەسەر دەدرێت لە ئەنجومەنی وەزیران، عادەتەن ڕەئیسی وزەرایە یان نائیبی وزەرایە، بەیەکەوە و کەس بە کەیفی خۆی ئیش ناکات، بۆ چ مەشروعێك ئەو پارەیە دەردەچێت؟ بۆ چ مەبەستێك؟ ئەمرێکی بۆ دەردەچێت دەچێ مەشروعێك دەکات، بۆ مەشاریعە و دەبێت جاروباریش ئیتیفاق بکرێت لەگەڵ موقاولی نەوتەکە، مەسەلەن ئەوەی گەرمیان بە بێ ئەوەی تەلیزمەن بەشدار بێت دەرناچێت، ئەوەی کە دەنووسین بەبێ ئەوەی وتم موناقەشەی بکەین پارەکە دەرناچێت، جا با بێینە ئەو پایەی کە دەرچووە تا ئێستا بۆ مەشاریعی پێی دەڵێن موشتەرەك، چونکە ئێمە تاکو ئێستا دوو ئیدارەمان هەیە بۆ سلێمانی و

دهۆك، هەولێر، تەقریبەن كراوە بە نیوە، بۆ ئەوەی تەوازوون ببێت، تا 163 ملیۆن دۆلار سەحب كراوە بۆ مەشاریع پێی دەڵێن موشتەرەك، نموونەی ئەو مەشاریعانە لەلای من نییە ئێستا پێت بڵێم پێویست ناكات، بەڵام حەقی خۆتە كەبچیت بزانی ئەو سەدو شەست ملیۆنـە بەسـەر چـی سـەرف كـراوە، داوای ئەولـەویات بكە، تەبعەن مەسئوولیەت هەیە، كێ سەرفی كردووە؟، مەسئوولیەتی من نییە، بەڵام من دەزانم كێ سەحبی كردووە؟، چونكە پێم گوتراوە كێ سەحبی دەكات لەو رۆژەی كە سەحب كراوەو تەواو، ئـەوە ئیتیفـاقی مـن ئەوەی كـە ئاگـادار بم، دوای ئـەوە خـۆ مـن هـەموو حكومـەت بـەڕێوە نابـەم، كـە پـارە دەرچـوو دەچـێت بـۆ وەزارەتی تر، جیهاتی مەعنی تر، مەشاریع هەیە، ئیـدارە هەیـە، مەسـئوولیەت هەیـە، بـەڵام كـە مـن دەڵـێم ئاگـادارم 163 ملیـۆن دەرچـووە بـۆ مەشـاریعی حكـومی لـەو حیسـابە، حیسـابی موشـتەرەك، ئـەوەی كـە دەرچووە بۆ مەشاریعی خانووەكانی ئەنفالەكان، لە گەرمیان و لـە بـارزان، تەقریبـەن نـەوەد ملیـۆن دۆلارە، ئەویش بەنیوەو نیوە دەرچووە، تەرخان كراوە، دە ملیۆنی تـریش تـەرخان كـراوە كـە مەشـروعەكان تـەواو كرا، یەعنی مەجموعی دە ملیۆنە، نەوەد سەرف كراوە، دە ماوە سەحب بكرێت، ئەوە ئەو دووانە مەشاریعی مەشتەرەكن، ئەوەی كە دەرچووە بۆ دهۆك و هەولێر بە ئەمری سەرۆك وەزیرانی ئەو كاتە، بـۆ مەشـاریعی ئەو ناوچانە، (252)ملیۆن دۆلارە، بەشێك لەو مەشروعانە هێشتا تەواو نەبوون، (90)ملیۆن پارە ماوە كە تـەرخان كـراوە بـۆ ئـەو مەشـروعانە، بـۆ ئـەوەی پێیـی تـەواو بكـەن، بـۆ نموونـە یـەكێك لـەو مەشـروعانە گەورەیــە نزیكــەی (150)تــا (160)ملیــۆن دۆلارە، مەشــروعی ئــاوی دهۆكــە، ئــەو نزیكــەی (9)مــانگ لەمــەوپێش دەســتی پێكــردووە، تــا ئێســتا نیــوەی پارەكــە ســەرف كــراوە، (90)ملیــۆن دۆلار مــاوەو هێشــتا بەردەوامە ئەم مەشروعە، هیواداریـن كە تەواو ببێت و ببێـت بـە نموونەیـەكی جوان كـە ئێمـە تەقـدیممان كردووە بۆ ئەم وڵاتە، لـەڕێگای گرێبەسـتی نەوتیـەوە، بـۆ سلێمانی تەقریبـەن عـەینی شت سـەحب كـراوە، (230)ملیۆن دۆلار، ئەوەی كە سەرف كراوە تائێستا لەسەر ناوچەی گەرمیان نزیكەی (50)ملیۆن دۆلار بۆ مەشاریع سەرفكراوە، لەزمنی ئەو مەبلەغە هینی قەرزیشمانی تێدایە، یەعنی هەموویەتی كە باسی دەكەم، ئــەو مەجموعەیــە كەســەحب كــراوە، (735)ملیــۆن دۆلارە، ئەوەشــی كــەماوە تــەرخان بكرێــت بــۆ ئــەو مەشاریعانەی كە بۆی تەرخان كراوە، نزكەی (300)ملیۆن دۆلارە، یەعنی ئەوە زمنی ئەو مەشاریعانەیە كە بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوەی كە لـە موازەنـە مـاوە نزیكـەی (245)ملیـۆن لەگـەڵ (400)ملیـۆن دۆلار مـاوە هێشتا سەرف نەكراوە، ئەمە كاش لەلای حكومەتە، لێرە یان لە حسابی دەرەوە مـاوە، كـە پێویسـت بـوو بـە ئەمری حكومەت دێتە حسابەكەوە تەرخان دەكرێت بۆ مەشاریع، ڕەئی مـن بـۆ ئەمـە، بـا سـەهلی بكـەم بـۆ هەمووتان، من حەز دەكەم ئەو لیژنانەی كە هەتانەو موتابەعەی مەشاریع دەكات، مەسـەلەن مەشـروعێك لە پلاندانانندایە، لە وەزارەتێكی ترە، هەمان لیژنە یان لیژنەی تایبەت بـۆ ئـەم مەشـاریعانە دروسـت بكـەن، سەرپەرشتیان بكەن و موتابەعـەیان بكـەن، بـزانن كـێ عەقـدی كـردووە لەگـەڵ كـێ؟، پارەكـە چـۆن سـەرف دەكرێـت؟، چـەن سـەرفكراوە؟، حـەقی خۆتانـە كـە بـزانن، هـیچ موشـكیلەیەك نیـە، بـەڵام نەهاتووەتـە نـاو موازەنەوە، ئەگەر بێتە ناو موازەنەوە لە منحەكە ناوەكەی ئەگۆڕدرێت ئەبێت بەداهات، ئەگەر بوو بەوە تۆ

له 83٪ی ئەبێ حساب بکەی بۆ شوێنێکی تر، ئایا ئەوە مەسئولیەتێکە تۆ موستەعیدی تەحامولی بکەی؟ فەرموو بیکە ئەوە ئیشی من نیە، بەڵام غەڵەتە یەکەم: لەناحیەی عەقدەکەوە وا نەنووسراوە، عەقدەکە ئەڵێت مینحەیە، من پێت دەدەم موقابیل وەك تەعویز، چونکە من ئیش دەکەم لەوێ، کەمن ئیشم کرد خەڵك زەرەر دەکات، بۆیە منت دەمەوێت فوتابخانەیەك یان نەخۆشخانەیەکی بۆ بکەمەوە، یان ئاوەکەی بۆ پاك بکەمەوە، بیری بۆ بکەم، بۆچی دەیخەیتە سەر داهات تا لە 83٪ی بچێتە شوێنێکی تر، بەڵام ئەوە مەعنای نیە، ئەگەر نەچێتە موازەنەوە، نابێ کەس شارەزای بێت کە پارەکە چۆن سەرفکراوە؟، بەعەکسەوە ئەبێت شەفافیەتی زۆرتری لەسەر بێت، ئەبێ مقاولەکەش کە بەشداره، ئاگادار بێت کەچۆن پارەکەی سەرفکراوە؟، چونکە ئەویش ڕاپۆرتێکی دەوێت بۆ شەریکەکەی خۆی بڵێت من ئەوەم لەو وڵاتە کردووە، چونکە وەکو دیعایەیە بۆ ئەو، جا لەبەر ئەوە من حەز دەکەم و زۆر زۆریش دڵنیا بن، ئەم پارەیە کە هاتووە بۆ ئێرە یەك دۆلاری تاوەکو دەرچووە لەسەر حسابی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ مەشاریعی حکومەت، من تەحەمولی مەسئولیاتی دەکەم، لەسەر ئاخر دۆلاری، دوای ئەوە ئیشی من نیە، بەڵام من ئاگادارم کە سەحب کراوە، وتوویانە بۆ ئەو مەشروعەیە، بۆ ئەوی ترە، ئەو مەشروعانە ناویان هەیە، شوێنیان هەیە؟، ئایا قیمەتەکەیان ڕاستە؟، ئایا بە تەندەر کراون؟، ئایا شەفافیەتی تێدایە یان نا؟، ئایا مەشروع نیە، هەر ناوی هەیە بەبێ شوێن؟، ئەوەش ئیشی خۆتانە کە تەحقیقی لەسەر بکەن، من هیچ موشکیلەیەکم نیە منیش حەزدەکەم بزانم، بەڵام ئیشی من نیە بچم مەشروعێکی زراعی بدۆزمەوە، هیچ ئیشی من نیە بزانم مەشروعی ئاوەکە چی لێهات، ئیشی من نیە بزانم جسرێکیان کردووە یان نا؟، ئیشی من نیە بزانم مەحەتەی کارەباکە ئیش ئەکات یان نا؟، من وەزیری سامانە سروشتیەکانم لەمن مەپرسە ئەو پارەیە چی لێهاتووە؟، بەڵام لێم بپرسە ئایا هاتە حسابی حکومەت، پێت دەڵێم بەڵێ هاتە حسابی حکومەت؟، پێت دەڵێم بەڵێ هاتە وڵاتەکە، کێش دەری کردووە/ ئەوەشت پێدەڵێم، بەڵام من دوای ئەوە نازانم، من مەشغوڵم، ئیشەکەم زۆر گرانە، من حەز دەکەم لەوەزارەتی مالیە بپرسن تا ئێمەش نەجاتمان بێت لەوە، حسابەکە کە خەڵك پارە دەردەکات، با لەگەڵ وەزیری مالیە تەعامول بکات، لەباتی ئەوەی بۆ من ئاشکرای بکات، با بەوەزیری مالیە بڵێ (10)ملیۆنیمان دەرکردووە بۆ ئەو مەشاریعە، بەڵام تێکەڵی مەکەن، من نامەوێت مەشروعەکە تێکەڵ ببێت، لەبەینی داهات و موازەنە، کە ئیتیحادی دێت، لەگەڵ شتێکدا کە تۆ تێکەڵی دەکەی چەند حساب دەبێت لەسەرت، ئەبێ لە 83٪ بنێریتەوە بۆ بەغداد، ئێمە دەزانین هەڵبژاردنمان هەیە، بڵێ بەمیللەت من ئەمەوێت بیخەمە داهاتەوە، بەخوا دەنگێکت بۆ نادەن، ئەگەر من دەنگ، بدەم دەنگت بۆ نادەم، چونکە غەڵەتە، تۆ زەرەر لە میللەتی خۆت دەدەیت، بەعەکسەوە ئیشەکە بگۆڕە بڵێ ئەم پارەیە زۆر باشە، دەستان خۆش بێت، هیوادارم وا بڵێن، سوپاستان دەکەین وەزیری سامانە سروشتیەکان کە ئەمەتان هێناوە، ئەم مەشروعانە حەز دەکەین بزانین کە کێ کردوویەتی؟، لەکوێ کراوە؟، بەدوای ئەوەدا بگەڕێ؟، شەڕەکە لەسەر ئەوە بکە؟، من موشکیلەم نیە لەسەر ئەوە؟، بەڵام شەڕ

لەگەڵ من ئەکەی لەسەر پارەکە، وائەزانی پارەکە لە گیرفانی ئاشتی هەورامیە، ئەوە هەر مەعنای نیە؟، کاکە با دیفاع لەسەر خۆمان بکەین، با شەڕ لەسەر ئەوە دروست نەکەین، ئەمە لە ناحیەی پارەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لەبەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان دەکەم، کە هیچ تەفسیرێکی سیاسی و هیچ تەئویلێکی سیاسی، لەگەڵ وەڵامەکانیدا نەبێت، تەنها وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لێی کراوە، یەعنی قسەکانی نەچێتە خانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر نەچۆتە مەسائیلی سیاسیەوە، جوابەکەی ڕوون بوو، ئەڵێت با داهات نەچێتە موازەنەوە، بۆ ئەوەی لە 83٪ی نەوت بۆ ئەولا، جەنابی وەزیر ئەو پرسیارانەی کە کراون، جوابیان بدەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتیەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەو شێوەیە بۆیە وەڵامم داونەتەوە، چونکە ئەڵێن لە بەشێك لە پرسیارەکان ئاشکرا نیە؟، ڕوون نیە؟، ون بووە؟، نازانین چی بەسەرهات؟، یەعنی ئەوە مەعقول نیە، بۆیە وەڵامێکی تایبەتی دەوێت تا بۆیان ڕوون بکەینەوە، بۆ ئەوەی میللەتیش ئاگاداربێت، جەنابتان ئاگادار بن، کە ئەبێت بەدوای مەشروعەکاندا بگەڕێین، نەك بەدوای پارەکەدا،چونکە پارەکە ئەچێتە مەشروعەکە، بزانە مەشروعەکە چی بەسەرهاتووە، ئایا قیمەتەکەی ڕاستە یان نا؟، ئێستا باسی داهاتی نەوت دەکەین، داهاتی نەوتی خاو، داهاتی نەوتی خاو بۆ کوردستان، سفرە، نیە؟، نەوتمان نەفرۆشتووە؟، نەوتیش نافرۆشین؟، با ڕوونی بکەمەوە کە مەبەستەکەم چیە؟، ئێمە تەصدیرمان کرد بۆ ماوەی $(4 - 5)$مانگ، محاوەلەیەکمان کرد، لەمانگی حزیران تا مانگی 10ی ساڵی ڕابردوو، قیمەتی ئەو نەوتەی کە دەرچوو، نزیکەی بە موعەدەلی $(50 - 100)$ هەزار بەرمیل بوو، لەو قۆناغەدا، (سۆ مۆ)فرۆشتی، (سۆ مۆ)پارەکەی وەرگرت، دوایی ئێمە نازانین پارەکە چی بەسەرهات؟، بەچەند فرۆشراوە؟، لەکوێ پارەکە دانراوە؟، ئایا لەم موازەنەیەدا بەشدارین تێیدا؟، ئێمە ئاگادارنین و یەك دۆلاریشیان نەداوە بە موقاویلەکان، لەمن ئەپرسی داهاتی ئەو نەوتە چیە؟، من وەڵامەکەم ئەوەیە، جەنابتان دەبێ ئاگادار بن، ئەبێ دیفاع لەوە بکەن، لەباتی ئەوەی ئیتیهامی ئێمە بکرێ، کە ئەم نەوتەمان شاردۆتەوە، بڕۆ شەڕەکە لەگەڵ بەغداد بکە، بڵێ حصەکەم کوا؟، من ئەمە تەوجیهی هەموو برادەران و خوشکان دەکەم لێرەدا، نەك یەك جیهە یان شتێك، مەبەستەکەم ئەوەیە ئێمە

شەڕێکمان هەیە لەسەر ئەو شتەو ڕاستە، بەڵام شەڕەکە لەناوخۆ مەیکە، شەڕەکەی ئێمە لەگەڵ شوێنێکی تردایە، ئەبێ بڕۆین بڵێین ئەو پارەیە چی لێهات، لەم موازنەدایە کوا لە 17٪کەی ئێمە، بۆچی پارەی مقاولەکە نەدراوە؟، جا بابیینە سەر نەوتی خاو، کە تەصدیر ئەکرێت بۆ دەرەوە، ئەوە محاوەلەی ساڵی ڕابردوو بوو، محاوەلەی ساڵی تازە لەوانەیە جەنابتان ئاگادارین، ئێمە تەقریرێکی دوورو درێژمان بڵاوکردەوە، لەسەر ئەنتەرنێت، کە وەڵامێك بوو، سەرۆکی وەزیرانی ئیتیحادی تەصریحێکی دابوو، جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش دکتۆر بەرهەم، بەڕەسمی عەینی نامەی نارد بۆ بەغداد، بۆ ئەوەی کە ئێمە دایەلۆگێك بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم موشکیلەیە حەل بکەین، ئیقتراحمان کرد نەوت دەست پێبکاتەوە بە تەصدیر، بەشەرتێك مقاولەکان نەختێك کولفەیان بدرێتێ، تا دوای هەڵبژاردن حەلێکی تەواو بدۆزینەوە بۆ ئەم مەسەلەیە، ئینجا ئەگەر دەستی پێکردەوە، داهاتەکە دووبارە نایەتە لای ئێمە، حکومەتی ئیتیحادی وەری دەگرێت، مولزیمە کە بەشێك لەو پارەیە بدات بە مقاویلەکان، لە ساڤ عائیدات لەوێ ئەمێنێ، ئەگەر ئەو دۆلارە کە باسی دەکەن، پارێزگای مونتج حەقی هەیە، ئەبێ شەڕی لەسەر بکەین، ئەڵێین دەبێ ئەوە بێتە حسابی ئێمەوە، مەسەلەن ئەگەر ڕۆژی (200)هەزار بەرمیل دەربچێت، دەبێ هەرێم (200)هەزاری هەبێت، بەڵام با بگەینە ئەو قۆناغە، ئینجا بیکە بەداهات، بەڵام تەماشای داهاتێك بکەی کە لەسەر فەرەزیە، نە ئیتیفاق هەیەو نە تەصدیر هەیە، نە پارەش هەیە، ناتوانین ئەو دۆلارە بخەینە ناو موازەنەوە، بەڵام کە بوو ئەوە داهاتێکی ڕێك و پێکەو داویانە بەهەموو پارێزگاکانی تر، بە تەقدیری ئێمە ئەگەر بوو، نزیکەی ڕۆژی (200)هەزار دۆلارت بۆ ئەهێنێ، ئەوەش بخە سەر موازەنەوە ئەو کاتە، نەك ئێستا بیکەیت و دوایی دەری بکەیتەوە، شتێکی تریش وەك موژدە بۆ جەنابتان نەك ئەمەتان نەدیبێ، تەقدیری ئێمە بۆ نەوتی کوردستان، ئەمساڵ ئەگەر دەست پێبکەینەوە بەم (100)هەزار بەرمیلە، ئەبێ بە (200)هەزار بۆ کۆتایی ساڵ، داهاتی کوردستان بۆ هەموو عێراق نزیکەی (2)تریلیۆن و (750)هەزار دینارە، ئەمە دیارییەکی گەورەیە لە ئێمەوە بۆ حکومەتی ئیتیحادی کە لە 17٪ی دێتەوە بۆ ئێمە، بۆ ساڵی دووەم دەگاتە (8) دوایی (12) دوایی(18)بۆ چوار ساڵ ئێمە دەگەینە (5 – 27) ملیار دۆلار، ئەوە نیوەی موازەنەی عێراقە، ئێمە ئەو ئیشەی کە کردوومانە لەماوەی (2 – 3) ساڵی ڕابردوو ئەو ئەنجامەی هێناوە بۆ ئێمە، ئەگەر بۆ داهاتوو کێشە بێت ئێمە شتێکمان هەیە کە داهاتێکی تایبەتمان هەبێت، ئەگەر بوو لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی کەهیوادارم ببێت، تەبعەن هەموو ژیانی خەڵکی عێراق خۆش دەبێت، چونکە ئەو ئیشە باشەمان کردووە بۆ میللەت، بەڵام کە داهات، ئێستا داهات نیە، موستەقبەلییە، هیوادارم ئەمساڵ ببێت، بەزووترین کات بۆڕییەکان بکرێتەوە بۆ ئەوەی بڕوات، لەبەر ئەوە داهاتی موستەقبەلییە ناتوانین بیخەینە ناو موازەنەکەوە، بەڵام ئاگاتان لێیی بێ کە تەصدیر بوو، حسابی بۆ بکە، من هیچ موشکیلەم نیە لەسەر ئەوە، من خۆم یەکەم کەسم کە شەڕی لەسەر دەکەم، ئەوە بەنیسبەت داهاتی نەوت کە دەچێتە دەرەوە، داهاتی نەوت کە لەناوخۆ بەکاردێت، لە مەصفاکان و لە پاڵێوگە بچووکەکان، با ئەوەشتان بۆ باس بکەم، ئەو نەوتە تەبعەن لە کێڵگەکاتی تەوقی و تەقتەقەوە دێت،

کە مقاولی تێدایەو ئیلتیزاممان هەیە لەگەڵیان، ئەوەی کە دەچێت بۆ مەصفا بچووکەکان تەبعەن میقدارێکە، کە تەندەر کراوە، ئێمە (کوردۆ ئۆیڵ) نافرۆشین، نەوتی خاو نافرۆشین، ناهێڵین ئەوەی حصەکەی مقاویلەکە کە وەری دەگرین، هەموو دەبەین بۆ پاڵاوگە بچووکەکان، تەصفیە دەبێت و موشتەقەکانی دەفرۆشین، لەپارەی موشتەقەکان کە تەندەرە هەمووی، پارەی موشتەقەکان حصەی ( دی ئێن ئۆ) دەدەین لە نەوتی خاو، یەعنی بە عەینی نسبە کە موشتەقەکان دەفرۆشین، حصەی (گەنێڵ) دەدەین لە هەمان حصە، کەهەیەتی لە عەقدەکەی خۆیدا، صافی عائیدات، هی حکومەتەو ئەچێتە حصەی حکومەتەوە، لە وەزارەتی مالیە کراوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە، لە بانکی فیدڕاڵ بە دۆلار، ئەو حسابە تەبعەن پارەی کۆنی تێدا نیە، ئێمە ئەوە دوو مانگێك دەبێت دەستمان پێکردووە، تەقدیراتی ئێمە، ئەگەر بەردەوام بین لەو پاڵاوگانە، نەوتیان بدەینێ بەتایبەتی ئەوانەی کە ئیجازەیان هەیە، بەشێکیان هاتوون شتیان کردووە بەبێ ئیجازە، بۆ ئاگاداریتان ئێمە ئیجازەمان نەداوە بەیەك پاڵاوگە، وەکو وەزارەت، ئەوان ئیجازەیان لە شوێنی تر هێناوە، لە وەزارەتی پیشەسازییەوە لە پارێزگاوە، لە بەغدادەوە هێناویانە، بەشێکیشیان ئیجازەیان نیە؟، ئەوانەی کە ئیجازەیان هەیە، یان ئەڵێن ئیجازەمان هەیە، ئێمە وتوومانە باشە، بەردەوام دەبین بۆ ماوەیەکی کەم تا ئیسپاتی بکەن، ئەگەر ئەوە بەردەوام بوو بۆ ئەمساڵ ئێمە نزیکەی (200) تا (290)ملیار دۆلار، تەخمینی ئێمەیە وەکو داهاتی صافی بۆ هەرێم، بەڵام داهات نیە کە بەتەنها بەکاری بهێنێ، بەگوێرەی دەستوورو قانونی نەوت و غازی کوردستان، لە ماددەی (18) و (19) ئەگەر سەیری بکەین، ئەبێ ئێمە شەراکەتی ئەوە بکەین لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە لە 17٪ی بۆ ئێمەیە، یان ئەبێ هەمووی بکەینەوە موازەنەی ئیتیحادی لەوێوە بۆمان دێتەوە، جا لەبەر ئەوە تۆ ناتوانی حساب بکەیت بۆ هەمووی کە ئەو داهاتە هەمووی حەسریە بۆ هەرێم، دوو، سێ پاڵاوگەی ترمان هەیە، کەمێك حەجمیان باشترەو گەورە ترە، کە نزیکەی (2)هەزار بەرمیلن بە تەقریبی، یەکێك لە کەڵەکە، یەکێکی تر لە دیانایە، یەکێکی تر لە بازیانە، ئەمانە کولفەیان زۆرە، چونکە نەختێك موشتەقاتی باشتر دەردەکەن، کە پێویستیمان پێیە مەسەلەن کە گازوایل دەردەچێت یەکسەر دەتوانین لەم مەصفیانە بەکاریان بهێنین بۆ وێستگەی کارەبا، دوایی باسی ئەوەش دەکەم، کە دەچێتە وێستگەی کارەبا، تەبعەن بەبێ موقابیلە، ئێمە ناتوانین پارە لەحکومەت وەربگرین بەرامبەر بەمە، بەڵام ئێمە نەوتەکە ئەکڕین لە (DNO)و گەنێڵ حصەکەی ئەوان، ئەوەمان هەیە بەبێ موقابیل، بەڵام موشتەقەکان نەختێك پارەیان زۆرە، بەڵام کولفەی تەصفیەیان هەیە، یەعنی کورت و موختەسەر، ئەگەر هەمووی حساب بکەین بەو شێوەیە تەقدیر بە کەفائەت ئیش بکەن، لە داهاتی ئەو موشتەقانە هەمووی تەقریبەن 200 ملیۆن دۆلارە، بەڵام ئێمە کولفەی 200 ملیۆن تەتویری حەقی خۆرماڵیشمان هەیە، یەعنی تەقریبەن کەنسەڵ ئەبێتەوە، سفر بە موقابیل و سفر بە داهاتن بەڵام دوای چەند مانگێك کە مەحەتەی غازەکە لە مەنتیقەی خۆرماڵ بەرز ئەبێتەوەن پێویستمان بە گازوایل کەم ئەبێتەوە، ئەوەی ئەتوانین بفرۆشینن ئەگەر ئەوە فرۆشرا ئەبێتە داهاتی حەقیقی بۆ ئێمە، داهاتی کوردستان ئەو وەختە ئەبێتە تەقریبەن

300 ملیۆن دۆلار، چونکە کولفەکەمان ئەوەی کە ئەدەین بە بەلاش بە کارەبا کەم ئەبێتەوە، لەم مەرحەلەدا ئێمە چەندمان قازانج کردووە بۆ وەزارەتی کاربا؟ ئەگەر ئەم ئیشەمان نەبوایە، کە بەبەلاش ئەمە بکەین بۆ وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی کارەبا مەجبوورە تەقریبەن ساڵی رابوردوو 700 تا 800 ملیۆن دۆلار بووە، تەبعەن ئێستا دوو مەحەتەی ئیزافی ئیشی کردووە، دوو وەحدەی ئیزافی دەگاتە تەقریبەن ملیارێك زیاتر، کە بە دۆلارە، بەڵام ئێمە لە ماوەی چەند مانگێکدا پێویستمان بە گازوایلەکەش کەم ئەبێتەوە، قازانجیش دەکەین لە گازوایلەکە، کولفەی حکومەت لە کارەبا تەقریبەن دەبێتە سفر، هی کارەبا، یەعنی ئیجمالی ئەگەر هیچمان نەبوایە، ئیجمالی کولفەی کرینی گازوایل لە دەرەوە بە سیعری بازاڕ تەقریبەن 1,4 بلیۆن دۆلار کولفەی حکومەتە، لە ماوەی سێ، چوار مانگدا ئەوە دەبێتە سفر بۆ ئەم ساڵە، بەڵام بەردەوامین، ئەوە ئینجازی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە، ئەگەر ئەمە نەبوایە تۆ موازەنەکەت لە ملیارێك کەمتر دەبوو، حیسابی ئەوەش بکە، هەروەها داهاتی 300 میۆن دۆلاری ئیزافیشمان حیساب کردووە، بەڵام ئەوەش ئەبێ لە زمنی ئەوە بێ لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بێ، ناتوانین بێ ئەواون، بەڵام رۆژە لەوانەیە حکومەت ئیتیحادی بڵێ ئێوە زۆرتان سەرف کردووە لەسەر غاز و بە بەلاش وەرتگرتووە، ئایا ئەوە مەعقولە یان نا؟، من بۆ ئەوەی شتێك لە موستەقبەل ئێمە حەلی بکەین بەینی ئێمە و حکومەتی ئیتیحادی، چونکە هەموو موحافەزەکان شتی وا ئەکەن، بەڵام ئەبێ تەوازونێك هەبێ بەینی ئێمە و بەینی ئەوان، ئەوە ناحیەی کارەبا، جا بۆ تەخمینی کارەبا ئێمە هینەکمان دانا بوو ئەو سێ، چوار مانگەی داهاتوو، کولفە هەیە بۆ گازوایل، چونکە ئەوەی کە ئێمە هەمانە بەش ناکات، بەڵام دوو، سێ مانگی تر کەم دەبێتەوە و ئەبێ بە سفر، جا لەبەر ئەوە ئەبێ موقارەنە هەبێ ئەوەی تەخمینمان کردووە، ئەوەی تەخمین کراوە بۆ وەزارەتی کارەبا موتەناقز نەبن، من نازانم ژمارەکەی ئەوان چەندە و ژمارەی ئێمە چەندە، بەڵام ئەبێ ئەوە بەراستی سەیری بکەی کە حەقیقی بێت، نەك ژمارەیەکی گەورە بێت یان بچووك بێ، ئەوە بە نیسبەت مەصفا بچووکەکان و بەکارهێنانی نەوت لە رێگای ناوەخۆ، موشتەقەکان چیان بەسەر دێ؟، ئەو موشتەقانەی کە دەردەچێ، بەشێکی دێتە بازاڕی کوردستان، وەکو مەسەلەن گازوایل ئەچێتە مەحەتەی کارەبا، بەشێکی تریشی ئەچێتە بازاڕی کوردستان و ئەفرۆشرێتەوە و پێویستی پێی هەیە، و بەشێکی تریشی ئەچێتە دەرەوە بەرەسمی هیچ موشکیلەمان نیە، موقاول ئەیکڕێ بە 300 یان 350 دۆلار بە تەن بۆ فیۆ ئۆیل، لە صومۆ ئەیکڕێ بە200 ، ئێمە بە گرانتر ئەیفرۆشین، بە رەسمی ئەیبات و ئەو داهاتە داهاتی حکومەتیە وەکو ئەوەی باسم کرد، ئێمە بەو شێوەیە موعادەلەکە هین ئەکەین کە پارەی هین ئەدەین و پارەمان بۆ دەمێنێتەوە و قازانج دەکەین و ئەتوانین گازوایلەکە بەکاربێنین بۆ مەقابیل بە وەزارەتی کارەبا، ئینجا لەبەر ئەوە من دەمەوێ دووبارەی بکەمەوە لێرە کە نەوتی خام دەرناچێ بۆ دەرەوە، قەدەغەیە، دژی قانونی ئێمەیە، قەت موستەحیلە کە ئێمە رێگای بدەین، بەڵێ تەنکەر دێت و ئەڕوات، دوو جۆر تانکەر هەیە، ئەوەی کە ئێمە ئیجازەی پێ ئەدەین بە رەسمی کە ئەو نەوتە رەشە یان ئەو نەوتەی کە ئەکرێ لەو پالاوگانەی ئێمە، دەیباتە دەرەوە و لە ئێران ئەیفرۆشێ

بەرەسمی لیسنسی ئێرانی هەیە و لیسنیس ئێمەشی هەیە، بەڵام خەڵکی تریش هەیە کە نەوتی دێنن و دەبەن بە صۆمەوە، پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، ئەوە ئیشی گەمارگە، ئەگەر ئیجازەیان هەبێ ئەوە ڕێگایان پێ ئەدا، ئیجازەیان نەبێ وا بزان ڕێگایان پێ نادا، بەڵام گومرگیان لێ وەردەگرن و تەواو، ئێمە سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیە ناکەین کە خاریجی صەلاحیەتی وەزارەتەکەی ئێمەیە، هیوادارم مەسەلەی داهات و ئەو شتانە روون بێتەوە بۆ هەموو لا، با بێمە سەر مەسەلەی  چەند شتێك و چەند پرسیارێك کرابوو نەوەك وەڵامم نەدابێتەوە، پرسیاری یەکەم ئەوەبوو هی ڕۆژەکانی پێشوو، بۆ داهاتی گرێبەستەکانی نەوت لە بودجە دیار نەکراوە، وە بزانم کە وەڵامم داوەتەوە کە دوو بەشە، ئەوەی کە مینحەیە باسم کرد و ئەوەی کە نەوتە و موشتەقاتە باسم کرد، داهاتی نەوتی ڕەش بۆ دیار نیە لە بودجە؟، باسم کرد، داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاوی کوردستان لە ماوەی رابوردوو چی بەسەر هات؟، باسم کرد کە یەك دۆلارمان وەرنەگرتووە، هەمووی چۆتە بەبەر صۆمۆوە و چوویتە بۆ حکومەتی ئیتیحادی، لەبەر چی یەك دۆلار تەرخان ناکرێ، باسم کرد کە یەك دۆلار ئینتاجمان نیە بۆ ئەوەی یەك دۆلار وەربگرین، حەقی خۆمانە ئێمەش وەریبگرین وەکو موحافەزەکانی تر، تەبعەن دۆلارێك وەربگرین لە ئینتاجی داخیلی ئەتوانین سەیری ئەوە بکەین، لەوانەیە دۆلارێك لەوەی کە دەردەچێ داخیلی ئەوەی بکەین، بەڵام زۆر نیە ئەوەی ئینتاجی داخیلی، جگە لە 5 ملیار دۆلاری گرێبەستەکان کە دیار نیە، هیوادارم کە دیارم کردبێ ئەم جارە، ئێستاش لە زمنی ئەوە باسمان کرد کە 13 ملیۆن نیە، 35 ملیۆن دۆلارە بەینی هەردوو ئەسهومەکە کە باسمان کرد وەختی خۆی مانگی 9 و مانگی 10 ئێمە باسی هەموو شتەکانمان کرد، ئەو داهاتەی کە بودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دیار کراوە لە بودجەی 2010 زۆر کەمە، ئێمە داهاتمان نیە لەبەر ئەوەی کەمە، هیچ نافرۆشین، هەر ئەوەی کە پێشانمان نەداوە، ئەوەیە کە دامانناوە لە حیسابێك بکرێ کە لە وەزارەتی دارایی بێت لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی تەصفیە بکرێ، ئێمە ناتوانین بیکەینە داهاتی ئێمە، بیکەینە داهات دەبێ بچێتە موازەنە، ئەتوانی لەوانەیە لە 17٪ بخەیتە ئەوێ، بەڵام بەراستی لەوانەیە کێشەیەك بۆ خۆت دروست بکەیت، باشتر ئەوەیە کە ئێمە یاسای تەوزیعی عائیدات وەکو ماددەی 112ی دەستووری عیراق، ئیتیفاقی لەسەر بکرێ، جوانە و بەم شێوەیە پارەکە وەربگرین، نەوەك حیصەی خۆمان وەربگرین و حیصەی بدەینە ئەوان، چونکە ئەوە ئەبێتە کێشە بۆ ئێمە، باشترە هەموو دابنێین و دەستکاری نەکەین و بەکاری نەهێنین و حیسابی بۆ نەکەین، بەڵام لەوێ دەبێ بە شەفافیەت لە وەزارەتی مالیەی بەغدا تەصفیە بکەین رۆژێك، هیوادارم بەم زووانە دوای ئینتیخابات، پرسیارێك وابزانم کاك شاهۆ بوو، 5 ملیارەکە بخرێتە بودجە، بەراستی ئەوە فیکرەیەکی باش نیە، بەڵام ئەبێ شەفاف بین لە چ مەشروعێك بەکار دەهێندرێ، هەروەها پێشنیار بوو لەسەر ئەوە وا بزانم خوشکە نەسرین بوو، کاك نەریمان عبداللە وتی، نەوت گرنگە و هیچ داهات دانەندراوە، وا بزانم ڕوونمکردەوە، خوشکە ناسك پرسیارێکی تری هەبوو کە 800 نەوتی سپی حیساب بکە بۆی بە 100 لتر، چ قازانجی تێدایە، ئێمە ئەو قازانجە لای ئێمە نیە، وەزارەتی مالیە حیسابی بۆ ئەکات، ئەوان روونی دەکەنەوە بۆ ئێوە، ئەوە وا بزانم بە صافی ئەفرۆشرێ،

قازانجی تێدا سفره، بەڵام ئێمە نەختێك كولفەمان هەیە و ئەو كولفەیە دێتەوە لای ئێمە و حیسابی بۆ كراوە، لەبەر ئەوە هیچ داهاتمان نیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، پێشنیارێك كرابوو، وا بزانم كە كاك خەلیل عوسمان بوو، داهاتی نەوت لە ناوچەی عەقدەكان سەرف بكرێ، پێشنیارێكی زۆر باشە، وا بەتامایین ئەوە بكەین، بەڵام داهاتی نەوت، ئێمە باسی مینحەكانی عەقدەكان دەكەین، تەبعەن ئەوە بۆ ئەمە تەرخان كراوە و دەبێ لەوێش بێ، ئەو نزیكی ئەو مەنتیقانە بێت یەعنی، پێشنیارێك هەبوو، دوو هەزار شارەزا هەن بۆ دانەمەزراون لە وەزارەتی ئێمە، وەزارەتی ئێمە وەزارەتێكی سەرپەرشتی ئەكات، 2000 موەزەف تازە ئەهێنی چی بكات؟، ئێمە 38 مقاولی شارەزامان هێناوەتە وڵاتەكە لەگەڵ 30، 40، 50 شەریكاتی خەدەماتی تر لەگەڵیانن، با بڕۆن لەوێ ئیش بكەن، دێن بۆ لام، من بۆیان باس دەكەم، هاوكاریان دەكەم كە بچن ئەو شەریكاتانە تەعینیان بكەن، راتبی باشتریان ئەدرێتی، تەدریبیان پێ ئەكەن، شتی فێر ئەبن، بۆ موستەقبەل ئەبن بە مودیری ئەو شەریكانە، ئەگەر بێنە لای وەزارەتی سامانە سروشتیەكان هیچ فێر نابن، كولفەش لەسەر حكومەت بەرز دەبێتەوە، ئەوە مەعنای نیە، ئەبێ حەلیان بۆ بدۆزینەوە، حەلەكە ئەوە نیە كە تەعینیان بكەین، حەلەكە ئەوەیە هاوكاریان بكەین بۆ ئەوەی ئیش بدۆزنەوە، ئەم نەشاتە بەرزە هەیە لە وڵاتەكە بە ناوی نەوت و غازەوە بۆ ئیشیان نیە، پرسیارێكی باشترە، ئیشی منە كە هاوكاریان بكەم بۆ ئەوەی ئیشیان بۆ بدۆزمەوە و بچن لە شەریكەكاندا ئیش بكەن، بەردەوامیشین لەسەر ئەوە، تەقریبەن چەند كەسمان ناردووە بۆ زەمالات و شەریكەكان كە ئیش بكەن، ئەوانەی كە لە مەصفا لە لای ئێمە تەعین كراون، ئێمە مەحاوەلە ئەكەین كە بچن لە مەصفاكان ئیش بكەن، بۆ مەصفای ئەهلی با لەوێ تەعین بكرێن، ئیش بكەن، ئەوان پارە ئەدەن، بۆ بێنە لای ئێمە و پارە وەرنەگرن، كە فێر نەبن، وا بزانم خوشكە كوێستان محمد پرسیارێكی لەسەر مەصفای كرد، بە بێ مۆڵەت، وا بزانم ئێمە تەقیمان كردووە، تەقریبەن نیوەی زیاتر مۆڵەتیان هەیە، نیوەیان ئاشكرا نیە، ئێمە دەستمان پێ كردووە كە تەجهیزیان بكەین و كە بەكاریان بێنین و موشتەقات دروست بكەین، ئەوانەی كە مۆڵەتی پێشان نەداوە، لەسەر وەرەقەیەك راستە یان راست نیە، ئێمە تەقیمی تەواومان نەكردووە، ئەوەی كە پێشانی نەداوە ئەوانە ئێمە رەفزمان كردووە و ئیشیان نادەینێ، چونكە پێشانی داوە ئێستا لە ماوەی مانگێكە و مانگ و نیوێكە لێژنەمان دروست كردووە، تەدقیقی یەكە یەكە ئەكات، ئەگەر ئاشكرا بوو مۆڵەتەكە تەواو نیە، دەیوەستێنین، ئەوە پرۆسەكەمان داناوە بەو شێوەیە ئیش دەكەین، هەروەها وا بزانم پرسیارێكی تر بوو، ئەویش داهاتەكان چین، وەڵاممان دایەوە، بەڕێز عمر صدیق هەورامی، ئەویش داوای كردووە كە داهاتی نەوت روون بكرێتەوە، هیوادارم كە روونم كردبێتەوە، ئەگەر روون نیە پرسیار بكەن با روونی بكەمەوە، ئیزافەی ئەكەم، عەینی پرسیار لای دانا سعید صوفی بووە، زۆر سوپاس، پرسیارێكی خۆش هەیە لە لیستی من، عیجزی ئەو میزانیە، وا بزانم عیجزێكمان هەیە لە میزانیە، وەزارەتی سامانە سروشتیەكان تەحەمولی بكات، عیلاجی بكات، بەسەر چاو، من پێم وتن تەقریبەن 400، 500 ملیۆن دۆلار ماوەتەوە، هێشتا سەرف نەكراوە بۆ مەشاریع، ئەگەر وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان چەند مەشروعێكی بونیەی

تەحتی لە میزانیەی ئیستیسماری دەربکەن، بۆ ئەوەی ئەم موقاولانە تەجهیزی بکەنن هیچ موشکیلەم نیە، ئەمە بۆ وڵاتەکەیەن ئەم پارەیە پارەی وڵاتە، ئەوە هیچ موشکیلەم نیە، بەڵام مەیخەرە ناو داهاتەوە، مەشروعەکان دەرکە، پارەکە بێنە لای مەشروعەکە، چونکە ئەو وەختە بیکە بە داهات، مەشروعەکە لاببە و سەرپەرشتی بۆ دابنێ، بەڵام دەبێ بونیەی تەحتی هەبێت، چونکە ئێمە ناتوانین بڵێین نەفەقات بدەن بە موقاول و دوایی دەبێتە کێشە، ئەبێ مەشروعێکی تایبەت بێ، مەسەلەن 20 مەکتەبت بۆ دەکات؟، موشکیلە نیە، خەستەخانەیەکت بۆ دەکات، دەری بکە و بیخەرە سەر مەشروعەکەی کە ئێمە پارەمان هێناوە، ئەوە موشکیلە نیە، ئەوە بەو شێوەیە تەوازونی موازەنەکەی دەکات، چونکە تەقریبەن 500 ملیۆن دۆلار هەبێ، ئینشائەڵا بەردەوامین لەسەر هێنانی ئەو پارەیە، بەشکو ئەم ساڵە 500 تریش بێنین، ئەوەش کە ماوە لە بونیەی تەحتیەکە و بەکارنەهێنراوە ئەوەی مەشروعەکان کە 3 ملیار و نیو تا 4 ملیارە، ئەوەش حیسابی بۆ دەکرێ، ئەوەش بەشێکی داهات دەبێ بۆ شەریکاتەکان کە تەصدیر بوو، مەسەلەن (DNO) 150 ملیۆنی تەرخان کردووە، تەلیزمەند 180 ملیۆنی تری تەرخان کردووە، کە ئیسباتی هەبوو و ئەویش دائەنێ، شەریکەك هەیە نووسی 2 ملیاری داناوە، تەقریبەن لەسەر یەك مشروعی تەرخان کردووە، تەقریبەن 700 ملیۆن دۆلارە وا بزانم بۆ وەزارەتی کارەبا، تەبعەن ئەبێ سەرپەرشتیەکی تەواوی هەبێ ئەم مەشروعانە، باقیەکەی کە ماوە با بەشێکی، با زۆربەی، با هەمووی بەکار بینین بۆ بونیەی تەحتیەکەمان، لەبەر ئەوە هاتووە، لەبەر ئەوە من دامناوە، دامنەناوە بۆ ئەوەی بچێتە حیسابێکی تایبەتی کەسێکەوە بۆیە، ئەوە ئێمە ئەڵێین هاوکاری دەکەین لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەتی پلان دانان کە پێمان بڵێن کام مەشروع لەگەڵ مقاولەکە باس ئەکەین و بزانین کامەیان بەدڵە، ئەوە ئەکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشدار بن لە مەشروعەکە، با شەفافیەتێکی تەواوی تێدا بێ، باس کراوە کە گفتو و گۆ هەیە لە بەینی حکومەتی فیدراڵ و ئێمە لەسەر ناردنی نەوت بۆ دەرەوە، گفتو و گۆ لەوە زیاترن ئەو نامەمان بڵاوکردەوە و جەنابی کاك بەرهەم ناردوویەتی بۆ نوری المالکی، زیاتر نیە و هەر تەصریحات بووە، بەڵام ئێمە هیچ بە رەسمی جوابمان نەدایتەوە تا ئێستا، هیوادارین تەصریحەکان ئیجابیە و ئێمەش ئیجابی قسە ئەکەین، هیوادارم بە جیددی بێنە پێشەوە و بیکەین، ئەم وڵاتە پێویستی بە حەلە لە ناحیەی نەوتەوە، پێویستی بە حەلە، بەڵام حەل مانای نیە مەصلەحەی مەصیری کورد ئەوەی لە دەستوور داندراوە، ئێمە تەسلیمی بەغدای بکەینەوە و کە ببێتە مەرکەزی ئەوە، هەر ئەو حەلە هەیە، ئەگەر ئەوە حەل بێت، ئەوە شەڕی هەمووتانە، لە موعارەزەوە تا حیزبی حاکم، هەمووتان تەحەمولی مەسئولیەت دەکەن، بەڵام بۆ میللەت ئایا ئیشێکی باشتان کردووە کە پارێزگاری ئەم مەسیرەی کوردستان، چونکە 50، 60 ساڵە کراوە و هەزاران کەس شەهید بوون، نەتیجەکەی ئەم دەستوورەیە، ماددەیەکی جوانی تیایە، بەرژەوەندی میللەتی کوردی تیایە، گرنگتر لەوانە دوای ئەوە بەڕاستی یەعنی لەلای منەوە وەکو ماددەی 140 تەقیمی دەکەم، لەوانەیە گرنگتریش بێت بۆ دواڕۆژ، موستەقبەلی مەسیریە بۆ میللەتی کورد با ئیشارەت لە نێوان ئێمە بێت لەگەڵ ئەوانەی کە دەیانەوێت بەرژەوەندی کورد بکەنەوە، با بیبینەوەو با

بێتەوە کوردستان شەڕی لەسەر بکەن، شفافیەتی دابنێ، بەلآم ئێستا شەڕێك لەسەر شتێك بکرێت، کە هێشتا نەهاتۆتە دەستمانەوە، ئێمە کەی ئیستیفادەی لێ دەکەین، دوژمن ئیستیفادەی لێ دەکات، ئەمە زۆر زۆر گرنگە، ئێمە پلانێکمان هەبێت لەناوخۆماندا، ئەگەر موعارەزەین، ئەگەر حزبی حاکمین، نازانم چین موحایدین سەیری میللەت بکات، ئایا بۆ ئێمە باشە؟ یان نا؟ زۆر سوپاستان دەکەم، وابزانم هەموو شتێکم باس کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بوون، پرسیار نییە، ئێوە قسەتان کرد، ئەبەدەن هەموو ئێوەی بەڕێز یەکە یەکە پرسیارتان کرد، وەلآم درایەوە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لەو روون کردنەوەیە دەکەم بەڕاستی کۆمەڵێك شت لە لامان وازیح بوو، کە کۆمەڵێك پرسیاری وروژاند، دیارە ئەو پرسیارانە من هەڵدەگرم سێیانیان بۆ وەزیری دارایی و ئابووری، چونکە دەرکەوت ئەم داهاتە چۆتە وەزارەت، بەلآم بەڕێزیان دوای پرسیارەکان بە نووسین بۆت ئاراستە دەکەم جەنابی وەزیر، بەڕێزیان دیارە ئەو داهاتەی کە لە جەلسەی رابردوو باس کرا پێنج ملیۆن دۆلار، ئێستا ئەوەی جەنابت باست کرد، ملیارێك و سێ سەدو شەست و پێنج ملیۆنە، من پێم خۆشە جەنابت ئەو روون کردنەوەیەتدا کە نەیەتە سەر بودجەی هەرێم، بەلآم ئەو باقیەی لە کوێیەو دەتوانرێت حکومەت رای بکێشێت بۆ پرۆژەو ئەوانە، ئەو باقیە سێ ملیارو شەش سەدو سی و پێنج ملیۆن دۆلارەکە، پرسیارەکەی تر کە وەلآم نەدرایەوە، بەڕێز جەنابی وەزیر، جەنابت خۆت ئیشارەتت پێدا کە ئەو نەوتە ساڵی رابردوو هەوڵ دراوە هەندێك نەوت فرۆشراوە، ئەمە چۆتە مەرکەز، یان داهاتەکەی بۆ خۆمانە؟، زەحمەت نەبێت ئەگەر لەلای خۆت بنووسی، دوایی وەلآم بدەیتەوە، جگە لەوەی کە بە رەسمی ئێوە نەوتی خاوتان ناردووە، ئەوە جەنابت ئیشارەتت پێدا، بەلآم ئەو نەوتەی کە بە قاچاغ دەڕوات و ئێستاش دەڕوات، ئێستا لەم لەحزەیە لە باشماغ دەڕوات، من سێ ساڵ پێش ئێستا بەم چاوانەی خۆم بینیومە پار بە چاوی خۆم لە مانگی هەشت بینیومە، ئێستاش لەم لەحزەیە بە تەلەفۆن قسەمان کردووە لە باشماغ دەڕوات، ئەمە داهاتەکەی لە کوێیە؟ مەسەلەی ئەو مەسفایانەی کە من دوێنێ پرسیارم کرد، ئەم مەسفایانە هی کێن؟ ئایا هاووڵآتیەکی ئاسایی دەتوانێت مەسفا دانێت؟ من بۆخۆم بە دواداچوونم بۆ کردووە دوو ساڵ پێش ئێستا، چوومەتە سەر مەسفایەکان رەسمم گرتووەو راپۆرتمان لەسەر ئامادە کردووە، بەداخەوە خولی پێشوو نەیانخستە بەرنامەی کارەوە ئەمەی گفتوگۆ بکەین، ئەم مەسفایانە کۆمەڵێك بەرهەمی هەیە، ئەم بەرهەمە، بەشێکی ئەم بەرهەمە ئێمە دوای ئەوەی بەدواداچوونمان بۆ کردووە، بەرهەمی کوالیتی تەواو نییە، هەندێکی بەدواداچوونمان بۆ کردووەو قسەشمان لەگەڵ بەڕێزتان کردووە، کە کوالیتی تەواو نییە، کە وایە بۆ دایناخەن؟ جگە لەوە ئەم مەسفایانە هی کێن؟ من دڵنیام هاووڵآتیەکی ئاسایی ناتوانێت مەسفای

نەوت دابنێت، ناتوانێت نەوتی خاوی بۆ پەیدا بکات، ناتوانێت ئەم بەرهەمە بخاتە بازاڕەوە، کە کوالیتی تەواو نییەو بەرهەمەکانی ساغ دەکاتەوە، ئەم داهاتە ئێستا لەکوێیە؟ داهاتی ئەم مەسفایانە، بەشێکی روون کردەوە جەنابت مەسفا گەورەکان، کە دەچێتە کارەباو ئەوانە، بەلاَم مەسفا بچووکەکان کە باست کرد بەرهەمە خراپە کەی دەخاتە بازاڕەوە، کوا داهاتەکەی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر وەلاَمی بدەوە، تکایە گشت ئەو پرسیارانەی کراوە وەلاَم بدرێتەوە، هەر کەسێك پرسیارەکەی وەلاَم نەدرا بێتەوە، تکایە لە وەرەقەیەك بینووسێت، بۆ ئەوەی بیخەینە بەردەستی بیخوێنێتەوەو جوابتان بداتەوە، چونکە هەر کەسێك هەڵستێت دە دەقیقە قسە بکات، ئەوە نابێت، هەر بەڕێزێك پرسیارەکەی وەلاَم نەدراوەتەوە بە کاغەزێك ئێستا بینووسێت و بینێرێت وەلاَمی دەدرێتەوە، غەیری ئەوە نییە، کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەو و پرۆگرامدا هاتووە دەڵێت لە کاتی وەلاَمدانەوەی وەزیر بۆ پرسیاری پەرلەمانتاران، بۆ پەرلەمانتاران هەیە پرسیاری تر لە جەنابی وەزیر بکەن، بۆ ئەوەی روون کردنەوەی تەواویان بۆ ببێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە جەلسەی پرسیارە، ئەمە جەلسەی موازەنەیە، تکایە نابێت، چ پرسیارت هەیە بنووسە، چ پرسیارتان هەیە بە نووسین بنووسن بەسەرچاو، کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، من بەو پێیەی ئەندامی لیژنەی پیشەسازیم، حەقی ئەوەمان هەیە بە رەئی من وەکو بەلایەنی کەمەوە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشە نییە، پرسیارت هەیە بنووسە، نابێت کاکە نیزام هەیە، کاکە فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلالەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك مەوزوع هەیە ئیشکالیەتێکی گەورەی دروست کردووە، بەڕاستی لە لای ئێمە لە لیژنەکەی خۆمان لیژنەی وزە، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان باسی ئەوە دەکات، کە ئەمساڵ نزیکی تا یەك ملیار دۆلار سووتەمەنی بۆ وەزارەتی کارەبا تەمویل دەکەن، بەلاَم وەزارەتی کارەبا بە هەمان شێوە بە ئێمەیان راگەیاند، کە تریلیۆنێك و شەست و پێنج ملیار دینار یان لە بودجەی ئەوان داوە بە وەزارەت.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پرسیارەکە بنووسە، با وەڵامت بداتەوە، هەر پرسیارێکت هەیە، ئێستا موناقەشە نییە، پرسیارتان هەیە، پرسیارەکانتان وەڵام نەدراوەتەوە لەسەر کاغەزێك بە وردی بنووسە، با وەخت نەکوژرێت، ئەگەرنا هەتا دەی شەو هەڵناستین، حەز دەکەم باش بزانن، هەتا ئەم وەزیرانە ئەمرۆ هەمووی دەبێت تەواو بێتن هەر هەمووی، ئینجا چەند پرسیار بکەن، بەردەوام دەبین، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەك ئەگەر لێم وەرگری وەکو پەرلەمانتارێك، هەر برایەك، یان خوشکێك هەڵدەستێنی و خۆت مۆڵەتی دەدەیت و ئیجازەی دەدەیت قسەکەی تەواو بکات، دوای ئەوە کە دانیشت ئەگەر نیزامی نەبوو، پێی بڵێ نیزامی نییە، ئەوە تێبینیەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی نەبێت قەتعی دەکەم، دەبێت دابنیشێت، تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە قسە دەهێنێت، ئێستا مەجموعەیەك پرسیاری تری ورووژاندووە، لە کوێی نیزام داخیلی هەیە ئێمە بە نووسین ئاراستەی جەنابی وەزیری بکەین؟ لە کوێ وەڵاممان دەداتەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ پرسیار دەکەیت بۆ ئەوەی وەقتەکە کەم بێت، بە تەنزیم بینووسە دەیخەینە بەردەستی، پرسیارەکە بخوێنێت و وەڵامیشت بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەم سێ بەش بوو، داهاتی نەوتی قاچاغ، ئەگەر قاچاغ بێت بڕوا ناکەم بتوانی داهاتی بۆ دابنێیت، بەڵام با باسی بکەین، من گوتم ئێمە نەوت نافرۆشین، گوتم نەوت دەرناچێت لە کوردستانەوە، لەوانەیە تەعبیرەکە غەڵەت بێت، لەوانەیە جەنابتان مەبەستان نەوتی ڕەش بێت، ئەگەر باسی نەوتی خاو دەکەیت، نەوتی خاو ئەوەیە لە حەقل دەردەچێت، نەوتی ڕەش و نەوتی سپی، ئەمانە موشتەقاتن، جا با نەختێك جیاوازی ئەوانەش روون بکەمەوە، من حەز دەکەم یارمەتیت بدەم، نەوتی ڕەش، نەوتی سپی، بەنزین، ئەمانە موشتەقاتن، ئەوەی کە پێی دەڵێن نەوت بەبێ هین، ئەوە نەوتی خاوە لە بیر دەردەچێت بەبێ ئەوەی تەسفیەی بکەیت، ناتوانیت بەکاری بێنیت بۆ هیچ، دەبێت بە مەسفاوە بێت، من گوتم و دووبارەی دەکەمەوە نەوتی خاو دەرنەچووەو قەت دەرناچێت لە کوردستان، بۆمان هەیە بە ناحیەی قانونەوە بیکەین، هیچ موشکیلەمان نییە، دەستوور مەجالمان دەدات، بەڵام نەمانکردووەو نایکەین، پێویست

ناکات بیکەین، ئێمە دەمانەوێت بە ڕەسمی لە بۆڕیەکەوە دەربچێت، دەتوانین دەرگایەك بکەینەوە بە موەقەت، بەلاَم ئەمە پێویست ناکات، موشتەقات دەکەین شتێکی موەقەتە، بەلاَم ئەگەر بۆڕیەکە نەبێت موشکیلەکە بەردەوام دەبێت، یەعنی حەل نابێت بەم شێوەیە، لەبەر ئەوە نەمان کردووە، نەك چونکە نامانەوێت، دەڵێین نایکەین و قاچاغ دەیکەین، پێویست ناکات بە قاچاغ بە عەلەنی دەتوانین بیکەین، ئەگەر خۆمان هی خۆمانە لە دەستوور، سەیری ماددەکانی دەستووری بکە حەقمان هەیە، بەلاَم ئێمە ئەو سیاسەتەمان تەنفیز نەکردووە، بە رەئی خۆم غەڵەتە، لەبەر ئەوە ئەم مەرحەلەیە دەبێت تەشخیص بکەین لەسەر بەغدا، کە بگەینە نەتیجەیەك بە یەکەوە بە رەسمی بیکەین، ئەوە بۆ دڵنیاییتان، بەلاَم دووبارەی دەکەمەوە نەوتی رەش دەردەچێت بە رەسمی لە لای ئێمە دەردەچێت لەو مەسفایانە، کە بچووکەکان و مەسفا گەورەکانیش ئەوە هیچ موشکیلەی نییە، عێراقیش دەیفرۆشێت لە رێگای سۆمۆوە دەچێتە سوریا، دەچێتە تورکیا، هەموو ولاَتەکانی تر، ئێمەش بە رەسمی دەیکەین، جیاوازی هەیە، ئێمە تەقریبەن سێ سەدو پەنجا دۆلار بۆ تەنێك وەردەگرین بە موقابیل سۆمۆ دەیفرۆشێت بە دوو سەد دۆلار، ئێمە باشتر ئیش دەکەین لەناحیەی داهاتەوە بۆ عێراق، بەلاَم ئەو داهاتە کە باسم کرد لەناحیەی ئەو فرۆشتنی موشتەقاتە حیسابمان بۆ کردووە، بەشێکی تەعویزە، بۆ ئەوەی نەوتەکە کە دەردەچێت لە (DNO) دەبێت بە موشتەقات، ئێمە پارەکەی ئەو داهاتەی دێنێت، بۆ ئەوەی بە موقابیل دیزلەکە، یەعنی گازوایلەکە بدەین بە وزەی کارەبا بەلاش، ئەوەم باس کرد، یەعنی دووبارەی دەکەمەوە مانای نییە قاچاغ نییە، من ناڵێم هیچ قاچاغ نییە دەچێتە دەرەوە موشتەقات، بەلاَم لای ئێمە هەیە؟ نەخێر، ئەوەی موشتەقات لە کوردستان دروست دەبێت، پێویست ناکات بە قاچاغچی، دێت بۆ لای ئێمە موقاولەکە ئەگەر ئیجازەی پێ درا بێت کە تەسفیە بکرێت، ئەگەر لە بازاڕ نەتوانێت بیفرۆشێت، ئێمە بە رەسمی دەڵێین فەرموو بیبە، لەبەر ئەوە بە قاچاغ نایەت، بەلاَم زۆر نەوتی رەش دێت، چونکە هەرزانە لە بێجیەوە دەیکرن دەیهێننە کوردستانەوە، لە زۆر شوێن هەیە خۆ من لە سەیتەرە دانەنیشتووم، وەزارەتی مالیەمان هەیە موتابەعەی دەکات، بەشێکی لەوانەیە دەربچێت بەبێ ئیجازە، ئەمە بەڕاستی ئێمە مەسئوول نین، ئێمە وەزارەتی دارایی نین، وەزارەتی پێشمەرگە نین، ئێمە وەزارەتێکی فەنین لێرەدا، ئەو شتە نازانم، ناتوانم بڵێم بە حەصری ئەوە نییە، ئینجا ئەگەر تانکەرت بەچاوی جەنابت دی بێت، لەوانەیە ئەوانە بن ئەو موشتەقاتانە، ئەوە مانای نییە تانکەرەکە نەوتی خاوی تیایە، یەعنی ئێمە تەبعەن فەرمانبەرمان هەیە جاروبار فەحص دەکات، چونکە تا بزانی چی دەردەچێت و لە کوێوە هاتووە؟ بەلاَم ئێمە یەعنی هین نین، پۆلیس نین لەسەر سنوور وەکو هەموو کەسێك بوەستین، ئیشی وەزارەتی ئێمە نییە، ئەوە وابزانم دوو بەشی پرسیارەکە بوو، ئەویتر خاوەنی ئەمانە کێن؟ خاوەنی ئەم مەسفایانە تاجرن لە کوردستان، کە وەختی خۆی داینناوە، ئەم مەسفایانە من با روونی بکەمەوە، ئەوەی من ئاگادارم یەك مەسفا دروست نەکراوە، یەك مەسفا نەوتی پێ نەدراوە، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو دروست کرا بێت، ئەوانە هەمووی کۆنن، ئەم ولاَتەی ئێمە هەمووی دەستی پێ کرد ساڵی 1991کەوە تاکو ئێستا بەردەوام بووەو بەو شێوەیە

ژیاوە، ئەو مەسفایانە دەورێکیان هەبووە، ئەگینا ئەم ولاَتە هەر هیچی نەبوو، راستە مـن لەگەڵتانـدام، کـە ئێستا بە رەئی من باش نەبن، تەبیعیە کێشەیان هەیە، بەشێکیشیان ئیجازەشیان نییە، دەبێت ئەو کێشـەیە حەل بکەین، من لەگەڵتاندام کە گەیشتینە مەرحەلەیەك پێویستمان بەوە نییە، چونکە مەسفا گـەورەکان ئیش دەکەن بە رێك و پێکی، ئەوە حـەقی خۆمانـە قـەپاتی بکـەین، بـەلاَم دەبێـت هینێکـی بـۆ دابنـێین بـە سیستەمێکی عەدالَەتی بکـەین، نابێـت هـەر یەکسـەر بچـین هـەمووی قـەپات بکـەین، چـونکە ئیسـتیسماری کـردووە، کـە ئیجـازەی پـێ درا بێـت ئیسـتیسمارێکی کـردووە تـۆ غـەدری لـێ دەکـەیت، ئایـا هاوولاَتیـەکی ئیعتیادی، یـەعنی فـەقیر ئەگـەر مەبەسـتت ئەوەیـە دەتوانێـت مەسـفایەك دروسـت بکـات؟ نـەخێر، چـونکە ئەمانە کولفەیان لەوانەیە دوو، سێ، چوار، پێنج، دە ملیۆن بێت، لەوانەیە پەنجا ملیـۆن بێـت، مەسـفایەکان کە بیست هەزار تەسفیە دەکات بۆمان، کولفەیان تەقریبەن سەدو پەنجا ملیـۆن تـا دوو سـەد ملیـۆن دۆلارە، ئەو تاجیری گەورەی ئیستیسماری گەورەی دەوێت، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە ئەو دوانەمان هەبوو، حکومـەتی بەغدا دایەوە بە هەرێم، نەماندەتوانی سێ سەد ملیۆن دابنێین بۆ سـەر مەسـفایەکە، خۆشمـان بـە قیتـاعی خاص کە تەتویری بکەن، لەبەر ئەوە بوو، چونکە ئەگەر ئەوە نەبوایە ئێمە مەسـفایەکان هـەروەکو خۆیـان دەمایەوە، هەر ئاواتان کرد سەیری دەکەیت هیچ ناکات بـۆت، ئێمـە ئـەوەمان کـردووە بـۆ ئـەو ولاَتـە، ئـەوە ناجیح بووە، بەلاَم ئەم مەسفا بچووکانە کێشەن، بەڕاستی لەوانەیە جەنابتان ئاگادار نەبن، جەنابی سەرۆك ئـەمرێکی دەرکـرد بـوو، خـەریك بـوو هـەمووی قـەپات بکـات، بـەلاَم ئێمـە موراجەعـەمان کـردەوە، یـەعنی نەختێك بێ عەدالەتی تێدا بێت، کە سەیرمان کرد بەشێکی هینی هەیە، ئیجازەی تیایەو هەیە، خراپە، یان باشە، ئیجـازەی هەیـە، دەبێـت موتابەعـەی بکـەین و دیراسـەی بکـەین، بـزانین ئیجازەکـەی حەقیقیـە، یـان راستە، دزراوە، تەزویر کراوە، نازانم چی، یـان نـا، ئەگـەر ئیسـپات بـوو ئیجازەکـە تـەواوە، دەبێـت دانیشـین پێشنیاری بۆ بکەین کە بیئە عیلاج بکات وتەتویری بکات، ئەمە بۆ موناقەشەیە کە لەسەری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، یـەك روون کردنەوەیـەك، پرسـیارێك دەکـەن کەوەلاَمەکـەتان گـوێ لـێ دەبێـت، مـەرج نییـە ئێـوە موقتەنیع بن بە وەلاَمەکەی، لەوانەیە وەلاَمێك دەدات تۆ قەناعەتت پێ نایەت، بەلاَم ئـەوە وەلاَمەکەیـەتی، ئەو شـتانە دەهـێڵن، پاشـان موراجەعـەی لیجانـەکانتان بـۆ ئـەو بەدواداچـوونی ئـەو ئیشـانە، کـاك د.ئاشـتی فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەد ملیۆن دینارە، ئەوە بەڕاستی دوێنێ باسمان کـرد و ئـەوە لـە داراییـە و لای ئێمـە نیـە، ئـەو پـارە چـۆن تەخمین کراوە و لە کوێ هاتووە باسمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکە بڵێ، باشە جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

قوربان ئەوانە تەقدیرن، هێشتا نەهاتووە و میزانیەی 2010 نەچووەتە حەیزی تەنفیزەوە، رجاتان لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ بە جوابەکە موقتەنع نیە؟، لەلای خۆی بینوسێ و با لیژنەکەی موتابەعەی بکات و داوا بکات کە تەحقیق بکرێت و پاشان بەدواداچوون بکرێت و بیداتە لیژنەی نەزاهە، بەردەوام بە کاك دکتۆر لە جواب دانەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەو داهاتە موقەدەرەی کە دامان ناوە هی مەقالعیشە بۆ مەعلوماتان بە دینارە یەعنی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە، ئەمە لیژنەی لێکۆڵینەوە نیە رجائەن، وەڵام دەداتەوە یان باوەڕ بە وەڵامەکەی دەکەن یان نایکەن، ئەگەر باوەڕ بە وەڵامەکەی ناکەن، لیژنەی نزاهە لە پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی پیشەسازی و وزە هەیە، بچنە ئەوێ و شکایەتی خۆتان بکەن و بانگی وەزیر بکەن و بڕۆن داوای لیژنەی لێکۆڵینەوە بکەن، بەس لێرە بگەینە نەتیجە، پاکە یان پاك نیە؟، ئەمە بەو شکڵە نابێت، بەردەوام بەکاك دکتۆر.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیار/ کێ تەعویزی زەوی خورماڵ دەکات؟ ئەمە تەواو بووەو کراوە و جێ بەجێ کراوە، ئەمە شتێکی کۆنە، بەڵام ئێستا تەواو بووە، کێ تەعویزی دەکات؟، تەبعەن موقاولەکە کە ئیش دەکات لەوێ لە موجەبی عەقدەکە، داهاتێك هەبووە لەوەی زیاتر کەمن ئاگادارم کە ئەو مەعلەماتەم لەبەردەم نیە، بەڵام ئەگەر باسی هین دەکەی کە داهات هێشتا کە منحەیە بەشێکی بووە، چونکە عەقدمان هەبووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم تەنها وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە لە چوارچێوەی بودجەدایە، چونکە ئێمە ئێستا باسی بودجە دەکەین، هین نیە، با لە بابەتەکان دەرنەچین، تەنها لەسەر بودجەیە، ئایا داهاتە یاخود داهات نیە؟ پێم وایە وەڵامەکەی......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك برهان فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشيد حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزە کە دەڵێت ئەوەی پەیوەندی بە بودجەوە هەیە با وەڵام بداتەوە ئایا داهاتەکانی وەزارەتی نەوت بەشێك نیە لە بودجە؟......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە لە جێگای خۆت، بەڕێزان هەمووتان تکایە ئیلتزام بە هـدوء بکـەن، هـیچ نوقتەیـەکی نیزامـی وەرناگرم، وەزیرە و جواب دەدات، بۆ ئەوەی تەوازونەکە بێت فەرمووو، کاك دکتۆر فەرمووو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گوتم رەئیس وزەرای کوردستان نیم، ئەو بڕیارە لە شوێنێکی تر دراوە. ..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر نوقتەی نیزامی ئەو خوشکە وکاك بیلالە، زیاتر کەسی تر نیە، چونکە لە ئێوەم وەرگرت با لـەوانیش وەرگرین ڕاستە، ناسك خان فەرمووو.

**بەڕێز ناسك تۆفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەمانگی 9 ەوە بەڕێزیان کە هاتە پەرلەمان هەتا ئێستا ئەوە 5 مانگە با ئازادانە پرسـیاری خۆمـان بکـەین، یەعنی ................ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من ئەمە دانیشتنی بودجەیـە، لەسـەر بودجـە چیت هەیـە بەسەرچاو، ئـەوەتا پرسـیارەکانی لایـە وجوابی دەداتەوە، ناسك خان فەرمووو.

**بەڕێز ناسك تۆفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بڕیاردەری لیژنەی پیشەسازی و وزەم، سەرۆکی لیژنـە لێرە نیە، ئیجازەمان بدە با ئازادانە قسە بکـەین، ئەمە یەك، دووەم/ ئەگەر بنەمایەکی ئەساسی بودجە داهات نەبێت ئەی بودجە دەبێت چی بێت؟، بودجـە یەعنی داهات و یەعنی خەرجی، ئێستا ئێمە قسە لەسـەر داهـات دەکـەین، هـیچ کەسـێك بـە تـاوان سـەیری کەسـی ترمـان نـەکات، ئەگـەر بـەڕێزیان خـەباتی کـردووەو 30 سـاڵە لـە دەرەوە بـووە و شـەهادەیەکی بـۆ

هێناوەتـەوە ئێمـە فـەخری پێـوە دەکـەین، بـەس ئێمـەش لێـرە خوێنمـان داوەو شـەهیدمان داوە تـا ئـەم کوردسـتانە ئازادەمـان هێنـاوە بتـوانین ئیسـتیفادە لـە پسـپۆریەکەی ئـەو بکـەین و نـەوت دەربێنێـت، مـن حەزدەکەم با تەوزیحێك بدەین، ئەو 5 ملیار دۆلارە بەرپێزیان ئەو ڕۆژە لە لیژنە لای ئێمە گوتی، بـەڵێ لـە لیژنە ئەو 5 ملیار دۆلارە منحەیە، ئەم مینحەیە ئاشکرایە لە بەینی ئێمە و بەغدادا، هەتا ئێمـە بـە ئـەوان دەڵێین ئێوەش منحە وەردەگرن (بالعافیە علیکم) وات گوت وانیە؟ کەواتە سری نیە، ئێمـە حـەقی خۆمانـە ئەوەندەی کە پارەیە بچێتە ناو فەقەرەی داهاتەوە، ئەوەشی کە پرۆژەیە ملحەقێك دروست بکرێت بۆ ئـەم بودجەیە، بوترێت ئەمـە نـاوی پرۆژەکانـە کـە لەسـەر ئەساسـی ئـەو مەوسـە دروسـت دەکرێـت، ئـیتر تـەواو هـەموو تۆمەتـەکان لادەچـێت، ئێمـە 5 مانگـە ئەگـەر ئەمـە بـە جـەدوەلێك بهاتایـە بەردەسـت ئەنـدامانی پەرلەمان بڕی ئەم 5 ملیارە چەندی بووەتـە پـارەو چـەندی بووەتـە پـرۆژە و چـەندی بـۆ موسـتەقبەلیە؟ تەواو بوو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێکیان قسەکانی کاك بلالە کە عاجز بوو نایکات، ئەو بەشەیەتی کە پەیوەندی بەو لایەوە هەیە کـە نـە جەنابی وەزیـر و نـە جەنابیشتان، یەعنی ئاوەکـە وا ڕژاوە و سـەیری ئێـرە ناکـەن، ئـەوە جێگـەی ڕەخنەیـە، عەرزت بکەم، کاك بـلال زۆر دەمێکـە دەسـت بـەرز دەکاتـەوە و پێـنج، شـەش کـەس دسـتیان بـەرز کـردەوە، حەقی خۆیانە دکتۆر گلەیی بکەن، خاڵی خۆیشـم ئەوەیـە کـە بـە هـیچ شـێوەیەك ئێمـە وەکـو پەرلـەمانتار ڕازی نین بێ زەبتی ئەم مەجلسـە یـان درەنـگ ڕێککەوتنمان لەسـەر بودجـە پەرلـەمانتارانی پـێ تۆمـەتبار بکرێت، خودی ئیشەکە وا دەخوازێ کە زۆری لەسەر بڕۆین، یەك دانە مانگ دانراوە لە پەیڕەوی ناوخۆ بـۆ ئەوەی بەس لیژنەی کاروباری ئابووری قسەی لەسـەر بکـات، یـەك دانـە مـانگ خۆمـان دەزانـین کـە چـەندە پێیـەوە خـەریکین، لەبـەر ئـەوە لـە مەسـەلەی کـورد گوتـەنی (لـە ڕێ دواکـەوتووە ولـە ئـاش پەلـە دەکـات) رجائەن با وا نەکەین، شەو و ڕۆژ بخەینە سەر، ئێمە مانعمان نیە بەشەرتێك ئەم شتانە ڕوون ببنـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر جواب بدەرەوە، ئەگەر جوابتان کەم بوو، پاشان تەعقیب دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك کراوە و دەڵێت: ئەو پرۆژانە لە کوێ تەسدیق دەکرێن؟ پاش ئەوەی پرۆژەکـە تـەمویر کـراوە لـە ڕێگای منحەکە، وابزانم وەڵامم دایەوەو ئاشکراشم کرد کە ئەوە ئیشی مـن نیـە، دەجاری تـر دەیڵێمـەوە لـە

من مەپرسە تکایە، من رەئیس وزەرای وڵاتەکەت نیم، ئەو بڕیارە کە دێت پارەکە دەردەچێت بڕیاری مەجلسی وزەرای بۆ دەردەچێت، جیهاتی مەعنی هەیە بە سەڵاحیاتی خۆیان پارە دەردەکەن بۆ مەشارعی مەعنی، مەشارعی نەوت نیە، لەبەرئەوە ئیشی من نیە متابەعەی تەورووق و جسور بکەم، متابەعەی مەحەتەی کارەبا بکەم، یەعنی ئەوە ئیشی من، ئەو پرسیارە حەقی خۆتە کە دەپرسی بەڕاستی تەشجیعیشتان دەکەم بزانن مەشروعەکان لە کوێن و لە کوێ کراون؟ کولفەکەیان چەندە و چیان بەسەر هاتووە؟، ئەوەم گوت، دووبارە پرسیارەکە کراوەتەوە، پرسیاری دووەم/ ئەوەی کە بۆ نایخەنە ناو بودجەوە؟ چەند جار گوتم ئەوە خۆ بڕیاری من نیە، ئەگەر هەموو دەنگتان لەسەر دابا کە لە ناو موازەنە بێت، من یەك تەحزیر دەدەم لەسەری بە ڕەئی من کە ئەوە دەزانم لەوانەیە بچێتە ناو موازەنەوە ئەبێت بە هێن، بەڵام حیسابی بۆ بکە ئەگەر دەیکەیتە ناو موازەنەوە لەوانەیە ببێت بە داهات، بەڵام ئەوە ئیشی من نیە، ڕەئی من وەرمەگرە لەسەر ئەوە، من ئەڵێم ئەوە پارەیە و ئەگەر حیسابی دەکەی لە داهات، داهات نیە لە عەقدەکە منحەیە، ناوەکەی مەگۆڕە بە داهات، چونکە داهات نیە و هیچت نەفرۆشتووە، ئەمە هەدیەیە و موقاولەکە کردوویەتی و..... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە ئەو پرسیارانەی کە لەبەر دەستتە لە کاغەزەکە بیخوێنەوە و جواب بدەوە.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە شوێنێکی تر زۆر بە دوورودرێژی باسمان کردووە، باسی ئەم منحانە دەکات کە 83٪ بدرێت بە بەغدا، بڕیاری من نیە بڕیاری جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پرسیارەکان بخوێننەوە، وا نابێت تکایە؟

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو حیسابانە وەڵامی لای وەزیری داراییە، ئەویش دەڵێت تکایە ڕوونی بکەرەوە، ئێمە باسی حیسابی هێن ناکەین ئەو حیسابە هی منحەکان لای وەزارەتی داراییە نیە، لای وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە، باسمان کرد، کە دەردەچێت بە ئەمری ڕەئیسی وزەرا یان نائیبەوە دەردەچێت بۆ پرۆژەکان، من ئەوەی کە پێشنیارم کرد لەمەودوا با بچێتەوە وەزارەتی مالیە هەتا نەحاتمان بێت لەمە، پرسیار لە من مەکەن لە موستەقبەل پرسیار لە جەنابی وەزیری دارایی بکەن، پێشنیاری من ئەوە بوو، ئەوەی کە دەڵێت مۆڵەتی هەیە زۆربەی وەزارەتی سناعەیە، بەڵام مۆڵەتەکەی نەهێناوە پیشانی ئێمەی بدات، ئیمزای کردووە کە ئەوەی هەیە لەو ساڵە وەری گرتووە، ئێمە ئێستا خەریکین کۆی دەکەینەوە کە مەعلوماتەکەمان هاتە لامان

تەقیمی دەکەین، ئایا ڕاستە یان ڕاست نیە؟، ئەگەر ڕاست نەبوو قەپاتی دەکەین، جەنابتان دەڵێن منحە داهات نیە، باشە بۆچی حکومەت سەرفی دەکات وەك داهات؟ مادام وایە، وەڵامەکەی باسم کرد مەشروعە بۆ بونیەی تەحتیە و دانراوە، ئەگەر حکومەت سەرفی نەکات، ئەی چی لێ بکات، رەئی جەنابتانە بڕیارێکی لەسەر بدەن، موشکیلەم نیە من لەسەر ئەوە، کە هەموو ئەو 5 ملیارە نیە کە پێشتر باستان کردووە، من ئەم کتێبەم تەوزیع کردووە و لە کتیبەکە باسکراوە بە تەواوی دەڵێت دوو کۆڵەمی تیایە، دەڵێت ئەمە پارەیە و ئەمە بە مەشروع دەبێت، بڵاوکراوەتەوە و نووسراوە، دەجار گوتوومە و لە کتێبەکە هەیە و لە پەرلەمانیش باسم کرد، دووبارە دەڵێت تۆ گوتوتە 5 ملیارە، 5 ملیار منحە عامەکەیە بە دوو بەشە، بەشێکی بە پارەیە و بەشێکی بە مەشاریعە، بەڕێز سالار محمود ئەندامی پەرلەمان، ئەو مەسفایانەی کە بێ مۆڵەت کار دەکەن، من گوتم کە ئێستا کار ناکەن و قەپات کراون تاوەکو مۆڵەتەکەیان پیشان دەدەن، یان محافەزە یان وەزارەتی صناعە مۆڵەتی داوە ئەگەر مۆڵەتی هەبێت، ئەگەر مۆڵەتی نەبێت بە خسوسی دایناوەو بێ مۆڵەت دایناوەو، کێ ڕێی پێداوە نازانم، ئەوە تەبعەن دەساڵ بێت، کۆن بێت، ئەوە شتێکی تازە نیە، ئەوانەی کە پرسیار دەکەن لەوانەیە بەشدار بوو بن لە بڕیارەکە وەختی خۆی، من نازانم ئەمە کۆنە و 10 ساڵە، ئەگەر پارەکە داهاتیش نەبێت، منحە بێت، ئایا ئەرکی پەرلەمان نیە بگەڕێت و بپرسێت لەکوێیە؟ بەڵێ حەقی خۆتانە 100٪ من لەگەڵتانم و پیشانیشتان دەدەم، بڕۆن لە کوێ بپرسن، لەوە زیاتر ناتوانم هاوکاریتان بکەم، سانی تەلیسمان دەڵێن ئەو منحە بۆ گەرمیان دانراوە، 220 ملیۆن دۆلارە، بەڵام ئێوە دەڵێن 200 دۆلارە، وەڵڵا ئەو وەڵامەم هەیە، پێ خۆشحاڵم کە ئەو پرسیارە کرا، ئەمە لە جەریدەی هاووڵاتی ئەو پرسیارەکرا، تەقریبەن ئەمە بە پەڕەیەکی دوور و درێژ ئیتیهامیان کردووە کە 20 ملیۆن، وون بووە، شەریکەکە کە ئەوەی دی بوو ئیعتزازی کردبوو کە بە نامەیەکی دوورو درێژ بە ئینگلیزی و بە کوردی ناردبووی بۆ ڕۆژنامەکە، ڕۆژنامەکە نامەکەی بڵاوکردووەتەوە دەڵێت سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکە، ئەوەتا وەڵامەکەت لەوێیە، ئینجا من پرسیارێکم هەیە تۆ با بڵێین غەڵەتت کردووە، جاری یەکەم کە گوتووتە لەوێ نیە و غەڵەتە و 220 ەو لەباتی ئەوەی 200 بێت، کە شەریکەکە هات عەقدەکەی پیشان داو هەموو شتی ڕوون کردەوە کە دڵێی 200 ەو تۆ غەڵەتت کردووە، ئەقەلەن ئەخلاقیەن دەڵێی ببورە، نە ئیعتزازی تیایە نە هیچ، ئەو سوپاسەت بۆ ئاگاداریمە، لە وڵاتان کە غەلەتێك دەکەی دەڵێی سوپاس، غەڵەتمان کردبوو زۆر سوپاست دەکەین، ئەقەلەن دەڵێی غەڵەتمان کردبوو، وەکو وا دەزانێ ئەم موزەفێکی ئەوەو بۆی ناردووە و سوپاست دەکەم بۆ فایلەکەت و دەیخاتە هینەوە، بەو شێوەیە ناتوانین ئیش بکەین، هەموو کەسێك شتێك و ئیتیهامێك بکات، بەم شێوەیە ئیش بکەن حکومەت ناتوانێ ئیش بکات، بە خوای ئەندامی پەرلەمانیش ناتوانێ ئیش بکەن بەو شێوەیە، بەڕێز جەنابی وەزیری سامانە سروشیتەکان لە ڕۆژنامەیەکی.........؟ من ئەوەم وەڵام داوەتەوە لە پێشتر ئەمڕۆش روونم کردەوە پارەکە لە حیسابی حکومەت دایە، 35 ملیۆن دۆلارەکە لەوێیە لە عەینی حیسابە و باسمان کردووە بە دوورودرێژی لە پەرلەمانی ڕابردوو، من هیچ نە ئیستیفادەم کردووەو نە ئەسهومم کردووە بە ناوی حکومەتەوە کڕاوەو بە

سەرپەرشتی حکومەت و رەئیس وزەرای حکومەتی ئەو وەختە بووە، وە هەموو پارەکە چووەتەوە عەینی حیسابی حکومەت کە دەرچووە، قازانجەکەشی چووەتەوە عەینی حیساب، قازانجی ئێوەشە، بەڵێ، باسیشم کرد 35ملیۆن دۆلارە بەینی هەردوو ئەسهومەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە جەنابی وەزیر پرسیارەکە بخوێننەوە بە هدوء ناوی شەخسەکەش کە ناردوویەتی ئەوجا جوابەکەتان بدەن، تکایە.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕۆژنامەیەکی نەرویجی هاتووە گوایە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان میانگیر بووە لە نێوان هەدروو شەریکەی نەوتی دەرهێنانی (DNO)ی نەرویجی و شەریکەی تورکی، پرسیار ئەوەیە ئایا ڕاستە جەنابت میانگیریت کردووە یان نا؟ ئەگەر جوابەکەی بەڵێ بێ بۆچی و ئایا قازانجی ئێمە چیە؟ دیارە لەو موعامەلەیەی نێوان هەردوو شەریەکەکە شەریکەی تورکی کە قازانجێکی زۆری کردووە، خۆ ئەگەر قازانجی ئێمەی تێدایە بۆچی دەبێت وەزیری ئێمە ئەو میانگیریە بکات؟ من وەڵامی ئەوەم داوەتەوە لە مانگی 8 بە دووردرێژی و دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە بڕیارمان دا دەعمی ئەو شەریکانە بکەین، چونکە بۆ مەسڵەحەتی خۆمانن و 50 ملیۆن ئەسوممان کڕی، فرۆشرایەوە و قازانجەکەی بوو بە موڵکی حکومەت خۆی، وە هیچ نەدراوە بەو دوو شەریکەیە، لای خۆمانە و قیمەت هەردووکی 35 ملیۆن دۆلارە، یەکێکیان تەقریبەن 14.13 ملیۆنە و ئەوەی تریش تەقریبەن 20 ملیۆن دۆلارە، کە 35 ملیۆن دۆلارە، داشم نابوو لە داهاتەکە کە بۆ جەنابتان بڕیاری دەدەن کە چۆن سەرفی بکەن، چووەتە حیسابی حکومەت، ناو نیە لەسەر ئەمە بە پێی یاسای نەوت و غاز، ئەم کۆمپانیایانەی گرێبەستیان لەگەڵ دەکرێت بەبێ کادیری خۆماڵی........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاردۆ بیخوێنەوە بزانم چیە؟.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێز وەزیری سامانە سروشیتیەکان بەهەر جۆرێك بێت منحە بێت یان داهاتی نەوت بێت یان هی ئاییندەش بێت، ئەگەر لەبەرژەوەندی سامانی کوردستانیش نەچێتە ئەولا، بەڵام پێویستە دیار بکرێت وەکو داهات و وەزیری دارایی تێیدا بەرپرسیارە، یەعنی ئێمە ئێستا ناگەینە نەتیجە ئەگەر........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ تەواو، کاک شۆرش فەرموو.

**بەڕێز شۆرش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەیەی كە جەنابی وەزیر كوردیەكەی باش نیە، پرسیارەكانیش بە كوردی نووسراون، پێشنیاز دەكەم یان جەنابتان لە سەرۆكایەتی و یان یەكێكی تر لە ئەندام پەرلەمانەكان بێتە ئەوێ و پرسیارەكان بخوێنێنەوە، ئینجا وەڵامی بداتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاسۆ فەرموو وەرە بیخوێنەوە، رجائەن لەبەر زمان، كاك بورهان فەرموو، كاك اسماعیل فەرموو، بەڕێزان بۆ ئەوەی ئیشەكە بەڕێكوپێكی بڕوات ئەو بەڕێزە پرسیارەكان دەكات و جەنابی وەزیریش جواب دەداتەوە، وەك پێشتریش گوتم جوابەكان یان بەدڵتانە یان بە دڵتان نیە، بە دڵتان بوو ئەوە باشە، بە دڵتان نەبوو دژی مەشروعەكەی دەنگ بدەن و پاشان لە لیژنەكەتان لێكۆڵینەوە بكەن، ئێستا لێرە هەموو شتێك ناتوانی بگەیتە نەتیجە ئەو دروستە یان یەكێكی تر دروستە، موهیم ئەوەیە بەدواداچوون هەیە و مەوزوعەكە وازحە و بیدەنە لیژنەی نەزاهەو لە لیژنەی پیشەسازی ئەگەر قەناعەتتان نەهات، لەناو پەرلەمان جارێكی تر لەسەر ئەوە موناقەشە دەكەین، بەس ئێستا میزانیەیە وەختەكەشمان درەنگە، كەرەمكە كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سودفە لە پرسیارەكانی خۆمەوە هاتووە، تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری ئاگای لە كردنەوەی ئەو حیسابە نیە كە حیسابێك كراوەتەوە بۆ ئەو داهاتانەی كە جەابی وەزیر باسی دەكات، بۆ ئاگادار نیە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، بەڕاستی من بۆیە دەمەوێت وەڵامی بدەمەوە دەترسم لە پاشان ئەمانەم لەبیر بچێتەوە، ئەوان داوایان كردووە ئێمە رەقەمی حیسابێك، ئێمە رەقەمی حیسابمان داوە پێیان، بەڵام تا ئێستاش یەك فلس داهاتی نەوت نەهاتووەتە وەزارەتی مالیە، ئەوە یەك، تكات لێ دەكەم جەنابی سەرۆكی پەرلەمان هەندێك ئەندام پەرلەمانی بەڕێز بە من دەڵێن بەرپرسە، بەرپرسم دەبێت لیژنەیەكم بۆ دروست بكەن، دەبێت تەحقیقم لەگەڵ دابكەن، دەبێت بمدەنە مەحكەمە، ئینجا من بەرپرسم، بەڵێ من بەرپرسم بەرامبەر بە هەموو قسەیەكی خۆم كە دەیكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، مەبەستیان ئەوە نیە کە خوانەخواستە تاوانێکت کردبێت، علی اساس مەسئولی ئەو وەزارەتەیت دەبێت ئاگات لەو شتانە بێت، ئەگەر لە جەنابیشت نەگەیەنرا بێ بۆ؟ یەعنی لەو ڕوانگەیەوە، کاك اسماعیل فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەزارەتی کارەبا وەختێ لیژنەکان هاتن بە ئێمەیان گوت نزیکەی یەك ترلیۆن و شەست و پێنج ملیار دینارە، پرسیارەکەی خۆم هەر ئەوەشە، وەزارەتی کارەبا کاتێك لیژنەکەیان سەردانی ئێمەیان کرد گوتیان لەو بودجەیەی کە بۆمان دانراوە ترلیۆنێك و شەست و پێنج ملیار دینار داندراوە بۆ کڕینی گازوایل، ئەوان بە ئێمەیان گوت ئەو پارەیە دراوە بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە گازوایلمان بۆ تەئمین بکات، جەنابی وەزیر دەفەرموێت ئەم ساڵ ئێمە گازوایل تەقریبەن بە بەلاش تەئمین دەکەین بۆ وەزارەتی کارەبا، ئەمە دوو ئەشکالیاتی تیایە، مەبلەغەکەش زۆر زۆرە بەڕاستی، ترلۆنێك دینار! حەزدەکەم بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان لەسەر ئەوە ڕوونکردنەوەیەکمان بداتێ؟**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەوەی دەیزانم ئەگەر وەزارەتی کارەبا مەحەتاتی تری........ . لەوانەیە تەناقوزێك هەبێت لەگەڵ ئەمە، ئەگەر باسی مەحەتەی ئەوە کە پێی دەڵێن مەحەتەی احمد اسماعیل لە چەمچەماڵ و لە هەولێر دەکەن، ئەوا ئەو دوو مەحەتە ئێمە باسمان کردووە، ئێمە بەشدار نین لە ختەی وەزارەتی کارەبا بۆ ئەو دوو مەحەتەیە ئەوەی کە ئێمە دامانناوە، چونکە مەسئولی هەر ئەوەین، لەوە تەقریبەن 150 ـ 200 ملیۆن دۆلاری زیاتری ناوێت، دۆلار باس دەکەم تەقریبەن دەبێت 250 ملیار دینار، ئەوە تەقدیراتی ئێمەیە بەشێوەیەك، چونکە ئێمە گازوایلی مەسفاکانی خۆمان بەکاردێنین بەو شێوەیەی کە باسم کرد، وەهەروەها تەوەقوعمان هەیە کە ئینتاجی غاز بەرز بێتەوە لە مەنتیقەی خۆرماڵە، لەبەر ئەوە ئیستیرادی سوتەمەنی کەم دەبێتەوە، ئەوە تەقدیری ئێمەیە و ئێمە موستەعدین دیفاعی لەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر مەشاریعی کارەبای تر هەیە، تەوەقوع دەکرێت وەحداتی تر بێت لە دهۆك و لە سلێمانی، ئێمە ئاگادار نین، لەوانەیە تەخمین کرابێ بۆ ئەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك اسماعیل فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عبدالرحمن داوای نوسخەیەك دەكات لەو هینانەی كەلەبەردەستت دایە؟ لە منحەكان؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەوزیعمان كردووە لە پێشەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر لە وەسائیلی ئیعلام دا بڵاوكرایەوە كە ڕۆژانە سەد هەزار بەرمیلی نەوت دەنێردرێتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو 5 ملیار دۆلارە منحەیە، ئەی سێ ساڵە ئەو نەوتە پارەكەی كوا؟ خۆ تازە نەوت دەمج كراوە و لەگەڵ هی عیراق دەنێردرێتە دەرەوە، وەك عیراق پێشتر یەك لایەن وەزارەت ناردوویەتی واتە حكومەت؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باسی 100 هەزارمان كرد و وەڵامم دایەوە، كە 4.3 مانگ بوو لە ساڵی ڕابردوو، سۆمۆ فرۆشتوویەتی، داهاتەكەی بردووە و نەهاتووەتە كوردستان، ئێ باشە من تەقدیرم زۆر زۆر گەورەیە بۆ بەڕێزتان كە لێرەن، من ئەو وەڵامەم نەدایەوە؟ بۆچی نووسراوەتەوە دووبارە بۆ خاتری خوا ! وەڵامم دایەوە خۆ چەند جار باسی بكەین؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك بلال داوا دەكەم لە جەنابی وەزیر ئەو ڕوونكردنەوەی نووسراوە ئاڕاستەی ئەندامانی پەرلەمانی بكات بە تایبەتی چۆنیەتی سەرف كردنی منحەكە؟ كە منحەی 5 ملیار دۆلارەكە؟ چۆنیەتی سەرف كردنی 5 ملیار دۆلارەكە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوە زیاتر ئەوەی گوتم نازانم باسی لێوە بکەم، ئەوەی کە بڕیار دەدات چ مەشروعێك تەرخان دەبێت لەسەری، ئەوە جیهاتی مەعنی بڕیار دەدات، مەسەلەن مەجلس وزەرا مەشروعێك بڕیار دەدات، ئێمە مەسئول نین لە مەشروعەکان کە چین و چی دەبێت، مەسئولی پارەکە نین حکومەت بڕیار دەدات و پارەکەی دەردەچێت بۆ مەشاریع بەو شێوەیەی کە حکومەت بڕیاری لەسەر دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تەوزیحی ئەو پرسیارە ئەمەیە کە ئەو 5 ملیارە هەمووی ئیمڕۆ وەکو پارەی کاش لەناو هەرێمە؟ یان چەندی لێرەیە و چۆنە؟ ئەگەر تەوزیحی ئەوە بدەی؟ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با کۆتایی بەم 5 ملیارە بێنم باشترە، 5 ملیار دۆلار نیە، پارە نیە ئەوە، ئەوە وەعدە و موستەقبەل موقاولەکان دێن و مەشروعت بۆ دەکەن، تەقریبەن سیٚ ملیار و نیوی ئەو نەوعەیە، وەعدە، پارە نیە ونەهاتووە و ناشهێت، منحەیە و مەحەتەی کارەبات بۆ دەکات، مەسەلن کۆریەکان دەڵێن کارەبات دەوێت؟ وەزارەتی کارەبا دەڵێت من لەو منحەیە دوو ملیار دۆلارە مەحەتەی کارەبام بۆ بکە، مواسەفاتی دیاری دەکرێت و ئیتیفاق دەکەن، دەڵێت کولفەکەی حەوت سەد ملیۆن دۆلارە، حەوت سەد دەچێ بۆ تەندەر و ئەوەی کە دەیباتەوە کێ پارەکە دەدات ئەو موقاولە کە منحەکەی داوە، پارەکەت ناداتێ بە خۆت سەرفی بکەی، نایەوێ بڕواتە شوێنێك، ئەویش خەمی ئەوەی هەیە ببێت بە کێشە وەکو ئەمەی ئێمە باسی دەکەین، دەڵێت من مەسئولیەتم لە وڵاتی خۆم هەیە کە مەشروعەکە دەبینم دەڵێم ئەوەم کردووە با پارەکە بخەمە حیسابی تۆ، جا لەبەرئەوە پارەکە گەورەیە من دەڵێ من مەشروعت بۆ دەکەم وتۆ مەشروعەکە بە من بڵێ چیت دەوێت؟ ئەگەر لە توانای من دا بێت ئەو مەشروعە بکەم مقاولی خۆم دەیەنم و دەیکەم، تۆ هەڵی بژێرەو تۆ بڕیار بدە کولفەکە ڕاستە یان نا؟ کە ئیتیفاقمان کرد مەشروعەکە دەکرێت، ئینجا لەبەرئەوە ئەوەی ماوەتەوە کە بە پارەیە باسم کرد لە موقەدیمە لە گەڵ ربحی ئەو ئەسهومانە (ملیارێك و سێ سەد وشەست و پێنج ملیۆن دۆلارە)، ئەوەی کە پارە هاتووە لەگەڵ تەقریبەن دووسەدی تەخمینیە کە پارە بێت، کە نەهاتووە هێشتا، 200ی لێ لاببە ئەوە پارەکەیە کە هاتووە، ئەوەشی کە سەرف کراوە تەقریبەن حەوت سەد و سی و پێنج ملیۆن سەرف کراوە کە ئەوە سەحب کراوە لە جیهاتی مەعنیەوە لە وەزارەتەوە یان لە مەجلس وزەراوە یان لە مەشاریعەوە کە تەرخان کراوە بۆ مەشروعی مەسەلەن گەرمیان و مەسەلەی ئاوە، لە دهۆك سەرف کراوەو تەخمین کراوە باقیەکەی بۆ مەشاریعە، ئەگەر بەدوای مەشاریعەکان دەگەڕێی فەرموو بچۆ پرسیار بکە با دسکلۆژەر ببێت بۆ تەواوی

مەشروعەکان، من لەوە زیاتر ناتوانم مەعلەماتت بدەمێ، باسی 100 هەزارەکەشم کرد کە دەرچووە و وەری گرتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەریمان عبدالله، پەرلەمانتار، ئەم وڵاتە هیچی دەست ناکەوێت و داهاتی نیە، فەلسەفەی بوونی وەزارەتتان چیە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی ئەمە پرسیارێکی زۆر پێم مەعقولە  بە نیسبەت منەوە، ئەگەر فەلسەفەیە، تۆ باسی ئەوە دەکەی پەرلەمانی ڕابردوو دانیشتووە لێرە فەلسەفەی کردووە، پەرلەمانێکت هەیە و هاتووەتە ئێرە بەناوی میللەتەوە وەزارەتێکی دروست کردووە بە پێی دەستوورەوە وەزارەتێکی دروست کردووە، ئەمە فەلسەفەیە؟ ئەگەر لە پەرلەمان ئێمە دەڵێین فەلسەفەیە، ئەوا خوا دەزانێ چیمان بەسەر دێت؟ ئەمە فەلسەفە نیە، ئەو پرسیارە وەڵام نادەمەوە هیچی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعویزی هاووڵاتیانی قادر کەرەم کە شەریکەی غازی کۆڕبۆر داهاتەکەی 700 ـ800 ملیۆن دینار بووە، لە وەڵامدا گوتت ئەوە تەواو  بووە، بەڵام تا ئێستا ئەو هاووڵاتیانە هیچ تەعویزیان وەرنەگرتووە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بڕیاری لەسەر دراوە، تەواو بووە و ئیتیفاقی لەسەر کراوە، ماوەتەوە لەسەر ئەوەی موستەمسەکاتی خۆیان بێنن، یەکە یەکە بە موجەبی موستەحەقاتی خۆیان ئیتیفاق کراوە و پارەکە وەردەگرن، هیوادارم ئێوە بە پرۆسە بیکەن، خۆ ناتوانین ئێمە بڵێین فەرموو ئەوە هەزار دۆلار بۆ تۆ و پێنج سەد دۆلار بۆ تۆ، دوایی عەینی پرسیار بە عەکسەوە دەکەی و دەڵێی موستەمسەك کوا و بۆ پارەکەت دا؟ جا لەبەرئەوە ئێمە ئامادەین پارەکە تەعویز بکەین کە موستەمسەکاتی خۆی بێنێت و حەقی خۆی وەردەگرێت، بەڵام ئەوە بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوە تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ڕۆژانە لە 100 تەنکەر زیاتر لە بیرەکانی نەوتی تاوچی باردەکەن و دەچن و هەموو سەیارەکان تورکین، بەڵام نازانین بۆ کوێ دەچێت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەتەوێ لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئیش بکەی یان لەگەڵ موقاویلەکان دەزانی بۆ کوێ دەچێت! دەچێت بۆ مەسفاکان، دەچێت بۆ ئەو تانکەرانەی کە پێویست بێت بۆ مەسفا موشتەقاتە و موشتەقاتەکە دەبا بۆ بازاڕ و دەیفرۆشێت، وەڵامەکەی هەر ئەوەیە بۆ کوێ دەچێت! خۆ ناچێت بۆ دەرەوە، نەوتەکە دەچێت بۆ ناوخۆ و بۆ دروست کرددنی موشتەقات کە باسمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماوەی پێنج مانگە ئێمە لە لیژنەی پیشەسازی داوای تەوزیحاتی ئەو 5 ملیارە دەکەین؟ زۆر ئاسان دەتوانی بە زمانێکی کوردی مەبەستیەتی خشتەیەك بۆمان بنێری، ئەوە جۆری پرۆژەکە بنێری بۆ پەرلەمان، ئێستا دەبێت بینێری پێش تەسدیقی بودجە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

با بە هەورامی وەڵامی بدەمەوە، 5 ملیۆن نیە، گوتم 5 ملیۆن نیـە، ئـاخر بـە هـەورامی وەڵامـم دایـەوە! 5 ملیار نیە! 5 ملیـار بـاس دەكـەی؟ باسـم كـرد گـوتم سـێ و نیـوی تەقریبـەن منحەیـە بـە مەشـروع نیـە بـە پارەیە، دەڵێ من هەزار بوتڵ هینت بۆ ئەهێنم، ئاو، پارەت نادەمێ ئاوەكەت بۆ دەهێنم مەخسـەدم ئەوەیـە، ئەوەی تریش كە بە پارەیە باسمان كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ خەڵك ڕاستگۆین، وە ناتوانین لەگـەڵ خۆمـان ڕاسـتگۆ نـەبین، مەبەسـتم ئەوەیـە چـی لەبەغـدا بشارنەوە؟ ئەی بۆچی لە لای خۆمان و لەلای وەزارەتی دارایی ئاشكرای نەكردووە؟ كەتا ئێمە بە داهات لـەو ناشەفافیەتە بەرپرسیارە لە نێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، ئەم هەموو شتە ونە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە با ئەمەت بۆ ڕوون بكەمەوە، پێویستی بە وەڵامێكی ڕێـك وپێكـە، مـن حەزناكـەم بـە ئیتیهـام پرسـیار بكەن! ئەگەر موستەمسەكێكت هەیە و باسی شەفافیەت دەكەی مەعنای نیە، ئێمە بەشـێكین لـەم وڵاتـە كـە ناوی عیراقە و مـافی دەسـتووریمان هەیـە و حـەقی خۆمـان هەیـە و حـەقی شـەفافیەتمان هەیـە لـە هـەموو شوێنێك لە عیراق، پێش ئەوەی شەڕ لەگەڵ ئێمە بكرێت و داوای ئەو شتانە بكەی حەقی خۆتە داوای ئەوە بكەی، ئایا كێ پرسیاری كردووە ئەو نەوتەی كە هەمووی عیراق دەیباتە دەرەوە و بە كێ دەیفرۆشێ؟ چۆن دەیفرۆشێ؟ بە چەند دەیفرۆشێ؟ ئایا كەس دەزانێ؟ من كە كەسێكی ئیخسائیم مـەفروزە ئـەو شـتە بـزانم، بەڵام هیچم نەدیوە، برادەر كە وەزارەتی داراییە، ئایا یەك مەعلوماتیان پـێ دراوە، تەخمینیـەن 57 ملیـارە بۆ ئەم ساڵ، لە كوێوە هاتووە و بە چ سعرێك؟ ئەگەر ئێمە جدین، دەبێـت بچین بەدوای ئەوەدا بگەڕێین لە پێشەوە، چونكە لەوێدا مەعلوماتەكە دێت، ئەگەر ئێمە دەمانەوێ دیفاع لەسەر مەسڵەحەتی میللەتی كورد بكەین دەبێت بگەڕێین بەدوای ئاخر دۆلار دا لە وڵاتەكە، لێرە باسی شتێكی بچووك دەكرێـت لەگـەڵ ئێمـە، قەناعەتم پێی نیە دووبارەی دەكەمەوە، ئەم منحەیە نەشاردراوەتەوە، لیژنەی نەوت و غاز پێـنج ئەنـدامی تیایـە، وەزیـری دارایـی پێشـوو لـەوێ ئەنـدامی بـاڵا بـووە لـە لیژنەكـە، ئـەو حیسابەكەی كردووەتـەوە بـۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەكان پێش حیسابی وەزیری دارایی ئێستا، ئەندامی وەزارەتـی پێشـوو كـاك عثمـان شوانی ئەو لەوێ بووە دەزانێ پارەكە هاتووە و حیسابمان هەیـە و بـۆ كـوێ دەڕوات؟، جـەنابی كـاك عمـر و

جەنابی کاك نێچیرڤان و هەموو ئەندام بوون دەزانن بۆ کوێ دەڕوات، چیمان شاردۆتەوە؟ بڕیاری من نەبووە نەچێتە وەزارەتی مالیە، بڕیاری لیژنەکە بووە لەگەڵ ئەو وەختە وەزیری مالیە کە دەبێتە وەزارەت دەبێت بیخەمە داهات و کێشەم بۆ دروست دەکات، بڕیاری حکومەت بووە، بڕیاری من نەبووە، بڕیاری تەنیا یەك کەس نەبووە، کەس لەم وڵاتە بە تایبەتی وەزیرێك وەکو من ئەم دەسەڵاتەی نیە، تەعامول بە پارە بکات، بەم کەمیە بکات و بچێت شت بکات بە کەیفی خۆیەوە، ئێمە سیستەممان هەیە، بڕیار دراوە بۆ مەسڵەحەتی عامە کە پارەکە لەوێ دابندرێ و ئاشکرا بێت و حیسابی حکومەتە، کە داوا دەکەن لە موستەمسەکات داوا کە چۆنە و چەند پارەی تیایە و کێ سەحبی کردووە؟ ئەو مەعلەماتە لەوێیە، هیچ موشکیلەی تیا نیە وەکو هەموو حیسابێکی دیکە حکومەت لایەتی، ئینجا هیوادارم ئەوە ڕوون کرابێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك نەریمان دەڵێت ئایا بۆچی ئەوەندە شیرینیان داوە بەرامبەر تەنازولی دائیمی و زۆرینە بە پێوەری ئەساسی؟ ئایا ئەوەندەیان داوە بە ئێمە، ئەی بۆ خۆیان چەندیان قەزانج کردووە؟ ئایا قەڵێکیان نەداوە بەرامبەر بە گایەك؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆزگە ئەم وشەیە بەکارنەهێنرێ! شیرینی مەعنایەکی ناشیرینە و خراپە! مەعنای ڕەشوەیە، من بەو شێوەیە تێی دەگەم کە شیرینی بۆ شتی وانیە، ئەمە منحەیە و گرانتە موقابل عەقدێکە، ئێمە دەڵێین تۆ دێیتە وڵاتەکە ئیش دەکەی، لە نەوت ئیش دەکەی، نەوت شتێکی گەورەیە، ئەگەر شت بدۆزیتەوە لەوەیان قازانج دەکەی، شتێك بۆ ئێمە پێش ئەوەی دەست پێ بکەی، چی خراپە لەسەر ئەوە لە هەموو وڵاتەکان کە دەیکەن، ئێمە باشتر کردوومانە، چونکە لە هەموو عالەم دا سیستەم هەیە، تۆ لە باتی ئەوەی لە من بی بیستی بچۆ چەند کۆنفرانسێك لەگەڵ ئەوانەی کە ئیش دەکەن لێرەو ئەوانەی ئیخسائین لە عالەم بپرسە، ئایا سیاسەتی حکومەتی کوردستان چۆنە؟ پێت دەڵێت ژمارەییەکە، پێی بڵێ کوردستان لە کوێیە؟ دوو ساڵ لەمەوپێش کەس نەیدەزانی لەکوێیە، دەزانێ شوێنێك هەیە پێی دەڵێن (نۆڤەن ئیراك)، ئێستا کوردستان لەسەر خەریتەی عالەمە کە چیمان کردووە، بەم شێوەیە هەرێمێکمان دروست کردووە کە شەفافیەتی تیایە، ئەو شەریکانە لەبەر ئەوە دێن لێرە ئیش دەکەن، ئەمە بووە بە شتێکی باش بۆ ئێمە با دیفاعی لەسەر بکەین بۆ مەسڵەحەتی خۆمان، ئینجا لەبەرئەوە ئەو شەریکانە کە دێن تەبعەن هاتوون موجازەفە

دەكات ئەگەر شت بدۆزێتەوە قازانج دەكات، كە هیوادارم قازانج بكات، بەلاّم ئێمە گوتوومانە ئێمە ناوەستین پێش ئەوەی تۆ بیدۆزیەوەو شتێكمان بۆ بكەی، بە موقەدیمە شتێكمان بۆ بكە موقابل دەیكات، هیچ شتی ترمان نەداوە هەر ئەوەیە، هەمووشیان و زۆربەیان ئەمانە شەریكەی ئەهلی عالەمین،(ئیستۆكێك چەنجن) مەسئولیاتی عالەمیان هەیە، موراقەبەیان لەسەرە، ناتوانێ بێ پارە بە كەس بدات و بێ بیشارێتەوە، دژی یاسای خۆیان و دژی یاسای حكومەتی خۆیان و دژی سیستەمی خۆیان دژی ئەسهوم هۆڵدەرەكان، جا تۆ حیسابی ئەوە بكە پارەكە ئەگەر دێت دەبێت حكومەت وەری بگرێت، شەرتەكە لە عەقدەكە دا نووسراوە كە دەڵێت پارە من بە كەسی نادەم بە حكومەت نەبێت، چونكە ئەویش دەیەوێت دیفاع لەسەر خۆی بكات، بەڵێ پێش ئەوەی من بێم لەوانەیە شتی وا بوو بێت، بەلاّم ئەوە مەكە گلەیی لەسەر من.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كۆمپانیایەك منحەی داوە بە دروست كردنی 600 خانوو لە چەمچەماڵ، سەرۆكی حكومەت دەڵێت هی ئێمەیەو پێشتر گوتووتانە منحەی كۆمپانیایەكی بیانیە، تكایە بۆمان ڕوون بكەرەوە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە تابعی هینەكەی گەرمیانە؟ یان نا؟ وەڵلاهی ئەوەی چەمچەماڵ من لە دەرەوە بووم كە كاك بەرهەم ئیعلانی كرد، ئەگەر ئەوە بێت بەشێكە لەو سەد ملیۆنە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزت باسی 5 ملیار دۆلاری شیرینیەكەی كرد، حكومەت بە بڕی (نا دووبارە نیە بەفوریان ئیزافەیە) دەڵێت یەك ملیار و سێ سەدو شەست و پێنج ملیۆن دۆلارەكەی تر لە كوێیە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تر نیە، ئەوە هەمووی 5 ملیارە و هەر ئەوەندە پارەیە، ئەوەی تر، پارە نیە، با کتێبەکە بگۆڕین، ئەوە لادەدەین، چونکە پارە کە هات ئەو وەختە دەینووسین، ئەوە موستەقبەلیە و منحەیە بە مەشروعیەت و بە پارەیە زۆربەی هاتووە تەقریبەن 200 ملیۆنی هێشتا نەهاتووەتە لای حکومەت لای موقاولەکانە، بەڵام ئێمە حیسابمان بۆی کردووە کە دێت، ئەوەشی کە سەرف کراوە باسم کرد، لە کوێشە؟ لە حیسابی حکومەت دایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەو دوو وەرەقەیە ماوە، ئەویش هەم تیکراری تیایە وهەمیش ناخوێندرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە دەیبینم تیکرارە، د.رفیق دەڵێت جاری پێشتر کە هاتیە پەرلەمان کە ئەو حیسابەی لە بانکی بەریتانی بۆ پارەی گرانت و بۆنز تەرخان کراوە بە ناوی جەنابتانەوەیە، نەك بە ناوی حکومەتەوە؟ ئایا بۆ ئەم حیسابە بەناوی حکومەتی هەرێمەوە نەبێت؟ لەکاتێك دا چەندان وڵاتی ئەوروپی لە هەرێمی کوردستان کونسوڵخانەیان هەیە، ئایا جگە لە ئێوە کێ و چەند کەسانی تر چاودێری ئەم حیسابە دەکەن؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ئەمە دژی حەقائیق پرسیار دەکەن! من وەڵامم دایەوە، موستەمسەکمان هێنا، حیسابەکە بە ناوی هەرێمی کوردستانەوەیە و بە ناوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوەیە، موستەمسەکمان هێنا بۆ پەرلەمان و پیشانمان دان، وتم حیساب بەناوی منەوەیە، بۆ ئەم تەشویهە دەکەین لە پەرلەماندا؟ ئەوە مەعقول نیە، حیسابی هەرێمە بەناوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە، کێ سەرپەرشتی دەکات؟ ئەوەی کە حەقی ئیمزای هەیە دەگۆڕێ جاروبار دائیمەن رەئیسی وزەرای تیایە و نائیبی تیایە و منی تیایەو وەزیری مالیەی مەعنی تیا بووە جاروبار، بە دوو ئیمزا جاروبار بووە کە هین لەوێ بوو کاك سرکیس، چونکە ئەمە تازەیە، کە حکومەت گۆڕاوە تا ئێستا پارە نەجوڵاوە لەو حیسابە، چونکە دەبێت هینەکەی بگۆڕین، کە کێ حەقی هەیە ئیمزا بکات، بچێتەوە بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی پارەکە تەحویل بێت بۆ ئێرە، جا لەبەرئەوە کێ سەرپەرشتی دەکات بزەبت ئەوەیە کە حکومەت و لەسەرووی هەموویەوە رەئیس وزەرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن كاك بەرهەمە، ئایا ناكرێت لە گرێبەستەكان دا ئەم مەرجە لابردرێت كە كۆمپانیا بیانیەكان كار بە كادیری پسپۆڕی نەوت لە كوردستان دا بكەن و دایان بمەزرێنن؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەوە تیایەتی، كادیری زۆر گەورەی تیایە بۆ تەدریب و بۆ هێنانی تەكنەلۆژیا بۆ تەعینی موەزەفین و هەمووی تیایە، هەمووی تیایە داومە بە لیژنەی جەنابتان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عبدالل مەلا نوری دەپرسێت، من ئاگادارم لە كێڵگەی شیواشۆك نەوتی خاو دەردەهێندرێت تا پاڵاوگە ناشەرعیەكان و تەنها بۆ ئەوەی تا ڕادەیەك بكولێنرێت، بۆ ئەوەی نەڵێن نەوتی خاو دەڕوات، ئەو هەموو پێكهاتانەی كە ڕەوانەی ئێران دەكرێن، دەزانم لە ماوەیەك دا ڕۆژانە نزیكەی 400 تەنكەر لەو نەوتە خاوە براوەتە پاڵاوگەكان، وە لە یەك هەفتەدا نزیكەی 600 تەنكەر لەو نەوتە خاوە براوەتە ئێران و تەنها لە یەك مەرزەوە، ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ مەسفای ناشەرعی دەكەن؟ خۆتان لە وەڵامی پرسیارێكی من دەڵێن هەموو داهاتەكان دەڕواتە خەزێنەی حكومەت، كەچی وەزیری دارایی ئاگای لێ نیە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم وەڵاممان دایەوە، ئەوەش موستەمسەكی هەیە، نەوت دەچێتە دەرەوە بیهێنە بۆ من محاسەبەی دەكەم، بەڵام بەشەرتێك ئەوە لە كوردستان دەربچێت، نەك ئەوەی لە عیراقەوە دێت، وەڵامم داوەتەوەو باسی حیسابەكەشمان كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عبدالله دەڵێت خۆشم لەگەڵ تەنکەرەکان ڕۆیشتم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی چەند پارەیان پێدای؟ تانکەر بە بەلاش ناڕوات، باشە با وەکو جەریدە و شت قسە نەکەین، بۆ خاتری خوا، تۆ ئەگەر موستەمسەکت هەیە رەسمەکان وەرگرە و بیهێنە و دەلیل بێنە بۆ لای ئێمە حەقت هەیە کە وەڵامی ڕێك و پێك وەربگری، بەڵام لە پەرلەمان هەر ئاوا پرسیارێك فڕێ دەدەی بەسەر مندا ئەمە هیچ نیە و مەعنای نیە بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عمر عبدالعزیز دەڵێت: بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان هەر لە پێش چاوی ئێمە بەڕێزت دەڵێی ئەو حیسابانە وەڵامی لای وەزیری داراییە، ئەویش نەفی دەکات، تکایە خۆتان یەکلایی بکەنەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاممان دایەوە ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێوە ئاگاتان لە بێ مۆڵەتی 50 مەسفا نیە، ئەی کێ لێی بەپرسیارە؟ زەمانەت چیە بۆ پاراستنی سامانی میللەت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەشمان وەڵام دایەوە، دەتەوێ وەڵامی بدەمەوە دووبارە؟ گوتمان ئەوەی کە شەرعی کراوە حەقی هەیە بە مواتن، چونکە پارەی سەرف کردووە، بیبا بۆ مەحکەمە ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێت، دەبێت تەعامولی لەگەڵ بکرێتەوە بە شەرعی مۆڵەتت پێداوە کە مەسفا دابندرێت، ئەگەر هەبێت ئێستا قەپاتی دەکەم، دەبێ ئەسبابی موجەبەی بدەیتێ، من ناتوانم قەپاتی بکەم، چونکە من ئیجازەم پێی نەداوە، ئەوەی ئیجازەی پێداوە لەوانەیە بۆی هەیە قەپاتی بکات، ئەگەر شەرتەکانی موخالف بێت، ئەوە یەکەم، دووەم شت وەزارەتی بیئە لەوانەیە بۆی هەبێت،مەشاکلی بیئە هەیە من قەپاتی دەکەم، من هەموو حکومەتەکە نیم، من مۆڵەتم نەداوە، ئیجازەم نەداوە، مەسفا نەکراوەتەوە لە چوار ساڵی ڕابردوو کە من هاتووم، بە هیچ شێوەیەك تەعامولمان لەگەڵ نەکردوون کە روخسەتیان بدەینێ، ئەوانە کراون لە ماوەی 15 ـ 20 ساڵی ڕابردوو بۆ دەیکەیتە کێشە لەسەر من کە شەخسی، یەعنی ئێمە کە باسمان کرد مستەعدین کە جیایان بکەینەوە، ئەوەی ئیجازەی هەیە پرۆسەی بۆ دادەنێی، ئەوەی ئیجازەی نیە بڵێی تۆ حەقت نیە ئیش بکەی، دوایی وەزارەتی مەعنی دەتوانێ بچێ لای بە، چونکە بۆ بیئەش خراپە و مشکیلەم نیە لەسەر ئەوە، ئەوەی حەقی هەیە، با بڕۆین بڵێین تۆ مۆڵەتەکەت لەوانەیە غەڵەت بێت، کە غەڵەت بێت ئەوەش دەردەکەوێ، ئەگەر غەڵەت نەبوو دەبێت پرۆسەی بۆ دانێی باشە بۆ بیئە خراپە، خۆت چالاك بکەو مەسفاکە باش بکە و ئینجا ئیستسماری بۆ بکە یان لای بە، ئەوە پرۆسەکەیە باسمکرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د. زانا دەڵێت: بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ئایا ئیستیمارەی تەقدیراتی ئیراداتی حکومەتی هەرێم تایبەت بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ ساڵی 2010 بۆ هەشت سەد و نەوەد ملیۆن دینارە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئایا ئەگەر رەقابەی مالی حكومەتی ناوەند پرسیاری لێ كردین سەبارەت بە داهاتی منحەی نەوتەكان كە 83٪ی بۆ ئەو دەردەكەوێت، وەڵامی بەڕێزتان چیە لە كاتێك دا ئێستا بۆ ئەوان مەعلوم دەبێت؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرەئی من ئەوەی كە داندراوە بە منحە بە جدی منحەیە، دانراوە بۆ مواتنەكەی مەنتیقەی عەقدەكە ئەگەر شتێك بكات حەقی خۆمانە دیفاعی لەسەر بكەین و بڵێین ئەمە داهات نیە، ئەو موقاولە لە كوردستان ئیش دەكات لەبەر ئەوە ئەو منحەیە دەبێت بچێتە ئەوێ، لەبەر ئەوە عەینی مەنتیقە كە دەڵێت مەحافەزەی مونتجە حەقی هەیە دۆلارێك وەربگرێت، بۆچی دۆلارێك وەردەگرێت محافەزەی تر وەری ناگرێت؟ چونكە كێشەی بۆ هەیە، كە بارەمتە و بیئە و ئەو شتانە تێك دەچێت، لەبەرئەوە ئەو موقاولە كە دێتە كوردستان مەسەلەن لە چەمچەماڵ ئیش دەكات یان مەشروعێكت بۆ دەكات، لەوێ دەمێنێ، وەڵامی ئێمە چۆن دەبێت؟ دەڵێت شەریكەی (BP) لە بەسرە ئیش دەكات عەوافی عەلێكم با 5 ملیارە لەوێ سەرف بكات، ئێمە هیچ باسی داهات لەگەڵ ئێوە ناكەین، رەئی ئێمە بۆ ئەوە و بۆ ئەوان عەینی شت دەبێت و تۆش عەینی شت بكە لە شوێنەكانی تر، ئەو داهات نیە، ئەوە بۆ دەعمی مەنتیقەكەیە بە شێوەی منحە بۆ مەشاریعی بونیەی تەحتیە، هیچ كێشەمان نیە لەسەری.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی قسەكانی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان پاڵاوگەكانی كوردستان بەشێكن بۆ بازاڕی كوردستان، ئەمە جگە لەوەی كە لە عیراق دا و گوتت كەچی نرخی نەوت و بەنزین لە كوردستان گرانترە لە عیراق؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی ئەو پرسیارە ناتوانم وەڵامی بدەمەوە، چونکە ئەوە حکومەت دەبێت کولفەکە بخاتە سەر خۆی، لەبەرئەوە سعرەکەی کەم بکاتەوە، سعری بازاڕ لە کوردستان تۆزێك تەتویر بووە، لەبەر ئەوە جیاوازە لە باقی عیراق، ئێمە بڕیار نادەین کە سعر چەند بێت، ئەوە بازاڕ خۆی تەنزیمی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشتر نیە بڕی پارەی منحە بێتە پەرلەمان، نەك بە ئارەزووی خۆیان و بە بێ پلان و ناشەفافانە بەکاربێت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئەمجارە ڕەفزی دەکەمەوە بۆ وەڵامەکەی، چونکە ئەوەی ئیتیهامی شەفافیەت بکات، تۆ وەزیرێکی ترم بۆ بدۆزەرەوە کە لە عالم دا نەك هەر لەم وڵاتە ئیشی کردبێت وەکو ئەوەی من کردوومە؟ وەرە ئیتیهامێکم بکە، بەڵام ئەمە لە جەریدەیەك دابێت من دەتوانم تەعاملی لەگەڵ دابکەم، بەڵام ئەندامی پەرلەمان شتی وا بنووسێت بە بێ موستەمسەك وەڵڵاهی باش نیە بۆمان! تکایە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاروان صالح دەڵێت: داوا دەکەم لە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان، ئایا لە ساڵی 2007 ـ 2008 هیچ سوودێك لە داهات هەبووە؟ ئەگەر هەبووە بە جەدوەلێك بۆمان بنێری؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی موازەنەمان دەكرد، هەمووو شتەكان لە مێشكمدا نیە، عادەتیشم ئەوە نیە كە ژمارە فڕێ بدەم بە بێ ئەوەی تەدقیقی لەسەر بكەم، بەسەرچاو، رەئی من ئەوەیە كە باشتر وایە بۆ پەرلەمان و بۆ میللەت باشتریشە بۆ حكومەت ئەمڕۆ یان حكومەت سبەینێ كە لیژنەیەك كە هەتانە بۆ تەقیمی مەشاریع هەمان لیژنە یان لیژنەیەكی تایبەت بۆ ئەم مەشروعانە دروست بكرێت، متابعەی بكە هەروەكو ئەوەی كە حیسابی بكە كەئەنەما داهاتە، بە عەینی ئیلتزامات كە ئەو پارەی لێ سەرفكراوە بۆ ئەم مەشروعە بە ڕێكوپێكی، ئەگەر خەلەلی تیایە كە خەلەلەكەی هێنا ناوەوە، محاسەبەی بكە هیچ موشكیلەم نیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێكی تری ئەوەیە كە مەبەستی ئەو پارانەی كە سەرف كراوە بۆ پرۆژەكان، ئەو پرۆژانە لە كوێ موسادەقەی لەسەر كراوە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەتوانی ئەو پرسیارە بكەی كە پرۆژەكانت دۆزیەوە، وەڵامەكانی لە گەڵیایە، ئێستا من باسی یەكێك لە پرۆژەكان ئەگەر بزانم مەسەلەن، پرۆژەی ئاوی دهۆك عەقدی هەیە و وەزارەتی مەعنی سەرپەرشتی لەسەر دەكات و كولفەی هەیە لەوێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەمە جەلسەی میزانیەیە، جەلسەی ئیستجواب نیە، ئێمە لە ئسوڵی ئیش و كاری پەرلەمانیش دەرچووینە، بەو شكڵە ناكرێت و جواب دەدات و دەچێتە جێی خۆی بە ئیحترام دادەنیشێت، ئەو پرسیارەی كە پێتان قبوڵ نیە، لە لیژنە دەتوانن بكەن و بێت لەگەڵتان دابنیشێت، بەس لێرە مەجال نەما تەواو، كاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئایا ژمارەی حیسابی کە منحەی تێدایە بەناوی کێ یە و کێ دەتوانێ، ئیمزای وەرگرتنی پارە بکات؟ وەڵڵاهی کاك حمە سعید نەم بینی، پەیمان عزدالدین دەڵێت بەڕاستی وەڵامەکان زۆر ناڕۆشنن و نازانرێت 5 ملیۆن دۆلارەکە پارەیە یان پرۆژەیە؟ هەرجارە شتێك دەڵێی کە نازانین داهاتە یان نا؟ تکایە چارەسەرێکی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە پرسیار نووسینیش بە ئسولێ بنووسن، نەختێك با ئیحترام هەبێت، وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەم پەرلەمانە سیقەی پێداوەو هاتووە ئیشێکی باشی کردووە، هاتووەتە ئێرە دانیشتووە، پرسیارەکانتان جواب دەداتەوە، نەختێك ئیستفزازی نەبێت رەجائەن، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان من وابزانم دە جار لەم جەلسەیە ڕوونم کردەوە کە چ پارەیە یان پارە نیە؟، هیوادارم ئەم پرسیارە کۆتایی پێ بێنن، چونکە ئەگەر من بەغەڵەت شەرحی دەکەم پێم بڵێ مەسەلەکە چیە، بە نیسبەت منەوە سپی و ڕەشە، ئەوەی کە پارەیە ئەو مەبلەغەیە کە باسمان کرد 1365 ئەوە تەواو، پارە نیە، دوای ئەوە، هەرئەوەیە، ئەوە قەناعەت بووە یان نا؟ بڵێن کێ نەیبیست؟ تکایە هەمووتان ئاگادارن؟ 1356 لەوە زیاتری پارە نیە و ناش بێت، ئەگەر عەقدی تازە هەبێت پارەی ئیزافی دەبێت، تکایە ئەوەی کە تێ نەگەیشتووە پێم بڵێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر زۆر سوپاس بۆ وەڵامەکانت کەرەمکە بۆ جێگای خۆت، ئەوە تەواو بە نیسبەت ئەو وەزیرەوە خەلاس، ئینجا نۆرەی وەزیری داراییە کە بێت، یەڵڵا با ئەوەش بخوێنێتەوە، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەشروعانە چین کە بە منحەی نەوت دەکرێن؟ دەبێت بە بێڵ تایبەت بە تەندەر دیاری بکرێن بە مولحەق، وە بە مەشاریعی حکومەت، هەندێ جار حکومەت ئەو مەشروعانە دەکات بە هی خۆی!

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چی بڕیار دەدەن کەیفی خۆتانە، رەئی جەنابتانە، من ئەم مەشروعانە بڕیاری لەسەر نادەم، مەشروعەکان کە حکومەت بڕیاری لەسەر دەدات، وەزارەتی زراعە ئەو مەشروعەی بۆ گرتووە یان وەزارەتی ئاو ئەو مەشروعە لە هەولێر بێت یان لە دهۆك بێت یان خەستەخانەیەك بکرێت یان هەزار خانوو بکرێت بۆ

شەهیدان، ئەوە بڕیارێکی تره من بەشدار نیم لەو بڕیارە، جا ئەوە پێشنیارە بیکەن بەسەر چاو، من لەگەڵ ئەوەم کە مەشروعێك بکرێت دەبێت یارمەتی میللەت بدات کە حکومەت عادەتەن ناتوانێت بیکات، ئەم پارەیە بۆ ئەوە بەکاربهێندرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی ماوە تیکرارە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەمکە جێگای خۆت فەرموو، بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی کەرەمکە بۆ ئێرە، کاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکان چی لێ هات؟ دوایی کۆپیەك بدەن، کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی کردی، دەکرێت بڵێم من خۆم مقنع نەبووم بە جوابەکانی، بەڵام دەکرێت لە داهاتوو دا جارێکی تر قسە و باسی لەسەر بکەین، چونکە بەڕاستی جوابەکانی ئەو هەر دەیوت پارە نیە لەوە زیاتر و تەواو و کۆتایی هات و پێنج، چوار، شەش........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئەو بە تەئکید واجبی ئەو ئەوەیە عەقدەکان دەکات شتەکە دەهێنێ پاشان بگەڕێن بەدوایدا، کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیری سامانە سروشتیەکان گوتی کە ئەو قسەیەی نەکردووەو من تەشویهی هینەکەی ئەو دەکەم لەبەردەم پەرلەماندا، بەڕێزیان گوتی من فەزڵم هەیە وەکو فەزڵی هەبێت،منەتێکی بەسەر حکومەتەوە کرد کە ئەو توانیویەتی ئەو حیسابە بکاتەوە، لەبەرئەوەی کریدێتی هەیە، سیقەی هەیە لەلای حکومەتی بەریتانی، 30 ساڵە هاووڵاتیە کە لەوێ ئیش دەکات، کۆنتۆکە ئەو کردوویەتەوە، لەبەرئەوە ئێمە بۆ ئەوە

لێره دانەنیشتووین سومعەی خەڵك تەشویه بکەین، ئەگەر بەڕێزیان لەبیریان نەماوە لە پەرلەمان ئەمە تۆمار کراوه، من مەسئولم لە پرسیارەکەی خۆم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوه تۆمار کراوه، منیش گوێم لێ بووەو بیستووشمە، بەڵام ئەو وتی من فەزڵم هەبوو لە کردنەوەی حیسابەکە، چونکە منیان دەناسی، حیسابەکەی بە ناوی حکومەتەوە کردووه نەك بە ناوی خۆی، گوتی سیقەیان بە من هەبوو من هەوڵم دا حیسابەکەم کردەوه، ئەو وای گوت فەقیره، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای سوپاسم بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری دارایی کە زەحمەتیان کێشا، بەس واهەست دەکەم بەشێکی پرسیارەکان ڕەنگە بە تەنها خۆیان نەتوانن وەڵامەکان بدەنەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و ڕەنگە ژمارەیەکیش لە بەڕێزان لە گەڵ هاوکارانم پشتگیری لە ڕایەکەم بکەن، کە بانگهێشت و داوەتی هەریەکە لەبەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکەین، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە هەریەکێك لە وەزیری سامانە سروشتیەکان، وەڵامەکانی لای ئەو نیە یاخود وەزیری دارایی وەڵاممان لە ئەوان دەست کەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەزیر منەفزە مەسئولی موباشره لە وەزارەتەکەی خۆی، رەئیس وزەراش و جێگرەکەشی بەقەدەر وەزیر سەریان لێ دەرناچێت، دەتوانن بۆ لیژنەکانی خۆتان وەزیر بانگ بکەن بۆ جارێکی تر، زۆر بە وردی ئەو پرسیارانەی لە مێشکتانە دەخولێتەوە لێی بپرسن، بەدواداچوونی بۆ بکەن، ئەگەر نەگەیشتنە قەناعەت بیهێنن لەناو پەرلەمان خۆمان جارێکی تر بەڕاشکاوی گفتوگۆی لەسەر ئەو بۆچوونانە لەگەڵ دەکەین، بەڵام ئەمە موسائەلە نیە ئێستا، مەسەلەی بودجەیە ئەو پرسیارانەی هەر بەڕێزێك لە ئێوەی بەڕێز باوەڕیتان پێ نیە، وازح نیە بۆتان، وەکو پەرلەمانتارێك دەتوانی دژی دەنگ بدەی، دژی بڕیارەکەی دەنگ بدەی، پاشان بەدواداچوون دەکەی، زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەمکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بۆ ڕوونکردنەوەکانیان و بۆ ڕەخنەکانیان و بۆ داواکاریەکانیان، سوپاسیان دەکەم، بە نیسبەت ئەوەی کە بودجە دواکەوتووە دەمەوێت جارێکی تر ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەم، دیارە دوو عامل هەیە بۆ دواکەوتنی بودجە، یەکەمیان: عاملی ناوخۆیە کە ئەم ساڵ وابووه، دووەمیان: عاملی دەرەوەیە، عاملی ناوخۆییەکە ئەوە بوو کە هەمووتان

دەزانن لە 28 ی مانگ کابینە سوێندی خوار، دووبارەی دەکەمەوە لە 10/28، وە لە دوای ئەوە بە سێ ڕۆژیش عوتڵە بوو لە 11/1 کابینە دەست بەکار بوو و داوای کرد لە هەموو وەزارەتەکان بودجەکانیان بنێرن و ئەو بودجانە موناقەشە بکەن، پێشتریش تەبیعی مەعلومە کە ئەوە چۆن دەکرێت، لەدوای ئەو هەموو موناقەشانەو بە تەئکید ئەو وەختە کە هاتووەتە پێشەوە من پێم وایە وەختێکی باش بووەو لە شوێنی خۆیدا بووە، دووەم هۆکار ئەوەیە کە ئێستا دەرکەوت ئێمە کە دەڵێین دەبێت ڕەقەمەکەی وەزارەتی مالیەی عیراق، ڕەقەمی پێشنیارکراو بەلایەنی کەمەوە بزانین، دیارە کە نەمان دەزانی و هەر جارەی ڕەقەمێکیان دەدا پێمان، ئەویش بەڕەسمی نا، ئاخر جار ئێستا کە هاتووە ئەوەتا فەرقی تێدایە، ئێستا فەرق هەیە لە ڕەقەمەکەیان نموونەتان بۆ دەهێنمەوە، ئەوەتا گەیشتووەتە دەستمان ئێستاکە، دەربارەی بودجەی تەشغیلی بە تایبەتی تەعویزی موزەفین ئەوە زۆرە، ئەم ساڵ زۆرترە، ئەم بەس مووچەی پێشمەرگە کە داخل کراوە 600 ملیار دینارە، لەگەڵ پار فەرقی هەیە، زیادەی خانەنیشینی پێنج مانگی پێشووتر کە 70 هەزار دینار بووە کە لەم ساڵەدا تەحەققی دەکات و ئەمساڵیش حەفتا هەزار دینار بخەرە سەر هەموو مووچەکانی خانەنیشینی، ئەم زیادانەی کە ئێستاکە حیساب کراوە لە میزانیەدا کە دەکەوێتە حەیزی تەنفیزەوە کە ئەویش پێکهاتووە لە پارەی شەهیدان و کەم ئەندامان و ئەوانەی تر کە باسمان کرد، سێیەم/ عەلاوەو تەرفیعی موەزەفین لە ساڵێك دا چەندی دێتە سەری، زیادەی مووچەی چوار لیوای پێشمەرگە کە ئێستاکە بەس فەرقی زیادەی مووچەکانیان، بێجگە لە پێداویستیەکانیان، چوار لیوایە و کە ئێستا تەشکیل دەبێت، ئەو میلاکانەی کە ئەمساڵ دادەمەزرێن، ئەمانە ڕەنگە هەندێك شتی سەرەکی بن کە ئێستا باسی بکەم، شتی تریش هەیە، ئەوجا دێمە سەر پرسیارەکان، دیارە بە نیسبەت زیندانی سیاسیەوە پرسیار دەکرێت و ئەو پرسیارانە تیکرار دەبێتەوە هەموو جارێك، موتەئەکید بن لە میزانیەی حکومەتی هەرێم دا و 17٪ ی کە بۆ ئێمە دەست نیشان کراوە، هیچ بابێك و هیچ خاڵێکی تێدانیە بەو شێوەیە کە هاتبێت، بەڵام لەسەرووی ئەوەشەوە زیندانی سیاسی پێویستە هاوکاری بکرێن، پێویستە ڕێزیان لێ بگیردرێت، پێویستە ئەوەی کە دەکرێت بۆیان بکرێت، هێشتا هەر کەمە، ئێمە لە حکومەتی هەرێم وامان بە باش زانی ئێستا وەکو منحەیەك سەرف بکرێت، 390 هەزار دینار سەرف بکرێت هەتاوەکو یاسایەکەیان بۆ دەردەچێت، یاخود لە پەرلەمانی کوردستان تەسدیق بکرێت کەوا ئێمە بە پێی یاساکەی حکومەتی عیراق کاربکەین، وە کە 390 هەزاریش دانراوە ئەوە لەبەرئەوەیە کە لە مووچەی شەهیدان دا ئەو مووچەیە مووچەی لە مووچەی شەهیدێك کەمترە، مووچەی شەهیدێك 400 هەزار دینار وەردەگرێت، ئێمە گوتمان با حکومەت وای بە باش دەزانین لە مووچەی شەهیدێك کەمتر بێت مووچەکەی، وە ئەمە هەروەکو گوتم ئەمە هەتاوەکو ئەو وەختەیە کە یا پەرلەمانی بەڕێز لەسەری موسادەقە دەکات بە یاسای ژمارە 4 ی عیراق پەسەند بکەین لە پەرلەمان ئیمە ئیشی لەسەر بکەین، وەیاخود یاسایەکی تازە دەربچێت و بۆ مەعلوماتی جەنابیشتان ئێمە ئەو پارەیەمان تەوزیع کردووە، کە وەجبەی یەکەمیشمان بۆ هاتووە تەوزیعمان کردووە، بەردەوامیشین ئێستا لەسەر تەوزیع کردن، وە هەر وەجبەیەکی تر کەئیسپات ببێت کە

ئەوانە زیندانی سیاسین ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر سەرفکردنی، هەر بڕێکیش کە پەرلەمانی کوردستان لەسەری بڕیاری دا ئێمە مولزەم دەبین بە ئەوەوە کە سەرفی بکەین بۆیان، ئەمەش وەکو عیراق بێت، دووەم: ئەو ژمارەی لەمیلاك دا دانراوە تەنها ژمارەی فعلی فەرمانبەرانە، ئەوە خانەنیشینی تیا نیە، وە خانەنیشینیش مەوجودە هەرکەسێك ئەگەر بشتانەوێ دەتوانین بە جەداول بداتان دەینێ، شەهیدی تیا نیە، کەم ئەندامی تیا نیە، هەندێك لە مووچەی تۆڕی شەبەکەی حیمایەی ئیجتماعی، هەندێك پرسیار کرا، کەوا لەسەر شەفافیەت، بەڕای ئێمە بودجەکە زۆر شەفافە، ئەم بودجەیە خەملێنراوە، عیبرەت لە جێ بەجێ کردنی بودجەکە دایە، ئەوەش دوای ئەوەی کە بودجەکە موسادەقە دەکرێت پەرلەمانی بەڕێز لەڕێگای لیژنەی نەزاهەوە، لەڕێگای دیوانی چاودێری داراییەوە، کە ئومێدەوارین ئەو دیوانە زوو تەفعیل بکرێت، یەك بگرێتەوەو پێشمان وایە کە ئەو ماوەیەی کە بۆی دانراوە، زۆر زۆرە، هەرچەندە پەرلەمانی بەڕێز خۆیان باسی ئەوەیان کردووە کە انشاللە بەم زووانە تەفعیل دەکرێت و دادەمەزرێت، لە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانن بەدواداچوون بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو شەفافیەتە بکەن و ببینن ئایا شەفافە و بە شەفافی سەرف دەکرێت؟ وە یاخود نا؟ ئیجرائات ئەو وەختە دەکرێت، بە نیسبەت 90 ملیار دینارەوە بۆ حیزبەکان دانراوە، فعلەن ئەوە دانراوەو ئەوە بووە کە یەکێکە لە ئەبوابی یاساکەو هاتووەتە بەردەستی جەنابتان و ئێوەن کە بڕیاری لەسەر دەدەن، ئەگەر هەر تەجاوزێك لەسەر ئەوە بکرێت، ئەوە دیوانی چاودێریە و گوتمان لەمەودوا موراقەبەی دەکات و دەزانێ، باسی دارایی (س) و(هـ) دەکرێت، دوو دارایی بەڕاستی ئەوە دارایی س و بەڵێ وایە، بەڵام فەرموون ئەوە ئێمە مانگێکە داوامان کردووە لە پەرلەمانی بەڕێز بێن ئیقراری یاسای وەزارەتەکەمان بکەن، چونکە ئەو هەیکەلەی ئێستا دروست دەبێت لە نەتیجەی توحیدی ئەم دوو وەزارەتەیە و زۆر جیاوازە لەگەڵ جاران، لە سلێمانی بە نەوعێکە و لە هەولێر بە نەوعێکی ترە، هەردووکیشی ئێستا بێی بە پەلە تەوحیدی بکەی دەبێت یاسایەکت لەبەردەست دابێت، ئێمە بۆیە پەلەمان کرد لە یاساکە و ناردمان، بۆ مەعلوماتی بەڕێزیشتان ئێمە یەك میزانیەین و یەك خیتابین و یەك تەعلیماتین، لە یەك شوێنەوە تەعلیمات ئێستا دەردەچێت، هەموو شتێکیش لە یەك شوێنەوە دەردەچێت، بەڵام هەیکەلەکان ماون، ئە هەیکەلانەی کە دەڵێن دەفەرموون فعلەن ئەوە ماوە، بەس بۆ نەمانی ئەو هەیکەلانە و بۆ ئەوەی ئەو (د) و (س)ە نەمێنێت تکام وایە لوتف بفەرموون ئەم یاسایەمان بۆ جێ بە جێ بکەن، بە نیسبەت ئەو پرۆژانەوە کە باس دەکرێت، تەدویرە منەوەرەکانی بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ چی بەسەر هاتووە؟ دیارە یاسا داراییەکان باس لەوە دەکەن کە سەری ساڵ بێت و پرۆژەکان ئەو حیساباتانەیان سفر دەبێتەوە، بەڵام ئەوە مەعنای ئەوە نیە پارەکەی دەڕوات و دەخورێت و نامێنێت، بۆ کوێ چوو پارەکەی؟ پارەکەی خورا! نەخێر پارەکەی لە مەشاریعی پرۆژەی تردا سەرف دەکرێت، من پرسیار دەکەم ئەی باشە خۆ مەسرەفی عەقاری پارەکەی لە کوێ سەرف دەکرێت؟ مەسرەفی زراعی پارەکەی لە کوێ سەرف دەکرێت؟ ئەمانە یەعنی بۆ نموونە دەیهێنمەوە، بە نیسبەت داهاتەوە کە باس لەوە دەکرێت کە داهاتەکە چی لێ دێت؟، پێشەکی من ئومێدەوارم پەرلەمانی بەڕێز ئەوەمان کە

**پارەکەش هەر داوامان کردوو ئەمساڵیش ئومێدەوارین ئەوەمان بۆ تەحدید بکەن، ئایا گومرگ بەس بە تەنها داهاتی هەرێمە؟ وە یاخود ئەوانی تریش داهاتی فیدراڵە؟ ئەمانە لەو حاڵەتانە کە جیا کرایەوە دەبێت دیفاعی لێ بکرێت، چونکە ئەوان بەبێ قەید و شەرت، ئەمە ئەوە نیە کە ئێمە محاوەلەمان نەکردبێت، بۆ مەعلوماتی جەنابتان، ئێمە بەبەردەوام وەفدمان لەوێیە، مونەسقمان هەیە لەوێیەو جەنابی کاك علی احسان بەردەوام لەگەڵیاندا ئیش دەکات، بەڵام ئەوان کە میزانیەی موراجەعە دەچێتە ئەوێ، ساڵانە ئەوان بێ میزانی موراجەعە پارە نادەن بە ئێمە، ئەو داهاتانەش کە تەحدید کراون، هەتاوەکو ئێستا و تا ساڵی 2008یش لێمانیان بڕیوە، وە هی 2009یش، ئێستا دیوانی رەقابەی مالی عیراق لەگەڵ دیوانی رەقابەی مالی سلێمانی و هەولێر لەتەنسیق دان و تەنسیقی ئیراداتەکان دەکەن، من ئەمەم زۆرجاریش تەئکید کردەوە، ئەو ئیراداتانە بۆ ئەوەی ئەگەر زیادی هەیە، ئەوا دەبێت بۆمان بگێڕنەوە، ئەگەر کەمیش بێت، ئەوا دەبێت زیاترمان لێ ببڕن، ئەوە بۆ خۆیان، بۆ ئەوەی فعلەن بزانن ئەوە ڕاستە یان نا؟ تەدقیقی تێدا دەکەنەوە، باسی خەستەخانەی شۆڕش کرا، بەڕاستی خەستەخانەی شۆڕش جەنابتان دەتوانن لەڕێگای لیجانەکانتانەوە تەئکید بکەنەوە، خەستەخانەی شۆڕش لە وەزارەتی پێشمەرگە هەموو مەسروفاتی لەوێوە وەردەگیردرێت، وە وەزارەتی پێشمەرگەش وەزارەتێکی ڕەسمیە، وە لە نەتیجەی بەدواداچوون دەردەکەوێت، ئەندامێکی بەڕێز باسی ئەوەی کرد کە مەوزوعی نەوت کە دەدرێت بە ماڵان گوایە 40 هەزار دینار وەردەگرین، ئەو پارەیە لە کوێیە؟ دیارە ئەو خوشکە یان ئەو پرسیارەی کرد، ئەوە نازانێ ئێمە هەموو بەرمیلێك نەوت کە دەهێنین لە ئێران و لە تورکمانستانەوە بووە بە 160 هەزار دینار دەیهێنین، وە هەموو بەرمیلێك نەوت 120 هەزار دینار حکومەت دەعمی دەکات بۆ هاووڵاتی، ئەو نەوتەی کە بە ئێمە دەدرێت لە حکومەتی عیراق و کە دێت و دەگاتە دەستی ئێمە نیهائیەن بەشی هیچ پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك ناکات لەگەڵ گەرمیانیش، ئەی ئەوانە هەمووی بێجگە لەوەی کە دەعمیش دەکەین، بێجگە لەو پارەیەی کە وەری دەگرین، یەکێك لە بەڕێزەکان باسی لە موخەسەساتی ئیستسنائی کرد، موخەسەساتی ئیستسنائی ئەو موخەسەساتەیە کە ناوی لە موخەسەساتەکاندا نیە، وە ئێستا ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و پلە تایبەتەکان وەری دەگرن، بۆ ئەوەی جەنابتان بزانن، ئەوەیە هەموومان ئێمەش وئێوەیش و هەموو پلە تایبەتەکانیش ئەوەی ئەو موخەسەساتە وەردەگرین ناوی موخەسەساتی ئیستسنائیە، وە لە عیراقیش دا هەر وایە، باس لە دەسەڵاتی وەزیرەکان دەکرێت کە 250 ملیۆن دینارە، وە زۆرەو چۆن دەبێت ئەوەندە؟ ئەو 250 ملیۆن دینارە بۆ موسادەقەیە، ئەوە بۆ ئەوە نیە یەکسەر وەزیر بێت و بڵێت ها سەرفی بکەن و بیبەنەوە، بە پێی یاساو ڕێنماییەکان، هەرچی یاساو ڕێنماییەکانی دەبێت تێدا بێت ئەوجا سەرف دەکرێت، ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی بە نیسبەت 43 ملیار دینارەوە کە لە سلێمانی هاتووە باس لەوە دەکات کەوا قەرز و سلفە و ئەوانە هەمووی لای خەڵکە و پارەش لەلای خەڵکە، دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەو بڕە پارەیە پێکهاتووە لەو سلفانەی کە تەسویە نەکراوە، بۆ ساڵەکانی سەرەتای دروست بوونی حکومەت دەگەڕێتەوە،**

وه تا ساڵی 2008، وه ئێستا زۆربەی زۆری وەرگیراوەتەوە، بەشێکی تری سلفەی زەواج و عەقاریە کە خۆی سروشتی درێژخایەنە ئەو سلفانە، لە ساڵێك زیاتر فەرمانبەران دەیداتەوە، درێژ خایەنە، لە ساڵێك زیاتر فەرمانبەران دەیداتەوە، هەندێکیشی دواکەوتووە لەوانە قیستی وازهێنانە، هەندێك قست هەیە بۆ نموونە کابرا سلفەی زەواجی لەسەرە، یان هی عەقاری لەسەرە، هەر شتێك لەو بابەتانە و وازی هێناوە ڕۆیشتووە، ئەوانە کەفیلیان هەیە و یاخود هەندێکیان لە مەحکەمە حاکمە و ئیجرائاتی قانونی و ئسوڵی هەیە، هەندێك باجیان لەسەرە و باجەکەنیان دەدەن، ئەوانەی باجەکانیان نەداوە ئێستا ئەوانە هەر هەمووی ئێمە موعامەلاتەکانیانمان ڕاگرتووە، ناتوانن هیچ موعامەلەیەك بکەن، ئەگەر مولزەم نەبن، ئەگەر موراجەعەتی باجەکانیان نەکەن، هەتا ئەو زەریبانە نەدەن، حیساباتی ختامی لێرە پێشنیاز دەکەین لە پەرلەمانی بەڕێز تەعدیل کردنی ماددەی 80ی سیستەمی ناوخۆی پەرلەمان کە داوای حیساباتی کۆتایی دەکات لەگەڵ بودجەی خەملێنراو، لە کاتێك دا دەبێت مانگی 10ی هەموو ساڵێك بودجە بنێردرێت، چۆن دەتوانرێت حیساباتی  ختامی کە سەرەتایەکەی لە 12/31 تەواو دەبێت و نیهایەتەکەی لە 3/31 ساڵی دواتر، وە لە مانگی 10 بنێردرێت، چونکە حیسابی ختامی داهاتی مەساریفی فعلی ئەو ساڵەی تیا دەردەکەوێت، وە تەسویاتی لەسەر دەکرێت، بەڕاستی من بە نیسبەت حیساباتی ختامیەوە شتێکی ترم هەیە، دیار بوو لە تەقریرەکەشدا هاتبوو تکام وایە ئەوەی کە هاتووە و دەڵێت لە 4/15 دا بە پێی قانونی ئیدارەی مالی ئەو تەئریخە دابنێن، چونکە دەبێت وابێت، هەلی کار بەڕای ئێمە خودی بۆ بودجەکە خۆی بە تایبەت پرۆژە سەرمایەدارەکان هەلی کار دەرەخسێنن بۆ هاوولاتیان، بە هەموو توێژەکانیەوە لەگەڵ ئەوەشدا تەبیعی10 هەزار میلاکمان ئێستا داناوە بۆ دامەزراندن، عەجزی موخەتەت ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە داهاتی فیدراڵی کە لە کوردستان وەردەگیردرێت دەبێت بنێردرێت بۆ حکومەتی مەرکەزی، بۆ بەغدا، ئێستا دیوانی چاودێری دارایی کە کاری تێدا دەکات، هەروەکو پێشریش گوتم هەتا 2008/12/31 هەموو ئەو داهاتانەمان لێ وەرگیراوە و دیارە گەڕاومەتەوە جارێکی تر، بۆیە ئەو داهاتە بەراورد ناکرێت لەگەڵ خەرجی هەرێم، بەڵکو خەرجی و تەمویلی فیدراڵی بەراورد دەکرێت، ئەو عەجزە دەردەکەوێت و لە بودجەش دا دیاری کراوە، ئەگەر عیراق پارەی پێشمەرگەی نەدا ئەوا ناچارین تەخفیزی بودجەکە بکەین، ئەو هەیکەلەی کە ئێستا بودجەی تێدا تەنزیم دەکرێ  دەست نیشانامان کردووەو هاتووە بۆ بەڕێزتان، ئەمە یەعنی ئەوە نەبێت ئێمە لەخۆمانەوە ئەمەمان دانابێت، ئەمە ڕێکخراوێك بۆ عیراقی داناوە، وە ئیعتماد کراوە لەلایەن مەجلسی مەعایری محاسەبەی حکومی، بۆیە هەندێك برادەر حەق نیە بەو شێوەیە باسی ئەو نەمازجانە و باسی ئەو بودجەیە بکەن کە بەو شێوەیە هاتووە، ئێمە وەکو بەغدا تەعامولمان کردووە، ئەوە شتێکی قانونی و ئسوڵیە، ئەو پارانەی بۆ مەسرەفی سناعی و زراعی دنراون مەرج نیە قەرزی پێ بدرێت، بەو کەسانەی لەو بوارە دا کاردەکەن، بەڵکو لەگەڵ چەند بانکێکی کەرتی تایبەت ڕێککەوتووین کە ئەوان قەرزەکە دەدەن و ئێمەش بەو تەرخان کراوە دەعمی سعری فائیدە دەکەین، وە دەفعی دەکەین بۆ ئەو بانکانە، دیارە زۆر باس لە منەح و ئیعانات و مەسروفاتی ئوخرا کراوە، دەمەوێت

حەقیقەتی ئەم حیساباتانەتان بۆ باس بکەم، بەڕاستی ئەم حیساباتانە کە ئێستا بەم شێوەیە باسی دەکەن بەڕێزتان لە 10٪ی لادەن و 7٪ی ببەنەوە، بەڕاستی ئەمە من نازانم جەنابتان دیراسەتان کردووە؟ حەزدەکەم، انشالله من سەهوم، داوای لێ بوردن دەکەم مەعنای ئەوە نیە بەڕێزتان ئەوەتان نەکردووە، بەڵام پێم وایە دیراسەکە کراوە، جارێ یەکەم: بە نیسبەت ئیعاناتەوە کە 399 ملیار دینار ڕێژەکەی 3,49 یە، حەزدەکەم بزانن کە فەرقی پارەی خەرجیەکان و داهاتەکانە کە هاتووەتە ئەم ئەبوابانەوە، مەسەلەن، میزانیەی کارەبا، کە دائیمەن دەڵێن ئیرادی میزانیەی کارەبا لە کوێیە؟ ئەی بۆ ئەوەندە کەمە، ئەی بۆ خۆی لە کوێیە؟ خۆی تەبیعەتی ئەو حیسابانە کارەبا حیساباتی تایبەتی خۆی هەیە، حیسابی ربح و ئەرباح و خەسائیری هەیە، ئەو حیساباتە جیاوازە لەگەڵ ئەو حیساباتەی کە ئێمە ئێستا لە حکومەت بە عام وەری دەگرین، وە پێویست دەکات ئەو حیساباتە کە تەبعێکی خاسی هەیە ئیراد و مەسروفاتی لەلای خۆی بێت، بۆیە ئێمە هاتووین، یەکەم: داهاتەکەیمان حیساب کردووە، وە خەرجیەکەیشمان حیساب کردووە، فەرقەکەیمان هێناوە و دامان ناوە لە ئیعانات دا، وە هاکەزا وەکو بانکەکان، بە هەمان شێوەیە لە بانکەکان، مەسەلەن فەرقی میزانیەی کارەبا، خەرجیان 324 و داهاتیان 145 ەو فەرقەکەی 179یە، ئەوە بە ملیارە تەبیعی، فەرقی بانکەکان خەرجی 87 ەو داهاتیان 46 ەو فەرقەکەی 41 ملیارە، میزانیەی دابەشکردنی نەوت، تەبیعی ئەوەی کە لە دائیرەکان تەبیعی خەرجی 594 و داهات 525 ەو فەرقەکەی 69 یە، میزانیەی مەتار کە باس دەکرا زۆر خەرجیەکانیان 85 ەو داهاتەکانیان 35 ەو ئیعاناتی زراعی کە مەجموعەکەی دەکاتە 399 ئەگەر کەسرێکی فەرق تیا هەبێت دیارە من کەسرەکانم نەختێك بە نەزەر ئیعتیبار وەرنەگرتووە، بەڵام نیسبەکەی 3,49 یە تەبیعی، لەبەرئەوە تەماشا دەکەی ئیعانات لەناو ئەم ئیعاناتەدا شتی شەخسی نیە، کە ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە بە شێوەی شەخسی بیدەین بە فلان و بیدەین بە فلان...، ئەوە حیساباتەکەیە و ئەوەش بۆ ئەوەی بەڕێز کە ڕوونم کردەوە، وە تەبیعەتی ئەو حیساباتانە وایە، ئەمە یاسایە، یەعنی ئەمە شتێکە موتەبەعە، لە هەموو شوێنێك ئەمە موتەبەعە، ئەوە نەبێت ئێمە هاتووین و ئەمەمان دروست کردبێت، بە نیسبەت منحەوە کە 431 ملیارە، 2,26 ٪ تەبیعی لێرەدا میزانیەی شارەوانیەکانی تێدایە، بەلەدیە و بەلەدیاتیشی تێدایە، خەرجیەکانیان 375 ەو داهاتەکان 45 ەو فەرقەکەیان 330یە، بودجەی مونەزەماتی عیلمی و سەقافی و مونەزەماتی ئوخرا 101 ملیاری تێدایە، مەنافعی ئیجتماعی کە 180 ملیارە ڕێژەکەی 1,58 ەو 133ی تەبەروعات وئیعاناتە کە ئێستا دێم ئەوەش شەرح دەکەم، 45ی هی شەبەکەی حیمایەی ئیجتماعیە، 1٪ی رەواتبی عەمەل و زەمانە، وە ئەمانەش پێکهاتوون لە مووچەی سوجەنای سیاسی، شەلەلی دەماغ، کەم ئەندامان، چاودێری خێزان، (پ ـ م ـ ی) کەم ئەندام، کەڕولاڵ، کورتەباڵا، تالاسیما، ڕیزلێنان، فەنانین، سەحەفیین، وەرزشکاران، مەسروفاتی ئەخرا کە 683 ملیار کە 5,98 ٪ ئەمە 350 ملیاری بۆ ئیحتیاتی وەزارەتی داراییە، 120 ملیاری ئەو بەعساتەیە کەوا لە ئەنجومەنی وەزیران کە بۆ ئەوە دانراوە بۆ زەمالات و ئەوە، نەوەد ملیاری تەخسیسی ئەحزابەکانە کە هاتووە لە وەزارەتی دارایی، 61 ملیاری دەرماڵەی قوتابیان و خوێندکارانە، ئەگەر 404

ملیار بودجەی وەزارەتی دارایی، یەعنی ئەو 350 یە زائیدەن 90 تەنها ئەم دووانەیە لەناو بودجەی وەزارەتی دارایی دایە، لەم حاڵەتەدا تەبیعی ئەگەر بێتو خولاسەکە لێ بدەینەوە 390 ئیعانات و 431 منح و 179 مەنافعی ئیجتماعی و 621 مەسروفاتی ئوخرا دەکاتە (ترلیۆنێك و شەش سەد و سی) 20٪ی تەبعەن ڕێژەکەی و بودجەکە 1,693 یە و ڕێژەکەش 21,47 ە، بەڵام لەمەدا ئەگەر وەزارەتی دارایی بێی (دوو ترلیۆن و دوو سەد و شەستەکە)ی کە باسی 1,822 ی جاریە و 438 ختەیە، ئەو 1210یەی کەوا ئێستا باسمان کرد، ئەوەی کە ئەگەر بێتو لەوەی کە گوتوومانەلە ئیعانات و لە منح و لەمەسروفات و ئەوەی کە عیلاقەی بە ئێمەوە نیە و لەوێیە، بودجە دەمێنێتەوە (یەك ترلیۆن و پەنجا) وە نیسبەتەکەی وەزارەتی مالیە دەبێتە 10,5، ئەوە لە کاتێکە کە لەبیرمان نەچێت ، تەبیعی مووچەی تەقاعودیش هەر لەلای ئێمەیە و لە وەزارەت داراییە، دەسەڵات دابەزاندن بە پێی وەزارەتەکان و وەزیرە بەڕێزەکان دەسەڵاتی وەزارەتیان هەیە، وەزیرێك دەسەڵاتی دراوەتێ بە پێی پێویستی وەزارەتەکەیان، تەبیعی سروشتی هەر وەزارەتێك چۆن بێت، تەبیعەتی وەزارەتەکە چۆن بێت، دەسەڵاتەکانیش بەو شێوەیە دەبێت، بەپێی یاسای بودجە دەبێت حسەی قەرز و منحە 17٪ بێت، بۆ کوردستان، بەڵام سەرنج لە بودجەی 2010ی عیراق بدەین، دەڵێت ئەمساڵ ئەگەر هەبێت بەکاری دەهێنین بۆ داپۆشینی عەجزی بودجەی عیراق، بۆیە ئەگەر وابێت ئێمە بەشمان نابێت، من ئەو پرسیارانەی کە تەقریبەن عام بوو باسم کرد، بەڕاستی ڕوون کردنەوەشم لەسەری دا کە هیوادارم بۆ ئێوەی بەڕێزیش ڕوونکردنەوەکانم ڕوون بێت، من نازانم جەنابی کوێستان خان شتێکی بۆ من نووسی بوو، پرسیارێکە دیارە پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە، نازانم وەڵامەکانت وەرگرتووەتەوە یاخود بیخوێنمەوە، من لێرەدا ئەمەوێت هەروەکو خۆشتان و جەنابیشتان گوێتان لێی بوو، ئەمە مەعنای ئەوە نیە من لە بەعزێك شت ڕادەکەم، نەخێر من نەڕادەکەم و مەسئولیەتم هەیە لە ناو ئەم حکومەتە و مەسئولم و لەمەودواش هەر شتێك بێتە لای من مەسئولم بەرامبەر بەوەی کە باسی بکەم، بەڵام جەنابتان دەزانن من وەزیری هەرێم بووم بۆ کاروباری دارایی، ئێستاش وەزیری داراییم، وە ئێستا و لەمەودوا هەر مەوزوعێك عیلاقەی هەبێت بە نەوتەوە، ئەوە بە پێی بڕیارەکەی بەڕێزتان کە بەڕێزتان داوتانە کە وەزیری دارایی ئەندامە لەو لیژنەیە، مەفروزە من مەسئولیەتم هەبێت لەناو ئەو لیژنەیە، بۆیە من بەو دائیمەن دەمگوت کە دەشم گوت ئاگام لێی نەبووە، کە فعلەن ئاگام لێی نەبووە، ئێستاش جەنابی بەڕاستی هەموو شتەکانی ڕوون کردەوە، پێویست ناکات ئەو پرسیارانەی کە لە من کرابوو دەربارەی ئەو مەوزوعە وەڵامی بدەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس جەنابی وەزیر فەرموو بۆ جێگای خۆت کەرەمکە، ئەمە ئیستجواب نیە، ئەوەندە جوابی پێ بوو، تکایە ئەگەر قبوڵی ناکەن دژی ڕاپۆرتەکەی دەنگ بدەن، تەواو، برای من ئەمە حیزبی نیە، ئاگات لە قسەی خۆت بێت، رجائەن پاشان بانگی بکەنە لیژنەکەتان و لێی بپرسن، جەنابی وەزیر لە شوێنی خۆت

جوابی ئەو نامەیە بدەرەوە تكایە، مادام بە نووسرا و هەیە و درایە دەستت، پێشتریش لە لاتان بووە جوابی بدەرەوە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەوەی كە باسی ئەوە دەكەن كە 1566 ئەفسەر لە وەزارەتەكانی ناوخۆ و (پ ـ م) و فەرماندەیی گشتی و ئاسایشی سنوور مەعاشیان نەماوەو نان بڕاو كراون، ئێستا مەعاش وەرناگرن، بەڕاستی ئەمە دەبێت لەو وەزارەتانە لە خۆیان بپرسن كەوا لەلای منەوە هیچ ئەمرێكم دەرنەكردووە كە فلانم فەسڵ كردبێ و وە فلانم لادابێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كە راتبێك قەتع دەبێت بە ئەمر بۆتان دێت؟

**بەڕێز باییز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بچێتە ئەو وەزارەتانە و بزانێ ئایا پارەكانیان خوراوە وەكو خۆیان جەنابیان دەڵێن یاخود پارەكانیان چی لێ هاتووە؟ بەڵام ئایا ئەم پارانە دەخورێت؟ ناخورێت، ئەمانە عادەتەن هەر مەعاشێك كە وەرنەگیردرێت دەبێت بە غیر مەتروح هەتاوەكو چەند مانگێك یان تەرح دەكرێت لە پشتی قائیمەكە یان بە ئەمانەت وەردەگیردرێت، ئەوە ئسوڵەكەیەتی، مەسئولینی كارەبا دەڵێن 150 ملیۆن داهاتمان بۆ ساڵی ڕابردوو بووە، كەچی جەنابتان نووسیوتانە 50 زائیدەن.....؟ ، ئێستا ئێمە بە 145 ملیار دینار خۆم خوێندمەوە ئێستا، ئەوەی ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابی وەزیر باسی كرد، من نازانم لای ئێمە یان رەقەمەكان غەڵەتن، یان ئەو رەقەمانەی كە ئەو خوێندەیەوە لەگەڵ هی لای ئێمە تێك ناكاتەوە؟ ئەوە یەك، ئەوەی كە جەنابتان خوێندتانەوە لەسەر مەسەلەی داهاتی كارەبا، ئەو رەقەمەی كە جەنابت خوێندتەوە لەگەڵ ئەو رەقەمەی كە لای ئێمە هەیە تێك ناكاتەوە؟ دووەم: بە چ قانونێك جەنابیان ئەو تەرح و تەقسیمەیان كرد؟ ئەو داهاتەیان لەگەڵ سەرفیاتەكە لێك دەركرد، موجمەلیان دا بە ئێمە؟ قانونێكیان لەبەر دەستە؟ سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڵێ دیارە قانونی موئەسەسەی کارەبا هەیە و با بفەرموویێت جەنابی تەماشای بکات، ئەوە یەك، دیارە ئەو دەرەجەی 48 ە (أ)ە ئەوە عیلاقەی بە وەزیر و پلەی وەزیـرەوە هەیـە، بـەڵام حەفتاکـە مـدیر عامـە، ئـەوە هەرسێ پرسیارەکەیە، دەمێنێتەوە، ئەو ملیار و چوار سەدەی کە باست کرد، کە دیـار نیـە، بەڕاسـتی ئەمـە پارەی (OPC)، (نفط مقابل غـذاء) پـارەی (OPC)، ئەمـە شـەش سـەد و دوو ملیـۆن دۆلاری هـاتووە بـۆ سلێمانی و حەوت سەد و نەوەد و هەشتی لە هەولێرە، هەرکەسێك دەیەوێت دەتوانێ بفەرموویێت تەماشـای حیساباتی 602 ملیۆنەکە بکات و لە هەولێریش 798 ملیۆنەکە بکات، وە هـەر دوو حیسـابەکە و هـەردوو ڕەقەمەکە لـەلای دیـوانی ڕەقابـەی مـالی لـە بەغـدا هەیـە و بەدواداچوونی بـۆ کـراوە، ئـەوانیش ئیتلاعیـان لەسەر ئەو مەبلەغـە کـردووە و هـەتا پەرلـەمانی بـەڕێزیش دەتوانێـت بینێرێـت و تەماشـای ئـەو مەزوعـە بکات، پارەکە نەخورا، ئەگەر ئێسا ئێمە لە عیراق دا کە پێمان گوتووە فەرموون هەمانە و ئاوایە، خـۆ ئێمـە ناتوانین کاری ئەو بکـەین، بـەڵام ئەگـەر ئـەم مەوزوعـە بگەڕایـەوە بەغـدا پـارەی (OPC) هـەبێت 17٪ی بدرابایە حکومەتی هەرێم، کاکە وەرگیراوە و تەسبیت کـراوە، (ئەتدەمـەوە باوکەکـەم بـەخوا نایبـەم)، بـرام تەسبیت کراوەو تەدقیقیش کراوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك حمە سعید فەرموو.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەکەم: پرسیاری زۆ رجدی داهاتی داخلی بوو، کە سەیرمانەکرد لە قائیمەکە، فۆرمەکە زۆر کەمەو وەڵامـی نەدایەوە، دووەم: باسی یاسای وەزارەتی کرد و مەسئولیەتی خستە ئەستۆی پەرلەمان، پێمـان نەگەیشـتووە، سـێیەم: بـەڕێزی ئـەو تـەرح و جەمعـەی کـرد بـەس ئـەوەی لـەم فۆرمـەی خۆیانـە باسـی ئیعانـات و مـنح و مەنافعی ئیجتماعی و مەسارفی ئوخرا دەکات نیوەی ئەو قسانە.......... .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك محمد ئیستجواب نیە، سوئالتان کرد جوابی دانەوە، بە قسەکانی قەناعـەتتان نیـە پاشـان بـانگی بکـەن، ڕجائەن با بچینە سەر مەوزوعێکی تر، کوڕە کاکی من، برای من، جەنابت قەناعەتت بە وەڵامەکانی بـەڕێز جەنابی وەزیر نیە، تەواو، قەناعەتت نیە، برای تر هەیە و خوشکی تر هەیە قەناعەتیان نیە، پاشان بانگی بکەنە لیژنەکە و لەگەڵی دابنیشن، قەناعەتتان نەبوو ئەوجا تەحقیقی تر دەکەین، بـەڵام ئێسـتا مەسـەلەی بودجەیە و میزانیەیە، پرسیار کرا و وەڵامی دایەوە، من لەگەڵتم منیش قەناعـەتم بـە هەنـدێك شـت نیـە، جەنابیشت قەناعەتت پێی نیە، برای تریش هەیە، هەروەختێك بتانەوێ دەتـوانن بـانگی بکـەن، بـەس دوو ڕۆژ پێشتر بێت، کەرەمکە کاك عمر.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك پرسیاری زۆر جەوهەری عەرز دەكەم، پرسیار لەو نیە، لە جەنابتە، لەبەر چاوی ئێمە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان هەندێ وەڵامی ئیحالە كرد بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی، لەبەرچاوی ئێمە ئەویش نەفی ئەوەی كرد كە بەرپرس بێت لێی، پرسیارەكە لە بەڕێزتان دەكەم كە لە هەموومانەوە هەیە وەكو پەرلەمان ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی كێ بكەین؟ بۆ ئەوەی برە پارانە ڕۆشن بێتەوە بۆ پەرلەمان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەڵەن زۆر وازحە، سوپاس بۆ ئەو پرسیارە، ئەو بەڕێزەی كە ئەو وەزعەی قەناعەتی پێی نیە، حەقی خۆیەتی دەنگ نەدات بۆ پرۆژەكەی، ئەوە یەك، دوای ئەوە حەقی ئێوەیە بانگی بكەنە لیژنەی دارایی و لیژنەی نەزاهە، ئەو گفتوگۆیە بە دووورودرێژی باسی لەگەڵ دەكەن، جەنابی وەزیری پلاندانان كەرەمكە بۆ وتارەكەت فەرموو.

**بەڕێز علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

بە حەقەت پێش ئەوەی داخلی شتێك بم، دوو پرسیارم هەیە لە جەنابتان ئەگەر بۆم تەوزیح بكەن، چونكە ئێمە ئەوە سێ ڕۆژە حاڵمان ئا ئاوایە كە هەموو بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان قسەیان دەكرد، ئێمە بۆمان نەبوو موقاتەعەیان بكەین، نازانم كە ئێمە قسە دەكەین ئەمە واردە، ئەگەر ببایە با حیسابی ئەوە بكەن، ئەمە یەك، دووەم: بەڕاستی زۆر شت هەیە كە لە خیلالی ئەو 30 ڕۆژەی ڕابردوو وئەو ماوەیەی ڕابردوو لیجانەكان لەگەڵ وەزیرەكان دانیشتوون، زۆر شتی وای تێدایە، من هیچ مانعم نیە، زۆربەیان وەڵامەكەیان هەیە، ئەگەر زەحمەت نەبێت جەنابتان بەس ڕێنمایی بكەن بۆ ئەوەی كە دەست پێ بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەندە پرسیاری كە وەرت گرتووە و گوێت لێ بووە لەو بەڕێزانە وەڵامی بدەرەوە، پاشان ڕوون كردنەوەت هەیە، دوایی دەچیتە جێگای خۆت دادەنیشیت، موقاتەعە نیە تەواو.

**بەڕێز علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، پێشەكی سوپاسی هەموو بەڕێزتان دەكەم بۆ ئەو هەموو تێبینیە بە نرخانەی كە لەناو قسەكاندا هەبووە، هەروەها بە دەرفەت دەزانم پیرۆزبایی لەو خوشك و برایانە دەكەم كە بۆیەكەم جار لە پەرلەمان

دەست بەكاربوونە، هەروەها بە دەرفەتی دەزانم كە ئیفتخار بەوە بكەم و شانازی بە ئەوە بكەم كە لەم هۆڵە ئامادەبم كە ئەمە وابزانم دەیەمین جارە یان یانزەمین جارە بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان تێیدا موناقەشە دەكرێت، هەرچەندە هەندێكی موەحەد بووە، هەندێكی موەحەد نەبووە، وابزانم لە 1993 موەحەد بووە، ساڵانی ڕابردوو موەحەد بووە، بەڵام هەیكەلیەتی حكومەت دوو وەزارەتی دارایی هەبووە، بەڵام یەك قانونی میزانیە ئیسدار بووە، چ پار چ پێرار، وە بەهەرحاڵ ئەمە بۆ ئەوە باس دەكەم، چونكە ئێمە زۆر گلەیی دەكەین وكەس باسی تاریخی ئێمە ناكات، دەبێت عەلەل ئەقەل باسی تاریخی خۆمان بكەین و ڕێزی لێ بگرین، من سەرەتا دێمە سەر ئەوەی كە لە جەلسەیەكی تر پێشتر هۆڵێكی تری ئەم پەرلەمانە دانیشت بووین لەگەڵ كۆمەڵێك لە بەڕێزان باسی ئەوەم كرد كە وەزارەتی پلاندانان وەزارەتێكی نوێیە و عمری سێ ساڵە، دوایی گوێم لێ بوو كە ئەمە پاساو نیە، من خۆم هەروەكو هەندێك لە بەڕێزتان ئەمە سێ، چوار مانگە دەست بەكاربووم، بەڵام موئەسەسەیەك هەیە بەناوی وەزارەتی پلاندانان كە ئیشی خۆی كردووە لە سێ ساڵی ڕابردوو دا، ئەمساڵیش كردوویەتی، حەزدەكەم پێشەكی هەر بە كورتی باس لە پرۆسەكە بكەم كە چۆن كرا، كێ دەستی پێ كرد؟ لە سەر چ ئەساسێك بوو؟ ئینجا بچمە سەر خاڵەكانی تر، ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان وەكو هەموو ساڵێك لە مانگی 10ەوە دەست بەو پرۆژەیە كراوە، پرۆژەكەش بەو شێوەیەیە كە یەكەم جار وەزارەتی پلاندانان خۆی خۆی ئامادە دەكات، دوای ئەوە بە نووسراوی ژمارە 78/41، لە 2009/11/5 نووسراو كراوە بۆ هەموو وەزارەتەكان، جەدوەلێكیان بۆ دانراوە كە لەم حاڵەتەی ئێمە لە 11/5 ، 19 وەزارەت بووە، 19 ڕۆژ كە ڕۆژێكیش بۆ خۆمان، چونكە لەگەڵ خۆمان دادەنیشین كە چی لە میزانیەی ئیستسماری بودجەی وەبەرهێنان، چ خاڵێك هەیە كە پەیوەندی بە خۆمان هەبێت وەكو وەزارەت، لە 11/15 ئەمە دەستی پێ كرد یەكەم وەزارەت وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال بوو، هەڵبەتە زۆربەی موناقەشەكە دەچێتە سەر پرۆژە بەردەوامەكان، ئینجا دوایی دێمە سەر پرۆژە بەردەوامەكانیش ئەوە بابەتێكی ترە، چونكە ئەوساش باسم كردو تیكراری دەكەمەوە، میكانیزمەكە بەو شكلەیە، ئیحتماله ئەو تەوزیحە پێویست بێت، هەرچی ئەولەویەت هەیە بۆ وەزارەتی داراییە، لە عیراقیش هەر وایە ولە كوردستانیش هەر وایە، وەزارەتی دارایی ئیلتزاماتی هەیە و مەعاشی هەیە، تەقاعودی هەیە، میزانیەی تەشغیلی بە ڕەقەم یەك، میزانیەی ئیستسماری بە ڕەقەم دوو، تەسەلسولەكە بەو شكلەیە دەبێتن، ئێمە كە دەست بە موناقەشات دەكەین تەركیز دەكەینە سەر پرۆژە بەردەوامەكان لەگەڵ وەزارەتەكان بۆ ئەوەی بزانین وەزعیان چۆنە و لە چ مەرحەلەیەك دان، تەقاریر هەیە هی پێشتریش، بەڵام بە هەرحاڵ لە ئیجتماعێك و كۆبوونەوەیەكی ڕەسمی مەحزەرێكی ڕەسمی پێ دەكرێت و ئیمزا دەكرێت، نوێنەرێكی وەزارەتی داراییش ئامادە دەبێت، ئەم پرۆسەیە وەكو گوتم لە 11/15 دەستی پێ كردو لە 12/7 ئاخر وەزارەت وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆی بوو كە موناقەشە لەگەڵ ئەوان كراو ڕۆژانەكە لای ئەوانە، لەبەرئەوەی كە نەدەزانرا لەو وەختە چۆن جەنابی وەزیری داراییش ئاماژەی پێدا كە بودجە چەندە؟ بە دەقیقی تەركیز دەكەیە سەر پرۆژە بەردەوامەكان كە لە چ

وەزعێکن؟ چەند مەبلەغیان پێویستە تەغزیە بکرێن؟، بۆ ئەوەی ئیستمرار بکەن، ئینجا بەعزێك لە وەزارەتەکانیش ئامادەن کە دێن پرۆژەی پێشنیار کراویان هەیە، بۆ مەعلوماتی جەنابتان ساڵی 2009 پرۆژەی پێشنیار کراو نەبوو، زیاتر هەر پرۆژەی بەردەوام بووە، وابزانم هەندێك لە بەڕێزان تەفاسیلەکانیشی دەزانن وە لەبەرئەوە ئەو زانیاریانەی کە لە وەزارەتی پلاندانان هەیە هی ساڵی ڕابردوو پرۆژەی پێشنیار کراوی بۆ نموونە وەزارەتی پیشەسازی هەیە، یەعنی دۆکیۆمێنتە، مەسەلەن ئەوە نیە کەس لە باتی کەس قەرار بدات، ئێمە پرۆسەکەمان بەو شکلەیە دەستی پێ کرد، وە بەهەرحاڵ ئیتر لە 1/20 هاتە لای بەڕێزتان، ئەوەی کە هاتە لای بەڕێزیشتان وەکو خۆی هات، بە حەقیقەت هەر ئێمەش چونکە تازە بووین گۆڕانکاریەکی وامان لە سیستەمەکە نەکردووە، ئەو سیستەمەیە کە بۆ ئەوە بووە کە کاری پێکراوە، کە لیستەکان و فۆڵدەرەکان و سیدیەکان و ئەوانەش هاتنە ئێرە، ئەوە یەعنی هیچ ئەوەیەکی تێدا نیە بۆ موناقەشە لەسەری بکرێت، تێبینی زۆرمان گوێ لێ بوو لەو ماوەیە لە 1/20 هەتا ئێستا، بەڵام ئیتر پرۆژەکە لەلای ئێوەیە، من زۆر لەم تێبینیانە ئیمانم پێی هەیە، دەزانم کە ڕاستە و ئێوە ڕاست دەکەن ئەوە باشترە بەس خۆ من ئێستا ناتوانم دەسکاری بکەم، ئەوە تەقدیمی لای ئێوە کراوە بەڕەسمی و بە کتابی ڕەسمی، هەر میکانیزمێك و هەر ئالیەتێك پێویست بێت بۆ دەسکاری کردنی ئەمە ئەوە قۆناغێکی ترە، ئینجا ئەو تێبینیانەی کە باسیشکرا زۆربەی، چونکە ئیحتماله زۆریش لە خوشك و برایان من دەیانناسم چ لە پەیوەندی شەخسی و چ لە کۆبوونەوەکان ئامادە بوومە لێرە، چ بە کتابی ڕەسمیش پێم گوتراوە، ئێستا ئەگەر ئیجازەم بدەنێ وازحیشە بۆ هەمووان یان نا، بەس فیکرەیەکی تریشتان بدەمێ، کە ئەم وەزارەتانە کە هاتن لەم 19 ڕۆژە چیان تەقیدم کردووە، بە کورتی دەیڵێم ئیحتماله هەر سێ، چوار دەقەیەکی پێ بچێت، ئینجا بۆ ئەوەی کاتەکە ئیستیفادەی لێ بکەین، ئێمە تەبیعی لەو تێبینیانەی کە وەرمان گرتووە، تێبینی سەرەکی هەیە لەسەر مەسەلەی جەمع و تەرح و لەسەر مەسەلەی تیکرار، تەبعەن جەمع و تەرحەکە کۆی گشتی جەمع و تەرح کە ئەو مەبلەغەکەی کە ئەوە دەدرێت، هەرچەندە من نوقاتیش وەڵامی لیژنەی دارایی و ئابووریشم نووسیوە، نازانم پێدا بچم و یەك یەك جوابی بدەمەوە یان نا؟ یان پێویست ناکات؟ مادام وایە با لە لیژنەوە دەست پێ بکەم، تێبینیەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، لە بەشی دووەم لە لاپەڕە 11 خاڵی دووەم لە پێشنیاری بودجەی پەروەردە، ئەگەر هاتو ئێمە سەڵاحیەتی موناقەلەمان هەبێت ئەوا جێ بەجێ ی دەکەین و نازانم کەس تەسجیلی دەکات؟ یان بەهەرحاڵ ئەوە لە پرۆتۆکۆڵ هەیە، لاپەڕە 12 پێشنیاری لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارە، ئەوەش باشە ئەگەر ئەوەمان هەبێت جێ بەجێ ی دەکەین ئەگەر دەرگا قانونیەکەمان بۆ بکەنەوە، لاپەڕە 12 پێشنیاری لیژنەی دارایی ژمارە 1، سندوقێك دابندرێت بۆ هەموو ئەو ناوچانەی کە ناکۆکی لەسەرن، ئەوە بڕیارەکە لەسەر من نیە، ئەگەر بڕیارەکە دابندرێت وابزانم جیهەتێکی تر دەبێت قەراری ئەوە بدات کە سندوقێکی وا دابمەزرێت ئیتر هەر تەرەفێك بێت، لە لاپەڕە 14 دووبارەبوونەوەی پرۆژەی دروست کردنی خانوو بۆ بەڕێوبەری ناحیەکان لە 2009

تەواو بووە لە 2010 دووبارە بودجەی بۆ داندراوەتەوە، ڕاستە هەندێك لەو خانوو و بینایانە  تەواو بووە، بەڵام هەندێکیان دوو هین هەیە کە بەعزێك لە برادەران لە مەجالی کاروباری موقاولات مەعلوماتتان هەیە، یەك/ ئیستلامی تەواو بوون هەیە، دوو/ تەسویەی مالی هەیە، هەتا تەسویەی مالیش نەکرێت بە نیسبەتی حکومەت و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان نابیتە پرۆژەی بەردەوام، حەزدەکەی یەك فلسی مابێت، ئەمە هینەکەی وایە، ئەمما کە پارەی بۆ دانراوە ئەگەر سلفەی ئەخیرە، ئەگەر مەبلەغەکە زۆر زەخم ترە لە مەبلەغی سلفەی ئەخیر یان کەشفێکی ئیزافی لە ئەوان، ئەوە واردە، بەڵام ئەو حاڵەتە ئەوەیە وەزعەکەی، ئینجا لەوێ تێبینیەکی تر هەیە کە کۆمەڵێك لەو پرۆژانە هەر بە هین داخڵ کراون، ئەمە یەکێکی ترە، ئەگەر وەخت هەبوو ئەوەش باس دەکەین، دوو پاوەر پۆینتی تێدایە لەو فۆڵدەرەی پەرلەمان، بەعزێك لە تیکرارەکان، ئەوانەی کە تیکرارن، کۆی گشتی تیکرارەکان بە پارە و بە رەقەم (ئەوانەی کە فعلەن تیکرارن) لەبەردەوامەکانیش هەیە و لە پێشنیارەکانیش هەیە کۆی گشتیان (حەوت ملیارو سێ سەد و شەست و نۆ ملیۆن دینارە) ئەمە ئەوانەن کە ڕاستە تیکرارن، هی تر هەیە کەوا دێتە بەرچاو کە تیکرارن کە دیسان خەلەلەکە لەلای ئێمەیە، لەلای ئێمە ولەلای وەزارەتی مەعنی، بۆ نموونە ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە ناویان وەکو یەك تیکرار بووەتەوە، کە لە وەزارەتی پەروەردەوە ژمارەیان 67 قوتابخانە و باخچەی ساوایان داخڵ کراوە، لەوانە یەك مەعلومە کە ادخال نەکراوە کە لە چ قەزایەکە، پارێزگا داخل کراوە، بەڵام لە چ قەزایەکە لەلای ئێمە داخڵ نەکراوە، تەبیعی ئەوە خەلەلە و وابزانم بودجەش بۆ ئەوە هاتووەتە بەردەستی جەنابتان کە هەرچی نەقسێك هەبێت تەکمیلە ببێت، ئەمانەی تر هی مدیر ناحیەکان و خانوو بۆ بەڕێوبەری ناحیەکان ئەوانە تیکرار نیە، خۆی ئەسڵەن 17 پرۆژە بووە، دوای ئەوە یان 11 یان 12 شوێنی تر کاك دڵشاد موافەقەت کراوە یان زیاد بووە یان ناوی پرۆژە بە هەمان شێوە ماوە، پرۆژەی دروست کردنی بینایە بۆ بەڕێوبەرایەتی ناحیە و خانوو بۆ بەڕێوبەری ناحیە، بەڵام بەس قەزایەکە گۆڕاوە، کە ناوی تازەش ئیزافە بووە بە هەمان شێوە کە ناویش تەسبیت دەبێت کەس بۆی نیە ناوی مەشروع بگۆڕێت، لێرەوە تا ئەو لیژنانەی کە جەنابی شێخ بایز ئیشارەتی پێیدا کە ئێستا لە کوردستانن تەدقیق دەکەن، مەشروع کە تەسبیت بوو هەر ئەوە نیە، بەس لێرەش کە موسادەقە دەبێت، وەزارەتی دارایی هەمان مەشاریع بە عەرەبیش ئیدخال دەکەن و جیهەتی تریش هەیە کە بەدوای دادەچێت، ئەوە نیە کە موجەرەد ئێمە چەند کەسێکین چۆن موتابەعەی دەکەین یان نا، گوژمەی بەردەست چیە؟ گوژمەی بەردەستیش دیسان وەکو هەموو شتەکانی تر دیسان زۆر تەقدیریە، رەقەمێکە و پێمان دەگوترێت، هەموو هەوڵێك دەدرێت، ئەم حەدی ئەقەل دەتوانم بڵێم ئەم ئیشی سێ ساڵی ڕابردوو بووە و ئێمەش ئەمساڵ تەکمیلەمان کردووە، محاوەلەش دەکەین کە دەقیق تر بین، دەست نیشان کردنی چەند ڕێبازێك بۆ نەهێشتنی بۆشایی نێوان گوژمەی بەردەست و گوژمەی داواکراو، چونکە کە لەگەڵ وەزارەتەکان دادەنیشین شت داوا دەکەن، ئینجا بیریش لەوە دەکەیەوە ئایا لایەنی دەرەکی هەیە کە گوژمە ببەخشێت بۆ هەندێك لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان؟، بۆ نموونە کەس باسی نەکرد، بەس هەر بۆ

مەعلوماتی بەرێزتان، قەرزیش هەبووە، وەرگیراوەو سەرفیش کراوە، بەڵام باسیش نەکراوە لە هیچ شوێنێك، بەس لەبەرئەوەی داخلی میزانیە نەبووە، قەرز کە هاتووە و بانکی دوەلی هێناویەتی بۆ پرۆژەیەك تەنفیزیش کراوە و بانکی دوەلی خۆی لەسەریەتی ئەمانە هەیە، بەهەرحاڵ ئێمە تەدقیقی ئەوە دەکەین نەوەکو لایەنێکی دەرەکی هەبیتن ئەو پرۆژەیە ئیمکان هەبێتن کە بچێتە سەر ئەو لایەنە، ئەولەویاتی ستراتیژیمان چین؟ دوو ڕۆژ بوو دەوامم کردبوو وابزانم یەکێك لە ئەندام پەرلەمانە بەرێزەکان نامەیەکی نارد گوتی پلانی ستراتیژی هەرێمی کوردستان چیە؟ تەبیعی ئەمە قسە زۆر ڕادەکێشێ، خۆ ئێمە ئەگەر بە ئەکادیمی و یەعنی بە شێوەیەکی مونەمەق وەکو دەڵێن شتەکان تەعریف بکەین، ئەوە دەتوانین خەریکی بین، بەڵام هەرێمی کوردستان ساڵانی ڕابردوو ستراتیژیەتێکی هەبووە کە کێشەی کارەبا حەل بکات، ئەم ستراتیژیەتە، ئەمە کێشەیە و ئەمە عالەم هەمووی بەدەستیەوە دەناڵێنێ، ئەوە یەکێکە لەوە ئەوەکان، لەبواری تر تۆ دێیتە سەر ئەوەی کەباسی ڕێگاوبان دەکرێت، یەعنی بەچ ستراتیجیەتێك، چۆن دەتەوێت شتەکان پێکەوە ڕەبت بکەیت؟ جاریٚ خۆی مەجموعەیەك ستراتیجیات هەیە، کە هەم حکومەتی عێراق، هەم زۆر وڵاتان لە عالەم ئیتیباعی دەکەن، ئەهداڤ ئەلفیە هەیە، ئێن دی جی گۆڵس هەیە، عێراق مەجموعەیەك پلانی هەیە، وەکو ڕەفعی موستەوای فەقر بەپێی ئەو ئیحصائیاتانەی کە لەساڵی 2007 و 2008ەوە کراوە ستراتیجیاتی بۆ دانراوە، هەندێکیان لە بواری تەتبیقن لێرە، تۆ ئەگەر بێی باسی ڕێگاوبان بکەیت، باسی ستراتیجیەت بکەیت، کوردستان هەرێمێکی بچووك نییە، بەس موحافەزەی دهۆك لە لوبنان گەورەترە، خۆ ئەمە ئەگەر باسی ئەو ئیمکانیاتانە بکەیت کە هەیە لە کوردستان، وەکو بونیەی تەحتی، زۆر شت هەیە کە نییە، ئێمە فەرقمان لەگەڵ بەغدا ئەمنیەتە، وە ئیلا ئەگەر باسی بونیە تەحتی بکەیت، ئەوان بونیەی تەحتیان لە ئێمە باشترە، وەزعی ئەمنیان خراپە، هەموو شتێك ناشیرین دیارە، بەهەر حال ئەولەویاتی ستراتیجی موحاوەلە دەکەین بە لەبەرچاو گرتنی، ئێستا پلانی ستراتیجی وەزارەتی کشتوکاڵ کە ئێستا هەیە عەجزی مالیەکەی تەئسیری لێ دەکاتن، ئەوە زۆر روونە، پارساڵ دەستیان پێ کردووە نزیکەی سەدو هەشتا ملیۆن دیناریان سەرف کردووە، خەتەواتی یەکەمیان دەست پێ کردووە، پلانەکە پێنج ساڵەیە، لە ساڵی دووەم کۆی گشتی پلانەکەیان دە پۆینت دوو ملیار دۆلارە، ئیعلان کراوە، هەندێك بەشی دەستی پێ کراوە، ئەم نەوعە پلانەیە کە هەم تۆ دەبێت تەغزیەی بکەیت و هەم دەبێت تۆ بگەڕێیت لە لایەنێکی تریش هەبێت بۆ تەغزیە بکات، ئایا ئێمە دەتوانین گرنگترین پرۆژەکان؟ بەپێی ئامانجە ستراتیجیەکانمان هەڵبژێرین؟

هاوسەنگی وەبەرهێنان لە پارێزگاکاندا بەپێی ژمارەی دانیشتوان، ئەمە یەعنی شتێکی ئەوە نییە زۆر زەحمەت بێت، یان بێتە بیری هەندێك کەس، یان نەیەتە بیری هەندێك کەس، بەڵام خۆی ئێمە کۆمەڵێك کێشەمان هەیە، ئێمە هەموو قەزاو ناحیەکان و گوندەکانی کوردستان موستەحەقن و هەمووشیان دەبێت هەرچیەك هەیە محاوەلەی ئەوە بکرێت بە حەددی ئیمکان عەدالەت بەکار بێنێت، بەڵام کە فرۆکەخانەی هەولێر دروست دەکرێت، نازانم یەعنی خەڵکی کوردستان هەمووی هاتووچۆی پێ ناکەن؟، لەوانەیە هەتا

حەددێکی کەمتر لەسەر فرۆکەخانەی سلێمانیش تەتبیق دەبێت، لەوانەیە یان ئەوەیە هەرێمین، یان کیانین، یانیش ئێمە مەجموعە ئەقزیەو نەواحی، ئەوەش هەیەو راستە ئێوە حەقی خۆتانە دیفاع لەو شوێنانە بکەن، دەبێت دیفاعیش بکەن، ئەوە وەسیلەی وەحیدە کە سەرنجی ئێمە رابکێشێت، بەس هەر دەبێت لە کۆتایی لە بەرچاویشتان بێت کە شتەکان مەحدودە، بەڵام هەر بۆ کورت کردنی وەڵامدانەوە کە پرسیارێك زۆر جار دووبارە بۆوە، بەڵێ لەم میزانیە موراعاتی عەدەدی رێژەی دانیشتوان کراوە، حەز دەکەن ئەمڕۆ ئەم قسەیە دەکەم، کەی دێنەوە بە هەر وەسیلەیەك، بە هەر تەریقەیەك حیسابی دەکەن، جەنابی کاك ئاسۆ هەر چۆنێك حیسابی دەکەیت، وەرە حیسابی دەکەین لەگەڵ تۆ، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، من زۆر مولاحەزەم لەسەر قسەکانی بەرێزیان هەبوو، بەس موفاتەعەم نەکردن، ئینجا وەزارەتی پلاندانان ئەگادار دەکرێتەوە سەبارەت بە بودجەی وەبەرهێنان، وەزارەتەکە لیستی پرۆژە بەردەوام و پێشنیار کراوەکان بەپێی گرنگتر پێشکەش دەکەن، وەزارەتەکان کە لیستەکانیان پێشکەش دەکەن بە ریز بەندی دەینێرین، پێیان دەگوترێت چی ئەهەم ئینجا موهیم لە سەری سەرەوە بە تەسەلسول دابنێن، بۆ ئەوەی سبەی کە دێتە سەر ئەوەی نەقص هەبێتن لە تەغزیە کردنی مەشاریع، یان تەبنا کردنی ئەو مەشاریعانە، وەسیلەیەك هەبێت، تۆ هەر دەبێت بە تەریقەیەك ئیختیاری ئەولەویات بکەیت، ئیتیفاقەکە بەوشێوەیە، لەوانەیە یەعنی تۆزێك موراعاتی ئەوە بکات کە ئەو ئەولەویاتەی ئیختیار کراوە موتەفەق عەلیها، موناسیبە، ئێمە پێمان گوترا بەرنامە بۆ سێ و نیو قەصدم ترلیۆن دینارە، پرۆژەی بەردەوام هەیە، کە پێشتر پەسند کراون، پرۆژەی نوێش هەیە، من هەر لێرە لەم نوقتەیە دەمەوێت تۆزێك یەك، دوو دەقیقە باسی پرۆژەی بەردەوام بکەم، یەعنی من مولاحەزاتی ئەوەم بیست، بەڕاستی وەکو لە سەرەتا گوتم من هەندێك هەڵە هەیە لەناو ئەم لیستەدا، یان لەناو ئەو هینانە کە ئەرکی وەزارەتەکەی ئێمەیە، ئەرکی منە شەخصی، بەڵام دەبێت ئێوەش تەقەبولی ئەوە بکەن، جەنابیشتان زۆر رەئیتاندا، ئەگەر من بەنیسبەو تەناسوب تەماشای بکەم، ئەو پەڕی رێزم هەیە بۆ هەمووتان، ئەو رێژە هەڵەیانەی لە لیستەکانی من هەیە، ئەگەر بەراوردی بکەم بەو رێژەیەی کە لەم سێ رۆژە گوێم لێ بوو، وەڵڵاهی وەزعی من خراپ نییە، من پرۆژەی بەردەوام بە شەش نەوع لەم هۆڵە گوێم لێ بوو، کاکە پرۆژەی بەردەوام برادەرێك دەڵێت پرۆژەی تەواو نەکراو، برادەرێکی تر دەڵێت هیوادارم ساڵی ئاینده کێشەی پرۆژەی بەردەوامامان نەبێت، برادەرێکی تر دەڵێت هەر هەموو پرۆژە بەردەوامەکان پرۆژەی وەهمین، یەعنی موناقەشەی فەنی بەسەرچاو، موناقەشەی سیاسیش ئەگەر پێویست بێتن، بەس من باوەڕ ناکەم بۆ موناقەشەی سیاسی هاتبمە ئەو هۆڵە، ئەگینا هەندێك کەس پێیان دەکرێت، وەڵڵا منیش پێم دەکرێت، پرۆژەی بەردەوام شتێکی تەبیعییە، ساڵی ئاینده ئەم وەختە لێرە ئەو پرۆژانەی کە جەنابتان مەصادەقەی لەسەر دەکەن، ئینجا دەبنە پرۆژەی بەردەوام، هیچ پرۆژەیەکیش نییە لە عالەم، لە دنیادا تۆ بە دوو مانگ تەنفیزی بکەیت، یان بە سێ مانگ، یان لە سەنەی مالی تەواوی بکەیت و تەسویەی بکەیت، کاکە ئەمە لە عێراق، لە دنیا هەموو پرۆژە هەیە ئەسڵەن خۆی ماوەکەی سێ ساڵە، پرۆژە هەیە پرۆژەی فرۆکەخانەی (برۆفیست) تەماشای بکە ئینشائەڵڵا

له ئیفتیتاحەکە دەیبینن فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر شتێکە مەفخەرەیە بۆ کورد، نەك بەس لە کوردستانی عێراق، بەڵکو لە هەموو جیهاندا، ئەمە خۆ هی ساڵێك نییە، ئەمە پرۆژەی بەردەوامە، یەعنی هیچ خەلەلێکی تێدا نییە ساڵێکی تر، من مزگێنیتان دەدەمێ، ساڵێکی تر ئەم وەختە ئێوە پارە تەخصیص دەکەن بۆ پرۆژەی بەردەوام، خۆش، یان ناخۆش، ئینجا کەیفی خۆتانە، ئەمە وایە ئیش دەکات ناوی لێنانێین پرۆژەی ناتەواو، پێی دەڵێین پرۆژەی بەردەوام، بەڕێز ئەندام پەرلەمان ئەندام پەرلەمانە، کەس پێی ناڵێت نوێنەری فلان و نوێنەری فلان، ئەندام پەرلەمانە تەواو بڕایەوە، ئەم نەوعە تەسمیاتانە نازانم، چونکە من تەوزیحم لەسەر پرۆژەی بەردەوام، ئێستا لێرە بڵێین دوو پۆینت چوار ترلیۆن بۆی تەخصیص کراوە، ئینجا شەرحی ئەوە بکەم کە بۆ بۆی تەخصیص کراوە؟ خۆ ئەمە یەکەم شت ئەم پرۆژانە تەحتە تەنفیزن، ئینجا ژمارەیان هەزارو چوارسەدو چل و یەك پرۆژەیە، ئینجا جەنابتان مولاحەزەتان لەسەر کۆمەڵێك لەو پرۆژانە هەیە، ئێ واریدە، بەس نەك تۆ نەفیەك لەسەر هەمووان بکێشی، نابێتن، یەعنی ئەمە هەر مەنتقیش نییە، تەغزیە کردنی ئەو پرۆژانەش بۆ مەعلوماتی جەنابتان هەر لە ئێستاوە بۆ ساڵی ئایندە خۆتان حازر بکەن، لەوانەیە هەر پێتان نەکرێت پرۆژەی پێشنیار کراویش بکەن، پارساڵ وا بوو، ئەمە ئەگەر ئیعتیماد دەکاتە سەر ئەوەی چەند موخەصەص دەبێتن بۆ میزانیەی ئیستیسماری، چەندی تر دەکرێتن؟ ئێمە لەوێ کە ئەوەمان زانی ئەوەمان تەغزیە کرد بۆ مەعلوماتی بەڕێزیشتان، هەندێك لە پرۆژە بەردەوامەکان هەموو مەبلەغەکەشی بۆ تەخصیص نەکراوە، حیسابی 2011شمان بۆ کرد، ئەو تەفاسیلانەش کەی ویستتان، هیچ شەرت نییە ئێستا لەم دانیشتنەو لەم کاتە هەموو تەفسیلێکیشتان پێ بڵێم بە هەر شێوەیەك ویستتان چ بە رەسمی، چ بە سەردان، بەهەر نەوعێك ویستتان، ئەمە وایە ئیتر هیچ هینێکی لەسەر نییە، بە ئێمەگوترا کە لەگەڵ وەزارەتەکان دابنیشین، وەزارەتەکان پرۆژەیان تەقدیم کرد بایی دوازدە پۆینت دوو ترلیۆن دینار، ئەمە کۆی گشتی تەقدیم کراو لەلایەن وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی شەش، ئەوەی لەبەر دەستماندایە با دیسان بە تەقدیری بڵێم، چونکە خۆی هەشت و شتێکە، یان نۆیە، یەك ترلیۆنە بابڵێین، کەواتە ئەوەی لەبەردەستی ئێمەیە یەك لەسەر دوازدەی ئیحتیاجاتی حکومەتی هەرێمە بەو شێوەیەی کە بە رەسمی بە ئێمە گوتراوە، ئینجا مەسەلەن وەزارەتێك تموحاتی زۆرە، یان شتی تەلەب کردووە، کە ئەولەویەت نییە، ئەوە لەلای من بە موناقەشە حەل دەبێت، بەس من ناتوانم ئەو قەرارە بدەم، وەزارەتی کارەبا لە راپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە دەڵێت لەکاتێکدا کە چوار سەدو شتێکی تەلەب کردووە، کەمتری بۆ تەخصیص کراوە، وەزارەتی کارەبا یەك ترلیۆن و شتێکی تەلەب کردووە، ئێستاش بە هینەکان پیشانتان دەدەم، بەلاّم ئەمەی کە هەیە ئەمە بەو شێوەیە، وەزارەتی کارەباش کێشەکانی مەسەلەکە بەس پارەش نییە، وابزانم ئێستا ئەگەر ئەدیسۆنیش بێت ببێت بە وەزیری کارەبا 100٪ پێی حەل ناکرێت، چونکە هەتا ئەوە تەواو دەکەیت، لە 97 و 98 لەبیرمە لە نەوت موقابیلی غیزا دەیانەوت، ئەمە مەوزوعێکی سیادییە، غەیری حکومەتی عێراق کەس بۆی نییە، هەتا ئێمە دەرگامان کردەوە، هەندێك پرۆژە لە کابینەی پێنج کرا، ئێستا

موشكیلەی فیول و ئەشكال ئەنواعی وقود هەیە، هەتا ئەوە حەل دەبێتن، مەسەلەی رەبت هەیە، بە هەر حاڵ ئیحتیاجاتی ئەوان پێشكەش كراوە، ئێمە دوای ئەوە بەكورتی رسومی موختەلیف زۆر ئەوە نەكەم، ئەمە وەزعەكەیە، وەزعەكەش ئەوەیە كە تۆ ئەگەر ناوی لێ نەنێم عەجز، بەلآم ئەمەیە ئیختیلافی بەینی ئەو شتانەی كە پێشكەش كراوە، ئەو شتەی كە ناوی لێ نراوە موقەرەر، یان پێشنیار، یان موصەدەق لەلایەن ئێمە، نازانم هەرچیەك بێتن، ئەمە فەرقەكەیە، ئینجا ئەمە پێشنیار كراوی حەقیقییە، ئەوەی ترش بەردەوامە، ئێمە ئەوەی كە كردوومانە چیە؟ ئەوەیە كە ئەگەر تەنها تەمەسوكمان بە یەك ترلیۆن دابەش كرا بوایە، دەمانبینی لەوانەیە زۆر مەحدود بێت ئەو شتانەی كە ئیدخال دەكرێت، ئێمە هەستاین مەبلەغێكی گەورەتر دانراوە بۆ پرۆژە پێشنیار كراوەكان، بەلآم لە ساڵی 2010 یەك ترلیۆنی بۆ دانراوە، ئەو دووەی تر بۆ ساڵی ئایندە، جەنابتان لەم هۆڵە رەزامەندیی لەسەر دەدەن و ناوی لێ دەنێن پرۆژە بەردەوامەكان، هی دواتریش هەروایەو هەر بەو شێوەیەش دەكرێت، هەڵبەتە ئێمە هەندێك شت نیسبەتە لەسەر ئەوەی مەعلوماتتان هەبێتن، وەزارەتەكان بەشێوەیەكی گشتی مەسەلەن كام وەزارەت زیاتری وەرگرتووە؟ وابزانم لە هینەكانیش هەیە، بەلآم وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، وەزارەتی كارەبا لە پرۆژە بەردەوامەكان ئەمانە وەكو دەڵێن حیصەتی ئەسدیان هەبووە، وەزارەتی دارایی و وەزارەتەكانی تر بە گشتی كەمتریان هەبووە، ئەوانەی كە داوا كرا بوو بەحەقیقی دوو هەزار و چوار سەدو چل و دوو، یان دوو هەزار و چوار سەدو چل و سێ پرۆژە بووە، ئەوەی كە كۆی گشتیان دەكاتە دوازدە ترلیۆن، بەلآم بە هەر حاڵ ئیتر تۆ وەزارەتێك تەسەور بكات دوازدە ترلیۆنی داوە، یەعنی هەروا ئەگەر یەك وەزارەت بێتن، تۆ پێنج لەسەد، یان شەش لە سەدی ئەو شتەی كە داوای كردووە بیدەیت، یەعنی قەت تەوەقوعی ئەوە مەكە نە لەلای جەنابت و نە لەلای من ئیكتیفا، یان بەو نەتیجەیە رازی بێت، یان زۆر پێی مورتاح بێت، حەقی خۆیەتی، هەروەها بە ئەرقامی تر مەسەلەن چ لەپرۆژە بەردەوامەكان، لە پرۆژە پێشنیار كراوەكان هەندێك زانیاری تر هەیە لێرە، لێرەش دیسان ئەوەی كە دەبینرێت لە پرۆژە داواكراوەكان بەتایبەتی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو وەزارەتی شارەوانی ئێستا ئەوان فەرقێكی زۆر گەورە هەیە لەنێوان ئەوان وەزارەتەكانی تر، ئەوانە هەموو وەزارەتەكانی حكومەت ئێستا تموحی زیاتریان هەیەو بەرچاویان روونتر بووە، شەریكاتی عالەمی دەبینن، پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئێستاش ئەگەر تەماشا بكەیت هەتا لە پێشنیار كراوەكانیش دیسان ئەوان زۆر فەرقێكی شاسعیان هەیە لەگەڵ هەندێك وەزارەتی تر، یەعنی هەندێك وەزارەت هەیە كە لەوانەیە پەیوەندی بە ئێمەش هەبێت وەكو پلاندانان، یان هەر بە سیاسیەتی حكومەت بەشێوەیەكی گشتی، بەلآم هەندێك وەزارەت هەیە مەشاریعەكانی كە تەقدیم دەكات كەمە، مەفروزە زیاتر بێت، ئەوەش هەیە، بەلآم ئەو دوو وەزارەتە لەوێش هەر بەو شێوەیە تەقدیمیان كردووە، نەتیجە ژمارەیەكی كەم لە داواكاریەكان پەسند كراون، بابڵێین بۆیان داخیل كراوە، چونكە پەسند كردنەكە لەلای بەرێزتانە، هەندێكیشی لەو گۆژمانە دەچێتە ساڵی 2011، لەوانەیە دوور بێت، یان زۆر وازیح نەبێت، وابزانم ئەمەی كە لەهەموویان زیاترە

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە، ئـەوەی تەنیشتی كارەبایـە، ئەمـە كۆی گشـتی بـەردەوام و پێشـنیار كراوەكانە، كەس ناتوانێت بە هیچ مەنتیقێك و بە هیچ قانونێك كەس بۆی نییە حیسابی مەشروعی هیـچ وەزارەتێك و هیچ موحافەزەیەك و هیچ قەزایەك و هـیچ ناحیەیـەك بـە تـەنیا بكات، دەبێـت هـەر دووكـی حیسـاب بكـەین، ئینجـا ئەگـەر هەنـدێكیان خەلـەلی تیایـە چ لـە پێشـنیارەكە، چ لـە بەردەوامەكـە، ئـەوە مەوزوعێكی ترە، بەس ئەمە هەردووكی حیسابە، ئێستا دەتوانین سـەد نەوعـە موعادەلـە دروسـت بكـەین لەسەر ئەمەیان بە تەنیا، لەسەر ئەوەیان بە تەنیا، لەسەر ئەم جێیە بە تـەنیا، لەسـەر ئەمـە، شكلەكە بـەو شـێوەیە، ئـەو سـورە بـابڵێین بەردەوامـە، لەوانەیـە مـن لـێم دوورە ئێسـتا، بـەڵام ئێسـتا لـەوێ وەزارەتـی ئاوەدانكردنــەوە لــە هــەموویان زیــاترە، وەزارەتــی كارەبــا لەتەنیشــتیەتی، عــەفو شــارەوانییە، كارەبــا لــە تەنیشتیەتی، ئاوەدانكردنەوەیە، دارایی و ئابوورییە، خوێندنی باڵایە، تەندروسـتییە، پـەروەردە، هـەروا بـە تەقدیر دەڵێم ناوخۆیە، رۆشنبیریە، بەپێی ئیرتیفـاعی كۆڵۆمەكـە، ئەمـە نەتیجـەی موحەصـیلەی نیهائیـە، مولاحەزاتیش ئەوە مەوزوعێكی ترە، ئینجا بۆشاییەكی زۆر هەیە، ئەم بۆشاییەش دەبێت دیراسەت بكرێت زیاتر، چونكە هەندێكی لەوانەیە یەعنی بۆشایی ئەوە بێت بە جددی كاری لەسەر بكرێت، بەتایبەتی كە لە پرۆژە پێشنیار كراوەكان ئەوە دەبێتن، هـەروەها لـە پـرۆژە بەردەوامـەكان چـەند شـتێك هەیـە، مەسـەلەكە ناحیەی تەكنیكییە، كە لەبواری تـەنفیزی پرۆژەكـان دەور دەبینـێتن، هەنـدێك شـتیش كـە پرۆژەكـە چۆن مورتەبەو ئەوانە، هەندێك شتیش ناحیەی سەرفە، لەوانەیە بگاتە نیهایـەتی سـاڵیش پـرۆژە بەردەوامـەكان ئـەو پارەیـە سـەرف نـەبێت، یـان هـەتا لەناوەڕاسـتی سـاڵ، یـان لەماوەیـەكی موعەیـەن تەماشـای بكـەیت جەدەوەلی سـەیری عەمەلەكـەی بـەو شـێوانە ناچێتن، لەوانەیـە هـەرواش بـووە، ئـەو وەختـە یـان دەبێـت پرۆژەیەكی تر دەست پێ بكەین، یان موناقەلە بكەیتە شوێنێكی تر، ئێمە هەوڵمانداوە بە هەموو شێوەیەك پرۆژە بەردەوامەكان وەكو دەڵێن ئێسـتاش بـەردەوام دەبـین لـە پـرۆژە بەردەوامـەكان بودجەكـەیان بەهـەر شێوەیەك بێت كەم بكرێتەوە، نەك كەم بكرێتەوە، ئێمە بۆمان نییە كە دەستكاری ئەرقام و ئەوانە بكەین، بەڵام ئەگەر خەلەلێك، شتێك هەبێت لە شوێنێك، ئەوە دەبێتە هۆی ئـەوەی كـە مـەجالی ئـەوە بـدرێت كـە پـرۆژە پێشـنیارەكان ژمارەیـان زیـاد بكـرێتن، دەرەئەنجامـەكان ئەوەیـە كـە زەخـت كردنـە لەسـەر ئـەوەی هەندێك شتیش هەیە كە دەبێت لەمەودوا، لەوانەیە هەر لێرەوە، لەوانەیـە لـەم مبنـەرەوە باسـی بكـەم لـە پرۆژەكاندا هەندێك وەزارەت هەیە موتەشابیهن لە نەتیجەی نیهائی، قانونیـان جیایـە، هەیكـەلیان جیایـە ئەوانە، بەڵام وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، وەزارەتی شارەوانی لە هەندێك شت لە یـەك دەچـن، هەنـدێك جـار ئیشێك دەكاتن، ئەویش مومكینە بیكاتن، ئەو جۆرە تەنسیقانە دەبێـت زیـاتر بكرێـت، بـۆ نموونـە، ئەگـەر بێمەوە سەری، بەڵێ كـاری تـریش هـەر دەمێنێـت، ئـەوە كۆتـایی هینەكـەش نییـە، بەنیسـبەت تێبینیـەكان لەسەر راپۆرتی لیژنەی كاروباری دارایی لاپەڕە چواردە باسی دووبارە كردنەوەكە بوو، دووبارە بوونەوەیەك هەیە لە لاپەڕە چواردە، دووبارە بوونەوەی بودجەی ناوخۆ و كارگێڕی هۆیەكەی چیە؟ هی دهۆكە، راسـتە، هۆیەكەی ئەوەیە دوو پرۆژەن، جارێكیان بە بادینی نووسـراوە، جارێكیشـیان بـە سـۆرانی، بـەس كاكـە ئـەوە

دوو جار تەنفیز ناکرێت، کەس ناتوانێت دوو جار تەنفیزی بکات، ئەمە کە ئیدخال بووە لە عەمەلیەی ئیدخال ئەوە هەیە، ئەمە ئەو پرۆژەیە بووە، لە لاپەڕە چواردە من ئەمە وەلامی نوقتەکانی لیژنەی بەڕێز لیژنەی دارایی و ئابووری دەدەم، دێمە سەر پرسیارەکانی بەڕێزتان، لەلاپەڕە چواردە بینایەی لقی دوو لە دال وابزانم لە راپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە، ئەمە وابزانم هەزار و یەك نەوع باس کرا، بۆچی پارەی بۆ تەخصیص کراوە؟ مەسەلەکە مەسەلەیەکی مالییە، شتێك هەیە لەسەر بودجەی تەنمیەی ئەقالیمە، شتێکی هەیە لەسەر بودجەی میزانیەی وەزارەتێکە، ئەمە کە تەنفیز کراوە، زۆر جاریش ئێستاش هەیە تەمویل لە تەرەفێك بێتن حیسابی تەنمیە، ئەقالیم پارەی تێدا بێتن، یان حیسابی وەزارەت پارەی تێدا بێت، هەر بە ئیتیفاق جیهەتی مونەفیزە لەگەڵ وەزارەتی مەعنی لەگەڵ ئیدارەی مەحەلی پارە لێرە دەچێتە شوێنێکی تر، دەبێت بچێتەوە شوێنی خۆی، یەك جار دەکرێتن بۆ مەعلوماتی جەنابیشتان، ئەوە لەبەر ئەوەیە ئیدخال کراوە، بەلام بۆ مەعلومات وابزانم ئەگەر حەتمەن زۆریشتان پرسیوە ئەو پرۆژەیە تەواویش بووە، کە پرۆژەکەش تەواو بووە، بۆچی کراوە؟ ئەو، ئەمسالی ئەو، ئەو پرۆژەیە لە یەکی شوباتی ساڵی 2004 شتێکی گەورە لەوێ قەوما، ئەو داواکارییان هەبوو، کۆمەڵێك سەرکردەو کۆمەڵێك خەڵکی تێکۆشەرو لەوێ شەهید بوون، بۆ ئەو هۆڵە ئەو وەعدەیان پێ درا بوو، وابزانم دوو ساڵ و سێ ساڵیشی پێ چوو هەتا تەواو بێتن، بەهەر حاڵ چ ئەو پرۆژەیە، چ کۆمەڵێك پرۆژەی تر کە ناویان لێنراوە، من ئەو بڕیارە بۆ ئێوە بەجێ دەهێڵمەوە، چونکە پرۆسەی جیاکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی تێکەڵاو بوونی حکومەت و حزب لە کابینەی پێنجدا دەستی پێ کرد، بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی هیچ نەما نەیکاتن، بەهەموو شێوەیەك، چوار وەزارەت مابوون نیهایەتی کابینەکە بووە دوو وەزارەت، ئێستا لێرە بەرنامەکە لێرەیە ئەوەی ماوە تەکمیلە بکرێت، ئەمەش دەبێت بگوترێت، ئەم پرۆژانەی ئێستاش لەناو میزانیەکەدا هەن بە رەقەم ئەوانەی کە جەنابتان ئیشارەتتان پێدا، سی وچوار بوو، یان سی و دوو ملیار دینار بوو، ئەمانە هەر هەمووی تەنها لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی سێ و نیو ترلیۆنی دەکاتە یەك لە سەد، کەمتر لە یەك لە سەد، ئەگەر تێکەڵاو بوونی حزب و حکومەت لەناو مەشاریعەکانی حکومەت، بەس یەك لە سەد بێت، ئێمە هەمووومان با خۆمان بە 99٪ مەشغول بکەین، بەلام بڕیاری کۆتاییش ئەمە هاتۆتە بەردەستی ئێوە، ئەگەر رەفزیشیتان کرد، بەلام هەر لە پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووریدا هاتووە.

لە لاپەڕە چواردە ئەو پارەیەی زیادە بووە بگەڕێتەوە، لە لاپەڕە پازدە (أ) ئەوە باشە دیسان سەلاحیەتمان بدرێتێ تەنفیزی دەکەین، لاپەڕە پازدە سێیەم وابزانم پرسیارەکە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، چونکە داهاتی باسی داهاتی فرۆکەخانەکانی وەزارەتی گەیاندن دەکات، هەرچەندە تەعقیبیشم کردووە، وابزانم وەزارەتی گەیاندن خۆی فڕۆکەخانەکان من لەبیرمە لە ساڵی 2004 یەکەم بە فڕۆکەخانەی هەولێر دەستی پێ کرد هیچ موئەسەسەیەکی نەبوو، تەنانەت هیچ قانونێکیش نەبوو، قانونی تەیران و ئەوانە، کێشەیەك هەبوو چ موئەسەسەك ئیستیلامی بکات، بە مەنتیق وەزارەتی نەقل و مواسەلات هەیەو هەبووە، ئەو وەختەش هەبوو، بەلام بۆ فەترەیەك هەتا لیژنەیەك پێکهێنرا، چونکە جەیشی ئەمریکی مەتارەکەیان

تەحویل کرد، لیژنەیەك پێك هێنرا کە نوێنەری ئەحزاب بێت و شتی وا بێت، بە هەر حاڵ دوای ئەوە رەبتی وەزارەتی نەقل و مواسەلات کرا بۆ ماوەیەك، ئێستاش وابزانم هەر وەزارەتی نەقل و مواسەلات پێشنیاریان کردووە کە لەبەر ئەوەی کە شارەزایی تەکنیکی نییە بۆ موتابەعە کردنی، کە رەبت بکرێتەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەلاّم ئەوە زۆر پەیوەندی بە پرۆژەی وەبەرهێنان نییە.

لاپەڕە شازدە (أ) بڕی بودجە کەمە، راستە، هەندێك شت هەیە کە وابزانم ئەمە باسی وەزارەتی پیشەسازییە، وەزارەتی پیشەسازی یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە لە ئامادە کردنی ئەم بودجەیە بەڕاستی خەلەلێك هەیە، خەلەلەکەش بۆ هەمووومان دەگەڕێتەوە، یەعنی هەندێك شت هەیە بە راشکاوی دەڵێم، مومکینە لەلای ئێمە بێت، بەلاّم کێشەیەك لەبەردەم پرۆسەی ئامادە کردنی بودجە هەبووە، ئەویش ئەوە بووە تەنها مەسەلەکە مەسەلەیەکی رۆتینی نەبوە، ئیعادە بێت، ئەمە کۆمەڵێك وەزارات دەمج بووە، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەمج بووە، کە دەچنە موناقەشەی میزانیەوە بودجەو مەشاریع، مودیر عامی تەختیتیان دەچێت، یان هەر بەڕێزێك کە جەنابی وەزیر دەست نیشانی بکات، لەم حاڵەتەدا مودیر عامی تەختیت عادەتەن دەچێت، ئەوان دوو مودیر عامی تەختیتیان هەبووە، تا پێش ماوەیەکیش، یەکێکیان ئامادە بووە، بە حیساب هینەکانی وەکو بڵێین تەعبیری لە رەئیەکە کردووە، ئینجا هەر کەسێك لەوێ بڵێت کەس پرسی بە من نەکردووە، ئەوە مومکینە راست بێت، بەلاّم پرۆژەش هەیە، هی پێشنیار کراو هی خۆیانە، هی ساڵی 2009، ئێمە ناچارین هیچ چارەیەکیشمان نییە، بە موئەسەساتی سەیری شتەکان بکەین، کە ئەوان پرۆژەی پێشنیاریان هەیە، لەو پرۆژە پێشنیارانە بۆیان دانراوە، ئێستا بە هەموو پێوەرێك دەبێت چارەسەریان بۆ بکەین، چونکە خۆیان مەعقول نییەو هیچ مەنتیقی تێدا نییە، چ وەزارەتی پلانداننان، یان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، پرۆژەیەك بۆ ئەوان هەڵبژێرێت کە ئەوان بڵێن ئەمە ئێستا ئەولەویاتمان گۆڕاوە، ستافی نوێ لەوێیە، وەزیر گۆڕاوە، ئەوە واریدە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەین بۆیان چارەسەر بکەین لە زیمنی بابی موناقەلە، بەنیسبەت پرۆژەکانی کارەبا وابزانم باسم کرد چوار سەدو شەست و سێ بووە لە راپۆرتەکە واهاتووە، لە خاڵی یەکەم چوارسەدو شەست و سێ ملیار نەبووە، بەڵکو زیاتر لە یەك ترلیۆن بووە، پرۆژەکانیان لە ساڵی 2010 ئەوەی کە ئیدخال کراوە بایی سێ سەدو حەفتاو هەشتە (المخصص للصرف) هەشتاو شەش ملیارە، لەوانەیە سەرفی بکەن، لەوانەیە ئەوەندەشیان پێ سەرف نەکرێت.

نوقتەیەکی گرنگ هەیە کە ئینسان دەبێت زیکری بکات، تەولیدی کارەبا وابزانم لە پلانەکانی کابینەی پێنجەم حەل بووە، ئێستا ئاخیرە، دوو مەحەتەش لەم رۆژانە وابزانم یان دەست بەکار بوونە، یان تەواو بوونە، ئەوانەی شارەزاییان زیاتر هەیە، کێشەیەکی گەورە لە کارەبا لایەزال ماوە، ئەویش مەسەلەی تەوزیع و نەقلە، ئەوقاف چەندی داوا کرد بوو؟ کۆی گشتیی هەندێك تێبینیش هەبوو لەسەر تەکیەکان، وابزانم ئێستا کەس باسی تەکیە ناکات، وابزانم بەنەوعێکی تر چارەسەر کراوە، بە هەر حاڵ کوێستان خان پرسیارێکی بۆ نارد بووم هێشتا لەولا بووم، پرسیاری لەسەر زانکۆی سابس هەبوو، وابزانم وەلاّمی ئەم

پرسیارە لە خیلالی ئەم سی رۆژەی رابردوو دەبوایە ئەم پرسیارە لە وەزیری خوێندنی بالاَ بکرێت، من وەلاَمەکەی دەزانم، بەلاَم ئەگەر پرسیارەکە ئەوەیە بینایە دروست کراوە؟ یان دروست دەکرێت؟ وەلاَمەکەی بەڵێ لە پلان هەیەو وەکو خۆی هاتووە، ئینجا ئەمە بۆچی لە پلان هەیە؟ ئایا بۆ کەرتی تایبەت بەکار دێت؟ یان بۆ کەرتی حکومی؟ ئەمە هەروەکو مەسەلەی شوێفاتە، وابزانم ئێمە یەعنی (لایصح الا الصحیح)، یەعنی ئێمە شتەکان وەکو خۆی باس بکەین، ئەگەر یەکێك یەعنی پێویست ناکات ئێمە ئەگەر شتێك هەیە وەکو خۆی باسی بکەین، ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی موناقەشەی فەنی بکەین، ئەم بودجەیە بە باشترین شێوە بەکار بێت، پرۆژەی شوێفات و ئەم پرۆژەیەش هەرچەندە دیسان من موخەوەل نیم بەناوی وەزیری خوێندنی بالاَ قسە بکەم، جەنابت بە رەسمی و بە شەفەهی بەهەر شێوەیەك دەتوانی پرسیاری لێ بکەیت، بەس ئەوەی کە من ئاگادارم پێشتریش و ئێستاش، کۆمەڵێك کێشە هەیە لە بەرامبەر بەرەو پێشچوونی ئەم هەرێمە، یەکێك لەوانە نەبوونی خەڵکی شارەزاو ئەوانەیە، چ کورد و چ بیانی، ئەوانە نایەنەوە کوردستان، چونکە منداڵیان هەیە لە مەدرەسەن، ئەمە لەوێوە دەست پێ دەکات، هەتا خەڵکی ئێرەش ئەوانەی کە زەوقیان هەیە منداڵیان هەیەو ئیمکانیاتیان هەیە حەز دەکەن منداڵەکانیان لە شوێنی باش بێت، ئێستا من وەکو تەبیبێك کۆمپانیای بیانی زۆر هەبووە، کە هاتۆتە کوردستان ئاگادارن و سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووەو گوتوویانە کاکە ئێمە کە بێینە ئێرە ستافی شارەزای خۆمان، خەبیری خۆمان بێنین لە کوردستان ئەگەر نەخۆش کەوتن بۆ کوێ بچن؟، ئەم مەجموعەیە پێداویستیان هەیە کە بەشێك لە عەمەلیەی تەتەور، یەعنی ئەم پرۆژەیە بۆ لەوێ دەکرێت؟ بۆچی لەسەر سی، چل گوندان تەوزیع نابێت؟ وابزانم ئەمەیان تۆزێك مەقصەدێکی تری پێوە دیارە، گوندەکەش حەقە، ئەمە یەکێکە لە پێداویستیەکانی تەتەور، من باسی جەنابتم نەکرد، من ئەبەدەن هی جەنابت ئەوەتە پرسیارەکەت، غەیری ئەوەشم نەگوت، بەلاَم شیۆفات دەزانی چەند جار باس کرا لە دوێنێ و پێرێوە؟، موشکیلەکە ئەوەیە جەنابی وەزیری دارایی و ئێمە بەس گوێمان لێ دەگرت، زۆر هیلاك بووین و زۆریش گوێمان گرت، ئێوە کە قسەتان دەکرد لەوانەیە زۆر ئینتیباهتان نەکرد بێت، شوێفات و شتی تر باس کرا، شوێفات نەك بە دزیەوە، میکانیزمێکی بۆ دانرا بێت، کە موستەمیر ئیستیعدادی هەبێت، بێت، لەوێ بەشێوازێك بە ستانداردێکی باش دەرس بڵێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکێك کێشەیان پێ حەل ببێتن، ئەمە وایە، ئینجا تەبعەن هیچ موبەریر بۆ ئەوەش ناهێننەوە کە لە هەموو گوندەکانی کوردستان و لە هەموو قەزاو ناحیەکانیش باشترین شێوازی خدمە هەبێتن، بەلاَم وەکو دەڵێن ئەوە مومکینە، من بێمە سەر پرسیارەکانی بەرێزتان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، من هەموو پرسیارەکان پێدا بچمەوە، یان ئەگەر شتێك هەبێت لەناو هینەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها دووبارە نەبێت، ئەویتر وەلاَم بدەوە.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورن، من ئەگەر هەندێك جار نـاو بهێـنم، ئەگـەر هەنـدێكیش نـاو نـەهێنم، یـەعنی هـەر ئەوەنـدەم پـێ نووسراوە، بەڕێز سۆزان خاڵە شەهاب پرسیاری سایلۆی سلێمانی دەكـرد، بۆچـی نـۆژەن دەكرێتـەوە؟ بۆچـی ئەوە ناكرێت، بەڵام لە دوای ئەوە هەر لە پرسیارێكی تر تەبیعی من هەتا وەڵامەكەبم پەیـدا كـرد، چونكە دیسان ئەمە هی وەزارەتـی مەعنیـە، بـەڵام بـە هـەر حـاڵ پرسـیارەكە تـەوجیهی مـن كـراوە، مـن خـۆم لێـی بەرپرس دەزانم، هەتا من چووم وەڵامی ئەمە وەربگرم لەلایەكی ترەوە پرسیارێكی تر كرا بۆ سایلۆ دروست ناكرێت؟ بۆ نۆژەن ناكرێتەوە؟ هەرچی گەنمی سلێمانییە لەبەر بارانە، بە حەقیقەت ئیتر نەمزانی وەڵامـی كامەیان پەیدا بكەم، ئەمەی بۆ نۆژەن پرسیارم كـرد گوتیـان هـی نوێیەكـەش دروسـت دەكرێت، كۆنەكـەش نـۆژەن دەكرێـت، باشـە مەشـاریعی حزبـی جـەنابت وابـزانم پێشـی منـیش زۆر بـاس كـرا، دیسـان ئـەوە لـە سەلاحیەتی ئێوەیە، لە سەلاحیەتی پەرلەمانە، ئیتر چەند لـە سـەدی بودجەیـە نەچـمە سـەر ئـەوە، بـەڕێز ئیسماعیل گەلاڵی دەڵێت بودجە یاسایی نییە، نازانم، وابزانم ئەوە ئیشی من نییە، چونكە تیكراری دهـۆكی تێدایە، تیكراری شتی تری تێدایە، خۆ تیكرار چاك دەكرێت، بەس ئەوە ناگەیەنێت كە یاسـایی نییـە، ئـەوە مەسەلەن خەلەلێكی تێدایە، هەڵەیەكی تێدایە، پلانی ئابووری نییە، تەزەخومی ئەمساڵ بـە پـار موقارەنـە ناكرێـت، وابـزانم ئیسـتیعجالی پێـوە دیـارەو پەلـە پـەلی تیـا كـراوەو، لەگـەڵ هـەموو وەزارەتـەكان دەبوایـە دابنیشن، وەڵلا دانیشـتووین، بـەڵام زیـاتر لەوانەیـە پێویسـت بـێتن چـەند جارێكیش دابنیشـن، بـەس ئـەم مەرحەلەیەش بەو شێوەیە بوو، وەزارەتی پیشەسازی وابزانم باسم كرد، جـەنابت باسـی پـرۆژەی مەڕمـەڕو ئەوانەت كرد، بەڕاستی من زانیاریم لەسەر نییە، نازانم یەعنی وەڵامی ئەمەش لەوانەیە وەزارەتی پـرۆژەی مەرمەرو ئەوانەت باس كرد، بەڕێز شلێرخان تیكراری تێدایە، ناعەدالەتی لە تەوزیعی پرۆژەكان لـە ساڵی 2010 دهۆك زیاترە لە هەمووان، كەچی لە سلێمانی لە هەمووان زیاتر زەرەری بەركەوتووە، ئەمە دەبێـت دیسان بچینەوە سەر مەسەلەی كۆی گشتی ئەوەی كە تەرخان كـراوە، كـۆی گشـتی هـەر پارێزگایـەك، لەبـەر ئەوەی ئەو موعادەلەیە وەكو باسم كرد، ئەوە یـەعنی هەنـدێك موعـادەلات هەیـە یـەك زائیـد یـەك دەكاتـە دوو، یەعنی ئەوە من نازانم ئێستا موخەصەص لەمساڵ بۆ سلێمانی، یـان بـۆ هـەر پارێزگایـەك كـەمتر، یـان زیاتـر دانـرا بێت، سەبەبەكەی ئەوەیـە كـە بـەردەوام نییـە، ئەگـەر بـەردەوام خەلـەلی تێـدا هەیـە دەتـوانین موتابەعەی بەردەوام بكەین، بەڵام ئەوە رەسمیاتە، ئەوە لەم هۆڵـە دانیشـتووین لەسـەر شاشـەی تەلـەفزیۆن باسی دەكەین، بەڕێز كاك عومەر عبدالعزیز كەموكورتیەكان دەڵێت پەلە كردن، نـا شـەفافیەت، زۆری پێـوە دیارە، كارەبا زۆریان داوا كردووە، بەڵام هەشتاو شەشیان بۆ دانراوە، راستە وابزانم تەوزیحمدا، كـاك ئـەیوب نیعمەت جیاوازیـەكی زۆر خراوەتـە نیـو شـارو شارۆچكەكان، مەجموعەیـەك قەزایـەو ئەوانـەی بـە میسـال هێناوە، منیش هەر مەجموعەیەك قەزاو ناحیە دیسان دەبێت جەمعی پرۆژەی بەردەوام و پێشنیار بكەیت، هیچ چارە نییە، مەجموعەیەك قەزاو ناحیە منیش كردیتمە میسال، ئەوانەی كە من تەماشام كردووە، ئەو سێ قەزایەی كە جەنابیان گوتی، مەعلوماتەكان هی سێ قەزای هەڵەبجەو رانیـەو زاخـۆ بـوو، وابـزانم هـەم هەڵەبجـەش و هـەم رانیـەش شـت هەیـە نـاوی پـرۆژەی بەردەوامـە، بـەڵام ئایـا هەڵەبجـە موسـتەحەق نییـە

لەشوێنەکانی تر زیاتر بێت؟ بەڵێ، هەر هەمووشمان باسمان کردووە، وابزانم کەسیشمان نییە حەز نەکات ئەو شیعارە هەڵبگرێت، لەم رۆژانەش دیسان هەر باس کراوە لە زیمنی پلانەکانی تری حکومەت، چ بابڵێم لە پرۆژەکانی تەنیمەی ئەقالیم دەبێت تەعویزی بۆ بکرێتەوە، چ لەو پرۆژانەی کە بەتایبەتی چۆتە بەرنامەی دروست کردنی مەدرەسەو ئەوانە، بۆتە بەرنامەیەکی خاص، دەبێت ئیهتیمامێکی خاص بەو شوێنانە بدرێتن، ئێمە هەر کە دوای ئەوەی قسەکانی بەڕێزتان ئیسارە بوو، من زۆر بە دەقیقیش دیراسەتی هەموو قەزاکانم کرد، حەددی ئەقل بۆ ئەوەی کە لەمە هەر پارەیەکی ئیزافی هەبێت، یان لە تەنمیەی ئەقالیم کە هەیە، یان لە پرۆژەی دروست کردنی مەدرەسەکان بەجیا دانراوە، هێشتا تەوزیعەکە دانەنراوە، کە بە هەموو شێوەیەك موراعاتی ئەو شوێنانە بکرێت، کە لەو موعادەلەیە وەزعیان باش نییە، بەڵام دیسان ئەوە ناگەیەنێت کە 100٪ تۆ دەتوانیت میزانیەکەت بەپێی عەدەدی سوکانی هەر قەزایەك، یان هەر ناحیەك دابەش بکەیت، کاك عەلی حسین ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، سندوقێك دابنرێت، وابزانم ئەوە باس کراوە، کاك سالم تۆما باسی فەرمانگەکانی کردووە، وابزانم باس کراوە، بەڕێزێك وابزانم باسم کرد تەعبیری پرۆژە تەواو نەکراوەکان بەکار هات، وابزانم باسم کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەوزیحی جەنابی وەزیری دارایی کەرەم بکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر باسی وەزارەتی کارەبای کرد، دیارە لە راپۆرتەکە هاتووە، راپۆرتی لیژنەی دارایی، زنجیرە سێ/ دەڵێت وەزارەتی کارەبا داوای چوار سەدو شەست و سی و هەشت سەدو سی ونۆ ئەوەندە ملیار دنیاریان کردووە، بەڵام هەشتاو شەش دانراوە، ئەوە غەڵەتە، خۆی ئەو چوار سەدو شەست و سی و هەشت سەدو سی و نۆیە، ئەوە پرۆژەی بەردەوامە، ئەوەی داوا کراوە، کارەبایەکە ئەوەی چوار سەدو شەست و سی و هەشت سەدو سی و نۆ بەردەوامە، نەك ئەوان داواییان کردووە، ئەوان داوای ئەوەیان نەکردووە، ئەوەی تازەش هەشتاو شەش و سفر و شەست و دووە، بۆ ئەوەی مەعلوماتتان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی وەزیر، ئەوەی کە داوایان کردووە بە گشتی و هاتۆتە لای ئێمە لە ترلیۆنێك زیاتر بووە، کە تازە پێشنیار کراوەکان، جەنابت باسی بەردەوامت کرد، سوپاس، تەبیعی هەندێك موقارەنات کراوە، مەسەلەن ئەو موقارەناتانەش وابزانم  هەندێك جار باشە، هەندێك جاریش باش نییە، چونکە مەسەلەن پارەی فلان شت یوساوی ئەوەندە شتی تر، هەر شتێك پارەی خۆی دەبات، ئەمە وازیحە، ئینجا ئەگەر موقارەنەی بکەین ئەوە هەر تەواو نابێت، دکتۆرە جیهان هەر دیسان لەسەر مەسەلەی بادینی و سۆرانی، وەختی مولاحەزەی خۆت گوت، مولاحەزەی تۆ بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، بەس وەختی گۆتت

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 56

سالی/ 2010 – بەرگی پەنجاوشەش

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2010

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن –شەممە 2010/2/27 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2010/2/28 ل

143

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/3/1 ل 225

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/3/2 ل 339

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)ی نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی 2010/2/27

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2010/2/27 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (6)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی 2010/2/27 دا بەم شێوەیە بێت:

1 -بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی (2010)ی كوردستان-عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (6)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن (2010/2/27)، بەرنامەی كار:

بە پێی حوكمی بڕگەی (1) ماددەی (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی كوردستان - عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی، خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتی (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێككەوتی (2010/2/27) بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵی (2010)ی كوردستان-عیراق.

داوا لە لێژنەی دارایی دەكەین تەشریف بێننە سەر مینەصە، فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕیار بوو جەنابت لە كۆبوونەوەی ئەمڕۆدا باس لە گرفتێك بكەی، كە دوێنێ ڕوویداوە، بە تایبەتی لە لایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانەوە، كە دوێنێ لە سایتی پەرلەمانی كوردستان دا ئەندامێك لە ئەندامانی سەرۆكایەتی پەرلەمان بێ لایەنی خۆی لە دەست داوە و بۆتە تەرەفگیر.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەریەك لەو ئەندامە بەڕێزانەی لە ناو ئەو پەرلەمانە و سەرۆکایەتی، ئێمەش ئەندام پەرلەمانین، هەموو یەکسانین لە هەموو ڕوویەکەوە، هیچ لایەنەکمان، چ لە سەرۆکایەتی؟ چ ئەندامان؟ بۆمان نیە کە لەسەر بیر و بۆچوونی ئەندامێکی پەرلەمان ڕاو بۆچوون دەربڕین، سەرۆکایەتیش بێ لایەنی خۆی بەرامبەر گشت ئەندامان واجیبێکی ئاسایی ئێمەیە کە ڕایبگرین، هەر خەلەلێك لەو بابەتەوە هەبێ لە سەرۆکایەتی مەناقەشەی دەکەین و، هیچ لەو خەلەلانە نامێنێ، سایتی پەرلەمانیش بۆ دژایەتی هیچ ئەندامێکی پەرلەمان و هیچ کەسێك نیە، بۆ ئەوەیە کارە پیرۆز و باشەکانی ناو ئەو پەرلەمانە بە ڕێك و پێکی بڕوات، هەر خەلەلێکیش هەبێت نامێنێ، بە بێ لایەنیش ئیشەکان بەڕێوەدەچێ.......

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

......هی بەرپرسیارانە، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان مامەڵە دەکەی، هیودارم هەموو ئەندامانی پەرلەمان وەکو جەنابت بە بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەمکەن بۆ کارەکەتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارە ی کاری لێژنەکەمان، لە ڕاستیدا لە دوو بەش پێك دێت، بەشێکیان ڕەتدانەوەی ئەو بۆچوونانەیە کە تەرح کرا بەرامبەر ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری، بەشەکەی دیکەشیان، گەڵاڵەی ئەو پێشنیارانەیە کە ئەو بەڕێزانە پێشکەشیان کرد، هەندێکیشی لە ناو لێژنەکان دا هاتبوو، بەڵام ئەوە بوو کە تۆزێ درێژەی پێ درا، بەو شێوەیە کارەکانمان ئەنجام دەدەین، یەکەم جار دەست پێ دەکەین بە تێبینیەکانی لێژنەی دارایی، یان سەرۆکایەتی لێژنەی دارایی دەربارەی ئەو بوارانەی کەوا هاتە پێشەوە و گفتوگۆی لەسەر کرا و هەندێکی ڕەخنە بوو، هەندێکی دەستخۆشی بوو، ئێمە ڕەدێکمان هەیە، بە پوختەی ڕەدەکان، دەربارەی ئەوەی کەوا ڕای لێژنەکان وەرنەگیراوە بە نەزەری ئیعتیبار، بەڕاستی ئێمە پوختەی ڕای لێژنەکانمان وەگرتووە بە نەزەری ئیعتیبار، هەندێ ڕا هەبوو لە ناو لێژنەیەك دا، مەسەلەن بۆ نموونە دابەشکردنی دەسەڵات لە لێژنەی کشتوکاڵ دا، بە هەمان شێوە لە لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاش دا هاتووە، لەبەر ئەوە کردوومانە بە خاڵێك، یان هەندێ جار تەفاصیلی ئەو ئیقتیراحەی ئەوان بە دێرێك یان بە دوو دێر نووسیومانە، ئەگەر ئێمە بێین سەر لە نوێ تیکراری بۆچوونەکانی لێژنە بەڕێزەکان بکەینەوە، مەعنای ئەوەیە ئەو کاتە دەبێ هەموو ڕاپۆرتەکانمان بخوێندبایەوە، ئەو کاتە زۆر دوور و درێژ دەبوو، بەڵام ئێمە پوختەکەمان وەرگرتووە، سوپاسیشیان دەکەین، لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونانەی لە ناو لێژنەکان دا هاتووە، ڕاپۆرتەکەی ئێمەشی دەوڵەمەند کردووە، ئەو ڕاپۆرتە لە ڕاستیدا، من حەز دەکەم لێرە ڕوونی بکەمەوە، تەنها ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری نیە، کۆی بۆچوونەکانی لێژنەکانە دەربارەی ئەو بابەتە، دەربارەی موازەنەی ئیقلیم،

هەروەها بۆچوونیشە لەسەر یاسای بودجەکە، لەبەر ئەوە ئێمە زۆر سوپاسی دەوڵەمەند کردنی ڕاپۆرتەکەمان دەکەین، لە لایەن بۆچوونی لێژنە بەڕێزەکانەوە، هیوادارم لە ڕێگەی موناقەشەکانمان، لە ڕێگەی ئەو پێشنیارانەی کە ئێستا هەمانە ، ئەو کەم و کورییە دابپۆشین، بەڕێزێك بۆچوونی لەسەر ڕاپۆرتەکە ئەوە بوو کە لاوازە و مەدحی تیایە، بە تەئکید ئەوە بۆچوونی بەڕێزیەتی، بەڵام لە حەقەت دا ئەو ڕاپۆرتەی لێژنەکەمان تەنها دوو، سێ لاپەڕەیە، چەند برگەیەکە، لە (8) برگە زیاتر تێپەڕ نابێ، ئەوە تەصەورێکی گشتیە، لەسەر موازەنەی هەرێمی کوردستانی خەملێندراوی 2010، کە لە ڕاستیدا پێك هاتووە لە سێ پوختە، پوختەی موازەنەکە، پوختەی پرۆژەی پێشنیار کراو، پوختەی پرۆژەی بەردەوام، لەگەڵ نزیکەی 24 تەفاصیلی میزانیەی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان، کە پێك هاتووە، هەموویان ئەگەر کۆی بکەیتەوە نزیکەی (700) بە (750) لاپەڕەیە، کە لە هەشت، نۆ حیساب دا خۆی دەبینێتەوە، کە حیسابەکانیش بە پێی بەش دابەش بۆتەوە بۆ مستەوا، کە دەگاتە (400) مستەوا، ئەگەر کۆی ژمارەکانیش سەیر بکەی، نزیکەی (100) هەزار ژمارەیە، لەبەر ئەوە ڕاپۆرتەکە تەنها تەصەورێکی عامە لەسەر موازەنەکە، بۆچوونێك هەبوو دەربارەی کە هەندێك لە حیساباتەکان لابرێ، هەندێك نەمێنێت، بە حەقەت وا تێدەگەم بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامی دایەوە، ئێمە ئەو بابانەی کە هاتووە، ئەو قسمانەی کە هاتووە، ئەو مستەوایانەی کە هاتووە، ئەوە سیستەمێکی ژمێریاریە لە عیراق دا بەکار دێ، لە عالەمیشدا بەکار دێ، ئێمە ناتوانین دەستکاری بکەین، ئەگەر دەستکاری بکەین، ئەو کاتە موهیمەی تەدقیق دەوری نامێنێ، وردبینی دەوری نامێنێ، چ وردبینی ناوخۆ بێ، چ وردبینی ڕەقابەی مالی بێ، چ وردبینی بێ لەسەر ئەساسێکی تر، بۆ نموونە عیراق بە شێوەیەکی عام خازعە بۆ ڕەقابە و تەدقیقی دەولی، لە ڕاستیدا کە دێن، لەبەر ئەوە کەی ڕەقابەت بۆ دەکات؟ لەسەر ئەو حیساباتانە بۆت دەکات، بەس مەرج نیە کە حیسابێك هەبێت، ژمارەی تیا بووبێت، لەوانەیە زۆر لە حیسابەکان کە هەیە، ئەگەر بەڕێزان تێبینیان کردبێت، ژمارەی تێدا نیە، بەڵام هەڵگرتن و لابردنی، بە حەقەت ئەوە موهیمەی ئێمە نیە، لابردنی لەو بروایەم سیستەمی ژمێریاری و سیستەمی وردبینی تێك دەدەین، بۆچوونێکی تر هەبوو کە لەگەڵ میزانیەکەدا نین، لە 69٪ بودجەی وەگەڕهێنانە، لە 31٪ ی بودجەی وەبەرهێنانە، بەحەقەت خۆی باشتر وایە بە پێچەوانەوە بێ، بودجەی ئیستیسماری زیاتر بێ لە بودجەی وەگەڕهێنان، وڵاتێکی وەکو عیراق، هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عیراق، زۆر لەو وڵاتانەی کە سیستەمی وەکو هەرێمی کوردستانە و وەکو عیراقە، ئەوە بە مەوروسی بۆی ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەت خۆی، حکومەت، زۆربەی زۆری چالاکییە ئابووریەکان و کارگێری و خەدەمی دەبات بەڕێوە، لەبەر ئەوە هەموو وڵاتێك ئاوایی بێت، کارمەند لای دەوڵەت تەعین بێت، دەوڵەت مووچە بۆ کارمەند بڕێتەوە، هەروەها دەوڵەت بەرپرس بێ لە چاککردنەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری و دابینکردنی کەرەسەی ماددی، هەروەها دەوڵەت بەرپرس بێ لە دانی، باربۆ (إعانات)، هەروەها دەوڵەت بەرپرس بێت لە دانی بەخشین و مینەح، هەروەها دەوڵەت بەرپرس بێت لە دانی مەصروفاتی (أخری)، لەبەر ئەوە مەسەلەیەکی سروشتیە کە ئەو میزانیەیە، یان ئەو موازەنەیە، بەو شێوەیە دەبێت کە دائیم بەشی وەگەڕهێنان زیاترە لە بەشی وەبەرهێنان، ئێمە لە ڕاپۆرتەکەش دا ئیشارەتمان پێداوە، بە ئومێدی ئەوەی لە چەند ساڵی داهاتوو دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێ کەم کەم دەست بکێشێتەوە، لەو کارانەی کە هەیەتی بدرێ بە کەرتی تایبەت، ئەو کاتە شێوەی میزانیەکە دەگۆڕێ، لەبەر ئەوە هەر کەسێك بێت، ئێستا بێ بەو شێوەیە موازەنەکە دانێ، هەروەها دەبێ، بە تایبەتی موازەنەی ئێمە، یان وەزعی ئیقتیصادی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە، وەزعێکی مەوروسە لە عیراقەوە بۆمان هاتۆتەوە، ئەگەر سەیری موازەنەی عیراقیش بکەین، بە هەمان شێوەیە، بگرە لەوەی ئێمە بە نزیکەی لە (1٪) لەو باشترە، ئەوان ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، لە (72٪) بودجەی ئاساییان، لە (28) بودجەی نائاساییان، لەبەر ئەوە بابەتێکە مەوروسە و ئەمری واقعە لە هەرێمی کوردستان، هەر کەسێکیش موازەنە دانێ ناتوانێ تەجاوزی ئەوە بکات، دەربارەی مەوزووعی حیساباتی ختامی، بە حەقەت چەند جار باس کراوە، بەڕێز وەزیری دارایی ڕوونی کردەوە، حیساباتی ختامی لە (12/31) ناگاتە دەست ئێمە، لە باشترین کات دا، لە کۆتایی مانگی (3) ومانگی (4) دا لە ڕووی فەنییەوە کۆتایی پێ دێت لە وەزارەتی دارایی، دواتر پوختەکەی دەنێردرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش لە مانگی (6)دا، ئینجا دواتر دێ بۆ ئێمە،

لەبەر ئەوە حیساباتی ئێمە قەت ناتوانین ئێمە بێین بودجەی خۆمان ڕاگرین بۆ (2010)، لەبەر ئەوەی حیساباتی خیتامی نەهاتووە، دەربارەی حیساباتی (6) مانگەکەی کە زۆرجار باس دەکرێ، بە حەقەت ئەوە حیساباتی خیتامی نیە، ئەوە ڕاپۆرتێکە، ڕاپۆرتێکە لەسەر وەزعی مالی ئەو حکومەتە لە (6) مانگ دا، دوایی ئەو ڕاپۆرتەی (6) مانگە قەت کافی نیە بۆ ئەوەی کەوا بتوانی تەقیمێکی بکەی بە شێوەیەکی سەرەکی، کەوا میزانیەکەی پێ هەڵسەنگێنی، لەگەڵ ئەوەشدا بەعزێ مەسائیل هەیە دەمج ناکرێ، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، بەعزێ مەسائیلی موستەدیمە هەیە، مەسەلەن بۆ نموونە سلەفی موستەدیمە و ئەوانە هەیە ناچێتە ناو، چونکە بەردەوامە ئیشەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاپۆرتە گەیشتووە بەڕاستی، وەکو ئیشارەتمان پێداوە بە ڕاپۆرتەکە، گەیشت، بەڵام ئەوە بوو درەنگ گەیشت، دواییش (10) نوسخەمان لەسەر کۆپی کرد، هەندێ بەڕێز ئەو کۆپیانە کە ویستوویەتی سەیری کردووە، دەربارەی حیساباتی خیتامی ساڵی 2008، بە حەقەت ئەوە لێژنەی دارایی و ئابووری، یەعنی ئێمە ئەساسەن پێویستمان بە ساڵی 2008 نیە، حیساباتی خیتامی، چونکە موازەنەی 2009 تەصدیق کراوە لەگەڵ ئەوەشدا کە چووین گەڕاین لە ئەرشیفی پەرلەمان، ئەو حیساباتە مەوجودە، کێ بیەوێ؟ دەتوانێ بچێ سەیری بکات، هەندێ بەڕێزیش سەیری کرد، دوو، سێ لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هاتن سەیری ئەو ڕاپۆرتەیان کرد و دیتیان، ئەو کاتی ئەو ڕاپۆرتە هاتووە، ئێمە ئەندام پەرلەمان نەبووین، ئەو لێژنەیەش وجودی نەبووە، بەڵام حیساباتی خیتامی 2008 وجودی هەیە لە ئەرشیفی پەرلەمان، هەندێ بەڕێز ڕەخنەیان لەسەر ئەوە هەبوو کەوا ئەو ڕاپۆرتانەمان نەدیوە، یان ئەوانەمان نەدیوە، ئەو ڕاپۆرتانە مەوجودە لە ئەرشیفی پەرلەمان و لە لێژنەی داراییش مەوجودن چ بەڕێزێ هاتبێ ویستویەبێتی، بینیوێتی، بۆچوونێك هەبوو کەوا چەند جارێك تیکرار کرایەوە کە دوو موازەنەمان هەیە بۆ ئاسایش و بۆ ڕەقابەی مالی، پێویستە چارەسەر بکرێن بە حەقەت ئێمە ئەوە دوو ماددەی جیاوازە، دوو ماددەی ئیزافیە هێناومانە بۆ یاسای بودجە، بۆ موعالەجە کردنی، یەعنی خۆمان بە یاسا ئەوە موعالەجە دەکەین، کاتێکیشی بۆ دیاری کراوە، هەندێك لە لێژنەکان، دوو لێژنە، وا تێ دەگەم مافی بەکاربەر و لێژنەی کشتوکاڵ داوای تەرخان کردنی بڕێ پارەیان کرد بۆ تەسویە و تەملیك، ئێمەش لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئەو کاتە وەکو پێشنیار دەڕوا بۆ حکومەت، دەتوانن وەڵاممان بدەنەوە، بەڕێزان گرفتێکی دیکەمان هەبوو، زۆر لە لێژنەکان و زۆر لە ئەندامە بەڕێزەکان داوای کەمکردنەوەی هەندێ حیساباتیان دەکرد، بە تایبەتی حیساباتی (إعانات)، (منح)، مەنافعی ئیجتیماعی، (مصروفات أخرى)، من نامەوێ ڕەئی خۆم لێرە لەو بارەیەوە ئەوە بکەم، بەس بە کۆی دەنگ زانیمان کە لێژنەکان، ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، زۆربەی زۆری ئەوانە داوای کەمکردنەوە دەکەن، ئێمە وەکو پێشنیار کردوومانە کە حیساباتی ئیعانە لە (10٪)ی لێ بڕوات، مینەحیش لە (10٪)ی لێ بڕوات، مەصروفاتی ئوخرەش (15٪)ی لێ کەم بێتەوە، لە ڕاپۆرتەکە ئیشارەتمان پێداوە کە نزیکەی (185) ملیار تەوفیر دەکە ین، دەچێتە ئیحتیاتی وەزارەتی مالیەوە، دوای ئەوە بزانین ڕەدی حکومەت لەو بارەیەوە چۆن دەبێ؟ هەندێ کەس باسی هەندێ مەوادی قانونی کرد کە ئیزافەمان کردووە، لە یاساکە نەمێنێت، سێ ماددە لەو پێنج ماددەی کە ئیزافەمان کردووە، بە حەقەت ئەو ماددانەی کە ئیزافە کراوە وەڵام دانەوەیە بۆ پێشنیاری لێژنەکان کە ماددەیەکیان بۆ یەکگرتنەوەی ئاسایشە، ماددەیەکی تریان بۆ یەکگرتنەوەی ڕەقابەی مالیە، بە ڕای لێژنەکەمان ئەو ماددانە زیادە نیە، دواییش دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڕێزتان دەتوانن لەسەر ئەوە ڕا بدەن بە زۆرینە، بۆچوونێك هەبوو دەربارەی تەوزیعی ئیراداتی نەوت بەسەر هەموو پارێزگاکان دا، کە گوایە ئێمە وتومانە پەسند نیە، بە حەقەت بۆچوونەکە ئەوە بوو کە لە کاتی ئێستادا بەشێك لەو ئیرادەی کە تەرخان دەکرێ بۆ هەموو پارێزگاکان ئەبێ، وا تێدەگەم داوای یەك دۆلار کرابوو لە هەر یەك بەرمیل ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، بە زۆرینەی دەنگ لێژنە پێی باش بوو لە پێش دا بەکار بهێنرێ بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنانەی کەوا نەوت بەرهەم دەهێنێ، چونکە ئەو شوێنانە زەرەرمەند دەبن لە ڕووی بیئەوە، بڵێین لە ڕووی ژینگەوە، هەندێك لێژنەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمان داوای زیادبوونی سلفەی عەقاری کرد، ئێمە ئەگەر سەیری ڕاپۆرتەکە بکەن، بە ماددەیەك ئەو بابەتەمان موعالەجە کردووە کە دواتر دەخرێتە دەنگدانەوە، هەندێ کەس دەڵێ تەوازوون نیە لە بەینی وەزارەتەکان، بە تایبەتی بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامی دایەوە، بە تایبەتی مەبلەغێکی زۆر بۆ

وەزارەتی دارایی دانراوە، ئەو بەڕێزە وەڵامی دایەوە، منیش هەر هەمان ئەوەم هەیە، چونکە وەزارەتی دارایی ئەرکی سەر شانیەتی، زۆر لە مەسائیلی ئیعانات و مینەح و مەنافیعی ئیجتیماعی ئەو وەزارەتە، ئەرکەکەی دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی، بەڵام کە قسەمان لەگەڵ بەڕێزان وەزیری دارایی و جێگرەگان کرد، بۆیان ڕوون کردینەوە کە شێوەی تەوزیعی ئەو موازەنەیە بەسەر وەزارەتەکان ڕەنگدانەوەی بەرپرسیارێتی ئەو وەزارەتانەیە لە ئەرك و فەرمانەکانیان بەرامبەر کۆمەڵ، پێشنیارێکمان هەبووە کە گوایە لە لێژنەی دارایی داوامان کردووە، ئەوە بخرێتە بەرچاو بۆ ساڵی داهاتوو، بەسەرچاو ئەگەر لە پێشنیارەکە داوای ساڵی داهاتوومان کردووە، دەتوانین ئێمە ئەو لابەرین، وەکو برگەیەك کە هاتووە، یەك، دوو بەڕێز داوایان کرد کە ڕاپۆرتەکە لاوازە، داوا دەکات، باشتر وابوو بڵێ پێویستە، لاریمان نیە، داواکارەکە دەکەین بە پێویستە، بەڵام ئەگەر بە هەڵە دا نەچووبم لە سیستەمی پەرلەمانی دا عیلاقە لە بەینی پەرلەمان و مەجلیسی وزەرا عیلاقەیەکی تەعاونیە ئینجا رەقابیە، لەبەر ئەوە تا ڕادەیەك متەوازنن لە تەعامول لەگەڵ یەکتری، بۆیە ئێمە وشەی داوامان کردووە، یەعنی وەکو ئەمر نەمانکردووە، ئەوەش بەجێ دەهێڵینەوە بۆ بەڕێزتان، هەندێکی تر ڕەخنەی لە کورتهێنانەکە گرت، کورتهێنانەکە، کورتهێنانێکی موخەتەت نیە، فیعلیە، بە حەقەت هەموو کورتهێنانێك، هەموو ئیراداتێك، هەموو نەفەقاتێك ئەگەر لە پێش دا دامان نا بە خەمڵێندراوی موقەدەر و موخەتەت، لەبەر ئەوە فیعلی نیە، ئەوە لە کۆتایی ساڵ کە حیساباتی ختامی دەکەین، ئەوەی کە دەرچووە دەبێ بە فیعلی، لەبەر ئەوە وشەی موخەتەت هەر دەبێ بمێنێتەوە، چونکە مەسەلەیەکی تەقدیریە، هەندێ کەس بۆچوونی هەبوو کەوا زیادەیەکی زۆر هەیە لە مەنافیعی ئیجتیماعی، پێویستە کەم بکرێتەوە، بە حەقەت مەنافیعی ئیجتیماعی کە پێویستە کەم بکرێتەوە، وا تێ دەگەم نزیکەی (180) ملیارە، جارێکی تر دەیڵێینەوە ئێمە داوامان کردووە لە ئیعانات و مینەح و لەگەڵ مەصروفاتی ئوخرا کەم بکرێتەوە، ئەوەمان بەجێ هێشتووە، چونکە مەبلەغەکەمان بە مەبلەغێکی زۆر نەزانی، دواتر لە یاساکە ماددەیەکی قانونیمان هەیە، کە بەڕێز وەزیری دارایی هەر کاتێك تووشی گرفت بوو، بە تەشاور لەگەڵ حکومەت دەتوانن موناقەلەی پارە بکەن لە قسمێکەوە بۆ قسمێکی تر، یان هەر وەزارەتێك خۆی بیەوێ لە مستەوایەکەوە بۆ مستەوایەکی تر، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی، بۆچوونێکی تر هەبوو کەوا موراعاتی ڕێزبەندی نەکراوە بە نیسبەت مەشاریعەکانەوە، بە حەقەت ئەوە بەڕێز وەزیری پلاندانانیش جەوابی دایەوە، بەس دائیمەن ئەوانەی کە مەشروعەکان دادەنێن ئەو کەسانەن کە لە مەیدانەکەدان، ئەو کەسانەن کە لە واقیعەکەدان، مومکینە ئەوانە خۆیان بە بۆچوونی خۆیان، ئەو پرۆژەیە پێش پرۆژەیەکی تر بخەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێشنیارێکمان کردووە، لە پێشنیارەکەدا داوامان کردووە کە سەر لە نوێ بەڕێز وەزیری دارایی، وەزیری پلاندانان جارێکی تر لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان و دەزگاکان دەتوانێ کۆ بێتەوە، ڕێزبەندیەکەی تر دابنێن لەسەر بیروبۆچوونی ئەوان، ئەگەر هاتو فیعلەن بیر و بۆچوونی وەزارەتەکان لەو ڕاپۆرتانە بێ یان لەو مینهاجی ئیستیسماریانە بێ کە وەزارەتی پلاندانان دایناوە، بە هەمان گوژمە، بەڕێزێك داوای کرد کە وشەی سیاسیەکان بخرێتە پاڵ ڕێکخراوەکان، ئەوەش وەکو پێشنیار دێت، دوایی دەنگی لەسەر دەدرێت، بزانین وشەی سیاسی بچێتە پاڵ ڕێکخراوەکان یان نا؟ ڕەخنەیەك هەبوو تەقیمی میزانیەی ساڵی 2009 مان کردووە، لە (97٪) جێبەجێ کراوە، بە تەئکید ڕەخنەکە لەسەر ئەوە بوو تاکو شەش مانگی یەکەم زۆر کەم لەو میزانیەیە تەنفیز کراوە، بەس ئەوەی مەعلومە دائیمەن موناقەلاتی حکومەت کە دەست پێ دەکات لە دوای پێنج و شەشەوە موراجەعەیەك دەکرێتەوە، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، ئەو کاتە موناقەلاتی فەرد دەست پێ دەکات، موهیم ئەوەی کە لامانە مەصروفاتی فیعلی کە تەقدیرمان کردووە، لەسەر حیسابی شەش مانگی یەکەم بۆ شەش مانگی دووەمیش میزانیەکە نزیك بووە لەوەی کەوا تا ڕادەیەك، لە (100٪) نیە، بۆیە وتومانە تا ڕاددەیەك، ئێمە وشەی تا ڕاددەیەکیش لادەبەین، لە پێشنیارەکان دوو بەڕێز داوایان کرد کە هیچ شتێك بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ پێشکەش نەکراوە، یان هیچ شتێك تەرخان نەکراوە بۆیان، یان بڕێك بۆ وەبەرهێنان، ئێمە لە یاساکە ماددەیەکمان هێناوە کە پەنجا ملیار لە موازەنەکە تەحویل بێ بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ جێبەجێ کردنی مینهاجی ئیستیسماری دواتر کە دەنگی لەسەر دەدرێ، هەندێ کەس ڕەخنەی هەبوو لەسەر ئەوەی کەوا ئەو بڕەی کە تەرخان کراوە بۆ دیراسات لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کەمە، وا دیارە

ئەوان لەو برِە زیاتریان داوا كردووە، ئەگەر بە هەڵە دا نەچووبم نزیكی (22) بۆ (23) ملیاریان داوا كردووە، دواتر ئیتیفاق لەگەڵ وەزارەتی دارایی دا، یا ئەو بەشەی كە تایبەتە بە دیراسات و بە زەمالات و بە بیعسات نزیك بۆتەوە لە نزیكەی (1.8) ملیار، وا دیارە بە ئیتیفاق بووە ئەویش لەگەڵ وەزارەتی مالیە، دوایی ئێمە هەر لە میزانیەكە برِێ پارەمان هەیە تەرخان كراوە بۆ بەهێزكردنی توانای زانستی، كە تەواوكەری ئەو كەم و كورِیەیە كە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، دەربارەی دەستكاری كردنی بودجەی (قضاء)، جارێكی دیكەش رِوونمان كردەوە، بودجەی ئەنجومەنی داد كە هات بۆ لامان، ئێمە موناقەشەیەكی ئەوەلیمان لەگەڵ دا كردن، هێشتا موازەنەكە هەمووی نەهاتبوو، دواتر كە قسەمان كردەوە دووبارە لەگەڵ وەزیری دارایی و بریكاری وەزیر، وتیان ئێمە لە دەرئەنجامی ئەو ئەزموونە كە هەمانە و، بە ئیتیفاقیش لەگەڵ خۆیان، رِێككەوتووین لەسەر ئەو برِە پارەیەی كەوا لە موازەنەی حكومەت دا هاتووە، وتی: ئێمە قەناعەتمان وایە و قەناعەتیشمان بە ئەنجومەنی داد كردووە كە ئەو پارەیە بەشیان دەكات، ئەگەر هاتو لێیان برِا، یان گرفتێكیان تووش بوو، بەرِێز وەزیری دارایی و بریكار وەڵامی دایەوە، وتیان: ئێمە دەتوانین ئەو كەم و كورِییەیان بۆ چارەسەر بكەین، هەندێك بۆچوون هەبوو، كە لابردنی هەندێك لە پرۆژە، كە بە ئاراستەیەك رِۆیشتووە بەرژەوەندی گشتی ناهێنێتە دەست، ئێمە لە پێشنیارەكان، پێشنیارمان هەیە لە دەرئەنجامی ئەو كۆبوونەوەی دوێنێ دا، ئەو پرۆژانەمان هێناوە و دەرجمان كردووە، دوایی بەرِێز كاك خورشید دوای من ئەو پێشنیارانە دەخوێنێتەوە، دەخرێتە دەنگدانەوە بۆ لابردنیان، یان بۆ مانەوە، یان هەر شێوەیەكی تر بێت، پرسیارێكیان لێ كردین: ئەو نەوەد ملیارەی كە دانراوە بۆ پەرەپێدانی ژینگەی دیموكراسی، مەبەستمان بۆ پارتەكان و رِێكخراوەكان چۆن دەبێ؟ چۆن نابێ؟ ئەوە لە یاسای بودجەدا هاتووە، ئەو (90) ملیارەی كە ئێستا تەرخان كراوە، دواتر یاسای پێ دەردەچێ، چۆنیەتی تەصەروف بەو پارەیەوە، سوپاس، بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان، من كۆتاییم بە رِەت دانەوەكە هێنا، ئێستا ئەگەر رِێگەم پێ دەدەی، هاورِێم كاك خورشید پێشنیارەكان بخوێنێتەوە.

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو، كەرەمكە كاك خورشید.

**بەرِێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ پێشنیارەتا، هەموو ساڵ پێشنیارەتا دكەین، ئەگەر هاتنە پەسند كرن، دبنە بەشەك لە یاسایە، ئیزافە كرن، بێنە سەر یاسا بودجە هەرێما كوردستانێ بۆ ساڵی 2010.

پێشنیارەكان:

1-لابردنی ئەو پرۆژانەی خوارەوە لە بەرنامەی وەبەرهێنان بۆ ساڵی 2010 لەسەر پرۆژە پێشنیاركراوەكان، بۆ پرۆژەی تر لە هەمان پارێزگا:

أ-لابردنی پرۆژەی خولی تایبەت بە بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاری فەرمانبەران، كە گوژمەی پرۆژە بریتی یە لە (3) ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیار كراوەكان، زنجیرە (3)، لاپەرە (36)، لە وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو.

ب-لابردنی پرۆژەی دروست كردنی زانكۆی (سابیس) لە هەولێر، بە گوژمەی (21) ملیار و (250) ملیۆن دینار، لە زنجیرە (3)، لاپەرە (41)، لە پرۆژە پێشنیار كراوەكان لە وەزارەتی دارایی.

ج-لابردنی پرۆژەی دروستكردنی فوتابخانەی شوەیفات لە دهۆك، بە گوژمەی (36) ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیار كراوەكان، لە زنجیرەی (4)، لاپەرە (41) سەر بە وەزارەتی دارایی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە نوقتەی نیزامی، كەرەمكە كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پێشنیارانە، ئایا هەمووی بە یەك جار دەخرێتە دەنگدانەوە؟ یان خاڵ بە خاڵ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك یەك دەیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی گوێتان لێ بێ، پاشان دووبارە دێینەوە سەری.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

د- لابردنی پرۆژەی دیزاین و دروستكردنی فوتابخانەی شوەیفات لە سلێمانی، بە گوژمەی (10) ملیار دینار لە پرۆژە پێشنیاركراوەكان، لە زنجیرەی (5)، لاپەرە (41) لە وەزارەتی دارایی.

2-لابردنی ئەو پرۆژانەی خوارەوە كە لە بەرنامەی وەبەرهێنانی پرۆژە بەردەوامەكان دا هاتووە، بۆ پرۆژەی تر لە هەمان پارێزگا:

أ-پرۆژەی نۆژەنكردنەوەی تەكیەی شێخ ئیسماعیلی ولیانی بە گوژمەی (185) ملیۆن دینار، لە زنجیرە (2)، وەزارەتی ئەوقاف، لاپەرە (2).

ب-لابردنی نۆژەنكردنی تەكیەی هیران، بە گوژمەی (209) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (5)، لە وەزارەتی ئەوقاف، لاپەرە (2).

ج- نۆژەنكردنەوەی تەكیەی شێخ كاكە بە گوژمەی (282) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (26)، وەزارەتی ناوخۆ، لاپەرە (9).

د-ڕاگرتنی خەرجی پرۆژەی دروستكردنی هۆڵی كۆبوونەوە و (11) ژوور لە بینایەی لقی (2)، كە بڕی (126) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان كراوە، لە زنجیرەی (21)، وەزارەتی ناوخۆ، لاپەرە (9).

هـ-لابردنی دروستكردنی كتێبخانە و دانانی كەرەڤانەی پاسەوانی مەڵبەندی (20)ی قەرەچووغ، بە گوژمەی (290) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (41)، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، لاپەرە (15).

و- ڕاگرتنی پرۆژەی قیرتاوكردنی ڕێگاكانی خاڵی پاسەوانی مێوانخانەی بەڕێز سەرۆك كۆمار لە دەباشان، بە بڕی ملیارێك و (485) ملیۆن دینار، كە لە بودجەی 2010 دەستنیشان كراوە، لە زنجیرەی (70) لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، لاپەڕە (17).

ز- لابردنی دروستكردنی مێوانخانە بۆ مەڵبەندی (12)ی خانەقین، بە گوژمەی (297) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (128) لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، لە لاپەڕە (20).

ح- ڕاگرتنی بودجەی بەكارخستنی فوتابخانەی شوەیفاتی هەولێر، بە بڕی یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (17)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری، لاپەڕە (70).

ك- ڕاگرتنی خەرجی دیزاینی زانکۆی (سابیس) لـە هـەولێر، بـە بـڕی ملیارێـك و (253) ملیـۆن دینـار، لـە زنجیرەی (27) لە وەزارەتی دارایی و ئابووری، لە لاپەڕە (70).

3-لابردنی ئەو پرۆژانەی دووبارە بوونەتەوە لە پرۆژە بەردەوامەکان، ئەگەر لە ڕاستیدا دووبارە بوونەتەوە و، پارەکەی تەرخان بکرێ بۆ پرۆژەی تر لە هەمان پارێزگا:

أ- ئاڤا کردنا ئاڤاهیا کردنـا بیناسازیا دهۆکێ، بـەبڕی (2) ملیـار و دوو سـەد و حەڤـدە ملیـۆن دینـار، لـە زنجیرە یەك، وەزارەتی ناوخۆ، لاپەرە (12)،

ب-ئاڤاهی کردنا ئاڤاهیێ ڕێبەریا بەرهـەمهێنی سوتـەمەنی بـەبڕی ملیارێـك و شـەش سـەد و هەشـتا ملیـۆن دینار، لە زنجیرەی (2) وەزارەتی ناوخۆ لە لاپەرە (12).

4-کەمکردنەوەی بڕی حیسابی الإعانات بـە ڕێـژەی (10٪) کـە دەکاتـە، یـەعنی گوژمـەی بـڕین، کـە دەکاتـە (39) ملیار و (897) ملیۆن دینار.

5-کەم کردنەوەی بڕی بەخشین (المنح)، بە ڕێژەی (10٪)، کە دەکاتە (43) ملیار و (131) ملیۆن دینار.

6-کەمکردنەوەی بڕی تێچووەکانی تر (المصروفات الأخری) بە بڕی (15٪)، کە دەکاتە بڕی (102) ملیار و (506) ملیۆن دینار.

تێبینی: بڕی کەمکراوە بۆ قـەرەبووکردنی ئـەو زیادانـەی پێشـنیار کـراون لـە یاسـای بودجـەدا بـۆ حیسـابی (الإحتیاطي) لە وەزارەتی دارایی.

7-زیـادکردنی ئـەو ماددەیـە بـۆ یاسـای بودجـەی (2010)، ئەنجومـەنی وەزیرانـی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان، ڕەزامەندی بدات لەسەر ڕەشنووسی حیساباتی کۆتـایی (الحسابات الختامیـە)، لـە کۆتـایی مـانگی ئایار و، دواتر لە کۆتایی مانگی حوزەیران دا، پێشکەشی پەرلەمان دەکات، بە پێی هـەردوو مـاددەی (37) و (38) لە یاسای کارگێڕی دارایی، (قانون الإدارة المالیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلـەمانتارانی بـەڕێز، بەڕاسـتی ئـەم چـەند ڕۆژە چـەند پرسـیاری تـرا، کـەوا زۆر لێژنـە تەئکیـدی زیـاتر لەسەر ئەوە دەکرد کە گوایە هەموو داواکارییەکانی ئێمە نەنووسراوە، کاك ئاراس ئیشارەتی پێـدا لـەوە، کـە زۆربەی زۆری داواکاریەکان تیکرار بوو، یا وەك خۆمان لـە ڕاپۆرتەکـە، لـە هـەر سێ بەشـەکەدا ئیشـارەتمان پێدا بوو، یەکێك لـەو شـتانە لەسـەر مەسـەلەی کـەم ئەنـدامان، ڕوون کردنەوەیـەکم هەیـە، مەسـەلەی کـەم ئەندامان مووچە نیە ئیتر نـەتوانێ شـتێکی تـر وەرگـرێ، ئـەوە هاوکارییـە، ئـەو هاوکارییـە ئێمـە زیادمـان کردووە بە ڕێژەی (120٪)، بۆ نموونە (30) هەزارمان کرد بە (100) هەزار، ئەوە لـە لایـەك، لـە لایـەکی تـرەوە (50) هـەزارمان کـردووە بـە (150) هـەزار، مەسـەلەی سـلفەی عـەقار کـە باسـی کـرا، ئێمـە لـە

ڕاپۆرتەکەمان دا باسمان کردووە، سلفەی عەقارەکەش لە هەمان کات دا ئەوەی کە ئێمە باسمان کردووە (15) ملیۆن دانراوە بۆ ناو شار، (12) ملیۆنیش بۆ ناحیە و دێهاتەکان، هەر لە ڕاپۆرتەکەی خۆماندا ئێمە باسی دەسەڵاتێك دەکەین، کە لە لایەن زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسی لێ کرا، ئەویش دەسەڵاتی لامەرکەزی و دابەزینی دەسەڵات بۆ خوارەوە، ئێمە لە ڕاپۆرتەکە ئیشارەتمان پێدا بوو بەو دابەزینە و باسمان کردبوو، مەسەلەی ڕێزبەندی پرۆژەکە، ئێمە هەر لە ڕاپۆرتەکە هینمان کردووە کە پرۆژەکان ڕێزبەندی بکرێن، داوامان لە وەزارەتی پلاندانان کردبوو کە ڕێزبەندی بۆ بکات، داواکردن لەوەی کە ئێمە زۆر داوای ئەوە دەکرا کە ساڵێکی تر لە کاتی یاسایی خۆیدا بودجە بگاتە دەستمان، بەڕاستی ئیمساڵ دوانەکەوتبوو وەکو بودجە لە ساڵەکانی تردا، لەوەی کە لە (11/28) متمانە حکومەتی کابینەی شەشەم و وەزیرە بەڕێزەکان درا، لە (24)ی مانگدا هاتە ئێرە، هەم دیسان ئێمە داوامان کردووە بۆ ساڵی داهاتوو، لە کاتی یاسایی خۆیدا، هەم پرۆژە یاسای بودجە بگات، هەمیش حیساباتی خیتامی بگاتە دەستمان، ئێستا حیساباتی خیتامی 2008 و، ئەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی دارایی بۆ نیوەی ساڵی 2009، کە گەیشتە لێژنەی دارایی و ئابووری لامان، هەموو ئەندامانی لێژنەی دارایی و ئابووری نوسخەی خۆیان وەرگرت و بردیشیان، بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە کە لەگەڵماندا بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دیارە لە لێژنەی دارایی ئیشارەی پێ نەکرا، کۆمەڵێك لە ئەندامە بەڕێزەکان لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسا، باسی ئەوەیان کرد کە ئەو پرۆژەیە بنێردرێتەوە بۆ حکومەت، لەگەڵ تێبینیەکان، بۆ چاو پێ خشانەوەیان، لە هەمان کات کۆمەڵێك ئەندامی تری بەڕێزی پەرلەمان ڕەئیان وابوو، نەخێر ئەوە پرۆژەکە لێرە بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکردن لەسەری، کۆتاییشی پێ دێنین، کەم و کورتیەکانیشی چاك بکەین، ئینجا ئێستا ئێمە ئەم پێشنیارە دەخەینە بەردەست ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی، ئایا ئەو پرۆژەیە بنێردرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و چاوی پێدا بخشێندرێتەوە لەگەڵ تێبینیەکانمان بێ؟ تکایە ئەوەی لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەست بەرز بکات؟ تکایە وازحە، ڕجائەن، کاك حمە سعید، فەرموو .

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو ڕایەی کە جەنابت تەرحی دەکەی، پێویستە لە هەردوو ڕاکە، چەند کەسێك دیفاع بکا و تەوزیح بدا، لە ئەوەی کە بگەڕێتەوە و، ئەوەی کە نەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی تەوزیحات ببێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرواش دەبێت برای بەڕێز، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان ئەو هینەم هەیە، کە دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەروایە، ئێستا بۆ ئەوەی ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، تەواو تکایە، کاك کاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی هەندێ شت هەیە هی ئەوە نیە، مەسەلەن بودجەی ئەنجومەنی داد، کە قانونیەن دەبێ حکومەت تەداخولی نەکات، ئەو دەڵێ حکومەت لەگەڵ.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا شتی وا نیە، ڕجائەن، تکایە ئێستا ئەو بەڕێزانەی لە هەر تەرەفێك سێ کەس گفتوگۆ دەکات، لەسەر ئەوەی بۆچی ئەم پرۆژەیە بنێردرێتەوە؟ ئەوە یەك، لە هەمان کات سێ کەس، سێ بەڕێز لەو ئەندام پەرلەمانانە گفتوگۆ دەکات بۆ نەنێردرێتەوە، ئێستا تکایە دەست بەرز بکەن، ناوەکان دەنووسین، یەك یەك قسەی لەسەر دەکەین، ئێستا سێ بەڕێز کە ناویان نووسیوە، ئەمەوێ بزانم ئەم سێ بەڕێزە لەگەڵدان؟ یان لەگەڵ دا نین؟ کاك عمر عبدالعزیز، لەگەڵ پێشنیارەکەی کە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت؟ بەڵێ، کاك ئارام؟ بەڵێ، کاك عدنان؟ بەڵێ، ئێستا سێ بەڕێزم دەوێت کە لەسەری قسە بکات، ئێستاش سێ بەڕێز کە دەیانەوێ قسە بکەن، ناویانم نووسیوە، کاك دڵشاد شەهاب جەنابت لەگەڵی؟ بەڵێ، کاك سالار لەگەڵی؟ بەڵێ، لەگەڵ ئەوەی کە بەردەوام بین؟ بەڵێ کە هەڵدەستن قسە دەکەن، کاك عبدالسلام بەرواری؟ بەڵێ، ئێستا ڕێزدار کاك عمر عبدالعزیز کەرەمکە، ڕەئی خۆت بە وازحی بدە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برا و خوشکانی بەڕێز، ئێمە هەموومان دڵسۆزین بە جددی بۆ مەوزووعی ئەو بودجەیە، من پێشەکیەکی کورت عەرز دەکەم، پاشان دەچمە سەر موبەریراتی گەڕانەوەی، وابزانم هەمووی لە ڕووی خەم خۆرییەوەیە، ڕەنگە ئەم حەفتەیەی ڕابردوو بەڵگە بێ لەسەر ئەوەی کە بودجە کەم و کورتی زۆری تیایە، من وا دەزانم پڕکردنەوەی ئەم کەم و کورتیانە، پێداچوونەوەی بودجە بەم تەفصیلە، کە لە سێ، چوار وشە دەیلێم، نەك ڕستەش، ناڕوونی لە زۆر لایەنی، هەڵەی تەکنیکی و هونەری لە ناو ڕاپۆرتەکە لە ڕووی ژمارە، نا هاوسەنگی لە زۆر بڕیار لە بواری تەشغیلی و ئیستیسماری، لە بواری ناوچەکان، لە بواری کەرتەکان، هەروەها دووبارە بوونەوەی زۆر مەسائیل، هەورەها دیاری نەکردنی بەشێکی زۆر لە داهات، کە چەند ڕۆژە قسەی لەسەر دەکرێ، چاککردنەوەی ئەو هەمووە، من وانازانم لە ناو پەرلەماندا مومکین بێ، لەبەر ئەوە دەبێ ڕای ئەو هەموو لێژنانە بە هەند وەربگیرێ، ڕاستە بەڕێز لێژنەی دارایی و ئابووری ئێستا وەڵامی جۆرێك لەوانەی دایەوە، بەڵام عەرەب دەڵێ: (الشيء بالشيء يذكر)، یان قسە قسەی دێنێ وەکو کورد

دەڵـێ، مـن وادەزانم دووبـارە ئەگـەر مـەجال بدرێتـەوە، وەڵـامی وەڵامـەکانیش هەیـە، مەسـەلەی ڕەئـی وەزارەتەکان ئێمە لە کوێ وەریگرین؟ وەزارەتی بەڕێز هەیە دەڵێ: هەر ئاگام لێ نیـە لـەم خەمڵاندنـە کـە کـراوە، لێـرە ئێمـە چـەندین ئەنـدامامان هەیـە لـە لێژنـەکان دا، پەرلـەمانتارانی بـەڕێز ئاگـادارن، چـەندین وەزارەت بەڕاشکاوانە وتویانە: ئاگامان لەم خەمڵاندنە نیە، یان هەندێکیان ئەو بـڕەی کـە دیاریـان کـردووە، من بە نموونە هێنامەوە، زۆریش لە بـرا و خوشکان تەئکیـدیان کـردەوە، کـە زۆر لـە وەزارەت یـەك لەسـەر پێنجی داواکاریـەکانیان جـێ بـەجێ کـراوە، یـان خراوەتـە نـاو بودجەکـە، لەبـەر ئـەوە لـەڕووی تـەکنیکی و فەنییـەوە، ئەگـەر موحەصیلەی نیهائی ئـەوە بـێ، ئـەم هـەموو سـەرنج و تێبـینی و ڕەخنـە و پێشـنیارەی پەرلەمانتاران ڕەچاو بکرێ، لێرە بتوانین، گرفتێکمان نیە، بەس من دڵنیام لـە ڕووی عەمـەلی و واقعییـەوە مومکین نیـە ئـەو ئیشـە بکـرێ، چونکە حکومـەت بەرپرسـە لـە پڕکردنـەوەی ئـەو کـەم و کورتیانـە، نـەك پەرلـەمان دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ دانیشـێ، دوو، سـێ حەفتـە دانیشـێ خـەریکی ئـەوە بـێ، لـە ڕووی واقعیشـەوە سەرناگرێ، لەبەر ئـەوە مـن وا دەزانم وا عەمـەلی تـرە، ئینسـیابی تـرە، لـە ڕووی علمیـەوە، علمـی تـرە، کـە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لەوێ ڕێگەی تەبیعی خۆی وەرگرێتەوە، بە ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزارەتـە پەیوەندیدارەکان، بـە ڕاوێـژکردن لەگـەڵ لێژنـەکانی پەرلـەمان، بـەڵام دەبـێ بەڕاسـتی نەبێتـە پاساوێك بـۆ دواخستنی بودجە، چونکە لەمە زیاتر مەعقول نیـە بودجـە دواکـەوێ، ئـەوە صـەلاحیەتی پەرلەمانـە، ئایـا سەقف دیاری دەکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران؟ یـان نایکـا، بـەڵام دەبـێ لـە کـورترین کـات دا بـێ، لـە خیلالـی چـەند ڕۆژێـك تێنەپـەڕێ، چـونکە زۆر لـەوە زیـاتر دواکـەوتنی بودجـە، لـە بەرژەوەنـدی گشـتی هـەرێمی کوردستان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز أيوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بـە گەڕانـەوەی بودجـەی سـاڵی 2010، مـن لەگـەڵ ئـەوەدام کـە بگەڕێتـەوە، پاسـاوەکەش بـۆ گەڕانەوەی بەڕاستی بۆ ئـەوە نیـە کـە بودجـە دوابخـرێ، چونکە هـەر لـە ئەصل دا، هۆکاری دواکەوتنەکـە پەرلـەمان نـەبووە، بـەڵکو وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری بـووە، ئـەو پاسـاوانەش کـە بـاس کـرا، تەبعـەن ڕەتدرایەوە، خاڵێکی تریش، بریتی یە لە بوونی ئەو ڕاپۆرتە داراییە کە ناو نانرێ حیساباتی خیتامی، بەڵێ یەکـەیێك لەوانـە لیسـتی ئێمەیـە، ئێمـە نـەمانبینیوە، بـەڕێز لێژنـەی دارایـی و ئـابووری دەڵـێ: دراوە بـە لیستەکان، یەکێك لەوانە ئێمە نەمانبینیوە، بەڕاستی لە لێژنەی تـرەوە وەرمـان گرتـووە، هـەروەها خـاڵێکی تریش بریتی یە لەوەی کە ئەو سێ وەزیرە بەڕێزەی کە هاتبوون، ئەو چەند ڕۆژە کە گوێیـان لـە تێبـینی و سەرنجەکان بووە، بێگومان ئێستا دەبێتـە هـۆی زیـاتر دەوڵەمەنـد کـردن و بـەهێزکردنی بودجەکـە، ئەگـەر بێت و بگەڕێتەوە ئەو موراجەعەی بکەنەوە، بۆیە من پێم باشە بگەڕێتەوە، چونکە یەکێك لەو خاڵانـە کـە

هەردوو وەزیری بەڕێز، وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیـری دارایـیش کـە ئاماژەیـان پێکـرد، یـەکێکیان بریتی یە لە ڕاپۆرت یاخود حیساباتی خیتامی وەزارەتی سامانە سروشتیەمانە، ئەگەر بـە مولحـەقیش بـێ، دەبێ بدرێ بە وەزارەتی دارایی، بەڵام تا ئێستا ئەو خۆی ئیعـتیراڤی بـەوە کـرد کـە تـا ئێـستا ئـەو حیـساباتە خیتامیەی نیە، نە 2008، نە 2009، وەزیری داراییش باسی لەوە کرد کە ئاگای لە حیساباتەکان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك عدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکانی من بۆچوونی فراکسیۆنی گۆڕانە، لەو بارەوە، جارێ پێش هەموو شت...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە ناو ئەندامی پەرلەمانەوە قسە بکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێش هـەموو شـت دەبـێ بـزانین کـە تـاخیر بـوونی بودجـە، لـە ڕاسـتیدا پەیوەسـتە بـە حکومەتـەوە، نـەك پەرلەمانی کوردستان، ئێمە بەرپرسیار نین لە تاخیر کردنی بودجە، مـەفرووز وایـە بـە گـوێرەی پـەیڕەوی ناوخۆ، مەعاییری دوەلیش، بودجە دەبێ لایەنی کەم، دوو مانگ، سێ مانگ پێش سەری ساڵی دارایـی بگاتـە پەرلەمان، بۆ ئەوەی لایەنی کـەم پەرلـەمان دوو مـانگی لەبـەر دەسـتدا بێـت، حکومـەتیش مـانگێکی لەبـەر دەستدا بێت، بۆ تاوتوێ کردنی و دانانی پلانێکی زانستی بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی بودجـە، بۆیـە دواکـەوتنی بودجە لە ڕاستیدا تەنها حکومەتی هەرێم بەرپرسە بەرامبـەری، نـەك پەرلـەمانی کوردسـتان، ئێمـە پێمـان وایە بودجەی خەملێنراو، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردویێتی بۆ پەرلەمان، بودجەیەکی نا ڕۆشـن و نا زانستی یە، چەندین لادانی دارایی تێدایە، خزمەت ناکات بە عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی و گەشـەی مرۆیـی و بنیاتنـانی ژێرخـانی ئـابووری، نـەیتوانیوە بودجـەی حـزب لـە بودجـەی گشتی جیابکاتـەوە، هـیچ پلانێکـی ستراتیژی ڕۆشن لەخۆناگرێت، بۆ پێشخستنی ئـابووری و کـەرتی بەرهـەمهێنان و کـەم کردنـەوەی دیـاردەی بێکاری و بەرخۆری، لەگەڵ دەستخۆشیمان لە ئەندامانی تێکـڕای لیژنـەکانی پەرلـەمان و لیژنـەی دارایـی و ئابووری بە تایبەتی، بەڵام پێمان وایە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمان نەیتوانیوە تیشك بخاتـە سـەر ئـەو ناڕۆشنی و کەم و کورتیانە، نەیتوانیوە ڕێگە چارەی گونجاویان بـۆ بدۆزێتـەوە، شـێوازی بـەڕێوەبردنی ئـەو چەند دانیشتنەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بۆ تاوتوێکردنی بودجە سازدران، دەرفـەتی تـەواوی نەڕەخساند بـۆ ئەنـدامانی پەرلـەمان تـا ڕەخنـە و سـەرنجەکانیان بـە وردی بخەنـە ڕوو، ئـەو وەزیـرە بەڕێزانـەی لـە دانیشتنەکان دا ئامادە بوون، وەڵامی نزیکەی (90٪) پرسـیارەکانیان نەدایـەوە، دەرفـەتیش نـەدرا سـەر لـە

نویٚ پرسیارەکانیان ئاراستە بکرێتەوە، بۆیە ئێمە وەك فراکسیۆنی گۆڕان پێمان وایە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، ئەوە دەخوازێت کە ئەو بودجەیە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، بۆ هەموارکردن و ئەنجام دانی کۆمەڵێك گۆڕانکاری تێیدا، هاوپێچ لەگەڵ کۆمەڵێك داتا و دۆکیومێنت کە لەو چەند خاڵەدا ڕوونی دەکەینەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەڵبەتە ئەوە نابێتە پاساوی نەدان و دواخستنی مووچەی فەرمانبەر و خانەنشین و کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیماباران، کە دەبێت بێ هیچ دواکەوتنێك، بۆ سانیەیەك و چرکەیەکیش ئەوانە دوابخرێت، وەك دەزانین دامەزراندنی فەرمانبەران و مامۆستایانیش تا ئێستاکە چاوەڕێی پەسندکردنی بودجەی نەکردووە، ئەوە بەردەوامە، سیستەمی دانی مووچە لە ڕاستیدا پەیوەست نیە بە پەسندکردنی بودجە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە دراوە بە حکومەت تەنها یەك لەسەر دوانزە دەتوانێ سەرف بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاکە.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر سیستەمی بودجە سیستەمێکی ماشیە، هیچ لایەنێکیش بۆی نیە مووچەی فەرمانبەر و کەس و کار و خانەنشینان بۆ چرکەیەکیش دوابخات، پەیوەست نیە بە پەسندکردنی بودجەوە، پەسندکردنی بودجە پەیوەستە بە حقول و بابەتەکانی ترەوە، حەقلی مووچە، دانی مووچە، بە هیچ شێوەیەك بە دواکەوتنی پەسندکردنی بودجە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، لە جێگەی خۆت قسە مەکە.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ساڵی ڕابردوو بودجە لە مانگی شەش دا پەسند کرا، شەش مانگی پێش ئەوە مووچەی هەموو فەمانبەران و خانەنشینان وەکو خۆی دەدرا، پێشتریش بە هەمان شێوە، خاڵەکانی ئێمە:

1-کەمکردنەوەی هەموو دەروازەکانی مینەح، تەبەروعات، ئیعانات، مەصروفاتی ئوخرا، لە هەموو وەزارەتەکان، جگە لە هەردوو وەزارەتی تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە بڕی (90٪)، هەروەها هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم، بە بڕی (50٪).

2-هەڵگرتنی هەموو ئەو پرۆژانەی کە بۆ حزب تەرخان کراون، هەڵگرتنی هەموو ئەو پرۆژانەی کە دووبارەن، یان بە ڕوونی دیاری نەکراون، یان پێشتر تەواو بوون و سەر لە نوێ پارەیان بۆ تەرخان کراوەتەوە، هەڵگرتنی هەموو ئەو گوژمانەی کە لە بودجەی گشتی بۆ هەندێ پرۆژەی کەرتی تایبەت تەرخان کراون.

3-ناردنی میزانیەیەکی هاوپێچ، بە ناوی میزانیەی مینحەکان و پارە گلدراوەکان..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیزامیە چونکە داوا کراوە لە ئێمە یان دژ، یان لەگەڵ ناردنی میزانیە بۆ دەرەوە، قەت ئەوە مەعنای نیە ئێمە هەستین پێشنیارەکانی خۆمان پێشکەش بکەین، ....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەگەڵ سەبەبی گەڕانەوەکەی، تکایە تەرکیز بکە سەر سەبەبەکە.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵانەی کە من دەیخوێنمەوە بۆ بەڕێزتان و بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هۆکارەکانی کە ئێمە دەمانەوێ بودجەکە بگەڕێتەوە، واتا تێڕوانینی خۆمان ڕوون دەکەینەوە، هۆکاری ناردنەوەکە چی بێت؟ چی تەعدیلاتی بۆ بکرێت؟ ئیقتیراحاتی ئێمە، پێشنیارەکانی ئێمە چیە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تەعدیلات ڕاپۆرتێك لەگەڵی دەچێت، ئەوانە موناقەشە کرا، ئێستا تەرکیز بکە سەر سەبەبەکان، بە ڕوونی کە پێت باش نیە، بڵێ: پێم باش نیە لەبەر ئەو سەبەبانە و تەواو.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

4-ئاشکراکردنی پارەی گلدراوە (الميزانية المدورة)ی هەموو وەزارەتەکان، وەزارەتە تازەکان و هەموو وەزارەتە هەڵوەشاوەکان.

5-خەمڵاندنی ئەو گوژمەیەی کە لە یەك دۆلار بوو، هەر بەرمیلێکی نەوت کە لە کێڵگە نەوتیەکانی هەرێم بەرهەم دەهێنرێن و تۆمار کردنیان لە لیستی داهات دا.

6-هاوکات لەگەڵ پەسندکردنی بودجە دا، پرۆژە یاسای هەموارکردنی سیستەمی مووچە لە هەرێمدا کە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی (2010/2/23) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، پەسند بکرێ.

7-پێداچوونەوەی لیستی خەملێنراوی ئیراداتی سەرجەم وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێم، بە شێوەیەك کە بڕی داهاتەکانیان لەگەڵ سروشتی کاریان دا هاوتا بێ، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو، لۆجیکی بێ نەك کەمتر، لەگەڵ ئاشکراکردنی چارەنووسی داهاتی ئەو نەوتەی کە بە پاڵاوگەی یاسایی و نایاسایی دا تێدەپەڕن، لە خاڵە سنووریەکان دا دەفرۆشرێن، هەروەها داهاتی باج و رسوماتی ئەوئیرادەی کە بە پێی ماددەکانی (110، 114، 115........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕجائەن وەرە سەر سەبەبی کەم و کورتی هەیە، دەڵێ: دەینێرمەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی حەق وایە جار جار، ئێمە وەکو لێژنەی قانونی بەعزێ مەسائیلی قانونی هەیە ئێمەش موشارەکەی تێدا بکەین، ئەوە یەك، دوو: ئەوە هەمان ئەو ڕاپۆرتەیە کە ڕۆژی یەکەم خوێندرایەوە، نەك ئەسبابی دواکەوتنی بودجەیە، کە برای بەڕێزم کاك عدنان ئیشارەتی پێدا، ئەوە هەمان ئەو ڕاپۆرتەیە کە ڕۆژی یەکەم خوێندرایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت لە سەرەتا بەڵێنت دا کە هەر یەکێکمان بە لایەنی کەمەوە بۆمان هەبێ دووجار قسە بکەین، ئێمە چەندین قسەی خۆمان نەکردووە، چەندین تێبینیمان هەبووە نەمانوتووە، چەندین وەڵاممان هەیە وەرمان نەگرتووە، ئێستاش ڕێگەمان پێ نادەن کە ڕاو بۆچوونی خۆمان دەربڕین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شتی وا نیە، ڕێگە دراوە، فەرموو، کەرەمکە قسەکانی خۆت بکە، تکایە ئەو بەڕێزە دەڵێ: من ئەو پرۆژەیەم پێ باش نیە، بۆ ئێوەیە، بۆ ئێوەی بەڕێزە، ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە، دەمێنێتە سەر خاڵێك، لەگەڵە یان لەگەڵ نیە؟ با قسەی خۆی بکات، تەواو.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

8-ناردنی میزانیەیەکی هاوپێچ، هەر وەك باسم کرد، ناوی میزانییەکانی مینەح و پارە گلدراوەکان، کە چارەنووسی زیاتر لە شەش ملیار و (400) ملیۆن دۆلاری تێدا دیاری بکرێت، ئەوەش بە خاڵێکی زۆر گرنگی دەزانین، سەبارەت بەو پارە و پرۆژە جۆراوجۆرانەی کە لە پای گرێ بەستەکانی نەوت و پارەی

گلدراوەی بەرنامەی نەوت، بەرامبەر خۆراك هاتوونەتە كوردستانەوە، چیان بەسەر هاتووە؟ لە چ خەزینەیەك دا پارێزراون؟ كەی سەرف كراون؟ چۆن سەرف كراون؟ چەندی ماوەتەوە و چۆن لە پلانی ئایندەدا سەرف دەكرێت؟ لەگەڵ هەموو زانیارییە پێویستیەكان لەو بارەیەوە، بە خشتەوە، بە ژمارە و داتای پێویستەوە، ڕوونكردنەوەی سیستەمی مووچە و دەرماڵە بە شێوەیەكی ڕوون، كە هەموو داتا و ژمارەكان لە خۆبگرێت، سەبارەت بە فەرمانبەران بە هەموو پلەكانیانەوە، لە فەرمانبەری ئاساییەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی و پلە تایبەتەكان، لە هەموو وەزارەت و دام و دەزگاكانی حكومەت دا، خانەنشینان، لە خانەنشینی ئاساییەوە بۆ ئەوانەی لە پلەی تایبەت خانەنشین كراون، ئەو مووچە خۆر و فەرمانبەرانەی كە مووچەی حكومەت وەردەگرن و دەوام ناكەن وەك كادیری حیزبیەكان بۆ نموونە، بۆیە یەكخستنی بودجەی هەموو ئەو وەزارەت و دام و دەزگایانەی كە سیمای دوو ئیدارەییان پێوە دیارە، بە تایبەتی هەردوو وەزارەتی دارایی-س، دارایی-هـ، هەردوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێر، هەردوو دیوانی چاودێری، بۆیە پرۆژەی وەزارەتەكان بە پێی پسپۆری وەزارەتەكان بێ، واتا هیچ وەزارەتێك لە دەرەوەی پسپۆری خۆی هیچ پرۆژەیەك ئەنجام نەدا و هیچ پرۆژەیەك پێشنیاز نەكات.

11-ڕاگرتنی عەدالەت لە پرۆژەی پارێزگا و قەزا و ناحیە و ناوچە جیاوازەكاندا بە گوێرەی دوو پێوەر، یەكەم: ژمارەی دانیشتوان، دووەم: ئەولەویەتی ناوچە زەرەرمەندەكان.

12-دیاری كردنی میزانیەی هەر سێ سەرۆكایەتی هەرێم، بە شێوەیەكی ڕۆشن، بە جۆرێك سەرۆكی دیوانی هەر سێ سەرۆكایەتیەكە ئامادە بن، بۆ وردكردنەوە و شیكردنەوەی.

13-دیاری كردنی بودجەی پەیوەندیەكان و نووسینگەكانی حكومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات، هاوپێچ لەگەڵ دۆكیومێنت و خشتە و داتای پێویست دا.

14-خەملاندنی ئەو گوژمانەی كە بۆ سەندیكا و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی سەرف دەكرێن، جیاكردنەوەی بە بودجەیەكی تایبەت، كە دەستەیەكی سەربەخۆی سەر بە پەرلەمان چاودێری بكرێ.

15-تەرخانكردنی هەموو ئەو گوژمە پارانەی كە لە خاڵەكانی یەك تا حەوت بڕدرێنەوە بۆ:

1-ئەو پرۆژانەی كە خزمەتی كەرتی بەهەمهێنان دەكەن و كوردستان لە هەرێمێكی بەرهەمخۆرەوە دەكەنە هەرێمێكی بەرهەمهێن.

2-پرۆژە خزمەتگوزارییەكان بە تایبەتی لە گەڕەكە هەژار نشینەكان و گوند و شارۆچكە و ئۆردوگاكان دا، لە پێناو گەشەكردنێكی ئاسۆیی دا.

3-بەرز كردنەوەی مووچە نزمەكان، وەك لە پرۆژە یاسای هەمواركردنی مووچە لە خاڵی شەش دا هاتووە.

4-دۆزینەوەی هەلی كار بۆ گەنجان و بێكاران بە هەردوو ڕەگەزەكەوە و هەر سێ كەرتی تایبەتی، گشتی، تێكەڵاو.

5-زیادكردنی مووچەی كەس و كاری شەهیدان، قوربانیانی ئەنفال، كیمیاباران، زیندانە سیاسیەكان، كەمئەندامان، خاوەن پێداویستیە تایبەتیەكان.

6-بڕینەوەی بیمەی بەردەوام بۆ هەموو ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی درێژخایەن بوون، یان دووچاری قەیرانی کۆمەڵایەتی بۆتەوە، هەروەها مووچەی خانەنشینی بۆ هەموو ئەو کرێکار و شۆفێر و بەرهەمهێنانەی چوونەتە تەمەنەوە، یان لە کاتی کاردا تووشی قەیرانی تەندروستی دەبن، زیادکردنی بودجەی پرۆژەکانی کەرکووك و ناوچە دابراوەکان، بە بێ پرۆژە حیزبییەکان، وەك بەشێك لە پرۆژە نیشتمانییەکان، لەسەر ئاستی هەرێم، زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە، ئاسایش، هێزە چەکدارەکان، هاوتا کردنی بە مووچەی ئەوانەی بەغدا، هاوکات لەگەڵ نەهێشتنی سیمای حیزبی و سزای حیزبی لەو هێزانەدا، وەك مەرجی جیاکردنەوەی بودجەی حیزب لە بودجەی حکومەت، هاوکات لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە سزای سیاسی دراون، لە ئەفسەر و پلەدار و .......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕجائەن، وەرە سەر خاڵەکان، بەو شێوەیە نا، کاك شاهۆ ڕجائەن، فەرموو.

**بەڕێز أمینە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خیتابەکی سیاسییە، یان پڕوپاگەندەیەکی هەڵبژاردنە، ئەو پرۆسەیە نایەتە قبوڵکردن، ئەگەر ئەوها.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، تەرکیزی بکە تکایە، مەعلوم بوو، لەویٚ ڕەفز بکریٚ، نەواقصی تیایە، بە بۆچوونی ئێوەی بەڕێز.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە با نەکرێتە موشکیلەیەکی سیاسی و دوو بۆچوونی جیاوازی فراکسیۆنەکان، ئەوە سەبەبەکانە کە بۆ خزمەتی وڵاتەکەمان ئەمانەویٚ، نامانەویٚ بودجەی پیٚ بگێڕێتەوە، ئەگینا هیچ مەبەستێکی سیاسیمان لە پشت ئەو .........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە پرینسیپەکانی پەیڕەوکردنی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکە کە هەموومان موتەفیق بووین لەسەری، نەهێشتنی تیکرار بوو، جەنابتان ئەمرتان فەرموو لە بیدایەتی جەلسە، من تەحەدا دەکەم (80٪) ئەو گوتنانەی کە تا ئێستا گوتران، نەك تیکراری یەك جارن، بەڵکو تیکراری (10) جارە و (15) جارە، پەنجا جارەشی تێدایە، بۆیە تکا لە جەنابتان دەکەم بۆ سوود وەرگرتن لە کات، بۆ زەبت کردنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە کۆنترۆڵی ئەو لایەنانە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوا دەكەم ئەو قسەیەی ئەو بەڕێزە لە پرۆتۆكۆڵ سەحب بكرێ، لەبەر ئەوەی ئەو ئیتیهامی ئێمە دەكات كە ئەوان بۆ خزمەتی وڵاتە، عەلاساس ئێمە بۆ خزمەتی وڵات نیە، لەبەر ئەوە داوا دەكەم سەحب بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕجائەن بەسە، بەردەوام بە، بەس تەلخیصی بكە تكایە.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەگەر سەبر هەبێت، وابزانم چەند سانیەیەكم ماوە، لە دەقەیەك كەمتر، هاوكات لەگەڵ قەرەبووكردنەوەی هەموو ئەو كەسانەی كە سزای سیاسی دراون، لە ئەفسەر و پلەدار و سەرباز و مووچە خۆرەكانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، پێشمەرگە، فەرماندەیی ئەركان، ئاسایش و پاسەوانی سنوور كە ژمارەیان دەگاتە(1566) كەس، كۆی مووچەی بڕاویان لە بودجەی گشتی.......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕجائەن، كاك عدنان تەواو، ڕجائەن یەك دەقەی تر گوێ دەگرین فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بودجەی خەمڵێنراو بە زووترین كات هەمواری خاڵەكانی سەرەوەی تێدا ئەنجام بدرێت بگەڕێندرێتەوە لە شێوەی كۆمەڵێك دۆكیومێنتی فەرمیدا، لە سایتی حكومەت و پەرلەماندا بڵاو بكرێتەوە كە بریتین لە: لیستی تەواوی میزانیەی مینەح و پارە گلدراوەكان، وەك لە خاڵی سێ دا هاتووە، لیستی هەمواركراوی پرۆژە بەردەوامەكان، لیستی هەمواركراوی پرۆژە پێشنیازكراوەكان، لیستی هەمواركراوی ئیرادات، میلاكات، وردەكارییەكانی میزانیەی جاریە و هەموو وردەكارییەكانی دیكەی تایبەتبە بودجەی خەمڵێنراو، حیسابی خیتامی 2008 و حیسابی خیتامی نیوەی یەكەمی 2009، ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێری هەر دوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، میزانی موراجەعە و هەموو ئەو بەڵگەنامەیەی كە دەری دەخەن، مینەح، تەبەروعات، ئیعانات، مەصروفات ئوخرا لە 2008 و 2009، چۆن صەرف كراون؟ لیستی سیستەمی مووچەی هەرێم، وەك لە خاڵی (8)دا هاتووە.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕجائەن، بەسە، تەواو، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەیەکی بەکار هێنا دەبێ لەسەری هەڵوێستە بکرێ، دەڵێ: پارە دزراوەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆنترۆڵ ئەگەر ئەو وشەیە هەبوو سەحب دەبێ، ئەگەر نەبوو وەك خۆی دەمێنێ، کاك دڵشاد کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کەوا درێژە بە تەکمیلەکردنی گفتوگۆیەکان و ئەو بەشانەی کەوا ماون لە پەسندکردنی، یاخود بڕیار دان لەسەر پرۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010 لەبەر ئەو خاڵانەی خوارەوە، بەڕێزان ئەوە بەشێکی گرنگی پلانی حکومەتێکە کەوا لە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا لێرەوە بڕواو متمانەی پێدراوە، لە سەرەتاکانی هەنگاوەکانیەتی بۆ پیادەکردنی ئەو پرۆژە ستراتیژی، ئەو بەرنامە درێژخایەنەی کە دەیەوێت خزمەتی وڵات و گەل و نیشتمان و گشت چین و توێژەکانی ئەو وڵاتە بکات، ناکرێت ئێمە لە یەکەم هەنگاو ئاوا ڕێگر بین لە بەردەمی، بە بەڵگە دەبێ پاڵپشتی بۆ بکەین، لەبەر ئەو خاڵە درەوشاوانە و ئەو خاڵە چارەنووسسازانەی کەوا پەیوەندی بە ژیانی گشت تاکەکان و گشت پارچەکانی، گشت بەشەکان و شار و شارۆچکە و گوند و دێهاتەکانی کوردستانەوە هەیە، کە خاڵەکان بریتین لەوانەی خوارەوە بە دیتنی من:

یەکەم چارەسەرکردن یاخود هەنگاونانی جددی بۆ نەهێشتنی گرفتی نیشتەجێ بوون کە پەیوەندی بە گشت تاکەکانی وڵاتەوە هەیە، بەتایبەتی گەنجان و لاوان و ئەوانەی لە سەرەتای پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیدان، وە بە تایبەتی ئەوانەی کە خاوەنی دەرامەتێکی کەمن، وەنەهێشتنی هیچ جۆرە سوودێك، وەکو ڕێزگرتن هەم لە پێداویستیەکانی خەڵکی ئێمە و هەم لە بنەما پیرۆزەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەم لە ئاینەکانی تریش، بەتایبەتی بەشێکی زۆری میللەتی ئێمە، میللەتێکی موسڵمانە، نەهێشتنی هیچ سوودێکی وا کە تەفسیری یاخود دوو دڵی وای لەسەر بێت لەلایەن هاووڵاتیان، چونکە ئەمە دەچێتە بواری ڕیبا، بەڕاستی من ئەوە بە خاڵێکی زۆر بە هێزی دەزانم، پێویستە پشتگیری لێ بکەین و دەست خۆشیان لێ بکەین و ڕێگەیان بۆ خۆش بکەین بۆ ئەوەی هەتا زووە خەڵك لە سێ چوار خێزان لە ناو یەك خانوودا، ئەوانەی لە ژێر خێمەکانن، ئەوانەی لە ژێر نایلۆندا دەژین، ئەوانەی بێ شوێنن، ئەوانەی بێ شوێنی

نیشتەجێ بوونن، دەستی حکومەت بکەینەوە بۆ ئەوەی دەست پێ بکات خزمەتیان پێشکەش بکەین، یەکێك لەو بوارانەی کەوا لە وڵاتی ئێمە کەوا ئایندەی خۆی لەسەر بنیات دەنێت، خوێندن و گرنگی دانە بە خوێندنگاکان و بە قوتابخانەکان، هاتن و تەرخان کردنی بڕێکی دیاری بەچاوی بودجە بۆ خزمەت کردنی ئەو بوارە زانستیە، بە دیتنی من خاڵێکی درەوشاوەیە، هی ئەمڕۆ نیە، هی بەیانیش نیە، هی ئایندەی وڵاتی ئێمەیە، هی پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی ئێمەیە، هی دەستەبەرکردن و مافی فەراهەم کردنی خوێندنە بۆ ڕۆڵەکانی ئێمە، ئەو خوێندنەی کە وا یەکێکە لە خاڵە درەوشاوەکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە دونیا خەریکە باوی خوێندنی بێ موقابیل و بەلاش نامێنێت، بەلاَم نەك هەر خوێندن لە وڵاتی ئێمەدا سیاسەتی حکومەت ئەوەیە کە بەلاش و بێ بەرامبەر بێت، بەڵکو لە دەستەبەرکردنی باشترین پێداویستیەکانی خوێندن، دروست گونجاو ترین و نموونەترین باڵەخانەکانی خوێندن بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی ئێمە، ئەوانەی کەوا چاوی گەشی ئێمەن، ئایندەی وڵاتی لەسەر بنیات دەنرێت بە مافە ڕەواکانی خۆیان شاد ببن، گرنگی دان بە توانا زانستیەکان و تەرخانکردنی بڕێکی زۆری بودجە، بڕێکی بەرچاو بۆ ئەوەی چیتر ئێمە مەجبوری دەستی خەڵك نەبین، بۆ ئەوەی چیتر مەجبوری ئەوە نەبین دکتوری بێگانە بێت لە وڵاتی ئێمەدا عەمەلیات بکات، بۆ ئەوەی چیتر مامۆستاو پسپۆر لە شوێنی تر نەیێن سەرپەرشتی نامەکانی دکتۆراو ماستەر بۆ ڕۆڵەکانی ئێمە بکەن، بۆ ئەوەی ئێمە بگەینە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆ ئەوەی وڵاتی خۆمان بەرەو پێش بەرین، بۆ ئەوەی خەڵکی پسپۆر و شارەزا لەو بوارانەی کەوا سود لە توانا بەشەریەکان و خێرو بێری وڵاتی ئێمە وەربگیرێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە بچێت جیۆلۆجیەکانی فێری دەرخستنی نەوت و ئیستیسمار کردنی نەوت بکات، لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەکو کوردستان چاومان لە دەستی خەڵکی تر نەمێنێت، ئێمە دەست خۆشیان لێ دەکەین، ڕێگایان بۆ خۆش بکەین، هەتا زووە بڕیاری لەسەر بدەین، بۆ ئەوەی تواناکانی ڕۆڵەکانی ئێمە، بۆ شاد بوونی ڕۆڵەکانی کەس و کاری شەهیدان زۆر بەئەسەفەوە دەڵێم، ئێرە وای لێبێت ببێتە مینبەری موزایەدە کردن لەسەر کەس و کاری...........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن، ڕەئی خۆت بدە، مەسەلەی موزایەدە، ڕەجائەن.

**بەڕێز دڵشاد شەهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، هەتا زووە بەو مافەی کەوا ئەرکێکە لەسەر هەموو لایەکمان، زوو موافەقەتی بۆ بکەین، بە زیادەی حەقی خۆیان شاد ببن، ئەو شەفافیەتەی کە لە بودجەدا هەبووە، لەبەر ئەو کرانەوەی کەوا بۆ هەموو گفتو گۆیەکان کەوا بەبێ سنوور هەبووە، لەبەر ئەو هەنگاوە پیرۆزەی کەوا لە پەرلەمانی کوردستان ناوی لە خستنە ڕووی هەموو بابەتەکانی بودجە لەسەر سایتی ئەنتەر نێت، بلاَو کردنەوەی بۆ هەموو لایەنەکان و بۆ هەموو دونیا، ئەوە خاڵێکی جەوهەریە کەوا دوو دڵی نەمێنێت لەسەر

ئەوەی کەوا پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان لەسەر گفتو گۆ کردن سیقە پێدانی، ئەو پێشنیارە مەهنیانەی کەوا لیژنەی دارایی و ئابووری لە ماوەی یاساکردنی کاری خۆیان و لە ماوەی هەڵسەنگاندنی بودجەوە، کەبەڕاستی من جارێکی تر سەربەرزم بەوەی کەوا لیژنەی ئابووری و دارایی سەرەڕایی ئەوەی کە هەموو پێکهاتەکانی تێدان، بەلاّم پێکهاتی زۆرینەش لەناو لیژنەکەدا هەیە، توانیویەتی دەست نیشانی خاڵە لاوازەکان بکات و ئەوەی کە لە بەرژەوەندی دایە دەست نیشان کراوە، بە بڕوای من ئەگەر ئەو تێبینیانە موافەقەتی لەسەر بکرێت، ئەو پێشنیارانە بەشێکیان یاخود هەموویان کە بۆ پەرلەمانی بەڕێز دەمێنێت دوایی موافەقەتی لەسەر بکات، هەرچی کەم و کورتیەکیش ئەگەر لە پرۆژەی بودجەکەدا هەبێت کۆتایی پێ بێت، نزیکەی $20$ ڕۆژی گفتوگۆ کردن، لەسەر هەموو بەند و مادە بەمادەو خاڵ بەخاڵ و تەنانەت ژمارەکانیش، کرانەوەی بێ سنووری گفتو گۆیەکان، ئامادە کردنی هەربڕێك لە حوکومەت، لە وەزیری و لە بریکاری وەزیرو لە بەڕێوەبەرە گشتیەکان و ئامادە بونیان بۆ هەموو لیژنەکان، بەلاّم لێرەدا ئەگەر پرسیارێك لەوەدا دروست بوبێت، ئەگەر بەڕێزێکی موختەس هاتبێتە لیژنەیەکی پەیوەندیدار، هەموو پرسیارەکان لەوێ ڕوون کرابنەوە، وەهەموو هەرچی هەبووە لەوێ بویتە جێگای قەناعەت، ئینجا ڕاپۆرتی بودجەکەی لەسەر بونیات هاتبێت، ئەمە بەڕاستی کارێکی من نازانم چۆنی لێك بدەمەوە، ئەگەر برادەرێك لە لیژنەیەکی تر خەریکی کاری لیژنەی خۆی بووبێت، ئاگاداری پرسیاری لیژنەکەی تر نەبووبێت، ئەگەرنا من پێموایە هەرچی پێویست بووبێت لەماوەی ئەم $20$ ڕۆژەدا لەلایەن حکومەتەوە ڕوون کراوەتەوە، وەڕاپۆرتی لیژنەکانیش دەلیلن لەسەر ئەوەی کەوا، ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانیش ئیمزای زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکانی لەسەریەتی، هەموو لیژنەکانیش کەوا دوای ئەوەی کە گفتوگۆی تێرو تەسەلی لەسەر ڕاپۆرتەکان کراوە ئینجا ئیمزایان لەسەر کردووە، دوای هەموو گفتو گۆیەکان بە دیتنی من سەرەڕای هەبوونی چەند تێبینیەك، بەلاّم خاڵی بەهێز و خاڵی درەوشاوە زۆر زیاتر بوونە، ئەگەر بەڕێژەوە وەربگرین، ئەگەر ئەو خاڵەی کەوا وەکو ئاماژەیان پێ کرا، سەرەڕای ئەوەی کەوا زۆر بەی ئەوخالاّنەی کە وەکو پرسیار بوون کە مافێکی سروشتی ئێمە هەموومان بوو، بەرەو ڕووی هەرسێ بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلان دانان و وەزیری سامانە سروشتیەکان کرا، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم، هەموو پرسیارەکان زۆر بە ڕۆشنی لەبەر دەمی چاوی کامیراکان و بۆ هەموو خەڵکی کوردستا ن وەلاّمەکان ڕوون کرانەوە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم کەوا ئەم پرۆژەیە پەسەند بکرێت، وەبخرێتە دەنگ دانەوە، ئەندامانی پەرلەمان بەردەوام بن لەسەرگفتوگۆ کردن و متمانە پێدانی لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ڕوونم کردنەوە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سالار محمود، بفەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەبێ ئەوە ڕوون بێت لای هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، وە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەم بودجەیە پێشنیار کراوە، هێنراوەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، وەك دەسەڵاتی چاودێری کردن و دەسەڵاتی یاسادانان، وە مەرجەعی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی جدی بکات لەهەر جێگایەك کەلێنێك هەیە، بۆ بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان و درێژە پێدان بە سیاسەتی شەفافانەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، و گرتنەوەی ئەو خێرو بێرەی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، ئیقلیم گیر بێت بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان، ئەم سیاسەتە پەیڕەو کراوە، لەماوەی چەندین ڕۆژی دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان، وە هێنانی چەندین میوانی شارەزا، وە وەزیرە بەڕێزەکان لە هەرێمی کوردستان، وە هەموو ئەو لایەن و کەسایەتی و لیژنانەی کە پەیوەندیدارن بە مەسەلەی بودجە و پڕۆژەی بودجە، ئەو حاڵەتانە پێمان دەڵێن ئەو ماوەیە ماوەیەکی باش بوو، گفتوگۆی چڕوپڕکرا، ئەگەر بە ویژدانانە قسە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بکرێت، قسەلەسەر گفتو گۆکانی ناو پەرلەمان بکرێت، قسەلەسەر هەڵسوکەوتی ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەگەڵ لیژنەکانی پەرلەمان، لەگەڵ وەزیرەکان بکرێت، تێدەگەین ئەم پەرلەمانە، یەکێکە لەو ناوەندانەی کە موژدە بەخشە بۆ دیموکراسیەت بۆ شەفافیەت، بۆ کراوەیی، بۆ عیراق و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە ناکرێت لە هەندێ سۆنگەی تایبەتەوە، بڕواندرێتە کۆمەڵێ دەسکەوتی گەورە، بۆیە من ڕام وایە وە پشتیوانی بۆچوونەکانی هاوکارم کاك دلشاد شەهاب دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو ماوە زۆرەی کە تەرخانکراوە، وە لیژنەکان کە ئەندامانی هەموو فراکسیۆنەکانی تیابووە، بۆچوونی خۆیان گەیاندۆتە لیژنەکان، وەبەشێکی باش لەو پێشنیارانە لە لیژنەی دارایدا جێگەی کراوەتەوە، بۆیە گرنگە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، کە حکومەت ئەو ڕاپۆرتەی ناردۆتە بەردەستی ئێمە، ئێمە مەرجەعین، وە ئێمە دەسەڵاتی یاساییمان هەیە، وە ئێمە توانای یاساییمان هەیە بۆ یەکلا کردنەوەی هەموو ئەو مەسەلەو کەلێنانە، بۆیە ئەبێت دوا بڕیار پەرلەمانی کوردستان بیدات، وە سەرەکیترین بڕیار پەرلەمانی کوردستان بیدات، بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێش ڕووداو کەوتن مەسەلەیەکە نامان گەیەنێتە نەتیجەیەکی باش، هێشتاکە بودجەکە سەرف نەکراوە، هێشتاکە بەکار نەهێنراوە، لەسەر شەفافیەت و ناشەفافیەت پرێنسیپی دیموکراسی و نا دیموکراسیەت و، ئازادی و زەوت کردنی ئازادی، ئەمە مەسەلەیەکە لە ڕاستیدا تێمان دەگەیەنێت، کە ناگەینە نەتیجەیەك کە بتوانین بە جۆرێك مامەڵە بکەین کە ئەم مەسەلەیە دواجار بە هەماهەنگیەکی بن دەستیەوە، بتوانین لە بەرامبەر پرسە گرنگەکاندا مامەڵە بکەین، بۆیە من ڕام وایە، لەبەر ئەوەی لە دهۆك و زاخۆ تاوەکو مەندەلی، پڕۆژەکان گشت گیرن و تەوازونێکی باش و هاوسەنگیەکی باش ڕاگیراوە، لەبەر ئەوەی مووچەی شەهید و کەس و کاری ئەنفال و قوربانیانی جینۆسایدو، زیندانیانی سیاسی و توێژە کەم دەرامەتەکان لەم پڕۆژەیە جێبەجێ کراوەتەوە، لەبەر ئەوەی جەریئانە، حکومەت خۆی پێشنیارێکی کردووە، بۆ بڕینی ($10$٪)ی مووچە تایبەتەکان، لە وەزیر، جێگری وەزیر، موستەشار، ئەوانەی هاو پلەی ئەوانن، مودەعی عام، دەزگای مەحکەمەی تەمیز، ئیدیعای عام،

هەموو ئەوانەی لە ئاستێکی باشدان کە تێیان دەڕوانرێ پلەکانیان بەرزە، دابەزێنراون، وەهەموو لیژنەکانی پەرلەمان ئەو مەسەلەیان پەسەند کردووە، وە گەڕانەوەی ئەو بڕە پارەیە، بۆ سندوقی شەهیدان ئەمە یەکێکی ترە لەو دەسکەوتانەی ئەبێت بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی ئاوڕی جدی لە پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون دراوەتەوە، میزانیەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، وەلەسالآنی رابردوودا، ئەم ولآتەی ئێمە بە حوکمی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و ڕاگواستن بێبەری بووە لەو پرۆژەیە ، وە بە پێی پێویست خزمەت بەو مەسەلانە نەکراوەتەوە، وە ئەمجار گوژمەیەکی زۆر تایبەت یەکێکە لە دروشمەکانی حوکمڕانی کوردستان، بۆ گەیاندنی ئاوەدانی بۆ تەواوی ناوچەکان، بەتایبەتی لادێکان و ناوچە دوورە دەستەکان، مەسەلەیەکی گرنگە، لەبەر ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان پارێزگاکاندا کراوە، لەبەر ئەوەی بودجەی تایبەت و سندوقی تایبەت، بۆ ناوچەکانی کێشە لەسەر کە هێشتاکە لە هەموو ڕوانگەکانی سەرخان و ژێرخانەوە، ئیجحافیان بەرامبەر دەکرێت، بۆیە گرنگە ئەم پرۆژەیە پەسەند بکرێت، لەبەر ئەوەی پرۆژەکانی حیزب، ئەوەی پەیوەندی بە پرۆژەی تایبەتەوە هەیەو، وائەخوێندرێتەوە کە ئاوڕ لە بەرژەوەندی گشتی نەدراوەتەوە، بە دەنگی زۆرینەی لیژنەکان بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بە تایبەت ئێمە مانان لادراون، بۆ بەرژەوەندی گشتی تەرخانکراون، من ئەمەوێ تەنها یەك نموونە لەم مەسەلەیە ئەوەی پەیوەندی بە پرۆژەکانی حیزبەوە هەیە، هێشتاکە مانگی شوبات تێنەپەڕیوە، ئێمە دەبێت ڕووداوەکانی شوبات تێمان بگەیەنن، مەڵبەندی هەولێرو لقی دوو، یەکێك بوون لەو سەنگەرانەی کە سەدان شەهید، لە وەزیر، لە پەرلەمانتار لە مودەرای عام لە پێشمەرگەی دێرین، لەسەرکردەی حیزبە باڵا دەستەکان، لە هەموو ئەوانەی تیایدا شەهید بوون، جگە لە هاوولآتی و جگە لە هەموو نەتەوەکان، لە کورد و عەرەب وتورکمان و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر، بۆیە لەسەرباری ئەو برینە قولآنەش بۆ بەرژەوەندی گشتی، بۆ جیاکردنەی دەسەلآتی حیزب و حکومەت، لە ناو دەزگا رەسمیەکاندا، ئەمانەمان بەباش زانیوە خۆمان لامانداون، خۆمان پێشنیارمان کردووە، پێش هەرچ کەس و لایەنێکی تر، لەبەر ئەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی، نەهێڵدرێتەوە، بەتەواوەتی بن بڕ بکرێت، ئەو دەزگایانەی کە ناوئەبرێن، ئێمە پێشنیارمان کردووە لابدرێن، بەیاسا بەتەواوەتی ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی نەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لێرەوە لەم مینبەرەوە، پرێنسیپی دیموکراسی، پرێنسیپی دەنگدان، پرێنسیپی ئازادی زەوت نەکرێت، پێویستە ئیرادەی زۆرینە ئیحتیرام لێ بگیرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە مەسەلەیەکی تەواو هەستیارە، مافی کەمینە لەم پەرلەمانە دەپارێزرێ و ئێمە داکۆکی لێدەکەین، ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین، کەس بە کەمینە نازانین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، رەجائەن، ناوی کەس نەهێنی برا، رەجائەن، رەجائەن، ناو کەس نیە، بەس یەك کەسێك، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مافی ئینسان مافێکی خواییە کەس بەکەسی نافرۆشێتەوە، وە لێرە لەم پەرلەمانە تا ئێستا ئیرادەی زۆرینە بووە، دیارە لەهەموو هینەکانا کەمینە چۆن تەماشا کراوە، یەك قسەم هەیە، ئەویش ئەوەیە، پێویستە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، چۆن ئێمە بەرۆحێکی، بە دڵێکی فراوان، گوێ لە بەڕێزیان دەگرین، موفاتەعەی کەس ناکەین، مەدحی حکومەت دەکەن، پیا هەڵئەدەن، باسی خەڵك دەکەن، ئێمە زۆر پێمان ئاساییە، بەڵام حاڵەتێکی ناتەبیعیە ڕێ لە ئەندامانی ئێمە لە كاك عدنان بگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن، ڕێی لێ نەگیراوە، زۆر بە ئازادی چەند ڕۆژە 110 ئەندامی پەرلەمان قسەی کردووە، كاك سالار فەرموو کەرەمکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس سەرۆکی پەرلەمان، من قسەکانم وەکو خۆی دووبارە دەکەمەوە، بۆ ئەوەی تێبینی لای کەس دروست نەبێت، بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر پرێنسیپی ڕێز گرتن لە هەموو ئەندامی پەرلەمان، ڕێز گرتن لە ئیرادەو پاراستنی مافی کەمینە، پێویستە کە مەسەلەی دەنگدان و، مەسەلەی یەکلا کردنەوە، بە مەسەلەیەکی ئاسایی وەربگیرێت، ئەمە لەسەرەتایی ترین مافەدیموکراسیەکانە بۆ ئێمە، لە ڕاستیدا خاڵێکی تر وەپێشنیارێکیش دەکەم، پێشنیار دەکەم ئەو وەڵامانەی کە لەلای هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن، مولاحەزەی هیچ ئەندام پەرلەمان نیە، ڕەجائەن، ڕەئیەکەت بدە، تکایە، لە جێگای خۆت قسەمەکە، ئەوە سێیەمین جارە كاك بورهان، ئاخیر جارت ماوە، ڕەجائەن ئەوە پێتم وت، ئاخیر جارە، کاکە باسی ئەندام پەرلەمان مەکە، ڕەئی خۆت بدە، کەرەمکە.

**بەڕێز سالارمحمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دواجار بەرپرسیاریەتێکی گەورەمان لە ئەستۆیە، ئەویش چاودێری کردن و بەدواداچوونی ئەم پرۆژانەیە، چونکە هێشتا نەخراونەتە سەرفەوە، وە ئەم مەسەلەیە هیوادارم لێرەدا هەمومان زۆرینە لەسەر ئەوە بین ئەو پرۆژەیە چیتر تاخیر نەبێت و بڕوات، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە پشتگیری ئەوە دەکەین، ئەگەر بێت و هەر مەسەلەیەکیش لێرەدا بۆ ئەندامێکی پەرلەمان وازح نەبێت، گرنگە لە ڕێگەی خۆیەوە بیداتە حکومەت و بەدواداچونی بۆ بکات، لەسەر ئەو ئەساسە پێویستە کە پرۆژەی بودجە چیتر تەئخیر نەکرێت، ڕای گشتی میدیاکان، ناوەندە سیاسیەکان، هەموو لایەنەکان کەم و زۆر قسەمان تیا کردووە، شەفافیەتێکی باش گیراوەتەبەر، دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە دەم و دەست ئەو پرۆژە پێشنیار کراوانەی خستە بەردەم سایتی پەرلەمان، لە ڕێگەی ئەوێوە چەندین پێشنیاری باش،

چەندین تێبینی باش هات، هەموومان سوودمەند بووین لەو کۆبوونەوانە، لەم گفتوگۆیانە، سەرکەوتوو بێت پەرلەمان، بەردەوام بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك عبدالسلام بەرواری، بفەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم منیش دەرفەتی چارەگە سەعاتێك یان دە دەقیقەم هەبێت، وەکو دۆستەکانی تـرم، مـن هەوڵـدەدەم تـەرکیز بکـەم لەسـەر ئـەوەی بـۆ مـن هەڵسـام بڵـێم ئـەو بودجەیـە نەچـێتە لای حکومـەت، وە مـن سـەربە لیستێکی حیـزبیم و سـەربە فراکسیۆنێکم، ئـەوەی مـن ئـەڵێم ڕەئـی مـن شەخسـیە، لەسـەر کـەس حیسـاب نەکرێت، وە هەوڵەدەم دیعایەت بۆ لیستی خـۆم نەکـەم، بـەڵام مـن دەمـەوێت یـەك ڕاسـتی بڵـێم، ئێمـە 35 ڕۆژە لە لیژنەکان و لێرە گفتوگۆی بودجەیەك دەکـەین، کـە لەلایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە بـۆ ئێمە نێردراوە، خوشك و برایان دەیانەوێ بنێرینەوە بۆ حکومەت، ئەنێرینەوە بۆ لای هەمان جیهەتی ئەو بودجەیـەی دروسـت کـردووە، بەهـەمان عەقلیـەت، بەهـەمان بۆچـوون، بـە هـەمان ئەولـەویات، بەهـەمان سیاسەت، چەندی پێ دەچێت هەتاوەکو ئـەوان، بەعـەقلی مـن و تـۆ ئـیش ناکـەن، بـە عـەقلی خۆیـان ئـیش دەکەن، چاوەڕوان نەکەن، ئەوان بە تێبینیەکانی ئێمـە و ئـەو موناقەشـەیەی لێـرە کـراوە بـە مـەرج بـزانن، دانیشن لە لێکدانـە تازەکـەی بودجەیـەکی خـەملێنراوی وا بێـنن، کـەمن وتـۆ ئەمانـەین گلـەییمان لەسـەری هەبێت، من گەرەنتیت ئەدەمێ، چونکە هەمان کەسن، هەمان سیاسەتمەدارن، واتە ئێمە ئیشی حکومـەتیش ئەزانین 20 ڕۆژی پێدەچیت، بچن لە وەزیرەکان بپرسن کە داوا کـراوە، بچـن لـە وەزارەتـەکان بـاس بکـەن، بچن ئەمە بکەن و ئەویتر بکەن، ئیعادەی نەزەر بکەن، ئەمە مـانگێکی تـر دێتـە ئێـرە، مزگێنیتـان ئـەدەمێ ئەمجارە 35 ڕۆژ بوو، تۆزێك خیبرەمان پەیداکرد، ڕەنگە بیکەینـە 45 ڕۆژی تـر، لـە مەسـلەحەتی خـەڵکی کوردستانە، لە مەسلەحەتی توێژو کەرتە هەژارەکانە، لە مەسلەحەتی کێیە؟ ئێمە دوو مانگی تـر خـەریکی گفتوگۆ کردنی بودجە بین، قەت عەقلی منی بچووك قبوڵ ناکات، من تەوفیق بەینی هەردوو ئەو مەبدەئە بکەم، بینێرینەوە بۆ حکومەت جارێکی تر و ئەو پرۆسەیەی من باسم کرد سەرتان گێژ ناکەم 75 ڕۆژ، وە نەبێتە هۆی تەئخیرکردنی پەسەند کردنی بودجە، عەقلی من بچوکە ناتوانێت ئەو موعادەلەیە حەل بکات، ئەمە یەك، بۆیـە مـن هیـوادارم ئـەو خوشـك و برایانـە دوور لـە هـەر ئینتیمایـەکی سیاسـی و فیسـیۆلۆجی، هەڵوێستی خۆیانـە، حەزدەکـەم کەسـیش یـەعنی عەسـەبی نـەبێت، ئەمـە دیموکراسـیەتە، ئەمـە دەنگدانـە، ئەمـە باشـترین شـێوازە، لـە خـراپترین شـێوازەکانی بـەڕێوەبردنی کۆمـەڵگاکان، شـێوازێکی تـر هـەبێت بـا گفتوگـۆی لەسـەربکەین، هەنـدێك جـار ڕەئـی تـۆ سـەردەکەوێت، هەنـدێك جار ڕەئـی مـن سـەر دەکـەوێت، هەندێك جار شتێکی مـەعقول لـە نـەیاری سیاسـی مـن دێـت، مـن پەسـەندی دەکـەم، ئەمـە ژیـانی سیاسـیە، بڕیارمان داوە ئێمە لوعبە پەرلەمانیەکە بکەین، بۆیە من داواکارم ئێمە ئەگەر لەبەر هیچ سەبەبێك، هـیچ

نـەبێت 75 ڕۆژی تـر غـەدرە ئێمـە بودجـە تەسـدیق نەکـەین، مـن لـە کۆمـەڵگای مـەدەنی ئـەکتیڤم، لـە ڕێکخراوی ئێمە، بە عەجەلە ڕاپرسیەکی بە تەلەفۆن و ئیمێلم کرد، دەرچوو ئەو دوو، سێ ڕۆژەی ڕابردوو، ئەوەندە خەڵك تەماشای تەلەفزیۆنی نـەورۆزی ئـەکرد و مەشـهەدی سیاسـی ئـەکرد، بـە معـەدەلی کۆکراوی شەش مانگی ڕابردوو بوو، واتە شتێکی باشمان کردووە، دەستان خـۆش بێـت هـەمووتان، ئـەوەی دژ قسـەیان کردووە، ئەوانەی لەگەڵ قسەیان کردووە، ئێمە بەشدار بـووین لـە پرۆسـەی بـەرز کردنـی ئاسـتی هۆشـیاری سیاسی ئەم خەڵکە، بۆیە دەبێت شانازی بکەین بەو 35 ڕۆژە، ئەوەی چ لەناو لیژنەکان کردوومانە یان ئـەو دوو، سێ ڕۆژە، ئەمە بەڕەئی من هۆی یەکەمە، کە ئێمە گوناحە ئەم مەشاریعە تموحانە، ئەم چاوەڕوانیەی خەڵك بۆ ئێمە، 75 ڕۆژی تری بخەینە سەر، دووەمیان ئێستاش ئەمڕۆ خۆ هیچـی لێ نەچـووە، گوێمـان لـە چەند تێبینی گرت، گوێمان لە ئالیەتی وەرگرتنی پێشنیارەکانمان گرت، پاشان چەند پێشنیاریان پێشکەش کـرد بـۆ لابردنـی چـەند پرۆژەیـەك، مـن نـازانم لـە ڕووی زانسـتیەوە چـەند ڕەوایـە، چـەند تەقلیـدە لـە پەرلەمانەکانی دونیا، لیژنەی دارایی پەرلەمان هەڵسێت بڵێـت ئـەم پرۆژەیـە نـا ئـەم پرۆژەیـە، مـن نـازانم، بەڵام قەیدیناکا قوربانی خزمەتی میللەتی کوردی دەکەین و ئەمەش دەکەین، من نـازانم چـەند ڕەوایـە لـە موناقەشە کردنی بودجە، من بچم میزانیەی هەر پرۆژەیەك تەماشا بکەم کە هێشتا دەسـتی پـێ نـەکردوە، بەڵام قەیدیناکا تاوەکو پێشانی خەڵك بدەین، ئێمەی کورد هەنگاو دەنێین لەسەر ئەم پرۆسە تازەیەی ئێمە کردمـان، بـە تەصـەوری مـن لـەوە زیـاتر، بـۆ گفتوگـۆی پـاش 35 ڕۆژەکـە، 45 ڕۆژەکـەش نایـەت، هـەمان گلەییمان هەیە، هەمان مەوقفمان هەیە، هەمان ڕەئیمان هەیە، وەزیر دێت بە داتـاو بـە شـێوەیەکی عیلمـی بۆمـان بـە پـاوەرپۆینتیش هەرچـەندە مشکیلەبوو، بـە پاوەرپۆینـت وەڵامـان دەداتـەوە، مـن دوێنـێ گـوتم هەڵوێستمان هەڵوێستێکی سیاسیە تەنها لەبەر ژمارە نیە، بۆیە بەتەبیعی دەزانم ئـەوی مـن دەڵـێم بـە دڵـی تۆنەبێت، ئەوەی تۆ دەڵێیت بە دڵی من نەبێت، چونکە سیاسەتی من سیاسەتێکی جیاوازە، قـەت ئـەوە نیـە سیاسەتی من ڕاستە و هی تۆ هەڵەیە بە عەکسەوە، بۆیە من تەسەوڕ دەکەم، نامەوێ من وا حـەق بـە خـۆم بدەم بڵێم فلان وای گوت و فلان نەی وت، من وەکو کابرایەك دوو گوێچکەم هەیـە، گـوێم لـە زۆرشـت بـوو، وەکو گلـەیی لەسـەر ئـەو بودجەیـە، کەچـی نـە دوێنـێ و پێـری، ئیمـڕۆ وەڵام درایـەوە، گـوێم لـە هەنـدێك داواکاری کرا کە موبەریر ئەم بودجەیە بچێتە ناو حکومەت، کە لێرە پێشنیارەکانی کـاك ڕەشـیدی تێدایـە، بۆیـە مـن قبـوڵی دەکـەم، مـن بـە تەصـەوڕێکی ئـەکتیڤیاتی سیاسـیش دەزانم، مـن دەڵـێم ئـەم میزانیـە، میزانییەکە لە ئێمەوە دەرچووە، دەربـڕی واقعـی ئێمـەی سیاسـیە، ئێمـە دەنـاڵێنین لـە ئاسـەواری شـەڕێکی ناوخۆی زۆر زۆر تونـد، ئێمـە دەنـاڵێنین لـەژێر ئاسـەواری سیاسـەتێك کـەوای لێ کـرد ئێمـە دوو ئیـدارەمان هەبێت، کە ئێمە ئەزموونمان نەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو ئەزمانە، کە دەوڵەت هەنە 20 سـاڵ هـەتاوەکو بتوانن یەکتر بگرن، بۆیە دارایی (س) تێدادەبێت، ئاسایشی هەولێریشی تێدا دەبێـت، چـاودێری سـلێمانیش، ئەمە هەمووی، بەڵام خوشك و برایان پێش پەسەند کردنی ئەم بودجەیە، ئەم بودجەیە بۆ کۆتایی هێنانە بەو بارە، ئەمە هەنگاوێکی جەریئی حکومەتە بۆ دەستی حیـزب دووربکاتـەوە لـەناو حکومـەت، بـۆ ئـەوەی

ئێمەی فەرمانبەر و ئێمەی پلان دانەرو ئێمەی سیاسی فێر ببین لەمەودوا نەنووسین پڕۆژەی ئاودێرکردن بۆ بارەگای عبدالسلام بەرواری، کەچی ئاودێرەکە لە تەنیشت ماڵی عبدالسلام بەرواری تێپەڕ دەبێت، وابزانم ئێمە ئیشێکی باشمان کرد، ئەوانەی کە میزانیەش دادەنێنن لەمەو دوا بزانن کە بەرێك و پێکی دابنێن، ئێمە جورئەتی ئەمەمان کرد، داوابکەین لە پێشنیارەکان 10٪ لە دەرماڵەی قوتابیانی زانکۆ کەم بکرێت، جورئەتی ئەوەمان بەخۆمانداو هەقی خۆمانە ئێمە نوێنەری ئەو خەڵکەینە، 10٪ لە دەرماڵەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کەم بکەین، ئێمە قەرار دەدەین تۆڕی کۆمەلایەتی دانەنرێت، ئێمە بڕیار دەدەین، بۆ ئەوەی کە 15٪ لە مەصروفاتی ئوخراو ئەوە بێنیینە خوارێ، جلی ئەوانەی لە خانوەکانی خانە نشینان و بێ دایك و باوك هەنە کەم بکەین، وتوومانە نابێت نانی باش بچێت بۆ ئەوان، ئەوانە هەموو موناقەشەمان کرد، چونکە نەمان ویست سەری خەڵك گێژ بکەین، بەلام پێشنیارەو ئێستا دەنگی لەسەر دەدەین، ئەم ڕاپۆرتە دەسپێکی مەشروعێکی تەموحە بۆ کۆتایی هێنان بە کۆمەڵێك لە کێشەکانی قۆناغی ڕابردوو، من قسەکانی کاك دڵشاد و کاك سالار تکرار ناکەمەوە، ئەم پڕۆژەی بودجەیە چەند زوو پەسەند بکرێت، ئەوەندە زوو دەستی حکومەت والاّ دەبێت بۆ بواری خانەنشینی، لە بواری نیشتەجێ بوون، لە بواری پەرەپێدان، بەو هەموو بوارانەی کە باس کران، زوو دەست پێ بکات، بۆیە ئەوەندەی لێکی دەدەمەوە، ئەبینم هۆیەکانی کەوادەکەن مەن دەنگ بدەم لەگەڵ ئەوانەی کە داوادەکەن بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، نابینم من هۆیەك هەبێت، ئەگەر دڵسۆزی نەبێت، بڕواناکەم کەسێك هەبێت بێت لێرە خۆی ماندوو بکات، بۆیە من بڕوام بە دڵسۆزی هەیە، من باوەڕدەکەم هەموویان لە ئیخلاسەوە بە بۆچوونی خۆی تەصەوڕدەکات ئەگەر بەو شێوەیە بکەین، زیاتر خزمەت دەکەین، بەدبەختی بەشەر لەژیانەوە بۆچوونەکان و تێڕوانینەکان جودا دەبن، بۆیە داوادەکەم خوشك و برایان قەت 75 ڕۆژی تر نەخەینە سەر ئەمە، با زوو کۆتایی بە دوو ئیدارەیی بێنین، با زوو دەست پێ بکەین، خەڵك چاوەڕوانمانە، ئێستا دەستیان پێ کردووە، عەرد خەریکە گران ببێت، چونکە دەڵێن ئەوا خەریکە بۆمان قەرزی عەقاری دێت، با دەست پێ بکەین بە پڕۆژەی ئاوەکان و ڕێگاکان، با ڕێگا بدەین وەزارەتی کۆمەلایەتی پڕۆژەکانی خۆی پێشکەش بکات، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانن، بۆیە من پێشنیار دەکەم، نەهێڵن جارێکی تر خەڵك ئەوەندە چاوەڕوانمان ببێت، بودجە بڕوات، هەموو ئەو تێبینیانەی ئێمە، ئێمە ساڵێك مەجالمان هەیە رەقیب بین لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەسەر حکومەت، تێبینیەکانمان جێبەجێ بکات، ئەو تێبینیانەی لە پڕۆژەکاندا هاتوونە، ئێمە هەموومان لە لیژنەکانین، فەرموون کام پێشنیارە لە صالحی میللەتی کوردە و خەڵکی هەژاری کوردە، ئێمە لە لیژنەکانی ئێمە ئیشمانە موتابەعە بکەین، ئەگەر بەقسەی ئێمە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر رەئی جەنابت دەربارەی پڕۆژەکە، رەئیتان چۆنە؟ پێمان بڵێیت ئایا دەربارەی پێشنیارەکە، بچێتەوە یان بەردەوام بین لێی؟

**بەڕێزبایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

والله دیاره ئەم پڕۆژەی بودجەیە کە هاتووە ئێستا، خراوەتە بەردەستی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران چەندەها کۆبوونەوەی لەسەری کردووە، وە دیراسەتی کردووە، وە دیارە ئەوانیش چەندەها بۆچوونیان هەبووە لەسە رپڕۆژەکەو دوایی ئەوە پڕۆژەکە بە پێی ڕای ئەنجومەنی وەزیران، بەتێکرا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، بە تێکرا پڕۆژەکە بڕیاری لەسەر درا، بۆ ئەوەی بنێردرێت بۆ پەرلەمان، ئێستا هاتۆتە بەردەستی بەڕێزتان، ئێمە بەڕاستی ڕەنگ هەیە لەو وەختەی کە بۆ موناقەشەی ئەبوابی ئەبوابەکانی تر ئەکرێت، بەتایبەتی پڕۆژە یاسایەکە، ڕەنگە ئێمەش مولاحەزاتیشمان هەبێت لەسەر ئەوەی کەوا جەنابتان ئەفەرموون، کەوا ئەندامانی پەرلەمان کە لە 10٪ لە فلان باب کەم بکرێتەوە، ڕەنگە ئێمە لەسەر ئەوانەش مولاحەزەمان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ئێستا لەگەڵ ئەوەن بچێتەوە حکومەت یان نا، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها دەمەوێت یەك ڕەقەم ڕاست بکەمەوە، یەك ژمارە ڕاست کەمەوە، کە جەنابی کاك عبدالسلام باسی کرد، ئەڵێ 75 ڕۆژ، دووبارە پاش 75 ڕۆژی تر بودجە بگەڕێتەوە، کەس پێشنیاری وای نەکردووە وابزانم، تەنها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس.

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها یەك هەفتە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت دوایی ببێتە 75 ڕۆژ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان تەواو، ئێستا ئەخرێتە دەنگ دانەوە، هەمووتان قسەتان کرد، گوێتان لێی بوو، ئەفکاری موختەلیف هەبوو، هەمووی جێگای ڕێز و ئیحتیرامە، ئێستا ئەو پێشنیارەی کراوە، کە پڕۆژەی بودجە بنێردرێتەوە بۆ حکومەت بۆ چاو پێخشاندنەوە، کێ لەگەڵدایە کە بنێردرێتەوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 34 کەس دەستی بەرز کردۆتەوە،سوپاس، برایەك هەردوودەستی بەرز کردبۆوە، بەس بینیم، نا خوشکێك بوو، داوای لێبوردن دەکەم، ئێستا دووبارە کێ لەگەڵ دایە کە نەنێردرێتەوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، 66 کەس لەگەڵدایە نەنێردرێتەوە، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا دانیشتنەکەمان کۆتایی

پێ دێنین هەتاوەکو سەعات 4 ئێوارە بۆ ئەوەی ئیسراحەت بکەن، دووبارە بەردەوام دەبین، خوا ئاگادارتان بێت.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، بە ناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی شێخ بایز و کاك رشید دەکەین، داوا لە لێژنەی دارایی دەکەین کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆیان، فەرموو، بەڕێزان لێژنەی دارایی ئێستا کەرەمکەن بۆ خوێندنەوەی پێشنیارەکان یەکە یەکە، دوایی جەنابی وەزیر وەردەگرین و دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان هەموو ئەو پێشنیارانەی لە لێژنەکان کراوە، ئەوەی لێژنەی دارایی کردوویەتی، ئەوەی لە ناو قاعەی پەرلەمان ئەو بەڕێزانە گفتوگۆیان لەسەر کردووە، بە ئێمەیان داوە، هەر هەمووی جەمع کراوە، هەر هەمووی دەخوێندرێتەوە، یەکە یەکە دەخرێتە دەنگدان، تکایە زۆر بە تەفصیل موناقەشە کراوە، ئیتر دەنگدانە، ئەوەی ئیمانتان پێیەتی دەنگی بۆ بدەن، ئەوەی ڕەفزی دەکەن، ڕەفزی بکەن.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ زانیاری، ئەو پێشنیارانەی کە کراون، ئایا خاڵ بە خاڵە؟ یاخود بڕگە بە بڕگە دەیخەیە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵ بە خاڵ، یەك بە یەك دەیخوێنینەوە و دەنگی بۆ دەدەین، کە بکرێتە پێشنیار، کەرەمکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازەکان:

أ-لابردنی پرۆژەی خولی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری فەرمانبەران، کە گوژمەی پرۆژە بریتی یە لە (3) ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیاز کراوەکان، زنجیرە (3)، لاپەرە (36)، لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان لەسەر؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە خوتەیە، هی وەزارەتی پلاندانانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئی ئێوە بۆ ئەو پێشنیارە چی بوو؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقەت بۆچوونێك هەبوو كە ئەو بڕگەیە نەمێنێ، لابرێ لە میزانیەی خوتە، خۆی بۆچوونێك بووە، نەوەكو هەموو لێژنەی دارایی بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. ئاراس، ئەو مەوزووعانە لەلای خۆتان تەئكید بكەن، لەسەری بنووسن، ئەوە قبوڵ دەكرێ پەسند دەكرێ، ئەوەی ڕەفز دەكرێ، چونكە دیار بێت ئیشی ئێوەی بەڕێزە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لێژنەی دارایی، بە زۆرینەی دەنگ ڕازین لەسەر ئەوەی كە لابرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو پێشنیارە دووبارە بیخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

أ-لابردنی پرۆژەی خولی تایبەت بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاری فەرمانبەران، كە گوژمەی پرۆژە بریتی یە لە (3) ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیاز كراوەكان، زنجیرە (3)، لاپەرە (36)، لە وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پێشنیارە لابربردرێ؟ لەسەر پێشنیاری لێژنەی دارایی، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكات؟ ئێوە گاڵە گاڵ دەكەن، قسە دەكەن، گوێتان لێ نیە، دوایش دەڵێن تێنەگەیشتین، كاكە وا نابێت، تكایە ئاخیر جار دەیخوێنێت، گوێ ڕاگرن، ئەو پێشنیارەی هەیە، پێشنیارێك هاتووە لە ئێوەی بەڕێزەوە، دەیخوێنێتەوە، لێژنەی دارایی دەڵێن ئەو پێشنیارە لابچێت، وەرنەگیرێ، چونكە ئەو پێشنیارانە دەنێردرێ بۆ حكومەت، كێ لەگەڵە لابربردرێ دەستی بەرز بكاتەوە؟ كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئەو پێشنیازە لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لێژنەی دارایی کە کردوویانە، بڕیاری لێدراوە، ئەو پێشنیارە لێرە دابندرێ، ئێستا کاک د. ئاراس لەوێ دەڵێت: لێژنەی دارایی بڕیاری دا، لامان برد، کەی ئەوە بڕیار درا؟ کێ بڕیاری دا؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقەت ئەوە پێشنیارێکە کەوا کراوە لە خوتە، عەلاساس ئەو بەرنامەیە بەرنامەیەکی موجدی نیە، بۆ لابردنی، ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕایەین بۆ لابردنی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لابردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ پێشخستنی زانیاری مووەزەفینی کشتوکاڵ، دەچێتە زمنی ستراتیژی پێشخستنی وەزارەتی زراعە، کە دایناوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ، لەبەر ئەوەی ئەجهیزەی تازەیە، لە درۆپین و لە ڕواء و لەو شتانە هەمووی پێویستی بەوەیە مووەزەفەکانی زراعە، جوتیارەکان، هەموویان پێش بخرێن لە ڕووی مەعریفیەوە، ئەویش ئەو پارەیە بۆ ئەو تەرخان دەکرێ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو پێشنیارە لایببەین، مەعنای ئەوەیە ئەو پرۆژە ستراتیژیەی کشتوکاڵ دا زەرەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی کەرەمکەن.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو ڕوونکردنەوەیە، ئێمە ڕازین بە مانەوەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە هەردوو حاڵەت دەیدەینە دەنگدان، ڕجائەن، ڕوونکردنەوەم ناوێ، پێشنیارە ئەصلیەکەتان چیە لێژنەی دارایی؟

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لێرە نووسراوە:

أ-لابردنی پرۆژەی خولی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری فەرمانبەران، کە گۆژمەی پرۆژەکە بریتی یە لە (3) ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیاز کراوەکان، زنجیرە (3)، لاپەرە (36)، لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

جا ئەو خاڵەی کە ئێمە نووسیومانە شەرت نیە وەکو لێژنـەی دارایـی لەسـەری موتـەفیق بـووبێ، بەڵکـە لـە نەتیجەی ئەو چەند ڕۆژە کە موناقەشە و قسەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان کرا لەسەر ئـەو مەوزووعانـە، ئێمـە زۆربـەی ئـەو بۆچـوونانە کـە هـەبوو، خسـتوومانەتە نـاو ئـەو ڕاپۆرتـەمان، ئـەوەش دەهێڵینـەوە بـۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز، خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن چۆن بێت؟ چۆن نەبێت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پرسیارێك لە لێژنەی دارایی: ئەو پێشنیارە، پێشنیارە؟ هی لێژنەکانە؟ هی ئەندامەکانە؟ یا لە پرۆژە یاسا هاتووە؟

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو پێشـنیارە زیـاتر هـینی لێژنەکانـە، هـینی ئەندامانـە، کـە ئـەو چـەند ڕۆژەی پێشـوو، کـە چـەند جەلسەیەکمان کرد، لەو جەلسانە کۆمەڵێ شت هین کرا، ئێمەش وەکو پێشنیارێك، لە لێژنەکانیش دا بۆمان هاتووە، ئێمـە پێویستە ئەوانـەی کـە لـە لێژنـەکان دا بۆمـان هـاتووە، کۆمـەڵێ شـت کـە دووبـارە نەبۆتـەوە، بیخەینە ناو ڕاپۆرتەکەمانەوە، ئیتر لێرە دەکەوێتە سەر ......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وازح بوو پێشنیارە، کاك خورشید کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە پێشنیارە، بەڵام ئەگەر ئیقرار کرا، ئەو پێشنیارانە دەچنە ناو یاسـا، بـۆ زانـین، ئەگـەر ئـەو پێشـنیارە پەسند کرا، دەبێتە ماددەیەك لە یاسا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەزانین، ئەوە پێشنیاری ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانە، لە لێژنەکان پێشنیارە.

**بەڕێز سالم توما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە پرۆژەکەی وەزارەتی زراعەیە، موقتەرەحی وەزارەتی زراعەیە، بۆ ئەوساڵیش تەنها (750) ملیۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی کەرەمکەن، وەرن ئێوەش لێرە دانیشن، تکایە، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه به بـەڵێ و نـەخێرێك قـانون ئیقـرار دەكـەین، ئەگـەر ئەسـبابی موجەبـە بـوو، هـەر پێشـنیارێك بـوو، تەوزیح نەدرێ، بەڕاستی هەموو وای لێ دێ، من دەترسم ئەوانی تریش وای لێ بێ.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوە یەك مانگە لەسەر ئەوانە موناقەشە دەكرێ، بە نووسراو هاتووە، بـۆ نـاو لێژنـەكان بـە ڕاپـۆرت هاتووە، لە ناو قاعە ئەو بەڕێزانە قسەیان كردووە، ئێمە تۆمارمان كردووە، هەر هەمووی لەبەر دەستیەتی، هەر هەمووی دەخوێندرێتەوە، ئەوەی پێشنیار بێت، ئێوە دەنگی بـۆ دەدەن، هـەمووی بیسـتووتانە، خۆتـان خاوەنین، دەیزانن چیە؟ ئەوەی لەگەڵیەتی دەنگی بۆ دەدا، ئەوەی لەگەڵی نیە دەنگی بۆ نادا، كـاك نـەریمان كەرەمكە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوە ناڕوونیەك هەیە لەو خاڵە، بەڕاستی لە لایەن لێژنەی داراییـەوە، لەلایـەن هـەموو ئەندامانـەوە، من پێشنیار دەكەم سەرۆكی لێژنەی كشـتوكاڵ لێرەیـە، بـا ڕوونكردنـەوەیـەك بـدا، فەلسـەفەی ئـەو لابردنـە چیە؟ بۆمان ڕوون بكاتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، كەرەمكە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە پێشنیاری لێژنەی كشتوكاڵ و ئـاودێری نیـە، بـەڵام حـەز دەكـەم بـۆ هـەموو برایـان، بـۆ هـەموو ئەندام پەرلەمانەكان ڕوونكردنەوەیەك بكەم، دیـارە سەرچاوە ئاویـەكان، بـە تایبـەتی كـە پێشـتر وەزارەتـی هـەبووە، پلانێكـی پێـنج سـاڵەیان هەیـە، لـەو (10) ملیـارەی بـۆ ئـەو پێـنج سـاڵە دانـراوە، (67,5٪) هـی سەرچاوە ئاویەكانە، كە تێیدا دەیان سەدی گەورە و بچووك و گۆل هەیـە، دەیـان میكـانیكی تـازە هەیـە بـۆ مەسەلەی تازەكردنەوەی ئیسلوبی زراعە، یەكێ لەوانە كە من باسی بكەم، لە سەرچاوە ئاویەكاندا دیارە ئەو دیراسە و ئەو نەخشەسازیەی كە تیایەتی پێویستی بە خەڵك هەیە، لە وڵاتی ئێمەدا، لە هەرێمی كوردستان دا، خەڵكێكمان نیە بتوانێ دیزاین و دیراسەی سدود بكات، ئیحتیماله و تەئكیدیشم ئەو پارەیـە بـۆ ئەوەیـە كە ئەو كەسانەی شەریكات بـێ، یاخـەڵك بـێ بـۆ ئێـرە، پارەكـەش زۆر نیـە، پێشـنیاری لێژنـەی كشـتوكاڵ و ئاودێریش نیە، من ئاگاشم لێ نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من خاڵێکی یاسایی دەڵێم، ئێمە ئەندامی لێژنەی داراییین، دوێنێ ئەو پێشنیازانە ئێمە چوار ئەندامی لێژنەی داراییین ئاگامان لێ نیە، دوێنێ کۆبوونەوەی بۆ کراوە، صیاغە کراوە، ئێمە ئاگامان لێ نەبووە بۆ ئەمڕۆ وەکو هەموو ئەندامانی تر سەعات (9) پێمان دراوە و بینیومانە، ئێستا من دەبینم جەنابی سەرۆکی لێژنەکە لەلایەن خۆیەوە بە ئینفیرادی بڕیار دەدا، دەڵێ: ئەوەمان لادا و ئەوەمان هێن کرد، لە ڕاستیدا پرس بە ئێمە نەکراوە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز هەموو پێشنیارەکانی گشت پەرلەمانتاران، گشت لایەنەکان، گشت لیجانەکان لێرەیە، یەك یەك دەخوێندرێتەوە، هەمووی گوێتان لێ دەبێ، ئەگەر یەکەکی نەخوێندرایەوە، خۆ ئێستا هەمووی بە یەکجار ناخوێندرێتەوە، ڕجائەن دانیشە، کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ خۆم ئەوەندەی موتابەعەم کردووە لە هۆڵەکەدا بووم، ئاگام لێ نەبوو هیچ ئەندامێك ئەو پێشنیارە بکات، ئەوە بەڕێز سەرۆکی لێژنەی کشتوکاڵ کە مەعنیترین لێژنەیە بەو مەسەلەیە، ڕەتی دەکاتەوە کە ئاگای لێ بێ، تکایە بیخەنە دەنگەوە بزانین ئەنجامەکەی چۆن دەبێت؟ تەواو بێ بەمە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئاخیر جار بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی وازح بێ لەلای ئەو بەڕێزانە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

أ-لابردنی پرۆژەی خولی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری فەرمانبەران، کە گوژمەی پرۆژە بریتی یە لە (3) ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان، زنجیرە (3)، لاپەرە (36)، لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە بەو شکلەی کە خوێندرایەوە؟ تکایە دەستی بەرز بکات، کەس لەگەڵ نیە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پێشنیارەکە ڕەت کرایەوە، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە داواکارین هیچ خاڵێك، هیچ گۆڕانکاریەك بە بێ ئەوەی کە سەرۆکایەتی لێژنەکان ئاگایان لێ بێ، لێژنەی دارایی لە خۆیەوە گۆڕانکاری لە لێژنەکاندا نەکات، ئەمە بۆ خۆی، بە قسەی ئەو بەڕێزە، کە وتی: ئەو پێشنیارە، پێشنیاری لێژنەی ئێمە نیە، ئەی ئەو پێشنیارە لە کوێ دەکرێ؟ ئێمە ئەگەر گوێ لە ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، (111) ئەندام پەرلەمان لێرەیە، زۆر موناقەشە کراوە، لیجانەکان، یەك لێژنە نیە، موختەلیفی لیجان، (19) لێژنە هەیە، لێژنەی دارایی هەیە، هاتۆتە ئێرە، ئەوەی لەگەڵی نیە ڕەفزی بکات، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ پێشنیاری ژمارە (2)، کەرەمکە،

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب-لابردنی پرۆژەی دروست کردنی زانکۆی (سایبس) لە هەولێر، بە گوژمەی (21) ملیار و (250) ملیۆن دینار، لە زنجیرە (3)ی لاپەڕە (41)، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی دارایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان لەو بارەوە؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقتیراح دەکەم وەکو خاڵی یەکەم بدرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە لەوەوە هاتووە، ئەوە هی کەرتی تایبەتە، ئەگەر هی کەرتی تایبەتە بۆ حکومەت پارەی بۆ سەرف دەکات؟ پێشنیارەکە لەوەوە هاتووە، مادام کەرتی تایبەتە پێویستە لابرێ، خۆی بیکات، نەك حکومەت پارەی بۆ تەمویل بکات، لەبەر ئەوەی ئێمە داوامان کردووە کە لە پرۆژەکەدا چوار زانکۆی دیکە دەکرێتەوە، هەر یەکەی، ئەوە ئەو بڕە پارەی کە بۆ ئەوە دانراوە، زۆر زۆرترە لە بڕی ئەو زانکۆیەی کە دانراوە، هەر چوار زنکۆکە بڕەکەی کۆکەوە، کەمترە لەو بڕەی کە بۆ ئەوە دانراوە، لە کاتێکدا ئەوە ئەهلیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبوایە لە ناو لێژنەی پەروەردەوە ئەوئیقتیراحە بکرایە، دەبوایە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ، بەڵام ئەوە لە خوێندنەویەك هاتووە، لە کۆمەڵێك ئایدیاوە هاتووە کە لە ناو ئەندام پەرلەمانەکان دا، ئەوان تەرحیان کردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە یاسای وەبەرهێنان دا، زۆر زۆر تەسهیلاتمان کردووە بۆ

وەبەرهێنەر، بۆ ئەوەی بێت لەو وڵاتەدا وەبەرهێنان بکات، بە تایبەتی کە باسی زانکۆی سابیس دەکەین، سابیس سیستەمێکی خوێندنە، یەعنی ئەوە عیلاقەی هەیە بەسەر ئەوەی سیستەمێکی خوێندنە، ئەو زانکۆیە، ئەو مامۆستایانە پێدەگەیێنێت، کە تەنها و تەنها بە زمانی ئینگلیزی وانەکان دەڵێنەوە، ئەوەش زۆر زۆر زەروورییە، لەبەر ئەوەی ئێستا کۆمەڵێکی زۆر لەو مەکتەبانەی کە بە زمانی ئینگلیزی وانەی تێدا دەوترێتەوە، کراوەتەوە لە ناو ئەوهەرێمەدا، وەبەرهێن کە دێتە ئێرە، بە خۆی و خاو و خێزان و منالێیەوە کە دێتە ئێرە، تووشی ئیشکالێکی گەورەبووین ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو مامۆستایانەمان نیە، کەمی مامۆستای زمانی ئینگلیزی هەیە، کە بە ئینگلیزی هەموو وانەکان بڵێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ئیقتیراحەش لە لیژنەی پەروەردەوە نەهاتووە، بەڕاستی حەق نیە بە نەزەر ئیعتیبار وەرگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت لەگەڵ ئەوەی کە ڕەفز بکرێ، کێ لەگەڵە ئەوەیە کە بمێنێت؟ کاك زانا، فەرمووو.

**بەڕێز زانا رؤوف حمه كريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو هۆکار هەیە کە ئێمە داوا بکەین پشتگیری ئەوە بکرێت، لابردنی پرۆژەی دروست کردنی زانکۆی (سابیس)، یەك: لەبەر ئەوەی وەك کوێستان خان ئاماژەی پێدا، کە ئەمە پرۆژەیەکی تایبەتیە، دوو: لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە پێشنیازکراوی وەزارەتی داراییە، کەواتە لەم حاڵەتە وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە نیە، کە چ جا ئەوەی وەزارەتی دارایی سەرپەرشتی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك هەیە ئەو زانکۆ ئەهلیە بەو شێوەیە بمێنێ، بۆچوونێك هەیە لاببردرێ، ئێستا دوو بۆچوونەکە ڕوون کرایەوە، سۆزان خان و کاك د. زانا، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی (ب) لاببردرێ؟ کێ لەگەڵ لابردنی پرۆژەی دروست کردنی زانکۆی (سابیس)ە لە هەولێر، دەستی بەرز بکات تکایە؟ (44) کەس لەگەڵە لابردرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە لانەبردرێ و وەکو خۆی بمینێت دەستی بەرز بکات؟ کێ لەگەڵە پرۆژەکە وەك خۆی بمێنێ؟ (50) کەس لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بمێنێ، واتا وەك خۆی دەمێنێت، لیژنەی دارایی بۆ بڕگەی (ج)، ڕجائەن قاعەکە بچووکە، وەختێکی حەساسە، پێویستە تێبگەن لە مەوزووعەکە، بۆ ئەوەی دەنگێکی دروست بدەن، تکام لێتان ئەوەیە هێمنی بپارێزن، ڕجائەن.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار:

لابردنی پرۆژەی دروستکردنی.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك نوقتەی نیزامی هەیە، كەرەمكە، فەرموو.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناڕوونیەك هەیە، جەنابت لێرە دەڵێی، تەبعەن ئەوان پێشنیار دەكەن، ئایا لە ئەصلەكە بمێنێتەوە؟ یان لە پێشنیارەكە بمێنێتەوە؟ لەبەر ئەوە تەناقوزیەك و ئیشكالێك دروست دەكات، پێموایە جەنابت دەتوانی ئەو ئیشكالە حەل بكەی، بڵێی لە ناو پرۆژە ئەصلیەكە بمێنێتەوە، یەعنی پێشنیارەكە ڕەفز بكرێ، یان پێشنیارەكە ئیقرار بكرێ.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ، دائیمەن پێشنیارەكەی بۆ سەر ئەصلیەكە هاتووە، لە پێشەوە دەیخەینە دەنگدان، ئەگەر پێشنیارەكە دەنگی نەهێنا، ئیلغاش پێش هەموو پێشنیارێك، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەصلەكە دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس، كەرەمكەن، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاز:

لابردنی پرۆژەی دروستكردنی فوتابخانەی شوەیفات لە دهۆك، بە گوژمەی (36) ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیاز كراوەكان، لە زنجیرەی (4)، لاپەڕە (41) سەر بە وەزارەتی دارایی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تكایە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە ئەوە یەكێكە لەو پرۆژە وەبەرهێنانە، دەبێ لە وەزارەتی تەختیت، ئەوان تەنزیمیان كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ئەو پێشنیارە، یەكێك تەئیدی بكات، یەكێك دژی بێ، ئەوەی تەئیدی دەكات، كاك عبدالسلام تەئیدی دەكات، كاك برهانیش دژیەتی، كەرەمكە كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوە پێنج، شەش پێشنیار هەیە یەك قسەیە، هەر ئەوەی زانكۆكەش ئەوە، ئەو وڵاتە پێویستی بە مەدارسی تایبەت هەیە، پێویستی بە جامیعاتی تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی جیلێك لە كەوادر پەیدا بكات، بتوانن ئەركەكانی ئایندە لەسەر ملی خۆیان هەڵگرن، ئەوە یەك لایەن، لایەنی دووەم: ئێمە شانازی بە

شتێك بكەین، شانازی بكەین بەو یاسایەی وەبەرهێنان كە هەمانە، كە هانی ئەو هەموو سەرمایەی بێگانەی داوە بێتە ئەو وڵاتە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەوان ئەو خزمەتە پێشكەش بكەن، بێگومان بە ئیتیفاقە، ڕەنگە ئەو داوا لە ئێمە بكات بینایەتی بۆ بكەین، بۆیە من تەصەور دەكەم پێشاندانی ئەوە، كە ئـەوە پرۆژەیـەكی كـەرتی تایبەتـە، بـۆ ئێمـە پـارەی بـۆ صـەرف بكـەین؟ لـەو ئیلتیزامـەی ئێمـە هـاتووە، لـەو تەختیتـەی موستەقبەلی بیركردنەوەی ئێمە هەیە، كە وڵاتی ئێمە پێویستی بـەو جـۆرە جامیعـات و شـتانە هەیـە، مـن تەئیدی پێشـنیارێك دەكـەم، نیزامـی هەیـە؟ ئەگـەر هەیـە بـا كـاك ئیسماعیل بڵێت: مـن چ دەرچـوومە لـە نیزامی؟ بەس داوا لە من كرا بۆچی تەئیدی دەكەم؟ بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو پرۆژەیە بمینێت، چونكە حكومەت ئیلتیزاماتی هەیە، ئەگەر بڕیاری دابێت.......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ناوی پرۆژەكەت نەهێنا.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەیـەكی وەبەرهێنانـە وەكـو وەزیـری بـەڕێزی دارایـیش تەئكیـدی لەسـەر كـرد، لـە ئیتیفاقـات بـەینی موستەسمیری بێگانە، هەندێك تەسهیلاتی بۆ دەكەی، تا بتوانی ئەو پرۆژەیەت بۆ ئەنجام بدات، یەكێك لـەو داواكاریانە عەردە، هەندێك تەئمینی كەوادرە، هەندێك تەئمین كردنی بینایەتە، بۆیـە تەصـەور دەكـەم لـە لێكدانەوەی ستراتیژی، من ئیقتیراح دەكەم ئەو پێشنیارە ڕەت بكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ پێش هەموو شتێ ئەو شوەیفاتە كەرتی تایبەتە، بە قانونی ئیستیمار تەسهیلاتی زۆری بۆ كـراوە، لـە ڕووی دابین كردنی ئەرز بە بـێ بەرامبـەر، لـە ڕووی تەسـهیلاتی گـومرگی بـاج و ڕسـوماتەوە، دووەم: ئێمـە (1200) قوتابخانـەمان پێویسـتە بـە پێـی ئیحصائەكان، مەعقولـە (1200) جێگـا، (1200) قوتابخانـەی پێویست بێ، ئێمە بێین ئەو مەبلەغە زۆرە بۆ كـەرتی تایبـەت تەخصیص بكـەین، مـن خـۆم لـە مەعمـەلی بلۆك، تەبعەن مەنتیقەی صناعی سلێمانی مەكتەبی تەڵەبەی ئیبتیـدائیم دیـوە لـە نـاو مەعمـەلی بلـۆك دا هۆدەیەكیان بۆ تەخصیص كردووە، نایلۆنیان پێدابوو، یەعنی وەكو ویژدانیەن، سێیەم: قاعیدەیەكی قانونی هەیە، د. ئاراس باشتر دەزانێ، ئەموالی عامە بۆ مەنفەعـەی عامـە بـەكار دەهێنـدرێ، نـەك بـۆ مەنفەعـەی خاصە، یەعنی كە ئەموالی عامـە دەبـێ بـۆ مەنفەعـەی عامـە بـەكار بهێنـدرێ، چۆن ئـەوە بـۆ مەنفەعـەی خاصە لێرە تەخصیص دەكرێ؟ ئەوە دژی قانونە و دژی هینە كە نابێ بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەخرێتە دەنگدانەوە، تکایە، ڕجائەن، کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بۆ مەنفەعەی تایبەتی نیە، بۆ مەنفەعەی.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، ڕجائەن، ئەوە نیزامی نیە، ڕجائەن، خوشکی من دانیشە.

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە، پرۆژەی دروستکردنی فوتابخانەی شوەیفات لە دهۆك لابـبردرێ؟ کێ لەگەڵە لابـبردرێ تکایە دەستی بەرز بکات؟ (46) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی لە پرۆژەکە بمێنێت، تکایە دەستی بەرز بکات؟ (50) کەس لەگەڵە، بۆیە ئەو پێشنیارەش لادەچێت، بۆ پێشنیاری (د) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازکراو:

لابردنی پرۆژەی دیزاین و دروستکردنی فوتابخانەی شوەیفات لە سلێمانی بە گوژمەی (10) ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیازکراوەکان، لە زنجیرەی (5)، لاپەڕەی (41) لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرجار تکامان لێتان کرد، تکایە، ڕجائەن بێ دەنگ بن، جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەویش پرۆژەیەکی وەبەرهێنانە، لە وەزارەتی تەختیت تەنزیم کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا یەك دژە، یەك لەگەڵە، وەك ئەوەی دهۆك، کوێستان خان، کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە عەینی شتە وەکو جەنابت باسی دەکەی، ئەوە کەرتی تایبەتە، هەمووشمان دەزانین ئەوانەی کە لە مەکتەبی شوەیفات و لە جامیعەی ئەهلی دەخوێنن کێن؟ ئەوە تەلەبەی هەژار نیە، ئەوە فروقی تەبەقی زۆر گەورە دروست دەکات، ئەوە جیاکردنەوەی منداڵی دەوڵەمەندەکانە لە خەڵکی فەقیر، جگە لەوەی کە بەڕاستی ئێمە پێویستمان بە کۆمەڵێك مەکتەبی زۆر زۆر هەیە، ئەوەی کە لێرە هاتووە بۆ مەکتەبی

شوەیفات، بیست مەکتەبی بیست و هەشت پۆلی پێ دەکرێ، کە ئەم هەرێمەی ئێمە موحتاجێتی، من بۆخۆم چوومەتە کانی سپیلکە، منداڵانی ئەو گەڕەکە گەورەیە لە دەواجن دا دەخوێنن، لە دەواجن، مەعقولە منداڵی هەزارەکان لە دەواجن بخوێنن؟ دەوڵەمەندەکان لە شوەیفات بخوێنن، ئاخر ئەوە پێویستی بە پێداچوونەوەدا هەیە، ئەوە فروقی تەبەقی دروست دەکات، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە لە موستەقبەلدا لەو هەرێمەی ئێمە دروست دەکات، کە ئەو جیاوازییە لەبەرچی لە بەینی منداڵی هەژار و دەوڵەمەند دەکرێت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو زانکۆ ئەهلیانەی کە دێنە ناو هەرێمی کوردستان، لە کوردستان کردوویانەتەوە، بە مەکتەبە ئەهلیەکانیشەوە، بە ئیتیفاق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و، وەزارەتی شەهیدان، لە (15٪) منداڵی شەهید و ئەنفالکراوەکان وەردەگرن، هەر خۆشمان بە چاوی خۆمان بینیمان لە ڕۆژی (1)ی شوبات دا منداڵانی شەهیدان، کە لەوێ بە زمانی ئینگلیزی سرودەکەی خۆیانیان وت، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: هەر لەبەر گرنگی دروستکردنی قوتابخانە، هەر لە ناو ئەو پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێم ناردوویەتی، بە تایبەتی لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر وەزارەتەکان، (68) قوتابخانە دروست دەکرێت، هەروەها تەخصیص کردنی بڕی (150) ملیار دینار، بۆ صندووقی هەڵمەتی نیشتمانی، دروستکردنی قوتابخانەکان، کە قوتابخانە مۆدێرن و عەصرییەکان دروست دەکرێن، کەواتە حکومەت هاوسەنگی دروست کردووە لە نێوان ئەوەی کە خۆی وەکو کەرتی تایبەت و وەزارەتەکان پێی هەڵدەستێت، ئەو شێوە هاوسەنگیەی دۆزیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو کەسی تر وەردەگرم، کاک سمیر کەرەمکە.

**بەڕێز سمیر سلیم أمین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پرۆژانە، هەر چواریان پرۆژەی کەرتی تایبەتن لە ڕاستیدا، کەرتی تایبەت دەبێ کارئاسانی بۆ حکومەت بکات، ئەو پرۆژانە لە جیاتی ئەوەی حکومەت ئینتاجیان بکات، لە دەرەوە موستەسمیر بێ دروستی بکات، واتا ئێمە سەرمایەی موستەسمیر دەهێنین، ئیش بۆ حکومەت دەکات، ئێستا ئێمە جارێکی تر خزمەتی موستەسمیر دەکەینەوە بەوە، لەبەر ئەوە کەرتی تایبەتە، من پێموایە بە پێی یاساش نابێ ئەو پارانە صەرف بکرێت، پێویستە ئەو شوەیفاتانە، هەردوو شوەیفات و ئەوەی سابیسەکەش لە ڕاستیدا بۆ کەرتی تایبەتە، حەق نیە ئەموالی دەولەی بۆ بڕوات،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك رفیق فەرمو.**

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ئەو پرۆژەیە نیم، شوەیفات لای ئێمە وا باس دەکرێ، وەکو ئۆکسفۆرد و هەرچی سەنتەری زانینی زانست هەبێ بیهێنن بۆ کوردستان، شوەیفات مەکتەبێکی لوبنانیە، ئیمتیازەکەی تەنها ئەوەندەیە کە بە ئینگلیزی دەخوێندرێ، ئەوە یەك، دووەم: چوار دەوام لە قوتابخانەکان دا دەکرێ، بەس ناوچەی دهۆك پێویستی بە زیاتر لە (400) قوتابخانە هەیە، قوتابی لەبەر کەمی بینایە دوو سەعات، دوو سەعات و نیو لە قوتابخانە دەوام دەکات، (60) سەر مەڕ تۆ ناتوانی لە ژوورێکی چوار بە پێنجی و پێنج بە شەشی ئارام بکەیتەوە، لەبەر ئەو سەبەبە من پێموایە ئەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ دروستکردنی قوتابخانە باشترە، بۆیە من دژی ئەوەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**دوو نەفەر لەگەڵن، خەڵاص ئەوە، کێی تر دەیەوێت لە صالحی قسە بکات، یەك کەسی تر هەیە، کاك سلام، کەرەمکە.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من نازانم لە سەرەتاش کە باسی شوەیفات کرا، وتم: هەمان قسە تیکرار دەکرێت، چونکە ئەوە مەوزووعێکە، ئێمە دروستکردنی مەدارسی پێویست بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە، کادیری پێویست بۆ ئەوە، هیچ عیلاقەتی نیە بەوەی حاجاتی ترمان هەیە یان نا؟ ئەگەر وابێ، دەبێ ئۆتۆبان نەکەین، دەبێ مەتار نەکەین، سۆزان خان ئیشارەی بەوەدا کە لە پرۆژەی حکومەت چەند ئیش کراوە؟ ئیعادەی قسەکانی خۆم دەکەم، لەو وڵاتە تەنها ئەوە نیە بە ئینگلیزی دەخوێنین، شوەیفات مونەزەمەیەکی سیلسیلەی مەدارسی دوەلیە، یەکێکە لەو مەدارسانەی کە لە ئاستی بەرز دادەنرێ، بۆچی عەیبە بۆ ئێمە مەدارسی ئیعدادی کەوادیری نوخبەمان هەبێ؟ بۆچی عەیب نیە ئیتۆن و ییڵ و هارڤەرد و ئۆکسفۆرد هەبێت؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا فەقەرەی (د)، کێ لەگەڵ ئەوەیە پرۆژەی دیزاینی دروستکردنی قوتابخانەی شوەیفات لە سلێمانی لابدرێت، تکایە دەستی بەرز بکات؟ (48) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە**

**لابردرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێت تکایە دەستی بەرز بکات؟ (51) کەس لەگەڵە، وەك خۆی مایەوە، بۆ خاڵی (2) تکایە.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**-لابردنی ئەو پرۆژانەی خوارەوە کە لە بەرنامەی وەبەرهێنانی پرۆژە بەردەوامەکان دا هاتووە، بۆ پرۆژەی تر لە هەمان پارێزگا:**

**پێشنیار:**

**أ-پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی تەکیەی شێخ ئیسماعیل ولیانی بە گوژمەی (185) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (2)، وەزارەتی ئەوقاف، لاپەرە (2).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پێمان باشە ئەو مەوزووعە بخرێتە دەنگدانەوە، ڕەئی وەزارەتی مالیە ئەوەیە تەبیعی، ئەگەر نەمێنێت، بە لای ئێمەوە موشکیلە نیە، بەڵام بخرێتە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا کەسێك کە لەگەڵیەتی، یەك کەس دژیەتی قسە بکات، کێ لەگەڵ ئەوەیە (أ) تەکیەی شێخ إسماعیل ولیانی بە گوژمەی (5) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی(2) وەزارەتی ئەوقاف لاپەڕەی (2)، نەکرێ، لابردرێ ئەو پێشنیارە، کەرەمکە.**

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببوورە، یەك پێشنیارم هەیە......**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕجائەن، ڕەئیت بدە، لە ناو دەنگدانین ڕجائەن، دانیشە، کەرەمکە.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بە سێ فەقەرە هاتووە، ئەو فەقەرەیە دووانیان لەسەر وەزارەتی ئەوقافە و یەکێکیان لەسەر ناوخۆیە، ئەگەر وا بکرێ هەرسێکیان بچێتە سەر وەزارەتی ئەوقاف، ئاوا هینی بکەین، مەعامەلەی لەگەڵ بکەین، زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای عەزیز ئێستا لەگەڵ ئەوەی، کە ئایا لابچێت ئەو پرۆژەیە؟ یان بمێنێت؟ بیخەینە دەنگدان؟ کەس دیارە لەبەر تەکیە ناوێرێ قسە بکات، ئێستا کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە، پرۆژەی نۆژەنکردنی تەکیەی شێخ إسماعیلی ولیانی بە گوژمەی ئەوەندە لابردرێت؟ نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللا من پێمخۆشە بەڕێز د. ئاراس وەك سەرۆکی لیژنەی دارایی، کە پێشنیارەکەشی نووسیوە، ڕەئی خۆی بدات، هەروەها بەڕێز د. بشیر وەك سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف ڕەئی خۆی بدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، یەك کەس لەگەڵە، کەس دەستی بەرز نەکرد، چەند جار تیکرارمان کردەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە لابچێت تکایە دەستی بەرز بکات؟ کەرەمکە بەرپرسی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارە دەخرێتە دەنگدانەوە، من بەپرس نیم بەرامبەر ئەوەی تەئیدی بکەم یان تەئیدی نەکەم، ئەوە بۆچوونە کۆمان کردۆتەوە بۆ دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێت کە لە پرۆژەکە هاتووە تکایە دەستی بەرز بکات؟ (1)، کێ لەگەڵ ئەوەیە لابچێ؟ بە زۆرینەی دەنگ لاچوو، تەواو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من تەصویتەکە زۆر وازح نەبوو، ئەوەیان یەك، دوو: ئێمە ئەوە لە (1992)ەوە تا ئێستا، تەعمیراتی تەکیە و مزگەوتەکان و خانەقاکان، هەمووی لەسەر میزانیەتی وەزارەتی ئەوقافە، ئەوەی بە قەناعەتی من هەڵەی لێکراوە، ئەوەیە کە تەعمیرکردنی تەکیەیەك خستراوەتە سەر بودجەی وەزارەتی ناوخۆ، بۆیە ئەگەر ئەوە لابچێ، بچێتە سەر وەزارەتی ئەوقاف، بۆیە من وای بە باش دەزانم، کە لە بابی وەزارەتی داخلیەوە لابچێ، بچێتە سەر بابی وەزارەتی ئەوقاف.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. بشیر ئیستیسنائەن تەسنیە دەکەی؟ یاخود نا؟ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەرێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەصلەن بۆ خۆی پرۆژەکە بودجەی وەزارەتی ئەوقافە، لەبەر ئەوەش کە دروستکردن نیە، بەڵکە نۆژەنکردنەوەیە، من پێموایە پارەکەی ئەگەر صەرف بکرێ لە مزگەوت لە دێهاتەکان، باشترە، نۆژەنکردنەوەکە لەوانەیە زەروور نەبێ، بەڵام دروستکردنەوە نیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە نەکرێ.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە،فەرموو.

**بەرێز سالار محمود مراد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەوە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە فکرێکی سائیدی کۆمەڵگاکەمانەوە هەیە، بۆیە هەست دەکەین جۆرێك لە حەزەر هەیە لەو مەسەلەیەدا، من تەصەورم وایە، لەبەر ئەوەی تەکیەکان وەکو پێویست عیبادەتی تیا ناکرێ، ئەو مەسەلەیە بە وزووح ئیشی لەسەر بکرێ، من ڕام وایە ئەسبابی نا وزووحی لە تەئید کردن و لە تەئیدنەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەسەلەیە، هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان لەو مەسەلەیەدا ویژدانی خۆیان حەکەم بێ، یاسا حەکەم بێ، ئەوەی بەرژەوەندی باڵای گەل و نەتەوە و ئاین و هەموو ئەو مەسەلانەی دەخوازێت تیای دا قەرار بدەین، سوپاست دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارە دەیخەینەوە دەنگدان بۆ ئەوەی وازح بێت، چونکە یەك پێشنیارێکی کاك شێروان هەبوو، هیچ کەس تەسنیەی لەسەر نەکرد، پێشنیارەکەی ناخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە دووبارە دێینەوە سەر نۆژەنکردنەوەی تەکیەی شێخ إسماعیل ولیانی، بەو پێشنیارەی لێرە هاتووە، کێ لەگەڵە لابچێت دەستی بەرز بکات تکایە؟ (3) کەس لەگەڵ ئەوەیە لابچێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی لە پرۆژەکە هاتووە بمێنێ؟ بە زۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە لە پرۆژەکە هاتووە، بۆ بڕگەی (ب)، کەرەمکە.

**بەرێز محمد دلێر محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

-لابردنی ئەو پرۆژانەی خوارەوە کە لە بەرنامەی وەبەرهێنانی پرۆژە بەردەوامەکان دا هاتووە، بۆ پرۆژەی تر لە هەمان پارێزگا:

ب- پێشنیازکراو:

لابردنـی نـۆژەنکردنی تەکیـەی هـیران، بـە کوژمـەی (209) ملیـۆن دینـار، لـە زنجـیرەی (5)، لـە وەزارەتـی ئەوقاف، لاپەرە (2).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمان مەوزووعە، نۆژەنکردنەوەی تەکیـەی هـیران بـە گوژمـەی (209) ملیـۆن دینـار، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە لابېردرێـت؟ پێشـنیار بکرێـت؟ (10) کـەس لەگـەڵ ئەوەیـە لابـېردرێ؟ کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە وەك خـۆی لـە پرۆژەکە دا هاتووە بمێنێ؟ بە زۆرینەی دەنگ ئەویش مایەوە، بۆ بڕگەی (ج) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ج- پێشنیاز:

لابردنی نۆژەنکردنەوەی تەکیەی شێخ کاکە بە گوژمەی (282) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (26)ی وەزارەتی ناوخۆ، لاپەڕە (9).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە سەرەڕای ئەوەی تەکیەشە، لەسەر وەزارەتی ناوخۆشە، نوقتەی نیزامی کەرەمکە.

**بەڕێز کاروان صالح أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەدواداچوونم لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە، ئەو تەکیەیە، ئەو پرۆژەیە لـە ساڵی 2009 تـەواو بـووە، ڕجام وایە با لێژنەی دارایی بەدواداچوون بکات، تەواو بووە، پێویست ناکات نیقاشی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارە، کێ تەئید دەکات وەك خۆی بمێنێت؟ چونکە وەکو پێشنیار هاتووە، مامۆستا دەڵێ ئیلغا بکرێـت، تەئیدی پێشنیارەکە.

**بەڕێز کاروان صالح أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەڵێم ئەو پرۆژەیە لە 2009 تەواو بووە، ئێستا لە 2010 ئێمە قسە لەسەر چ بکەین؟ کـە پرۆژەیـەك بەرەو تەواوبوون چووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ڕەئی جەنابی ئەوەیە کە تەواو بووە، پارەی بۆ تەخصیص نـەکرێ، کـێ لەگـەڵ ئـەو ڕەئیەیـە تکایـە دەستی بەرز بکات؟ بەڕێزان ئەو بەڕێزە دەڵێ: ئەو مەشرووعە تەواو بووە، کە تەواو بـووە و دەڵێن: پـارەی بۆ صەرف بکرێت، بەڵام کەس ڕوونکردنەوە نەدات، کاك إسماعیل کەرەمکە.

**بەڕێز إسماعيل محمودعبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە لێژنەی ناوخۆ لەسەر وەزارەتی ناوخۆ هاتووە، پێشنیاری لێژنەی ناوخۆیە، ئەگەر وەکو کاك کاروان دەڵێ: ئەگەر تەواو بووە، پێویست ناکات جارێکی تر پارەی بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئەگەر تەواو نەبووە، پێشنیارەکەی ئێمە ئەوەیە بخرێتە سەر وەزارەتی ئەوقاف، وەکو باقی تەکیەکانی تر ئیشی بۆ بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر نیە، ئەگەر تەواو بووە تەئکید بکەن، لایدەن و تەواو، ئەگەر تەواو بووە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پڕۆژەیەك تەواو بووە جارێکی تر ناوی هاتۆتەوە لابردرێ دەستی بەرز بکات تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ خاڵی (ج) لابردرا، بۆ خاڵی (د) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د- پێشنیازکراو:

ڕاگرتنی خەرجی پڕۆژەی دروستکردنی هۆڵی کۆبوونەوە و (11) ژوور لە بینایەی لقی (2)، کە بڕی (126) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، لە زنجیرەی (21)ی وەزارەتی ناوخۆ، لاپەرە (2).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ وەللاهی ئێمە هێناومانەتە بەردەم پەرلەمانەوە، ئەوە ئیقتیراحی حکومەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك إسماعيل ڕەئیت؟

**بەڕێز إسماعيل محمودعبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەشیان هەر لەسەر وەزارەتی ناوخۆ، لە لێژنەی ئێمە پێشنیارمان کردووە، ئێمە داواکارین وەکو لێژنەی ناوخۆ ئەوە لاببردرێت، نەخرێتە سەر حکومەت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ؟ کەرەمکە.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ بەڕێز وەزیری پلاندانان ئاماژەی بەوەدا کە ئەو پرۆژەیە تەواو بووە، هیچ پێویست ناکات قسەی لەسەر بکەن، کە تەواو بووە، ئێمە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: خۆی ئەو پرۆژەیە (156) ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە گوژمەکە، (30) ملیۆنی لە ساڵی 2009 بۆ صەرف کراوە، بۆ ئەو ساڵیش (126) ملیۆنی بۆ دانراوە، ئیستینادەن بۆ قسەکەی ئەو کە تۆمارکرا، دەتوانن گوێی بۆ بگرنەوە، ئەگەر تەواو بوو، ئەو (126) ملیۆنە چ عەجەب دەیخەنە دەنگانەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك شڤان.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەوزیح ئەوە صیانەیە، ئەوە ئەوە نیە کە پرۆژە، ئەو پارەیە بۆ صیانەیە فەقەت، مقاول شکایەت دەکات ئەو وەختە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو ڕەئی هەیە، کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم أمین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیە، وازح پرۆژەیەکی حیزبیە، بەحسی لق مەترەحە، ئەموالی حکومەت بۆ حیزب، یەك یەکە لە شتە نایاساییەکان بە صەریح و شەفاف دەبێ قسەی صەریحی تێدا بکەین، هەر لەبەر ئەوەشە ئیقتیراحمان کردووە نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو پرۆژەیە ئیلغا بکرێت، ئەو پارەیە صەرف نەکرێت، لەبەر ئەوەی بە صیغەکەی هاتووە، نۆژەنکردنی هۆڵی لقێکی حیزبە، بۆیە من وەکو مەبدەء قبوڵ ناکەم میزانیەی دەوڵەت بەکار بهێنرێت بۆ حیزبێك، بۆ مەعلومات ئەو بینایەتە ڕەسمیەن بەشێکە لە بینایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو ئیشە نەکرێت، من لەگەڵ ئەوەدام ئەو پارەیە ڕابگیرێت، صەرف نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە لەغوو بکرێت دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دایە بمێنێ؟ بەکۆی دەنگ لادرا، بۆ خاڵێکی تر تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هـ- پێشنیاز:

لابردنی دروستکردنی کتێبخانە و دانانی کەرەڤانەی پاسەوانی مەڵبەندی (20)ی قەرەچووغ، بە گوژمەی (290) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (41)، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، لاپەڕە (15).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك إسماعیل فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەشیان ئێمە پێشنیار دەکەین، لەبەر ئەوەی بۆ حیزبە، بۆ حیزب دەستنیشان کراوە، بە هیچ شێوەیەك پرۆژەی حیزبی لە پرۆژەکانی حکومەت جێی نەبێتەوە، ئەوەشیان لابردرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدان تکایە، دیارە هەمووتان پێتان خۆشە لابچێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە لابچێ؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە بمێنێ؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ خاڵێکی تر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

و- پێشنیاز:

ڕاگرتنی پرۆژەی قیرتاوکردنی ڕێگاکانی خاڵی پاسەوانی مێوانخانەی بەڕێز سەرۆك کۆمار لە دەباشان، بە بڕی ملیارێك و (485) ملیۆن دینار، کە لە بودجەی 2010دا دەستنیشان کراوە، لە زنجیرەی (70) لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، لاپەڕە (17).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئیقتیراحی حکومەتە و داوامان کردووە، پێمان خۆشە بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکێك ئەوەی دەیەوێ بمێنێ، یەکێك ئەوەی دەیەوێ لابچێ، کەرەمکەن.

**بەڕێز عبدالله ملا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یەك لەو شتانەی کە من باسم کرد لە قسەکانمدا ئەوە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆژانەی کە بۆ قەڵاچوالان دەکرێ، باسی هەندێك پرۆژەی تریشمان کرد کە بۆ سەری ڕەش دەکرێ....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، وەرە سەر ئەوە: ئایا دەتەوێ بمێنێ؟ دیفاعی لێ بکە، دەتەوێ لابچێ؟ دژی بە.

**بەڕێز عبدالله ملا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر باس نەکراوە، تەنها ئەوەندە، ببوورە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای بەڕێز ئێستا هەموو یەك کۆمەڵە پێشنیارە، ئەوەندەیە، ئەگەر ئەو شەو تەواوی بکەین باشە، کەرەمکە کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو پرۆژەیە ڕانەگیرێ، لەبەر ئەوەی هەرچی چەند ناوی بەڕێز سەرۆکی کۆماری لەسەر هاتووە، ڕەنگ بێ بەعزێك لەوانە هەر لەسەر ئەوە بێ کە ناوی سەرۆك کۆماری پێهاتووە، بەڵام با ئێمە باشی بزانین سەرۆك کۆمار ئەنواع مێوان و وفود و خەڵکی دێتە لا، سەرۆك کۆمار بە سەرۆکی سلێمانی و ڕێگای قەڵاچوالان نیە، سەرۆك کۆماری هەموو عیراقە، لەبەر ئەوە پێویستە ڕێگاکان قیرتاو بکرێ، زۆر ئیعتیادییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار کەرەمکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی لە ناونانی ئەو پرۆژەیە، ناوی بەڕێز مام جەلال هاتووە، ئەگەر پەرلەمانتاران یان بەڕیزان موقتنیع بن لەسەر ئەوەی لابدرێ، من ڕەئیم وایە، ئەگەر لەسەر ناوەکەش بووە، لابدرێ بۆ ئەوەی تەفسیرێکی خراپ نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە لابېردرێ، چونکە بەڕاستی خۆی هەم بودجەی هەیە وەکو سەرۆکایەتی، هەم دەتوانێ مادام سەرۆك کۆماری عیراقە، دەتوانێ لە بودجەی مەرکەز وەرگرێ، بۆ ئەوەی هەم وەکو یارمەتیەك بۆ ....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هیچ شێوەیەك ئەوە پەیوەندی بەوەوە نیە کە ناوی جەنابی مام جەلال هاتووە، یان سەرۆك کۆمار هاتووە، سەرۆك کۆمار وەك ناسك خان باسی کرد، بودجەی سیادی هەیە، لە (17٪)ی ئەو هەرێمە، لە بودجەی ئێمە دەبڕدرێ، ئەو پارەیەی کە بۆ جەنابی دانراوە لە بەغدا، لەبەر ئەوە کە پارە لێرە بڕاوە بۆ جەنابی سەرۆکی کۆمار، پێویستە لێرە لە بودجەی هەرێم جارێکی تر پارەی بۆ نەبردرێتەوە، ئەوە پەیوەندی بە ناوی کەسەوە نیە، ئەوە شتێکی قانونیە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ؟ یەك نەفەری ترم دەوێ لەگەڵ بێ، دیفاعی لێ بکات، نیە، لەگەڵی بمێنێ؟ کەرەمکە.

**بەڕێز أمينە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆك كۆمار ژی ئەمشە بێژی وەك هاوڵاتیەك ڤی وەڵاتیَ، ئەگەر هاتو، چ ئەز وەك هاوڵاتیەك ڕێگایەك بۆ من ببیننەوە، من موحتاجی ڕێگایەکم، ئەوجا چ مەسئولەك بێت، چ بەرپرسەك بێت، چ حیزبێك بێت، چ سەرۆکی هەرێمەك بێت، موحتاجی ئەوەیە ڕێگایەك بۆ وی بێتە دانان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا وازح بوو، بەڕێزان ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پێشنیارە، ڕاگرتنی پرۆژەی ڤیرتاوکردنی ڕێگای خاڵی پاسەوانی مێوانخانەی بەڕێز سەرۆك كۆمار؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە لابردرێ تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دایە بمێنێتەوە؟ (3) دەنگ داوای مانەوەی كرد، بە ئەکسەریەت لابردرا، ئەویش لاچوو، بۆ خاڵێکی تر تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز:

لابردنی دروستکردنی مێوانخانە بۆ مەڵبەندی (12)ی خانەقین بە گوژمەی (297) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (128) لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، لاپەڕە (20).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکارم ئەو پرۆژەیەش، چونکە حیزبایەتی پێوە دیارە، نەمێنێ، چیتر مالی عام بۆ حیزب صەرف نەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا یەك نەفەرم دەوێ، لەگەڵ ئەوە بێ کە بمێنێ، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با بڵێین ئەوە ڕاستە تەرخان کردنی ئەموالی عامەیە بۆ حیزب، بەڵام ئێمە بیرمان نەچێ ئەو حیزبانەی کە ئێستا پرۆژەکانیانمان لابرد، حیزبی ئەو وڵاتەن، ئێمە پێمان تەبیعیە ئەو هەموو ئەموالی دەولەیە بۆ کەرتی تایبەت صەرف بکرێت، بەڵام کە دێتە سەر حیزب، باسی دەکەین کە نابێ بۆ حیزب صەرف بکرێ، لەبەر ئەوە بەڕاستی حەقە هەردووکی، ئەگەر بۆ ئەوانە ڕەوایە صەرف نەکرێ، دەبێ بۆ کەرتی تایبەتیش صەرف نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ لابردنی دروستکردنی مێوانخانەیە بۆ مەڵبەندی (12)ی خانەقین لابردرێ، تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە بمێنێتەوە؟ یەك کەس لەگەڵە بمێنێتەوە، ئەویش لابردرا، بۆ خاڵی تر تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز:

ڕاگرتنی بودجەی بەکارخستنی فوتابخانەی شوەیفاتی هەولێر بە بڕی ملیارێك و (500) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (17) ی وەزارەتی دارایی، لاپەڕە (70).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا نیزامیەکەم لەسەر خاڵی پێشوو بوو، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە لە ناو هەرێمی کوردستان.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، لەسەر ئەو خاڵە، ڕجائەن ئەوە خەڵاص بوو، حەسم بوو، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەو خاڵە دەکەم کە خوێندییەوە، پێشنیازەکەی، ئەگەر هۆکاری هاوکاران لەسەر پرۆژەکانی تری پەیوەندیدار بوو بە شوەیفات، کە ئەوە پرۆژەیەکی ئیستیسماریە، ئەوە بۆ تەشغیلیەکەیەتی، لە کاتێکدا ئەوانە کەرتی تایبەتن، داهاتیان هەیە، داهاتێکی بێ سنووریان هەیە؟ بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان، کەچی پرۆژەی بۆ داندراوە، من پێموایە ئەوە پێچەوانەی یاسایە، هەم بۆ ئەوەی ئیتر جەدوای ئیستیسماریشیان نیە لە وڵات، بۆ وەکو مالی عام، بۆ شتی تایبەت، ئەوەش بە هەمان شێوە کە پێویستە نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە ئەم بڕە پارەیە بۆ بە گڕخستنی ئەو پرۆژە تایبەتە، تەرخان نەکرێت، دروستکردن مەسەلەیەکە، بەڕێوەبردن مەسەلەیەکی ترە، لە دروستکردن تێڕوانینێکی وا هەبووە کە بەرژەوەندی تێدایە، بەڵام ئەوانە داهاتی خۆیان هەیە کەوتوونەتە سەر سکە، حەق وایە لە بەڕێوەبردنی

خۆیان ئیعتیماد لەسەر داهاتی خۆیان بکەن، من لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام کە حکومەت هیچ پارەیەك بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان تەرخان نەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو کەسم دەوێت دیفاعی بکەن، کەس نیە، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی کاك دڵشاد دەکەم، بەس ئیلتیباسێك لای من هەیە، تەصەور دەکەم لە موناقەشەکان وا پێدەچوو صیاغەکەی غەلەت بوو، ئەوە شۆستەی سەر شەقامی سەرەکی (هەولێر-صلاح الدین)ە؟ یان خودی مەشروعە؟ ئەگەر ئەوە جەواب بدەم، من لەگەڵ ئەوەمە بۆ تەشغیلی حەق نیە، بەڵام ئەگەر باش شەقامەکەی بۆ شوەیفات دەچی، حەقە بە ناوی شوەیفات نەبێ، تەواو من دژیمە، ببوورە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی دارایی جەواب بدەن، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عبدالسلام بەو شێوەیە صیاغەکە کە هەر لە پرۆژەکاندا هەیە، ئێمە ئەوەمان نەقل کردووە، ئێمە دەڵێین ڕاگرتنی چی؟ بودجەی بەکارخستنی قوتابخانەی شوەیفاتی هەولێر، بە بڕی ملیارێك و (500) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (17) وەزارەتی دارایی و ئابووری، لە لاپەڕە (70)، ئیتر باسی شۆستەی تیادا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە، کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وتمان ئەو پارانەی کە بۆ ئەو قوتابخانانەی لە کەرتی تایبەتن تەرخان کراوە، من پێموایە وەکو ئەوەی کە ئێمە لە هەندێ شوێن سێ کۆلێژمان هەیە، تا ئێستا نە بینای هەیە، نە بەشی خۆی هەیە، ئەو پرۆژانەی کە لێرە.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نیزامی نیە خوشکی من، کەی ئەوە نیزامیە؟ کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو ئیلتیباسـەی ئـەوی کـە کـردی، ئـەوە ئـەو نیـە، ئـەوە هـی بەگەڕخسـتی پرۆژەکەیـە، واتـا ئیـدارەی مەدرەسەکەیە، مـەوزووعی شۆسـتەکان پرۆژەیـەکی تـرە لـە لێژنـەی ئاوەدانکردنـەوە هـاتووە، لـە فەقـەرەی ئاوەدانکردنەوە، نە هی وەزارەتی داراییە، بۆیە ئەوەیان پارەی تـەرخان کـراوە بـوو بـۆ بـە گەڕخسـتن، واتـا ئیدارەی مەشرووعەکە، بۆیە ئێمە لەگەڵی نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی تێبینیەکم هەیە، بۆ ڕاگرتنی بودجە بۆ لابردنی نەبێ؟ یەعنی ڕاگرتن یـەعنی چـی؟ لابردنـی ئەو گوژمە پارەیە بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تکایە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە موفتەرەحی حکومەت کە چۆن هاتووە، تکام وایە بەو شێوەیە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە بودجەی بەکارخسـتنی قوتابخانـەی شـوەیفات لـە هـەولێر ئیلغابێـت؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە بمێنێ؟ کەس نیە، بە کۆی دەنگ لاچوو، بۆ فەقەرەیەکی تر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ك- پێشنیاز:

ڕاگرتنی خەرجی دیزاینی زانکۆی سابیس لە هـەولێر بـە بـڕی ملیارێك (253) ملیـۆن دینـار، لـە زنجـیرەی (27) لە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە لاپەڕە (70).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە ئێمە ڕەئیمان ئەوەیە کە بمێنێ، لە موفتەرەحی حکومەت دا چۆن هاتووە؟ بەو شێوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان ئەگەر بەراوردی بكەین بە بڕگەی (ب) لە هەمان پێشنیارەكاندا، لابردنی پرۆژەی دروستكردنی زانكۆی سایبیس، لێرەش دا ڕاگرتنی خەرجی دیزاین، دیسان ناڕوونیەكی ترمان هەیە، لێرە پرۆژەی دروستكردنمان هەیە، لێرە خەرجی دیزاینمان هەیە، بە بێ ئەوەی بۆمان دەستنیشان بكرێ، ئایا ئەو دیزاینە بەشێك نەبووە لەو دروستكردنە؟ بۆیە من پشتگیری ئەوە دەكەم پێشنیازی لێژنەی دارایی پەسند بكرێ، كار بكرێ بە ڕاگرتنی خەجی دیزاینی زانكۆی سایبس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من زۆر لام غەریبە كۆمپانیایەك بێت، یان وەبەرهێنێك بێت، زانكۆیەك دروست بكات، پارەی دیزاینەكەشی نەبێ، ئەوە دەبێ موستەقبەلی منالەكانی ئێمە لەسەر دەستی ئەو وەبەرهێنە چۆن چۆنی بێت؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز أیوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرۆژەكە ڕەت دەكەمەوە، لەسەر ئەساسی قسەیەكی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، كە خۆی باسی ئەوەی كرد كە پلانێكیان هەیە، بۆ داهاتووش زانكۆكان بڕواتە كەرتی تایبەت و سەربەخۆ بێ، بێگومان سەبارەت بە كەرتی تایبەت، نەك تەنها بەڕێوەبردنەكە، بیناكەش دەگرێتەوە و هەموو شتێك دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناكات سامانی گشتی تێدا صەرف بكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك د. أحمد فەرموو.

**بەڕێز أحمد إبراهیم علی (وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە ئەو پرۆژانە بەڕاستی كە بۆ كەرتی تایبەتن، سامانی دەوڵەت بۆیان صەرف نەكرێت، هەر وەك جەنابتان دەزانن، ئێمە كۆمەڵێك كێشەی زانكۆكانی خۆمان هەیە، زانكۆ ئەهلیەكان، هەر ماوەیەك بەر لە ئێستا لێژنەیەك پێك هاتبوو كێشەی ئەو زانكۆیانە كە تا ئێستا كۆتایی پێ نەهاتووە،

ئەگەر پارەی دەوڵەت هەیە با بەڕاستی بۆ ئەو زانکۆیەی ناو خۆمان، بۆ تەواو کردنی پێداویستیەکان صەرف بکرێت، بۆ ئەوەی کەم و کوڕییەکانیان تەواو بکرێ، نەك زانکۆیەکە لە دەرەوە دێت، کەرتی تایبەتە پارەی دەوڵەتی بۆ صەرف دەکرێ، تێبینیەکیشم هەیە کە لەسەر ڕاکانی جەنابی وەزیرە، بۆ ئەو پرۆژانەی کە پێشنیار کراون لە لایەن وەزارەتەکانەوە، یان لە لایەن حکومەتەوە پشتگیریان لێ دەکات، کە ئەوە ئیقتیراحی حکومەتە، بەڵام بۆ تەکیەکان وتی: ئەگەر لاشبرێ قەیناکە، نازانم بۆ ئەویش پرۆژەی حکومەت و پێشنیاری حکومەتە، بۆچی ئەوانە قەیناکە ئەگەر لابردرێ و دەنگی لەسەر بدرێ؟ موقتەرەحی.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕەئی موحتەرەمە، ئیحتیرامی ڕەئی جەنابی وەزیر دەگرین کە ئەو تەمسیلی حکومەت دەکات، ئەوڕۆ لێرە، لە پێش ئێمە دیفاع لە موقتەرەحی حکومەت دەکات، بۆشی هەیە ئەو موافیق بێت، لەگەڵ ئەوە قەناعەتی پێ دێ، کاك د. عمر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد أمین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر لە خاڵی یەکەم لە بڕگە (ب)، ئەوەمان قبوڵ کرد کە دروستکردنی زانکۆی (سابیس) لە هەولێر، بە گوژمەی (21) ملیار و (250) ملیۆن دینار قبوڵ کرا، بۆیە وا باشە مەسەلەی دیزاینەکەی بخرێتە پاڵ بڕگە (ب)، واتا ئەوەی کە لە خاڵی دووەم لە بڕگە (ك) هاتووە، مەسەلەی دیزاینەکەیە، ڕەت بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیێ پێشنیارا کاك عمر دکەم، ئەڤ خاڵە لابدرێت، چونکە ئەمە (21) ملیار و (250) ملیۆن تەرخان کرین، بۆ ڤێ زانکۆێ، لازمە دیزاینیشی دگەل بیت، لەبەر وێ ئەز پێشنیار دکەم ئەڤە بێتە لادان، ئوڤ پارە بێتە ڕەفز کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی دیارە من تا ئێستا ئەوەی کە هاتووە، وتوومە، فیعلەن ئەوەی کە لە موقتەرەحی حکومەت دا هاتووە، موافیقین لەسەر ئەوە، دیارە من لەو تەعبیرەی من تێنەگیشتبێت، تۆ بڵێی ئێستاش ئەوەی کە لە

موقتەراحاتی حکومەت دا کە هاتووە، مـن دیفـاع لـەوە دەکـەم، داوای ئـەوەش دەکـەم (بمـا فیهـا) تەکیـەکان، دیارە ئەوە بە نەوعێکی تر یەعنی ئەوە بووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم سەیرە زانکۆیەك دیزاینی نەکرابێ، لە پێشەوە پرۆژەکەی زانکۆی سـابیس، (21) ملیـارو (200)ی بۆ تـەرخان کرابێ، ئەگەر موسـتەسمیرێك پـارە بـۆ دیـزاینی تـەرخان بکـرێ، خـۆی چ دێنێتـە کوردسـتان؟ چ سەرمایەك دێنێتە کوردستان؟ چ سوودێکی هەیە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو زانکۆیانە هەر بە شێوازێکی گشتی، ئەو نیزامە عالەمییانە دیزاینی تایبەتی خۆیـان هەیـە، فیعلەن دەبێ (علـى الأقـل) کەشـف و دیـزاین و تـەرخان کردنـی بـەعزێك شـت لەسـەر خۆیـان بێـت، ئەگـەر موبەریرات بۆ دروستکردنی ئەوانەی کە پێشتر ناگەڕمەوە سەری هەبێت، من هیچ موبـەریرێك نـابینم کـە پارەی دیزاین بە زانکۆیەکی ئەهلی ببەخشین، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام کە ئەو فەقەرەیە لابچێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. بشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا وڵاتی ئێمە بەرەو نیزامی خەصخەصە دەڕوات، دیارە، بەرەو نیزامی کـەرتی تایبـەت دەڕوات، ئامـانج لەوەش ئەوەیە، کەوا ئەو قورساییەی لەسەر میزانیەی حکومەت هەیـە هەنـدێك سـووك بێتـەوە، جـا بۆیـە ئێمە ئەگەر بچین بەرەو تەشجیعی قیتـاعی خـاص، دەبـێ ئـەوان بودجـە و ڕسـوومات و پـارە بـە حکومـەت بدەن، نەك حکومەت لەوان صـەرف بکـات، مەسـەلەی بینـا دروسـتکردن، بینایەکـە بـۆ خۆمـان دەمێنێتـەوە قەیناکە، بەڵام مەسەلەی ئەوەی تەشغیلیان بـۆ بکـەی، ئـەوە ئێمـەش لەگـەڵ ئـەوەدا نـین کـە پـارە صـەرف بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو لای جەنابت و بەڕێزان مەعلوومە كە كەرتی تایبەت، یان وەبەرهێنەر بینایەك دروست دەكات، یان دیزاینێ، یان هەر شتێكی دوای خۆی ئیستیسماری دەكات و پارە وەردەگرێتەوە، ئەوە بۆ كەرتی تایبەت و بۆ خەڵكە، مەعنای نیە ئەو بەكاری دەهێنێت، دوایی پارە وەردەگرێ لە قوتابی، خۆ قابیلە بە بەلاش تەسلیمی حكومەتی دەكات، باسێكی ترە، ئەگەر تەسلیمی حكومەتی ناكات، من بۆیە پێموایە دیزاینەكەش و پارەی بیناكەشی هەر نابێت بۆی تەرخان بكەین، ئەگەر خۆی بێت تەرخانی بكات، وەكو چۆن زانكۆی ئەهلی جیهان و زانكۆكانی تر كراونەتەوە و پارەی خۆیانە، دوایی لە قوتابی وەردەگرنەوە، ئەگەر وایە ئەوە نیزامێكی ترە، خۆیان پارەی خۆیان دێ، ئەگەر نیزامە بۆ حكومەتە، نیزامی جامیعەی حكومەتە، ئەوەی حكومەت جیایە، بەڵام بەڕاستی ئەوە پارەی حكومەتە و پارەی گشتیە بۆ خاص بەكار دێت، بۆیە هی دیزاینەكەش و بیناكەشی، من وادەزانم یاسایی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە ئیمانت، بە ئیمانت، ئەوە نیزامی بوو؟ بەس ئەوەندەم پێ بڵێ، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، تكایە دەخرێتە دەنگدانەوە، كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (55)، لە ماددەی (56) خاڵی (2) (لايجوز العودة إلى مناقشة المواضيع التي تم حسمها).......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عەودەمان نیە، عەودەمان نەكردووە هیچ، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێش ماوەیەك دەنگمان دا لەسەر دروستكردنی ئەو بینایە، بە پێی زانیاری من، زۆرجار دیزاین دەكرێ، بەڵام بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرایە، پارەكەش وەردەگیرێ، بینایەكەش ناكرێ، ئێستا ئێمە بینایەكە دەنگمان لەسەر دایە، مەفرووز وایە دیزاینەكەش دەنگی لەسەر بدەین، ئینجا بیخەینە سەر پارەكە، من پێموایە ئەوە خاڵێكی ئیجابیە بە نیسبەت پایتەختی هەرێمی كوردستان، هەرمەكتەبێك لەو بابەتە دروست بكات، پێویستە پشتگیری لێ بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانـەوە، زۆر قسە کـرا، مـن لـە یـەکێك گـەڕام دیفـاعی لـێ بکـات، نـەبوو، کـێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێ خەرجی دیزاینی زانکۆی سابیس لـە هـەولێر؟ کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە ئیلغـا بکرێـت تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ؟ یەك کەس، زۆر سوپاس، بۆ خاڵی (3).

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3- لابردنـی ئـەو پرۆژانـەی دووبـارە بوونەتـەوە لـە پـرۆژە بەردەوامـەکان، ئەگـەر لـە ڕاسـتیدا دووبـارە بوونەتەوە، پارەکەی تەرخان بکرێ بۆ پرۆژەی تر لە هەمان پارێزگا، کە بریتین لە :

1-ئاڤا کردنا ئاڤاهیێ تاقیگا بیناسازی لـە دهـۆکێ بـە بـڕی (2) ملیـار و (217) ملیـۆن دینـار، لـە زنجـیرەی (1)ی وەزارەتی ناوخۆ، لاپەڕە (12).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی؟ کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددانەی پێشوو، ئێمە کۆمەڵێك پارەمان گەڕاندەوە، ئەو پارە چارەنووسمان......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشەی لەسەر ناکرێ، دەنگی بۆ درا، تەواو بوو کاکە، فەقەراتی تر دێت، تکایە وەرنە سەر فەقەرەی (أ) لە بڕگەی (3).

**بەڕێز پەیام أحمد محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هەندێك پێشنیارمان کرد هەر لەو بابەتانەیە، وەکو ئەو بابەتانەیە، بۆیە دەکرێ ئێستا بخرێتـە دەنگدانەوە، چونکە هەر عەینی ئەو شتە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەسەلسول هەموو پێشنیارەکان دێ، چ پێشنیارێك هەیـە دێ، کـەی هـات؟ ئەگـەر تیکـرار بـوو، ڕجائـەن هەمووی دێت بە تەسەلسوول دێ، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عادەتەن ئەو پێشنیارانە دەخرێتە ڕوو کە لە ناو هۆڵی پەرلەمان و لە لایەن لێژنەکانەوە پێشکەش کـراوە، هیچ پێشنیارێك لە دەرەوەی ئەوانە ناخرێتە ناو .........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیار هاتووه له لیجان، له لێژنەی دارایی، له ناو پەرلەمان، هەمووی کۆکراوەتەوە لەسەری نووسراوە، تەبع کراوە، بە تەسەلسوول ئاوا یەك یەك دەیخوێنینەوە، تەواو، ڕجائەن بەسە، لێژنەی دارایی دووبارە بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1-ئاڤا کردنا ئاڤاهیێ تاقیگا بیناسازی لە دهۆکێ بە بڕی (2) ملیار و (217) ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (1)ی وەزارەتی ناوخۆ، لاپەڕە (12)، عەلا ئەساس ئەوە دووبارە بۆتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەوزووعەکە دووبارەیە فیعلەن ئەوە دبێ لاببردرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو کەس لەگەڵی؟ دوو کەسیش دژی؟ نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز أحمد سليمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لام سەیرە ئەو چەند ڕۆژەی ئێمە موناقەشەی ئەوە دەکەین، باسی دووبارەمان کردووە، جەنابی وەزیر خۆی لێرە بووە، وەزیری تر لێرە بووینە، یەعنی ئەوان چۆن دیراسەیان نەکرد؟ ئەو ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕجائەن دانیشە، پێشنیارە هاتووە، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە خۆیدا ئەو پرۆژەیە بۆ ئەو هاتووە، کە دەڵێ: دووبارەیە، ئیتر هیچ پێویست بەوە ناکات ئەوە دەنگی لەسەربدەین، خۆی لە خۆیدا مەفرووزە کۆتایی پێ بێ، لابردرێ لە ناو پرۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شتی وانیە، کاك ئیسماعیل کەرەمکە.

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە بودجەی وەزارەتی ناوخۆ هاتووە، پێشنیاری لێژنەی ناوخۆیە، داوامان کردووە جارێکیان بە سۆرانی هاتووە، جارێکیشیان بە بادینی، یەکێکیان جێبەجێ بکرێت، یەکێکیان ئیلغا بکرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ جەنابی وەزیری تەختیت لێرە بوو، بەڕاشکاوی لەبەردەم ئەندامانی بەڕێز ئاشکرای کرد، کە ئەوە بە هەڵە هاتووە، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین لاببردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە لاببردرێ، تکایە دەستی بەرز بکات؟ سوپاس، کێ لەگەڵە بمێنێ؟ بە کۆی دەنگ لابردرا، بۆ فەقەرەیەکی تر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب- لابردنی ئاڤاهی کردنا ئاڤاهیێ ڕێبەریا بەرهەمهێنی سوتەمەنی بەبڕی ملیارێك و شەش سەد و هەشتا ملیۆن دینار، لە زنجیرەی (2) وەزارەتی ناوخۆ لە لاپەڕە (12).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە، ڕەنگە ئەو حاڵەتە زۆر دووبارە ببێتەوە، ڕەنگە هەندێکی تۆمار کرابێت، هەندێکیشی تۆمار نەکرابێت، ئەگەر هەر وەکو مەبدەء بە عام دەنگدانێکی لەسەر بکرێت، .........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا شتی وا نیە، من داوام لێت کرد، ڕجائەن، هەرچی لە ناو وەرەقەکان هاتووە، یەك یەك دەیخوێنینەوە، چونکە ئیحتیماله بە کەلیمەیەك، بە سەترێك لەگەڵ ئەوەکە فەرقی هەبێ، کاك عبدالسلام کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەیان لە سەرەتا دەڵێت هەموو ئەو پرۆژانەی دووبارە بوونەتەوە، ئەگەر دووبارە بن لابدرێن، ئەگەر ئێمە دەنگ لەسەر ئەوە بدەین دروستە، پاشان وەکو هەندێك لە خوشك و برایانیش باسیان کرد، بە تەصەوری هەندێك زۆر پرۆژە هەبن، بۆیە ناوبردنی ئەو پرۆژە و ئەوە، بە تەصەوری من تەصویت لەسەر ئەوە نیە، تەصویت لەسەر ئەو پرۆژە و ئەو پرۆژە نیە، تەصویت لەسەر مەبدەئی دووبارە بوونەوەیە، ئەگەر دووبارە بوون بێت، نە پێویستی پەرلەمان بێت، ڕجاتان لێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان هەر پرۆژەیەك دووبارە بێت، یەکە یەکە لادەبردرێ، بەڵام بۆ وزووحی زیاتر، یەك یەك دێینە سەری، لایان دەدەین، ئەوانەی هەیە، بە مەبدەئی عامیش گشت پرۆژە دووبارەکان، یەك یەکی لادەبردرێت، نیزامی کاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مادام حکومەتیش لێرەیە ئەو حاڵەتە لەوە دروست دەبێ، کە ئەمە بە دوو شێوەزار لە ناو پرۆژەکاندا هاتووە، بۆیە ئیعتیماد بکرێتە سەر یەك شێوەزار، ئەو شێوەزارەی کە سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی هەرێم قانونەکانی پێ دەنووسرێ، بەو شێوەزارە بێ، من تەصەورم وایە تووشی ئەو ..........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە ئیسارەی ئەو شتانە مەکە، کاك خورشید کەرەمکە.**

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نوقتەت نیزامە، ئەوە باسی ئەوە نیە، شێوەزار و ئەوانە، ئێمە باسی بودجە دەکەین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوە خۆ پرۆژە دووجار ناخرێتە ناو تەندەرەوە، پرۆژەکە یەکجار دەخرێتە ناو تەندەرەوە، کە دەڵێن: بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆك، خۆ ناچن دووجار بیخەنە ناو دەنگدانەوە، بیخەنە ناو تەندەرەوە، جارێ بە سۆرانی، جارێ بە بادینی، یەعنی با مەوزووعەکە وا لێ نەکەین، غەڵەتە، بەڕێز وەزیری پلاندانان لە ڕۆژی پێنج شەممەدا وتی: ئەگەر ئەو جۆرە هەڵانە هاتبێت، خۆی ئۆتۆماتیکی چاك دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوانە هێشتا تەندەریان بۆ نەکراوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کەرەمکە.**

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی دووبارە بوونەوەی ئەو پرۆژانە، پێویست بە دەنگدان ناکات بەڕای من، لەبەر ئەوەی ئەمری واقع، دووبارە بووە یەك جار تەنفیز دەکرێ، دوایێ تەحصیل حاصلە بە پێی قانون، کە دەبێ یەکێکیان لابچێ، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خۆی ئۆتۆماتیکی پرۆژەیەك دووجار ناخرێتە ناو تەندەر، بەس ئێمە پرۆژەیەکمان لەبەردەست دایە، کە جەمع کراوە، دووجار جەمع کراوە، کەواتە حەقی خۆمانە یەکێکیان لاببەین، ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەر بودجە، کە لە جەمعەکە کۆ کراوەتەوە دووجار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دێینە سەر خاڵی (3)، دەڵێ: لابردنی ئەو پرۆژانەی کە دووبارە بوونەتەوە، لە پرۆژە بەردەوامەکان، ئەگەر لە ڕاستیدا دووبارە بوونەتەوە، پارەکەی تەرخان بکرێ بۆ پرۆژەی تر لە هەمان پارێزگا، کە بریتین لە فەقەرە (أ) و (ب)، ئەگەر لەگەڵ ئەوەن هەردووکی بەو شێوەیە لابچێت، کێ لەگەڵە دەست بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەقەرە (أ) و (ب)، بۆ خاڵی (4).

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

4- کەمکردنەوەی بڕی حیسابی الإعانات بە ڕێژەی (10٪) کە دەکاتە بڕی (39) ملیار و (897) ملیۆن دینار، پێشنیار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان چەند بۆچوونێك هەبوو لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکان و لێژنەکانەوە، بۆ کەمکردنەوەی هەندێك بەڕێژەی جیا جیا، هەندێك لە حیساباتەکان، هەندێك هەبوو حیساباتی تەعویزاتی موەزەفینی تێکردووە، هەندێك ئیعانات، هەندێك مینەح، هەندێك مەنافعی ئیجتیماعی، هەندێك مەصاریف ئوخرا، چەند بۆچوونێك هەیە لەسەر هەندێ لە حیساب، دەڵێ: لە (90٪) کەم بێتەوە، بۆچوونێکی تر هەیە، دەڵێ: لە

(50٪) کەم بێتەوە، بۆچوونێکی ئێمەش هەبوو، کە لە(10٪) کەم بێتەوە، بەس من پێم باشە، پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، بەڕێز وەزیری دارایی بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئەو حاڵەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامییە؟ کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئەو بڕەیان، داوایان کرد لە (50٪)، ئاخر پێشنیارەکەی من لێرەیە، نوقتە نیزامیەکە ئەوەیە کە پێویستە لە (50٪)ش بخرێتە دەنگەوە، ئەگەر ئەوە دەنگی نەهێنا، ئینجا لە (10٪)کە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من دوێنێکەش لە وەڵامدانەوەم دا باسم کرد، ئەو مەوزووعانەم باس کرد، یەکەم: ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، ئیعانات (179) ملیاری بۆ میزانیەی کەهرەبایە، (41)ی بۆ میزانیەی بانقەکانە، (69)ی بۆ میزانیەی نەوتە، (50) بۆ میزانیەی مەتارەکانە، (60)ی بۆ ئیعاناتی زراعییە، باجارێ باسی ئەوەیان بکەین، ئایا ئیوە (10٪) لەوە کەم دەکەنەوە، چۆن تەئسیر ناکاتە سەر موازەنەی ئێمە؟ بەچی تەعویز دەکرێتەوە؟ ئێمە ئەوە هەمووی، هەر ئەو ڕۆژەی کە پرسیارەکانم وەڵام دایەوە، یەکێك لە برادەران، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، باسی ئەوەیان کرد، وتیان: ئەو جەمع و تەرحە، لە کوێوە هاتووە؟ ئەوەتە ئێمە لە کوراسەکانمان دا، هەبوو یان هەیە، لە ناو وەزارەتی مالیە، لە کوراسەکانمان دا دەرکەوتووە ئەو جەمع و تەرحانە، لە کوێوە ئەو ئیراداتانە و ئەو مەصروفاتانە هاتووە؟ من تکام وایە ئەو مەوزووعە بە عیلمیانە بۆی بچن، موناقەشە بکرێ، ئێوەش چ بڕیارێك دەدەن، ئێمە تەنفیزی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی بۆی ڕوون نەکردینەوە، خۆی لەلایەن خۆیەوە، چ ڕێژەیەکی مەبەستە؟ یان چی گونجاوە لەگەڵ سیاسەتی دارایی وەزارەتی دارایی؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر دەڵێت: وەکو خۆی لە پرۆژەکە هاتووە، بەو شکلە بمێنێت، لیژنەی دارایی پێشنیاری (10٪) کردووە، جەنابی وەزیر بەوە ڕازی نیە، هەر بەوە گەلێك ڕازی بە، چونکە (50٪) داوا دەکەن، (90٪) داوا دەکەن، سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەست لە کەمکردنەوەی ئەو برە پارانە ڕێگری دروستکردن بۆ کارەکانی حکومەت، بە تایبەتی لەو بوارە گرنگانەی کە بەڕێزیان باسیان کرد، کە کارەبایە، کە نەوتە، لەگەڵ مەتارەکانە، لەگەڵ کشتوکاڵ دایە، بەڕاستی کەمکردنەوەیەکی عەفەوی دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەت میزانیەتەکەی تێك بچێ، بەڵام ئەگەر ئەو ئیقتیراحە، ئێمە بێین بە شێوازێکی تر صیاغەی بکەینەوە، بڵێین: بەڕێز حکومەت، بەڕێز وەزیری دارایی بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بە شێوەیەکی ئیقتیصادیانە، بە شێوەیەکی شەفافانە، لە ژێر چاودێریەکی تەواو دا، لیجانی پەرلەمان، بۆ لەمەودوا لەگەڵ پەسندکردنی ئەو بودجەیەدا، لەسەر فلس بە فلسی ئێمە، پرسیار دەکەین، دەڵێین: ئەو پارانە چۆن صەرف کرا ؟ پێموایە ئەو تەریقەیە باشترە لەوەی کە ئێمە کێشەیەك دروست بکەین، سبەی ڕۆژێ لە کەرتی کارەبا دا کێشەمان بۆ دروست بێ، لە کەرتی کشتوکاڵ دا کێشەمان بۆ دروست بێ، لە کەرتی سووتەمەنی و هێنانی سووتەمەنی بۆمان دروست بێ، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو هینانە کەم نەکرێتەوە، بەڵام لێرە ئیقتیراحێکی تر هەیە، مادام هەر داوا کراوە کەم بکرێتەوە، نە لە (10٪) ی لیژنەی دارایی بێ، نە هەر هەمووی مانەوەکەی وەزارەت بێ، ئێمە ئیقتیراح دەکەین لەو بابانەدا لە (5٪)، بە (5)، بە (10)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چوار، پێنج موقتەرەحی کەمکردنەوە هەیە، موقتەرەحێك هەیە (90٪)، یەکێك هەیە (50٪)، یەکێك هەیە (30٪)، یەکێك هەیە (10٪)، هەیەش (5٪)، ئێستا ئێمە لەسەر سەرەوە دێینە خوارەوە، نوقتەی نیزامی؟ کاك شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو باسی دەکەین هەموومان، بیست ڕۆژ، سی ڕۆژە ئەو لیژنانە خەریکی ئەو کارەن، ئەوە کارێك نیە عەفەوی بێ، بەڕاستی ئەگەر عەفەوییە، دیارە هەر ئەوڕۆ بۆی دانیشتووین، من پێموایە زۆر دەمێکە خەریکی بووین، بیرمان لێ کردۆتەوە، بە عەفەوی نیە ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(95) فەرقێکی یەکجار شاسیعە، چۆن عەفەوی نیە، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز سالم توما کاکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە عینوانی ئەو سێ حیسابەدا شتێك هەیە، مومکینە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەخەوفیان هەیە لەوەی ئەو جۆرە مەصرووفاتە بۆ غەرەزی خۆی.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايه باسی ڕەقەمەكان بكەن، تكایە، ئەندام پەرلەمان ئازادە، ڕەئی خۆی بە جوانی دەدا، ڕەئیەكەی ئێوە گوێتان لێ بێ، هدوئەكە بپارێزن، یان قبوڵی دەكەن، یان قبوڵی ناكەن، ئینجا كەس ئیتیهام مەكەن، ئەوە لەبەر ئەوەیە، یان ئەو لەبەر ئەوەیە، یان تێنەگیشوون، بۆ تێنەگیشتووە؟ ئەندامی پەرلەمانە، بە جوانی تێگەیشتووە، پێی وایە ئەوە باشە، كاك عمر فەرمووە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی دارایی، پاش ئەوەی كە ئەو ئیقتیراحانەی هاتبوون، بەو ڕێژە جیایانەی كە هاتبوون، بۆ كەمكردنەوەی، تەماشای ساڵانی پێشوومان كرد، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی ناكرێت ئێمە ڕێژەیەك ئیقتیراح بكەین، بەڕێزەوە كە تەماشای ساڵانی پێشوو نەكەین، ئەگەر تەماشای تەنها حیسابی ئیعانات بكەین، یان مینەح، یان مەصروفاتی ئوخرا، دەبینین بۆ نموونە مینەح ساڵی 2008، (748) ملیار هەبووە، بۆ ساڵی 2009 ئەوەی كە تەصدیق كراوە، بووە بە (434) ملیار، بۆ ئەو ساڵ (431) ملیارە، ئەو ڕێژەیەی كە لیژنەی دارایی پێشكەشی كردبوو، لە (10٪) بوو، ئەوەی سۆزان خانیش كە دەڵێت تەصەور دەكەم حەلێكی وەسیتە، ئەگەر ڕێژەی لە (5٪) بێت، بۆ هەردوو حیساباتی ئیعانات و مینەح، لە (10٪) بۆ مەصروفاتی ئوخرا، شتێكی باش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان كەرەمكە.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پرسیارمان كرد، مەنافعی ئیجتیماعی، وتیان: بۆ صەرف كردنی هەندێ كاری كۆمەڵایەتییە تایبەت بەو وەزارەتە، ئوخرەیاتەكانیش، لێرە بەڕێز كاك د. صباح زۆر بە جوانی تەوزیحی كرد، كە هەموو شتەكان دەڵێ، دوایێ دەڵێ ئوخرا، پێموایە ئەو مەنافعی ئیجتیماعی و ئوخرەیاتە، كەمكردنەوەی هیچ ڕێگە ناگرێ لە حكومەت، ئەوە هیچ پێوەرێكی وازح نیە بۆ تەوزیع كردن و دانی بە خەڵك، هەمووی دەچێتە ژێر میزاجی شەخصی و بەرژەوەندی تاكی و حیزبی، لەبەر ئەوە هەر چەند ئێرە كەمبكەینەوە كەمە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر كەرەمكە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە مەوزووعی ئیعاناتە وابزانم، ئەو چوو بۆ مەنافعی ئیجتیماعی، من ئەگەر بێینە سەر مەنافعی ئیجتیماعی، لەسەر ئەو مەوزووعە قسەی ترم هەیە، ئەوە وەزعی ئیعاناتە كە بۆتانم شەرح كردووە، بە تەئكید میزانیە قەت ئەوساڵ وەكو پار نابێ، پاریش وەكو پێرار نابێ، ساڵی داهاتووش وەكو ئەوساڵ نابێ، لە هەموو وەختێك دا، گۆڕانكاری دەكرێ، لە ڕەقەمەكان دا بە پێی ئیش و كار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك برهان کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە بێ تـەعليق قسـەدەکەم تەبعـەن، ڕێـزم بـۆ هـەموويان هەيـە، زەميلەکانيشـم، کـە ئێمـە داوا دەکـەين مينەح و ئيعانات و مەصروفات ئوخرا و ئەو شتانە کەم بکرێتەوە، هەر لە خۆمانەوە داوا ناکەين، مـن ئـەو کتابە، با هەموو بەڕێز زەميلەکانم ببينن، ئەوەش بۆ جەنابتی دەنێرم کە خراپ بـەکار دەهێنـرێ، فـەرموو ئەوە بگەيێنن بۆ دەست سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پاشان دەتوانن لێژنەی نەزاهە هەيە لە پەرلـەمانی کوردسـتان، 19 لێژنـە هەيـە، تکايـە لێژنـەکان بـە دواداچوون دەکەن، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لە (10٪) کە وەزيری بەڕێز باسی کـرد، باسـی کارەبـا، بـانق، نـەوت، مـەتاری کـرد، ئـەو ئيعاناتـەی کـە پێويستە بـۆ ئـەو شـوێنانە، تـا ئێسـتا بـەڕێز وەزيـر جـەوابی ئـەوەی نەداينـەوە، داهـاتی مـەتار بـۆ کێيـە و پەيوەندی بە چ وەزارەتێکە؟ يەعنی ئەوە .....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن ئێستا لەسەر فەقەرەيەکی خاصين، ئينحيرافێ پێ مەکە، ڕجائەن، کاك بەشير کەرەمکە.

**بەڕێز د. بشير خليل توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە چەند جارێکی تر پێشنياری ئەوە کراوە، کـە هەنـدێ پـارە لـە شـوێنی ديکـە زيـاد بکـرێ، بـۆ نموونە مووچەی کەمئەندامەکان و مووچەی خانەوادەی شەهيدەکان، هەتا بودجەی پەرلەمانيش داواکراوە زياد بکرێ، باشە ئەگەر ئێمە لە شوێنی ديکە بڕێکی لێ کەم نەکەينەوە لـە کـێ زيادەکـان جێگـەی بێتـەوە؟ بۆ يە ئەوە تەقريبەن دەتوانم بڵێم: وەکو شتێکی پێويستە، بەڵام با ڕێژەکەی ئەوەندە نەبێ، نە (90) بـێ، (50) بێ، ڕێژەيەکی ئاوا بێ کە جەنابی وەزيری دارايی، ئـەوانيش بـۆ خۆيـان قەناعـەتيان بـە شـتەکە بـێ،

(5) بێ، (3) بێ، (2) بێ، (6) بێ، ڕێژەیەکی کەم بێ، کەوا بەشی ئەوانە بکات کە ئێمە شتەکانمان زیاد کردووە لە شوێنی دیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

ئەو مەوزووعە جارێکی تر دەڵێم، شارەزاییەکی موحاسەبەی پێ دەوێ، ئیتیلاعێکیش هەیە کە بچین تەفاصیلەکانی بزانین، ئەگەر مەسەلەن بۆ مینەح و ئیعانات و مەصاریف ئوخرا، منیش لەگەڵم ئەوانە هەر نەمینێن، بەڵام یەکێك هەر تۆزێك خۆی ماندوو بکات، بچێت بزانێ چی لە دوادایە، ئەوە جەنابی وەزیر لێرەیە باسی ئیعاناتی کرد، ئەکید لە مینەحیش وایە، لە مەنافعیش، من دەڵێم لە ڕووی پسپۆرییەوە ئەگەر دوو مەبەستمان هەیە لەوەی ئێمە کەم بکەین، یان نەمینێت، کەم بکەین ئەوە ڕەنگە لە موتابەعەی ئێمە دیومانە، کە وەکو کاك عمر باسی کرد، لە کۆنەوە هەموو ئەو پارە صەرف نەکراوە، ئەوە موبەریرێکی جوانە، ئەگەر ئێمە پارەمان دەوێ لەوەی شتەکمان هەیە، هەدر هەیە لەو بابەتانە، پارەمان هەیە بۆ هەندێ بواری زەرروری تر، من تێدەگەم، بەڵام دێنمە بیر (1,8) تریلیۆن، (1800) ملیار دۆلار، لە قاصەی حکەمەتە، کە ئەوە دەتوانین هەر پێشنیارێك پێشکەش بکەین، کە حکومەت مولزەمە بۆمان پڕبکات، ئەو کەمکردنی ئەو پارە، ئەو بەشە ناهێنێت کە ئێمە، ئەو تمووحی ئێمە، ئەگەر قەزییە لە شارەزاییە، لە موتابەعەیە، من لەگەڵم ئەصلەن هەڵبگیرێن ئەوانە، ئەگەر پێویست نەبن، ئەگەریش بچین دیراسەت بکەین، تەماشا بکەین، پێویستی بۆ هەر وەزارەتێك چەندە؟ ئەو مادده تەصەور دەکەم دەستی لێ نەدەین، پشتگیری پێشنیاری سۆزان خان دەکەم، شەفاف تر بێت، هەوڵ بدرێت ئیقتیصادی تر بێت، تەوصیە بنێرێت بۆ ئێمە لەگەڵ بودجە، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی ئیعانە و مینەح و مەصروفات ئوخرا، ئێمە وەکو پەرلەمان تەوصیە بکەین، لە ژێر چاودێریەك و موتابەعەیەکی باش بێت، مەجال نەدرێت ئەو پارەیە بە هەدر بچێت، لەگەڵ ئەوە نیم ئەصلەن صفر لە هەزاریش کەم بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هەموومان دەزانین ناهاوسەنگییەك هەیە لە نێوان نەفەقاتی تەشغیلی و نەفەقاتی ئیستیسماری، ئەو نا هاوسەنگییەش وابزانم بڕێکی زۆری لێرەوەیە کە ئەو بابانەی باس کرا، نزیکەی دوو تریلیۆن و نیو زیاترە، بۆیە ئەگەر ئێمە بێین، ئەو نیسبەیە کەم بکەینەوە، دەیکەین بە بەرنامەیەکی ستراتیژی گەورە، بۆ ئەوەی ساڵ بە دوای ساڵ تەوازوونێك دروست بکەین لە بەینی نەفەقاتی تەشغیلی و نەفەقاتی ئیستیسماری، بۆیە من پێموایە لە (50٪) کەم بکەینەوە، بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاریی و بۆ هاووڵاتیان، بۆ

ئەوەی نەفەقاتی ئیستیسماری زیاد بکەین، لە تەشغیلی کەم بکەین، کە حکوماتی دونیا ئەوە دەکەن، کە هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو نەفەقاتە بکەن، ئەوەش هەنگاوێکی باش و جددی و ستراتیژییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. صباح فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو فورصەتە، تەبعەن بودجە تا ڕوون تر و ئاشكرا تر بێ، بڕگەكانی ئەو چەمك و وشانەی كە تیایدا هاتوون، وازح تر بێ، وابزانم كێشەكان، گفتوگۆكان بە ئاراستەیەكی باشتر دا دەڕۆن، ئەوەی كە باسی مینەح و ئیعانات و مەنافعی ئیجتیماعی و مەصروفاتی ئوخرایە، ئەوەی پەیوەندی بەوانەوە هەیە، من حەز دەكەم ئەو پێناسەیەی كە لە موازەنەی عامەی دەوڵەتی ئیتیحادی دا هەیە، زۆر بە كورتی بۆ هاوكارانمی بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی هەندێك ڕوونی، هەندێك ڕۆشنی بخەینە سەر بابەتەكە، كە باسی مینەح دەكات دەڵێ: (وتشمل تخصيصات الإلتزامات الخارجية و العربية و الدولية و المنح المقدمة للمؤسسات الخدمية و الثقافية و الإعلامية و الجمعيات الإنسانية)، دیارە ئەگەر ئەو پێناسەیە ڕەچاو بكەین، ڕەنگە باشتر بتوانین حوكم بدەین لەسەری دا، لە بارەی ئیعاناتەوە، تەئیدی بۆچوونەكەی وەزیری دارایی دەكەین، كە وا پێناسەی دەكا، (تمثل تخصيصات الدعم المقدم للشركات العامة لإنتاج الطاقة الكهربائية وشركات القطاع الزراعي وبقية شركات القطاع العام)، لە بارەی مەنافع ئیجتیماعیەوە، ئەگەر ئیجازەم پێ بدەی، (وتشمل تخصيصات نظام التوزيع العام للبطاقة التموينية)، كە ئەوە لە كوردستان پەیوەندی بە كوردستانەوە نیە، (وشبكة الحماية الاجتماعية وبدلات العسكريين ونفقات الإغاثة والمعونة للمهجرين)، لە بارەی مەصروفاتی ئەخراوە دەڵێ:(وتشمل احتياطية الطوارىء وتعويضات حرب الكويت ومبالغ تسوية الديون والتعويضات المختلفة)، بەو پێناسانە بێ كە عەرزم كردن، ئێمە دەتوانین ڕوونتر حوكم بدەین لە سەر كەمكردنەوەی، بە پێی ئەو پێداویستییانەی كە هەیە، دەبێ هیچ كەرتێ لە كەرتەكانی خزمەتگوزاری بەڕاستی تەعتیل نەبێ، لە هەمان كاتیشدا ئەبێ ڕێگە بگیرێ لە یاری كردن بەو بڕە پارەیەی كە وەكو ئەمانەتیك لە ئەستۆی حكومەتدایە، وەكو ئەمانەتێكیش لە ئەستۆی پەرلەماندایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەر جۆرێك ئێمە ئەم بڕانە سەیر دەكەین، بەڕاستی زۆر زۆرن، (2) تریلیۆن (889) ملیۆن دینار زۆر زۆرە، ئێمە لە بەردەم ئەزموونێكی چەند ساڵەین لە دەستكاری كردنی ئەم بڕانە، كاكە غەیری ئەو وەرقە ودوو وەرەقە وسێ وەرەقە، دەیان نموونە لە كوردستان هەیە كە چونكە نە زەوابت، نە ئەنزیمە، نە قەوانینێكی وازح، ئەوەی كە بەعزێ لەو برایانەی فەرموویان بە تەوصیات، ئەمە چارەسەر نابێت، چونكە ئەوە بە تەوصیات حەل نابێت، قەوانینیشمان لەو بارەیەوە نیە، من وا دەزانم بۆ باسی ئەوەش كە دەڵێ:

دەعمە بۆ ئەو کەرتانەی ناودەبرێن، ئێ ئەوانە ئێمە لەو لاوە بڕی موخەصەصمان هەیە بۆ ئەوانـە، بۆچـی لەوێ ڕەچاو نـەکراوە؟ ئێمـە یـەکێك لـە ڕەخنـەکان ئەوەیـە کـە داواکاری وەزارەتـەکان ڕەچاو نـەکراوە لـە دابەش کردنەکە، کە چەند جارە وتمان، ئەو هاوسەنگییەمان باس کرد، بۆیە ئێمە دەمانەوێ بە ئیعاناتـەوە چارەسەری بکەین، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژەخان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مـن پێشنیار دەکـەم کـە ئـەو مینـەح ومەصـروفات ئـوخرا وئیعانـات وئەوانـە، بـە پێـی پێویسـتی وەزارەتـەکان دابـەش بکـرێ، بـۆ نموونـە هەنـدێك وەزارەت هەیـە، بـۆ نموونـە وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کۆمەلایـەتی، پێویسـتی بـە مـەنافع ئیجتیمـاعی هەیـە زیـاتر لـە وەزارەتێکـی تـر، وەك وەزارەتـی ئـاوەدان کردنەوە، یەعنی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی زۆر پێویستی بەوە هەیە کە مـەنافعی ئیجتیمـاعی بـۆ دابین بکرێ، بۆیە بە پێویستی دەزانم کە بەپێی پێویستی وەزارەتەکان دابەش بکرێ، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان :**

بەڕێزان موناقەشـە خـەلاص، ئێسـتا پێـنج ڕەقـەممان هەیـە (90) هەیـە، (50) هەیـە، (30) هەیـە، (10) هەیە، (5) هەیە، یەك یەك لە نەوەدەوە دێینە خوارەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، ڕجائەن، بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە لە ئیعانات (90٪) کەم بکرێـت تکایـە دەسـتی بـەرزبکات؟ یـەك نەفـەر لەگەڵـە، کـێ لـە گـەڵ (50)یە؟ یەك کەس نیە، پێشنیار هاتووە، لە لیجان هاتووە، یەك کەس دەنگی لە گەڵدا، کێ لە گەڵ ئەوەیە (50٪) کەم بکرێ؟ (34) کەس لە گەڵ (50٪)، کێ لە گەڵ ئەوەیە (30٪) کەم بکـرێ تکایـە دەسـتی بـەرز بکات؟ بەس تکایە یەکێ دوو جار دەست بەرز نەکا، نوقتەی نیزامیە، فەرموو .

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێ من دەنگم داوە بۆ (50٪) دەنگ ناهێنێ تەبیعیە، ئەگەر بتـوانم دەسـت هـەڵبڕم بـۆ (30٪) نـازانم بـە ڕای تۆ وانیە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست هەڵبڕن موشیکلە نیە، کێ لـە گـەڵ ئەوەیـە (30٪) بـێ؟ (36) کـەس لـە گەڵـە، کـێ لـە گـەڵ ئەوەیـە (10٪) بێ تکایە دەستی بەرز بکات؟ یەك کەس، ئەویش دایگرت، کەس لـە گـەڵ نیـە، کـێ لـە گـەڵ ئەوەیـە

**(5٪) بێ تکایە دەست بەرز بکات؟ (58) کەس لە گەڵ (5٪)، کێ لە گەڵ ئەوەیە وەك پرۆژەی حکومەت کە هاتووە وەکو خۆی بمێنی؟ شەش کەس لە گەڵە ئەوە (5٪) تەسبیت بوو، بۆ خاڵێکی تر تکایە.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5- کەمکردنەوەی بڕی بەخشین (المنح) بەڕێژەی (10٪)، کە دەکاتە (43) ملیار (131) ملیۆن دینار، پێشنیار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان :**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو .

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لەسەر موفتەرەحەکەی خۆمانین، پێشمان وایە بە هیچ شێوەیەك هەرچی حیسابێك لەم حیسابانە دەستکاری بکرێت، تەئسیر دەکاتە سەر موازەنەکەی ئێمە .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە سەر ئەوەش بەس دەیخەینە دەنگدانەوە، سێ موفتەرەح هەیە (50٪) هەیە، (30٪) هەیە، (10٪) هەیە، ئەگەر بۆچوونی تر هەیە دوو کەس مەجال دەدەم، (5)یش هەیە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رووف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیری دارایی لێرەیە، خۆزگە پێمانی بووتبایە مەبەست لە مینەح کە باس دەکرێ چ ئەبوابێك دەگرێتەوە؟ بۆمان شەرح بکات، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بە نیسبەت مینەحەوە، موازەنەی بەلەدیە و بەلەدیاتی تیایە، بە (330) ملیار، (101)ی بودجەی مونەزەماتی عیلمی و سەقافی ئوخرای تیایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە (50٪) بێ؟ فەرموو کەرەمکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەسەر بابی مینەح كە جەنابی وەزیر ڕوونی كردەوە، بەڵام من دیكۆمێنتم لایە، ئەوە پێنج، شەش دیكۆمێنتە كە ئەو بابە بۆ شتی شەخصی و بۆ مەقەراتی حیزبی صەرف كراوە، كە زیاتر لە (160) هەزار دۆلارە..**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە پاشان دێ، كاك عمر كەرەمكە.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**جەنابت لە سەرەتای كۆبوونەوەكاندا باسی ئەوەتان كرد، تەنها پێشنیارەكانی ناو ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی دەخرێتە دەنگدانەوە، نەك پێشنیاری تازە، بۆ بیرخستنەوەی بەڕێزتان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تازە نیە برای بەڕێز، ئەوە چەند ڕۆژە ئێمە خەریكین، هەموومان جەمع كردووە، گشت ئەو بەڕێزانە، لە گشت ئەترافەكان، هەتا هی جەنابیشتان، ئەوەی لێرە وتراوە، ئەوەی لە لیجان وتراوە، ئەوەی لە لێژنەی دارایی وتراوە، ئەوە هەموومان جەمع كردووە، هێناومانە خستوومانەتە دوای یەك، كاك حمە سعید فەرموو.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای (5) ەكە تازە بوو، بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی كەرەمكە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای هەموو ڕوونكردنەوەیەك، قەناعەتێكی تازە دروست دەبێ بەڕاستی، لەلایەن بەڕێزانەوە، تەنها ئەوە بوو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

يەك تۆز قەيناكە ئەگەر بە صەريحى قسە بكەم، يەك تۆز بە صەريحى، جەنابتان ئەورۆ.......

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ڕجائەن، كاك برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

باسى مونەزەمات كرا، وابزانم لە دەعمەكان (90) مليارەكە كە باس كراوە، باسى مونەزەماتى تيايە، ئەوە يەك، دووەم: كاكە خۆ ئێمە دوژمنايەتيتان لەگەڵ ناكەين، ئەوە كتابێكە، مينەح بەكار هێنراوە بۆ كڕينى سەيارە بۆ دەزگايەكى حيزبى، ......

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ڕجائەن، ئەوە تەواو بوو، جەنابى وەزير كەرەمكە.

**بەڕێز شێخ بايز تاڵەبانى/ وەزيرى دارايى و ئابوورى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەڵاهىديارە ئەو كتابە زۆر پێشان دەدرێ، ئێمە هەموو ساڵێك، ئەو ساڵيش فەقەرەيەكى خاصمان هەيە؟ لەو موخەصەصاتانەيە، كە ئێستا هاتمە سەرى، خۆم باسيم دەكرد، كە تێيدايە، تەخصيصاتى ئەحزابى تێدايە، ئەحزاب پارە بە مينەح وەردەگرن، ئيتر چى بە پارە وەربگرن، چى بە سەيارە وەريبگرن، وە چى بە شتێكى تر وەربگرن، ئەو كتابەش كە ئەو برايانەم پێشانى دەدەن، ئەو كتابەمان بە نهێنى دەرنەكردووە، كتابەكە بە ئاشكرا دەرچووە، صورەتى دراوە بە دەيەها شوێن، لەبەردەم جەنابتان دايە، تەماشاى بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاكە هەر بۆ مەعلوماتى جەنابت، مينەح حەقى خۆيانە، ئەگەر ئێمە موصادەقەى بكەين لێرە، ئەو وەزارەتە، ئەو دەزگايە دەتوانێ ئەو شتە بكات، كەرەمكە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێشتر ئێمە موصادەقەمان لەسەر ئەوە نەكردووە كە تەبەروعات دابندرێ بۆ مەسائيلى حيزبى، بە تەنها ئەو كتابە نيە كە كاك برهان باسى دەكات، ئەوە يەك، ئەوە دوو، ئەوە سێ، ئەوە چوار، ئەوە پێنج كتابى تر كە بۆ شتى شەخصى بەكار هاتووە، بۆ خێزانى بەرپرسى تيايە......

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

لێژنەى نەزاهەتان هەيە، لێژنەى ياساييتان هەيە، دەتوانن داوا بكەن، بڕۆن بە دواى هەموو شتەكانەوە، كاك دڵشاد كەرەمكە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم گفتوگۆکان لە بابی دیاری کراوی خۆی دەردەچێت، ئێمە ئایا بۆ پێداچوونەوەی صەرف کردنی میزانیەی ساڵی 2009 دانیشتووین؟ یان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بودجەی 2010 دانیشتووین؟ هەموو کات من لەگەڵ ئەوەدام، ئێمە بەهەر چ شێوازێك بێت، بێین لێرە دابنیشین موتابەعەی یەك بە یەك، فلس بە فلسی صەرف بکەین، بەڵام لە کات و ساتی خۆی دا، ئێستا ئێمە لە صەدەدی موافەقەی بودجەی 2010 دا داین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەست خۆش، بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە مینەح لە (50٪)، بێتە خوارەوە؟ کێ لەگەڵە دەست بەرز بکات؟ (39) کەس لەگەڵ ئەوەیە کە (50٪) بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە (30٪) بێت تکایە دەست بەرز بکات؟ (28) کەس، ڕجائەن قسە مەکەن، برای من، خوشکی من، ئێوە لێرە دانیشتوونە، لەسەر مەسەلەیەکی زۆر حەساس دەنگ دەدەن، گاڵەگاڵ دەکەن، ئەوەش موخالیفی نیزامە، موخالیفی ئیشەکانتانە، لە پرۆتۆکۆلیش بۆتان دەنووسرێ، کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لە وەختی دەنگدان گاڵە گاڵ دەکەن، ناتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بەڕاستی، کێ لەگەڵ ئەوەیە (10٪) کەم بکرێت تکایە دەست بەرز بکات؟ کەس نیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (5٪) کەم بکرێت تکایە دەست بەرز بکات؟ (57) کەس لەگەڵە، بە زۆرینەی دەنگ (5٪) پەسند کرا، بۆ فەقەرەی (6) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6- کەمکردنەوەی بڕی تێچووەکانی تر (المصروفات الأخرى)، بە بڕی (15٪)، کە دەکاتە بڕی (102) ملیار و (506) ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(350) ملیاری بۆ ئیحتیاتی وەزارەتی داراییە، پێم خۆشە ئەوەش ڕوون بکەمەوە، لە ناو ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی دا، (3) موئەسەسەمان هەیە کە تا ئێستا یاساکەیان تەصدیق نەکراوە، ئەویش ژینگەیە و دەرەوە و مافی مرۆڤ، ئەوانەش هەر تەخصیصاتەکانیان دەکەوێتە ناو ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی، (120) ملیاری بۆ بیعساتی خوێندکارانە، ئەوەی کە پێشتر باس کرا، (90) ملیاریشی بۆ مینەحی ئەحزاب و تەحویلاتە، (61) ملیاری بۆ دەرماڵەی قوتابیانە، هەمووی دەکاتە (621) ملیار، لەوە خۆی (440) ملیار

وەزارەتی داراییە، لەو (621) دەچێتە ناو میزانیەتی وەزارەتی داراییەوە، ئێمە پێمان باشە وەکو حکومەت ئەو پارەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد کەرەمکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ڕەنگە زۆرجاران باسی ئەوەمان کردبێت، کە هەندێ لەو مەصاریفانە کەم بکرێنەوە بەڕاستی، بەڵام پاش ئەو تەوزیحەی کەوا وەزیری مالیە دای، چ لە موخەصەصاتی تەڵەبە، چ لەوەی کەوا حیسابی (3) مەئەسەساتی تری، کە هێشتا یاسایان بۆ دەرنەچووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، پشتگیری ڕەئی وەزارەتی دارایی دەکەم، کە ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هیچ کەمکردنەوەیەك لەو بابەدا نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هەر داوامان کردووە، کەوا کەم نەکرێتەوە، من یەك میسالی بەسیت دەهێنمەوە، یەعنی بەیانی هەر زیادەیەك لە زیادەی هەر موخەصەصاتێك لە بەغدا ببێ، کە لێرەش داوای دەکەن، یەعنی تەئسیر دەکاتە سەر ئەو میزانیەی ئێمە، کە ئێمە نەتوانین صەرفی بکەین، چەندەها شتی تریش لەو بابەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ ئەوەش وەك ئەوانی تر، هاتووە بەو خاڵانە (90)، (50)، (30)، (10)، (5)، کەرەمکە کاك د. أحمد.

**بەڕێز د. أحمد إبراهیم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو (90) ملیاری حیزب و ڕێکخراوی سیاسیەکان........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، ئێستا باسی ئەو ڕەقەمە بکە، جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە مادده یاساییەکەدا بە جیا هاتووە، بەڵام ئەوە لە ناو مەصروفات ئوخرا دا هاتووە، ئەوەی تر کە هاتووە لە کوێ دایە ئەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زیمنی ئەو شیکردنەوەیەی بەڕێز وەزیری دارایی کردی بۆ مەصروفات ئوخرا، (120) ملیاری ناردنە دەرەوەی خوێندکارانیشی حیساب کرد، کە ئەویش دیسانەوە بە هەمان شێوە لە پرۆژە یاساکە دا، بە دەقێکی تایبەت و لە ماددەی (16) دا هاتووە، کەواتە ئەوە دەیگۆڕێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دێینە سەری، ڕێژەیەك دراوە بۆ کەمکردنەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (90٪) کەم بکرێتەوە لەو مەصروفانە، دەستی بەرز بکات تکایە؟ (4) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (50٪) کەم بکرێتەوە؟ (33) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (30٪) کەم بکرێتەوە؟ (3) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (10٪) کەم بکرێتەوە؟ کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت مەصروفاتی ئوخراوە ڕێژەکە لە (15٪)یە، ئەگەر بوارم پێ بدەی، پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە، ئەگەر بکرێت، ئەویش لە (5٪) بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، (10٪) کە هاتووە کەم بکرێتەوە، خستمانە دەنگدانەوە، (5٪) دەخەینە دەنگدانەوە، ئەوجا دەچینە سەر پرۆژەکە، کامەی زۆرتر دەنگی هێنا قبوڵ دەکرێ، (5٪) کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ ئەصلی پرۆژەکەیە (15٪) کەم بکرێت؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێ؟ سوپاس، کەرەمکە، وەك خۆی مایەوە بە زۆرینەی دەنگ.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە کەمکردنەوەی ئەو ئیعانات و مینەح و ئەوانە، مەنافعی ئیجتیماعیش هەبوو کە تیای نیە لێرە، لێرە نەهاتووە، پێویستە ئەویش بخرێتە دەنگدەوە، لای ئێمە نیە، چونکە ئەوانە هەموویان یەك بابن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هێشتا پێشنیار زۆر ماوە، ئەگەر نەهات لە ئاخیر دا، بە سەرچاو دەیخەینە دەنگدانەوە، بۆ فەقەرەی (7) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی: بڕی کەمکراوە بۆ کەمکردنی قەرەبووکردنی ئەو زیادانەی پێشنیارکراون لە یاسای بودجەدا، بۆ حیسابی ئیحتیاتی لە وەزارەتی دارایی.

7-زیادکردنی ئەو ماددەیە بۆ ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕەی کە لە هەردوو خاڵی چوارەم و پێنجەم گلدراوەتەوە، دەکاتە نزیکەی (41) ملیار دینار، ئێمە پێمان وایە کە ئەو بڕە گلدەدرێتەوە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی کام فەقەرە دەکەی؟ ئەوەی تەصویت کرا ڕۆیی، ئەوانەی تەصویت کرا خەڵاص.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕی کەمکراوە کە لە خاڵی چوار و پێنج بڕاوە، دەکاتە نزیکەی (45) ملیار دینار، ئێمە پێمان وایەئەو بڕە نەچێتە سەر حیسابی ئیحتیاتی لە وەزارەتی دارایی، چونکە ئەگەر بچێتە سەر حیسابی ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی، دەکرێ بە شێوازێکی تر بگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەبواب، واتە لە دەرگاوە دەردەکرێ، لە پەنجەرەوە دەخرێتە ژوورەوە، بۆیە ئێمە پێمان وایە، لە تێبینیەکەدا بنووسین (بڕی کەمکراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیادانەی پێشنیار کراون، لە یاسای بودجەدا بۆ حیسابی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان صەرف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز نابێ بە چاوی شەك سەیری هیچ وەزارەتێك بکەین، بەڵام ئەو پێشنیارەش، پێشنیارە، جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین، هەرچەند بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان دابنێی، هێشتا کەمە، چەندیش ئیمکان دەبێ، بەڕێزتان دایبنێن، بەڵام ئەوە حیساباتی تەشغیلیە، ئەوە لە وەبەرهێنان دادەندرێت، سوپاس.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاری زیادە کردنمان کردووە، دوو خاڵ هاتیە بۆ زیادە کردنێ، پێشنیارە ئێکێ، تەعدیلی میزانیەی پەرلەمان بێتە کردن، دوو مەدووخاڵ پێشنیار کرد بۆ زێدە کردنێ، ئی کەم ئەندامان 30 بۆ

100، وە 50 بۆ 150، ئەو زیادە ئۆتۆماتیکی دەچیتەسەر ئەو زیادەی کە لە یاسایەکەدا هاتووە، ناچیتە سەر ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، لیژنەی دارایی، ئێستا خاڵی (6) بەو نیسبەیەی کە موافەقەت لەسەری کرا، (15٪) بە کاملی بخوێننەوە، گشت ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، سێ کەس لەسەری قسە دەکات، سێ کەسیش دژی قسە دەکات، دەیخەینە دەنگدانەوە، کوێستان خان کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کاتی موناقەشەش دا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسمان لەوە کرد، کە بودجەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان زیاد بکرێت، ئێستاش هەمان پێشنیارمان دووبارە کردۆتەوە، ئەو پێشنیارەی ئێمە تکایە بخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر پێشنیارێك هاتووە، هەمووی دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەوەی هاتووە، کەرەمکە بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6-کەمکردنەوەی بڕی تێچووەکانی تر (المصروفات الأخرى)، بە بڕی (15٪)، کە دەکاتە بڕی (102) ملیار و (506) ملیۆن دینار، جا ئەو تێبینیە، تێبینیەکە، بڕی کەمکراوە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیادانەی پێشنیار کراون لە یاسای بودجەدا، بۆ حیسابی ئیحتیاتی لە وەزارەتی دارایی، ئەوەی کە ئێمە زیادمان کردووە، کاك خورشید ئیشارەتی پێدا، میزانیەی پەرلەمانی کوردستان داوای (72) ملیاری کردوومانە بە (49) ملیار، وەزارەتی دارایی کردوویەتی بە (49)، ئێمە داوامان کردووە ئەو (59) بچێتەوە ببێ بە (79)، ئەو زیادانەی کە من دامیش هەر عەینەن شت، زیادەی سولفەی عەقار، ئەو زیادانە بچێتەوە سەر ئەوەی تەدریجی پڕ بێتەوە، لەبەر ئەوەی بودجەی پەرلەمان، بێتەوە سەر (49)ەکە، سەر (52) ملیارەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ باشە، ئێمە پێمان باشە، بەڵام بە مەرجێك تەغتیەی ئەوانە بکات یەعنی، ئەو پارەییەی کە ئێستا دابڕاوە ڕەنگە تەختیەی نەکات بەو شێوەیە، مەفروز نیە ئەو ڕەقەمانەی کە بەڕێزتان داتان ناوە، ئەو ڕەقەمانە بێت، بۆ ئەوەی عەجزی زیاتر لە میزانیە دەرنەکەوێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر صديق كەرەمكە.

**بەڕێز عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو كەمكردنەوانەی كە دەنگی لەسەر دراوە، تەسەور ناكەم ئەو عەجزەی كە دروست دەبێت، یان ئەو بڕەپارەیەیەی كە پێویستە بۆ پڕكردنەوەی ئەو ئیقتراحەی كە بەڕێز لیژنەی دارایی كە پێشوو تر كردبووی، بۆ زیاد كردنی مووچەی كەم ئەندامان و ئەنفالكراوان، لەو بڕە پارەیە پڕ بكرێتەوە، لە هەمان كاتدا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران دوێنێ پێشنیارێكمان هەبوو، تایبەت بەو بڕە پارەییەی كەم دەكرێتەوە، دواتر چۆن تەخسیس بكرێت، پێشنیارەكە بەو شێوەیە بوو، یەك بۆ پڕكردنەوەی ئەو بڕە پارەییەی كە لە پەرلەمان بڕاوە، دوو: ئەم بڕە پارەیە تەرخان بكرێت بۆ ئەو شوێنانەی كە ڕاگوێزراون، یان ژیان و باری گوزەرانی خەڵكی تیا زۆر نارەحەتە، ئەو شوێنانەی كە ناومان هێنان هەڵەبجەی شەهیدە، قەڵادزێیە، سۆرانە، ئامێدیە، قەرەداغە، ئەو شوێنانە بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د. ئاراس كەرەمكە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر هاتو مەصروفاتی ئوخرا، بەڕێژەی لە 15٪ كەممان كردەوە لەگەڵ هەردوو ڕێژەكەی لە 5٪، بەڕێز وەزیری دارایی بۆچوونێكی هەبوو، وتی ئەو كەمكردنەوەی كە ئەیكەن، وەختێك بەشێوەیەك بێت كە بتوانێت تەختیەی ئەو زیادانە بكات كە ئێمە دەیكەین، بەس تەنها بۆ ڕوون كردنەوە بوو، ئەگەر بە 15٪ دایگرین ئەو كاتە بەشی ئەو زیاد بوونە دەكات كە لە یاسایی بودجەكە باسمان كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تەواو بوو، رەجائەن، كاك كاردۆ كەرەمكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەڕاستی لێرە گفتوگۆكەمان لەسەر زەرورەت و پێویستیە، پێویستی ئەو میزانیە بۆ حكومەت، كە چۆنایەتیەك لە بەڕێوە بردن كە سەركەوتوو بیت، بۆ بەرژەوەندی و ئەو پێویستیانەی كە ئێستا هەیە، ئێستا ئێمە باسی داشكان و ئیعانات و ئەوانە دەكەین، با ئەم بەشە وەكو ئەو پێشنیارەی كاك عمر كردی، بەتایبەتیش پێشنیاری سندوقی بووژانەوەی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان كراوە، بۆ كەركووك كە مەسەلەیەكی نەتەوەییە بچێتە ئەو، هێشتا ئێمە قرارمان لەسەری نەداوە، ئەم برادەرە دەڵێت كێشەی میزانیەی پەرلەمانمان هەیە، یەعنی من دەمەوێ باسی ئەوە بكەم، هێشتا ئێمە نەهاتوینەتە سەر بودجەی پەرلەمان یان سلفەی عەقاری یان ئەوە، دوایی یەعنی ئەگەر كورت هێنانێكیش بێت، ئێمە یەك كورت

هێنانمان هەیە، ئەویش پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، کە بڕیارە حکومەتی عێراق لە مانگی شەش بەڕەسمی لە قانون تەسبیت کراوە کە چارەسەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز دلشاد شەهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێموایە ئەوەی کە لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی دارایدا هاتووە، پرۆژەیەکی موتەکاملیان هەبووە لە دیراسەتکردنی تەقیمی لیژنەکان و تەقیمی خۆیان و هەڵسەنگاندنی خۆیان، بەشێکیشیان پێشنیاریان کردووە ببڕدرێت، لە هەمان کاتدا بەشێکی تریش پێشنیاری کردووە کەوا زیادەی بۆ بکرێت، دیارە ئەمان حیسابێکیان کردووە کە بەلآنسێك هەبێت لە بەینی ئەم بڕینەو لە بەینی ئەو سەدی زیادانەی کە هەیە، بۆ یە دەبێت جارێ پێشتر دیراسەی پێشنیارەکانی ئەوان بکرێت کە بۆ هەمووومان خوێندراوەتەوە، ئەو بڕینانە سەدێکی ئەو زیادانەن، کە بۆ ئەوەی ئەرك نەکەوێتە سەر وەزارەتی مالیە و سەر حکومەت، چونکە ئەگەر پێشنیاری ئەوە بێت ئێمە شت زیاد بکەین، پێشنیار گەلەك زۆرە، بۆیە من پێشنیار دەکەم جارێ ڕەچاوکردنی ئەو شتانەی کەوا لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایدا هاتوون، بۆ ئەوەی کە ئەو بڕینانەی لەو مەجالانەدا دەکرێن، بخرێنە سەر کوێ، دیراسەی ئەوە بکرێت، ئەگەر ئەمە پەسەند کرا، بە پەسەند بزانرێت، ئەگەر پەسەند نەکرا ئینجا ڕێگەی تری بۆ بدۆزرێتەوە، لەو کەمیە پارەی کەوا بڕاوە، زۆر سوپاس.,

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئێمە بۆ ئەوەی کە بتوانین بەهایەك بدۆزینەوە بۆ کەم کردنەوەی ئەو ڕێژەی 5٪، کە لە هەردوو بەشی ئیعانات و بەشی مینەح هاتووە، ئێمە پاساوێکمان هەبووە بۆیە ئەو ڕێژەیە بڕدراوە، ئەگینا هەمووومان موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی کە ڕێژەکە وەکو خۆی بێت، بەلآم دیارە پاساوێکمان هەبووە کە ئەو ڕێژەی ئێستا کەم بکرێتەوە، بەلآم ئەگەر ئێمە جارێکی تر گەڕاندمانەوە بۆ وەزارەتی دارایی لەگەڵ ڕێزم بۆ وەزارەتی دارایی مەبەست لەوە نیە، بەلآم جارێکی تر ئەی گەڕێنینەوە بۆ ئەوەی بەهەمان شێوە دابەشی بکاتەوە، ئەو پێشنیارەشی کەکرا، بۆ ئەوەی بخرێتە سندوقی ناوچەی جێ ناکۆکەکان، بۆ پڕکردنەوەی ئەو فەراغەیەتی کە تۆ سوود وەردەگری لەو داهاتەی کە تۆ ڕێژەیەکت لێی داشکاندووە، بۆ ئەوەی کە بتوانی نەقسێکی تر پێی پڕ بکەیتەوە، وەکو بەشێك لە تەکمیلەی وەزیفە کردنی بودجە لە هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا گوێمان لە بەڕێز وەزیری دارایی گرت، لەناو بڕگەکانی جودا جودای ئەم بودجەیە، زۆر پرۆژە هەیە تەرخانکراوە بۆ ناوچە دابڕاوەکان، من ئەپرسم چۆن مەترسی ئەوەمان هەیە ئەگەر ئەو پارەمان تەسلیمی وەزارەتی دارایی کرد، بەشێوەیەك

كە بەدڵمان نیە سەرف بكرێت، من ئەترسم پاشان لەبەر هەر هۆیەك بێت، وا تەصەور بكا تەنها ئەم پارە بچووكەی كە هیچ قیمەتی زۆر نیە، هەر ئەوەیە بۆ ناوچە دابڕاوەكان، ڕەبت كردنی ئەمە من تەصەور دەكەم هیچ سوودی نیە، پارە لە نیهایەتەوە، لە یاسای بودجە هاتووە سەلاحیاتی وەزیری پلان دانان و وەزیری دارایی وازحن موناقەلاتەكان چۆن ئەبن، بۆیە من تەسەوڕ دەكەم من نازانم ئێستا ئەو ئیقتیراحە هەر سودی هەیە یان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.صباح، بفەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان ئەم قسانە هەر هەموویان خزمەت بە پڕۆژەكە دەكەن، میزانییەی هەر وڵات و هەر هەرێمێك بەڕاستی وەحدەیەكی موتەكامیلە، یەعنی هەر زیاد كردنێك بۆ بڕگەیەك لە بڕگەكانی یان بەندێك لە بەندەكانی پێویستە خزمەت بە بڕگەو بەندەكانی تریش بكات، یان هەر كەم كردنەوەیەك لەملا ئەبێت بچێتە سەر خزمەت كردن بەلایەنێك لە لایەنەكانی تر، لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە ئەو قاعیدەیە بەبیر هەموو هاوكارانم دەهێنمەوە كە، ( من إستعجل شیء قبل اوانە عوقب بحرمانە)، ئێمە لە ڕاستیدا زۆر دەبێت بە دیراسەیەكی بەكاوەخۆی دوور لە حەساسیات، سەیری پڕۆژەی بودجە بكەین، ئەو كەمكردنەوانەی كە كراوە ئەتوانرێ بەشێوەیەك لە شێوەكان لەگەڵ هەندێك لە كەمكردنەوەی تریش كە بەڕێوەیە، خزمەتی هەموو ئەو موفرەدات و گووتەزایانەی پێ بكرێت، وەكو ناوچە جێ ناكۆكیەكان، وەكو زیاد كردنی مووچەی كەرتە خزمەت گوزاریەكان و كەرتی تەندروستی و كەرتی پەروەردەو هەموو ئەو لایەنانەی كە پێویستن، یەعنی هەر هەموومان بەو ڕوحیەتەوە مامەڵە بكەین لەو بودجەیەدا، كە چەند هەنگاوێك بیبەینە پێشەوە، وەبەشێوەیەكی میهەنی و پیشەیی مامەڵەی لەگەڵدا بكەین، بەڕاستی وادەزانم زیاتر خزمەت دەكەین بە دۆزی پەرلەمان، بەدۆزی حكومەت، بەو دۆزانەی كە ڕووبەڕووی گەلەكەمان دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم كەم كردنەوانە نەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئیحتیاتاتی، چونكە ئێمە هەندێك ئەهدافی سیتراتیجی خۆمان باسمان كرد، ئەو ئەهدافانەی پێ پڕبكەینەوە، وەكو ئەوەی كەوا وتمان نا هاوسەنگیەك هەیە لە نێوان مەشروعەكانی هەندێك قەزاو ناحیە، هەروەها پڕۆژەی گەنجان، بێ نەوایان، بێوەژنان، ئەنفال، هەندێك نەقوسانی هەیە كە بەرژەوەندی گشیتە، من پێموایە بۆ ئەو بەرژەوەندیانە بگەڕێتەوە بۆ چین و توێژەكان و بۆ ناوچە دابڕاوەكان، ئەو ئەهدافانەی خۆمان دەپێكین و ئیستیفادە لەم كەم كردنەوەیە دەكەین وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێزعمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەو ئەو بڕیارانەی کە هەبووە، بڕەکان بەم شێوەیە دەرچوون، 19 ملیار لە حیسابی ئیعانات کەم کراوەتەوە ئێستا، 19 ملیارو ئەوەندە ملیۆن، لە حیسابی مینەح 21 ملیار و ئەوەندەیە، ئەوجا ئێستا ئەو بڕەی کە بۆمان دەرچووە نزیکەی بڕی 40 ملیار دینارە، ئەو 40 ملیارە ئەتوانین ئەو عەجزەی کەهەیە تایبەت بە میزانیەی پەرلەمان پێی پڕ بکرێتەوە، دوو تایبەت بەو پێشنیارەی کە بەڕێز لیژنەی دارایی و ئابووری وە خۆشم ئەندامم تێیدا وە پێشتر هەمان بوو، تەصەوڕ دەکەم عەجزەکەی پێ پڕ نابێتەوە، نزیکەی 60 ملیار بوو ئەوەی کە تایبەت بوو بۆ زیارد کردنی مووچەی ئەنفالکراوان و شەهیدان و کەم ئەندامان، بۆیە ئێستا ئەو بڕە پارەییەی کەهەیە، ئەکرێت ئەو پێشنیارەی کە چەند پەرلەمانتارێك هەی بوو، بۆ زیاتر خزمەت کردنی ئەو شوێنانەی کە ڕاگوێزراون، کاول کراون، بۆ خزمەتگوزاری کە وەکو پێویست نەگەیشتۆتە دەستیان، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم بڕە پارەیە بۆ ئەوەی یەکسانی لە خوێندن، یەکسانی لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، یەکسانی لە ژیان دروست بێت، تەرخان بکرێت، بۆ گەشە پێدان و خزمەتگوزاری لەو ناوچانەی کە پێشتر دامانابوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەرانی ئێمە پێشنیارێکیان کرد، ئەو پارەیەی کە ماوەتەوە، بۆ کەرکووك و ناوچە جێ ناکۆکەکان تەخصیص بکرێت، بۆیە کە پێشنیارێك کرا دووکەس تەئیدی کرد پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەکەین ئەو تێبینیە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەو پارەیە بۆ کەرکووك تەخصیص بکرێت یان نەکرێت؟ داواکاری بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەرتەنها لە ئیعانات و بەخشین و مەسروفاتی ئوخرا پارەمان کەم نەکردۆتەوە، ئێمە لە کۆمەڵێك پڕۆژەی تر کە ناوی پڕۆژەی حیزبی لێنراوە، یاخود شەخسی لێنراوە کەممان کردۆتەوە، پێشنیاری ئەوە

دەکەم جارێ ناوی هیچ شوێنێکی لێنەنرێت ئەو پارانە، بەڵکو هەمووی بەیەکەوە بزانین لەکوێ پێویستیمان پێی هەیە، ئەولەویاتمان هەیە، ئەوێی پێ پڕ بکەینەوە، ئەو کاتە دەزانین عەجزەکانمان لە کوێیە؟ ئەوەی کە گلیشمان داوەتەوە چەندە؟ ئەوە یەکیان، دوو: من پێم باشە و پێشنیاری ئەوە دەکەم هەرچی پارەمان هەیە بچێتەوە وەزارەتی دارایی، چونکە بەخۆمان داوادەکەین هەرچی داهات وهەرچی مەسروفات هەیە، لە ڕێگەی وەزارەتی داراییەوە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەنگدان ئێمە وتمان ئەو پارانە، ئەو پرۆژانەی لادەدرێن، ئەکرێن بە پرۆژە لە هەمان پارێزگا، ئەمە دەنگی لەسەر دراوە، نابێت بگۆڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حسن فەرمووە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەگەر مەبەست لە کەم کردنەوەی ئەو بڕە پارانەی کە لە مینەح و ئیعانە کراوە، بۆ مەبدەئی مناقەلە بێت، دیارە ئەمە عەمەلیەکی نەقوستانە، چونکە خۆی مەبدەئی مناقەلە هەر خۆی لە یاساکە هاتووە، کە دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی ئەتوانێت لێرە کەمی کاتەوەو بیباتە ئەوێ، ئەبێت لە حالەتێکدا لێرە زیاد بوو، وە دەشتوانێت لێرەشەوە هە تا ئەگەر بڕیاریش بدەین، جارێکی تر بیهێنێتەوە بۆ ئێرە، ئەگەر قسەی لەگەڵ نەکرێت، بۆیە من پێم وایە یەعنی هەر لیژنەی دارایی، کە ئیقتیراحی کەم کردنەوەی ئەم سێ شوێنەیان دا، بۆ ئەوە بوو کە فعلەن وەکو کاك عمر صدیق وتی، پێشنیاری ئەوە هەبوو کە ئەم پارەیە بدرێت بە کەم ئەندامان، وە هەروەها بدرێت بەو ناوچانەی کە وەختی خۆی ڕاگوێزراون لە سەردەمی ڕژێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پارەیەی کە لە خاڵی چوارەم و پێنجەم بڕاوە، واتە لە ئیعانات و مینەح، پارەیەکی نیشتیمانیە، واتە لە وەزارەتەکان بڕاوە، لە پارێزگاکان نەبڕاوە، واتە بەشێکە لە بودجەی نیشتیمانی، بۆیە من پێشنیار دەکەم، پێشنیاری یەکەمم کە خستمە ڕوو وەچەندین ئەندام پەرلەمانی تر تەئیدیان کرد، بخرێتە دەنگدانەوە، بەم شێوەیە، بڕی کەم کراوە بۆ قەرەبوو کردنی ئەو زیادانەی پێشنیار کراون لە یاسای بودجەدا بۆ

پشـتیوانی پـرۆژە خزمـەت گوزاریـەکانی کـەرکووك و ناوچـە دابڕاوەکـان تـەرخان بکرێـت، زۆر سـوپاس، هیوادارم ئەم پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی یاسا، کە تۆ لە یاسایەك مەسروفات زیاد دەکەی، لە شوێنێکی تـر کـەم دەکـەی، جارێ بـە پێـی یاسا دەبێت ئەو زیادە پڕبکەیەوە ئەوجا بچیە خـاڵێکی تـر، ناکرێـت ئـەو زیـادە بـەجێ بهێڵـی ئـەو پـارە ببەیـە شوێنێکی تر، ئەم زیادەش لە جێگەی خۆی بمێنێت، لەبـەر ئـەوە دەبێـت ئێمـە یەکـەمجار ئـەو زیـادەی کـە لەسەر هاتووە پڕبکەین، ئەگەر بڕیاری لەسەر درا ئەوجا ئەگـەر پـارە مایـەوە بیبەینـە خـاڵێکی تـر، ئەگـەر نەما.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو پارانەی کە دەبڕێتەوە، چونکە لەناو پێشنیارەکانی تریشا کەمێك دەسکاریمان کـرد، لەوانەیە بڕەکە زیاتر بکرێت، ئەمە نەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە هەیە، بڕی کەم کراوەکە بۆ قەرەبوو کردنـەوەی ئـەو زیادنـەی پێشـنیار کـراون، لـە یاسـای بودجـەدا بـۆ حیسابی ئیحتیـاتی دارایـی، ئەوسا هەر لەناو ئەو ڕاپۆرتەدا هەم دیسان جارێکی تر هاتۆتـەوە لیژنـەی دارایـی، داوا کـراوە دەڵێـت، ئێمـە داوادەکەین سندوقێك دروست بکرێت بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، لە زمنی یاسـای دەسـتەی ناوچـەکانی دەرەوەی هەرێم، کەواتە هەر خۆی ئۆتۆماتیکی ئەو دەستەیە دروست بوو، بەڕێز وەزیری دارایی وتی بۆیـە لە ئەخیرا ئێمە پارەمان نەبڕی، لە ئەخیرا دەنگماندا بۆ سفر، چونکە ئـەو دەسـتانەی کـە دروسـت دەکـرێن، لـەوێ پـارەی بـۆ دادەنرێـت، وە لـەوێش ئیحتیاتەکـە ئەخرێتـە ئـەوێ ئەوکاتـە، لەبـەر ئـەوە مـن داوادەکـەم نەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵکو بە پێی ئەو تێبینیەی کە باس کراوە، بڕی کـەمکراوە بـۆ قـەرەبوو کردنـەوەی ئەو زیادانـەی کـە پێشـنیار کـراون لـە یاسـای بودجـەدا بـۆ ئیحتیـاتی وەزارەتـی دارایـی، هـەر ئـەوە بخرێتـە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عزیمە خان کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕە پارەیە لە 5٪ کەم کراوەتەوە، بکرێتە سەر سندوقی هاریکاری بۆ گەنجان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت پرسیارێك بکەم، ئایا میزانیەی پەرلەمان زیاد دەکەن یان نا؟ یەعنی ئێستا موفتەرەح دەبێت زیاد بکرێت، ئەگەر زیاد بکرێت، ئەم ئیستیقتاعانەی ئێستا، ئەو فەسڵ و مادانەی کە هاتووە کە ئەکرێت، 45 ملیار، چل و نیو ملیارە، ئەمە ئەگەر 22 بۆ پەرلەمان بڕوات، 18 ئەمێنێتەوە، 19 ئەچێت، ئەو باقیەی پارەکە چەندێك بمێنێتەوە کەوا بەشی ئەو زیادە ناکات کە موفتەرەحە لە مەوزوعی کەم ئەندامان و ئەوانە هاتووە، یەعنی لەبەر ئەوە بەشی ناکات ئەو پارەیە، چونکە ئێمە ئەوەی کە وتوومانە ئێستا دووقاتی ئەوە زیاد کراوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین کە زیادەیان بۆ نەکرێت، بەڵام حەز دەکەم جەنابتان بیزانن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیقتیراحتان چیە؟ وەکو حکومەت.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەڵێین بودجەی تەشغیلی چی لێ ئیستیقتاع دەکرێت، لە بودجەی تەشغیلیا سەرف بکرێت، بۆ موازەنەی میزانیەی پەرلەمانە، ئەوە بۆ زیادەی ئەو زیادانەیە کە ئێستا دانراوە بۆ ئەو شەرائیحانەی کەلە پێشتانە کەم ئەندامان، ئەوجاکە چی زیاد دەمێنێتەوە، بۆ کوێ دەڕوات؟ ئەوە بە نیسبەتی ئێمەوە خۆتان قراری لەسەر دەدەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ دەنگدان پابەند بین بەو ڕیز بەندیەی کە لە پێشنیارەکاندا هاتووە، واتە ئەوی تایبەتە بەدابین کردنی بۆ سندوقێك، لە کاتی خۆیدا دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تکراری کەرەوە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر دەنگدان لەسەر هەر بڕگەسەك لەو بڕگانە کرا، با وەکو ڕیز بەندیەکەی خۆی کە هاتووە دەنگی لەسەر بدرێت، ئەوەی کە تایبەتە بە تەرخانکردنی بڕێك بۆ ئەو سندوقەی کە پێشنیار کراوە، بۆ جێ ناکۆك لەسەرەکان، با ئەوە لە کاتی خۆیدا بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابتان فەرمووتان کە هێشتا پێشنیاری تریش ماون کە ڕەنگە لەسەر زۆر فەقەراتی تر هەبن، هەرتەنها ئەوە نین کەلە ڕاپۆرتەکەدا هاتوون، من پێشنیار دەکەم لەسەر تەخسیس کردنی ئەو پارە ئیستیقتاعانە ئەم مەوزوعە بوەستێنین، بەردەوام بین لەسەر پێشنیارەکانی تر لە دواتر، پێشتریش وابزانم برای بەڕێزم کاك شۆرشیش باسی کرد، دواتر موجمەلی ئەو پارانەی کەوا دەمێنێتەوە، تاوەکو ئیستیقتاع، تاوەکو موجمەلی گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکرێت، کە چەندی بۆ کوێ بچێت و، چەندی بۆ کوێ بچیت؟ بۆ ئەوەی لەم مەوزوعە دەربچین پێشنیار دەکەم، بەردەوام بین لەسەر پێشنیارەکانی تر، بخرێتە ئەخیر پێشنیارەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك زانا کەرەمکە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێمە ئەم ڕێژەی لە 5٪دانە، بەس بۆ بەبیر هێنانەوە ئێمە لە ماددەی 22 پرۆژە یاسایەکەدا هاتووە، ئەگەر هەستمان کرد، عەجزێك هەیە لە هەندێك حاڵەتدا جەنابی وەزیری دارایی خۆی مافی هەیە، ئەتوانێت لەو بودجەیەی کە تەرخانی کردووە بۆ وەزارەتەکان بەڕێژەیەکی موناسب لێی کەم بکاتەوە، کەواتە ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەبەبی یەکەمی ئەو ڕێژەی لە 5٪دایە، ئەگەر ئێمە تەنها ڕێژەکە بۆ ئەوە ئەبڕین هیچ بەهایەك نامێنێتەوە بۆ بڕینی ڕێژەی لە 5٪کە، ئەگەر بەهەمان شێوە ئیحتیاتی بخەینەوە بەردەمی وەزارەتی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خانم ئاخیر جارە و کەرەمکە، ئیتر تەواو دەبێت، موقتەرەحەکان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە هەر پێشنیارێك لە كۆبوونەوەی پەرلەمان، دوو كەس تا سێ كەس تەرحی كرد، ئەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، پێموایە ئەوەی كە بخرێتە صندوقی كەركووك و جێ ناكۆكەكان، بخرێتە دەنگدان، چونكە پێشنیارێكەو زۆر كەس تەرحی كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.أحمد كەرمكە.

**بەڕێز د.أحمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارێكم سەرەتا بۆ جەنابتان هەیە، جاروبار سەیرێكی ئەملایە بكەن بەڕاستی، یەعنی ئێمە لە زووەوە دەستمان بەرز كردۆتەوە، ئەوانی دوای ئێمە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە وەرە سەر ئەوە، خۆ هەمووی بەیەكجار قسەناكەن، برای بەڕێزم، ئەوە سرەت هات، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد ابراهیم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوانی دوای ئێمە دەستی بەرز كردۆتەوە دواتر قسەئەكات، من پێموایە ئەم كەمكردنەوانە هەڵبگرین بۆ دوای ئەوەی هەندێك كەمكردنەوە، كە ڕەنگە ئەو پێشنیارەی كاك دڵشادم پێ باشە، بەڕاستی بۆ ئەم كەم كردنەوانەی تریش كە دەكرێت، دواتر ئێمە ڕەنگە هەندێ شتی ترمان هەبێت كە ڕەنگە زیادی بكەین، وەكو ئەوەی كە پێشنیار دەكرێت بۆ پەرلەمان كە دەنگی لەسەر دەدرێت، شتێكی تریش هەیە كە ئێمە ئاگامان لێی بێت بەڕاستی، ئێمە پرۆژەی ساڵانی پێشوو، بەتایبەتی ساڵی 2009، ئێمە یەكێك لەوانە بە بەڵگە خستمانە ڕوو، كاتێ كە جەنابی وەزیری پلان دانانیش لێرەبوو، كە نەخراوەتە پرۆژەكانی ساڵی 2010 وە، ئەمانەش حیسابیان بۆ بكرێت لەو پارانە بۆیان دابنرێت، واتە ئەو پرۆژانەی كە نەخراونەتە پرۆژەكانی ساڵی 2010، هی 2009 ماونەتەوە، پێشتر بڕیاریان هەبوو ئەمانە بخرێنە ناو پرۆژەكان، لەو پارانە حیسابیان بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل كەرمكە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی دەبێت بە پێی ئەولەویەت بێت، ئێمە لەڕاپۆرتی خۆشماندا پێشنیارمان كردووە بۆ لیژنەی دارایی، لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی داراییش هاتووە دەڵێت، ئەو پارانەی كە زیادەو دووبارەیە بگەڕێتەوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان، بۆ خزمەت كردنی ناوچە زەرەر مەندو زیان لێكەوتووەكان لە هەرێمی كوردستان، زۆر

موناقەشە كـراوە، وەلـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـش هـاتووە دەبێـت ئـەوە بخرێتـە دەنـگ، پـێش ئـەوەی هـەر پرسیارێكی تریش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێزان تـەواو، ئێسـتا بـەو موفتەرەحانـەی، ماشـەڵا زۆر بـوون، هەمووشـی تەسـنیە لەسـەری هەیـە، موفتەرەحی بۆ كەركووك و ناوچە كێشەدارەكان، موفتەرەح بۆ ئەو شوێنانەی كە زیانیان لێكەوتووە، كاك سلام نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم هەر پێشنیارەك دەبێت سێ كەس (علی الأقل) پێشكەشی كردبێت، ئێستا ئەو پێشنیارەی 10كـەس، سێ كەس هەڵسان وتیان زۆر پێشنیاری تر هەیە، چارەنووسی زۆر پارەی تر دێت، ئەم بڕگە 6 بـا تـەئجیلی بكەین هەتاوەكو ئەخیری هەموو پێشنیارەكان تـەواو ببێـت، بـەڵكو بتـوانین ئـەوە بكـەین، ئـەوە پێشـنیارە، دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی پێشنیاری ئێوە چی دەكرێت؟.

**بەڕێز د.محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە وەكـو لیژنـەی دارایـی، لـە لیژنـەی خۆمانـەوە، پـێش هـەموو كەسـێك پێشـنیاری ئـەوەمان كـردووە، سندوقێك بۆ ناوچە جێ ناكۆكـەكان دابنرێـت، پێشـتر داوای سـندوقێكمان كـردووە، داوای ئـەوەمان كـردووە لەلایەك، لەلایەكی تر پێشنیاری ئەوەمان كردووە ئەو پارانەی كە دەبڕدرێت ئەگەڕێتەوە بـۆ ئەوناوچـانەی كە لێیان بڕاوە بۆ هەرچ پارێزگایەك بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موفتەرەحی ئێمە وەكو لیژنەی دارایی بۆ ئەم مەوزوعـە بیـزات، بـڕی كـەمكراوە بـۆ قـەرەبوو كردنـی ئـەو زیادانەی كە پێشنیار كراون، لە یاسای بودجەدا بۆ حیسابی ئیحتیاتی وەزارەت، ئەمە موفتـەرەحی ئێمەیـە، بـڕی كـەمكراوە بـۆ قـەرەبوو كردنـی ئـەو زیادانـەی كـە پێشـنیار كـراون لـە یاسـای بودجـەدا، بـۆ حیسـابی ئیحتیاتی لەوەزارەتی دارایی، ئەمە نەسی پێشنیارەكەیە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایدا هاتووە لە خاڵی 4 دەڵێت، ئەو بڕە پارەییەی کە زیادەو دووبارەیە بگەڕێتەوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان بۆ خزمەتکردنی ناوچە زەرەرمەند و زیان لێکەوتووەکان لە هەرێمی کوردستان، کە کەمترین خزمەتی پێگەیشتووەو پەسەندە، ئەوە لە ڕاپۆرتی خۆتاندا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم ئەو ڕاپۆرتە مەرج نیە خۆ ئاوا بڕوات، ئەویش دواتر دەنگدانی لەسەر دەدەین، یەك، دووەم، ئەوە دوو شتی زۆرجیاوازە، ناوچە زیان لێکەوتووەکان، لەگەڵ کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان و جێ ناکۆکەکان، دوو شتی زۆر جیاوازن، سێیەم، ئەو سندوقەی بەڕێزان لیژنەی دارایی باسی دەکەن، ئەوە بۆ ئەو پارەیەیە کە ئێستا لەناو پڕۆژەکەدا بۆی تەرخانکراوە، بۆ ئەو ئیزافەیە نیە کە ئەخرێتە سەری، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر ڕەئی خۆمان موسرین، ئەو کەمکردنەوەیەی لە ڕێژەکاندا کردوومانە، بەمەبەستی قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیادانەی کەلە یاسایەکەدا هەیە، وە پێشنیار کراوە، بەڵێ کەمکردنەوە بۆ ئەو زیادانە، بۆ تەعویز و ئەو زیادکردنەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە نیزامی، نیزامی نەبێت ئینجا ڕاتان ئەگرم، یەك کەسێك بەناوی نیزامیەوە موداخەلە بکات ڕای دەگرم، تکایە عاجز نەبن، هەرکەسێك بێت.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵەی کە تایبەتە بە سندوقی جێ ناکۆك لەسەرەکان ئەوە بڕگەیەکی جیاوازە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە ئێستا نەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارە یان نیزامیە، تكایە دانیشە، رەجائەن، بەڕێزان ئێستا چەند پێشنیارێك هەیە، ئەم پێشنیارانە یەكێ هەیە هی حكومەتە، تكایە رەجائەن، وا پێشنیارەكان ئەخوێنمەوە، پاشان یەك یەك پێی دێینە خوارەوە، یەكێكی پێشنیاری حكومەتە ئەڵێت، بۆ بودجەی تەشغیلی سەرف بكرێتەوە، چونكە لە بودجەی تەشغیلیە، بۆ بودجەی تەشغیلی سەرف بكرێت، موقتەرەحێك هەیە چەند بەڕێزێك ئیشارەتیان پێی كرد، بۆ كەركووك و ناوچە كێشە لەسەرەكان، موقتەرحێكی تر هەیە بۆ ئەو شوێنانەی زیان لێكەوتوو، لە كوردستان، وەكو هەڵەبجەو قەڵادزێ و خانەقین و كەركووك و ئامێدی و بارزان و بۆ هەموو ئەو شوێنانەیە، رەئی لیژنەی دارایی سندوقێك بۆ ناوچە كێشە دارەكان و ئەو ناوچانەی زیان لێكەوتوون، ئێستا لە ڕەقەم یەك دێین موقتەرەحی كە بۆ بودجەی تەشغیلی سەرف بكرێتن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمن ناڵێم نیزامیە، ئەگەر بە نیزامی نەزانم، من دەڵێم پێشنیارێك لەلایەن سێ كەس پێشكەش كرا، بۆچی ئەو پێشنیارەش نەخراوەتە ناو ئەو لیستە، ئەوەی خاڵی شەش ڕابگرین قەرار دان لەسەری تا تەواو ببین لەسەر هەموو پرۆژەكان، سێ كەس پێشكەشی كرد، بۆیە نیزامیە ئەڵێم، ئەوەش پێشنیار بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەش ئەخەینە دەنگدانەوە بەسەرچاو، ئەوە تەئجیلەكە لە پێشان دەخەینە دەنگدانەوە، كە تەئجیل بكرێت، هەر دێینەوە سەر نەفسی شت، هەر عەینەن دێینەوە، ئەم موقتەرەحەی ئەم بەڕێزانە كردوویانە، تەسەلسولی دەكەین، ئەو شوێنانەش وترا دێنینەوە ناوی، من پێم باشە ئەگەر ئەو بەڕێزانە پێشنیارەكەیان سەحب بكەن، ئێستا حەسمی بكەین، چونكە هەر دێینەوە سەر ئەوە، هەندێك دەڵێت بۆ ئەم وەزعە، ئەوی تر دەڵێت بۆ ئەم بابەتە، وە دێینەوە سەری، سەحبی ناكەن، سەحبی ناكەن موقتەرەحی كە تەئجیل بووە، بەڕێزان ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پێشنیارەی ئەم بەڕێزانە كردیان، موقتەرەحەكان حفز دەكەین لای خۆمان، جارێكی تر لە كۆتایی لەگەڵ موقتەرەحەكانی تریش ئەیخەینەوە موناقەشە، چەند كەسێك قسە دەكات ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە دوا بخرێت بۆ ئەوەی هەمووی پێكەوە بێت، دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو پێشنیارە ئێستا نەیەخێنە دەنگدان، یەك لەو پێشنیارەكانی تر ئەگەر ئیقرار بوو خەلاص مەفعولی نامێنێت، ئەوە تەئجیلە، ئیحتیوائی هەموویان دەكەین، ئیلغاء و تەئجیل ئیحتیوائی هەموویان دەكات، ئاخر مەفعولی نامێنێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی كەرەمكەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە لەبەر دەم دووشتی موتەناقزداین، لەلایەكەوە ئیقراح هاتووە بۆمان، كە مووچەی كەم ئەندامان زیاد بكرێت، ئێمە وەكو لیژنەی دارایی ئەبێت شوێنێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی كەوا ئەو تەعویزە بكەین، لەوە دۆزیومانەتەوە ئەو بابەتەی كە ئێستا باس دەكرێت، ئیلاقەی بەو سندوقەوە نیە، ئەوە بابەتێكی ترە، ئەگەر بەو حیسابە بێت كەواتە ئەبێت مووچەی كەم ئەندامان كەم بكەینەوە، ئەگەر ڕازین لەسەر ئەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، ئێستا پێشنیای تەئجیل كە بەقوەت ترە، وەكو بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ئیشارەتی پێی كرد، لەگەڵ ئیلغا، ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیل بكرێت؟ بۆ ئەوەی لەگەڵ بابەتەكانی تر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە؟سوپاس، تەئجیلی دەكەینەوە، نەوەكو بۆ وەختێكی تر، بۆ ئیحتیمالە هەر ئەمڕۆ بێینەوە سەری، ئیحتیماله پێشنیارەكان ئاخیر پێشنیارە، بچێتە ئاخیر پێشنیار، زۆر تەبیعیە جارێكی تر دێینەوە سەری، ئەوە چوو، بچینە خاڵێكی تر تكایە، زۆر كاتمانی برد ئەوە، بۆ خاڵی حەوت تكایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی حەوتەم: زیاد كردنی ئەو ماددەیە بۆ یاسای بودجەی 2010، ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕەزامەندی بدات لەسەر ڕەش نووسی حیساباتی كۆتایی، (الحسابات الختامیة)، كۆتایی مانگی ئایار، وە دواتر لە كۆتایی مانگی حوزەیراندا پێشكەشی پەرلەمانی دەكات، بە پێی هەردوو ماددەی 37-38 لە یاسای كارگێری دارایی ، قانون ئیدارە مالیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی حیساباتی خیتامی بە حەقیقەت گرفتێكی گەورە هەیە، بۆ ئەوەی باش لە و مشكیلەیە لە داهاتوو دا، یەعنی ئەو مشكیلەیەمان نەیەتە ڕێ، قانونێك هەیە، پەیڕەوی دەكرێت لە عیراق، بەپێی ئەو قانونە حكومەت ئەتوانێ لە كۆتایی مانگی سێ بتوانێت حیسباتی خیتامی ئامادە بكات، وەدوایی ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، مانگیكیش هەیە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، بڵێین پێدابچێتەوە، دواتر لە مانگی حوزەیران، ئیقرار دەكرێت مسوەدەكەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بۆیە ویستمان بە شێوەیەكی یاسایی كێشەی حیساباتی خیتامی نەمێنێت، بە پێی ئەو ماددانەی كە هاوڕێكەم باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز  كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەسەر ئەم پێشنیارەی پێشتر قسەم هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەجائەن، ئەوە خەلاس بوو، كاك  زانا فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەم برگەی ئەخیر ناڕوونیەكی زۆری تیا هەیە، لەبەر ئەوەی پێشتر سەرۆكی لیژنەی دارایی وتی، ئەو ڕاپۆرتەی پێشكەش دەكرێت شەش مانگی یەكەم پێی ناوترێت حیسابی خیتامی، پاشان لێرە هاتووە ڕێژەیەكی حیسابی كۆتایی2010، ئایا ئەمە تەنها ڕاپۆرتە یاخود حیسابی خیتامیە، ئەگەر ئەمە هی 2010یە، وەلە پرۆژەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایشدا ئاماژە دراوە بەوەی كە وەكو جێبەجێ كردنێك لە یاسای ئیداری ومالی رقم (94) عام 2004، هەتا ئەبێت لە 4/15 پێشكەشی بكات، هەست دەكەم ناچۆنیەكێك هەیە لە نێوان هەردوو ڕاپۆرتەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەجائەن، جواب بدەنەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

2010 كە حیساباتی خیتامی بۆ ساڵی ئایندەیە، سوپاس.

**بەڕێزكوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاد كردنی هەر ماددەیەك لە یاسای بودجەكەدا، پێویستە لەكاتی پرۆژە یاسایەكەدا موناقەشە بكرێت، نەوەكو لێرە بەڕاستی ئەبوو ئەوكاتە باسی بكەین و بڵێین ئیزافەی دەكەین، چونكە خۆ ئێمە نەچوینەتە سەر باسی پرۆژە یاسایەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به حەقیقەت ئەوە پێشنیارێکی نوێ بوو لە دەرئەنجامی موناقەشاتی ئەم دوو سێ ڕۆژە هاتە کایەوە، وەکو هەموو پێشنیارەکاتی تر کە ئێستا 2 سەعات لەمەو پێش هاتۆتە بەر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە ئەم پێشنیارە تەئجیل دەکرێت بۆ کاتی قانونەکە، ئێستا دەڕۆینە خاڵێکی تر، ئەمە بۆ کاتی یاسایەکە، سوپاس، فەرموو خاڵێکی تر.

**بەڕێز محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی هەشتەم/

گرنگی دان بە پەرەپێدانی ناوچە سنووریەکانیەکان و گوندەکان بە گشتی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

غەیری ئەو پێشنیارانەی کە خستمانە بەردەست، لە لایەن لیژنەکانەوە چەند ئەندامێکی تری پەرلەمانەوە، چەند پێشنیارێکی تر هاتووە، هەر چەندە پێشنیارەکانی ئێمە کە سەیرمان کرد، لەو ڕۆژانەی پێشوو تردا، زۆر لە برادەران گلەیی ئەوەیان دەکرد عەلا ئەساس لە ڕاپۆرتی لیژنەکان ئێمە کەم کردنەوەمان تیا کردووە، بەلام بۆ ئەوەی تەئکید کە بزانین زۆربەی تکرارە، یاخود زۆربەی ئێمە لە ڕاپۆرتەکەی خۆمان جوابمان داوەتەوە، هەندێکی ئەخوێنینەوە ئەیخەینە بەر دەستان، ئێمە تەدریجێکمان کردووە، لە هەمووی و لای جەنابیشت هەیە، زنجیرەیەکمان پێ داوە، یەکەم، یەکێك لەو پێشنیارانە ئەڵێت، پێویستە لیژنەی دارایی حکومەت مولزەم بکات، بەئامادە کردنی بودجە لە کاتی یاسایی خۆیدا، پاساوەکانی وەزارەتی دارایی ڕەت بکاتەوە، ئەمە خاڵی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو پێشنیارەمان لاپەسەندەو کردوومانە بە ماددەیەکی یاسایش لە پڕۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ خاڵی دوو بڕۆ.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم، پێویستە هەموو وردەکاریەکانی بودجە، پڕۆژە پێشنیار کراوەکان، پڕۆژە بەردەوامەکان، هەروەها بڕگەکانی بودجەی وەبەرهێنان التشغیلیە، بگاتە دەستی ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی یاسای خۆیدا، بۆ

ئـەوەی دیراسـەی وردو زانسـتی لەسـەر بکـات، لەلایـەنی ئێمـە پەسـەندە، وەئـەو شـتانەش لـەکاتی خۆیـدا گەیشتووەو شتی چاکە بۆ داهاتوو، سێیەم، پێویستە لیژنەی دارایی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕاوەستە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر پەسەند بێت، کەرەمکە لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم جۆرە فەقەرانە کە برای بەڕێزم ئیشارەتی پێدا، ڕەنگە هەمووی نەکرێت بچێتە ناو یاسایەکەوە، بەلآم ئیمکان هەیە دەنگی لەسەر بدرێت، وەکو تەوصیەیان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە خوێندرایەوە، دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ پێشنیارە، کێ لەگەڵدایـە دەستی بەرز بکاتەوە؟یەك خاڵی خوێندەوە، تکایە یەك یەك بیخوێنەوە، پەلە مەکە مەچۆ خـاڵێکی تـر تـا دەنگ لەسەری نەڕوات.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە لیژنەی دارایی حکومەت مولزەم بکات، بەئامادە کردنی بودجە لە کاتی یاسایی خۆیدا، پاساوەکانی وەزارەتـی دارایـی ڕەت بکاتـەوە، ئەمـە لای ئێمـە وەکو لیژنـەی دارایـی شـتێکی پەسـەندەو، بـەلآم تکـرار لـە ڕاپۆرتەکەی خۆشمان داوامان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو پێشـنیارە بـە پێشـنیار دەبێـت تەقـدیمی حکومـەت بکرێـت، چـونکە بـە پێـی مـاددەی 79 لـە قـانونی پەیڕەوی ناو خۆی پەرلـەمان دیـاری کـراوە، دەڵێـت، (الموازنـة الى المجلس في بدايـة تشـرين الاول قبـل السـنة المالية تحال على اللجنة المالية والاقتصادية بمشروعات قوانين الموازنـة العامة والحساب الختـامي فـى كـل سـنة حال ورده لتقديمه ومناقشته).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە، هەموو ساڵێك ئەوە هەبووە و تەئخیر هاتووە، بۆ ئەوەی پەرلەمان شتێك بکات، کە حکومەت وردتر کار بکات، لە کاتی قیاسی خۆی پڕۆژەکان بنێرێت، ئەم پێشنیارە بۆ ئەوەیە، بەڕێز کاك فرسەت ئەیەوێ موداخەلە بکات، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناتوانین وەکو پەرلەمان تەئکید لەسەر نەسێکی قانونی بکەینەوە، وە ساڵێکی تر ئیلتیزام پێ بکرێت، هەر کاتێك ئیلتیزامی پێ نەکرد، پاشی ساڵێکی تر با موسائەلەی حکومەت بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ناخەینە دەنگدان، بڕۆ بۆ خاڵی دووەم.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم، پێویستە هەموو وردەکاریەکانی بودجە، پڕۆژە پێشنیار کراوەکان، پڕۆژە بەردەوامەکان، هەروەها بڕگەکانی بودجەی وەبەرهێنان التشغیلیە، بگاتە دەستی ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی یاسایی خۆیدا، بۆ ئەوەی دیراسەی ورد و زانستی لەسەر بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە گوێتان لێی بوو، فەرموو کاکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەش هەر لە ماددەی 79 کە دەڵێت، میزانیە دەبێت لە کاتی خۆی بگات، ماددەی 80 باسی لەوە کردووە کە لیژنەکان لە 30 ڕۆژدا وردەکاری خۆیان دەکەن، کەواتە تەحصیل حاصلە لەگەڵ میزانیە کە هات، هەموو پڕۆژەو وردەکاری ئەوەی لەگەڵدایە، ئەو 30ڕۆژە لیژنەکان خەریکی چین؟ لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارەش پێویست ناکات قسەی لەسەری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح کەرەمکە.

**بەڕێز صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان وەکو جەنابت فەرمووت، لەگەڵ بوونی ئەو بەندەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هەیە، تەئکید دەکاتەوە لەسەر وەقتی یاسایی پێشکەش کردنی بودجە، بە هەموو وردەکاریەکانیەوە، تەماشا دەکەین هەموو ساڵێك دواکەوتووە، وە ئەمساڵیش هەر دواکەوت، بۆیە بوونی ئەوە وەکو پێشنیارێك،

وابزانم قوەتێکی زیادە دەدات بە پەرلـەمانی کوردسـتان، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم وەکـو پێشـنیارێك تەئکیـدی لەسەر بکرێت، پەسەند بکرێت لەلایەن هاوکارانی بەڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی دوو، فەرموو کاکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فەرەج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەندامی دوو لیژنەم، لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و گواسـتنەوەو گەیانـدن، لیژنـەی نەزاهـە، لـە هیچ یەکێك لەو لیژنانە، ئەو تەفاسیلەم نەبینیوە، حیساباتی خیتامی و ئەو شـتانە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم، دەنگی خۆم ئەخەمە پاڵ پێشنیاری کاك صباح، ئەو مەوزوعە تەئکیدی لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵ ئەوەیـە ئەمـە بکرێتـە پێشـنیارو بنێردرێـت بـۆ حکومـەت، وەکـو لیژنـەی دارایی خوێندیانەوە، تکایە دەستان بەرز بکەنەوە؟زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە کە نەنێردرێت؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا. یەك کەس دژە، تکایە ڕوونی بکەنەوە، ئەمە سەرنج و تێبینەیە یان پێشنیارە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم سەیرە باس لەوە دەکەین پێشنیار بدرێت بە حکومەت، بۆ تەئکید کردن لەسەر پابەندی بە قانون، ئەبێت لێرە باسی موسائەلەو لێپرسـینەوە بکرێـت، ڕەجاتـان لێ دەکـەم پێـنج ساڵە، شـەش ساڵە ئـەم پێـنج شەش دەورەیە ئەم بەزمە دووبارە دەبێتەوە، هەق وابوو پەرلەمان بە جورئەتەوە لێپرسینەوە بکات، کە بۆ چوار مانگە بودجە وادوا کەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا نەکـەوتووە، بـاش هـاتووە، حکومـەت درەنـگ هاتـە سـەرکار، بـرای بـەڕێز، درەنـگ مـانگی 10 هـاتووە، هەتاوەکو حکومەت تەشکیل بووە، یەعنی کـاتێکی دەویسـت، میزانیـە زۆر زۆر حەساسـە، تـەواو بـڕۆ خـاڵی سێ.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵی سـێیەم، پێویسـتە لیژنـەی دارایـی وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان مـولزەم بکـات، بـە ئامـادە کردنـی حیسـاباتی کۆتـایی سـاڵانی 2008-2009 بـە هـاوپێچ لەگـەڵ حیسـاباتی کۆتـایی وەزارەتـی دارایـی بگاتـە پەرلەمان، لە ماوەی یاسایدا، واتە لە 2010/4/15 تێپەر نەکات، بەڵام خۆی بە پێی یاسا ئەبێت لە مانگی 5 ئەو شتە بکات، وە پێشنیاریش دەکەین، کە وەکو پێشنیارێك بیکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی كەرەمكە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەحصیل حاصلە، ئەو وەزارەتە لەگەڵ كۆی خولاَسەی میزانیەكە ئەی گەیەنێت ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕۆینە خاڵی چوار، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چوارەم: وردبینی و پێداچوونەوە بكرێت لە مۆڵەتی پالأوگەكان، بە پێی یاساو ڕێسا جیهانیەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی درارایی كەرەمكە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە پەیوەندی بە موازەنەوەنیە، لیژنەی زراعە یان پەرلەمان خۆی موتابەعە دەكات، سوپاس.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی پێنجەم، پێویستە وەزارەتی پلان دانان، پلانی 5 ساڵەی خۆی بنێرێتە پەرلەمان، بۆ ئاگاداربوون و موافەقە لەسەری، بۆ ئەوەی پەرلەمانتار چاودێری پڕۆژەكان بكات، پێویستە بۆ هەموو پڕۆژەیەك لە سەر بنەمای زانستی دیراسەی جەدوای ئابووری بكرێت، لەسەر بنەمانی ئەو جەدوایە ڕیز بەندی بۆ پڕۆژەكان بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی كەرەمكە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو بابەتە لە یاسایەكەدا هەیە، پەیوەندی بە موازەنەوە هەیە، لاریمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە رەئیت جارێكی تر بیڵێ.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو بابەتە پەیوەندی بە موازەنەوە هەیە، لاریمان نیە، پەرلەمان ئەتوانێت بەدواداچوونی بۆ بکات، یان هەر لیژنەیەك لە لیژنەکان ئەتوانن ئەو بەدواداچوونە بکەن لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بچۆ خاڵی شەش، سوپاس.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵی ترمان لەلایە کەباسی بڕینەکان دەکات، لە ئیعانات و مینەح وئەمانە بڕیارمان لەسەر دا تازە نەگەڕێینەوە، خاڵی حەوت، ئەڵێت پێویستە مینەح و ئیعانات و مەنافعی ئیجتیماعی، مەصروفات ئوخرا، لە 30٪ کەم بکرێتەوە، بخرێتە سندوقی تایبەتەوە بۆ زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە دەنگی لەسەر درا، بڕۆ بۆ خاڵی حەوت، دروستە مەنافعی ئیجتیماعی، بەهەمان ئەوە هاتووە، کە کەم بکرێتەوە، بۆ 30، غەیری مالیش بۆ 50 ، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە لە پێشا بەڕێز وەزیری دارایی روون کردنەوە بدات، ئینجا دواتر بتوانین بڕیار بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری دارایی، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەنافعی ئیجتیماعی پێکهاتووە لە تەبەڕوعات و ئیعانات، وە شەبەکەی حیمایەی ئیجتیماعی، وە رەواتبی عمل و زەمان، وە پێشمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ کەرەمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم پێشنیارانەی کە لە لیژنەی دارایی بەشدار بووین، کرا وەکو پێشنیار، ئیلتیزامیش وەکو حکومەت بکرێت، ئێستا دکتۆر لەوێ دەڵێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن، ئەوە نیزامی نیە، دانیشە، نا نیزامی نیە، ڕەجائەن، دانیشە، کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین، جگە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وە جگە لە وەزارەتی تەندروستی، سەرجەم وەزارەتەکانی تر، یەکی 50٪ ی لێ ببڕدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز أحمد سليمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەو پێشنیارانە ئێمە لە لیستی کۆمەڵی ئیسلامی پێشکەشمان کردووە، نازانم هەر دەخوێندرێتەوەو ڕەت دەکرێت، ئایا دەنگی لەسەر نادرێت؟ ئەگەر پێشنیارە ئەی بۆچی دەنگی لەسەر نادرێت؟ بە بوون یان نەبوون با دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری ژمارە (6)، پێشتر کردوومانە برا، پێویست ناکات جارێکی تر دەنگی لەسەر بدرێت، پێشنیاری ژمارە حەوت، پێویستە مەوجوداتی غەیری مالی 50٪ کەم بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی کەمکردنەوەی ڕێژەیەك لە مەوجوداتی غير مالی، پێمان باشە لەهەمان کات بەڕێز وەزیری دارایی ڕوون کردنەوەیەکمان بداتێ، ئەوکات ئەتوانین بڕیاری ڕاست بدەین، سوپاس، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دووانی مەنافعیشی باس کرد، ئێستا مەوجوداتیشی باس کرد، من پێم باشە لە پێشا بە مەنافع دەست پێ بکەین، جەنابت وەڵامت دایەوە، وتت پێم باشە ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی / وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەکەم ئەبوایە، دوێنێکەش تەوزیحم داوە، بۆیە ئەمڕۆش هەندێك تەوزیحم داوە، مەسەلەن کە ئەڵێی تەبەڕوعات و ئیعانات ڕەنگ هەیە، بڵێن لێرە ئەمساڵ تەبەڕوع هاتووە ئیعاناتە، ئەمانە

بۆ مووچەی سوجەنای سیاسی، لێرە سەرف دەبێت، شەلەلی دەماغ، کەم ئەندامان، چاودێری خیزان، (پ،م)ی کەمئەندام، کەڕولاڵ، کورتە بالاً، تالاسیما، ڕێز لێنان، فەنانین، سەحافین، وەرزشکاران، ئەوانە هەمووی لەوێ، بێجگە لەوە هەر کەسێك، هەر فەرمانبەرێك کە خۆی ئەمرێت، 750 هەزار دیناری بۆ سەرف دەکرێت، وەئەگەر کوڕی یان کچی یان خوشکی یان برای کە ئەمرێت 500 هەزار دیناری بۆ سەرف دەکرێت، بەپێی زەوابت و تەعلیمات، ئەوە هەموو لە مەنافعی ئیجتیماعییە، وە کوڕی شەهیدیش یەك ملیۆن دینار وەردەگرێت، کە ژن دێنێت، ئەوە هەمووی لێرە سەرف دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. زانا فەرمووو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەوەی کە بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا، تایبەت بە ئیعانات، ئەگەر لێرەدا ئیعانات و تەبەروعات بریتی بێت لە هاوکاری کردنی زیندانیانی سیاسی، یاخود هاوکاری کردنی ئەوە شەبەکەی ریعایەی ئیجتیماعیە یاخود حیمایەی ئیجتیماعی دیگرێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەگەر جارێکی تر لێرەدا ئیعانات دووبارە ببێتەوە، کەواتە ئەو برەی کە تەرخانکراوە بۆ ئیعانات، ئەبێت بچێتە یان پاڵی ئیعانات، یاخود ئەم ئیعاناتە لە مەنافعی ئیجتیماعیدا لاببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە یاسایە، تەنزیم کراوە لە عیراق، بەم شێوەیە.

**بەڕێز د. جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەنافعی ئیجتیماعی جگە لەوەی پشتیوانی لە پێشنیارەکەی د.زانا دەکەم، من بۆ خۆم سەراحەتەن بەدواداچوونم لە چەند وەزارەتێك کردووە، یەك تاکە فلسم دەست نەکەوت، ئەو پارەیەی کە بۆ دیوانی وەزارەتەکان تەرخانکراوە، مەنافعی ئیجتیماعی بۆ کوێ چووە؟ یەك فلسیشم دەست نەکەوت بۆ کوێ سەرف کراوە؟ چونکە هەندێك جار دەڵێن، بۆ نمونە، کەس وکاری مامۆستا، کەس و کاری فەرمانبەرێك، دایکی قوتابیەك، کاغەزێك دێنێت دەڵێت کوڕەکەم نەخۆشە، دەچێتە وەزارەتی دارایی، لە وەزارەتی دارایی مەبلەغێکی بۆ دیاری دەکرێت بۆی سەرف دەکرێت، بەلاّم هیچ ئەساسێك نیە بۆ سەرف کردن، ئەو شتانە کە باسیش کرا، شەلەلی دەماغ و کەم ئەندام و چاودێری خێزان، ئەوانە پێم وایە لە

سنفی ئیشی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین، بۆیە بخرێتە سەر ئـەوەو کـەم بکرێتـەوە، بەڕێـژەی لـە 50٪ پێشنیاری ئەوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارەی کە بۆ کەم کردنەوەی 50٪، 10٪ هەیە، پێشنیارێك هەیە بچێتە سەر کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە 50٪ کەم بکرێتەوە لە هەموو وەزارەتەکان، جگە لـە وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی و وەزارەتـی تەندروستی، ئەوە پێشنیارەکەی ئێمەیە، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی تەندروستی، لەم دووانە هیچ نەبڕدرێت، بەڵام وەزارەتەکانی تر هەمووی لە 50٪ ی لێ ببڕدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە، پێشنیارێك هاتووە، کە 50٪ کەم بکرێتەوە، ئەم پێشنیارە ئەگـەر لاتـان پەسـەندە؟، بـە ئیزافـەی ئـەو چـەند موفتەرحـەی ئەنـدامێك پشـتیوانی لێـی کـرد، کـە جگـە لـە کاروبـاری کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتی، لـە هـەموو وەزارەتـەکان لـە مـەنافعی ئیجتیمـاعی 50٪ کـەم بکرێتـەوە، کـێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟سوپاس، 32 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە؟ سوپاس، بەکۆی دەنـگ ڕەفز کرا.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵی حەوتـەم، پێویسـتە مـەجودات غـەیری مالیـە لـە 50٪ کـەم بکرێتـەوە و لـە سـندوقێکی تایبـەت بـۆ پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە زەرەرمەندەکانی کوردستان دابنرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیارە، نیزامیە، فەرموو کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێژەیەکی تریش هەبوو بۆ کەم کردنەوەی مەنافعی ئیجتیماعی کە ئێمە پێشکەشمان کردبوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حەسم کرا، خوشـکی مـن، ئـەوە ئەکسـەریەتی دەنگـی هێنـا، ئەگـەر لـە 30٪ یەکـە بخنەینـە دەنگـەوە هەردەرناچێت، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سووره :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەنافعی ئیجتیماعی، ئێمەش پێشنیارێکمان هەبوو لە لیژنەی تەندروستی، نەوەکو بۆ کەم کردنەوەی، بەڵکو بۆ تەخسیس کردنی بەشێکی مەنافعی ئیجتیماعی بۆ نەخۆشیەکانی کارەساتی هەڵەبجە و کیمیابارانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەنگە لە دواوە بێت، بەس هێشتا نەم بینیوە نازانم، خاڵی حەوت لیژنەی دارایی جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی حەوتەم، پێویستە مەجودات غەیری مالیە لە 50٪ کەم بکرێتەوە و لە سندوقێکی تایبەت بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە زەرەرمەندەکانی کوردستان دابنرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە، لای هەمووتان وازحە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ رەفز کرا، بۆ پێشنیاری هەشتەم.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری هەشت وابزانم ئەوە یەکلامان کردەوە، لە پێشنیارەکانی پێشتر، هەموو پڕۆژە دووبارە بووەکان لە پڕۆژە بەردەوام و پێشنیار کراوەکان لابرێت، بخرێتە سەر پڕۆژەی وەبەرهێنان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە تکرار بوو دەنگیشی لەسەر درا، بۆ پێشنیارێکی تر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی نۆیەمیش عەینەن شت بڕیاری لەسەر دراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵی نۆیەم، پێویستە هەموو پڕۆژەکانی حیزب لە بودجە دەربهێنرێت و ئەو پڕۆژانە ببنەوە بە پڕۆژەی وەبەرهێنان لەلایەن

حكومەتەوە، چ ئەوەی پەیوەستە بە بودجە، یان بە مووچەوە، وەك تەفەروغی كەوادری حیزبی و خانە نشینی حیزبی و بودجەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و گۆڤارو ڕۆژنامە حیزبیەكان بینای مەڵبەند ولقەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی هەشتەم جەنابیان وەكو پێویست نەی خوێندەوە، بڕگەیەكی تری لەگەڵدایە دەڵێت، بخرێتە سەر پڕۆژەی وەبەرهێنان و ژێرخانی ئابووری، یەعنی دەڵێت هەموو پرۆژە بەردەوامەكان و دووبارە بووەكان و پێشنیار كراوەكان لابرێت، بخرێتە سەر پڕۆژەی وەبەرهێنان و ژێرخانی ئابوری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە دەنگی لەسەر دراوە، پێش ئێستا ناكرێت ئەمە مناقەشەی لەسەر بكەین ئێستا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خاڵی نۆیەم، دووبارەیە، ئەویش دووبارەیە نایخەینە دەنگدانەوە، كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبارە نیە، چونكە هەندێك پڕۆژەی تری حیزبی هەیە كە لامان نەبردووە، بۆ نموونە، لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە دروست كردنی ئاوەڕۆیی سندوقی بۆ ماڵی بەڕێز سەرۆك كۆمار، یەعنی بێجگە لەو مەسەلەیەی بۆ تەلەفزیۆنی زاگرۆس پارە تەرخانكراوە، ئەوانە هەمووی پێشنیار كراوە، كەچی لانەبراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كەرەمكە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من تێبینیم کردبێت ئەو سندوقە پاش ئەوەی سندوقی ئاوەڕۆ بەدواداچوونمان بۆی کرد، بۆ دێی شەمساوەیە، بەبەردەمی ڕێگای مەقەری سەرۆك کۆماردا دەڕوات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام، کەرەمکە.

**بەڕێز ایوب نعمت ( ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ لیژنەی دارایم، چەند فەقەرەیەك لابرا، بەس ئەوەی کە ئێستا ماوە مەسەلەی تەفەروغی حیزبیە، کە هەموو لایەنێکمان دەزانین بە هەزاران خەڵك بەناوی تەفەروغی حیزبیەوە، لە سامانی گشتی مووچەی ئەدرێت، هەروەها سەبارەت بە کادیری حیزبی، هەروەها کۆمەڵێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پارەیان دەدرێتێ لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ئاوەڕۆ سندوقیەی کە دەڵێت بۆ بارەگای سەرۆك کۆمار تەرخان کراوە، دیارە ئێمە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، بەدواداچوونمان بۆ کرد، ئەندامانی هەموو فراکسیۆنەکانیش ئامادەی بوون، جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە، هەردووجێگرەکەی و دوو بەڕێوەبەریش ئامادەبوون و وتیان ئەم ئاوەڕۆیە بۆ پرۆژەی 120 خانووی قەزای شارباژێڕ کەدەکاتە چوارتا، لەگەڵ گوندی شەمساوە، لێژاییەکەی بەناو بارەگای سەرۆك کۆمار دادێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەم پێشنیارە، بۆ ئەوەیە کە هەر شتێکی بۆ حیزب و هەر لایەنێك و هەرتاکێك بێت، لە پرۆژەکە دەربچێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، سوپاستان دەکەم، بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دەیەم: لێبڕینی مووچەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە، هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمانیش ببێتەوە بەڕێژەی لە 10٪، وە لێبڕینی بودجەشیان لە 20٪ بێت، بەتایبەتی بکرێت بە سندوقی هاوسەرگیری بۆ لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەم پڕۆژەییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زمنی قانونەکەی موازەنـە ئـەو بڕگەیـە هـاتووە، وە ڕەئـی جیاجیـاش هەیـە، ئـەم بڕگەیـە قانونیـە، مـن حەزدەکەم لە قانونی موازەنە موناقەشە بکرێت نەوەکو ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بـۆ قـانونی موازەنـە دوا بخرێـت ئـەم پێشـنیارە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵی 11.

**بەڕێز محمد دلێرمحمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵی یـازدە: میلاکـاتی دامەزرانـدن زیـاد بکرێـت لـە وەزارەتـە خزمەتگوزاریـەکان داو بڕیـار بـدرێت، بەدامەزراندنی دەرچووانی هەموو پەیمانگاو زانکۆکان، دانانی سندوقێك بۆ بیمەی بێ کاری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین بە پشتگیری پێشنیارێك بینێرین بۆ شوێنی مەبەست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بیخوێنەرەوە جارێکی تر، ئاگایان لێی نەبوو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵی یـازدە: میلاکـاتی دامەزرانـدن زیـاد بکرێـت لـە وەزارەتـە خزمەتگوزاریـەکان داو بڕیـار بـدرێت، بەدامەزراندنی دەرچووانی هەموو پەیمانگاو زانکۆکان، دانانی سندوقێك بۆ بیمەی بێ کاری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار کردن شتەکی ئاسانە، بەس پەیدا کردنی پارە شتەکی زەحمەتە، ئەوە لە 10 خاڵدا هاتووە ملیارەك پارەی دەوێت، ئەز پسیار کەم ئەم دەبێت پارەی ئیش بکەین و بدەینەوە مرۆڤان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلیر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەم ڕاپۆرتەدا لەلایەکەوە داوای ئەوە دەکات کە خەڵك زۆر دابمەزرێندرێت، میلاکات زیاد بکرێت، لەلایەکی تر گلەیی لەوە هەیە، کە دەڵێت، ناهاوسەنگی هەیە لە بەینی بودجەی تەشغیلی و بودجەی وەبەرهێنان، جا من لەم دوو شتە دژ بەیەکە تێناگەم.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەم ڕەئیە دەکەم کە ئێمە داوای دامەزراندن دەکەین، دەبێت سەرچاوەیەك هەبێت، بەڵام ئێمە لە دوو لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش زیاتر لە نزیکەی 35هەرزار زیادە گومانمان لێیەتی، ئەگەر بێت و بە میلاکا بچینەوە، ئەتوانین لەسەر ئەساسی ئەو، بەڕاستی ئەو دامەزراندنانە ئەنجام بدەین، بۆیە ئێمە داواکارم لە لیژنەکەشمان هەمان شتمان بەرز کردۆتەوە کە کەم و کوڕی زۆر هەیە، لە ژمارەی میلاکاتی وەزارەتەکان، پێموایە لە هەمووی ئەمە هەیە، بۆیە ئەگەر پێدا چوونەوە بکەین، ئەتوانین ئەوانە هەمووی جێبەجێ بکەین، من تەسەوریشم وایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە یاساکەدا هاتووە، لە حیسابی موچەی فەرمانبەران، تعویضات موظفین، وە بڕیاریش دراوە، پێویست ناکات جارێکی تر بخرێتەوە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو قسەیە ڕەنگە ناهاوسەنگی دروست بکات، بەلاَم ئەوەی کە ئێمە چەند ڕۆژە قسەی لەسەردەکەین، ئەگەر سەرچاوەکانی داهات وازح بێت، ئەگەر داهاتی سامانە سروشتیەکان لە مینحەوە بگۆردرێت بۆ داهات، ئەو هاوسەنگیە دروست دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم، حکومەت هەر دەبێت بە میلاکات دابچێتەوە، ئەمە کارێکە دەبێت بیکات بۆ ئەوەی ئێمە هەلی کاریش بدۆزینەوە، لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە، بۆ گەنجان ئەوە کارێکە، دەبێت ماوە بدرێت بە حکومەت، بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئامادە بکات، لەبەر ئەوە ئەمە ئەگەر وەکو پێشنیارێك تەوسیاتێك ڕەفع بکرێت بە یاسایەکەوە، کارێکی زۆر باشە، زۆر سوپاس، وەکو پێشنیار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تێبینی پڕۆژەی یاسای بودجە بکەین، دەبینین ماددەی هەشت بە وازحی تێیدا هاتووە، دەڵێت: ( تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الأخرى إعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لأقليم كردستان - العراق للسنة المالية 2010 والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة فى الميزانية)، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە لێژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەمان کردووە، کە ئەو جوملەیە ئیزافە بکرێتە سەر ئەو مادەیە، (مع الأخذ بنظر الإعتبار الاستفادة من الملاكات الوظيفية الفائضة في الوزارات والدوائر غيرالمرتبطة بوزارة بسد الحاجة للملاكات الشاغرة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا وازح بوو، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ئەم پێشنیارە ڕەفع بکرێت بۆ حکومەت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کاك عونی ڕەئیەکەت تیکرار بکەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 8 لە یاسایەکەدا هاتووە: ( تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الأخرى إعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لأقليم كردستان - العراق للسنة المالية 2010 والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة فى الميزانية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، کێ لەگەڵدایە نەکرێتە پێشنیار، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەڕێز ئەوە لە یاسایەکە هاتووە، پێشنیارەکەش هاتووە، تکایە ئەوەی ئەو پێشنیارەی پێ قبول نیە دەستی بەرز بکاتەوە، ئەوەل جار ئەی خەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 35 دەنگی هێنا، سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوە دایە رەفع نەکرێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، تەواو بەکۆی دەنگ رەفز کرا، بڕۆ بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دامەزراوان لە کەرتی تایبەت بۆ کەرتی حکومی حیسابیان بۆ بکرێت، لە ڕووی خزمەتەوە، کە دەبێتە هۆی ئەرك کەم کردن لەسەر حکومەت و پاراستنی مافی ئەوانیش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی نوسراوە ئەوان، ئیتر سیاغەکەی چۆنە، غەڵەتیان نەبێت، من ئەوە ئەخوێنمەوە، چونکە لای من سیاغەکەی بە شێوەیەکی تر دایدەڕێژم ئەگەر بینووسم، بەس کە لێرە نووسراوە دەڵێت، دامەزراوان لە کەرتی تایبەت وەك کەرتی حکومی حیسابیان بۆ بکرێت، لە رووی خزمەتەوە کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ئەرك لەسەر حکومەت و پاراستنی مافی ئەوانیش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ د. ئاراس کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵە پەیوەندی بە موازەنەوە نیە، دواتر ئەتوانرێ بە یاسا ئەو بابەتە ڕێك بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناتوانین فەرز بکەینە سەر کەرتی تایبەت کە بڵێین ئەو معامەلەیە بکرێت، لەبەر ئەوە ناخرێتە دەنگدانەوە، بەرزیش ناکرێتەوە، بۆ خاڵی 13 تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێزدەم: زمانی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لە زمانی گێڕانەوەو پیا هەڵدانەوە، بگۆڕێت بۆ زمانی تەحلیل و بڕیار و هەڵسەنگاندن و ڕاست کردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك د. ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی ئابووری لیژنەی ئابوری كە هاتووە، تەنها سەردێكی ئەوە لەسەر میزانیەكە، تەنها سێ لاپەڕەی هی ئێمەیە، كامل ئەوەی دیكە هی بەڕێزتانە كە لە لیژنەكانا بۆتان ناردووین، هی ئێمە نیە، ئەگەر باسی تەحلیل بێت، ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ئەبێت خۆی بگەڕێتەوە، كە میزانیەكە تەحلیل كرا، ئەوا لە 760 لاپەڕە، بە هەشت نۆ حیسابی سەرەكی، بۆ 420 مستەوا، وە 120 هەزار ڕەقەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، ئەم پێشنیارەش ناخرێتە دەنگدانەوە، چونكە تۆ پێشنیار دەكەی بۆ حكومەت، ئەڵێی لیژنەی دارایی پەرلەمان، ئەو زمانەی ببێت، حكومەت عیلاقەی نیە بە پەرلەمانەوە، ئەمە هەڵەیە لە شوێنی خۆی، بۆ چواردە، تكایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی چواردە: پارەی سندوقی نیشتەجێ بوون زیاد بكرێت و بۆ سلفەی خانوو بەرەش جیاوازی لە نێوان شارو شارۆچكەكاندا نەكرێت، لە 20 ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە جارێكی تر.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە شێوەیەك لە شێوەكان، ئەم بابەتە موعالەجەكراوە، لە زیاد كردنی ماددەی ئیزافی، دواتر كەهاتینە سەر یاسایەكە ئەتوانین دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ خاڵی 15 تكایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی پازدە: تەئكید بكرێت لەسەر دانانی بنەمایەكی بەرهەم هێنان و بازرگانی بۆ هەرێمی كوردستان، ئەویش لە ڕێگەی دروست كردنی كارخانەو پڕۆژەی بەهەم هێن، بەدانانی نەخشەیەكی درێژ خایەن بۆ دروست كردنی كارخانەی پیشەسازی بنەڕەتیەكان(الصناعات الاساسية) وەك پیشەسازی، بیناسازی و كارەبایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود كريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی لاری نیە وەکو پێشنیارێك بەرز بکرێتەوە بۆ حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەیە بەرز بکرێتەوە بۆ حکومەت، ئەو پێشنیارە تکایە دەستان بەرز بکەنەوە؟ تکایە بیخوێنەوە بەس تکایە گوێ بگرن، یەعنی خوێندرایەوە، جارێکی تر ئەڵێم بخوێندرێتەوە، بەڕاستی زۆر ئیحتیرامم بۆتان هەیە، ئەوە باش نیە، هیلاکیش بوونە ئەزانم درەنگە، بەڵام بەردە وام دەبین، کەرەمکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پازدە: تەئکید بکرێت لەسەر دانانی بنەمایەکی بەرهەم هێنان و بازرگانی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەویش لە ڕێگەی دروست کردنی کارخانەو پڕۆژەی بەهەم هێن، بەدانانی نەخشەیەکی درێژ خایەن بۆ دروست کردنی کارخانەی پیشەسازی بنەڕەتیەکان(الصناعات الأساسية) وەك پیشەسازی، بیناسازی و کارەبایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمەش ڕەبتی نیە بە بودجەوە، تکایە بۆ خاڵی 16.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەولەویەت بدرێت بە وەزارەتە بەرهەم هێنەکانی وەکو پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ و ئاودێری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەویش ڕەبتی نیە بە میزانیەوە، بۆ خاڵی 17، تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی حەڤدە: لیژنەی دارایی پێویستی بکات لەسەر حکومەت کە هاوسەنگی و دادگەری ڕەچاو بکات لە ڕێژەی دابەشکردنی هەردوو بودجەی وەگەڕ هێنان و وەبەرهێنان، هەروەها لە ناوچە جیا جیاکان و توێژە جیاوازەکاندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەرەمکە.

**بەڕێز خورشيد أحمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ناو یاسایەكەدا خاڵێك هاتووە، ئەو حاڵەتەی عیلاج كردووە، (إلزام الحكومة بتوزيع الميزانية التشغيلية، والميزانية الإستثمارية على محافظات حسب عدد السكان).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**خاڵێكی تر تكایە.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خاڵی هەژدە: چاو بگێڕدرێتەوە بە شێوازی ئیفاد و تێچوونەكانی لەسەر بنەمای پێویستی و ڕیزبەندی بێت، چونكە تەنها لە شەش مانگی یەكەمی 2009 چوار ملیار بۆ ئیفادات سەرف كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی كەرەمكە.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو بابەتە پەیوەندی بە حكومەتەوە هەیە، پەیوەندی بە موازەنەوە نیە، بە پێی ڕێنمای ئەو خۆی ئەزانێ كێ ئیفاد دەكات و بە ئسلوبی ئیفاد، لە ڕاپۆرتەكەشدا باسمان كرد.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئێمە تەداخول ناكەین لە چۆنی ئیشی تەنفیزی خۆیان ئیشی خۆیان دەزانن، بۆ خاڵی نۆزدە تكایە.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خاڵی نۆزدە: لەبەر زۆری میلاكاتی ئاسایش و پێشمەرگەو ناوخۆ لە ڕابردوو و ئەمساڵیشدا داوا بكرێت زیادەی ئەو میلاكانە بخرێتە سەر وەزارەتە خزمەتگوزاریەكان، چونكە سوپاس بۆ خودا لە كوردستان ئاسایش بەرقەرارە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی كەرەمكە.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لە پێشنیارەکانمان بۆ حکومەت، لە ڕاپۆرتەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز محمد دلێر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە نالێم پەیوەندی بە بودجەوە هەیە، بە نیسبەت ئەو خاڵەوە پەیوەندی بە بودجەوە نیە، ئەوەی وەزارەتی داخلی وبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی خۆیان دەتوانن تەعلیمات دەربکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ خاڵی 20 تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی بیستەم: ئەو بڕە پارەییەی پێشنیاز کراوە، بۆ شەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیاباران و کەم ئەندامان، زۆر کەمە و پێویستە زیاد بکرێت، زیاد لەوەی پێشنیار کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە هاتە موناقەشە ئەو ماددەیە، ئەتوانن موناقەشە بکرێت و ڕای زۆرینەی لەسەر وەربگیرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، بۆ پێشنیاری 21 تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی بیست و یەك: مووچەی زیندانیانی سیاسی و کەرتی پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ وەکو مووچەی هاوکارانیان لە ناوەند لێ بکرێت.، قەسدیان حکومەتی ناوەندە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو پێشنیارێك شتێکی وا، پێشنیارمان کردووە، دواتر ئەو بابەتە لەڕێگەی یاساییەوە ئیتر حکومەت خۆی تەنزیمی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یاسای پێ هەیە، مووچەی هەرێم وەکو عیراقی لێ بکرێت، پێشنیار بکرێت جێبەجێ بکرێت، بۆ خاڵی 22 تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی بیست و دوو: لێپێچینەوە بکرێت لەو پڕۆژانەی کە لە حاڵی جێبەجێ کردندان، بەلاّم ناویان لەناو پڕۆژەکاندا نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنەی نەزاهەمان هەیە، لیژنەی پیشەسازیمان هەیە، ئەتوانن بەدواداچوونی بۆ بکەن، لەسەر ئەو ڕەئییەی کە لە لیژنەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ خاڵی 23 تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەستاندنی ئەو پڕۆژە پێشنیار کراوانەی کە تەندەرەکانیان فرۆشراوە کەچی هێشتا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکراون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەرەمکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنە بەڕێزەی کە ئەو پێشنیارەی پێشکەش کردووە، ئەتوانێت بەدواداچوونی بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بلال کەرەمکە.

**بەڕێز أحمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەناو پڕۆژە پێشنیار كراوەكاندا، دەبینین پڕۆژەیەك هاتووە، نۆژەن كردنەوە یان با بڵێین نازانم ناوەكەم لەبەر دەست نیە، باسی 500 خانووی هەڵەبجە دەكات كە ئیشیان لەسەر دەكرێت، ئێستا تەندەرەكەی فرۆشراوە، گەڕاندراوەتەوە تەندەرەكەشی، بەڵام لە پڕۆژە پێشنیار كراوەكاندا هەیە، تا ئێستا پەرلەمان موسادەقەی لەسەر نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی كەرەمكە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوەقوع دەكرێت ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەی ساڵی پێشوو بووبێت، بەڕەئی من.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی زۆر لەو پڕۆژانە، كە ئەخرێتە تەندەر، تەوزیع دەكرێت، جاری واهەیە شەش مانگ دوای ئەوە ئیحالە دەكرێت بۆ موقاول، لەبەر ئەوەی كە وەختێ تەندەر دەكرێت و دەردەچێت، كاك اسماعیل لەوانەیە چاك بزانێت، كاك خورشیدیش چاك بزانێت، بە 5 مانگ، 6 مانگ، دوای ئەوە ئیحالە دەكرێت بۆ موقاول و پارەی بۆ سەرف دەكرێت، كاتێك كە تەندەر دەكرێت، شەرت نیە پارەكەی بۆ تەخصیص كرابێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە شەش موقتەرەحی تر هاتووە، شتێكی رەبتی بە پڕۆژە یاساكەوە هەیە، لێرە باس ناكرێت، ئێستا بچۆ سەر پێشنیار كراوەكان، تكایە كاك محمد دلێر، كەرەمكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند پێشنیار كراوی تریش هەیە لەلایەن لیژنەكانەوە كە ئەمانەن، یەكەمیان، كەم كردنەوەی هەموو دەروازەكانی مینەح و تەبەروعات و ئیعانات و مەصروفات ئوخرا، كەلەلایەن هەموو وەزارەتەكان بێجگە لە هەردوو وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی بە بڕی 90٪، هەروەها هەرسێ سەرۆكایەتیەكەی هەرێم بەبڕی لە 50٪.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە باس كرا بۆ خاڵێكی تر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم: هەلگرتنی هەموو ئەو پرۆژانەی کە بۆ حیزب تەرخانکراون، هەلگرتنی هەموو ئەو پرۆژانەی کـە دووبـارەن، یـان بـە ڕوونـی دیـاری نـەکراون، یـان پێشـتر تـەواو بـوون و سـەرلەنوێ پارەیـان بـۆ تەرخانکراوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەویش باس کرا، بڕۆ بۆ خاڵی سێ.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم: ناردنی میزانیەکی هاوپێچ بە نـاوی میزانیـەی مینحـەکان، پـارە گلدراوەکان کـە چارەنووسـی زیاتر لە 6400 ملیارو چوارسـەد ملیـۆن دۆلاری تیـادا دیـاری بکرێـت، سـەبارەت بـەو پـارەو پـرۆژەو پـرۆژە جۆراو جۆرانەی کە لە پای گرێ بەستەکانی نەوت و پارەی گلدراوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بـە خـۆراك هاتوونەتە کوردستانەوە چیان بەسەر هاتووە؟ لەچ خەزینـەیەکدا پـارێزراون؟، کـەی سـەرف کـراون؟، چۆن سەرف کراون؟، چەندی ماوەتەوە و چۆن لە پلانی ئایندەدا سەرف دەکرێت؟، لەگەڵ هەموو ئەو زانیاریانەو زانیاریە پێویستەکان، لەو بارەیەوە بە خشتەو ژمارەو داتای پێویستەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لێژنەی نەزاهە ئەتوانێ ئەو بەدواداچوونە بکات، دەرئەنجامەکەیمان بۆ بنێرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ کەرەمکە.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو داواکاریە پەیوەندی بـە میزانیـەکی هـاوپێچ هەیـە، چونکە بـەڕێز وەزیـری سـامانە سروشـتیەکان، کـە پرسیارمان لێی کرد، سەبارەت بەداهاتی گرێ بەستەکانی نەوت، وتی ئەوانە داهات نین، لە حاڵـەتێکی وەهـا ئێمە پێویستیمان بـە میزانیـەکی تـرە، ئـەویش میزانیـەی مینـح، تـا ئێسـتا میزانیـەی مینـح نەگەیشـتۆتە دەست ئەندامانی پەرلەمان، بـزانین ئـەو مینحانـەی کەلـە پـای ئـەو گـرێ بەسـتانە هـاتوون چـەندن؟ چۆن سەرف کراون؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناو ئەو یاسایەدا خاڵێك هاتووە، وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ وەزارەتی نەوت، پێویستە بەدواداچوونێکی لەسەر بکەن و، بیخەنە بەردەستی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان کتێبێکی پێ بوو، کە لە ساڵی 2009 دەرچووە، ئەمە خشتەی مینحەکانی بودجەیە، ئێمە باس لە بودجەی 2010 دەکەین، باس لە 2009 ناکەین، ئەو کتێبە لە 2009دەرچووە، ئێمە پێویستمان بە خشتەیەکە، کە بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئەو داهاتانە چەندن وەچۆن سەرف کراون؟، وە چەندیان ماون؟، لە ساڵی 2010 بە پێی پلان چۆن سەرف دەکرێت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ئەمەیە، لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە کە رەفع بکرێت، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە داوای حکومەت خۆیەتی، بە یاسا ناردوویەتی لەماددەی 23 یە، زۆر وازح دەڵێت: (تقوم وزارة المالية و الإقتصاد و بالتنسيق مع وزارة الموارد الطبيعية بتخمين و تقدير الموارد التي تتحقق من نشاطات و إستثمار الموارد الطبيعية المستحقة للإقليم وفقاً للدستور العراقي و تضاف الى الواردات المتحققة) حکومەت خۆی دەڵێت، ئەبێ ئەمکارە بۆم پەسەند بکەن، بۆ ئەوەی ڕێکی بخەم، بۆ ئەوەی لەدوایش من ئیزافەی بکەم بۆ (واردات متحققة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکە دەڵێت بۆ پەرلەمان بێت، فەرقەکەی بەس ئەوەندەیە تەعدیلە، کاك عبدالله، کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتیەکان لە وەڵامی پرسیاری من دا دەڵێت، کە دەڵێم ئەو نەوتەی کە بۆ ئێران ئەڕوات بۆ کوێ دەچێ؟ لە وەڵام دا دەڵێ: ئەو داهاتە.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، وەرە سەر ئەو مەوزووعە، وەزیر نە لێرەیە، ئەوە دوێنەکە بوو، کەرەمکە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان ئەوەی کە لە مادده (23) دا هاتووە، فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو یاداشتەی کە تایبەتە بەوەی کە تۆ میزانیەیەکی مینەح دادەنێی، چونکە لە ماددەی (23)دا تەنها ئاماژە بەوە دەکرێ، وەزیری دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان، ئێمە مەبەستمان لەوە نیە، بە حوکمی ئەوەی لەسەر وتەی بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتیەکان، وتی: بەشێك نیە لە داهات، ئێمەش نامانەوێت وەکو بەشێك لە داهات، سەیری بکەین، ئەوەی کە لە یاساکەدا هاتووە، دەڵێ: وەکو داهاتە، بەڵام بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان خۆی دەڵێت: ئەوە داهات نیە، ئینجا ئەگەر ئەوە بە داهات حسێب نەکرێت، پاشان تەقدیری ئەو داهاتە دەکرێت، ئێمە ئەولێلی و لێکچوونانەمان بۆ دروست دەبێ، نیسبەکە جیا دەکرێتەوە، بۆیە وەکو پێشنیازێکە دەبێتە وەرەقەیەکی هاوپێچ، لە هەمان کاتدا پڕۆژە پێشنیازکراوەکان، لە هەمان کاتدا بڕی ئەو داهاتەش کە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی حکومەت لە ماددەی (23)دا ئیلزامیان دەکات، بە پێی یاسا داویەتیە دەستی ئێمەی پەرلەمان، دەڵێ: ئێوە بۆم پەسند بکەن کە وەزارەتی مالیە و ئیقتیصاد، بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ئەو نەشاتاتانەی، هەرچی بڕە پارەیەك لە ئیستیسماری مەواردی تەبیعی، کە حەقی ئیقلیم خۆیەتی، ئیزافە بکرێ (إلى الواردات المتحققة)، ئەگەر ئێمە ڕاست دەکەین کە ئەگەر هاتینە سەر یاساکە، دەنگی بۆ بدەین بۆ ئەوەی ئەو داوایەی حکومەت جێبەجێ بێت و ئەو واریداتانە هەمووی دەرکەوێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تکایە هێمن بن، گوێ بگرن، دوا وەختە هەموو هیلاکن، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی لەگەڵی نیە دەنگی بۆ نەدات، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە بنێردرێ بۆ حکومەت تکایە دەستی بەرز بکات؟ (29) کەس لەگەڵدایە کە بنێردرێ، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ ڕەفز کرا، بۆ خاڵی (4) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاشکراکردنی پارەی گلدراوە (الميزانية المدورة)، مەدەوەرەی هەموو وەزارەتە تازەکان و هەموو وەزارەتە هەڵوەشاوەکان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر ئاشکرایە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکات؟ (23) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نیە؟ (37) کەس لەگەڵ نیە،ڕەفز کرا، بۆ خاڵی (5) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

5- خەملاّندنی ئەو گوژمەیەی كە لە (1) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێكی كێلگە نەوتیەكانی هەرێم بەرهەم دەهێندرێن، تۆماركردنیان لە لیستی داهات دا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی، ڕەئیتان تكایە؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر شتێك هەبێ لەو بابەتە، بێگومان تۆمار بكرێ لە لیستی داهات دا لەگەڵێداین.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو یاسایە تازە دەرچووە، هەر وەختێكیش ئەو ئیراداتانە كە هاتو گەیشتە دەست ئێمە، لەوێ بابێك هەیە، ئیراداتی عەرەزی پێ دەڵێن، ئێمە لەو بابەدا تەسجیلی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەست بێت لە تەسجیلی ئیرادات، كە ئەو پارە بێتە وەزارەتی دارایی، ئەوجا وەزارەتی دارایی بۆ جارێكی تر دابەشی بكاتە سەر كوردستان، تەبعەن من لەگەڵ ئەوە نیم، یاساكە وازحە دەڵێ: تەرخانكرێن بۆ پارێزگایەك كە نەوتی لێ بەرهەم دێنیت، ئەوە قەرەبووكردنە بۆ تێكچوونی ڕێگاوبان و، پیس بوونی ژینگە و مەخاتری حەرب، لە كاتی حەرب ئەو مەنتیقە تووشی مەخاتر دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێ ئەوە بمینێت بۆ محافەزەكە، ئەوە حەقی ئەو محافەزەیە، نابێ دەستكاری بكرێت، هەمان شت لە یاسای عیراقدا هاتووە، بە هەمان شكل كە ئەوە حەقی محافەزە خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شاهۆ كەرەمكە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باسمان لە شێوازی ئینفاقەکەی نەکردووە، بەڵکو باسمان لە ئیرادەکە کردووە، لێرەش دا ئێمە دەڵێین تەقدیر، تەخمین، واتا حکومەتی هەرێم تەقدیری چەند دەکات؟ ئەو پارانەی کە لە پای فرۆشتنی یەك دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك کە دەگەڕێتەوە، بە چەند تەخمینی دەکات؟ بۆمان بنێرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە تێبینی ماددەی (43)ی موازەنەی عیراقی بکەین، ئەوە نەصەکەیەتی: أولاً: يتولى وزير المالية الإتحادي تحويل مبلغ ما يعادل (1) دولار عن كل برميل نفط خام المنتج في المحافظة)، (1) دولار عن كل برميل نفط خام المكرر في مصافي المحافظة، (1) دولار عن كل (150) متر مكعب منتج من الغاز الطبيعي في المحافظة، و تخصص في موازنة المحافظة المعنية، ويتم تحويل المبالغ شهرياً، و تجري التسويات النهائية وفق نتائج تدقيق ديوان الرقابة المالية الإتحادي)، ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەمان کردووە لە فەقەرەی (2) گوتوومانە: (إضافة النسب المبينة في المادة (43) من قانون الموازنة الإتحادية لسنة 2010 و الخاصة بتحويل المبالغ عن عائدات النفط الخام و الغاز المنتج في المحافظة إلى موازنة الإقليم حال ورودها)، بۆ لەویە گوتوومانە (حال ورودها) لەبەر ئەوەی مانگانەیە، جارێ نەهاتووە، مەعلوم نیە کەی دێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا وازح بوو، زیاتر موناقەشە ناکەین، دەخەینە دەنگدانەوە، تکایە وریابن، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ (4) کەس لەگەڵ نیە، خاڵی (5) پەسند کرا، بۆ خاڵی شەش تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6- هاوکات لەگەڵ پەسندکردنی بودجەدا پرۆژەی یاسای هەموارکردنی سیستەمی مووچە لە هەرێمدا، کە لە پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی (2010/2/23) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، پەسند بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە تا ئەو لەحزەیە پەیوەندی بە موازەنەوە نیە، دواتر ئەوە دەخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، وا تێ دەگەم خوێندنەوەشی بۆ کراوە بۆ موناقەشە کردن، دواتر بڕیاری لەسەر دەدرێ، بە زۆرینەی دەنگ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەیەك لەو بابەتە خوێندنەوەی یەکەمی لەو پەرلەمانە بۆ کرا، ئاراستەی حکومەت کراوە بۆ دیراسەت کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ خاڵی (7) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێداچوونەوەی لیستی خەملێندراوی ئیراداتی سەرجەم وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێم، بە شێوەیەك کە بڕی داهاتەکانیان لەگەڵ سروشتی کاریان دا هاوتا بێ، بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو لۆجیکی بێ، نەك کەمتر، لەگەڵ ئاشکراکردنی چارەنووسی داهاتی ئەو نەوتەی کە بە پاڵاوگەی یاسایی و نایاسایی دا تێدەپەڕن و لە خاڵە سنووریەکانەوە دەفرۆشرێن، هەروەها داهاتی باج و رسووماتی ئەو ئیرادەی کە بە پێی ماددەکانی (110-114-115) لە دەستووری عیراق، بەشێکن لە داهاتی هەرێم، هەروەها داهاتی هەردوو فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە چەند جارێك لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان قسەی لەسەر کرا و هەموویان وەڵامی خۆیانیان وەرگرت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستاش دووبارەی دەکەینەوە، ماتووڵ حیساباتی خیتامی هەیە، ماتووڵ ڕەقابەی مالی هەیە، تەدقیق دەکات، ئەگەر ئەوە وابێ، ئەوە موصادەقە، ئەوە خۆی تەخمینە، ئەگەر رەقابەی مالی ئەو جیهەتەیە کە تەصدیقی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە ئێستا خوێندرایەوە تکایە ئێستا دەستی بەرز بکاتەوە؟ 35 کەس، فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ 52 کەس لەگەڵ دانیە، بۆ خاڵی 8 تکایە، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی هەشتەم:

ڕوونکردنەوەی سیستەمی مووچە و دەرماڵە بەشێوەیەکی ڕوون کە هەموو داتاو ژمارەکان لەخۆ بگرێت، سەبارەت بە:

أ- فەرمانبەران بە هەموو پلەکانیانەوە، لە فەرمانبەری ئاساییەوە بۆ بەڕێوبەری گشتی و خاوەن پلە تایبەتەکان لە هەموو وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت دا.

ب - خانەنیشینان، لە خانەنیشینی ئاساییەوە بۆ ئەوانەی بە پلەی تایبەت خانەنیشین کراون، ئەو مووچە خۆر و فەرمانبەرانەی کە مووچەی حکومەت وەردەگرن و دەوام ناکەن، وەك کادیرە حیزبیەکان بۆ نموونە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ کەرەمکە کاك د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت سیستەمی مووچەوە، سیستەمی خۆی تەعلیماتی خۆی هەیە، هەر بەڕێزێك بیەوێت ستێپەکان هەیە بچێت سەیری بکات، بەڵام بە نیسبەت خاڵی دووەمەوە ئەو کەسانەی کە دەوام ناکەن و ئەوانەوە، دەتوانن لیژنەی نەزاهە یان هەر لیژنەیەکی تر بەدواداچوونی بۆ بکات و لێی بکۆڵێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە دووبارە رەئیتان چیە؟، کەرەمکە کاك د.ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت ئەوەی کە بزانین مووچە چۆنە و بە پێی دەرەجات چۆنە؟ ئەوە سیستەمی مووچە هەیە لە هەرێم و لە عیراق تەتبیق دەکرێت، باوەڕ ناکەم هیچ جیاوازیەك هەبێت، دەربارەی ئەوەی کە موەزەف هەیە و دەوام ناکات و مووچەی بۆ سەرف دەکرێت، ئەوە بابەتێکە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، یەکێك لە لیژنەکان یان چەند لیژنەیەك دەتوانێ بەدواداچوونی بۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە جەدوەلی وەزائیفمان داوەو لەناو بودجەکەی ئێمەیە، ئەوە مەوجودە، جارێکی تریش دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە چەند جیهەتێك هەیە و دەتوانن تەحقیقی تیا بکەن و تەدقیقی تیا بکەن و ئەگەر هەر شتێك لەو بابەتە هەبێت ئاگادار بکرێینەوە بۆ ئەوەی کەوا ئیجرائات بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەم بڕگەیەیە کە خوێندرایەوە، کە بڕگەی أ بوو، تکایە؟ کاك د.ئاراس جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین.

کەرەمکە کاك محمد.

**بەڕێز محمد دلێرمحمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی هەشتەم:

ڕوونکردنەوەی سیستەمی مووچە و دەرماڵە بەشێوەیەکی ڕوون کە هەموو داتاو ژمارەکان لەخۆ بگرێت، سەبارەت بە:

أ- فەرمانبەران بە هەموو پلەکانیانەوە، لە فەرمانبەری ئاساییەوە بۆ بەڕێوبەری گشتی و خاوەن پلە تایبەتەکان لە هەموو وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت دا.

ب - خانەنیشینان، لە خانەنیشینی ئاساییەوە بۆ ئەوانەی بە پلەی تایبەت خانەنیشین کراون، ئەو مووچە خۆر و فەرمانبەرانەی کە مووچەی حکومەت وەردەگرن و دەوام ناکەن، وەك کادیرە حیزبیەکان بۆ نموونە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەستی بڵند بکات؟ فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوەی کـادیرە حیزبیـەکان دەنگمـان لەسـەری داوە بـە کـۆی دەنـگ بـڕدرا، بۆیـە حـەق نیـە، ئـەوەی لێ دەربهێندرێت، چونکە ڕەنگە ئەم جارە ئەم خاڵە دەنگ نەهێنێ و کادیرە حیزبیەکانمان پێشتر لـە ..........

.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاوا ئەگەر دەنگی نەهێنا لەویٚ دەنگی هێناوە، نا نا، خوشکی من ئەمە یاسا نیە، ئەمـە یاسـا نیـە پێشـنیارە، باشە أ و ب بخەنە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دەست بـەرز بکاتـەوە تکایـە؟ 38 کـەس لەگەڵـە، فـەرموون، کـێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، 55 کەس لەگەڵ دانیە، ئەوش لاچوو، بۆ خاڵی 9 تکایە، کەرەمکە کاك محمد.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی نۆیەم:

ئەو وەزارەت ودامودەزگایانەی کە سیمای دوو ئیدارەییان پێوە دیارە بە تایبەتی هەردوو (وەزارەتی دارایی ـ س) و (وەزارەتی دارایی ـ ه)، هەر دوو ئاسایشی سلێمانی و هەولێرو هەر دوو دیوانی چاودێری دارایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ کەرەمکە کاك د.ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو حاڵەتانەمان هەمووی موعالەجە کردووە لە یاساکە بە زیادکردنی ماددەی ئیزافی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك شتم هەیە، دیارە ئەوەی بە نیسبەت مینەوە کە مینیشی تیایە، ئەوە هەموو جارێك لە بیر دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان، کەرەمکە کاك د.ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ مینیشی تیایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێی بوو کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە، تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە؟ کەرەمکە پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە لەگەڵ ئەوەی لە دەقی یاساكە هەیە جیاوازە، چونكە ئەو مودەی 6 مانگی بۆ داناوە، بەڵام لەم پێشنیارە دا ئەوەیە كە ئێستا ئیشی لەسەر بكرێت و ئیقرار لەسەر دوو ئیدارەیی نەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان كردیە كاركردن بەو پێشنیارە لە 2010/1/1 دەست پێ بكات، واتە ئێستا سێ مانگ تەواو بووە، تەنها سێ مانگ ماوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە لەناو یاساكە وەكو پێشنیار لە لیژنەی هاوبەشەوە هاتووە، ئەگەر پێشنیارێكی تر هەبێت لە كاتی موناقەشە كردنی یاسایەكە دەخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ئاگادارن كە بڕیارێك هەیە لە پەرلەمان كە تەعامول لەگەڵ هیچ موئەسەسەیەك و وەزارەتێك ناكرێت هەتا هەڵبژاردن كە یەكی نەگرتبێتەوە، یەعنی ئەمە شتێكە و بڕیارە و هەیە لە پەرلەمان، ئێستا ئەمە چۆن دەخرێتە دەنگدانەوە؟ ئەوە لیژنەی یاسایش لێی ئاگادارن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەگەڵ ئەوەش، چونكە هەندێ پەرلەمانتار پشتگیری لێ دەكات، ئەوەی رەئی لەگەڵ نیە با دەنگی بۆ نەدات، دەیخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە؟ كەرەمكە سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

با دەنگدانەکە وا نەبێت ئێمە دژی یەکگرتنەوەی ئەم دەزگایانەین، بگرە ئێمە تەئکیدی لێ دەکەینـەوەو بـە زووترین کات و لە مانگی 1 یشەوە ختومانەتە ناو حیساب، بۆیـە مـادام موعالەجـەیان کـردووە تکاتـان لێ دەکەین لە کاتی موناقەشاتی قانون و لیژنەی یاسایی لەو کاتەدا قسەی لەسەر بکات، دوایی ئێمـە دژی ئـەوە نین یەکبگرنەوە، ئەگەر حەزیش دەکەن ئێمە دەڵێین هەر ئێستا یەك بگرنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەم گوتووە، تۆ دژی بە یان لەگەڵی بە، جەنابت ئازادی لە دەربڕینی بیرورا، پێشنیارێکە دەڵێت داوا بکەی یەك بگرنەوە، بخرێتە دەنگدانەوە، تکایە کێ لەگەڵە با دەست بلند بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵێکی تر، کەرەمکە کاك محمد.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دەیەم:

پرۆژەی وەزارەتەکان بە پێی پسپۆری وەزارەتەکان بێت و هیچ وەزارەتێك لە دەرەوەی پسپۆری خـۆی هـیچ پرۆژەیەك پێشنیاز نەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان، کەرەمکە کاك د.ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵـڵا ئێمـە تەئیـدی دەکـەین، بـەڵام لـەو بڕوایـە دام وەزارەتـەکان واقیعـی تـرن لـەوەی کـە دوورە لـە وەزارەتەکان، ئێستا ئەو پرۆژانەی کە دانراون بە پێی پێویستیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشنیارە تەئید دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵـڵا دیـارە جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان، هـەر چ پرۆژەیـەك کـە دێـت بـۆ پەرلـەمان ئەگـەر لـە ڕێگـای حکومەتەوە بێت کە وەکو جیهەتێکی تەنفیزی زیاتر دیراسـەی پرۆژەکـەی کـردووە، چونکە لـە نـاو واقعـی هینەکە دایە، بۆیە ئێمە پێمان باشە ئەوانەی کە لـەڕێگای حکومەتـەوە دێـت موناقەشـە بکرێـت، و قـەراری لەسەر بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە حەقیقەت ناکرێت بڵێی هیچ پرۆژەیەك پێشنیار نەکات، من نازانم بڵێم چی، کەرەمکە کوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەم بودجەیە بینیمان وەزارەتی ناوخۆ باسی تەكیە دەكات، وەزارەتی دارایی باسی زانكۆ دەكات، لەبەرئەوەی كە فعلەن ئیختساسی نەبووە، داوادەكەین ئیختیصاصی بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر بۆچوونەكەت دروستە، بەڵام كە دێتە ئێرە، ئەوەی ئیختیصاصی نەبوو ڕەفزی بكەن، قبوڵی مەكەن، بەڵام ناتوانین بە كەس بڵێین پێشنیار نەكات، ئەوە ڕەئی منە وەك یەك ئەندام پەرلەمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بۆ ئێوە مەترووكە، دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە خاڵی (10)یەـ تكایە بیخوێنەرەوە، كێ لەگەڵە؟

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

10- پرۆژەی وەزارەتەكان بە پێی پسپۆری وەزراەتەكان بێ، هیچ وەزارەتێك لە دەرەوەی پسپۆری خۆی هیچ پرۆژەیەك پێشنیاز نەكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە، بە كۆی دەنگ پەسند كرا.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

11- ڕەچاوكردنی عەدالە لە پرۆژەی پارێزگا و قەزا و ناحیە و ناوچە جیاوازەكان دا، بە گوێرەی پێوەری ژمارەی دانیشتوان و پێوەری پێشخستنی ناوچە زەرەمەندەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە موعالەجەكەیە:

12- دیاری كردنی میزانیەی بۆ هەر سێ سەرۆكایەتیەكەی هەرێم، بە شێوەیەكی شەفاف، بە جۆرێك سەرۆكەكانی هەر سێ دیوانەكە ئامادە بن، بۆ وردكردنەوە و شیكردنەوەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەفاصیلی میزانیەی هەر سێ دیوانەکە گەیشتووە لە دارایی، لە (24)ی مانگەوە، کێ ویستبێتی، هاتووە و دیویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە دانیشتووین پێشنیار موناقەشە بکەین، دەنگ لەسەر بدەین، ئەو پێشنیارەی کە لە صالحیەتی داخیل بکرێن لە میزانیە، یان بەرز بکرێن لەگەڵ میزانیە، من زۆر تەحەمولم کرد، ئەوە حیسابم کرد، هەشت شیعاری ئینتیخابیم گوێ لێ بوو، وشەی....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕجائەن، پێشنیارە هاتووە دەنگی بۆ مەدەن، ڕجائەن پێشنیارە، خراپە، دەنگی بۆ مەدەن، هەر پێشنیارێك هاتووە جێگەی ئیحتیرامە، هی هەر ئەندامێکی پەرلەمان و هەر لایەنێك بێت، ئەو بەڕێزەی کە دەبینێ هەڵەی تێدایە، دەبینێت بە سەبەبێکی موعەیەن، دەنگی بۆ نەدات، دەنگی نەهێنا، لادەچێ، دەنگی هێنا قبوڵ دەکرێ، ئێستا تکایە (12) ئاخیر جار بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاری کردنی میزانیە بۆ هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم، بە شێوەیەکی شەفاف، بە جۆرێك سەرۆکەکانی هەر سێ دیوانەکە ئامادە بن، بۆ وردکردنەوە و شیکردنەوەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەفاصیل ئەو میزانیانەمان لایە، لە (24)ی مانگەوە گەیشتووە، چ بەڕێزێ دەفەرموێ بابێت سەیری بکات و ببینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ ئەوەشدا دەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، کێ لەگەڵە؟ ڕجائەن لە جێگەی خۆت قسەی مەکە، هەموو پێشنیارەکان دەخەمە دەنگدانەوە، ئەوەی لێی ڕازی نیت دەنگی بۆ مەدە، ئەوەی پێی خۆشە دەنگی بۆ دەدات، (40) کەس، کێ لەگەڵ دا نیە دەستی بەرز بکات؟ (55) کەس لەگەڵدا نیە، ئەوە ڕۆیی، بۆ خاڵێکی تر تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

13- دیاری کردنی بودجەی پەیوەندیەکان و نووسینگەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات، بە دۆکیومێنت و خشتە واتای پێویست، ئەوە زۆر لێژنە ئەوەی تەقدیم کردبوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو پێشنیار لاریمان نیە، بەس نازانم بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان بداتێ لەسەر ئەو بابەتە، ئەگەر لە حیساباتی خیتامی دا هەبێ، پێویست بەوە ناکات ئەو پێشنیارە پێشکەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو حیساباتە لە حیساباتی ئەنجومەنی وەزیران، دائیرەی عیلاقات هەیە لەوێ، لای کاك فەلاح، لە خیتامیشدا بە تەئکید دەبێ لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی من ئەندامی لێژنەی پەیوەندیەکانم، تاکە پرسیارم کرد، سەبارەت بە بودجەی پەیوەندیەکان، هیچ داتا و هیچ زانیاری، هیچ ژمارەیەکم دەست نەکەوت، من پێموایە پێویستە بە وازحی میزانیەی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم و نووسینگەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە بزانین چەندە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس هەیە لەسەری قسە بکات؟ کەرەمکە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو دەزگایانە عاید بە وەحدەیەکی ئیداری بن، وەکو ئەنجومەنی وەزیران، مەعنای ئەوەیە حیساباتەکانیان لە موازەنەی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، لە حیساباتی خیتامیش هەیە، ئەو کاتە ئەگەر نەبوو، دەتوانین بەدواداچوون بکەین، داوا بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ خاڵی (13)دایە؟ (32) کەسی لەگەڵە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (59) کەس، ئەویش وەرنەگیرا، بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

14- هـەموو ئـەو پارانـەی کـە بـۆ سـەندیکا و ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی تـەرخان کـراون، بـە بودجەیەکی جیا بخرێتە نـاو صـندوقێك ، لەلایـەن دەسـتەیەکی سـەربەخۆی سـەر بـە پەرلـەمان چاودێری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، لێژنەی دارایی.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە یاسای بودجەکە هاتووە، بە ماددەیەك لەو ماددانـە ئـەو حاڵەتـەی موعالەجـە کـردووە کـە دواتـر یاسای پێ دەردەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـە نیسـبەت ئـەو ڕێکخراوانـەوە تـا ئێسـتا کـە ئـەو بودجانـەیان بـۆ دانـراوە، بەڕاسـتی ئـەوە ئـیش و کـاری حکومەت بووە، کە چۆن تەوزیعی دەکات؟ ئـەوە ئەگـەر بـەڕێزتان هـەر یاسـایەك دەربکـەن، بیگەیەننـە لای پەرلەمان، وابزانم لە ئیختیصاصی پەرلەمان دا نیە ئەو مەوزووعە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا خاڵی (14) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بـەرز بکـات؟ (35) کـەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (61) کەس لەگەڵ دا نیە، بۆ خاڵی (15) تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

15- تەرخان کردنی هەموو ئەو پارانەی کە گلدەدرێنەوە، یاخود زیاد دەبن، بۆ ئەو پرۆژانەی کە خزمەتی کەرتی وەبەرهێنان دەکەن و کوردستان لە هەرێمێکی بەرخۆرەوە دەکەنە هەرێمێکی بەرهەمهێن، بۆ چـەند شوێنێك دەستنیشان کراوە، ئەوە یەکێك لەو شوێنانەیە:

ئەو پرۆژانەی کە خزمـەتی کـەرتی بەرهـەمهێنان دەکـەن و کوردسـتان لـە هـەرێمێکی بـەرخۆرەوە دەکەنـە هەرێمێکی بەرهەمهێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵەکان یەك یەك بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

أ- ئـەو پـڕۆژانـەی کـە خزمـەتی کـەرتی بەرهـەمهێنان دەکـەن و کوردسـتان لـە هـەرێمێکی بـەرخۆر دەکەنـە هەرێمێکی بەرهەمهێن.

ب- پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بـە تایبـەتی لـە گەڕەکە هـەژار نشـینەکان و گونـد و شارۆچکە و ئۆردوگا و ناوچە کەنارییەکانی دوور لە مەڵبەندی پارێزگاکان، لە ناو گەشەکردنێکی ئاسۆیی دا.

ج- بەرزکردنەوەی مووچە نزمەکان وەك لە پڕۆژە یاسای هەموارکردنی مووچە خاڵی (6)دا هاتووە.

د-دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران و گەنجان، بە هەردوو ڕەگەزەکەوە، لە هەر سێ کەرتی تایبەت و گشتی و تێکەڵاو دا.

هـ- زیادکردنی مووچەی کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و زینـدانـە سیاسـیەکان و کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان.

و- بڕینەوەی بیمەی بەردەوام بۆ هەموو ئەوانەی کە تووشی نەخۆشـی درێـژ خایـەن بـوون، یـان دووچـاری قـەیرانی کۆمەڵایـەتی بوونەتـەوە، هـەروەها مووچـەی خانەنشـینی بـۆ هـەموو ئـەو کرێکـار و شـوفێر و بەرهەمهێنانەی چوونەتە تەمەنەوە، یان لە کاتی کاردا تووشی قەیرانی تەندروستی بوون.

ز- زیادکردنی بودجەی پڕۆژەکانی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بە بێ پڕۆژە حیزبییەکان، وەك بەشێك لە پڕۆژە نیشتمانیەکان لەسەر ئاستی هەرێم.

ح- زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە و ئاسایش و هێزە چەکدارەکان و هێـزە ئەمنیـەکان و هاوتـا کردنـی بـە مووچـەی ئەوانـەی بەغـدا، هاوکـات لەگـەڵ نەهێشـتنی سـیمای حیزبـی، سـزای حیزبـی لـەو هێزانـەدا، وەك مەرجی جیاکردنەوەی بودجە لە حیزب، هاوکات لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کـە سـزای سیاسـی دراون، لـە ئەفسـەر و سـەرباز و پلـەدار و مووچـە خـۆری سـەر بـە وەزارەتـی نـاوخۆ، پێشـمەرگە، فەرماندەی ئەرکان، ئاسایش و پاسەوانی سنوور ژمارەیان دەگاتە 1566 کـەس، کـۆی مووچـەی بڕاویـان لـە مووچەی گشتی بە دەوروبەری (5) ملیار و (481) ملیۆن دینار مەزەندە دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن هەسـت دەکـەم ئـەو پێشـنیارانە لـە نەتیجـەی گفتوگۆیـەکان، لێژنـەی موکەلـەف بـە کۆکردنـەوەی پێشنیارەکان، لێژنەی دارایی بووە، ئێمە ئـەوە سـێ ڕۆژە گفتوگـۆی بابـەتی بودجـە دەکـەین، مـەفرووز بـوو پێشنیارەکان لێژنەی دارایی دەرجی بکات، ئێستا ئـەو پێشـنیارانە بخاتـە ڕوو، کـە لـە نەتیجـەی گفتوگۆکـان

هاتينه وجود، من هەست دەكەم ئەو پێشنيارانه لە لايەن ليستەكانەوە پێشنيار كراون، ئێمە وەكو ليستى كوردستانى ئاگادار نەكراين كە پێشنيار پێشكەش بكەين، هەر يەكەى نوسخەيەكى پێشنيارەكانى بە دەستەيەوە، بەڵام ئەو پێشنيارانەمان نەبينيون، لەوە دەچێت حيسابى كەليماتيشى لەسەر دەكرێت، كاتێك ليژنەى دارايى كەليمەيەكيش باز دەدات، فاريزەيەكيش پاز دەدات، برادەرێك هەڵدەستيتەوە دەڵێت: ئەوە صياغەكەى من نيە، صياغەكەى تۆيە، من لە ئێوە دەپرسم: ئايا ئەوە موتەبەعە؟ ئەوە ياساييە؟ ئەوە نيزاميە لە پەيڕەوى جەلسەكان دا؟

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

تكايە، ڕجائەن، ئەوە لە ناو پەرلەمان خوێندرايەوە، مەجموعەيەك لە پەرلەمانتاران پێشكەشيان كرد، ئێستاش دەخرێتە بەر دەنگى ئێوە، دەنگى پێ مەدەن، ئەو شتەى پێى ڕازى نيت، دەنگى پێ مەدە، ئەوەى پێى ڕازيت دەنگى پێ بدە، كەرەمكە.

**بەڕێز شفان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

حەقەتەن مەزموونەكەى هيچ بە پێشنيار ناچێت، تەعبير لە شتێكى تر دەكات، عيلاقەى بە پێشنيارەوە نيە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

هەر هەمووى دەخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دايە؟ (31) كەس لەگەڵدايە، كێ لەگەڵ دا نيە؟ (61) كەس لەگەڵ دا نيە، ڕەفز كرا، بڕۆن بۆ خاڵێكى تر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

16- هەموو ئەو زيادكردنەى كە دەچێتە سەر مووچە، وەك لە خاڵى (8)دا ئامارەى پێدراوە دواى پەسەند كردنى بودجە لە سەرەتاى ساڵى 2010 دا ئەژمار بكرێ و بەسەر يەكەوە بدرێت.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى دارايى ڕەئيتان؟

**بەڕێز خورشيد أحمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

خاڵى (8) پەسند نەكرا، لەبەر ئەوە ئەو خاڵە پێويست ناكات دەنگى لەسەر بدەين.

نوقتەى نيزامى هەيە، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

دیاره له پرۆژەکه دا هەر له ئەصلەکه باسی زیادکردنی مووچەی کەمئەندام و شەهید دەکات، ئەو پرۆژەیە، پرۆژەی یاسای ساڵی (2010)یە، کاتێ پەسند دەکرێ دەبێ له مانگی یەکەوە حیساب بکرێ تاکو مانگی دوانزە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەمان نووسیوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

له قانونەکه هاتووە، لیژنەی دارایی کەرەمکە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەو شێوەیە بێ کە کوێستان خان فەرمووی، خۆی له یاساکە هاتووە بە ماددەیەك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

ئێمە له لیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە کە یاساکە لە (2010/1/1) جێ بەجێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك إسماعیل کەرەمکە.

**بەڕێز إسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە سەرۆکایەتی ئەوڕۆ لە پەیڕەوی لادا، نوقتەکە زۆر نیزامیە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن دانیشە، دانیشە لە جێگای خۆت، سەرۆکایەتی لاینەداوە، زۆر بە نیزامیش کار دەکات، پێشنیاری ئەندامی پەرلەمانە، لێرە دەخوێندرێتەوە، دەنگی بۆ مەدە، وەکو ئێستا دەنگت بۆ نەداوە، بۆ پێتان ناخۆشە کە پێشنیارێك بکرێ، بەڵام یەك یەکی تر کردبێت، با هەر کەسێك کردبێت، هەر کەسێك لە ناو ئەو پەرلەمانە، چەند کەسێك، دوێنێ موناقەشە کراوە، من گوێم لێ بووە، ئەوانەم وەرگرتووە، کۆم کردۆتەوە لە گشت ئەتراف، ئەو پێشنیارانەی هێشتا ئیتریش ماوە، هەموو یەك یەك دەخوێندرێ، ئەو بەڕێزەی قەناعەتی پێ نیە، دەنگی بۆ نەدا، ئێستا خاڵی (16) کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکات؟ کاك د. ئاراس ئیعادەی خوێندنی بکەوە، تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو زیادکردنەی کە دەچێتە سەر مووچە، وەك لە خاڵی (8)دا ئاماژەی پێدراوە دوای پەسند کردنی بودجەوە لە سەرەتای ساڵی 2010 دا ئەژمار بکرێ و بەسەر یەکەوە بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاراس كەرەمكە.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ماددەيەكی ئيزافی پێشنيار كراوە لەلايەن لێژنەی ياسای و لێژنەی داراييەوە، بۆ سەر ياسای بودجە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان: پێشنيار كراوە، دەنگی بۆ مەدەن با لابچێت، با دوور بكەوێتەوە لە ناو پێشنيارەكان، كێ لەگەڵدايە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدا نيە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، بۆ خاڵی (17) تكايە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

17- بودجەی خەملێندراو بە زووترين كات، ئەو هەموارەی خاڵەكانی سەرەوەی تيادا ئەنجام بدرێت، بگەڕێنێتەوە لە شێوەی دۆكيومێنتی فەرمی دا لە سايتی حكومەت و پەرلەمان دا بڵاو بكرێتەوە، كە بريتين لە ليستی تەواوی ميزانيەی مينەح و پارە گلدراوەكان، وەك لە خاڵی (3) دا هاتووە، ليستی هەمواركراوی پرۆژە بەردەوامەكان، ليستی هەمواركراوی پرۆژە پێشنيازكراوەكان، ليستی هەمواركراوی ئيرادات، ميلاكات، وردەكارييەكانی ميزانيەی جاريە، هەموو وردەكارييەكانی ديكەی تايبەت بە بودجەی خەملێندراو، حيسابی خيتامی 2008 و حيسابی خيتامی نيوەی يەكەمی 2009، ڕاپۆرتەكانی ديوانی چاودێری، هەردوو ئيدارەی سلێمانی و هەولێر، ميزانی موراجەعەی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی كە دەريدەخەن، مينەح، تەبەروعات، ئيعانات، مەصروفات ئوخرا لە 2008 و 2009 دا، چونكە صەرف كراون، ليستی سيستەمی مووچەی هەرێم، وەك لە خاڵی (10) دا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی دارايی ڕەئيتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەساسەن دەنگی نەهێنا، كە بودجە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، ئەگەر مەبەستت ئەو خاڵە بێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نيزاميە، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وا هەست دەكەم، ببوورە نوقتەكە نيزامی......

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نیزامی نەبێت ڕاتدەگرم، لەسەر ئەو ماددەیە قسە دەکەیت، فەقەت، بەڕێزان حەقی هەر ئەندامێکی پەرلەمانە لەو پەرلەمانە، کە موناقەشە دەکرێ لە ناو لێژنەکان، بیروڕای خۆی لە ناو لێژنەی دارایی، یان لە ناو قاعەی پەرلەمان، ڕەئیەکان ئیشی ئێمەیە کۆی دەکەینەوە، ئەوجا دەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، ئەگەر پێی ڕازی نین، دەنگی بۆ مەدەن، تەواو دەڕوات، کەرەمکە.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لەو پێشنیارانەی دەکرێن لە یاساکان دا هاتوون، باشتر وایە ئەوەی کە لە یاساکەدا هاتووە، بە یاسا ڕێکخراوە پێشنیار نەکرێتەوە، هەندێکی تریان لە پرۆژە یاساکەدا هاتوون، پێویست ناکات ئەوانە دووبارە بخوێندرێنەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە لەگەڵ ئەو داواکارییانە بین، ئەصلەن لەگەڵ ئەوەداین کەوا نەخرێتە دەنگدانەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو پێشنیارانەی ئێستا کەوا دەخوێندرێنەوە، بەیانی وەکو وتارێك خوێندرایەوە لە لایەن بەڕێزێکەوە، کە چینێك خوێندراوە، چینێکی تر پێویست ناکات ئەوە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوەندە خەڵاص ببوو برای بەڕێز، دانیشە تکایە، تکایە دانیشە، ئەوانەی پێت وایە تیکرار بووە، ئەوانەی پێتوایە هاتووە، ڕەفزی بکە، با نەیێتە قاعیدەوە، کەرەمکە.

**بەڕێزد. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کاتی موناقەشەکردنی ڕاپۆرتی دارایی دا، ئەو پێشنیارانەی کە پەیوەندی بە یاساوە هەبوو، یان پێویستی بە یاساوە هەبوو، دوامان خست بۆ ئەو کاتەی کە بێین و پرۆژە یاساکە موناقەشە بکەین، بەڵام ئەو پێشنیارانەی کە تازە هاتن هەمووی تێکەڵ کرا، هەمووی تێکداخرا، لە کاتێك ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕجائەن وازحە ڕەئیەکەت، ئیحتیرام بۆ ڕەئی جەنابت، زۆر دروستە، ئەوانەی تاخیرتان کردووە، تاخیر بکرێ، بەڵام لە ناو قاعە، دوێنێ لێرە ئەو شتانە باس کرا، یەك کەسیش نەبوو، مەجموعەیەك کەس بوو، لەبەر ئەوە ئێستا دەیخەینە بەر ئێوەی بەڕێز، ڕەفزی بکەن، تەواو، کێ لەگەڵە تکایە؟ ئەوەی خاڵی (17) کە خوێندرایەوە هەر هەمووی، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکات؟ (33) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (60) کەس لەگەڵ دا نیە، تەواو بوو، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆزێك لەمەو پێش کە داوامان کرد ئەو پارانەی لە مینەح و لە ئیعانات و ئەمانە دەگەڕێتەوە، تەخصیص بکرێ بۆ کەرکووك، وتت: لە دوایی دا دەیخەینە دەنگدانەوە، وتت: دوایی پێشنیارەکان دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو پارانە بۆ کەرکووك و ناوچە جێ ناکۆکەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان تکایە؟

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وتمان ئەو زیادانەی کە کراوە لە یاساکە، لە دەرەنجامی ئەو ڕێژانە قەرەبووی دەکاتەوە، ئەوە بۆچوونی لێژنەی دارایی بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ پێشنیارێك هەبوو، ڕاستە، بۆ ئەوەی کەمدەکرێتەوە، ئیعانات بوو، (5٪) بوو، لێژنەی دارایی لەبەردەستتانە؟ بیخوێنەرەوە بە تەواوی.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە (5٪) ئیعانات، لە (5٪) مینەح، ئەصلی مەشروعەکە کە لێژنەی دارایی پێشکەشی کردبوو (10٪) بۆ ئیعانات، لە (10٪) بۆ مینەح، لە (15٪) بۆ مەصروفات ئوخرا بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەتان بخوێنن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، لێژنەی دارایی.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونی ئێمە بۆ ئەو پێشنیارە، بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕێژەیە ئەوەیە، کە ئێمە لە یاسای بودجە، جیاکردنمان هەیە، بۆ کەمئەندامان، هەروەها هەندێ جیاکردنی دیکەمان هەیە، بتوانێ وەزارەتی دارایی قەرەبووی ئەو زیادانە بکات، کە لە یاسای بودجەدا داوامان کردووە، بەڵام بۆ هیچ مەبەستێکی تر داوای ئەو ڕێژەیەمان نەکردووە، ئیلا بۆ ئەوە نەبێ، سوپاس، لە (5٪) لە حیسابی ئیعانات، لە (5٪) لە حیسابی مینەح.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی؟ کەرەمکە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوە هەمووی بە یەکەوە دەنگی لەسەر درا، کۆدەنگی هینا و کە هەمووی بەیەکەوە دوایی موعالەجە بکرێ، ئەو بڕە پارانەی کە لە مەشاریعەکان گلدەدرێتەوە، بە مینحە و ئیعانات و مەصاریف ئوخراشەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان هێشتا پێشنیاری تر زۆر ماوە، ئەوە هەموو پێشنیارەکان نیە، دەیخەینە ئاخیری پێشنیارەکانەوە، با بمینێت، ئەمڕۆ کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، تا بەیانی سەعات (10)، بە خواتان دەسپێرین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی**

**یەك شەممە رێکەوتی 28\2\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی

### یەك شەممە رێكەوتی 2010/2/28

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2010/2/28 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی

بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (7)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2010/2/28 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (7)ی نائاسایی ڕۆژی دانیشتن 2010/2/28، بەرنامەی كار بەپێی حوكمی بڕگەی(1)ی ماددەی (6) لەپەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا، بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(7)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لەكات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2010/2/28 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی كوردستان – عێراق.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارای كاك شێخ بایزو كاك ڕەشید دەكەین، زۆر زۆر بەخێربێن، ئیستاش داوا لە لیژنەی دارایی و یاسایی دەكەین بێنە جێگای خۆیان، فەرموون.

بەڕێزانی لیژنەی دارایی فەرموون بۆ پێشكەش كردنی پێشنیارەكان، تكایە، فەرموون.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەردەوام دەبین لە گەڵاڵەكردنی ئەو پێشنیارانەی كە گەیشتووەتە دەستمان، یەكەم: لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لاپەڕە (12)هاتووە، پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری خاڵی یەكەم: پێشنیار دەكەین صندوقێك بۆ كەركووك وناوچە دابڕاوەكان دەست نیشان بكرێت، بۆ خەرج كردنی بودجەی تەرخانكراو، بۆ ئەو ناوچانە لەگەڵ دەستەی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان، پارە تەرخانكراوەكەش لە لە ئیحتیاتی بودجەی تەواری دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، ڕەئی ئێوە چییە.؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ڕەئی لیژنەی دارایی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم مەوزوع لە بودجەی ئیحتیاتی یەعنی هەمووی لابدرێت وبخرێتە صندوقەکەوە، کە باسی بودجەی ئیحتیاتی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی دارایی ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستمان ئەوەیە کە بچێتە ناو ئیحتیاتی وەزارەتی داراییەوە، ئەو بەشەی کە دادەندرێت.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕوونمان کردۆتەوە کەبۆ چی و چیە؟، بەڵام ئێوە هەستاون لە مەشاریع لاتان داوە، ئێستاکە لاتان بردووە، لە بودجەی تەشغیلیش لاتان بردووە، ئێمە وای دەبینین ئەو پارانەی کە لەمەشاریعەکان لابراوە هەم مەشاریعی تری پێبکرێت، لەهەمان کاتیش ئەگەر زیادەی هەبوو لەوێوە بچێتە ئەو صندوقەوە، بۆیە زۆرمان پێباشە ئەو صندوقە دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە وازحە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو (10)هەزار میلاکەی کەدانراوە بۆ دامەزراندن، پشکی زۆری بۆ وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابتان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی سێیەم.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حكومەت بۆ ئەو شوێنانەی كە تەرحیل كراون كاتی خۆی، ناوچەكانی تۆپ بارانی حدودیش، حكومەت بودجەیەك تەرخان بكات، بۆ ئاوەدانكردنەوەو خزمەتگوزاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابتان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین، بەمەرجێك تەئسیر نەكاتە سەر میزانیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی چوارەم.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەمەنافعی ئیجتماعی لەوەزارەتی تەندروستی، مەبلەغێك دیاری بکرێت بۆ چارەسەرکردنی پەککەوتووانی چەکی کیمیاوی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابتان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە (6)ملیارو (800)مان داناوە، بەڵام لەسەر ئەوەشەوە چەندی بۆ دائەندرێت بەلای ئێمەوە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی پێنجەم.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕینی ئەو بودجەیەیە کەتەرخان کراوە بۆ دروستکردنی بارەگا حزبیەکان و ئەو پڕۆژانەی کە دووبارەن و تەرخانکردنی بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان لە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، لەهەمان ناوچە، هەروەها بڕینی لە 5٪ی ئیعانات و منح و تەرخانکردنی بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یەکەمی ئەو پێشنیارە، پێشنیارێکی تازەیە، بەڵام بەشی دووەمی تەعاروز ئەکات لەگەڵ پێشنیارێکی دوێنێ کە بڕیار بوو بخرێتە دەنگدانەوە، کە لە 5٪ی منح و ئیعانات کە دەکاتە (41)ملیار دینار تەرخانبکرێت بۆ صندوقی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەویش وەختی دێت و دەخرێتە دەنگەوە، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوە لەناو یاساکەدا هاتووە، لەناو موقتەرەحاتیش هاتووە، ئەو وەختەی کە یاساکە موناقەشە دەکەین، ئەتوانین لەوێ بڕیارێکی لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز بورهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحی ئێمە لە پێشەوەیە، هیچ موناسەبەیەك نیە کە موقتەرەحی ئەوان لەپێشدا بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موقتەرەحی ئێمە و ئێوە نیە، برای بەڕێزم دانیشە، ئەوە پێشنیارە، ئەویش دێت، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەمەوێت هەندێ تەوزیحات بدەم، یەکەم: ئەو پێشنیارانەی کە دوێنێ لەلایەن پەرلەمانەوە پێشکەشکرا، ئاراستەی حکومەت دەکرێت وەکو تەوصییات، بۆیە مولزەم نیە لەناو یاساکەدا بێت، دووەم: جۆری موناقەشە کردنی یاساکان کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، لە بابی هەشتەم یاسا چۆن موناقەشە دەکرێت؟ بەشێوەیەکی گشتی تەفاصیلی هەمووی هاتووە، جگە لەوەش موازەنە چۆن موناقەشە دەکرێت، لە بابی نۆیەم هاتووە، من داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئیلتیزام بکەین هەموو لایەکمان بە بابی نۆیەم، کەی هاتینە سەر یاساکە بۆ موناقەشە کردنی، ئەو کاتە ئێمە بڕیارەکان دەدەین، لەسەر ئەو ئەساسەش یاساکە پەسەند دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی لیژنەی یاسایی ئێوە ڕەئیتان وایە کە ئەم موقتەرەحە لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی تر کە دوێنێ بوو، بهێڵدرێتەوە بۆ کاتی موناقەشە کردنی یاساکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئێمە وامان پێ باشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە با هەردوو موقتەرەحەکە تەئخیر بکەین بۆ کاتی موناقەشە کردنی یاسای بودجەکە، کاك کاردۆ فەرموو، ببورە، دکتۆر جەعفەر نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەرفەتم بدەیت من یەك پێشنیاری بچووکم لەسەر ئەو یاسایە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، جەنابت وتت نوقتەی نیزامیم هەیە، بۆیە پێشنیار نابێت، تکایە دابنیشە، بەڕێزان هەرهەمووتان کەس بەناوی پێشنیارەوە مەجال نادەم، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە ڕەبتی بە پڕۆژە یاساکەوە نیە، وەکو کاك شێروان ئیشارەتی پێکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەپرسم لە لیژنەی یاسایی لە چ بڕگەیەکی ئەو یاسایەدا جێگای ئەم پێشنیارانە ئەکرێتەوە؟، چونکە شتێك نیە باس لە بڕینی ڕێژەی لە 5٪ی منح و ئیعانات لەناو پڕۆژە یاساکەدا بکات، تەنها بابە گشتیەکان باس کراوە، بۆیە داوا دەکەین لەگەڵ پێشنیارەکاندا دەنگدان لەسەر ئەم بابەتانە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامات چیە؟، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی دوو، سێ خاڵ هەیە دوێنێ ئیسارە کرا، ئەمە پێویستە ئیسارە بکرێت، پێویستیشە بڕیاری لەسەر بدرێت، لەوانە ئەو بڕەی کەبۆ حزبەکان دانرابوو، کە لابردرا، ئەو ڕێژەی کە لە 5٪ بوو لە منح و ئیعانات

ئەمەش ئیستیقتاع کرا، ، ئەبێ ئێمە ئەوە لەناو یاساکەدا جێگا بکەینەوە بە ماددەیەکی قانونی پاشان ئەو پێشنیارە بێتە پێش کە ئایا بۆ چ مەبەستێك ئێمە بەکاری ئەهێنین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئێمە دوێنێ وەختێکی زۆرمان تەرخان کرد بۆ باس کردنی ئەو ئیستیقتاعانە، بڕیارێکمان لەسەر دا، هەروەها ئەو پڕۆژانەی کە بڕاو، من پێشنیار دەکەم دیاریشە کە نووسراوە پێش ئەوەی ئێمە دەنگدان بکەین، ئەم خاڵە دەنگی لەسەر نەدرێت و لاببرێت، چونکە ئینجاز بووە بەڕەئی من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خۆرشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر قسە لەسەر ئەو 5٪ی ئیعانات و ئەو 5٪ی منح دەکەین، با بەبیرتان بێنمەوە، ئێمە لە یاساکە لە دووخاڵ زیادەمان هەیە، کە (90)ملیار دینارە، ئەو بڕی زیادەی منح و ئیعانات هەمووی دەکاتە 41 ملیار، یەعنی ئێستا ئێمە قەرزاری وەزارەتی داراییین، بە 48ملیار و 500 هەزار، ئەم پارەیە ناکرێ ببەینە جێگایەکی تر ئێمە پێشنیارمان هەبێت بە (90)ملیار، ئینجا بێین ئەو (40)ملیارە بەرینە جێگایەکی تر، ئەبێ ئەو (40)ملیارە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت، ئێمە لەگەڵ ئەو (40)ملیارە 48ملیار و 500 هەزاری تر قەرزاری وەزارەتین بۆ ئەو زیادانەی کە لە یاساکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ڕەئیەکەی کاك شێروان دەکەین، کە ئەوە هەمووی لەناو یاساکەدا موناقەشە بکرێت، چ ئەو بڕینەی لە 5٪کە چ ئەوەی پڕۆژەی ئەحزاب کە لێی ئەبڕدرێت، چ ئەوەی دوێنێ کە دەنگمان لەسەردا، کادیرو ئیعلام و ئەو شتانە هەمووی کۆبکرێتەوە ڕێژەکەی دیاریبکرێت لەناو پڕۆژە یاساکەدا، ئێمە بۆیە پشتگیری ڕەئیەکەی کاك شێروان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم وایە ئەم پارەی كە داوا دەكەین لە شوێنێك دیاری بكرێت دوو جۆرە، یەكێكیان كە میزانیەیە بەپێی پارێزگاكان دیاریكراوە، ئەو پڕۆژەی كە لە سنووری پارێزگایەك ئەبڕدرێت، ڕەنگە خودی میزانیەكە تێك بدات، ئەگەر لە پارێزگاكەش ببڕین و بیخەینە سەر پارێزگایەكی تر، ڕەنگە ئەمەش هەر ناهاوسەنگ بێت، لەبەر ئەوە هەر لە سنووری ئەو پارێزگایەدا بۆ ئیشێكی تر وەزارەتی دارایی بەكاری بهێنێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا دوای دەخەین بۆ موناقەشەی یاساكە، لیژنەی دارایی و یاسایی و جەنابی وەزیر وهەندێ ئەندام پەرلەمان تەئیدیان كرد، فەرموون ئێستا بۆ خاڵی شەشەم، تكایە.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هاوتاكردنی مووچەی پۆلیس وئاسایش لەگەڵ بودجەی هاوتاكانیان لە عێراقدا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەمە لەساڵی 2008 لەیاسای بودجەدا تەسبیت كراوە، پێویست ناكات جارێكی تر یاسایەكمان هەیە كە تەسبیت كراوە، پێشنیار بكەین كە ئەو شتە بكرێت، بۆیە ئەمە بەڕەئی ئێمە نایخەینە موناقەشەوە، بڕۆن بۆ خاڵی دواتر تكایە.**

**بەڕێز محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سیاسەتی دارایی هەرێم لە بودجەدا ڕەنگی نەداوەتەوە بەتایبەتی بۆ بواری كۆكردنەوەی داهات، لەهەردوو ئاستی فیدراڵی وهەرێمی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سیاسەتی دارایی هەرێم بەپێی ئەو ڕێژەیەی كە تەرخانكراوە بۆ وەزارەتەكان، بە تەسەلسول و بەتەدریج دێتە خوارەوە، تكایە بۆ خاڵێكی تر.**

**بەڕێز محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پلانی حكومەت بۆ وەبەرهێنانی بیانی وناوخۆیی نیە، بەتایبەتی بۆ ئەو پرۆژە ئیستراتیژیانەی كە لەتوانای حكومەتدا نیە، بۆ جێبەجێ كردنی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەویش ڕەبتی بە میزانیەوە نیە برۆ بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوئییای حکومەت لە بودجەدا دیار نیە، بۆ چارەسەری ئەو بۆشاییەی لەنێوان خواستی دارایی هەرێم وبڕی دیاریکراو لە عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت ئەو هەڵوێستە ناسراوە، چونکە هەر ئەو بڕە پارەیە کە لە بەغدادەوە بۆمان دێت، لەوە زیاتر نیە، لە بڕی لە 17٪ کەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هەمان ڕەئی لیژنەی داراییمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە تکایە دەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵێکی تر تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەولەویاتی وەزارەتەکان لە ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییدا ڕەچاو نەکراوە، نموونە وەزارەتی کارەبا، هەروەها ئاوەدانکردنەوەو پیشەسازی، بگرە زۆربەیان ئاگایان لە خەملاندنی بڕەکانیان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خاڵە زۆرجار هاتیە موناقەشە کرن، زیاتر لە دووجار و سێ جار وەڵامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە، پێویست بە موناقەشە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەملاندن هەمیشە بە ئیتیفاق دەبێت لە نێوان وەزارەتەکان و وەزارەتی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ خاڵێکی تر تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند خاڵێکی تر هەیە کە چەندجار دووبارە کراوەتەوە، بیخوێنمەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بیخوێنەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناهاوسەنگی لەدابەشکردنی بودجە لەنێوان ئیستیسماری و تەشغیلی، هەروەها ناوچەکان و بوارەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ناهاوسەنگی لەنیوان بودجەی ئاسایی و نائاسایی ئەوە چەندجارێك ڕوونمان کردۆتەوە، واقعی ئەوەی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆر لە چالاکیە ئابووریەکان لەبەردەستیدایەو ئەو وەزارەتەکان دەبات بەڕێوە، تەعویزاتی فەرمانبەران هەمووی لەبەردەستی ئەوە، سلع، خەدەمات، ئیعانات هەمووی، لەبەر ئەوە خۆی هەر سروشتی بودجە خۆیەتی و بەو شێوەیە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئی لیژنەی دارایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لەبەردەم بەرپرسیارەتیەکی مێژووییداین، ئەویش ئەوەیە بودجە جگە لەوەی ئەبێت بەشێوەیەکی یەکسان یان بەپێیی زەروریات بەسەر سێکتەرە ئابووریەکاندا دابەش بکرێت، بەهەمان شێوە گرنگە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر ناوچەکاندا دابەش بکرێت، من تکاتان لێ دەکەم، ئەمە دوور بێت لە ژیانی ناوچە گەرێتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەیخەینە دەنگەوە، ئەو ناهاوسەنگیەی کە باس کراوە لیژنەی دارایی خوێندیەوە، ئێوەی بەڕێزیش گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە با دەستی بلند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، پێشنیارەکان کۆتاییان پێهات، هەندێ پێشنیار هەبوو کە دووبارە بوون، بۆیە دووبارەمان نەکردەوە، ئێستا دەچینە سەر بەشێکی تر، لیژنەی دارایی فەرموون بۆ خوێندنەوەی. فەرموو کاک شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە پێشنیارەکاندا کۆمەڵێك پێشنیاری ترمان کرد، جەنابت وتت ئەگەر لە کۆتایی پێشنیارەکاندا تێیدا نەبوو، ئەتوانن داوای بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیتیفاق کرا، ئەوەی لەسەر ئیستیقتاعەکان بوو لەناو یاسا کە موناقەشە کراو هەموو لەسەر موتەفق بوون، هیچ موفتەرەحێکی تر نیە، چونکە ئەگەر هەر موفتەرەح بێت تا مالا نیهایە ئەڕوات، ئەوانەی کە بەنووسراو هاتن ئەوانەی لەناو قاعە وترا، ئەوەی لەناو لیژنەکاندا وترا، ئەوەی ناو لیژنەی داراییش هەمووی وترا بەنووسراو لە گشت لایەنەکانمان وەرگرت، لێرەدا بە تەسەلسول پێیدا چووین، زۆر سوپاس، فەرموو کاک اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم خستە بەردەستی بەڕێزت، لای جەنابیشتن یەکێکیان: لابردنی ئەو بودجەیەی کە بۆ مەلعەبی شەعب تەرخانکراوە، دووەم: لابردنی ئەو بودجەیەی کە بۆ پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی کە

مـولکی ژووری بازرگـانی سـلێمانیە و ژووری بازرگـانیش سـەندیکایەکی سـەربەخۆی دەوڵەمەنـدە و پـارەی خۆی لەبەردەستدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمەش پێشتر پێشنیارێکمان وت، لەناو هۆڵەکەداشدا چەند کەسێك پشتگیری ئەوەیان کـرد، ئـەو پڕۆژانەی کە دیار نین و ناویان نیە، نووسراوە پڕۆژە بۆ گەرمیان، گەرمیان لە کوێوە بـۆ کـوێ؟، نووسـراوە پڕۆژە بۆ مەندەلی، چ پڕۆژەیەکە؟، ناوی چیە؟، ماوەکەی چەندە؟، شوێنەکەی کوێیە؟، پڕۆژە بۆ سـەعدیە، بۆ جەلەولا، ئێمە چەند جارێك پێشنیارمان کردووە، بەڵام باس نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانن بڕۆن لە لیژنەی نەزاهە، لە لیژنەی پەیوەندیدار، بەدواداچوونی بۆ بکەن، بـزانن ئـەو گەرمیانـەی کە باسی پڕۆژەی بۆ ئەکرێـت، بۆکوێی کراوە؟.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە وەزیری پلانداناniش پرسـیارم کـرد، بـەڵام وەڵامـی نەدامـەوە، وتـی ئـەوە بەرپرسـێك تەلـەفۆنی بـۆ کردووم بەپەلە ئەو شتەم نووسیوە، بۆیە تکا دەکەین لەسەر بـەرپرس و تەلـەفۆنات پـرۆژە دانەنـدرێت بـۆ هیچ ناوچەیەك، بەڵێ من خۆم پرسیارم لێکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەو پێشنیارانەی کە لەبەردەستمانە تەنها ئەوانەن، شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەشـروعەکانی مەنـدەلی، ئێمـە لەگـەڵ وەزیـری ئاوەدانکردنـەوە قسـەمان کـرد، بەڕاسـتی خـەڵکێکی مەندەلی هاتوون و وتوویانە پڕۆژەمان بۆ بکەن، ئەوان فریـا نەکـەوتن پرۆپۆزەڵـەکان ببیـنن، بەتەقـدیری، تەخمینیە ئەو پارەی کە دایان نـاوە، چـونکە کێشـەی مەنـدەلی زۆر لـەوە لـەو بـڕە پارەیـە زیـاترە کـە بـۆی دانـراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن باسـی نەخۆشـخانەی شۆڕشـم کـرد، جـەنابی وەزیـری دارایـی جـوابی دامـەوە، وتـی لەسـەر وەزارەتـی پێشـمەرگەیە، بـەڵام لـە پـرۆژە وەبەرهێنانـەکان ئەگـەر سـەیری بکـەین، دەبیـنین بڕێکـی زۆری پـرۆژە وەبەرهێنانەکانی وەزارەتی تەندروستی نەخۆشخانەی شۆڕش بردوویەتی، پێشنیار دەکەم ئەوە بخرێتە سەر وەزارەتـی پێشـمەرگە، چـونکە دیسـان لـە بودجـەی وەزارەتـی تەنـدروسـتی کـەم دەکرێتـەوە، ئەچـێتە سـەر وەزارەتی پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بەنیسبەت یاریگای شەعب، ئێوە وەکو حکومەت ڕەئیتان چیە؟، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە بودجەکەماندا هاتووەو حکومەت لەسەری ئیقراری کردووە، پەسەندی کـردووە، تکام وایـە لێـرەش پەسەند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها دووکەس لەسەر ئەو بابەتە با قسە بکەن، کاك عومەر صدیق، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبۆچونی من ئێمە یەکەمجار لە چەند رۆژی ڕابردوو بودجەی وەبەرهێنانمان بە تێرو تەسەلی موناقەشە کردو بڕیاریشمان لەسەردا، بۆیە پێشنیار دەکەم وداواش دەکەم، کە ئێمە پابەندی نیزام بین و جارێکی تـر نەچینەوە سەر موناقەشەی ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنێ پیشنیارێکم خستە بەردەم جەنابتان، کە ژمارەیەکی زۆر جیاوازی لە میلاکاتی وەزارەتی ناوخۆو هەردوو ئاسایشەکە هەیـە، ناردیشـم بـۆ جـەنابت، ئەمـە نەخراوەتـە بەرنامـەی کـارەوە کـە ژمارەیـەکی زۆر زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەموو لیستەکان بە نووسراو لەگەڵ کۆکردنەوەی ئەوەی خۆمان بەنووسراو، هـەموو پێشـنیارەکان هـاتن و ئـەوەتا لەبەردەسـتمدا، واتـە پێشـنیاری هـەموو لیسـتەکانی نـاو پەرلـەمان بـۆ ئێمـە هـاتووەو خوێندوومانەتـەوە بـە تەسەلسـول، ئەوانـەی تـریش کـە خۆیـان لێـرە بـوون و موداخەلـەیان کـردووە

هەرهەموویەتی بۆیە هیچ پێشنیاری تر وەرناگرین، پێشنیاری پاریگای شەعب، دوو ڕەئی لەسەرە، لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش هەموویان تەئیدی ئەکەن، پێشنیارێکیش لەم ئەندامە بەڕێزانەوە هاتووە ئەڵێن لابچێت، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە، کێیی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، واتە بۆ مانەوەی(45) فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، واتە نەمێنێ (50) بۆیە بەزۆرینەی دەنگ لا ئەبرێت، ئێستا بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێیی یاسا پاش ئەوەی پێشنیاری لیژنەکان گفتوگۆی لەسەر کرا، دەنگی لەسەر درا، دێینە سەر بابەکانی خەرجیەکان، ژمارە سەرەکیەکان دەخەینە ڕوو، لەگەڵ ئەو پێشنیارانەی کە دەربارەیان هەیە، بەنیسبەت بودجەی خەملێندراوی ساڵی 2010، مووچەی فەرمانبەران واتە (تعویضات موظفین) هەرچەندە لە ڕاپۆرتەکەشدا هاتووە، جا نازانم بیخەینەوە دەنگدان یان نا، بەنیسبەت موازەنەی ئاسایی و نائاسایی، ئەوەش لە ڕاپۆرتەکەماندا هاتووە، بەس ئێستا بابەکانی دەخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە با لیژنەی یاسایی ڕای خۆیان بدەن، فەرمووو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئێستا دەنگدانێك لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، پاشان بچینە سەر خوێندنەوەو موناقەشەکردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسا تکایە ڕەئیتان بۆ ئەوەی بزانین دەنگدان بکەین پاشان بچینە ئەو بابەوە یان نا؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچینە موناقەشەی یاساکە، پێویستە لەسەر مەسەلەی نەفەقات و واریدات، ئێمە دەنگی لەسەر بدەین، ئەوەی ئێستا دکتۆر ئاراس دەیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لەوە تەواو بین و پاشان بچینە قۆناغی ئیقراری یاساکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بچینە سەر بابەکانی تر بۆ موناقەشە، با دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ئەوەی بەردەوام بین و بچینە سەر بابێکی تر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی یەكەم لە بودجەی خەملێندراو، مووچەی فەرمانبەران واتە( تعويضات الموظفين)بڕی تەرخانكراو بۆ بودجەی خەملێندراوی ساڵی 2010، (4) تریلیۆن و(999)ملیارو (300)ملیۆن.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**دكتۆر زانا، فەرموو.**

**بەڕێز د. زانا رووف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**داوا دەكەین لە لیژنەی دارایی بۆمان ڕوون بكاتەوە، ئەو پارەی (4)ملیار و (800)ملیۆنە یاریگای شەعب كە لابرا ئەچێتە كوێ و لە چ بابێكدا سەرف دەكرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوە دەنگمان لەسەر داو چووە بابێكی تر، تكایە لەكاتێكی تر كە جێگای هات ڕوونكردنەوەی لەسەر دەدەین، فەرموو دكتۆر ئاراس.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئایا دەنگدانی لەسەر دەكرێت یان نا ئەو خاڵە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا مووچەی فەرمانبەران ژمارەكەی دەخوێنێتەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**(4) تریلیۆن و(999)ملیارو (300)ملیۆن.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە دوێنێ دەنگمان لەسەر ئەوەدا كە مووچەی كادیرو ئەوانەی كە كاریان نیە، مووچەكانیان دەبڕدرێت دەنگمان بۆداو بەكۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بوو، ئێستا ئەم ژمارەیە ئەوانەشی تێدایە، چۆن دەنگی**

لەسەر بدەین، ئەگەر دەنگیشی لەسەر بدەین بڵێین دوای ئەو بڕینەی کە دەنگی لەسەر دراوە، مووچەی کادیرو ئەو کادیرانەش کە لە ڕاگەیاندنەکان ئیش دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید ئەوانەشی کە بڕاون پاشان بەو نسبەیە دەبڕدرێت و لەیاساکەش دیاری دەکرێت، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانەی کە دوێنێ دەنگمان بۆ داوە هەمووی پێشنیارە، حکومەت مولزەم نیە بە جێبەجێکردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حاکم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو ڕەقەمەی کە ئێستا لەبەردەستدایە، لە موقارەنەکە لەگەڵ ساڵی پار ئێمە تەعیناتی پارمان لە سنووری 10 هەزار کەسە، ئەم پارەی کە زیادە، کە موقارەنەی دەکەی زیاد لە تریلیۆنێکە، ئەو زیادەی مووچەیە چۆنە، یەعنی دەدرێت بەکێ ئەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ئەوە ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی وەڵام بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ژمارەیە تەبیعی لە 6/30 هاتووە، ئەو رۆژەش لە وەڵامی پرسیارەکاندا وەڵامم دایەوە، بەس ئەوە کە وەزارەتی پێشمەرگە دێتە سەری (600)ملیار دینارە، زیادەی خانەنشینەکان کە (70)هەزار دینارە

(5)مانگی تەراکومی تێدا بوو، لەهەمان مانگ سەرف دەکرێ، عەلاوەو تەرفیعی ئەم ماوەی کە هەیە، ئەو (10)هەزار کەسەی کە ئێستا تەعین دەبێت، ئەوەش ئەچێتە سەری، لەگەڵ ئەوەشدا زیادەی مووچەی ئەو چوار لیوایەی کە ئێستا تەشکیل دەبێت و کە تەشکیلیش بوو، ئەوانەشی هەموو ئەچێتە سەر، بۆیە ڕەقەمەکە لێرەدا زیاد هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالعزیز نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی کە ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، حەدی فاصلی بڕیار و ڕاسپاردە چۆن دیاری دەکرێت، ئێمە کە شتێك دەکەین دەبێت بە بڕیار بەکۆی دەنگی پەرلەمان، ئەمەش پێی ئەوتریت ڕاسپاردەو مولزەم نیە لەسەر حکومەت، بۆیە لە ڕووی قانونیەوە بۆمان ڕوون بکەنەوە، کە چۆن ڕاسپاردەو بڕیارەکان لەیەکتری جیا دەکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێمە ڕاپۆرتێکی هاوبەشمان هەیە لەنێوان لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی، لەم ڕاپۆرتەدا سەرنج و تێبینیەکانی هەموو لیژنەکان وەرگیراوە، ئەوەشی کە بە پەسەند زانراوە داخلی ڕاپۆرتەکە کراوە، ئەوەی کە بە پەسەند نەزانرا دوێنێ ئێمە لێرەدا یەکلاییمان کردەوە، کردوومانە بە خاڵی جیاواز بۆ ئەوەی لەناو یاساکەدا ئێمە موناقەشەی بکەین، بڕیاری گونجاوی لەسەر بدەین، بەڵام ئەو پێشنیارانەی کە ئێستا دێتە ئاراوەو دەبێت بە تەوصیات و ئاراستەی حکومەت دەکرێت بۆ ئەوەی جێبەجێیی بکات، ئەمەیە مەوزوعەکە واتە ئەو پێشنیارانەی کە خارجی ڕاپۆرتی لیژنەکانە بەم شێوەیە تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، ئەو پێشنیارانەشی کە داخلی ڕاپۆرتەکانەو بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو بڕە پارانەی کە دەبڕدرێت لە بودجەی ئاسایی، هەر بەپێیی سیستەمی محاسبی لەناو بودجەی ئاساییەکە دەمێنێتەوە، دوایی حکومەت خۆی بەشێوەیەك لە شێوەکان تەسەڕووفی پێوە دەکات،

ئەگەر ئێمە بەرچاومان ڕوون نەبوو لە چۆنیەتی تەصەڕووف کردنی حکومەت بەو بڕە پارەی کە دائەشکێندرێت ئەو کاتە ئەتوانین بەدواداچوونی بۆ بکەین وەکو ئەرکی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئەیوب، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم خەملاندنە من پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری دارایی هەیە، بەپێی ماددەی (11)ی بودجەی ساڵی 2009، کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراوە، ئەڵێت وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە، وردەکاری میلاکاتی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی دارایی 2009 ڕێك دەخات و پەسەندی دەکات، لەبەر ڕۆشنایی پارەی تێچوونی بودجەکان کە لە یاسای بودجەدا پەسەند کراون، لەسەر وەزارەتی داراییشە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان پێش کۆتایی هاتن بە ساڵی دارایی 2009، ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ لەسەر ئەمە پێشکەش بە پەرلەمان بکات، بێگومان دەبێت ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بگاتە دەست پەرلەمان، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین ئەم مەسەلەیە پەسەند بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی اورحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێزت پێشتر ئاماژەت پێکرد و لیژنەی یاسایش ئاماژەی پێکرد، کە بڕینی هەموو ڕێژەکان، بڕینی پرۆژەکان و لابردنیان، بڕینی مووچەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆ ئەوەی لە پێشنیار دەربچێت و ئەو ئیشکالە بەڕێزت و لیژنەی یاسایی کە باسیان کرد، دەکرێ بە ماددەیەکی یاسایی بە ڕوونی بۆ ئەوەی مولزەم بێت بۆ حکومەت ئەمە یەك، کەواتە یان ئەبێت بکرێت بە ماددەیەکی یاسایی و ببێت بە بڕگەیەك، یان دەبێت تەوصیەکان هەموویان بە ماددەیەکی یاسایی بڵێین ئەمە مولزیمە، خاڵێکی تر فیعلەن ئەم مووچەیە، ئەم بڕە، ئەم گوژمەی تەعویزاتی فەرمانبەران دەبێت ئەو تێبینیەی لەگەڵ بێت، دوای ئەوەی ئەو کەم کردنەوانە لابراوە، چونکە ئێمە فەرمانبەرێکی زۆرو مووچەخۆرێکی زۆرمان لابردووە، دەبێ ئەو تێبینیەی لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێم وایە، گفتوگۆکردن لەسەر ئەم ژمارانە و دەنگدان لەسەری شتێکی دروست نیە، چونکە تۆ کۆمەڵێك گۆڕانکاریت کردووە، ئەگەر ئێستا تۆ دەنگ لەسەر ئەوە بدەی ئیتر دوایی ناتوانی چارەسەری بکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رووف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە لە برگەی یەکەمی ماددەی(83) ئەڵێت پێشنیاز کردنی زیادکردنی خەرجی یان هێنانە کایەی خەرجی نوێ یان دابەزاندنی داهات قبوڵ ناکرێت، ئەگەر پێشنیار کراوەکە ڕێگای ئەنجام دانی پێشنیارەکە ڕوون نەکاتەوە، بەڵام وابزانم ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان هەبووە بە زیاد کردنی خەرجی یاخود کەمکردنەوەی داهاتەکان لێرەدا بۆیە بەکۆی دەنگ پەسەند کراون، برگە یاساییەکان بەشێکی زۆری ڕوونکراوەتەوە، ئەگەر واش نیە بۆ دەنگدان دەکرێت لەسەر ئەم بابەتانە؟، هەر ئەندام پەرلەمانێك بۆی هەیە پێشنیارێك بە سەربەخۆ بنێرێت بۆ حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم شتێك ڕوون بکەمەوە، ئەگەر من بەغەڵەت تێگەیشتم داوا دەکەم لەو ئەندامە بەڕێزانەی لیژنەی یاسایی ودارایی و بەڕێز وەزیریش بۆم ڕاست بکەنەوە، تاکو بەرچاومان ڕوون بێت، ئێمە بەدەنگدانێك بودجەیەکمان پەسەند کرد، ئەم هەنگاوەی کە ئەمڕۆ دەینێین، تەنها یەك مەبەستی هەیە، پەسەند کردنی بودجە یەعنی پەسەند کردنی هەموو ئەو ژمارانەی کە لەوێدا هاتوون، بۆ ئەوەی کە لە یاسادا ئێمە دەڵێین سەرفیات ئەوەندەیە، خەرجیات ئەوەندەیە، شەرعیەتی هەبێت، چونکە دەنگت داوە لەسەر بودجەیەك کە وردەکارییەکانی هەمووی تێدایە، بۆیە ئێمە ئێستا ئەو کۆیە دەنگێکی لەسەر دەدەین، تاکو ژمارەکان لەیاسا شەرعیەتی هەبێت، ئەمە یەك، دوو: هەموومان یاساکەمان دیوە لە ماددەی(6) دوووەم باسی ئەم ئیشکالیەتە کراوە کە وەزیری دارایی ئەو گۆڕانکارییانە لە بەینی وەزارەتێك و وەزارەتێکی تر یان لکێندراو، ئەوە هەمووی باس کراوە، واتە بە پێیی مەبدەئی حسابات ئەوەی تەشغیلیە لە تەشغیلی هەمان پارێزگا دەبێت و بەدیهیە کە بە پێیی حسابات ئەوەی کە پڕۆژەکانە لەهەمان ناوچە دەمێنێ ئێمە تەصەور دەکەم، ئەگەر بگەینە سەر چارەنووسی، یانیش هۆی دانانی ئەم ژمارە باس بکەین، واتە ئێمە پەسەند کردنی بودجەکەمان لەغو کرد، سەرووتازە موناقەشەی وردەکارییەکانی بودجە دەکەین،

من تەصەور دەکەم ئەمە تەحصیل حاصلە، تەنها بۆ ئەوەیە تاکو ئێمە بچین موناقەشەی ئەو ژمارە کۆتاییانە بکەین کە لە یاساکەدا دێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەدانیشتنی دوێنێدا بودجەمان پەسەند نەکردووە، بەڵکو دەنگ لەسەر ئەوە دراوە کە ئایا بودجە بمێنێتەوە لەناو پەرلەماندا یاخود بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت؟، بەزۆرینەی دەنگ بڕیار درا کە بودجە لەناو پەرلەماندا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لەناو پەرلەماندا هەموار بکرێت، هەم لەناو پەرلەماندا دەستکاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی ئێمە ئەو بودجەیەمان هێناوە ئەو ژمارانە بە تەخمینی، تەخمینمان کردووە، بۆ ئەوەی کە بمێنێتەوە، هەر خەلەلێك لەو ژمارانەدا هەبێت، ئەگەر بێت و لە شوێنی نەیەت یاخود لێیی دەربکرێت، ئەوە تەبیعی خەلەلە بۆ ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی، ئەما مەوزوعی ئەوەی کە ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچە خۆرن، گوایە دەڵێن بەعزێکی دەوام ناکات، یاخود وجودی نیە، ئێمە لە خشتەکانماندا ناوەکان هاتووە، عەدەدەکانمان تەسجیل کردووە، ئەو ژمارانەش موسەبەتن بوونیشیان هەیە، مووچەخۆرن ئەوانە، لەبەر ئەوە ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئێستا ئێوە دەنگی لەسەر دەدەن ڕەنگە تەئسیر بکاتە سەر بودجەکەی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێیی ماددەی(86) ئەڵێت یەکەمجار دەبێت پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر خەرجیەکان بکات، یەعنی شتێکی دروستە کە ئێمە بڕیار لەسەر ئەو ژمارانە دەدەین، پاشان لەسەر داهات، بەڵام پێم وایە ئێمە تووشی ئیشکالیەتێك دەبین، لەو پارانەی کە کەم کراوەتەوە، ئەگەر بەماددەیەك لە یاساکەدا جیایان نەکەینەوە، یەعنی زۆر دروستە کە قسە لەسەر خەرجیەکان بکرێت، پاشان داهاتەکان، بەڵام دوایی ئەو کەمکردنەوانە بەماددەیەك لەیاساکەدا جێگای بکرێتەوە، بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالێکی یاسایی نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەبدوڵڵای مەلا نوری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم وردە وردە خەریکە لەدەسەڵاتی خۆمان دەکەوینە گومانەوە، دوور لەو دەسەڵاتەی کە پەیڕەوی ناوخۆ داوێتی پێمان خەریکە ئەکەوینە گومانەوە، چونکە بەپێیی ماددەی(83) وەکو کاك زانا باسی کرد، ئێمە حەقی ئەوەمان هەیە، کە بەرزکردنەوە یان دابەزاندن یاخود بەجۆرێك لە جۆرەکان نقلْ کردن لە هەندێك بابەوە بکەین، بەو مەرجەی ئێمە ڕوونکردنەوە بدەین، بۆیە ئەو پێشنیارانەی کە دوێنێ کراوە، بەڕاستی ئەوە دەنگیشی لەسەر دراوە، پێویستە لەسەر حکومەت کە جێبەجێیی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ کە لێرە دانیشتین، لەگەڵ برای بەڕێزم کاك عەونی چەند خاڵێك هەیە دەستنیشانمان کردووە، ئێستا ئاراستەی جەنابتانی دەکەین، بۆ ئەوەی لە یاساکە ڕێکی بخەین، یەکەم: ئیلغا کردنی نەفەقات کە دیاریکراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو باڵەخانانەی کە بۆ حزبەکان و بەرپرسەکانە، دووەم: بڕینی ڕێژەی لە 5٪ لە منح و ئیعانات، سێیەم: گواستنەوەی مخصصات و نەفەقاتی مەشاریعی دووبارە بۆ ئەو پارێزگایەی کە لێیی بڕاوە، چوارەم: کە ئەمڕۆ داخڵمان کرد، مەسەلەی تەخصیصاتی پاریگای شەعب، ئەوە ئێمە هەموویمان وەکو تێبینی لەلای خۆمان نووسیوە، دەنگیشی لەسەر دراوە ڕاستە، زمنی ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانە، ئێمە لەناو یاساکەدا ئیسارەی دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێزد. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی کاك شێروان یەك خاڵی لەبیر چوو، ئەویش بڕینی هەموو مووچەخۆرەکانی حزبە، کە لە حکومەت مووچە وەردەگرن، دەوامیش ناکەن، بڕینی مووچەی هەموو ئەو ئەندامانەی ڕاگەیاندنی حزبەکانیش، کە مووچەیان لەسەر حکومەتە ئەوانیش، بڕینی هەموو ئەو هاوکارییانەی کە بۆ ڕاگەیاندنی حزبەکانە، بڕینی هەموو ئەو گوژمە پارانەی کە بۆ سەنتەری سەر بە حزبەکان دیاریکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان لەو بارەیەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە پێشنیارە ئاراستەی حكومەتی دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە با واز بێنین لەوە كە چووینە سەری بە تەفصیل باسی دەكەین، ئێستا لیژنەی دارایی تكایە ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت ئەوە ئێمە بۆ نزیكەی مانگێك دەچێت، ئەو ژمارانەمان لەبەردەستدایەو موناقەشە دەكرێت، لە ڕاپۆرتەكەشدا هاتووە، یەعنی ئێستا هیچ موناقەشەیەك هەڵناگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا لەگەڵ ئەوەدان كە بدرێتە دەنگدانەوە، ئێستا یەكەم: مووچەی فەرمانبەران ئەو ڕێژەیە (4) تریلیۆن و(999)ملیارو (300)ملیۆن دینار، ئێستا كێیی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بكات تكایە؟، 72 كەسی لەگەڵدایە؟، فەرموون كێیی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینە دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی دووەم تكایە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم: شمەك و خزمەت و چاككردن (السلع والخدمات والصیانة)(937)ملیار و(140)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لیژنەی دارایی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش بەهەمان شێوە داوا دەكەین كەوا ئەو ژمارەیەمان بۆ دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگەوە مادام کەس قسەی نیە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە شمەك و خزمەت و چاککردن (السلع والخدمات والصیانة)(937)ملیار و(140)ملیۆنی بۆ دابنەدرێت، تکایە با دەستی بڵند بکات؟، (71) کەس فەرموون، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (4)کەس بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی سێیەم.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم: باربوو (الاعانات) (398)ملیار و (793)ملیۆن دینار، بەڵام گەیشتینە بڕیارێك کە لە 5٪ی لە بڕی ئەو پارەیە ببڕدرێت، دواتر دەبێت بەیاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئێمە دەستکاری ژمارەکان نەکەین، هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ماددەیەکی یاسایی ئیزافە بکەین لەناو یاساکە، بۆ ئەوەی لە 5٪کە تەسبیت بکەین، بەماددەیەکی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو ڕایە دەکەین، ڕایەکی ڕاستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێش پێنج دەقە نابێت بە کۆی دەنگی پەرلەمانتاران دەنگمان دا کە ناهاوسەنگی هەیە لەنێوان بڕی وەبەرهێنان و بڕی تەشغیلی، من لەم پرۆسەیە تێناگەم بەکۆی دەنگی ئەم پەرلەمانە دەنگمان لەسەر داوە، ئێستا چۆن جێگای ئەوە دەکەینەوە کە لەگەڵ ئەم دەنگدانەی ئێستادا دەیکەین؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیسانەوە هەر لەسەر دەنگدان بۆ ئەم ماددەیە، لە مووچەی فەرمانبەراندا بەڕێزانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی هیچ ئیشارەتێكیان بەوە نەكرد كە بەكۆی دەنگی ئەندامان داوای بڕینی مووچەی فەرمانبەران و مووچە خۆرانی حزب كراوە، داوایان نەكرد بكرێت بەیاسا، بەڵام بۆ منح كە بەزۆرینە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بووە، داوا دەكەن كە بە بڕگەیەكی یاسایی بێت، ئەمە ئیزدیواجیەتە بەڕاستی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەت پرۆژە حزبیەكان، لەناو ڕاپۆرتی دارایی بە سەریحی ناوی هاتبوو، بۆیە ئێمە بڕیارماندا لایبەرین، بەڵام بوونی مووچەی كەوادیری حزب لەناو ئەم ڕاپۆرتە شتێكی فەرەزیە، بۆیە ناكرێت بەقانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیمان خان، بەشێك لەقسەكانی منی كرد، بەڵام من ئەوەی كە ئەمەوێت ڕوونی بكەمەوە، بەڕاستی ئەم دەنگدانە پێچەوانەی مەبدەئی كاری خۆمان دەبێت، پێچەوانەی مەبدەئی كاری پەرلەمانە، دەنگیان لەسەر ئەو ژمارانە داوە كە كەمیان بكەینەوە، ئێستا تۆ دووبارە دەنگ لەسەر دانانەوەی دەدەی بە هەمان بڕ، ئەمە پێچەوانەیە تكایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وجودی مووچەخۆری حزبی لەناو لیستی مووچەدا نزیكەی (10)هەزار كەسە، شتێكی فەرەزی نیە، ئەمە بەلگەیە لەلامانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت مووچەو بابی مووچەو بڕگەی، دەنگی لەسەردرا، ئەمە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان چیتر ناگەڕێینەوە سەری و كۆتایی پێهاتووە، بەنیسبەت باربوو(الاعانات) ئەو ڕایەی كە لیژنەی یاسایی دای، كە بە بڕگەیەكی یاسایی لەناو یاساكەدا بە لە 5٪ بێت، بە بڕگەیەكی یاسایی بەتەئكید ئەمە ئیلزامیەكی قانونی ئەدات بەسەر حكومەتدا، ئەبێت بە ماددەیەكی قانونی، پێویستە ئەوە بخرێتە دەنگەوەو هەڵوەستەشی لەسەر بكرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك حمە سەعید، فەرموو.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من بۆ هەموو بڕینەكان پشتگیری ڕاكەی كاك شێروان دەكەم، واتە هی فەرمانبەران، هی ئیعانات، هی منح، هی تریش بەدواوەوەیە، پشتگیری ئەو ڕایەی دەكەم و موعالەجەی بكەین، بە بڕگەیەك یان ماددەیەكی قانونی، ئەوەی كاك شێروان زۆر تەواوە بەماددەیەك هەمووی نەك جیایان بكەینەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، لیژنەی دارایی بۆ دواجار ژمارەكەت بخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خاڵی سێیەم: باربوو (الاعانات) (398)ملیار و (793)ملیۆن دینار، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان گوێتان لێبوو، ئێستا كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، (70)كەسی لەگەڵە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، (27)كەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینە دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی دواتر.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دێینە سەر حسابی بەخشین، (المنح)كە بریتیە لە (431)ملیارو (319)ملیۆن دینار، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئی لیژنەی دارایی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە بۆ دواجار بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخشین، (المنح)کە بریتیە لە (431)ملیارو (319)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، (66) فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، (28)کەس بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی دواتر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دێینە سەر حسابی سوودە کۆمەڵایەتیەکان، (المنافع الاجتماعیة) کە بریتیە لە (180)ملیارو (401)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوودی کۆمەڵایەتی وەکو خۆی ماوە، داوا دەکەین کە بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی بۆ دواجار بیخوێننەوە تکایە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوودە کۆمەڵایەتیەکان، (المنافع الاجتماعیة) کە بریتیە لە (180)ملیارو (401)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، (70)کەس فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، (11)کەس بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی دواتر تکایە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دێینەسەر حسابی خەرجیەکانی تر، (المصروفات الاخری)کە بریتیە لە (683)ملیار و (377)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لێدەکەین و وەکو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لێدەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی بۆ دواجار بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حسابی خەرجیەکانی تر، (المصروفات الاخری)کە بریتیە لە (683)ملیار و (377)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، (67)کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (30)کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی دواتر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دێینە سەر حسابی مەوجوداتی نادارایی، (موجودات غیر مالیة)کە بریتیە لە (258)مالیار و(772)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لیژنەی دارایی دەکەین کە وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لێ دەکەین و هەمان ڕەئیمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی دواجار بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حسابی مەوجوداتی نادارایی، (موجودات غیر مالیة)کە بریتیە لە (258)مالیار و(772)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، (65)کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (20)کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی دواتر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم شێوەیە کۆی خەرجی بودجەی ئاسایی واتە وەگەڕهێنان بریتیە لە (7) تریلیۆن و(889)ملیار و(102)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ڕەئی لیژنەی دارایی دەکەین کەوا بدرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ژمارە لەلای ئێمەش پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دواجار ژمارەکە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی خەرجی بودجەی ئاسایی واتە بودجەی وەگەرهێنان بریتیە لە (7) تریلیۆن و(889)ملیار و(102)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، (74)کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (29)کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی دواتر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حسابی کۆی خەرجی وەبەرهێنان واتە(خەرجی سەرمایەداری) بریتیە لە (3)تریلیۆن و(543)ملیار و(74)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی ڕەئی لیژنەی دارایی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی بۆ دواجار بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی خەرجی سەرمایەداری واتە(خەرجی وەبەرهێنان) بریتیە لە (3)تریلیۆن و(543)ملیار و(74)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، (70)کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (25)کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی دواتر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم شێوەیە کۆی بودجەی خەمڵێندراوی ساڵی 2010ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە (11) تریلیۆن و (432)ملیار و(176)ملیۆن دینار، ئەمە کۆی هەردوو بوجەکەیە لە ئاسایی ونائاسایی کە کۆمان کردۆتەوەو بە خەمڵێندراو حسابمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لەبەڕێز وەزیری مالیە دەکەین، کە بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئایا ئەو بودجەیەی کە دانـراوە بـۆ تـەتویری تەنویری ئەقالیم، تەتویری پارێزگاکان، لەناو ئەم بودجەیەدا هەیە یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دواجار بیخوێننەوە بـا بیخەینـە دەنگدانـەوە، باشـە لیژنـەی دارایـی کۆی خەرجیـەکانی پەرلـەمان و دەسەڵاتی دادوەری لەکۆیی یاساکە جێگاتان کردۆتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی (1)ی یاساکە دوو بڕگەمان زیاد کردووە، یەکێکیان تایبەتە بە دەسـەڵاتی دادوەری و ئـەوی تریان تایبەتە بە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام هـیچ مـانع نیـە کـە ژمارەکـان بخرێنـە ڕوو، لەلایـەن لیژنـەی داراییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی دارایی بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بودجـەی خەملێنـدراو بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان، بـۆ سـاڵی 2010، (72) مليـار و(741)مليـۆن دينـارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لاریمان لێی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بۆ دواجار بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بودجەی خەملێندراو بۆ پەرلەمانی كوردستان، بۆ ساڵی 2010، (72) ملیار و(741)ملیۆن دینارە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، (78)كەسی لەگەڵدایە، كێیی لەگەڵدا نیە؟، (7)كەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ دەسەڵاتی دادوەری تكایە.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بودجەی خەملێندراوی ئەنجومەنی داد بۆ ساڵی 2010، بریتیە لە (39)ملیار و (814)ملیۆن دینار، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی تكایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش تەئیدی دەكەین، چونكە خۆیان لەگەڵ وەزارەتی مالیە ڕێككەوتوون، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر تكایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش تەئیدی دەكەین و لە میزانیەكەماندا هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عومەر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێش ئەوەی بچینە سەر بودجەی وەزارەتەكان، تێبینیەك بیری هەموو بەڕێزان دەخەمەوە، ئێمە چەند رۆژ لێرە بووین هەموو لیژنەكان، لیژنەی دارایی بەڕێزیش ئاگادارن، جەنابتان ئاگادارن، لیژنەی یاسایی ئاگادارە، تەواوی لیژنەكان ئاگادارن و ئەم قەناعەتەیان لەلا دروست بووە، كە ناهاوسەنگی لەنێوان كەرتەكاندا هەیە، یەعنی لەنێوان قتاعەكاندا هەیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایـە، ئـەوە ژمارەیەکـە لەبەردەسـتدایەو دەیخەینـە دەنگـەوە، بۆیـە موناقەشـەی ناکـەین، لیژنـەی دارایـی بیخوێنەرەوە تکایە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بودجـەی خەملێنـدراوی ئەنجومـەنی داد بـۆ سـاڵی 2010، بریتیـە لـە (39)ملیـار و (814)ملیـۆن دینـار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، (80)کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە؟، بـەکۆی دەنـگ وەرگیرا، فەرموو کاک کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک دکتۆر ئاراس وتی ئەنجومەنی داد، ئەمـە ئەنجومـەنی دادوەرییـە، خـاڵێکی تـر بـەپێیی یاسـای (23)بـۆ پاراسـتن و سـەربەخۆیی ئەنجومـەنی دادوەری، کـە برادەرانـی لیژنـەی یاسایی ئاگـادارن بـۆ حکومـەت نیـە، دەستکاری بودجەی قەزا بکات، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوان گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتر کردووە، کاک فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من گفتوگۆ لە بەینی حکومەت و ئەنجومەنی دادوەری بکرێت، بۆ دانانی بودجە، قەت موعارز نیە، لەگەڵ سـەربەخۆیی قـەزا، لازمـە لەگـەڵی بکرێـت، بـا فـەرز بکـەین کـە سـبەینێ ڕەقـەمێکی خـەیاڵیان دانـا، چونکە تەمویل بەتەنها لە واریداتی قەزا ناکرێت، لازمە حکومەت یارمەتی بدات، قەزا سەربەخۆیە، ئەگەر مـن غەڵـەت نـەبم، بودجەکـەی ئەنجومـەنی قـەزا تایبەتـە نـەك سـەربەخۆیە، چـونکە جیـاوازی لـەنێوان بودجەی سەربەخۆ و بودجەی مولحەق یان عام ئەوەیە، بودجەی سەربەخۆ لازمە هەموو واریداتی بەخۆی دروستی بکات، نابێ لەلایەنێکی ترەوە بۆی بێت، بودجـەی ئەنجومـەنی دادوەری بودجەیـەکی مولحەقـە بـە میزانیەی حکومەت، بەگفتوگۆ لەگەڵ حکومەت لازمە دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیستی خەملاندنی داهاتی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2010، بریتیە لە (348)ملیار و(679)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حاکم رزگار، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی میزانیەی ئەنجومەنی قەزا، ئەوان بۆ خۆیان دایدەنێن، ئەینێرن بۆ پەرلەمان، ڕاستەوخۆ بۆ مصادەقە کردن، بەڵام تەقدیرات لە بەینی مەجلسی قەزاو حکومەت ئەوان ناچنە مفاوەزاتەوە، ئەکرێ پەرلەمان خۆیان لەگەڵ حکومەت لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکەن چۆن قسە دەکەن خۆیان دەزانن، بەڵام بەپێیی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، ڕاستەوخۆ ئەنجومەنی دادوەری ئەو دەسەڵاتەیان هەیە، خۆیان تەقدیری دەکەن، خۆشیان ئەینێرن بۆ پەرلەمان بۆ مصادەقە کردن لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ڕەئی لیژنەی دارایی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی داهاتەکان کە بەو مەبلەغە دیاریکراوە، لیستێك کراوە نووسراوە باجەکان، سوودی کۆمەڵایەتی، داهاتی جۆراوجۆر، فرۆشتنی مەوجوداتی نادارایی، من ئەوەی دیقەتم داوە لەم لیستەدا، دائیمەن لە لیستی لەو شێوەیە کە دەکرێت ڕسومات بابێکی سەربەخۆی هەیە، من نازانم لەوێدا ڕسومات لە کوێدایە، من خۆم لە دادگا ئیشم کردووە، ئەزانم تاپۆو مەحکەمەو ئەو جێگایانە رسوماتێکی زۆر زۆریان هەیە، مروور، خاڵێکی تر داهاتی کارەبا، کەهاتووە جیاوازی هەیە کە لیژنەکە بەمانیان وتووە، خاڵێکی تر داهاتی

فرۆكەخانەكان، بۆ ئیزافە نەكراوە، من دەپرسم ڕسومات لە كوێدایە؟، داهاتی فرۆكەخانـەكان لەكوێدایـە؟، داهاتی كارەبا كە لیژنە شتێكی تری وتووەو شتێكی تر وتـراوە، بۆیـە مـن داواكـارم و وەكـو ڕەئـی شەخصـی خـۆم، لەگـەڵ تـەعتیلی ئـەو خاڵـە نـیم كـە لـە ماددەكەشـدا موناقەشـە كـراوە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەدام كـە فەقەرەیەكی بۆ زیاد بكرێت، تەقەسی حەقائیق بكرێت لەبەر ئەوەی ئەو رسومات و شتەی كـە مـن ئاگـادار بم بەحوكمی میهنەی پێشووم هەر زۆر زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بەنیسبەت كارەباوە، زۆرجارم ڕوونكردەوە، لە خشتەكانیشدا هاتووە، ئێمە حـەتا دوێـنێ و ڕۆژی یەكـەمیش لـە بـابی ئیعاناتـا ئەوانـە هـەمووی دەركـەوتووە، فەرقـەكانیمان هێنـاوە بەنیسـبەتی داهاتـەوە، بەنیسبەت رسوماتەوە، ئەویش لەلامان هەیە، ئەگەر ئەتانەوێ، ئەویش حەتمەن بە خشتەی خۆی هـاتووەو تەسبیتیش كراوە، من ئەمەوێت یەك شت بڵێم پێش ئەوەی باسی بكەم كـە لەكوێـدا هـاتووە، مەعقولـە لـە وەزارەتی داد یان هەر وەزارەتێكی تر، وصولاتی ڕەسمی بە رسومات ببڕدرێت و داخلی ئیرادات نەكرێت، ئایـا دیوانی ڕەقابەی مالی هـەمووتان دەزانـن، ئایـا دەوائـیری عـەدل مـن بـۆ نموونـە ئەیهێنمـەوە، ئایـا تـەدقیقی نەكردووە، ئایا نازانێ رسومات لەكوێدایە؟، ئەوەتا رسومات لە ئیراداتـی تردایـە كـە تەسـبیت كـراوە، ئـەوەتا رسم تەوابیع، جوازات السفر، محاكم تصدیق، دوائر تنفیذ، مسح والاجور، خـرائط الرسـوم، ......... یـەعنی یـەك رەسـم نیـەو هـەموو پارەیـەكیش لـە حكومـەت وەرئـەگیرێت، وصـولاتی قـەبزی پـێ ئـەبڕدرێت، كـە وصولاتی قەبزیشی پێ بڕدرا، ئەچێتە بابی ئیراداتەوە، تۆ بڵێی رەقابەی مالی كە تەدقیقی هەموو دەوائیری كردووە، ئەوانەی دەستنیشان نەكردبێ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەی بەنیسبەت فرۆكەخانەكانەوە؟، تكایە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕۆژە وەڵامم دایەوە، فەرقەكەیمان هێناوە، دوو، سێ جـاری تـریش وەڵامـم دایـەوە هـی فرۆكەخانـەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەكرێت، واردی هەیە یان نەقصی هەیە؟، ئەوەم بۆ ڕوون بكەرەوە تكایە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(35)ملیار تەخمینی ئیراداتمان بۆی داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە دوا ژمارەی بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیستی خەملاندنی داهاتی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2010، بریتییە لە (348)ملیار و(679)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عبداللە مەلا نوری، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەوە نیە، کە داهاتەکان چەندە، بەڵام ئایا ئەکرێ ئێمە دەنگ لەسەر ژمارەی هەڵە بدەین؟، بۆ نموونە، داهاتی وەزارەتی کارەبا بە (55)ملیار دینار هاتووە، بەڵام وەزیری کارەبا ئەڵێت، (155)ملیارمان پێداون، واتە ناکرێت ئێمە دەنگ لەسەر ژمارەی هەڵە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی با باجی زەرائیب بخەینە دەنگەوە پاشان هەمووی بەیەکەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو برگانەی کە کۆی گشتی داهات پێك دێنێت، پێکهاتووە لە باج واتە (ضرائب)لەگەڵ داهاتی تر لەگەڵ فرۆشراوی نەوت، دەربارەی باجیش بریتیە لە (196)ملیار و(605)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، تکایە کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات؟، (71)کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟،(16)کەسی لەگەڵدا نەبوو، واتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ داهاتی تر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داهاتی تر لەگەڵ فرۆشراوی نەوت، بریتیە لە (152)ملیار و (74)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی لیژنەی دارایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئید لیژنەی دارایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوا ژمارە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داهاتی تر لەگەڵ فرۆشراوی نەوت، بریتیە لە (152)ملیار و (74)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، تکایە کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات؟، (68)کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟،(26)کەسی لەگەڵدا نەبوو، واتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ کۆی گشتی.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر کۆی گشتی دەنگمان لەسەردا، ئەگەر پێت باشە با جارێکی تر بیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دووبارەی بکەرەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی داهاتی گشتی بریتیە لە (348)ملیار و(679)ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگەوە تکایە کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات؟، (68)کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟،(27)کەسی لەگەڵدا نەبوو، واتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ کورت هێنان

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کورت هێنانی بودجەی خەملێندراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010، بریتیە لە (835)ملیار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لێ دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری دارایی.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەكەین، بەڵام ئەوە عەجزی موخەتەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضاحسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو عەجزەی كە باس كراوە لە فەقەرەیەك لە ماددەی یەكی یاساكە، كە كاتێ چوینە سەر موناقەشەكردنی یاساكە، ئەوكاتە ئەتوانین باسی ئەم فەقەرەیە بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا با دوا ژمارەی عەجزەكە بخوێندرێتەوە هەرچەند فەرقی بەینی دوو ژمارەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كورت هێنانی بودجەی موخەتەتی خەملێندراوی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2010، بریتیە لە (835)ملیار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی دەكەین و داواكارین بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هەمان ڕەئیمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو ژمارانەی كە دەنگی لەسەر دراوە وابێت ئەوە عجزی موخەتـەت نیـە، یـەعنی عجـزی حەقیقیـە بەڕاستی، چونكە جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر شتێك كە تەقدیر دەكرێت بۆ داهاتوو، پێیی ئەوتریت موخەتـەت و موقـەدەر، لـە كۆتایـدا فیعلیەكـەی چەند بوو، ئەوە بەوە دەتوترێـت حەقیقی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئیمان هەیە ئێمەش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا ژمارە بخوێندرێتەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕی كورت هێنان لە بودجـەی خەمڵێنـدراوی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بـۆ سـاڵی 2010، بریتیـە لـە (835)ملیار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای ڕەئیتان كە بخرێتە دەنگەوە یان پێشنیارەكە سەحب دەكەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خۆی مەسەلەکە تەحصیل حاصلە، ئیرادات و نەفەقات کە تەرح دەکرێت ئەو عیجزە دێتە ئاراوە، ئەگەر ئێستا بێت یان لەناو یاساکەدا بێت دەنگی لەسەر بدەین، هەر هەمان شت دەکات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕووی سیستمی محاسبیەوە، پێویستە ئێستا دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە باسی داهات وباسی خەرجیمان کردووە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دوا ژمارە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕی کورت هێنان لە بودجەی خەملێندراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010، بریتیە لە (835)ملیار دینار، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش تەئیدی دەکەین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، تکایە کێ لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات؟، (70)کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟،(20)کەسی لەگەڵدا نەبوو، واتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، لیژنەی دارایی بچنە جێگای خۆتان، لیژنەی یاسایی ئێوە بمێننەوە، ئەچینە سەر پرۆژە یاساکە، ئێستا دانیشتنەکەمان دوا دەخەین بۆ سەعات 12/30 تا پشوویەك بدەن، خواتان لەگەڵ.**

## دوای نیوەڕۆ

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، داوا لەهەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی دەکەین کە بێنە جێگای خۆیان و بەردەوام بن، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەصڵی پرۆژەکە کە پرۆژەی موازەنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ساڵی 2010، گفتوگۆکەش بەم شێوەیە دەبێت، سەرەتا ئەصڵی پرۆژەکە بە عەرەبی مادده بەمادده دەخوێندرێتەوە، پاشان کوردییەکەی دوایی ڕەئی لیژنەی هاوبەش ڕووبەڕووی ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بۆ ئەوەی دوا ڕەئی خۆیانی لەسەر بدەن، ئێستا کاک عەونی بەعەرەبی دەیخوێنێتەوە، بەس پێش خوێندنەوە ئێمە لە دیباجەش مولاحەزەمان هەیە، دواتریش دکتۆرە ڕۆژان بە کوردی مادده بەمادده دەیخوێنێتەوە، فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**اقليم كوردستان – العراق**

**رئاسة اقليم**

**الرئيس**

**باسم الشعب**

**قرار**

**رقم ( ) لسنة 2010**

**قانون موازنة اقليم كوردستان – العراق لسنة 2010**

وفقاً للفقرة الاولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل وبناء على ماشرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة ( ) والمنعقدة في / /2010 قررنا اصدار:

قانون رقم ( ) لسنة 2010

**قانون موازنة اقليم كوردستان – العراق لسنة 2010**

**المادة الاولى:**

**يرصد لنفقات السنة المالية/2010 مبلغ قدره (11,432,176) الف دينار (احدى عشر الف واربعمائة واثنان وثلاثون مليار ومائة وستة وسبعون مليون) دينار ويوزع كالآتي:**

**اولاً/ مبلغ قدره (3,543,074) الف دينار (ثلاثة الف وخمسمائة وثلاثة واربعون مليار واربعة وسبعون مليون) دينار لنفقات المشاريع الرأسمالية.**

**ثانياً/ مبلغ قدره (7,889,102) الف دينار (سبعة الاف وثمانمائة وتسعة وثمانون مليار ومائة واثنان مليون) دينار للنفقات التشغيلية.**

**ثالثاً/ العجز المخطط يقدر بـ(835,000) فقط (ثمانمائة وخمسة وثلاثون مليار دينار).**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستان–عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەل**

## بڕیار

## ژمارە (   )ی ساڵی 2010

## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق ساڵی 2010

**بەپێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو و پشت بەستن بەو یاساکارییەی کە پەرلەمانی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی ژمارە (   ) ڕۆژی  /   /  2010 کردوویەتی، بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایە درا:**

**یاسای ژمارە (   )ی ساڵی 2010**

**یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2010**

**ماددەی یەکەم :**

**بۆخەرجیەکانی ساڵی دارایی/2010 گوژمە پارەیەك دادەنرێ کە بڕەکەی 11,432,176 هەزار دینارە (یازدە ترلیۆن و چوارسەد و سی و دوو ملیارو سەدو حەفتا و شەش ملیۆن دینار)وە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێ :**

یەکەم: گوژمەی 3,543,074 هەزار دینار (سێ ترلیۆن و پێنج سەد و چل و سێ ملیار و حەفتاو چوار ملیۆن دینار) بۆ خەرجی پرۆژە سەرمایەدارەکان .

دووەم: گوژمەی 7,889,102 هەزار دینار (حەوت ترلیۆن و هەشت سەد و هەشتا و نۆ ملیار و سەد و دوو ملیۆن دینار) بۆ خەرجی بەکارخستن.

سێیەم: کورت هێنانی بودجە دەخەملیندرێ بە تەنیا 835000ملیار دینار (هەشت سەد و سی و پێنج ملیار دینار).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەوە دەکەین کە دیباجەکە، بگۆڕدرێت، لەبەر ئەوەی ئەو دیباجەی لە ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە، تایبەتە بە إصداری قەوانین کە عیلاقەی بەسەرۆکایەتی هەرێم هەیە، ئێمە دەبێ دیباجەی تەشریعی قەوانین بەکار بهێنین، بەو شێوەی کە برای بەڕێزم کاک عەونی خوێندییەوە، دەربارەی ماددەی یەکەم، پێشنیاری لیژنەی دارایی و یاسایی بەم شێوەیە، یەك: زیادکردنی دوو بڕگە بۆ ماددەی یەکەم، کە یەکەمیان تایبەتە بە بودجەی پەرلەمان، دووەم: تایبەتە بە بودجەی دەسەڵاتی دادوەری، پێشنیاری دووەمیش: ئەوەیە کە دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی سێ لەماددەی یەکەم، دوای گواستنەوەی ناوەڕۆکی ماددەی (20)بۆ ئەم بڕگەیە، لەگەڵ گۆڕینی زنجیرەی بڕگەکان، بەم شێوەی خوارەوە،

**ثالثا** : مبلغ قدره ( 000, 741, 72 مليار دينار ) لنفقات البرلمان .

**رابعا** : مبلغ قدره ( 39,814 مليار دينار) لنفقات مجلس القضاء .

**خامسا** : العجز المخطط يقدر بـ(835000000 ) ( ثمانمائة و خمسة و ثلاثون مليار دينار) ويغطى هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة الپێشمەرگە من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع العراقي الاتحادي حسب قانون الموازنة الاتحادية للسنوات ( 2007 ، 2008 ، 2009).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان، لەسەر ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەزامەندین لەسەر بۆچوونی لیژنەی یاسایی لەو بارەیەوە، بەس تەنها ئەوەیە، کە گۆڕانکاری لە دیباجەکەدا هەیە، بەڕێز کاک شێروان وابزانم لە بیری چوو، بۆیە با ئیشارەتی پێبدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لاریمان لێی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كێ دەیەوێ قسەی لەسەر بكات؟، كاك حاكم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئیلتیباسێكم هەیە، لەڕووی شكلیەتی قانونەكەوە، كە هاتووە بۆ ئێمە، بەس ئەم پرۆژەیە لەسەرەوە نووسراوە سەرۆكایەتی هەرێم، پاشان سەرۆك، ئایا پرۆژەكە لەسەرۆكایەتی هەرێمەوە بۆمان هاتووە، یان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی پرۆژەكە لەلایەن حكومەتەوە بۆمان هاتووە، بەڵام بەهەڵە دیباجەی إصداریان بۆ داناوە، بۆیە ئێمە پێشنیارمان كرد كە ئەو دیباجەیە بگۆڕدرێت و دیباجەی تەشریعی بۆ دابندرێت، كە لەلایەن پەرلەمانەوە لە یاساكاندا دەنووسرێت، ئەگەر حەزیش دەكەن دیباجەكەتان بۆ دەخوێنمەوە، بەم شێوەمان لێكردووە، {استنادا لحكم الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل و بناءا على ما عرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان ، قرر برلمان كوردستان - العراق بجلسته المرقمة ( ) و المنعقدة في / / 2010 تشريع القانون الآتي } بەم شێوە دامان ڕشتۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ئەو ژمارانەی كە هاتووە، گۆڕانكاری لەسەر كراوە یان ئەمە دروستەكەیەتی؟، بۆمان ڕوون بكەنەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەیە كە موازەنەی پەرلەمان كراوە بە( 72)ملیار و (741)ملیۆن دینار دەنگیشمان لەسەر داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئیزافە دەكرێتە سەر یاساكە، یەعنی ئێستا ئێمە دەنگ لەسەر ژمارەیەك بدەین و تەسبیتیش بێت، بەڵام لەهەمان كاتدا ئاڵوگۆڕی تێدا بكرێت، ئەوە نابێت، لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان لەو بارەیەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو مەبلەغی (72)ملیارە هەر لە زمنی نەفەقاتەكەیە، ئێمە ئەگەر لەسەر ئەصڵی نەفەقاتەكەش دەنگ بدەین، مانای وایە ئەو (72)ملیارە هەر زمنی نەفەقاتی ئەصڵی هەرێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەپرسم لە بەڕێزانی لیژنەی دارایی ویاسایی كە دەستكاری كردنی دەستەواژەی نەفەقاتی تەشغیلی بە نەفەقاتی جاری ئایا ئەمە لە ڕووی یاساییەوە ئەم دەستەواژەیە دەگونجێت كە لە ماددەی (20)بەكار هاتووە، لێرەدا گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە تەشغیلی كراوە بە جاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە موناقەشەكردنی پرۆژە یاسایە، پێویستە كۆبوونەوەكەمان بچێتەوە سەر سكەی خۆی، ئەویش ئەوەیە بۆ هەر ماددەیەك كێ قسەی هەیە ناوی بنووسرێت، نەك هەر كەس دەستی بڵند كرد جەنابتان هەڵی بسێنن، چونكە ئەمە ئەبێت بە موناقەشەیەكی كراوە، بۆیە وا باشترە كە ناو بنووسن، كێ مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە ناوی بنووسرێت و قسەی خۆی بكات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستە من داوام كرد بەس كەس قسەی نەبوو، تەنها دوو نیزامی هەبوو، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەكەم، یەكەمی كە باس لە نەفەقاتی سەرمایەداری كراوە، ئەم نەفەقاتانە ئێمە پێش هاتنە سەر پرۆژە یاساكە، كۆمەڵێ ئیستیقتاعات كرا هەم لە منح و ئیعاناتدا، هەم لە كۆمەڵێك پرۆژە كە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەرهێنران، لێرەدا لە هەندێك برگەدا باس لەوە كرا، كە دوای ئەوەی كە جێگای دەرهێنانی ئەو مەبلەغانە ئەكرێتەوەو دەنگی لەسەر دەدرێت، بەڵام لە پرۆژە یاساكەدا، هەمان مەبلەغ دووبارە بوەتەوە، كە ئەو برینانەی تێدا نیە، بۆیە دەنگدان لەسەر جۆرێك ئیشكال دروست دەكات، سەبارەت بە خاڵی سێیەمی ماددەی یەكەم، كە باس لە عەجزی موخەتەت دەكات، لیژنەی یاسایی پێشنیاریان كردووە، كە ماددەی (20)بهێندرێتە پێشەوە، كە پركردنەوەی عەجزەكەیە لەكاتی پێدانی ئەو برە پارەیە لەلایەن وەزارەتی بەرگری عێراقیەوە، بەڵام لەحاڵەتێكدا كە خۆمان ئیشكالیەتێكمان بۆ دروست دەكات لەبەینی عەجزی موخەتەت و حەقیقیدا، چونكە ئەگەر وەزارەتی بەرگری نەیدا ئەوە دەبێت بە عەجزێكی حەقیقی، پێویستە لێرەدا روون و وازح بێت، ئەگەر بوو بە عەجزێكی حەقیقی ئێمە بەچ شێوازێك پری دەكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر( ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە برگەی سێی ماددەكەدا هاتووە، باسی كورت هێنانی بودجەی ساڵی 2010 دەكات، كە پێویستە دەستنیشانی چۆنیەتی چارەسەركردنی كورت هەڵهێنانەكەش بكرێت، بە ئیزافەكەی لیژنەی یاسایی، تەنها یەك خاڵ دەستنیشان كراوە، كە بریتیە لەو بودجەیەی كە وەزارەتی پێشمەرگە لە حكومەتی ناوەندی ئەگێڕیتەوە بۆ هەرێم، بەڵام پێویستە وەكو لەقانونی موازەنەی عێراقیدا هاتووە، كەچەند خاڵێك دەستنیشان بكرێت، بۆ چۆنیەتی چارەسەركردنی ئەو كورت هەڵهێنانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو رایەم هەیە، كە ئەو ژمارانەی كە كەممان كردۆتەوە لەو خاڵانەی كە لە پێشەوە گفتوگۆی لەسەر كرا، لێرەدا لەو ماددەیە، ئەگەر وەكوخۆی دەنگی لەسەر بدرێت رەنگە تووشی ئیشكالیەتێكی یاسایی ببین، بۆیە من ئەڵێم ئەوە دەبێت بەماددەیەك جێگای بكەینەوە، پێش ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، چونكە بەراستی ژمارەكان تێكەڵ دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

أمینە خان، فەرموو.

**بەڕێز أمینه ذكري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له دەستوورا عێراقا فیدڕالدا، بەحسێ پاسەوانەت هەرێم دەکرێت، ئەڤە پەیڤەکا دەستووریە، لێ وەك پەرلەمانا کوردستانێ، مە بڕیار سەردابوو، کو پەیڤا پێشمەرگەش بچتە ناو ڤێ، بۆیە ئەز پێشنیار دکەم، پێشی پاسەوانێت هەرێمێ له کەڤانێ پێشمەرگەش هەبت، تا ئەو پرۆتۆکۆلا پەرلەمانیش هاتیە پەسەند کرن، سەبارەت مادا یەکێژ دەبێژێت گۆژمەیا 3,543,074 هەزار دینار (سێ ترلیون و پێنج سەد و چل و سێ ملیار و حەفتاو چوار ملیۆن دینار) بۆ خەرجی پڕۆژە سەرمایەدارەکان، ئەوە پرۆژە سەرمایەداری نینە، ئەوە پرۆژە وەبەرهێنانینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان تێبینی هاورێیانم پەیمان خان و کاك حاکم رزگارم هەبوو، دیارە دوای ئەو بڕینانە یەکەم ودووەم گۆڕانکاری بەسەردا دێت، یەکەم زیاد دەکات، بەڵام دووەم کەم دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە چارەسەر بکەین، بزانین ئەوەی کە دەبڕدرێت چەندە؟، چەندێ دەچێتە سەر بودجەی سەرمایەداری و چەندی دەمێنێتەوە له بودجەی تەشغیلی؟ ئەوکاتە دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەدنان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەگرنگی دەزانم له ڕاستیدا، له دیباجەکەی ماددەی یەکەمدا، ئاماژە بەوە بدرێت، کە ئەم بڕە پارەیە لەبەشی هەرێم له بودجەی گشتی عێراق هاتووە، کە 17٪یە بۆ ئەمە بە گرنگ دەزانم، چونکە ئەمە تەرخانکراو نیە کە دانرابێت، چونکە ئەگەر بێینە سەر واقیعی بودجەکە کەمن دیراسەم کردووە، دیراسەیەکی دوورو درێژ کەمن کورتەکەی دەڵێم، ئەویش ئەوەیە بۆ تەشغیلی موقتەرەح من قبل دائیرە، تا ئێستاکە نزیك بە (16)تریلیۆنە، نەك (7)تریلیۆن، واتە بۆ تەشغیلی دامودەزگاکان (المقترح من قبل الدائرة)(16) تریلیۆنە، کەواتە بودجەکە ئەوەی پێویست بووە بۆ کوردستان ئەگەر کۆی بکەیتەوە لەگەڵ تەشغیلی کەهیچ موقتەرەحێکی تێدا نیە، ئەمەش جێگای سەرنجە، من ناچمە سەری (19) تریلیۆن و(670)ملیار دینار، کەواتە ئەگەر ئەمە زائید و ناقص بکەین، عەجزی میزانیەی کوردستان، ئەگەر بەگوێرەی (المقترح من قبل الدائرة)بێت نزیك بە (8)تریلیۆن دینارە، کە ئەمەش عەجزی حەقیقی میزانیەیە، ئەگەر پێداویستی ئەو دائیرانەی کە لەموازەنەکەدا هاتووە پێداویستیەکی حەقیقی

وڕاستەقینەیە و تەئمین ئەبێت، ئەگەر وەهمی بێت یان نیوەشی وەهمی بێت، نزیك بە (4)تریلیۆن دەبێت عەجزی کوردستان، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە لە پێشەکیدا ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەمە 17٪کە یە، چونکە بۆمان دەرکەوت کە ئێمە کەمتر لە نیو تریلیۆن داهاتمان هەیە، بۆیە ئەمە بەشێکە لەو تەمویلەی کە لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایشدا خۆیان زۆر بەوردی باسیان کردووە، ئەمە تەمویلێکە لە بەغدادەوە دێت، واتە تەمویلی لە 17٪کەیە کە لەبەغدادەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەمیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم ئێمە لە دوێنێوە قەرار دەدەین لەم پەرلەمانە، ئیستیقتاعات دەکەین، ئەگەر فیعلەن وەجهی قەراری هەیە، تەئسیر کردن لەسەر میزانیەکە، ئەوە ئەو ڕەقەمانە هەمووی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، چ ئەوەی ئیستیسماریەکە بێت چ ئەوەی تەشغیلیەکە بێت، ئینجا ئەو حاڵەتە ئەگوازرێتەوە چ عجزەکە تەختیە بکات، چ بەشێکی عجزەکە تەختیە بکات، یان بەم شێوە وەکو خۆی ماوەتەوە، پاساوی ئەو بڕیارانەی کە دوو ڕۆژە دەیدەین چیە؟، من پرسیارەکەم لەسەر ئەوەیە، چونکە پێم وایە ئەو حاڵەتە دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ژمارەکان قانونیەن دوو ڕۆژە بڕیاریان لەسەر دەدەین، دەبێ گۆڕانکاری لەو ژمارانەدا هەبێت، دەبوایە لیژنەی دارایی ئەو ژمارانەی بگۆڕییایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ڕاستە، کاك بورهان.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم میزانیەی کەدانراوە میزانیەی هەرێمە، نەك تەنها حکومەت، بۆیە پێویست بوو، ئەم میزانیەیە ئیشارەتی بە سێ حاڵەتی تر بدایە، میزانیەی مەجلسی قەزا، میزانیەی پەرلەمان، میزانیەی سەرۆکایەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حاکم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر دێمەوە سەر ئەوەی کە لیژنەی یاسایی دیباجەکەیان گۆڕیوە، ئایا سەرەوەیان دەستکاری کرد، کە لەسەرەوە سەرۆکایەتی هەرێمە یان نا؟، چونکە گوێم لێ نەبوو ئیسارەی ئەوە بکرێت، پێشم وایە قانونی ژمارە (1) ئیشارەتی پێبدرایە، یاسای ژمارە(1) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەوەش پێم وایە ئیزافە

بكرێت باشترە، دواتر لەماددەی یەك: یرصد لنفقات السنة المالية، او يقدر بۆ اقليم ئيزافە بكرێت باشترە، یەعنی هەر وا هاتووە، یەعنی السنه الماليه هی كوێیە؟، پێم باشترە كە ئیزافە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر هەورامی، فەرمووو.

**بەڕێز عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی دەكەم بۆ پێشنیارانەی كە هاتوون، ئەوەی كە پەیوەندیدارە بە زیادی و كەمی، ئێمە پێش وەخت بڕیارمان لەسەردا، كە ئەچێتە تەفاصیلەوە، ئەمە كۆیە، ئێمە بڕیارماندا لەسەر ئەوەی كە پرۆژە سەرمایەدارییانەی كە لابراون، تەرخان بكرێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی كە لێی بڕاوە، ئەمە خاڵێك، خاڵێكی ترم، بەپێیی ماددەی پێنجەم كە لەناو پرۆژە یاساكەدا هاتووە، سەلاحیەت دەدات بەوەزیری پلاندانان، كە موناقەلە بكات لە بابێك بۆ بابێكی تر، هەر بەهەمان شێوە لە پرۆژەی یاسای بودجەی هەریم بۆ ساڵی 2010، سەلاحیەت دەدات بەوەزیری دارایی كە لەوێش موناقەلە بكرێت، خاڵێكی تریش ئێمە بڕیارمان هەبوو كە هەندێ پڕكردنەوە هەیە بە ماددە كەزیاد دەكرێت لە كۆتاییدا، ئێمە عیلاجی ئەو كەم كردنە و زیاد كردنە بكەین، ئەمە پەیوەندیدارە بەكۆی بودجەكەوەو ناچێتە تەفاصیلەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ئەبوایە لەگەڵ وەزیر ئەم ژمارانە موناقەشە بكەین، فەرمووو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە هاتین و ئەو ژمارانەمان دەستكاری كرد لە 5٪ یان لە 10٪ وكەممان كرد، ئەو ماددەی كە بەموجبی ئەو كەمكردنەكە بوو، لە 5٪ یان لە 10٪ چووە ناو یاساكە، مەعنای وایە دیسان لە 5٪ یان لە 10٪لێ كەم دەكرێت، بەڵام ئەو ژمارەیە ئەگەر تەصدیقمان كرد، ئەبێتە مەوجود، باسی لە 5٪ یان لە 10٪ لەماددەكانی ترمان كرد، مەعنای وایە لە 5٪ یان لە 10٪ لەو ژمارەیە دێتە خوارێ، یەعنی ئەگەر لێرە تەئشیرمان كرد كە ئەوە كەم بوو، باسی لە 5٪ شمان كرد، لە رەئس مالی تەشغیلیمان كەم كرد، مەعنای وایە حكومەت جارێكی تر لە 5٪ دێنێتە خوارێ، بۆیە ڕەئی من ئەوەیە كە ڕەقەمەكە وەكو خۆی بمێنێت، بەس ئەو ماددانەی كە ئیقرار بوون، نسبەی كەمكردنەكە بچێتە ناو یاساكە، با ئەو وەختە حكومەت كەمی بكات، نەك لێرە ژمارەكە كەم بكەین، لە 5٪كەش بخەینە ناو یاساكەو دوایش حكومەت دیسان لە 5٪كە بخاتەوە ناو یاساكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سێ جۆر مەبلەغمان لەلایە، بەقەناعەتی ئێمە ئەو مەبلەغانە نابێ دەستکاری بکرێت، وەکو خۆی پەسەند بکرێت، بەڵام ئێمە بەماددەیەکی یاسایی لەناو پرۆژەکە، ئیشارەت بەو لە 5٪ دەدەین، بە مەبلەغەکانیشیان ئیشارەت دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەواو دەقاو دەق لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی یاساییداین، ئەوە شێوە ڕاستەکەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها لەبەردەم ئیستیقتاعاتی بڕینی لە 5٪ و لە 10٪ نین، بۆ نموونە هەندێ پرۆژە هەیە کە ئەصڵەن لابراون، کە دیسان تەئسیری کردۆتە سەر پرۆژەکان، بۆ نموونە کەتۆ دەڵێیی پرۆژەی پارەی یاریگای شەعب کە (4)ملیار دینارە، ئەمەش ڕەد کراوەتەوە نەك بڕینی ڕێژەیەکی دیاریکراو، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەگەر ئەم پارەیە بەم شێوەیە ڕەد کرایەوە، لەباسکردنی ئیراداتدا، ئەم مەبلەغانە ئیزافە بکرێت، لەگەڵ ئیراداتدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی سیستمی محاسبی ئێمە دوو بودجەمان هەیە، بودجەی ئاسایی و نائاسایی، هەر گۆڕانکارییەك لە بابەکان بێت، یاخود لە مستەواکان بێت، لە زمنی ئەو بودجەیەدا دێت، دوای ئەوە لە یاساکەدا ئێمە ماددەیەکمان هەیە، کە سەڵاحیەت دەدات بە بەڕێز وەزیری مالیە بەو موناقەلەیەو دەگەڕێتەوە بۆ

حکومەت خۆی، بەڵام بڕی بودجەی ئاسایی وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، هەمان شێوەش بە نیسبەت بڕی بودجەی وەبەرهێنانەکە، داوا لە بەڕێز وەزیری مالیەش دەکەم، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان بداتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە ئەو بەو شێوەیە دەبینین ئەو ژمارانەی کە ئێستا لێرە دەرکراوە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕانکاری تێدا نەکرێت، چونکە تەئسیر ئەکاتە سەر موازەنەکە، لە 5٪کەش کە لەیاساکەدا هاتووە، ئەوە لەشوێنی خۆیدا موعالەجە دەکرێت، لەڕووی محاسبیەوە تەئیدی ڕەئیەکەی کاك دکتۆر ئاراس دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیەکەم ئەوەیە، کە بەڕێز دکتۆر ئاراس باسی ئەوە دەکات، کە ئێمە لەماددەیەکدا سەلاحیەتی موناقەلەمان داوە بە وەزیر کە ئەکرێت لە بابەکاندا موناقەلە بکات، بەڵام پێشتر پێشنیارێك هەبووە دەنگی بۆ دراوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە و بەکۆی دەنگ هەڵگیراوە، ئەوەشی کە دەنگی لەسەر بدرێت، مووچەی کادیرانی حزبی و ڕاگەیاندنەکانە، بەڵام لە ماددەی شەشەم، یەکەم دەڵێت: وەزیری دارایی دەستەڵاتی گواستنەوەی نێوان تەرخانکراوەکانی دەروازەکانی بودجەی پێدەدرێ بەدەر لە بەشی مووچەکە، کەواتە ئێستا ئەگەر مووچەی کادیر و کادیرەکانی ڕاگەیاندن بەدەنگی پەرلەمانتاران بېڕدرێت، ئەوکاتە وەزیر لێرەدا ئەو سەلاحیەتەی نامێنێ، کە ئەو موناقەلەیە بکات، بۆیە بەڕەئی من ئێمە دەنگدان لەسەر ئەم ماددەیە دوابخەین تا دەنگدان لەسەر ماددەکانی تر ئەکرێت، دواتر بێینەوە سەر ئەم ماددەیە، پیشتریش ئەمە بووە، یەعنی با تەئجیلی بکەین دەنگدان لەسەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر لیژنەکان تەئیدی پێشنیارەکەت بکەن، ئەوە بەسەرچاو، بەس ئەگەر نەیکەن ئەوە ناتوانم، دکتۆر ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر ماددەی یەکەممان تەئجیل کرد، یەعنی مانای وایە ناتوانین ئیش لەسەر ماددەکانی تریش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئی لیژنەی دارایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا حەسم دەکرێت و دەیخەینە دەنگەوە، تکایە بۆ دواجار بیخوێننەوە بۆ دواجار.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

یرصد لنفقات السنة المالیة/2010 مبلغ قدره (11,432,176) الف دینار (احدى عشر الف واربعمائة واثنان وثلاثون ملیار ومائة وستة وسبعون ملیون) دینار ویوزع كالآتي:

اولاً/ مبلغ قدره (3,543,074) الف دینار (ثلاثة الف وخمسمائة وثلاثة واربعون ملیار واربعة وسبعون ملیون) دینار لنفقات المشاریع الرأسمالیة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، لیژنەی یاسایی ئێستا بۆ دەنگدانە، بۆیە یەکەمجار موقتەرەحی خۆتان بخوێننەوە، پاشان یاساکە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم هەر وەکو وتمان دوو بڕگەی بۆ زیاد کراوە، سێیەم بەم شێوەیە،

**ثالثا** : مبلغ قدره ( 000, 741, 72 ملیار دینار ) لنفقات البرلمان .

**رابعا** : مبلغ قدره ( 39,814 ملیار دینار) لنفقات مجلس القضاء .

**خامسا** : العجز المخطط یقدر بـ(835000000 ) ( ثمانمائة و خمسة و ثلاثون ملیار دینار) ویغطى هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة الپێشمەرگە من الموازنة التشغیلیة الاتحادیة لحرس الاقلیم ضمن تخصیصات وزارة الدفاع العراقي الاتحادي حسب قانون الموازنة الاتحادیة للسنوات ( 2007 ، 2008 ، 2009).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێبوو، ئێستا ئەو موفتەرەحە دەخەینە دەنگدانەوە، کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، (72)کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (34)کەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ماددەکەی هەمووی دەخەینە دەنگەوە، کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، (72)کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (34)کەسی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية/ 2010 بمبلغ (348,679) فقط (ثلاثمائة وثمانية واربعون مليار وستمائة وتسعة وسبعون مليون دينار).

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم :

داهاتی بودجەی ساڵی دارایی 2010 بە گوژمەی تەنیا 348, 679 (سێ سەد و چل و هەشت ملیار و شەش سەد و حەفتا و نۆ ملیۆن دینار) .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لێ دەکەین وەکو چۆن لە پرۆژەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بیخوێننەوە جارێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية/ 2010 بمبلغ (348,679) فقط (ثلاثمائة وثمانية واربعون مليار وستمائة وتسعة وسبعون مليون دينار).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ هەمان ڕەئیداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێ دەیەوێت قسە بكات تا ناوی بنووسین؟، دكتۆر ئاراس نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە وەكو ژمارە پێشتر دەنگی لەسەر درا، ئەگەر وەكو ژمارە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتێك كەئێمە دەنگماندا لەسەر ماددەیەك وەكو ژمارە، ئێستا تەنها بەس صیاغە قانونیەكەیەتی، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم كە یەكسەر بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە بەیانی ئەو كارەمان كرد، هەرهەمووی 25 تا 30 دەقە پێش ئێستا بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە یاسایە جیاوازە لەو پێشنیارانەی كە بەیانی دەنگی لەسەر درا، بۆیە بەیاسا ڕێك دەخرێت بۆیە پێویستە گفتوگۆی لەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من تەعەجوب دەكەم، پێشتر كەباسی ژمارەكان كرا، وتیان با موناقەشەكە هەڵبگرین بۆ پرۆژە یاساكە، من چوار ساڵ پێش ئێستا لێرە بووم، هەموو پرۆژە یاسایەك، كەباس دەكرێت ماددە بە ماددە ئەندامانی پەرلەمان مافی خۆیانە كە موناقەشەی لەسەر بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، كە تەقدیری ئیراداتی موازەنەی ئەمساڵی كردووە، هی ساڵی 2010، ئێمە ئەبێ شتێك بزانین كە ئیرادات هەر بڕە پارەیەكە یان هەر شتێكی ترە كە موقابیلی پارە بێت، كەبتوانی وەكو پارە سەیری بكەیت، ئێمە پیشتر یەكێ لەو شتانەی كە قابیلە وەكو پارە بخەمڵێندرێت، ئەو منحانەیە كە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان باسی كرد، كە ئەوانە ئەتوانین بەئیرادات حسابیان بكەین، لەبەر ئەوەی بە منحە دراوە وەكو جەنابی باسی كرد، ئێمە سەرپشك نەبووین یان خاوەنی قەرار نەبووین، لەوەی كە تەنانەت ئەو كۆمپانیانە چۆن پارەی نەوتەكەمان یان شیرینی نەوتەكەمان دەدەنێ، لەهەموو حاڵەتێكدا منحە قابیلی ئیراداتە، ئەگەر ئەو منحانەی كە بەڕێزیان باسیان كرد، كە موقابیلی (5)ملیار دۆلارە، ئیزافەی بكەین بۆ ئەمە، تەقدیری ئیراداتەكان زۆر كەم وكورت دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە پەریهان، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو لەماددەی دووەم هاتووە، ئەمە پێویست دەكات بە یاسا ڕێك بخرێت، ئێمە لەداهاتی بودجەی دارایی ساڵی 2010، ڕاستە بەژمارە تەقدیر كراوە، بەڵام ئێمە داهاتی ترمان هەیە كە داهاتی نەوتە، ئەویش بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان ئاماژەی بەوەدا، كە ئەمە وەكو منحە حساب دەكرێت، منحەش هەروەكو پارەیە، بۆیە پێویست دەكات ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێبكەین، دیاری بكەین، بۆ ئەوەی ئەویش لەزمنی داهاتدا حساب بكرێت، هەروەها پارەی وەزارەتەكان كەنەماون، پارە مودەوەرەكە، ئەویش وەكو داهاتێك دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، پێویست دەكات بەهەمان شێوە لێرەدا ئیشارەت بەوەش بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە باس لە ئیراد دەكات، واتە هەر پارەیەك بێتە كوردستانەوە، هەر مەبلەغێك بێت، ئەبێت لەم ماددەیەدا تەقدیر بكرێت، وازحە لە داهاتدا ناڕوونیەكی زۆر زۆر هەیە، وەكو لە موناقەشەكاندا هات، هەر بۆ نموونە ئەگەر باس لە داهاتی وەزارەتی كارەبا بكەین، داهاتی موقەدەری ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ داهاتی ساڵی پێشوودا (100)ملیار دینارە، لەكاتێكدا كە هەم كارەبا زیاد بووە، هەم پارەی وەرگیراو لەكارەبا زیاد بووە، ڕسوم وداهات وازح نیە، بەڕێز وەزیری دارایی لە لیژنەی شارەوانی ئەو ئیعترافەی

کردووە کە بڕێك لە داهاتەکە لەلای ئەویش وازح نیە؟، تەسبیتیش کراوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا، خشتەی منح بەهەمان شێوە، چ ئەو منحانەی کە بەپارەن چ ئەوانەی کە مەوجودی غەیرە مالین، بەڵام دەکرێ تەقدیری مادییان بۆ بکرێت، جگە لە میزانیەی مودەوەر، کەچەندین وەزارەت هەڵوەشاوەتەوە، چەندین پرۆژەش جێبەجێ نەکراون، بۆ نموونە هەر لە ساڵی پاردا، (500)پرۆژە پارەی بۆ تەرخان کراوە، هیچ پارەیەکی تێدا سەرف نەکراوە، ئەوەش بێتە سەر ئەو داهاتە، دوا شتم پارەی گلدراوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك، کە تا ساڵی 2009، تەسویە نەکراوە واتە دەبێ لەداهاتی ئەمساڵدا تەقدیر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەربارەی ماددەی دووەم، تقدر ایرادات ڕام وایە بڕگەیەکی بۆ ئیزافە بکرێت، لیژنەیەکی تەقەصی دروست بکرێت، تەقەصی حەقائیق بۆ ئەوە پارانەی لە میزانیەی مودەوەر ماوەتەوە یەعنی ئەو پارانەی کە پار ماونەتەوە، تەحقیقی تێدا بکرێت و بگەڕێندرێتەوە سەر ئیرادات، ئەمە خاڵی یەکەم، دووەم: جەنابی وەزیر جوابی دامەوە و وتی پارەی هەردوو فرۆکەخانە گەڕاوەتەوە، بەڵام ئەگەر سەیری لاپەڕەی (15)ی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بکەین، ئەڵێت وەزیری گواستنەوەو گەیاندن پێیی ڕاگەیاندووین، زۆر بە ڕاشکاوانە بێ ئاگایی خۆی لە هەردوو فرۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر دەربڕی لەداهات و پرۆژەکانیان کە نەگەڕاوەتەوە، بۆیە داواکارم بڕگەیەك ئیزافە بکرێت بۆ باقی ئەو پارانەی کە لە داهاتی پار ماوەتەوەو ناوی میزانیەی مودەوەرەیە، واتە بە بڕگەیەك لیژنەی تەقەصی حەقائیقی بۆ ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی دووەمدا بەڕاستی داهاتەکە من پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، تاوەکو زیاتر ڕوون بێت پێك هاتووە لە باجەکان، داهاتی گومرگەکان، فرۆشتنی نەوت و داهاتی تر، چونکە لە موازەنەکەش ئیشارەتی پێکراوە، ئەگەر لە پرۆژە یاساکەش ئیشارەتی پێبکرێت زیاتر وازح دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز احمد ابراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هاوکارانم دەکەم، کە پێشتر باسی داهاتی ترمان کرد، غەیری ئەوەی کە لەیاساکەدا هاتووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم داهاتی تر زیاد بکرێت بۆ سەر ئیرادات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەمیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی بۆمان هاتووە، بەپێیی ماددەی (110 ، 114، 115) لەدەستووری عێراقی، ئیعانات و منح غەیری گومرگەکان هەمووی بۆ ئیقلیم خۆی دەبێت، بەو تەفسیرەی کە لیژنەی یاسایی لە پێشنیارەکاندا ناردوویانە بۆ لیژنەی دارایی، لێرەوە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان وتی (1)ملیار و (365)ملیۆن دۆلار، منحە یەکەم ئەگەر منحە، بۆچی لێرەدا لەو ئیستیمارەی تەقدیری ئیراداتە کە لیژنەی مالی خۆی ئامادەی کردووە و وەزارەتیش ئامادەی کردووە، دانەنراوە؟، دووەم: پێشنیار دەکەم ئەو سێ ملیار و نیو دۆلارەی کە فەرموویان دەچێتە قالبی مەشاریعەوە و بەکاش نادرێت و لە مەشروعدایە، بە مولحەقێك بدرێت، ئەوانە سەرف بکرێت و حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پلاندانان ئەو مەشروعانەی کە گرنگن لە حکومەتی هەرێمدا، ئەو سێ ملیارە جێگا بکاتەوە، بە مولحەقێك بدرێت بە پەرلەمانی کوردستان بۆ مصادەقە کردنی، سێیەم: مەوزوعی رسومات ئەوەی کە وەزیری دارایی فەرمووی، ئەچێتە قالبی ئیعاناتەوە، لەوێ بە (30)ملیار دۆلار و ئەوانە قسەیەکی لەسەر کرا، ئێمە رسومی هەرێم و دەوائیری هەرێم لەهیچ شوێنێکدا جێگای نابێتەوە، ئینجا مەسەلەی مەبیعاتی نەوت، بە (152)ملیار خەملێندراوە، ئەوەشی کە قسەی لەسەرە لەوێدا جێگای بووەتەوە، بۆیە بەدەقیقی ئەبێ ئەم مەوزوعە هی ئیرادات، موراجەعەیەکی وردی تێدا بکرێت و قسەی جدی تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە مەسەلەی داهاتەکان ڕوونیەکیان پێوە دیار نیە؟، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای هەر سێ وەزارەتی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و کارەبا و لەگەڵ ئەوانیشدا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بکەین، زۆر ئەبەئاسانی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە داهاتەکان دیار نین، ئەگەر سەیری شارەوانیەکان بکەین، بۆمان هاتووە ئەڵێت (307)ملیۆن دینار، داهاتی یەك ساڵی هەموو وەزارەتی شارەوانیە، کاتێ من وەکو سەرۆکی لیژنەی شارەوانی پرسیارم لە وەزارەتی شارەوانی کرد لەسەر ئەو ڕەقەمە، وتیان لەوانەیە تۆ هەڵە بیت، ئەوە (307)ملیار بێت نەك ملیۆن، دووبارە گەڕامەوە سەر دۆکۆمێنتەکان، سەیرم کرد دیسان (307)ملیۆنە نەك ملیار، بۆیە جارێکی تر تەئکیدم لێ کردنەوە، وتیان ئێمە وەعدتان پێ دەدەین تەنها

لەیەك مانگی یەك قەزای دەرەجە یەك، نەك هەموو شارەوانیەكان، یەعنی یەك قەزا لەهەموو كوردستان بۆ یەك مانگ (307)ملیۆن داهاتی هەیە، هەڵبەتە قەزای دەرەجە یەك دەڵێم، دووەم: ئەگەر بێینە سەر كارەبا، بۆ ئێمە هاتووە دەڵێت بەپێی ئەو دۆكۆمێنتەی كە لەبەردەستماندایە، (55)ملیۆن دینار بۆ كارەبا لەیەك ساڵدا، من پێم وایە یەك كارگەی تیجاری لەیەك ساڵدا (55)ملیۆن دینار زیاتر دەدات بەكارەبا، وەكو بەڵگەی تر كە لەبەردەستدایە، ئەو حیسابە خیتامیەی كە شەش مانگی ڕابردووی با بڵێین ساڵی پار لە 2009/1/1 تا 2009/6/30 حسابی بكەین، ئەو ڕاپۆرتەی لەسەر حساباتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە 2009/1/1 تا 2009/6/30 هاتووە ئەڵێت ئجوری كارەبا كە حكومەت خۆی داوێتی بەكارەبا (84)ملیار و(567)ملیۆن دینارە، ئەی چۆن داهات بۆ شەش مانگی تەنها حكومەت كەداوێتی بەكارەبا ئەوەندە بێت، بەڵام داهاتەكەی (55)ملیۆن دینار بێت، بۆ داهاتی ساڵی 2010، سێیەم: لە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان هاتووە( 890)ملیۆن دینار داهاتیانە، بە نەوت و هەموو شتەكانی ترەوە، جەنابی وەزیریش وتی ئێمە داهاتمان سفرە، ئەی ئەم داهاتە چیە لێرەدا نووسراوە؟، تكایە بۆمان ڕوون بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر جەعفەر، فەرموو.

**بەڕێز د. جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە تایبەتە بە ئیراداتی داخلی هەرێمی كوردستان، هەمووشمان دەزانین بودجەی ساڵانە پێویستی بەوە هەیە، كە سەرچاوەكانی ئەو بودجەیە دیاری بكرێت، بۆیە قسەی من لەسەر ناڕوونیە، لەسەر سەرچاوەكانی ئەم بودجە ناوخۆییەی هەرێمی كوردستان، بەشێكی زۆری خاڵەكانیش هاوڕێیانم ئیشارەتیان پێدا، هەر لەو منحەیەی كە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەكان وەكو داهات دێتە دەست، ئەمە بەرەو كوێ دەچێت؟، چەندە؟، بڕەكەی دیاری بكرێت، لە باج و گومرگ و ڕەسمەكان، لە داهاتی كۆمپانیا ئەهلیەكان، داهاتی ئاوو كارەبا، دیارە هەموو ئەوانەی كەدیاریكراون بە ڕاستی جێگای گومانی گەورەیە بۆ ئێمە، ئەی بۆ خەڵك لەدەرەوە ئەبێت چۆن بێت؟، چونكە ئەم بڕانەی كە دیاریكراون لە بەرامبەر وەزارەتەكان من نامەوێت دووبارەیان بكەمەوە، هەر لەوەزارەتی كارەباو شارەوانی و گەشتوگوزار، سامانە سروشتیەكان، هەتا وەزارەتی تەندروستیش هەر هەموویان مەبلەغەكەیان جێگای گومانی گەورەن، هەندێكیان گۆڕانكاری زۆر گەورەو قەبەیان بەسەردا هاتووە، ئەگەر بەراوردی بكەین، لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، لە ملیارەوە هاتوونەتە سەر ملیۆن، ئەوانە هەموویان جێگای گومانن بۆ ئێمە، هەتا داهاتی فرۆشتنی خزمەتگوزاری.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە ئێمە مەوزوعمان گومان نیە، ئەوەی ئەتەوێت قسەی لەسەر بکەی ماددەی دووەمی یاساکەیە، نەك ئەو قسانەی کەجەنابت ئەیکەیت، فەرموو.

**بەڕێز د. جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئەو داهاتانە بەڕوونی دیاریبکرێن لەناو ئەو بڕگە یاسایەدا، کە داهاتی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم ئیعادەی صیاغەی ئەم ماددەیە بکرێتەوە، بەمەرجێك ئەم شتانە لەخۆی بگرێت، یەکەم: ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی تەئکیدمان بۆ بکاتەوە، کە ئایا ئەم پارەیە هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەند، من ئەصڵەن پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە لاببرێت، ئەم بڕگەیە بۆ دەستنیشان دەکرێت، ئەگەر ئەم پارەیە ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەند، ئەگەر نیە با وەکو خۆی تەسبیت بکرێت، بەڵام دڵنیا کردنەوەیەکمان لەلایەن وەزیری داراییەوە پێ بدرێت، دووەم: من داواکارم لەگەڵ ئەمەدا ئەوە بنووسرێت ( على ان تتولى وزارة المالية تقدير ايرادات مبالغ المنح المالية المستحقة من العقود النفطية في ملحق مستقل يقدم الى البرلمان في موعد اقصاه ) بۆ نموونە بنووسرێت 6/1، بەمەرجێك ئێمە لە ماددەی (23)ی هەمان پرۆژە یاسادا باس لەوە کراوە، کە ئیراداتمان هەیە، بۆ ئەوەی لەناو یاساکەدا دووجار ئیرادات دووبارە نەبێتەوە، لێرەدا کۆتایی بهێنین بە بابەتی ئیزافەی ئیرادات بۆ بکرێت، لەهەمان کاتدا بڕگەیەکی تریش ئیزافە بکرێت، بنووسرێت (اضافة مبالغ المشاريع المكررة، والمشاريع التي لم تقبله برلمان للسنة المالية 2010، الى ايرادات الحكومة أو الى ايرادات الحكومة مالم ينص عليه القانون على تحويلها الى مبالغ اخرى)بۆ نموونە ئەو پارەی کە دەستکەوتووە لەناو یاساکەدا نەنووسراوە ئەچێتە کوێوە؟، بۆ نموونە ئەچێتە ناو ئیحتیاتاتی وەزارەتی مالیە، لێرەدا بۆمان تەقدیر بکرێت، بەمەرجێ ئەم دوو بڕگەی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو قسانە هەمووی لەماددەی (23)هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من نامەوێت قسەکانی هاوڕێکانم بکەم، چونکە قسەکانیان بە تەفصیلی باس کرد، ئێمە لێڵیەك ئەبینین لەم داهاتەدا، داواکارین ئەو لێڵیە نەمێنێت، وەزیری دارایی بۆمان ڕوون بکاتەوە کە منح و داهات،

**به تەفصیل كە كاك بیلال و برادەران باسیان كرد، ئەو وەزارەتانە ئەو داهاتەیان هاتووە، بە پێچەوانەیە لە وەزارەتـەكان هەڵـەی تێدایـە، ئـەو هەڵانـە ڕاسـت بكرێتـەوە، دوای ئـەوە ئـەو پارەیـە دەستنیشـان بكرێـت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ناسك خان، فەرموو.**

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە ئەم بڕی داهاتەی لەماددەی (1) هاتووە، كۆكراوەی (26) حەقلە، لە ئیستیمارەی تەقـدیری ئـیرادات، ئـەم (26)حەقلـە وەزارەتەكانـە، وەزارەتـی كارەبـا(55) ملیـۆنی بـۆ دانـراوە، بـەڵام وەزارەتـی شـەهیدان و ئەنفالكراوان(54)ملیۆنی بۆ دانراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە موناقەشەی ئەوە مەكە خوشكی مـن ئـەو پێشـنیارەی هەتـە بـۆ ئـەم ماددەیـە چۆنە؟، ئـەو وەزارەتـە چەندەو چۆن نیە؟، ئەوانە ڕۆشتن و تەواو، بەس ئێستا بۆ ئەم ماددەیە چ پێشنیارێكت هەیە، خەلەلەكەی چیە؟، چاكەكەی چیە؟، ئەوە باس بكە.**

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە خەلەلی ئەمە لە ژمارەكەیدایە، من ئەبێ تەوزیحێك بدەم لەسەر ڕەقەمەكە بۆ ئەوەی ئـەم ژمارەیـەم بەلاوە ڕۆشن نیە؟، یەكـەم: ئـەم ژمارەیـە ئەگـەر كـەمێك سـەیری بكـەین، وەكـو وتم وەزارەتـی شـەهیدان و ئەنفالكراوان (54)ملیۆنە، چ خێرە ئەو كـە شـەهیدان و ئەنفالكراوانـە بۆچـی (54)ملیـۆنی هەیـە؟، بـەڵام كارەبـا (55) ملیـۆنی بـۆ دانـراوە، دووەم: كـاتێ كارەبـا (55)ملیـۆنی بـۆ دائەنـدرێت، لەسـەر زاری وەزیـری كارەباو بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی كارەبا، وتی ئێمە (750)هـەزار بەشـداربوومان هەیـە، بـە عەمەلیـەكی حسابی ئەگەر هەر بەشداربوویەك (20)هەزار دینار بدات، كە سۆپەرماركێتی وا هەیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ببورە، ئەوانـە موناقەشـە كـراوە، ئێسـتا نایـەین دووبـارەی بكەینـەوە، تـەنها باسـی ئـەم ماددەیـە بكـە، ئـەم ژمارەیەت پێ خەلەلە؟، ئەوە داوا بكە كەچی لێ بكرێت وەك ئـەو بەڕێزانـەی پـێش تـۆ قسـەیان كـرد، ئـەو كاتە دەیخەینە دەنگەوە، مەسەلەی كارەبا ئەو میزانیەی كەبۆی دانراوە، بەڵام لەجێگای تر شتی زۆرتری بۆ دانراوە، ئێستا وەختی ئەوە نیە ئێمە بچینە ناو تەفاصیلەوە، تكایە تەنها ماددەكە چی لێبكرێت باسی ئەوە بكەن؟، نەك شتی تر.**

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە ئەکرێ من یەکسەر هەڵبستم و بڵێم ئەم ژمارەیە با چوار ئەوەندە بێت، ئەی نابێت بەڵگەیەکی عیلمی و مەنتقی پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی هەڤاڵانم گوێیان لێ بێت، بۆیە تۆ حەقی خۆمم بەرێ با قسەی خۆم بکەم، یان تەوزیحێك بدەم، ئەم (750)هەزار بەشداربووە، ئەگەر هەر یەکێکیان زەربی (20)هەزاری بکەیت، مانگانە (15)ملیار دەکات، لە ساڵێکدا (180)ملیار دەکات، ئەم (55)ملیۆنی بۆ داناوە، ئەڵێن نەخێر (55)ملیارە نەك ملیۆن، بەس کە جەمعی ئەکەین هەر (55)ملیۆن دەرئەچێت، بۆیە ئەگەر غەڵەتە لە کۆدنەوەکەدا ئەوە دووبارە کۆی بکەنەوە، ئەگەر ڕاستە ئەوە ئەو ژمارەیە زۆر کەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگترین بەشی بودجە داهاتە، بەڕاستی لەم داهاتەدا شەفافیەت نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، شەفافیەت هەیە یان نا، ئەوە شتێکی ترە، ئێستا تەنها لەسەر ماددەی دووەم قسە بکە بەتەنها، ئەم ژمارەیە خراپە یان نا، ئەگەر خراپە ئەوە چی بۆ بکرێت تا چاك بکرێت؟، تەنها ئەوەیە مەچنەوە سەر بابەتی تر.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ژمارەیە هەڵەی تێدایە، چونکە یەکەم: وەزارەتەکان نامەنتقیە، ناچمەوە سەر تەفاصیل وەکو جەنابت وتت، کارەبا و موشتەرەك و فڕۆکەخانەو دەستەی وەبەرهێنان و ئەو شتانە، من ناچمە ناو تەفاصیلەوە، کە بە ژمارەی حسابی بەڕاستی چەند قاتی ئەم ژمارەیە، دووەم: داهاتی منح وقەرزی دوەل کە دەدرێت بە عێراق و بە هەرێمیش، ئێمە حصەمان هەیە، ئەمە دیار نیە، سێیەم: مودەوری ساڵەکانی تر، چوارەم: بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان باسی منحی کاشی کرد ئەویش دیار نیە، خۆی ئەم ئیراداتە تەخمینی، تەقدیریە، ئێمە مانگانە (50 -100)هەزار بەرمیل نەوت تصدیر دەکەین لەداهاتوودا هەر بەرمیلێکیش یەك دۆلار، ئەمەش دیار نیە، خاڵێکی تر ئەو ئیستیقتاعات و ئەو پرۆژانەی کەلامان برد، ئەبێ لێرەدا عیلاج بکرێت یان بە ماددەیەکی سەربەخۆی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی دووەم ئەوەم هەیە، کە بەپێیی ئیستیمارەی تەقدیرات کە بۆ ئیراداتی حکومەت دانراوە، تەنها دوو بابی باس کردووە، زەرائیب و ئیراداتی تر، ئێمە دەپرسین ئایا ئیراداتی هەرێم تەنها ئەو دوو

بابەیە، وەکو هاوکارانم هەموو باسیان کرد، زۆر بابی تر هەیە، زۆر مەجالی تر هەیە، کە ئێمە ئەزانین هەمووی داهاتە بۆ حکومەت، بەڵام لەم ژمارەیەدا چارەسەر نەکراوە، ئێمە پێمان وایە کە داهاتی زۆر هەیە، نەخراوەتە سەر ئەم ماددەیە، بۆیە پێمان باشە ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە موناقەشە کردنی ئەم چەند رۆژە، نا لۆژیکی ئابووریمان بۆ دروست بووە، لەلای ئەم برادەرانەش کە کۆمەڵێك قسەی یەکتریمان دووبارە کردۆتەوە، تەواوی ئیراداتەکان تەخمین کراوە بە (50)ملیار دینار، ئەگەر موقارەنەی بکەین تەنها بە داهاتەکانی گومرگ و ڕسومات و ئاو وکارەباو داهاتەکانی زەویی و کرێیی شارەوانیەکان و وەزارەتی ئەوقاف و بێجگە لە کۆمەڵێك وەزارەتی تر، بەتەسەوری من ئەگەر بە ژمارە کۆی بکەینەوە زۆر لەم تەقدیراتەی کە دانراوە زیاترە، لەلایەکی ترەوە ئەو پارە مودەوەرەی کە زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکانیش باسیان کرد، ئەگەر ئێمە ئیستیمارەیەکی فیعلی نەفەقاتمان لەبەردەمدا بوایە، هی ساڵی 2009، هەڵبەت بەژمارەش لەسەر مەسەلەی پارە مودەوەرەکان ئەمانتوانی قسە بکەین، ئێستا وەکو ژمارە ئەمانخستە سەر داهات، کە لەو باوەڕەدا بووم کێرڤەکەی زۆر زۆر بەرز دەبوویەوە، پرسیارێکی تر کەخۆی تەناقوزێکی دروست کردووە، لەلایەن ئەو ئیستیمارەی کە خراوەتە بەردەممان، ئەگەر بەیاناتی فیعلی وەزارەتەکان خۆیان موقارەنە بکەین، بە تەقدیراتی ئەمساڵ تەناقوزی تێدایە، وەکو ئەو بەڕێزانەی کەباسیان کرد، ئەگەر بەیاناتی فیعلی ساڵی 2009ی وەزارەتی کارەبا موقارەنەی بکەین، بەو تەقدیراتە ئیجمالییەی ساڵی 2010 کە دانراوە، کە بەیانە فیعلیەکەی خۆیان نزیکەی (100)ملیار و (25)ملیۆن تەقدیر کراوە، لەم ساڵدا بە (55)ملیۆن دانراوە، خۆی بۆخۆی ئەمە تەناقوزێکی گەورەیە کە خودی ئیستیمارەی وەزارەتەکانیش پرسیاریان لەلا دروست کردووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئێمە لەخاڵی یەکەمدا دەنگمان لەسەر نەفەقات دا، ئەو ژمارەی کە لەسەر نەفەقاتی ساڵی 2010هاتووە، موصادەقەی لەسەر کراو دەنگی لەسەر درا، ئاشکرایە میزانیە بریتیە لە نەفەقات وواریدات، ئەمەی لە ماددەی دوودا هاتووە، بەشێکە لە بودجەی ساڵی 2010، من پێم وایە زۆر بەوازحی هاتووە، هەروەکو لیژنەی یاسایش هیچ مولاحەزەیەکی لەسەر نەبوو، من پێم وایە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی(82) لەبەر ئەوەی لیژنەی مالی ڕاپۆرتی خۆی تەقدیم کرد، لە ئەساسدا ڕاپۆرتی لیژنەی مالی کرا بە ئەساس بۆ موناقەشە کردنی میزانیەی ساڵی 2010، ڕاپۆرتەکەی لیژنەی داراییش بریتیە لە کۆی ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانی پەرلەمان، بەو مولاحەزاتانەی کە هەیانبووە، لەبەر ئەوە ماددەی(82)زۆر بەوازحی باسی لەسەرکرد، کەواتە دێینە سەر ماددەی (87) لە پەیڕەوی ناوخۆ، هەر وەکو لە بەیانیدا باس لەوە کرا، کە لیژنەی دارایی هە موو بەشەکان و بابەکانی میزانیەی خستە بەرباس ولێکۆڵینەوە و بەردەنگدان، ئەوە بوو دەنگدان لەسەر زۆری نەکرا، یەکێ لەوانە لیستی خەملاندنی داهاتی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ ساڵی 2010، کە دەنگی خۆی هێنا بە (348)ملیار و(679)ملیۆن و دەنگی لەسەر درا، بۆیە ئەم ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی وئابووری، بەشێك دەبێت لەم یاسایە، مادام ئیعتیمادی لەسەر کرا بۆ موناقەشە کردن، کەواتە ئەمە بەشێکە لە یاسای میزانیەی ساڵی 2010، هیچ

کەموکوڕییەکیشی تێدا نیە؟، ئەمما بەنیسبەت ئەوەی کە داهاتی تر هەیەو باسی لەسەر نەکراوە، پێم وایە ئەوە وەزیرە بەڕێزەکانی پێشوو باسیان لەسەر کرد کە چۆنە ئەو داهاتانە، چۆنیش بەکار ئەهێندرێن، لەبەر ئەوە هەر دەستکاری کردنێك لەسەر ئەو بڕە پارەی کە لێرەدا باسی لەسەر کراوە، خەلەل دەخاتە سەر ئەو بڕە پارەی کە لەمیزانیە لە ماددەی یەکەم هاتووە، بە نەتیجەش ئەو بڕە پارە بەنەقصی خەملێندراو باسی لەسەر کراوە، لەبەر ئەوە ماددەی دوو هیچ غموزێکی تێدا نیە، بۆیە پێویست دەکات دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێت هەندێ لەقسەی برادەرەکانم دووبارە بکەمەوە، ئەو واریداتەی کە ئێمە لە پێش چاومانە کە (348)ملیار و(679)ملیۆن دینارە، ئەم واریداتە بەڕاستی ئەوەندەی کە من تێی گەیشتووم و وردەکاریم تێدا کردووە، بەکار نەهاتووە لە بودجەی گشتی خەملێندراوی ئەمساڵدا، ئایا ئەو داهاتە ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی مەرکەزی، ئەوەی ئێمە تێی گەیشتووین لە لیژنەی یاسایش پێم وایە ڕوونیان کردۆتەوە، کە تەنها گومرگەکان دەگەڕێتەوە، کە بەس گومرگەکان دەگەڕێتەوە بۆچی گومرگەکانیان لێ دەرنەکردووە، تا دیاری بکرێت بۆ ئێمە و تا بزانین چەندی دەمێنێتەوە، بۆ چی نەخراوەتە سەر بودجەی گشتی؟، من پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی کرد، کە مەبلەغی (18)ملیۆن (750)هەزار دۆلار بۆ پرۆژەیەکی کارەبا تەرخانکرابوو، شەش تا حەوت ساڵ دەبێت، لە بانقێکی بەریتانی دانراوە، ئایا گەڕێندراوەتەوە سەر ئەو داهاتە یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە وەرە سەر ماددەکە، نەك باسی شتی تر، عەزیمە خان، فەرموو کێ لەماددەکە دەربچێت وەختەکەی لێ ئەبرم، دوایی گلەیی نەکەن.**

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم وەکو هەموومان دەزانین یەکێکە لە ماددە هەرە گرنگەکان کە ڕوونی و شەفافیەت لە بودجەدا دیاری دەکات، بەڵام بەداخەوە ئەم ماددەی کە هاتۆتە بەردەستی ئێمە بە گوژمەیەك پارە، کە (348)ملیار و(679)ملیۆن دینارە، دیارە لێرەدا هیچ بەرچاو ڕوونیەك نەخراوەتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، کە ئایا داهاتی ناوخۆو بودجەی مودەوەر لەم بودجەیەدا کوا؟، ئەگەر بودجەکە بە ڕوونی وشەفافیەتەوە بهاتایەتە بەردەستمان ئەو کاتە ئەمانووت ئەم گوژمە پارەیە، بەشەکانی دیاری بکرایە، ڕوون تر بوو، من لێرەدا پرسیارێك دەکەم، ئایا داهاتی هیچ کارگەیەکی حکومی لە بودجەکەدا بۆ دیار نیە؟، ئایا کارگەکانی حکومەت هیچ داهاتێکیان نیە؟، ڕێژەی داهاتی وەزارەتی پیشەسازی لە 77٪ و 0 و،77 تە، ڕێژەی داهاتی وەزارەت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2009دا، کە لە 45٪ هاتۆتە خوارەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ڕووداو کەهاتووە، حکومەت خاوەنی (18)کارگەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە ڕۆژنامە جێگای ئێرە نیە؟، تكایە دانیشە كاك عبدالسلام، فەرموو

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواكارم كەهاوكارم بن بۆ ئەوەی لە مەوزوع دەرنەچم، من داوام كردووە كە قسە بكەم لەسەر ماددەیەك لەیاساكە، من لەوە تێدەگەم، كە ژمارەیەك غەڵەت بێت یان پێشنیارێك یان ئیزافەیەكم هەبێت كەزیاد بكرێت یان لە كۆتاییدا بڵێم من لەگەڵیم یان لەگەڵی نیم، ئەگەر شێوازەكەی من جیاواز بێت، من دەڵێم ئەم ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، ئێمە یەكەمین جار موصادەقەمان كرد لەسەر ژمارەكە خۆی، دەرفەتیش درا بەئێمە كە باسی لەسەر بكەین، هەندێك لەگەڵی بوون و هەندێكیش دژی بوون، من ئەوە دووبارە ناكەمەوە، من دەڵێم بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام كەوەكو خۆی بمێنێتەوە،چونكە ئێمە حسابی خیتامی موناقەشە ناكەین لێرەدا، تاكو بچین بزانین كە مودەوەرم هەبوو یان نەبوو؟، من داوا دەكەم ئەم نەصە وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە من وای لێ تێدەگەم كە داهاتێكی خەملێنراوە بۆ ساڵی داهاتوو، ناتوانم بە ئێوە بڵێم وەرن بۆم تەحقیق بكەن بزانن ئەم پارە چۆن سەرف بووە، من تەسەور دەكەم سەرچاوەكان موناقەشە كران، بابەتەكانمان دەستنیشان كرد، پارەكە خرایە دەنگدان، لای من بابەكانی وازح بوو، لەماددەی (23)ش مەوزوعی نەوت، موناقەشە كراوە، لەبەر ئەوە من ناچمە سەر ئەوەی كەموناقەشەی ئەوە بكەم، ئەو ژمارە راستە یان غەڵەتە، چونكە تێدەگەم كەتەواو بووە لەلای من، پرسیاری تریشم نیە، من تەسەور دەكەم ئەم ماددەیە دەبوایە كەمترین قسەمان لەسەر بكردایە، بەخۆشمەوە، چونكە تەحصیل حاصلە ئێمە دەنگ دەدەین لەسەر ڕاستی هێنانەوەی ژمارەیەك كە ئێمە دەنگمان لەسەر داوە بەزۆرینە، ئەگەر من دژی بومایە مافی من بوو، بەڵام وەختی خۆی حەقی خۆم وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان بۆ ئەو پرسیارانەی كە كران.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو رۆژە دیارە زۆر ئەم پرسیارانەم لێكراو وەڵامی هەموویم دایەوە، ئێستاش بۆتان دووبارە دەكەمەوە، یەكەم: زۆر باسی مودەوەر دەكرێت، مودەوەر لە حساباتی خیتامیدا دەردەچێت كە مودەوەر بۆ كوێ دەچێت؟، من حەزم دەكرد هەندێ شت هەیە ڕاست بكرێتەوە، تكام وایە بەنەوعێ شت وەریمەگرن، جارێ حساباتی شەش مانگی كە لەزۆربەی زۆریان گوێم لێ دەبێت، دەڵێن حساباتی خیتامی شەش مانگی، یەكەم شت شەش مانگی خۆی خیتامی نیە، هی شەش مانگە، ئەوە ڕاپۆرتە، تكام وایە ئەگەر بێت و ئێمە بە حساباتی خیتامیش بزانین، تەبیعەتی حساباتی خیتامی بزانین چۆنە، لەوێدا دەزانین كەهەموو مودەوەرێك لەوێ دەردەكەوێت، بەنیسبەت ئیراداتەوە كەمن باسم كردووەو ئێستاش باس دەكرێت، تەنانەت

گومرگەکان ئیراداتە، فیعلەن وەختی خۆی ئەمە موناقەشە کرا لەپەرلەمان، کە زەرائیب و ئەوانی تر هیچی ئیرادات نیە، بەڵام بەداخەوە هیچ بڕیارێك لەپەرلەمان دەرنەچوو، بۆ ئەوەی منیش لەسەری بڕۆم و هەم پەرلەمانیش قابیل بە پەرلەمانی عێراق بڵێت ئەمە بڕیاری ئێمەیە، ئەمە ڕەئی ئێمەیە؟، تا ئێمەش وەکو حکومەت ئیشی لەسەر بکەین، بەنیسبەت ئەو فەرقانەی کە دیار نیە، و باسی دەکەن، مەسەلەن دەڵێن (55)ملیۆن ئیرادات دانراوە لەکارەبا، ئەو (55)ملیۆنە تەنها ئیراداتی دیوانی وەزارەتە، من ئەو ڕۆژە بۆ هەموو بەڕێزانم باس کرد، ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە جارێکی تر، ئێمە هاتووین تەقدیراتی دائیرەی کارەبامان وەرگرتووە، بە (145)ملیار دینار، چونکە خەرجیەکانیشی (324)ملیارە، کە یەك لە یەکی تەرح دەکەی (179)ی ئەمێنێتەوە، تەبیعەتی حساباتی وەزارەتی کارەبا جیاوازە لەگەڵ حساباتی دەوائیری تر، هەندێك لەم دەوائیرانە حساباتیان لامەرکەزییە، هەندێکیان حساباتی موەحەدیان هەیە، هەندێکی تریشیان حساباتی مەرکەزییان هەیە، هەر یەکێك لەم حساباتانە تەبیعەتی جیاوازە، جۆری سەرفکردن لەناویدا جیاوازە، هیچ وەصڵێك یان حسابێك کەمەرکەزی بێت سەرف ناکرێت تا نەچێتە خەزێنە، مەسەلەن ئێستا شارەوانیەکان حساباتی تایبەتی خۆیان هەیە، شارەوانی خۆی ئەبێت خۆی بژێنێت، ئێمە وەکو حکومەت دەعمی دەکەین، بۆیە دێین خەرجیەکانی تەقدیر دەکەین، ئیرادەکەی تەقدیر دەکەین، ئەوکاتە بۆ دەعم پارەی بۆ دادەنێین، تەقدیری شارەوانی بۆ ئیراداتی (45)ملیار دینارە، بەنیسبەت بانکەکانەوە بەهەمان شێوە هاتووین خەرجیەکانمان وەرگرتووە، داهاتەکانمان وەرگرتووە، وەلحاصڵ من ئەو ڕۆژە شەرحم کرد، ئێستاش ئەوە بەو شێوەیە، ئێمە فەرقەکانمان هێناوە، تکاتان لێ دەکەم، بگەڕێنەوە سەر جەدوەلەکان، بیخوێننەوە، ئەمانە هەمووی مەوجودە، مەعقولە ئیرادێك وەربگیرێت، وەزارەتی دارایی ئەو ئیرادە لابدات بەلایەکی تردا، ئەی موحاسەبەی (66) ئەی وصولاتی قەبزی(37)ئەی تەدقیقی دیوانی ڕەقابەی مالی، ئەی تەدقیقی شەش مانگی ئەم کۆمپانیایەی کە ئێستا لەلای ئێمە تەدقیق دەکات، تکام وایە زۆر زەحمەتمان لەسەر مەکەن، چونکە ئەگەر بێت و بۆتان شەرح بکەم ، هەرچەندە من لەشەرحەکە ئیزعاج نابم، بەڵام جارێکی تر ئەوانەم هەمووی شەرح کردووە، ئەو داهاتانەی کەتا ئێستا ئێمە تەقدیرمان کردووە، مەسەلەن کارەبا بە (145)ملیۆن تەقدیر کراوە، بانك بە (46)ملیار، نەوت بە (525)ملیار، فڕۆکەخانەکان بە (35)، شارەوانیەکان بە (45)ئەو داهاتانە هەمووی ئەکاتە (794)ملیار، ئێمە فەرقەکانیمان وەرگرتووە، ئەمە دەسەڵاتی ئێمە نیە، تەبیعەتی ئەم حساباتانە بەم شێوەیەیە، ئەمە ناچێتە ناو ئەو (348)وە، تەنها فەرقەکانی نەبێت، بەنیسبەت داهاتی نەوت کەباستان کرد، کە ئەڵێن ئەو (890)ملیارە، لەکوێیە؟، وەڵڵاهی ئەو ڕۆژە شەرحم کرد، وتم ئەوە پارەی مەقاریئ و ئەوانەیە، ئەو تەقدیراتەیە کە ئێمە دامان ناوە، پرسیارێك هەیە کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان وتی جوابیان مەدەوە، بەس من جوابتان دەدەمەوە، ئەگەر روخسەتم بدات، چونکە وەستانی قسەکان، ئەو (81)ملیار و (750)ملیۆن دۆلارەی کەئێوە باسی دەکەن، گەڕاوەتەوە بۆ حساباتی حکومەت، لەناو حساباتی حکومەتدایە، بەکیتابی ڕەسمی ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران وهەموو وەزارەتەکانی مەعنیمان کردۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەزیری پلاندانان، فەرموو.

**بەڕێز علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت دوو تەعقیبی كورتم هەیە یەكێكیان: لەسەر داهاتی دەولەتی مانیحە، دووەم: لەسەر نەوت، چونكە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان لێرە ئامادە نیە، با بەوەی دووەم دەست پێبكەم، كۆمەڵێك پێشنیار كرا، وابزانم پێشنیارەكەی دكتۆر زانا، مەنتقی بوو، بەڵام وەزیری سامانە سروشتیەكان لێرە ئامادە بوو، پرسیارەكانیشی وەڵام دایەوە، ئێوە هەندێك لەبەڕێزان دوایی تەعقیبتان كردو وتتان لامان ڕوون نەبوو، بەڵام من پرسیارێكم هەیە، ئایا ئەوەشتان لا وازح نەبوو كە یاسای نەوتی عێراق لە پەرلەمانی عێراق هێشتا ئیقرار نەبووە، ئەی ئەوەتان لەلا وازحە یان نا؟، من ئەو پرسیارەم هەیە لە بەڕێزتان، ئێوە ئەتانەوێت كۆمەڵێك هەنگاو پێش پەرلەمانی عێراق بكەون، ، ئێوە پەرلەمانی عێراق ئیقراری قانونی نەوتی نەكردووە، هێشتا هەڵواسراوە، ئێوە ئەتانەوێت لێرەدا ناوی لێ بنێن ئیرادات، ئەم دۆكۆمێنتە، ئەگەر دوو لاپەڕە یان سێ لاپەڕە تەحەمول بكەن، دەگەنە فەقەرەی (22) یان (23)یە چەندە نازانم كەبەوازحی دەڵێت:

المادة الثالثة والعشرون:

تقوم وزارة المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة الموارد الطبيعية بتخمين وتقدير الموارد التي تحقق من نشاطات واستثمار الموارد الطبيعية المستحقة للاقليم وفق الدستور العراقي) دەبێ لەوێش موتابق بێت، چونكە ئەمە سامانی سروشتیە، وتضاف الى الواردات المتحققة.

ئەمە وابزانم موناقەشەكردن لەسەر ئەمە لەپێناو چیدایە؟، دووەم: بەنیسبەت دوەلی مانیحەوە، تەنها ئیحتیمال هەیە، ئێوە ژمارەی دەقیقیشتان لانەبێ، بۆ پارەی دوەلی مانیحە، حەقێكی مەشروع هەیە بۆ هەموو عێراق هاتووە، لەمانگی 10ی 2003وە تەنفیزەكەی دەستی پێكردووە، لەمانگی 6ی 2003 دیراسەی ئیحتیاجاتی عێراق كرا، ژمارەیەكی تەخمینی دانرا لە مەدرید، لە كۆبوونەوەی یەكەمی دوەلی مانیحە، بە (54)ملیار دۆلار تەقدیری ئیعادەی ئیعماری عێراق كرا، لەوكاتەشەوە بەشێوەیەكی تر پرۆژەكە بەردەوامە، كۆمەڵێك شتیش سەرفكراوە، ئەوانەی كە سەرفیش دەكرێت (ستراكچەر)ی خۆی هەیە، نیزامی خۆی هەیە، دەستەی باڵای بونیاتنانەوەی عێراق هەیە، نوێنەری حكومەتی هەرێمی تێدایە، پارەی كاش ناچێتە لای كەس، دوەلی مانیحە هەر دەوڵەتێك بەپێیی دیزاینی خۆی بەشێوەیەك یابانیەكان سەرفی دەكەن لە عێراق، ئەمریكیەكان بەشێوەیەكی تر، كۆرییەكان بەشێوەیەكی تر، هەر لە پێشكەشكردنی پرۆژەوە، هەتا دیراستەكردن و ئیقرار كردنی، دوایی تەندەر كردنی وتەنفیزكردنی وتەسویە كردنی، هیچ شتێكی لەوەزارەتی مالیە نیە، لەبەغدادیش حكومەت نەبێ سەیری موازەنەی ساڵی 2009ش بكات، هی 2008یش تا بزانن لەواریداتی عێراق هیچ شتێك لەوانەی تر كراوە یان نا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بیلال نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەكەم: داوادەكەم لەجەنابتان كە لە پرۆتۆكۆل ئەو قسەی جەنابی وەزیر بسڕنەوە، كە ئێمەی تەحلیل كرد بەكەو كەدژی خۆیەتی، ئێمە ئەندامانی پەرلەمان كەو نین و دژی میللەتی خۆشمان نین، هەولێش دەدەین كە زۆرترین خزمەتگوزاری بە میللەتی خۆمان بگەیەنین، ئێمەی كورد دژی خۆمان نین، میللەتێكین خوێنمان ڕشتووە تا بەوە گەیشتووین، دووەم: سەبارەت بەقسەكەی جەنابی وەزیری دارایی كە لەسەر وەزارەتی شارەوانی قسەی كرد، بەحوكمی ئەوەی كەمن سەرۆكی لیژنەی شارەوانیم، لەگەڵ جەنابی وەزیر وهەیئەتێك كە كۆبووینەوە لەگەڵیان لە لیژنە، ئەوان داوایان لەئێمە كرد، كە ئەوان دەسەڵاتیان پێبدرێت، لەو بودجەیەی كەهەیە، لەو دەسەڵاتەی كەهەیانە لە پارەكەدا، میقدارێك سەرف دەكرێت بۆخۆیان، بەڵام ئەوەی كەمن دەیبینم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

توخوا تۆ مەبدەئت ئەوە نیزامی بوو، بەڕێزان ئیحترام بۆ پەرلەمانی كوردستان و هەموو ئەندامە بەڕێزەكانی دابنێین ووشەی كەو نەیاری خۆیەتی، ئەوە لە پرۆتۆكۆل بسڕێتەوە، كوێستان خان، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە ئێمە لەسەرەتای دانیشتنمانەوە تا ئێستا، زۆر بەڕێزەوە موخاتەبەی وەزیرەكانمان كردووەو مافی خۆمانە پرسیار بكەین، یەك پرسیاری نیزامیم لەكاك فرسەت هەیە، ئایا وەزیرە بەڕێزەكان بۆیان هەیە، سنوور دابنێن بۆ قسە كردنی ئێمە، پێمان بڵێن وابڵێن و وا مەڵێن و بگەڕێنەوە بۆ ماددەی (20) من بۆ ئەوە داوا دەكەم كە ڕوونكردنەوەمان بدەنێ، ئایا ئەوان ئەتوانن سنوور و چوارچێوە بۆ قسەی ئەندامانی پەرلەمان دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سنوور و چوارچێوەو تەنزیمی دانیشتنەكان بەدەست سەرۆكی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە موناقەشەی زۆری لەسەر کرا، تکایە دواجار بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم :

داهاتی بودجەی ساڵی دارایی 2010 بە گوژمەی تەنیا 348, 679 (سێ سەد و چل و هەشت ملیار و شەش سەد و حەفتا و نۆ ملیۆن دینار) .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، (65)کەسی لەگەڵدایە؟، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (32)کەسی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان – العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم :

وەزاراتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستان –عێراق دارایی دابین کردنی ژمێریاری وەزارەتەکان و کارگێڕیەکان بەپێی داهاتی دەستکەوتووی دارایی دەگرێتە ئەستۆ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی ئێمە بەم شێوەی خوارەوەیە، زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیەو ناوەرۆکی ماددەکە دەبێت بە بڕگە یەك، بڕگەی ئیزافی پێشنیار کراو لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە بەم شێوەیە، {**ثانیاً** : اضافة ایرادات البلدیات الى میزانیاتها الخاصة لتغطیة الزیادة في تقدیم الخدمات البلدیة للمواطنین و على أن تقوم وزارة المالیة و الاقتصاد بمراقبة هذه الایرادات و کیفیة صرفها} . ئامانجیش لەزیاد کردنی ئەم بڕگەیە ئەوەیە،

پشتگیری کردنی داراییە بۆ تەواوی شارەوانیەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێواز خزمەتی هاوولاتیانی کوردستان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەکەوە ڕەئی لیژنەی هاوبەش دروستە، بەڵام لەلایەکی ترەوە، قەوانینی تر هەیە، شارەوانی یەکەیەکی ئیداری لامەرکەزییە، میزانیەتی خۆی هەیە، بودجەی خۆی هەیە، حەتا بودجەکەشیان نایەتە ئێرە، نازانم وەزارەت یان ئەنجومەنی وەزیران خۆیان تەصدیقی دەکەن؟، لەبەر ئەوە بەڕەئی من داعی نیە ئێمە دووبارەی بکەینەوە، چونکە قانونێکی تر هەیەو دووبارە کردنەوەی نەصی قانونی شتێکی دروست نیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی پێشنیارەکەتان سەحب دەکەن، یان نا.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کەموناقەشەمان کرد، بەڕاستی بەو شێوەیە بە ئێمەیان ڕانەگەیاند، ئێمەش دەزانین کە شارەوانیەکان شەخصیەتی مەعنەوی خۆیان هەیە، میزانیەتی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمەیان وا تێگەیاند کە ئینەهو ئێمە میزانیەیان دەدەینێ، لەبەر ئەوەی میزانیەکەی خۆیان وەکو پێویست نیە، بۆیە ئێمە وتمان با هەموو میزانیەکە بۆخۆیان بێت، ئێستاش، ئەگەر ئەوە زامن دەکرێت، ئێمە پێشنیاری خۆمان سەحب دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شارەوانیەکان هەمووی بە پێی بڕیاری ژمارە (6)ئیش دەکەن، حساباتی تایبەتی خۆیان هەیە، ئێمەش لێرەدا باسمان کرد، خەرجی وئەوەشمان لێ دەرکردووە، تەنها فروقاتمان داونەتێ، هەر دەعمێکیشیان ویستووە حکومەت دەعمی کردوون و دەعمیشیان دەکات، پرسیارێکی تر کرا، کە ئایا دەسەڵاتیان بدرێتێ بۆ ئەوەی پارەی خۆیان بەخۆیان سەرفی بکەین؟، بۆ زانیاری بەڕێزتان ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە تەحصیل حاصلە، ئەگەر هیچ موناقەشەیەکتان نیە، دەیخەینە دەنگەوە، باشە پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، من پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی، بمێنێتەوە، بەڵام لەجیاتی دەرامەتی شارەوانیەکان، بکرێت بە وەزارەتی تەندروستی، چونکە پێشتر ئێمە قسەمان لەسەرکرد، کە دەرامەتی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆیان سەرف دەکرێتەوە، بەڵام بەچاودێری وەزارەتی دارایی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەدا دژە هەڵوێستیەك دەبینم لەنێوان هەڵوێستی لیژنەی هاوبەش و وەزیری داراییدا، بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی بەوەدا کە مەفروزە شارەوانیەکان خۆیان خزمەتی خۆیان بکەن، خۆیان پارەکانی خۆیان سەرف بکەن، بەڵام خۆ ئەم پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە پێشنیاز کراوە، ئەبوایە لەلایەن حکومەتەوە ئەمە پێشنیاز بکرایە تا پەرلەمان تاوتوێی ئەو حاڵەتەی بکردایە، چونکە ئەو بەڕێزانە خۆیان دەزانن بەکام یاسا پابەندن بۆ ئەوەی دژی یەکیەك لەنێوان ئەم یاسایە نەهێڵنەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بڕگە ئەصڵیەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێشنیازی هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی وەرنەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی یاسای پێشنیارەکەی خۆیان سەحب کردەوە، پەرلەمانتارانیش تەسنیەیان کردە سەری، ئێستا بڕگەکە خۆی وەکو چۆن لەماددە ئەصڵیەکەدا هاتووە دەیخەینە دەنگەوە، لیژنەی یاسای فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پەیمان خان، کەباسی وەزارەتی تەندروستی کرد، ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ماددەی (11) لە پرۆژەکە ئەو مەسەلەیە چارەسەر کراوە بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ماددەکە بۆ دواجار بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان – العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد **الماليه المتاحه.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، (76)کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە؟، (3)کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

حصر الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية (المنح، الاعانات، نفقات المشاريع الرأسمالية) من الموازنة العامة لحكومة اقليم كوردستان بوزارة المالية والاقتصاد، ولوزير المالية والاقتصاد تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف مباشرة على بعض مستويات الحسابات الرئيسية.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم :

خەرج کردن لە ئیعتیماداتی (پشتیوانە)ی ژمێریاری سەرەکی (بەخشین، یارمەتی،خەرجی پڕۆژەکانی سەرمایەداری) لە بودجەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە دەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێ و وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە دەسەلأتی خەرج کردن ڕاستەوخۆ بدات بە وەزیرەکان و سەرۆکەکانی ئەو لایەنانەی کە بە وەزارەتەوە نەلکاوە لەسەر هەندێ ئاستی ژمێریاریی سەرەکی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش، هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە، تەئیدی دەکەین کەوەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بەهەمان شێوە هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیری پلاندانان ڕەئیتان.

**بەڕێز د. علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس یەك خاڵم هەبوو، تەنها ئەوەندە بڵێم پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، ئەو قەسەیەی کەکردیشم دوای ئەو هەموو ساڵە کارکردن لەناو حکومەت و بەرخود کردن لەهەموو شتێك شوجاعەتی ئەوەم هەیە، ئەگەر هەر کەسێك عاجز بووبێت، من داوای لێبوردن دەکەم، من مەبەستم ماناکەی بوو نەك شتی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەعلوم بوو قسەکەت هیچ مەبەستێکت نەبوو، ئێستا کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکات دەستی بڵند بکات؟ تا ناوی بنووسم، هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو ماددەی کە قەرار بوو زیادی بکەین، بۆ ئەو بڕانەی کە لە 5٪ی بۆمان داناوە، لەگەڵ هەموو ئەو بڕە زیادانەی کەدامانناوە نەیهێڵین، بیکەینە بڕگەیەك و لەناو ئەو ماددەیەدا دایبنێین، بەڵکو بەماددەیەکی سەربەخۆ دایبنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەنیسبەت خەرج کردن لە خەرجی پرۆژەکانی سەرمایەداری، کە ئەڵێت بەتەنها لەدەست وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەبێت، بۆیە هەیە دەسەڵاتی خەرجکردن ڕاستەوخۆ بدات بەوەزیرەکان، تکام وایە کە دوو وەزارەتی زۆر گرنگ هەیە، کە من ئەندامم لە لیژنەکانیان، ئەوانیش ئاوەدانکردنەوەو شارەوانیە، کەبەڕاستی زۆرجار لە کاری ئیزافیدا موعاناتێکی زۆریان دەبێت، با ئەو دەسەڵاتە هەر لەلای وەزیری دارایی بێت، چونکە ڕۆتینێکی زۆر هەیە، ئەنجومەنی وەزیران پێویست ناکات، چونکە ئەبێت

سیقەیەك بەو وەزیرە بدرێت، کەبەڕاستی ئەو کارە ئیزافیانە بتەوێ یان نەتەوێ ئەو مەشاریعانە ئەچێت بـەو ئاراسـتەدا، دوای ئـەوە لـە 15ی مانگـەوە ئـەبێت ئـەو سـولفانەی کـە ئەدرێـت و بـۆ وەزارەتـی مالیـە ئەچێت، دەبێ ئەو وەزارەتە پارەیەك هەبێت لە حساباتیدا، هـیچ پێشـینەیەکی بەڵێنـدەرێك دوا نـەخرێت، چـونکە بەڕاسـتی کۆسـپێکی گەورەیـە لەبـەردەمی بەڵێندەرانـدا، کەزۆربـەی ئیشـەکان دوا دەکـەوێت، بۆیـە هیوادارم لەمسالەوە ئەم شتانە هەمووی چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی چوار کەئێمە باس لە خەرج کردنی پشتیوانی ژمێریاری سەرەکی دەکەین، هەمووشی لە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستانە، کە نووسراوە تەنها ئەو خەرجکردنانە لەدەسەڵاتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و پاشان وەزیری دارایی و ئابوورییـە، کـە دەسـەڵاتی ڕاسـتەوخۆ بـدات بـە وەزیـرو سـەرۆکەکان، مـن واهەسـت دەکـەم ئـەم دەسـەڵاتە کـەدراوە بـە وەزیـری دارایـی دەسـەڵاتێکی زۆر زۆرە، مـن وای بـە بـاش دەزانم کـە ئەنجومەنی وەزیران ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، خۆشی ئامر بالصرف دیاری بکات، چونکە ئەگەر وابێـت ئێمـە لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران کەم دەکەینەوە، بۆیە من پێم باشە ئەنجومەنی وەزیـران ئـەو دەسـەڵاتەی هەبێـت و تەخویلیش بکرێت بەخەرجکردنی ئەو پارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی چوارەم ئەو خەرج کردنە کە خەرجی( بەخشین، یارمەتی،خەرجی پڕۆژەکانی سەرمایەداری) من پـێم وایـە خـەرجی پرۆژەکـانی سـەرمایەداری زیـاتر وەزارەتـی دارایـی خـۆی ئـەو خەرجیـە دەکـات، بـەڵام ئیحتیمالە ئەوانە سەرپەرشتی بکەن، هەر بۆ نموونە ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە ئەو پرسیارەمان کـردووە، ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئاگایان لەو خەرجیە نیە، بەڵام سەرپەرشتی دەکەن لەگەڵیاندا، مـن پـێم وایـە ئـەو سەڵاحیەتەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری داویەتی بەوەزیرەکان، لەگەڵ ئەوەداین کە وەزارەتی مالییـە ، ئەو سـەڵاحیەتە شـۆڕ بکاتـەوە، بـۆ هـەردوو وەزارەتـی پـەروەردەو خوێنـدنی بـاڵا، لەبـەر ئـەوەی ئـەوانیش پێویسـتیان بـەوە هەیـە کـە سـەربەخۆیی مـالی و ئیـداری هـەبێت، لـەو دوو وەزارەتـە، بـۆ ئـەوەی بتـوانن ئیشوکارەکانی خۆیان بەباشی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو خەرج كردنەی كەباس دەكرێت لە ( بەخشین، یارمەتی، خەرجی پرۆژەكانی سەرمایەداری) لەدەستی ئەنجومەنی وەزیران بێت، بۆ ئەوەی هەموو وەزارەتەكان بتوانن بەپێیی ئەو پێداویستیانەی كەهەیانە بۆ ئەوەی ئیشەكانی خۆیانی پێ ڕاپەڕێنن، وەكو ئەوەی كە باسكرا لە وەزیری ئاوەدانكردنەوەو وەزیری شارەوانیەكان كە پێویستیان بە بودجەی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر هاوكارییان بكرێت، لە دوا ڕیزیشدا كە ئەڵێت(لایەنانەی كە بە وەزارەتەوە نەلكاوە لەسەر هەندێ ئاستی ژمێریاریی سەرەكی)وا بزانم یاساییەكان باشتر دەزانن، لەهیچ یاسایەكدا هەندێ بەكار ناهێندرێت، ئەبێ دەستنیشان بكرێت، ئەو هەندێیە چیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەكەم ماددەی چوارەم بكرێت بە دوو بڕگە، یەكەمی وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئیزافەیەك لەسەر ئەوەی كە پەیام خان، ئاماژەی پێدا، دەستنیشان كردنی وشەی هەندێك، بڕگەی دووەمیش: ئەو بابەتەی كە پێشنیاز كرا، تایبەت بە بڕینی لە 5٪ی منح و ئیعانات لێرەدا ئیزافە بكرێت، لەهەمان كاتدا ئیزافەیەكی تریشی بۆ بكرێت، كە ئەو بڕە پارەی كەدەبڕدرێت بخرێتە سەر صندوقی كۆمەكی ناوچە جێ ناكۆكەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

امینە خان، فەرموو.

**بەڕێز امینە ذكري سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو هەڵەییێت ڕێزمانی هەیە، پرسیارەك ئەرێ ئەڤە خەرجی پرۆژەی سەرمایەدارێنە یان بەرهەمهێنانیـە، چونكی تەیاسا پێشنیار كری، ئەڤ كەلیمە هاتیە كارهینان، ئەز باوەڕم ئەڤە پرۆژەكی ئیستسماریە، یەعنی دەبیتە وەبەرهەمهێنان، یا دیتر، هەر تە پرۆژە یاسا پێشنیار كریدا بەحس هەندێكی دواماهی كری، ئەز ئاماژە دەم سەرۆكەكانی ئەو لایەنانە، كە بەوەزارەتەوە پەیوەستن، یەعنی ئەو لایەنە كو گرێبدایە، دیسا هەر ڤی پرۆژا گەلەك جارا یان گوتیە، ڕێڤەبەریا گرێدایە، چ وەزارەتان یان ژی گوتیە لایەنا گرێدایە وەزارەتا، یەعنی یا باشتر ئەوە، یان ژی گوتیا دەستە، یەعنی سێ واجیهەت بەكار هێنای، ئەڤە ژت یا سایا ئەز دبێژم یاسا رەوا نینە، با موستەلەحەكی یەكگرتوو هەبیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فازڵ، فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: دەڵێت خەرج کردن تەنها لەدەستی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، ئەمە بەڕاستی رۆتینێکی زۆر دروست دەکات، لەبەر ئەوەی زۆرجاران کە داوای ئەو شتانە دەکرێ، تا ڕەزامەندی دەدرێت تەئخیر دەبێت، بۆیە پێویستە سەلاحیەتی وەزارەتەکانی تریش دیاریبکرێت، کە ئەوانیش سەلاحیەتی ئەوەیان هەبێت، تەنها وەزارەتی دارایی نەبێت، دووەم: دەڵێت وەزیری دارایی بۆی هەیە، ئەو وشەی بۆی هەیە لای من بەڕاستی بەزیادی دەزانم، یان بەخراپی دەزانم لەبەر ئەوە دەتوانێ سەرف نەکات، یەعنی زۆرجار شتێك کە پێویستیشە بۆی هەیە و دەتوانێ سەرفی نەکات، ئەمەیان زۆر خراپە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لەم ماددەیەدا ناوی منح و ئیعانات هاتووە، لەبەر ئەوەشی کە بەڕێزتان پێشتر بەڵێنتان پێدابن، لەگەڵ بەڕێزانی لیژنەی یاسایی، کە ئەو بڕگەی پەیوەندیدارە بە بڕینی لە 5٪ی منح و ئیعانات، منیش هاوڕای هاوکارم دکتۆر زانام، کە بکرێت بە دوو بڕگەوە، بڕگەی یەکەمیان وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی دووەمیش بەم شێوەیە بێت، (تخصص کافة المبالغ المستقطعة او المقررة ب 5٪ من المنح و الاعانات مقدرة بنحو 41 ملیار دولار في صندوق دعم کرکوك والمناطق المتنازع علیها)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە پێشنیاری هەردوو هاوڕێم دکتۆر زاناو دکتۆر شاهۆ دەکەم، هەروەها پشتیوانی لە پێشنیاری هاوڕێکانم شلێرخان و عەزیمە خان دەکەم لەسەر ئەوەی کە ( بەخشین، یارمەتی، خەرجی پڕۆژەکانی سەرمایەداری) بەشێوەیەك لە شێوەکان، ئیلزامی وەزارەت بکرێت کە هەندێ لەدەسەڵاتەکانیان بدەن بەوەزیرە پەیوەندیدارەکان، لەبەر ئەوەی ئێمە لەکاتی بانگکردنی وەزارەتەکاندا، یەکێك لە کێشەکانیان ئەوە بوو کە ئەم ( بەخشین، یارمەتیە) بەشێکی زۆری لەلای وەزارەتی داراییەوە سەرف دەکرێت بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ وەزارەتەکان، یان وەکو هاوڕێم شلێر خان باسی کرد کە ڕۆتینێکی زۆر دروست دەکات، زۆر حاڵەتمان بینیوە کە نەخۆشێکی درێژخایەن پارەی لە وەزارەتی تەندروستیەوە بۆ

دەستنیشان كراوە، كاتێ كە پارەكەی وەرگرتووە، لە تەعزێكەیدا سەرفیان كردووە، بۆیە ئەمە رۆتینێكی گەورەی دروست كردووە، ئەمە موعاناتی وەزارەتەكانیش بووە، بۆیە بەشێوەیەك لە شێوەكان ئیلزامی وەزارەت بكرێت نەك بۆی هەیە، بۆی هەیە یەعنی مەرج نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەریهان خان، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەم، من پشتگیری هاوڕێكانم دكتۆر شاهۆ و دكتۆر زانا دەكەم، كە لە 5%ی منح و ئیعانات بچێتە ناو ئەو صندوقەوە كە تەرخانكراوە بۆ كەركووك، هەروەها من ئەو دەسەڵاتەی كە دراوە بە وەزارەتی دارایی و وەزیری دارایی، كە هەڵبستێت بەسەرفكردنی هەندێك لەو منح و ئیعاناتانە، بدرێت بە وەزارەتەكان خۆیان، بەتایبەتیش وەزارەتی تەندروستی، ئاوەدانكردنەوە، كە زۆر زۆر پێویستی بەوە هەیە كە وەزیری تەندروستی خۆی هەستێت بەسەرف كردنی ئەو منحەیە یان هەستێت بەدانانی پرۆژەیەك خۆی ئیستیفادەی لێ بكات، بۆ وەزارەتی تەندروستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حمە سعید نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوڕاز خان، لەسەرەتاوە ئەو پێشنیارەی كردو چەند ئەندام پەرلەمانێكیش لەولاوە پێشنیاریان كرد، لەسەر ئەوەی كە بڕگەیەك زیاد بكرێت، بۆ ئەوەی دوای بڕینی لە 5%كە، تەسنیەش كرا، بۆیە من پێم باشە، ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، بەپێیی لائیحە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس دوایی ڕای لیژنەی هاوبەش وەردەگرین، زۆر براو خوشكیش پشتیوانیان لێكرد، كاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاردەكەم ئەو (بۆی هەیە)، كە جەنابی وەزیری دارایی دەسەڵاتێكی زۆری دراوەتێ، كە موتڵەقیشن دەسەڵاتەكانی، كە دەشڵێت (بۆی هەیە)، یەعنی لەحاڵەتێك كە نەیویست، دەتوانێ نەیكات، یەعنی بۆ

هەبوون لەو حاڵەتەدا وایە، من بۆیە پێشنیار دەکەم، وەزیرەکان ئەگەر شتێکیان پێویست بوو لەڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ڕاستەوخۆ داوا لە وەزیر بکەن، وەزیریش ئەوکاتە بۆی نیە ڕەتی بکاتەوە، لەبەشێکی تر کە دەڵێت هەندێ لەو لایەنانەی کە بەوەزارەتەوە نەلکێندراون، لەسەر هەندێ ئاستی ژمێریاری سەرەکی، (هەندێ) نابێ ئەبێ دیاری بکرێت، مەفتوع بێت، چی و چین ئەوانە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: من پشتگیری ڕای لیژنەی هاوبەش دەکەم، کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ لەبەر ئەوەی کە ئەو ماددەیە خۆی سیفەتێکی یارمەتی دەری هەیە، بۆ تەتبیق کردنی بودجە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، خاڵێکی ترم، لەکاتێکدا کە ئەڵێت بۆ وەزیری دارایی هەیە، پارە بدات یان سەلاحیەت بدات بەوەزارەتەکانی تر، لەو سێ بابەی کە دەستنیشانی کردووە، حەتمەن وەزیری دارایی کە خەزنە داری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەو دەزانێت چەند پارە هەیە لەناو حسابی هەرێمی کوردستانداو لەبەردەستی هەرێمی کوردستان، بۆیە ناکرێ وەزارەتەکان هەریەکەو لەلای خۆیەوە بڕێك سەرف بکات، بێ ئەوەی بزانێ چەند لەناو حسابی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هیچ فەقەرەیەکی تریش زیاد نەکرێت، لەوەی کە لە 5٪ وئەوەی کە بڕیار دراوە ببڕدرێت، ئەم فەقەرەیە تەنها ئەو سیفەتەی هەیە، بۆ باشتر تەتبیق کردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆی ساڵی 2010، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی یاساییە ڕێك ئەوە دەگەیەنێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ سیستمی لامەرکەزی پەیڕەو بکات، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو وەزارەتانەدا لەو سێ بابەدا ئەویش بابەکانی (المنح، الاعانات، نفقات المشاریع الرأسمالیة)کە دەسەلات دەدات بەوەزیری دارایی، وەزیری داراییش لەلایەن خۆیەوە دەسەلاتەکان دەبەخشێت بەو وەزیرانەو سەرۆکی ئەو دەستانەی کە نەبەستراون بە وەزارەتێکەوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم، کە ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی خەزنەداری حکومەت کە وەزارەتی داراییە، بتوانێ بەپێی ئەو ئیمکانیەتانەی کە هەیە، بەو شێوەیە تەمویلی ئەو مەشاریعانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان لەو بارەیەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئیشارەتمان پێدا كە تەئیدی ماددەكە دەكەین، ئەوە تەنزیمی سەلاحیەتی سەرف دەكات، بەنیسبەت ئیدارات و حكومەتی هەرێمی كوردستان، زۆر بەشێوەیەكی ئیعتیادی و تەبیعی هاتووە، ئەگەر هاتوو تەماشای ماددەی (10)بكەین، ئەو لامەركەزیەتەی كە سۆزان خان، ئیشارەتی پێدا چ بەنیسبەت وەزیر چ بەنیسبەت مودیر عامەكان هاتووەتە خوارەوە، تەحدیدی سەلاحیەتی سەرفی كردووە، لەسەر ئەساسی مەبدەئێكی لامەركەزییەت لەسەرف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تكایە ڕەئی جەنابتان.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئی لیژنەی یاساییمان هەیە، ئەوە ڕای هەردووكمان بوو پێكەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری دارایی.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی ( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هەمان ڕەئیمان هەیە، چونكە تەبیعەتی ئەو حساباتانە خۆی لەناو وەزارەتی داراییدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، وەكو خۆی كە لەماددەكەدا هاتووە، دكتۆر شاهۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش چەند ئەندامێكی پەرلەمان پێشنیارێكمان كرد بۆ تەعدیل كردنی ماددەكە، بۆیە داوا دەكەین پێشنیارەكەی ئێمەش بخرێتە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەصەن پێشنیارەكەت بنووسە، بیدە بە لیژنەی یاسایی تا بیخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە ئەم بەیانیە کرا، بەنیسبەت صندوق بۆ کەرکووك وناوچە دابراوەکان، لەلایەن لیژنەی دارایی و یاساییەوە پەسەند کرا، درایە دەنگدانیش ئێمە ماددەیەکمان حازر کردووە، بەڵام کەی هاتینە سەر ئەو مەسەلەیە ئێمە ئەو کاتە عەرزی دەکەین، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئێستا تەسەلسولی ماددەکان بگۆڕێت، چ بە ئیزافە کردنی هەندێك مەواد، چ بەنەقڵ کردنی هەندێك مەواد، لە کۆتاییدا داوا لەبەڕێزتان دەکەین کە ئەو دەسەڵاتانە بدەن بە ئێمە، بە تەنسیق لەگەڵ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بۆ ئەوەی بتوانین ڕیز بەندی ماددەکان جێبەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای فەرموو.

**بەڕیز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوای ئەوەی کە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێهات، لەگەڵ وەزیری دارایی دانیشتین بۆ صیاغە کردنی ئەو بابەتە، بۆ ئەوەی لەڕووی مالیەوە هیچ نەقسێکی نەبێت، دوو پێشنیار هەبوو بەڕاستی، یەك پێشنیار نەبوو، یەکێکیان: بەنیسبەت ئەو ئیعاناتانەی کە لە 5%ی تەخصیص کراوە بۆ صندوقی کەرکووك، دووەم: بەڕاستی خاڵێك هەیە کە پەیوەندی هەیە بە کەم ئەندامان، ئێمە بەنیسبەت کەم ئەندامانەوە ئەوەی لە پرۆژەکەدا کە حکومەت زیادی کردووە، لێرە لە پەرلەمانیش موقتەرەحێك هەیە، کە زیاد بکرێت، ئێمە پێمان باشە ئەو لە 5%ی کە پەیوەندی هەیە بە منح بۆ زیادەی کەم ئەندامان تەخصیص بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەکو سەرۆکایەتی ڕێککەوتین و خۆشم وەزعم کەمێك باش نیە، بۆ ئەوەی دانیشتنەکەمان دوابخەین بۆ سبەی سەعات 10 لەو ماددەیەوە دەست پێدەکەینەوە، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |

**کوردستان – عێراق** **کوردستان – عێراق** **کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی**

**دووشەممە ڕێکەوتی 1\3\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی

## دووشەممە ڕێکەوتی 2010/3/1

کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2010/3/1 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (8)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2010/3/1 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی یاسای بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (8)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2010/3/1، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 3/1/ 2010دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی یاسای بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان – عێراق.

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، شێخ بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و کاك دکتۆر ئاشتی هەورامی و کاك دکتۆر عەلی سندی بەخێر بێن، لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆتان، تکایە لە جێگای خۆت قسە مەکە، رجائەن دانیشە، کاك بلال کەرەم بکە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە دوێنێ جەنابتان من لە تانەدان لە قسەیەکی بەڕێز وەزیری پلاندانان نوقتەیەکی نیزامیم هەبوو، ئەوە بوو کە ئەم قسەی بەڕێزیان لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، دیارە ئەم قسەی جەنابیان سڕابۆوە، ئەمشەو کە خۆم بینیم، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا قسەی من و هی جەنابیشتان سڕابۆوە لە پرۆتۆکۆل و لە ئیعلام، من نازانم ئایا ئەوە یاسایی دەکرێت؟ یان نا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دروستە، من خۆشم موتابەعەم کردو مولاحەزەم کرد، ئەمڕۆ چارەسەری دەکەین لەگەڵ ئەو بەڕێزانە، کە تەنها وتەکەی بەڕێز جەنابی وەزیریمان سڕی بۆوە، بەس هی من و تۆش سڕا بۆوە، زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلمان کرد لەسەر ماددەی چوار، بەلاَم ماددەی چوار نەخرایە دەنگدانەوە، ئێمە داوا دەکەی ماددەی چوار بخرێتە دەنگدان، پاشانیش ئەو ماددەیەی کە پێشنیار کرا دەیخەینە دەنگدانەوەو قسەی لەسەر دەکەین، ئەوەی دوێنێ بەنیسبەت کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکە بخوێننەوە، چونکە موناقەشەیەکی دوورو درێژمان کرد، ئەو پێشنیارەی کە درا بۆ گفتوگۆ رەئیتان لەسەری چیەو صیاغەکەی بەچ شێوەیەکە تا بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەرەڕای تەرخان کردنی بودجەیەکی تایبەت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان لەم کابینەیەدا هاوشێوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر رۆشنایی ئەو پێشنیارانەی دوێنێ بەیانی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراو پشتگیری لیژنەی

یاسایی و دارایی بۆ ئەم پێشنیارەو پەسند کردنی لەلایەن کۆی ئەندامانی پەرلەمانەوە، بۆیە ئێستا ئەو ماددەیەمان صیاغە کردووە بەم شێوەیە، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێك هەیە كە دەڵێت 5٪ی منح بگەڕێتەوە بۆ كەركووك و ناوچە دابڕاوەكانی تر، 5٪ی ئیعاناتیش بگەڕێتەوە بۆ كەم ئەندامان، لەبەر ئەوەی پێشنیارێك هەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پەسند كراوەو لە راپۆرتەكانیشدا هاتووە، ئێمەش وەكو پەرلەمان داوای زیادەی ئەو مووچەیەمان كردووە بۆ كەم ئەندامان، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی چوار حەسم بكەن، بیكە فەقەرە یەك، ئەویتریش بكە بە فەقەرەی دوو لەگەڵی، بەڵام نەصەكەی بخوێنەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانە گوێیان لەناوەڕۆكەكەی هەبێت، هەتا بتوانن بەوازیحی دەنگ بدەن لەسەری.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

1- تستقطع نسبة قدرها 5٪ من الاعانات الواردة في فصل الاعانات وتنقل الى حساب خاص بكركوك والمناطق المتنازع عليها.

2- تستقطع نسبة قدرها 5٪ من المنح الواردة في فصل المنح وتنقل لتغطية الزيادة الحاصلة في رواتب ذوي الاحتياجات الخاصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ماددەی چوار بخوێنەوە، كەرەم بكە.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ پێشنیارمان كرد كە بڕی لە 5٪ی هەردوو منح و ئیعانات بخرێتە سەر سندوقی كەركووك و ناوچە دابڕاوەكان، بەڵام هەست دەكەین ئەو پێشنیارەی كە بەڕێز كاك شێروان حەیدەری خوێندیەوە پێشنیارێكی باشە، چونكە دوو رەئی هەبوو، رەئیەك بخرێتە سەر سندوقی دەعمی كەم ئەندامان، رەئیەكیش هەبوو بخرێتە سەر سندوقی دەعمی كەركووك و ناوچە دابڕاوەكان، من هەست دەكەم ئەوە حەلێكی وەسەتەو حەلێكی مەعقولە، سوپاس بۆ ئەوانەی كە ئەو پێشنیارەیان كردووە، بۆ یارمەتی دانی كەم ئەندامان، ئێمە پێمان قەبولە كە ئەو 5٪ی دەبڕدرێت نیوەی بخرێتە سەر سندوقی دەعمی كەركووك و ناوچە دابڕاوەكان و نیوەشی بخرێتە سەر سندوقی دەعمی كەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، نوقتەی نیزامی كەرەم بكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر دوێنێ بەیانی (90) ئەندام پەرلەمان دەنگیدا بۆ پێشنیارێكدا كە داوا دەكات سندوقێك دابنرێت بۆ كەركووك و لە ئیحتیاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بودجەی ئیحتیاتیەكەی پارەی بخرێتە ناو، بۆ ئەوەی حكومەت دەست كراوە بێت، یەعنی دوو پێشنیار هەبوو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی پێشنیارەكەتان بخوێننەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اولاً/ حصر الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية، المنح، الاعانات، نفقات المشاريع الرأسمالية من الموازنة العامة لحكومة اقليم كوردستان بوزارة المالية والاقتصاد، ولوزير المالية والاقتصاد تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف مباشرة على بعض مستويات الحسابات الرئيسية.

ثانيا/ تستقطع نسبة قدرها 5٪ من الاعانات الواردة في فصل الاعانات وتنقل الى حساب خاص الى كركوك والمناطق المتنازع عليها.

ثالثاً/ تستقطع نسبة قدرها 5٪ من المنح الواردة في فصل المنح وتنقل لتغطية الزيادة الحاصلة في رواتب ذوي الاحتياجات الخاصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

هەمووتان گوێتان لێ بوو، ئێستا بەو شێوەیە ئاخیر صیاغە خوێندرایەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، تكایە ماددەی پێنج.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1- لرئيس برلمان كوردستان - العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالبرلمان.

2 - لرئيس مجلس القضاء اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بمجلس القضاء.

3 - لوزير التخطيط اجراء المناقلات اللازمة ضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة بالتنسيق مع وزارة المالية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ماددەی پێنجەم د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**1 ـ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عیراق بۆی هەیە گواستنەوە لە ناو بودجەی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان بکات.**

**2 ـ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە گواستنەوە لە ناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەری بکات.**

**3 ـ وەزیری پلاندانان بۆی هەیە گواستنەوە لە ناو بودجەی وەبەرهێنانی پەسەند کراو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بکات.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەشی یاسایی و لیژنەی دارایی تەئیدی ئەو ماددەیە دەکەین، وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها تەسەلسولات دەکەینە کیتابەتەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ کاك ئاراس فەرموو.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی هەمان ڕەئی ئێمەی لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاسایی ڕوون کردەوە، دەقاودەق ئێمە لەگەڵیانداین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش بەهەمان شێوە پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن؟ تکایە یەك یەك ناوی خۆیان بڵێن بە مایکرۆفۆن بۆ ئەوەی تەسجیل بێت، ناسك خان کەرەمکە.**

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە سێ فەقەرەی لەخۆ گرتووە، دیارە فەقەرەی یەکەمیان لە حاڵەتی پراکتیکی و عەمەلی کردنـدا سەرۆکایەتی پەرلەمانە هەڵدەستێت بەو ئیشە، ئەگەر بێتـو بیکـەین بـە (لرئاسـة برلـان کوردسـتان) ئەمـە یەك، سێیەم ئەوەی کە (لوزیر التخطیط) من پێموایە ئێمە دوای ئەوەی دوای ئەوەی موافەقەو تەسدیقی ئەو بودجەیە دەکەین بە هـەموو موحتەوایاتـەکانی، یـەعنی هـەموو ئـەو پرۆژانـەی کـە لـە نـاو ئێسـتا تەسـدیقی لەسـەر دەکرێت، ئێمە وەکو پەرلەمان دەبێت ئاگادار بین دوای لەو موناقەلاتانـەی کـە دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی بـزانین چۆن موتابەعەی دەکەین، بۆیە پێویست دەکات چۆن دەوترێـت (بالتنسـیق مـع وزارة المالیـة) تەنسـیق بێـت لەگەڵ پەرلەمانیش، یان یەکێك لە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار کاك عیماد محمد، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دەربارەی مادده پێنجێ برگا (3) پێشنیار دکەین، بەم شێوە بێتـە صـیاغە کـرن، (لـوزیر التخطـیط إجراء المناقلات اللازمة ضمن الموازنة الاستثماریة المصدقة بالتنسـیق مـع وزارة المالیـة والـوزارة المختصـة)، ژ بەرکو ئەگەر هـاتو یـەعنی بودجـەی ئیستسـماری هاتـە پەسـەند کـرن، بـێ موافەقـەو، وەزارەتـی موختـەس موناقەلە بێتە کرن ئیحتیماله دێ خەلەلێکی لە وەزارەتی پلان پەیدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رەفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگـەی سـێیەمی مـاددەی چـوارەم، وەزیـری پلانـدانان بـۆی هەیـە گواسـتنەوە لـەناو بودجـەی وەبـەرهێنانی پەسـەندکراو بەهەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی دارایـی بکـات، مـن پێموایـە هەماهـەنگی دیـارە مانای ڕەزامەندی ناگەیەنێ، ئێمـە لـەماددەی پێشـتر سـەڵاحیەتێکی ترمـان داوە بـەوەزارەتی دارایـی، لەبـەر ئـەوە مـن پـێم باشـە بەڕەزامەنـدی وەزارەتـی دارایـی و هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی مەعنیـدا، کـە ئـەو وەزارەتی پلاندانان ئەم کارە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر محمد فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی سێ/ وەزیری پلاندانان بۆی هەیە، حەز ناکەم هەمان قسەی برادەرانم بکەم، چونکە ئەمە بڕگەیـەکی زۆر موهیمـە، بەڕاسـتی ئێمـە لێـرەدا زۆر بەرپرسـیارین بەرامبـەر ئـەو خەڵکانـەی کـە دەنگیـان

پێداوین، هەموویان ئەوەندە ئاستی وشیارییان بەرزبووە، بەتایبەتی پێشترو ئەم ماوەیەش، کە دەزانن چ پرۆژەیەك بۆ ناوچەکەیان دەکرێت، لەبەر ئەوە تکام وایە یەعنی ئەمە هەرچەند مەوزوعی میزانیەکە ئەتوانین زۆر بە موختەسەری موافەقەی لەسەر بکەین، بەڵام وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ وەزارەتی دارایی کە دادەنیشن بەهەماهەنگی هەر گواستنەوەیەك ئەکەن، وەکو چۆن لە بودجەی بەغداد زۆر بەڕاشکاوانە ئەڵێت کە گەشتە لە 25٪ ی ئەو پرۆژانە هەردووکیان موتابەعە بکەن، ئەگەر وەزارەتێك نەیتوانی ئەو لە 25٪ەی خۆی تەواو بکات لەو ماوەی کە بۆی تەرخان کراوە، بەزووترین کات پێیی بڵێن کە گۆڕانکارییەکە چیە؟، لەگەڵ وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی وەکو شارەوانی و ئاوەدانکردنەوەو کارەبا، کە بەڵێن نەدرێت و موافەقەی شتێك نەکرێت کە دوایی جێبەجێ نەکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا خاڵێکی لاوازمان هەیە لە هەڵەبجە کە 22 ملیار بەموافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە نووسراویان (14215) لە 2009/9/3 بۆ وەزارەتی پلاندانان خۆی ئاگای لێییە بە (22) ملیار بە هیچ شێوەیەك لە 2010 ئاماژەی بۆ نەکراوە، لەبەر ئەوە تکایە ئەمە بەس ئەوەنەیە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە باسی موناقەلەیە لەناو بابی میزانیەیەك، ئەگەر بابێك بۆ بابێکی تر بێت، زۆر سوپاس، کاك عەدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی دوو، سێ هەیە، لەڕاستیدا ئەو سەلاحیەتەی کە دەدرێت بە بەرپرسی ئەوانە، واتە سەرۆکی مەجلسی قەزاو وەزیری پلاندانان سەلاحیەتێکی ڕەهایە، موتڵەقە، ئەمەش بەتایبەت بۆ خاڵی سێیەم بۆ نموونە، کە مەسەلەی موازانەی وەبەرهێنانە، موازەنەی وەبەرهێنان وەکو خۆتان دەزانن ئەبواب نییە، بەڵکو هەر وەزارەتێك کۆمەڵێك پرۆژەو کاری خزمەتگوزاری هەیە، دامودەزگاکان ئەوانەیان هەیە، موناقەلە کردن لەبەینی ئەوانەدا حەتمەن ئەگەر بەسلبی بێت بۆ نموونە، ئەگەر نەقس لە بودجەکە هەبێت، کار ئەکاتە سەر پرۆژەیەك، پرۆژەیەك ڕائەگرێت، دەیوەستێنێت ماوەیەکی دوروو درێژی ئەچێتە سەر، یەعنی ئەمە بابڵێیین ئیشکالیاتێك بۆ پرۆژەکە لەناوچەکاندا دروست ئەکات، یەعنی لەگەڵ حورمەتێکی زۆر بۆ هەرکەسێك کە وەزیر بێت لەو حاڵەتەدا، بەڵام ئەمە لەڕاستیدا هەندێ جار دەکەوێتە سەر میزاج، هەندێ جاریش دەکەوێتە سەر ئیجتیهاد، هەندێ جاریش دەکەوێتە سەر ئەو تەمویلەی کە لەبەردەستدایە، یەعنی ئەو برە پارەو ئیمکانیاتەی کە لەبەردەستدایە، بۆیە ئەمە دەبێت خاڵێکی ئیلزامی لەگەڵ بێت، تا وەزیری پلاندانان ناچار بێت، سەرباری ئەوەی کە لەگەڵ وەزارەتی داراییە کە ئەمەش کارێکی ئسوولیە، لەگەڵ وەزارات و ئیداراتی مەحەلی تایبەتمەند بێت، چونکە ئیداراتی مەحەلی ئەزانێ کە لەوانەیە پرۆژەیەکی زۆر پێویست بۆ ئەو ناوچەیەو دەبێت بکرێت، ئەو نەقسی بودجەیە بۆ نموونە نابێ کار بکاتە سەر ئەوە، بەڵام لەوانەیە وەزارەت ئەو ئاگادارییەی نەبێت، یان جەنابی وەزیر ئەو ئاگاداریی و

مەعلوماتـەی نـەبێت، بۆیـە زۆر گرنگـە تەنسـیق هـەبێت لەگـەڵ ئیـداراتی مەحـەلی و لەگـەڵ وەزاراتـی تایبەتمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئامینە خان، فەرموو.

**بەڕێز امینة ذكرى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ مە هاتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جەمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەمی من ئیقتیراح دەکـەم بێـژین (لـرئیس البرلـمان) کوردسـتانی عێـراق ئەوە تەحصیل حاصلە، ئیمە هەموو جارێك ئەو شتە دووبـارە دەکەینـەوە، باشـترە بڵێین (لـرئیس البرلـمان) وەکی هاتیە لە (رئیس مجلس القضاء)، ئەگەر کوردستانی عێراقی لەگەڵدا بێت، لازمـە بنووسـن ( لـرئیس مجلس القضـاء في اقلـيم كوردسـتان) ئیقـتیراحم ئەوەیـە (لـرئیس البرلـمان) بـەس، چـونکە ئـەوە تەحصـیل حاصلە، ئێمە موناقەشەو گەنگەشـەی ئـەم موازەنەیـە لـەناو پەرلـەمانی کوردسـتان دەکرێـت، خـاڵی سـێیەم (لـوزير التخطـيط اجـراء المنـاقلات الازمـة ضـمن الموازنـة الاسـتثمارية المصـدقة بالتنسـيق مـع وزارة المالـية والوزارة المختصة) ئیقتیراح دەکەم بڵێین (وضمن المحافظة الواحدة) بێت، چـونکە ئەمـە پێشـنیارێك هـاتووە لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی سـەلاحیاتیان داوە بـە وەزیـری پلانـدانان دووبـارە ڕیزبەنـدی بکرێـت بـۆ ئـەم پرۆژانە و، تەئکید لەم بابەتە کریە، بۆیە منیش ئیقتیراح دەکەم کە وشەی، یان عیبارەی (وضمن المحافظة الواحدة)ی لەگەڵدا بێت، بۆ تەئکید کردنی فەقەرەی پێش ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج، فەقەرەی سێ، کە هاتووە ئەڵێ: وەزیری پلان دانان بۆی هەیە گواسـتنەوە لـەناو بودجەی وەبەرهێنانی پەسندکراو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی بکات، من پێشنیار دەکەم، لە دوای ئەوەی کە دەڵێ، لەگەڵ وەزیری دارایی، من پێشنیار دەکەم کە ئەوەی بۆ ئیزافە دەکرێ، دارایی و وەزارەتـی پەیوەندیدارو ئیدارەی ناوچەکە، چونکە ئێمە لە لیژنەکان، من خۆم کە لـە لیژنـەی گواسـتنەوەو گەیانـدن،

دوو وەزیرمان بینی لە لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیریش جەنابی وەزیری رۆشنبیریمان بینی، هەر سێکیان ئیتیفاقیان لەسەر ئەوە بوو کە ئەو پرۆژانەی بۆیان دیاری کراوە نەوعێك لە ئیهمال کردنی ئەو پرۆژانەی ئەوانی تێدایە، داوایان دەکرد کە جارێکی تر ئەو حەقە بە ئەوان بدرێت کە ئاگایان لێ بێ لە پرۆژەکە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەو بە پێشنیارو تەنسیق بێ لەگەڵ وەزارەتی مەعنی و لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئیدارەی مەحەلیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاوڕاز فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارم ئەوەیە بۆ هەردوو خاڵی یەکەم سەرۆکایەتی زیاد بکرێ، بۆ خاڵی سێیەم وەزارەتی پلان دانان بێت و زائیدەن رەقابەی مالیشی لەگەڵ دابنرێ، بۆ هەر سێ خاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من سەبارەت بە ماددەی پێنجەم، پشتگیری خاڵی یەکەم و دووەم ئەکەم، کەوا سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری دەسەڵاتی موناقەلە کردنیان هەبێ، بەڵام سەبارەت بە خاڵی سێیەم هەڵبەتە ئێمە ئەزانین وەزیری بەڕێز، وەزیری پلاندانان جەنابی سەلاحیاتی ئەوەی هەیە کەوا، هەڵبەتە کاری ئەویشە کە چۆنیەتی داڕشتنی پرۆژەکان بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ ئیشکالاتمان بینی بەپێی ئەو وەزاراتانە کە هاتن لەگەڵ ئێمە گفتوگۆیان کرد، بینیمان تۆزێك ئیشکالات هەیە لە تەغەیوری، یان تەنەقولی ئەبوابی مەشاریعەکانیان، یان پرۆژەکانیان، بۆیە پێشنیار دەکەم کەوا ئەگەر بە مەشوورەت بێ، بە تەنسیق بێ لەگەڵ وەزاراتی مەعنی باشتر دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری ڕەئی هاوڕێیانم، کاك عیمادو ئەڤین خان و برادەرانی تریش کە لە نەتیجەی گفتوگۆیەکانیش لەسەر ڕێزبەندی و ئەولەویەتی پرۆژەکان، تێبینیەکی زۆر هەبوو، گفتوگۆیەکانی خۆمان ناو هۆڵی پەرلەمان، بۆیە منیش پێشنیار دەکەم کە هەر گواستنەوەیەك کە دەکرێ بە ڕەزامەندی وەزارەتی مەعنی بێت، بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالیەتە تەسەلسول و ڕێزبەندییەکان تێك نەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له خاڵی سێیەمدا: (لوزیر التخطیط اجراء المناقلات)، ئەو موناقەلەیە ئەگەر لە زمنی یەك وەزارەت بێ پێویست دەكات كەوا لەسەر داوای وەزارەتەكە بێ كە لەو بابەو بۆ بابەكەی تر بچێت، نەك لە وەزارەتی تەختیت، یەعنی بۆ خۆیان بەبێ ئاگای وەزارەتەكە لە داخلی وەزارەتەكە بكەن، ئەمما ئەگەر نێوان دوو وەزارەت بوو، ئەو كات بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتەكان، هەر لە نەفسی موحافەزەش بێ، ئێمە ڕەئیمان لەگەڵ ئەوەیە، خاڵێكی تر ئەوەیە كە لە كاتی خوێندنەوەی ماددەكان زۆر جار لە زمانی عەرەبیدا لوغەوەیەن هەڵەیەك دەكرێ، پێم خۆشە ئەو هەڵەیە چاك بكرێتەوە، چونكە ئەوە پەخش دەكرێت ئەو دانیشتنانە، وشەی (مئة ومائة)، (مائة) لە زمانی عەرەبی نییە، (مائة) هەمووی (مئة)یە، بۆیە پێم خۆشە هەموومان ئەگەر خوێندمانەوە بە (مئة) بخوێنینەوە نەك (مائة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار كاك بورهان.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزتان دەزانن ڕەچاو كردنی عەدالەت لەناو ناوچە جیاجیاكانی كوردستاندا كارێكی پێویستە، دەربارەی خاڵی سێیەم لە ماددەی پێنجەم، كە دەڵێ: وەزیری پلاندانان بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی وەبەرهەمهێنانی پەسندكراو، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بكات، من پێم باشە ئیزافەیەكی بۆ بكرێ، بەو مەرجەی پارەی تەرخان كراو لە هەمان پارێزگادا تەرخان بكرێتەوە، نەقل نەكرێ بۆ شوێنێكی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

برای عەزیز، ئەوە میزانیەی هەر وەزارەتێك، یان پەرلەمان، یان مەجلیسی قەزا، لەناو بابێك بۆ بابێكی تر موناقەلەكە ئەكرێ، یەعنی فەقەت ئەوەیە، ڕێزدار پەریهان.

**بەڕێزد.پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر خاڵی سێیەم، ئەویش وەزیری پلان دانان بۆی هەیە گواستنەوە لەناو بودجەی وەبەرهەمهێنانی پەسندکراو بکات و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بکات، لەگەڵ وەزارەتی مەعنی (ذوي علاقة)، لەگەڵ ئەنجومەنی موحافەزاتەکان، یەعنی ئیداراتی مەحەلی، ئەوە زۆر باشتر ئەبێ، بۆ ئەوەی نەتیجەی پرۆژەکان باشتر نایاب تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو لەسەر خاڵی سێ، پشتگیری رەئیەکەی هاوڕێم کاک عدنان عوسمان و د.پەریهان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار سیوەیل.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم و دووەم هیچ، خاڵی سێیەم (لوزير التخطيط اجراء المناقلات الازمة ضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة بالتنسيق مع وزارة المالية)، پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکەی، (والوزارات ذات العلاقة بالمشاريع المقترحة)، سەبەبەکەشی هاوکارم کاک بیلال باسی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار حسن محمد فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر بەنیسبەت خاڵی سێ، رەئیم وایە وەزارەتی پەیوەندیدار ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار جەنابی وەزیر، بەحەقیقەت ئەگەر پارە بێت، وەزیر موناقەلە بکات، بەلاَم ئەگەر پرۆژە بێت، پرۆژە ئەبێ تەنسیق بێ، لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ پێش هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە، کە مەسەلەی موناقەلە مەسەلەیەکی وجوبی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی جەوازییە، مومکینە شەش مانگیش تێ دەپەڕێ دەگاتە مانگی حەوتەم، یان

هەشتەم، ئینجا بیر لە موناقەلە دەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر مەبلەغە پارەیەك لە بابێك نەما بێت لە بابێکی تر بۆی نەقل دەکرێت، ئەمە خاڵی یەکەم.
خاڵی دووەم/ عادەتەن موناقەلە بەنیسبەت حکومەت وەزیری مالیە دەیکات بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، چونکە موازەنەی ئیستیسماری هی هەموو وەزارەتەکان لەلای وەزیری تەختیتە، ئەمە تەواوە، بەلأم پارەکە، موازەنەکە لەلای وەزارەتی مالییەیە کە مولزەمە تەنفیزی بکات لەسەر ئاستی هەموو وەزارەتەکان، ئەمە خاڵی دووەمە، بەنیسبەت پەرلەمانی کوردستان، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین ببێتە (لرئیس البرلمان) کە ئەوە شتێکی ئیعتیادیی و تەبیعییە، لەبەر ئەوەی رەئیسی مەجلیسی قەزاو وەزیری تەختیت، یان وەزیری مالیە هاتیەو پێمان باشە ببێتە رەئیسی پەرلەمان، سەلاحیەتەکانیش هەر وەکو لە ئەسڵی یاساکەشدا هاتووە، دیارە بەشێوەیەکی جەوازی هاتووە، بەشێوەیەکی وجوبی نەهاتووە، چونکە دەڵێت (لرئیس البرلمان)، (لرئیس مجلس القضاء)، (لوزیر التخطیط)، کەواتە مومکینە، ئیمکان هەیە لە هەندێك باب هەر موناقەلەش نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك کراو دوو کەسیش پشتگیری لێ کرد سەبارەت بەوەی کە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان بکرێت، بەڕێزان، ئەگەر پەرلەمان بەکاری چاودێری هەڵستێك باشترە لەو هەماهەنگیە، یەعنی ئەگەر بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان بێت دەسەڵاتی یاسادانان، ئەوەندە پەرلەمان ناتوانێت چاودێری ئەو کارە بکات، چونکە پێشتر موسبەقەن رەزامەندی لەسەر ئەو گواستنەوە کردیە، بۆیە باشتر وایە کە ئەو هەماهەنگیە لەگەڵ پەرلەمان نەکرێت.
سەبارەت باس لە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری کرا، دەسەڵاتێکی رەها دراوەتە سەرۆکی ئەم دەزگایە، یاخود ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین بەپێی یاسای پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی بەخۆیەوە هەیە، ئەو دەسەڵاتە لە هەموو حاڵەتێك نییە، تەنها لە حاڵەتی پێویست، هەر خۆی ئەو بەڕێزەی کە ئەو پێشنیارەی کرد باسی لەوە کرد ئەگەر پرۆژەیەك کورتی هێنا سەرۆکی ئەو دەسەڵاتە چ بکات بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بودجەیەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەو پرۆژەیە، ئەگەر دەسەڵاتی گواستنەوەو موناقەلەی نەبێت، بۆیە پێویستە ئەو دەسەڵاتە هەر بمێنێت، بەلأم لە حاڵەتی پێویست و لەو حاڵەتانەی کە پرۆژەکان کورت دێنن، باس لەوە کرا بۆ ناوی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هاتووە، تەنها باس لە پەرلەمان بکرابا، راستە، بەلأم ئەمە پرۆژە یاسای بودجەیە، یاساکانی وەزارەت ئەگەر سەیر بکەن دەبینین لە ماددەی یەکەم پێناسەی چەندین دەستەواژە کراوە، بەلأم لەبەر ئەوەی یاسای بودجەیە لاریمان نییە، ئەگەر ناوی پەرلەمان بێت، یاخود پەرلەمانی کوردستانی عێراق،

چونكە پێناسەی دەستەواژەكان نەكراوە لە ماددەی یەك وەكو یاساكانی تر، بۆ خاڵی سێیەم ئەو پێشنیارەی كە لەلایەن ئەندامانی بەڕێز پێشكەش كرا، پێشنیاری ئەوە دەكەین كە ئەو بڕگەیە بڕگەی سێی ماددەكە دووبارە دابڕێژرێتەوە، كەوا لە لایەن وەزیری دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری پلاندانان.

سەبارەت بەوەی كە لە خاڵی سێیەم وەزارەتی پەیوەندیدار ئیزافە بكەین، یان زیاد بكرێت، وەزیری پلاندانان پلانی حكومەتێك دادەنێ، هەموو وەزارەتەكان لە رێگای ئەم وەزارەتە پرۆژەكانی خۆیان پێشكەش دەكەن، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بدرێتە وەزیری پلاندانان، یاخود وەزارەتی پەیوەندیدار، زیاد بكرێت، هیچ لاریمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری پلاندانان فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت، نازانم، وابزانم لە خیلالی ئەم چەند رۆژانەی رابردوو زۆر لەم بابەتانە باس كران، بەهەر حال من تەعەجوب دەكەم كە باسی كەلیمەی مەزاج بەكار دێت، چونكە وابزانم هەموو كەسێك هەیەتی، بەلاَم دیارە بەس هی ئێمە حیسابە، وابزانم ئەگەر ئەم فەقەرەیە دەستكاری بكرێت، لە زۆر فەقەراتی تری وەك ئەم فەقەرەیە هەیە، لە زۆر شوێنی تریش، یەعنی بۆ نموونە من وەكو وەزیری پلاندانان كە خوتەی مەشاریعم هێناوە تەقدیمم كردووە، ئایا لە هیچ فەقەرەیەكی قانونیدا نووسراوە كە من دەبێت لەگەڵ وەزارەتەكان دابنیشم و تەقدیمی بكەم؟ ئیحتیماله لە هیچ شوێنێك نەنووسرا بێت، بەلاَم من وا دەكەم، چونكە ئەمە موعەرەفە، یەعنی ئێمە ئەگەر هەر كەلیمەیەك لەمانە لەبەر ئەوەی كە برادەران مولاحەزاتیان هەیە، مولاحەزات باس كراوە لە ماوەی ئەم چەند رۆژەدا، كۆمەڵێك مەشاریعتان حەزف كردووە، كۆمەڵێك مەشاریعتان تەوصیە كردووە، ئینجا سەرەڕای ئەوەش ئەگەر دەتانەوێت، پێشنیارەكە ئەوەیە كە هەم لەگەڵ بەبێ پەرلەمان موناقەلە نەكەم، بەبێ وەزارەتی مەعنی هیچ موناقەلە نەكەم، بەبێ ئیدارەی مەحەلی و قائیمقام و موحافزو ئەوە هیچ موناقەلەیەك نەكەم، بەبێ رەقابەی مالی هیچ موناقەلەیەك نەكەم، باوەڕ ناكەم ئیشێك بەو شێوەیە بكرێت، فەقەرەی وەزارەت حاصل تەحصیلە، هیچ پێویست ناكات باسیش بكرێت، چونكە پرۆژە، پرۆژەی وەزارەتی مەعنییە، یەعنی من وەزیری پلاندانان و وەزارەتی پلاندانان بە چ مەنتیقێك دەبێت وا تەسەور بكرێت كە یەكێك دێت پرۆژەی ئاو حەزف دەكات، دەیكات بە كارەبا، یەعنی شتی وا نازانم تەسەوراتی وا ئەگەر هەبێتن، وابزانم دەبێت تەوزیح بكرێت، كە ئەمە بەو شێوەیە نییە، ئینجا دیسان مەسەلەی پارێزگاكان، مەسەلەی رێژەی ژمارەی دانیشتوان، ئەوانەش بیما فیهی كیفایە باس كرا، ئێمە ئەگەر موڕاعاتی ئەوەش بكەین، دەبێت لەناو هەر قانونێك لەم پەرلەمانە بەڕێزە دەردەچێت، دەبێت موڕاعاتی ئەوە بكەین كە ئێمە كیانێكین، ئەگەر ئەوەندە لە هەموو فەقەرەیەك باسی موحافەزە، موحافەزە بكرێت، باسی قەزا، قەزا بكرێت، یان ئیشارەتێك بەوە بدرێت من تەسەور

ناکەم ئەوە شتێکی باش بێت، لە قانونی با بڵێین لە زیمنی موازەنەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ ئەو ماددەیەی کە ئیشارە بە فەقەرەی (تنمیة الاقالیم) پەرەپێدانی پارێزگاکان دەداتن، لەوێ بە سەراحەت ئیشارەتەن بە هەرێمی کوردستانیش دەدرێت، کە بە رێژەی دانیشتوان، ئەو بودجەیە تەوزیع دەکرێت، ئەوەی تر ئیحتیمالە، یەعنی ئێستا ئەمڕۆ وایە، بەلاَم خۆ مومکینە هەر لەحزەیەك تۆ پرۆژەیەکی ستراتیجی لە سلێمانی هەبێت، لە دهۆك هەبێت، لە هەولێر هەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە خۆمان بەوە نابەستین، بەلاَم هەموو موتەفیقین عەمەلیەن کە ئێمە موراعاتی ئەوە دەکەین، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەیڵێین، لەبەر ئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پێشنیار دەکەم کە ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو خۆی دەنگی لەسەر بدرێت، هەموو ئەو مولاحەزاتانەی کە باسیش کرا لە لایەن بەڕێزانەوە، بە هەند وەردەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری دارایی، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەصەکە بەو شێوەیە هاتووە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران ئیقتیراحیان کردووە، ئێمە لەگەڵ دا بووینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو مولاحەزاتانەی کە دامان، تەنها یەك مولاحەزە هەبوو تەرکیزمان لەسەر کرد، ئێستاش تەئکیدی لەسەر دەکەینەوە، صەلاحیەتی موناقەلە، صەلاحیەتی وەزیر مالیەیە، بە تەنسیق لەگەڵ وەزیری (تخطیط) بە ئیعتیباری ئەوەی پلانی هەموو وەزارەتەکانی لە لای وەزارەتی پلاندانانە، بەم شێوەیەش لە میزانیەی ئیتیحادی عیراقیش هاتووە، لە زۆربەی زۆری ئەو موازەنانەش، ئێمە تەصدیقمان کردیە لەو پەرلەمانە، بەم شێوەیە هاتووە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موقتەرەحێك هەبوو بۆ خاڵی سێ، خاڵی (1) ئەوە بە پێی نیزام، بە پێی قانون هەمانە، ناتوانین بیگۆڕین و لێرە دەستکاری ناکرێ، بە نیسبەت خاڵی (3) مولاحەزەیەك هەبوو، وەزارەی مەعنی ئیزافە بکرێ، ئەگەر خاوەنی ئەو موقتەرەحە، وەزارەی مەعنی سەحب ناکا، ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەکەم کە لە صەلاحیەتی وەزارەتی دارایی دابێ، بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی مەعنی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێشنیارەکەی کاك عیماد بوو، جەنابت تەسمیەت کرد، ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان کێ لەگەڵە بەو شێوەیە بێ کە وەزارەی مەعنی ئیزافە بکرێ، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ (8) کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، ئێستا ماددەکە بە هەر سێ فەقەرەکەیەوە ئەخەینە دەنگدانەوە، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، هەست دەکەم دەبێ بەو صیاغەیە بێ، عیبارەتەکە بگۆڕێ بۆ برگەی سێیەم، بنووسرێت (لوزیر المالیة إجراء المناقلات اللازمة الإستثمارية المصدقة بالتنسيق مع وزارة التخطيط)، ئەگەر بەو صیغەیە بێت، ئەگەر وەزارەتی داراییە، دەبێت لە پێشدا وەزارەتی دارایی پێش بخرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی یاسایی بۆ دواجار بیخوێننەوە با بیخەینە دەنگەوە، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سەعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة

اولاً: لرئيس برلمان كوردستان - العراق، اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالبرلمان.

ثانياً: لرئيس مجلس القضاء في الاقليم اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بمجلس القضاء.

ثالثاً: لوزير المالية وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة ضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة للمشاريع الاستثمارية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەی شەشەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

اولاً/ يخول وزير المالية صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

ثانياً/ لوزير المالية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خوێندنەوەی بە زمانی كوردی تكایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

یەكەم: وەزیری دارایی دەسەڵاتی گواستنەوەی نێوان تەرخانكراوەكانی دەروازەكانی بودجەی پێدەدرێ بەدەر لە بەشی مووچە كە دەشێ بۆی بگوێزرێنەوەو نابێ لێی بگوێزرێتەوە .

دووەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە گواستنەوە لە نێوان پشتیوانەی دارایی دەروازەكانی بودجە بكات لە پێناوی فەراهەمكردنی توانای خەرج كردن بۆ كارگێڕییەكانی كە بڕیار دەدرێ لێك بكرێنەوە لە وەزارەت، یان بە وەزارەتێكی دیكەوە بلكێندرێ و وەزیری تایبەتمەندیش بۆی هەیە گواستنەوە لەناو یەك بەش، یا یەك یەكەی خەرجكردندا بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی تەئیدی ماددەكە دەكەین، بەڵام دوو مولاحەزەمان هەیە

مولاحەزەی یەكەم/ گۆڕینی وشەی (یخول) بە وشەی (لوزیر) لە بڕگەی یەكدا هاتووە.

مولاحەزەی دووەمیش/ زیاد كردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی (سێیەم) زیاد بكرێت ، وەك ئەمەی خوارەوە: (ثالثاً: لایجوز اجراء المناقلة في تخصیصات التنمیة بین المحافظات)، ئەوە لەسەر پێشنیاری زۆربەی زۆری لیژنەكان و زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ هەمان رەئین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە تەحصیل حاصلە، هەر بەڕێزێك بیەوێت قسە بكات فەرموو، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە وەزارەتی پلاندانان ئیعتیماداتی هەموو بابەکان هی هەموو وەزارەتەکانی لەلایە، من پێم باشە لە هەردوو بڕگەکە رستەی (بالتنسيق مع وزارة التخطيط) ئیزافە بکرێت، بەو پێیەش کە کاک شێروانیش تەئکیدی کردەوە بۆ خاڵی پێشوو لێرە وابزانم ئەو تەنسیقە پێویست دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرێ ڤێ درکێیە ئەم بێژین کو رێژەیەك بهێتە دیارکرن بۆ موناقەلێ، یەعنی ئەو سەلاحیەتێ وەزیرێ هەین رێژە بهێنە دیارکرن ئێك لە سەدا، دوو لە سەدا، پێنج لە سەدا، ئەڤەی دیار کربا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە شمولی تەنها میزانیەی وەگەڕهێنان دەکات، شمولی میزانیەی وەبەرهێنان ناکات، لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری پلاندانان پەیوەندی بەو ماددەیەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئێستا لیژنەی یاسایی ئاخر صیاغە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

اولاً/ لوزير المالية صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

ثانياً/ لوزير المالية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة.

ثالثاً: لايجوز اجراء المناقلة في تخصيصات التنمية بين المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە بۆ خوێندنەوەی بە کوردی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

یەکەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە گواستنەوەی نێوان تەرخانکراوەکانی دەروازەکانی بەدەر لەگەڵ ناگونجێ لە بەشی مووچە کە دەشێ بۆی بگوێزرێنەوەو نابێ لێی بگوێزرێتەوە .

دووەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە گواستنەوە لە نێوان پشتیوانەی دارایی دەروازەکانی بودجە بکات لە پێناوی فەراهەمکردنی توانای خەرج کردن بۆ کارگێڕییەکانی کە بڕیار دەدرێ لێك بکرێنەوە لە وەزارەت، یان بە وەزارەتێکی دیکەوە بلکێندرێ و وەزیری تایبەتمەندیش بۆی هەیە گواستنەوە لەناو یەك بەش، یا یەك یەکەی خەرجکردندا بکات.

سێیەم: ناکرێت گواستنەوە لەنێوان بودجەی تەرخان کراو بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێ بوو ئەو صیاغەی ئەخیر خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی حەوت تکایە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من روون کردنەوەیەکم هەیە ئەگەر مەجالم پێ بدەن، ئەویش ئەوەیە بە دەرفەتی دەزانم بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان لێرەیە، دوێنێ باسی مەوزوعی کارەبا کراو باسی ئەو مەبلەغە کرا، ئەو (890) ملیۆنەیە، ئەگەر روون کردنەوەیەکمان بداتێ، داوا لە جەنابت دەکەم ئەگەر بکرێت روون کردنەوەیەکمان بداتێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەزم کرد مەجالم بدەیت تاکو روونی بکەمەوە، چونکە تەناقوزێك هەیە لەنێوان تەخمینی کولفەی کڕینی گازوایل کە ئێمە کردوومانە لەگەڵ ئەو تەخمینەی کە کراوە لە وەزارەتی کارەبا ، یان لە وەزارەتی مالیە، من بە موفەدیمە دەڵێم ئێمە هیچ کۆبوونەوەیەکمان نەبووە لەبەینی وەزاراتی مەعنی، پلاندانان، ئەم وەزارەتەی تر کە ئەم تەخمینەی داناوە، ئێمە پرسیارێکی تایبەتمان لێ کرا بوو کاتی خۆی، لە سەرەتای ئەمسالەوە پرسیارەکەش زۆربەشی فەنی بوو، ئێمە نامەیەکمان ناردووە بۆ سەرۆکی حکومەت،

نوسخەیەکیشمان نارد بۆ سەرۆکی پەرلەمان، وابزانم لیژنەی ئیتقیصادیش ئاگادارە، ئەم تەخمینەی ئێمە سەبارەت یەك شت بوو، بەینی یەکی مانگ ($1/1$) تاوەکو هەڵبژاردن، ئایا موشکیلەمان لە کارەبا دەبێت؟ یان نا؟ ناحیەی وقودو سوتەمەنی، ئێمە تەخمینمان کرد بەو ماوەیە مەسفایەکانی خۆمان ئیش دەکات، نامەیەکمان بە دوورو درێژی بلاّو کردەوە نوسخەمان نارد بۆ وەزارەتی کارەبا، بۆ وەزارەتی دارایی، بۆ جیهاتی مەعنی، بۆ سەرۆکی پەرلەمانیش، ئێمە گوتمان ئەو وەحدانەی کە ئیش دەکات، شەش وەحدەی کارەبا بوو، وابزانم بە ئێمە گوترا بوو چوار لە هەولێر، دوو لە چەمچەماڵ بە تەخمینی ئێمە دەتوانین چارەسەری ئەوە بکەین لە ماوەی شەست رۆژدا کولفەکەی دێتە خوارەوە بۆ ($36$) ملیۆن دۆلار، ئێمە مولزەمین بەو تەقدیرە، ئەگەر وەحداتی ئیزافی نەبێت رۆژانە تەقریبەن ربع ملیۆن دۆلار زیاترمان ناوێ کە لە وقودی خارجی بهێنرێت، ئەوە تەخمینی ئێوەیە دیراسەتمان کردووە، ئێمە ئاگادار نین و بەشدار نەبووینە لە هیچ کۆبوونەوەیەك کە وەزارەتی کارەبا بە ئێمە بڵێت پلانی ئەوان چیە، ئایا دەبێت بە هەشت وەحدە؟ دەبێت بە دوازدە وەحدە، مەحەتەی کارەبای تازە هەیە، ئایا مەحەتەی تر هەیە؟ پێویستی بە تەمویلە؟ ئێمە بەشدار نەبووین لەو موناقەشەیە، نازانم بەرێزان وەزارەتی پلاندانان، وەزیری دارایی، ئایا ئەو مەعلوماتە دراوە بە ئەوان؟ وەزارەتی مەعنییە ئەوە، ئێستا دوو وەحدەی ئیزافی بووە لەماوەی مانگی رابردوودا لە چەمچەماڵ، ئێستا بوون بە هەشت وەحدە، ئێستا وەزارەتی کارەبا داوای سێ ملیۆن لتر دەکات، پێش ئەوەش داوای دوو ملیۆنی دەکرد، چونکە ئێمە تەخمینەکەمان کرد، ئایا ئێمە دەتوانین ئەو ملیۆنەش ئیزافەیە عیلاج بکەین لەمەودوا؟ بەراستی دیراسەتمان نەکردووە بە سەراحەت، تەخميناتمان هەیە غاز بەرز دەبێتەوە، لەوانەیە زۆربەی ئەوە حەل بکرێت، بەبێ ئەوەی کە پێویست بێت لە دەرەوە گازوایل بێنین کولفەکە زیاد ببێت، بەلاّم یەك/ ئەو دیراسەتەمان بە تەصفیە نەکردووە، خوتەی وەزارەتی کارەبامان نەدیوە، بە هیچ شێوەیەك کۆبوونەوەمان نەکردووە لەگەڵ وەزارەتی مەعنی، ئێستاش نازانین ئایا کارەبا دەبێت لە سلێمانی؟ کارەبا ئیزافە دەبێت لە دهۆك؟ حەز دەکەم مولاحەزەیەکتان لەسەر ئەوە بدەمێ، بۆ ئەوەی دوای پەسند کردنی بودجەکە، ئێمە مەجالێکمان هەبێ لەگەڵ وەزارەتی مەعنی دانیشین، بزانین پێویستیان چیە؟ بۆ ئەوەی بزانین تەقدیراتی حەقیقی چیە، چونکە تەقدیراتەکەی ئێمە تەنیا بۆ ئەو وەحدە کارەبایە بوو، کە شەش وەحدە ئیش بکات، ئەوان تەقدیراتیان لەوانەیە بۆ هەشت وەحدە بێت لەگەڵ مەحتاتی تازەش، ئەم تەنسیقە نەبووەو مەجالمان نەبووە لەگەڵ یەکتری دانیشین بزانین حەقائیق چیە، لەوانەیە هەردوو ژمارەکە راست بن، لەوانەیە ژمارەی حەقیقی بەینی هەردووکیان هەبێت، جا لەبەر ئەوە من لێرە روون کردنەوە دەکەم، دوایێ نامەوێت گلەیی هەبێت لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، کە ئێمە تەقدیری غەڵەتمان داوە، یان وەکو موتەناقیزین لە وەزارەتی مەعنیدا، لەوانەیە هەردووکی راست بێت، بەلاّم مەجال نەبووە موناقەشەی بکەین، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار وەزیری دارایی.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە هیچ وەختێكدا نەمانهێشتووە وەكو وەزارەتی مالیە كارەبا لەسەر پارە بۆ كڕینی گازوایل بكەوێت، جەنابیشتان و هەموو لایەك دەزانن، ئێمە ئیحتیاتیمان هەیە لە وەزارەتی مالیەو هەموو وەختێكیش وا بووە، مەوزوعی كارەبا مەوزوعێكە، رەنگە جاری وا هەیە ئەو ئیمكانیەتەی گازەی لە جنوبەوە دێت، ئیتر نەیەت بۆ ئێمە، بۆ ئەو مەحتاتانەی كەپێمان دراوەو ئێمە دەیكڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری پلاندانان لەو بارەیەوە قسەت هەیە؟ حەقیقەت دەبێت ئاگاتان لە یەك بێت، نابێت وەزارەیەك تەقدیم و شتی خۆی بكات لە میزانیەیەك بێ مەجلیسی وزەرا ئاگای لێ نەبێت، ئەمە بۆ من ئێستا زۆر جێگای سەرسورمانیە، یەعنی بە حەقیقەت، حەقی ئێوەیە كە وەزیرن لە ئەنجومەنی وەزیرانن و ئاگاتان لە یەك بێت و بە یەكەوە تەقدیمی شت دەكەن، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوە تەقدیراتانەی كە دامانناوە مەوجودە، ئەوە لە خۆمانەوە دامان نەناوەو نەمانكردووە، مەحازرەكان مەوجودن لەگەڵ كێ لە وەزارەتی كارەبا دانیشتووینە، بەڵام دیارە مەوزوعێك هاتۆتە پێشەوە ئەویش ئەوە بوو جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەكان باسی كرد، كە ئەوان گوتیان ئێمە مومكینە لە مانگی سێ بە دواوە ئەو پارەی پێویستە بۆ وقود پێویستمانە، لەمەودوا پێویستمان نەبێت، یاخود كەممان پێویست بێت، خۆی لەسەر ئەو ئەساسە تەقدیراتانە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن بۆ ماددەی حەوت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تقدم وزارات ودوائر الدولة كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) في موعد لا تتجاوز مدته (10) ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية والاقتصاد _ مديرية المحاسبة.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

وەزارەتـەكان و هـەموو فەرمانگـەكان ژمێریـاریی مانگـەیان (پێـوەری پێداچـوونەوەكانیان) لـە ماوەیـەك لـە (10) ڕۆژ لە كۆتایی هەموو مانگێك ڕەت نەكات پێشكەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایـەتی ژمێریاری بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە وەكـو لیژنـەی هاوبـەش، لیژنـەی یاسـایی و دارایـی هـیچ مولاحەزەیـەكمان نییـە، تەئیـدی ماددەكـە دەكەین، لەبەر ئەوەی ئەوە پەیوەندی هەیە بە مەسائیلی نیزامی موحاسەبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئەوەی دەیـەوێت قسـە بكـات ناویـان دەنووسـم لەسـەر ئـەو ماددەیـە، فـەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز امینە ذكري سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەزارات موخاتەبی گەل وەزارەتا دكەت، نە گـەل مـودیری موحاسـەبە، دیمـاهێ كـە وێ گـوتی پێشـكەش بـە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بكات، ئەز وەستێ كـو مـودیر موحاسـەبە ژی بێتـە راكرن، چونكە وەزارەت گەل وەزارەت موخاتەبەی دكەن نا بەشەكیش وێ وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەكەم شت تێبینیەكم هەیە لەسەر ئـەو نووسـراوە (تقـدم وزارات ودوائـر الدولـة)، ئـەو دەوڵەتـە خـۆی دەبێت بكرێت بە ئیقلیم، چونكە ئێمە ئیقلیمین، هەروەها پێشنیار دەكەم ئیزافـەی (هیئـات غـیر مرتبطـة بـوزارات) ئەویشی بەخرێتـە سـەر، چـونكە مـادام باسـی وەزارات كـراوەو باسـی دەوائـر كـراوە، دەبێـت ئـەو

هەیئاتانەی کە مورتەبت نین بە وەزارەتاکانەوە، ئەوانیش بە هەمان شێوە هەمان عەمەلیە ئەنجام بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حاکم رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەکەی من ئەڤین خان گوتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان دەربارەی ئەو پرسیارانە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئیزافە کردنی ئیقلیم لەجیاتی دەوڵەت راستە، بەنیسبەت (تقدم الوزارات والادارات)یش دەبێ، یان (والادارات غیر مرتبطة بوزارة) ئەویش دەبێت ئیزافە بکرێتن، زۆر تەواوە، ئینجا ئەگەر پێتان باش بێت صیاغەی دەکەین و بەو شێوەیە دەیخەینە بەردەمی جەنابتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئاخیر صیاغە حازر بکەن و بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تقدم الوزارات والدوائر الغير المرتبطة بوزارة في الاقليم كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) في موعد لا تتجاوز مدته (10) ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية والاقتصاد _ مديرية المحاسبة.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

وەزارەتەکان و هەموو فەرمانگەکان و ئەو دەزگایانەی کەوا نەلکاون بە هیچ وەزارەتێك لە هەرێم ژمێریاریی مانگەیان (پێوەری پێداچوونەوەکانیان) لە ماوەیەك لە (10) رۆژ لە کۆتایی هەموو مانگێك رەت نەکات پێشکەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوەیەی کە هاتووە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی هەشت تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان العراق للسنة المالية 2010 والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر ئامادە کردنی تاکەکانی میلاکاتی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق بۆ ساڵی دارایی 2010 دەگرێتە ئەستۆ و پەسندی دەکات و ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی تێچووی مووچەکانی پەسەندکراو دەبێ لە نێو بودجەدا.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و دارایی تەئیدی ماددەکە دەکەین و پێشنیار دەکەین ئەم ڕستەیە لە کۆتایی ماددەکە زیاد بکرێت (مع الاخذ بنظر الاعتبار الاستفادة من الملاكات الوظيفية الفائضة في الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة لسد الحاجة للملاكات الشاغرة)، ئەوەش لەسەر پێشنیاری زۆربەی زۆری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکان بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە تا ناویان بنووسم، کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکی لوغەویم هەیە، ئەگەر کاک شێروان گوێی لێم بێت ئەو کەلیمەی (بوزارة) ئەوەی ئیزافەکەی بەڕێزتان وابزانم هەر ئەوەندە کافیە، گوتت (لسد الحاجة للملاكات الشاغرة) وەکو کاک دکتۆر بەشیر فەرمووی لە شتی تردا هەندێ موراجەعەی لوغەوی دەوێ، من لەو شتە موفرەدانە قسەم نەکردووە، بەس هەندێ تێبینی تریش هەیە ئەگەر روخسەت بێت هەموو جار بڵێین، چونکە لە وەقائیعیش بڵاو دەکرێتەوە (لسد حاجة الملاكات الشاغرة) پێویست ناکات بنووسرێت (لسد الحاجة للملاكات الشاغرة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەرگوڵ.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیەوە ئیلزامی وەزارەتی دارایی كردەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكانی تر كە تاكەكانی میلاكات ئامادە بكەن، بەڵام لە شوێنی تردا هەیە لە هەرێمدا وەكو وەزارەتەكانی، وەكو سەرۆكایەتی هەرێم، ئەو شوێنانەی كە میلاكیان هەیە، ئایا ئەو شوێنانە كێ بەرپرسە لەوەی كە تاكەكانی میلاكاتیان موراجەعە بكات، ئەمە خاڵێكە پێویستە ئیزافە بكرێت، ئەو شوێنانەی كەوا وەزارەت نین، كە هەیئات دروست بووە، كە بڕیارە دروست بێت، ئەو هەیئاتانەی كە نە لكاون لە وەزارەتەكانەوە، ئەوانیش میلاكاتیان هەیە پێویستە ئەوەش موراجەعە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ئیزافەیەی كە دەكرێت بۆ ماددەی هەشت (مع الاخذ بنظر الاعتبار الاستفادة من الملاكات الوظيفية الفائضة في الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة لسد الحاجة للملاكات الشاغرة)، یەك ئیزافەی تری بۆ بكرێت (مع مراعاة الاختصاص)، چونكە زۆر جاری وا هەیە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە مامۆستا هەیە لە شوێنێكی دیكە، لەوانەیە میلاك زیاد بێت، ئیختیصاصەكەی غەیری ئیختیصاصی خوێندن و دیراسەو مامۆستایی بێت، ئەو (مع مراعاة الاختصاص)ە بۆ ئەوەیە كە ئەو وەزارەتە ئەو ئیختیصاصەی دەوێت ئەوەی بۆ بنێرن، نەك شتێكی دیكەی بۆ بنێرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ماددەكە لە سەرەتاوە بە سەریح هاتووە، ڕاستە تەنسیق لە بەینی وەزیری مالیەو وەزارەتەكانی تر دەبێت، بۆ تەعین كردنی هەموو ئەو فەرمانبەرانە، بەڵام ئەو پێشنیارەی كە لیژنەی یاسایی پێشكەشی كرد، من پێموایە پێشنیارێكی زۆر باشەو لە شوێنی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی هەم هەڵئاوسانی وەزیفی

ناهێڵێت، هەم ئەو کەسانەی کە فایزن لە وەزارەت و دەوائیر بەکار دەهێنرێنەوەو دەخرێنە ئیشەوە بەپێی ئیشەکانیانەوە رەواتبی خۆیان وەردەگرن، بەلاَم تەئیدی ئەو پێشنیارەی کاك شوان دەکەم کە پێویستە تەخەصوصەکانیان بەپێی ئیعتیبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار رەفیق صابر.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەوەدا هاتووە (تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات)، من پێشنیار دەکەم لە هەر شوێنێك کە (دوائر غير المرتبطة بوزارة) نەهاتبێت دوای وەزارەت، ئەمە لێرە زیاد بکرێت و لە داهاتووشدا زیاد بکرێت، چونکە ئێمە کۆمەڵێك دەزگامان هەیە کە راستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیران و ئەم یاسایە ئەوانیش دەگرێتەوە، مادام لێرە باسی زمانیش کرا بەڕاستی ئەوە چەندەمین جارە دەڵێم کە تێکستەکانی ئێمە بە زمانی کوردی زۆر لاوازە، ئەو وەرگێڕانە ناکرێت بەو شێوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بڕۆ سەر ماددەکە، رێزدار شلێر محەمەد.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو میلاکاتانە یەك خاڵ هەیە بەنیسبەتی شارەوانییەوە، بەڕاستی زۆر داوایان لە ئێمە کرد ژینگە پارێز بە هیچ شێوەیەك کە ئیعلانی بۆ دەکەن نایەت، لەبەر ئەوەی مەعاشەکەی زۆر کەمەو ئەرکێکی زۆر گەورەی لەسەر شانە، کە هەمووومان دەزانین ئیشەکەی چەند قورسە؟ لەبەر ئەوە ئەوان بە ئێمە دەڵێن، یان یەکێك دێت باری دەروونی خراپە، یان هەر تەواو نییە، ناتوانێت تەعامولی لەگەڵدا بکات، یان کەم ئەندامە، یاخود بە تەمەنەو پیرە، ئەوانە ناتوانن ئەو ئیشە قورسە بکەن، لەبەر ئەوە ئەو بەڕێزانە نابێت و وەکو بێ شەهادە تەعامولی لەگەڵ بکەیت، سیستەمێکی وا دابنرێت مەعاشێکی باشیان بدرێتێ، چونکە ئێستا ئێمە هەشتا شارەوانیمان لە سلێمانی هەیە، چل و چل و یەکمان لە دهۆك و هەولێر هەیە، بەڕاستی مەسەلەی ئەوەیان زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی داوایان لە ئێمە کرد میلاکات چاوی پیا بخشێتەوەو ژینگە پارێز موعامەلەیەکی تایبەتی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار جەمال تاهر فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من پێشنیار دەکەم لێرە خصوصیەتێك بدرێت بە وەزارەتی تەربیە، چ بە هەمان صیاغە کردنی ئەو جوملانە، یان بابەتێکی تر ئیزافە بکرێت، چونکە وەزارەتی تەربیە موعاناتی زۆر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئاسۆ بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ مولاحەزەیەکم لەسەر جەوهەری ماددەکە نییە، کاك عومەرو برادەرانی تریش باسی هەندێك مولاحەزاتی لوغەویان کرد، بە حەقیقەت هەر بۆ نموونە (علی ضوء) بە کوردیەکەی زۆر باش خوێندرایەوە لەبەر رۆشنایی زۆر راستە، کەس (علی ضوء) ناخوێنێنەوە هەمووی لەبەر رۆشنایی دەخوێنێتەوە (في ضوء)ـە، (علی ضوء) نییە، باشە بە حەقیقەت قانونەکان بەڕاستی پێویستە لە رووی زمانەوانیەوە بەباشی پێدا بچینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دامەزراندن یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی ئێمە، راستە ئێمە بڕیارمانداوە لە تێچووی مووچەکانیان، بەڵام پێموایە بەبێ وەزارەتی پلاندانان پێویستە هیچ کارێك نەکرێت لە کوردستان و، ئەم مەسەلەیەش لەسەر ئەساسی داتاو پێداویستی وەزارەتەکان و هەموو دەوائیرەکانی هەرێم بلاّو بکرێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان، کە پێداویستیەکان چیە؟ بە تەنسیق لەگەڵ ئەو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە لەسەر صیاغە کردنەوەی ماددەکە، ئیقلیمی کوردستان بکەوێتە دوای وەزارەتی مالیەو ئیقتیصاد، چونکە وەزارەتەکە وەزارەتی هەرێمی کوردستانە، وەزارەتی مالیەی هەرێمی کوردستانە، وەزارەتەکانیش وەزارەتی هەرێمن، یەعنی صیاغەکەی بەو شێوەیە بێتن (تتولی وزارة المالیة والاقتصاد لاقلیم کوردستان بالتنسیق مع الوزارات الاخری اعداد مفردات ملاکات جمیع الوزارات للسنة المالیة 2010)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جگە لەو فەقەرەیەی كە لیژنەی یاسایی ئیزافەیان كردووە، من دوو پێشنیارم هەیە كە فەقەرەیەكی تریشی بۆ زیاد بكرێت بریتییە لە (دەست نیشان كردنی ئەو فەرمانبەرانەی هەتا ئێستا ناویان هاتووەو مووچە دەخۆن و دەوامیش ناكەن)، كە بۆتە جێگەی نیگەرانی ئەو فەرمانبەرانەش كە دەوام دەكەن و بە هەمان شێوەی ئەوانەی دەوام ناكەن مووچەیان هەیە، پێیان دەڵێن مووچەی فەرمانبەری بن دیوار، لە هەمان كاتیشدا پێویستە وەزارەتی دارایی بە راپۆرتێكی دوورو درێژ ئەو میلاكاتانە بباتە پەرلەمان، وەكو چۆن لە ماددەی (11)ی قانونی موازەنەی ساڵی 2009 هاتووە، بۆ ئەوەی پەرلەمان بە ئەركی چاودێری خۆی هەڵبستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی یەكێك لە گرفتەكانی ئەم هەژدە ساڵەی پێشوو كە لە وڵاتی ئێمەدا هەبووە، ناعەدالەتی بووە، تەعیناتە، مەحسوبیەت بووە لە تەعینات، ئەوەی خەڵكی ناسیوە توانیویەتی زوو تەعین بێت، كوڕی فەقیریش نەیتوانیوە تەعین بێت، من راموایە ئەو تەعیناتەی كە دەكرێت لە رێگەی مەجلیسێكەوە بكرێت، كە ناوی بنرێت مەجلیسی خدمە، مەجلیسێك دابنرێت بەپێی شەهادەو بەپێی كەفائەت و بەپێی تەمەن و ئەوانە خەڵك تەعین بكات، نەك دەسەڵاتەكە رەها بێت، مەجلیسی خدمە من بە شتێكی زەرور دەزانم، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەندێك مولاحەزات درا، من پێموایە میلاكات عادەتەن وەزارەتی دارایی تەحدیدی دەكات و دایدەنێت بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتەكانی تر، ئیحتیاجاتی وەزارەت چ بێت لە میلاكات بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیە لەناو میلاك دادەنرێت، ئەمە یەك.

دوو/ مەسەلەی ئیختیصاصات، هەر وەزارەتێك ئازادە بەنیسبەت ئەو ئیختیصاصاتانەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێ، نەك ئێمە پێی بڵێین فلان ئیختیصاص، وەزارات چ ئیحتیاجاتێکی هەبێت، بەنیسبەت ئیختیصاصات خۆی تەحدیدی ئەو میلاکە دەکات و لەگەڵ وەزارەتی مالیە.

مەسەلەی زمانەوانی، مەسەلەیەکی کۆنە، ئێمە داوامان لە حکومەتیش کردووە کە لەمەودوا ئەو یاسایانەی کە دەنێرێت بۆمان تەرجومەیەکی رێك و پێکی بکات بۆمان، لە هەمان کاتدا لە پەرلەمانیش ئیعادەی نەزەری لێ دەکەینەوە، ئەگەر هەر برادەرێك، یان هەر ئەندام پەرلەمانێك هاوکاریمان بکات لە مەسەلەی زمانەوانی، ئێمە مەمنونی دەبین بۆ دووبارە صیاغە کردنەوە، یان تەرجومە کردنی بۆ عەرەبی، یان بۆ کوردی، ئێمە هەر ئەو مولاحەزاتانەمان هەیە، زۆر سوپاس، نازانم ئەگەر مولاحەزاتی تر هەبێت، لیژنەی مالیە مولاحەزەی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی ئەوەی کە گوایە میلاك هەیە دەوام ناکات، ئەوە پەیوەندی بە ماددەکەوە نییە، پێشنیاری هاوڕێشم دەربارەی مەجلیسی خدمە پەیوەندی بە ماددەکەوە نییە، ئەوە دواتر چەند پەرلەمانتارێك دەتوانێت یاسایەك لەو بارەیەوە پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دروستە، پێویستە ئەوە چاك بکرێت و بەدواچوونی بۆ بکرێت، لیژنەکانی پەرلەمان، مەجلیس جێگایەك هەبێتن هەڵسەنگاندنی ئەوانەی کە دادەمەزرێن بەشێوەیەکی گشتی زۆر دروستە، حکومەت پێویستە بیکات، بەڵام دەبێت لە بوارێکی تر، لە شوێنێکی تر لەسەر ئەوە کار بکەین، ئێستا ئاخر صیاغە تکایە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات جميع الوزارات لاقليم كوردستان - العراق للسنة المالية 2010 والمصادقة عليها وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية مع الاخذ بنظر الاعتبار الاستفادة من الملاكات الوظيفية الفائضة في الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة لسد حاجة الملاكات الشاغرة.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر ئامادە کردنی تاکەکانی میلاکاتی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق بۆ ساڵی دارایی 2010 دەگرێتە ئەستۆ و پەسندی دەکات و ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی تێچووی مووچەکانی پەسەندکراو دەبێ لە نێو بودجەدا. بە ڕەچاوکردنی سوودوەرگرتن لە میلاکی وەزیفە زیادەکان (فائض) لە وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانەش کە بە وەزارەتەوە نەبەستراون ، بۆ ئەوەی پێداویستی میلاکە چوڵەکان پڕبکرێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی ماوە، ئەگەر مەجالمان بدەنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغە خوێندرایەوە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی نۆ تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

ایقاف التعینات بعقود کافة الا بعد موافقة وزارة المالیة والاقتصاد.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ڕاگرتنی دامەزراندن بە گرێبەست مەگەر دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لیژنەی یاسایی و دارایی تەئیدی ماددەکە دەکەین، پێشنیاریش دەکەین دووبارە داڕشتنەوەکەی بەم شێوەیە بێت:

(ايقاف التعينات بعقود كافة الا في حالة اختصاصات نادرة وبعد موافقة وزارة المالية والاقتصاد). مەبەستیش لەم گۆڕانکاریە ئەوەیە کە ئێمە فەرمانبەرێکی زۆری فائزمان هەیە، ئیمکان هەیە ئیستیفادە لە میلاکاتی فائیز بکرێت، نەوەك لە عقود، بەڵام بۆ ئیختیصاصاتی ئەکادیمی پسپۆری ئیمکان هەیە بە عەقد سوودیان لێ وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن ناویان دەنووسین، فەرمووو جەنابی وەزیر قسەی هەیە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەم مەوزوعەمان موناقەشە کردووە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا میسال دەهێنمەوە یەکێك لەو شەریحانەی کە ئێمە دەستمان ناکەوێت ئەویش سائیقە، سائیق هەموو وەختێك پێویستە لەلای ئێمە، ئەگەر بێتو ئیختیصاصاتی نادیرە بێت سائیقی لەگەڵدا نییە، لە میلاکاتی تەربیە پێویستمان بە مونەزیفەیە، تەبیعەتی ئیشی عەقد ئەوەیە ئیشێکە موەقەتە، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێك دەستکەوت لە شوێنەکەی دادەمەزرێت و موعالەجە دەکرێت، هەتا ئیستیقتاعاتی زەمانیش لە عەقد نابڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شاهۆ سەعید فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جۆرێك لە غموز دەبینم لە صیاغەی ماددەکە، داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم بۆمان روون بکەنەوە، لە صیاغە عەرەبیەکە نووسراوە (ايقاف التعينات بعقود كافة)، واتا بە صیغەی نەکیرە هاتووە، کە گوتمان (بعقود) یەعنی بەجۆرێ لە عەقد، ئەگەر مەبەستمان هەموو جۆرە عەقدێك بێت، دەنووسین (بالعقود) یەعنی تەعریفی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار د.بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی عەقد، گرێبەستەکان بەڕاستی لە هەموو وەزارەتەکان تەقریبەن وجودیان هەیە، ئەمە بارێکی قورس دەخاتە سەر بودجەو وەزارەتی مالیە، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی جوان و مالیەکی باش موعالەجە بکرێت و بەپێی پێویست بێت، ئەو زیادە کردنەی لیژنەی یاساییم زۆر پێ چاکە ئیلا (في اختصاصات نادرة)، دیارە ئەوە تەبعەن ئیستیسنائاتی لەگەڵ دەبێت، وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد بۆ مەسەلەی سائیق

و بەردەست و ئەوانە، بەلاَم من شتێکی تریش ئیزافە دەکەم (واعادة النظر بشروط) یەعنی بە شروتی عەقدەکە، چونکە جاری وا هەیە موتەقاعیدی وا هەیە کەوا عەقدی لەگەڵدا دەکەن، لەوانەیە تەمەنی گەیشتبێتە حەفتا ساڵ، بۆیە تەقاعود بووە، لەبەر ئەوەی توانای کار کردنی نەماوە لەو بارەوە، لە پاش تەقاعود کردنەکە دیسان بۆ رۆژێك، دوو رۆژ دەیهێنی بە عەقد دایدەمەزرێنی، کەواتە ئەوە هەم دەکاتە بار فورسیەك لەسەر وەزارەتی مالیە، بە لایەکی تەقاعودیەکەی دەداتێ، بەلایەکیش عەقدەکەی لەگەڵ بکات، بەلایەکی تریش کارەکەی ناتوانێت بەشێوەیەکی رێك و پێك بکات، بەلایەکی تریش مەسەلەی تەمەنە، بەراستی مەرجی تەمەنیش پێویستە لێرە رەچاو بکرێت، زۆر جار ئێمە دەبینین لە مەسەلەی ژینگەپارێزی و ئەوانەی کەوا جادەو کۆڵانەکان خاوێن دەکەنەوە پیاوی بە تەمەنی وای لێیە، تەمەنەکەی نزیکەی حەفتاو پێنج ساڵ، هەشتا ساڵە، دەبینین گێسکی بە دەستەوەیە جادە خاوێن دەکاتەوە، لەسەرماو گەرمایەکی وا زۆر زۆر شێوازێکی ناشارستانی و ناشایستەیە، بۆیە ئەگەر بکرێت چاو پێخشاندنێك بە مەرجەکانی عەقدیش بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دڵشاد شهاب فەرموو.

**بەرێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاردەیەك هەیە ئێستا فەرمانبەر عقودیان لەگەڵ دەکرێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ هەندێك ئەو موئەسەساتانەی کەوا دەوامی ئێوارانیان هەیە، چ موئەسەساتی حکومی، چ زانکۆو پەیمانگاکان، یەکێك بەیانی فەرمانبەری دەوڵەتە، ئێوارێش بە عەقد لەگەڵ دەوڵەت عەقدی کردووە، ئەگەر پێشتریش هەیە بە قانون، بەلاَم من موتەئەکیدم تەجاوز کراوەو ئێستا هەیە لە ئەرزی واقیعدا، بۆیە تەئکیدی لێ بکرێتەوە، نازانم قانونی هەیە یان نا؟ یەك لە مەرجەکان ئەوە بێت، لەوەی کە شمولی ئەوە نەکات.

دووەم/ بەرێز وەزیری مالیە ئیشارەتی پێ کرد، کە عەقد بۆ کاری موەقەت، تەعریفی موەقەت لە رووی زەمەنیەوە چەندە؟ ئەگەر ئەو موەقەتە مودەیەکی زەمەنی بۆ دیاری بکرێت، ئەگەر لەوە زیاتر بوو، پێویست دەکات بۆی تەعین بکرێت، ئەگەریش نەبوو ئەوە یان تەشدیدە، یان نازانم چۆنە چارەسەرەکەی؟ بە هەر حاڵ بۆ موەقەتی، بە رەئی من موەقەتی کاتی بۆ دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان فەرموو.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت تەعین کردن بە عەقد یەکێکە لەو دیاردە تازانە لەلای ئێمە، بەلاَم لە دنیادا هەیە، تۆ کاتێك کە کەسێك تەعین دەکەیت بە عەقد، هەم لەو فەترەیە تێستی ئەوە دەکەیت، ئیختیباری ئەوە دەکەیت تا

چەند سەرکەوتووە لە کارەکانیدا، بەتایبەتی بۆ ئەو ئیختیصاصانەی کە بەڕێزی لیژنەی یاسایی باسی کردووە، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو تەعیناتی بە عەقد بۆ خەڵکی ژینگە پارێزو بۆ سائیق و بۆ ئەو شەریحانەیە، کە بەڕاستی لە لای ئێمە دەست ناکەون، لەبەر ئەوە من هاوڕا نیم لەگەڵ لیژنەی یاسایی، ئەو ئیزافەی بۆ نەکرێت، بۆ ئەوەی ئەو دەرگایە دانەخرێت لەبەردەم ئەو خەڵکانەی کە دەیانەوێت بە عەقد کار بکەن لە بواری ژینگە پارێزیدا، لە بواری سائیقیدا، لە زۆر بواری تردا، کە حکومەت هەتاکو ئێستا نەیتوانیوە خەڵکێك دروست بکات بە تەعیناتی دائیمی بکرێت، من پێموایە ئێمە زیاتر هەوڵ بدەین ئەو یاسایانە چاك بکەین، بۆ ئەوەی دەرگای عقود بکرێتەوە، چونکە هەم گەنج ئیستیفادەی لێ دەکات، لە هەندێك جاردا کە حکومەت ناتوانێت تەعینات، میلاکاتی قەپات کردووە، بەڵام دەتوانێت بە عەقد لە زۆر شوێن گەنجەکان کە تەقدیم دەکەن، دەتوانن کار بکەن، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ چاك کردنی بەڕێز دکتۆر شاهۆ کە تەعینات (بالعقود) بۆ تەعریف کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین عومەر فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئەو تەعدیلەی بەڕێز لیژنەی یاسایی تەقدیمیان کردووە، حاڵەتێکی خراپ نییە، ئەوە وا دەکات کەوا عقود تۆزێك تەنزیم بکرێت و بە رەهایی نەمێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا من لەگەڵ ئەوەم لەگەڵ ئیختیصاصاتی نادیرە هەندێ حاڵەتی تایبەتی هەیە، هەندێك حاڵات هەیە کە وەکو بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێ کرد، کە ئیزافەی کرا، یەعنی من پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوا بکرێتە (ایقاف التعینات بعقود کافة الا بعد موافقة وزارة المالیة والاقتصاد لاختصاصات نادرة، حالات خاصة ولمدة زمنیة معینة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوانەی ئاماژەیاندا کە دامەزراندن بە عەقد بە مەرج بێت، مەرجی تایبەتی بۆ دیاری بکرێت، ئیعادەی نەزەر لە مەرجەکانی بکرێتەوە، لەگەڵ راست کردنەوەی ئەوەی کە دکتۆر شاهۆ ئاماژەی پێدا (بالعقود)، وشەی تەعینات تەعەیونات نووسراوە، (ایقاف التعینات) لە لیژنەی یاساییش ئەو مولاحەزەیەمدا، بەڵام دیارە چاك نەکراوە، (ایقاف التعیینات) بە دوو یائە، نەك بە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بەفرین فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دامەزراندن بە عەقد بە موافەقەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری هاتووە، بەڕاستی پێویستی بە رەچاو كردنی كۆمەڵێك پێوەر هەیە لە بوارەكانی زۆر پێداویستی و تایبەتدا، هەرچەندە بەڕێز كاك دكتۆر بەشیر ئاماژەی بە فیكرەكەی من كرد، ئەویش بە رەچاو كردنی تەمەن، لەبەر ئەوەی دەبێتە مایەی دروست بوونی زەختێكی زۆر هەم لەسەر بودجە، هەم لەسەر وەزارەتی دارایی، من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاساییدا، ئەویش بە رەچاو كردنی بواری لێهاتوویی و شارەزایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامادە بوونی وەزیری دارایی بەڕێز بە دەرفەت دەزانم كە هەندێك روون كردنەوەشمان دەستكەوێت سەبارەت بەمە، من بەش بە حاڵی خۆم سەرەتا لەگەڵ بوونی ئەم بڕگەیە نیم لەناو ئەم یاسایەدا، چونكە لە ماددەی (24)دا، پاشان ڕێگە دراوە بە بەڕێز وەزیری دارایی كە ڕێنمایی پێویست دەربكات سەبارەت بە كار كردنەكان، تەسەور دەكەم نەبوونی ئەم ماددەیەو بوونیشی، رەنگە چارەسەر كردنەكەی ئەگەر لە دەسەلاتی وەزارەتی داراییدا بێت بەشێك لە چارەسەرەكان بدۆزێتەوە، ئەمە یەكەم.

دووەمیان/ پێشتریش لەگەڵ بەڕێزانی لیژنەی یاساییدا باسم كرد، من باوەڕم بەوە نییە شتێك هەبێت ناوی تەعین بێت بە عەقد، چونكە تەعین تەعینەو عەقدیش عەقدە، ئەو كەسەی كە تەعین دەبێت دەبێتە فەرمانبەر، ئەو كەسەش كە بەعەقد ئیش دەكات، كار دەكات، یەعنی بە عەقد ئیش دەكات، ئەم دەستەواژەیە یەعنی دەكرێت تۆ ناوێكی تری بۆ بدۆزیتەوە، بەلاَم دامەزراندنمان نییە بە عەقد، كاركردنمان هەیە بە عەقد بۆ ماوەی ساڵێكە، قابیلی تەجدیدە، رەنگە بە صیغەیەك لە صیغەكان بتوانین چارەسەری بكەین.

سێیەمیان/ تایبەت بە كاری ئەوانەی دادەمەزرێن بە عەقد، دەكرێت دیسانەوە صەلاحیەت بدرێتەوە بە وەزارەتەكان، بەلاَم كۆمەڵێك مەرجی بۆ دابنرێت، وابزانم پێشتریش لە هەندێك لە وەزارەتەكان كار كردن بەم شێوازە هەبووە، بۆ نموونە ئەگەر كەسێك بە عەقد كار دەكات لەناو فەرمانگەیەكدا، بەلاَم پێشتر ئەو كەسە خۆی خانەنشین كراوە، بۆیە مووچەیەكیشی هەیە لە خانەنشین، لە كۆندا هەبووە بۆ نموونە تۆ سەرپشكی بكەیت بۆ ئەوەی ئایا كە تەنها پارەی خانەنشینەكەت وەرگریَ؟ یاخود پارەی عەقدەكەت وەرگریَ؟ ئەگەر نیسبەكە زۆر بێت، یاخود كەم بێت، ئەو بەراوردە لەم صیغەیە بدۆزرێتەوە، دەرگاكەش بە والاَیی بهێڵرێتەوە، ئەگەر پێویستت پیَ هەیە بە عەقد بێت، چونكە ئەمە لە لایەكی تریشەوە كار كردن بە

عەقد راستە لە بەشێك لە حاڵەتەكاندا سوقلێك لەسەر شانی حكومەت دروست دەكات، بەڵام لە هەمان كاتدا ئێمە لە روانگەی تریشەوە سەیری بكەین هەلێكی كاریشە، واتا ئەو كەسانەی دانەمەزراون حكومەت بەپێی پێویستی خۆی هەلی كار دەدۆزێتەوە بۆ هەندێك خەڵك لە ماوەیەكی دیاری كراودا سوودمەند دەبێت، تاوەكو لە بوارێكی تردا فورسەتێكی بۆ دەدۆزرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ مە هاتە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆیەم، من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی (ايقاف التعيينات بعقود كافة الا في الحالات الضرورية وبعد موافقة وزارة المالية والاقتصاد والوزارة المختصة)، هەندێك جار هەیە لەو گرێبەستانە كە دەكرێت مەرج نییە ئەوەی تەقاعود بووە، مانای وایە هیچی پێ نییەو ئیتر هیلاك بووەو بۆیە نەماوە، بەپێچەوانەوە زۆر جار هەیە بە خیبرەی زۆرو كەڵەكەی زۆر وات لێ دەكات تۆ عەقد بكەیت لەگەڵ هەندێ كەس كە لەو تەمەندا تۆ بە سوود وەربگری بە ئیستیشارە بێت، یان بە هەر كارێك كە تۆ بە كاری دەهێنێت لە وەزارەتەكان، یان لە شوێنەكانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەلال عەلی فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەكم هەیە، دیارە لە پرۆژەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری لە پلانی پێنج ساڵەدا پلان هەیە بۆ دروست كردنی چەند سەدێكی گەورەو بچووك، دیارە پرۆژەی وەزارەتەكانی تریش هەیە، بۆیە من پێم باشە صیغەكە وا بێت (الا في حالات الاختصاص والاستشارات الفنية النادرة لتنفيذ المشاريع التنموية

الكبيرة)، پشتگیری قسەکەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم و ئەم ئیزافەیەشم هەیە (وتقدیم الخدمات الضرورية في المجال البيئة والغابات والخدمات الضرورية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من بەنیسبەت ئەو بەندە، ئەگەر بە ڕاگرتنی کار بێت لەگەڵم، بەس ئەگەر بە ڕاگرتنی دامەزراندن بە گرێبەست، ئەوە هەندێ تێبینیم هەیە، چونکە ئەو وەختە ئەوە بەندەو بنەمایەکی دارایی دەبێت، نەك بنەمایەکی عیلمی، لەبەر دوو، سێ خاڵ، یەکێکیان/ تەبیعەتی وەزارەتەکان فەرقی هەیە، وەزارەتی ئیداری لەگەڵ وەزاراتی عیلمی و وەزاراتی ئینسانیش و شارستانی، بۆیە بەڕاستی بۆ ئەو وەزارەتانە دامەزراندن بە عقود هەبوو و دەشبێت.

دوو/ دامەزراندن بە عقود یەکێکە لە سیستەمی ئیصلاحی ئیداری لە زۆر وڵات.

سێ/ تەوجیهی ئیداری حکومەتی هەرێمیش لە پارەوە وا بوو، کە هەندێك دامەزراندن بە عقود بکرێت، یاخود دامەزراندنەکان بە عقود بێت، بەڵگەشم بۆ ئەوە بڕیاری پار ساڵ بە دامەزراندنی هەموو دکتۆرە موقیمەکان بە عقود، کە بەڕاستی پار ساڵ فەشلی پێ هێنا، لەوانەیە لایەزال وەزارەت هەیە تەئکید دەکات لەسەر ئەوەی کە دامەزراندن بە عقود بێت، بۆیە بە ڕەئی من ، یان ئەم خاڵە بکرێت بە دوو، واتا دووەمی وا لێ بکرێت (پێداچوونەوە بکرێت بۆ تازە کردنەوەو دانانی بنەماو پێوەری تازە بۆ دامەزراندن بە گرێبەست، بەتایبەت لەو وزارەتە خزمەتگوزاری و عیلمیەکان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خەلیل عوسمان فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز دکتۆر بەشیرو هاوکارم کاك دڵشاد دەکەم، بۆ ئەوەی ئەولەویەت لە تەعینات بە عقود بدرێت بەو خەڵکانەی کە دانەمەزراون، بەتایبەت ئێمە زەختێکی زۆرمان لەسەرە لەلایەن دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان و خەڵێکی زۆر تەعین نەبووە، دووبارە ڕەخساندنی هەلی کارو فرسەت بدرێت بەوان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دانا فەرموو.

**بەڕێز دانا سعيد صوفي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵم هەیە لەسەر ئەو بابەتە، خۆی کارکردن بە عەقد لە بنەڕەتدا لەسەر ئەساسی پێویستییە، لەسەر ئەساسی تەخەصوصە، ئەگەر شوێنێك پێویستی بە کەسێك نەبێت، ئەوە پێویست ناکات عەقد بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە روون و ئاشکرایە.

خاڵی یەکەم/ ئەوەیە کە خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە رێگە بدرێت بە رێگای عەقدەوە ئەو کەسانەی کە ئیختیصاصینە، یاخود پسپۆرن لە بوارێکدا مەجالی دامەزراندن، یان کار کردنیان هەبێت لەو دەزگایەی کە پێویستیان پێیە، بەڵام لە دامەزراندنیان بە عەقد، یاخود کار کردنیان بە عەقد، پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت، ئەو دەزگایەی، یان ئەو کۆنتراکتە، ئەو عەقدە مۆر دەکات لەگەڵ ئەو کەسە، بەڕاستی سەربەخۆیی بدرێت بە خودی دامودەزگایەکە، لەبەر ئەوەی هەموو جارێك گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی، یاخود وەزارەتێکی تر، لەوانەیە بەڕاستی وەزارەتی دارایی بۆ خۆی نەزانێت کە ئەو ئیختیصاصە ئایا پێویستە لەو دامودەزگایە؟ یاخود پێویست نییە؟ کۆمەڵێك لە رۆتین و لە بیرۆکراتیەت بەڕاستی لەو ناوەدا دروست دەبێت.

خاڵی دووەم/ ئەوەیە ئەگەر قسە لەسەر سیستەمی دامەزراندن و کارکردن بگۆڕدرێت، بەڕاستی ئەوە زۆر چاکە، یەعنی هەموو دامەزراندنێك لە سەرەتا بە عەقد بێت، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، شەش مانگ، یاخود ساڵێك، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە، ئەوەی کە ئێستا لە وەزعی کوردستاندا دەبینرێت پێ ناچێت ئەوە ئیمکان بێت، بەڵام وا چاکە بوار بدرێت بۆ با بڵێین کار پێ کردن بە دامەزراندن لە رێی عەقدەوە، بواری ئەوە هەبێتن شەش مانگ، ئەگەر لە شەش مانگی یەکەم، تێستی یەکەم، یاخود ساڵی یەکەم، ئەگەر ئەو کەسە سەرکەوتوو بوو لە کارەکەی، بواری ئەوەی پێ بدرێت درێژ بکرێتەوە بۆ ماوەیەکی تر، یاخود ئەگەر سەرکەوتوو بوو لە ماوەی ساڵێکدا مەجالی ئەوەی بدرێت، کە دابمەزرێت بە بەردەوامی، هیوادارم ئەوە جێگای بکرێتەوە لە ماددەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو خاڵە دەکەم لەگەڵ صیاغەکەیەوە کە دەڵێت (راگرتنی دامەزراندن یان کار کردن، تەنها بۆ شارەزایی ئیختیصاصات بێت)، لەبەر ئەوەی لە کوردستان هەندێ بوار هەیە بەڕاستی شارەزاییمان تێدا زۆر زۆر کەمە، بۆ نموونە لە بواری پەروەردە، لە بەرنامەی پەروەردەی تایبەت شارەزایی لەو بوارە زۆر زۆر کەمە لە کوردستان، لەبەر ئەوەی ئێستا لە کوردستان بەرنامەیەکی جیهانی پەیڕەو دەکرێت بەرنامەی پەروەردەی پێشوەخت و پەروەردەی بەرفراوان، کە تایبەتە بە خوێندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، لەو بوارەدا شارەزایی نەبوو لە چەند ساڵی رابردوو کە سێ ساڵە، ئێمە ئەگەر بە گرێبەست لەگەڵ هەندێك شارەزا لەو بوارە نەبوایە وا سەرکەوتوو نەدەبووین لەو بەرنامەیە کە کۆنگرەی جیهانی دەستخۆشی لە

وەزارەتی پەروەردە کرد بۆ پەیڕەو کردنی ئەو بەرنامەیە، بۆیە گرێبەست تەنها بۆ ئیختیصاصات بێت، کە لێرە پەیدا نابێت و شارەزاییمان لێ کەمە، هەروەها سەبارەت بە خانەنشین کراوەکان، خانەنشین مەرج نییە ئەوەی خانەنشین بێت یەعنی هەر پەکی کەوتبێت، لەوانەیە تەمەنی یاسایی گەیشتۆتە ئەوەی کە خانەنشین بکرێت، بۆیە توانای ماوەو خیبرەیەکی زۆری پێیە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەم عەقدی لەگەڵ بکرێت سوود لەو خیبرەیە وەربگیرێت، وابزانم زۆر زۆر پێویستە، لێرە نووسراوە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی بێت، وابزانم گرێبەستەکان هەمووی بە ڕەزامەندی وەزارەتی داراییە، شتێکی باشە هەر بەردەوامیش بێت، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فازل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو مەسەلەیە بە بڕوای من دوو لایەنی هەیە لەسەر مەسەلەی دانانیان، با بڵێین دامەزراندنی وەختیانە، بەحەقیقەت هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە کوردستان یەك ئیدارەیی نەبووە، لە حەقیقەتدا ئەمە گرفتێکی دروست کردووە، زۆر لەو خەڵکانە بە وەعدی دامەزراندنی هەمیشەیی بەو عینوانە دانراون، بۆیە ئەمە بۆتە تەقریبەن حەق فەوتاندنی خەڵکێك، یەعنی کۆمەڵێك خەڵك هاتووە بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەو دانانی عەقدییە دانراون، پاشان پێیان گوتراوە بڕۆن کارت نەماوە، ئێستا من بۆ خۆم چەند پێشنیارێکی خەڵکم لەلایە بەڕاستیەکەی کە تەقدیمی نووسینگەی هەڵەبجەیان کردووە، بۆیە بە حەقیقەت من پێم باشە ئەو مەسەلەیە هەم ئەوەی پێش یەك ئیدارەیی چارەسەر بکرێت، هەم ئەوەی کە ئێستا لە کوێ دادەنرێت وەختەکەی بۆ دیاری بکرێت، ئایا مەسەلەن بە بڕوای من ناکرێت کەسێك بێت دوو ساڵ، چوار ساڵ، یان چەندێك، لەوانەیە هەلی کاری زۆری بێتە پێشەوە، لەبەر ئەو دامەزراندنی، یان دانانی عەقد دێن نەیکات، دواییش لەویش دەکرێت و لەمیش دەکرێت، بۆیە بە حەقیقەت من پشتگیری لە ڕەئی سۆزان خان دەکەم، کە ئەو دەرگایە بە والآیی بمێنێتەوە، بە حەقیقەت ئەوە زیاتر سوودی چینی هەژارانی لێ بەدی دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە داڕشتنەوەی مەرجەکانی کارکردن بە گرێبەست کارێکی زۆر باش و پێویستە، من پشتیوانی دەکەم، چونکە دووبارە داڕشتنەوەی ئەو مەرجانە، تەنها کاریگەری نابێت بۆ سەر لایەنی ماددی، واتا لایەنی ماددی مافەکانی ئەو کەسە دادەمەزرێت، بەڵکو کاریگەری دەبێت بۆ سەر لایەنی مەعنەوی مافەکانی ئەو

كەسەی كە دادەمەزرێت، بۆ نموونە ئێستا لە كوردستان چەند كەسێك لەوانەی كە لە رابردوودا بە گرێبەست كاريان كردووە، خزمەتيان پێشكەش كردووە، ئێستا بوون بە قوتابی خوێندنی بالآو ماستەر، بەلأم لە كاتێكدا كە بوون بە قوتابی خوێندنی بالأ، ئەمسالأنەی كە بە گرێبەست دامەزراون وەكو سالأنی خزمەتی راستەقينە بۆيان حيساب ناكرێت، هەروەها لە رووی لايەنی مادديشەوە ئەوەی كە هەيان بووە لە دەستيان داوە، بۆيە دارشتنەوەی مەرجەكانی دامەزراندن بەشێوەيەك كە باشتر مافەكانی ئەو كەسەی كە بە گرێبەست دادەمەزرێ مسۆگەر بكات، ئەمە خالێكی پێويستەو من بە زەروری دەزانم لەلايەكی تريشەوە لەوانەيە يەكێك لەو كەسانەی كە بە گرێبەست دادەمەزرێن چەند سالێك لەوێ خزمەت بكات و كار بكات، بۆيە پێويستە ئەمە بكرێت بە بنەما لە داهاتوودا، بۆ ئەوەی گرێبەستەكەی لە گرێبەستێكی كاتيەوە بۆ بكرێت بە گرێبەستێكی هەميشەيی، يان بەشێوەيەكی تر بلێين دامەزراندنەكەی بكرێت بە دامەزراندنێكی هەميشەيی، واتا دامەزراندنی كاتی بكرێتە بنەما بە كۆمەلێك مەرج بۆ دامەزراندنی هەميشەيی، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شەونم خان فەرموو.

**بەرێز شەونم محمد غريب:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش رەئيم لەگەلّ ئەوەيە تەعينات بە كراوەيی ئەو دەرگايە بمێنێتەوەو دانەخرێت، يەعنی تەعينات بوەستێت، لەبەر ئەوەی لە دائيرەكان و لە دەزگاكان، بەتايبەتی دەزگا خزمەتگوزارييەكان كێشەيەكی زۆر گەورە هەيە لەو دەزگايانە، ئەويش ئەوەيە كێشەی ئيختيصاص نييە، زۆربەی زۆريان هەلّئاوسانێكی زۆر هەيە لە ژمارەی فەرمانبەرانی كە هەيە، ئەم فەرمانبەرانەی كە هەن ژمارەشيان زۆرە، ئامادە نين، بۆ نموونە لە دائيرە خەدەميەكاندا كرێكاری بكەن، كرێكار، سائيق، لەگەلّ پاككەرەوە، كە سێ شەريحەی زۆر زەرورين بۆ دائيرەكان، هەروەها حەرەسيش، كە دائيرەكان پێويستيان پێيەتی، بەلأم ئەوانەی لە دائيرەكاندا ژمارەكانيشيان زۆر بێت ئامادە نين هيچ كەسێكيان بچن ئەو كارانە بكەن، لەبەر ئەوە ئەو دەرگايە با بە كراوەيی بمێنێتەوەو بەپێی پێويستی دائيرە، تاكو پێويستيەكە كۆتايی پێ دێت، ئەگەر بە سابتی بە تايبەتی كرێكارەكان بمێنێتەوە، دوايی دەتوانرێت عەقدەكان تەسبيت بكرێت بەپێی رێنماييەكان و موافەقەتی وەزارەتی دارايی و سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەيان خان فەرموو.

**بەرێز بەيان احمد حسن:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من هاتنە گوتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم خوشك و برا گەلەك جانبێ بابەتێ بەحس كرن، بەس ئەز دبێژم كە راگرتنا ئەڤانە ئیلا بە رەزامەندی وەزارەتا دارایی هەندەك وەزارەتێت هەین خەدەمی كە ئیرادەتی وان بۆ وان زەبر نەبووە، وەكی وەزارەتا شارەوانی و گەشت و گوزار، وەزارەتا تەندروستی، حەقە بێنە ئیستیسنا كرن، چونكە ئیحتیمالە ئەوان پێویستیان پێ بێتن، وەزارەتا شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ پاكژ كردنەوەی باژێری خۆ پێویستی بە هەندەك كەسا هەبیت، ئەز دبێژم حەقە ئەڤ وەزارەتە خەدەمی بێنە ئیستیسنا كرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حاكم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، ئیقتیراح دەكەم نەصەكە بەم جۆرەی لێ بێت (یجوز العمل بالعقود لدى الجهات الرسمیة في الاقلیم عند الضرورة وبموافقة وزیر المالیة والاقتصاد)، لەبەر ئەوەی كەلیمەی تەعین مەدلولێكی ئیقتیصادی مالی تایبەتی هەبێت، نازانم لە رووی ئیدارییەوە (یجوز العمل) قەوسێك یان (یجوز الخدمة)، یان (یجوز التعیین)، ئەوانە لە قەوسدا دەڵێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی نۆیەمەوە لە نیزامی كاركردن بە عەقد، كە ئەمە جۆرێكە لە دۆزینەوەی هەلی كار بۆ كۆمەڵێك لەوانەی بێ بەش بوون، بەڕاستی من لەگەڵ ئەو رەئیە نیم تەنها قەتیس بكرێت بە كۆمەڵێك ئیختیصاصاتی نادر، كە ئێمە ئیختیصاصاتی نادرمان هەیە هەلی دامەزراندنیان بۆ دابمەزرێت، نەك بە عەقد ئیش بكەن بۆ حكومەت، پێشنیاری ئەوەم هەیە كە ئەو رەزامەندیی وەزیری موختەس، ئەو وەزارەتەی پێویستی بە عەقدە، ئەو خۆی رەزامەندی بدا، چونكە بەپێی نیزامە حسابیەكە، ئەوان خۆیان لە بودجەی خۆیان، وەزارەتەكە خۆیان پارەی عەقدەكە دەدەن، پێویستە ئەوان رەزامەند بن، نەك وەزارەتی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عەزیمە فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ماددەی نۆیەم: ڕاگرتنی دامەزراندن بە گرێبەست مەگەر دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وئابووری بێت)، ئەم خاڵە من دەیکەم بە دوو بەشەوە، پێشنیار دەکەم ئەم راگرتنە نەمێنێت، (دامەزراندن بە گرێبەست بەپێی بنەمایەك لە هەموو وەزارەتەکاندا)، لەبەر ئەوەی تا ئێستا سەدەها کەسمان هەیە لەناو وەزارەت و دامودەزگاکاندا خەڵکی بێ توانا، بەڵام راستە شەهادەی هەیە، توانای هەیە لەو جێگایەی خۆی دامەزراوە، بەڵام دەبێت ئەو شوێنەی کە ئیشی تیا دەکات بۆ ماوەی ساڵێك بە عەقد دابمەزرێت، بۆ ئەوەی ئەو جێگایە ئایا توانای وەرگرتنی هەیە؟ یان نا؟ بەڵام ئێمە سەدان خەڵکی بێ توانامان هەیە لە جێگای خۆشیان کەس ئیستیفادەیان لێ ناکات، بۆیە عەقد بە گرێبەست.

خاڵێکی تر، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەمەش بمێنێتەوە مەرج دابنرێت بۆ دامەزراندن بە عەقد، یەکێك لەو خاڵانە کە ئەو مەرجانەی بۆ دابنرێت، ئەو کەسەی کە دامەزراوە لە دائیرەیەکدا، بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ ئەو بێکارانەی تر بدۆزرێتەوە، ئەو کەسەی کە دامەزراوە بە رەسمی لە جێگایەکدا ئەو عەقدە شمولی نەکات، ئەگەر خانەنشین بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی رەئیتان کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك موناقەشە هاتە کایەوە، لەڕاستیدا تەعلیماتی عەقد پەیوەندی بە ماددەکەوە نییە، ئەوەندەی ئەو عەقدە هەبێت، بۆیە زۆر جار میلاك رادەوەستێ، تەعینات رادەوەستێ لە پڕ ئەو دائیرەیە پێویستیەتی بە عەقد هەیە، ئەو تەعینە دەکات، ژمارەیەك جۆری کار هەیە، ژینگە پارێز، پاسەوان، هونەری، لەگەڵ هەندێك ئیختیصاصی بڵێین نادر، لە کاتێکدا ئەو دەزگایە پێویستیەتی بەڕاستی، لەو کاتەشدا بە تەعلیماتێك، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان هەیە، تەعینات وەستاوە، ئەو کاتە ئەو دائیرەیە مەجبور دەبێت ئەو کەسەی پێویست بێت، لەبەر ئەوەی مانەوەی ئەم بڕگەیە زەرورییە، بەڵام ئێمە ئەوەی خۆمان سەحب دەکەینەوە بڵێین ئیختیصاصات نادیرە بکەین بە (عند الضرورة القصوى)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی رەئی لیژنەی دارایی دەکەین، بەڵام صیاغەکمان ئامادە کردووە، ئێستا پێشکەشتان دەکەین، ئەگەر پێتان باش بێت رەئیەکی ئەندامانی لەسەر ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت عەقدەوە حەز دەکەم روون کردنەوە بدەم، یەکەم/ هەموو حاڵەتەکان کە دێت و باس دەکرێت (تشغیل بالعقود)، ئەو مووچەیەی کە بۆ عەقد دادەنرێت، دائیمەن لە مووچەی وەزیفەکە کەمترە، لەکاتێکدا کە واز دەهێنێت تەبیعی عەقدی لەگەڵدا دەکرێت، هەر وەختێك پێویستت پێی نەبێت، دەبێت واز بێنێت، ئەگەر بمێنێتەوە لە 12/31 یان دوای 12/1، ئەگەر جارێکی تر ئەگەر پێویست بکات عەقدەکەی بۆ تازە دەکرێتەوە، لە هیچ وەختێکدا وەزیری دارایی بۆی نییە بڵێت بنووسێت بۆ فلانە وەزارەت، من ئەو موهندسەم بۆت ناردووە، یان ئەو فەراشەم بۆت نارد، مەفروزە دائیرەکە خۆی داوای دەکات و لەسەر داوای دائیرەکان خۆیانە، هەر وەختێکیش کە تەعینات هەبوو، ئێمە ئەوانە زیاتر بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین بە ئیعتیبار مومارەسەی ئیشەکانی خۆیان کردووە، بەنیسبەت خزمەتەکانیشیان تەبیعی ئەوە بۆیان حیساب ناکرێت، چونکە ئیستیقتاعاتی زەمانیشیان لێ نابڕێت، بە هیچ وەختێك ئێمە تەعلیماتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، ئێستاکە جێ بەجێ دەکرێت، لە هیچ وەختێکدا دوو مووچە نییە، ئەگەر بێتو هەر موتەقاعیدێك کە خانەنشین بێت زۆر زەرور بن بەوەی ئیش بکات، دەتوانێت تەفزیل بکات لە بەینی مەعاشەکانیان، لەبەر ئەوە ئێستا ئەوانیش نایەن بۆ دامەزراندن، ئەگەر بێشن زۆر کەم دێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری پلاندانان لەو بارەیەوە قسەت نییە، باشە نییە؟ لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان و پێشنیارەکەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

لایجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقلیم الا بموافقة وزارة المالیة والاقتصاد.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

کارکردن بەگرێبەست لە فەرمانگەکانی هەرێم نابێت تەنها بە رەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیغە پێشنیار کریش لایەو وەزارەتا دارایی و ئابووری ئەڤە نەبوو (لایجوز ایقاف العمل بعقود کافة الا عند الضرورة القصوی وبعد موافقة وزارة المالیة والاقتصاد)، صیغەی موقتەرەحی لای ئێمە ئەوە بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زەرورە قسوەی بۆ چیە؟ ئێستا موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دووبارە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

لایجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقلیم الا بموافقة وزارة المالیة والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە، نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من ئاگادار بم زیاد لە چەند پەرلەمانتارێك پێشنیاری باسی مەرجیان کرد، نەخرایە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شروت بە قانون دەردەچێت، لێرە دەرناچێت، ئەمە موازەنەیە، ئەگەر شروتتان هەیە دەتانەوێت و زەروریشە حاڵ و ژیانی ئەو کەسانەی بە عەقد ئیش دەکەن و حقووقیان بزر نەبێت، خەدەماتیان لەبەر چاو بگیرێت، پێشنیاری یاسایەك بکەن، یان حکومەت بیکات، یان دە ئەندامی پەرلەمان دیراسەی بکەن، لێرە دیراسەی دەکەین، ئینجا بەجوانی ڕێکی دەخەین، بەس ئەمە جێگای لێرە نییە، تکایە، کەرەم بکەن بۆ ماددەی دە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

اولاً/ للوزیر المختص صلاحیة الصرف بما لایزید علی (250) مائتان وخمسون ملیون دینار لکل حالة وله تخویل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لا یزید علی (100) مائة ملیون دینار.

ثانیاً/ للهیئات غیر المرتبطة بوزارة صلاحیة الصرف بما لایزید علی (150) مائة وخمسون ملیون دینار لکل حالة.

**ثالثاً/ يراعى في اولاً وثانياً مايلي:**

**1- ان يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللاغراض المحددة لها.**

**2- التقييد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولايجوز الدخول في الالتزام بالصرف بما يزيد عما هو مخصص في الموازنة.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم: وەزیری تایبەتمەند دەسەڵاتی خەرج کردنی هەیە کە لە (250) (دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك و، بۆی هەیە دەسەڵات بدات بە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەی بە خەرج کردنی پارەیەك کە لە (100) (سەد ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ .**

**دووەم: ئەو دەستانەی کە بە وەزارەتەوە نەلکاون دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمە پارەیەکیان هەیە کە لە (150) (سەد و پەنجا ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك.**

**سێیەم:**

**لە (یەکەم) و (دووەم) دا ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە دەکرێ:**

**1- دەبێ خەرجکردنەکە بەپێی پشتیوانەی دارایی پەسەندکراو لە بودجەی گشتی ساڵانە بێت و بۆ مەبەستی دیاری کراو بێت.**

**2- پشت بە پشتیوانەی تەرخان کراو لە بودجەی گشتی ببەسترێ و نابێ بچێتە ناوخۆ بەستنەوە بە خەرج کردن لەوەی لە تەرخان کراوەکەی نێو بودجە زیاتر بێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و دارایی پشتگیری تەواو لە ماددەکە دەکەین، تەنها یەك پێشنیارمان هەیە، ئەویش ئەوەیە وشەی (لرؤساء) کە لە سەرەتای بڕگەی دوو هاتووە، ئیزافە بکرێت و بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە (لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لايزيد على (150) مائة وخمسون مليون دينار لكل حالة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر رەئیتان.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری بۆچوونەکەیان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن ناویان دەنووسین، ڕێزدار هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن یەکێك لە هەرە وەزارەتە حەساس و هەڵوەشاوەکان وەزارەتی ژینگەیە، کە هەڵوەشاوەتەوە بەڕاستی، وەکو لیژنەی تەندروستی پرۆژە یاسایەکی ژینگەمان لەبەر دەستدایەو بەرزمان کردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی، ئێمە پێشنیاری خۆمان لەسەر داوە، بەلام من لێرە مەبەستم ئەوەیە، بەڕاستی وەزارەتێکی وا گرنگ و حەساس کە هەڵدەوەشێتەوە، من وەکو پێشنیار دەڵێم، ئەگەر بە ئیستیسناش بێت لە دەستەکانی تر، لە هەیئەکانی تر، لە ڕووی دەسەلاتی خەرج کردنەوە هەمان دەسەلاتی وەزیری هەبێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئەم بڕگەی صەلاحیاتی سەرف لە وەزارەتەکان، ئەوەی من بیزانم هەمیشە گرفتی زۆر دروست دەبێت بۆ وەزیرەکان و وەزارەتەکان بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی هەم سەقفی زەمەنی، یان سەقفی حالاتی دووبارە بوونەوەی سەرف، ئەوەندەی من موتالەعەم کرد بێت، زۆر جار دەبێتە هۆی زوو تێپەڕینی بودجە، یان تەواو بوونی بودجەی ئەم وەزارەتی پەیوەندیدارە، ڕاستە لێرە لە بڕگەی سێ باسی ئەوە کراوە (وفق اعتمادات) بە پشتیوانی دارایی پەسند کراو بێت، من پێشنیار دەکەم خاڵێك زیاد بکرێت لە هەردوو بڕگەی یەك و دوو، یان لە بڕگەی سێ کە (یراعی في اولاً وثانیاً) نووسراوە، باس لە حالاتی دووبارە بوونەوەی ئەمر بە سەرفە، لە هەندێك سیستەمدا ئەوەی من ئاگادارم سەقفی زەمەنی دیاری دەکرێت، مەسەلەن دەڵێت (على ان لا تتجاوز) ئەوەندە (حالة في ستة اشهر) یان (في سنة) سیستەمێکە پەیڕەو دەکرێت، من ئاشنا نیم بە سیستەمی خۆمان، لێرە جیاوازە، هەم بۆ ئەو گرفتە کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵە صەلاحیاتی سەرف چۆن تەحدید دەکرێت؟ خاڵێکی وا ئیزافە بکرێت (یشترط ان لا تتكرر حالات الصرف عن) ئەوەندە (حالة في) ئەوەندە (مدة)، ئیتر ئەوە دەمێنێتەوە بۆ بەڕێزتان و لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم كە ئەو گوژمەی دانراوە صەلاحیەتی سەرف بۆ وەزیری تایبەتمەند لە دوو سەد ملیۆن زیاتر نەبێت لە فەقەرەی یەكدا، لە فەقەرەی دووەمیشدا هەیئاتی غەیر مورتەبت بە وەزارەت صەلاحیەتی سەرفیان لە سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، چونكە ئێمە لە خیلالی دانیشتنمان لەگەڵ هەندێك لە وەزارەتەكان، هەندێك لە دەوائیری حكومەت لە میانی لیژنەكاندا كە لەگەڵیان دانیشتووین گلەیی ئەوە هەبوو، كە صەلاحیەتی وەزیرەكان لە صەرف كردنی ئەو پارانە زۆر جار خراپ بەكار دەهێنرێت، بۆ نموونە سەفەری زیاد دەكرێت، بۆ ئەوەی گرێبەستێك ببەسترێت لەگەڵ ئەوەی ولأت چەندین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەگەر لەو بابەتەتان هەیە، لیژنەی نەزاهەتان هەیە، لیژنەی پەرلەمان هەیە، بچن بەدواچوونی بۆ بكەن، لێرە سەقفەكەی كەمە، زۆرە، ئەوەمان بۆ باس بكە، لێرەوە رجائەن كەسێك ئیتیهام نەكەن، تەحقیقمان نەكردووە، ئەگەر هەشە، من ناڵێم نییە، بەلأم لەگەڵ ئەوەش نابێت بڵێم ئەوەی كردووە، ئەگەر كردیتی بیهێنە ئێرە، ئینجا دەیهێنین موسائەلەی دەكەین بزانین ئەم شتەی بۆچی كردووە؟ كەرەم بكە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن كەسمان ئیتیهام نەكردووە، بەلأم ئەو حالەتانە هەیە، بۆ ئەوەی هەم پێویستە گرێبەستەكان بەشێوەی تەندەر بێت، هەم بە یەكجار بێت، صەلاحیەتیش دیاری كراو بێت، لە قانونی موازەنە............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

برای عەزیزم، ئەمە قانونی پێیە، ئەوە مەوزوعێكی ترە، ئێستا لەسەر ئەوەیە ئەم وەزیرە بتوانێت ئەوەندە سەرف بكات، یان ئەوەندە؟ رەقەمێكمان بۆ دابنێ، دوو، سێ تەسنیە هەبوو دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ نموونە لە قانونی موازەنەی عێراقیدا هاتووە، كە وەزیر صەلاحیەتی سەرفی پێنج سەد ملیۆن زیاتری نییە، یەعنی وەزیری هەرێم كە عێراق بۆ وەزیرەكەی بۆ هەموو عێراقە، بۆ هەموو دەوڵەتی عێراقی صەلاحیەتی سەرفی پێنج سەد ملیۆنی هەیە، دوو سەدو پەنجا ملیۆن بە رەئی من زۆرە بۆ صەلاحیەتی سەرفی وەزیر لە هەرێمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە سلێمان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رەئی من ئەو سەد ملیۆنە کە دەسەڵات دراوە بە سەرۆکی فەرمانگاکان سەرفی بکەن، زۆر زۆرە، چونکە بەڕاستی زۆر جار لە لایەن یەعنی سەرۆکی فەرمانگاکان بەشێوەیەکی تر سەرف دەکرێت، بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە ئەوە، ئەگەر بۆ پرۆژەیەك بێت، بۆ شتێك بێت، ئەوە با هەر بە موافەقەتی وەزارەت بێت، نەك دەسەڵات بدرێت بە سەرۆکی فەرمانگاکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە وا نیشان دەدات، وا لێی تێ دەگەیشتی کە لە (اولا وثانیا)، ئەو سەرفە لە صەلاحیەتی سەرف بەبێ رجوع بۆ وەزارەتی مالیەیە، ئەگەر وایە دەبێت سەقفێکی زەمەنیشی بۆ دیاری بکرێت، دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار ئەوە سەقفێکی حالەکەی بۆ دانراوە (لكل حالة واحدة)، تەنها سەقفێکە بۆ حاڵەتەکان، بەڵام سەقفی زەمەنیەکەی ئایا خیلالی ساڵەکە هەمووی؟ یان خیلالی مانگێکە؟ یان خیلالی شەش مانگە؟ چەندە؟ ئەو سەقفە زەمەنیە بۆی تەحدید بکرێت.

خاڵی دووەم/ ئەوەیە لە (ثالثاً) خاڵی دووەم (التقيد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة)، وابزانم ئەمەی دووەم لە داخیلی یەکەمە، داخیلی خاڵی یەکەم، چونکە لە خاڵی یەکەمدا دەڵێت ئەگەر (ان يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها)، کەواتە پێویست ناکات (التقيد بالاعتمادات المصادق عليها) لە زیمنی ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەلال عەلی فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیستیفساراتێکم لە وەزیری مالیە هەیە، روئەسائی دەوائیری سەرۆکی فەرمانگەکان چ دەستەواژەیەکەو کێ دەگرێتەوە؟ پێشنیاری منیش ئەوەیە کە ئەو صەلاحیەتە بدرێتە بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە وەزارەت و شارەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرمانگە پێویستەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێدانی دەسەڵاتی خەرج کردنی دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار بە بەڕێز وەزیرەکان، وەزیری مەعنی هەتاکو ئێستا بۆمان روون نەبۆتەوە، ئەو دوو سەدو پەنجا ملیۆنە بەچ شێوەیەك سەرف دەکرێت؟ ئایا ئەو وەزیرە،

یەعنی صەلاحیەتێکی موتڵەقی هەیە بۆ سەرف کردنی ئەو پارەیە؟ یان ئەوەتا پابەندە بە هەندێ ڕێنمایی؟ لەبەر ئەوە من چەند ساڵە لە وەزارەت و لە دەوائیر بوویمە، تاکو ئێستا بۆم روون نییەو لە بەرچاو نییە ئەو پارەیە بە چ شێوەیەك سەرف دەکرێت، بەڕێز وەزیری دارایی ئەو ڕۆژە ئاماژەی بەوەدا کە ئەو پارەیە تەنها بۆ موصادەقەیە، لە ڕێگای ئەوانەوە سەرف دەکرێت، بەڵام هەر دیسانەوە ئەگەر بە زەحمەتی نازانن روون کردنەوەیەك بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوە لەسەر سەقفی پارەکەیە، ئەگەر موسائەلەت هەیە، پرسیارت هەیە بینووسە بۆ جەنابی وەزیر، یان بانگی بکە لیژنەی خۆتان کە کاری تیا دەکەیت لەوێ بۆت شەرح بکات، لێرە سەقفێك دانراوە، وەزیر صەلاحیەتی ئەوەندەیە، ئەوەندەی هەبێت، ئینجا چۆنتان پێ باشە وای لێ بکەن، ئێستا میزانیەکەی خۆی دەبێت سەرف بکاتن، خۆ هەڵیناگرێت، زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر سەباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من دوو تێبینیم هەیە، تێبینیەك لە ناوەڕۆکی ماددەکەدا، تێبینیەکیش لەسەر شێوەی داڕشتنی، سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەی لەڕاستیدا ئێمە دەبێت ئەوە بزانین هەموو سەلاحیاتێك لە موقابیلی ئەو مەسئولیاتەوەیە، کە ئەو کەسە هەیەتی، یەعنی من پێم سەیرە وەزیر لەوە کەمتری بۆ دابنێین، وەزیر لەو بڕەی کە بۆی دانراوە کەمتری بۆ دابنرێت، بەڕاستی وەزارەتەکەی خۆی بەڕێوە ناچێت، بۆیە ئەو مەبلەغەی کە پێشنیار کراوە مەبلەغێکی مەعقولە، مادام لە فەقەرەی سێیەمدا هەندێك مەرج و قەیدو شەرتی بۆ دانراوە نابێت مەترسیمان هەبێت، چونکە ئەو مەسئولیەتەی کە وەزیرێك لە وەزارەتێك هەیەتی بەڕاستی بایی ئەوەیە کە هەندێك سەلاحیاتی پێ بدرێت، بەتایبەتی کە ئێمە دەزانین زۆربەی وەزیرەکان، یان زۆربەی بەڕێوەبەرە گشتیەکان هەمیشە دەناڵێنن بە دەست نەبوونی سەلاحیاتەوە، ئێستا کە بووە بە ماددەیەکی یاسایی، دەبێت ئێمە پشتیوانی لە ناوەڕۆکی ماددەکە بکەین، مولاحەزەیەکی شکلیشم هەیە لەسەر صیاغەکەی، ئێمە ئەگەر زمانی عەرەبی بکەین بە زمانی رەسمی، بەڕاستی صیاغەکە هەڵەی زۆری تیایە، ئەگەر زمانی کوردیش بکەین، کە لە جێی خۆیەتی زمانی کوردی بیکەین بە زمانی یاسادانان، ئەوە بکەین بە ئەسڵ و ئینجا تەرجومەی بکەین بۆ عەرەبی، بەڵام ئێستاکە عەرەبیەکە بەم شێوەیە هاتووەو کراوە بە بنەڕەت، من پێموایە دەبێت عیبارەتەکە بەم شێوەیە بێت (اولاً: لوزیر المختص صلاحیە الصرف ما لایزید)، (صلاحیە الصرف ما لایزید) لە رووی ڕێزمانیەوە هەڵەیە، ئینجا (علی (250) مئتین وخمسون ملیون دینار)، نەك (مائتان)، (مئتین)، (مئتین) هەم لە رووی ئیملائیەوە، هەم لە رووی ڕێزمانییەوە، ئینجا هەموو ئەوانەی کە لێرە، مەسەلەن دوایی هاتووە (ولە تخویل رؤساء الدوائر التابعة لوزارتە بصرف ما لا یزید)، لێرە صەحیحەکە هاتووە، لە پێشدا دەبێت ئەو (بـ) لابچێت (صلاحیە الصرف ما لایزید)، نەك (صلاحیە الصرف بما لایزید)، چونکە مانایەکەی زۆر فەرق دەکات، کاتم نییە

**روونی بکەمەوە لەوە زیاتر، دوایش کە دەڵێت (ثانیاً: لرؤساء الهیئات غیر المرتبطة بوزارة صلاحیة الصرف ما لایزید علی (150) مئة وخمسین ملیون دینار لکل حالة).**

**(ثالثاً/ یراعی في الفقرتین اولاً وثانیا)( مایلي) هەر چی لە پسپۆران و ئەوانەم بیستووە (مایلي) هەڵەیە لە قانون لە مکاتبات دەنووسرێت دەبێت بکرێت بە (مایأتي)، نەك (مایلي):**

**1 - ان یتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق علیها في الموازنة العامة السنویة ولاغراض المحددة لها)، ئەوە تەواوە بەس لە برگەی دووەم کە دەڵێت (التقید بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولایجوز الدخول في الالتزام بالصرف ما یزید)، ئەو (الصرف)ـە بکرێت بە (صرف)، بائەکەی دووەم لابچێت (بصرف ما یزید عما هو مخصص في الموازنة)، ئەگەر زمانی عەرەبی بکەین بە ئەساس دەبێت بەو شێوەیە بێت، ئەگەر کوردیش بکەین بە ئەساس دیارە ئەو کاتە مەسەلەکە رەوتێکی تر بە خۆیەوە دەگرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار عومەر نورەدینی فەرموو.**

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**برگەی یەکەم لەو ماددەیە جەخت دەکات بە پێدانی دەسەلاَتی خەرج کردن لەلایەن وەزیرەوە بە خوار خۆی، ئەمە کارێکی باشە، چونکە لەگەڵ مەبدەئی لامەرکەزی یەك دەگرێتەوە، بەلاَم کاتی خۆی ئێمە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاَ لەکاتی هەڵسەنگاندنی، یان نیشاندانی بیرو بۆچوونەکانی خۆمان، ئێمە پێشنیارمان کرد بوو، کە ئەم دەسەلاَتە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاَ لە رووی خەرج کردنی پارەوە بگرێتەوە، بەتایبەتی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەکان و، هەروەها راگری کۆلیژەکان و پەیمانگاکان، چونکە لە کاتی سەردانی مەیدانی ئێمە بۆمان دەرکەوت کە نەبوونی ئەو دەسەلاَتە گرفتێکی تایبەتیە لەلای ئەوان، هەروەها بەڕێزان لە لیژنەی دارایی و ئابووریش وەکو لە راپۆرتەکەی خۆیان ئاماژەیان پێداوە لەلاپەڕە (11)، ئەم پێشنیارەی ئێمەیان پەسند کردووە، بۆیە جارێکی تر ئێمە جەخت لەسەر ئەم پێشنیارەی خۆمان دەکەینەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار عومەر عبدالرحمن فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە ئەو مەبلەغەی بۆ وەزیر تەخصیص کراوە دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار سەرف بکات بۆ هەموو حاڵەتێك، ئەو برە پارەیە لە برِی ئەو پارە تەقدیر کراوەیە کە بۆ وەزارەتەکان تەخصیص دەکرێت، هەموو وەزارەتێك وەکو خۆی، من پێموایە وەزیر تەزامونی ئیلتیزاماتی هەیە لە کابینەکەی خۆیدا، وەزیر**

ئەو سیقەیەی پێ بدرێت ببێتە وەزیری وەزارەتێك، پێموایە دەبێت سیقەی ئەوەشی پێ بدرێت كە بتوانێت برێك پارەی ئەگەر لەمەش زیاتر سەرف بكات رەنگ بێتن هیچ ئیشكالیەتێكی تیا نەبێتن، چونكە لە بەشی سێی ئەم ماددەیەدا هاتووە سەرف كردنی ئەم پارانە بەگوێرەی ئەو ئیعتیماداتانەی كە موصادەقەی لەسەر كراوە، یاخود بەگوێرەی ئەو ئیعتیماداتانەی كە دەبێت تەقیدی پێوە بكات لە زیمنی میزانیەی ساڵانەی خۆیدا، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەمە هەندێ لە بیرۆقراتیەت و هەندێ لە كیتابونا وكیتابەكوم وەزیر هەموو كاتێك بیەوێت موافەقەی مەجلیسی وزەرا بۆ سەرف كردن و ئەمانە وەربگرێ، دەبێتە هۆی دواكەوتنی پرۆژەكان، ئەم برە پارەیەش بۆ هەندێك لە پرۆژەكانی وەزارەتەكانە، كە وەزیر سەلاحیەتی هەبێت زوو بە زوو جێ بەجێی بكات و تەقدیمی بكات، بەڵام بەنیسبەت فەقەرەی دووی ماددەكەوە كە (للهیئات) من لێرە تەئیدی بۆچوونەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، كە دەڵێت (لرئیس الهیئات)، راستە، چونكە هەیئە شەخصیەتی مەعنەوی دەبێت، شەخصیەتی مەعنەوی هەیئاتیش بە رەئیسەكەیەتی، لەبەر ئەوە پێموایە (للهیئات) بەگوێرەی ئەوەی لیژنەی یاسایی پێشكەشی كرد، بكرێت بە (لرئیس الهیئات غیر المرتبطة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عیماد محەمەد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن پشتگیری رەئیا دكتۆر عومەر نورەدینی دكەم بۆ دابەزینا دەسەڵاتا، دەربارەی برگا یەكەم و دووەم پێشنیار دكەین لە برگەی یەكەمدا برێ پارە تەرخان كرێ بۆ تەخویل كرنا سەرۆكێ رێبەریا سەر بە وەزارەتا وا، ژی سەد ملیۆنا ببێتە دوو سەد ملیۆن، دیسان دەربارەی برگا دوێش هەمان پێشنیارم هەیە كە دوو سەدو پێنجی ملیۆن ببێتە دوو سەد ملیۆن، چونكە دیڤ ئەم سەرەدانی مەیدانی لیژنەی پەرلەمانی كرن، بۆ رێڤەبەری سەر بە وەزارەتان ڤە بەتایبەت لە هەرسێ پارێزگاها موعاناتێ دەسەڵاتێ سەرف كرن هەبوون و مەحصول بوون، دیسان زۆربەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەئكید لەسەر دابەزینا دەسەڵاتان كریا بۆ خوارەوە، لەبەر ئەوە چەندێ ئەمیش پشتگیری ئەو رەئیا دكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە وەزارەتی دارایی خۆی تەعلیمات دەردەكات بۆ تەحدید كردنی حالاتی سەرف لە سەقفێكی زەمەنی موحەددەد، پێموایە ئەو تەعلیماتە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەرچووە، مەرج نییە لە یاساكەدا

بێتن، چونکە ڕەنگە ئەم حاڵەتانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر فەرق و فروقاتی تێدا هەبێت، ئەمە یەك.

مەسەلەی زمانەوانی زۆر باسی لێوە کراوە، ئێمە زۆر باسی دەکەین کە گرفتمان هەیە لە زمانەوانی، خاڵێکی تریش هەیە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، ئەویش ئەوەیە دابەزینی دەسەڵاتی دارایی بۆ خوارەوە، ئەمە بە ڕەئی ئێمە حاڵەتێکی تەندروستەو لەگەڵ لامەرکەزیەت دەگونجێتن، کە دەسەڵات بۆ خوارەوە بچێت، ئەوەی تر من هیچ مولاحەزەم نییە، ئەگەر برادەرانی ترو لیژنەی مالیە مولاحەزەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەم ماددەیەوە، ئەمە پاریش هەر بە هەمان شێوە بوو، دەسەڵاتەکان دابەزێنرا، ئێمە هیچ مولاحەزەمان نەبوو لە وەختی سەرف کردن و لەسەری بەم شێوەیە، بە چەند فلتەریشدا دەڕوات، خاڵی یەکەم و دووەم، ئەو خاڵانەی کە لە خوارەوە هاتووە یەك و دوو، بەڕاستی ئەوە تەحدیدی کردووە کە سەرف چۆن دەبێت، کە دەڵێین ئەم سەرفە دووبارە نەبێتەوە لەسەر یەك حاڵەت، خۆی بۆ گشت یەك حاڵەتە، لەسەر یەك حاڵەت دووبارە نابێتەوە خەزائین دەیگرێت، تەدقیق دەیگرێت، ڕەقابەی مالیە دەیگرێت، فیعلەن ئەمە بەپێی تەعلیماتی وەزارەتی دارایی سەرف دەکرێت، یەعنی ئەمە بەس بۆ ئەوەیە کە وەزیر نەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، لە موناقەشەی پاریش کە هات بۆ ئەوە بوو کە ڕۆتین کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هاوڕاز خان وەڵاممان نەدایەوە، بەنیسبەت هەیئەی ژینگە، یاسایەکە هاتۆتە پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئیمکان هەیە ئەو کاتەی کە یاسایەکەمان موناقەشە کرد ئەو بابەتەی کە باسی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن لەجێگای خۆت قسە مەکە، سێ پێشنیار هاتووە، موقتەرەحێك هاتووە کەوەزیر سەلاحیاتی زۆرتر بێت بۆ سەرۆك، موقتەرەحێکی تر هاتووە وەزیر سەلاحیاتی کەمتر بێت بۆ سەرۆك، وەکو خۆشی بمێنێتەوە، پرۆژەکەیە، بۆیە مەبدەئی زیادو کەمەکە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامیە فەرمووو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ناوم نەخوێندرایەوە بۆ قسە کردن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دەیەم بڕگەی یەکەمی دوو تێبینیم هەیە، ئەویش لە دەستەواژەی (بۆی هەیە)، من پێم باشە (بۆی هەیە) لابچێت، چونکە کە نووسرا (بۆی هەیە)، ئەو کاتە لەوانەیە بۆشی هەبێت ئەو دەسەڵات و سەلاحیەتە بە فەرمانگانە نەدات، لە کۆتایی بڕگەکەشدا بنووسرێت بۆ (حاڵاتی پێویست) هەرچەندە کەوا لە بڕگەی سێیەم ئاماژەی پێ کراوە، کە بۆ مەبەستی دیاری کراو بێت، بەڵام پێم باشە لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدا (حاڵەتی زەروری) بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا مەبدەئی ئەو رەقەمەی کە هاتووە لە پرۆژەکە وەکو خۆی، یان زیادو کەم بکەین، ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا وەکو خۆی دەیخەینە دەنگدانەوە، دوایی ئەوانەی دەیانەوێت دەسەڵاتی وەزیر زیاتر بێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، دەسەڵاتی وەزیر کەمتر ئەویش دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا مەبدەئی زیادو کەم دەخەینە دەنگدانەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ئەو رەقەمەی لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە (250) ملیۆن بۆ وەزیرو بۆ خوارەوەش سەد ملیۆن زیاد بکرێت و کەم بکرێت، واتا دەستکاری بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دوو کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند نەکراو وەکو خۆی مایەوە، ئێستا ماددەکە بەو تەعدیلاتانەوە کە ئاخیر جار لیژنەی یاسایی صیاغەکە بخوێننەوە کۆی دەنگی بۆ بدەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

اولاً/ للوزير المختص صلاحية صرف ما لايزيد على (250) مئتين وخمسون مليون دينار لكل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف مالا يزيد على (100) مئة مليون دينار.

ثانياً/ لرؤساء الهئيات غير المرتبطة بوزارة صلاحية صرف ما لايزيد على (150) مئة وخمسين مليون دينار لكل حالة.

ثالثاً/ يراعى في اولاً وثانياً مايأتي:

1- ان يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللاغراض المحددة لها.

2- التقيد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولايجوز الدخول في الالتزام بصرف ما يزيد عما هو مخصص في الموازنة.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

یەکەم: وەزیری تایبەتمەند دەسەلأتی خەرج کردنی هەیە کە لە (250) (دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك و بۆی هەیە دەسەلأت بدات بە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکەی بە خەرج کردنی پارەیەك کە لە (100) (سەد ملیۆن دینار) زیاتر نەبێ .

دووەم: سەرۆکەکانی ئەو دەستانەی کە بە هیچ وەزارەتێکەوە نەبەستراون دەسەلأتی ئەوەیان هەیە لە هەر حاڵەتێکدا لە (150) (سەد و پەنجا ملیۆن دینار) تێ نەپەڕێ خەرج بکەن.

سێیەم: لە (یەکەم) و (دووەم) دا ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە دەکرێ:

1- دەبێ خەرجکردنەکە بەپێی پشتیوانەی دارایی پەسەندکراو لە بودجەی گشتی ساڵأنە بێت بۆ مەبەستی دیاری کراو بێت.

2- پشت بە پشتیوانەی تەرخان کراو لە بودجەی گشتی ببەسترێ و نابێ بچێتە ناوخۆ بەستنەوە بە خەرج کردن لەوەی لە تەرخان کراوەکەی نێو بودجە زیاتر بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێ بوو بە هەردوو زمان خوێندرایەوە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی یازدە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

لوزير المالية والاقتصاد اضافة تخصيصات مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الصحة لكافة دوائرها الى موازنة وزارة الصحة لاغراض شراء الادوية وتدارك نفقات الصيانة بانواعها مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلاً.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی یازدەم:**

**وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە تەرخانكراوی گوژمەكانی داهاتی مانگانەی كە وەزارەتی تەندروستی بە دەستی دێنێ بۆ هەموو فەرمانگەكانی بخاتە سەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی بۆ مەبەستی كڕینی دەرمان و دابین كردنی خەرجییەكانی پاراستن بەهەموو جۆرەكانیەوە وخشتەی داهاتەكانی كە بەكردەنی بەدیهاتووی پێوەلكابێ.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە تەئیدی ماددەكە دەكەین لەگەڵ لیژنەی دارایی، هیچ مولاحەزەیەكی وامان نییە، لەبەر ئەوەی مەبدەئێكی تەمویل زاتیە بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستی ئێستا ئیستیعمال دەكرێت بۆ تەختیە كردنی دەرمان كڕین و ئەو جۆرە شتانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر رەئیتان.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ هەمان ماددەین وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، كێ دەیەوێت قسە بكات ناوی بنووسین، رێزدار برهان رەشید كەرەم بكە.**

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەگەر سەیری ئەو میزانیە بكەین، كە بۆ وەزارەتی تەندروستی دانراوە ناكاتە لە 5٪، چونكە لە هەموو ئەو وڵاتانەی پێویستیان بە خەدەماتی تەندروستی زیاتر هەیە، دەبێ نیسبەكە لە 7٪ زیاتر بێت، ئەم ماددەیە لە رووی قانونییەوە ماددەیەكی جەوازییە، وجوبی نییە لە رووی قانونییەوە، یەعنی وجوبی نییە فەرز كرا بێت بەسەر وەزارەتی داراییدا، ئێمە بەحوكمی مودەی رابردوو نەخۆشخانەكانی سلێمانیمان بەسەر كردەوە، بەڕاستی ئەوان پێویستیان بەو پارەیە هەیە بۆ نەخۆشخانەكان لە پێناوی خزمەتی خەڵكدا، لە پێناوی ئەوەی زیاتر نەخۆشخانەكان بتوانن خزمەتی خەڵك بكەن و ئیش و كاری خۆیان بكەن، من داواكارم سیغەی ئەو ماددەیە لە جەوازییەوە لە رووی قانونیەوە بكرێت بە ماددەیەكی وجوبی،**

صیاغەکەی ئەوە بێت (علی وزارة المالية)، ناکرێت (لوزير المالية)، یەعنی بکرێت بە سیغەیەکی وجوبی، نەك جەوازی لە رووی قانونییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پرسیارێکم لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی هەیە، ئەم دەقە پێچەوانەی مادده ژمارە (3)ـە کە دوێنێ ئێمە پەسندمان کرد، کە گوتمان هەموو داهاتەکان وەزارەتی دارایی دەیگرێتە ئەستۆ، لێرە ئیستیسنایەك هەیە یەکسەر بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئایا ئەگەر بێتو بکرێتە یەکسەر ماددەی سێ باشترە؟ یان نا؟ ئەوە پرسیارەکەم، پێشنیارێکیشم هەیە کە وەزارەتی کارەباو شارەوانی بخرێتە سەر، وەکو لە ماددەی پێنجەمی قانونی موازەنەی پاری کوردستاندا هاتووە، کە دوێنێ وەزیری بەڕێزی دارایی ئاماژەی پێ کرد، ئەگەر بێتو وەزارەتی شارەوانی تێ نەخەین، ئەوە ئەو سەلاحیەتەیان نامێنێت، هەروەها لە ماددەی سی و نۆی قانونی موازەنەی عێراقیدا هاتووە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك وەزارەت پێداویستیان زۆرە بۆ خزمەت کردن بەهاووڵاتیان و، هەروەها کەرتە تایبەتیەکانی خۆیان کارەباو شارەوانی و راگەیاندنیشیان داناوە، بەڵام من پێشنیاز دەکەم کارەباو شارەوانیشی بخرێتە سەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عومەر عبدالعزيز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی یازدە دوو تێبینیم هەبوو، یەکەمیان/ کاك ئارام باسی کرد، مەسەلەی وەزارەتی کارەباو شارەوانی، ئەمیش لابدرێت، چونکە لەوێ ئەوە هاتووە، یان دەبێت لەوێ ئەوانیش باس بکرێن، چونکە داهاتی خۆیان هەیە.

دووەمیان/ پەیوەندی بە صیاغەکەوە هەیە، من پێم باشە وای لێ بکرێت، کاك شێروان ئەگەر مونتەبیە بی لێم، (لوزير المالية والاقتصاد اضافة تخصيصات مبالغ ايرادات وزارة الصحة الشهرية)، ئیتر ئەوەی بۆ چیە (الايرادات الشهرية التي تحققها)، (مبالغ ايرادات وزارة الصحة الشهرية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەبوو، تێبینی یەکەمیان ئەوە بوو کە کاك ئارام باسی کرد، تەئیدی پێشنیارەکەی دەکەم، بەس تۆزێك دەمەوێ دەقەکە باس بکەم کە چۆن بێت؟ پێشنیاری دووەمیشم لەسەر عەینی ماددەکەیە، پێم باشە ئەم ماددەیە بکرێت بە دوو فەقەرە، فەقەرەی یەکەمیان وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەنها بۆ وەزیری دارایی و ئابووری هەیە، ئەو بۆی هەیە بگۆڕێت بە سەلاحیەت دەدات، یەعنی وەکو کاك بورهانیش باسی کرد ئەوە دەتوانرێت ئالوگۆڕیشی بەسەردا بکرێت میزاجیە، هەر چۆنی بیەوێت، یەعنی بۆشی هەیە نەیکات لەو کاتەدا، ئەگەر وا بوو، بەس پێم باشە بکرێت بە سەلاحیەت دەدات، یەعنی بکرێت بە وجوبی، فەقەرەی دووەمیش بەو شێوەیەی لێ بکرێت، وەزارەتی دارایی و ئابووری سەلاحیەت دەدات بۆ تەرخانکراوی گوژمەکانی داهاتی مانگانەی وەزارەتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارو کارەبا، ئەوەی کە بە دەستی دێنن بۆ هەموو شارەوانیەکان و فەرمانگەکان بگەڕێندرێتەوەو سەلاحیەتی سەرفیان پێ بدرێت لە ژێر چاودێری وەزارەتی پەیوەندیدارو دیوانی چاودێری دارایی، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حەسەن سورە فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە لە زیمنی ئەمەدا نەهاتووە، کە ئێمە داوامان کرد، کە لامەرکەزیەت بدرێت بە وەزارەتی تەندروستی بۆ سەرف کردنی داهاتەکانی خۆی، حەقیقەت زۆر زۆر شتێکی باشە، بۆ ئێستاو بۆ ئایندەش، بۆ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی بتوانێت بەشێك لە تەمویلی خۆی بەدەست بێنێت، بەلام ئەوەی تێبینی دەکەم لێرە ئەوەیە ماددەکە بەشێوەیەك هاتووە، کە تەناقوزی هەیە لەگەڵ سیستەمی تەندروستی کە ئێستا جێ بەجێ دەکرێت، ئەویش ئەوەیە ئەم داهاتەی ئێستا لە تەندروستی چەند ساڵە موتەبەع وایە لە 40%ی هەر خۆی دراوە بە حەوافز، لە 40%ی دراوە بە تەتویر، واتا ئەو شوێنەی کەوا داهاتەکەی دەست دەکەوێت، واتا لەو شوێنەدا سەرفی دەکات 20%ی بۆ حکومەت بووە، کە هاتۆتە وەزارەتی مالیە، ئەگەر مەبەستیان ئەو 20%ە بێت بیگێڕنەوە بۆ وەزارەتی مالیە، من جارێکی تر داوا دەکەم کە تەحدید نەکرێت بدرێت بە هیچ، چونکە ئێمە لە راپۆرتی لیژنەی تەندروستی کۆمەڵێك کەموکوڕیمان خستۆتەڕوو، بۆیە داوا دەکەین ئەم سەلاحیەتەی بەخۆی بدرێتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی، لەکوێوە؟ بەپێی ئەولەویات سەرف بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئەم ماددەیە، ماددەیەکی زەروریيە، منیش پشتگیری لەو رەئیە دەکەم، کەوا لە صیغەی جەوازەوە بکرێتە صیغەیەکی وجوب، لەبەر ئەوەی تا شتەکان سەرف بکرێت، بەتایبەتیش بۆ غەرەزی داوو دەرمان و صیانەو ئەجهیزە، کەوا زۆر پێویستەو مەسی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بەڵام من لێرە دەڵێم بەس تەنها بۆ داوو دەرمان و صیانە نەبێت، بەڵکو ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت (وسداً لاحتیاجاتها الضروریة)، یەعنی لە هەر شوێنێك پێویستی پێ بێت وەزارەتی صحە بۆ خۆی سەرفی بکات، نەك تەنها بۆ داوو دەرمان و ئەمانە.
خاڵێکی تریش، ئەوەیە ئەم ماددەیە بۆ تەنها بۆ وەزارەتی صحە بێت، لەوانەیە وەزارەتی تریشمان هەبێت پێویستی بەو شتانە هەبێت، وەکو باس کرا رەنگە وەزارەتی کارەبا پێویستی بە داهاتی خۆی هەبێت، ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ئاگامان لەوەیە کە وەزارەتی ئەوقافیش داهاتێکی باشی هەیە، دەکرێت ئیستیفادە لە داهاتەکانی خۆی بکات بۆ دروست کردنی مزگەوت و دروست کردنی شوێنە پەرستیارەکان، وەکو ئاینەکانی دیکە، هەروەها دروست کردنی هۆڵ و قاعەی موناسەبات بۆ ئافرەتان کە ئێستا برۆ تەماشا دەکەیت، کە زۆربەی ئافرەتانمان لە کاتی پرسەو ئەمانەدا لەناو خێمەو رەشماڵدا لە کۆڵانەکان هەڵیانداوە، بەراستی دیاردەیەکی ناشارستانییە، بۆیە من ئەوە دەکەمە پێشنیار بۆ وەزارەتی صحە، هەر وەزارەتێکیش کەوا پێویستی پێیەتی ئەو سەلاحیەتیەی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حاکم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بۆ ئەوەی تەنسیق هەبێت لەنێوان ماددەکاندا، ئەگەر بیدایەتەکەی ماددەکە بەوە دەست پێ بکات (استثناء من المادة الثالثة من هذا القانون)، کە رێك بکەوێتەوە لەگەڵ ماددەکان (علی وزیر المالیە والاقتصاد)، ئەو مەبالیغانەی کەوا تەخصیص دەکرێت، نازانم تۆزێك دەبێت بە هێن هەر کەسەو بۆ شوێنێکی دیکە داوا دەکات، منیش مەجلیسی قەزام پێ باشە ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی لە موازەنەکەدا، لەلایەکی تریش هەندێك بتوانێت وەزیر هەندێك موخەصەصات سەرف بکات، ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت، بۆ نموونە لەو رۆژانە لە وەزارەتی صحە من چوومە تەواری موخەصەصاتێکی ئەوتۆیان نییەو ماندوو بوونێکی زۆریشیان هەیە، گوتیان سەلاحیەتی وەزیریش نییە سەرفی بکات بۆ ئەو ماوەیەی کە لە تەواریدا بمێننەوە بەشێوەیەکی بەردەوام، رەنگە ئەوە تەداروکی ئەو ئیشەیە بکات، کە لەلایەن هەندێك ئەوانەی ماندوو دەبن زیاتر لە پێویست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من پێشنیار دەکەم بەم صیغەیەی خوارەوە بێت (لوزیر المالیة والاقتصاد اضافة مبالغ الایرادات)، ولیست لتخصیصات مبالغ الایرادات) تۆزێك لێرە تەخصیصات یەعنی شتەکە پێش کار ئەوە دەکەیت، یەعنی تەرتیب دەکەیت، بەلاَم تۆ نازانی ئیرادات چەند دەبێتن؟ بۆیە دەڵێم (اضافة مبالغ الایرادات الفعلیة) ئەوەی راست بوویە، یەعنی بوویە ئەنجام (التي تحققها وزارتي الصحة والبلدیات الی موازنتهما لاغراض تغطیة نفقاتهما مشفوعاً بجداول الایرادات المتحققة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، یەکەم/ من پشتگیری لە ماددەکە دەکەم، دووەم/ ئەو وجوبە زۆر زەرورە، بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی ئیجبار بێت کە ئەو داهاتە بگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی.
سێیەم/ پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، ئەو وەزارەتانەی تریش کە داهاتی خۆیان بۆ خۆیانە، کامانەن؟ زەحمەت نەبێ پێمان بڵێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار رێباز فەرموو.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم، کە ئەوە وەزیری دارایی نییە کە بۆی هەبێت، بەڵکو داهاتەکە هەر بۆ وەزارەتی تەندروستی بێت، ئەگەر قەراریش بێت لەوەی کە دیاری بکرێت، کە ئەم داهاتە بۆچی سەرف دەکرێت؟ راستە لە ماددەکانی تر (120) ملیار دانراوە بۆ پەرەپێدانی تواناو زەمالەو ئەوانە، بەلاَم پێموایە ئەوە بە ماوەیەکی درێژ خایەن نەتیجەت دەست دەکەوێت، ئەگەر بتوانرێت لەو داهاتەی کە لە وەزارەتی تەندروستی دەست دەکەوێت بۆ پەرەپێدانی کادیرانی تەندروستی بێت، ئێستا یەکێك لەو حاڵەتانەی هەیە، بەشێکی زۆر لە پزیشکەکان دەڕۆنە دەرەوە بۆ تەدریب، یان راهێنان لەسەر ئەو ئامێرە تازانەی کە هەیە، بەشێکی زۆری ئەو پزیشکانە لەسەر داهاتی خۆیان دەڕۆن، یەعنی لەناو بودجەی تەشغیلیەکەشدا داهاتی برە پارەیەکی وا دانەنراوە، کە بتوانێت ئەوە پڕ بکاتەوە، ئەگەر ئەم داهاتە بۆ ئەوە دابنرێت، راستە ئەو پزیشکانەی کە ماوەیەکی زۆرە کاری پزیشکی دەکەن، لەوانەیە ئەو داهاتەیان هەبێت، بەلاَم پزیشکە تازە پێگەیشتووەکان ئەو توانایەیان نییە، لەبەر ئەوە لەسەر وەزارەتی تەندروستییە هاوکاریان بکات، تەسەور دەکەم لە فەترەیەکی کەمدا نەتیجەیەکی زۆر باش بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم باشە لە ماددەی یازدە بڕگەی (تریشی) بۆ زیاد بكرێت، بكرێت بە دوو بڕگە، یان بكرێت بە سێ بڕگە، لەبەر ئەوە وەكو هاوكارم دكتۆر بەشیریش ئاماژەی پێ كرد، چەند وەزارەتی تر هەیە كە داهاتیان هەیە، لە زیمنی ئەو وەزارەتانەش كە داهاتیان هەیە، یەكەم/ (لوزیر المالیة) بكرێتە (علی وزیر المالیة)، لەبەر ئەوە واریریداتێكە تایبەتەو زەرورە بدرێتەوە بە وەزارەتی صحە، بڕگەیەكی تر زیاد بكرێت، من تایبەت لەسەر وەزارەتی ناوخۆ قسە دەكەم، لەبەر ئەوەی هاوكارم باسی وەزارەتەكانی تری كرد، هەروەها وەزارەتی ناوخۆ داهاتێكی زۆری هەیەو ئەو داهاتە ئاماژەی پێ نەكراوە، كە چۆن بەكار بێت و دیاری بكرێت؟ ئەگەر بدرێتەوە بە خۆیان بۆ بەكارهێنان و سەرف كردنەوەی، من ئەوەی ئاگادارم لە وەزارەتی ناوخۆ ژمارەیەكی زۆر لە بنكەكان و كەرتەكانی پۆلیس و بەڕێوەبەرەكان لە خانووی كرێدان بەڕاستی، یان ئەگەر دەست نیشان بكرێت كە بگەڕێتەوە سەر ئیراداتی گشتی هەرێم، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە خاڵێكی تر زیاد بكرێت، بكرێت بە خاڵی (أ)، دووەمیش بە خاڵی (ب)، وەزارەتی ناوخۆش دەست نیشان بكرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار شێرزاد فەرموو.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قسەكانی من كران، پشتگیری لە داوایەكەی كاك نەریمان دەكەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار زەكیە فەرموو.**

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئاخافتنێ من هاتنە كرن وەكو هەندەك وەزارەتی دیش پێ ئیزافە كرن گەل وەزارەتا صحە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار سەمیر سەلیم فەرموو.**

**بەڕێز سمیر سلیم امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی بۆچوون و پێشنیارەکانی من گوترا، بەس یەك دانە ئیستیسنا تەوسیع کردنی تیا ناکرێت، ئەوەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو داهاتە ناوخۆییەکان داخلی ئیستیسنا بکرێت، شتێکی نامەنتیقی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ماددەکە دەکەم، بەلاّم پێموایە نەك هەموو وەزارەتەکان، بەلاّم کارەبا یەکێکە لە موشکیلە گەورەکانی ئێمە، ئەگەر داهاتەکەی بەو شێوەیە جێ بەجێ بکرێت کە ئیراداتەکەی بگەڕێتەوە زۆر چاکە، ئەمە خالێکیان.

خالێکی تر، تەحدید نەکرێت بەوەی کە بۆچ مەبەستێکە؟ چونکە بەپێی پێداویستیەکان بێت، بۆ نموونە مەسەلەن داوو دەرمان بەشێکی سەرەکی لە نەفەقاتی حاکمە لە عێراق دێت، یەعنی ئەم دیاری کردنە، دیاری کردنێکە ڕەنگە پێویستمان پێی نەبێت، لەبەر ئەوە پێموایە بەپێی پێداویستیەکان وەکو هاوکارم باسی کەوادیری کرد، کە یەکێکە لەو موشکیلانەی ئێستا پێشکەوتنی ئامێر وای کردووە، کە لە راهێنان و پێداویستیەکان کەمی کادیرمان هەبێت، بۆیە ئەم بوارە لێ بگەڕێین بۆ وەزارەتی تەندروستی خۆی بڕیاری لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاروان فەرمووە.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ئەو ماددەیە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەهۆکاری ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ داهاتێکی زۆری هەیە، هەر بۆ نموونە ساڵی پار لە سەد هەزار سیارەی جۆراوجۆر داخیلی کوردستان بووە، ئەگەر بە ڕێژەی هەزار بۆ هەزارو پێنج سەد دۆلار دیاری بکرێت، زیاتر لە (150) ملیۆن دۆلار بەس بۆ ژمارە کردنی سیارە، نەك بۆ گومرگ، من باسی گومرگ ناکەم، کە داهاتی وەزارەتی ناوخۆیە، ئێستاش هەموو ساڵێك نیوەی ئەو داهاتەی بۆ خۆی بردووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، نیوەکەی تری گەڕاندۆتەوە بۆ خەزێنەی هەرێم، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم لێرە ئیشارەی پێ بدرێت بە بڕگەیەکی نوێ و ڕێك بخرێت بەپێی یاساو ئەوە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گشت ئاخافتنا من براى بەڕێز كاك دكتۆر بەشير بەحس كر، حەقيقەت ئەڤە كو هاتيە نڤيسين لێ حالێدا بۆ كڕينا دەرمانێ بتنێ مەحصول نەبێت كڕينا دەرمانێ، كڕينا دەرمان و دەزگاهێ پزيشكى بێتن، چونكە ئيحتيمالە گەلەك لە موستەشفەيات قەزاو ناحيە رەنگە جيهازێك ئێمە رەئيا دكەن، يان حەتا سەيارەى ئيسعافێ ناڤدا كر بن، ئەز دبێژم بلى بتنێ كڕينا دەرمانا مەحصول نەبێتن و ئەجهيزەى پزيشكى ئيزافە بێتە سەرى، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ناسك فەرموو.

**بەڕێز ناسك عبدالكريم تۆفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە ئيستيسنا ناكرێت تەوسيعەى پێ بكرێت، بەڵام لە نۆ، دە ئەگەر بۆ دوو وەزارەت بكرێت تەبيعيە، من پێموايە وەزارەتى كارەبا، ياخود كارەبا يەكێكە لە پێداويستيەكانى ژيان، كە ئەمڕۆ لە دواى ئاوو هەوا دێت، دەبێتە هۆكارێك تەئسيرى هەيە لەسەر هەموو بوارەكانى ترى پەروەردەو صحەو تەنانەت ئەوقاف و چى و چى، لەناو مەكتەبەكاندا زۆر شوێنى باش كراوەتەوە بۆ كۆمپيوتەرات و موختەبەرات، بەس لەبەر نەبوونى كارەبا هەمووى لە ئيش كەوتووە، ئەگەر بێتو بە مۆليدەش ئيش بكات پۆلەكانى تر دوا دەكەون لە خوێندن، ئەمە بەدەر لە بوارەكانى ترى ژيان و كێشە كۆمەڵايەتيەكان، ئەمە يەك.

دوو/ لەسەر داواى خۆيان كە داوايان لە ليژنەكەى ئێمە كرد، كە ئيسرار بكەين لەسەر ئەوەى ئيرادات بگەڕێتەوە بۆ خۆيان، من پێم باشە كارەباش بچێتە سەرى، چونكە خۆى ئەو ماددانە بۆ چوار ساڵە، ئەگەر بێتو ئەم چوار ساڵە ئيراداتى بگەڕێتەوە بۆ خۆيان، پێموايە زۆر لە كێشەكانى كارەبا حەل دەبێت، ئەو خاڵەى يەكەميش كە برادەران ئيشارەتيان پێدا (على الوزير)، نەك (لوزير)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەى كە ناويان نووسى بوو، تەقريبەن تەواو بوو، كەس ما بوو ناوى هەبێت و قسەى نەكرد بێت؟ نييە، جەنابى وەزير رەئيتان.

**بەڕێز شێخ بايز تاڵەبانى/وەزيرى دارايى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەيە كە هاتووە وەكو حكومەت لەگەڵى دابووين، بەڵام لێرەدا مەوزوعێك هەيە دەمەوێت باسى بكەم، ئەويش ئەوەيە ئێستا بەتايبەتى لە عياداتى شەعبيەوە، عياداتى دواى دەوام ئيش دەكەن ئيرادێكيان هەيە، ئەو ئيرادەيە تەوزيع دەبێت حصەيەك بۆ خۆيانە، تەوزيع دەكرێت بەسەرياندا، حصەيەكيش دەگەڕێتەوە بۆ حكومەت، لە 40٪ى دەگەڕێتەوە بۆ حكومەت، ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوەيە هەموو

ئیراداتی وەزارەتەکە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی صحە، زۆر باسی وەزارەتی کارەباو وەزارەتی شارەوانی دەکرێت، من تەوزیحم لەسەر ئەم مەوزوعەدا، ئەمانە یاسای تایبەتی خۆیان هەیە، ئێمە هیچ مانعێکمان نییە تەدریج دەرجیشی بکەن، بەلاَم لەوانەیە ئەو وەختە پێمان بڵێین ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە ئاگامان لە مەسەلەکان نییە، هەر یاسای ژمارە (6) بخوێننەوە، کە ئەوە هی شارەوانییە، باسمان کرد ئیرادو مەسروفی خۆیانە، حکومەت دەعمیان دەکات، بەنیسبەت وەزارەتی کارەباوە، دیوانی وەزارەتن، بەلاَم شوێنەکانی تر ئێمە ئەمانە نیزامی موئەسەسیان لەسەر تەتبیق دەبێت، داهاتی خۆیان بۆ خۆیانە، بۆ ئەو مەبەستەش، ئێمە لە ئاخیر جار لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێك دەرچوو دەڵێت ئەوانەی کە پارەی کارەبا جیبایە دەکەن، ئەوانە موخەصەصاتێکیاندا پێیان لە داهاتەکەی خۆیان، تەئکید کرایەوە کە ئەو داهاتە هی خۆیانەو شەریحیشم کرد بەینی داهات چەندێك ماوە؟ فەرقەکانمان هێناوە، ئێمە مانعمان نییە ئیزافە بکرێت، بەلاَم ئەوە شتێکی مومکینە جێگای نەقد بێت بەنیسبەت هەموو لایەکمانەوە، بۆیە من بەس لەسەر ئەو مەوزوعە، (لوزیر)، (علی وزیر) ئێمە لەسەر ئەوە هیچ مانعێکمان نییە (علی وزیر) بێت، بەلاَم نەصی ماددەکەش لە بەغداوە بەو شێوەیە هاتووە، بەنیسبەت دەرمانەوە، ئێمە ئێستاکە کێشەی دەرمانمان هەیە بەڕاستی، ئێستا لیژنەیەکمان داناوە دەرمان دەکڕی، بۆ دەرمان دەکڕی؟ لەبەر ئەوەی ئەو دەرمانانەی بۆ ئێمە دەنێرن لە بەغداوە، یەکەم بەشمان ناکات، مومکینە لەگەڵ تەبیعەتی نەخۆشەکانی کوردستاندا هەندێکی نەشێت، بەلاَم ئەو دەینرێت و لە حیصەکەی خۆیدا، یاخود هەندێکی هەیە ئیکسپایەرەکەی نزیکە دەنێرێت، درەنگیش دەگاتە دەستمان، ئێمە ئێستا لەسەر ئەوەشەوە دەعمی وەزارەتی صحەمان کردووەو پارەشمان بۆ تەرخان کردووە (17) ملیار بۆ کڕینی دەرمان، چونکە ئەوە لە ئەسڵی 17%ەکەوە هاتووە، چونکە ئەو فەقەرەیەی لەناو میزانیەی حکومەتی عێراقدا هاتووە بۆ هەموو کڕینی دەرمان (264) ملیار دینارە، بەنیسبەت ئێمەوە هەروەکو باسم کرد، بەلاَم یەك شت هەیە ئیشارەتی پێ بدەم، جگە لەوەی (لاغراض شراء الادویة وتدارك نفقات الصیانة)، دەبێت ئێمە ئەو شەریحەشمان لە بیر نەچێت، چونکە ئێستاکە لە عیادە شەعبیەکاندا ئیش دەکەن و پارەیەکی تر وەردەگرن، هەروەکو گوتم نیسبەیەك، ئەگەر ئەمە بخەینە ناوی وەکو خۆی بێتە ناو قانونەکەوە، رەنگە ئەو وەختە نەتوانرێت ئەوەیان بۆ سەرف بکرێت، بەلاَم ئێمە وەکو حکومەت پێمان باشە ئەوە سەرف بکرێت و ئیستیفادە کراوە لەو مەوزوعە، ئەو بیتاقانە پارەکانیان تەوزیع کراوە بە عادیلانەو ئیشەکانیشیان بە رێك و پێکی بەڕێوە چووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم، ئەوەلەن/ هیچ تەناقوزێك نییە لەنێوان ئەو ماددەیەو ماددەی سێ، لەبەر ئەوەی لە کۆتایی ماددەی یازدە دەڵێت (مشفوعاً بجداول الایرادات المتحققة فعلاً)، ئەو ئیراداتە

داخیلی ئیراداتی ئەسڵی دەبێتەوەو لە هەمان کاتدا لە نەفەقاتیشدا دەردەچێتەوە، یەعنی زیمنی ئەو موازەنەیە، ئەمە یەك.

دوو/ ماددەی یازدە پێشنیاری حکومەتە، کە دەڵێت (لوزیر المالیە)، جەنابی وەزیریش مانعی نییە، ئێمەش هەر رەئیمان وایە کە وەزارەتەکە ئیلزام بکرێت (علی)ەکە ئیزافە بکرێت.

بەنیسبەت صیاغەی ماددەکە، ئێمە صیاغەیەکمان داناوە، مومکینە تەلافی ئەو پێشنیارانە دەکات، کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەقدیمیان کرد، کە تایبەتە بە مەسەلەی کەوادیر، ئێستا ئەگەر ڕێگامان پێ بدەن دوای ئەوەی رەئی لیژنەی مالیە وەردەگرین بۆتان بخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موقتەرەحەکانی هات ئێوە هیچی وەرناگرن؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە ئەوهایە:

المادة الحادیة عشرة:

علی وزیر المالیة والاقتصاد اضافة تخصیصات مبالغ الایرادات الشهریة التي تحققها وزارة الصحة لکافة دوائرها الی موازنة وزارة الصحة لاغراض شراء الادویة وتدارك نفقات الصیانة بانواعها وتدریب کوادرها وحسب طلب وزارة الصحة مشفوعاً بجداول الایرادات المتحققة فعلاً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

پێشنیارێك هات کە کارەباو شارەوانیەکانیش بخرێتە سەری و وجوبی بێت، فەرموو کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت وەزارەتی ناوخۆو ئەوانە، چ لە پرۆژەی حکومەت هاتیە، چ لە راپۆرتی لیژنەکان هاتووە، چ لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی پێشوو ئیسارە کراوە، ئێستا ئیسارە کراوە، هی شارەوانیش رەد بۆوە، خۆتان دەزانن، بۆیە ناکرێت ئێمە لەسەر داواکاری بەڕێزێکی ئەندامی پەرلەمان ئەوە موناقەشە بکرێت، ئیمکان هەیە ئەگەر پێتان باش بێت وەکو تەوصیە ئاراستەی حکومەت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ئەوەی وجوبی، یەك ئەندام نەبوو، زیاتر بوو، بەنیسبەت کارەباش وەکو خۆی بێت ئەویش ئەندامێکی زۆر بوون، بۆیە هەردووکی دەیخەینە دەنگدانەوە، هی ناوخۆش یەك ئەندام بوو، ناخرێتە دەنگدانەوە، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبوو پێم بڕە، بەس من ئەوەم لە بیر چوو ئێمە لە لیژنە كاتی خۆی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن رەئی زۆرینەی ئەندامانی لەسەر بوو لەسەر ئەو پێشنیارە، داوای لێبوردن دەكەم، ئەوەی كە شارەوانی و گەشت و گوزار ئیزافە بكرێتە سەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ئەوەی كە ئێستا لێرە تەرح كراو تەسنیە كرا، یەكە یەكە دەیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی فەرموو كەرەم بكە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە لیژنەی تەندروستی دیراسەم كردووە، بەڕێز وەزیری داراییش تەئیدی كردم كە لە 40%ی ئەم داهاتە خۆی دەدرێت بە حەوافیز، واتا بە پارەی نەقد دەدرێت بەو كەسانەی كە ئیشیان لەو شوێنە كردووە، لە 20%یشی تەتویری ئەم شوێنەیە كەوا.............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

چاوەكەم ئەمە كەی نوقتەی نیزامیە، دانیشە كاكە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئیزافەی ئیراداتی شارەوانیەكان بۆ میزانیەی تایبەتەكانی خۆی، دوێنی دەنگی نەهێناو ئەو مەسەلەیە شەتب كرا، ئەمە یەك.

ئەوەی تریشیان ئەگەر سێ بەڕێزی ئەندامی پەرلەمان پێشنیاری كرد بێت، ئەوە حەقی خۆیەتی بدرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەگەڵ ئەوەش دەدەینە دەنگدانەوە، بەڵام ئەو وەزارەتانە ئیستیقلالیەتی خۆیان هەیە، نیزامی خۆیان هەیە، واریداتی خۆیان هەیە، چونكە زیاتر لە سێ ئەندامی پەرلەمانی كوردستان، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شارەوانی و گەشت و گوزار، ئەوانە نیزامی لامەركەزییان هەیە، شەخصیەی مەعنەوی خۆیان هەیە، میزانیەتی خۆیان هەیە، هەر خودی قانونی ئەوان تێدا دیارەو روونەو ئاشكرایە چۆن تەعامول لەگەڵ مەواریـد دەكرێت؟ ئێمە نابێت لێرە شتێكی وا ئیقرار بكەین موتەعاریز بێت لەگەڵ قەوانینی ئەو وەزارەتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی کەلیمەی وجوبی کە زۆر دووبارە بوو هات، کرا باشە، بەڕێزان، ئێستا ئەوەی واریداتی دائیرەی کارەبا کە بۆ خۆی دێتن دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە واریداتەکەی بۆ خۆیان هەمووی بگەڕێتەوە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (22) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ رەد کرایەوە، ئێستا دێینە سەر ئاخیر صیاغە، تکایە صیاغەکەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

على وزير المالية والاقتصاد اضافة تخصيصات مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الصحة لكافة دوائرها الى موازنة وزارة الصحة لاغراض شراء الادوية وتدارك نفقات الصيانة بانواعها وتدريب كوادرها وحسب طلب وزارة الصحة مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلاً.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

وەزیری دارایی و ئابووری دەبێت تەرخانکراوی گوژمەکانی داهاتی مانگانەی کە وەزارەتی تەندروستی بە دەستی دێنێ بۆ هەموو فەرمانگەکانی بخاتە سەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی بۆ مەبەستی کڕینی دەرمان و دابین کردنی خەرجییەکانی پاراستن و بە هەموو جۆرەکانیەوەو راهێنانی کادیرەکانی بەپێی داوای وەزارەتی تەندروستی و خشتەکانی داهاتەکانی کە بەکردەنی بە دیهاتووی پێوەلکابێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو نەصەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:

تقيد مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير مرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية ايراداً نهائياً للخزينة على ان يقوم وزير المالية والاقتصاد بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة او الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التي منحت من اجلها.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدەم:

ئەو گۆژمە پارانەی پیتاکی کەدراون بەوەزارەتەکان و لایەنە نەلکاوەکان بەوەزارەت ئەوەی دوای قەبوڵ کردنیان لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بە داهاتی کۆتایی بودجە تۆمار دەکرێت، بەرمەجێك دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری لەناو تەرخان کراوەکانی وەزارەت، یان لایەنەکانی کە بەوەزارەتەوە نەلکاوە تەرخانیان بکات بۆ خەرج کردنیان، بۆ ئەو مەبەستانەی کە لە پێناویان تەرخان کراون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە دەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات ناویان دەنووسین، نەسرین خان کەرەم بکە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی دوازدە کە دەخوێندرێتەوە ئەو پیتاکانەی کە دراون، یەکەم/ چەند پرسیارێك لەخۆی دەگرێت، کە ئاراستەی بەڕێز وەزیری داراییە، ئەم تەبەروعاتە لە چ کاتێکدا دەبێت؟ ئایا لە کاتی کورتهێنانی بودجەی وەزارەتەکە دەبێت؟ یان لە کاتی پێویستیدا؟ ئەمە یەك.

دووەم/ هەموو وەزارەتەکان چەند بابێکیان هەیە، وەکو مەنح و مەنافیع و ئیعانات و تەبەروعاتی ئوخرا، ئایا ئەمە لەسەر بودجەی وەزارەتی مالیەیە؟ یاخود لەسەر مەساریفی ئوخرەیە؟

خاڵێکی تر، دەمەوێت بەرچاومان روون بێت باسی ئەوە دەکات ئەو گوژمە پارانەی پیتاکی کە دراون، ئەمە بودجەی ساڵی 2010ـەیە دراون، واتا رابردووە بۆ ساڵی 2009 دەگەڕێتەوە، کەواتە ئەمە بودجەی ساڵی 2010ـەیە، ئەگەر ئەو دراونە بکرێت بە دەدرێت، صیاغەکەی تەواو دەردەچێت، بەڵام ئەگەر بڵێی دراون، دەبێت صیاغەکەی بگۆڕێت، ئەو صیاغەیە هەڵەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من گوتران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار رەفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو دەزانن موستەلەحات و زاراوە لە قانوندا بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە، هیچ تێرمێك نابێت بەچەند شێوەو جۆرێك هەر واتایەك دووبارە بێتەوە، ئێمە لە ماددەی چوارەمدا موستەلەحاتی (الجهات) بەکار دێت، (الجهات غير المرتبطة بحكومة) لە لاپەڕە سێدا بە سێ جۆری جیاواز ئەم ناوە بەکار هاتووە، بۆ نموونە لە ماددەی هەشتەمدا بە دەوائیری غەیر مورتەبیتە دانراوە، لە ماددەی دەیەمدا لە بڕگەی دووەم بە هەیئات ناوی هاتووە، لە ماددەی دوازدەمدا بە جیهات هاتووە، لەبەر ئەوە من تکا دەکەم و پێشنیار دەکەم بیکەین بە یەك و پێشنیاری ئەوە دەکەم کە موئەسەسات لە کوردیەکەی مەعمولەو بەکار دێت لە جێی هەر چوار کەلیمەکە بەکار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حاکم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونی من، له رووی شكلیەوە مولاحەزە دەكەم، ئەم ماددەیە بچێتە شوێنی ماددەی دوو، ماددەی دوو باس له ئیراداتی موازەنەی كردووە، ببێت به برگەیەك، یان ببێت بە بەشێك لەوە، ئەگەر مەدلولەكە لە رووی ئیقتیصادییەوە كەلیمەی منح لەگەڵ تەبەروعات فەرقی هەیە، ئەویشی بچێتە پاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئامینە فەرموو.

**بەڕێز ئامینە ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ مه هاته كرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دكتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل تۆفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من ئاگادار بم (ممتلكات وتبرعات)ی ئەوقاف قانونێكی خاصی خۆی هەیە، بە قانونی ئەوقاف ناو نراوە، لەبەر ئەوەی لەوێ تەنزیم دەكرێت، بەڵام ئەگەر ئەوانیش داخیل بن لە مەوزوعی تەبەروعاتی مەمنوحە بۆ وەزارەت، یەعنی شمولی ئەوقافیش بكات، ئەوە لە ئاخیریدا، لە ئاخیری فەقەرەكە پێویست دەكات كە یەك كەلیمەی بۆ زیاد بكرێت، ئەویش (وبشروطها)، لەبەر ئەوەی قاعیدەیەكی شەرعی و قانونی هەیە، دەڵێت (شرط الواقف كنص الشارع)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، لێرە بەس بابەتی (التبرعات) كراوە، ئایا نازانم مەبەستیان لە منح و ئیعانات و تەبەروعاتە؟ دەبێت جیاوازیش بكرێت لەنێوان ئایا ئەوانە خۆماڵینە یانیش دەولینە؟ چونكە هەمانە، ئیعاناتی دەولیمان هەیە، یان تەبەروعاتی دەولیمان هەیە، تەبەروعاتی مەحەلیشمان هەیە، بۆیە دەبێت صیاغە بكرێت، ئەگەر مەبەستیان منح و ئیعانات هەر تەبەروعات بێت، بنووسرێت (تقيد مبالغ التبرعات المحلية والدولية التي تمنح وليست المنوحة)، چونكە مەمنوحە یەعنی روویداوە (التی تمنح)، ئەوە لە ئاییندە مەنح دەكرێت، لەوانەیە پاش دوو مانگی تر بێت، سێی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عەمەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی، بەنیسبەت ئەم ماددەیە، ڕاستە لە زیمنی عێراقی فیدراڵین و ڕاستە ئیقلیمێكین لە زیمنی عێراقین، بەڵام بەڕاستی نەقلی حەرفی بۆ ماددەكان، داوای لێبوردن دەكەم، دەڵێم لە لای منەوە باش نییە، هەندێ جار ئەمە دەفاو دەق لە زیمنی یاسا عێراقیەكەیە، ئەگەر بكرێت تەغیراتێكی تیا بكەن، بەڕێزتان دەتوانن سەیری بكەن، بەلای كەمی ئەو (تقيد)ـە بكرێت بە (تعتبر التبرعات)، مەسەلەن دەستكاری بكرێت، چونكە لە ماددەی سێی فەسلی یەكەمی یاسای عێراقیەكەش هەروا هاتووە، بەهەمان صیاغە تەقریبەن، لەبەر ئەوە بكرێت بە (تعتبر ایراداً) وای لێ بكەین، ئەوە خاڵی یەكەم.

خاڵی دووەمیش/ هەر دووبارە هەڵە زمانەوانیەكەیە، ئەو (غیر مرتبطة) بكرێت بە (غیر المرتبطة) دەبێت ئەلف و لامی لەسەر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە كە هاتووە، ئەمە بۆ ساڵی 2010ـەیە كە دێت، یەعنی نەك بۆ ساڵی پێشووتر، مەبەست لە تەبەروعات، تەبەروعاتی مەحەلییە، چونكە منح دوەلیەو لە تەعریفیشدا هاتووەو تەعریفی كردووە، ئەم تەبەروعاتانە بۆ هەر مەبەستێك بێتە وەزارەتی مالیە، كە بدرێت بە وەزارەتی مالیە، مەفروزە ئێمە قەیدی بكەین بە ئیراد، دوای ئەوە سەرفی بكەین بۆ ئەو مەبەستەی كە بۆی دانراوە، كە ساحێبی تەبەروعەكە فەرموویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی كە دكتۆر ڕەفیق كردی، ئایا لە هەندێك جێ وشەی جیهات هاتووە، لە هەندێكیش وشەی دەوائیر هاتووە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە بكرێتەوە یەك و هەمووی بكرێتە (دوائر غیر المرتبطة بوزارة)، جیهاتەكە بكرێتە دەوائیر، واتا فەرمانگا، مورتەبیتەكە لە دەقە عەرەبیەكە ئەلف ولامی بۆ زیاد بكرێت، پێشنیاری ئەوە دەكەم كە ئەو بڕگەیە، یان ئەو ماددەیە زیاد بكرێت پەیوەندی بە ماددەی دوو هەیە، بەڕێزان، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە بڕگە دووی ماددەی (56)دا هاتووە، ئەو بابەتانەی كە پەرلەمان یەكلای دەكاتەوە، دووبارە ناگەڕێینەوە سەری، واتا ماددەی دوو یەكلا كراوەو دەنگی بۆ درا، ئەوە ماددەیەكی تایبەتی دەوێت، تەبەروعاتی دەولی و مەحەلیش، ئەوە جەنابی وەزیر ڕوونی كردەوە، مەبەست ئەوەیە كە بۆ ساڵی 2010، چونكە ئەو یاسایە هەتا لە ماددەكەی پێشووتریش باس لەوە كرا، كە

بۆ ماوەی چوار ساڵ، ئەوەی یاسای ساڵی 2010ـەیە، بودجەی 2010 بۆ ماوەی یەك ساڵە، شمولی ئەو تەبەروعاتانە دەكات لە ساڵی 2010 تەبەروع دەكرێت، ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەكەین كەوا وا دەزانین رۆژانە تەبەروعات بۆ دامودەزگاكانمان دەكرێت، ئەوە حاڵەتێكی لەوانەیە دەگمەن بێت، لە یەك ساڵ چەند جارێك روو بدات، خۆزگە ئەوەی بەو شێوەیە فكری لێ دەكەینەوەو بۆی دەچین، كە رۆژانە ئێمە تەبەروعمان بۆ بكرێت و دامودەزگاكانمان چارەسەر بكرێت، بەلاّم حاڵەتێكە ئەگەر رووبدات، ئەگەر تەبەروع كرا ئەو تەبەروعە بەپێی ئەو ماددەیە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و چارەسەر دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی برای بەڕێزم كاك عومەر عبدالعزیز ئیشارەتی بەوەدا كە لە نەصی عێراقیەكەوە وەرگیراوە، بەڕاستی ئەو نەصە تاپۆ نییە لە هیچ لایەك، مومكینە عێراقیەكەش لە ولاّتێكی تری وەرگرتبێت، ئەمە ستاندەردێكە، زۆر شتێكی تەبیعی و ئیعتیادییە، بەنیسبەت تەبەروعات و ئیعانات بەڕێز وەزیری دارایی ئیشارەتی پێدا، كە مەقصود تەبەروعاتی مەحەلییە، رەنگە لە ناحیەی صیاغە بە قەناعەتی من كەموكورییەكی تێدا بێت، چونكە كە دەڵێیت (تقید مبالغ التبرعات المنوحة)، ئەو (الممنوحة)ـەیە بۆ رابردوو دەڕوات، نەك بۆ موستەقبەل كە ساڵی 2010ـەیە، ئەگەر بكرێت (تقید مبالغ التبرعات التي تمنح)، ئەوە مومكینە راست دەبێتەوە، ساڵی 2010 دەگرێتەوە بەقیەی نەصەكە چی تر ئیشكالیەتی تێدا نامێنێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغە بخوێننەوە بە كاملی، بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدانەوە، تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:

تقيد مبالغ التبرعات التي تمنح للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية ايراداً نهائياً للخزينة على ان يقوم وزير المالية والاقتصاد بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة او الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التي منحت من اجلها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی ئاخیر جار خوێندرایەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا تا سەعات (4،30) ئیسراحەت بكەن، پاشان دێینەوە زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، لەسەر دانیشتنەکەمان بەردەوام دەبین، کێشەی هەڵەبجە، مەحکەمەی عێـراق بـە جینۆسایدی ناساند، ئەوە شتێکی زۆر زۆر باش بـوو، ئـەمڕۆ ئـیعلان کـرا، لیژنـەی یاسـایی و دارایـی کـەرەم بکەن بۆ جێگای خۆتان، دووبارە بـەخێرهاتنی جـەنابی وەزیـر و بریکـاری وەزارەت دەکـەین کـاک رەشـید و کاك بایز هەردووکیان بەخێر بێن، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ ماددەی سێزدە فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

تستقطع نسبة (10٪) من رواتب ومخصصات اعضاء برلمان كوردستان والوزراء ومن بدرجتهم ووكلاء الوزراء ومن بدرجتهم والمستشارين ومن بدرجتهم والمدراء العامين ومن بـدرجتهم والـدرجات الخاصـة وتقيـد ايـراداً للخزينة.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەم:

ڕێـژەی 10٪ لەمووچـەو دەرماڵـەکانی ئەنـدامانی پەرلـەمان، وەزیـرەکـان و ئەوانـەی کـە بـە پلـەی ئەوانـەن لەگەڵ بریکارەکانی وەزارەتەکان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و بەڕێوەبـەرە گشـتیەکان و ئەوانـەی بـە پلـەی ئەوانن و خاوەن پلەی تایبەتی و بەداهات بۆ گەنجینە تۆماردەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنـەی یاسـایی و دارایـی پێشـنیار دەکـەین، کـە ئـەم ماددەیـە ئیعـادەی صـیاغە بکرێتـەوە بـەم شێوەیەی خوارەوە:

(تستقطع نسبة (10 ٪) من رواتب الوزراء ومن بدرجتهم واعضاء محكمة التمييـز والقضـاة واعضـاء الادعـاء العام ووكلاء الوزارة ومـن بـدرجتهم والمستشـارين ومـن بـدرجتهم والمـدراء العـامين ومـن بـدرجتهم واصـحاب الدرجات الخاصة وتقيد إيراداً للخزينة)، واتا بەم گۆڕانکارییە مووچەی ئەندامانی پەرلـەمان لادراوە، لەبـەر ئەوەی ئێمە پرۆژەیەکی تایبەتمان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، خوێندنەوەی یەکەمی بـۆ کـراوە، پاشـان پەرلەمانی بەڕێز چ بڕیاری لەسەردا، ئەو وەختە بـەم شـێوەیە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەین، لـە هـەمان کاتـدا موخەصەصاتیش لادراوە، لەبەر ئەوەی موخەصەصات مەسەلەیەکی سابت نییە، بەڕێز جـەنابی وەزیـریش ماوەیـەك پـێش ئێسـتا ئیشارەتی پێـدا کـە ئـەو موخەصەصـاتە تـابعێکی ئیسـتیسـنائی لەسـەر هەیـە، بۆیـە ئەمەیە مولاحەزەکەمان، ئەعزای مەحکەمەی تەمیزو و حوکام و ئیدیعای عام زیاد کراوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ئەو بۆچوونەی لیژنەی یاسایی دەکەین، بەڵام پێمان باشە ئەو پارەیە بۆ خـەزێنـە دانـەنرێت، ئەو پارەیە بدرێت بە سندوقی شەهیدەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاراس کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونێکی تر هەبوو، کە بنووسین (تقيد ايراداً لامانات وزارة المالية)، ئەو کاتە وەزارەتی مالیە خۆی تەسەروفی پێوە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا ئێستا ئیراداتێك یەکلایی نەبۆتەوە، ئەو جۆرە ئیرادانە دوایی ئەویش دەچێتە زیمنی ئیراداتەوەو دەچێت بۆ بەغدا، ئێمە پێمان باشە دووبارە بۆ سندوقی شەهیدەکان تەقید بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کێ لەسەر ماددەی سێزدە دەیەوێت قسە بکات ناویان دەنووسین، کەرەم بکە کاك رەفیق.

**بەڕێز د.رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، رێگا بە دووبارە بوونەوەو سێ بارە بوونەوەی هەمان قسە نەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەيمان عزالدين عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە کە تایبەتە بە بڕینی لە 10٪ لە رەواتبی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان و ئەوانەی هەتاکو پلەی مودیر عام، من قسەم لەسەر یەکەم خودی با بڵێین ماددەکە هەیە، دواتریش لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی هەیە، سەرەتا لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییەوە قسە دەکەم، کە ئەوان ئەندامانی پەرلەمانیان لێ دەرکردووە، لەبەر ئەو هۆکارەی کە ئەندامانی پەرلەمان بۆ خۆیان دەبێت لە پەرلەمانەوە قەرارێك دەربچێت، بەڵام من حەز دەکەم ئەوە بەبیر پەرلەمان بێنمەوە، کە ئەم پرۆژە یاسایە هاتۆتە لای ئێمە، ئێمە ئیقراری دەکەین، کەواتە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانیشی تیا بێت بە قەراری پەرلەمان قەتع کراوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە ئەندامانی پەرلەمانی هەر تیا بمێنێتەوە.

سەبارەت بە نیسبەی بڕینەکە، من جۆرێك لە نا عەدالەتی دەبینم تیایدا، راستە هەر یەکە بەپێی نیسبەی راتبەکەی هەتاکو مودیر عام لێی دەبڕدرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بێینە سەر ئەرزی واقیع دەبینین بۆ من کە ئەندام پەرلەمانم لە 10٪ بە مەعاشەکەمەوە زۆر دیار نابێت، بەڵام بۆ مودیر عام بە تەیایبەتی تەرکیز

دەکەمە سەر مودیر عام لە 10٪ بۆ مودیر عام زۆر دەبێت وەکو عەدالەتی تیا نییە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم نیسبەکە بهێڵرێتەوە، کە بە یاسایەك دەربکرێت بە جۆرێك کە عەدالەتێك لەنێوان مووچە بەرزەکان کە ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکانن لەگەڵ ئەعزائی مەحکمەی تەمیزو ئەوانەی کە زیاترن لە مودیر عام عەدالەتیەك بپارێزرێت.

خاڵێکی تر، من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ زیاد کردنی ئەعزائی مەحکمەی تەمیزو دادوەرە بەڕێزەکان، بەلاّم لەگەڵیدا هەم پرسیارم هەیەو هەم پێشنیارم هەیە، ئەوەی کە لێرە دانراوە با بڵێین وەزیرە بەڕێزەکان، لێرەدا من پرسیارەکەم ئەوەیە لەناو وەزیرەکاندا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی با بڵێین تەسمیەی تایبەت لێرەوە کراون، هەر لە زیمنی وەزیرەکانن، یان دەبێت ئەوانیش داخیل بکرێن بەتایبەتی، چونکە ئەوەش پلەیەکە، مادام ئێمە لە بڕینی راتب لە پلە بەرزەکان دەکەین، دەبێت دەست نیشانی هەموو پلە بەرزەکان بکەین، هەموو دەرەجە تایبەتەکان بکەین کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەمە سەبارەت بەوانە.

خاڵێکی تر، من دەزانم هەتاکو ئێستا سەبارەت بە مووچەی سەرۆکی هەرێم یاسایەك دەرنەچووەو، سەرۆکی هەرێم لە رێی نووسینگەکەیەوە سەرۆکایەتی هەرێم ئیعلان کراوە کە مووچەی نییە، ئەمە بۆ ئێستا راستە، بەلاّم ئێمە دەزانین کە لەم هەرێمەداین سەرۆکی هەرێم لەگەڵ جێگرەکەی دیسان دوو پلەن، کە ئەسڵ وایە مووچەیان هەبێت، هەتا ئێستا نیانە، ئەمە ئیستیسنایە، کە دەبوایە ئەو ئیستیسنایە نەبێت، بەلاّم ئەمری واقیعەو ئیستیسنایە، بەلاّم ئەسڵ ئەوەیە کە ئەو دووانەش مووچەیە، سەرۆکی هەرێم پۆستێکە، پلەیەکە وجودی هەیە، شەخسەکە بگۆڕێت، پۆستەکە دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێت سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەشی داخل بێت بەوە، هەروەها منیش تەئیدی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم ئەو بڕینانە نەچێتەوە خەزێنە، بەڵکو بچێتەوە سندوقی شەهیدانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەریهان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە، منیش وەکو هاوکارم بەڕێز پەیمان خان تەئیدی دەکەم، کە دەبێت ئەم بڕگەیە هەڵبگیرێت بەنیسبەت لە 10٪ لە ئێستا ئەو نیسبەتە تەعین نەکرێت هەتا دوای ئەوە بۆ پرۆژە یاسایەك، هەروەها بەنیسبەت مووچەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسایەك داڕێژرێت، لەبەر ئەوە تاکو ئێستا یاسایەك نییە بۆ مووچەی پلە بەرزەکان، بەپێی پۆستە، هەروەها تەئیدی لیژنەی یاسایی دەکەم لە گۆڕانکاریەکانیان، هەروەها تەئیدی وەزیری دارایی دەکەم کە ئەو پارەیە بچێتەوە بۆ سندوقی شەهیدەکان، نەچێتەوە بۆ خەزێنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی ڕاو بۆچوونی هەردوو هاوكارم پەیمان خان و پەریهان خان دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕەئیەكەی بەڕێز وەزیری دارایی دەكەم، كە ئەو پارانە نەبێتە ئیراد بۆ خەزێنەو بچێتەوە بۆ بەغدا، بەڵكو بگەڕێتەوە بۆ سندوقی شەهیدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی و پشتگیریش دەكەم لە وەزیری دارایی بۆ ئەو نیسبەتەی كە دەبڕدرێت بخرێتەوە سندوقی شەهیدان، بەڵام من لێرە پێشنیارێكیشم هەیە دەڵێم ئەگەر ئێمە بە فەقەرەیەكی خاڵی دوو، ئێستا هەر لێرەیە، بێجگە خۆمان خوێندنەوەی یەكەممان بۆ كرد بوو، بۆ یاسایەكە كە ئێمە بە تایبەت لەو مووچانە كەم بكەینەوە، بەڵام دەكرێت ئێستاش بە فەقەرەیەك صیاغە بكرێت و هەر ئێستا لێرە دەنگی بۆ بدەین، بۆ ئەوەی هەر بچێتە ناو ئەم یاسایە، مادام ئێمە هەموو یاسایەكە لە دوای یەكدا ئیقرار دەكەین، با ئەندامانی پەرلەمانیش بچێتە ناو ئەو ماددەیەوە، بەڵام بە بڕگەیەكی تر بنووسین ئەمە بڕگەی یەكەم بێت، بڕگەی دووەمیش ئەوانەی ئەندامانی پەرلەمان بێت، ئەوسا هەر هینی خۆشمان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین عومەر فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە منیش دەقاودەق لەگەڵ ڕەئیەكەی لیژنەی یاساییم و دەستخۆشیان لێ دەكەم، بەڵام تەنها لێرەدا مولاحەزەیەكم هەیە بەهۆی ئەوەی كەوا مودیر عامەكان هەندێكیان مووچەكانیان ناگاتە دەرەجەی وەزیرەكان و ئەوانەی لە پلەی ئەوانەن و موستەشارەكان، بۆیە حەز دەكەم ئەگەر بكرێت لێرەدا تەخصیصەكە لە 10٪ نەبێت بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەكان، بەڵكو كەمتری لێ بكرێت، هەروەها دەستخۆشی لە بەڕێز وەزیری دارایی دەكەم بۆ ئەو پێشنیارەی كە كردی، كە ئەو پارەیە نەگەڕێتەوە بۆ ئیرادی حكومەت،

تاکو ئیستیقتاعی لێ نەکرێت لەلایەن حکومەتی ئیتیحادی، بەڵکو بگەڕێتەوە بۆ سندوقی شەهیدەکان، بەڵام دەمەوێت تەوزیحێکیش بدەم، لەبەر ئەوەی ئەمە تەنها یاسایەکە بۆ یەك ساڵ دەردەچێت، وابزانم جەنابی سەرۆکی هەرێمیش لە مووچەی خۆی خۆش بووە، بۆ چوار ساڵ لێی خۆش بووە، باوەڕ بکەم داعی ناکات ئێمە لێرە زیکری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە رەئی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم، هەروەها پشتگیری لە رەئی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، لەگەڵ دیاری کردنی رێژەکان 10٪ و وابزانم 5٪ بێت بەپێی مووچەی هەر یەك لەوانەی کە دیاری کراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پێشنیارم هەیە، یەکەمیان/ لادانی ئەعزای مەحکمەی تەمیزو قضاة، چونکە ئەوە پێچەوانەی مەبادیئی دەولییە، کە لە میساقی قوزاتی عالەمی هاتووە لە 1999/11/17دا بەستراوە، لە ماددەی سێزدە کە بە نەصێکی سەریح داوا دەکات، کە مووچەی دادوەرەکان کەم نەکرێتەوە، هەروەها لە دەستووری هەرێمیدا لە ماددەی (81) لە 2009/6/24دا لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند کراوە، جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە کرا، کە ئەو مووچەیە کەم نەکرێتەوە، هەروەها داوای گەڕانەوەی لەجیاتی ئەعزای مەحکمەی تەمیز پەرلەمان دابنرێت، ئەو دوو پێشنیارەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کران، تەنها ئەوە ماوە پشتیوانی لەو پێشنیارە دەکەم، کە ئەو رێژەیە بۆ سندوقی شەهیدان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەكانی من هاوەڵاَن كردیان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەكانی منیش كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خەلیل عوسمان فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەكانی منیش كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەكوردیەكەی كە دەڵێت بڕینی ڕێژەی 10٪ لە مووچەو دەرماڵەی ئەندامەكان ، ئەوە یەكێك وەكو فەقەرەیەك بیر كراوە لە نووسینەكە، ئەمە یەك.

دووەمیش/ لە ئیستیقتاعەكە هەر پشتگیری لە قسەكانی سۆزان خان دەكەم، لە هەمان كاتیشدا نیسبەیەك هەبێت لەنێوان وەزیرو مودیر عام، چونكە زۆر فەرقی هەیە، ئەگەر ئەو لە 10٪، با ئەویش لە 5٪ بێت، وای بە باش دەزانم و وا پێشنیاز دەكەم لە بڕینەكەدا، ئێستاش هەر دەشتخۆشی دەكەم لەو پێشنیازەی كە وەزیری دارایی كردوویەتی، كە لە دڵی هەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەكانم كران، بەڵام ئەوەندەیە ئەگەر ئەو ڕێژەی بڕینی لە 10٪ەیە بەس لە راتبەكە بێت، لە موخەصەصاتەكە نەبێت، هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەكەی لیژنەی دارایی و دەستخۆشی لە وەزیری دارایی دەكەم بە گەڕانەوەی ئەو ڕێژەیە بۆ سندوقی شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە رەئیەكەی بەڕێز پەیمان خان دەكەم، تەنها یەك ئیزافەشم هەیە بۆ ئاماژەدان بەوەی كە ئەگەر ئەمە بودجەی ساڵی 2010 بێت، تەنها بڕینەكە بۆ یەك ساڵ بێت، ئێمە بۆ ئەوەی كە بتوانین ئاسایی بكەینەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی گشتگیر بێت، لە هەمان كاتدا لە زیمنی ئەم سەنە مالیە یاسایەك دەربچێت بۆ جێ بەجێ كردنی، ئەگەر پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، یا ڕێنمایی پێویست دەربچێت بۆی، بۆ ئەوەی هەر لە زیمنی ئەم سەنە مالیە، ئەگەر پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، چونكە رەنگە هەندێك تەفاصیلی بوێت، تەنها بۆ یەك ساڵ نەبێت، وابزانم یەكێكیش لەو پرۆژە بڕیارانەی كە هەبوون بۆ بڕینی لە 10٪ەیەكە، تەنها بۆ یەك ساڵ بوو، یەك سەنەی مالی بێت، بۆ ئەوەی كە بتوانین وەزعێكی دائیمی پێ ببەخشین، وا هەست دەكەم ڕێك بخرێتەوە، بۆ ئەوەی بە یاسایەك بێت، بەڵام زوو بڕیارەكە دەربچێت، تەنها بۆ یەك ساڵیش نەبێت، با هەمیشەیی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێزدە من پێشنیار دەكەم ئەو ڕێژەیە زیاد بكرێت، ڕێژەی لە 10٪ بكرێتە لە 20٪ لە مووچەو دەرماڵەی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەكان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن، لە هەمان كاتیشدا نەسریەی وەزیرەكان كەم بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لابردنی ئەندامانی پەرلەمان بەهۆی پرۆژەیەکی تایبەت کارێکی زۆر بەجێ بوو، کە لێرە لیژنەی یاسایی ئاماژەیان پێ کرد، منیش لەگەڵ ئەوەمە کە مودیر عامەکان لەبەر ئەوەی دەرەجەی خاصن، ئەوانە ئەوەندە موخەصەصاتیان نییە وەکو وەزیرەکان و ئەوانە، بە تەئکید ئەمانە وەکو حاڵەتی وەکیل وەزیرەکان نابێتن، ئەگەر ئەمە بڕەکەی کەم بکرێت، یان هەر تێدا نەبێت باشترە.

سێیەم/ ئەو بڕەی کە دەبڕێت لە پرۆژەکەدا هاتووە، بەو بڕەیە من لێرە پێش چەند ڕۆژ ئاماژەم بە چەند گیروگرفتی کەسوکاری شەهیداندا، بەتایبەتی مەسەلەی عیلاج و مەسەلەی تەندروستی و ئەوانە، من پێموایە ئەم بڕەیە بەشێك لە کەموکوڕی و لە موعاناتی ئەوان کەم دەکاتەوە، کارێکی زۆر بەجێش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حمە سەعید فەرمووو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری تێ بخرێت، ئەوە یەك.

ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرەکان و ئیدیعای عام و ئەو مەحکمەی تەمیزو حاکمەکانن ئەمانە لە 20٪ بێت، واتا لە سەرۆکی هەرێمەوە تا قازی لە 20٪ بێت، وەکیل وەزیرو بەرەو خوار لە 10٪ بێت، تەخصیص بکرێت بەهۆی ئەو ڕۆژە مێژوویییەوە کە هەڵەبجەی شەهید بە جینۆساید ناسراوە بۆ شەهیدانی هەڵەبجەی شەهیدو سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند من هاوڕام لەگەڵ قسەکانی هاوکارم پەیمان خان تایبەت بە تەعدیل کردنی ماددەکەو، کەم کردنەوەی مووچە بەرزەکان، ئەندامانی پەرلەمانیش بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە خۆمانین بڕیار دەدەین ئێستا، نەك حکومەت پێشنیازی کردووە.

خاڵێکی تر، دەبێت ئێمە ئامانج لە بڕینەکە دیاری بکەین، من بەلامەوە گرنگە ئەگەر وەکو ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی باسی کرد بۆ سندوقی شەهیدان بێت، زۆر چاکە، بەڵام بڕەکەی بە کەم دەزانم.

خاڵێکی تر هەیە، کە ئێمە دەکرێت ئیتر وا نەکەین کەسوکاری شەهیدان ئیعتیماد بکەنە سەر سندوقی هاوکاری و بەخشش، بەڵکو لە مووچەکانیان وا زیاد بکەین، کە پێویستیان بەم سندوقە نەبێت، یەعنی ئەمە بکەینە بابێکی تر، کە دەتوانێت پلە نزمەکان بەرز بکاتەوە بۆ ئاستێکی وا پارمەتی ئەوانە بدەین کە مووچەیان کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی قسەکانی پەیمان خان دەکەم، کە ئەم بڕینە سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی، ئەندامانی پەرلەمانیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من پێم باشە لە یاسایەکە ئەو بڕینەی لەسەری رێك دەکەوین، ناوی سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەیشی بێت، ئەو بڕینە بە تەدریجی دادەبەزێت، پشتگیری خۆشم بۆ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی و دارایی دەردەبڕم، سوپاسی وەزیری داراییش دەکەین کە ئەو رۆژە پێشنیارێکی لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان بوو، ئەو برە بگەڕێتەوە بۆ کەسوکاری شەهیدان و دیارە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان ئێمە هەرچیەکیان بۆ بکەین کەمە، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا مووچەیان بە برێك زیاد بووە، بەلاّم ئەمەش جارێکی دیکە لە کۆمەڵێك پێداویستی وکەموکورییەکان کەم دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە نەصە كوردیەكە، من پێموایە هەندێك كەموكوڕتی تێدایە، بەتایبەتی وەكو تارا خانیش باسی كرد، ئەسڵی داواكراوەكە بڕینەكەیە نەهاتووە، پێویستە دابنرێت، دوای ئەوە من پێم باشە هەم ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەتایبەت لە مەسەلەی ئەندامانی پەرلەمان هەر لەناو ئەوەدا بێت، چونكە ئێمە خۆمان مادام بڕیاری لەسەر دەدەین، هەر پەرلەمان بڕیار دەدات، ئایا بە یاسایەكی تایبەت بێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان؟ یان هەر لەناو ئەو یاسایەدا بێت؟ بەڵام من پێموایە دەبێت ئێمە بەپێی ستانداری جیهانی وایە كەمترین مووچە خۆر لەگەڵ زۆرترین مووچە خۆر لەناو حكومەتدا مووچە لە حكومەت وەردەگرن، بەپێی ئەم ڕێژەیە ستانداردی جیهانی نابێت لە دە بەرابەر زیاتر بێت، یەعنی كەمترین مووچە خۆر ئەگەر (300) هەزار بێت، زۆرترین مووچە خۆر نابێت لە سێ ملیۆن زیاتر بێت، من پێموایە ئەوە ڕێژەی یاساییەو ستانداردی جیهانییە، پێموایە دەبێت كەمترین مووچە خۆرەكان تۆزێك بەرز بكەینەوە، بەلای كەمی ئەگەر خۆشمان نەمانتوانی زۆر بێینە خوارێ، هی ئەوان تۆزێك بەرز بكەینەوە لە خۆمانیانەوە نزیك بكەینەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ فەرمووو.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی دام، لەڕاستیدا ئێمە لە لیژنەی مافەكانی مرۆڤ پێشتر پێشنیازی ئەوەمان كرد بوو، كە ئەو ئیستیقتاعە بۆ سندوقی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان بێت، سوپاسیش بۆ وەزیری دارایی كە جەختی لەسەر ئەو داوایە كردەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، بەوەی كە ئەندامانی پەرلەمانی لەم بڕگە یاساییە دەرهێناوە بە پرۆژەیەكی تایبەت پێشكەشی كردووە، بەڵام من پێموایە ئەگەر لەم بڕگەیەدا باس لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانیش بكرێت، هیچ شتێكی گرنگ نییە وەزیرەكان لە 10٪ دەبڕدرێت لە راتبەكەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانیش ببڕێت، بەڵام من مولاحەزەیەكم هەیە لەسەر (تستقطع) واباشترە بە عیبارەتێكی قانونی (تخفض) لە 10٪ بێت لە راتبەكە، نەك (تستقطع)، هاوكاری و پشتگیری رەئیەكەی جەنابی وەزیری دارایی دەكەم، كەدەڵێت ئەو پارەیە بخرێتە سندوقی شەهیدانەوە، هەرچەند من پێموایە بڕەكە ئەوەندە كەمە تەعویزی هیچ موعاناتێكی كەسوكاری شەهیدی پێ نادرێتەوە، بەڵام شتێكی مەعنەوی دڵخۆشكەرە بۆیان، بۆیە زۆر سوپاس و دەستخۆشیتان لێ دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ تستقتەعاین، چونكە ئیستیقتاع ئەسڵەن خۆی هەموو ئەندامێكی پەرلەمان، یان وەزیر خۆی داوای كردووە لێم ببڕدرێت، فەرزی بۆ دەكەی بەسەریدا، كە ئەوە ئارەزوومەندی هەموو پەرلەمانتارێك ئێستا ئارەزووی ئەوەیان هەیە لەوە زیاتر بێت، ئەنجومەنی وەزیران خۆی داوای كردووە كە ببڕدرێت، ئیتر ئەو (تخفض)ـە بۆچی؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری پلاندانان كەرەم بكە.

**بەڕێز د.علی سندی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە وازیحە ئەمە پرۆژەیەكە با بڵێین رەبتی قانونی موازەنەیە كە مسوەدەی قانونی موازەنەی هەرێمی كوردستانە، كە هاتۆتە بەر دەستی بەڕێزتان، ئەمە پێشنیاری حكومەتە، منیش ئاگادارم لێی، بەس بە حەقیقەت منیش تێبینیەكم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە لە پێشتریش باسم كردووە، ئێستاش باسی دەكەم، ئەویش دوو شتی سەرەكییە، یەكەمیان/ لەبەر ئەوەی ئەم موناقەشەیە بە ئازادانە نەقل دەكرێت و تۆماریش دەكرێت، من پێم باشە ئەمانەی كە باس دەكرێن هەر بۆ رای گشتیش ئەم مووچانەی كە باسی دەكەین چەندە؟ ئەگەر موخالیفی قانون نییە، چونكە هەندێك كەس كە گوێی لەم موناقەشەیە دەبێت، ئیحتیماله خەڵكی وا هەبێت كە تەسەور بكات ئەم مووچانە شتی خەیاڵین، شتی وان ئەگەر لە 10٪یان لێ ببڕێت هیچ نییە، ئەگەر جەنابتان رەزامەند بن.

بەنیسبەت وەزیرو ئەندام پەرلەمان و ئەوانە، من خۆم یەكێكم لەوانە موافیقم لەسەر ئەوە بەش بە حاڵی خۆم، بەڵام مودیر عام لە حكومەتی هەرێمی كوردستان عەمودی فەقەری حكومەت كاروباری رۆژانە مودیر عام و موستەشارو ئەوانە بەڕێوەی دەبەن، ئەوانەش هەتا ئەمڕۆ مومكینە لە ئایندەش شتێكی زۆر تەبیعی بێت، كە پلەی وەزیر، ئیختیاری وەزیر عەمەلیەكی سیاسی بێت، بەڵام تێكنۆقراتی ئەسڵی مودیر عامە، موستەشارە، ئەگەر بگۆترێت لەم هۆڵە مەعاشی مودیر عام و موستەشار چەندە؟ چونكە هەندێك مودیر عام هەیە ئەو مەعاشەی هەیە 10٪یش 10٪ـە، هیچ بواری كار كردنێكی تری نییە، هەموو كەسێك تەبیب نییە عیادەی هەبێت، یان واریدێكی تری هەبێتن مومكینە تەنها ئەو واریدەی هەبێت، كە ئەو واریدەشی هەبوو ئیلتیزاماتی خانەوادەیی هەیە، ئیلتیزاماتی ئیجتیماعی هەیە، بە پێشنیاری من ئەگەر قەبول بكرێت كە پێشنیار بكەم ئەوەیە كە وەزیرەكان بمێنن، ئەندامی پەرلەمان ئەوە بۆ خۆتان

**دەگەڕێتەوە، هەتا وەکیل وەزیرەکانیش بمێنن، بەس مودیر عام و موستەشارەکان من زۆر بە ئەوەی نابینم، لەسەر فەرمانی بەڕێزیشتانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەی یاسایی رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەندێك لە پێشنیارەکان پەیوەندی هەیە بە سیستەمی مووچەو دەرەجاتی وەزیفی، داوا لە جەنابتان دەکەم ئەگەر وەزیری دارایی تەوزیحاتمان بداتێ، ئەمە یەك.**

**دووەمیش/ پێشنیارەکان یەکجار زۆرە، جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیمکان هەیە ئەو پێشنیارانە لە رێگای تەصویتەوە یەکلا بکرێتەوە، چونکە ناکرێت لەسەر هەموویان ئێمە هەر موناقەشە بکەین، ئەمە رەئی ئێمەیە، بۆیە ئێمە تەئکید دەکەینەوە لەسەر رەئی خۆمان، ئەوەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەوەی لە راپۆرتەکەی ئێمەشدا هاتووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ئەگەر روون کردنەوە لەو بارەیەوە فەرمووە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئەوەندە روون کردنەوە دەدەم، وەزیر مووچەکەی سێ ملیۆن دینارە، مودیر عام مووچەکەی ملیۆن و نیوێکە، پەرلەمانیش مووچەکانیان لەلای جەنابتانە، پێموایە ئەویش هەر سێ ملیۆنە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە ئیستیقتاعی لە 10٪ بکەین لە وەزیر (300) هەزار دەبڕدرێت، لە مودیر عام (150) هەزار دەبڕدرێت، بەلاَم مودیر عامەکانیش و موستەشارەکانیش پێیان دەرەجاتەکەیان بە گەورەتر دانراوە، مەسەلەن هەر بەپێی یاسا، بەپێی تەعلیماتی ئەنجومەنی وەزیران هەتا لە بەغداش موستەشارین هەیە بە دەرەجەی وەکیل وەزیر، مەعاشی وەکیل وەزیر وەردەگرێت، یەعنی ئەوانەشمان هەیە، موستەشاریش هەیە مەعاشی مودیر عام وەردەگرێت تەنها ملیۆن و نیوێك وەردەگرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر تکایە ئەگەر رەقمەکە لەوێ لە بیری جەنابت چوو بێت، راتبی وەزیرو ئەوانە دەقیق سێ ملیۆنە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیرەكان حەوت و نیو وەردەگرن، ئەندامی پەرلەمانیش چەندە مووچەكەیان دوایی موخەصەصاتی ئیستیسنائییە، پێموایە پەرلەمان زیاتریشە، موخەصەصاتەكەی زیاترە، مودیر عام هەروەكو گوتم ملیۆن و نیوێكە، بەهەمووی سێ ملیۆن وەردەگرێت، مودیر عام ملیۆن و نیوێك موخەصەصاتی ئیستیسنائی وەردەگرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەڕاستی خاڵێكی گرنگ هەبوو لەبیرمان چوو، ئەویش مەسەلەی راتبی سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەی، سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی، سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی، ئەگەر پێتان باش بێت ئەمەش بە بڕگەیەكی تایبەت بێنە خوارەوە، بەو رێژەیەی كە پەرلەمانی بەڕێز قەراری لەسەر دەدات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر قسەی كاك شێروانی، هەتاكو ئێستا قانون دەرنەچووە لە سەرۆكایەتی هەرێم بەنیسبەت مەعاشی سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی، هەروەها قانون دەرنەچووە لە ئەنجومەنی وەزیران بەنیسبەت مەعاشی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی و وەزیرەكان، هەروەها پەرلەمان ئەوە سەلاحیەتی خۆیەتی ئەو رەقەمانەی كە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا هەر لەو بابەتەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لیژنەی یاسایی رەئیتان یەكلا بكەنەوە، رەئیەكی موەحەدەدمان پێ بڵێن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی پرۆژەكە دەكەین بەو تێبینیانەی كە ئێمە دەست نیشانمان كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رێزدار لیژنەی یاسایی پێشنیاری جیاواز هاتن، تكایە بۆمان ریزبەندی بكەن و پێمان بدەن، بۆ ئەوەی یەك یەك بیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی رەئیتان چیە كە ئەو بەڕێزانە پێشكەشیان كرد؟ هەمووی بە یەكەوە بكرێت بە پرۆژەیەك رێك بخرێت و تحدید بكرێت و بێتە ئەم پەرلەمانەو موافەقەتی لەسەر بكرێت، ئەو پێشنیارە ئەگەر بكرێتە پرۆژە، بە پرۆژەیەك تەحدید بكرێتن، پرۆژەش لەبەردەستەو

پێشـتریش دراوە پێمـان، خوێندنەوەشـی بـۆ کـراوە، ئەوانەشـی بـۆ ئیزافـە بکـەن، هەرسـێ سـەرۆکایەتیەکە 100٪ لەگەڵین نیسـبەیەکی کـە پەرلـەمانی بـەڕێز ئیتیفـاق بکـەن ببڕدرێـت، ئەوانـەی تـریش ئـەویش بـۆ ئێوەی بەڕێز دەمێنێتەوە، ئەوەی شارەزاو راوێژکارو مودیر عامیش ئیعتیبارێکی بۆ بکرێت، بـە نیسـبەتێك کە تەئسیر لـە خۆشـیان نـەکات وەربگیرێـت، بکرێتـە پرۆژەیـەك و بـێتن، ئێسـتا لێـرە بـەم وەزعـە، وابـزانم ئەوەیە، ئەگەر ئەو پێشنیارە وەربگرن، ئەم پێشنیارە دەخەینـە دەنگدانـەوە، ئەگـەر ئێـوەی بـەڕێز لەگـەڵن ئەو ئیستیقتاعانە لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکەو لە ئەندامانی پەرلەمان و لەوانی خوارتریش بـە پرۆژەیـەك رێك بخرێتن، ئێمە بە زووترین کات لەسـەری کـار بکـەین و موافەقـەت بکرێـت، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە تکایـە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دەنگـی لەسـەر درا، ئەوە تەواو، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە بۆ کەی تەئجیل دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەئجیل ناکرێت، پرۆژەکە لەبەر دەستە، خوێندنـەوەشی بـۆ کـراوە، دەیهێـنین تەعـدیلی دەکـەین و تـەواوی دەکەین، زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە بەو شێوەیە تکایە صیاغەی بکە، یەکەمین کـاری ئێمـە دەبێـت، دەچـینە ماددەی چواردە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بەو وەزعەی کە دەنگی لەسەر درا صیاغەی پێ ناوێت، ماددەکە بەجێ دەهێڵین، واتا رەقمەکان دەگۆڕێت، ئێستا دێینە سەر ماددەی چواردە، کە دەبێتە ماددەی سێزدە.

المادة الرابعة عشرة التي ستصبح المادة الثالثة عشرة:

لاتزيد المكافأت للموظفين على مليونين دينار سنوياً للشخص الواحـد وضـمن التخصيصـات المقـررة بالموازنـة المختصة وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەم کە دەبێتە ماددەی سێزدەم:

پاداشتی فەرمانبەران نابێ ساڵانە لـە دوو ملیـون دینـار زیـاتر بێـ بـۆ کەسـێك لـە نـاو تـەرخانکراوی بڕیـار لەسەردراوی بودجەی تایبەتمەندبێ و ئەمەش بەپێی ڕێنمـایی دەبـێ کـە وەزارەتـی دارایـی وئـابووری دەری دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ئەوە دەکەین، بەلاَم دەمەوێت روون کردنەوەیەك بدەم، ئەو دوو ملیۆن دینارە بۆ ئەوە نییە فەرمانبەر بە یەك جار وەریبگرێت، مەرجیش نییە هەموو فەرمانبەرێك وەریبگرێت، ئەوە موکافەئات بە فەرمانبەر دەدرێت لە زیمنی ئەو دەسەلاَتەی کە پێی دراوە، ئەوەی تاکو ئێستا هەیبووە وەزیر (250) هەزار دینار بۆ موکافەئات، ئەوە بۆ ئەوەیە ئەگەر موکافەئاتیدا لە ساڵێکدا ئەو فەرمانبەرە نەوەك لە دوو ملیۆن تەجاوز بکات، ئەم رەقمە پارەکە سێ ملیۆن دینار بوو، ئەمساڵ کەممان کردەوە بۆ دوو ملیۆن دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ جەنابت، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئەوەی دەیەوێت قسە بکات ناویان دەنووسین، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی هیچ فەرمانبەرێك لە (250) هەزار دینار زیاتر موخەصەصاتی نادرێتێ، ئەمەش........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، تکایە ئێستا ناوی خۆت بنووسە، کەی هاتینە سەری موناقەشەی بکە، رێزدار دکتۆر سەباح کەرەم بکە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەر دەقێکی یاسایی، ئێمە پێمانوایە جەنابیشتان دەزانن، هەر وشەیەك، یان هەر دەستەواژەیەك کە دێت لە خۆیەوە نایەت، یەعنی خاوەنی پاساوێکی عەقلی و لۆجیکییە، بەتایبەتی ژمارە، کاتێك کە ژمارە باس دەکرێت، بۆ نموونە کە دەوترێت لە 10٪، یاخود دەوترێت لە دوو ملیۆن زیاتر نەبێ، یان کەمتر نەبێ، ئەو رەقمە بۆ خۆی غەرەزێك و عیلەتێکی غائی لەپشتیەوەیە بەڕاستی، ئەو روون کردنەوەی بەڕێز وەزیری دارایی لەڕاستیدا روون کردنەوەیدا لەسەر غەرەزی ماددەکە لە ئەسڵی موکافەئەو ئەمانە، باسی ئەوەشی کرد کە پار ساڵ سێ ملیۆن بوو، یەعنی لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت لە ماددەی سی قانونی موازەنەی ئیتیحادیدا کە باسی موکافەئەی فەرمانبەران دەکات دەڵێت نابێت لە یەك ملیۆن دینار زیاتر بێت، لێرەدا دیارە ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو پرۆژەی کە لەبەر دەستماندایە، ئەو رەقمەی کردووە بە دوو ملیۆن.

بەنیسبەت ئەوەی پار لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا هەبوو، ئەمە پێشکەوتنە بەڕاستی، یەعنی دیارە غەرەزێك هەیە لە کەم کردنەوەی میقدارەکە، بەلاّم ئێمە لێرە ئەو پرسیارەمان بۆ هەیە، بۆچی؟ یەعنی ئەو رەقمە لە کوێوە هاتووە؟ یەعنی ئەساسی لۆجیکی ئەو رەقمە کە دانراوە، یان لە موازەنەی ئیتیحادی کە یەك ملیۆن دیاری کراوە، لەوەی خۆمان بە دوو ملیۆن دیاری کراوە، قسەمان لەسەر ئەسڵی موکافەئەکە نییە، کە بۆ تەحفیز زۆر زەرورە، بۆ هاندانی هەموو فەرمانبەرێکی لێهاتوو، بەلاّم بۆ رەقمەکە، یەعنی ئێمە بۆچی لێرەدا نەیەین پاساوێکی لۆجیکی بدەین، بۆ ئەوەی هەمووومان قەناعەت بکەین، چونکە ئەگەر ئەو پاساوە نەبێت، لەڕاستیدا هەر رەقەمێکی قابیلی ئەوەیە لە نەصەکەدا هەبێت، ئەگەر پاساوەکە بزانین، رەنگە جوانتر بزانین خزمەت بە نەصەکە بکەین و دەقەکەش لەڕاستیدا مەقبولتر بێت، هەم بۆ هەموو پەرلەمانتاران، هەم بۆ خەڵکیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی بەنیسبەت ماددەی چواردە کە بووە ماددەی سێزدە، بەنیسبەت ئەو موکافەئاتەی بۆ فەرمانبەران دانراوە، لێرە ئیعتیبار دەکرێت وەکو جەنابی بەڕێز وەزیری مالیە ئیشارەتی پێدا، ئەو موکافەئاتانە دەچێتە زیمنی حەوافیزی ماددی، بۆ ئەوەی کە دەدرێتە فەرمانبەر، من لێرە حەز دەکەم بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، کە ئەو موکافەئەیە بدرێت لەسەر ئەساسی کەفائەو خیبرات و ساعاتی عەمەلی ئیزافی، بۆ ئەوەی فەرمانبەری ئەوەی کە کەفوئە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايه لێره تەفسير ناكرێت، ئەو خۆی تەقديری زروفی ئەو فەرمانبەره دەكات كه لەلای موستەحەقە، موستەحەق نييه، چۆنه؟ لێره نيسبەكەيه، ئەو رەقمەتان پێ باشه، كەمه، زۆره، كەرەم بكه.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی سەداقەو ئەوانه نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايه خوشكی من له رەقمەكه كەمه يان پێت باشه؟ ئەو لەوێ، من فەرمانبەرێكم لا بێت دەزانم چۆنه، بەلاّم لەو ساڵه حەقی چەندم هەبێت پێی بدەم، يەعنی لەوەيه، كەرەم بكه، رێزدار رێباز فەتاح فەرموو.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستيدا لەسەر رێژەكه، من پێموايه هەموو وەزارەتەكان وەك يەك نين و جياوازی هەيه لەنێوان وەزارەتەكان.................

كارەبا كوژايەوە.

**دانيشتنی سێيەم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان بەردەوام دەبين لەسەر دانيشتنەكە، داوا له ليژنەی ياسايی و دارايی دەكەم كەرەم بكەن بۆ شوێنی خۆيان، ليژنەی ياسايی ئەوەی ماددەی چوارده كه بووه ماددەی سێزده لەسەر دوو مليۆنەكه بوو، ئايا دوو مليۆن بێت؟ زياتر بێ؟ كەمتر بێ؟ ئاخير پێشنيارتان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

لاتزيد المكافأت للموظفين على مليونين دينار سنوياً للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصة وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، پێشنیارێك هەبوو، كەرەم بكە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك لە بەڕێزان ناوی خۆیان نووسی بوو قسەیان نەكردووە، ئەگەر ئەوانیش قسە بكەن، باشترە، من خۆم یەكێكم لەوانە، نازانم چەند كەسی تریش ماوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر كەس كێ بوو قسەی نەكرد بوو، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم یاسایە وەكو هەموو وەزارەتەكان وەك یەك نییە، بە تەسەوری من هەر واشە، ئێستا ئەم یاسایە ناتوانرێت لە دوو ملیۆن زیاتر سەرف بكرێت، بۆ وەزارەتی تەندروستی كێشەیەكی دروست كردووە، وەزیری دارایی بەڕێزیش لەوانەیە ئاگاداری بێت، لەبەر ئەوەی كە ژمارەی پزیشكەكان كەمن لە وەزارەتی تەندروستی، زۆربەی پزیشكەكان چەند جارێك دەوامیان پێ دەكرێتەوە، بۆ پێشتر لە حەقی ئەم دەوام كردنە برێك لە موخەصەصاتیان بۆ سەرف دەكرا، ئێستا تەعلیماتی مووچە وەرگرتن نابێت موخەصەصاتیش بە ڕێژەی لە 200٪ زیاتر بێت، لەبەر ئەوە ئێستا لە تەواوی مەڵبەندە تەندروستیەكانی دەرەوەی شار دەوامیان راگرتووە، یەعنی هیچ پزیشكێك دەوام ناكات، ئەمەش كێشەیەكی زۆر گەورەی دروست كردووە، نازانم بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر پێشنیارێكی هەبێت، یاخود وەزارەتی تەندروستی ئیستیسنا بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو كێشەیە حەل بكرێت، یان بەشێوەیەكی تر چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو موداخەلەی من بەس بۆ ئەو میزانیەی ئیتیحادی بوو كە یەك ملیۆنە، دكتۆر سەباح قسەكانی منی كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حمه سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەم ماددەیە بکرێت بە دوو بڕگە، ئەمەیان بکرێت بە بڕگەی یەکەم، بڕگەیەکی تر بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە نەخۆشی درێژخایەن و ترسناکیان هەیە موکافەئە بکرێن کە لە دەرەوەی وڵات چارەسەر بکرێن، لەبەر ئەوەی هەندێك فەرمانبەر توانای ئەوەی نییە.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای بەڕێز ئەوە بۆ موکافەئەیە، فەرمانبەرێك لەناو دائیرەیەك، ئەو فەرمانبەرە لە ساڵێك موکافەئەی هەبێت، ئەمە لەسەر ئەو مەوزوعەیە، ئەوەی جەنابت لەوانەیە لە جێیەکی تر بێت، برای بەڕێز لەیەك جیاوازن، ڕێزدار هاوڕاز فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من دکتۆر سەباح کردی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان قسەی بەڕێز کاك سەباح کردی، هەر هەمان قسەیە، بەس دیسان تەئکید دەکەمەوە جارێکی تر وەختەکە زۆر تێپەڕیوە، کە ئەم دوو ملیۆنە بکرێت بە یەك ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حەسەن محەمەد فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من دوو بەشن، بەشێکیان ئەوە بوو کە دکتۆر ڕێباز کردی لە وەزارەتی تەندروستی، ئەم دوو ملیۆنە بەش ناکات، بابەتەکەی تریشم ئەوەیە کە بەڕاستی مەسەلەی موکافەئە لە وەزارەت و دەوائیر، مەسەلەیەکی قانونییە، تەبیعی سێ عینوان لە خۆی دەگرێت، جۆری موکافەئە، سەلاحیاتی موکافەئەکە کێ دەیدات؟ هەروەها میقدارەکە چەند بێت؟ بۆیە بە ڕەئی من پێویستە، یەعنی وا پێویست دەکات ئەم موکافەئەیە بە قانون ڕێك بخرێت، نەك بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری، ببوورن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەمیرە عبدالله فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو میکانیزمەی کە دیار کراوە بۆ دامودەزگاکان، کە بڕی پاداشت دیاری بکات، ئەوە پێم زۆر باشە، بەتایبەتی بۆ پلە دەو ئەوانەی کە تازە تەعین دەبن، بڕە پارەیەکی باشە، ئەگەر هەر فەرمانبەرێك بۆی نییە لە ساڵێکدا دوو ملیۆن زیاتر وەربگرێت، بەڵام فەرمانگەیەك بە هەر هۆیەك بێت لە ساڵێك ئەگەر زیاتر بێت پێی بدرێت، چۆن ئەوە دەزانرێت؟ یان کێ ئەو زیادەی وەرگیراوە کەشف دەکات؟ چونکە ئەوەش هەیە لە سولفەی مەستەدیمەش مەسەلەن لە سەلاحیەتی وەزیر دەکرێت بە تەوقیعی تایبەت بدرێت بە فەرمانبەرەکان، ئینجا ئەگەر روون کردنەوەیەك هەبێت لە لایەن وەزیری دارایی، سوپاسیان دەکەم، ئەگەرنا ئەوە زۆر باشە ئەو ملیۆنە، چونکە مانگێك دەدرێت، مانگێك نادرێت، دەکاتە ملیۆن و نیوێك، ئەوەی کە من تێگەیشتبم وەکو لە موئەسەسەیەکدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەماوەی ساڵێکدا دانرا، ڕێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پشتگیری لەو بڕە پارەیەی کە دانراوە دەکەم، لەبەر ئەوەی تا پاداشت بدرێت بۆ ئینسانی کەفوئ لە هەر شوێنێکدا، ئەوە نیشانەی بەرزی بیرکردنەوەی ئەو سەرۆکەیە لەو جێگایەدا بەڕاستی، بەس من پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا هەر فەرمانبەرێك دەگرێتەوە لە مستەوایەکی نزم تا بەرزترینی؟ چونکە دەڵێت بۆ هەر کەسێك، ئەمە یەك.

دووەمیش/ ئایا ئەو پلەیە؟ یان بە چ پێوەرێك، معیاری چیە؟ بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە دادەنرێت پاداشت بدرێت بە فەرمانبەرەکەی، پێوەرەکانی چیە؟ ئەگەر تۆزێك روون کردنەوە هەبوایە، تۆزێك بە گشت یاسایەکە نووسراوە، راستە مومکینە زۆر تەعلیمات نەنووسرێت لەناو یاسا، بەڵام زۆر کەسیش هەیە، ئەو پرسیارە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم شاشاتیەك لەلای ئێمە هەیە دەربارەی موخەصەصات و پاداشت، ئەوەی وەزارەتی صحە تەسەور دەکەم دەچێتە بابی موخەصەصات و لە هەر دائیرەیەك شێوازێکیان هەیە بۆ ڕێکخستن و ئیزافە کردنی بڕە پارەیەك بۆ راتبی مانگانە بە بەردەوامی، پاداشت دەکرێتە بەسەر کریارێك، رەنگە دوو کەس وەربگرن، ئەگەر کەسیش وەرنەگرێ، بۆیە پێویستە ئەوە تەوزیح بکرێت، تاکو نەچێتە ئەو، ئەمە یەك.

دووەمیان/ بە رەئی من لە سیستەمێك ژیام ئەسڵەن راتبەکەمان نیوەی لەسەر پاداشت بوو، لە دائیرەیەك بۆ دائیرەیەکی تر جیاوازە، لە ئاستێك بۆ ئاستێکی تر، پاداشت کردنی دەرهێنەرێك بۆ ئەوەی فلیمێکی لەسەر هەڵەبجە کرد جیاوازە لەگەڵ پاداشت کردنی باخچەوانێك کە باخچەکەی جوان کردووە، دەرکردنی ئەوها شتێك ببێتە یەك مقیاس بۆ هەموویان، من تەسەور دەکەم ئیکتیفا بکەین بەوەی رێنماییەکانی وەزارەت، ئەو پرسیارەکان زۆر وەڵام دەداتەوە، یا بە قانونیش دەربچێت، بەڵام تەجروبەی من لە نەمساو ویستین هاوسی دونیایی دوو، سێ مەرجیان هەبوو، یەك/ نابێت لە مانگێك زیاتر بێت لە ربعی مووچەکەی، نابێت لە ساڵێك زیاتر بێت لە دوو جار، دوو بە قەد مووچەکەی، ئینجا چەند جارە، ئەو کاتە عەدالەتەکەش پەیدا دەبێت بەپێی راتب و مەنصەبی تۆ، ترسی ئەوەی موکافەئات وەکو ئێستا مەترسی هەیە، کە ئەوەی ئیش نەکات زیاتر مەجالی هەیە بۆ خۆی رێگا بدۆزێتەوە موکافەئە وەربگرێ، بەپێی واقیعی ئیجتیماعی ئێمە، ئەوەی ئیش دەکات تۆزێك موخلیصە وا دەزانێت بەس ئیشەکەی تەقدیر دەکرێت، لەجیاتی ئەوەی ببێتە حافیز، بۆتە جێگای گلەیی، ئەو مەترسییە عیلاج دەکرێت بەوەی رێنماییەکان و موتابەعە گرنگ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان لەسەر ئەو موداخەلانە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی زۆری ئەو مولاحەزاتانەی کە دران پەیوەندی هەیە بە وەزیری دارایی، ئەگەر روون کردنەوەیەکمان بداتێ، جەنابت موافەقە بکەیت، ئەمە یەك.

بەنیسبەت ماددەکەش ئێمەو لیژنەی دارایی پشتگیری لە ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر من باسی دوو ملیۆنەکەم کرد چۆن سەرف دەکرێت، دیارە جارێکی تر من دەیڵێم ئەو دوو ملیۆنە، ئەگەر شەخسێك موکافەئە وەربگرێت، نابێت لە ساڵێکدا لە دوو ملیۆن زیاتر وەربگرێت، نابێت بە یەك جاریش دوو ملیۆنەکەی پێ بدرێت، بەپێی ئەو دەسەڵاتی وەزیرەی کە ئێستاکە هەیەتی، بەپێی ئەوە سەرف دەکات، موکافەئە سیفەتی دەیمومەی نییە، باسی موخەصەصات کرا، هەندێك نەخۆشخانە ئێستا داخراون، ئەوانە لەسەر مەسەلەی موخەصەصاتە، موشکیلەکەیان موشکیلەی موخەصەصاتە، موخەصەصات جیاوازە لەگەڵ موکافەئە، حەوافیزیش جیاوازە لەگەڵ ئەو موکافەئەیە، لەبەر ئەوە

موكافەئە مەرجیش نییە هەموو فەرمانبەران وەربگرن، ئەو رەئیسی دائیرەیە بە قەناعەتی خۆی لە نەتیجەی ئیش و کارەکاندا دەگاتە نەتیجەیەك، کە ئەو فەرمانبەرانە ئیشێکی موتەمەیزی باشیان کردووەو موکافەئەیان دەداتێ، دە فەرمانبەر لەو بابەتە بووە موکافەئەی دەداتێ، بیستیش موستەحەقی ئەو موکافەئەیە نەبوونە موکافەئەکەیان ناداتێ، شێوەی موکافەئەکە بەو شێوەیە سەرف دەکرێت، ئەم مەوزوعە موتەبەعە لە هەموو عێراق و لە هەموو عالەمیشدا موکافەئات، پاداشت هەر سەرف دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا مەبدەئی زیادو کەمەکە دەخەینە دەنگدانەوە، پێشنیار هەبوو کەم بکرێتەوە لە ملیۆنێك زیاتر نەبێت، هەبوو گوتیان ملیۆنێك کەمە دەبێت زیاد بکرێت، ئەو مەبدەئی زیادو کەمە لەگەڵ ئەسڵی مەشروعەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە پاداشتەکە لە دوو ملیۆن زیاتر بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەس نییە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لە دوو ملیۆنەکە کەمتر بکرێت، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (4) کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی لە ئەسڵی مەشروعەکە هاتووە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2009 لدائرته بعد نفاذ هذا القانون الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية والتعليمات النافذة.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەم دەبێتە ماددەی چواردەم:

سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرج کردن دەکەوێتە بەرلێپێچینەوە ئەگەر لە پێشکەش کردنی ژمێریاریی کۆتایی سالی 2009ی فەرمانگەکەی دوای جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دواکەوێ، ئەمەش بەپێی ڕێکارە یاساییەکان و ڕێنماییە جێبەجێ کراوەکان دەبێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و دارایی پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت تکایە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، دیارە پرسیار دەکرێت (وحدة الانفاق)، هەندێك دەوائیر هەیە، ئەقسام هەیە وەحدەی حیسابی تێدا نییە، هەر دائیرەیەك کە وەحدەی حیسابی تێدا بێت پێی دەوترێت (وحدة الانفاق)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ئەگەر کەسێك هەیە تکایە دەستی بەرز بکات، تاکو ناوی بنووسین، رێزدار کاك حاکم رزگار کەرەم بکە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو نەصە لە قانونەکە زیادە، یەکەم/ لە رووی لوغەویەوە (يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق) وا نییە (رئيس الدائرة لوحدة الانفاق) تۆزێك لە لایەك ئەگەر لوغەوی سەیری بکەیت، بەلاَم ئەمە دەدرێتە تەحقیق، یەعنی ئەمە نەصێکی عیقابییە، دەدرێتە تەحقیق، بۆچی؟ بۆ ئەوەی سزا بدرێت، لەکاتێکدا کە واجبی وەحدەی ئینفاق خۆی بەپێی قانون ئەوەیە کە تەعلیماتێك هەیە لەو بارەیەوەو، نەصێکی قانونیش هەیە لە قانونی عقوبات، ئەگەر یەکێك ئەو نەصەی شکاند، ئەو تەعلیماتەی شکاند، دەچێتە ژێرخانەی ئەو نەصە عیقابییەوە کە ماددەی (240)ە لە قانونی عقوبات و ئیحالە دەکرێت، ئەو مەسەلەیەش ساغ کردنەوەی دیارە، کە رەقابەی مالی کە چوو و ئەو خەلەلەی هەبوو، ئەو سەلاحیەتی هەیە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو نەصە زیادە لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر سەباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای تەئیدی بۆچوونەکەی کاك حاکم رزگار، خۆشم مولاحەزەیەکم هەیە پێشکەشی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەپێی ئەو قاعیدەیەی (المطلق يجري على اطلاقه)، ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە بە موتلەقی سەیری بکەین، یەعنی ئەو سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرج کردن بکەوێتە بەر لێ پێچینەوە، بەلاَم هیچ قەیدێکی تێدا نەبێت، بەبێ عوزرێکی رەوا، بەبێ عوزرێکی مەشروع، ئەگەر ئەو قەیدەی بۆ زیاد بکەین، حەز دەکەم بزانم رەئی لیژنەی یاسایی چیە لەسەر ئەوە؟ جاری وا هەیە مەسەلەن زروف قاهیرە هەیە، کە نەتوانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان قسەی مامۆستا رزگارم هەیە، تۆزێك عەرەبیەكەی تەواو نییە، یەعنی ئیعادەی صیاغەی دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر جار گلەیی دەكەین كە حیساباتی خیتامی نایەت و تاخیر بوو، ناگاتە پەرلەمان، بۆیە رەئیسی دائیرەی وەحدەی ئینفاق مەسئوولە لە ئامادە كردنی حیساباتی خیتامی، ئەوە ماددەیەكی تەئكیدییە، بۆ ئەوەی ئیلتیزام بكات بە تەقدیم كردنی ئەو حیساباتە خیتامییە، بۆ رەئیسی دائیرەكە هەیە، ئەگەر هاتو ئەوە لە مەوعیدی خۆی تەقدیمی ئەو حیساباتەی نەكرد ئیحالەی مەحكمەی موختەس هەیە، ئەو كاتە لەوانەیە قانونی عقوبات لەگەڵی مامەڵە بكات و سزایەكە لەوێ تەحدید كراوە، من پێم باشە وەكو خۆی بمێنێتەوە، وەكو لیژنەی یاسا، نازانم رەئی لیژنەی داراییش چیە، ئەوەی قوە قاهیرەش، ئەوە لە قانونی عێراقیدا هاتووە، بەڵام ئەگەر لێرە نەیەت، باوەڕ ناكەم چ تەئسیرێكی وای هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمەش هەمان رەئی لیژنەی یاساییمان هەیە، من ئەوەندەی بزانم ئەوەی زیاتر ئیلتیزامێكی رەئیس دائیرەكەیە بۆ وەحدەی ئینفاق لەگەڵ وەزارەتی مالیە، بۆ ئەوەی وەزارەتی مالیە بەرپرسی خۆی لەو بابەتە، یەعنی بزانێ بۆ چی ئەو دائیرەیە ئەوەی نەكردووە، باوەڕ ناكەم بچێتە بابی ئەو تەحقیقەی كە بەڕێزان باسیان كرد، بەس ئێمە دەقاودەق لەگەڵ ماددەكە داین، بۆ مسۆگەر كردن و تەواو كردنی حیساباتی خیتامی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارێك هەیە كاك حاكم رزگار كردی لەلایەن كاك دكتۆر سەباحەوە تەزكیە كرا، جەنابت شتێكی تازەت هەبوو، كەرەم بكە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەكەم، نازانم ئەگەر خوشك و برايان پێش من گوتبيان لە صياغەكە دوو تێبينيم هەيە، يەكێكيان دەكرێت ئەو ئينفاقە بكەين بە سەرف، ئەوە يەك.

دووەم/ داڕشتنەكەشی دووبارە گرفتی تيايە (يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق) بكرێت (يحال رئيس دائرة وحدة الصرف)، دەكرێت لەسەر خاڵی پێشوو تێبينی بدەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزير رەئيتان.

**بەڕێز شێخ بايز تاڵەبانی/وەزيری دارايی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموايە ئەو دەقە زۆر دەقێكی تەواوە، پارساڵيش بە هەمان دەق هاتووە، ئەوە نەبێت ئێمە تەرجومەی بكەين لە عێراقەوە لە قانونی موازەنەی عێراقی بۆ ئێرە، بەڵام هەموو دەقی وەحدەی ئينفاق (يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذي يتخلف)، وەكو خۆی هاتووە، يەعنی لەوێش بە هەمان شێوەيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی دارايی.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

يەعنی ئەوەی تێبينی دەكرێت لەوە مەسئوولی دائيرەكە بەرپرسە، يان موديری دائيرەكە بەرپرسە بەرامبەر موديری حيساباتەكە، ئەو كاتە مەسئووليەتەكە دەچێتە سەر موديری دائيرەكە، نەك موديری حيساباتەكە، كە موديری ئيدارە نەيتوانيوە موديری حيسابات ئيجبار بكات بۆ تەواو كردنی حيساباتی خيتامی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو پێشنيارەی حاكم رزگار كە تەزكيە كرا، ئەمە لێرە زيادە، دەيخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەيە ئەم ماددەيە لێرە دانەنرێت لابچێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، چوار كەس لەگەڵدايە، كێ لەگەڵدا نييە دەيەوێت وەكو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرينەی دەنگ وەكو خۆی مايەوە، تكايە بۆ ماددەيەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة:

تخصص مبلغ (120) مليار دينار لصندوق مشروع تنمية قدرات كوردستان في حساب خاص لتهيئة كادر متخصص في مختلف المجالات التي يحتاجها الاقليم من خلال زمالات دراسية خارج الاقليم ويعد بنظام من قبل مجلس الوزراء.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەم:

گوژمەی (120) ملیار دینار تەرخان دەکرێ بۆ سندوقی پرۆژەی گەشەپێکردنی تواناکانی کوردستان لە حیسابی تایبەتی بۆ ئامادەکرنی کادیری پسپۆر لە بوارە جیاجیاکانی کە هەرێم پێویستی پێ دەبێ. ئەمەش لەرێگەی زەمالاتی خوێندنەوە دەبێ لەدەرەوەی هەرێم و بە رێسایەك لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئامادە دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و دارایی تەئیدی ماددەکە دەکەین، وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی ماددەکە دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن ناویان دەنووسین لەسەر ئەو ماددەیە، رێزدار بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا تەرخان کردنی گوژمە پارەیەك (120) ملیار دینار بۆ تواناسازی زانستی، مانای گرنگیدان و بایەخدانە بە بوارەکانی زانست و رۆشنبیری و پێشکەوتنخوازی، لەلایەکی تریشەوە ئاوڕدانەوەیەکی جددیانەیە بەلای گەنجاندا، لە هەمان کاتیشدا مانای دروست کردنی کوردستانێکی ئاوەدانە بە عیلم و زانست، ئەم دەست پێشخەرییە نموونەییە پێویستی بەوە هەیە کە راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان سەرجەم ئەو توانایانەدا، کە بتوانێت ئەو مافە بۆ هەمووان وەك یەك دابین بکات، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە

ئامادە کردنی پێڕەوەکە بۆ ناردنە دەرەوەی خوێندکاران لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بێت، نەك ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە شتێکی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مەعنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە تەرخان کردنی ئەو پارەیە (120) ملیارە دەکەم، بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان لە کوردستان، ئەمەش لەکاتێکدا بەڕاستی ئێمە پێویستیمان پێی هەیە لە کوردستان، یاخود لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی، ئەوەش دوای ئەو هەموو جەنگەی با بڵێین ئەو هەموو دابڕانەی کە کوردستان لەگەڵ دەرەوەی دنیادا هەیبوو بە حوکمی ئەو جەنگانەی عێراق و ناوخۆو ئەو هەموو گەمارۆ ئابووری و مەعریفی و کلتوورییەی کە لەسەر کوردستاندا هەبووە، من پێموایە سندوقێك لەم بابەتە یەعنی لە توانایدایە، یاخود دەتوانم بڵێم زەمینە دەڕەخسێنێت، یاخود بوار دەڕەخسێنێت بۆ تاکی کوردستان، یەعنی کە دووبارە ئەو پەیوەندییە ببەستێتەوە لەگەڵ دنیای دەرەوەداو دووبارە بەهرەمەند بێتەوە لەو ئەزموون و لەو تەجروبانەی لە دەستی داوە، کە مرۆڤی کوردستانی نەیتوانیوە بەهرەمەند بێت لێی، ئیتر ئەو کەناڵە دروست دەکاتەوەو، ئەو پەیوەندییە دروست دەکاتەوە، دەبێتە هۆیەك بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفی لە کوردستاندا، هەروەها ئاستی پیشەیی لە لایەکی تردا، ئێمە نموونەیەکی زیندوومان هەیە، ئێستا لەو سەردەمەدا ئەویش وڵاتی ژاپۆنە، نزیکەی بە لە سەدەیەك کاتێك کە بەرخوردیان لەگەڵ دنیای ئەوروپا داناو پەیدا کرد، بینیان کە ئەوان بەڕاستی لەبەرامبەر ئەو وڵاتانە زۆر دواکەوتووترن بەشێوەیەك لە شێوەکان، لەکاتێکدا پێشتر وێنەیەکیان لەسەر خۆیان دانابوو، پێیان وابوو زۆر لە هەر هەموو وڵاتانی ترو دنیا پێشکەوتووترن، بەڵام کە ئەمەیان بینی ئیتر هەر زوو کەوتنە خۆیان و بەرنامەو پرۆگرامێکی زۆر درێژخایەنیان داڕشت، بۆ ئەوەی بتوانن بەهرەمەند بن لەو ئەزموونەو لەو تەجروبانەی کە لە لای وڵاتی خۆیان نییە، بەتایبەتیش لە ئەوروپاو لە وڵاتانی باکووری ئەمریکادا، ئیتر ئەوە هەر وای کرد بە لێشاو خەڵك بنێرنە دەرەوە، بتوانن ئەو ئەزموونە بگەڕێننەوە بۆ وڵاتی خۆیان، من پێموایە سندوقێکی وا دەکرێت ئەزموونێکی وا دووبارە لە کوردستان

دروست بکاتەوە، ئەگەر بەرنامەیەکی تۆکمەو باش پەیڕەو بکرێت، بۆیە من پشتگیری لەو ماددەیـە دەکـەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـەم ماددەیـەدا سـێ خـاڵ هـاتووە، سـێ شـت هـاتووە، یـەکێکیان/ دروسـت کردنـی سـندوقێك، کـە بەڕاسـتی نازانرێت ئەم سندوقە لەلایەن کوێوە بەڕێوە دەبرێت؟

دووەم/ ئامادە کردنی کادیری پسپۆر، کە نازانین لێرە کێنە ئەوانەی کادیری پسپۆر؟ هـەروەها مەرجـەکانی ئەو کادیرانە چین؟

حاڵەتی سێیەم/ بە پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیران، بە ڕەئی من لێرە ئەگەر بۆردێك بێت باشترە، پێك بێـت لە وەزیری تەعلیم عالی، وەزیری پەروەردە، وەزیری پلاندانان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ئەگەر ئەم نەصی بخوێنن، تەقریبەن شـوبهە عمومیـەتی تێدایـە، دەڵـێتن (لابنـاء او تنمیـة قـدرات کوردستان)، کام قودرات؟ ئەگەر بێت دوایی بخوێنێت، ئەوە لێـرە وا حەصـر دەبێـت تـەنیا لـەبواری زانکـۆدا دەگرێتن، ئەگەر لەبواری زانکۆش بگرێت، دووبارە لازمە، نەك بەس زەمالەی دیراسی، زەمالات و بەعەسات، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم بابەتەکـە لـەخۆی وا دیـارە گـەورەترە، یـەعنی فـراوانترە مەبەسـتەکەی، پـێم باشـە بنووسـن (یخصـص مبلـغ 120 ملیـار دینـار لصـندوق مشـروع تنمیـة وتطـویر) تەنمیـەو تـەتویر لـە یـەکتر جیاوازن، تەنمیە موخەتەتە، لە ماددی و نەوعیش وەرگرین، تەتویر پێشخسـتنە زیـاتر (قـدرات کوردسـتان البشریة في حساب خاص لاجل تلبیة احتیاجات الاقلیـم مـن الكـادر المتخصـص في مختلـف المجـالات وذلـك مـن خلال الزمـالات والبعثـات الدراسـیة، او المشـاركة في كورسـات تدریبیـة خـارج الاقلیـم واستضـافة المتخصصـین لاقامة كورسات تدریبیة داخل الاقلیم ویعد ذلك بنظام من قبل مجلس الـوزراء)، مـەرج نییـە ئێمـە هـەموو کەسێك بنێرینە دەرەوە، دەتـوانین کۆرسـی تـەدریبی لـە کوردسـتانیش بکـەین، لەوانەیـە تێچـوون و کولفـە کەمتر دەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەو ماددەیەدا پشتگیری ئەو خاڵە دەكەم كە دەیبینم بە پرشنگدارترین ماددەیە لەناو ئەم پرۆژەیەدا، كە پیشاندانی بایەخدانە بە هزرو فیكری هەر مرۆیەك لەناو ئەم هەرێمەدا دەژیت، راستە مومكینە وا بە عومومیەت پیشان دەدرێت، بەلأم لە دواییدا دەڵێت بە نیزامێكی خاص دابنرێت، ئەو نیزامە رێنمایی تایبەتی تێدا هەبێت، ئەگەر زانكۆ لەناویدا دەوری ئەساسی هەبێت، ئەوە یەكێكە لە كارە باشەكان كە دەكرێت، ناردنی هەر كادیرێك بۆ دەرەوە، بۆ گەیشتن بەو دنیا نوێیەی عەولەمەو دنیای تازە، نیشاندانی بایەخدانی ئەم حكومەتەیە، هەر تاكێكی ئەو كۆمەڵگایە وا ئێستاش دەبینین لەسەر هەموو موستەوایاتێك، ئەگەر لە عێراقەوە بۆناو هەرێمیش، هەر كادیرێكی كوردی پێشكەوتوو، ئەو كادیرانەن كە چوون دەرەوەی وڵاتیان دیوەو گەیشتونەتە توانایەك بیر كردنەوە، كە بتوانن بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمە ببەن و لە ئاستێكی زۆر بەرز كە جیاوازی نەبێت لەگەڵ ئاستی ئەو شوێنانەی كە لەدەورو بەرمانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كوردستانی، ئێمە لە كوردستانین هەموومان پێكەوە دەژین، رێزدار پەروین فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان جێگای دەستخۆشییە دیاری كردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ پێگەیاندنی توانای لاوەكان، بەتایبەتی ئاوڕێكی جددیانەیە لە گەنجەكانی ئەمڕمان، بەلأم من پێم باشە ئەگەر لێرە تایبەتمەندییەك بە مندالأنی شەهید بدرێت، بەتایبەتی ئەوانەی كە توانای زیرەكیان بەرزەو كەم دەرامەتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئامینە فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پرسیارێ منیش ژی وەزیری دارایی هەین، ئێكێ/ دەرەڤەی ماددەیە، چونكە گەلێك نیقاش هاتە كرن سەر عەلەساس ئەو ماددەت قانونیە هاتینە دانان لەوە زیاد تێدا هەی، ژی بەر هەندێ من دبێ پرسیارێ لێ بكەم، دیڤ قانونا مەجلیس شورای یا ژمارا (14) سالا 2008ێ كوت بێژیت هەر پرۆژە یاسایەش كوژ ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزارەتەكە، یان رێڤە بەریاكە سەر بازارێتڤا، ڤێت بچێتە مەجلیسی شورا وێرێ رازڤە كرنا قانونی بۆ بێتە كرن پێشت كنی پەرلەمانێ بهێتە، پرسیار ئەڤەیە ئایا بۆ ئەڤ پرۆژە ئەوێ دێنە پەرلەمانێ بۆ مەجلیسی شورا چیتە؟ چونكە ئەم بزانین بۆنموونە هەمەداسبی پرۆژە یاسایی بۆ نموونە،

کو ئەگەر نەچین بەڕاستی بێت نوکە ئەڤ چاڤ خشاندنە بێتە کرن، پرۆژە یاسا بۆمە نەهێنن هەتا نەچینە مەجلیسی شورا، ماددەی شازدە بەحسێ حیسابێت تایبەتی دکاتن، مەخصەد چیا؟ چ حیسابێ تایبەتی؟ لەلایەکی دی دەرەڤە ژی ئەکەم ئەگەر باش بیتن کو ئەو پەیڕەوە ژی ئەنجومەنێ وەزیران ڤە باسیا بۆردێك بێتە دانان کو سێ وەزارەتی پەیوەندیدار، وەزارەتا خوێندنی بالا ڤە کولینە زانستی، وەزیری پەروەردەو وەزیری پلاندانانێ ئەندامێت بۆردا سەرپەرشت کردنێ بن، کو لیژنە یا پەروەردە خوێندن بلند پەرلەمانێ کوردستانێ ژی ئەڤ بۆچوونە هەبوو لێ پێشنیارێت خۆدا لیژنەی دارایی نەخیستبوو بەر دیکۆنینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشێك لە تێبینیەکانم ئامینە خان گوتی، من لەگەڵ ئەوەمە کە توێژینەوەی زانستی بۆ زیاد بکرێت بە بڕگەیەك، چونکە هەموومان دەزانین توێژینەوەی زانستی کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر پێشکەوتنی هەر وڵاتێك.

خاڵێکی تر، لەناو ماددەکەدا هاتووە لەجیاتی مەجلیسی وزەرا بە بڕوای من بکرێت لە جیاتی ئەوەی (یعد بنظام من قبل مجلس الوزراء)، بخرێتە ژێر سەرپەرستی تەواوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەو خۆی چۆن بۆرد بۆ ئەوە دروست دەکات بۆ ناردنی زەمالات، خۆی موخەوەل بکرێت بە تەواوی پەیوەندی بە هیچ وەزارەتێکی ترەوە نەبێت، چونکە ئەوە لە ئیختیصاصی سەرفی وەزارەتی خوێندنی بالآیە بەڕاستی مەسەلەی زەمالات، چونکە بە سەریحی لێرە ئاماژەی پێ کردووە لە رێگای زەمالاتی خوێندنەوە دەبێت بۆ دەرەوەی وڵات، واتا ناوی توێژینەوەی زانستی تێدا نەهاتووە، پێشنیارێکی تر هەر بۆ ئەو ماددەیە تەنها بۆ ناردنی خوێندکاران نەبێت بۆ دەرەوەی هەرێم، چونکە ئێمە دەزانین لە مەجالی علومی سەرف، ئەمە رەنگە ئاستێکی باش دروست بێت، بەڵام لە مەجالی علومی ئینسانی رەنگە زۆر دروست نەبێت، ئێمە لە مەجالی علومی سەرفدا رەنگە پێویستیەکی زۆرمان بەوە هەبێت، کە کەوادیری باش پێ بگەیەنین لەو مەجالەدا، لەناوخۆشدا ئەو کەرەستە عیلمی زۆر باشەمان لەبەردەستدا نییە، یاخود ئەو موختەبەراتە عیلمیە باشانەمان لەبەر دەستدا نییە بۆ پێگەیاندنیان، بۆیە باشتر وایە بۆ علومە ئینسانیەکان ئێمە کادیر لە دەرەوە بێنین، بۆ علومە سەرفەکان کادیر بنێرینە دەرەوە، یەعنی کادیر مەبەستم ئوستازە، یا خەڵکی پسپۆر لە دەرەوە بهێنین، واتا موعادەلەکە دوولایەنە بێت، هەم زەمالاتی تێدا بێت، هەم هێنانی کەوادیرو ئوستازیشی تێدا بێت لە دەرەوە بۆ علومە ئینسانیەکان ئەوەش بگرێتەوە، هەمان سەرنجیشم لەسەر مەسەلەی حیساباتی خاصە هەیە، نازانم منیش لێی حاڵی نەبووم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەڕێز دکتۆر جەعفەر کردی، قسەم نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە، پارەیەکی باشە ئەو (120) ملیار دینارە، ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا سەرپەرشتی بکات باشە، بەس بە دوو ڕێگا، ئەو دوو ڕێگایەش بەڕێز دکتۆر جەعفەر باسی کرد، یەك/ ئەگەر کادیر لە دەرەوەی وڵات بێنین.

دوو/ ئەگەر پێویستیمان بە موختەبەڕات و لایەنی زانستیەکە بێت، بۆ خۆمان کادیر بنێرینە دەرەوە، ئەگەر سوودی لێ وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن ئەو بڕەی لە ماددەکە هاتووە، زۆر دڵخۆشکەرە، کە ئاستی زانستی و مەعریفی خەڵکی کوردستان بۆ پێشەوە دەبات، من پێموایە بڕگەیەکی تر بۆ ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێت، کە پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، لەسەر شەهیدان قسەم کرد، بڕگەی دووەم ئەوە بێتن بڕی ( )بەنیسبەت میئەوی، یان ژمارەیەکی دیار کراو بۆ کچ و کوڕی شەهیدان بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، چ لەناوەوە، چ لە دەرەوە بێتن، ئەمە ئیزافە بکرێتن، چونکە لە هیچ شوێنێك ئەو ئیمتیازە نەهاتووە بۆ کوڕو کچی شەهید، کە زۆر پێویستیان پێ دەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بۆچوونی من وەك بۆچوونی کاك جەمالە، بەس تەنمیەی قودراتی بەشرییە، ئێمە دەمانەوێت سیستەمی ئیدارەیەکەمان بەرەو باشتر بڕوات، هەر من یەك نموونە دەهێنمەوە لێرە موهەندسمان نییە لە ستیل چاکترا باش بێت، لەبەر ئەوە دوو ئیشمان پەکی کەوت، لەبەر ئەوەی موهەندیسمان نەبوو، ئێستا

دەبێت بیکەنەوە بە کۆنکرێت، لەبەر ئەوە لە بەنداو، لە تونێل، لە فڕۆکەخانە، لە سیستەمی تەدفیئەو تەبرید، ئاگر کوژانەوە، مەصاعد، لە ئسلوبی یاسایی تێرەنکی، لەم شتانە کەس هیچی مەعلوماتی ئەوەمان نییە، لەبەر ئەوەی لە دوای ساڵی 2003 ئەو پارە زۆرەی کە تەرخان کراوە بۆ کوردستان، ئەوەندە زەرەری دا لە مەشاریعەکان، چونکە بەڕاستی کادیرەکانمان و تەکنیکیەکانمان ئەو شارەزاییەیان نەبوو، لە تەختیتی مودن، لە هیچ شتێکدا، لەبەر ئەوە ئەو تەنمیەیە زۆر باشە، بەڵام دەبێت وەزارەتەکانی کە بەڕاستی لەو مەجالەدا ئیش دەکەن، وەکو ئاوەدانکردنەوە، وەکو ئەوانە خەڵکی خۆیان بنێرن، ئەمە عیلاقەی بە خوێندنی باڵاوە نییە، چونکە ئەو بەشی هینی خۆی هەیە، زەمالات و شت دەنێرێت، بە عەکسەوە ئەو کەسەی کە تۆ دەینرێت بۆ ئەوە بە هیچ شێوەیەك نابێت بچێتەوە جامیعە، چونکە بچێتە جامیعە دیسان دەبێت بە ئەکادیمی و ناتوانێت لە بواری ژیانە عەمەلیەکە خزمەت بکات، من دەستخۆشی لە حکومەت دەکەم، کە دەیەوێت ئیدارەکەی خۆی چاك بکات، بەم شێوەیە ئەمە فورسەتێکە هەمووومان چاوەڕوانمان دەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە جێی دەستخۆشییە، مەبەستمان ئەوەیە بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی، بەڵام پێشنیار وایە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مەعنی و لیژنەیەکی بێ لایەن و ورد دابنرێت بۆ کەسانی شیاو بۆ دەرەوەی وڵات، هەروەها منداڵی شەهیدیش بێ بەش نەبن، بەڵام هەر ئەوە نەبێت کە ئێمە بنێرینە دەرەوە، ئەگەر بکرێتن لەوێش بێن لێرە دەورات بکرێتەوە، دەوراتی تەئهیلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ سەرنجم هەیە لەسەر ئەو حیسابی تایبەتیە، ئەگەر جەنابی وەزیر بۆمان روون بکاتەوە.

دووەم/ مادام لێرە دەڵێت لە ڕێگای زەمالاتی خوێندنەوە، مانای وایە دەست نیشانی کردووە، تەحدیدی کردووە، یەعنی ئەمە ئیختیصاصی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، بۆیە دەبێت هەموو ئەوە لە ڕێگای وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بکرێت و، پەیڕەوەکەش دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا دەریبکات، لەبەر ئەوەی باسی زەمالاتی خوێندن دەکات، باسی ئەوە نەکات لە شوێنێك ئەندازیار دەنێرێت، لە شوێنێك دکتۆر دەنێرێت، ئەمە باسی زەمالاتی خوێندن دەکات، بۆیە ئەمە ئیختیصاصی تەواوی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، بۆیە پێویستە لە ژێر سەیتەرەو لە ژێر پەیڕەوی ئەوانە بەڕێوە بچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عومەر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من زۆر دەستخۆشی دەكەم لەو ئاوڕدانەوە جددیە لە تەنمیەی عیلمی لە كوردستان، مەبلەغێكی باش و جێی نرخاندنە بەڕاستی، دوو، سێ تێبینیم هەیە بەڕاستی، یەكیان/ جەوهەرییە، من وادەزانم ئەگەر باسی تەنمیاتی قودراتی عیلمی بێت لە كوردستان باشتر وایە صیاغەكە هەر وای لێ بكەین (صندوق مشروع تنمیة القدرات العلمیة)، بۆ ئەوەی موحەدەد بێت، چەند براو خوشكێكیش ئاماژەیان پێ كرد، كە باسی زەمالات كراوە، باسی خوێندن كراوە، دەبێت ئێمە تەخصیصی بكەین، چونكە تەنمیە شتێكی زۆر عامە، یان دەبێت زەمالاتی دیراسی لا ببەین و بیكەینە مەشروعی تەنمیە لە كوردستان، بۆ ئەوەی هەموو مەجالاتەكان بگرێتەوە، یان ئەگەر باس باسی زەمالاتی دیراسی و گرنگیدانە بە لایەنی عیلمی، دەبێت وای لێ بكەین بڵێین (مشروع تنمیة القدرات العلمیة)، ئەوە خاڵی یەكەم، تەبعەن ئەوە ئەوەش دەخوازێت لە جێی ئەوە وەكو كوێستان خانیش ئاماژەی پێ كرد لە جێی مەجلیسی وزەرا ئەو نیزامە وەزارەتی تەعلیمی عالی دەریدەكات، یان بە لایەنی كەمەوە بوترێت (بالتنسیق مع وزارة التعلیم العالي والبحث العلمي).

خاڵێكی ترم، بەنیسبەت هەڵەی زمانەوانیەوە، من تكام وایە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و لایەنی تریش، بەتایبەتی لیژنەی یاسایی، ئێمە ئەوەندە ئاماژە نەكەین بە نیزامە عێراقیەكە، چونكە نیزامی عێراقی وەنەبێت خوێندەوارێكی زۆر عەرەبی زان دایانابێت، زۆربەی زمانزانانی عەرەب غەیری عەرەب بوون، لەبەر ئەوە بە دڵنیایی دووبارەی دەكەمەوە، كە لە خاڵەكانی پێشووشدا چەند هەڵەیەكی زمانەوانی هەیە، داوا دەكەم خەبیرێكی لوغەوی پیاچوونەوەی بۆ بكات، ئەگەر ئیجازە بێت نوقتە نیزامیەكیشم هەیە، بەنیسبەت خاڵی سێزدەوە، ئێمە دەنگمان بۆ نەدا كە لابدرێت تەسلسولەكەشتان گۆڕی، دەزانم لە رووی یاسایی ئەگەر كاك شێروان لەگەڵم بێت دەبوایە بخرێتە دەنگدان، كە خاڵی سێزدە لابراوەو پرۆژەی بۆ دەردەچێت، ئێمە چووین بەسەریداو تەسەلسولەكەتان نەگۆڕی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەپێچەوانەوە، خرایە دەنگدانەوەو تەقدیمان كرد، موافەقەت كرا مەشروعێكی تایبەت بێتە پەرلەمان و دیراسەی بكەین، ئینجا ئیقرار بكرێت، چۆن وەكو مەشروعەكە موافەقەتی لەسەر كرا بەو شێوەیە مەقاتیع دەبێت بەكۆی دەنگیش بوو، هەر بۆ زانیاری جەنابت، من لەلای خۆم نووسیومە، ڕێزدار سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بە خاڵێکی گەشی دادەنێین لەم بودجەیەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێکی تەواوی داوە بە گەنجەکان و تواناسازیان، ئەم سندوقە خۆی ناوی بەخۆیەوەیەتی سندوقی تواناسازی کوردستان، ئەم سندوقە هیوادارم بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەردەوام بێت، بۆ دروست کردنی تواناکانی گەنجەکان لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە هەر ئەمە کارێکی وای کردووە، ئێمە لە کادیر لە زۆر لە مەجالاتدا هەر ئەوەی کە لەبەردەستماندایە ئەو بودجەیە، هەندێك کەموکورتی تیایە هەر خەلەل ئەوەیە لە راپۆرتی وەزارەتی داراییشدا هاتووە نەبوونی شارەزا، لەبەر ئەوە تەنها بۆ کادیری تەدریسی نییە، ئەمە هەموو مەرفەقەکانی ژیانی ئەم کوردستانە پێویستی بە کادیری موتەخەصیص هەیە، چونکە دکتۆرا تەنیا بۆ وانە گوتنەوە نییە لە زانکۆدا، بەڵکو لە زۆر لە تەخەصوصەکانە، کە دەوترێت حیسابێکی تایبەت، بۆ ئەوەی نەچێتە ناو رۆتینی ئەوەی کە هەیە، بەپێی ئەوەی کە چۆن بمانەوێت پارەی لێ دەربهێنین، بۆ چ شوێنێك بێت؟ ئەمە نیزامێکی تایبەتی بۆ دەردەچێت، ئەوەی کە من حەز دەکەم هەندێك بەڕێز ناویان هێنا بۆ منداڵی شەهید دابنرێت، هەر ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێشوودا یاسامان دەرکردووە، لەو یاسایە وەزارەتی شەهیدان لە 15٪ هەموو ئەو بەعسات و زەمالاتانەی کە هەیە لە کوردستاندا حیصەی لە 15٪ی ئاراستەی وەزارەتی شەهیدان دەکرێت، بەپێی کەفائەی عیلمی و مونافەسە منداڵی شەهید لەسەری تەنافوس دەکات، هەر بۆیە من دەستخۆشی دەکەم و پشتگیریشی لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پشتگیری دوو، سێ بەڕێز دەکەم لە پێشنیارەکانی شلێر خان و کاك جەمال و ئامینە خان و دکتۆر جەعفەر، یەکەم/ ئەمە بە سەرپەرشتی بۆردێکی تایبەت بێت، من دەڵێم تاکو ئەهمیەتێکی خۆ هەڵگرێت بە سەرۆکایەتی سەرۆك و جێگری ئەنجومەنی وەزیران و بەشدار بوونی وەزیری پلاندانان و وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری پەروەردە، بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆیەکان، پێشنیار دەکەم نەصەکە بەو شێوەیە بێت، تاکو مەسەلەی حیسابیەکەش حەل ببێت (گوژمەی 120 ملیار دینار تەرخان دەکرێت بۆ حیسابی تایبەت بە سندوقی دەتوانی بیکەینە (سندوقی گەشەپێدان و پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤی لە کوردستان) بۆ ئامادە کردنی کادیری پسپۆر لە بوارە جیاجیاکان، کە کۆمەڵگاو بوارە ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان پێویستی پێ دەبێت، ئەمەش لە رێگای زەمالات و بەعسات و توێژینەوەو دەوراتی تەخەصوصی بەپێی رێنماییەك کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عیماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیریا رەئیا كاك عبدالسلام دكەین دەربارەی تەشكیل كردنا بۆردێكێ، دیسان من دوو پرسیار هەنە، ئومێدەوارم ئاراستەی وەزیرێ دارایی بكەم، ئێك/ ژێ دەرێ بڕی ئەم پارەیە دیار نییە، لە كام باب لە بابەكانی بودجە دەبڕێت.

دوو/ ئەڤ حیسابە خاص دێ ل كیڤەبیت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر عومەر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ پێشنیاری ئەوەمان كرد بوو، وەكو بەڕێزانیش باسیان كرد كە بۆردێك بۆ ئەمە پێك بهێنرێت، بەڕێزان لە لیژنەی دارایی و ئابووریش پەسندیان كردووە، بۆیە ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە كە بۆردێك پێك بهێنرێت لە وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری پلاندانان و وەزیری پەروەردە، ئەم وەزارەتانە لەبەر ئەوەی زیاتر مەعنین بە مەوزوعەكە، هەرچەندە لەوێدا بە ئاشكرا هاتووە، كە لە هەموو بوارە جیاجیاكاندا، نەك تەنها بواری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، هەروەها لەسەر ئەو ئالیەتەی كە دانراوە، كە دەڵێت لە ڕێگای زەمالات، بەتایبەتی لەوێ باسی زەمالات كراوە، ئێمە پێمانوایە جگە لە زەمالات باسی وەكو بەڕێزانیش باسیان كرد، باسی توێژینەوەش بكرێت لە ڕێگای زەمالات هەروەها توێژینەوەی زانستی، هەروەها كردنەوەی دەوراتی خاص لە دەرەوەی هەرێم، هەروەها لەناو هەرێمیش دەكرێت ئەمە بكرێت، واتا جگە لە خارجی ئیقلیم داخیلی ئیقلیمیشی بۆ زیاد بكرێت، هەروەها لەوێدا كە باسی قودرات كراوە، بەڕێزان باسی ئەوەیان كرد عیلمی، بەڵكو ئێمە پێشنیار دەكەین كە فەنیشی بۆ زیاد بكرێت، واتا توانا زانستی و هونەریەكان، چونكە هەردوو مەجال پێویستە بۆ پەروەردە كردن و بایەخ پێدان، واتا ئێمە جارێكی تر جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە كە بۆردێكی بۆ پێك بهێنرێت، هەروەها ئالیەتەكانیش بیجگە لە زەمالات توێژینەوەی زانستی، هەروەها كردنەوەی دەوراتی تایبەتیشی بۆ زیاد بكرێت، تەنها لە دەرەوەی هەرێم نەبێت، بەڵكو لە ناوەوەی هەرێمیش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تكایە پێشنیارەكەت بە نووسین بنووسە بۆمان بنێرە، ڕێزدار عەمەر سدیق فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرباری دەستخۆشی لە دابین كردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ گەشەپێدانی تواناكانی كوردستان، من پشتگیری لەو ڕەئیە دەكەم كە بۆردێك پێك بهێنرێت لەو وەزیرانەی كە ناویان هێنرا، لەگەڵ ئەوەش من پێشنیار

دەکەم کە لەم حیسابە، یان لەکۆتاییەوە بنووسرێت موناقەلەی لێ نەکرێت، بە هیچ جۆرێك ئەم حیسابە موناقەلەی لێ نەکرێت، بۆ ئەوەی بە جێگری بمێنێتەوەو پارەکە تەنها بۆ ئەو بابەتە خەرج بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتەی ویستم قسەی لێ بکەم لەلایەن هاوڕێیەکانمەوە باس کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار لانا خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی من تێبینیم هەیە لەسەر صیاغەکە، ئەویش بەڕێزان، کاك جەمال و کاك عبدالسلام ئیشارەتیان پێدا کە بنووسرێت (لصندوق مشروع تنمیة وتطویر الموارد البشریة في کوردستان)، ئەوە تێبینیەکەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانم گوتران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە تەخصیص کردنی ئەو گوژمە پارەیە دەکەم بۆ پرۆژەی گەشەپێدانی تواناکان، بەلاَم من پێموایە ئەگەر تەنها بۆ وەکو لەکۆتایی ماددەکە ئیشارەتی پێداوە، ئەگەر تەنها بۆ زەمالاتی خوێندن بێت دەبێت پەیڕەوەکە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی بالاْوە بێت، ئەگەرنا دەبێت بە وەزارەتی خوێندنی بالاْ پەیڕەوی بکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس نەما وانییە، لیژنەی یاسایی رەئیتان دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە کران.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار زۆر باش خرایە روو، هەندێك پرسیار کرا سەبارەت بە کادیری پسپۆڕی، یان حیسابی خاص، بەڕێزان، ئەوە یاسای بودجەیە، ئەوەی گرنگە لێرە تەرخان کردنی ئەو برِە پارەیە، ئەو وردەکارییانە لەناو یاسایەکە جێی نابێتەوە، ئەوە بە رێسا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیـران دەردەچێت، ئەو هەموو بابەتەی کە ئێوە وروژاندتان، ئەو پرسیارو تەفاصیلانە لەویٚ باس دەکرێت، ئێرە شوێنی نییە، ئەوەی گرنگە لێرە باس لەو وردەکارییانە کرا، ئەو برِە پارەی کەوا تەرخان کراوە بۆ پێگەیاندنی کادیر، کە ئێمە کێشەمان هەیە لە زۆر بوار، کەوا کادیری پسپۆڕمان نییە، لە ئایندە هەوڵ بدەین و ئیعتیماد لەسەر کادیرو خەڵکی خۆمان بکەین، نەك هانا بۆ کەسێکی بیانی و بێگانە ببەین و بێن فێرە شتمان بکەن و رێمان نیشان بدەن، مەبەست لەو سندوقە ئەوەیە، ئەو حیسابەش حیسابێکی تایبەتە بەو بوارە، موناقەلەو شتی وای لیٚ ناکرێت، ئەو بابەتەش دوایی جەنابی وەزیر دوای رەزامەندی سەرۆکی پەرلەمان بۆمان روون بکاتەوە.

پرسیاری ئەوە کرا کە خولی راهێنان دەکرێتەوە، یان نا؟ بەڕێزان، ئەو برِە پارەیە بۆ مەبەستێکی تایبەت دیاری کراوە بۆ ئەو سندوقەن، ئەویتر خولی راهێنان هەمووی لەسەر بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو پرۆژانە بەردەوامە، ئەوەی زەمالات و بەعسات و ئەوانەی باستان کرد، ئەوە تەنها پێگەیاندنی کادیری پسپۆرە لەو بوارانە، بەپێی ئەو رێسایەی لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت لەو بوارانەی کە ئێمە نەقصمان هەیەو پێویستیمان پیٚ هەیە، زیاد کردنی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەو پێشنیارە کراو چەندین ئەندامان پشتگیریان لیٚ کرد، هەندێك باسی ئەوەیان کرد کە وەزیری پلاندانان زیاد بکرێت بۆ پێکهێنانی بۆردێك وەزیری پەروەردە، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری پلاندانان، بەڕێزان، ئەوانە هەمووی ئەندامن لە ئەنجومەنی وەزیران، لەویٚ کە رێسایەکە دەردەچێت ئەو بابەتە تەنزیم دەکرێت، ئەوانیش ئەندامن لەو ئەنجومەنە، دەتوانن لەویٚ هەوڵ بدەن هەر یەکە بەپێی ئەو بوارەی کەوا نەقصمان تێدا هەیەو پێویستمان بە کادیرە، پێشنیارەکانی خۆی پێشکەش بکات، بۆیە ئەو ئەنجومەنە فراوانە، کە ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڕەئی من باشتر دەتوانێت بە کارەکانی هەڵبستێت کە وەزیری پلاندانان تێدا ئەندامە، وەزیری پەروەردە، وەزیری خوێندنی باڵا هەمووی لەو ئەنجومەن ئەندامن، دەتوانن ئیشەکە زیاتر بە رێك و پێکی بکەن لە چوارچێوەی ئەو رێسایەی دەردەچێت لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەو برِە پارەیە چیە؟ یاخود حیسابی تایبەتیە؟ ئەو حیسابە تایبەتە بە ناردنی پێگەیاندنی کادیر لەو بوارانەو لەو پسپۆرانەی کەوا کوردستان پێویستی پیٚ هەیە، تایبەتە بەوە، ئەوەش مەبەستە لە حیسابێکی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی خۆمان کرد، دەربارەی ئەو خاڵانە هەمووومان باس کرد، ئەوەی کە ئیقرار کراوە لە ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتی کردنی سەرف کردنی ئەم پارەیە بۆ زەمالات لە هەموو دەوائیرەکان لەلایەن لیژنەیەکەوە پێك دێت، ئێستا ناوی لیژنەکەش دێنم، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا رەنگە زۆر جار تەنها کادیرەکانی خۆی موعید، ماجستێر دەنێرێت بۆ دەرەوە، بۆ ئەوەی کەوا ئەوان تەواوی بکەن، تەعلیماتیان وایەو ئەم مەوزوعە عیلاقەی تەنها بە دەرەوەش نییە، بەڵکو عیلاقەی بەناوەوەش هەیە لە سەرف کردنی ئەم پارەیە، ئەو بۆردەی کە دادەنرێت پێکهاتووە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری پلاندانان و وەزیری پەروەردەو وەزیری خوێندنی باڵا، ئەوە لیژنەیەکە ئیشراف دەکاتە سەر ئەوە، ئێمە ئەم پارەیە دوێنێ باسم کرد، ئێستا پرسیار کرا ئەم پارەیە لەکوێوە دانراوە؟ ئەم پارەیە لە ئەنجومەنی وەزیران دانراوە، ئەم پارەیە لەناو حیساباتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام ئەو وەختە کە موافەقەت کرا، ئەم پارەیە هەڵدەگیرێت دەخرێتە سندوقێکەوە، سندوقێکی تایبەت، کە خرایە سندوق هەموو کەسێك حیساب دەکاتەوە حیسابی تایبەت، من دەچم حیساب دەکەمەوە، بەڵام ئەم حیسابە تایبەتە بە خۆم، ئەو حیسابەش تایبەتە بە سندوقەکە، ئەو حیسابە تایبەتە بۆ ئەوە نییە، ئەسڵەن ئەوە لە نەصی قانونەکەدا دێت موناقەلەشی لەسەر ناکرێت، تەنها بۆ ئەو مەبەستە سەرف دەکرێت لەلایەن ئەو لیژنەیەوە، ئەسڵی پارەکەش کە دەڵێین 120 ملیار دینارەکە کە لە ئەنجومەنی وەزیران دانراوە، لە مەسروفات ئوخرا وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئەو پێشنیارەی کە کراوەو هاتووە، دەدەینە لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی بیخوێننەوەو تەعدیلات لەسەری بکەین، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەرەئەنجامی ئەم موناقەشاتانە، وەکو ئەندام پەرلەمانێك بۆچوونێکم هەیە دەیخەمە پاڵ بۆچوونی هاوڕێی بەڕێزم کاك جەمال، کە (زمالات وبعثات ودراسات وتدريبية)، کەلیمەی بەعسات و دیراسات و تەدریبیە ئەگەر ئیزافە بکرێت، ئەو کاتە زیاتر گونجاوە لەگەڵ مەشروعی تەنمیەی قودرات، چونکە ئەو بابەتە هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیارە هاتووە، رەئیتان کاك شێروان و کاك عەونی، پێشنیارەکان بەو شێوەیە بوون، مەجموعەیەك ئەندام پەرلەمانی بەڕێز پێشنیاری ئەوەیان کرد، کە ئەمە ئیختیصاصی وەزارەتی خوێندنی باڵاو

توێژینەوەی زانستی و زانکۆیەکان و مەعهەدەکانە، لەوێوە جێ بەجێ بکرێت، بەشێك پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەمە بۆردێك دابنرێت لە ئەنجومەنی وەزیران کە وەزارەتی مەعنی ئەندامن تیای، پرۆژەکەش وەکو خۆی بەم سادەیە هاتووە، بۆچوونی ئەم بەڕێزانە تەقریبەن بەو شێوەیە بوو، ئامینە زکری پرسیارێکی هەبوو، جەنابی وەزیر ئەگەر وەڵامی بدەیتەوە، پرسیارەکە بۆ عەرزی جەنابت بوو، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە چۆتە مەجلیسی شورا.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش موشکیلەمان نییە، ئەگەر قانونەکە پێویست بەوە بکات ئیعادە لە صیاغەکەی بکرێتەوە، بەڵام ئەوە ئێوە دەزانن، ئێمە ئەو قانونەمان ناردۆتە ئێرە، پێشنیاری ئێمەیە کە ناردوومانە، دیارە کەموکوڕی تێدایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر پرسیارەکە ئەوە بوو بەپێی یاسا پێش بێت دەچێتە ئەوێ، چووە؟ یان نەچووەە؟ ئەو پرسیارە بۆ ئێمە وازیح بێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوم بکە، من بەو شێوەیە تێ نەگەیشتم لە پرسیارەکە، نەچۆتە مەجلیسی شورا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ببوورن، دەزانن هەمووتان وەستاون هیلاکن، بەڵام ئەو زروفە، کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی وەزیر تەوزیحیدا کە ئەنجومەنەکەش دروست بووە، بۆردەکەش دروست بووە، یەعنی من تێ ناگەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وازیحە لێرە بنووسرێت، ئەمە قانونە، دەستوورە، دەمانەوێت لەناوی وازیح دیار بێت، بەیانی نەڵێن هیچ نییەو ئێمە بە کەیفی خۆمان دەیکەین، بەڕێزان، دە ئەندام غائیبە، ئیتر دەبێت ئێوارانیش دووبارە تەسجیل بکەینەوە، چونکە لەو بەڕێزانەی کە هەن، ئێستا دە کەس حازر نییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی وەرگرتنی ئەو پێشنیارانە کە لەلایەن ئەندامانی بەڕێز پێشکەش کرا، صیاغەکە بەو شێوەیە دەبێت:

المادة الخامسة عشرة:

يخصص مبلغ قدره (120) مليار دينار لصندوق مشروع تنمية وتطوير قدرات كوردستان البشرية في حساب خاص لاجل اعداد الكوادر المتخصصة في المجالات المختلفة التي يحتاجها الاقليم عن طريق الزمالات والبعثات والابحاث والدورات التدريبية تحت اشراف هيئة عليا برئاسة رئيس مجلس الوزراء ونائبه و وزراء التربية والتعليم العالي والبحث العلمي والتخطيط وفق نظام يصدره مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێ بوو خوێندرایەوە، ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵدان تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، ئەویش کاك دکتۆر سەباحە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە، ڕێزدار سکرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە عیلاقەی لەگەڵ تەقاعودی شەهیدەکان هەیە، کەتۆتە بەینی ناوەڕاستی ماددەکانی دروست کردنی پرۆژەکان، ئەویش ماددەی شازدەیەو ماددەی بیستە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ماددەی شازدە دوا بخرێت، ماددەی شەهیدەکان بێتە پێش تاکو تەسەلسولی ماددەکان بەشێوەیەکی هونەری دروست بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقدیم کردن و تاخیر کردنی ماددە مانیعمان نییە، شتێکی تەبیعییە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی مونەسیق دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس پێویست دەکات ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر بدەن، بەڕێزان، ئەو پێشنیارەی کە کاك فرسەت کردی دووبارە دەیکاتەوە، کاك شێروان ئەگەر بیڵێیتەوەو روونی بکەیتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی تەسەلسولی ماددەکان تۆزێك دەگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ماددەی شازدە دەچێتە ماددەی بیست، ماددەی هەژدە تۆزێك دێتە پێشەوەو تەنسیقی دەبێت لەگەڵ ماددەکانی تر، تەنها ئەوەیە مەبەستەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەدان کە ماددەی شازدە دوابخرێت ماددەی حەڤدە بێتە پێش، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بچینە سەر ماددەی حەڤدە کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة:

1- تتم زيادة رواتب ذوي الشهداء وضحايا الانفال والاسلحة الكيمياوية:

أ- ذوي الشهداء بنسبة (25, 15٪) وفق النسب التالية:

1- من (400) الف دينار الى (600) الف دينار (25٪).

2- من (700) الف دينار الى (1,022) مليون دينار (15٪).

ب- ذوي الشهداء المدنيين (هاوولاتى) بمبلغ مقطوع قدره (50) الف دينار.

2- عوائل الشهداء المؤنفلين بنسبة (50٪).

3- أ- المعوقين من (30) الف دينار الى (50) الف دينار.

ب- المعوقين من (50) الف دينار الى (100) الف دينار.

ج- ينظم ذلك بتعليمات تصدر من قبل مجلس الوزراء.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەم:

مووچەی كەس وكاری شەهیدان وقوربانیانی ئەنفال وچەكی كیمایی بەم پێیە زیاد دەكرێ:

أ- كەس وكاری شە هیدان بە ڕێژەی ( 15,25٪) بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:

1 -لە (400) هەزار دینار بۆ (600) هەزار دینار 25٪ .

2 -لە (700) هەزار دینار بۆ (1,032) دینار 15٪ .

ب/

1- كەس وكاری شەهیدە شارستانیەكان (هاوولاتی) بەگوژمەیەكی براوە كە (50) هەزار دینارە.

2- خێزانەكانی شەهیدە ئەنفال كراوەكان بەرێژەی 50٪ .

3- أ- كەم ئەندامان لە (30) هەزاردینارەوە بۆ (50) هەزار دینار.

ب- كەم ئەندامان خاوەن پێداویستیەكان لە (50) هەزاردینارەوە بۆ (100) هەزار دینار.

ج- ئەمانە بەرێنمایی ڕیك دەخرێن كەئەنجومەنی وەزیران دەری دەچوێنی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگانەی کە پەیوەندی هەیە بە زیادەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ئەسلیحەی کیمیاوی، ئێمە تەئیدی دەکەین و هیچ مولاحەزەمان نییە، بەڵام مولاحەزەمان بەنیسبەت مەسەلەی کەم ئەندامەکانە، کە پێویستە مووچەکانیان زیاد بکرێت بەو نیسبەتەی خوارەوە:

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم لە (50) هەزارەوە بۆ (100) هەزار دینار.

بەنیسبەت بڕگەی دووەمیش ڕێژەکە بەم شێوەیە بێت لە (50) هەزار دینار ببێتە (150) هەزار دینار.

بڕگەی سێیەمیش لابدرێت، لەبەر ئەوەی تەعلیمات دەرکردن لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سی هەزار بۆ سەد هەزار، لە پەنجا هەزار بۆ سەدو پەنجا هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دیارە هەمووتان هیلاکن لەسەرۆکایەتی ئیتیفاقمان کرد کەمیش ماوە، دانیشتنەکە دوادەخەین بۆ سبەی سەعات (11) تا ئەو کاتە بە ئومێدی خوا، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین سەعات (11)، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 2\3\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی

**سێ شەممە رێكەوتی 2010/3/2**

کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2010/3/2 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (9)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2010/3/2 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (9)ی نائاسایی، رۆژی دانیشتن 2010/3/2، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی برگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 3/2/ 2010دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان – عێراق.

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، شێخ بایزو کاك دکتۆر ئاشتی، کاك یاسین وەزیری کارەبا، هەروەها بریکاری وەزارەت کاك رەشید، زۆر بەخێر بێن، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم کەرەم بکەن بۆ جێگای خۆیان، تێبینیەکمان بۆ هاتووە دەڵێت لەکاتی قسە کردنی وەزیرە بەڕێزەکان راناوەستنە پاوە، بە حەقیقەت رادەوەستن، بەلاَم بە شێخ بایز ئێمە ئیجازەمانداَ، دیارە ئەویتریش وایزانیوە لەبەر وەزعێکی تایبەت، ئەوانی تریش وایانزانیوە عادەتە، بەس لەمەودوا من دڵنیام خۆیان بەڕێزەوە رادەوەستن، زۆر سوپاس.

بەنیسبەت شێخ بایز سەرۆکایەتی ئیجازەی پێداوە دەتوانێت راوەستێت و دەتوانێت دانیشێت، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ بەردەوام بوون، ماددەی هەژدە کە دەبێتە ماددەی شازدە، یەکێك لەغو بۆوە، یەکێکیش دواکەوت، فەرموو کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ ماددەکەمان خوێندەوەو لە هەمان کاتدا ڕەئی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی عەرزی پەرلەمانمان کرد، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەرگای موناقەشە بکرێتەوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی راو بۆچوونی خۆیان دەربڕن سەبارەت بەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن ناویان دەنووسین، کاك عەونی کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، پێشەکی دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی یاسایی دەکەم، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کراوە بۆ زیاد کردنی مووچەی شەهیدو ئەنفالکراوەکان، بەڵام پێشنیاز دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێت لەسەر ماددەکە بەو شێوەیە:

(تصرف الزیادات المضافة علی رواتب الشهداء المؤنفلین لمستحقیها اعتباراً من 2010/1/1)، واتا سوودی لێ وەربگرن لەو ماوەیە کە قەدیمە لە 1/1 ئیعتیبار بکرێت و بۆیان سەرف بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شازدە باسی مووچەی شەهیدانە، کە ناوی شەهیدان دێت دەبێت سەر دابنوێنین بۆیان، چونکە ئەوە بەرهەمی هەموو ئەو شەهیدانەیە کە لەگەڵ هەموومان پێشمەرگە بووینە لە رۆژانی سەخت و دژواردا، بۆیە من پێموایە ئەو ماددەیە تەعدیلی تیا بکرێت، ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

یەك/ پلە بەندی لە شەهید بووندا نەمێنێت، هەموو شەهیدان بە سەرکردەو پێشمەرگەی ئاساییەوە یەك پلە شەهادەتیان هەبێت و پێ ببەخشرێت، هەروەها دەرماڵە بۆ ژمارەی منداڵ و خێزانی شەهیدان دابنرێت، چونکە هەندێك شەهید یەك منداڵی هەیە، هەندێك شەهیدیش پێنج وەرسەی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە.

دووەم/ ئەو بڕە زیادەی کە چۆتە سەر مووچەی کەسوکاری شەهیدان، ئەنفال و کیمیاباران، کەم ئەندامان کەمە، بەم جۆرە زیاد بکرێت:

أ- شەهیدانی خاوەن مووچەی (400) هەزار دینار بۆ (600) هەزار دینار بە ڕێژەی لە 30٪ زیاد بکات، نەك لە 25٪ زیاد بکات.

ب- شەهیدانی خاوەن مووچەی (700) هەزار دینار بۆ (1000000) دینار بە ڕێژەی لە 20٪ زیاد بکات، نەك لە 15٪ زیاد بكات.

ج- كەسوكاری شەهیدان و ئەنفال و كیمیاباران بە ڕێژەی 100٪ زیاد بكات، نەك لە 50٪.

هـ- كەم ئەندامی خاوەن مووچەی (30) هەزار دینار بۆ (150) هەزار دینار زیاد بكات، نەك (50) هەزار دینار.

و- كەم ئەندامی خاوەن مووچەی (50) هەزار دینار بۆ (200) هەزار دینار زیاد بكات، نەك (100) هەزار دینار.

ئەوە وەكو ڕەئی خۆمە بەپێویست دەزانم كە بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێت لەسەر شەهیدەكان بڵێم بۆ ئەوەی ئێمە لە دایك بوون مردندا یەكسان بین، بەپێی هەموو نووسراوی ئەسمانی و زەمینیەكان یەكسان بین، كە هەموویان بە شیری دایك بەخێو كرا بن، بۆ دەبێت لە شەهید بووندا پلە بەندی بكرێن؟ دەكرێت لە ژیاندا پلە بەندی بكرێن، بەڵام دوای شەهید بوون..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێرزاد ڕجائەن ئەمە پرۆژەیەكە لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێزە، ئەو ڕێژەیە دانراوە، پێت كەمە زیادی بكە، دوو بەرابەری بكە بەو ڕووەی كە قەناعەتت پێیەتی، ناتوانرێت ئەو پلە بەندیە بكرێت، ئێمە لێرە ئەگەر قەبولی بكەن وەكو لێرە هاتووە، ئێمە لێرە مەسئوولین، ئەگەر ڕەفزی بكەین، ئێمە لێی مەسئوولین، ئەگەر زیادی بكەین ئێمە لێی مەسئوولین، كەمیش بكەین، ئێمە لێی مەسئوولین، ئێستا شتێك لەبەر دەستمان بۆ خۆمان قەراری لێ بەدەین، تكایە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی دەمەوێت لێرە بیڵێم پەرلەمان و حكومەت بەڕاستی حەق وایە خۆمان لەو ڕیز بەندییە لابدەین، با ئەو شەهیدانەی كە هەیە، ئێمە ئەو ڕۆژە تەئكیدم لێ كردەوە، ئەو شەهیدانەی بەتایبەتی شەهیدەكانی پێش ڕاپەڕین هاوڕێیەكانیان ئێستا عەمیدو عەقیدو لیوان، یەعنی هیچ ڕەوا نییە، ئێستا ئەو شەهیدە بە (600) هەزار دینار خانەنیشن بكرێت، بەڵام هاوڕێیەكەی لە ژیاندا ماوە شەهیدیش نەبووە ملیۆنێك، یان دوو ملیۆن مەعاشی بێت، حەق وایە بەڕاستی ئێمە تۆزێك بیر لەوە بكەینەوە، بۆ ئەوەی ژیانی كەسوكاری ئەو شەهیدانە خۆش بكەین، لە باسی كەم ئەندامانندا من دەمەوێت بەڕاستی سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان ڕابكێشم بۆ یەك شت، ئەویش با هەموومان بیر لەوە بكەینەوە یەكێك لە خێزانەكەمان كە نزیكتر كەسە

لام ژیانی ئەو کەم ئەندامە چۆنە؟ ئایا بە (50) هەزار، یان بە (100) هەزار دینار ئەو کەم ئەندامە دەتوانێت بژێت؟ بەس پارەی تەکسیەکەی کە ناتوانێت بڕوات، بە تەکسی دەڕوات بۆ بازاڕو دێتەوە، ڕەنگە بەشی سێ ڕۆژی بکات، ڕەنگە بەشی دوو کیلۆ گۆشتی بکات؟ یەعنی بەشی چیان دەکات، ئەگەر منداڵیشی هەبێت، خۆ ئەوە هەر پێی ناژێت، لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم، ڕجاتان لێ دەکەم لێرەدا با تۆزێك هەڵوێستە بکەین، بیرێك لەوە بکەینەوە کە ژیانی کەم ئەندامان کەلە 10٪ی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە پێك دەهێنن بیرێکیان لێ بکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ژیانیان خۆش بکەین، لەو فەقەرەیەی کە هاتووە باسی کەم ئەندامان دەکات، من داوا دەکەم ئەو بڕە پارەیەی کە بۆی دەبڕێتەوە، بۆ کەم ئەندامان کە بەهیوام زیاتر بێت، زۆر زیاتر بێت لەوە لەکاتێکدا لێی نەبڕێت، ئەگەر ئیشی تری کرد، ئەگەر هەر کارێکی تری کرد، ئەو مووچەی کە دەیدەنێ تایبەت بێت، عیلاقەی بە کارەکەیەوە نەبێت، زیندانانی سیاسی برادەرینە زۆریان هەیە تا ئێستا نینۆکەکانیان لەناو گیرفانیاندایە، تا ئێستا نینۆکەکانیان لە شوێنێك داناوەو هەڵیانگرتووە، با ئەوەمان بیر نەچێت ئەوانیش چینێکن لە پێشمەرگەکان کەمتریان نەکردووە، لە شەهیدەکان کەمتریان نەکردووە، یەعنی ئەوانیش حەق وایە حیسابێکی باشیان بۆ بکرێت، هەمووشمان دەزانین کە بەڕاستی بەهۆی هەڵەبجەو ئەنفالەوە میللەتەکەمان ناسرا لە عالەمدا، ئەوان لە بیر نەکەین و حیسابێکی وردیش بۆ ئەوان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نیشتمان فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، من یەك، دوو خاڵم هەیە، ئەوانی تر وابزانم ئەو برادەرانە باسیان کرد، یەك/ دەرماڵەی منداڵی شەهیدان دابنرێت، کە ئەوە زۆر پێویستە.

دوو/ بەنیسبەت کەم ئەندامان، کە کاك شێرزادیش باسی کرد، من پێموایە ئەو سی هەزارە بۆ پەنجا هەزار زۆر زۆر کەمە، ئەگەر بکرێت بە سەدو پەنجا هەزارو دەرەجەشیان بۆ دابنرێت کەم ئەندام، ئەوانەی پەنجا هەزاری کراوەتە سەد هەزار، ئەویش بکرێت بە دوو سەد هەزار، زۆر زۆر شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە ناوەڕۆکی لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم، لە هەمان کاتیشدا پشتگیری لە قسەکەی کاك عەونیش دەکەم، کە لە 1/1ەوە ئەو مووچانە سەرف بکرێت، من تەنها پێشنیارم بۆ ئەوەیە لەو هینانە بەس شەهیدی هاووڵاتیە، کە بڕگەی پەنجا هەزار دینار هاتووە، دیارە پەنجا هەزار دینار لەو ڕۆژانەدا

کەمە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو پەنجا هەزار دینارە بۆ شەهیدی هاووڵاتی بکرێتە سەد هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم سەبارەت بە زیاد کردنەکە، وەك ئەندام پەرلەمان و کوڕە شەهیدێکیش دەمەوێت ئەوە بڵێم کەوا تەعویز کردنەوەی کەسوکاری شەهیدو ئەنفال بە پارە بەڕاستی بە هەر چەندێك بکرێتن، ناکرێت ئێمە قیاسی لەسەر بکەین، چونکە چەند زیاتریان پێ بدرێتن ناکاتەوە موقابیلی ئەو قوربانی و ئەو موعاناتەی کە ئەوان هەیانە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێویستە پابەند بین بە ماددەی ($83$)ی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەگەر زیاد بکەین پێویستە لە شوێنێکی تر ڕێگا چارەی بۆ بدۆزینەوە، ئەو هەنگاوەی ئێستا زیاد کراوە وەك شتێکی سەرەتا، من بە کارێکی باشی دەزانم، سەبارەت بەو زیاد کردنەی بڕی کەم ئەندامانیش، دیسان من بە هەنگاوێکی چاکی دەزانم، ئەوەی ئێمەش بزانین ئەمە هاوکارییە، بە تەئکید وەك مووچەیەك بێت کەم ئەندام تەنها ئەو مووچەیە وەربگرێت، من دڵنیام تەنها بەمە ناژێت، بەلام ئەمە هاوکارییە، ڕێگر نییە لەوەی کەوا مووچەیەکی تر وەربگرێت سەبارەت بە کەم ئەندامان، بۆیە من دەستخۆشیم هەیە بۆتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار قادر حەسەن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا خۆشحاڵی خۆم دەردەبڕم بەوەی کە مووچەی کەسوکاری شەهیدان و قوربانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی بەم پێیە زیاد کراوە، بەلام سێ تێبینیم هەیە لە بڕگەی (ب) خاڵی یەکەم، کەسوکاری شەهیدە شارستانیەکان (هاووڵاتی) بە گوژمەیەکی بڕاوە کە ($50$) هەزار دینارە، من پێشنیار دەکەم ئەو مەقتوعیە نەبێت، چونکە ئەرك و ژیان ڕۆژانە گۆڕانی بەسەردادێت، ئەمەش بەشێوەیەك بێت لەگەڵ بارودۆخەکە بتوانرێت بۆیان زیاد بکرێت.

هەر لەم بڕگەیە لە خاڵی دوو/ خێزانەکانی شەهیدە ئەنفالکراوەکان بە ڕێژەی $50\%$ من پەسند دەکەم، بەلام هی سێیەم/ أ-کەم ئەندامان لە سی هەزار دینارەوە بۆ پەنجا هەزار دینار، من بە کەمی دەزانم، بەتایبەتی بۆ ئەو پەککەوتووانەی کە ڕێژەی پەککەوتوویان زۆرە، هیچ کارێکی تریان پێ ناکرێت، ئەمە کەمە.

خاڵی ب- بەهەمان شێوە، پێشنیاریش دەکەم خاڵێکی تر زیاد بکرێت، بۆ پەککەوتووانی شەلەلی دەماغ، لێرە ئاماژەی پێ بکرێت، چونکە ئەوان حاڵەتیان لە هەر هەمووان خراپترە، ئەگەر مووچەیەکی تایبەت بۆ ئەوان هەبێت پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فازل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت کەسوکاری شەهید، یان مووچەی شەهید، بەڕاستی من پێموایە هیچ لایەکمان لاریمان نییە لەوەی ئەگەر هەموو مووچەی هەرێمی کوردستان میزانیە بدرێت بە یەك خانەوادەی شەهید، هێشتا دەڵێین قەتەرەیەك لە خوێنەکەی ناکات، بەڵام من هیوادارم ئەو بەڕێزانەی ئەندامانی پەرلەمان ئەو قسەیەم خراپ وەرنەگرن، یان رای گشتی کە گوێی لە قسەکانم دەبێت، بە حەقیقەت با ئێمە قسە لەسەر ئەوانە نەکەین کەگەورەو سەروەرو بەرپرسی ئێمە بوون لە رۆژە سەختەکانی خەباتدا، ئەو کەسانەی کە لە رابردوو بەرپرسی ئێمە بوون، من بەش بە حاڵی خۆم ئێستاش ئەوەی کە دەیناسم بەلای گۆڕەکەیدا رەت دەبم کوڕنوشی بۆ دەبەم، بۆیە ئەگەر ئێمە رازی بین ئێستا مووچەی خۆمان وەکو هەموو مووچەی خەڵکە ئاساییەکانی تر بێت، با مووچەی سەرکردە شەهیدەکانیش وەکو مووچەکانی تر بێت، بۆیە بە حەقیقەت من پێموایە ئێمە رەئیەکمان هەیە، هەرچەندە من باس لەرەئی خۆم دەکەم تەعن لە رەئی هیچ بەڕێزێك نییە، ناکرێت راستیەکەی کەسێك ئامر هێزی شۆڕشی ئەیلولە، ئامر بەتالیۆنە سەر لقی شۆڕشی ئەیلولە، وەکو شەهیدەکان تاج و بیلبیلەی چاوی هەر هەموومانن، من بەش بەحاڵی خۆم لەناو خێزانی خۆم چوار شەهیدی فیعلی سەنگەرم هەیە، هیچ کامێکیان شەهیدی سەرکردە نین، شەهیدی پێشمەرگەن، فەخریشیان پێوە دەکەم، بەڵام بەڕاستیەکەی ناکرێت ئێمە لێرە ئەو غەدرە لە کەسوکارو، یان لەو سەرکردە بەڕێزانەی خۆمان بکەین، کە روحی خۆیان بەخشیوە بڵێین با مووچەکەی ئەوە بێت، لە هەمان کاتدا ئیشارەتمدا، ئەگەر هەموو میزانیەی هەرێمی کوردستان بدەین بە یەك شەهید، هێشتا دەڵێم کەمە، بۆیە هیوادارم ئەو حیساباتە بمێنێت وەکو خۆی.

خاڵێکی تر، هیوادارم کە هەموومان، هەموو کاتێك باس لە قوربانیان ئەنفال و کیمیاباران، بەتایبەتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە دەکەین، بەڕاستی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە گرفتێکی زۆر گەورە لە مەسەلەی پێدانی مووچەیان هەیە، پێشموایە لەناو شەهیدانی کوردستان، تەنیا شەهیدانی هەڵەبجەیە بە بڕ مووچەیان بۆ دیاری کراوە، بە تاك نییە، لە شەهیدێکەوە بۆ سێ شەهید، کە هەر خانەوادەیەك هەیبێت سێ سەد هەزاری بۆ دانراوە، ئەمە ناکرێت بەڕاستیەکەی، لە سێ شەهیدەوە بۆ چواردە شەهید لە هەر خێزانێك شەش سەد هەزار دیناری بۆ دانراوە، یەعنی بۆ هەر چواردە شەهیدەکە، بۆیە داواکارم ڕێزبەندییەك، یان تەحدیدی مووچەی ئەو شەهیدانە بکرێت، شەهیدانی کیمیاباران، کە بەتاك هەر

شەهیدێك چەند شەهیدانەکەیەتی، بەڕاستیەکەی ناکرێت، چونکە ئێمە هەموومان لە جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆمارو هەتا هەر تاکێکمان هەموو کاتێك باس لە کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە دەکەین، بەلاّم لە هەمان کاتدا شەهیدانی هەڵەبجە بە بڕ مووچەیان بۆ دیاری کراوە، ئەوەش بەڕاستیەکەی بە کەم حیساب کردنێکی دەزانم، نەك بە شەهیدانە بڕینەوە، هیوادارم هەتا دەتوانم بڵێم ئەوە بە حەقیقەت گرفتی کۆمەلاّیەتیشی دروست کردووە لە مەسەلەی ئەو شەهیدانە پێدانە، بۆیە ئەگەر تەحدید بکرێت هەر شەهیدێك چەندی پێ بدرێت و وەکو هەموو شەهیدێکیش حیسابی بۆ بکرێت شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە. خاڵێکی تر، مەسەلەی کەم ئەندامان، کە کەم ئەندامان لەناو سەرتانسەری کوردستان هەیە، من یەك رەئیم هەیەو پێشنیاریش دەکەم، چونکە ئێمە کەم ئەندامەمان هەیە لە ساڵی هەشتاو یەك و دوو و سێ کە برادەری ئێمە بووەو پێکەوە پێشمەرگە بووین، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو برادەرەی کە برادەری هەر یەك لە ئێمە بووەو لە خەبات و پێشمەرگایەتیدا بریندار بووە مووچەی ئێستای ئەو برادەرەی خۆی کە لە ئاستی پرسیاریەتی چەندە؟ ئەو مووچەی کەم ئەندامیش ئەوەندە بێت، نەك کەم ئەندامان، چونکە بەڕاستی وەکو برایەکی بەڕێزیش ئیشارەتی پێدا کەم ئەندام هەیە، کە ئەو کاتە کەم ئەندام بووە، رەنگە ئێستا وەکو ئێمە ئەندام پەرلەمان بوایە لێرە، یان لە بەغدا، یان کارگێری لق دەبوو، یان لە یەکێك لە پلە بەرپرسیارەتیەکان دەبوو، بۆیە بە حەقیقەت من لەوەشدا دەبینم کەوا غەدرێك لە خەڵکێکی زۆر دەکرێت، لە هەمان کاتدا هیوادارم بەعام مووچەی کەم ئەندامان زیاد بکرێت، چونکە سەد هەزار هەموومان دەزانین شایی و شیوەنمان دەبێت، هیچ کەسێك نییە بچێتە عیادەیەك بە سەد هەزار بچێت نەجاتی ببێت، من پێموایە کەم ئەندامێك ئەگەر تەکسی بگرێت بچێت بۆ مووچەکەی سەد هەزارەکە دەدات بەو تەکسیە کە پێی وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە، یەعنی بە باغەلی خالی لە ماڵ دەرچوو، بە باغەلی خالی دەگەڕێتەوە، هیوادارم ئەوەش چارەسەر بکرێت، ئەو کەم ئەندامانەی لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی ئەوەش بە حەقیقەت هیوادارم حەددێکیان بۆ دابنرێت، چونکە بەڕاستی کەم ئەندام هەیە، کەم ئەندامی چەکی کیمیاوی ئێستاش رۆژانە ئاوات لەو کەسانە دەخوازێت کە بە چەکی کیمیاوی گیانیان لەدەست داوە لە ژیاندا نەماون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عومەر سدیق فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند خاڵێکی رۆشن هەیە لەناو ئەم بودجەیەدا، کە دەکرێت ئێمە هەموومان شانازی پێوە بکەین، یەك لەو خالاّنە ئەمەیە کە باس لە زیاد کردنی مووچەی شەهیدان و ئەنفال و کەم ئەندامان دەکات، بەلاّم ئێمە وەك ئەوەی کە ئەندامین لە لیژنەی دارایی حەتمەن پێشنیارێك هەیە بۆ ئەوەی کە زیادەیەك بکرێت بۆ کەم ئەندامان، ئەو زیادەیەش تەسەور دەکەم عەجزێکی گەورە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست

بكات، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دوایی وەزارەتی مالیە نەتوانێت، یان بە نارەحەت ئەم عەجزە پڕ بکاتەوە، ئەمە خاڵێك.

واتا ئەم خاڵە ئێمە دەخاتە بەردەمی ئەوەی کە دیراسە کردنی ئەم خاڵە کاتی زۆرتری بوێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو گوتم ئەم پرۆژەی بودجەیە چەندین خاڵی رۆشنی تێدایە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕی هەبوو، هەروەك لە رۆژانی پێشوو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسیان لێوە کرد، هەندێك لە پرۆژەکان کاتیان بۆ دەست نیشان نەکرا بوو، هەندێك لە پرۆژەکان دووبارە پارەی بۆ دەست نیشان کرا بۆوە، بەداخەوە بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە لێرە بوون قسەیان لەسەر راو تێبینی ئەندام پەرلەمانەکان کرد، نەیانتوانی رۆشنی بخەنە بەرچاوی ئەندام پەرلەمانەکان، نەیانتوانی بە قەناعەت بە ئێمە بگەیەنن کە ئەو کێشانە چارەسەر کراون، لەلایەکی تر هەروەکو لە گفتوگۆی نێوان وەزیرە بەڕێزەکان بۆمان دەرکەوت هەماهەنگی لەنێوان وەزیرە بەڕێزەکان لە دانانی ئەم بودجەیە کەم بووە، ئەو تێبینی و ئەو پێشنیارانەی هەموو لیژنەکان خستبوویانە روو، بەتایبەتی ئەوانەی کە لیژنەی دارایی ئاماژەی پێ کرد بوو، تەسەور دەکەم ئەوەندە زۆرن لە چوارچێوەی پێشنیارو تەوصیات بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر بنێرێت، لەوانەیە مەحاڵ بێت ئێمە چارەسەریان بکەین.

خاڵێکی تر، هەروەکو دوێنێ وەزیرە بەڕێزەکان ئاماژەیان پێدا، ئەم بودجەیە بە مەجلیسی شورا تێپەڕ نەبووە، خاڵێکی تر، ئێمە دەبوایە بودجەی پەرلەمانیش تەنها موناقەشە بکەین، موناقەشەمان نەکرد، بۆیە هەموو ئەم خالاَنە ئەم بودجەیە جارێکی تر دەخاتەوە بەردەمی ئەو پێشنیارەی هەندێك لە بەڕێزان پێشتر کردبوویان، ئەویش ئەوە بوو باشتر دیراسەت کردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە من ئەو پێشنیارە دەکەم، ئەگەر بکرێت ئێوەی بەڕێز، ئەندامانی بەڕێز ئەو پێشنیارە تەسمیە بکەن، بەوەی کە ئەم بودجەیە جارێکی تر لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە باشتر دیراسەت بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕیانەی کە هەن پڕ بکرێنەوە، باشتر خزمەتی خەڵکی پێ بکرێت، ئەم بودجەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عومەر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم بۆ ئەو ئەرکەی کە کێشاویانە، بەتایبەت بۆ چاك کردنی فەقەرەی جیم کە دەڵێت (ینظم ذلك بتعلیمات تصدر من قبل مجلیس الوزراء)، مەجلیسی وزەرا تەعلیمات دەرناکات، بەڵکو نیزام دەردەکات، ئەم بودجەیە خۆی لە خۆیدا موژدە بەخشێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی کە هەندێك بڕیارو پرۆژەی لەخۆ گرتووە، ئەو بڕیارو پرۆژانە بەڕاستی لە خزمەتی سەرتانسەری کۆمەلاَنی خەڵك دان، زۆرینەی ماددەکانی پێشوو بەکۆی دەنگ و بە زۆرینەی دەنگی خۆی وەرگرتووە، واتا ئەم بودجەیە چۆتە مەرحەلەی جێ بەجێ کردنەوە، باس لە قسە کردن لەسەری وردە

ورده كۆتایی پێ دێت، تەنیا ئەم چەند ماددەیەی دوایی نەبێت، دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بۆیە کە من لەم ماددەیەدا کە باس لە بڕە پارەی شەهیدە سەروەرەکان دەکەم، من پێموایە ئەم میزانیەیە بەخوێنی ئەم بەڕێزانەو ئەو شەهیدە سەروەرانە هاتۆتە دی، هەرچی مەبلەغەکان گۆڕانکاری تیا بکرێت لە کەم بۆ زۆر، لە زۆر بۆ کەم، من پێموایە تەعویزی ئەو گیان فیدایە ناداتەوە کە ئەو بەڕێزانە ئەو رۆژەیان بۆ ئێمە هێناوەتەدی، بەلاًم من مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر ئەم بڕانە، هەندێك ئیجحاف تیا دەبینم لەناحیەی یاساییەوە، یەکێ لەوانە مەسەلەن هەندێك شەهیدی سەربەرز هەن تەنیا دایکێك و باوکێکی بەجێ هێشت بێت، یاخود خێزانێکی بەجێ هێشت بێت، هەندێ شەهیدی تریش هەن رەنگە کۆمەڵێك منداڵی لە دوای خۆی بەجێ هێشت بێت، من پێموایە وەزارەتی مالیە، بەڕێز وەزیری مالیە ئەوە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرن، ئەو جیاوازییە، بە رەئی من هیچ شەهیدێك جیاوازی نییە لەگەڵ هیچ شەهیدێکی تر، هەموویان ئینسان بوون، هەموویان سەروەر بوون، هەموویان گیانی خۆیان بەخت کردووە، بەلاًم خۆ دوای ئەوان پێویستە کەسوکارەکانیان بە نەزەری ئیعتیبار حیساباتیان بۆ بکرێت، فەرق و جیاوازییەك لەم تەقسیم کردنە بکرێت، شەهیدێك منداڵی زۆری بەجێ هێشتووە، شەهیدێك کەمی خەڵك بەجێ هێشتووە، بەنیسبەت شەهیدی هاووڵاتییەوە، من پێموایە ئەو بڕە پارەی بۆی دانراوە پەنجا هەزار دینار هەرچی هەموو مەبلەغەکان ئەگەر بە مەلایینیش دابنرێت، من پێموایە شتێکی مەعنەوییە بۆ شەهیدەکان، چونکە شتێك نییە وەکو باس دەکرێت تەعویزی ئەو گیان فیدایە بدات، بەلاًم پەنجا هەزار دینار خۆی ئەگەر ئێمە وەکو تەسمیە بکەین پەنجا هەزار دینار هیچ بڕە پارەیەك نییەو جێی هیچی تیا نابێتەوە، رەنگە ئەو پارەیە وەکو برادەران باسیان کرد پارەی ئەو تەکسیە نەبێت کە دەچێت وەربگرێت و دەگەڕێتەوە، من پێموایە بەنیسبەت شەهیدی هاووڵاتی، هاووڵاتیش هەر ئینسانە شەهید بووە، بەلاًم راستە رەنگە کەم شەهید بوونەکەی لە جۆری تەزحیە دانەکەدا فەرقی هەبێت لەگەڵ ئەو شەهیدەی کە لە سەنگەردا گیانی خۆی پێشکەش کردووە، بەلاًم ئەویش ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی بتوانێت لە ئێستا بێت، یاخود لە داهاتوو بێت، ئەو بڕە پارەیە زیاد کردنێك بەخۆیە ببینێت، ئەوە جێی دەستخۆشییەو پێموایە ئەو شەهیدە سەروەرانە تۆزێك ئارامتر دەبن بۆ کەسوکاریان، بەنیسبەت کەم ئەندامانەوە، لێرەشدا من جۆرە ئیجحافێك دەبینم کە لە سی هەزار بۆ پەنجا هەزار دینار، یان بۆ سەد هەزار دینار، بەشێکی تر لە پەنجا هەزار دینار بۆ سەدو پەنجا هەزار دینار، من پێموایە ئەمەش جۆرە ئیجحافێکی تیایە، من وای دەبینم یاساییانە، ئەو کەم ئەندامانە، ئەوانەی زەوی ئیحتیاجاتی خاصە، پێویستە لەسەر نیسبەتی عیجز ئەو بڕە پارانەیان بۆ زیاد بکرێت، چونکە هەندێکیان هەن بە کولی ناتوانێت هیچ کارێك بدۆزێتەوەو هیچ ئیشێك بکات، داهاتی خۆی و بژێوی خۆی و منداڵەکانی جێ بەجێ بکات، بەلاًم ئەگەر لەسەر نیسبەتی عیجز بێت، ئەوە رەنگە زیاتر حەقیەتی تیا بێت و بتوانێت مەبلەغێکی وا موعیەنی بۆ تەرخان بکرێت، کە ئەویش ناتوانێت هەموو شتەکانی پێ جێ بەجێ بکات، بەلاًم هەر باشترە لەوەی کە نەبێت، من پێموایە ئەوەی کە کاك عەونی باسی کرد بڕگەیەك لێرە زیاد بکرێت لە $1/1$ کەوە جێ بەجێ بکرێت، ئەوە زۆر

شتێکی باشه، بۆ ئەوەی حقوقی کەسوکاری شەهیدان مـەحفوز بێـت لـە بیدایـەتی ئەمسالەوە، چـونکە ئـەم پرۆژەی میزانیە بە موژدەی باش بە برگەی باش باشی یاسایی هاتۆتە پێش، خۆ ئەگەر لێرەشدا بێـت هـەر باشە، لە کۆتایی یاساکەشدا بێت بە جەمعی یاسایەکە هـەر هـەمووی بکـات بـە تـەنفیز کردنـی لـە 1/1ەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم سەرەتا باس لە شەهیدانی کیمیاباران بکەم، چونکە بەڕاسـتی خـۆم یـەکێکی هەڵەبجـەییم و خاوەنی حەوت شەهیدم، حەز دەکەم بڵێم کە تەعویز کردنـی شـەهیدانی هەڵەبجـە بـە بڕێـك پـارە نابێـت، بەڵام ئەمە تەعویزێکی ماددیە هەر چۆنێك بێت باشـە، چـونکە بەڕاسـتی خـەڵکی هەڵەبجـە ئێسـتا دەبوایـە باس لە راتب نەکرایە، ئێستا دەبوایە باس لە راتبی تەنیا خاوەن شەهیدان نەکرایە، دەبوایە ئێستا قەرەبوو کردنی کیمیاباران و ئەنفالـەکان بگەیشـتایە سـەر ئاسـتی تاکـە کەسـێك، کـە دەڵـێین قـەرەبوو کـردن لەسـەر ئاسـتی تاکـە کەسـی، یـەعنی تەنانـەت ئەوانـەی کـە شـەهیدیان نـەداوە، بـەڵکو لـەناو ئـەو شـارە لـە سـاڵی 1974ەوە هەتا ساڵی 1988 چەند جار ماڵیان رووخاوەو سووتاوە بە دەست رژێمی بەعسەوە، ئێسـتا هـەر یەکێکیان تەعویزی خاصی بۆ بکرایە، بەدەر لەوەی ئەوانەشی کە شەهیدیان نـەداوە لـە سـاڵی 1988، ئـەو ماڵەی کە بەجێی هێشتووە، ئێستا کە ساڵی 2010یە بە رەنجی شانی خۆی نەیتوانیوە بیکاتەوە بە هەشتاو هەشت، لەبەر ئەوە قەزیـەی هەڵەبجـە زۆر لـەوە گـەورەترە، ئێمـە تـەنها لێـرەوە باسـی بکـەین، بـەس حـەز دەکـەم ئـەوەی بـزانن کـە خـەڵکی هەڵەبجـە، یـاخود ئەوانـەی کـە خـاوەنی شـەهید و کیمیابـارانن، ئەوانـەی کەئێستا نەخۆشن و دەناڵێنن بـە دەسـت نەخۆشـیەکانی پـاش مـاوەی کیمیابـاران، ئـەوەی کـە تـا دوو جیلـی تریش پێ دیارە هەستێك لەلایان دروست بووە، ئەویش ئەوەیە کە حکومەت و پەرلەمان، یـاخود حکومـەت و دەسەڵاتداران دەیانەوێت ئەم برینە هەر بمێنێت بۆ پەیدا کردنـی تەبـەروعات، یـاخود بـۆ پەیـدا کردنـی دەنگ، من حەز دەکەم ئەو رەئیە بکوژێنینەوە لەناو خەڵکدا، گرنگیدان زیاتر بە زیاد کردنی راتـبی باشـتر، بە نزیك بوونەوەی قیادات لێیـان، نـەك تـەنیا کـاتی هەڵبژاردنەکانـدا، بـەڵکو لەسـەرجەم کـاتی تـردا، نـەك تەنها لە پێش هەڵبژاردنەکاندا سەرکردە بەڕێزەکان..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن مەیبەن بۆ حەملەی ئینتیخابی، یەعنی باوەڕ بکە ئەم بودجەیـە نەکەینـە حەمەلـەی ئینتیخـابی، بۆ ئەوەی بە ئەمانەتەوە ئیشەکەی خۆمان بکەین، وەرنە سەر ئەوە پێشنیارێکت هەیە، خوشکی مـن ئێسـتا قیادە دەچێت و ناچێت، ئاخر کـەی ئەمـە لەگـەڵ زیـادەی راتـبی شـەهیدی سـەربەرز، وەڵاهـی مـن لـە خـۆم شەرم دەکەم، کە ئەمڕۆ لێرە موناقەشەی دەکەین، کەرەم بکە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دیقەتی قسەكانی منتدا، نابێت تا ئێستا لە لیژنە لە هیچ جارێك قسەم نەكردووە لە غەیری لیژنەكەی خۆم، بەلاَم ئەم مەوزوعە بەڕاستی مەسی ئەو برینەم دەكات، نەك تەنها ............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن خوشكی من وەرە سەر بابەتەكە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بكرێت ئەم ماددەیە جارێ سەرەتا كە دەڵێت شەهیدان زیاد دەكرێت، خاڵی یەكەمی لە چوار سەد هەزار دینار بۆ شەش سەد هەزار دنیار دەستی پێ كردووە، ئەمە دەبێت بكرێت بە سێ سەد بەرەو سەر، چونكە بەڕاستی شەهیدانی كیمیاباران زیاتر لە نۆ سەد كەسیان كە خاوەنی یەك شەهیدن، وەكو كاك فازل ئیشارەتی پێدا سێ سەد هەزاری هەیە، ئەم ماددەیە وا دەریدەخات كە شمولی ئەوان ناكات، جا بۆ ئەوەی ئەوە نەبێت ئەو چوار سەدە بكرێت بە سێ سەد، بۆ ئەوەی بزانرێت كە شمولی ئەوانیش دەكات، ئەمە یەك.

دوو/ من پێموایە وەكو زۆر لە هەڤالاَن باسیان كرد شەهیدان هەیانە چواردە منداڵ، یاخود چواردە واریسی بەجێ هێشتووە، بەلاَم هەیە یەك كەس، ئەگەر ئەوەش پلە بەندی بكرێت، ئەوە دوو.

سێ/ ئەوەی كە باسی دەكەم ئەندامان و موعەوەقین، من پێموایە ئەگەر دەڵێن هاوكارییەو ئەمە بەدەر لە مووچەیە، من پێموایە دەبێت بنووسرێت بە ماددەیەكی جیا ئەوەی كە بێ مووچەیە.

كارەبا كوژایەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەردەوام دەبین لە كارەكانمان، جەنابت بووی ناسك خان كەرەم بكە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ گەیشتینە ئەوەی كە خاڵێك زیاد بكرێت بۆ فەقەرەی كەم ئەندامان، ئەویش ئەوەیە مادام زۆر لە هاوكاران باسی ئەوەیان كرد كە ئەمە هاوكارییە، ئەگەر هاوكاری بێت، ئەوە فەقەرەیەك زیاد بكەین بۆ ئەوانەی بێ مووچەن، یەعنی هیچ مووچەیەكی تریان نییە، با مووچەیان لە دوو سەد هەزار كەمتر نەبێت و حیسابی ژمارەی منداڵ و خێزانداریان بۆ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من توند دیار دەبم کە باسی شەهید کرا، من قسەم بۆ ناکرێت، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم، ناتوانم باسی شەهید بکەم، بۆیە هەوڵ دەدەم خۆم ئەوە بکەم شتێکی شکلی هەیە حەز دەکەم لیژنەی یاسایی بۆ مولاحەزاتەکانم، کە مادده دەست پێ دەکات بەوەی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی بەم پێیە زیاد دەکرێت، واتا ئەم رستەیە بۆ هەموو ماددەیە، وایە، یان نا، پاشان (أو ب و) ئەوە دەبێت، کەچی لە سێ (أ و ب) کەم ئەندامن، بۆیە پێشنیارەکەم موحەدەد ئەمەیە، بکرێت (أ-مووچەی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیان ئەنفال و چەکی کیمیاوی بەم پێیە زیاد دەکرێت) ئەوە لە (أ) یەك، دوو، (ب)ش یەك، دوو دەگرێت، کەسوکاری شەهیدان بە ڕێژەی 15،25٪ بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە لە چوار سەد هەزار بۆ شەش سەد هەزار، بە تەسەوری من تا شەش سەد هەزار بێت، تاکو وازیح بێت، نەوەکو بڵێین چوار سەدەکە کرا بە شەش سەد، بەرامبەری نووسراوە 25٪، هەوڵمدا تێبگەم تەسەورم کرد چوار سەدەکە دەکرێتە شەش سەد، تەبعەن بێیە حیساب شەش سەد ویەك و نیوی چوار سەدە، ئێستا من وەکو ریازییات پرسیارێکم هەیە، تۆ دەڵێیت لەسەرەوە، ببوورە ئەم نەصە دەڵێت کەسوکاری شەهیدان بە ڕێژەی 15،25 یەعنی وازیحە لە پازدە هەتا بیست و پێنج زیاد دەبێت، کەچی وا نییە، لە (أ) 25٪ لەوانەی کە راتبیان لە چوار سەد هەزار هەتا شەش سەد هەزار زیاد دەبێت، 15٪ لەوانەی لە حەوت سەد هەزار تاکو یەك کۆما سی و دوو، تەقریبەن یەك کۆما چل و حەوت زیاد دەبێت، واتا ئەم بەین قەوسین پازدە کۆما بیست و پێنج، دەمەوێت بزانم، وابزانم زیادە، بۆم شەرح بکەن، بەحەقیقەت من تێ نەگەیشتم، وشەی شارستانی، ڕەنگە دووەمین زەعیفترین کەس بم لە کوردی شارستانی یەعنی حەزارەت، یەعنی مەدەنیەت، سیفەت نییە، یەعنی شار (المدنی) مواتنی مەدەنی، ئێمە هەڵەیەکی گەورەمان هەیە کاك ئاسۆ لێرەیە، دکتۆر لێرەیە، کاك شاهۆ، ئەوانەی لە زمان دەزانن، تەسەور دەکەم یان سڤیلەکە بەکار بێنین، یانیش هاووڵاتی، یەعنی شارستانی سیفەی ئەوە سڤیلە بە ئینگلیزییش، بەلاَم شارستانی لێرە، ئێمە دەزانین شارستانی، یەعنی حەزارەت، مەدەنیەت دەزانم، واتا ئەگەر وابێت (أ)ەکە خاڵی (أ) یەك و دووەکە دەگرێت، (ب) یەك و دوو، ئەگەر دەتانەوێت بیگۆڕن، دەتوانن لەناو (أ) ئەوەلەن هەبێت بەو صیاغە، کە ئەمانەی یەکەم گروپ، دووەمی گروپ بکات، پاشان (ب) دێت، تەسەور دەکەم بیدایەتەکە دەست پێ بکات، کە مووچەی کەم ئەندامەکان بەپێی ئەم ڕێژەی خوارەوە دەبێت (أ، ب)ی هەبێت، ئەمە پێشنیاری من موحەدەدە، چونکە قانونیەن وا تێ دەگەم، ئەگەرنا تۆزێك ئاوا.

دووەم/ ئەوەی کە لەلای من وازیح نییە (ج) ئەمانە بە ڕێنمایی ڕێك دەخەین، کە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچوێنێ، کام ئەمانە، ئەگەر بەم شێوەی ئێستا بێت، واتا تەنها (أ، ب) خاڵی سێ، ئەگەر مەبەست ئەو بێت، ئەوە دروستە دەبینیت لە (ب)یەکەی کە من پێشنیار دەکەم، دەبێتە (أ، ب، ج) لە جیاتی (ثالثاً)، ئەگەرنا دەبێت ببێتە (ج)ی سەرەوە، تاکو ماددەکە پێك بێت لە یەکێك باسی کەسوکاری شەهیدان و

ئەنفالکراو دەکات، (ب) باسی کەم ئەندامان دەکات، (ج) باسی ڕێنماییەك، یان حەدێکە بۆ هەموو ماددەکە، ئەوە دەربارەی شتە شکلیەتەکەم، تەسەور دەکەم تەنها شەکلی نییە، ڕێکخستنی ئەوە.

ماوە یەك قسە بڵێم من نازانم چ داوا بکەم، وابزانم کاك فازل زۆر جوان باسی کرد، لەگەڵ خوشك و برایانی تر، داعی نییە لێرە بڵێم شەهید چەند بەقیمەتەو چەند ئەوە، هەمان تەعاتوفم لەگەڵ کەم ئەندامیش هەیە، لەبەر مەجموعە زروفێك نەزرەی ئیجتیماعی سەقەتی سەردەم، نەك تەنها مەجتەمەعی ئێمە، دوو/ نەبوونی مەئەسەسات و قەوانین کە وا دەکات ئەمانە هەست بکەن بەشەرن، لە نەبوونی سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی کە خۆی بۆ خۆی فێناس دەکات وەکو بڵێن لە ڕێگای ئیستیقتاعات، ئەرکی ئەم جۆرە شتانە دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەوڵەت، بە حەقیقەت من لێرە دەمەوێت دەرفەتێك بکەم دەرچوون نەبێت، من سوپاسی هەڵوێستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و هەڤاڵانی لەگەڵ من لە لیژنە کار دەکەین، کە ئێمە بە جددی هەوڵ بدەین بنەمای سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی بدزۆرینەوە، ئەو کاتە ئەرکەکە لەسەر حکومەت دێتە خوارێ، خۆزگە ئێمە ناچار نەباین موعامەلەمان کرد بوایە لەسەر سەد هەزارو پازدە لە سەدو، بەلاّم کە دەیکەین لەبەر ئەوەی مەفهومی دەوڵەت و حکومەت تێکەلاّو بووە، مەسئولیەتی ئەو جۆرە حاڵەتانە هەمووی دەکەوێتە سەر کۆمەڵگا، واتا دەبێت موئەسەسات هەبێت، دەبێت شەریکاتی تەئمین هەبێت، دەبێت سندوق هەبێت، لەنەبوونی ئەوان، ئەوە شتێکی باشە من تەئیدی دەکەم، ئەو ڕێژانەی هاتوونە دەنگم دەخەمە دەنگی هەموو برادەران و خوشکان کە سی هەزارەکە بکرێتە سەد هەزار، بۆ کەم ئەندامان پەنجا هەزارەکە بکرێتە سەدو پەنجا هەزار، ئەکید ئەم ڕێنماییانە، ئەگەر ئەوان بگرێت، مەسەلەی ئەوەی راتب هەیەو و نییە، مەسەلەی ئەوەی دەرەجەی عەجزەکەش دیارەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك فرسەت موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر حکومەت داوای زیادەیەك بکات ئیعتیادی بە نەزەری ئیعتیبار مەواریدی خۆی وەرگرتووە، بزانێت لە زیمنی ئیمکانیاتی ئەوە؟ یان خارجی ئیمکانیاتە؟ ئەگەر خارجی ئیمکانیات بێت، ئیعتیادی ناکات، ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان ئەوەی بکات، هەتاکو کەس لە دەرێ ئیتیهامی نەکات حاشە بە مەوزوع دیعایەتە، یان هەر قسەیە بۆ ئیعلامە، یان مەوزوع عاتفیە، مەفروزە بە نەزەری ئیعتیبار لە فەقەرە یەك ماددەی (83) بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، هەر ئەندامێك داوای زیادە بکات لازمە دیاری بکاتن، چۆن ئەو زیادەیە پڕ بکرێت؟ لە چ فەصل و ماددەیەك نەقل بکرێت؟چۆن حکومەت بتوانێت ئیستیجابە بۆ ئەو زیادە بکات؟ نەصەکەش بۆ جەنابتان دەخوێنمەوە بە عەرەبی (لا يقبل اقتراح زيادة النفقات او احداث نفقات جديدة او تخفيض الواردات مالم يكن المقترح مشفوعاً ببيان وسائل تحقيق الاقتراح)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لە ئاستی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفال و كیمیاباران و كەم ئەنداماندا هیچ شتێك نالێم، بەلاَم پشتیوانی بۆچوونەكانی كاك عبدالرحمن و كاك شێرزاد حافز دەكەم، بە مەرجێك كە یاسا لە سەرووی هەموو شتێكەوە بێت، یاساو تەعلیماتەكانی دەزگای شەهیدان و مووچەی شەهیدان بەسەر هەموو كەسوكاری شەهیدان وەكو یەك دابەش بكرێت بەبێ ئیستیسنا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە باشی دەزانم دوو پێشنیار بكەم، یەكیان ئەوەیە كە شەهیدانی سەنگەر تا راپەڕین بە كۆڕەویشتەوە لە خانوویەك دابنرێن، یەك مووچەی وەكو یەكیان بدرێتێ بە پلەیەكی دیاری كراو بەپێی یاسا بۆیان رێك بخرێت و بۆیان دیاری بكرێت، شەهیدانی دوای كۆڕەو ئەوانەش هەر كەسە بە پلەو پایەی خۆی كە شەهید بووە بەپلەی چ بووە، ئەوە بكرێت، ئەوە خاڵێكیان.

خاڵێكی دووەمیان/ لەسەر ئەو زیاد بوونە، من 100٪ لەگەڵیمە، بەلاَم ئەوەی لەو زیاد بوونەش باشتر ئەوەیە بۆ هەموو كەسوكاری شەهیدان حەق وایە بەپێی یاسا، یان لەو بڕگانە لە بڕگەیەك كەسوكاری شەهیدان، وارسی شەهیدان ببەخشرێن لە هەموو رسومات و زەڕائیب و لە هەموو پارەو ئەوەی بۆ خوێندن، یان بۆ هەر مستەوایەك، یان بۆ هەر كارێكی ژیان كە پێویستیەتی، وەكو شەرەفێكی ئەوەی كە لە سەنگەری شەرفەمەندی شەهید بووە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شازدە بڵێین ئەو ماددەی كە پێویستە تەعدیلی لەسەر بكرێت بە رەئی ئێمە، من پێموایە شەهیدان كە لە پێناوی ئەم میللەتە گیانیان بەخشیە، بۆ ئێمەش كە شانسی مانەوەمان هەبووە، مەبەست لە زیاد كردنی مووچە ئەوەیە كە ژیانێك بۆ خێزانەكانیان تەئمین بكەین، كە شایستەی ژیان بێت بە قەدەر ئەوانەی كە ئێستا لە ژیان ماون، یەعنی مەبەست لە زیاد كردن، یان ئینسانێك كەم ئەندامە توانای هیچ كارێكی نییە، دەبێت هەوڵ بدەین مووچەیەكی بۆ ببڕینەوە كە شایستەی ژیان و

پێداویستیەکانی ئەم سەردەمە بێت، بۆیە من ڕام وایە ئەم ڕێژانەی کە دانراون ڕێژەی کەمن بەنیسبەت مووچەی شەهیدان کە لە 25٪ـە هی شەهیدانی خاوەن مووچە، پێموایە ئەمە پێویستە زیاد بکرێت بۆ 30٪، ئەوانەی کە خاوەن مووچەی حەوت سەد هەزارن زیاد بکرێت بە ڕێژەی 20٪، چونکە لە 15٪ـەیە، هەروەها بۆ کەسوکاری شەهیدانی ئەنفال و کیمیاباران، ئەمیش زیاد بکرێت، من قەت لەگەڵ مەقتوعیەت نیم، لەگەڵ پێداویستی ئەوەدام، کە چەند پێداویستیەتی ئەم خێزانە، بەپێی ئەو سیستەمەی کە دادەنرێت، جگە لە کەم ئەندامانی خاوەن مووچە، کە قسەمان لەسەر کرد، کەم ئەندامانی خاوەن مووچە بە ڕێژەی 50 هەزار بۆ دوو سەد هەزار، کە ئەمە پێمانوایە، یەعنی سەد هەزار کەمە، ئەمە خاڵێکە بەپێویستم زانی تەئکیدی لێ بکەمەوەو پشتیوانی هەڤاڵەکانم بکەم.

خاڵێکی تر، من پێموایە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، ئەویش مەسەلەی بودجەیە، بودجە وەکو مەسئوولیەتێکی ئەخلاقی بەگشتی لە ئەستۆی هەموو ئەندامانی پەرلەمان دایە، کە وردەکاری زیاتری بۆ بکرێت و بەرپرسیارەتەکە بە گەورە بزانین، سەبارەت بەو پێشنیارەی کاك عومەر، من پێموایە ئێمە پێشتر داوامان کرد کە ئەم پرۆژەیە پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ حکومەت، لەبەر ئەوەی کەموکورتی زۆر تێدایە، ئەم کەموکورتیانەش بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەو گرفتانە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی گەورە لەسەر ئەو دەرکەوتنانە، هەتا زیاد کردنەکەی ئەوەی کە کاك فرسەت باسی کرد، بۆ ئەوەی چۆن بتوانین مووچەی شەهیدان بەشێوەیەك زیاد بکەین، کە لە قازانجیان بێت، پێم باشە ئەم گەڕانەوەیە بۆ دەوڵەمەند کردنی بودجەکە بێت، بۆ ئەوەش بێت بەزووترین کات بێتەوە پەرلەمان.

خاڵێکی تر، ئەم گەڕانەوەیە بە هیچ شێوەیەك تەئسیر لەسەر پێدانی مووچە نەکات، لەکاتێك کە بڕیار لەسەر بودجە دەدرێت، پێویستە هەموو ئەو زیادانەی کە هەن بدرێتن بەو بڵێین کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ئەوانەی کە مووچەیان بۆ زیاد کراوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو بودجەیە وەکو پێشتر تەئکیدمان لێ کردەوە، بگەڕێتەوە بۆ چارەسەر کردنی بەشێوەیەك کە چاکسازی و وردەکاری زیاتری بۆ بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی شازدە دەربارەی مووچەی شەهیدان، منیش بەهەمان شێوە زۆر لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام، کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان شەهیداندا نەمێنێت بە شەهیدانی سەرکردەو شەهیدانی پێشمەرگە، بە هەمان شێوە دەرماڵە بۆ منداڵەکانیان سەرف بکرێت، دوای ئەوە بەنیسبەت ئەو ڕێژانەی کە کاك کاردۆ گوتی بە هەمان شێوە من لەگەڵ ئەوەم، بەلام بەنیسبەت کەم ئەندامانەوە بە هەمان شێوە وەکو شەهیدان دەرماڵەیان بۆ سەرف بکرێت بۆ منداڵەکانیان، چونکە هەست دەکەم مووچەکەیان زۆر زۆر کەمە لە

پێداویستی ئەوانـدا نییـە، مـن بـە پێویسـتی دەزانم هـەر لـەو ماددەیـەدا جێگـە بـۆ زینـدانیانی سیاسـی بکرایەتەوە هەر لە پاڵ کەم ئەندامانـدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەنیسبەت ئەو ماددەیە (أ) دەڵێت کەسوکاری شـەهیدان، پـێم باشـە بنووسـرێت وارسـی شـەهیدان، چـونکە کەسـوکاری شـەهیدان زۆر دەگرێتـەوە، مـام و خـاڵ و پلـك و ئـامۆزاو ئەوانـەش دەگرێتـەوە، ئەگـەر وارسی شەهید بێت، وابزانم باشترە.

بەنیسـبەت ڕێژەکـەش، ئـەوە هاوکـارانم باسـیان کـرد زیـاد بکـرێتن، منـیش لەگـەڵ ئـەوەدا نیمـە شـەهیدی سەرکردە هەبێت، یان شەهیدی سەنگەر هەبێت، پلە بەنـدی نـەبێت لـە شـەهیدان، زینـدانی سیاسـیش لـەو بڕگانە هیچ ناوی نەهاتووە، ئەگەر جێی بۆ بکرێتەوە.

بەنیسبەت ئەوەی کاك عبدالسلام باسی کرد هەمان شت کەسوکاری شەهیدە شارستانیەکان بکرێتەوە وارسی شەهیدی هاووڵاتی باشترە، پارەکەشی کەمـە ئەگـەر زیـاد بکرێـت ببێتـە سـەد هـەزار دینـار، یـان زیـاتر زۆر باشە، لەبەر ئەوەی پەنجا هەزار ناکاتە پارەی دوو کیلۆ گۆشت.

بەنیسبەت ئەنفالکراوەکانیش بەهەمان شێوە، ئەگەر لە 100٪ بۆیان زیاد بکرێت، چونکە ئێمە لەو چـەند ڕۆژەی موناقەشـەمان کـردووە لەسـەر بودجـە پارەیـەکی زۆر دەگەڕێتـەوە بـۆ حکومـەت، وابـزانم ئەگـەر حکومـەتیش دووبـارە پێداچـوونەوەی تیـا بکـات بـە بودجـە باشـتر دەبـێتن و ئینجا ڕێژەکـەش دەتوانێـت، عەجزیش پەیدا نابێت.

بەنیسبەت کەم ئەندامان، تەبعەن کەم ئەندامان سی هەزار دینار بۆ پـەنجا هـەزار دینـار ناکاتـە پـارەی دوو کیلۆ تەماتە، بەڵام کەم ئەندام پلە بەندی بکرێت، هەیە عەجزی تەواوی هەیە لـە 100٪، هەیـە عـەجزی لە 30٪، یان لە 50٪.

یەك فەقەرەی تر هەیە، مووچەی ئەو بێوەژنانـەی کـە وەردەگـرن مانگانـە، سـی، یـان سـی و حـەوت هـەزار دینارە، نازانم سی و سی حەوت هەزار دینار ئەگەر چەند منداڵیشی هەبێت، ئایا بەشـی مەسـرەفی مـانگێکی دەکات؟ ئەوەی کاك عبدالسلامیش ئیشارەتی پێدا، ئەگەر بیمەی کۆمەڵایەتی هەبێت، یان بچێتە سەر تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، دەرماڵەیان بۆ دابنرێت هی خێزانە، منداڵەکانە، ئەوە زۆر پێم باشە.

بەنیسـبەت هەڵەبجـە، کـاك فـازل و کـاك عومـەرو ناسـکە خـان باسـیان کـرد، پێویسـت ناکـات ئێمـە باسـی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار  شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێك هەیە دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم، ئەویش ئەوەیە لەبەر ئەوەی کە زۆر زۆر مولاحەزەی لەسەر هات مەسەلەی پۆلین کردنی شەهیدەکان و مەسەلەی کەسوکاری شەهیدەکانە، پۆلین کردنی شەهیدان لە یاسای حقوق و ئیمتیازاتی شەهیدان هاتووە، کە لەم پەرلەمانە پەسند کراوە.

خاڵی دووەمیش/ ئەوەیە سیوەیل خان باسی کەسوکاری شەهیدانی کرد، بە هەمان شێوە تەصنیف و خەڵکی کەسوکاری شەهیدان بەم شێوەیە هاتووە، کەسوکاری شەهیدان لە فەسڵی سێدا هاتووە دەڵێت (الزوج والزوجة، الابن الى حين اكمال الرابعة والعشرين من العمر ان لم يكن مستمراً في الدراسة، البنت، الاولاد العاجزين، يستثنى الاولاد العاجزين من الشروط الواردة في هذه المادة، الوالدين، الاخوة والاخوات)، ئەمەیە کەسوکاری شەهیدان کە لەم یاسایەدا هاتووە، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کراوە، ئیمتیازاتێکی زۆریشی تیایە، بۆیە ئەو روون کردنەوەیەمدا، لەبەر ئەوەی مولاحەزاتێکی زۆری لەسەر هات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عەدنان عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە باسی شەهیدو شەهیدی مەدەنی و موعەوەق و بابڵێین ئەوانە دەکەین، لەڕاستیدا من دەمەوێت لە مەسەلەیەکی سیاسیەوە دەریبکەین، بیکەین بە مەسەلەیەکی ئینسانی و حقوقی، دیارە لە مەسائیلەکانی تر هەر هەمووومان، جەنابت و من و کاك عبدالسلام و هەموو برادەران هاوڕاین لە مەوزوعی جێگاو ڕێگای شەهید و گرنگیدانیش بە کەم ئەندام و ئەوانەی کە پێداویستی تایبەتیان هەیە، کەسمان ناتوانین موزایەدە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین، ئەوە بەشێکە لە سەروەریەکانی هەمووومان، بەڵام لەڕاستیدا کە ئێستا باس لەو مەوزوعە دەکەین، ئێمە وەکو نوێنەری گەل دەبێت قسە لەسەر مەسائیلە ئینسانیەکان بکەین، قسە لەسەر مەسائیلە حقوقیەکان بکەین، مافی ئەوان لەسەر ئێمە بەوەی کە ئێمە لێرە بڕیاری لەسەر دەدەین، یەعنی تەسەوری ئەوە بکەین دوو نەوەی شەهید دانیشتوون لە زانکۆیەکدا باس لە مووچەی باوکیان دەکەن، یەکیان دەڵێت من مووچەکە پلە ئەوەندەیە، ئەویش دەڵێت منیش هەر کوڕە شەهیدم، یان کچە شەهیدم، بەڵام مووچەکەی من ئەوەندەیە، یەعنی ئەم جیاوازییە لەنێوان کەسوکاری شەهیدان، لەنێوان وارسی شەهیدان، لەنێوان ئیمتیازاتی شەهیدان، لەڕاستیدا دەبێت ئەمە چ حیکمەتێکی تیا بێت، من پێشتر باسم کردووە، ئێستاش لێرە دەرفەتێکە قسە لەسەر ئەوە بکەم، کە لەڕاستیدا سیستەمی مووچەی ئێمە، سیستەمی رەواتبی لای ئێمە ئەوەندە مەسەلەیەکی سیاسییە، ئەوەندە تەداعیاتی سیاسییە، ئەوەندە مەسەلەیەکی ئینسانی و ئەوەندە مەسەلەیەکی حقوقی نییە، چونکە لە مەسەلەی مووچەدا پێش

هەموو شتێك دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکرێت، بۆ نموونـە کـە باسـی شـەهید دەکرێـت، یـان باسـی تەنانـەت خانەنشـینیش دەکرێـت چـەند کەسـوکاری هەیـە؟ چـەند کەسـی لـە شـوێنی ماوەتـەوە؟ پێداویسـتیەکانی خێزانەکەی چەندە؟ یەعنی تۆ ناکرێت کەسێك بۆ نموونە ئەگەر یەك وارسی هـەبێت لەگـەڵ کەسـێکی تـر کە پێنج وارسی هەبێت، کە ئەمـە پێداویسـتی زیـاترە، یـەعنی لەڕاسـتیدا ئەگـەر ئـەم سیسـتەمە نـەگۆڕین، ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە، ئێمە هەموو ساڵێك جارێك، من کابینەیەك تەشکیل بکەم و بڵێم سی هەزارت بۆ زیاد دەکەم، ئەو بڵێ کاکە مـن پێـنج هـەزارت بـۆ زیـاد دەکـەم، بیکـەین بـە جۆرێـك لـە منـەت و خێـرو سەدەقە بەسەر شەهیدو بەسەر ئەوانە، ئەمە بیکەینە مەسەلەیەك کە پەیوەست بێت بە مەعیشەتەوە، بە مستەوای ژیانەوە، پێویستە حکومەت، کابینە، وەزارەت دیراسەیەك بکات بۆ مستەوای مەعیشەت، بەلایەنی کەمەوە مەعیشەت چەندە؟ بۆ ئەوەی ئێمە کەسوکاری شەهید سەربەرزانە بژین، چۆن بـاوکی سـەربەرزانە لە پێناوی میللەتەکەیدا خەباتی کردو سەری نایەوە، خوێنی ڕێشت، با کەسوکارەکەشی سـەربەرزانە بـژیت، سەربەرزانە بەوەیە کە بەگوێرەی مستەوای مەعیشەت، بەلایەنی کەمی مسـتەوای مەعیشـەت دابنرێـت بـۆ خانەنشینی و بۆ شەهیدان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من جەنابت بەوە ئاگادار دەکەمەوە کە ئەو بودجەیەی دێت بـۆ کوردسـتان وەکو لە راپۆرتی وەزارەتی دارایـی هـاتووە، تـەدویرە لـە بەغـداوە دێـت، تەنانـەت بودجـەی عێـراقیش نزیـك بـە 97٪و ئەوانە لەڕاستیدا لە مەسەلەی نەوت دێـت، بودجـەی کوردسـتانیش بـە هـەمان شـێوە، واتـا ئێمـە لـە عێراق و لە کوردستانیشدا ئیعتیماد لەسەر سیستەمی زەڕائیب و رسومات و ئەوانە ناکەین بـۆ داهات وەکو زۆر وڵاتی ئـەوروپی، ئێمـە ئیعتیمـاد لەسـەر نـەوت دەکـەین، نـەوتیش سـەروەتێکی نیشـتمانییە، سـەروەتی هەموو میللەتەکەیە، واتا هەموو فەردێکی ئەم وڵاتە من و جەنابت لەهەر مەوقعێکدا بین سەهممان هەیـە، پشکمان هەیە لەم سەروەتە نیشتمانییە، باسی موعەوەق بکـەم، باسـی کـەم ئەنـدام بکـەین، کـەم ئەنـدامێك وەکو من کە ساغ و سەلیمم هەمان پشکی هەیە لە سەروەتی نیشتمانی کە نەوت و بودجەکەیە، کەم ئەندام پێداویستی زیاترە، پێداویستی زیاتری هەیە، مەسرەفی زیاترە، مەسەلەن چاوی نابینێت، مەسەلەن قاچێکی نییە، چۆن تۆ دەتوانیت ئیکتیفا بکەیت بە پەنجا هەزارو، لـە سـی هـەزارەوە بـۆی بکـەیت بـە پـەنجا هـەزار دینار، واتا بیست هەزاری بۆ زیاد بکەیت وەکو سـەدەقەیەك، ئەمـە کێشـەیەکی گەورەیـە، بـا مـن ئـەو خاڵـە قانونیەت بۆ روون بکەمەوە، ئێستا لە خاڵی (83) باس لەوە دەکرێت، دیـارە مـن تەبعـەن داوای زیادەیـەك دەکەم بۆ هەموو ئەو برگانە، بەگوێرەی موستەوای مەعیشە، من پێم شەرمە بڵێم پـەنجا هـەزاری بـۆ زیـاد بکە، یان سی هەزاری بۆ زیاد بکە، ئەمە خەلەلێکی زۆر گەورەیە لە سیسـتەمی رەواتـب، دەبێـت بـەگوێرەی موسـتەوای مەعیشـەت هـی خێزانێکـی پێـنج کەسـی چـۆن دەژی؟ بەنـدی یەکـەمی مـاددەی (83) بـۆ هـەر پێشنیارێك، بۆ زیاد کردن من دەزانم وەزارەتی مالیە دەڵێن چۆن ئەمە زیاد بکەین؟

بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئەمـە حاڵـەتێکی زۆر ئاسـانە، ئەگـەر بیـدەیت بـە دەسـتی مـن بـە دوو رۆژ چارەسەری دەکەم، بەڵام با نموونەیـەکی زۆر سـادە بـۆ جـەنابت بێنمـەوە، لـەوەی کـە ئێمـە چـۆن دەتـوانین

موناقەلە لە بەینی ئەبوابەکاندا بکەین وەکو ئەو قەزیە ئینسانیە گەورەیە، ئەم قەزیە حقوقییە، قەزییەی سیاسی نا، بۆ ریئاسەی مەجلیسی وزەرا، ئێمە لە نەفەقاتی فیعلی 2008 تەنها هەشتاو سێ ملیار سەرف کراوە، لە مەسروفی فیعلی نیوەی 2009 تەنها چل و پێنج ملیار سەرف کراوە نەفەقاتی فیعلی نیوەیە، کەچی بۆ ئەمساڵ دوو سەدو هەژدە ملیار دانراوە، بە فەرقی سەدو سی و پێنج ملیار لەگەڵ 2008، ئەم سەدو سی و پێنج ملیارە لە حاڵەتێکدا کە ئیمە نیوەی وەزارەتمان کەم کردۆتەوەو تەرشیقمان کردووە، یەعنی ئەم مەبلەغە زەخمە سەدو سی و پێنج بخرێتە سەر زیادەی مووچەی کەم ئەندام و شەهیدان و کەسوکاری شەهیدان چۆن ژیانیان دەبووژێتەوە؟ چۆن بە سەربەرزانەو بە کەرامەتەوە دەژین؟

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، حەز دەکەم یەك دەقیقە مەجالم بدەیت، دوێنێ جەنابت ئاماژەت بە خاڵێکی زۆر گرنگدا، ئەویش نەبوونی تەنسیق لەنێو خودی ئەنجومەنی وەزیران، چەند بەڕێزێك باسیان کرد، تەنانەت ئەنجومەنی شورای نەبینیوە، زۆر لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان باسی خەلەلی قانونی، خەلەلی صیاغە، هەتا لە موستەلەحاتدا، کە ناکرێت لە قانوندا ئەوە بێت، جارێ پێی دەوترێت میزانیەی ئیعتیادی، جارێ پێی دەوترێت میزانیەی جاری، جارێ پێی دەوترێت میزانیەی نازانم چی، جارێ پێی دەوترێت ئیستیسماری، جارێ پێی دەوترێت سەرمایەداری، جارێ پێی دەوترێت ناعادی، یەعنی ئەم موستەلەحاتانە دەبێت لە قانون هەندێك رێك بخرێتەوە، لەڕاستیدا ئێستا ئێمە لە ژێر زەختی هەڵبژاردن و چوونە هەڵبژاردن و ئەمانەین، ئەمە قەزیەیەکە پەیوەستە بە ژیانی تاك تاکەوە، پەیوەست نییە بە حکومەت و ئۆپۆسیۆن و بە کەسێکەوە، ئۆپۆسیۆنیش بە هەمان شێوە بەشی هەیە لەم بودجەیە تەداعیاتی بەسەردا دێت، من لەڕاستیدا زۆر هاوڕام لەگەڵ قسەکانی کاك عومەر، لەگەڵ قسەکانی کاك کاردۆ، کە لەڕاستیدا خەلەلی گەورەمان کەشف کردووە، هەمووومان ئەندامە بەڕێزەکانی فراکسیۆنەکان خەلەلی زۆر گەورەیان لە بودجەکە کەشف کردووە، پێویست ناکات بەم پەلە پروزەییە ئێمە ئیش لەسەر بودجەیەك بکەین، کە پەیوەستە بە ژیانی هەمووومانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پێشنیارەکەت بڵێ، رێزدار سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حاکم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، من مولاحەزاتم لەسەر ماددەکە لەڕووی شکلیەوەیە، نازانم بەڕاستی لە زمانی پەرلەمان کامیان ئەگەر کێشە دروست بوو لە بەینی کوردی و عەرەبی، کامیان ئیعتیماد دەکرێت؟ ئەوە دەبێت لە پەیڕەوەکە باس کرا بوایە، بەلاّم باس نەکراوە، ئەوەیان گرنگ نییە، کە خۆی وا ئیعتیمادیان کردووە لەسەر عەرەبیەکە، ئەگەر ماددەکە بخوێنینەوە، دەڵێت (تتم زيادة رواتب ذوي الشهداء وضحايا الانفال والاسلحة الكيمياوية.)، ئەو نەصەی لەلای من هەیە، چونکە لەدواییدا تەفسیل هەیە، ئەی نابێت بڵێن (کالاتي)، ئەوە لەوێ بەس زیادە کراوەو نوقتەو تەواو بووە، لێرە تەصنیفێکی تری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو عیبارەیەی بەڕێز عەدنان عوسمان لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە کە دەڵێت حکومەت ئەژنۆی دەلەرزێت، بەڕاستی ئیهانە کردن بە حکومەت و بە وەزارەتی حکومەت قەبول نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەدنان وات گوت، تکایە وشەکەت دووبارە بکەوە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەیەکی قانونی مەبەستم ئەوەیە لەکاتێك کە نەفەقات زیاد دەکات حکومەت حەتمەن بەتایبەتی جەنابی وەزیری مالیە دەزانێت کە ئەمە کێشەو ئیشکالیەتی بۆ دروست دەکات، ئەو دەبێت جارێکی تر بە مەوزوعەکاندا بچێتەوە، قسەی من ئەژنۆ لەرزینەکە قسەیەکی قانونییە، کە حکومەت تووشی زەختێکی گەورە دێت، ئەگەر منیش لە شوێنی بم وەکو وەزیری دارایی ئەژنۆم دەشکێ، ئەگەر بەشێوەی تر تێگەیشت بن، جەنابی وەزیر من سەد جار داوای لێبوردنی لێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لە جەنابی وەزیر دەپرسم، ئەم موستەلەحە چۆن دێت لەلای جەنابت؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەژنۆم نالەرزێ، چەند ڕۆژە دانیشتووم ئەژنۆم نە لەرزیوە، ئەنواع و ئەشکال لەو بابەتانە باس کراوەو ئێمە وەکو واجیبی خۆمان دانیشتووین و وەلاّمیش دەدەینەوە، من وەلاّمی ئەو زیادەیەی ئەنجومەنی وەزیرانیش کە هاتووە ئەوانە هەمووی دەدەمەوە، ئەگەر پاشان ڕێگام پێ بدەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە بەردەوام بە.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە لەوێ نوقصانە لە رووی صیاغەوە دەبێت ئەوە ئیزافە بكرێت، دوایی كە هاتۆتە سەر تەفسیلەكەی، یەكەم كە دەڵێت (ذوي الشهداء) بەنیسبەتی ئەوەندە (وفق النسب التالیة)، هەر لە نەصەكە (ذوي الشهداء)ی تەفسیل كردووە، بەلاَم زەحایەی ئەنفالیشی باس كردووە، زەحایەی ئەنفال لە فەقەرە دوو (عوائل الشهداء والمؤنفلین)، ئەمە لەگەڵ فەقەرەی یەكەمدا دێت، چونكە شوهەدائی باس كرد، ئەنفالەكانیشی باس كرد، دوایی دەڵێت (الاسلحة الكیمیاویة)، مەبەستی چیە؟ (الاسلحة الكیمیاویة)، خۆ ناكرێت كەلیمەی زیاد دابنێت، كە دەڵێت (الاسلحة الكیمیاویة)، لە تەفسیلەكە لەكوێ جێیان كردۆتەوە؟ ئایا موستەلەحەكە یەكە، ئەنفال و كیمیاوی یەكێكە؟ یان دوو موستەلەحی جیاوازن؟ ئەگەر جیاواز بن كیمیاوی هیچی بۆ زیاد نەكراوە، ئەوە نوقتەیەكی تر.

لە عەوائیلی شوهەدائ، دوای عەوائیلی شوهەدائ (المعوقین) یەعنی بەشی سێ فەقەرەی (أ) (المعوقین) چی؟ خۆ لە بڕگەی یەكەمدا باسی نەكراوە بڵێت معەوقینیشی تیایە، بۆی زیاد دەكەین، هەر یەكسەر هاتۆتە سەر موعەوەقین، یەعنی باس نەكراوە بڵێت هی موعەوەقین زیاد دەكرێت، یان زیاد ناكرێت، ئەوەش نوقتەیەكی تر.

ئەمە لە رووی صیاغەو شكلەكەوە، لە رووی مەوزوعەوە، ئایا نەدەكرا ئەم مەسەلانە لێرە ئەم تەفسیلاتانە باس نەكرایە؟ بەڵكو ئەو مەبلەغەی كە دەدرێت بە كۆمەلاَن، ئێمە لە حەوت شوێنی تر، لە حەوت ماددەی تر موازەنە باسی مەبلەغ دەكات، لێرە مەبلەغی دیاری نەكردووە، چەندێكیان بۆ تەقدیر كراوە بۆ ئەمان، هەتا دوایی ئەم تەفسلانە بەپێی یاسایەكەی خۆیان لەوێ جێی بكرێتەوە، كە مەبلەغ دیاری نەكرێت چۆن جێی دەكرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شلێر خان فەرمووو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها یەك، دوو تێبینی بچووكم هەیە، ئەویش چەند جاری تریش لە هۆڵی پەرلەمان باسم كردووە، تكاتان لێ دەكەم بەتایبەتی لەناو ئەم یاسایە وشەی كەم ئەندام بەكار نەیەت، ئەو وشەیە لەبەر دوو هۆ، كەم ئەندام لە هەموو جیهاندا گۆڕانكاری بەسەردا هاتووەو گۆڕاوە، ئێستا لە هیچ ولاَتێك و لە هیچ شوێنێك بەكار نایەت، هەروەها ئێمە پار ساڵ لە وەزارەتی پەروەردەو كاروكۆمەلاَیەتی بە رەسمی گۆڕانكاریمان بەسەردا هێنا بوو، بۆ ئەوەی لە سیستەمی پەروەردەشدا بەكار نەیەت، لەبەر ئەوەی جۆرە برینداریەكی تێدایە بۆ بەرامبەر، كە بە شەخصەكەت گوت كەم ئەندام، بەڕاستی بریندار كردنە، ئەگەر بڵێی خاوەن پێداویستی و تایبەت، ئەوە باشترە.

دووەمین/ هۆی ئەوەیە کەم ئەندام جۆرێکە لە جۆرەکانی کەم توانـایی، کـە وتـت کـەم ئەنـدام یـەك جـۆری دەگرێتەوە، هەموویان ناگرێتەوە.

تێبـینی تـرم هەیـە، کـەوا دەمـەوێت روونـی بکەمـەوە ئـەو زیـادەو کـەمی بـۆ دەرماڵـەی خـاوەن پێداویسـتی تایبەت، خاوەن پێداویستی تایبەت هەندێك پێداویستی تایبـەتی خـۆی هەیـە، هەنـدێکی حکومـەت دابـینی دەکات، دەبێت حکومەت ئاسانکاری و خزمـەتگوزاری زۆر باشـیان بـۆ دابـین بکـات، بـۆ ئـەوەی بتـوانن ژیـان ببەنە سەر لە دروست کردنی جادەو بالآخانەو بینا، دەبێت هەموو ئەوە رەچاو بکرێت، کەوا ئاسانکاریان بۆ بکرێت لە دروست کردنی دەرگای گەورەو مەصعەد و لە رەسیف و رەمپـەو ئەوانـە، حکومـەت دەبێـت ئـەوە دابـین بکـات، مـەحاڵ نییـە، هەنـدێك پێداویستیشیان هەیـە کـە خۆیـان دەبێـت دابـینی بکـەن، ئـەویش بـە پارەیەکی باش دەکرێت، زۆر جار پێویستیان بە هەندێك شت هەیە لـە دەرەوەی وڵات دێـت نرخـەکانی زۆر زۆر گرانە، ئەگەر مووچەیان کەم بێت، یان وەزعی ماددیان باش نەبێت ناتوانن ئەو شتانە بۆ خۆیان دابین بکەن، تکا دەکەم ئەندامانی پەرلەمانیش چیتر وشەی کـەم ئەنـدام بـەکار نـەهێنن لـەناو یاسـایەکە بکرێتـە خاوەن پێداویستی تایبەت، لە عەرەبیەکەش (ذوي الاحتياجات الخاصة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو وشەیەش کەم کردنەوە نییە لە شانی ئەو بەڕێزە، ئەو رێزدارە، بەڵکو ئەوە سەربەرزییە، ئەگەر ئینسان لـە رێگـای وڵات دەسـتێکی، یـان قاچێکی، یـان چـاوێکی لـە دەسـتدا بـێتن، ئیتفتیخـاری پێـوە دەکاتن، هەندێك کەس هەیـە شـوێنێکی لـە دەسـت دەدات دەتوانێـت چـاکی بکـات، بـەڵام نایکـات بـۆ ئـەوەی نیشانی میللەتەکەی بدات، کە لە پێناوی میللەتەکەی وای کردووە، لە وەسائیقی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە زۆر شـوێن موعـەوەقین هـاتووە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش بۆچـوونەکەی جـەنابت ئێمـە لـە داهـاتوو بـەجوانی موتابەعەی بکەین، کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محی الدين صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆنگرەیەکی جیهانیدا کە خۆم بەشدار بووم، لـەوێ بڕیـاردراو تـەوجیهی هـەموو وڵاتـەکان کـرا، گوتیـان نابێـت چیـتر ئـەو وشـەیە بـەکار بێـت، لەبـەر ئـەوە یـەعنی تۆزێـك ئـەوانیش خۆیـان هـەموو لـەوێ بـوون، هەمووی مۆریان کرد لەسەر ئەوە کە چیتر بەکار نەیەت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە تێبینیەکی شەکلی وەکو کاك حاکم رزگار باسی کـرد، لـە تێبینیـەکی شـەکلی دەسـت پـێ دەکـەم، مـن پێموایـە دوو شـت تێکـەڵاو کـراوە، کـە هـیچ عیلاقـەیان بەیەکـەوە نییـە، دەکـرێتن ئەمـە لـە یـەکتری جیـا

بکرێتەوەو بکرێتە دوو ماددەی جیا، کەم ئەندام لەگەڵ شەهید، لێرەش ئەوەی شلێر خان گوتی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان حەقیقەتەن هیچ عیلاقەیان بە یەکەوە نییە، هەتا لە وەزارەتی شەهیدانیش پێکەوە نینە، یەعنی رەبتێکیان نییە، چونکە ئەمە لەسەر وەرەسە ناڕوات، تێبینی شەکلیم هەبوو لەسەر ئەوە، دەکرێت بە دوو ماددەی جیا، تێبینی ترم لەسەر ئەم ماددەیە زیاد کردنی مووچەی شەهیدان بەپێی کارێکی زۆر باش و پیرۆزە، بەپێی حاڵەتی موازەنەو ساڵانە لەبەر دەستی حکومەتە، ئەگەر ئەم زیاد کردنە، یان ئەم مووچەیە بۆ ئێمە مەسەلەیەکی، یان مەفهومێکی ماددی بێت، بە تەئکید لەلایەن کەسوکاری شەهیدانەوە عەکسەکەی راستە مەفهومێکی مەعنەوی دەبەخشێتن، بۆیە ئەگەر هەموو مولکی ئەم هەولێرە بدرێتە دایکی شەهیدێك ناکاتە بەرامبەر ئەوەی لە دەستداوە، یەعنی پتر زیاتر لێرە ئەو مووچەیە مەفهومێکی مەعنەوییە، هەتا ماددی بێتن زیاتر.

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی ئەم بڕە مووچەیە، ئەم بڕە زیادەیە کە لەم یاسایەدا بە ئەسەری رەجعی لە $1/1$ـەکەوە سەرف بکرێت، بەڵام تێبینیم هەیە بە حوکمی ئەوەی شارەزایەکم هەیە لە بواری شەهیدان، خاڵێك هەیە لە یاسای شەهیدان هاتووە، پێموایە ئەم یاسایە لەسەر قەسام شەرعی ناڕوات، یەعنی ئەگەر ستانداردی ئەوە بگرین ئەکسەریەتی شەهیدانی ئێمە شەهیدانی فیعلی کە پێشمەرگە لە چوار سەد هەزارەوە بۆتە شەش سەد هەزار بەپێی 25٪، بەپێی ئەم یاسایە بە موتەوازنی لەبەینی دایك و باوك و خێزانی شەهید دابەش کراوە، ئەمە خەلەلێکی زۆر گەورەیە، من تەسەور دەکەم دەبێت بە قانون عیلاجی بکەین لە داهاتوودا، ئەمە حەقیقەتەن بە ئیجحافێك دەزانم، خێزانی شەهید چوار منداڵی هەیە، بابی شەهید بابێکی شەهیدە، چۆن وەکو یەك بێتن؟

دووەم/ لەسەر کەم ئەندام، ئەوەی کە لێرە هاتووە، پێموایە کەم ئەندامی هاووڵاتی نیهائیەن کەم ئەندامی شەهیدان، یەعنی پێشمەرگە نەهاتووە لێرەدا، لێرە باسی پێشمەرگە نییە، هەموویان ئەوانەی کەم ئەندامن هاووڵاتین ئەو مووچەیە لە ریعایەی ئیجتیماعی دەدرێتن، زۆربەیان ئەمانە مووچەی خۆیان هەیە، یەعنی کە لێرە هاتووە بەناوی مووچە، دیسان ئەو تێبینیە لەبیرم کرد، دەبوایە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد بوایە، نابێت باسی مووچە بکرێت، ئەمە هاوکارییە، موساعەدەیە، دیسان تەئکید دەکەمەوە ئەگەر هەر مووچەش بێت، مووچە بە حوکمی ئەوەی کە پارەی عێراقی قوەی شیرائی کەمە، نابێت حەدی ئەدنای مووچەیەك لە 120 کەمتر بێتن، یەعنی من بە کەمترین مووچە پێم باشە وا بێتن، ئەگەر هەر ناومان لێنا مووچەیەك، موساعەدە نەبێتن لە 120 کەمتر نەبێتن بە حوکمی قوەی شیرائی.

ئەوەی کە شلێر خان باسی کرد هی کەم ئەندامان، حەقە، منیش لەگەڵ ئەوەمە دەبێت ئیمتیازاتی تریان هەبێت لە رووی ئاسانکاری ژیانیان، کە ئەو باسی کرد، بەڵام لێرەدا بە پلە بەندی کە زۆر لە خوشك و برایانی بەڕێز لە پەرلەمانتاران باسیان کرد، ئەو پلە بەندییە حەقیقەتەن زۆر زۆر شتێکی ئیعتیادیی و ئاساییە، لە هەموو دنیا، لە هەموو نیزامی قانونی، لە شەرق، لە غەرب، لە دنیای عیلمانی، لە دنیای ئیسلامی، لە دنیای سەرمایەداری، لە هەموو نیزامی قانونی ئەم پلە بەندییە هەیە، شەهیدێکی ئەفسەر

مووچەکەی وەکو جوندییەك نابێتن، بۆیە مەسەلەیەکی زۆر ئیعتیادیـە، هـیچ ئیجحافێـك نییـە بـە حـەقی هیچ کەسێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە شـەهیدان ڕەمـزی خـەبات و قوربـانی دان و مایـەی سـەرفرازی و سـەرکەوتنی گەلەکـەمانن، بۆیـە کەسوکاری ڕوو سوورو سەربەرزیان موستەحەقی هەموو دەستکەوتێکی باشن، دیـارە سـەرەتا مـن دەمـەوێت وەك هاووڵاتیەکی خەڵکی هەڵەبجە، نوێنەرایەتی خـەڵکی هەڵەبجـە لـە مەسـەلەی بـە جینۆسـاید ناسـاندنی هەڵەبجەوە دەست پێ بکەم، کە ئەوە بەڕاسـتی بـۆ خـۆی دەزانـین چ مانـاو مـەفهومێکی هەیـە، مـن پێمواپـە ئەوە زۆر حەقێکی باش بوو، سەرکەوتنی ئیرادەی حەق بوو، تەعویزێکی زۆر باش بوو، کە دەتوانم بڵێم لـە پـارەو لـە کۆمـەڵێك شـت گـەورەتر بـوو لـە ڕووی ئـەو مەفهومـەوە، دیـارە کارەسـاتی هەڵەبجـە هـەمووومان دەزانین، زۆرمان لەسەر بیستووە، زۆرمـان لەسـەر خوێندۆتـەوە، بۆیـە مـن لێـرە بـە هـەلی دەزانم سوپاسـی هەموو ئەو پارێزەرو دادگای تەمیزو شاهێدانەو لە سەرووویشیانەوە جەنابی سەرۆك کۆمار کـە بەڕاسـتی لـە دابین کردنی جێگای حەوانەوەو هەموو کاتێك ئەوەی ئێمـە ئاگامـان لـێ بێـت، جـەنابی مـام جـەلال لەسـەر خەت بووە، بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵیداوە ئەو مەوزوعە بە جینۆساید بناسرێت، مەسەلەیەکی تـریش ئەوەیە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم زیندانیانی سیاسـییە، حەقـە هاوشـێوەی یاسـای ژمـارە (4)ی عێـراق ئیتر یاسایەکیان بۆ دەرکرد، بۆ ئەوەی ئەمە زەجەیەکی گەورەی لەسەر دروست نەبێت، وەك خۆتان دەزانن کە ئێستا جێگای باس و خواستێکی زۆر گەرم و گوڕە، دیارە کەم ئەندامان پێویستە لە ڕووی مەعنەوییـەوە زیـاتر تـەعویزیان بـۆ بکەینـەوە، بـەوە خـەڵکی شـارەزاو پسـپۆریان تێدایـە لـە دامودەزگاکانـدا دابمـەزرێن، دەکرێـت حکومـەتیش کارێـك بکـات لـە شـەقامەکان و ڕێگاوبانـەکان لـە دائیـرە جۆربەجۆرەکانـدا، بەڕاسـتی پێداویستی هاتوچۆ و مامەڵە کردنیان بۆ ئاسان بکات، وەکو زۆرێك لە ئەورووپاو لەو شوێنانە هەیـە، منـیش هاوڕام لەگەڵ ئـەو بەڕێزانـەی کـە لەڕاسـتیدا باسـی مەسـەلەی مووچـەی شـەهیدی هاووڵاتیـان کـرد کەمـە، ئەگەر بکرێت چاوێکی پێدا بخشێندرێتەوە.

من دووبارە دەستخۆشی تەواو لە لیژنەی یاسـایی و دارایـی دەکـەم، بەڕاسـتی جێگـای خۆیـەتی و ئـەوەی لـە توانادا بێت وەك مەرحەلەیەك کردوویانە، بە ئومێدی ئەوەی هەرچی زیاتر لە ئایندە لـەم پەرلەمانـەو لـە حکومەتیشدا بۆ کەسوکاری شەهیدان بکەین.

من لەڕاستیدا مولاحەزەیەکیشـم هەیـە زۆر سـەیرە لـەلام، دەمـەوێت بڵـێم یـەعنی بابێـك، بابـەتێك دەنگـی لەسەر درا بێت، یەعنی چ مەفروزە ئێسـتا دووبـارە ئیسـارەی بـۆ بکرێتـەوەو ئـەو بودجەیـە بگەڕێتـەوە بـۆ حکومەت، من داوای لێبوردن دەکەم، دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا قسەکانی من برایانی بەڕێز کاك عومەر سدیق پشتگیری دەکەم، کاك فازل بەشارەتی کە کردی، بەلاّم منیش دەتوانم بلێم هەرچیەك دەکرێت بۆ شەهید لەم دنیایەدا، ناگاتە ئەوەی کە شیرینترین جەرگ و دڵی خۆیان بەخشیوە بەم خاك و ئاوە، بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی میللەتەکەمان، من وەکو ئەندام پەرلەمانێك پێشنیاری ئەوە دەکەم کە جێی دڵخۆشییە ئەو بڕە پارەیە زیاد کراوە، بەلاّم لە ئاستی تموحی من نییە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە شەهیدانی هاوولاّتی کە ئەو بڕە پارەیە زۆر کەمە، بۆ ئەوان دیاریکراوە، ئەگەر بکرێت من داوا لە وەزیری دارایی دەکەم کە بتوانرێت ئەمە جێ بکرێتەوە، کە ئەو بڕە پارەیە بکرێتە سەدو پەنجا هەزار دینار، چونکە ئەم بڕە پارەیە زۆر کەمە بۆ شەهیدانی هاوولاّتی، بەنیسبەت ئەوانەی دەڵێن پلە بەندی نەبێت لە شەهیددا، من راستە خۆم کچە شەهیدێکی سەرکردەم، بەلاّم راستە فەرقی شەهیدی سەرکردەو پێشمەرگە نییە، هەر هەموویان کاتێك کە چەکی شەرەفیان خستە شانیان بۆ یەك مەبەست بوو، بەلاّم با ئێمە ڕێز لە نەریتی جوانی شەهیدە سەرکردەکان بگرین، با ئەو نەریتەیان بپارێزین بۆ ئێستاو داهاتوو، با ڕێز لە خۆیان و ئەو هاوڕێیانەیان بگرین، کە ئێستا ماوەتەوە کە پێشمەرگەن، لەبەر ئەوە من داوای لێبوردن دەکەم نابێت ئەو داوایە بکرێت کە بڵێن پلە بەندی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی منیش هەم بوو لە رووی شکلی و فەنییەوە، ئەوە لیژنەی یاسایی حەتمەن چارەسەری دەکات، منیش پشتگیری دەکەم کە لە 1/1ـەکەوە سەرف بکرێت، بەڕاستی لە ماددەکەدا هاتووە کە شمولی باسی ئەنفال و کیمیاباران دەکات، بەلاّم لە تەفاسیل و بڕەکاندا شمولی ناکات، بۆیە پێم باشە کە بە دوو شێوە موعالەجە بکرێت، لە بڕگەی یەکدا ئەو چوار سەدە بکرێتە سێ سەد هەزار تا شەش سەد هەزار، ئەوە موعالەجەی ئەنفال و کیمیاباران دەکات، من پێم باشە بۆ ئەوەی عەدالەت دەستەبەر بێت، بۆ هەموو بڕگەکان، چونکە دەزانین خێزانێك بۆ خێزانێکی تر دەگۆڕێت، بۆ هەموو بڕگەکان، بۆ هەر منداڵێك بیست و پێنج هەزار دینار زیاد بکرێت، ئەوەشی هاوسەری هەیە، یەعنی بۆ ژنەکەی خاوەن پێداویستیەکان، ئەوەی پێی دەوترێت موعەوەق ئەگەر خاوەن خێزان بوو پەنجا هەزار دینار، بەڕاستی شەهید هەر جۆرێکی بێت گەورەیە، خاوەن مافە، مافێکە لەسەر هەموومان، بۆیە من پێموایە بە هەموو جۆرەکانی

شـەهیدی سـەنگەر، شـەهیدی ئـەنفال، کیمیابـاران، شـەهیدی هـاوولاْتی، هـەموو جـۆرە پێداویسـتیەکانی هاوولاْتیان خاوەنی مافن لەسەر ئێمە، بۆیە جێگەی خۆیـەتی هەرچـەندێکمان بـۆ بکرێـت قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بتـوانین ئەرکـەکانی سەرشـانمان جـێ بـەجێ بکـەین بەرامبـەریان، شـەهیدی هـاوولاْتی، منـیش پێموایـە هاوولاْتی ئەویش خێزانی بەجێ هێشتووە، پێم باشە بکرێت بە سەدو پەنجا هەزار دینـار زیـاد کردنەکـەی، ئەگەر ئەو خاڵی یەکەمی کیمیاباران لەو خاڵی یەکەمە چارەسەر نەکرا، لە خاڵی دووەم کە دەڵێت خێزانـی شەهیدانی ئەنفال لێرە کیمیابارانیشی بۆ زیاد بکرێت بەنیسبەت لـە 50٪ ئـەو بڕگەیـە زیـاد بکرێـت، مـن پێموایە خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەوەی کە پێی دەوترێت کەم ئەنـدام بەڕاسـتی ئـەویش خێزانـی هەیـە، منداڵی هەیە پەنجا هەزارو سەد هەزار بەشی دوو، سێ ڕۆژ مەسرەفی ناکات، بۆیە بە عام هەموو خێزانێکـی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستیەکان دوو سەد هەزاریان بۆ ببڕدرێتەوە، ئەگەر ژنداره پەنجا هـەزار دینـاری بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر منداڵیشی هەیە هەموو منداڵێك بیست و پێنج هەزار دینار.

من پێموایە پێویست دەکات بەڕاستی بۆ ئەم ماددەیە بڕگەیـەك زیـاد بکرێـت، بـۆ ئـەوەی باسـی زینـدانیانی سیاسـی و بیمـەی کۆمەلاْیـەتی و بێـوەژن و پەککەوتـەو بـێ سەرپەرشـتیارو ئەوانـەی گرفتـاری سـەرجێگان بەهۆی نەخۆشی کوشندەوە ئەوانەشی بۆ زیاد بکرێت.

بڕگەیـەکی تـریش زیـاد بکرێـت وەکو تێبنیـەك هەرچـەندە ئـەم یاسـایە بـۆ ساڵێکە، بـەلاْم لـە بڕگەیەکـدا ئیشارەت بەوە بکرێت، کەوا ڕەچاوی گرانی بازاڕو هەڵئاوسانی ئـابووری، چـونکە ئەگـەر ئـەمڕۆ چـوار سـەد هەزار دینار بۆ ئەمڕۆ پێنج سەد هەزار دینار باش بێت، لەوانەیـە لەگـەڵ گـران بـوونی بـازاڕو هەڵئاوسـانی ئابووری و گران بوونی باری ژیانی خەڵك، ئەمە وا زیاد بکات، پێموایە هەرچەندی لێ بکەین هەر کەمە بۆ ئەو پۆلێرانە، بۆ ئەو شەهیدانە، بۆ ئـەو خـاوەن پێداویسـتیانە، لـە شـوێنێکی تریشـدا جێـی بـۆ بکرێتـەوە، ئەوە خۆیان بەڕێزان وەزارەتی دارایی باش دەزانن لە مەنافیعی ئیجتیماعی بێت، لە مەساریفی ئوخرا بێت، وەکو چۆن ئەوەی زەمالەکە دەست نیشانی کردووە لـە فلان شـوێن جێـی دەکەینـەوە، لێـرەش جێیـەکی بـۆ دەدۆزنەوەو، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شازدە بەتایبەتی کەم ئەنـدامان، دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم لەڕاسـتیدا هـەموو شـتێك هـەر ماددە نییە، کە بتوانێت هەموو کەموکورتیەکانی ژیـان دابپۆشـێت، کـەم ئەنـدامانیش هەرچـەندە لـە ڕووی مادديیەوە ژیانیان باش بێت ناگاتە ئەو نەقصەی کـە لـە جەسـتەیاندا هەیـە، بەڕاسـتی ئـەو ڕێژەییـەو ئـەو گوژمەیەی کەوا لە یاسایەکەدا دیاری کراوە لە سی هەزارەوە بۆ پەنجا هەزار دینـار، لـە پـەنجا هـەزارەوە بـۆ

سەد هەزار دینار ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمە بەشی ژەمە خوانێکی میوانداری ناکات، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ بازاڕی ئەمڕۆی کوردستان، بۆیە من هاوڕام لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی دارایی.

خاڵێکی تریش کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، ناو نەهێنانی کەم ئەندامانی سەنگەرە کە لەبڕگەکاندا، ئەوانیش شەهیدی زیندوون و بەشێك لە جەستەیان لە سەنگەری پیرۆزی پێشمەرگاتیدا پێشکەش بەم خاکی کوردستانە کردووە، بۆیە دەکرێت بە لایەنی کەمەوە ئەوانیش وەکو وەفایەك بۆ قوربانیدانیان، بۆ بەردخوردانیان مەدالیای ڕێزلێنانیان پێشکەش بکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ ماددەکە سەبارەت بە کەم ئەندامانی سەنگەر ئەویش بە بەخشینی مەدالیای ڕێزلێنان بۆیان.

خاڵێکی تریش، سەبارەت بەو بڕە پارەی کە دیاری کراوە بۆ شەهیدانی هاووڵاتی ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمە، پێشنیار دەکەم لە پەنجا هەزارەوە بکرێت بە سەد هەزار دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شازدە لەنەصی ماددەکە، من پێموایە نوقصانیەکی هەیە، ئەویش وشەی زیندانیانی سیاسییە، کە پێویستە زیاد بکرێت لە دوای چەکی کیمیاوی و زیندانیانی سیاسی بەم پێیە دەکرێت، دواییش فەقەرەیەك زیاد بکرێت هەم بۆ زیندانیانی سیاسی لەناو فەقەرەکان کە مووچەکەیان لە سێ سەدو نەوەد کە پێشتر بڕیاری بۆ دراوە بکرێت بە پێنج سەد هەزار، دیارە پێشتریش جەنابی وەزیری دارایی باسی ئەوەی کرد، کە ئێمە ناتوانین لە سێ سەدو نەوەد لەوە زیاتریان بۆ دیاری بکەین، لەبەر ئەوەی مووچەی شەهیدان چوار سەد هەزارە، ناکرێت زیندانیانی سیاسی وەکو شەهید بێت، دەبێت شتێك لە خوارتر بێت، بەس ئێمە دەکرێت لێرە دووبارە لە فەقەرەی یەکەم کە دەڵێت شەهیدان ئەوانەی کە چوار سەد هەزار دینارە، من پێم باشە بکرێت بە حەوت سەد هەزار دینار، لەو کاتەشدا دەتوانین ئەو کێشەی زیندانیانی سیاسیش حەل بکەین، کە کەمتر دەبێت لە شەهیدان کە بکرێت بە پێنج سەد هەزار دینار، لە فەقەرەی (ب) کە باس لە شەهیدی هاووڵاتی دەکات، بەڕاستی پەنجا هەزار زۆر زۆر کەمە، دیارە شەهیدان ئەگەر بەگشتی باسیان بکەین، شەهیدان هەموویان جێگای ئیفتیخاری ئێمەن، بە خوێنی ئەم شەهیدانە ئەو وەزعە بۆ ئێمە خوڵقاوە، من خۆشم ئیفتیخار بەوە دەکەم کە یەکێکم لە خانەوادی شەهیدان، جگە لە زیاد کردنی، یەکەم/ شەهیدی هاووڵاتیش پێم باشە بکرێت بە سەدو پەنجا هەزار دینار، وەکو چەند بەڕێزێکی تریش دەکەم باسی کرد، کە لە جێی خۆی دایەتی، تەئیدی بەڕێز کاك فازل و چەند بەڕێزێکی تریش دەکەم کە باسی شەهیدانی هەڵەبجەیان کرد، کە پۆلین بکرێن، هەر شەهیدێك وەکو خۆی حیسابی بۆ بکرێت، نەك بە جوملە، کە ئەوە بەڕاستی کەمکردنەوەیە لە ڕێزیان، باشتر وایە ئێمە لەو

پەرلەمانە بڕیار بدەین کە هەموو شەهیدێك حیسابی خۆی بۆ بکرێت، هەمووشیان هەر شەهیدێك یەکە، دووە حیسابی بۆ بکرێت، ریز بەندیان بۆ بکرێت، من پێموایە بۆ هەموو ئەوانەی کە مووچەیان لە خوار سەدو پەنجا هەزارە، مووچەکانیان بەرز بکرێتەوە بۆ سەدو پەنجا هەزار لە هەر شوێنێك، ئەوانەی لێرە ناویان هاتووە، ئەوانەی ناویشیان نەهاتووە، هەموویان رێژەی مووچەکانیان لە سەدو پەنجا هەزار کەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان کەمترین مووچەمان لە سەدو پەنجا هەزار بۆ خوارەوە نەبێت، خاڵی سێیەم (أ) کەم ئەندامان، یان خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان هەر ناوێکی لێ بنرێت، ئەویش بە هەمان شێوە بکرێت بە سەدو پەنجا هەزار دینار، کەم ئەندامان لە پەنجا هەزارەوە ئەویش بکرێت بە دوو سەد هەزار دینار، چونکە بەڕاستی بەوە دەکرێت کەمێك لە موعاناتیان کەم بکرێتەوە، ئەگەرنا من پێموایە ئەو مووچەی بۆیان دیاری کراوە زۆر زۆر کەمە، لەو وەزعە گرانیەی ئەمڕۆکە هەیە، کەمێك باری ژیانیان بەرز بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کە ناوی شەهید، یان پێشمەرگە دەهێنرێت، بەڕاستی وەستاندنم و لەش لەرزینم، یان فرمێسکم هەردەم قەتیسە لەبەرامبەر چاومدا، ناتوانم ئەوە بشارمەوە چەندی پێدا بچێت بەڕاستی، ناچمە تەفاسیلی وردی چەندی بۆ زیاد دەکرێت و چەندی بۆ کەم دەکرێت، بەس ئەوەندە دەبینم دەستخۆشی بکەم لە سیاسیەتی حکومەتەکە، کە رەچاو کردنی زیاد کردن بۆ هەر بەشێك لەناو وڵاتە، کە پێویستی بە زیاد کردنە، بڕەکەی مومکینە بە ئاستی تموحی هەر یەکێکی کورد پەروەر نەبێت، کە هەست دەکات ئێستاش ئەم دانیشتنەی هەر هەموومان لێرە لە پێناوی خزمەت کردنی ئەوان و خوێنە پاکەرژاوەکەی ئەو شەهیدانە بووە، بەڵام من یەك شت دەڵێم چاوی من، یان هەر یەکێکی تر کە خۆی قەراری لێ دەدات، من بە بەرز تەماشای شەهید بکەم و هی پێشمەرگە بکەم، یان بە نزم تەماشای بکەم، من بە بەرز تەماشای ئەو کەسانە بکەم کە بەشێکی جەستەی خۆیان داوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، یان بە نزم سەیریان بکەم، من بڵێم کەم ئەندام، بڵێم وەڵلا کەمی دەکەمەوە، نەخێر کەمی ناکەمەوە، کەم ئەندام بەشێکە لە پێداویستی تایبەت، کە چوار بەشی تر پێداویستی تایبەت، هەر تەنها کەم ئەندام نییە، راستە لە جیهاندا دانراوە لەبەر شعوریان، بەڵام من ئەو شعورە هیچ کاتێك نابینم بریندار ببێت، چونکە ئەگەر لە خواییەوە بێت، ئەوە لە خواییەوە بەشێکی لابدات خوا شتی تری داوەتێ، مومکینە مێشکی داوەتێ زۆر لەو کەسانەی کە لەشیان تەواوە بیر بکاتەوە، ئەگەر من بڵێم ئەو کەسەی کە خۆی بەخت کردووە بۆ نیشتمانەکەی و زۆریشی دەبینین لەناو سەرکردەکانی خۆمان و خەڵکەکانی خۆمان، ئەوەی گەیشتووە بەو ئاستەی ئەمڕۆ لە ئەنجامی دانی بەشێك لە بەشەکانی جەستەی خۆی گەیشتووە بەوە، لەبەر ئەوە من زۆر بە سەربەرزییەوە تەماشای کەم ئەندام دەکەم، خۆشم لەباری کارو کاربارى کۆمەڵایەتیەوە کە جێگرم لەناو ئەو لیژنەیەدا بەش بەحاڵی خۆم دەقاودەق پشتگیری لە سەرۆکی کارو کاربارى کۆمەڵایەتی کە کاك عبدالسلام بەرواریی دەکەم، ئێمە بە سیستەم و بە نیزام دەتوانین خزمەتی کەم ئەندام بکەین، خزمەتی ئەو کەسانە بکەین کە هێشتا پێویستی زیاترە چاوی لێ بدرێت، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە دانراوە پێشخۆشحاڵ دەبووین و پشتگیریشی دەکەین، لەبەر ئەوەی راستە لەناو لیژنەکان قەرارمان داوە کە زیاتر بێت لە سەد هەزار بۆ سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر ببێت، بە ئاستی بژێوی ئەمڕۆی کوردستان تەماشا کراوە، دەستخۆشی لە کاك عەونیش دەکەم، کە

بەڕاستی ئەو پێشنیازەی کرد کە لە 1/1ـەکەوە بۆیان دابنرێت و تەماشا بکرێت، سوپاسی هەمووان دەکەم بۆ گوێ گرتنتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی سەرنجەکانی من بەڕێزان پێشتر ئاماژەیان پێدا، یەك شتی تر کە من دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم لە سەرەتای ماددەکەدا ماددەی شازدە، نووسراوە مووچەی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی، ئەگەر بکرێت زیندانیانی سیاسی بۆ ئیزافە بکرێت، خراپ نییە، لە بڕگەی (ب)شدا، یان لە شوێنێك جێگای بۆ بکرێتەوە، مەبەستم زیاتر لە مووچەکانیانە، بەڕاستی ئەو مووچەی کە زیندانیانی سیاسی بەپێی قانونی ژمارە (4)ی ساڵی 2006 لە عێراقدا وەردەگرن بڕی پێنج سەد هەزار دینارە، ئەمەی کە لە کوردستان وەردەگیرێت بڕەکەی کەمترە لەوە، بۆ ئەوەی جۆرێك لە تەعدیل، یاخود جۆرێك لە هاوسەنگی و یەکسان بوون لەنێوان ئەو دوو مووچەیەدا بکرێن، لێرەدا لە شوێنێك جێی بۆ بکرێتەوە، چونکە لە تەواوی پرۆژەکەدا ناوی زیندانیانی سیاسی هەرنەهاتووە.

خاڵێکی تر، کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم لە بڕگەی (ب)ی هەمان ماددەدا کەسوکاری شەهیدانی شارستانی، کە کاك عبدالسلام ئاماژەی پێدا، شارستانی شتێکی زۆر نادروستە لێرە وەك هاووڵاتی بمێنێتەوەو شارستانی لابدرێت، بە گوژمەیەکی بڕاوە کە پەنجا هەزار دینار، پەنجا هەزار دینار بەڕاستی هەمووومان دەزانین تەسەور دەکەم هەر قسەی لەسەر نەکەین باشە، چونکە پەنجا هەزار دینار هی وەی نییە، مەبلەغێك نییە، کولفەیەك نییە، بڕێك نییە، کە منداڵێکیش پێی بژێت لە ماوەی مانگێکدا، نەوەکو کەسوکاری شەهیدێکی هاووڵاتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە رەئی هاوکارانم کاك کاردۆ و کاك عەدنان دەکەم، بەڵام ئەوە ماوە بڵێم کە زیاد کردنی فەقەرەیەك لەو ماددەیە وا باشە فەقەرەی (ب) بێت دوای کەسوکاری شەهیدان بە زیاد کردنی زیندانیانی سیاسی، کە وا پێشنیاریش دەکەم یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006ی عێراق کە تایبەتە بە زیندانیانی سیاسی جێ بەجێ بکرێت، لەگەڵ دیاری کردنی ئەو وەزارەتەی کە ئەم ئەرکەی پێ رادەسپێردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی کاك کاردۆ و کاك عەدنان دەکەم، هەروەکو بەڕێز کاك فرسەت سکرتێری پەرلەمان ئاماژەی پێ کرد لە پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە، دەبێت ئەسبابمان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین چۆن زیاد بکەین، من وا بەباشتری دەزانم ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی نەفەقاتی تەشغیلی و ئیستیسماری بە حەقیقی دیاری بکرێت و داهات بە روونی و هەموو داهاتەکان بە باشی روون بێت، ئەوسا ئێمە دەتوانین باشتر قسە لەسەر گوزەرانی خەڵك بکەین و هەروەها بە برێکی باشتر، نەك بە رێژەیەکی موعیەن ئێمە بتوانین زیادی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت بڵێم شەهیدەکان هەموویان سەربەرزو گەورەن، نەك کۆمەڵێکیان وەك هەندێك برادەر باسی لەوە کرد، هەموویان سەرکردەن، هەموویان خوێنی خۆیان بەخشیوە، هیچ کەسێك خوێنی نەبەخشیوەو یەکێکیش ئاوی بەخشی بێت، منداڵەکانی هەموویان بێ باوك بوون، دایك و باوکی هەموویان جگەر سووتاو بوون، خوشك و برایان خۆشەویسترین کەسی لە دەست داوە، لەبەر ئەوە هەموویان یەك پلەیان هەیە، ئەمە چەند ئەوەندەی مەسەلەی ئیمتیازە، ئەوەندە مەسەلەی مەعنەوییە، شەهیدەکان کە دەبینێت شەهیدەکەی وەك یەکە، یەك ناوی هەیە، بەمە حاڵەتی نەفسی جێگیری دەبێت، ئەمە شتی مەعنەوییە، بۆیە من داوا دەکەم بەڕاستی ئەو پلە بەندییە نەمێنێت، شەهیدی وا هەبێت پێنج ملیۆن و نیوی هەبێت، شەهیدی واش هەبێت سێ سەد هەزاری هەبێت، ئەمە ناعەدالەتییەکی گەورەیە بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان، بۆیە من داوا دەکەم ئەو پلە بەندییە نەمێنێت، لە هەموو ماف و ئیمتیازاتێك وەك یەك بێت، ئەمە لە رووی مەعنەوی و ماددییەوە پێویستە چاك بکرێت.

دیارە ئێمە کۆمەڵێك لە هاوڕێیانم باسیان کرد، ئەگەر خرایە دەنگ و دەنگی بە دەست نەهێنا، من ئینجا پێشنیارم بۆ دووەم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو رێژەیەی کە دانراوە چوار سەد هەزار بۆ شەش سەد هەزار دینار، کە ئەو هەڤاڵانەم باسیان کرد بکرێت بە سێ سەد هەزار دینار بۆ شەش سەد هەزار دینار، رێژەی لە 25٪ـەکە بکرێت بە 30٪، حەوت سەد هەزارەکە بۆ ملیۆن و سی و دووەکە بکرێت بە لە 20٪، ئەو شەهیدی شارستانی، شارستانیەکە لابدرێت، هاووڵاتی بمێنێتەوەو پەنجا هەزارەکە بکرێت بە سەد هەزار دینار، شەهیدی ئەنفالکراوەکان رێژەکەی لە 100٪ زیاد بکرێت، کەم ئەندامان بەڕاستی زۆر پێم سەیرە بیست هەزار دیناریان بۆ زیاد بکرێت، یەعنی ئەمە بیست هەزار ئێستا پارەی یەك کیلۆ گۆشتە، ئەمە زیاد کردنە؟ ئەمە قەت زیاد کردن نییە، بۆیە داوا دەکەم سی هەزارەکە کە کراوە بە پەنجا هەزار بکرێت بە سەدو پەنجا هەزار دینار، ئەو کەم ئەندامانەی پەنجا هەزارە بۆ سەد هەزار دینار بکرێت بە دوو

**سەد هەزار دینار، پێشنیار دەکەم دیارە لیژنـەی یاسایی پێشـنیاریان کـردووە کـە بڕگـەی (ج) لابـرێـت، مـن لەگەڵ ئەو پێشنیارەم، بەلاّم لەجیاتی ئەو (ج)ـە بنووسـرێت جـێ بـەجـێ کردنـی یاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2006ی ئەنجومـەنی نوێنـەران، ئـەو پارەیـەش بـە نووسـراوێك لەبـەر دەسـتماندایە گەیشـتۆتە هـەرێمی کوردسـتان، بڕگەیـەکی تـر زیـاد بکرێـت، دیـارە ئێمـە لـە کۆبوونـەوەکانی پێشـوودا پێشـنیارێکمان کـرد، کـە خۆشم یەکێك بووم لەوانەی تەئیدم کرد، ئەوە بوو، کە پێویستە ئەو زیادەیـەی مـانگی یـەك و دوو، دوایـی تـەعویز بکرێتـەوە، بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە ئـەو زیادەیـە دەیانگرێتـەوەو خرایـە دەنگدانـەوەو، کـۆی دەنگـی ئەندامانی پەرلەمانی بەدەست هێنا، بۆیە لە خـاڵی (د)دا ئـەو خاڵـەی بـۆ زیـاد بکرێـت کـە ئـەو زیـادەی لـە مانگی یەك و دوو تەعویز بکرێتەوە بۆ شەهید و کەم ئەندام و هەموو ئەو زیادانـە، بەتایبـەتی کـە دەنگـی لەسەر دراوە، ئەندامانی پەرلەمان پەسندیان کردووە، بۆیە جێی خۆیەتی بنووسرێت و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار شاهۆ فەرمووی.**

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەرباری ئەوەی من تەئیدی هەموو قسەکانی هاوکارم کوێستان خان و هەروەها پێشتر کاك عبدالرحمن و ڤیان خـان و چـەند هاوڕێیەکی ترم لە فراکیسۆنە جیاوازەکان دەکەم، کـە باسـیان لـە نەهێشـتنی پلـە بەنـدی کـرد لـەنێوان شـەهیداندا، هـەروەها زیادەی مووچەی وارسی شەهیدان و شەهیدانی هاووڵاتی و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، کە باس لـە ژمارەکـان کـراو بـاس لە ڕێژەی سەدی کرا، من حەز ناکەم دووبارەیان بکەمەوە، هەروەها پێشنیار دەکەم کـە زینـدانیانی سیاسـی کوردسـتان هـەمان قانونی ژمارە (4)ی ساڵی 2006ی عێراقیان بەسەردا جێ بەجێ ببێت، هەمان ئەو بڕە مووچەیان پێ ڕەوا ببینرێت، کـە لـە عێراقدا وەریدەگرن، هەروەها لە خاڵی دوودا کە باسی کەسوکاری شەهیدانی ئەنفال کراوە، شەهیدانی کیمیابارانیشی بخرێتـە سەر، سەبارەت بەوەی کە چۆن جێگەی بۆ بکرێتەوە؟ بە ڕەئی مـن دەکرێـت زۆر بـە ئاسـانی جێـی بـۆ بکرێتـەوە، بکرێـت لـە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی، دەکرێت لە هەموو ئەو پارانەی کـە گـل دەدرێنـەوە لـەو پرۆژانـەی کـە هەڵوەشـاونەتەوە، دەکرێـت لەو بڕیارەی کە درا سەبارەت بەوە کە کادیری حزبی، ئەوانـەی کـە دەوام ناکـەن و مووچـەیان هەیـە، مووچـەکانیان ببڕێـت و بخرێتە سەر مووچەی وارسی شـەهیدان و خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتـەکان، هـەموو ئـەو پـرۆژە حزبیانـەی، یـاخود نزیـك لـە حزب پارەیان بۆ تەرخان کراوەو ئیلغا کراوەتەوە، هەمووی بدرێت بە شەهیدان و بە وارسی شـەهیدان و خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتەکان، من زۆر تەئیدی ئەو قسەی کاك عەدنان دەکەم سەبارەت بە تەرشیق، ئایا تەرشـیقی وەزاری بڕیـارێکی سیاسـییە؟ یاخود بڕیارێکی مالییە؟ ئەگەر ئێمە باس لە تەرشیق بکەین، بەلاّم ئەو تەرشیقە، نەبووە بە واقیعێکی ئـابووری چ مانایـەکی هەیە؟ مانای چیە ئێمە وەزارەتەکان لە بیست و هەشتەوە دەبن بە نۆزدە؟ بەلاّم بودجـەی مەجلیسـی وزەرا سـەدو سـی ملیـار زیاد بکات، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو تەرشیقە نەك هەر نەکراوە، بەڵکو بەپێچەوانەکەی کـراوە، هـەروەها تەئیـدی ئـەو قسـەی کاك عەونی و هەموو هاوڕێیەکان دەکەم، سەبارەت بەوەی کە هەر زیادەیەك بچێتە سەر مووچەی وارسی شـەهیدان و خـاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە 1/1ـەکەوە ئەژمار بکرێت، هەمووی بەسەر یەکەوە پێیان بدرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار بورهان فەرموو.**

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی شەهیدەكان قسە زۆر كرا، منیش هەمان رەئیم هەیە، هەموویان دایك و باوك و برایان هەیە و جەرگیان سووتاوە، بە یەك چاو سەیر بكرێن لە حیساب كردندا، ئەوە شتێكی زیاتر مەعنەوییە، بەنیسبەت ئەو مەعاشی شەهیدانەوە، ئێمە رەئیمان وایە ئەوە لە 30٪ بۆ چوار سەد هەزار بۆ شەش سەد هەزار دینار زیاد بكرێت، ئەوەی حەوت سەد هەزار دینار بۆ ملیۆنێك لە 20٪ زیاد بكرێت، هی ئەنفال و كیمیاباران لە 100٪ زیاد بكرێت، بە هەمان شێوە شەهیدی هاوولاَتی لەڕاستی پەنجا هەزار دینار، بەڕاستی ئەگەر من بچمە جێگایەك، بۆ باسی ئەوە بكەن وارسی شەهیدێك پەنجا هەزاری دەدەنێ، من ئەندام پەرلەمان بم، بەڕاستی لەگەڵ رێزێكی زۆرمدا یەعنی ئەو پارەیە زۆر زۆر كەمە، مەوزوعی موعەوەقین، موعەوەق كەم ئەندام دەگرێتەوە، بەڕاستی ئەگەر بێینە سەر موعەوەق، ئێمە خەڵكێكی ترمان تالاسیمای هەیە، خەڵكێكمان هەیە بە بڕیاری دادگا، ئەوە زیاتر لە دادگا كە ئیحالەی لیژنەی توبی دەكات، دەردەكەوێت لە رووی نەفسیەوە عەجزی هەیە، ناتوانێت بەرگری لە خۆی و مافەكانی بكات، بۆیە هەر لەماددەی (32)ی دەستووری عێراقیشدا، كە بەپێی ماددەی (13)ی دەستووری دائیمی عێراق مولزەمە لە هەموو عێراق زەوی ئیحتیاجاتی خاصە دەبێت دەوڵەت ریعایەتی بكات، ئێمەش بەشێكین لەم دەوڵەتە ئیتیحادیەی ئێستا هەیە، ماددەی (132)ش تەئشیری كردۆتەوە، وەكو گوتم بەپێی ماددەی (13) مولزەمە كە بیكەین بە زەوی ئیحتیاجاتی خاصە، بۆیە ئێمە داوا كارین لە هەر حاڵەتێكدا ئەو كەم ئەندامانە لە سێ سەدو پەنجا هەزار دینار مەعاشیان كەمتر نەبێت، بۆ مەوزوعی دابین كردنی پارەش، بە رەئی من ئێستا من تەقریرێكی ئیقتیصادیم لەبەردەم دایە، سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان دوو سەدو هەژدە ملیاری بۆ دابین كراوە، لە هەشتاو قوصور ملیارەوە كراوە بە دوو سەدو هەژدە ملیار، لە كاتێكدا سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق سەد ملیار دیناری بۆ دابین كراوە، كە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بودجەی ئەمانەی مەجلیسی وەزیران و سەرۆكایەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و دەستەی پشكنین و سەرچاوە تیشكدارەكان و دیوانی وەقفی شیعی و دیوانی وەقفی سونی و دیوانی مەسیحیەكان و تائیفەكانی تر و نووسینگەی سەرۆكایەتی هێزە چەكدارەكان و دەزگای موخابەڕات و بەڕێوەبەرایەتی چەك داماڵین و تێكەڵ كردنی میلیشیاكان و دەستەی ئیستیسماری لەگەڵە، ئینجا سەد ملیارە، هی ئێمە دوو سەدو هەژدە ملیارە، بەڕاستی دەكرێت موناقەلە بكرێت لەمە بۆ خزمەت كردنی ئەو خەڵكە، یەعنی چیتر مەحروم نەبن بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیاره بابەتی شەهیدان زۆری لەسەر وترا، من نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، هەروەها کێشەی زیندانیانی سیاسی ئەگەر بێتەوە یادمان پارساڵ لە هەمان قاعەدا، لە هەمان رۆژ، لە هەمان بابەتی بودجەدا باسکراو کێشەکان چارەسەر نەکرا، بەداخەوە تاکو ئێستا کێشەکە بە هامشی ماوەتەوەو زیندانیانی سیاسی بەڕاستی نارەحەتن، من داوا دەکەم بەڕاستی یان یاسای ژمارە (4)ی عێراقی، یان یاسایە موشابهی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چیتر بەو شێوەیە نەمێنێتەوە.

سەبارەت بەو پێشنیارەی کاك عومەر سدیق هەورامی کردی، بەڕاستی ئەگەر لیژنەی یاسایی بتوانن رێگا چارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە، بتوانین بودجەکە دەوڵەمەند بکەین، ئێستا سێ وەزیری بەڕێز لێرەن، دووانیان بە تەئکید هەم وەزیری سامانە سروشتیەکان، هەم وەزیری کارەبا وەکو ئێمە گلەییان هەبوو لەسەر بودجەکە، هەماهەنگی نەکرا بوو لەنێوان وەزارەتەکان، من داوا دەکەم لە بەشی یاسایی رێگا چارەیەك بدۆزنەوە بەوەی زیاتر بودجەکە دەوڵەمەند بکەین، چونکە بودجە ساڵی یەك جار موناقەشە دەکرێت و پەیوەندی هەیە بە تاك تاکی کۆمەڵەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەدەست خۆم نەبووە کە باوکم سەرکردە بووە، کەس ئیش بۆ هیچ کەسێك ئیختیار ناکات، خۆی کردوویەتی و ئەو رێزلێنانەی کە دەدرێت، رێزلێنانێکە تەعویزی ئەو وەختە ناکاتەوە کە تەخەروجم کرد باوکم لە لاوە نەبوو، لەبەر ئەوە بەپێی یاسا پلە بەندی کرا، لەناو ئەم هۆڵەدا زۆرترین موناقەشە کراو زۆرترین دیفاعیشم کرد لەو مەوزوعە، وەك چۆن بەڕێزێك لێرە ئیشارەتی پێدا وتی پلە بەندی لەناو سیستەمی تەقاعودی لەبەینی جوندیەك و ئەفسەرێکدا فەرق هەیە، ئەوەش بە هەمان شێوە کراوەو زۆرترین دیفاعیشمان کردووە، ئێستاش پرۆژەی هەموار کردنی یاسای شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئەوەتا لەبەر دەستی ئێمەدایە، بەم زووانە رەوانەی دەکەین بۆ لیژنەی یاسایی، بودجە هی ئەوە نییە کەس بیکاتە بانگەشەو موزایەدە کردن، بەس ماڵی شەهید خۆی دەزانێت چی لە کیس چووە، بەس خۆی دەزانێت، کەسی تر ناتوانێت ئەو موعاناتانە تەقدیر بکات، دایکە، باوکەکە، کچەکە، کوڕەکە، ژنەکە، خوشکەکە، برایەکە دەزانن چیان لە کیس چووە، بە هیچ پارەیەکیش تەعویز ناکرێت، من ئێستا ئەگەر رۆژانە یەك ملیۆن دۆلاریشم بدەنێ، هێشتا تەعویزی ئەوە نادات رۆژێك لە رۆژان کە خەفەتێکم لە دڵدا بوو، تووشی شکستی هاتووم، کە موشکیلەیەکم هەبوو باوکم دەستێ بێنێ بەسەرمدا، با لەوێوە سەیری بکەین ئێمە، سەبارەت بەوە کە ئێمە من خۆم شەخصیەن پشتگیری لەو زیاد کردنە دەکەم، مولاحەزەم لەسەر ئەوە هەبوو، هیوادارم وەزیری دارایی ئەو وەڵامەم بداتەوە، ئایا شەهیدانی کیمیاباران کەمترین مووچەیان چەندە؟ چونکە ئەگەر مەفتوع بێت بە سێ سەد هەزار دینار، دەبێت داخیلی ئەو ریزبەندییە بکرێت، چونکە لێرە باسی سێ سەد هەزارەکە نەهاتووە، هەر لە ماددەی (83)دا لێرەدا دەگوترێت هیچ پێشنیازێکی زیاد کردنی نەفەقات، یاخود نەفەقاتی نوێ دروست بکرێت، یان تەخفیزی واریدات بکرێت پێشکەش ناکرێت، ئەگەر هاتو تۆ نەڵێی، واتا دیاری نەکەین من لە کوێوە سەرچاوە کەی دیاری دەکەم، هیوادارم بەڕێز وەزیری دارایی تەوزیحاتمان بداتێ لەسەر ئەوەی لەکوێ دەتوانێت ئەو پێشنیارانەی کە باس کران؟ چۆن دەتوانێت جێ بەجێی بکات؟

هەر خۆی بە مەنتیق و لۆجیك دەڵێت لە ئاخیر لاپەڕە بەپێی ئەم یاسایە، دیارە من نازانم و نایبینم لێرەدا هاتبێتە ئەو نەصە (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون)، خۆی بودجە دەڵێت لە 2010/1/1ـەوە هەتاکو 2010/12/31، یەعنی ئەم زیادانە ئەگەر ئێمە بشنووسین (من تاريخ 1/1) هەر خۆی لۆجیك و مەنتق وا دەڵێت بودجە لە یەکی مانگەوەیە تاوەکو دوازدەی مانگ، سەبارەت بەوانەی کە ئەو دەنگۆیەش کە دەڵێت با بینێرینەوە بۆ دەوڵەمەند

کردنی، من پێموایه لیژنەی یاسایی با رەئی خۆی بدات، چونکه ئێمه دەنگمان لەسەر ئەو بابەتەدا، پێموایە دوو جار دەنگ نادرێت لەسەر یەك بابەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ یەكەم شت باسی موزایەدەو شتی هەڵبژاردن كرا، ئێمە لێرە دانیشتووین نوێنەری هەموو میللەتین، لە هەموو گروپە سیاسیەكان، من خۆم بە نوێنەری هەموویان دەزانم، حەق نییە ئێمە موناقەشەی ئوموری عامە دەكەین، باسی موزایەدە دەكرێت، یەكەم بكوژێتەوە لە پرۆتۆكۆلدا، ئەمە یەك.

دووەم/ شت بیانوویەك هێنرایەوە بۆ زیاد كردنی مووچەی ئەنفال و شەهیدو موعەوەق و ئەوانە، دەڵێت ئەگەر رێگەی ئەنجامدانی پێشنیارەكە روون نەكاتەوە، ئێمە رێگاكەمان روون كردەوە گوتمان دوو سەدو هەژدە ملیار میزانیە دانراوە بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، لە بەغدا سەد ملیارە كە ئەو هەموو موئەسەساتەی لەگەڵە، ئێمە روونمان كردەوە كە پارەیەكی زۆر، ئەو رۆژەش كاك شێخ گوتی منح و ئیعانات پارەی زۆرمان هەیە بۆ موخەصەصاتمان داناوە ترلیۆنێك و شەست ملیاری تر كارەبا هەیە، كە وەزیری سامانە سروشتیەكان دەڵێت ئێمە.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە دانیشە، سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە هەموو ئەو قسانەی كە دەكرێت ئیتر هەرچی بابەتێك بێت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بە كار دەهێنرێت بۆ ئیسارەی مەشاعیری خەڵك، بۆ هەرچی شتێك بێت، ئێمە لێرە ئازادین لەناو پەرلەمانی كوردستان هەرچی دەڵێین، بەڵام هیوادارم خراپ بەكار نەهێنرێت، من مەبەستم ئەوەیە، بودجە هی رۆژێك و دوو رۆژ نییە، بودجە هی یەك دانە ساڵە، گوتومە خراپ بەكار نەهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەڕاستیدا دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، یەكیان/ هەستم كرد سەرۆكایەتی پەرلەمان بەتایبەتی جەنابت غەدرێكتان لە من كرد لە یەكەم جار كە قسەم كرد، قسەكەتان پێ بڕیم، بەڵام زۆری ترم بینی لەو ئەندامە بەڕێزانە، كە تەقریبەن هەمان قسەیان دووبارە كردەوە، كەسێكیان قسەیان پێ نەبڕا، ئەوە یەك.

دووەم/ نوقتـەی نیـزامیم لەسـەر ئـەوەی سـۆزانی خاڵـە شـەهاب، مـن بەڕاسـتی تەئیـدی دەکـەم، لـە 100٪ تەئیدی دەکەم، بەلاَم ئەو پێویستەی کە منداڵی شەهید پێویستیەتی بۆ هـەموو منـداڵی شـەهید پێویسـتە، نەك بەس منداڵی سەرکردە، هەموو منداڵەکان پێویستیان بەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەقدەکەت لەجێ خۆیەتی راستە، کەرەم بکە سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەمگوتووە هەر منداڵی سەرکردە موعاناتی هەبووە، گوتومە هەمووومان موعاناتمـان هـەبووە، هـیچ بـڕە پارەیەك و زیاد کردنێکیش تەعوزیری ئەو نوقصانیانەمان ناداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە هەڤالانم ئەندامانی پەرلەمان ئەوەندە باسی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کەسوکاری شـەهیدانی هەڵبجـەیان کـرد، باوەڕ بکەم لەوە زیاتر قەبول ناکات منـیش ئەوەنـدەی تـر لەسـەری بـاس بکـەم، جا بۆیـە دەرۆمـە سـەر ماددەکـە خـۆی، مـن هەندێك تێبینیم هەیـە لەسـەر صیاغەو داڕشـتنەوەی ماددەکە، یەکـەمیان/ ئەوەیـە لەنەصـە عەرەبیەکـە ئێمـە دەبیـنین لـە تەصنیف و تەرقیم کردنەکە تۆزێك پاش و پێش و هەڵەی تیایە، ئەگەر ئەوە چاك بکرێتـەوە جارێکی تـر، بـەلاَم لـە نەصـە کوردیەکە بەباشی هاتووە، تەنها ئەوە نەبێت کە (أ و ب) کراوە، بەلاَم خاڵی سێیەم، کە باسی کەم ئەندام و ئەو شـتانە دەکات بکرێت بە (ج)، ئەوە تێبینی یەکەمم.

تێبینی دووەمم/ من بە تەواوەتی پشتگیری ڕەئیەکەی شلێر خان دەکەم کەوا وشەی کەم ئەندام بووە بـە خـاوەن پێداویسـتیە تایبەتەکان، هەروەها وشەی موعەوەقین بگۆڕدرێت بۆ (ذوي الاحتیاجات الخاصة)، چـونکە ئـەوە شـتێکی عالەمیـەو هـەروەها مەعنەویەن لەگەڵ ئەوانە، ئەو بەشـە خەڵکە، ئـەو جـۆرە خەڵکانـە دەبێت ئێمـە بـەو شـێوەیە تـەعامولیان لەگـەڵ بکـەین و ڕێزیان لێ بگرین لەو بارەیەوە.

هەروەها لابردنی وشەی شارستانی، شەهیدی شارستانی، منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم، کەوا وشەی شارستانی هەڵبگیرێت، تەنها بمێنێتەوە بە شەهیدی هاوولاَتی، دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئـەو پێشـنیارەی کردوویانـە بـۆ ئـەو زیادانـە، من پێشنیارێکیش پێشکەش دەکەم، ئەگەر بکرێت شەهیدی هاوولاَتی کە ئەو بڕەی بۆ زیـاد کـراوە، کـە پـەنجا هـەزارە بکرێـت بە سەد هەزار دینار، داوا لە وەزیری دارایی دەکەین، کەوا ئەوان ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو زیادەو شـوێنێکی بۆ بدۆزنەوە، ئەو فیئە خەڵکە کە خاوەنی شەهیدن ئەوانش ئەو منحەیان بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامی ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی هەمان قسەکانی سۆزان خان دەکەم کە دەڵێت ئێمە کچی شەهیدن و موعاناتمان هەیەو بە هەمان شێوە، منیش بە هەمان شێوە کچی شەهیدم و زۆر لەگەڵ ئەوەشدام کە موعاناتمان هەبووە، بەڵام من لەگەڵ ئەوە نیم کە بەناوی شەهیدی سەرکردەوە راستە مەعاش وەردەگرم، بەڵام لەگەڵ ئەوە نیم بەدەر لە یاسا وارسەکەی شمولی ئەو مەعاشە نەکات، مەعاشی بدرێتێ و جیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان ئەمە نیزامی بوو؟ توخوا خۆت بڵێ، رێزدار کاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدە لە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، من بە ماددەیەکی زۆر پرشنگداری دادەنێم لەناو ئەو پرۆژە یاسایە توانیویەتی بەشێك لە کەموکورتی و ژیان و گوزەرانی شەهیدەکانمان چاك بکات، بەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لە بودجەی ئەمساڵ سەدو چل ملیار بۆ کەسوکاری شەهیدان لەو ماددەیەدا زیاد بکرێت، کە هەمووی دەگرێتەوە لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و کەم ئەندام، ئەوە پێموایە رێژەیەکی زۆر باشەو ژمارەیەکی بەرچاوە لە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ کەسوکاری شەهیدان زیاد کراوە، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەرچی بۆ شەهیدە سەربەرزەکانمان بکرێت هێشتا هەر کەمە، بەڵام دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە دەزانین بودجەی هەرێمی کوردستان چەندە؟ چۆن رێك خراوە؟ هەموومان دەزانین لە رۆژانی پێشتر موناقەشەیەکی زۆر کراوە بە یاسا هەموو بودجەکە رێکخراوە، ئەگەر ئێستا هەر بەشێك لە بەشەکان کەم بکرێتەوە، رەنگە تەئسیر لە شوێنەکانی تر بکات، ئێمە لەکوێ کەم بکەینەوە؟ مەسەلەن ئێستا لە پێشمەرگەی کەم بکەینەوە تەئسیری لێ دەکات، لە سندوقی تواناسازی کەم بکەینەوە تەئسیری لێ دەکات، کە دەنگیشمان بۆ داوە، لە هەموو ئەوانەی کە لە یاسایەکەدا هاتووە لە هەر کوێ کەمی بکەینەوە، رەنگە تەئسیر لە بڕگەو ماددەکانی تر بکات کە لە یاسایەکەدا هاتووە، کە باس لەوە دەکرێت جەنابی وەزیری دارایی لێرەیە باس لەوە دەکرێت دوو سەدو هەژدە ملیار لە میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئێمە خۆمان بڕیارماندا سەدو بیست ملیاری بۆ سندوقی تواناسازییە لەو پارەیە، باقیەکەی تری لە ئەنجومەنی وەزیرانە، لەکوێ ئەو هەموو پارەیە شوێنی دەکەیتەوە بۆ شەهیدان؟ ئەوە نازانم ئەگەر هەڵە نەبم جەنابی وەزیری دارایی دەتوانێت ئەو مەسەلەیە باس بکات، کە باس لەوە دەکرێت موقارەنە بە ئێرەو بە بەغدا دەکرێت، سەدو بیست ملیاری بەس بۆ سندوقی تواناسازی، دوێنێ ئێمە هەر لەو هۆڵەدا بڕیارمان لەسەردا بەزۆرینەی دەنگیش بوو، کە بۆ سندوقی تواناسازی لە ئەنجومەنی وەزیران سندوقێك هەیە، نازانم ئێمە لە کوێی کەم بکەینەوە ئەو

پارەیە؟ ئەگەر زیاد بکرێتن من لەگەڵ ئەوەدام بەهەر شێوەیەك بێت بتوانین بۆ شەهیدەکان زیاد بکەین، بەلاَم پێموایە دەستکاری هەر برِگەیەك و ماددەیەك لەوانە بکەین تەئسیر لەبودجەکە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە خان فەرمووو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لەو هەنگاوەی حکومەت دەکەم بە زیاد کردنی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی، دەربارەی برِگەی ئەلف بەڕاستی من هیچ پاساوێك نازانم بۆ جیاوازی لەنێوان شەهیدان، یەعنی شەهید هەر شەهیدە، بۆیەش جیاوازییەکە وای لێ هاتووە هەتا جیاوازی لەنێوان شەهیدی حزبەکانیش کراوە، بۆیە ئێستا دەبینم جیاوازییەکە زیاتر بووە، چونکە ئەگەر پێشتر چوار سەد هەزار بووە، صنفی یەکەم حەوت سەد هەزار دینار بووە، صنفی دووەم چوار سەد هەزار دینار بووە، ئێستا بووە بە ملیۆنێك و سی و دوو هەزار، صنفی دووەمیش شەش سەد هەزار، واتا ئێستا فەرقەکە چوارسەدو سی و دوو هەزار دینارە، کە پێشتر سێ سەد هەزار بووە، دەربارەی خاڵی (ب) منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کە وشەی شارستانی هەڵبگیرێت، دەربارەی برِگەی سێیەم، بەڕاستی پشتگیری لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم بە زیاد کردنی مووچەی کەم ئەندامان لە سی هەزار بۆ سەد هەزار، برِگەی (ب) لە پەنجا هەزار بۆ سەدو پەنجا هەزار دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بەڕێز حاکم رزگار هاوڕام کە پێویستە صیاغەی ئەو ماددەیە بکرێتەوە، بەتایبەتی برِگەی شەهیدان و شەهیدی هاووڵاتی، من پێم باشە (ذوي الشهداء) کەسوکاری شەهیدان بکرێتە کەسوکاری شەهیدانی سەنگەر، ئەوەی تریش بکرێتە شەهیدی هاووڵاتی، دەربارەی وشەی شەهیدی شارستانی، من پێموایە وشەی شارستانی بەکارهێنانی ناڕێکە هەر مەدەنیەکە خۆی بەکاربێت شەهیدی مەدەنی (هاووڵاتی) بێت.

دەربارەی موعالەجەی ئەو زیاد کردنانەی کە دەکرێت، هەندێکی خۆی حکومەت پێشنیاری کردووە کە زیاد بکرێت، خۆی هەندێك پێشنیارەکە لە حکومەت خۆیەتی کە پێشنیاری کردووە ئەو مووچانەی کەمن زیاد بکرێت، هەندێکیش لە لیژنەی یاسایی و داراییەوە پێشنیاری زیاد کردنیان کراوە، ئێمە پشتیوانیان لێ دەکەین بەڕاستی، بەلاَم دەربارەی شەهیدی هاووڵاتی ئەو برِە پارەیە بەڕاستی زۆر کەمە، پێویستە بە لایەنی کەم حەدی ئەدنای لە سەد هەزار کەمتر نەبێت.

**بۆ موعالەجە کردنیان، بەڕاستی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان هەندێك پێشنیاریان کردو ئیشارەتیان بە هەندێك شتدا، دوێنێش بەڕێز وەزیری دارایی بۆ مەسەلەی سندوقی تواناسازی کوردستان ئەو سەدو بیست ملیارە گوتی لە مەساریفی ئوخرا جێی بۆ دەکەینەوە، وابزانم دەکرێت ئەمەش لە مەساریفی ئوخرا جێی بۆ بکرێتەوە، ئەگەر دوایی بەڕێز وەزیری دارایی روون کردنەوەی زیاترمان بداتێ.**

**دەربارەی ئەو مێژووە کە بەرواری 1/1 کە پێشنیار کراوە، منیش پشتیوانی لێ دەکەم، بەلاّم پێویستە لە دوا ماددە کە ماددەی (26)ـە، کە دەبێتە ماددەی (26) لێرەیە (27)ـە، کە دەڵێت (یعتبر نافذاً) بۆشاییەش لە 2010/1/1، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار فازل فەرموو.**

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە شەهیدان، منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کە پلە بەندی نەمێنێت، لەبەر ئەوەی شەهید بوون دوا پلەیە، بەلاّم دەکرێت ئەگەر جیاوازییەکیش هەبێت لە مووچەکان لەسەر ئەساسی ئەوە بێت کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە ژیانیان لەسەر ئەو مووچەیە، پێشنیارێکیشم هەیە لەوانەی کە برگەیەك زیاد بکرێت لەو ماددەیە سەبارەت بەو خێزانانەی کە بێ سەرپەرشتن، یان ئەو کەسەی کە دەیانژێنن نەماوە، یان بەهۆی نەخۆشی پەککەوتە، لەوانەیە زۆر جار هەموویان بینوویانە لە تەلەفزیۆنەکان پیشان دەدات، بەڕاستی ئەوانە زۆر پێویستە شتێکیان بۆ بکرێت، سەبارەت بە پاساوی ئەوەی کە بڕە پارەکەش لەکوێ بێنن؟ من پێموایە ئەوەش ناکاتە پارەیەکی زۆر، وابزانم تێبینیەکیشم لەسەر هەڵەیەکی بیرکارییە لەسەر مەسەلەی رێژەکان 25٪ و 15٪، یەعنی لە چوار سەد هەزار بۆ شەش سەد هەزار لە 25٪ نییە، لە 50٪یە، ئەوی تریش تەقریبەن بە هەمان شێوە نزیکە لەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار هاوڕاز فەرموو.**

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبعەن من دەستخۆشی زۆرم هەیە، بەڕاستی بۆ زیاد کردنی ئەو مووچەیە بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و چە کی کیمیاوی، بەڕاستی جێگای رێزە هەرچەندو هەرچی بۆ شەهیدان بکرێت، ئەوان لەوە شایەن ترن، منیش بەڕاستی وەکو کەسێك لە خانەوادەکەم سێ کەسم شەهیدە، گوللە باران کراون لەسەر هەڵوێستی سیاسی و کوردایەتی بە دەستی رژێمەوە، من وادەزانم هەرچی بکرێت بۆ خانەوادەی شەهیدان تەعویزی ئەو موعاناتە گەورەیە ناکاتەوە، کە لەلایەن لە دەستچوونی کەسوکار بەڕاستی، من لە برگەی (ب) خاڵی سێ بەڕاستی سەبارەت بە کەم ئەندامان زیاتر دەمەوێت قسە بکەم، کەم ئەندامان من نازانم بە هەرچی پێوەرێك باس لەوە بکەین ئەم بڕە پارەیە زۆر زۆر کەمە، لەکاتێکدا بەڕاستی کەم ئەندام لە هەرێمی ئێمەدا زۆر زۆرە، بەهۆی هەر هۆکارێکی مین بێت، یان هەر هۆکارێکی تر بێت، کە بەشێك لە جەستەی لە دەستداوە، من نازانم حەز دەکەم ئەوە بکەمە دوو برگە، برگەی یەکەم/ ئەو کەسانەی، ئەو کەم ئەندامانەی کە کاریان هەیە بەجۆرێك ئەم یارمەتیەیان بۆ سەرف بکرێت، ئەوانەی کە کاریان نییە بەجۆرێکی تر بۆیان سەرف بکرێت، لەگەڵ ئەوەی لە**

هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی بێ کاری لە 14،7٪ـە بەڕاستی، ئەوانـەی کـە ئەنـدامیان تـەواوە، ئەوانـەی کـە کـەم ئەنـدام نـین، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام بۆ بڕگەی یەك دەڵێم ئەوانەی کە کاریان هەیە وا دابنرێت، ئەوانەی کە کاریان هەیە بژێوی ژیانیان بەجۆرێك لە جۆرەکان بەشێکی دابین بووە لە سەد هەزارەوە بۆ دووسەد هەزار بێت، ئەوانـەی کـە کاریـان هەیـە، ئـەوەی کـە کاریان نییە، هیچ هۆکارێکی بژێوی ژیانی نییە، بەڕاستی من پێم باشە لە سێ سـەد هـەزار تـا چـوار سـەد هـەزار بێت، وەکـو پێشینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار یاووز فەرموو.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

هەروەك لەلای بەڕێزتان ئاشکرایە کە تورکمان دووەمین میللەتن لـە کوردسـتاندا، ئـەوانیش بـە حەقیقـەت لەگەڵ برایانی کوردەکان لێرەدا بێ بەش نەبوونە لەو زوڵم و زۆرداریانـەی کـە حکومەتـەکان یـەك لـەدوای یەکی بەغدا ئاراستەی کوردستان و هەموو عێراقیشی کـرد بـوو، بۆیـە مـن پـێم باشـە لێـرە دەسـتەواژەکان دارِشتنێکی تری بۆ بکرێت، من لێرە پێشنیارێکم هەیە دەستەواژەکان بـەم شـێوەیە بنووسـرێت لـە مـاددەی شـازدەم مووچـەی کەسـوکاری شـەهیدانی کوردسـتان (بەگشـت پێکهاتـەکانی) قوربانیـانی ئـەنفال و چـەکی کیمیاوی بەم پێیە زیاد بکرێت:

أ-کەسوکاری شەهیدانی کوردستان بەگشت پێکهاتەکانیەوە بە ڕێژەی ئەوەندە کە ڕێژەکە دیـارە، وەکـو خـۆی بمێنێتەوە، یان بیگۆڕن ئەوە لەلای بەڕێزتان دەمێنێت.

ب- کەسوکاری شەهیدە شارسـتانیەکانی کوردسـتان دیسـان بەگشـت پێکهاتەکانیـەوە تـاکو میللەتـەکانی تـری کوردستانیش لەم شتە بێ بەش نەبن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم لە سەرەتا لەبەر ئەوەی دوا کەسـم لـە دانیشتنەکەدا دوو سـەعات و نیـوە قسـە لەسـەر مووچـەی شـەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و ئەوانە دەکرێت، من حەز دەکەم یەك شت بڵێم لێـرە پەرلـەمان جێگایـەکی زۆر پـیرۆزو گەورەیـە، کـە بڕیار لەسەر چارەنووس و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و هەموو کۆمـەڵگا دەدات، دیـارە ئـەو پرسـە گرنگـەش کـە ئـەمڕۆ باسی لێ دەکرێت مەسەلەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە، قسە کردن لەسەر ئەم وەزعە جێگای ئێـرە ئـەوە نـەبوو کـە لێـرەدا ستایش و پیاهەڵدان بە شەهیدان و بە فرمێسکی تیمساحیانە بۆ شەهیدان بڕێژرێت...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تەواو، دانیشە، تکایە تەواو، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کرا، دیارە هەمووی لە خەمی ئەوەینە کە بتوانین بە باشترین شت دابینی بکەین لەو یاسایە بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و کەسوکاری شەهیدان، یەك لەو پێشنیارانەی کە کرا تایبەت بوو بە زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیە لە 2010/1/1 پێشنیارێکی زۆر باش بوو، بەڵام ئێمە لە ماددەکانی تر کە دەنگمان بۆ داوە بڕینی 5٪ ی مینح و ئیعانات و ئەوانە، ئەگەر لێرە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت، تەنها ئەو ماددەیە دەگرێتەوە، بۆیە لە پڕۆژە یاسایەکە ماددەیەك هاتووە، ماددەی (27)ـە، کەوا هەموو حوکمەکانی لە ئەحکامی خیتامی هاتووە، هەموو حوکمەکانی ئەو یاسایە لە 2010/1/1 جێ بەجێ دەکرێت، نەك تەنها ئەو ماددەیەی کە تایبەتە بە زیاد کردنی مووچەی ئەوانەی کە ناویان هاتووە.

زۆر پێشنیاری بەڕێزتان لەیاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007، ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێزتان کردتان لەو یاسایە چارەسەر کراوەو باس کراوە، یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، هەروەك بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێ کرد، کەوا پێشنیارەکانتان هەمووی لەوێ جێگای بۆتەوە، پێناسە کراوە، پێناسەی شەهید، زۆر لە ئەندامانی بەڕێز پێشنیاری ئەوەیان کرد ئەو پۆلین کردنە هەڵبگیرێت، ئەوە یاسایەکی تایبەت هەیە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە، لەو یاسایە بەو شێوەیە دانراوە، ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین ئەو شتانەو ئەو پۆلین کردنانە لابدەین، ئەو ە پێویستە بە پڕۆژە یاسایەك ئێمە پێشکەشی بکەین بۆ هەموار کردنی ئەو یاسایە، تا ئەو یاسایە هەموار دەکرێت پابەند دەبین بە حوکم و بڕگەکانی ئەم یاسایەو پێویستە جێ بەجێ بکرێت. هەروەها ئاماژە بە یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2008 دەدەم، کە تایبەتە بە سندوقی پاڵپشتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کە زۆر لە پێشنیارەکانی بەڕێزتان بوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەو خێزانانە لەناو ئەو یاسایەشدا هاتووەو چارەسەری بۆ کراوە.

بەڕێزان، پێشنیاری ئەوەتان کرد بوو وشەی شارستانی لابدرێت، ڕاستە، لە یاساکە ئەو وشەیە نەهاتووە، لە عەرەبیەکە شەهیدی مواتن هاتووە، لە کوردیەکە شەهیدی هاوولاتی هاتووە، ئێمەش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین وشەی شارستانی لابدرێت.

سەبارەت بەو ڕێژەیەی کە پازدە پۆینت بیست و پێنج، یان بیست و پێنج بە ڕێژەی، بەڕێزان، ئەوە دوو ڕێژەیە، هەندێکیان لە 15٪ زیاد کراوە، هەندێکیان لە 25٪ زیاد کراوە، هەڵەیەکی چاپیە، کە هەردووکیان فاریزەو کۆمەیان لەنێوان کراوە، بە دوو ڕێژە بەپێی تەصنیفەکەی، پۆلینەکەی ئەلف و بێ کراوە.

تەبویب کردنەکە، هەروەکو کاك عبدالسلام پێشنیاری کرد ڕاستە، ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئێستا وا خەریکین ماددەکە سەر لەنوێ دابڕێژینەوە، پێویستی بە تەبویب کردنی فەقەراتەکانە کەوا دابڕێژرێتەوە.

باس لە هەندێك تێبینی کرا لەسەر بڕگە جیمی ئەو ماددەیە، بەڕێزان، ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەمان کردووە، کە ئەو بڕگەیە لابدرێت، بڕیاری کۆتاییش هی بەڕێزتانە، ئایا دەنگ بۆ ئەو پێشنیارە دەدەن؟ یان دەنگی بۆ نادەن؟

پشتگیری لە پێشنیارەکەی شلێر خان کەوا وشەی کەم ئەندام لە هەر شوێنێك لەو یاسایە هاتووە بگۆڕدرێت بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، داوا لە حکومەتیش دەکەین کەوا ڕێنمایی دەربکات لەکاتی ئەنجامدانی هەر پڕۆژەیەك، وەزارەتەکان ڕێنمایی دەربکەن، بۆ ئەوەی باروذۆخی ئەو کەسانە لەبەرچاو بگیرێن، کاتی پڕۆژەیەك ئەنجام دەدرێت، دروست کردنی شۆستەیەك، شەقامەکان لە هەموو پڕۆژەکان ڕەچاو کردنی بارودۆخی ئەو کەسانە بکرێت، تاکو بە ئاسانی بتوانن هاتوچۆ بکەن و ئیش و کارەکانیان ئەنجام بدەن.

باس لە زیاد کردنی مووچەی زیندانیە سیاسیەکان کرا، بەڕێزان، هەر زیاد کردنێك پێویستی بە بودجەیەکی تایبەت هەیە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین، بەڵام دەبێت داوا بکەین شتێك زیاد بکرێت و توانای جێ بەجێ کردنی هەبێت، ئەگەر وەزارەتی

دارایی بودجەی تایبەتی بۆ ئەوانەی داناوە، دەتوانێت جێ بەجێی بکات، ئێمەش پشتگیری دەکەین، سەبارەت بە پێشنیاری جێ بەجێ کردنی یاسایەك کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو یاسایە دەرچوو، ئەوە پێویستە پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکرێت بە پەرلەمانی کوردستان، تاکو ئینفازی ئەو یاسایە بکات، ئێستا ناکرێت ئێمە بڕیاری لەسەر بدەین و ئێمە سەرقاڵی تاوتۆ کردن و پەسند کردنی پرۆژە یاسای بودجەین.

باس لە بڕگە (ب)ی ماددەکە کرا، کە وارسی شەهید پەنجا هەزار وەردەگرێت، بەڕێزان، پەنجا هەزار وەرناگرێت، ئەو پەنجا هەزارەی بۆ زیاد کراوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە زیاد دەکرێت، جگە لەوەی کە ئێستا وەریگرتووە.

پێشنیاری زیاد کردنی ئەو خێزانانەی کەوا بێ سەرپەرشتن، ئەوە لە یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی جێی دەبێتەوە، وابزانم ئەو ماددەیە واتا ئەو پێشنیارە لێرە جێی نابێتەوە لەوێ چارەسەر بکرێت.

پێشنیاری ئەوە کرا، کە وشەیەك، یاخود رستەیەك زیاد بکرێت هەموو پێکهاتەکان بگرێتەوە، بەڕێزان، بەپێی دەستوورو یاسا هەموو کەس یەکسانن، بۆیە پێویست ناکات ئێمە لە بەرامبەر وشەی شەهید ئەوە دابنێین، کە شەهیدی هەر پێکهاتەیەك بێت لە کوردستان ئەوە دەیگرێتەوە، کە وشەکەمان هێنا ئەوە شەهید هەمووی دەگرێتەوە، پێویست ناکات، پرەنسیپی یەکسانی هەیە لەنێوان دەستوورو یاساکاندا چەسپایەو کاری پێ دەکرێت، بۆیە لەگەڵ ئەوە نین کەوا ئەو پێکهاتەیە زیاد بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەناو یاسای شەهیداندا شەهیدی خەباتگێڕ جیا نەکراوەتەوە، ئەوەی پێشمەرگەیە لە خەباتی سەنگەر، لەخەبات و تێکۆشان و ئەوەی لە سێدارە دراوە، نەیگوتووە سەرکردە، ئەوە شەهیدی ئەنفال و شەهیدی کیمیاباران و شەهیدی وەك شەهیدی خەباتگێڕ جیا کراوەتەوە، کێشەکە لێرەیە، شەهیدی خەباتگێڕی سەنگەرو ئەوانە جیاوازە، هەیە بە مووچەی وەزیر خانەنشین کراوە، هەیە چوار سەد هەزار دیناری هەیە، ئەمە یەك.

پێشنیارێکی تر هەبوو زیاتر لە چوار ئەندامی پەرلەمان موناقەشەیان کرد، کە ئەم بودجەیە لێرە رابگیرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم زیاد کردن و کەم کردن و ئەم حیساباتە کە دەکرێت پێویستی بەوە هەیە، کە ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە دانیشتوون، بێن پیاداچوونەوەی بۆ بکەن و بزانن چەندیان پێ دەکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە دەنگ لەسەر شتێك نەدەین دوایی نەتوانن جێ بەجێی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، بەنیسبەت ئەو شتانەی کە باس کراوە، کە ئەو پێشنیارانەی کە لێرە هاتو تەرح کرا، لیژنەی یاسایی داواتان لێ دەکەین هەمووی وەڵام بدەنەوە، پاشان داوا لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین کە موداخەلاتی تری دوێنێ و ئەمڕۆ لەو خاڵانەی کە هاتە سەرتان دەبێت بۆمان روون بکەنەوە، پاشان دەچینە سەر ماددەکانی تر، بەڵام تکایە لیژنەی یاسایی وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزاتانەی کە من نووسی بووم دکتۆرە رۆژان هەمووی عەرزی جەنابتانی کرد، بەڵام یەك مەسەلە ئاراستەی لیژنەی یاسایی کرا، من بەش بەحاڵی خۆم وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی و وەکو ئەندامێکی پەرلەمان وەڵام دەدەمەوە، چونکە رەنگە رەئی جیا جیا هەبێت، دیارە من بۆ مێژوو و بۆ حەقیقەت لەبەردەم ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەڵێم پەرلەمانی کوردستان مافی ئەوەی هەیە هەر کاتێك بیەوێت هەر یاسایەك رەفز بکات، یان تەعدیل بکات، ئەو مافەی هەیە لە هەر چ مەرحەلەیەك بێت، سابیقەشمان لەو مەسەلەیە زۆرە، بەڵام ئەوەی سەرنجی منی راکێشایە ئەوەیە، کە ئێمە زیاتر لە دە موازەنەمان پەسند کردیە لەو پەرلەمانە، بەڵام نەمبینیوە وەزیرێکی بەڕێز بێتە پەرلەمان بڵێ وەڵڵاهی من ئاگاداری بودجەکەی خۆم نەبوومە، کە لە ئەنجومەنی وەزیران موناقەشە کراوە، ئەمە یەك.

دوو/ من نەمبیستوە بەڕاستی لەکاتی موناقەشە کردنی موازەنەی پێشوو وەزیرێکی بەڕێز لەگەڵ رەفیقەکەی خۆی یەك بە یەکتر بڵێت من ئاگام لەو مەسەلەیە نییە، ئاگام لەو موازەنەیە نییە، باشە من چۆن موناقەشە لەسەر موازەنەیەك بکەم، کە وەزیری بەڕێز ئاگای لە موازەنەکەی خۆی نەبێت؟ چۆن موناقەشە لەسەر موازەنەیەك بکەم و پێداچوونەوە لەسەر ئەو موازەنەیە بکەم دوارۆژ، کە وەزیری بەڕێز ئاگای لە موازەنەکەی خۆی نەبوو؟ راستە من دەنگمداوە کە ئەم بودجەیە نەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم راوبۆچوونانەی کە ئیشارەتم پێدا لە دوای موناقەشە کردنەکە دەرکەوت، بۆیە من ئەو پێشنیارەی کە ئەو بەڕێزانە دایان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەم، بۆ ئەوەی پەرلەمانی بەڕێز قەراری لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، رەئی وەزیرەکانیش وەردەگرین، جەلسەکە کۆتایی پێ دەهێنین، دوای نیوەڕۆ دەستی پێ دەکەینەوە، لەسەر ئەو بابەتە، چونکە ئەوە بابەتێکی زۆر هەستیارە، جەنابی وەزیر رەئی هەرسێکیان، چونکە خیلافێك لەوێوە دروست بوو، ئەوە چەند رۆژە، دەمەوێت هەرسێکیان لەسەر ئەو بابەتە قسەمان بۆ بکەن، ئەم پرۆژەیە لەناو ئەنجومەنی وەزیران موناقەشە کراوە، یان نەکراوە؟ چەند جەلسەتان کردووە؟ هەمووتان بینوتانە؟ یان نا؟ لە هەرسێکتان دەپرسم تکایە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی ئەم پرسیارانەی تر نەدەمەوە، بەس ئەمەیان وەڵام بدەمەوە، بەنیسبەتی ئێمەوە سێ برا وەزیر لەوێ بووینەو موناقەشە کراوە لە ئەنجومەنی وەزیران و مەجود بوونە، لە نەتیجەی زۆرینە هیچ رەفزێك نەبووە لەلایەن هیچ وەزیرێکەوە، کەوا بڵێت من ئیرادم کەمە، مەسروفم کەمە، یاخود مەسروفم زیادە، یاخود ئیرادم زیادەو موناقەشە نەکراوە، بودجەکەش پێشی تەقریبەن بیست رۆژ پێش ئەوە لەلایان بووە بۆ دیراسەت کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو ئەنجومەنی وەزیران خوێندتانەوە موناقەشەتان کرد؟

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 57

سالَی/ 2010 – بەرگی پەنجاوحەوت

---

چاپی یەکەم/ سالَی 2010

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – شەممە 2010/3/13 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2010/4/8 ل13

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2010/4/11 ل 65

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/4/12 ل 109

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/4/13 ل 217

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/4/21 ل 239

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/4/26 ل 293

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/5/5 ل 365

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2010/4/8

کاتژمێر (1,30)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2010/4/8 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (1,30)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2010/4/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1 ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن/1، ڕۆژی دانیشتن 2010/4/8، بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمەکانی برگە 1ی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەموارکراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی خولی 1ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر 1,30 ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی 2010/4/8 دا بەم شێوەیە بێت:

1 ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، داوا لە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەم کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆیان و بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین کاك شێخ بایز و کاك د.علی سندی و کاك رشید ، زۆر بەخێربێن، سەرچاوان.

ئێستا کەرەمکەن بۆ ماددەی 18 کە دەکاتە 16ی ئێستا، فەرموو کاك ڕێباز.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە و هەر ئاسایی تریش بەو شێوەیە لە خاڵی بەرنامەی کار دەڵێت: درێژەدان بە کۆبوونـەوەکانی پێشوو، بەڵام ئەگەر هەموو لایەك پێم وایە بیریان دێت کە لە ئەخیر کۆبوونەوە، کە کۆبوونەوەکـە کۆتـایی هات، چوار برای پەرلەمانتار داوای ئەوەیان کرد کە بودجەکە بگەڕێندرێتەوە، لەبەرئـەوەی کێشـەی تیایـە، یاخود بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسـەر بکرێت، جاپێم وایـە مـەفروز بـەو شـێوەیەیە کـە درێـژەدان بێـت بـە کۆبوونەوەکان، ئەگەر درێژەدان بێت بازنەدانە بەسەر ئەو خاڵە، دەبێت قسە لەسەر ئەو خاڵە بکرێت دوای ئەوە بچینە سەر خاڵەکانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـە نیسـبەت پێشـنیاری جـەنابت، ڕاسـتە وابـوو و موناقەشـە کـرا، بـەڵام ئەگـەر هـەمووومان لـەبیرمان بێـت، مەحاوەلەیەك هەبوو پرۆژەکە بیل فعل بنێردرێتەوە بۆ حکومەت، چونکە لە هەندێك موداخەلە بیسـتمان لە ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، بەڵام وەزیرە بەڕێزەکان لێرە گوتیان گفتوگۆمان کردووە، پێشتریش لەناو ئەو پەرلەمانەدا خرایە دەنگدان کە ئایا بگەڕێتـەوە یـان بـەردەوام بێـت، بڕیـار درا بـە 66 دەنگ مقابلی 34 کە بەردەوام بین، بۆیە بەردەوام دەبین هەتا نیهایەت لـەوێش دەنگـدانێکی تـر هەیـە کـە ئایا دەگەڕێتەوە یان دەمێنێت، کەرەمکە کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە جەنابتان باستان کرد کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکەم بوو کە بڕیاری دا موناقەشە بکرێت، بـەڵام دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر عەیب و عار لە پرۆژەی موکەرەر دا، لە پرۆژەی تەواو بوودا، دیار نەبوونی هەندێك پارەدا دەرکەوت کە ئـاخر ڕۆژ بـەڕێزت کۆبوونەوەکـەت تـەئجیل کـرد، مـن سـەرۆکایەتی موکەلـەف دەکـەم، نەك موکەلەفە، مولزەمـە، تەفسیرێکی مـەنتقی و قانونیمـان بـداتێ ئەگـەر پرۆژەکـە، عـەیبی هـەبووە! بـۆ ئێسـتا بـەردەوام بـین لـە موناقەشـە کردنـی، ئەگـەر عـەیبی نـەبوو بۆچـی تـەئجیل کـرا ئـەو ڕۆژە؟، خـاڵی دووەمـم، بەڕاسـتی ئەگـەر لـە حاڵـەتێك دا دەچـێتە حیسـابی زۆرینـە و کەمینـەوە ئـەڕوات پرۆژەکـە ئـەو پێشنیارانەی خاڵ خاڵ دەنگی لەسـەر درا وەك نەهێشـتنی مووچـەی خـەڵکی حیزبـی لـەناو حکومـەت دا و جیاکردنەوەی فەرمانبەر لە کارمەند، وەك هەندێ خاڵی تر کە پرۆژە موکـەرەرەکان لابـبردرێت، ئەوانـە بـا بکرێت بە مولحەقێك و بە ماددەیەك لە ناو یاساکە جێی بکرێتەوەو سیفەتی ملزەمی پێ بدرێت.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەتەئکید بۆچوون هەبوو، برای بەڕێز هەبوو کە بۆچـوونی موختەلـەفیان هـەبوو کـە کـەموکورتی هەیـە، بڕیار ئەوە بوو کە بنێردرێتەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بۆیە ئەو کەموکورتیانەی کە بە بۆچوونی ئێوەی بەڕێز کە هەبووە، ئێستا دەتوانن لە پاشاندا بە تەوسیە یان هەنـدێك لـە ماددەکـان چـاك بکـەن و ئیزافـەی بکەن، لە ئەخیریش خۆتان دەنگی لەسەر دەدەن، یان دەڕواتەوە یان دەمێنێتەوە، کاك زانا کەرەمکە.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر تەوسیەی بەڕێزتان کە باس لە ماددەی 18 بکرێت، نووسراوێك هەیە کە لە ڕۆژی 3/25 وارده کراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان کە نووسراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە، داوا دەکات 16 و 17 و 18 لەو پرۆژە یاسایە لابردرێت کە لەبەرامبەریش دا بەدیلیشی بۆ دۆزیوەتەوە، لەبەرئەوە من پێشنیاز دەکەم بۆ بەڕێزتان ئەگەر ئەو ماددەیە لادەبردرێت پێشتر لەسەر ئەمەیان قسە بکەین، چونکە ئەمە شتێکی تازەیە و ئێمە لە ئەخیر کۆبوونەوە باس لەم تەوەرەمان نەکردووە ئەو بڕە پارەیە چی لێ دێت و چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا درێژە بە کۆبوونەوەکەمان دەدەین، دەچینە سەر ئەو ماددەیە، وەختێکی تر هەیە بۆ ئەوە دەتوانی جەنابت بە تەفسیلێ لەسەری قسە بکەی، دوو کەسی تر نیزامی هەیە و وەری دەگرم و کەسی تر هەیە؟ کاك عبدالله کەرەمکە.

**بەڕێزعبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنەکانی پێشوو تر دا داوامان کرد حیسابی خیتامی بێتە پەرلەمان........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئەوە نیزامی نیە، چاوەکەم، وەختێ کە هاتینە سەر ماددەکان، ئەو جێگە ئیزافە دەکەین و کەمی دەکەین، ئەو کات دەتوانی بە کەیفی خۆت قسە بکەی، نا پرسیار نیە، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتەی کە کاك زانا باسی کرد، پەیوەندی بە داهاتەوە هەیە و پەیوەندی بە ماددەکەوە هەیە، ناکرێت قسە لەو داهاتە نەکرێت کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان باسی کردووە و موناقەشەی ئەو ماددەیە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هی سامانە سروشتیەکان ناکرێتە داهات، چونکە ئەوە منحەیە و بۆ منحەش ئەگەر بتانەوێ ڕێگایەکی تر بدۆزرێتەوە کە چۆن سەرف بکرێت، چونکە منحە داخلی داهات بکەی، ئەوجا دەبێت لەو بودجەیەی کە حکومەتی عیراق پێت دەدات بیبڕیت، زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی ئەندامی پەرلەمان، هەموومان ئاگادارین لە کۆبوونەوەی نائاسایی ژمارە 9ی ڕۆژی 3/2 پەرلەمان بەردەوام بوو لە گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2010 لە ئەنجام دا گەیشتینە ماددەی 18ی پرۆژەکە کە ژمارەکەی گۆڕاو بووە 16، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کە بەڕێزانی ئەندام پەرلەمان پێشکەشیان کرد بۆ پەرلەمان گەیشتینە ئەو سیاغەیەی کە ماددەکە بەو شێوەیە داڕێژرا، ئێستا بۆ جەنابتانی دەخوێنمەوە:**

**المادة 16**

**1 ـ تتم زيادة رواتب ذوي الشهداء و المؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية كالاتى:ـ**

**أ ـ ذوي الشهداء بنسبة (25)٪ و (15)٪ وكالاتى:**

**1 ـ من (400) الف الى (600) الف دينار بنسبة(25٪).**

**2 ـ من (700) الف دينار الى (1,032) مليون دينار بنسبة(15٪).**

**ب ـ ذوى الشهداء المواطنين بمبلغ مقطوع قدره (50) الف دينار.**

**ج ـ عوائل الشهداء المؤنفلين بنسبة (50٪).**

**2 ـ أ ـ ذوى الاحتياجات الخاصة من (30) الف دينار الى (50)الف دينار.**

**ب ـ ذوى الاحتياجات الخاصة من (50) الف دينار الى (100) الف دينار.**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەنجامی کۆی گفتوگۆکانە لەسەر ئەو ماددەیە، ئێستا پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**پێشتر چەند موفتەرەحێك هەبوو لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کودرستانەوە لە گشت فراکسیۆنەکان کە ئەو نیسبەتە زیاد بێت، لەبەرئەوەی ئیلتزامێکی ماددی هەیە کە ئایا حکومەت ئەو پێشنیارەی کردووە؟ ئەو زیادەیەی میزانیەکە و ئەو زیادەی راتبانە لەسەرووی ئەوەی حکومەت تەقدیمی کردووە حکومەت تاقەتی هەیە یان نیەتی، چونکە بە پێی ماددەی 83 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، (لايقبل اقتراح زيادة النفقات او احداث نفقات جديدة او تخفيض الواردات مالم يكن المقترح مشفوعا ببيان وسائل تحقيق الاقتراح)، ئێمە لە حکومەت دەپرسین ئەگەر تاقەتی هەبێت زیادی بکات، ئەوا زیادی دەکەین، ئەگەر تاقەتی نەبوو ئەوا لە خاوەنی ئەو موفتەرەحە دەپرسین و بزانین وەسیلەیەکی هەیە بۆ زیادبوونی ئەو راتبە یان نا؟ کەرەمکە کوێستان خان.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوەی بـەڕێز کـاك عـونی خوێندیـەوە ئـەوە بەشـێکی زۆر لـە پێشـنیارەکانی کـە لەلایـەن ئەنـدامانی پەرلەمانەوە بووە نەخراوەتە دەنگدان، ئێمە پێشنیارەکانمان نووسیوە کە پێشتر هەمووی پێم وایە جەنابی کاك فرست سکرتێری پەرلـەمان نووسـیویەتی، پێویسـتە یـەك یـەك ئـەو پێشـنیارانە بخرێتـە دەنگدانـەوە، دەنگ دەهێنێ یان ناهێنێ؟، لەبەرئەوە ئەگەر دەکرێت من ئەو پێشنیارانە بخوێنمـەوە کـە کـراوە، زیـاد لـە چەند ئەندامێکیش ئەو ڕۆژە پشتگیریان لێی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

با لە جەنابی وەزیر بپرسین بزانین تاقەتی هەیە، وەکو وەزیری دارایی ئەو پارەیان هەیە یان نا؟ کەرەمکە کاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو زیادەیەی کە ئێستاکە ئیقتراح کراوە لـە حـدودی 40 ملیـار دینـارە، ئـەوە 40 ملیـار دەگرێتـەوە، ئێمە ئەوەی کە داشکێندرا 5٪ بوو کە لە پەرلەمانی بەڕێز دایان شکاند، تەقریبەن دەکاتە 20 ملیـار، هـەر ئیزافەیەك بۆ سەر ئەم حیساباتانە ئەگەر عیلاجی نەبێت بە عەجز دەردەچێت، لەبەرئەوە ئێمە عیلاجـی ئەوە وەکو گوتم 5٪ ەی کە دامان شکاند لەو دوو فەقەرەیە، لە حدودی 20 ملیار دینار دەکات، ئەمە خـۆی 40 ـە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابـزانم ئەنـدامانی پەرلـەمان رەئیـان وازحـە، کـە پێشـنیارەکە بـەو شـێوەیە کـرا لـەوەی پێشـتریش لـە کۆبوونەوەی پێشوو لەگەڵ جەنابی وەزیر کە بە خەتی خۆیشی ڕازی بوو کە گوتی ئیمکاناتمـان هەیـە ئـەو پارەیە زیاد بکرێت، ئێستا نازانم مەوقفەکە کو بوو!

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە جەلسەی پێشتردا جەنابی وەزیر ڕەزامەندی دەربڕی لەسـەر ئـەو خاڵـە، لەبەرئـەوە مـن داوا دەکـەم ئـەو ڕەزامەندیە هەر بمێنێ،چونکە ئەمە خاڵێکی پێویستیە و مەسەلەیەکی ئینسانیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك شێخ بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پێشتر قسەی لەسەر کرا باسم کردووە، هەر زیادەیەکی تر بێتە سەری، ئێستا کە دەڵێم ئەوە 40 وە 20 ی نەقوسانە، یەعنی وەزعەکە بەو شێوەیەیە، یەعنی لە فەقەرەکانی تردا دەبێت عیلاجی بکەینەوە، من قەسدم ئەوەیە، ئێمە ڕەزامەند بووینە، بەڵام ئەگەر لەوە زیاتر بێت بە عەجز دەردەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.زانا کەرەمکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەگەر بەڕێزتان ڕێگەم بدەن تەنها ئەو برگەیە دەخوێنمەوە کە خودی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان باسی کردووە و دەڵێت ئەو بڕی 120 ملیارە و کۆی ئەو ماددەیە 120 ملیارە، بە یاداشتەکانی پەرلەمانەوە دەبێتە 140 ملیار، لێرە پێشنیاز دەکات و دەڵێت ببێتە 200 ملیار و تەغتیەش دەکرێت لەم مەجالەدا، یەعنی ئەمە بڕیارەکەیە و خۆی داوای کردووە لە ئەنجومەنی وەزیران، واتە ئێمە مەجالی عەجزمان نیە لێرە بەو شێوەیەی کە باس دەکرێت، ئەوە پارەکە زیاد کراوەو ئەو بڕەشی لێ تەئمین دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە ناسك خان.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئکید لەو پارەیەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەکەم کە تەرحی کردووە بۆ حکومەت، ئەوە یەك، دوو، ئێمە لەو کاتەشدا موناقەشەمان کردو گوتمان ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکاری شەهیدانی کیمیاباران 300 هەزارە راتبیان، نازانم بۆ لێرە لە 400 ەوە دەست پێکراوە؟ ئەگەر ئەو ڕەقەمەش زیادبکرێت بۆ ئەوەی شمولی هەمووی بکات، ئەوە هەر خاڵێکی سەربەخۆ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك شێخ بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەتی ئەوەی لە 400 ەوە دەستی پێ کردووە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە حەدی ئەدنای مووچەی کەسوکاری شەهیدان 400 هەزارە، بۆیە لەوەوە دەستی پێ کردووە، بە نیسبەتی ئەو پارەیەی کە ئەو نووسراوەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە پێشکەش کراوەو بە بەرێزتان پێشکەش کراوە و بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە یەکەم لە ئەنجومەنی وەزیران نەهاتووەتە بەردەم کۆبوونەوەو موناقەشەی لەسەر نەکراوە، ئەوە یەك، دووهەم ئەو پارەیە لە ئەسڵدا وەکو باسی کرد من خۆم ئاگام لێی نیە، بەڵام وەکو وەزیری سامانە سروشتیەکانی باسی لێوە دەکات ئەوە بۆ ئەو پرۆژانەیە ئەو قەزایانە و ئەم پارانە لەسەر میزانیەی تەشغیلی ئیعتیادی سەرف دەکرێت، ئەمە نابێتە ئەوەی کەوا ئەو پارەیە بدرێت بەم مەوزوعە، بۆ مەعلوماتی جەنابیشتان ئەوەی کە ئێمە وێنەیەکمان وەرگرتووە ئەنجومەنی وەزیران جوابی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی داوەتەوە بۆ ئەو حەقیقەتانە و وێنەشی بۆ جەنابتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم باس کردنی ئەو باسە هیچ عیلاقەی بە ئێمە نیە، چونکە ئەو نووسراوە ئەسڵەن بە شێوەیەکی ئسوڵی نەهاتووە، وەزیر ناتوانێ بە پەرلەمان بڵێت ئەوەندە پارەم هەیە و یان وای لێ بکەن، دەبووا ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئێمە بێت، وەکو من زانیومە هاتووە موباشر لە وەزیر، ئەوە یەك، دووەم: ئێمە وابزانم لە ناو مەشروعی یاسا ماددەیەك هەیە باسی منح و ئیعانات دەکات کە ئەوانە دەگەنە حکومەت باسی لێوە دەکات، جەنابت باسی ئەوەت کرد داخل کردنی ئەو مەوزوعەی منح و شیرینیانە لەناو بودجە، واتە وارداتی نەفتە و واریداتی نەفت مەسەلەیەکی ئیتیحادیە، لەباتی ئەوەی ئێمە هەوڵ بدەین ڕێگایەك بدۆزینەوە سوود لەو پارەیە وەربگرین، ئەگەر هاتو ئێمە ئەو مەوزوعەمان خستە ناو بودجە ئەو کاتە 83٪ دەچێتە حکومەت، بەڵام حەقی پەرلەمانە و من یەك لەوانەم ئەگەر وەختی خۆی هات ئەوا مەجالمان دەبێت و ئێمە داوا بکەین میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین چۆن وەکو پەرلەمانی کوردستان چاودێری چۆنیەتی هاتن و سەرف کردنی ئەو پارەیە بکەین، من بە ڕەوای دەزانم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە نیسبەت ئەوەی کە هەر ڕوون کردنەوەیەك بۆ ئەوەی لەبەرچاوتان ڕوون بێت، ئەو پارەیە پارەی منحە، پارەی بودجە نیە، ئێمە لێرە موناقەشەی میزانیە دەکەین، د.ئاشتی وەکو وەزیرێك حەقی هەیە بڵێ من ئەم پارەیەم لە منح هەیە، بەڵام ئێمە ناتوانین تێکەڵی بکەین، وەکو من لێم پرسی گوتی ئێمە لە منح ئەم پارەیەمان بۆ هاتووە، ئەم پارەیە تەبەروعە بۆ هەرێمی کوردستان، لە موستەقبەل و یان هەر ئەمڕۆ و سبەی لە دانیشتنی داهاتوو ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەو منحانە کە چۆن سەرف بکرێت، کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری لـە ڕایەکـەی ناسـك خـان دەکـەم، چـونکە جـەنابی وەزیـر کـە دەڵێت راتبـی مووچـەی شەهید کەمترینی 400 ـە، ئەنفال و کیمیاباران ئەوانە لە 300 هەزارەوە دەست پێ دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو ڕێژەیە شمولی ئەوانیش بکات با ئەوە لە 300 ەوە بۆ 600 بێت، ئەو خاڵێك، خـاڵێکی تـریش بـە نیسـبەت ئەوە کە منیش پشتگیری لە قسەی کاك عونی دەکەم، چونکە لە پێشوو دا مەنافعی ئیجتمـاعی و ئیعانـات و مەسارفی ئوخرا و ئەوانە ئـەو نیسـبەتانە بـۆ ئێـرە دەگەڕێتـەوە، خـاڵێکی تـر لـەم نووسـراوەی بـەڕێز کـاك ئاشتی باسی ئەوە دەکات پێشنیار دەکات بۆ پەرلەمان، ئەگەر ئێمـە ئێسـتا ڕازی بـین ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە ئەو خۆی دەڵێیت بیخەینە ماددەی 16 و 17 و 18 ئێمە ڕازی بین مانای وایە دەبێت بـە قـانونی، دەبێـت بە شتێکی قانونی و یاسایی، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوە بخەینە ناو ئێرەو ئەم پارەیەی کە لێرە بۆ هەنـدێك ناوچەی تر کە هەست دەکـەی هاوسـەنگی نیـە لـە پـرۆژەکـان وەکـو ئـەوەی کفـری کـە هـاتن و کـە هەنـدێك شوێنی تر کە گلەییان هەیە و پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی بۆ چـین و توێـژی گـەنجان و ژنـان و ئـەو شتانەی کەوا فەراغ و سەغەرات هەیە لە بودجەکە، ئێمە ئەوە زیاد دەبێ و بیبەین بۆ ئەوێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك پەرلەمان مەفروزە ئیلتزام بـە فەقـەرەی مـاددەی 83 بکـەین بەڕاسـتی، مەعاشـی هـەر لایـەنێك بێت نەفەقاتـەك و خەرجیـەکی بەردەوامـە، ئەگـەر پەرلـەمان بێـت و ئـەو خەرجیـە زیـاد بکـات، مـەفروزە داهاتەکی بەردەوامی بۆ پەیدا بکات، منحە داهاتەکی موەقەتە، ئەمساڵ مینحەی هەیـە و هەنـدە ملیۆنەیـە یان هەندە ملیارەیە، ساڵێکی تر لە کوێـوە پـڕی دەکەنـەوە؟ لـەو حاڵەتـە بـە رەئـی مـن بۆزیـاد کردنـی ئـەو فەقەراتانە مەفروزە یان ئەندام پەرلەمان داهاتەکی بەردەوامی بۆ پەیدا بکات، یان حکومەت موافق بێـت و بیکاتە ئیلتزام لەسەر خۆی کو ساڵەکی تـر هـەر بـەردەوام بێـت لەسـەری، ئـەمما ئەگـەر بـێین موعالەجـەی بکەین بە مینحە موعالەجە کردنی بە مینحە بـەس بـۆ ئەمسـاڵەیە، بـۆ سـاڵێکی تـر لـە کوێـوە بێـنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز دعونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی 4 دەنگمان لەسەر ماددەیەك دا ئێستا بۆ جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمان دەیخوێنمەوە:

المادة 4

1 ـ حصر الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية المنح، الاعانات، نفقات المشاريع الرأسمالية من الموازنة العامة لحكومة لقليم كوردستان بوزارة المالية والاقتصاد، ولوزير المالية والاقتصاد تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف مباشرة على بعض مستويات الحسابات الرئيسة.

2 ـ تستقطع نسبة قدرها 5٪ من الاعانات الواردة فى فصل الاعانات وتنقل الى حساب خاص بكركوك والمناطق المتنازع عليها.

3 ـ تستقطع نسبة قدرها 5٪ من المنح الواردة فى فصل المنح وتنقل لتغطية الزيادة الحاصلة فى رواتب ذوى الاحتياجات الخاصة.

هەروەها لە ماددەی 12 كە دەنگمان لەسەر داوە دەڵێت:

المادة 12

تقيد مبالغ التبرعات التى تمنح للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية ايرادا نهائيا للخزينة، على ان يقوم وزير المالية والاقتصاد بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة او الدوائر غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الاغراض التى منحت من اجلها.

واتە ئەو ماددانە دەبێت كە موناقەشەی لەسەر بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێجگە لەو 5٪ منحە و ئەوەی كە بڕاوە، ئێمە كۆمەڵێك پارەی ترمان بڕیوە، ئەوەی مەلعەب شەعب، ئەوەی نەفەقاتی تەشغیلی، شوەیفات هەولێر و ئەوەی دیزاینی زانكۆی سابیس بووە، جگە لەوە وەزیری سامانە سروشتیەكان لێرە بوو و بڕێك پارەی باسكرد كە داندراوە لەسەر وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەوان ئەو سووتەمەنیە بە بێ بەرامبەر دابین دەكەن بۆ كارەبا، ئەمانە هەمووی پارەیە و دەگەڕێتەوە، ئێمە بۆ خۆمان پێمان وایە ئەم پێشنیارانەی كە كردوومانە كاتی خۆی لە ڕوانگەی ئێمەوە جێ بەجێ دەكرێ و یاساییە، ڕەنگە ئەندامی پەرلەمان كە پێیان وابێت جێی نابێتەوە و بودجە نیە بۆیە داوا دەكەین ئەو پێشنیارانەی كە ئێمە كردوومانە و من ئێستا لێرە بە خاڵ نووسیومە و دەیخوێنمەوە بخرێتە دەنگدان:

یەكەمیان/ ............ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لامـان هەیـە خوشـکی مـن، هـەمووی حـازرەو لەبەردەسـتە، بـەس موخالفـە لەگـەڵ مـاددەی 83 لەبەرئـەوە ناتوانین بیخەینە دەنگدانەوە، ئەمە یەك، زیادەکە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەوانەی کە لـە شـوێنی تـر بڕیومانە عجزمان هەیە، 850 ملیار عجزت هەیە، کەرەمکە پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕای من ئێستا دەقی ئەو نامەیەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشـتیەکان لەگـەڵ دەقـی وەڵامەکـەی بـەڕێز وەزیری دارایی دیسانەوە دەمان باتەوە سەر ئەو خاڵەی کە با بڵێین دانیشتنەکەمانمان لێی کۆتایی پـێ هێنـا کە وەزارەتەکان و حکومەت ئاگایان لە یەکتر نیە، ئەو ماددەیەی بەڕێز کـاك عـونیش خوێندیـەوە دووپـاتی ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت هەموو مینەحێك ئیداع بکرێت لە لایەن وەزیری مالیەوە، ئـەو کاتـە حیسابی بـۆ دەکرێت، بەڵام ئەو مینحەی کە بەڕێز وەزیـری سـامانە سروشـتیەکان بەسـەربەخۆیی بـە بـێ گەڕانـەوە بـۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری مالیە ناردوویەتە پەرلەمانەوە، ئەمە مینـح و بەشـێکی گرنگـی داهاتە کە داهاتیش بەشێکی گرنگی بودجەیە دیسانەوە دەیخاتەوە ژێر پرسـیارەوە، مـن لێـرەوە دێمـە سـەر قسـەیەکی جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان کـە بـە هـەموومانی ڕاگەیانـد، بودجـە و دەربـاز بـوونی بودجـە لـە پەرلەمان ئەرکێکی ئەخلاقی و ویژدانی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە، لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر ئێمە داهاتمان دیار نەبێ و منح سەربەخۆیی لەنێوان یـان بـا بڵـێین مەرکەزیـەت لـە نێـوان وەزارەتـەکان دا نـەبێت کـەس ئاگای لە کەس نەبێت، لەو خاڵەی کـە کۆتاییمـان پـێ هێنـاوە دەسـتمان پـێ نـەکردووە بـە بـێ ئـەوەی هـیچ ئەندامێکی پەرلەمان بزانێ ئەم ماوە دوورودرێژەی تەئخیر بوونی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر چی بوو؟ لەبەرچی بوو؟ بـۆ نـەکرا؟ کـە ئەمانـە هـەمووی عەلامـەتی ئیسـتفهامن کـە ویـژدانی ئێمـەش دەخاتـە بـەر هەڕەشە و بەرچاوی هاووڵاتیانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویسـتە تـەئخیر بـوونی ئـەم دانیشـتنەی پەرلـەمان بـۆت ڕوون بکەمـەوە، چـونکە ئێمـە لـە سـەرۆکایەتی تەحەمولی ئەو دواخستنە دەکەین، پێش هەڵبژاردنەکان بوو لەناو ئەم قاعەیە دانیشـتنەکان بـە ئاقارێـك دا ڕۆیشت کە خەریك بوو زۆر بە زەقی ببێتە پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ ئەم لایەن و بۆ ئـەو لای تـر، بۆیـە ئینجا هەمووتان لەبن زەختێك بوون کە ئەو حیساباتانەی کە ئێستا دەیکەن لەو حاڵەتـە کـە نـەی دەتـوانی وەزعێکی دەقیق و دروست بدەن، بۆیـە بـە بەرژەوەنـدمان زانـی دوا بکـەوێ بـۆ دوای هەڵبژاردنـەکان، دوای هەڵبژاردنەکانیش موباشەرەتەن، نەتائیج چۆن دەردەچێ و بە چ شێوەیەك دەبێت و هەر لایەك لیستەکەی لە چ قۆناغێك و جێگەی خۆی دەگرێتەوە لە ئیستقرارێکی فکری نـەبوون، بۆیـە تەحـەمولی زیاترمـان کـرد کە زیاتر دوا بکەوێت، هەرچەند ئێمە بەرنامەی خۆمان هەیە بۆ ئەم چەند مانگەی کـە لـە پێشـمانە ئـەو یاسا و ئەو پڕۆژانەی کە لەبەردەستمانە هەمووی تەواو دەبێـت، ئێسـتا هـەمووتان ئیسـتقرارێکی نەفسـیتان

هەیە، دەزانن بە دروستی بڕیار بدەن و چ بڵێین و چی نەوترێ و کێ وتی نابێتە پروپاگەندە بۆ هیچ لایەنێك بۆیە بەوپەڕی ئازادی قسەکانی خۆتان دەکەن، بە نیسبەت مینح من ئاگام لێیە لە گشت لایەنەکان گفتوگۆ کراوە، پێویستە ماددەیەکی زەق لە میزانیەکە هەبێت کە هەرچی مینح بۆ هەرێمی کوردستان بێت چی لە عقودی نەوتی چ لە مەجالی تر بێت، ببێتە حیسابێك و بێتە ئەم پەرلەمانە، ئەو مەشروعانەی حکومەت دای دەنا کە بەو پارەیە سەرف بکرێت لەم پەرلەمانە قەراری لێ بدرێت، هەرچیتان هەیە هەمووتان پێکەوە دەتوانن ئەمڕۆ یان سبەی لە دانیشتنی داهاتوو ماددەیەکی وا دابڕێژرێت کە یەك دۆلارێك و یەك دیناری مینح بزر نەبێت، لە پێش چاوی هەمووتان ئاشکرا بێت و ئەمڕۆ بیکەنە ماددەیەك لێرە، بەڵام ئێستا ئێمە میزانیە موناقەشە دەکەین، میزانیەکەش مولزەمین بەو قانونانەی کە هەمانە، نابێت لە یاساکان لابدەین، ئەوانەی دەیانەوێ چەند کەسێکن ناویان دەنووسم لەوە زیاتر نیە، پاشان دێینە سەر بڕیاردان، سۆزان خان نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونت نەکردەوە قسە لەسەر چی دەکەین ئێمە ئێستا؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لەسەر ماددەی ئەوەی کە زیاد بکرێت بۆ شەهیدەکان، لەسەر ماددەی 18 کە بووەتە 16، جەلسەی ڕابردوو 60 کەس قسەی کردووە، هیچ کەسێك ئەمڕۆ مەجالی ئەوەی نیە، تەنها لەسەر ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ ئەو نیزامەی کە هەمانە تەتبیقی بکەین، حکومەت لە پێش چاومانە لە جێگایەك گوتوویەتی دەتوانین هەندێك زیاد بکەین، ئەمڕۆ دەڵێ ناتوانین، ئەوە دەبێت بۆمان ڕوون بکاتەوە، بەس ئەوانەی نوقاتی نیزامیان هەیە کە دەست زۆر بەرز کراوەوە، تەنها لەڕووی نیزامیەوە وەریان دەگرم، مەجال نادەم موناقەشەی ئەم ماددەیە بکەن، بەس نیزامی بێت توخوا، 7 کەس نیزامی هەیە کاك شێرزاد کەرەمکە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد ئەو 5٪ ەی کە لە ئیعانات و مینح بڕاوە بۆ ئەوە کە دەکاتە 20 ملیار، بەڵام ئەوەی کە ئەو باسی دەکات 40 ملیاری تێ دەچێت بۆ ئەوەی ئەمانەی کە داواکراوە مەعاشەکانیان زیاد بێت، من پێم وایە ئێمە لە کۆبوونەوەکانی پێشوو زۆر باسی ئەو پرۆژانەکان کرد کە دووبارە بوونەتەوە، باسی ئەو پرۆژانەمان کرد...... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئەوە گوتمان، عەجزمان هەیە، چی لابدرێت دەچێتە سەر عەجزەکە، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من لەسەر ئەو داهاتەی كە جەنابت بە مینحت لە قەڵەم دا، ئەوەی ئێستا من تەندەرێكم لە دەستە مانگی 2 ......... .**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاكە ئەوە نیزامی نیە، رجائەن، كاك د.بشیر فەرموو.**

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕاستی مەسەلەی سامانە سروشتیەكان بووەتە عوقدەیەك لە پەرلەمان، لەسەرەتای دانیشتنەكانەوە تاوەكو ئێستا من نایبینم ئەوەی كە عەجزێك ئەگەر هەبێت یان زیادكردنی پارە بۆ عەوائیلی شوهەدا لە مەسەلەی مینەحی وەزارەتی سامانە سروشتیەكان ناكرێت، ئەو كتابەش كە ئێستا ئاماژەی پێ دەكرێت، كتابەكە كە هاتووە ئەوەندە زیاد بكرێت ئەمە ناكرێت موناقەشە بكرێت و بێتە ناو دانیشتنەكانی ئێمە لەبەرئەوە قانونی نیە لەڕێگەی وەزارەتەوە نەهاتووە، دوایی لە كاتی موناقەشەی بودجەوە هاتووە و ئیقحام كراوە، ناكرێت لە كاتی موناقەشە دا بكرێت، لە پاشان خۆ زیاتر لە جارێك وەزیری سامانە سروشتیەكان گوتی كاكە ئەوانە مینحەن، پارە نین، بەڵكو ئەمانە پرۆژەن، یەعنی پارە نایەتەوە و زیادە هەبێت لە شتەكان، بۆیە من ئەوە ئیقتراح دەكەم  وەكو ئەوەی جەنابتان ئاماژەتان پێی دا لە پاش تەواو بوونی مەسەلەی بودجە مینحەكان هەمووی بە یەك بڕگە و بە یەك شت موعالەجە بكرێ و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك د.ڕێباز فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود نادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێم وابێ دانیشتنەكە بوو بە دانیشتنێكی بیركاری و حساباتی، لەبەر ئەوە با تۆزێك لەسەر خۆ و وەكو بیركاری بۆتان شەرح بكەم، ئەگەر ئەو لە 5٪ی كە بڕیار دراوە لە منح ببڕێت و دەنگی لەسەر درا، بۆ ئەوەی بۆ كەم ئەندامان سەرف بكرێت، ئەگەر نەكاتە (40)ملیار بەو شێوەی كەداوا كراوە، لە (50)هەزارەوە بكرێت بە (100)هەزار، داوا كرا (50)هەزارەكە بكرێت بە (200)هەزار، بەو شێوە حساب كراوە كەدەكاتە (40)ملیار، بەڵام ئێمە خۆ (20)ملیار زیادەمان هەیە، ئەگەر لە(50)هەزارەكەوە بەو شێوەی كەحساب كراوە بكرێت بە (200)هەزار، لەبەر ئەوەی كە (20)ملیارەكە بەش ناكات، خۆ لە (50)هەزارەوە بۆ (150)هەزار ئەوە بەش دەكات، با بەنیوە حساب بكرێت، (30)هەزارەكەش داواكرابوو بكرێت بە (100)هەزار، ئەگەر ئەویش بە نیوەی ئەوە حساب بكرێت، ئەوە ڕێك (20)ملیارەكە دەردەچێت، ئەو ماددەی پەیڕەوی ناوخۆش لەوێ جێبەجێ دەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ماددەی (83)زۆر وازحە، ئەڵێ دەبێ پارەیەك پێشنیار بکات، ئێمە پێشتر پێشنیارمان کردووە، پێشتر بەوەزیری داراییمان وتووە، کە داهاتی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی نەهاتووە، هی باشماخ نەهاتووە، نزیکەی (300 – 400)ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ کڕینی نەوت، وەزیری سامانە سروشتیەکان دەڵێت بەبێ موقابیل من دابینی دەکەم، ئەمە زۆر زۆر زیاترە، عەجزەکەش دائەپۆشێت، ئەگەر ئەو پارانە ئیعادە بکرێنەوە، دووەم: ئێمە کۆمەڵێك پێشنیارمان هەیە، بەپێیی نیزام داخلی هەر پێشنیارێك دوو کەس پشتگیری کرد ئەبێت بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە هەر پێشنیارێك موخالفی نیزام بێت نابێت، بەڵام ئەگەر موخالف نەبێ ئەوە دەبێت، بۆ خۆت سەیری ماددەی (84)بکە ئەو کاتە ئەزانی چۆنە، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: قسەکانی کاك شێروانمان بیرە هەمووومان، پێش کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە کە ڕەخنەی لە بودجەکە گرت وپێشنیاری کرد کە بگەڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوە نەخرایە دەنگەوە، بەپێیی پەیڕەوی ناوخۆ کە لەبەردەستی هەمووماندایە، هەر پێشنیارێك سێ ئەندامی پەرلەمان پشتگیری بکات ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، با پێشنیارەکە ئەوانەی قەناعەتیان پێیی نیە، دەنگی لەسەر نەدەن، ئەوەی کە جێگای نابێتەوە دەنگی نەدەنێ، بەڵام بەپێیی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە هەر پێشنیارێك سێ کەس پشتگیری بکات دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە ئەو پێشنیارانەی کە کردوومانە دەبێ یەك، یەك بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر پێشنیارێك، نا خوشکی من، ئەگەر موخالفی نیزام بێت ئەوە ناخرێتە دەنگدانەوە، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم تێکەڵاوییەك لە گفتوگۆیەکان روویدا، لەبەینی موعالەجە کردنی منح و کەمکردنەوەی منح لەبابی منحی کە لە خەرجیەکانی تەشغیلیە ئەوەی وەزارەتی دارایی پێشکەشی کردووە، لەگەڵ ئەو منحانەی کە هی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە، لەگەڵ زیاد کردن و کەم کردنی مووچەی شەهیدان، بەڕاستی ئەمە هەمووی تێکەڵ بووە لە بڕگەیەکدا، من تەئیدی ئەو پێشنیارەم کە لە بەرنامەدا هەمانبوو

بەس كاتی نەهاتبوو، وەكو جەنابت فەرمووت بۆ ئەوەی هیچی تر نەگەڕێیینەوە سەر ئەم بابەتـەی مـنح و ئیعاناتەی كە بۆ حكومەت دێت لەهەر سەرچاوەیەك كە دێت، بۆیە من پێشـنیار دەكـەم و تەئیـدی ئـەوەش دەكەم كە ئێستا موعالەجە بكرێت، بۆ ئەوەی جارێكی تر لەبەندێكی تـردا نەگەڕێینـەوە سـەری، حكومـەت مـولزەم بێـت، سەرچـاوەكانی ئـەو داهاتانـەی غـەیری میزانیـە بـەكۆی هـەموو داهاتـەكان، لەگـەڵ پـڕۆژەی پێشنیار كردن كە بۆ چ بابێك سەرف بكرێت، بە پاكیجێكی كاملەوە، چونكە منحەكان تەنها ئەو بڕە پارەیە نیە، ئەوەی كە لە نوسراوەكەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشـتیەكاندا هـاتووە بـەو شـێوەی كەهەیـە، بـەڵكو هەموو ئەو منحانەی كەهەیە، هـەموو ئەوانـەی كـە تۆزێـك تێكـەڵاوی لەبـەینی وەزارەتـی دارایـی و سـامانە سروشتیەكانیشدا هەیە، ئەوەی كە ژمارەیەك لەوێ دەگوترێت و بێئاگایی هەیەو هەموو ئـەو شتانەشـی كـە باسكران، حكومەت مولزەم بێت ئەمانە هەمووی ڕێك بخات، یەكی بخات، بكرێت بەبەندێك لە یاساكە، كەوا حكومەت مولزەم بكات ئەمانە كۆبكاتەوەو پڕۆژەی پێشنیار كـراویش بـۆ چـۆنیەتی خـەرجی بـۆ پەرلـەمان بنێرێـت، دوای موصـادەقەی پەرلـەمان ئینجـا حكومـەت حـەقی هـەبێت ئـەم منحانـە بكـات بـەكاری خزمەتگوزاری و خزمەتی وڵاتی پێ بكات، كە وەكو منحە بـوو بـۆ هـەرێمی كوردسـتان هـاتوون، بـۆ ئـەوەی تێكەڵ نەبێت، لەگەڵ بابەتەكانی تر ئەوەی تری كە سەرچاوەی داهات، لەزۆرێك لە قسەكان واباس دەكرێت كە گوایە سەرچاوەی داهـات بـۆ ئیزافـەی مووچـەی شـەهیدان و ئـەنفالكراوەكان لـەو پارەیـە بێـت كـەوا لـە پڕۆژەكان كەم دەكرێتەوە، یاخود ئەو پڕۆژانەی كەوا دووبارەن، یاخود ئەو پڕۆژانەی كە لەغو كـران، وەكـو ئەوەی كە بەپێیی دەنگدانەكانی ڕابردوو، ئێمە ئەوكات دەنگمان لەسـەر داوە، كـە ئـەو پڕۆژانـەی دووبـارەن یاخود ئەوانەی بۆ كاری حزبین، لـەزمنی هـەمان پارێزگـادا بـۆ پـڕۆژەی خزمـەتگوزاری بـەكار بهێنرێنـەوە، یەعنی پارەكەی بۆ تەرخان بكرێتەوە، خاڵێكی تریشم بەپێیی ئەوەی لە یاساكەدا هـاتووە، نـاكرێ ئێمـە لـە بودجەی تەشغیلی كەم بكەینەوە، لـە بودجـەی ئیستیسـماری بخەینـە سـەر بودجـەی تەشـغیلی و بیهێنـیین مووچەی پێ زیاد بكەین، بۆیە یـان دەبـێ بـەدوای سەرچـاوەیەكی تـردا بگـەڕێیین یـان دەبـێ تەئیـدی ئـەم پێشنیارەی حكومەت بكەین، كەهیچ ئیلتزامێكی تر نەخەینـە سـەری و زیادەكـە وەكـو ئـەوە بـڕوات كـە لـە توانای حكومەتدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موعالەجەی ئەو بابەتە، ئەگەر لەپێش ئەم ماددەیەشەوە بكەین ئاساییەو ئـەتوانین بیكـەین، یـەعنی پـێش تەصدیق كردنی ئەم ماددەیە بیكەین بەماددەیەكی یاسایی، كە تێیـدا ڕوونـی دەكەینـەوە لەسـەر حكومـەت پێویستە بودجەیەكی تـەواوكاری سـەبارەت بەكۆمـەك و ئـەو بەخششـانەی كـە پێیـی دراون، وەری گرتـوون پێشكەش بە پەرلەمانی بكات، بۆ موصادەقە كردن لەسەری، ئەو كاتە ئەو تەم و مژییە بـەهۆی ئـەوەی كـە

تۆ هەندێ لەو منحانە بەشێوەی پڕۆژە دێن، ئەو پڕۆژانە ئەو لایەنەی کە بەخششەکەی کردووە، لەبڕی پارەکە خۆی پڕۆژەکە جێبەجێ دەکات، دەبێ ئێمە وەکو پەرلەمان ئاگادار بین، ئەو پڕۆژانە چین؟ لەکوێن؟ لە چ بەروارێکەوە دەستی پێکردووە؟، کەی تەواویش دەبێت؟، دەبێ بڕی پارەی تێچووشی تێدا دیاری کرابێ، سەبارەت بەوەی کە بەپارەیی دەدرێت، ئەوەش جارێکی تر حکومەت بڵێ ئەولەوییاتی من بۆ ئەم پارەیە، بەم شێوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئاگادار بێت و چی تر نەوترێت، سەرچاوەی ئەو داهاتە یاخود ئەو منحانە دیاری نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو خاڵەی کە جەنابیشت باست کرد بکرێت بە ماددەیەك سەبارەت، بە مینەح و ئەو بەخشانەی کەدێت، یان سەرچاوەی داهاتی حکومەت کە لا بەلا بۆی دێت، یان لەدەعمی دەولیەوە دێت، ئەمە بۆ شتێکی گشتی زۆر زۆر ڕاستە، بەڵام بۆ شتێك کەڕوونە، لە ڕێگایەکی یاسایی وەزیری سامانە سروشتیەکان باسی نزیکەی (500)ملیار دەکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لەڕێگای جەنابتەوە هاتووەتە ناو پەرلەمان ئەمە کاتێ وەزیری دارایی لێیی ئەپرسین ئەڵێ عجزم هەیە، من داهاتێکی ڕوونم لەبەرچاوە، ئەڵێم ئەم داهاتە پێویستە منحە بەکار بێت بۆ ئەم ماددەیە، کە ماددەیەکی قانونیە و خزمەتی پڕۆژەکانمان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەی (83)یەوە حەق وابوو کاک فرسەت یان برایانی لیژنەی یاسایی ڕوونی بکەنەوە، بەندی سێ لەماددەی (83)باسی ئەوە دەکات، پەرلەمان دوای تاوتوێ کردن و بڕیاردانی پڕۆژەی بودجەی بۆی هەیە پڕۆژەی نوێ بۆ خەرجی نوێ بێنێتە کایەوە، ئێمە ئەکرێ ئێستا بیکەین بە بڕیارێك، یەعنی ئێستا بڕیارێك بدەین، کە ئەو کۆمەڵە شتە ئیزافە دەکرێت، ئەو پێشنیارانەی کە هەیە بۆ زیادکردن، هەمووی هەر لە ئێستاوە بڕیاری بۆ بدەین، بە پڕۆژە یاسا ئیلحاقی بکەین ئەوە لە بەندی سێ ی ماددەی (83)تەوزیحی باشی تێدایە، نازانم بۆچی تیشکی ناخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(83) ڕوون و ئاشكرایە، فەقەرەی سێ، ئەگەر بێت و داهاتێكیش هەبێت خۆ نەفەقاتێكی تازە ئیستیحداسی بكەیت و ئیقراری بكەی، ئاخر داهاتی بۆ ناوێت، مەفروزە داهاتێكیش هەبێت، بۆ تەنفیز كردنی ئەو داهاتە، ئەگەر پارەی منحەكە ببێت بە میزانیەیەكی تەكمیلی پاش تەصدیق كردنی ئەو میزانیەیە، ئەوە شتێكی یاساییەو ئەبێت، بەس مەوزوعی ئێمە مەوزوعی پڕۆژە نیە، مەوزوعی زیاد كردنی مووچەیە، زیاد كردنی مووچە داهاتێكی بەردەوامی دەوێت، مینحە بۆ یەك جارە، كە جارێك بەتۆیاندا سبەی ئەوە تەواو دەبێت، ساڵێكی تر لەكوێوە تەسدیدی دەكەی، مەفروزە حكومەت تەئمینی مەواردی بكات، لەبەر ئەوە ڕەئی من ئەوەیە، حكومەت تا چ حەدێك ئەتوانێ ئەو زیادەیە بكات، ئەگەر هاتو تەئیدی كرد مانای وایە مەسئولیەت لەئەستۆی حكومەتە، سبەینێ ئەوانە مەجبورن داهاتی بۆ پەیدا بكەن، با ئەو موقتەرەحە بخەینە دەنگدانەوە لەچ حەدێك حكومەت دەتوانێ زیادە بكات، لە 10٪ یان لە 20٪ یان لە 50٪یە ئەوە بخەینە دەنگدانەوە، بەڵام زیاد كردنی مووچەی شەهیدان كەس موعارز نیە لەسەری، كەسیش ناتوانێ بڵێ من دژی ئەوەم، بەڵام تەئمینی مەوارد ئەوە زۆر گرنگە، تەئمینی مەواردیش ئەندامێك ناتوانێ ئەو زەمانە بدات، مەفروزە حكومەت ئەو زەمانە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تر دووبارەی دەكەمەوە، ئەو منحانە بۆ یەكجارە، شەریكاتەكان خۆیان یان وەكو بڕە پارە پێشكەشی دەكات، یان وەكو مەشروع پێشكەشی دەكات، ئەوەی وەكو مەشروع پێكەشی كردووە، قبوڵ ناكات بخرێتە سەرداهاتی حكومەت، بۆ زیاد كردنی مووچە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئی جەنابتان لەو بارەیەوە، ئەتوانن وەكو حكومەت ئەو پارەیەتان هەیە، كە ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بكەن، یان نا، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی موناقەشەكان دووبارە دەبێتەوە، من پێشتر ڕەئی خۆم داو ئێستاش دووبارەی دەكەمەوە، ئەگەر مەجالم بدەیت من دوو، سێ شت هەیە ئەبێ جوابی بدەمەوە، ئەو برادەرەی دەڵێت با مەعاشی ئەنفال و شەهیدان وابێ، بابە مەعاشی شەهیدان فەقەرەیەكەو هی ئەنفالیش فەقەرەیەكی ترە، مەعاشی شەهیدان حەدی ئەدنای (400)هەزارە، هی ئەنفال حەدی ئەدنای(300)هەزارە، ئێمە بۆیە بۆ ئەنفالەكان لە 50٪ مان زیاد كردووە، بۆ شەهیدانیش لە 25٪مان زیاد كردووە، بەنیسبەت داهاتی فڕۆكەخانەكانەوە، داهاتی

باشماخ و برایم خەلیل، یەکەم: ئێمە چەند جارەو پێشتریش ئەوەمان بۆ بەڕێزتان دووبارە کردۆتەوە، ئەو داهاتەی گومرگەکان بۆ ئێمە نیە؟، کە ئێمە ئیستیناد بکەینە سەری و دابەشی بکەین، داهاتی فرۆکەخانەکان وەکو داهاتی شارەوانی وکارەبا وایە، لەناو حساباتی تایبەتی خۆیدایە، مەعلومیشە، لە نەتائیجیشدا هاتووە، بەنیسبەت ئەوەی کە ئێمە ئەتوانین ئەو پارە دابین بکەین یان ناتوانین، بەڕاستی کە وتم ئێمە پەشیمان نەبووینەتەوە لەوەی کەوا ئەو پارەیەی کەوتوومانە کەم ئەندام ببێت بە (100)هەزار و ئەوی تر ببێت بە (150)هەزار، من لەو پێشنیارەی ئەو برایانەم کە ئێستا پێشنیاز دەکەن، ئەڵێم مەسەلەن ئەنفال زیاد بکات، یان شەهیدان زیاد بکات، ئێمە ئەو پارانە حسابی بۆ نەکراوە، ئەبێت حسابی بۆ بکەین، هەر زیادەیەك بێت دەبێ حسابی بۆ بکەین، لەبەر ئەوە ئێمە بەو شێوەیە پێشتریش موناقەشەمان کرد، حسابی ئەوەمان کردووە، ئەو (100) هەزار و (150)هەزارە، ئەوەش کە کاك عەونی خوێندییەوە مەبەستم پێشنیازەکانە، ئێمە لەگەڵ ئەوانەداین و هیچ لارییەکمان نیە وەکو حکومەت، ئەمێنێتەوە دواین شتم ئەوەی سامانە سروشتیەکان، لە یاساکەدا هاتووە، فەقەرەیەك بۆ ئەوەی تەنزیم بکرێتەوە لەمەودوا، ئەو فەقەر یاسایە، ئەو ماددەیە، ئەتوانرێت چۆن جەنابتان بەباشی دەزانن، ئەوە پەیوەندی بە بەڕێزتانەوە هەیە، بەپەرلەمانەوە هەیە، لەوێدا ئیزافاتی لەسەر دەکەن، ئیلتزامانی زیاتر بەنیسبەت حکومەت زیاد دەکەن، لەویٚ ئیلزامی وەزیری دارایی و سامانە سروشتیەکانی کردووە، بۆ ئەوەی تەنزیمی بکاتەوەو منحەکان مەعلوم ببێت، بەتەئکیدیش هەموو منحەیەکیش وەکو ئیراد دەبێ مەعلوم ببێت، وەکو مەسروفیش ئەبێ مەعلوم ببێت، ئەبێ پەرلەمانیش لەسەری موافەقە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك عومەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، لەگەڵ تێبینیەکدا، ئێمە لەسەروبەندی ئەم ماددەی (18)یەداین بەزیاد کردنی مووچەی شەهید و ئەنفال، ئێمە لە پەیڕەوی خۆمان چووینەتە دەرێ، کە باس لە منحەو تەوسیات و مەوادی تازەو کیتابی سامانە سروشتیەکان دەکەین، لەکاتێکدا کە مەشروعی میزانیە بۆ ئێمە هاتووە، ئەمە یاسایەکی تایبەتیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، بە موتەزامنی هەموو وەزیرەکان هاتووە، بۆی نیە بۆ هیچ وەزیرێك هیچ موقتەرەحاتێکی تازە بنێرێتە ئێرەو گۆڕانکاری لەناو یاساکەدا بکات، لەلایەکی ترەوە ئێمە ماددەکانی (83،84،85،86)ی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی خۆمان پەیڕەو کردووە، لەکاتێکدا کە موصادەقەی میزانیەکەمان کردووە، ئێستا هاتووینەتە سەر ئاخر بابی، ماددەی (56)ی پەیڕەوی ناوخۆی خۆمان لە فەقەرەی دوو باس لەوە دەکات، (لایجوز العودة الی) مراجعەی موناقەشەی هەر شتێك کە باسی لەسەر کرابێ و حەسم بووبێت، بە وشەی ( لایجوز) بەموتلەقی هێناویەتی، چی تر ناگەڕێیتەوەو بۆت نیە، هیچ کەسێك باسی گەڕانەوەی دەنگدان لەسەر هەر شتێك کە دەنگی لەسەر دابێت

پێشتر، ئەوەشی کە لێرەدا دەنگی لەسەر ئەوە دابێت کە دانیشتنی پێشوو ئێمە تەئجیلمان کرد، باسی لەوە کردبێ کە ئەم پرۆژەیە نوقسانی تێدا هەیە، پێویستە بگەڕێتەوە، ئەوە ڕەئیێکی شەخصی خۆیەتی، ئەو ڕەئیە موخالەفەی فەقەرەی دووی ماددەی (56) دەکات کە دەڵێت(لايجوز العودة الى مناقشة المواضيع التي تم حسمها) (لایجوز) بە قەتعی هاتووە، لەبەر ئەوە من داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، دانیشتنی پێشوو زیاتر لە (60) ئەندام موناقەشەی ئەم ماددەیەمان کردووە، ئێستا ئەم ماددەیە موهەیەئە بۆ دەنگدان، لەبەر ئەوە با لە مەوزوع دەرنەچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر من غەڵەت نەبم، لەیەکەمیاندا نووسراوە، بەو شێوەی کە دەڵێت( زیاد کردنەکان بە نیسبەی (25٪ و 15٪) یە بەپێیی ئەم نیسبانە، نووسراوە لە (300 بۆ 400) بەڕێژەی لە 25٪، تەبیعی ڕێژەی لە 25٪ یەعنی ئەوانەی کە مووچەیان لە (400 – 600) یان لە (400) دەبێت بە (600)باشە ئێستا تێگەشتم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێستا فەقەرە بە فەقەرە دێیین، باشە ئاخر کەس کوێستان خان و ناسك خان، قسە دەکەن، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موناقەشەی ئەم ماددەیەمان نەکردۆتەوە، ئێمە داوای مافێکی خۆمان دەکەین کە 60 کەس موناقەشەمان کردووە، پێشنیاریشمان هەبووە، تکایە پێشنیارەکانمان بەپێیی پەیڕەوی ناوخۆ پێشنیار بە پێشنیار بخەنە دەنگدانەوە، ئەمە مافێکی خۆمانە بەپێیی پەیڕەوی ناوخۆ، من چوار ساڵ ئەندامی پەرلەمان بووم، ئێستاش حەوت مانگە، ئەو بەڕێزانە هەر پێشنیارێکیان هەبووبێ و دوو کەس تەئیدی کردبێ خراوەتە دەنگدانەوە، ئەمە مافێکی خۆمانە و داوای دەکەین، تکایە، تکایە، ئەم مافەمان بۆ بگێڕنەوە، یەك، یەك ئەو پێشنیارانەی کە کردوومانەو (60)کەس موناقەشەی لەسەر کردووە، بیخەنە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ئەگەر موقتەرەحێك موخالفی نیزامێك یان قانونێکی سەریح بێت، نابێت و منیش موخالەفەی نیزام ناکەم، بەپێیی ئەم نیزامە ئەڕۆم کەلێرەدا دانراوە، ئەتوانی ئەوەی کە جەنابت فەرموت

لەجێگایەکی تر بە یاسایەك، بە تەوصیەیەك، بە قانونێك پێشنیاری بکە، پشتگیریت لێ دەکەین، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت دیسان تەئکید بکەمەوە لەسەر قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی، کە ئەدنا مووچە (300) هەزارە، تا مانگی سێ شەهیدانی کیمیاباران زیاتر لە (1000) کەس (300)هەزاری وەرگرتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، ئەوە نیزامی نیە، جەنابی وەزیر ئێوە جەنابتان و لیژنەی دارایی ئیختلافێکتان هەیە، ئەگەر ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، کاك خورشید وتت وەزیر، موافەقەی کردووە، کە زیادی بکات و ئێستا پاشگەز بوویەوە، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ سەرەتا جەنابی وەزیر ڕازی بوو، ئێستا نازانم بۆ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر موقتەرەحی حکومەت هاتبوو، (30 بۆ 50) (50 بۆ 100)، بەڵام لەدوای ئەو موناقەشاتانە و کۆبوونەوەی یەکەمیشمان لەگەڵ لیژنەی دارایی و گەڕانەوەم بۆ حکومەت، موافەقەیان کرد لەسەر ئەوەی کە ئیقتراحەکەی کاممان تەقدیمی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ئێوە بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئیستیعدادی پیشاندا، کە دەتوانێ ئەو پارەیە سەرف بکات، بۆیە ئێستا پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕەکان جیاوازن بۆیە فەقەرە بە فەقەرە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا خاڵی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

1 - تتم زيادة رواتب ذوي الشهداء و ضحايا الانفال والاسلحة الكيمياوية:-

أ - ذوي الشهداء بنسبة (25٪ , 15٪)كالآتي:

1 - من (400) الف دينار الى (600) الف دينار (25٪).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەمە دەخەینە دەنگەوە كێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟، كێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

2 - من (700) الف دینار الی (1،032)ملیون دینار(15٪).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەمەش دەخەینە دەنگەوە كێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟، كێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب- ذوي الشهداء المدنيين(هاوڵاتی)بمبلغ مقطوع قدره (50)الف دینار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەمەش دەخەینە دەنگەوە كێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟، كێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ج- عوائل الشهداء المؤنفلين بنسبة(50٪).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەمە بە كوردی بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خێزانی ئەنفالكراوەكان بەڕێژەی لە(50٪).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەمەش دەخەینە دەنگەوە کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2 – أ ذوي الاحتياجات الخاصة من (30) الف دينار الى (100) الف دينار.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە (30)هەزار دینارەوە بۆ (100)هەزار دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب - ذوي الاحتياجات الخاصة من (50) الف دينار الى (150) الف دينار.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە (50)هەزار دینارەوە بۆ (150) هەزار دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس بەکۆی دەنگ وەرگیرا. پێشنیاری وەزیری دارایی هاتووە، کە ئەم زیادانە لە 2010/1/1 وە پەسەند بکرێت، بەڕێزان ئێستا ئەمە دەخەینە دەنگەوە کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا کۆی ماددەکە کە خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگەوە، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو فەقەرەیە کەمابوو وتمان با زیندانی سیاسیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانی لەشوێنێکی تر بەماددەیەك یان فەقەرەیەك ئەوە زیاد بکەین، ئەمە بۆ شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە، چونکە زیندانیەکان هێشتا شەهید نەبوو، ئێستا هەموو ماددەکە دەخەینە دەنگەوە، کێیی

**لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، زۆر سوپاس بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەکۆبوونەوەکانی پێشوو ماددەکان ژمارەکانیان گۆڕانکاری تێداکرا، لەسەر پێشنیاری جەنابی سکرتێری پەرلەمان، ماددەی (16) لە ئەصڵی پڕۆژەکە، بوو بە ماددەی (17)ئێستا ماددەی (16)مان تەواو کرد، دەگەڕێینەوە سەر ماددەی (17)ی ئەصڵی پڕۆژەکە، کە هەر بەژمارەی خۆی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی دوو ماددە پێشتر لابران لە پڕۆژەکە، ئێستا دەیخوێنمەوە.**

**المادة السابعة عشر:**

**يخصص مبلغ (150) مائة وخمسون مليار دينار لحملة انشاء المدارس النموذجية في الاقليم من موازنة النفقات الاستثمارية.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی حەڤدەم:**

**گوژمەی (150) ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروستکرنی قوتابخانە نموونەییەکان لە هەرێمدا تەرخان دەکری لە بودجەی خەرجیە وە بەرهێنەکان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی، فەرموو.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنەی دارایی ڕەزامەندە لەسەر دەقی ئەو ماددەیە، بە ئیتیفاق لەگەڵ لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا ئەو ماددەیە کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات با ناوی بنووسم، سەرگوڵ خان، فەرموو.**

**بەڕێز سەرگوڵ احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ئەو ماددەیەو ئەو بڕە پارەیەوە من پێم باشە، بۆ قوتابخانەی ئاسایی تەرخان بکرێت، وەك لەوەی بۆ قوتابخانەی نموونەی بێت، چونکە هەموومان دەزانین لەهەرێمی کوردستان قوتابخانەی ئاسایی لەزۆربەی ناوچەکاندا، کەمەو پێویستی زۆرمان بەقوتابخانەی ئاساییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سەمیرە خان، فەرموو.**

**بەڕێز سمیره عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕە پارەی کە تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی قوتابخانەی نموونەیی، پارەکە زۆر باشە، جێگای دڵخۆشییە، بەڵام ئەگەر مەبەست تەصمیم بێت، بەس ئەگەر پێدانی نازناوی نموونەیی بێت، ئەوە دەبێ چەند مەرجێکی سیستەمی نموونەیی هەیە، دەبێ لەو قوتابخانانەدا جێبەجێ بکرێت، ئەویش بەچەند خاڵێك ڕوون دەکەمەوە، یەکەم: وەرگرتنی قوتابی لە قوتابخانەکانی نموونەیی بەپێی نمرەیە، دەبێ کۆی نمرەی لە (90)کەمتر نەبێت، دووەم: حصەی وانەی مامۆستایان کە دەرس لە قوتابخانە نموونەییەکان دەڵێنەوە، لە ئیعدادیەکەی 14 بێت و لە بنەڕەتیەکەیشی 16 یە لە قوتابخانەی ئاسایی (24 بە 26)شە، دابین کردنی میلاکات، مامۆستا دەبێ لە پێنج ساڵ کەمتر خزمەتی نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، تۆ باسی ئەوە بکە کە ئەو پڕۆژەیە ببێت یان نەبێت، خۆ ئێمە موهەندیس نین لێرە تەصمیم دابنێین، تەنها ئەوەی ئایا ئەو پارە بۆ قوتابخانەی نموونەی بێت یان نەبێت، هەر ئەوەندە، کاك شۆڕش، فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدڵنیاییەوە دیارە دابین کردنی (150)ملیار دینار، بۆ حەملەیەکی دروست کردنی قوتابخانە، پارەیەکی زۆر چاکە، بەڵام هەر خۆی مەبلەغەکە گفتوگۆیەکی زۆر هەڵدەگرێ، چونکە ئێمە لەسەر کەمترین مەبلەغ زۆرترین گفتوگۆمان کردووە، ناکرێ بەیەك ڕستە ئەوە هەموو موافەقەی لەسەر بکرێت، بۆیە پێویست دەکات، مەسئولیەتی سەرف کردنی ئەوە دیار بێت کە لەکوێ سەرف دەکرێت؟، کێش سەرفی دەکات؟، کێ پێیی ئاگادار دەبێت؟ ئەو جیهەتەی کە سەرفی دەکات. هەروەها ئەو مەشاریعانەی کە بەو سەدو پەنجا ملیار دینارە جێ بەجێ دەکرێت، کە دروست کردنی قوتابخانەو شتی وایە، وەکو خوشکی بەڕێزم باسی کرد، پێویستە چەند جیهەتێك لە سەرف کردنی ئەوە بەشداری بکەن، لەوانە وەزارەتی پەروەردە، کە خۆی موختەصەو مەعنیە بە ئیشەکە، ئەو دەزانێت لە کوێ پێویستی هەیە؟ لەکوێ سێ دەوامی و دوو دەوامی هەیە، چ ناوچەیەك قوتابخانەی پێویستە، هەروەها وەزارەتی مالیە بۆ سەرف کردن و بۆ ئاگادار بوون لە چۆنیەتی سەرف بوونەکەی، وەزارەتی پلاندانانیش بۆ ڕاگرتنی لەنێوان ناوچەکاندا بۆ دروست کردنی ئەو قوتابخانانەی لە زیمنی ئەو حەملەیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالله مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پێشنیار دەکەم ئەو بڕە پارەیە دیاری بکرێت و بخرێتە سەری بە چەند وشەیەك دیاری بکرێت، کە وەزارەتی پەروەردە خۆی ئەوەی لەگەڵدا بکات، ئەوە گرنگەو تەرخانیش بکرێت بۆ قوتابخانەی تری ئاسایی، چونکە بەڕاستی ئێمە کێشەی قوتابخانە ئاساییەکانمان هەیە، چەندین گوندو، چەندین شارۆچکەمان هەیە، بەڕاستی کێشەی قوتابخانەی هەیەو چەندین قوتابخانەمان هەیە چەند دەوامێکی تیایە، دەیان کەموکورتی تری تیایە، بۆیە ئەم پارەیە دیارە تەرخان بکرێت بۆ قوتابخانە ئاساییەکان و هەموو خەڵك بەشێوەیەکی یەکسان لە قوتابخانە ئاساییەکاندا بخوێنن، ئەگەر پارەی تر هەبوو ئەو قۆناغەمان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند ئەو کاتە بۆ قۆناغێکی تر دەکرێت، ئێمە پێشنارێکی تر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو گوژمە پارەی کە تەرخان کراوە، ئەگەر قوتابخانەی نموونەیی، ئەگەر لە شێوەی دیزاین بێت، تەصمیم بێت، کێشەمان نییە، بەڵام ئەگەر لە شێوەی خوێندن بێت، سیستەم بێت، ئەگەر بکرێتە قوتابخانەی ئاسایی باشترە، لەبەر ئەوەی قوتابخانەی نموونەیی فەرق و جیاوازی هەیە لەنێوان قوتابیان، بەنیسبەت پارەکەشی کاك شۆرش باسی کرد، من باسی ناکەم ئەگەر بە لیژنە بێت لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، وەزارەتی پەروەردەش مەعنی بێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە وا پێشنیازمان کرد کە ئەو بڕە پارەیە، سەدو پەنجا ملیار دینارە، لیژنەیەك هەڵستێت بە جێ بەجێ کردنی کارەکەو دانانی ئەو بڕە پارەیە، هەروەها گۆڕینی قوتابخانە نموونەییەکان بە قوتابخانەی هاوچەرخ و نوێ، هاوچەرخ و نوێ لە ڕووی گۆڕەپانی وەرزشەوە، لە ڕووی دروست کردنی هۆڵەوە، وێنەی دیزاینیەکەی هاوچەرخ و نوێ بێت، نەك نموونەیی، واتا تایبەت نەبێت بۆ دەستەیەك مەعدەلەکانیان لە (90)ەوە بەرەو سەرەوە بێت، بەڵکو منداڵی هەر لایەنێك تێدا جێگای ببێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنی ڕەئیەکەی پەیمان خان، بێگومان ئەمە ماددەیەکی گرنگە، پێویستە کاری لەسەر بکرێت و جددییە، بەس من دیسان دەگەڕێمەوە یەك خاڵی تر کە دەبێت ئیشارەتی پێ بدەم، ئەگەر ماددەی پێشوو پەیوەندی هەبوو بێت بەوەی کە راتبە، واتا زیاد کردنی مووچەیە، مینحە بۆ یەك جار دەدرێت، وا هەست دەکەم بڕی سەدو پەنجا ملیارەی کە تەرخان دەکرێت بە یەکجار دەدرێت، دەکرێت ئێمە سوود وەربگرینەوە لەو بڕە پارەیەی کە لە شێوەی مینحەکانەوە وەردەگرین، بەلأم بەشێوەیەکی تر لە زووترین کاتدا بەپێی پلانێك، ئەو بڕە پارەمان بۆ دەست نیشان بکرێت، من بەش بەحاڵی خۆم تۆزێك گومان دەکەم لەوەی ئەگەر زوو یاداشتێکی هاوپێچ بێت بۆ پەرلەمان، تایبەت بێت بۆ ئەو مینحانە، بۆیە دەکرێت ئێمە لە ئێستاوە سوود لەوە وەربگرین، لە بەرامبەریشدا بڕی ئەو سەدو پەنجا ملیارەی کە ماوەتەوە، دەکرێت ئێمە سوودی لێ وەبگرین بۆ کۆمەڵێك بڕگەو ماددەی تر، کە دەتوانین لە ئایندەدا زیادیان بکەین، یەعنی مەصدەرێکی تەمویلمان دۆزیتەوە، پێشنیازەکەش کە هەبوو تایبەت بە لابردنی ماددەی شازدەو حەڤدەو هەژدە، ئەمە خۆی یەکێکە لەو ماددانە، پەیوەندیشی نییە بە زیاد کردنی راتبەوە مینحەیەکە بە یەك قتعە دەدرێت سەدو پەنجا ملیار تەرخان دەکرێت، دەکرێت ئێمە سوود لەو پارەیەوە وەربگرینەوە لە مینحەکە جێ بەجێ بکرێت ئەم بڕە پارەیە، بەلأم لە هەمان کاتدا بۆت ورد بکرێتەوە، ئەم سەدو پەنجا ملیارە چەند قوتابخانەی پێ دروست دەکرێت بە تەفاسیلێکی وردتر؟ یەعنی حکومەتیش دەستی والأیە لە لایەکەوە، لەهەمان کاتدا تۆ پلانێکی باشتریش جێ بەجێ دەکەیت، بەلایەنی کەم تۆ دەتوانیت سەرچاوەی بەشێکیش لەو داهاتانە بزانیت، کە بەهۆی مینحەکانەوە دەستمان دەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەست دەکەم جۆرێك لە غموز هەیە لەو ماددەیەدا، چونکە ئەو پارەیە دیار نییە چۆن دابەش دەکرێت؟ چ بنەمایەکی عەدالەتی و دادپەروەری لەبەرچاو دەگیرێت لە تەوزیع کردنی ئەو قوتابخانانە؟ شوێنی دەست نیشان کردن و هەڵبژاردنی قوتابخانەکان کێ هەڵیان دەبژێرێت؟ کێ دەست نیشانیان دەکات؟ چەندی پارە بۆ تەرخان دەکرێت؟ مەعلوم ئەوەی کە ئێمە بە نەتیجە پێی گەیشتین نموونەییەکە، مەسەلە دروست کردنی قوتابخانەی نموونەیی خوێندن نییە، بەڵکو بینای نموونەییە، بەلأم من پێشنیار دەکەم ئەم قوتابخانانە کە دروست دەکرێت ناوی نموونەیی لێهاتووە، ناوە نموونەییەکە لابدرێت، هەوڵ بدرێت کۆمەڵگەی خوێندن، یاخود کۆمەڵگەی قوتابخانەیی دروست بکرێت، هەموومان دەزانین دێهاتەکانی ئێمە، یان مەبلەغێك لەو بڕە پارەیە تەرخان بکرێت بۆ ئەو دێهاتانەی کە لێك نزیکن، بۆ نموونە بیست گوند لە

یەكتری نزیك بن دەكرێت كۆمەڵگەیەكی هاوچەرخی خوێندن لەو ناوچەیە دروست بكرێت، كە هەموویان تێدا مەستەفید بن، ئێمە مەعلوماتمان لەلایە كە ناتوانێت حكومەتی هەرێم و هیچ حكومەتێكی تریش رەنگە لە هەموو لادێیەك كە ژمارەی خانووەكانی دە خانوو بێت، یان دە خوێندكاری هەبێت ژمارەیەك مامۆستا بنرێت و قوتابخانەش دروست بكات، بەلاٚم دەكرێت موجەمەع دروست بكات، بۆ ئەوەی سەرجەم دێهاتەكان و حكومەت هاوكار بێت لەوەی كە بتوانێت ئەم خوێندكارانەو قوتابیانە بێنێت بۆ ئەو موجەمەعانەی كە تێیدا دەخوێنن.

خاڵێكی تر من پێم باشە مەسەلەی دادوەری، پەرلەمان هەوڵ بدات مولحەقێك، شتێك بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم لیژنەیەی كە هەڵدەستێت بە دابەش كردن و هەڵبژاردنی شوێنی ئەو قوتابخانانە، بەڕاستی مولزەمیان بكات بە لەبەرچاو گرتنی دادپەوەری، نەك لەسەر هیچ بنەمایەكی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دكتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە دروست كردنی قوتابخانە زۆر زۆر گرنگە، بەلاٚم لەوە گرنگتر پێویستە وەكو برادەرانیش ئاماژەیان پێدا ئەولەویەت بدرێت بەو شوێنانەی كە قوتابخانەیان نییە، هەندێك گوندو دێهات هەیە، هەندێك شارو شارۆچكە هەیە قوتابخانەیان نییە، بەهۆی نەبوونی قوتابخانە، قوتابییەكان دەچن بۆ شوێنی تر، یان بۆ دێهاتی تر، یان ناوچەی تر، كە لە ئەنجامی ئەوەدا رووداوی زۆر ناخۆش حادیسەی سەیارە بووە، كە بەهۆی ئەوە قوتابیان و مامۆستایان دووچاری رووداوی ناخۆش بوونەتەوە، بەنیسبەتی وشەی نموزەجی، ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیارمان كرد كە وشەی نموزەجی لابچێت، تەنها بخوێندرێتەوە (یخصص مبلغ 150 ملیار دینار لحملة انشاء المدارس في الاقليم من موازنة النفقات الاستثمارية)، یەعنی بەبێ وشەی (النموذجية)، نازانم بۆ نەخوێندرایەوە، ئەمە پێویست ناكات نموزەجی هەبێت، چونكە دروست كردنی قوتابخانە چ بڵێی قوتابخانەی هاوچەرخ بێت، یان نموزەجی، قوتابخانە كە دروست دەكرێت بەشێوەیەكی هاوچەرخ دروست دەكرێت، لەبەر ئەوە پێویست بە وشەی نموزەجی ناكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ رەئی هاوكارانم، بەڕاستی ئەو گوژمەیە گوژمەیەكی زۆر باشە بۆ دروست كردنی قوتابخانەكان، بەلاٚم ئەگەر نموونەیی بێت لە رووی دیزاینەوە، پێویستە لێرە ئیشارەتی پێ بدرێت، كە دروست كردنی قوتابخانەی نموونەیی لە رووی دیزاینەوە، ئەگەر نموونەیی بێت وەكو ئەوانەی كە ئێستا

هەن، ئەوە بەڕاستی جیاوازییەکی چینایەتی لەنێوان قوتابیەکان دروست دەکات بۆ وەرگرتنیان لەو قوتابخانانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام کە وشەی نموزەجی بمێنێتەوە، چ لە رووی بیناو تەصمیم و دیزاینەوە بێت، چ لە رووی سیستەمی خوێندنیشەوە بێت، بەلاّم پێشنیار دەکەم بۆ ئەو لیژنەیەی کە هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردن و دابەش کردن و دروست کردنی ئەو قوتابخانانە زیاتر بایەخ و ئەهمیەت بدات بە شارو شارۆچکە بچووکەکان، چونکە ئێمە دەزانین لە شارە گەورەکاندا قوتابخانەی نموزەجی هەیە، بەلاّم لە شارە بچووکەکان، یاخود قەزاو ناحیەکان بێ بەش کراون لەو قوتابخانە نموونەییانە لە رووی سیستەمی خوێندنەوە، یاخود لە رووی دیزانیشەوە، ئێمە دەزانین ئەو قوتابخانە نموونەییانە، ئەو قوتابخانانەن کە ئەو قوتابیانەی لێ وەردەگیرێن کە توانای فیکریان، یاخود مستەوای عیلمیان وەکو دەڵێن لە رووی زیرەکیەوە ئەو قوتابیانە لەو قوتابخانانە وەردەگیرێن، کە نمرەکانیان بەرزە، نەوەك قوتابی فەقیر بێت، یاخود قوتابیەکی دەوڵەمەند بێت، بەڵکو تەنها ئەو قوتابیانە وەردەگرێت لە رووی دەرەجەوە زیاترن لە قوتابیەکانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، من حەز دەکەم باس لەوە بکەم هەڵمەتی هەڵبژاردنی دروست کردنی قوتابخانەکان بەشانازییەوە دەڵێم لە خولی پێشووی پەرلەمانەوە لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە داوا کرا، کەوا ساڵانە سندوقێك دابمەزرێت بۆ هەڵمەتێکی بەردەوام، چونکە ئێمە نەقصێك و کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەمان هەیە لە قوتابخانەکاندا، ئەمە هەمووومان دەیبینین هەر بۆیەش دەبینین دوو دەوام و سێ دەوام و چوار دەوامیش هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە سیستەمی خوێندنمان گۆڕیوە، ئەگەر من بە هەڵەدا نەچووبم و ئاگاداریش بم، وەکو دەزانم ئەم سەدو پەنجا ملیار دینارە بۆ ماوەی چوار ساڵ دووبارە دەبێتەوە هەموو ساڵێك تا ماوەی چوار ساڵ هەتاوەکو ئەو نەقصەی قوتابخانانە پڕ بکرێتەوەو، ئەوەش داوای وەزارەتی پەروەردە بووە لە پلانە پێنج ساڵیەکەی کە داینـاوە، هەر لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم

مادده‌یه (يخصص مبلغ (150) مليار دينار لحملة انشاء المدارس النموذجية)، مه‌به‌ستیش له نموزه‌جیه‌که دیزاینه، یه‌عنی قوتابخانه‌یه‌کی عه‌صری که هه‌موو بابه‌ته‌کانی خوێندکار پێویستیه‌تی له ساحه‌ی یاری کردن و له مه‌سره‌ح و له موختەبەڕات و له مه‌کته‌بدا، به‌پێی ئه‌و دیزاینه‌ی که وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ش ئاماده‌ی کردووه، (لحملة انشاء المدارس النموذجية في الاقليم)، پێش ئه‌وه‌ی بڵێین (من موازنة النفقات الاستثمارية)، (وتشكل هيئة متكونة من اولاً/ وزير التربية والتعليم وزير المالية و وزير التخطيط للاشراف وتوزيع بناء هذه المدارس حسب الخطة المقدمة من وزارة التربية والتعليم)، چونکه وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده خۆی پلانه پێنج ساڵیه‌که‌ی هه‌یه‌و ئاماده‌یه ده‌زانێت له هه‌موو که‌س باشتر ده‌زانێت له‌کوێ پێویسته‌و له کوێ پێویست نییه، وه‌زاره‌ت خۆی ده‌زانێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئامینه خان فه‌رموو.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرا دەمەکێ لیژنا پەروەداو خوێندنی بڵند تاسەرە دانا دەڤەرێ هەرێما کوردستانێ، ئەویش نزیك دول کێشا قوتابخانا ئاگاهدار بووم کە ئەمزانی چەند ژینگەهێت قوتابخانەت کوردستانێ ناتەندروستن بۆ هەندەك قوتابی و تێدا بژینەڤە، ژی بەر هەندێ ژی ئەز دبینم کو تەرخان کرنا سەدو پەنجا ملیار دینارا بۆ هەڵمەتا دروست کرنا قوتابخانیەت سەردەمیانە، یەعنی ئەز باوەرم مەسەلە یا نموونەیی نا ئەوەکو قوتابخانەی نموونەییت جوداهیا، یا قوتابیەت دەهێتەبەر، بەلکو گشت لایێ ئەو پەیڤا نموونەیی ببیتە پەیڤەکا سەردەمیانەو بۆ هەندێکا چارسەر بێتە کرن، چەندیا پێویستە نوکە ئەڤ قوتابخانێ سەردەمیانا هەبی کو زارۆکێت کوردستانێ، گەنجێ کوردستانێ بشێم شێوازەکی یێ تەندروست ژ لایێ دەروونی و ڤەژ لایێ سەخلەمیڤە بشان خوێندنا خۆ جێ بەجێ بکات، راستە ئیشباع مەدرەستێت مە نەهاتینە کرن، ئول گور ئەو ئاخافتنێ بەڕێز وەزیرێ پەروەردەش دی کو بۆ هەندێ مە کێشە سێ دەوامی و دوو دەوامی نەمێنێتن مە پێ تیڤیت سێ هەزار قوتابخانە یاهەی، لێ جەنابی ویش ئاماژە دا هەندەکو مەعدەلی سەدو پەنجا قوتابخانە ساڵانە تێنە دروست کرن، یەعنی ئەڤ هەڵمەتی دروست کرنا قوتابخانە سەردەمیانە دگەل وان دروست کرنا قوتابخانە تشتە هەرە باشە کو بەهەندێ تو بەرامبەر ئەو قوتابخانەت کو یێ بە شێوازێکێ یێ ئاسایی تێتە دروست کرن، هەم بەر وێ مەدرەسەی نموونەییش ژی بهێنە دروست کرن، ئەز پشتگیریا بۆچوونێت گەلەك هەڤالێت مەند دکەم کو بۆردێك بهێتە دروست کرنا کو وەزارەتا پەروەردەو وەزارەتا پلاندانانێ، وەزیرێ وەزارەتا دارایی تێدا سەرپەرشتیا وێ بکا، چونکە وەزارەتی پەروەردێ پلانێ وێت دزانێت و پلانێکی هەموو کەسیەو هەمی تشتەك لەبەر دەستی ویە، ئەو دشێتن پتر سەریا ئاگاهدار بێت، لێ یا پێتیڤیا ئەڤ دروست کرنا هەڵمەتا قوتابخانە سەردەمیانە ژی سەر بنەمای جوگرافی و چارەسەر کرنا کێشا دوو دەوامی و سێ دەوامی بی، زۆریا قوتابیا هەر مەنتیقەیەکدا ژی بەر هەندێ ژی ئەز پێشنیار

دكەم كو ئەگەر ئەڤ بەندە هاتە پەسند كرن ڤێتن وەزارەتا پەروەردێ بۆ موصادەقا وێ پلانا خۆ جێ بەجێ كرنێ، فرێكە پەرلەمانێ ئەم بزانین كا ئەڤ پرۆژا دیت كیرێ چاوا، بە چ رەنگ بێت و بە هەر ئێك كو ژی نوێ دێتە تەرخان كرن بۆ هەندێ پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پێشەوا فەرمووو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من وەكو ئەندامێكی پەرلەمان ئەوە رەئی شەخصی خۆمە، پێموایە پرۆژەی دروست كردنی قوتابخانە نموونەییەكان، ئەمە ئەركی وەزارەتی پەروەردەیە، یەعنی هیچ مەفروز نەبوو ماددەیەك داگیر بكرێت لە پرۆژە یاسای بودجە مەبلەغێك دیاری بكرێت، چونكە وەزارەتی پەروەردە خۆی پلانی هەیە، خۆی دەبێت بزانێت سالآنە لە كوێ خوێندنگا دروست دەكات؟ لەسەر چ ئەساسێك دروستی دەكات؟ بەلآم كە هاتووشە من پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بێت (گوژمەی (150) ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروستكرنی قوتابخانە لە گوندەكانی كوردستان)، چونكە بەڕاستی نزیكەی هەزار گوندمان هەیە لە كوردستان تا ئێستا بینای قوتابخانەی نییە، هەروەها نزیكەی هەزارو سێ سەد بینای خوێندگامان هەیە لە كوردستان، كە دوو دەوامی و سێ دەوامی و چوار دەوامییە، ئێمە لەسەدەمێكدا دەژین كە كارەساتە باس لە دروست كردنی قوتابخانەی نموونەیی بكەین، بەلآم لەگەڵ ئەوەش كە نزیكەی هەزار دێمان هەیە، رەنگە خوێندكاری خەڵكی هەژار لەم دێیانە واز لە خوێندن بێنن، گوناهەكەی چیە؟ لەبەر ئەوەی بینای قوتابخانەی نییە، یاخود دەستی ناگاتە قوتابخانەیەكی تر هاتوچۆی بكات، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە بەو شێوەیەی لێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ پشتگیری رەئی هاوڕێیەكانم پێشنیاری ئەوە دەكەم یەكەم شت جیهەی مەسئوول هەم بۆ دروست كردنی ئەم خوێندنگایانە دیاری بكرێت، هەم بۆ دانانی بەرنامەیەك بۆ دانانی دادپەروەری لە دروست كردنی ئەم خوێندنگایانە، ئەویش بە دروست كردنی بۆردێك لە وەزارەتی پەروەردە، پلاندانان زائیدەن وەزارەتی دارایی، مەسەلەی ئەوەی كە ئەو خوێندنگایانە نموونەیی بن؟ یان نا؟ ئەوەی لە راپۆرتی یاساییش وازیحە نموونەیی نین لە رووی سیستەمی خوێندن، بەلآم لە رووی بیناوە، وەك ئەوەی ئێمە ئاگادار بین لە كاتی گفتوگۆیەكان لەگەڵ حكومەتدا، حكومەتیش لە رووی بیناوە باسی نموونەیی كردووە،

بـەلاّم مـن پشـتگیری رەئـی ئـەو هاوڕێیانـەم دەكـەم كـەوا مـن تەنانـەت لـە رووی بیناشـەوە پـێم باشـە خوێندنگاكان ئاسایی بن، ئێمە لـە ئـەنجامی بەدواداچوونمان بـۆ چـەند شـارو شارۆچكەیەك، لـە ئەوانـەش كێشەی نەبوونی بینا هەیە، ئێمە تاوەكو كەشـی ئاسـایی كردنـەوەی دەوام و ئـەو قەرەباڵغەیـە زۆرە ئاسـایی نەكەینـەوە بـۆ خوێنـدكاران، ئـەم جـەوە فەراهـەم نەكـەین، بگوازینـەوە بـۆ فەراهـەم كردنـی جـەوێكی زۆر بوونی مەسبەح و پارك و ئەم كراوەییە، من پێم باشە ئەم هەنگاوە لە ئێستاوە جێ بـەجێ بكرێـت، كـە لـە رووی بیناشـەوە ئاسـایی بێـت، بۆیـە بـۆ ماددەكـە كـە خوێنـدنگاكان دروسـت دەكـرێن لـە رووی شـێوەی بینایەكەو، لە رووی سیستەمەكەشەوە هەردووكیان بینای ئاسایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەكانی من لەلایەن بەڕێزانـەوە ئاراسـتە كـران، بـەلاّم ئـەوەی كـە حـەز دەكـەم تەئكیـد بكەمـەوە هەنگاوێكی پیرۆزە، هەرچەند درێژە بەو بوارە بدرێت هەر كەمە، چونكە كـەم بـوونێكی زۆر لـە كوردسـتان بەگشتی لە ئەمڕۆوە بەرچاو دەكەوێت، بـەلاّم پێشـنیار دەكـەم لەسـەر مەبـدەئی پێویسـت و پێویسـتر بێـت، رێگای وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی پەروەردە، بەتایبـەتی ئەولەویـەت بدرێتـە ئـەو شـوێنانەی كـە زیـاتر پێویستیان بە دروست كردنی قوتابخانە هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، رێزدار فازل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی بڕوای من لەسەر ئـەم خاڵـە چـەند قسـەی لەسـەر بكرێـت زۆر لـە جێگـەی خۆیـەتی، چونكە هەم لـە رابـردوو زیـاتر، ئێسـتاش تـا حـەددێك گـرفتی زۆر گـەورەی ئێمـە لـە كۆمـەڵگای كوردسـتان مەسەلەی خوێندن بووە، من دەستخۆشی لەو بڕیارە دەكەم بۆ قوتابخانەی نموونەیی لە كوردسـتان بكرێـت، بەس بە بڕوای من ئێمە گـرفتی زۆر گـەورەمان هەیـە، بـەلاّم كـە ئـەم رەئیـەم هەیـە مەبەسـت ئـەوە نییـە، رەئـیم ئـەوە نییـە كـە قوتابخانـەی نموونـەیی هـەبێت، رەئـیم ئەوەیـە لـە هـەموو گونـدەكانی كوردسـتان قوتابخانـەی نموونـەیی هـەبێت، بـەلاّم كـەی؟ دوای ئـەوەی كـە ئێمـە گـرفتی خوێنـدن، یـان قوتابیانمـان لـە كوردسـتان نـەبێت، ئێسـتاش هـەموومان زۆر بـاش دەزانـین كـە یـەكێك لـە گرفتـەكانی ئێمـە مەسـەلەی خوێندنە، مەسەلەی بینای قوتابخانەیە لە كوردستان، ئێسـتاش قوتابیـانی ئێمـە لـە كوردسـتان لـە خـانووی كـرێ، یـان لـە خـانووی بـیری ئـاو دەخـوێنن بەڕاسـتیەكەی، بۆیـە مـن پێموایـە ئەمـە گرفتێكـی گەورەیـە، مەفروزە، زەرورە پێشتر ئەمە رەچاو بكرێت، تا مەسەلەی دروست كردنی قوتابخانەی نموونەیی، هەرچـەند

پێشتر عەرزم کردن زۆر لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی نموونەیی، یان لەگەل قوتابخانەی شوێفات لە کوردستان بکرێتەوە، ئەمانە بەڕاستیەکەی موژدە بەخشن بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان و بۆ قوتابیانی ئێمە لە کوردستان بەحەقیقەت، بۆیە من داواکارم گرفتی بینای قوتابخانە چارەسەر بکرێت لە کوردستان، پاشان بیر لەو جۆرە پێشکەوتنانەی قوتابخانە بکرێتەوە، پێشنیارێکی ترم ئەوەیە بەڕاستی لە کردنەوەی ئەو قوتابخانە نموونەییانە، بەحەقیقەت من پێم خۆشە بە سەراحەت و راشکاوی بڵێم لە قوتابخانە نموونەییەکان کێ تورکی دەخوێنێت؟ بە بڕوای من لە سەدا یەك قوتابیانی خەڵکی هەژارو مندالآنی شەهیدانی تێدا نییە، بۆیە هیوادارم ئەگەر هەروەکو ئەوانەی پێشوو دەکرێتەوە قوتابخانەی نموونەیی، نەك ئەمە نەکرێنەوە، ئەوانیش دابخرێن، چونکە بەڕاستی لەوانەی پێشووش خەڵکی فەقیرو هەژارو منداڵی شەهیدان لێی مەحرومن، خاڵێکی تر پێشنیار دەکەم سندوقێکی تایبەت بە قوتابخانە لە کوردستان هەبێت، زیاتر بۆ هاوکاری کردنی ئەو قوتابیانەی کەم دەرامەتن، یان منداڵی خەڵکی هەژارن، بۆ ئەوەی زیاتر ئیدامە بە خوێندن بدەن لە کوردستاندا، بتوانن سەرکەوتوو بن لەخوێندن، یان مەحروم نەبن لەبواری خوێندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عومەر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بە ئامادە بوونی بەرپرسان لە وەزارەتی پەروەردەش گفتوگۆی تێرو تەسەلمان لەسەر ئەم خاڵە کرد، وەکو بەڕێزانیش باسیان کرد، ئێمە پێمان باشە بۆردێك هەبێت، واتا دوای ئەم گفتوگۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین ئەم زیادەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بخرێتە سەر یاسایەکە، دوو برگەی بۆ زیاد بکرێت، یەکەمیان/ پێکهێنانی بۆردێك لە وەزیرانی پەروەردەو دارایی و پلاندانان بە مەبەستی سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوون و دروست کردنی ئەم قوتابخانانە.
دووەم/ رەچاو کردنی هاوسەنگی لەنێوان گوندو شارو پارێزگاکان لە دروست کردنی ئەم قوتابخانانە، بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی چەند دەوامی و زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکاندا بەشێوەیەك لەگەڵ ناوەڕۆکی سیستەمی پەروەردەی نوێ بگونجێت.
من پرسیارێکیشم هەیە، پێم خۆشە لێرە وەزیرانی بەڕێز وەڵاممان بدەنەوە، ئەویش ئەوەیە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکاندا شەست و هەشت بینای تایبەتی بۆ قوتابخانە دروست دەکرێت، ئایا ئەم شەست و هەشت قوتابخانەیە لەگەڵ ئەم قوتابخانانە جیاوازە، ئەم گوژمەیەی بۆ تەرخان کراوە؟ یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە گرنگی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە دەتوانێت ببێت بە پشتیوانێكی باشی وەزارەتی پەروەردە بۆ پەیڕەو كردن و جێ بەجێ كردنی ئەو بەرنامە پێنج ساڵیەی كە هەیەتی، بۆ گەشە كردنی سیستەمی خوێندن و هەم لە رووی با بڵێین ژمارەشەوە، واتا ژمارەی خوێندنگاكان، بەڵام دەكرێت لەوەوە بپرسین ئایا ئێمە بە تەسدیق كردنی ماددەیەكی لەو جۆرە ناڕۆشن ئێمە هاوكاری وەزارەتی پەروەردە دەكەین ئەو بەرنامەیە جێ بەجێ بكات بەشێوەیەكی راست؟ لەكاتێكدا كە جگە لەوەی كە خودی ئەم ماددەیە ئەو سەدو پەنجا ملیار دینارە وەكو بەڕێز كاك عومەر نورەدینشی ئیشارەتی پێدا، جارێ ئێمە بۆمان روون نییە، كە ئایا ئەمە لەزیمنی ئەو خوێندنگایانەیە كە لە ناو پرۆژە پێشنیازكراوەكاندایە؟ یان نا؟ ئەگەر لە زیمنیان نەبێت، ئەگەر مەبلەغێكی جیا بێت، گرنگی جیا كردنەوەی ئەم مەبلەغە چیە بە ماددەیەكی جیا؟ بۆ لەناو خودی بەرنامەی كاری، یان لەناو پرۆژە پێشنیازكراوەكانی وەزارەتی پەروەردەدا نییە، جگە لەوەی كە لەناو پرۆژە پێشنیازكراوەكانیشدا هەر بۆ خۆی حكومەت رێگرە لەبەردەمی ئەوەی وەزارەتی پەروەردە ئەو خوتە پێنج ساڵیەی بەشێوەیەكی باش جێ بەجێ بكات، بە دەلیلی ئەوەی كە دروست كردنی بینای خوێندنگاكان با بڵێین ئیختیصاص و مەرجەعی شەرعی خۆی وەرنەگرتووە كە وەزارەتی پەروەردەیە، بەسەر وەزارەتە جیاجیاكان دابەش بوون، لەوانە وەزارەتی ناوخۆ وەكو ئیشارەتمان پێدا، كە ئەم بەرچاو روون نەبوونەی وەزارەتی پەروەردە لەوەی كە ئەركی دروست كردنی خوێندنگا ئەركی ئەوە، یان ئەركێكی هاوبەشە لەنێوان هەموو وەزارەتەكاندا، ئەو بەرنامەیە دەخاتە بەر مەترسیەوە، كە بەشێوەیەكی تەواو جێ بەجێ بكرێت، لەم خاڵانەدا كە پێشنیار دەكەم كە ئەگەر ئەو سەدو پەنجا ملیار دینارە جیایە لەو بڕەی كە تەرخان كراوە بۆ پرۆژە پێشنیاركراوەكان بخرێتەوە ناو پرۆژە پێشنیازكراوەكانی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها هەموو پرۆژەكانی دروست كردنی بینا لە وەزارەتەكانی تریشەوە بخرێتەوە سەر وەزارەتی پەروەردە، بۆ ئەوەی ئێمە هاوكارو پشتیوانی ئەو وەزارەتە بین بۆ جێ بەجێ كردنی بەرنامەكەی، جگە لەوەی هاوڕام لەگەڵ كۆمەڵێك لە ئەندام پەرلەمانەكان، كە مەصدەری ئەمە جێ بەجێ كردنی، شێوازی جێ بەجێ كردنی، ژمارەی ئەو خوێندنگایانەی كە ئەم سەدو پەنجا ملیار دینارە دەیگرێتەوە، هیچی روون نییە، هەتا بەرچاو روونیش نەبێت، پێموایە ناحەقی دەكەین لەوەی دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەم ماددەیە زۆر گرنگە، ئەم بڕە پارەیە كە دانراوە بۆ دروست كردنی قوتابخانە نموونەییەكان، بەڕاستی قوتابخانە ئاساییەكان زۆر گرنگترن، چونكە ئەگەر بێتو قوتابخانە ئاساییەكان

دروست بکەیت هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەگرێتەوە، ئەمڕۆ لەکوردستان هەموو شارەکان پێویستی بە قوتابخانە هەیە، بە بینای قوتابخانە هەیە، هیچ قوتابخانەیەك نییە دوو، سێ دەوامی تیا نەکرێت، کە قوتابی ئیستیفادەی لە دەرسەکان ناکات، لەبەر ئەوە چونکە ئەزمەی زۆر بوونی قوتابی لە قوتابخانەکاندا هەیە، ئەگەر قوتابخانەی ئاسایی دروست بکرێت، لەوانەیە زیاتر ئەو ئەزمەیە کەم بکات لە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ناوەڕۆکی ماددەکە کە دەڵێت بۆ قوتابخانەی نموونەیی، کەواتە قوتابخانەی تریش دروست دەکرێت، بەڵام ئەمەیان تایبەتیە بۆ نموونەیی، کێ دروستی دەکات؟ گرنگ قوتابخانەکە دروست بکرێت، کێ دروستی دەکات؟ ئەگەر ئێمەی پەرلەمان گلەییمان هەیە دەبێت بچین چاودێری بکەین بڵێین ئایا سەرجەمی ئیش و کارەکانی حکومەت چۆن بەڕێوە دەچێت؟ ئێمە ناتوانین بڵێین ئیلا دەبێت لە فلان شوێن دروستی بکات، چونکە حکومەت ئەداتی تەنفیزو جێ بەجێکەری مەسەلەکانە، مەبەست لە نموونەییەکە، ئەگەر مەبەست لەوەیە لاعەلا تەعین هەموو کەسێك پێویستە بچێتە ئەو قوتابخانەیە پێویست ناکات ناوی نموونەیی لێ بێنین، بەڵام ئەگەر بۆ نموونەییە، ئەمە جێی خۆیەتی بمێنێت، ئەی بۆ لە هەموو کوردستان یەك کولیەی توب نییە، یەك کولیەی هەندەسە نییە، یان یەك کولیە نییە، چونکە ئیختیصاصاتەکان، کەفائەتەکان فەرقیان هەیە، هەندێك خوێندکارو قوتابی هەن زیرەکن، قابیلی ئەوەن کەفائاتەکانیان نەمرێندرێت، لە قوتابخانەی تایبەتی بەپێی دەرەجە دەڵێم، بەپێی کەفائەت، بەپێی لێهاتوویی بچن لەو قوتابخانە نموونەییانە بخوێنن، چونکە ئەو کەفائاتانە ئەگەر ئیهتیمامی پێ نەدرێت، ئەگەر بایەخی پێ نەدرێت، لەوانەیە کەفائاتەکەی بمرێت، بۆیە نموونەییەکە بۆ ئەو مەسەلەیە هاتبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو قوتابخانانە چەندی تر لە کوردستان دروست بکرێت با قوتابخانە دروست بکرێت، چونکە وڵاتەکەمان پێویستی بە قوتابخانەی زۆرە، سێ دەوام و چوار دەوامی تێدا بێت و فەرقیش نەکرێت ئەوە نموونەییە لە شارو لە دێ، بە مەرجێك ئەو شوێنەی خوێندکارو قوتابی زیرەکی تێدایە گرنگی باشتری پێ بدرێت، بەڵام لەسەر حیسابی قوتابخانە ئیعتیادیەکان نەبێت، من پێموایە دەبێت وا جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فەرموو فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن حـەز دەکـەم چـەند روون کردنەوەیـەك بـدەم، خـۆی ئـەو نموونەییـە لـە پـرۆژە یاساکەی عێراقیـەوە تەسەور دەکەم وەرگیرا بێت، نووسراوە نموزەجی عامە، ئەمە یەکەم شت.
خاڵێکی تر، ئێمە ئیشارەتمان پێداوە نموزەجیەکەمان لابـردووەو روون کردنـەوەی تـریش کـاك شـێروان کـە مودیر عامە لە وەزارەتی پلاندانان باسـی ئـەو نموزەجیـەی کـرد، گـوتی نموزەجیەکـە قصـدمان ئەوەیـە لـە دروست کردنی بینایەکە بگونجێت لەگەڵ سیستەمی نوێی خوێندن، کە نۆ پۆڵـە، ئێسـتا بنـەڕەتی نـۆ پۆلـە، لەبەر ئەوە دەکاتە بیست و حەوت پۆل، لەم کاتە ئەوانەی سێ دەوام و چوار دەوامن یەك دەوام دەکەن تاکو سـەعات دووی نیـوەڕۆ لـەماوەی ئـەم چـوار سـاڵە ئێمـە بتـوانین دوو دەوام و سـێ دەوام نـەهێڵین، ئەمـە مەبەستی کاك شێروان بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئێستا رەئیتان، چەند پێشنیارێك هـات، ئـاخیر رەئیـەکانتمان بڵێن، بـۆ ئـەوەی پێشنیارەکان بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لەو تێبینیانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرا تایبەت بوو بە نموونەیی، هەر چەند ئێمـە لە راپۆرتی لیژنـەی یاسـایی و دارایـی داوامـان کـردووە ئـەو وشـە لابـدرێت، بـەلام پێشـنیاری ئـەوە کـرا کـە وشەکەی وشەیەکی تر لە جێگای دابنرێت وشەی هاوچەرخ، سـەردەم، عەصـری، ئێمـە لاریمـان نییـە لـەوەی ئەو وشەیە لە شوێنی دابنرێت، هەرچەند لە دەقی پرۆژەکەی لەلایـەن حکومـەت هـاتووە زۆر روونـە، کـەوا مەبەسـت لـە نموونـەیی سیسـتەمی خوێنـدن نییـە، چـونکە بـاس لـە دروسـت کردنـی قوتابخانـە دەکرێـت، مەبەست بالأخانەیە، بینایەیە، ئێمە لـە سـاڵی 2010 قوتابخانەیـەك دروسـت دەکـەین، بـۆ بـەپێی دیـزاینی چل، پەنجا ساڵ پێش ئێستا بێتن؟ مەبەست ئەوەیە بینایەکە بە چ شێوەیەك دروست بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە تکایە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دوو تەفسیر هەیە بـۆ وشـەی نموونـەیی، تەفسـیرێك دەڵێـت سیسـتەمە، تەفسـیرێکیش دەڵێـت بینایـە، بۆیە داوا دەکەین لە بەڕێز وەزیری پلاندانان بۆمان روون بکاتەوە، کە ئایا سیستەمە؟ یان دیزاینە؟ ئەگـەر دیزاین بێت بەڕاستی مـن پێموایـە زۆربـەی بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان لەگـەڵ ئـەوەن کـە دیزانیەکـەی هاوچەرخ بێت، بەلأم لەگەڵ سیستەم، ئەوە دیارە کە لەگەڵی نین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بەردەوام بە تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقەکە زۆر روون و ئاشکرایە پێویستی بە تەفسیر کردنی هەیە، لێرە دروستکردنی قوتابخانە مەبەستی باڵەخانەیە، مەبەست بینایەیە، تەصمیمەکە، دیزاینەکە بە چ شێوەیەك دەکرێ؟ بەشێوەیەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە بێت، سەبارەت بە پێشنیارێك کرا، ئایا بە ئاگاداری وەزارەتی پلان دانان و پەروەردە، ئەو دوو وەزارەتە، وەزارەتی پەیوەندیدار زیاد بکرێ بۆ ماددەکە، پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، چونکە پێویستە دروست کردنی ئەو قوتابخانەیە، ئەوان پلانی ساڵانەیان هەیە، ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەوانە کە لە چ شوێنێك پێویستی بە قوتابخانە هەیە، پێشنیارێکی تر کرا، چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو بڕە پارەیە، بەدواداچوون لە لایەن چەند لایەنێك دەکرێ، ئایا لێژنە، دەستە، ئەنجومەن یان بۆرد؟، ئێمە پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، لاریمان نیە ئەگەر زیاد بکرێ، بزانین بەدواداچوون بکرێ، یاخود چاودێری چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان بکرێ، جا ناوی لێدەنێن لێژنە، ئەنجومەن، دەستە، بۆرد، ئەوە بڕیاری کۆتایی بڕیاری پەرلەمانە، پێشنیارێك، یاخود تێبینیەك لە لایەن یەك لە بەڕێزان، باس لەوە کرا کە پێویستی نەدەکرد لەناو پرۆژە یاسەکەدا ماددەیەك تەرخان بکرێ تایبەت بەو بڕە پارەیە بۆ دروست کردنی قوتابخانە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی پەروەردە بودجەی تایبەتی خۆی هەیە لەناو بودجەکە، باس لە دروستکردنی قوتابخانە هاتیە، من بەو بەڕێزە دەڵێم، نەك تەنها بودجەی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم ساڵ، بۆ چەند ساڵی ئایندەش تەرخان بکرێ بە تەنها بۆ دروستکردنی قوتابخانە، کێشەی کەمی قوتابخانە چارەسەر ناکات، بۆیە ئەوە شتێکی زۆر باشە، ئێمە ئەگەر 3000 قوتابخانە زیاتر بە پێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە و لێژنەی پەروەردەی پەرلەمان، پێویستمان بە زیاتر لە 3000 قوتابخانە هەیە ئەم ساڵ، باشە ساڵانە ژمارەی قوتابیان و خوێندکاران لە زیاد بووندایە، ئەو کێشەیە بەردەوامە، بەڵام ئێمە ئەگەر ئەو بڕە پارەیە تەرخان بکرێ، ئەوە ئەو کێشەیە هەوڵ دەدەین ئەگەر بنبڕیشی نەکەین، کەمی بکەینەوە، کێشەکە تۆزێك بەشێکی چارەسەر بکەین، ئەوەندە پێشنیار و تێبینیە پەیوەندی بە لێژنەی یاسایی هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، ئەو روونکردنەوەی کە، فەرموو.

**بەڕێز علی سندی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بزانم زۆربەی پرسیارەکان کە کرا، پرسیار بوون، بەس بەعزێ خوشك و برای تر وەڵامیان دایەوە، تەقریبەن سوئالی زۆر لەسەر ئەوە هەبوو کە ئایا ئەمانە، ئەگەر پرسیاری یەکەم ئەوە بێت، ئایا پێویست بەو قوتابخانانە هەیە یان نا؟، هەڵبەتە هەموو موتەفیقن لەسەری، پێویست ناکات زۆر لەسەری بڕۆین، ئەگەر سوئالەکە، ئایا نموونەیی مەعنای چیە؟، وا بزانم تەوزیح درا، مەبەست دیزاینە، شێوازی خوێندن

لەو قوتابخانانە، شێواز، دیزاین یەعنی تەصمیم کاك رەشید، شێوازی خوێندن لەو قوتابخانانە، شێوازی خوێندنی وەزارەتی تەربیەیە، یەعنی هەمان شێوازە، هیچ بەرنامەیەکی تایبەت نیە بۆ ئەوەی کە ئەمانە وەکو قوتابخانە ئەهلیەکان بەکار بهێنرێن، هۆی ئەوەی کە لەبەر چی لەناو بودجەی وەزارەتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، سکرتێری پەرلەمان ئەڵێ: سیستەمی پەرلەمان ئەوەیە، ئەبێ جەنابی وەزیر رابوەستێ قسە بکات.

**بەڕێز د.علی سندی/وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسەر چاو، ئەو جیهەتەی کە بەرپرسە لە شێوازی تەنفیز کردنی ئەو بەرنامەیە، وەزارەتی تەربیەیە، راستە، بەڵام لەبەر چی پێشنیاری ئەوە ئەکرێ کە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان لەگەڵ بن، بەڵام دوا بڕیار بۆ بەڕێزتان بەجێ دێڵین، بەڵام هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەمە وەکو پرۆژە بەرنامەیەکی جودا ئەوە کراوە، وەکو حەملەیەکی نیشتمانی بۆ دروست کردنی قوتابخانە، بەس لەناو بودجەی وەزارەتی پەروەردە، لە پرۆژەکانی وەبەرهەمهێنانی وەزارەتی پەروەردە، چ لە پرۆژە بەردەوامەکان و چ لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان، بۆ هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك، زائیدەن ئیدارەی گەرمیان، پرۆژەی نۆژەن کردنی قوتابخانە، دروست کردنی قوتابخانە، لە 6 پۆلی، 9 پۆلی، 12، 27، هەروەها 18 پۆلی، لە هەر دووکیان هەیە، لە بەردەوامەکانیش هەیە لە ئەوەش هەیە، ئەوە بە حیساب خصوصیەتێکی دراوەتێ کە ببێتە شتێکی موەحەد لە زمنی پڕکردنی ئیحتیاجاتی پێویستی بە قوتابخانە، وەکو بەڕێزانیش ئیشارەتیان پێدا، لەوە ناچێت کە تەنانەت ئەو 150 ملیارە فەراغەکە پڕ بکەنەوە، وا بزانم هەر ئەوەندەیە کە بتوانم باسی بکەم ئێستا، چونکە تەفاصیلی تەنفیزی ئەم کارە حەتمەن دەبێ بە جیهەتێك رابسپێردرێ، جیهەی موستەفیدی نیهائی وەزارەتی تەربیەیە، ئەوە وازیحە، سیستەمی تەعلیمی وەزارەتی تەربیەیە، عەدالەت لە تەوزیع کردنی ئەو قوتابخانانە لە شوێنەکانی، لە هەموو جێیەکان با بڵێین، حەتمەن ڕەچاو دەکرێ، مولاحەزاتەکان بە هەند وەردەگیرێت، هەر ئەوەندە وەڵامم هەیە، ئەگەر پرسیاری تریش هەیە ئەوە لە خزمەتداین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، ئەو پێشنیارەی کە بەڕێزان کردیان کە هەیئەتێك لە سێ وەزارەت پێکبهێندرێت کە سەرپەرشتی ئەو ئیشە بکەین، رەئیتان لەسەری؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی، پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین، صیاغەکمان ئامادە کردووە ئەگەر ئیزنمان بدەی بۆتانی دەخوێنینەوە، بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە صیاغەکە بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە تا بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يخصص مبلغ مائة و خمسون مليار دينار، لحملة أنشاء المدارس في الاقليم و تشكل هيئة من وزراء المالية و الاقتصاد و التربية و التخطيط للاشراف على تنفيذها، حسب الخطة المعدة من قبل وزارة التربية من موازنة النفقات الاستثمارية.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گۆژمەی 150 ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە تەرخان دەکرێت لە هەرێمدا و ئەنجومەنێك کە پێك دێت لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پەروەردە و پیلان دانان، سەرپەرشتی ئەو پلانە دەکات کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردە پەسند دەکرێ، لە بودجە وەبەرهێنەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵیتی با دەستی بەرز بکات؟، کێ لەگەڵدا نیە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسند کران بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشرة:

يخصص مبلغ 90 مليار دينار لدعم الاحزاب و المنظمات و يتم الصرف من هذا التخصيص بأجراءات مؤقتة، على ان يتم تسوية المبالغ المستلمة من قبل الاحزاب و المنظمات، وفق قانون دعم الاحزاب، حال اقراره من قبل برلمان كوردستان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19:

گۆژمەی 90 ملیار دینار بۆ پشتگیری حیزبەکان و ڕێکخراوەکان تەرخان دەکرێت، لەناو ئەو تەرخان کراوە خەرج دەکرێ بە ڕێکارێکی کاتی، بە مەرجێك پارە وەرگیراوەکان لە لایەن حیزبەکان و ڕێکخراوەکان بە

پێی یاسا، پشتگیری حیزبەکان و بە وەرگرتنی تەسویە بکرێ، ئەوەش دوای پەسندکردنی دەبێ لە لایەن پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لێژنە ئەو ماددەیە پەسند دەکەن و وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە رەئی حکومەتە، بۆیە ئێمە داوامان لە بەڕێزتان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ قسە بکات با ناوی بنووسین، تکایە وەختی ناو ئەڵێین، ئەوەی ئەڵێ، ناوی بڵێت و قسە بکات، چونکە ئەگەر ناوی خۆی نەڵێت، لە پرۆتۆکۆڵ ناوت نانووسرێت و ئینجا ئەڵێت قسەم کردیە و ناوم نیە:

1- عمر عبدالعزیز بهاءالدین. 2- د. احمد ابراهیم علی 3- یشار نجم الدین 4- عبدالقادر اکرم بازرگان 5- هاژە سلیمان 6- برهان رشید حسین 7- د.شاهۆ سعید فتح الله 8- د.پەریهان قبلای 9- پەیمان عزالدین عبدالرحمن 10- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر 11-د. جعفر علی رسول 12- بکر کریم (ئاسۆ) 13- حسن قادر حسن. 14- گولیزار قادر اسماعیل 15- بەفرین حسین محمد 16- حمە سعید حمە علی 17- ژیان عمر شریف 18- شڤان احمد 19- فاضل محمد قادر(بەشارەتی) 20- رزگار محمد امین 21- عبدالله محمد نوری 22- عزیمە نجم الدین 23- د.رفیق صابر 24- سمیر سلیم 25- د.صباح محمد نجیب 26- عمر حمد امین خدر(نورەدینی) 27- ئاشتی عزیز صالح 28- د.زانا رؤوف حمە کریم. 29- صباح بیت الله 30- سیوەیل عثمان. فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبد العزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەم ماددەیە من چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەم: پێم وایە ماددەکە لە سەرەتاوە دەبێ دوو بەش بێت، بەشێکی باسی ئەحزاب و رێکخراوە سیاسیەکان بێت، بەشێکیشی باسی NGOیەکان و

ڕێکخراوەکان و کۆمەڵە و دامەزراوە و ئەو مەجالانەی تری کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، چونکە لێرە بە واوێکی عەتف کراوەتەوە، وازیح نیە کە ئەو بڕە چۆن دابەش ئەکرێ، بە نیسبەت بڕگەی یەکەمی ئەوە، ئەگەر بکرێ باسی حیزبەکان، من پێم وایە ئەبێ پێوەرێکی وازیح بۆ دیاریکردنی ئەو بڕە بۆیان دیاری بکرابایە، من نازانم لەسەر چ ئەساسێك ئەو بڕە دیاری کراوە، ئایا بڕە پێشووەکان لە ساڵانی رابووردوو، لە 17 ساڵی رابوردوو، ئەو بڕە پارەتیە دراوە بە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، لە پێش چاو گیراوە و لەمە زیاد و کەم کراوە، یان ژمارەی کورسی و دەنگەکان لەناو پەرلەماندا حیسابێکی بۆ کراوە کە ئەمە دوو ستاندارن لە وڵاتان بە شێوەی جیا جیا حیساب بۆ ئەو دوو پێوەرە کراوە، لێرە وازیح نیە کە ئەمە چی لەبەر چاو گیراوە کاتی ئەمە دیاری کراوە، بە نیسبەت دەعمی ئەحزاب لە کوردستان من بە خاڵێکی ئاسایی ئەزانم و بە زەرووریشی ئەزانم بۆ دەعمی پرۆسیسی سیاسی بۆ گەشەدان بە دیمەکراتیەت و تەعەدودیەت لە کوردستان، بۆ زیاتر خۆماڵی کردنی ئەجیندای حیزبە سیاسیەکان لە کوردستان، ئێمە کەباسی حیزبەکان دەکەین، حیزبەکان پێشەنگی توێژاڵێکی زۆری جەماوەری کوردستانن، زۆربەی زۆری ئەو برا و خۆشکانەی کە لێرە پەرلەمانتارن بە پشتیوانی حزبە سیاسیەکان هاتوونەتە ئێرە، دەعم کردنی حیزبە کوردستانیەکان، یەعنی گەشەدان بە ڕەوتی سیاسی و بە حاڵەتی سیاسی و بە دیموکراتیەت و ئازادی لە کوردستان، من بۆ ئەم خاڵەیان عەرزم ئەوەیە: ئەگەر بەم بڕە ئیکتیفا بکرێ کە لێرە دیاری کراوە و هەموو حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی تریشی تێخراوە، موبەریراتی یاساییمان چیە بۆ دەعمی 17 ساڵی رابوردووی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، ئەوەی بە بڕیاری سیاسی و بە تەوافوقی سیاسی کرابێ یان بە هەر شێوازێکی تر، وا بزانم هەموو جەماوەری کوردستان و چاودێرانی حیزب و بە پەرلەمانتارانیشەوە، رەخنەمان لەسەر بڕەکەی و لەسەر جۆری تەخصیصاتەکەی بووە، لە دەمی چەندین بەرپرسی بەڕێزەوە بیستراوە کە نە تەخصیص کردنی ئەو بڕە پێشووانە یاسایی بووە، نە بڕینی ئەو بڕەش کە ئێستا لە حکومەتەوە بڕ اوە، یاسایی بووە، کەواتە موبەریراتی یاساییمان بۆ داهاتوو لەسەر زەوئی رابوردوو دەبێ روون بکەینەوە، ئەوە خاڵی یەکەم بە نیسبەت حیزبەکانەوە، بە نیسبەت ڕێکخراوەکانیشەوە، ئەبێ یاسا تۆزێك وازیح بێت، گرفت دروست نەکات بۆ دەزگا تەنفیزیەکان، کە لێرە باس لە مونەزمات دەکرێ، باس لە جەمعیات لە کوێیە؟، من پرسیارم لە لایەنی یاساییە، باسی ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی گشتی، کێ ئەگرێتەوە بەڵزەبت کەلیمەی مونەزەمات؟، دامەزراوەکان، سەنتەرەکان، موئەسەساتی تر، کۆمەڵەکان؟، هەموو ئەو مەجالانەی کە دەچنە خانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەبێ بە وازیحی لێرە دیار بێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ومرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لە مونەزەمات یان ڕێکخراوەکان کە لەو ماددەیەدا هاتووە، مەبەست ڕێکخراوە سیاسیەکانە لەگەڵ حیزبەکان باس کراوە؟، یان مەبەست ڕێکخراوەکان NGOیـە، ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگەی مەدەنیـە؟، ئـەوە بەراستی پێویستە روون بکرێتەوە، چونکە ئەو بڕەی دیاری کراوە بۆ هەر هەموویانە، چونکە زۆر ڕێکخـراو هەیە، بە دەیان ڕێکخراو هەیە ئەمڕۆ بودجەیان هەیە لە حکومـەتی هـەرێم، کـە وا ئـەزانم هەنـدێکیان لـە جێی خۆیاندا نیە کە ئەو بودجەیەیان پێ ئەدرێ، حکومەتیش وا بـزانم خـەریکی موراجەعـە کردنـی ئـەم مەسەلەیە، ئینجا پێوەرەکان چین بۆ پێدانی ئەو بڕە پارەیە بە حیزب و ڕێکخراوەکان؟، بەراستی تـا ئێسـتا ئەوەی کە بە حیزبەکان دراوە، پێوەری عەدالەت پەیڕەو نەکراوە، لەبەر چاو نەگیراوە لە پێدانیان، ئایا ئەم بڕە پارەیە کە ئەدرێ بـە حیزبـەکان بـە پێـی ئـەم پێـوەرەی ئێسـتایە کـە حیزبـەکان بودجـە لـە وەزارەتـی دارایی، لە حکومەتی هەرێم وەردەگرن، یان بە شێوەیەکی ترە؟، کە ئەمەش روونەکراوەتەوە لـە بودجەکـە، لە یاساکەدا نەهاتووە، من بە پێویستی ئەزانم کە پەلە بکـرێ لـە فەصـڵ کردنـی یـان گفتوگۆکردنی پـرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکان، یان پاڵپشتی دارایی بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە پەرلەمان بکرێ، ئەگەر بشکرێ، شتێك ئیزافە بکرێتە سەر ماددەکە، یـان سـەقفێکی زەمـنی بـۆ دیاری بکرێ یاخود ئەوە ڕەبت بکرێ بەو یاسایەی کە لە ئایندە پەسند دەکـرێ کـە خوێندنـەوەی یەکـەمی بۆ کراوە و پێوەرەکان هەمان ئـەو پێـوەرە بـن کـە پارەکـە ئـەدرێ بـە حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار یشار، فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 19 دا ئەم پێشـنیارانـەم هەیـە، پێـوەری دانـانی بـڕی پارەکـە دیـار بکـرێ، دوو: حیـزب و لایەنـە سیاسیەکان جیا بکرێ لە ڕێکخراوەکان، سێ: چۆنیەتی دابەش کردنی بڕی 90 ملیار دینارەکـە دیـار بکـرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالقادر بازرگان فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر اكرم جميل عبدالصمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبـەن لـە پـاش ئینتیفـازە هـەتا ئێسـتا، حیزبـەکان ئیجازەیـان پێـدراوە، بودجەشـیان بـۆ دانـراوە، ئـەو بودجەیە بەپێی بیر و بۆچوونی حکومـەت بـووە، ئـەویش تەبعـەن حکومـەت حـەقیتی کـە بـە پێـی بـیر و بۆچوونی خـۆی دابـنێ، یـەعنی ئـەبێ فـەرقێك هـەبێ، حیـزب هەیـە قاعیـدەی نیـە، حیـزب هەیـە فەقـەت حیزبە، حیزب هەیە دەزگای نیە، حیزب هەیە بـەس دەزگـای تـەلفزیۆنی هەیـە، دەزگـای ڕۆژنامـەی هەیـە،

حیزب هەیە فروعاتی هەیە، ئەوە لە لایەك، ئەمما دێنە سەر حیزب عامەتەن، ئەوە شتێکە، مەسەلەن بە نیسبەت ئەحزابی کوردستانی هەموویان، یەعنی بودجەیان زۆر زۆر زیاترە لە حیزبە تورکمانیەکان، قەصدم ئەترافە تورکمانیەکان، ئەوەی ئێمە حیسابمان کردووە تا ئێستا، بودجەی هەموو حیزبە تورکمانیەکان لە 300 ملیۆن تا 400 ملیۆن زیاتر نیە، وا بزانم حیزبێکی کوردستانی لە 400 ملیۆن کەمتر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەجائەن بەو شیکلە نیە من لەگەڵت نیم، کاك عبدالقادر، مەعلوماتی غەڵەت لە پێش خەڵك جوان نیە بەو شکلە، قسەی بازاڕ ناخوات، کوردستانیش هەیە لە تورکمان کەمترە و لە لایەك لە لایەکی تر زیاترە، عەدالەتێك هەیە ئەو یەك، لێرە مەوزوع ئەوە نیە کێ چەند وەردەگرێ، بۆ ئەوەی غەڵەت نەکەین، قسەت هەیە؟ مەجبوورم رات بگرم، چونکە لە نیزام دەرچووی، ئەوە شتێکی وەقتیە، ئێمە یاسای بودجەی ئەحزابەکان لە پێش دەستمانە، لەوێ ئەتوانی جەنابت ئەو ئیحصائیە و رەقم و ماددانە بڵێی بۆ ئەوەی جێگیر بی،لێرە ئەوە شتێکی وەقتیە، ئایا بەو شیکلە بدرێ، ئایا ئەو ئەحزابانە ئەو شتەیان وەردەگرت بە بێ یاسا بمێنێ یان نەمێنێ؟، ئیتر لەوە رەئیتان بدەن تکایە، با نەچینە ناو ئەو تەفاصیلە وردە، چونکە ئێمە یاسا دانانێین لێرە، بەس پارەی تەرخان کراوە، لەوەی پارەی حیزبەکان بدرێ یان نەدرێ، ئەوەندە کەمە یان زۆرە؟، کێ زۆر وەردەگرێ؟ و کێ کەم وەردەگرێ، ئەوە تەفاصیلی زۆرتر کە لە یاسای حیزبەکان دائەندرێ لەوێ باسی بکە، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى مظهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 18 دا هاتووە کە گوژمەی 90 ملیار دینار بۆ پشتگیری حیزب و ڕێکخراوەکان، بەراستی لێرە ڕێکخراوەکان نازانرێ ڕێکخراوی سیاسی یان ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی؟، چونکە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش زۆربەی زۆریان پارە لە حکومەت وەردەگرن، ئەوە ئەگەر تەوزیح بکرێ باشترە، ئەگەر ڕێکخراوی سیاسی بێت، وشەی سیاسی بۆ زیاد بکرێ، دوایی تەرخان کردنی ئەو گوژمە پارەیە بەراستی بۆ حیزبەکان لەسەر چ ئەساسێکە؟ پێوەرەکانی چین؟، ئەوە ئەبێ بەراستی لەو پرۆژە یاسایە دیار بکرێ، خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی ئەو حیزبانە بکرێ بە پێوەر بۆ پێدانی ئەو گوژمە پارەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە کە من هەندێ ئیقتیراحم هەیە، بە ڕەئی من کە ئەڵێ: یخصص مبلغ 90 مليار دينار لدعم الاحزاب و المنظمات، بە ڕەئی من (لدعم التنظيمات السياسية)، کەلیمەی تەنزیماتی سیاسی کەلیمەیەکی زۆر گشتگیرترە و عامترە لە ڕووی قانونیەوە لە کەلیمەی ئەحزاب، ئەمە یەکەم، ڕەئیشم وایە لە دوای (لدعم التنظيمات السياسية)، بنووسرێ (حسب نسب المقاعد)، دوای ئەوە ئەڵێ (و المنظمات و يتم الصرف من هذا التخصيص بأجراءات مؤقتة، على ان يتم تسوية المبالغ المستلمة)، یەعنی ئێمە نازانین ئەو ئیجرائاتە موئەقەتە کێ دەری ئەکات؟، ئەوە ڕوون نیە، ئەگەر سەرۆکایەتی حکومەتە، حەقی بەڕای من ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەوەین موجتەمەعەکمان بەرەو پێشکەوتن ئەڕوات، بە بێ هیچ موزایەدەیەك بەڕاستی، حەقە ئەو پارەیە سەرف نەکرێ، کەس لەبرسان نامرێ بەو سێ مانگە، هیچ حیزبێك، تاوەکو یاسایەکی بۆ دەردەچێ بۆ سەرف نەکرێ، ئەم ڕەئیەش پێشنیاری دووەممە، و لە کوێ تریش هاتووە(من قبل الاحزاب و المنظمات) هەر ئەوەش بکرێتە تەنزیماتی سیاسی، هەروەها بۆی زیاد بکرێ بۆ کەلیمەی مونەزەماتەکە، قانون اخر لدعم المنظمات، یەعنی کە مونەزەماتیش دەعمی دەکەی بەڕاستی من هەندێ تەقالیدم لە لایە، مونەزەمات هەیە، ڕێکخراو هەیە مانگی 10 دەفتەر وەردەگرێ و هەشە دینارێکی نایداتێ، ئەوەش حەقە هەر بکرێ بە قانون، ئێمە هەموومان وا بزانم کەس لاگیری ئەوە نیە کە عەدالەت هەبێ، زۆر سوپاس و هیوادارم پێشنیارەکانم بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعيد فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەم ماددەیە هەنگاوێکی باشە بۆ جیاکردنەوەی بودجەی حیزب لە بودجەی حکومەت، بەڵام جگە لەوەی کە لە موناقەشاتی پێشوودا ئێمە باسمان لە چەندین خاڵ کرد، کە تیایدا بوجەی حیزب و حکومەت تێکەڵی یەکتر بووە، لەم ماددەیەشدا بەو پێیەی حکومەت تەخویل کراوە بۆ ئەوەی بە پێی ئیجرائاتی موئەقەت ئەو پارەیە تەوزیع بکات؟، من پێم وایە ئەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەر بودجەی حیزب و حکومەت تێکەڵ ئەکات بە یەکتری بەو پێیەی کە پێوەرێکی وازیح نیە کە ئایا حکومەت لەسەر چ ئەساسێك دەعمی ئەحزاب دەکات؟، ئایا بە پێی تەوافوقی سیاسی نێوان هێزە سیاسیەکانە؟، یاخود بە پێی مەزاجە؟، یاخود بە پێی قەبارەی حیزبە؟، یاخود ڕێکخراوی سیاسیە لە ناو پەرلەماندا؟، یاخود بە پێی مێژووی سیاسی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکەیە؟، من لەو بڕوایەم هەموو ئەو خاڵانەی کە باسم کرد، ئەوەندەی کە پەیوەندی بە میژووی سیاسی حیزبەوە هەیە، پێوەرێکی عادل نیە، چونکە زۆر جار ئەبینین حیزبێك تەمەنی چەندساڵێکە و قەبارەی زۆر گەورەترە لە حیزبێك کە تەمەنی دەیان ساڵە، مەزاجیش بە هەمان شێوە کێشەیە، لە چەند ڕۆژی ڕابوردوو بینیمان ئەو کێشەیە دروست بوو سەبارەت بە کەم

کردنەوەی بودجەی هەندێ حیزب بە بڕی لە 50٪، ئەوەبوو دواتر بینیمان بە پێی تەوافوقێکی سیاسی لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا سەر لەنوێ بودجەکە چاککرایەوە، بۆ ئەوەی ئەو بودجەیە بودجەیەکی عادیلانە بێت، بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لە ئەو توافوقاتی سیاسی و ئەم مەزاجی سیاسی، من پێم وایە ئیجرائاتی موئەقەت لابڕێ و پێوەرێکی وازیح دابندرێ و عادیلانەترین پێوەر، پێوەری قەبارەیە لە نێوە پەرلەماندا، واتا بە پێی کورسی، بە پێی مەقعەد لەناو پەرلەماندا، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك ارسلان تەوزیحێکی هەیە.

**بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە دەڵێ: تا ئێستا حیزبە سیاسیەکانی کوردستان پارەیان وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بە ماددەیەکی قانونی تەنزیم نەکراوە، ئێستا ئەمە بۆ تەنزیم کردنی یارمەتیدانی حیزبەکانە، کە دەڵێ: بە موئەقەتی، ئەو حیزبانەی کە تا ئێستا پارەیان وەردەگرت، مەبلەغێکیان دەدانێ وەکو سولفە، کەی ئیقرار کرا قانونەکە، لە ڕۆژی دەرچوونی قەرارەکە کە لە 1ی مانگەوە حیسابە، بۆیان تەعویز بکرێتەوە، یەعنی مەسەلەکە ئەوە بووە، نەك بڕاوە، وەکو سولفە مەبلەغێکیان بدرێتێ، دوایی کە ئیقرار کرا، لە 1/1یساڵی کە ئێستا تێداینە بۆیان حیساب بکرێ، وە نەبێ بڕا بێ، یان وە نەبێ ئەمە بە موئەقەتی بێ، نەخێر بە موئەقەتی سولفەیەکیان داوەتێ، دوایی تەصفەیەی حیسابی بۆ دەکرێ، ئەوە بۆ مەعلومات تکایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەریهان قوبلای.

**بەڕێز د.پەریهان قبلای محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەم ماددەیەوە، یخصص مبلغ 90 مليار دينار لدعم الاحزاب و المنظمات و يتم الصرف من هذا التخصيص بأجراءات مؤقتة، لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە (بأجراءات مؤقتة) هیچ مەعنایەکی یاسایی بەقوەت نادات کە ئێمە بتوانین، باسی خۆم دەکەم، دەنگدانی لەسەر بدەم، داوا دەکەم بگۆڕدرێت بە پێوەرێکی تر کە ڕەچاوی عەدالەتی تێدا بکرێ، باشترین ڕەچاوی عەدالەت بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین: ئێمە بە عەدالەتی تەوزیعمان کردووە لەسەر هەموو ئەحزابەکان و ئەوانە، ژمارەی کورسیەکانە، کە ئەو پێوەرە، ئەو مقیاسە لە دەنگدانی خەڵکەوە هاتووە، لە ڕێگای ئینتیخاباتەوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم بڕگەیە بە پێی ژمارەی کورسیەکان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیمان عزالدین فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لە خودی ماددەکەوە قسە ئەکەم، تەواوی ئەم ماددەیە کە داواش کراوە تیایدا بەرێکارێکی کاتی بێ، بە سولفە سەرف بکرێ بە رێکارێکی کاتی، واتا سەرف کردنی ئەسڵ وایە، سەرف کردنی ئەو سولفەیەش بەرێکارێکی کاتی بوەستێتە سەر دەنگدانی پەرلەمان، بەڵام بە پێی ئەو زانیارانەی کە هەمە، بە پێی قسەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە باسی ئەوەی کرد سولفەکە سەرف کراوە، سەرف کردنی سولفەکە نەوەستاوەتە سەر ڕازی بوون یان رازی نەبوون، تەصدیق کردن یان تەصدیق نەکردنی پەرلەمان، کە ئەمە بۆ خۆی لەبەردەمی دوو پرسیار دامانئەنێت، یەك: ئایا سەرف کردنی ئەو سولفەیە کە لێرە ئەبێت راوەستابێت سەر دەنگدانی ئێمە، لە زمنی ئەو مەشروعیەتەیە کە حکومەت ئەتوانێ 12/1ی بودجەکە سەرف بکات یان نا؟، دووەم: دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە ئەگەر لە زمنی ئەوە نیە، پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە، کەواتە دەنگدانی پەرلەمان چ ئەهمیەتێکی هەیە؟....ئەگەر هیچ صەرف کردنێك و هیچ ئیجرائاتێکی مالی، نەوەستاوەتە سەر دەنگدانی فیعلی پەرلەمان، خاڵێکی تر کە لە ناو ئەو ماددەیەیە، با بڵێین وجودی هەیە، دەکرێ یان بۆی ئیزافە بکرێ کە من پێشنیار دەکەم، هاوڕام لەگەڵ ڕای بەڕێزانی پێش خۆم، کە لێرە جگە لە پشتگیری حیزبەکان و ڕێکخراوەکان، گرنگە بە خاڵێکی تر، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئیزافە بکرێ، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە بەڵگە نەویستە، یان ئەوەی کە پێشتر هاتووە، شتێکە بووە بە ڕۆتینی، کە ئەو ڕێکخراوانە لەم وەزارەت و لەو وەزارەت، لەم مەکتەب و لەو مەکتەب، دەعم دەکرێن، پشتیوانی ماددی دەکرێن، کەواتە چۆن گرنگە پارتە سیاسیەکان بە ماددەیەکی قانونی ئەو پشتیوانیە ماددیەیان تەنزیم بکرێ؟ گرنگە ئەو ڕێکخراوانەش بۆ ئەوەی دەرچن لە پاشکۆیەتی، یاخود لە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، ئەوانیش هاوکاری کردن و پشتگیری کردنەکەیان، بە ماددەیەکی یاسایی ڕێك بخرێ، ئەوەی کە لە خودی ماددەکەیە، هەرچەندە صەرف کراوە حاصل تەحصیلە ، بەڵام من لەوەشدا دەمەوێ قسەم لەسەر ئەوە هەبێ، هەرچەندە ئەهمیەتی نامێنێ ئێستا بڵێین: لەگەڵ ئەوە نین صەرف بکرێ، چونکە بە فیعلی صەرف کراوە، بەڵام صەرف کردنی سولفەیەك پێش ئەوەی پەرلەمان ئیقرار لەسەر پرۆژە یاساکە بکات، بە تەصەوری من شتێکی زۆر زیادەیە، چونکە با بڵێین حکومەت مەسئولیەتی پشتگیری کردنی ماددی حیزبەکان وەکو مەسئولیەتی پشتگیری ماددی، یان صەرف کردنی مووچەی فەرمانبەران نیە کە بیکاتە مەسئولیەتێکی گەورە لەسەر شانی خۆی، پێش ئەوەی پەرلەمانیش ئیقراری لەسەر بکات، بزانێ دەعمی ئەحزاب دەکرێ، یان ناکرێ، ئەو پەلە بکات لە صەرف کردنی، خاڵێکی تر کە دیسان ئەوە وەکو زۆربەی خاڵەکانی تری بودجە ناڕۆشنی پێوە دیارە، ئەوەیە کە ئەو پارتە ساسیانە لەسەر چ بنەمایەك پشتگیری دەکرێن؟ ئێمە، با بڵێین هەموو دامەزراوەی پەرلەمان ئامانجمان لە تەصدیق کردنی پرۆژەی بودجە ئەوەیە کە جۆرێك لە عەدالەت لە صەرف کردن، لە نێوان چین و توێژینەکان و پارتەکاندا دابین بکەین، لێرە کە بە موبهەمی هات، بە ناڕۆشنی هات، ئێمە نازانین لە دوای ئەوەوە ئەو پارتانە چۆن

هاوکاری دەکرێن؟ ئەهمیەتی پارتێك کە پارەیەکی یەکجار زۆر، بەشی شێر وەردەگرێت، پارتێك کە هیچ وەرناگرێ چیە؟ پارتێك کە هیچ جەماوەرێکی ئەوتۆی نیە تەنانەت بۆ بە دەست هێنانی یەك کورسی پەرلەمانیش، ئەهمیەتی پشتگیری کردنی ئەو پارتە چیە؟ ئەهمیەتی پشتگیری نەکردنی پارتێك چیە؟ کە چەندین کورسی پەرلەمان بە دەست دەهێنێت، کە ئەوە فورسایی جەماوەری ئەو پارتە دەردەخات، بۆیە ئەوە زۆر ناڕۆشنە، من پێشنیار دەکەم کە پێوەرێکی جددی دابندرێ، بۆ ئەوەی بزاندرێ ئەو (90) ملیارە چۆن لە نێوان پارتە سیاسیەکان دا دابەش دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان عبدالکریم، کەرەمکە.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕای هاوکارانم کاك د. شاهۆ و د. پەریهان دەکەم، کە ئەو تەرخان کردنە بە گوێرەی کورسیەکانی پەرلەمان بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د. زانا، کەرەمکە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند خاڵێك هەیە دەبێ سەبارەت بە مادده (19) باس بکرێ، لەوانە تەئیدی ئەو ڕەئیە دەکەم کە دەبێت حیزبەکان لەگەڵ کۆمەڵە ڕێکخراوەکان جیا بکرێنەوە لە یەکتری، ئەو گوژمەیەشی بۆ دەستنیشان بکرێت، یەعنی ئایا ئەگەر (90) ملیارە، بڵێین: (65) ملیار، (25) ملیار، بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێ لەو حاڵەتەدا، دووەمیان: سەبارەت بە ڕێکخراوەکان، بۆ ئەوەی کە خۆمان لە هەندێك ئیشکالات بە دوور بگرین، ئەوە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانە، ئایا لە زیمنیانە؟ ئەگەر سەندیکایەك هەبێ وەکو میرفەقێکی میهەنی، ئایا ئەوانە مەشمول دەبن ئەگەر هاتنە ئەو بوارەوە؟ یان ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ئێمە دەزانین پارتە سیاسیەکان، ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵە و مەکتەبی جیاوازیان هەیە، ئەگەر ئەوە بە تەواوەتی بنبڕی بکەین ئەو مەوزووعە، ئەو پارەی کە بۆ پارتێکی سیاسی ئەبڕێت، ئیتر ئەوە پەیوەندی نیە، هەر کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی تر هەیە سەر بەو پارەتە سیاسیەیە، مادام لە هەیکەلیەتی دەورێکی تیادا هەیە، یەکلا بکرێتەوە، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان تەحدید بکرێن، خاڵێکی تر، مادام تا ئێستا پارە صەرف دەکرێت، ئێمە لەبەردەم ئیشکالیەتێکداین، ئەوە بودجەیەش لە کاتی پەسندکردنی دا لە (1/1)وە حسێب دەکرێ، دەبێت لێرە ئیستیسنایەك دابنێین، دەڵێین لە ڕۆژی پەسندکردنی بودجەکەوە، ئەو پارەیەی کە دراوە، خۆ ناکرێ حیزبمان هەبێ قەرزار بێ، ئێستا پێوەرێك دابنێین هەندێك حیزب بێ بەش دەبێ بەڕاستی، حیزب هەیە

پێوەرێکی بۆ دانەناوە، نیسبەیەکی دیاری کراو پارەی وەرگرتووە، تا ئێستاش حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی دەداتێ، دەبێ بڵێی: تۆ قەرزاری منی، بۆیە من داوای قەرزەکەت لێ دەکەمەوە، ئەگەر لێرە ئیستیسنایەکی بۆ بکەین، بۆ ئەوەی کە دەڵێ بابەتەکە ڕێك بخەینەوە، ئیستیسنایەکی بۆ بکەین، بڵێین ئەو بڕە پارەیە کە صەرف دەکرێت لە ڕۆژی پەسندکردنی بودجەکەوە بێت، نابێت بڕواتەوە یەك، یەك، چونکە گۆڕانکاری بەسەر ئەو پێوەرە دێت کە بۆی دەستنیشان دەکرێت، سێیەمیان: کاتێ کە دێینە سەر دەستنیشانکردنی پێوەر تایبەت بە پارتی سیاسی، تایبەت بە کۆمەڵەی ڕێکخراوەکانیش، بەڕاستی دەکرێت ئێمە لە ئێستاوە لەو بڕگەیەدا جێ بەجێی بکەینەوە، ئێمە پێشتر لە ناو پەرلەمانی کوردستان دا پرۆژەیەکی یاسا هەیە، تایبەت بە پشتگیری دارایی پارت و قەوارە سیاسیەکان، خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە، یەعنی ئێمە سەرەتایەکمان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی پێوەرێك، دەکرێ سوود لەو پرۆژەیە وەرگرین، سەرەتایەکی ئەو پرۆژە یاسایە لێرەدا جێگەی بۆ بکەینەوە، کە ئیعتیمادی کردووە لەسەر کورسی پەرلەمانی، یاخود بە لایەنی کەمەوە نیوەی دەنگی پێویست بووە بۆ بە دەستهێنانی کورسیەکی پەرلەمان، یەعنی من لە هەموو حاڵەتێکدا دەڵێم: لە کاتی دەستنیشانکردنی ئەو پێوەرە دا، هەندێك پارتی سیاسی بێ بەش دەکرێت، بەڵام ئەو بڕە پارەی کە تا ئێستا بۆی صەرف کراوە، لێ وەردەگیرێتەوە؟ یاخود لێی وەرناگیرێتەوە، ئەوە دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، سێیەمیان: تایبەت بە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانیش بە هەمان شێوە، ئیشکالیەتی ترمان بۆ زیاد دەبێت، ڕەنگە قورس بێت، ئایا تۆ بە مەفتوع پارە دەدەی بە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان؟ یاخود بە پێی چی؟ ئایا بە پێی ئەو پێشنیازانەی دەیکات؟ کە زۆرجار یەعنی هەندێ حاڵەت هەبووە تێوەگلان بووە لە گەندەڵی کە بۆ نموونە پێشنیار پێشکەش دەکات، بەڵام دوایی موتابەعەیەکی پێویستی بۆ نەکراوە، تا ئێستاش ئێمە ڕتپۆرتێکی وامان لەبەر دەست نیە تایبەت بەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە، ئەگەر دیوانی چاودێری دارایی بڵێ، ئایا بە تەواوەتی چەندێکی ئەو پارانەی صەرف کردووە لەو حاڵەتەدا، بۆیە دەکرێت ئێمە تایبەت بە پارتە سیاسیەکان چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، بەشێك لە کورسی پەرلەمانی، یاخود نیوەی دەنگی پێویست بۆ بە دەستهێنانی کورسی پەرلەمانی، لە پەرلەمانی کوردستان، ئیتر ناوی بنێین ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو، شتێکی تریشی بۆ دابنێین، بەڵام دەکرێ لێرە د ا سەرەتایەکی بۆ دەستنیشان بکەین، تەفاصیلەکانی تریش، چاوەڕێ بکەین بۆ پەسندکردنی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جعفر کەرەمکە.

**بەڕێز د. جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاسۆ کەرەمکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە تەرخانکردنی ئەو (90) ملیار دۆلارە، بۆ تەمویلی ئەحزاب دەکەم، چونکە هەرچەندە ئێمە دەزانین تەمویل کردنی ئەحزاب پشتیوانی کردنە، ئەوە دەبێتە پشتیوانی کردن لە دیموکراسی، دیارە یەکێك لە کۆڵەکەکانی دیموکراسیش، بوونی ئەحزابی سیاسیە، بۆیە بەڕاستی ئەوە لە جێگەی خۆیەتی، بە نیسبەت ئەو مولاحەزەیە کە داخۆ ئەوە ئەحزاب و مونەزەمات دەگرێتەوە؟ بەڕاستی بە بڕوای من لە ماددەکەدا زۆر زۆر ڕوونە، چونکە لە ئاخیری کە دەڵێ: (من قبل الأحزاب و المنظمات وفق قانون دعم الأحزاب حال إقراره من قبل البرلمان.......)، لێرەدا قانونی دەعمی ئەحزابە، کەواتە تەنزیمات، مونەزەماتی سیاسی دەگرێتەوە، مونەزەماتی دیکەی موجتەمەعی مەدەنی ناگرێتەوە، بۆیە بەڕاستی لە جێگەی خۆیەتی، دەمێنێتەوە بەڕاستی تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیەوەکو ڕێژە، ڕێژەیەکی زۆر زۆر گونجاوە، ئەگەر ڕێژەکە سەیر بکەین (90) ملیار بۆ بودجەی گشتی، تەقریبەن لە (1٪) کەمترە، ئەگەر بۆ بودجەی تەشغیلی بێت لە (1٪) زیاترە، هەندەی من دیراسەتی نەمازجم کردبێ، بەڕاستی لە دەوروبەری (1٪) لە هەموو وڵاتان دا، هەرچەندە لە وڵاتی ئێمەدا، چونکە هێشتا دیموکراسیەت نەچەسپیوە، زۆر زۆر باشە دەعمی ئەحزاب بە گشتی بکرێت، دەکرێ ئەوە لە قانونەکەدا باس بکرێ، مەرج نیە تەنها ئەو ئەحزابانەی پەرلەمانینە پارەیان بۆ تەرخان بکرێ، چونکە ڕەنگە ئەوڕۆ حیزبێك پەرلەمانیە، بەیانی حیزبێکی تر بێتە پەرلەمان کە بە حەقەت ئێستا کورسی نیە، بۆیە لە زۆربەی وڵاتان دا نیسبەیەکی موعەیەن دادەندرێ بۆ تەواوی ئەحزابی سیاسی موجاز، بە تەساوی تەوزیع دەکرێ لەسەر ئەحزابی سیاسی، بۆیە حەقە بەڕاستی ئەوە لە دیراسەکردنی قانونی ئەحزابی سیاسیدا، بە وردی لەوێ بنەماکان دەستنیشان بکەین، ئەو دەمە ئەوەش دەبێتە پشتیوانی کردن لە دیموکراسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حسن محمد کەرەمکە.

**بەڕێز حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە لە زیمنی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانە، یاسای دەعمی ئەحزاب نیە، بۆیە من تەنها ئەوەندەی تێدا دەخوێنمەوە کە مەبلەغێك تەرخان کراوە بۆ دەعمی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان، ئەگەر سەیری مەبلەغەکە بکەین، وەکو کاك ئاسۆ ئیشارەتی پێدا دەکات، نزیکی (1٪)، دەکرێ قسە لەسەر ئەوە بکرێ، ئایا زیاد بکرێ؟ یان کەم بکرێ؟ بەڵام هەروەکو ئیشارەتیشی پێدا، کە ئەم نیسبەتە نیسبەتێکی مەعقولە، لەوە زیاتر ئەگەر باسی تەفاصیل بکەین، تەفاصیل، ئەو بڕە پارە بدرێ بە کێ؟ چ ئەساسێکی بۆ دابندرێ؟ لە کەیەوە صەرف بکرێت؟ خۆی لە یاساکە لە ماددەکە هاتووە، کە دەبێ بە یاسا ڕێك بخرێ،

کەواتە دوو حاڵەت هەیە، بە حزووری یاسا، بە غیابی یاسا، بە وجودی یاسا: ئەو وەختە هەموو ئەندامانی پەرلەمان کۆك دەبن لەسەر ئەوەی کە جوابی ئەو بنەمایانە بدرێتەوە کە فیعلەن برادەران لێرە پێشنیاریان کرد، ئەو وەختە هیچ کێشەیەك نابێ، یان هەبوو لەسەری ڕێك دەبین، بەڵام بە غیابی یاسا، دیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ عورف، چونکە ناکرێ ئێمە لێرە ئیقتیراحی ماددەیەك، یان هەر شتێکی تر بکەین، هەر ئیقتیراحێکیش بکەین لێرە پەسند بکرێ، خۆی دەبێتە یاسا، خۆی دەبێ بە یاسایەك بۆ ئەوە، ئەوەی کە ئێستا ئێمەش موناقەشەی دەکەین، یاسای بودجەیە، نە یاسای دەعمی ئەحزابە، بۆیە بەڕای من ئێمە بە نیسبەتی ئێستا، یەکەم: پێشنیار بکەین کە بە زووترین کات هەوڵ بدرێ ئەو یاسایە دەرچێ، تا یاسایەکەش دەردەچێ، بە هەمان عورف، پێشتر چۆن ئەو بودجە صەرف کراوە؟ صەرف بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گوڵیزار فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەلایەن خۆمەوە پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەو پارەیە شەفافیەتی تێدا بێت، حیساب بۆ ئەو حیزبانە بکرێن کە لە شاخ بوون، بەڕاستی ماندووبوونەکی زۆریان چەشتووە، من لەلایەن خۆمەوە پێم خۆشە حیسابێکی تایبەت بۆ ئەو حیزبانە بکرێ، کە حیزبی شاخ بوون، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو حیزبانەی کە لە ناو شاریش بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبینین کە ناڕوونیەك و ناڕۆشنیەك بە دەستەواژەی ڕێکخراوەکانەوە دیارە، بۆیە پێویست دەکات ئەوە ڕوون بکرێتەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە: دەبینین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا، پێش ئەوەی کە خودی ئەو ماددەیە لە پەرلەمان دا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، خودی بودجەکەش پەسند بکرێ، دەبینین ڕێژەی (50٪)ی بودجەی حیزبەکانی کەمکردۆتەوە، ئایا ئەوە مانای پەك خستنی ژیانی سیاسی و، وەلاخستنی فرەیی حیزبی ناگەیەنێ لە ناو هەرێمی کوردستان؟ ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، دەبینین باس باسی ژمارەی کورسی پەرلەمان و پێوەرەکانە بۆ ئەوەی کەوا بودجەی حیزبەکان دیاری بکرێ، بۆیە پێویستە کۆمەڵێك پێودانی دیکە دیاری بکرێ، نەك تەنها ئەوەی کورسی پەرلەمانی بێت و ڕێژەی دەنگەکان بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار حمه سعید، فەرموو.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام هەموو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بە یاسایی بکرێ، بە دامەزراوەیی بکرێ، سەرجەم بوارەکانی ژیان بۆ بەرجەستەکردنی شەفافیەت، لە ناو ئەوانەشدا بودجەی ئەحزاب، خۆزگە لە خولەکانی پێشووی پەرلەمان دا ئەو مەسەلەیە بکرابایە مەسەلەیەکی یاسایی و ڕوون و ئاشکرا بوایە، بەڵام تا ئێستا نەکراوە، داواش دەکەم ئەو ماددەیە بکرێ بە دوو بڕگە، بڕگەیەك ئەحزاب بە جیا، بڕگەیەکیش ڕێکخراوەکان کە هەمووی بگرێتەوە، ڕێکخراوە سیاسیەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، سەنتەرەکانی توێژینەوە، (NGO) کان، چونکە بەڕاستی ئەو ڕێکخراوانە هەموویان فاکتەری بەهێزن بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەکەمان، لە ڕووی فیکری و ڕۆشنبیری و دیموکراسی و هۆشیاری هاووڵاتیان، بۆ ئەوەش ئیجازە بە هەموویان بدرێ، بودجەیان بدرێتێ، بە بێ جیاوازی لەسەر پرینسیپ و بنەمایەك، بۆ ئەو مەبەستەی کە بەرجەستەی عەدالەت ببێ، معیار و پێوەر ببێ، نەك لەسەر مەسائیلی ئەساسی عیلاقات یان تەوافوقات، یان هەر شتێکی تر، پێویستە کۆمەڵێك پێوەر دانێین، یەك پێوەر نەکەین بەڕاستی، یەك فاکتەر، کۆمەڵێ پێوەر دواتر موناقەشە لە نیزامی بودجەی ئەحزاب دا، لەو پێوەرانە تەبعەن کورسی حەجم و قەبارەی ئەو حیزبەش، ژمارەی دەنگی، خەباتی، مێژووی ئەوانە گرنگن، هەروەها ئەو مەسەلەیە گرنگی هەیە بەڕاستی بۆ گەشەدان و پەرەپێدانی سیستەمی سیاسی و پرۆسەی سیاسی، حاڵەتی ئیستیقراری سیاسی هەرێمەکانە، کە ئەوەش یارمەتیدەر و کاریگەریەکی بەهێزی هەیە لە بواری دیموکراسی، گەشەدانی ئابووری، گەشەدانی کۆمەڵایەتی، هەتا گەشەدانی فەرمانڕەوایی و ئیداری، پێشخستنی ژێرخانی کۆمەڵگەکەمان لە هەموو ڕوویەکەوە، من پێموایە ئەو بڕە کەمە، ئەگەر ئاوا بە گشتگیر سەیری بکەین، هەموو ڕێکخراوەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و (NGO) کان و حیزبەکان، پێموایە لەو دوو بڕگە، بڕگەی (200) ملیار بۆ ئەحزاب، (100) ملیاریش بۆ ڕێکخراوەکان، خاڵێکی تر بۆ ئیجرائاتی موەقەت، پێم باشە ئەو ئیجرائاتە موەقەتە، هەر چەندە چارەسەر کرا، بەڵام ئەگەر بمانەوێ تا بودجەکە تێپەڕێنرێ، لە پەرلەماندا ئەگەر باس بکرێ و دیراسەت بکرێ، ئیقراری بۆ بدرێ لەسەر بنەمایەك، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی برای بەڕێزم د. حسن دەکەم، پشتگیری لەو ڕەقەمە دەکەم کە تەرخان کراوە بۆ پشتگیری حیزبەکان و ڕێکخراوەکان، بە مەرجێك، هەتا یاساکە دەردەچێت، پێشنیار دەکەم کە پەلە بکرێ لە دەرچوونی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوڕۆ تەواو نابێ، هەندێك لە پێشمان ماوە، لە کوێ وەستاین لەوێ بەردەوام دەبین، ڕۆژی یەکشەم سەعات (2) پاش نیوەڕۆ ئینشائەڵلا تەواو دەبێت، خواتان لەگەڵ، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (2)**

**یەک شەممە ڕێکەوتی 11\4\2010**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)
## یەك شەممە ڕێكەوتی 2010/4/11

كاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2010/4/11 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (2)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2010/4/11 دا بەم شێوەیە بێت:

1 ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن/2، ڕۆژی دانیشتن 2010/4/11، بەرنامەی كار:
بە پێی حوكمەكانی بڕگە 1ی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەمواركراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە 2ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر 2 ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی یەك شەممە، ڕێكەوتی 2010/4/11 دا بەم شێوەیە بێت:

1 ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەین کەرەمکەن بۆ سەر مەنەسە، فەرموون، بەڕێزان لەسەر ماددەی 17 بووین، هەندێك لەو بەڕێزانەی کە دەیانویست قسە بکەن، هێشتا مابوون، ئەخیر بەڕێز کە قسەی کرد، ژیان عمر بوو، ئێستا ڕێزدار شوان احمد کەرەمکە، فەرموو، کاك علی نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز علی حسين فەيلی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەم دەرفەتم بدرێت لە بابەت مەوزوعێکەوە بدوێم.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، رجائەن ڕێگە بە هیچ کەس نادەم قسەیەك بکات لە نیزام دەربچێت، دەبێت ئیلتزام بە نیزام بکەن و زۆر بە ئسوڵی بڕۆن، ئێستا نۆرەی شڤان احمدە بۆ ئەوەی قسە بکات لەسەر ماددەی 19 ەکەی خەلاس بوو و هاتە سەر ئەو بابەتە، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19 کە پێم بووەتە ماددەی 19 پێم وایە ئەو دەستەواژەی کە هاتووە شتێکی لێ ناقسە، پشتگیری حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی بۆ ئیزافە بکرێتن، چونکە ڕێکخراو هەیە و حیزبیش هەیە و شەرت نیە هەموو ڕێکخراوێك حیزب بێتن، هەروەها کۆمەڵەو ڕێکخراوە ناحکومیەکان ئیزافە بکرێت، چونکە ڕێکخراوی ناحکومیش هەنە، جگە لە ڕێکخراوە سیاسیەکانیش، ئەمە ئیزافە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو جیاوازی و ناڕۆشنیە ڕۆشن ببێت وەك ئەوەی لە ماددەکەدا هاتووە، تەفاسیلی کە لەسەر ئەم ماددە زۆر باسکرا پێم وایە ئەم ماددەیە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت زیاتر هەڵناگرێتن، بەڵکو بۆ قانونی ئەحزاب زیاتر ئەو تەفاسیلانە دەچنە ناو قانونی ئەحزاب، چونکە ئێمە لەبەرامبەر موناقەشەی ماددەیەکی پرۆژە یاسای بودجە داینە، نەك لەبەرامبەر قانونی ئەحزاب داینە، ئەو شتگیریەی کە بە حیزب و ڕێکخراوەکان دراوە کە ئێستا بە هەمان شێوە پێی بدرێت لە پاش تەعدیلی یان لە پاش موناقەشە کردن و موسادەقە کردنی قانونی ئەحزاب، ئەگەر هاتو کورتی هێنا ئەوەی پێ نەدرابوو و تەعویز بکرێت ئەو فەرقە، ئەگەر کورتیشی نەهێنا ئەوەی زیادە ئەوە لێیان خۆش ببن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبڕوای من ئەو مەبلەغە پارەیەی کە 90 ملیار دینارە تایبەت کراوە بۆ حیزبەکان، زۆر لە جێگەی خۆیەتی، بەڵام بە حەقیقەت ئەوەی کە لەلای من پێویستە باسی لەسەر بکەم ئەو 90 ملیارە وازح نیە لەسەر چ پێوەرێك دابەش دەکرێت بۆ ئەحزابەکان، چونکە بە حەقیقەت ئەحزابەکان سێ، چوار نەوعن، یەعنی ڕوون نەبووەتەوەو لەلای پەرلەمان وازح نیە ئەو 90 ملیار دینارە چۆن بۆ حیزبەکان سەرف دەکرێت، ئایا لەسەر ئەساسی کورسی پەرلەمان بۆ حیزبەکان دەبێت؟، یان لەسەر تەمەنی حیزب دەبێت، یان لەسەر ڕێژەی ئەندامانی ئەو حیزبە و قەبارەی ئەو حیزبە دەبێت؟، لەناو ئەمانەشدا من پێشنیار دەکەم و ئومێدم وایە لەناو ئەم میزانیەی کە تایبەت کراوە بە حیزبەکان حیسابی حیزبەکانی سەردەمی شاخ لەبەرچاو بگیردرێت، چونکە بەڕاستی ئەو حیزبانە پێویستە لەلای خەڵکی کوردستانیش مەتلوبە کەوا حیزبەکانی سەردەمی شاخ حیسابی تایبەتیان بۆ بکرێت، چونکە لە ڕۆژە ڕەشەکان و لە ڕۆژی میحنەت بە تەنگ ڕۆژە ڕەشەکانی خەڵکی کوردستانەوە هاتوون، لەبەرئەوە لە مەسەلەی میزانیەی ئەحزاب حیسابی تایبەتیان بۆ بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقتراح دەکەم ئەو نەسە ئاوای لێ بێت: یخصص 40 ملیار دینار لدعم الفقراء فی الاقلیم ویدع في صندوق ینشأ لهذا الغرض یرتبط بمجلس الوزراء و ینظم بقانون خلال مدة اقصاها شهر من تاریخ صدور هذا القانون.

ئەوە فەقەرەی یەکەمی، فەقەرەی دووەمی ئاوای لێ بێت: یخصص 20 ملیار فی صندوق خاص لحالات الکوارث والطوارئ یرتبط بمجلس الوزراء وینظم بقانون.

فەقەرەی سێیەمی: یخصص مبلغ 30 ملیار دینار لدعم منظمات المجتمع المدنی یصرف وفقا لضوابط تنظمها القانون.

بە بۆچوونی من حیزب تەتەوعیە و ئەوان کە خەباتیان کردووە لەسەر ئابوونەی خۆیان و ئەندامەکانیان و میللەت کاریان کردووە، بۆیە من پێم وایە ئەو بڕە پارەیە کە دەدرێت بە حیزب بەو جۆرەی لێ بکرێت و لەسەر خەزێنە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی 19 و حیکمەت لە دانانی ماددەی 19 وەکو هاتووە بۆ ئەوەیە کە وەکو برادەران باسیان کرد بۆ ئەوەیە........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز منیش هەڵەم کرد ماددەی 18 یە و 19 یش نیە. فەرمو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان وەکو دەوترێت، گیرفانی حکومەت و حیزب بە جۆرێك لە جۆرەکان جیا بکرێتەوە، ئەمە دەست پێشخەریەکی باشە بە رەئی من، بەڵام وەکو برادەران پێشتر ئاماژەیان پێیدا حەق وایە پێوەرێك دابندرێت بە تایبەتی ئەو پێوەرە ئاماژەی پێ بدرێت وەکو ئەوەی کە لە پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکان دا هاتووە کە پێوەری کورسی دیاری کردووە، وە حەق وایە دووبارە بۆ پێدانی بودجە بە ڕێکخراوەکان پێوەرێکی تر دابندرێت، چونکە ئێمە دەزانین لە ڕابردوو دا تا ڕادەیەك جۆرێك لە ناعەدالەتی هەبووە لە دابەشکردنی ئەو ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای من وەرە سەر ماددەکە، چی دەرۆیتەوە بۆ ڕابردوو و عەدالەت، بە چ نیزامێك و بە چ لیژنەیەك و بە چ مەحکەمەیەك ئیسپاتت کردووە؟ دە وەرەوە سەر ئیشەکەی خۆت، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو ماددەیە پێویست دەکات جگە لە دانانی ئەو پێوەرانە یەك خاڵی تر هەیە بە ڕەی من حەقە و پێشنیاری دەکەم وەکو بڕگەیەك زیادبکرێت، ئێمە دەزانین ئەو ماددەیە بۆ ئەوە داندراوە کە بودجەی حیزبەکان لەسەر ئەساسی ئەو 90 ملیارە دیاری بکرێت، بەڵام تا ئێستا وەکو جەنابتان ئاگادارن بڕێکی زۆر لە کادیرانی حیزب تا ئێستاش وەکو فەرمانبەری گشتی پارە لە حکومەت وەردەگرن، لە کاتێك دا ئەمانە کادیری حیزبین و بۆ بەرژەوەندی حیزب ئیش دەکەن و تا ئەم لەحزەیە کە ئێمە قسە دەکەین، ئەوانە لە پلەی وەزیفی پارەی حکومەت دەبەن،بۆیە من پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تر بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت کە لەگەڵ پەسەندکردنی ئەم یاسایە ئەو پارانەی کە بۆ کادیرە حیزبیەکان و هەروەها بۆ کادیرە ئیعلامیەکان کە بۆ بەرژەوەندی هەندێك لە حیزبەکان ئیش دەکەن ئەو پارانە بڕن، هەروەها پێشنیار دەکەم وەکو ئەوەی لە یاساکە هەندێك برادەر پێشنیاریان کردووە کە لە 1/1/ ەوە ئەم پارەیە حیساب بکرێت، کە پێشنیار دەکەم حیسابی ئەو پارەیەی کە حیزبەکان کادیرەکانیان مووچەیان وەرگرتووە، ئەو پارەیان وەکو قەرزێك لێ وەربگیردرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 18 یەم گوژمەی ئەو 90 ملیار دینارەی کە بۆ پشتگیری حیزبەکان و ڕێکخراوەکان تەرخان کراوە، من پێم وایە دەبوایە بە چەند برگەیەك بوایە، ئەو گوژمەی 90 ملیار دینارە بە جیا بوایە و بە ڕوونیش بوایە کە پارەی حیزبەکان چەندە و ڕێکخراوەکانیش کە ئایا ڕێکخراوەکانیش دەگرێتەوە یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش؟ بە سێ برگە بوایە ڕوون تر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کارێکی باشە کە بودجەی حیزبەکان بە جۆرێکی ڕوون کارانە دیاری بکرێت، ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە پێویستە پێوانەیەك و معیارێك هەبێت بۆ ئەوەی پرنسیپێکی عادیلانە ڕەچاو بکرێت، ئەویش بۆ ئەوەی کە لە هەموو دنیادا مەسەلەی ڕێژەی ئەو حیزبە لەناو پەرلەماندا یاخود قورسایی ئەو حیزبە لەناو پەرلەماندا ئەوە پێوەرێکی سەرەکیە و جیهانیە و بە گشتی ئەو حیزبانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمانن لە وڵاتانی دیموکراتی بودجەیان نادرێتێ، لەبەرئەوە ئەمەیان وەکو لایەنێك لایەنیکی تری وەکو مەبدەئێك زۆر گرنگە هەر پارەیەك کە لە حکومەتەوە یان لە بودجەی حکومەت بڕوات بۆ هەر لایەنێك بێت سیاسی یان ڕێکخراوەیی بێت، پێویستە دیوانی چاودێری دارایی ئەو مافەی هەبێت کە بەدواداچوونی پێویست بۆ چۆنیەتی خەرج کردن و سەرف کردنی ئەو پارەیە بکات، چونکە ئەو پارەیە بە ئامانجێك و مەبەستێك دەدرێت کە خزمەتکردنی پرۆسەی دیموکراتیە لەو وڵاتەدا، بەڵام بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکەین کە ئەو پارەیە بۆ ئامانجێکی غەیری خۆی یان دژ بە خۆی یان جیاواز بەکاربهێندرێت، پێویستە ئەو حیزب و لایەنانەی کە پارە لە حکومەت وەردەگرن هەمیشە کراوە بن بۆ ئەوەی لەهەر دەقیقە و سەعاتێك دا دیوانی چاودێری دارایی یان هەر دەستەیەکی تری پشکنین لە حکومەتەوە بچێت بەدواداچوونی بۆ بکات، پێم وایە ئەو بڕە پارەیە، ئەگەر بەراوردی لەگەڵ پێشوو بکەین بڕێکی مەعقولە، بەڵام تەنها بۆ حیزبەکان نەبێت، بەڵکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش بگرێتەوە، چونکە ئەو بڕە پارەیە زۆرە، حیزب دابەستەیەك نیە میللەت بیژینێ و خەڵك بیژینێ، حیزب دەبێت پێش هەموو شتێك خۆی خۆی بژێێنێت، ئەوە یەك، دووەم ئەوەی کە لە حکومەت و لە بودجەی میللەت وەری دەگرێت پارەیەکە بۆ یارمەتی دان و ئاسانکردنی هەندێك کاروباری حیزبی کە کورسیەك یان دوو کورسیمان هەبێت یان نەبێت، هیچ پێویستی بەوە نیە لە هەموو شارو قەزاو ناحیە و گوندێك بارەگایەکی هەبێت وکارمەندی هەبێت و حەرەسی هەبێت، پارەی ئۆتۆمبیل و پارەی بەنزین، لەبەرئەوە پێویستە ئەمە تۆزێك تەرشیق بکرێت بە شێوەیەکی

ئەقلانی لێ بکرێت، ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە شتێکی باشە کە وەکو شێوەی سلفە لێرەدا هاتووە و دواتر تەسویە دەکرێت، پێویستە لەسەر بنچینەی قورسایی ئەو حیزبە لەناو پەرلەماندا حیساباتی لەگەڵ بکرێت، لەبەرئەوە من پێم وایە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە حیزبایەتی و کاری سیاسی لە کەسایەت دەربهێندرێت و ناوەڕۆکەکەی خۆی وەربگرێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی تەرشیق کردن و عەقلانی کردنی ئەو بڕە پارەیەوە دەبێت کە بۆ حیزبەکان لەسەر بنچینەی قورساییان لەناو پەرلەمان بێت و دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ حەمەبەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت هەڵوێستێکی تۆنی بلێر بکەمە دەسپێك و سەرنجەکانم لەسەر ماددەکە، کاتێك سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا بوو، وە سەرۆکی پارتی کرێکارانیش بوو لە هەمان کاتدا، لیژنەیەکی دروست کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە دیراسە کردن وهۆکارەکانی لاوازبوونی پارتی پارێزگاران کە پارتێکی مونافسیەتی، یەکێك لە ڕاوێژکارەکانی پێی وت تۆ بۆچی لێکۆڵینەوە لەگەڵ پارتێك دا دەکەی کە مونافەسەت دەکات؟ وتی لەبەر ئەوەی ئەزموونی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی وڵات، پەیوەندی بە ڕێکخراوەکان و پەیوەندی بە حیزبەکانەوە هەیە، هەرکاتێك ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سیستەمی حوکمڕانی بەرەو لاوازی و پووکانەوە چون، ئەوە ئەزموونە سیاسیەکەش بەرەو پووکانەوە دەچێت، ئەم سەرنجەو ئەم تێبینیەی تۆنی بلێر، بریتیە لە دیاری کردنی ڕۆڵ و کاریگەری سێکتەری سیاسی لەسەر سێکتەرەکانی خەدەمات، ئاوەدانکردنەوەو ئیستیسمار، هەر وڵاتێك فەزائی سیاسی، ژینگەی سیاسی سازو ئامادە نەبێت، دڵنیام کە نە جانبی ئیستیسماری، نە جانبی ئاوەدانکردنەوەی، نە جانبی خەدەماتی هیچ ئەنجام و بەرو بوومێکی بۆ کۆمەڵگا نابێت، سەیری ئەفغانستان، سۆماڵ، سودان بکەین، سەیری حەفتا ساڵی ڕابردووی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەو هەموو سەروەت و سامانەی غەرب سەرفی کرد لەسەری، چونکە ژینگە سیاسیەکەی سازو ئامادە نەبوو، هیچ گەشەسەندن و هیچ تەتەورو هیچ بەرەو پێش چوونێکی بە کۆمەڵگای ڕۆژ هەڵاتەوە نەبینی، لەبەر ئەوە گرنگە ئێمە لێرە کە دانیشتوینە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەوزوعەکە، ڕۆڵی سێکتەری سیاسی لە ڕوانگەی هەندێك هەڵەی حیزبی لە مەقتەعێك، لە مەقتەعەکانی مێژووی سیاسیماندا لێکنەدەینەوە، لێکدانەوەی ڕۆڵی سێکتەری سیاسی لەسەر ئەزموونی بیناکردنی تەجروبە، وە لەسەر پێشکەش کردنی خەدەمات، وەلەسەری ئیستیسمار لە وڵاتە، لە ڕوانگەی هەندێك هەڵەی ئەحزابەوە دەبێت، من پێموایە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم، لەو ڕوانگەیەوە سەیری مەوزوعەکە بکەین، لە ڕوانگەی ئەم تەجروبەی کوردستانە ئێمە بەرەو کوێ دەبەین،

بناغەکانی هەڵچنینی سیستەمەکە، ئەساسیاتی داڕشتنی سیستەممان، بناغەکانی ئاوەدانکردنەوەو چۆنیەتی ئاوەدانکردنەوە، پێشکەش کردنی خەدەمات، لە ئەهمیەتی سێکتەری سیاسیەوە سەیری بکەین، نەوەکو بە پێچەوانەوە، بۆیە من پێموایە مەراحلی ئەعدادی میزانیە لە هەموو دونیادا تەبیعیە، میزانیەی ئەحزاب یەکێکە لە نەریتەکانی وڵاتە تازە گەشەسەندوەکان، لە وڵاتێکا کە 100 ساڵ بەسەر دیموکراسیەتا تێپەڕیوە، نەریتی تەعنی ئەحزاب نیە، لە وڵاتێکا هەیە، کە تازە گەشەی سەندووە، ئامادە کردنی ژینگە سیاسیەکەیە، بۆ قۆناغی داهاتوو دائیم نابێت، هەمیشەیی نابێت، هەتاوەکو ئەزموونی سیاسی ئیستیقرار وەردەگرێت، بنا غەکەی دادەڕێژرێت، ئینجا لە قۆناغی پێگەیشتنا، ئەکرێت لەسەر بودجەی ئەحزاب قسەی تر بکرێت، لەبەر ئەوە ئەعدادی میزانیە بە پێی ئەوەی کە لە کتوب و مەسادرا ئامادە دەکرێت، دوو هین هەیە، دوو نەریت هەیە بۆ دیاری کردنی میزانیەی ئەحزاب، دوو هاوکێشەی ریازیاتی هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین نرخی کورسیەکان، تەبیعی قانونی ئەحزاب لە هەرێمی کوردستان هەیە، لیژنەکان دیراسەیان کردووە، لیژنەی ناوخۆو دارایی لەسەر ئەساسی کورسی ئیقرارمان کردووە، هەرچوار پارچە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ بڕیاردان لەسەری، بودجەی ساڵانی ڕابردوو، ساڵانی پێش کۆتایی، یان سێ ساڵی ڕابردوو بێت، کۆ دەکرێتەوە و دابەشی سێ دەکرێت، زەربی موعەدەلی بازار دەکرێت، ئەوە هەنگاوێکە وە تەکنیکێکە، مەرحەلەیەکە لە مەرحەلەکانی دیاری کردنی بودجە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ئەوەمان بۆ ڕوون بکەوە، ڕەجائەن، ئێستا وەرە سەر ئەو ماددەیە، ئەمەت پێ باشە، ئەگەر پێت باشە تەئیدی بکە، ئەگەر بۆچوونێکی ترت هەیە پێمان بڵێ، ئەوانی تر میزانیەی ئەحزاب، بەسەرچاو ئەو قسانە بکە.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ حەمەبەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی علمیەن تەخسیساتەکە دیاری بکرێت، تەخسیسی مالیەکە بۆ حەقلەکە لەسەر ئەساسی چی دیاری دەکرێت، ئەوە هەنگاوێکە بۆیە عەرزم کردن، هەنگاوی دووەم لە دونیادا ڕێژەی تەنزیماتی ئەحزاب، زەربی میزانیە دەکرێت، مونتەدای ئابووری هەرێمی کوردستان کاك محمد کریم کە هینێکیان کردووە، ئیحسایەکیان کردووە، لە ڕۆژنامەی هاووڵاتیشدا بلاوی کردۆتەوە.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژنامەی هاووڵاتی بۆ ئێمە مەسدەر نیە، ڕەجائەن ڕۆژنامە بۆ پەرلەمان، هیچ ڕۆژنامەیەك، هی حیزبەکەی منیش، هی حیزبەکەی جەنابتیش بۆ ئەم پەرمانە مەسدەر نیە، تکایە وەرەوە سەر بابەتەکە، کاتیشت زۆر برد ڕەجائەن.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ حەمەبەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوە باسـی ئامارەکـەی کـە کـراوە، باسـی بـڵاو کردنەوەکـەیم کـرد، نەباسـی هینەکـە، ئـەوە شـتێکی تـرە، مونتەدای ئابووری دەزگایەکی ئەم هەرێمەیە ئیشی لەسەر کردووە، لە 2٪ دانیشـتوانی هـەرێمی کوردسـتان تەنزیماتی ئەحزابە، ئێستا هینی کردووە بەو قسمە، من سەرنجم وایـە ئـەو لـە 2٪ زەربـی میزانیـەی بکـە، تەخسیساتە مالیەکە لەسەر ئەوە دیاری بکرێت، بکرێت بە دوو بەشەوە ئەم حاڵەتە، هی ئەحزاب جیابێت، هی منەزەماتیش جیابێت، چونکە دوو شتی جیان، قـانونی ئـەحزاب، بـە پێـی قـانونی کـە لـە پەرلەمانـەوە دەردەچێت و دیاری دەکرێت، منەزەماتیش ئـەبێت ئیستیحقاقاتیشـی دیـاری بکرێـت، ئـەوە بکرێـت بـە دوو قسمەوە، خاڵی ئەخیریشم تەخسیسی مالیە، ئەو نەوەت ملیارە، من پێموایـە بـە ئاراسـتەیەکا فـرەی سیاسـی دەبات، کە خزمەت بە ئەزموونی سیاسیەوە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (18) کە لەبەر دەستمان دایە، بێگومان ئەو باسانەی کە کران، سەبارەت بـە چۆنیەتی تەخصـیص و بـوونی پێـوەر، ئەوانـە زەرووریـن، بـەڵام ڕوحـی ماددەکـە بـاس لـە مـەوزووعێك دەکـات کـە تەخصیصی مەبلـەغێکی (90) ملیـار دینارییـە بـۆ پشـتگیری حیزبـەکان و ڕێکخراوەکـان، ئەصـڵی ماددەکـە دیارە بۆ ئەوەیە کە پشتیوانی و پشتگیری بکات لە پرۆسیسی کاری سیاسی لە کوردستاندا، کە ئەوە بۆخـۆی کارێکی باشە، هەر وڵاتێك کە تەنمیەی سیاسی تێدا نەبێ، ناتوانین دڵ خـۆش بکـەین کـە بـوونی کایەیـەکی سیاسی تەندروستی تێیدا، غەرەزی موشەریع، غەرەزی موقەنین لەو ماددەیە لەڕاستیدا دەعمـی عەمەلیـەی سیاسیە، ئێمە لێرە ئەو پرسیارە دەکـەین، یـەعنی بۆمـان هەیـە قسـە لەسـەر دوو مـەوزووع بکـەین لێـرەدا، یەکەمیان: ئایا ئەو مەبلەغە پارەیە بە پێی ئەو تەجرووبەیەی کـە پێیـدا تێپـەڕیوین، چـەند سـاڵێکە هـەم حکومەتی هەرێم کاری لەسەر دەکات، هەم حیزبەکان کاری لەسەر دەکەن، ئایا ئەو مەبلەغـە پـارە دەتـوانێ ئەو غەرەزە بەدی بێنێ؟ ئەو ئامانجەی کە خودی ماددەکەی لـە پێنـاودا داڕێـژراوە، کـە بریتیـە لـە دەعمـی عەمەلیـەی سیاسـی، پشـتگیری کـردن لـە بووژانـەوەی ئـەحزاب، ئـەحزابی حـەقیقی، ئـەحزابی ڕاسـتەقینە، دووەمینیشیان، ماددەکە تەئکیدی کردۆتەوە سەر دوو مـوفرەدە، مـوفرەدەی حیزبـەکان، لەگـەڵ مـوفرەدەی ڕێکخراوەکان، هەر ماددەیەکی یاسایی پێویستە خۆی دوور بخاتەوە لە وشەی هاوبەش، یـەعنی لـە وشـەیەك کە تەفسیر و تەئویلی زۆر هەڵبگرێ، بۆیە من پێم باشە پەرلەمان یەکلای بکاتـەوە، مەبەسـتی ڕێخراوەکـان چیە؟ ئایا ڕێکخراوە سیاسیەکان دەگرێتەوە یان عمومی ڕێکخراوەکان، چونکە قاعیدەیـەکمان هەیـە (المطلق یحمل علی اطلاقه ) یەعنی کە بە موتڵەقی بڵێی ڕێکخراوەکان هەر شـتێك پێـی بوترێـت ڕێکخـراو، سیاسـی بێت، مەدەنی بێت، (NGO) بێت، هەر چیەك بێت، دەیگرێتەوە، جا من لێرەدا ناچم بـۆ ئـەو مەوزوعـەی

کە چ پێوەرێك هەبێت بۆ تەخسیسی ئەو پارەیە، چونکە ئەمە پەیوەندی هەیە بە قانونی ئەحزاب خۆیەوە، وەکو لە تەجرەبەی وڵاتان دا هەیە کە هەر کاتێك هاتینە سەر ئەو مەوزوعە با ئێمە باس لە پێوەرەکان بکەین، چونکە ئێستا ناگەین بەنەتیجەیەکی وا، ئێمە بۆ خۆمان دەبێت لە روحی فەحوای ماددەکە حاڵی بین، ئایا ئەو مەبلەغە کافیە؟ بە بۆچوونی من بە پێی ئەو تەجرەبە و ئەو ئەزموونەی کە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە، ئەو مەبلەغە کافی نیە، پرسیار لە حکومەت بکەین تا چەند بۆی مومکینە، چونکە ئێمە هەرچەندێ تەخسیس بکەین بۆ پشتگیری کردن لە کرانەوەی سیاسی و عەمەلیەی سیاسی وابزانم زەرەر ناکەین، بەڵام ئەگەر لە سەر ئەساسی پێوەرێکی عادیلانە بێت، لەسەر ئەساسی پێوەرێك بێت خزمەت بە هاووڵاتی و خزمەت بە حیزبەکانیش بکات، یەعنی حیزب لە حاڵەتێکەوە بگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی تر، کە بیل فعل حیزبێکی سیاسی بێت، تەعتیلی کاری ئەو حیزبە بکرێت بە چوارچێوەیەك کەوا ئەو تەمویلەشی تەمویلەیەك بێت لەسەر ئەساسی قانون، نەك لەسەر ئەساسی تەوافوقات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا پرسی کۆمەك کردنی دارایی بۆ پارتە سیاسیەکان، پرسێکی گرنگە پەیوەندی بە کۆی ژیانی سیاسی و دیموکراسیەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، پێویستە لە چەند گۆشە نیگایەکەوە ئێمە سەیری ئەم بابەتە بکەین و لەسەری بوەستین، یەکەمیان ئەوەیە کە مەسەلەی وەرگرتنی کۆمەکی دارایی، ڕاستە لەمەدا پێویستە ڕێژەی کورسیەکانی هەر حیزبێکی سیاسی یان قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانەتیەك بکرێن بە بنەما لە شەرعیەت دان بەوەی کە مافی کۆمەك کردنی دارایی هەیە لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ڕێژەیەی کە وەری دەگرێت، بەڵام دیسانیش بە پێی ئەو واقعەی کە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە، ناکرێت تەنها ڕێژەی کورسیەکان بکرێت بە تاکە پێوەر، چونکە لە هەرێمی کوردستان دا لەبەر ئەوەی هاوپەیمانیەتت هەبووە پێش هەڵبژاردن، هەروەها لیستی داخراو بووە، بۆیە ڕێژەی کورسیەکان کە لە هاوپەیمانیەتی دا هاتوون بە ڕوونی دەری ناخات کە حەجمی ڕاستەقینەی حیزبە سیاسەکان، کە لە ڕێگای هاوپەیمانیەتیەوە هاتوون چەند کورسیە، دەبینین مەسەلەن چەند حیزبێك و فراکسیۆنێکمان هەیە لەوانەیە یەك ئەندام پەرلەمان و چەند حیزبێکیشمان هەبێت، ئایا ئەمە چۆن یەکلا دەکرێتەوە لە ئێستادا؟، بۆیە لە ئێستادا جەخت کردن لەوەی کە تەنها ڕێژەی کورسیەکان لە هەرێمی کوردستان بکرێت بە بنەما، بە رەئی من لەوەدا عەدالەتی ڕاستەقینە بۆ حیزبە سیاسیەکان لە مەسەلەی کۆمەك پێکردنی دارایی بەرجەستە نابێت، ئەمە دەبێت لە یاساکە لە داهاتوودا باش دیراسە بکرێت، خاڵێکی تر ئەوەیە کە چۆنیەتی وەرگرتنی، چۆنیەتی کارپێکردنی، چۆنیەتی بەدواداچوونی، چۆنیەتی لێ پرسینەوە، لەم کۆمەکە

داراییە پێویستە بە یاسا ڕێکبخرێت، چونکە حیزبی سیاسی تەنها ئەو حیزبە نیە کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکات و نەتیجە دەهێنێ، ژیانی سیاسیش کورت ناکرێتەوە تەنها بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن، ئایا حیزبێکی سیاسی ئەگەر بە گوێرەی یاسای حیزبە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان مەرجەکانی تێدا بوو، ئێمە گەیشتووینە ئەو قەناعەتەی ئەگەر لە دەورەیەك دا نەتیجەی نەهێنا بۆ ناو پەرلەمان مەرجەکانی حیزبی سیاسی لە دەست دەدات، لە نێوان دوو هەڵبژاردنیش دا حیزبی سیاسی چەندین مافی هەیە، هەروەها چەندێن ئەرکی تریشی لەسەر شانە، بۆیە لە مەسەلەی ئەم ئەرکانەشدا دەبینین پێویستە بە گوێرەی یاسای حیزبە سیاسیەکان، حیزبەکان خۆیان ڕێك بخەن ئەوجا هەوڵ بدرێت لە داهاتوو کۆمەکی داراییان پێ ببەخشرێت، بۆیە بە ڕەئی من وای دەبینم لە ئێستا دا تا ئەم یاسایە لە داهاتوو دا بە باشی ڕێك دەخرێت، پێوستە ئەوەی کە لە ماددەکەدا هاتووە پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی ڕۆشن لەم بڕگەیەی یاسایەدا، ئەوەی کە من بیبینم بە پێی ئەو بڕە پارەیەی کە دانــدراوە بۆ هاوکاری کردن و پشتیوانی کردنی پارتە سیاسیەکان، ئەمە خۆی هۆکارێکە کە ئەم پارەیەی کە سەرف دەکرێت ڕووبەڕووی چاودێری کردن و لێپرسینەوە ببێت، کە ئەمە خاڵێکی ئیجابیە، واتە ئەو میکانیزمەی کە سبەی پارتە سیاسەکان لەسەری پارەکە سەرف دەکەن هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی کە ئێمە بزانین چۆن بەدوایدا بچین، هەروەها بزانین پێوەرەکانی خۆیان بۆ هاوکاری کردن و خزمەتکردنی زەمینەی دیموکراسی تا چەندێك توانیویەتی ئەنجامەکان بێنێتە دی، تا ئەو کاتەی ئەم بڕگە یاسایە شێوازێك لە ناڕۆشنی تێدا بێت سەبارەت بە مەسەلەی ڕێکخراوەکان هەموو ئەندام پەرلەمانێك بە مافی خۆی دەزانێت کە لەلای بۆچوونێك دروست بێت کە مەبەست لە ڕێکخراوە سیاسیەکانە یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە، ئەگەر هەر کام لە ڕێکخراوەکان بێت ئەو کات من ئەو پرسیارەم دەبێت ئایا چەندێك لە کۆی گشتی ئەو بودجەیە داندراوە بۆ ڕێکخراوەکان؟ ئایا جارێکی تر بەشی شێری ئەم بودجەیە ڕووبەڕووی پارتە سیاسیەکان دەبێتەوە وبەشێکی کەمی ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکان دەبێتەوە، پێویست بوو ئەمە ڕوون بکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە تەعریفیش بکرێت کە ڕێکخراوەکان چیە؟، من پێشنیازێکم هەیە ئەو بڕە پارەیەی کە بە کۆی گشتی داندراوە بۆ پشتیوانی کردنی پارتە سیاسیەکان، پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا هەموو سەرفێکی کاتی ڕابگیردرێت تا ئەو کاتەی کە پەرلەمان تەسدیقی ئەوە دەکات کە پرۆژە یاسای پارتە سیاسیەکان و پرۆژە یاسای کاری ڕێکخراوەکانیش دەردەچێت و تەسدیق دەکرێت، تا ئەو کاتە هەموو سلفەیەکی کاتی بوەستێنرێت لەم بڕە پارەیە و سەرف نەکرێت، هەروەها لە هەمان کات پرسیارم ئەوە

دەبێت کە ئایا ئەو سولفەیەی کە تا ئێستا لەو بڕە پارەیە سەرف کراوە ئەو سلفانە دراوە بە کێ؟ بە چ شێوازێك سەرف کراوە؟ ئەوانەی سوومەند بوون لێی کێن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش پشتەڤانیا ماددەی 18 دکەم کە ئەڤ پارەیە هاتیە تەرخان کرن بۆ منح بۆ ئەحزابا، بەس ئەز پێشنیار دکەم کو دەست بێتەکرن بۆ دەرئێخستنا یاسایەك بۆ ئەحزابا بۆ هەندێ کە بێتە سەر سیستەمێك و ئالیەتێك بۆ بێتە دانان و هەریەك ئەو پشکێت کە بۆ هاتیە دان بێتە دەست نیشان کرن، هەتا کو کە یاسایەك بێتە دەرئێخستن، بەری نوکە چەوا پارە ئان منح بۆ ئەحزاب هاتیە سەرف کرن هەر ڤێ ڕەنگێ بێتە سەرف کرن، لڤێرێ دا ڕێکخراڤ گشتیا هاتیە کرن، ناڤێ ڕێکخراڤ چونکی لڤێ ماددەی میزانیە بۆ منحا ئەحزابایە، برەئیا من ڕێکخراڤێ سیاسی بێتە ئیزافە کرن، بۆ ئەو ئەحزابێت کە لە جەلسا ڕۆژێت پێنج شەمیش گەلێ برادەرا بەحسێ وێش کر، ئەو ئەحزابێ کو پشکدار بوون لە سەروبەرێ هەڵبژاردن، و نەشیایە کورسی بێنن بۆ پەرلەمانێ کوردستان، بە ڕەئیا من حسابێکیش بۆ وانیش بێتە کرن، بۆ هەندێ پرەنسیپێ دیموکراسیا لە وڵاتێ مە پتر بەرفراوان بت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من موقەدیمات هیچ باس ناکەم، پێویست ناکات، بەس بەنیسبەت ئەو پارەیە ئەو (90)ملیارەی کە دانراوە بۆ حزبەکان، حزبەکان و ڕێکخراوەکان تەبعەن پێویستە کیانی سیاسیشی تێدا بێت، لەبەر ئەوەی هەر حزبەکان و ڕێکخراوەکان نیە کە کورسیان هەیە، کیانی سیاسیش کورسی هەیە، یەکەم: بەنیسبەت حزبەکان من دوو ڕەئیم هەیە، یەکیان: ئەگەر بەپێیی کورسی دابەش بکرێت، من ئەوەم پێ باشە، ئەگەر نا پێم باشە بەپێیی ئەو دەنگانەی کەلایەنەکان یان ڕێکخراوەکان یان کیانە سیاسیەکان هێناوییانە، واتە بەپێیی دەنگەکان بێت، کە ئەوەش دەتواندرێ بەڕێژە دەربهێندرێت، ئەو کاتە ئەگەر بە دەنگدان بێت ئەو لایەنە سیاسیانەی ئێستا کورسیان نیە لە پەرلەمان ئەوانیشی تێدا مەغدور نابن، ئەگەر بەپێیی ژمارەی کورسیەکانیش بێت لە پەرلەمان، ئەوە لایەنە سیاسیەکان کە کورسیان نیە لە پەرلەمان، ئەوە نازانم بە چ شێوەیەك هاوکاری دەکرێن و پارەیان دەدرێتێ یان هاوکاری ناکرێن و پارەیان نادرێتێ، ئەمە بەنیسبەت حزبەکان، بە نیسبەت ڕێکخراوەکانیشەوە، ئەوان تەبعەن ئێمە نازانین حزبین یان حکومین، ئەگەر هەرکامیان بێت پێویستە ڕێکخراوەکان ئەگەر حزبینە و سەر بەهەر لایەنێك هەن، مافی ئەوەی نەبێت

پارەی بدرێتێ، یارمەتی بدرێتێ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوەی سەر بەلایەنێکە لە حزبەکەی خۆی وەری دەگرێت، حزبەکەی حسەی خۆی وەرگرتووە، بۆیە پێویستە حزبەکەی خۆی پارەی بداتێ یان یارمەتی بدات، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و یان سەنتەر و ئەو شتانەیە، ئەوە دیار بکرێت من پێم باشە ئەوە بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و سەنتەرەکان سەرف بکرێت، پێشم باشە کە ئەو پارەیە بێتە پەرلەمان بەسەرپەرشتی پەرلەمان لەپەرلەمان دەبێت یان نا؟ ئەوەیان نازانم، بۆیە من ڕەئی خۆمە کە وا دەڵێم، چونکە زۆر ڕێکخراو هەبووە، زۆر شوێن هەبووە، هەیە واسیتەی هەیەو هەیە مەسئولێك دەناسێت، وەزیرێك دەناسێت، نموونەشت پێ دەڵێم، تەبعەن مۆڵەتی دەدەنێ و یارمەتی دەدەن، بەس ئەوەی کەس نەناسێ ماڵی وێرانەو هیچی لۆ ناکرێت، بەنیسبەت ناوی کۆمەڵەکان ئەوە ناوی نەهاتووە، کۆمەڵەی خەیری هەیە، هی مرۆیی هەیە، ئەوانە ناویان لێرەدا نەهاتووە، پێویستە لەگەڵ ڕێکخراوەکان ئەو کۆمەڵانەش ناویان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (18) دیارە ئەم ماددەیە خۆی تەعریفی خۆی کردووە، بۆ پشتیوانی لە ئەحزاب و ڕێکخراوەکانە، ڕێکخراوەکانیش کە باسکرا هی سیاسین یان مەدەنین ئەوە هەرکامیان بێت، من پێم وایە لەپێناو بەرەو پێش بردنی ڕەوشی سیاسی کوردستان و پاڵپشتی کردنی ژیانی حزبایەتی وڕای جیاواز وموناف‌سەیەکی شەریفانە و سەربەخۆ لەکوردستان، وا پێویست دەکات حزبەکان بودجەیەکی دیاریکراویان هەبێت کە لەگەڵ قەوارەی حزبەکان گونجاو بێت و بەپێیی یاسا ڕێك بخرێت، بۆ ئەوەش پێویستە عەدالەت هەبێ لە تەوزیع کردن و دیاریکردنی حزبەکان، یەعنی حەقی حزبەکان، ئەوەش لەپێناو خزمەتی زیاتر و بەرەوپێش بردنی ڕەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان، دیارە حزبایەتی دیارییە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستیشە دەعم بکرێت بۆ ئەوەی ئەم حزبایەتیە برەوی پێ بدرێت و فرە حزبی دروست بێت و ڕەوشی سیاسی و بەرەوپێش چوونی سیاسیش بەوە پێش دەکەوێت، دیارە بڕیاری پەرلەمان کە پێشتر لەم پەرلەمانە بڕیارماندا، کە کەوادیری حزبی مووچەیان ببڕدرێت، بۆیە من پێم وایە ئەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە ئەو کەوادیرە حزبییانە کەلە حکومەت پێشتر پارەیان وەردەگرت، ئەگەر ببڕدرێت ئەرکەکە دەکەوێتە سەر حزبەکان خۆیان، چەند بەڕێزێکیش باسی ئەوەیان کرد کە حزبەکان خۆیان پارە پەیدا بکەن، من نازانم حزب پارە لەکوێ پەیدا دەکات، تەنها ئەبێت حکومەت پاڵپشتی بکات، ئەگەر نا ڕێگا بە حزب بدرێت لەهەر شوێنێك پارە پەیدا دەکات بیکات، ئەوە بەڕاستی شتێکی خراپە، نابێ بەو شێوەیە بێت، دوایش من پرسیارم هەیە لە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی ئایا لە ڕابردوودا ئەم بودجەیەی کە بۆ حزبەکان دیاریکراوە، ئەو پاڵپشتیەی کە بۆ حزبەکان دیارکراوە چەند بووە؟، چۆنیش تەوزیع کراوە؟،

چونکە بەڕاستی ئێمە تا ئەو میقدارە نەزانین کەچۆن بووەو چۆن تەوزیع کراوە، لەوانەیە ئێمە هەر بڕیارێك بدەین بڕیارێکی وەکو پێویست نەبێت، لەجێگای خۆیدا نەبێت، بۆیە من داوا دەکەم لەجەنابی وەزیر کە ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە ئەو میقدارە چەند بووە کە پێشتر دراوە؟، چۆنیش تەوزیع کراوە؟، ئەگەر وردیاتەکەشمان پێ نەڵێت بەلانی کەمەوە با میقدارەکەمان پێ بڵێت کەچەند بووە؟، دوایش ئەو میقدارەی کەدیاری دەکرێت بۆ حزبەکان من پێم باشە ئەوەی تێدا دیاری بکرێت کە پێویستە دیوانی چاودێری بەدواداچوون بکات، بۆچۆنیەتی سەرف کردنی ئەو پارەی کە دەدرێت بەحزبەکان و ڕێکخراوەکان، ئاخر شتم تەئیدی برای بەڕێزم کاك دکتۆر صباح دەکەم، بۆ ئەوەی کە لەو ماددەیەدا ڕێکخراوەکان و حزبەکان لەیەکتری جیا بکرێنەوە، چونکە ڕێکخراوەکان هەم تەفصیلی زیاد هەڵدەگرێت هەم پێویستە حزبەکانیش ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئەرسەلان، فەرموو.

**بەڕێز ئەرسەلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: بەپێیی ماددەی (18)کە حکومەت لە بودجەی خۆی ناردوویەتی بۆ پەرلەمان، ئەوان تەخمینی ئەوەیان کردووە، کە بڕێك پارە تەخصیص بکرێت بۆ حزبەکان، جا ئەوەی لەسەر ئێمە واجبە ئایا پەرلەمانی کوردستان موافقە لەسەر ئەو بڕە پارەیە دەکات یان نا؟، خاڵی دووەم: ئەو پارەیە بەکێ دەدرێت؟، چۆنیش دابەش دەکرێت؟، ئەوە ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە و تەقدیم کراوە، بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو بڕە پارەیە، ئەکرێ لەوێ ئێمە موناقەشەی تەفصیلات بکەین، کە بەکێ بدرێت؟، لەسەر چ ئەساسێك بێت، ئایا هی کورسی بێت یان هی دەنگ بێت، یان ئەوانەی کە تەنها لەناو پەرلەمانن بیانگرێتەوە، یان ئەوانی تریش بگرێتەوە؟، ئێمە لەکاتی پرۆژەکە موناقەشەی ئەوە دەکەین، ڕەئیەکی تریش هەیە، دەڵێت ئەصڵەن هەر نەدرێت، یەعنی یارمەتی حزبەکان نەدرێت، حزبەکان خۆیان مادام حزبن ئەبێ بۆ خۆیان تەئمینی بودجەی خۆیان بکەن، بۆیە ئەوەی لەسەر ئێمە واجبە لەم کۆبوونەوەیەدا، ئایا ئەو بڕە پارەی کە حکومەت دیاریکردووە موافقین لەسەری یان موافق نین لەسەری؟، تەفصیلاتەکەی، چۆنیەتی دابەشکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەکە، ئینجا چ حزبێك دەگرێتەوە ئەوەی کە دەڵێین لە 1/1 ی ئەو ساڵەی کە تێیدا دەیگرێتەوە، بێگومان ئەو حزبانە دەگرێتەوە کە ئیجازەی حزبیان هەیە، ئەوانەی کە ئیجازەیان وەرگرتووە، چونکە تۆ کە ئیجازەیەکت نەبێت لە حکومەت وەکو حزبێکی سیاسی ئەو یارمەتیە بتگرێتەوە، بۆیە تەفصیلاتی مەسەلەکان دەبێ هەڵی بگرین بۆ کاتی موناقەشە کردنی پرۆژەی یارمەتی دانی حزبەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، ئەگەر ڕوونکردنەوەت لەسەر موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەماددەکەدا هاتووە باسی ئیجرائاتی کاتی وتەسوییە دەکات، ئەمە خۆی لەخۆیدا مانای وایە ئەم پارەیە بە سولفە دەدرێت، سولفەش لە حساباتدا وەسیتە، هەتاکو سولفەکە تەسوییە نەکرێت نابێتە مەسرەفی نیهائی، جالەبەر ئەوە ئەم پارانە ئێستا ئەوەی لە حکومەتدا موناقەشە کراوە، ئەم پارانە بە سولفە دەدەرێت، هەر کاتێکیش یاسای حزبەکان دەرچوو، پارەی حزبەکانیش دیاریکرا، ئەو کاتە کەم وزیاد بەپێیی یاساکە تەسویە دەکرێت، باسی ڕێکخراوەکان دەکرێت، لە حەقیقەتدا بە نیسبەت ڕێکخراوەکان، ئەگەر فەصڵی چوارەم لە مینەحدا ببینین، کە دیارە لەویٚ ڕێکخراوی عیلمی و ڕێکخراوی سەقافی و ئەوانەی جیا کردۆتەوە، کە دێیینە سەر فەصڵی شەشەم، ئەبینین لەوێش ڕێکخراوی سیاسی و ئەحزابی تێدایە، جا ئەم فەقەرەیە پەیوەندی زیاتری هەیە بە فەصڵی چوارەمەوە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەویٚ ئاماژە بەخاڵێك بدەم کە سێ یاسا لە کوردستان هەیە، پەیوەستن بەو بابەتەی کە لەماددەی (18) گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، یەکەمیان: یاسای حزبەکان ژمارە(17)ی ساڵی 1993ی هەموارکراو، دووەمیان: یاسای کۆمەڵەی هەرێمی کوردستان ژمارە(18)ی ساڵی 1993، سێیەمیان: یاسای ڕێکخراوە نا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە(15)ی ساڵی 2001، لەم سێ یاسایەدا باسی ئەوە کراوە، یەکەم: لە ماددەی یەکەمی یاسای حزبەکان تەعریفی حزب کراوە، کە حزب چیە؟، دەڵێت حزب: ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە، لەیەکگرتنێکی ئیختیاری پێك دێت، لەنێوان کۆمەڵە کەسانێکی سروشتیدا، کەچەند بیروباوەڕ و ئامانجێکی هاوبەشی ڕاگەیاندراو لە پرۆگرامی حزبدا کۆیان دەکاتەوە، هەوڵ دەدەن بەرێ و شوێنی دیموکراتیانە بەدییان بهێنن، دووەم: لەیاسای کۆمەڵەی هەرێمی کوردستان تەعریفی کۆمەڵە کراوە، دەڵێت هەموو یانەو ڕێکخراوو یەکێتی و مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سەندیکا و دەزگای خێرخوازی، کۆمەڵە، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، سێیەم: لەیاسای ڕێکخراوە کوردستانیە نا حکومیەکانیش تەعریفی ڕێکخراو کراوە بەم شێوەیە: هەر ڕێکخراوێکی کوردستانی نا حکومی کە بەرژەوەندی گشتی بەهانا چوون و ئاوەدانکردنەوە و بژاری مرۆڤایەتی لەخۆ گرتبێ، ئەگەر هاتو تێبینی ماددەی (14)ی یاسای ئەحزاب بکەین دەبینین بەڕوون و ئاشکرا باسی ئەوە دەکات، کەوا مینحەی حزبەکان بەپێیی یاسایەك تەقدیر دەکرێت، کە لە پەرلەمانەوە دەردەکرێت، هەموو برایان و خوشکانی پەرلەمانیش ئاگایان لێیە، کە دوو پڕۆژەی یاسایی لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە

پێشکەش کراوە بۆ پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بودجەی ئەحزابەکان، هەردوو پرۆژە یاساکەش ئاراستەی حکومەت کراوە، لەبەر ئەوەی ئیلتیزاماتی مالی تێدا تا ڕەئی حکومەت وەربگیرێت، بەڵام تا ئێستا وەڵام لە حکومەتەوە نەگەڕاوەتەوە، کاتێ وەڵامی حکومەت بێتەوە، ئەو کاتە ئەو قسانەی لەپەرلەمان دەکرێت، دەتوانین بە تێرو تەسەلی قسەی لەسەر بکەین، نەك ئێستا لەیاسای بودجەدا موناقەشەی لەسەر بکەین، چونکە پەیوەستە بەقانونی بابەتی کە لەپەرلەمان موناقەشە دەکرێت، لەکاتی موناقەشە کردن لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بودجەی حزبەکان دەبێت، بەنیسبەت ئەو باسانەی کە کران و ئەو شتانە پێناسەیان کرا، کە ڕێکخراو چیە؟، تەبعەن ڕێکخراوی سیاسی لەکوردستاندا نیە، ئەوەی کە هەیە ئەو کۆمەڵانەن کە ئاماژەمان پێکردن لەماددە یاساییەکانی کۆمەڵەی کوردستانی دیاریکراون کە کێن؟، هەر بابەتێکیش لەو مەوزوعانە وابزانم ئێستا پێویست ناکات موناقەشەی لەسەر بکەین، کاتێ کە پڕۆژەکە بۆ پەرلەمان گەڕایەوە ئەو کاتە بە تێروتەسەلی موناقەشەی لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ ناوی نووسیبوو بەس لەبیرمان کرد، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە کە پێویستە ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە ئایا ئەم بڕە پارەیە یان بودجەیەی کە دیاریکراوە بۆ پشتیوانی کردن لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی ژیانی سیاسی و دیموکراسی لەکوردستان، بڕێکی پێویستە یان پێویستی بە زیاتر هەیە، یان کەم کردن هەیە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کە پڕۆژە یاسای دەعمی ئەحزاب و کیانی سیاسی لەکوردستان هێشتا دەرنەچووە، بۆیە بۆ تەخمین کردنی ئەم بڕە پارەی پێویستە قسەی لەسەر بکەین، موناقەشەی ئەوە بکەین کە چ پێوەرێکە، ستانداردە یان بووە بەنەریتێك لەئاستی دونیا بۆ پشتیوانی کردن لە هەر کیانێکی سیاسی یان حزبێکی سیاسی کە دەیەوێت هاوکاری بکرێت، من پێم وایە، دانانی کورسی یان ڕێژەی دەنگ، پێوەرێکی گرنگن لەوەی کە بۆ پشتیوانی کردنی حزب یان کیانی سیاسی لە کوردستان کە ئەمە بکەین بە پێوەرێك کارێکی باشە، بۆ مەسەلەی ڕێکخراوەکان کە برادەرانی یاسایی ڕوونیان کردەوە، کە مەبەست لە ڕێکخراوەکان چیە؟، کە ئێستا من پێم وایە زیاتر لە (1500) کۆمەڵەو ڕێکخراوی مەدەنی ودیموکراتی و پیشەیی هەیە، پێویستە ئێمە جیای بکەینەوە، یەعنی ئەم بڕە پارەیە جیا بکەینەوە بەتایبەتی کە بەڕاستی دەتوانم بڵێم، ئەگەر پێوەر بۆ پشتیوانی کردنی ڕێکخراوەکان دەعم کردنی ژیانی مەدەنیەت و پێشکەوتنی مافە پیشەییەکانی خەڵکی کوردستان بێت، زۆر ڕێکخراو ئێستا لەکوردستان، ڕێکخراوی مەدەنی هەر ژمارەن، ڕەنگە مەفتوعیەتی دانی پارە بەو ڕێکخراوانە یان ئەو بودجەیە جۆرێك لە گەندەڵی دروست کرد لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا، بۆیە من پێم وایە ئێمە مەرجێك دابنێین ئەوی مەرجێکە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرهەمی ئەو ڕێکخراوانە، ئەویش پڕۆپۆزەڵە،

یەعنی بۆ هەموو ڕێکخراوێك کە حکومەت دەیەوێت لە مینحە هاوکاری بکات، پێویستە پرۆپۆزەڵی هەبێت، نەك بەو مەفتوعیەتەی کە ڕێکخراوەکە چالاکی هەیە یان نیەتی، چونکە ئێستا ئێمە ڕاستە دوو یاسا هەیە لـە دەعـم کردنـی ڕێکخراوەکـان کۆمەڵـەکان، بـەڵام ئەگـەر ئـەم ڕێکخـراوە مـاوەی سـاڵێك چـالاکی نـەبێـت، ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت، تا ئێستا لە کوردستان نەمدیوە، یەك ڕێکخراو یان یەك کۆمەڵە ئیجرائاتی لەگەڵ کرابێ لەبەر ئـەوەی چـالاکی نیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەعمەکـەش وەردەگرێـت، جـاری وا هەیـە لـە وەزارەتـی ڕۆشنبیری وەری دەگرێت، جاری وا هەیە لەوەزارەتی ناوخۆ وەری دەگرێت، لەبەر ئەوە ئـەم جیاکردنەوەیـە زەروورەتێکی زۆر گرنگی هەیە، دیاریکردنی بڕی بودجەکەش گرنگی خۆی هەیە، بەس هـەر لـەو بودجـەی (90)ملیارە بێت کە ئێستا تەرخانکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس محمود حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ڕەئی شەخصی خۆم هەیە، ئەگەر جەنابت ڕێگام پێ بدەیت قسە بکەم، نەك وەك سەرۆکی لیژنەی دارایی، بەڵێ، لەڕاستیدا هاوڕێکانم هەندێ شـتیان هێنایـە کایـەوە، هـەر وەکـو بـەڕێز کاك ئەرسەلان و کاك عونی ڕوونیان کردەوە، بە چ پێوەرێك؟ یان ئەوسا چۆن بـووە؟، ئێسـتا چـۆنە؟، بـە چ شـێوەیەك دەبێـت؟، ئەمانـەیان هـەمووی ڕوون کـردەوە، بـە حەقیقـەت ئێمـەش چـاوەڕێی ئـەو یاسـایەین کەدەربچێت، تەنها لێرەدا ئـەو ماددەی یاسایییە، تەعامولـە لەگـەڵ هۆکـارێکی دیفاکتۆ کـە ئێسـتا هەیـە لـە هەرێمی کوردستان، چۆن ئەو حزبانە یان ئەو ڕێکخراوانە کە هەن پێشتر پارەیان بۆ سەرف کراوە، ئێستاش بۆیان سـەرف بکرێـت تـاکو ئـەو یاسـایە دەردەچێت، بـەڕای مـن بڕینـەوەی پـارە بـۆ حـزب و ڕێکخراوەکـان بەتایبەتی بۆ حزبەکان، ئەمە ڕەئی شەخصی خۆمە، ئەوە تەعمیقی حالەی حزبییە، واتـە قـوڵ کردنـەوەی حاڵەتی حزبییە، ئەمەش بەڕای من زیاتر دوورمان دەخاتەوە لە بە موئەسەسـە کردنـی دەوڵـەت کـەخۆمان ئەمانەوێت، لەلایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر حزب وڕێکخراومـان هەیـە، کـە نزیکـەی (25) حزبمـان هەیـە، زیـاتر لـە (200) ڕێکخراویشـمان هەیـە، ژمارەشمـان (5)ملیۆنـە، بـەڕای مـن هـەر وڵاتێکـی دیمـوقراتی کـە ئـەیبینین گەیشـتۆتە قۆنـاغێکی دیمـوقراتی زۆر بـە دەگمـەن، (4) حزبـی تێدایـە، لەبـەر ئـەوە بـەڕای مـن بڕینەوەی پارە بۆ نزیکەی (25) حزب و (200)ڕێکخراو، بۆ کۆمەڵگایەك کە خـۆی (5)ملیـۆن بێـت، ئـەوە لەڕاسـتیدا دروسـت بـوونی فـەوزای سیاسـیە وە شـڵەژاوی سیاسـی لـەو وڵاتـەدا ئەهێنێتـە ئـاراوە، هیـوادارم بڕینەوەی ئەو پارەیە نەبێت بە سەرچاوەیەك بۆ سەرچاوەکانی ژیان، چـونکە کـە حزبێـك دروسـت دەبێـت بۆ بەرژەوەندی خەڵك، یان کەسێك دەچێتە حزبێکـەوە بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەو کۆمەڵگایـە، نـابێ هاوبەشـی بکات لە بودجەکەیدا، ئەبێ کاری خۆی بکات، ئەو کاتە کە کاری خۆی دەکات، ئینجا وەکو تـەوعی یارمـەتی

ئەو کۆمەڵگایە بدات، بەڵام ئەگەر هاوبەشیت کرد لە بودجەکەدا مانای وایە ئەو کارەت ئەنجام داوە، زۆر مەوادی قانونی تر هەبوو، کە هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەکان دەچنە ناو ئیجرائاتەوە، بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی، لەڕاستیدا ئێمە سوڵتەی تەشریعین، چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەو ماددەیە دائەنێین، کەچوینە ناو ئیجرائاتەوە تەحویل دەبین بۆ سوڵتەی تەنفیزی مەعنای وایە دەست دەخەینە ناو ئیشەکانی حکومەتەوە، ئەو کاتە مەبدەئی فەصلی سولتات کە خۆمان دەمانەوێت وجودی نامێنێ، ئێمە چوارچێوەیەکی یاساییە دای دەنێین بۆ هەر حاڵەتێك، ئەو چوار چێوە یاساییە ڕێنمایی پێ دەردەکرێت لەلایەن دەوڵەتەوە، هەر کێشەیەك لەو ڕێنماییەدا دروست بوو بەرامبەر بەو ماددە یاساییە سوڵتەیەکی ترمان هەیە، سوڵتەی قەزائیمان هەیە، کە چارەسەری دەکات، لەبەر ئەوە زۆر لەماددەکانی تر زۆر جار بازمان دەدا بۆ ئیجرائات وڕێنمایی، ئەو دوانە لەچوارچێوەی ماددەی یاساییدا سوڵتەی تەنفیزی دەری دەکات، نەك سوڵتەی تەشریعی چونکە ئەگەر ئێمە بچینە ناو ئەو بابەتەوە واتە دەستمان خستە ناو ئیشی سوڵتەی تەنفیزییەوە، ئێمە لە ڕاستیدا هاریکارو چاودێرین بەسەر سوڵتەی تەنفیزییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله( بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پرسیارێکم ئاراستەی وەزیر کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، من وتم نیزامی نەك پرسیار کردن، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێیی پەیڕەوی ناوخۆ وابزانم زیاتر لە پەرلەمانتارێك، ئەگەر لەسەر پێشنیارێك تەسنیەیان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، هێشتا کاتی ئەوەش نەهاتووە، من ئەوەم هەمووی لەلای خۆم نووسیوە، هەرکاتێك هاتینە سەری ئەو کاتە، یەك، یەك بەسەریدا دەچین، ئەوەی دوو تا سێ کەس پشتیوانی لێ کردبێ دەیخەینە دەنگەوە، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت ئاماژە بەخاڵێك بکەم، کە برادەران ئیسارەیان کرد، عەجەبا ئەو پارانە کە سەرف دەکرێ، بەگۆترە سەرف دەکرێت؟ نەخێر هەر سێ یاساکە بەسەراحەت، ئاماژەی پێ دەدەن، لەوانە ماددەی (14) فەقەرەی سێ لە یاسای حزبەکان، دەڵێت( حساباتی حزب ملکەچ دەبێت، بۆ چاودێری دارایی لەهەرێمی

کوردستانی عێراقدا)، هەروەها ماددەی (10)ی یاسای کۆمەڵەکان دەڵێت( هەموو حساباتێکی کۆمەڵە دەکەوێتە بەر چاودێری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان)، هەروەها ماددەی(10) لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەڵێت( ڕێکخراو دارایی خۆی بە بودجەیەکی ساڵانە بەڕێوە دەبات، کە بەپێیی پەیڕەوی حسابکاری داراییە ڕەسمیەکان، ڕێکی دەخات، جێبەجێیی دەکات، هەموو حسابە حسابکارییەکەشی دەکەوێتە ژێر تەدقیق کردنی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك بیلال ئێستا پرسیارەکەت دووبارە بکەرەوە، بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر جوابت بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله( بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من لەجەنابی وەزیر ئەوە بوو ئایا ئەو بڕە پارەی کە دراوە بەڕێکخراو و حزبەکان لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا، بڕەکەی چەند بووە؟، چۆن تەوزیع کراوە؟، تەنها ژمارەکەیمان پێ بڵێت، بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاومان ڕوون بێت، ئەو (90)ملیارە زیادە یان کەمە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی جارێك ئەو پارانەی کە باس ئەکرێت هی چەند ساڵی پێش ئێستا، هەتاکو پێش ئێستاش کە وەزارەتی دارایی یەك بگرێتەوە، لەگەڵ وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، ڕەنگە ئەم حزبانە لە دوو جێگاش پارەیان وەرگرتبێ، لەجیاتی ئەوەی لە شوێنێك وەریان گرتبێ، هەمووشی وایە حەز دەکەم جەنابتان بزانن، لەبەر ئەوە بەڕاستی من ئێستا بڕێکی دیاریکراو لەلام نیە، کە کۆی بکەمەوە هی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی ، هی وەزارەتی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك زانا، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێیی قانونی حزبەکان لە ماددەی (4)دا وتراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوره، ئەوە نیزامی نیە، تکایە دانیشە، بەڕێزان ئێستا ئەوانەی کە موداخەلەیان کرد لە دانیشتنی پێشوو لەم دانیشتنەشدا، هەموویان تەواو قسەیان کرد، دەستتان خۆش بێت شتی باشتان ڕوونکردەوە، بەرچاوی هەموو ئەو بەڕێزانە ڕوون بوویەوە، هەندێ لە بەڕێزان داوایان کرد ئەو پارەیە نەدرێت هەتا یاساکە دەردەچێت، ئەوە یەکێکە لە پێشنیارەکان، هەندێکی تریان داوایان کرد، کە ڕێکخراوە سیاسیەکان ئیزافە بکرێت، بۆچوونی من وایە، ئەگەر هەڵە نەبم هەر لایەنێك حزبی بێت یان ڕێکخراو بێت، هی کۆمەڵگای مەدەنی بێت یان حزبی بێت ئیجازەی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتبێ دەیگرێتەوە، بەنیسبەت کیانی سیاسی، کە چەند ڕێزدارێك داوایان کرد ئەویش بگرێتەوە، ئێستا ئەم پرسیارە بۆ جەنابی وەزیرە، ئایا کیانی سیاسی ئەگرێتەوە یان ئیجازەیان لە حکومەت وەرگرت، ئینجا ئەیانگرێتەوە، یان چۆنە حەزدەکەین ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە، پێشنیارێکی تر، ئەگەر ئەمە وەکو سولفەیە، یان وەکو ئەوەی بە سولفە ئەدرێت، هەتا قانونی ئەحزاب دەردەچێت، کە یاساکە دەرچوو ئەو کاتە حەق و حسابیان لەگەڵ دەکرێت، مەرجێکیش بۆ ڕێکخراوەکان دابندرێت کە برادەرێك ئاماژەی پێدا، زۆریش ڕاستە هەر ڕێکخراوێك کە ڕێکخراوی هەبوو لەماڵەوە بخەوێ و ئیش نەکات و یارمەتیش وەربگرێت ئەمە ناکرێت، ئەبێ پرۆپۆزەڵی هەبێت پرۆژەی هەبێت، ئەوەش حەقێکی تەبیعیە، ئێستا جەنابی وەزیر تکایە جوابی پرسیارەکان بدەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەکەوە کە هاتووە، ئەڵێت( یخصص مبلغ(90)ملیار دینار لدعم الاحزاب والمنظمات)لێرەدا باسی کیانی نەکردووە، بەڵام ئەو کاتەی کە قانونی ئەحزاب دەربچێت ئەو کاتە ئەحزاب و کیاناتیشی لەگەڵدا دەبێت، ئەو کاتە خۆتان دەزانن، لەپەرلەمانەوە هەموو ماددەیەکیش پەرلەمان بۆی هەیە دەستکاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا مەبدەئیەن یەك شت دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا ئەو بۆچوونانەی کە هات بۆ ئەم پارەیە ڕابگیرێت یان نا تا یاسای ئەحزاب دەردەچێت، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە موخالەفەی قانونە، چونکە قانونێك ماوە کە تەنزیمی ئەو حاڵەتانە دەکات، قانونەکەش بە وازحی ئیشارەتی داوە، کە ئەو پارەیە چۆن سەرف دەکرێت، ئەگەر ئێمە ئەوە ڕابگرین مانای وایە کێشەیەکی گەورە لە کۆمەڵگای کوردستانی خەڵق دەکەین، ئەو ڕێکخراوانە هەموویان لەکار ڕادەوەستن، ئەوە شتێکی خەتەرناکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، نەخێر خەتەرناك نیە، چونكە بەیاسا ئەو شتانە نەدراوە پێش ئێستا، پێوەری دیار نەبووە، ئێستا پێشنیارێك هەیە دەڵێت رایگرن هەتا یاسای ئەحزاب دەردەچێت، ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ڕابگیرێت تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (24) كەس لەگەڵە رابگیرێت، كێ لەگەڵە كە بدرێتن، دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ دەدرێت، ئیتر هیچ شتێكی تر نەما، ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، مەسەلەن رێكخراوەكان، هەر رێكخراوێك ئیجازەی هەبێتن، كیانی سیاسی ئەگەر لە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیجازەكەی سبەی دەربچێتن ئەویش دەگرێتەوە، بە سولفە ئەدرێتن، رێكخراوەكان بەگوێرەی پرۆژەكان زائیدەن ئیزافە بكرێتە سەر یاسایەكە كێ لەگەڵ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ ماددەكە وەكو خۆی لە پرۆژەكە هاتووە ئیزافەی ئەوە بكرێت لەگەڵ رێكخراوەكان بەپێی پرۆژەكانی تر تەقدیم دەكەن، ئەگەر رێكخراوێك پرۆژەی هەبێت، تكایە كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (65) كەس لەگەڵدایە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، برۆ بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة العشرون:**

**تقوم وزارة المالية والاقتصاد الالتزام ب:-**

**1 - رصد مبلغ قدره (350)فقط**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ببوورە كاك عەونی كاك عومەر نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو ئیعتیبارەی كەمن یەكەم كەس بووم قسەم كرد ڕۆژی پێنج شەممە، (16)كەس لەم بەڕێزانە داوای جیاكردنەوەی فەقەرەی حزب و ڕێكخراوەكانیان كرد، ئەوەتان نەخستە دەنگدانەوە، جەنابت وتت لە پێشنیارەكاندا دەیخەمە دەنگەوە، كەچی نەتانخست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ڕێكخراو وحزب ئەوەی ئیجازەی هەیە لە هەرێمی كوردستان ڕوونم كردەوە، هەر لایەنێك ئیجازەی ڕەسمی لە حكومەتی هەرێم هەیە، ئەوە وەری دەگرێت، ئیتر بۆ جیایی بكەینەوە، ئەوە شتێكی زۆر شكلیە، رجائەن دانیشە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة عشرة:**

**تقوم وزارة المالية والاقتصاد الالتزام بـ:**

1- رصد مبلغ قدره (350) فقط (ثلاثمائة وخمسون مليار دينار) لاغراض دعم مشاريع صندوق الاسكان.

2- رصد مبلغ قدره (30) فقط (ثلاثون مليار دينار) لدعم مشاريع المصرف الصناعي.

3- استمرار الوزارة بتأمين القرض العقاري للمواطنين حسب الضوابط والتعليمات المرعية.

4- تقوم وزارة المالية والاقتصاد بدعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي ويعزز بمبلغ (50) مليار دينار.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆزدەم:

وەزارەتی دارایی وئابووری خۆی دەبەستێتەوە بە:

1 - تەرخان کردنی گوژمەیەك کە بڕەکەی (350) تەنیا سێ سەدو پەنجا ملیار دینارە بۆ مەبەستەکانی پشتگیریی پرۆژەکانی سندوقی نیشتەجێ کردن.

2 - تەرخان کردنی گوژمەیەك کە بڕەکەی (30) تەنیا (سی ملیار دینارە) بۆ پشتگیریی پرۆژەکانی بانکی پیشەسازیی.

3 - بەردەوام بوونی وەزارەت بە دابین کردنی قەرزی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان بەپێی بەرزەفتکاریی ورێنمایی کارپێکراو.

4 - وەزارەتی دارایی وئابووری پشتگیریی پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ دەکات لەڕێگەی بانکی کشتوکاڵییەوەو بەگوژمەی (50) ملیار دینار پشت ئەستوور دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی داوا دەکەن و پێشنیاریان کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بمايلي:

1- رصد مبلغ قدره (250 ) مائتان وخمسون مليار دينار لأغراض دعم مشاريع صندوق الأسكان.

2- رصد مبلغ قدره (30) ثلاثون مليار دينار لدعم مشاريع المصرف الصناعي.

3- رصد مبلغ قدره (50) خمسون مليار دينار لتعزيز القرض العقاري للمواطنين في الاقليم وزيادة مبلغ القرض الى (15) خمسة عشرة مليون دينار للمحافظات والاقضية والنواحي و (12) واثنى عشرة مليون دينار للقرى.

4- استمرار الوزارة في تأمين القرض العقاري للمواطنين حسب الضوابط والتعليمات المرعية.

5- رصد مبلغ قدره (50) خمسون مليار دينار لدعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.

6- رصد مبلغ قدره (50) خمسون مليار دينار لدعم المنهاج الاستثماري لوزارة الزراعة والموارد المائية.

سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و یەك بووە ماددەی نۆزدە، ئەوەی کە پێشنیار کراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

وەزارەتی دارایی و ئابووری بەم ئیشانەی خوارەوە پابەند دەبێت:-

1- بڕی (250 ) دوو سەدو پەنجا ملیار دینار بۆ پشتگیری پرۆژەکانی سندوقی نیشتەجێ بوون.

2- بڕی (30 ) سی ملیار دینار بۆ بەهێزکردنی پرۆژەکانی بانکی پیشەسازی.

3- دانانی بڕی (50) ملیار دینار بۆ پاڵپشتی قەرزی خانووبەرەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، زیاد کردنی قەرزی خانووبەرە بۆ (15) پازدە ملیۆن دینار بۆ شارو قەزاو ناحیەکان، بڕی (12) دوازدە ملیۆن دینار بۆ لادێیەکان.

4- بەردەوام بوونی وەزارەت لە دابینکردنی قەرزی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیان، بەپێی یاساو ڕێسا.

5- بڕی (50) پەنجا ملیار دینار بۆ بەهێزکردنی پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگای بانکی کشتوکاڵی.

6- بڕی (50) پەنجا ملیار دینار بۆ پاڵپشتی وەبەرهێنانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر روون کردنەوەت هەیە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پێشتریش لەگەڵ لیژنەی یاسایی و دارایی ئەو مەوزوعەمان باس کردووەو لاریمان لەسەر ئەو مەوزوعە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن ناویان دەنووسین، تکایە ئێمە شتێکمان ئیشارە کرد، بۆ ئەوەی هەر بەڕێزێك ناوی خۆی دەڵێت لە پرۆتۆکۆل تەسجیل بێت، دوایی گازاندەمان لێ دەکەن دەڵێن بۆ ناوی ئێمەتان نەنووسیوە، ئینجا تکایە لە جەنابتەوە ناوی خۆت بڵێ، دوایی دێینەوە سەر ئەو بەڕێزانە، کوێستان خان لە جەنابتەوە ئەگەر بڵێیت، ئەم بەڕێزانەی کە ناویان نووسراوە، ئێستا دەخوێنمەوە (کوێستان خان، بورهان رەشید، ئیسماعیل سەعید، دڵشاد شەهاب، هاژە سلێمان، شێردڵ تەحسین، دکتۆر ئەحمەد وەرتێ، فازل حەسەن، بەفرین خان، بلال سلێمان، حمە سەعید، حەسەن محەمەد، سیوەیل خان،

عەزیمە خان، عبداللە ملا نوری، سەرهەنگ فەرەج، رزگار محمد، شوان کریم، شلێر محمد، سمیرە عبداللە، زەکیە صالح، ثائر عبدالاحد، بەیان احمد، دکتۆر صباح، سمیر سەلیم، نەریمان عبداللە، کاردۆ محمد، کاروان صالح، ڤیان خان، گۆران ئازاد، قادر، فازل بەشارەتی، عومەر هەورامی، عومەر نورەدینی، عیماد، شەونم محمد، هاوڕاز خۆشناو، ئامینە زکری، دکتۆر بەشیر)، کەس هەیە ناوی نەنووسرا بێت؟ (نەسرین جەمال)، کوێستان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە بڕی یەك، من لەگەڵ ئەوەمە وەك ئەو پرۆژەیە بێت، کە لە حکومەتەوە هاتووە، هەر سێ سەدو پەنجا ملیار دینار بێت کەم نەکرێتەوەو، پێشنیار دەکەم بڕگەی سێ بێتە جێی بڕگەی دوو کە بەردەوام بوونی دابین کردنی قەرزی خانووبەرەیە، بەو شێوەیە زیاد بکرێت، چونکە هەموومان دەزانین بڕەکەی زۆر کەمە، بۆ قەزاو ناحیەو گوندیش بێت هەمان بڕیش بێت، ئێمە ئەگەر دەمانەوێت گرنگی بە قەزاو ناحیەکان بدەین، دەمانەوێت گوندەکان ئاوەدان بکەینەوە، پێویستە هەمان بڕ کە بۆ قەرزی خانووبەرە بۆ خانوویەکی شار دادەنرێت، بۆ قەزاو ناحیەو گوندەکانیش وەك یەك بێت، تا کەی بیر لەوە نەکەینەوە، ئێمە گوندی هاوچەرخ و گوندی پێشکەوتوو دروست بکەین، بۆ دەبێت ئەو قەرزە هی گوندێك کەمتر بێت لەوەی کە دەدەیت بە خانوویەکی شار، بۆ بیر لەوە نەکەینەوە خانووەکەی گوندیش خانووێك بێت کە ژیانی تیایدا ببردرێتە سەر، خانوویەك بێت کە وا بێت خەڵك بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی، بۆیە پێشنیار دەکەم قەرزەکە بەردەوام بێت و زیاد بکرێت، بۆ شارو قەزاو ناحیەو گوند بێت، هەرسێکی و هەمووشی یەك بڕ بێت.

سەبارەت بە بڕگەی دوو و چوار، ئەمە هەردووکی زۆر جێی تێڕامان و جێگەی سەرسووڕمانە، کە ئەم دوو بڕە پارەی دانراوە دوو بڕی زۆر کەمە، بۆ پشتگیری پرۆژەی بانکی پیشەسازی دەکات، نە کەرتی کشتوکاڵ دەبووژێنێتەوە، بۆیە ئەوە پێویستی بە پیا داچوونەوە هەیە، ئێمە ئەگەر دەمانەوێت پشتگیری ئەو دوو کەرتە بکەین، دەبێت زۆر لەوە زیاتر هاوکاری بکرێت، من پێموایە هیچ خزمەتێك بەو دوو کەرتە ناکات، هیچ ئەو دوو کەرتە ناباتە پێشەوە ئەو دوو بڕە کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بورهان رەشید فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوێوە دەست پێ دەکەم لە چۆنیەتی دانانی ئەو مەبلەغەوە، تەبعەن من وەکو رەئی شەخصی خۆم بەبێ هیچ تەعلیقێك، من کەسێکم لە ئۆپۆزسیۆندا ئیش دەکەم، ئەمڕۆ لە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەماندام، بەلاّم لەکاتی ئەم ماوەی رابردوودا کە گوێم لە وەسائیلی ئیعلام بوو، دەیگوت ئەمساڵ ساڵی صناعەت و زراعەتە،

بەڕاستی زۆر دڵم پێ خۆش بوو، بەلآم ئەمەی کە ئێستا تەقدیم کراوە وا نییە، بەڕێزان بەس بۆ دەعمی صناعەتی خەفیفە، نەك بۆ موتەوەست و سەقیلە، ئەمساڵ روسیای ئیتیحادی حەوت ملیارو نیو دۆلاری تەخصیص کردووە، یەعنی دەکرێت ئێمە سێ سەدو پەنجا بۆ مەشاریعی سندوقی ئیسکان بێت، لەملاوە بێت پەنجا ملیۆن بۆ دەعمی مەشاریعی قیتاعی زراعی بێت، من ڕەئیم وایە بەڕاستی نەك سێ سەدو پەنجا ملیار دینار، بەڕەئی من سەد ملیاریش کیفایەتە، ئەو پارەیە بخرێتە سەر ئەوانی تر، بخرێتە سەر صناعەت و زراعەتەکە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی زراعەت و صناعەت لەم وڵاتە وێرانە، هەموو شتێك لە میوەوە تاوەکو هەموو کەلوپەلێکی تر، بڕۆ دوکانێك بەس صاحێبەکەی کوردە، هەر لە بەقاڵەوە تا دەگاتە صناعات بە سەراحەت، ئێستا صینیشیان هێناوە لە سلێمانی، بەڕاستی ئەمە حەقە پێداچوونەوە بەم ماددەیە بکرێت، من داوا لە لیژنەی داراییش دەکەم لە بەڕێزیشتان، بەڕاستی ئەو سێ سەدو پەنجا ملیار دینارە من بەچاوی گومانەوە سەیری دەکەم، ئەو کۆمپانیا زەخمانە من هەست دەکەم لەگەڵ ڕێزم خەڵکێکی تری لە پشتەوە بێت، ئەگینا بۆ قەرزی عەقاری بە خەڵك بۆ نادرێت؟ با ئەو دوازدە ملیۆنە بکرێت بە بیست و پێنج ملیۆن، بەڕاستی من ڕەئیم وایە هەم بۆ دەعمی صناعی و زراعی ئەو پارەیە زیاد بکرێت، ئەوەی لە سندوقی ئیسکان ئەو پارەیە کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی یەك بەپێی یاسایەکە ئەوەی هاتووە سێ سەدو پەنجا ملیار دینار بۆ سندوقی ئیسکان، گومانی تیا نییە لەم وڵاتە کێشەی ئیسکان هەیە، ئەوە کێشەیەکە بەڕاستی کاریگەری لەسەر هەموو ژیان هەیە، دیارە ئەوە ئێمە لە مانگی چوار داین ئەم بودجەیەش بۆ ساڵێك هاتووە، یەعنی چوار مانگ لە ساڵەکە ڕۆیشتووە، من پشتیوانی ڕەئیەکەی لیژنەی دارایی دەکەم کە کردوویەتی بە دوو سەدو پەنجا ملیار دینار، چونکە لە حەقیقەتدا سێ سەدو پەنجا ملیار دینار بۆ هەشت مانگ وەفر دروست دەکات، وەفریش بەپێی زانستی ئابووری وەفر لە سەدا یەکە لە عەجز، یەعنی (الزائد کالناقص)، لێرەدا سەد ملیار بە قەناعەتی من وەفر دەمێنێتەوە، وەفریش باش نییە بەپێی زانستی ئابووری، لەکاتێکدا ئێمە لە شوێنی تر پێویستمان بەم پارەیە هەیە، بۆیە من بەڕاستی دەقاودەق پشتیوانی ڕەئیەکەی دارایی دەکەم، ئەم سەد ملیارە بە ڕەئی من هەم بۆ کەرتی کشتوکاڵی و بۆ کەرتی پیشەسازی زۆر گرنگن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دڵشاد شەهاب فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی باس لە خاڵەکان بکەم، ئەم خاڵە لە رووی مەبلەغەوە مەبلەغێکی زۆر قورسی تێدایە بە بەراورد لەگەڵ هەموو ماددەو برگەکانی تر، من پێموایە گفتوگۆیەکی زۆر هەڵدەگرێت و هیوادارم نەفستان تۆزێك درێژ بێت لەگەڵ ئەم موناقەشەیە، چونکە من پێموایە زۆر لایەنی تێدایە، پێویستە حکومەت بۆ ئێمە روون بکاتەوە.

گومان لەوەدا نییە تەشخیص کردنی ئەم کێشەو دانانی لە ئەولەویاتی کاری حکومەتە بۆ چارەسەر کردنی گرفتی نیشتەجێ بوون، کارێکی زۆر زەرورەو هەنگاوێکی زۆر چاکە، چونکە کێشەیەکی سەرەکییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، من پێموایە ئەم برە پارەیە پێشی هەموو شت پرسیارێکم هەیە، کە دەگوترێت لە وەزارەتی مالیە ئایا ئەم پارەیە لەو برە پارەیەی کەوا لە بودجەی تەشغیلی کە لەبەر دەستی وەزارەتی مالیەیە تەرخان دەکرێت و هەیەو مەجودە ئەم پارەیە دەخرێتە حیسابێکەوەو مومکین نییە دەستکاری بکرێت پاشی موصادەقە، واتا ئەم پارەیە لە رووی سیولەوە جیا کراوەتەوەو جیا دەکرێتەوە بۆ ساڵی دارایی ئەمساڵ، واتا لە میزانیەی 2010دا، ئەوە پێویستە روون بکرێتەوە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەمە تەرخان کرا بێت و لە بودجەی تەشغیلیدا بێت، بەڵکو زانیارییەکەی من نوقصان بێت، ئایا باش نییە ئەم پارەیە لە حیسابی ئیستیسماری بێت؟ چونکە یەکێکە لە کارە خزمەتگوزارییەکان و مەنفەعەتی گشتییە لەوەی کە تەشغیلی بێت و مەعەمەلی پارەی تەشغیلی لەگەڵدا بکرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەمە یەکلایی کرایەوەو کە ئەم پارەیە مەوجودە لە حیسابی میزانیەی وەزارەتی مالیەدا لەبەردەستەو لە سیولەکەشدا هەیە، من تەئیدی ئەو گوتنەی کاك ئیسماعیل دەکەم لەسەر ئەوەی کە من پێموایە ئەم برە پارەیە گەلێك زۆرەو، مومکین نییە نزیکەی سێ سەد ملیۆن دۆلار لە خیلالی یەك ساڵدا ئەم پارەیە تەرجومە بکرێت و بکرێتە کارو، یاخود کاری پێ بکرێت لە خیلالی ئەم سەنەی مالیدا، بۆیە لەم حاڵەتەدا من پێشنیار دەکەم دوو سەد ملیار بمێنێت بۆ ئەم سندوقی نیشتەجێ کردنەو، سەد ملیار لەم برە پارەیە بخرێتە سەر خاڵی سێیەم کە قەرزی عەقارییە، چونکە قەرزی عەقاریش کە زیاد بکرێت برەکەی بە دوو بری جیاوازی بیست ملیۆن لەگەڵ پازدە ملیۆن، ئەویش ئەسبابی خۆی هەیە، گومان لەوەدا نییە ئەم پرۆژە گەورانە کە کەرتی تایبەت دەیکات، یاخود حکومەت دەیکات، کە هێشتا لایەنەکەی وازیح نییە، دەبێت ئەمەشمان بۆ روون بکرێتەوە، زۆرتری بۆچوونەکان، یاخود ئەوەی کە چاوەروان دەکرێت و بەپێی تەجروبەی رابردووش ئەم پرۆژە زەخمانە عادەتەن لە مەرکەزی شارەکان، یاخود لە قەزا گەورەکان کراوە، واتا قەزا بچووکەکان لەگەڵ ناحیەکان، لەگەڵ گوندەکان چاوەروان دەکرێت کەمتر موستەسمرین رووی تێ بکات و ئەم پرۆژە زەخمانەی تێدا، یاخود ئەم پرۆژە وەبەرهێنانەی تێدا ئەنجام بدرێت، بۆیە زیاد کردنی سولفەی عەقاری وەکو هاوسەنگیەك رادەگرێت لە بەینی ئەوەی کە ئەگەر هاتو تەرکیزی ئەو پرۆژانە زیاتر لەسەر مەرکەزی شارە گەورەکانیش بوو گوندو ناحیەکان و هەندێکیش لە قەزایەکان ئەوەی بۆ تەعویز بکرێتەوەو لەوێدا ئەمە ببینەوە، لە حاڵەتێك ئەگەر ئەم پارەیە دوو سەد بە سەد بە پەنجایەکەی تریش، من پێموایە لە گفتوگۆیەکانی رابردوودا بۆمان دەرکەوت کەوا پرۆژەکانی نەك سندوقی زراعی، پرۆژەکانی بواری کشتوکاڵ

زۆر کـەم بـوون، یـاخود نزیکـەی دەگمـەن بـوون، بـەڵام ئەوەنـدە لەمێـژە موناقەشـەمان کـردووە، خەریکـە پرۆژەکە یەعنی گفتوگۆیەکانی ئەوەلیمان لەبیر دەچێتەوە، کاتی خۆی لە راگەیاندنـەکانیش و لـەناو هـۆڵی پەرلەمانیشدا زۆر گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا، کە پرۆژەی بواری کشتوکاڵی زۆر کەمن لە حاڵەتێکدا کـە ئێمـە ئەمساڵ، یاخود پرۆگرامێك هەبووە، کە گرنگیـەکی زۆری بـە کـەرتی کشـتوکاڵ بـدرێت، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکەم پەنجا ملیار لەو سێ سەدو پـەنجا ملیـارە، دوو سـەدی لـە شـوێنی خـۆی بمێنێـت، سـەدی بـۆ سـندوقی عەقاری بێت، پەنجاشی بۆ پرۆژەی کشتوکاڵی بێت، نـەك بـۆ سـندوقی قـەرزی کشـتوکاڵی، وەکـو ئـەوەی کـە لێرەدا بۆ زیاد کردنی سندوقەکە بێت، بـەڵکو پـرۆژەی وەبـەرهێنان بێـت لـەبواری کشـتوکاڵ، چـونکە ئـەو پرۆژانەی کە لەبواری کشتوکاڵی و ئاودێریشدا هاتوون زۆربەی پرۆژەی ئاودێرین، لێـرەدا مەسـەلەیەکی تـر هەیـە، یـاخود خـاڵێکی گـرنگ هەیـە کـە پێویسـتە بـەڕێزان وەزیرانـی حکومـەت بـۆ ئێمـە روون بکەنـەوە، شێوازی کار پێ کردنی ئەم مەبلەغە پارەیە چۆنە؟ ئێمە راهاتووین لەسەر شتێك، یـاخود کۆمـەڵگا بـە عـام ئەم پرۆژەیە لە ساڵانی رابردوودا هەبووە، لە هەرێمی کوردستاندا دروست کردنی یەکـەی نیشـتەجێ بـوون بەشێوازێکی بەرفراوان، کە ژمارەکان پێویست ناکات دووپاتی بکەمەوە، من بە رەئی شەخصی خۆم پێموایە پرۆژەیـەکی نـاجح بـووەو کاریگەریشـی هـەبووە، تـا رادەیـەکیش تەئسـیری لەسـەر ئاینـدەی گـەنج، لەسـەر پێکهێنانی خێزان، لەسەر کەم بوونەوەی گرفتی نیشتەجێ بوون، لەسەر کەم بوونەوەی کـرێ، نرخـی کـرێ لەناو شارەکاندا کردووە، ئەمە بۆ ئێمە وازیحەو خەڵکیش لەسەر ئـەوە راهـاتووە، کـە ئەمـە ئـەم شـێوازەیە، پرسیار لێرەدا لە حکومەت ئەوەیە ئایا ئەم مەبلەغەی کەوا دوای پەسـند کـردن تـەرخان دەکرێـت بـۆ ئـەم بوارە، هەمان شێوازی پێشووترە، کە پێشووتر لە پەرلەمانیشـدا باسـی لێـوە کـراوەو خـەڵکیش لەسـەری لـێ راهاتووەو زانیاری لەسەر هەیە؟ یاخود شێوازێکی تر پیادە دەکرێت؟ چونکە مومکین نییە ئێمە بە دێرێـك لەسەر سێ سەد ملیۆن دۆلار موافەقەت بکەین بەبێ ئەوەی تەفاسیلەکەی بزانین ئەمە چۆن دەکرێت؟ کـێ دەیکـات؟ مەرجـەکانی چـین؟ ئەمانـە مـن دەزانم بـەپێی تـەعلیمات رێـك دەخـرێن، بـەڵام ئەگـەر شـێوازی پێشووترە کە حکومەت بەردەوامی لەسەر دەدات، ئەوە بۆ ئێمە روون بکرێتەوە، من لەو حاڵەتـەدا تەئیـدی دەکەم، کەوا پەسند بێت و ئەم مەبلەغەی بۆ تەرخان بکرێت و پیادە بکرێت، ئەگەر شێوازێکی تازەیە؟ من پێشنیار دەکەم تاوەکو تەعلیماتـەکان و شـێوازی پیـادە کردنـی و چـۆنیەتی پـێ هەڵسـتانی لەبـەینی کـەرتی تایبەت و حکومەتدا، چونکە چەندین تەفسیر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ببوورن دەزانم درێژەم پێدا، بەڵام لەسـەرەتادا ئامـاژەم پـێ کـرد مەبلـەغێکی زۆرە دەبێـت قسـەی لەسـەر بکـەین، چـەندین تەفسـیر بـۆ ئـەو مەسەلەیە کراوە لە تەرخان کردنی ئەم مەبلەغە؟ ئایـا هـەمان ئـەو سـندوقی نیشـتەجێ بوونـە ئـەوەی بـە تەعلیماتی پێشووترە؟ ئایا لـە شـێوازی پێشـووترە وەکـو قـەرزی بانکـەکان و قـەرز لـە بانـك وەردەگیرێـت و بانکەکان بەم کـارە هەڵدەسـتن؟ ئایـا موسـتەسمرین پێـی هەڵدەسـتن؟ تەنانـەت هەنـدێك شـت تەسروبیشـی کردووە لە راگەیاندنەکان گوایە لـە 10٪ی ئـەم مەبلەغـە لـە خـەڵك خـۆش دەبـن، یـەعنی دەبێتـە مینحـە، ئەگـەر مـن بـە هەڵـە دانەچـووبم لـە لیژنـەی ئاوەدانکردنـەوە کاتێـك کـەوا بەڕێوەبـەری گشـتی دەسـتەی

وەبەرهەمهێنان هاتە لای ئێمە، گوتی یەکێك لە خاڵەکانی ئێمە ئەوەیە ئێمـە لـە 10٪ی مەبلەغەکـە بـەبێ وەرگرتنەوە لە هاووڵاتیان خۆش دەبین، ئەمانە هەمووی پرسیارن، بەڕاستی ئەگـەر شـێوازێکی تازەیـە، مـن پێشنیار دەکەم تاوەکو ئـەو ڕێنماییانـە بەشـێوازێکی روون و ئاشـکرا بـۆ پەرلـەمان نەگەڕێنـەوەو پەرلـەمان موصادەقە، یاخود عیلمی پێ نەبێت، ئەم پرۆژەیە نەچێتە بـواری جـێ بـەجێ کردنـەوە، چونکە پێویسـتە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەگەریش درێـژە پێدانـە بـە هـەمان شـێوازی پێشـووتر کـە مـەعلوم بـووە لـە لای پەرلەمان و لای هاووڵاتیانیش، ئەوە من بەش بەحاڵی خۆم پێشنیارم ئەوەیە کە ڕەزامەندی لەسەر بکرێـت و بەو شێوازەی کە هەیە بڕوات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبارەی بڕگەی یەکەم لەماددەی نۆزدەم تـەرخان کردنـی گوژمەیـەك کـە بڕەکـەی سـێ سـەدو پـەنجا ملیـار دینارە، بەپێی ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی بکرێتە دوو سەدو پەنجا ملیار دینار، لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی ئـەو پرۆژانــەی کــە لەلایــەن موســتەسمرەکانەوە جــێ بــەجێ دەکــرێن، زۆربــەی جــار ئــەو پرۆژانــە زۆر کـەموکوڕییان تێدایـە هـەر بـۆ نموونـە ئێسـتا ئێمـە کـە لـە شـوقەکانی نازسـتی نیشـتەجێین دەبیـنین زۆر کەموکوڕتیان تێدایە، دەبێت ئەوە چاودێری بکرێت بەڕاسـتی لەلایـەن حکومەتـەوە، ئـەو قـەرزە زۆرەی کـە پێیان دەدرێت دەبێت پرۆژەکانیش بەباشی جێ بەجێ بکرێن، ئەو سەد ملیار دینارەی کە لێرە دەمێنێتەوە دابنرێت بۆ دروست کردن و بووژاندنەوەی کارگەکان لە کوردستاندا، بەڕاستی بەپێی زانیارییـەکان نزیکـەی دوو سەد کارگە لە کوردستان داخراوە، ئێمە دەبێت کار بۆ ئەو بکەین، کە ئەو کارگانـە ببووژێنـەوە، لەبـەر ئەوە کێشـەی زۆر گـرنگ لێـرە چارەسـەر دەکات، یەکـەمیان/ ئەوەیـە کـە خـەڵکێکی زۆر بـێ کـار هەیـە لـە کوردستان ئیش لەو کارگانە دەکەن.

دووەمیش/ ئەوەیە کە زۆربەی ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی وڵات دێن زۆربەی جار ئەو شتانە ئیکسپایەرن، بەڕاستی شتەکان زۆر خراپن، کە دەگەنە ئێرە، ئەگـەر لەکوردسـتان ئـەو شـتانە دروسـت بکرێـت و کارگـەی خۆمان هەبێت، یەعنی مەحەلی بێت، ئەوە دەتوانرێت سەیتەرەی لەسەر بکرێت، دەربارەی بڕگەی سـێیەم، بەڕاستی ئەو مەبلەغەی بۆ قەرزی خانووبەرە وەکو ئەوەی کـە لـە پێشـنیارەکەی لیژنـەی یاسـایی و دارایـی هات بوو، زۆر باشە بکرێت بە پازدە ملیـۆن و دوازدە ملیـۆن، هـەروەها لـە بـەرزەفتکاری و ڕێنماییـەکان کـە کاری پێ دەکرێت، ئەوانە زیاد بکرێت ئەو زەویانەی کە سەد مەترن، چونکە بەڕاستی ئەو زەویانە کە سـەد مەترن تا ئێستا لەکوردستان قەرزی خانووبەرە نایانگرێتەوە، زۆربەی خەڵك هەیـە ئیمکانیـەتی زۆر کەمـە ناتوانێت دوو سەد مەتر زەوی بکڕێت، تەنیا سەد مەتر دەتوانێت بۆ خۆی دابین بکات، بۆیە من پێم باشـە ئەو قەرزە ئەو سەد مەتریانەش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شێردڵ فەرمووو.

**بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من تەقریبەن زۆری كرا، بەس لێرەدا یەك، دوو خاڵی بچووكم هەیە لەسەری قسە بكەم، یەكەم/ تەرخان كردنی ئەو بڕە پارەیەی كە سێ سەدو پەنجا ملیار دینارە، وەكو برام تەئیدی كاك دڵشاد دەكەم، كە لە بیروبۆچوونەكانی، منیش هەر ئەو بیرو بۆچوونانەم هەیە، ئەو پارەیە چۆن سەرف دەكرێت؟ ئایا وەكو پێشتر سەرف دەكرێت؟ یان تەعلیماتی تری پێ دردێت؟ ئێمە دەبێت وەكو كاك دڵشاد گوتی لەسەر تەعلیماتەكان كار بكەین.

دووەم/ بۆ دروست كردنی ژێرخانی وەرزشی، ئێمە لە هیچ ئەوەكان ژێرخانی وەرزشی پارەی بۆ تەخصیص نەكراوە، بۆیە داوا دەكەم یەك لە فەقەرەكان زیاد بكرێت بۆ ژێرخانی وەرزشی بۆ دروست بكرێتن لە كوردستان، لەبەر ئەوەی ئێستا هەموو جیهان رووی لە كوردستان كردووە بۆ وەرزش، خاسەتەن ئەو فەترەی ئەخیری بتولاتی ئاسیەوی هەمووی دێتەوە كوردستان، بۆیە حەز دەكەم پارەیەكی باش سەد ملیارێك تەرخان بكرێت بۆ دروست كردنی ژێرخانی وەرزشی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر ئەحمەد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی جێگەی دەستخۆشییە كە ئەو پارەیە تەخصیص كراوە بۆ قەرزی خانووبەرە، هەروەها بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون، بەلاَم ئەو بڕەی كە دیاری كراوە بۆ قەرزی خانووبەرە، بڕێكی كەمە، من پێشنیار دەكەم ئەگەر وەكو ئەوەی حكومەتی ئیتیحادیشی لێ نەكرێت بەلایەنی كەم لەوەش زیاتر بێت كە هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی دیاریان كردووە لە پازدە ملیۆن، من پێم باشە لە بیست ملیۆن كەمتر نەبێت، ئەو سەد ملیارەی كەم كراوەتەوە لە سەدو پەنجا ملیارەوە بۆ دوو سەدو پەنجا ملیار دینار، ئەمە بخرێتە سەر قەرزی خانووبەرەو بڕەكەی زیاد بكرێت، بۆ شارو قەزاو ناحیەكان و گوندەكان هەمووی وەكو یەك بێت بەبێ جیاوازی، من پێموایە لە هەندێك رووەوە گوندەكان زۆر زۆر پێویستڕن بە حوكمی ئەوەی ئەو گوندو دێهاتانە وێران كراون لەلایەن رژێمی بەعسەوە، ئەگەر بمانەوێت ئاوەدانیان بكەینەوە پێویستی بەوەیە كە زیاتر گرنگیان پێ بدرێت و ئەهمیەتی زیاتریان هەیە بەڕاستی، ئەمەش وا دەكات ئەوانیش وەكو شارو شارۆچكەكان و قەزاو ناحیەكان وەكو یەك سوودمەند بن، یەعنی ئەو بڕەی كە دیاری دەكرێت بۆ قەرزی خانووبەرە جیاوازی نەكرێت لەگەڵ گوندەكان، قەزاو ناحیەكان و شارەكان لەگەڵ گوندەكان وەكو یەك بن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك كێشەی تاپۆ هەیە لە هەندێك لە گوندەكان، بەتایبەتی هەندێك لەو گوندانەی

یان ئەو شارەدێیانەی کە تازە بوونە ناحیە، بەهۆی بوونی کێشەی تاپۆ ناتوانن سوودمەند بن لە قەرزی خانووبەرە، پێویستە ئەمەش بەڕاستی لەلایەن حکومەتەوە چارەسەر بکرێت، هەروەها مەسەلەی کێشەی ئەو سەد مەتری و سەدو پەنجا مەتری ئەوانەی کە هاژە خان ئاماژەی پێدا، ئەوانە پێویستیان بە چارەسەر هەیە، بۆ ئەوەی کە هەموو هاوولاتیان بتوانن سوودمەند بن لە قەرزی خانووبەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فازل فەرموو.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو مەبلەغەی کە بۆ پشتگیری پرۆژەی سندوقی نیشتەجێ بوون، دیارە ئەوەی تا ئێستا کراوە زیاتر لە ڕێگای کۆمپانیاکان بووە، ئەوەش بەڕاستی هەم هەموو خەڵك نەیتوانیوە تێدا بەشدار بێت، یەعنی بەشێوەیەکی یەکسان ئاسان نەبووە، یان ئەو کاریگەریەی نەبووە لەسەر کرێی خانوو و شوێنی نیشتەجێ بوون بە تەواوەتی دابین بکرێت، یەعنی خەڵك سوودی لێ وەربگرێت بەو شێوەیە، مەبلەغەکەش زۆرە، بەڕاستی دەکرێت ئەو پارەیە لەگەڵ سولفەی عەقار بێت، یەعنی هاوولاتی بتوانێت وەریبگرێت، بەتایبەتی ئەو بڕەی کە لێی خۆش دەبن، یەعنی زیاتر لەوە سوودمەند دەبێت، دەکرێتن نەك ئەوەی کە ئێستا کۆمپانیاکان هەتا خراپ بەکارهێنانیش هەیە، ئەوەی خەڵك زیاتر چ وەریگرتووە، بابڵێین ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ دەکات، جار هەیە لە ساڵێك و دوو ساڵیش تێدەپەڕی، سەبارەت بە دەعمی کەرتی پیشە سازی و کشتوکاڵیش ئەوە زۆر زۆر کەمە، خوشکان و برایان باسیان کرد، سەبارەت بە مەوزوعی سولفەی عەقار، من پێشنیار دەکەم 15 ملیۆنەکە بکرێتە 20 ملیۆن، لەبەر ئەوەی ئێستاکە بەراستی ئەشیا و مەواد و شت زۆر گران بووە، هەتا هەڵگرتنی ئەو 2٪ کاتی خۆی کە هەبوو، ئەمە ئەرکی خەڵکەکەی زیاتر گران کرد، بە تایبەتی کە زەوی زۆر گران بووە، بۆیە ئەو 9 ملیۆن و ئەو 12 ملیۆنەی کە هەیە زۆر سوودی لێ وەرناگیری، 15 ملیۆنیش هەر کەمە، بکرێتە 20 ملیۆن، ئەو جیاوازیەی نێوان گوند و شاریش نەمینێ، چونکە زۆر جاران گواستنەوەی کەل و پەل لەو شوێنەی کە هەیە، بە تایبەتی کە لە ناوەندی شارەکان هەیە بۆ گوندەکان تەکلیفی زیاترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەفرین .فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەمی ماددەکە، دابین کردنی قەرزی خانوو و بەرە بۆ هاووڵاتیان، پێم وابێ هەموو کەسێك حەز دەکات کە ژیانێکی شایستەی هەبێت، حەز دەکات لە کرێ نشینی و بێ خانوویی رزگاری ببێت، بۆیە پێم باشە کە ئەو فەرق و جودایەی نێوان دانیشتوانی گوند و شار و قەزا و پارێزگا و ناحیەکان نەمێنێت، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو بڕەی کە دیاری کراوە و ئێستا کە ئەدرێت، رێژەیەکی زۆر کەمە، ئەگەر بێت و فەرق و جیاوازی بکەین دەبینین کە مەوادی بیناسازی چەند گرانە و نەتوانرێ بەو بڕە پارەیە دابین بکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەم کە بڕەکە زیاد بکرێ بە جۆرێك کە بتوانرێت ژیانێکی شایستە دابین بکەن بۆ خۆیان لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، لە هەنگاوێکی بوێرانە دەبینین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەی 2٪ قەرزی خانوو بەرەی هەڵگرت، بەڵام پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا دانانی ئەو رسوماتەی ئێستا لەسەر قەرزی خانووبەرە مانای چیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە قسەکانی من کرا، بە تایبەتی بەڕێز کاك دڵشاد دەستی خۆش بێ، ئەوەی کە من دەمەوێ بیڵێم، دیارە ئەو بڕە پارەیەی کە پشتگیری پڕۆژەکانی نیشتەجێکردن 350 ملیارە زۆر زۆرە، من پێشنیار دەکەم کە بکرێتە 100 ملیار، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان، ئێمە لە مانگی چوار داینە، وەکو کاك اسماعیل باسی کرد کە مودەیەکی زۆر رۆیشتووە و دیارە دوای ئەوەش چەند مانگێك لەوانەیە ئەوجا ئەو بودجەیە بکەوێتە سەر سکەی خۆی، وەکو پێویست ئیشەکانی خۆی بکات، لەو ماوەیەشدا دەتوانێ هەر ئەو بڕە سەرف بکات پێم وایە و لە لایەکی دیکەش ئەو شێوازەی ئیش کردنە نەیتوانیوە وەکو پێویست جوابی هاووڵاتیان بداتەوە بۆ کەم و کوڕییەکانیان و ئەوانەی کە کرێ نشینن بتوانن لە کرێ نشین دەرباز ببن و بتوانن ئیستیفادەی وەکو پێویست لەو پرۆژەیە بکەن، بۆیە من پێپێشنیار دەکەم کە بکرێتە 100 ملیار، لە 350 ملیار کەم بکرێتەوە بۆ 100 ملیار، سەبارەت بە بڕگەی دووەمی ماددەکەش، زیادکردنی قەرزی خانووبەرە بە بڕی، من پێشنیار دەکەم بکرێت بە 25 ملیۆن دینار بۆ شار و شارۆچکەکان، چونکە بەڕاستی ئەم بڕەش زۆر کەمە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ دروستکردنی خانوویەکی موناسیب، هەر کەسێك بیەوێ خانوویەك دروست بکات، بە تەئکید پێویستی بەو بڕە دەبێت کە بەلای کەمەکەی، ئەو کەسانەش بە تایبەتی ئەو پارانە وەردەگرن کە ئیمکانیەتی ماددیان زەعیفە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەمە بکرێ بە 25 ملیۆن دینار و شێوازێکی گونجاویش دیاری بکرێ بۆ ئەوەی لادێکانیش ئەم قەرزی خانوو بەرە بیانگرێتەوە بە بڕی 12 ملیۆن دینار، سەبارەت بە بڕگەی سێیەمیش، بەردەوام بوونی قەرزی خانووبەرە، سولفەی عەقار، دیارە من بۆ ئەوەش پێشنیار دەکەم کە زەوی 100 مەتری بگرێتەوە، چونکە ئەوانەی کە زەوی 100 مەتریان هەیە، ئەوانەش دیسان بۆیە ئەیانەوێ لە ئەرزێکی 100 مەتری خانوو دروست بکەن

که ئیمکانیەتی ماددیان زەعیفە و توانای مادديان نیە، بۆ نموونە، من پێشنیار دەکەم ئەوانیش هەمان ئـەو قانونە بیانگرێتەوە، ئەو سولفە عەقارە شمولیان بکات و بتوانن ئیستیفادە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار محمد سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەم ماددەیە ئەهمیەت و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بە تایبەتی باسی چەند مەسەلەیەکی گرنگ ئەکات، مەسەلەی قـەیرانی نیشتەجێبوون و مەسـەلەی پێشەسازی و کشتوکاڵ و بووژاندنـەوەی ژێرخـانی ئـابووری، بەراسـتی بـە نیسـبەت دەعمـی صـندوقی نیشـتەجێبوونەوە، ئێمـە لەگـەڵ بەڕێوەبـەری گشـتی وەبـەرهێنانی سـلێمانی و مـودیر عـام وەکـو کـاك دڵشـاد باسـی کـرد، نـەورۆز خـان، وەبـەرهێنانی هـەولێر دانیشتین، هەندێك گفتوگۆمان لەگەڵیان کرد وەکو لێژنەی ئاوەدانکردنەوە، مولاحەزە و تێبینی خۆمان وت لەسەر ئەو مەبلەغە کە زۆرە بۆ خانووەکان، لە رووی فەنی و کوالیتیەوە بەراستی خانووەکان وەکو بڵێی لە خوار وەسەتەن، ئەو بڕە پارەیەی کە هاووڵاتی ئەیبژێرێتـەوە ئـەرکێکی زۆر قـورس دروسـت دەکـات لەسـەر هـاووڵاتی و تەفاصـیلێکی تـرە نامـەوێ کـات بگـرم، زۆر موناقەشـەمان کـرد، بەراسـتی ئـەو سـندوقی نیشتەجێبوونە من لەگەڵ ڕێزمدا، کەمتر هاووڵاتی سوودی لێ دەبێنێ ئەوەندەی کۆمپانیا و خەڵکانێکی تـر و وەبەرهێنان و ئەوانە و دەوڵەمەندەکان ئیستیفادەی لێ دەکەن، بۆیە من پێم باشە بەو ئاقارە بـڕۆین کـە ئێمە هاوسەنگی دروست بکەین کە ماوەی چەند ساڵە ئـەم سـندوقی نیشـتەجێبوونە کـار دەکـات و شـوقە و خانوو دروست دەکات، هاووڵاتی زۆر کەم ئەتوانێت، چونکە دەبێ دوو قەرز بداتەوە، قەرزێکی حکومەت کە پێشتر ئەیدات و قەرزی وەبەرهێنەکە، بۆیە پێم باشە بەو ئاقارە بیبەین کە ئەم مەبلەغـە کـەم بکەینـەوە، ئیتر 100 ملیار بێ، 150 ملیار بێ موشکیلە نیە کەمی بکەینەوە، گرنگی بدەین بە عەقار و گەشە بە ئەو بوارە بدەین، بۆیە من داوا ئەکەم کە بڕی عەقارەکە بکرێ بە 500 ملیار، ئەو تەخصیصە کـەمتر نـەبێ و قەرزیش لە بەغدا، لـە عـیراق 30 ملیۆنـە ئەیـدەن بـە هـاووڵاتی، ئێمـە ئەگـەر وەکـو ئـەوان نـەبین بـا زۆر فەرقمان لەگەڵ ئەوان نەبێ، بـەلای کـەم 25 ملیـۆن بـێ، فـەرقی گونـد و شـارو شارۆچکە و قـەزا و ناحیـە نەکرێ، چونکە هەر یەکیان لە رووەکەوە باری گرانە، مەسەلەن لە لادێ نیە کەرستەی نەقل و ئەوانە، ئـەو پارەی کە زیاد دەرئەچێ کاتێك کە کـەمی دەکەینـەوە لـە 350 بـۆ 100 یـان 150، دابـەش بکـرێ بەسـەر کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی پیشەسازی و پرۆژەکانی وەربەهێنانی کشتوکاڵدا بەڕێـژەی یەکسان، یـەعنی ئـەو بڕەی کە کەممان کردەوە بەڕێژەیەکی یەکسان دابەش بکرێ دوای ئەوەی کە 100 ملیارەکەمان تەخصـیص کرد بۆ عەقارەکە و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوورە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك، دوو پرسیارم هەیە و دواییش تەعقیبێك، بە نیسبەتی پرسیاری یەکەم، ئەم پارە لە کوێی قانونی بودجەیە؟، چونکە بەراستی ئەگەر سەیری نەفەقاتی ئیستیسماری بکەین دەبینین هەموو پارەکە لەوێ سەرف کراوە، کەواتە ئەم 350 ملیارە لە کوێ جێی کراوەتەوە؟، دووەم، بە نیسبەت ئالیەتی بانکی ئیستیسماری یان سندوقی ئیستیسمار، قانونێکی هەیە لە کوردستان یان هەر عەفەویەن هاتووە کە باسی سندوقی ئیستیسمار دەکرێ؟، سێیەم بەرەئی من پێویستە یاسایەك دابنرێ لە کوردستان بۆ رێکخستنی مەسەلەی سندوقی ئیستیسماری، خاڵێکی تر کە دەمەوێ باسی بکەم، بەراستی حکومەت لە ئەولەویەتی زیاتر دەبێ قەرزی خانوو بەرە بێت، ئینجا مەسەلەی سندوقی ئیستیسماری، بۆیە منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم کە قەرزی خانوو بەرە زیاد بکرێ تا 100 ملیار، خاڵێکی تر ئەوەیە کە هەوڵ بدەین لێژنەی موحافەزاتیش ئاگایان لەو مەوزوعە بێت بۆ ئەوەی بتوانن جێگا و رێگا وایە، تا ئەرازی تەخصیص بکەن مەسەلەی ئەو خانووانەی کە دروست دەکرێ، حەقیقەت بە نیسبەتی صندوقی ئیستیسماری، ئەگەر سەیری بکەین هەندێك ئیجابیاتی موتلەقی هەیە و هەندێك ئیجابیاتیشی هەیە کە بە تەحەفوزەوە، ئیجابیاتی موتلەقی دیارە کە حەلی ئەزمەی سەکەن دەکات، سیاسەتی بڵاوکردنەوەی شار و کەم کردنەوەی تەزەخومی سوکانی و خزمەتگوزاری لە زەمەنێکی مەحدود دا و چاککردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری شەریکات و تەوفیری فورەصی عەمەل و هەروەها کەمکردنەوەی وەسائیلی نەقلی خاص، واتە تەشجیع کردنی وەسائیلی نەقلی عام ئەگەر بێت و شار گەورە بوو، تەسبیتکردنی خەڵك و دانیشتووان لە مەوقعێك، ئەمە زیاتر ئەمان و عیلاقاتی ئیجتیماعی و ئیقتیصادی باش دەکات، بەڵام هەندێ تەحەفوزات کە پێویستە هەبێ، ئەویش ئەوەیە: یەکەم: دەبێ هەوڵ بدەین ئەم عەمەلیەیە تەشجیعی خەڵك نەکات لە هیجرە لە گوندەوە بۆ شار، دووەم: ئەو قازانجەی کە دەکرێ قازانجێکی مەعقول بێ، چونکە ئەگەر بە شێوەی شار واتا بە شێوەی مەجامیع خانوو دروست بکەین، بێگومان قازانجەکانی دەبێ کەمتر لەوەی کە یەك خانوو دروست بکەین، سێیەم: هەوڵ بدەین شەریکاتی ئەجنەبی و وەتەنی لە هەمان کاتدا تەشجیع بکرێ، پێویستە ئیستیغلالێکی باشی ئەو مەسەلەیەش بکرێ، ئەویش ئیستغلالەکان لە رووی جوگرافیەوە بەراستی بە هۆی ئەوەی کەوا ئیستیفادە بکەین لە نیشاتی تیجاری و هەروەها تەوازونی عیلاقاتی وەتەنی هەبێ بۆ باش کردنی ئەو عیلاقەی صیحە وتەندروستی و جەماعەتی ئیجتیماعی، خزمەتگوزاری ئاو بۆ ئەو شوێنانە بچێ و هەروەها موکافەحەی تەزەخوم بکەین، لە راستیدا من بۆیە بەو پێشنیارە دەردەچم کە پێویستە یەکەم، مەبلەغی 100 ملیار لەم پارەیە تەخصیص بکرێ بۆ قەرزی خانوو بەرە، دووەم، ئەمە بە یاسا رێك بخرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من پێشنیارێکم هەیە، ئەم خەڵکێ باهدینا دگەل پرۆتۆکۆلی مە ئاریشەیەك هەیە، گەلەك جاڕ ئەم دئاخفین دیماهیێ گازی مەتکەن بێژن دێ وەرن بۆ مە جارەکادی دووبارە تەرجومە کرنەوە، بۆچی؟، ئەز لێرە پێشنیار دکەم، جەنابی سەیدایەك یان خانمێك دانێتن دگەل پرۆتۆکۆلی بۆ نفیسینا هەواڵ خیندن ئەمر کەن، ژ بەر چەندێ، چونکە مەوزوع گەلەك گرینگە و پەرلەمانا تێ دێ د عالەمێ سێ زماناو چوار زمانا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرە مەوزوعەکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتێ ئاکینجی بوونێ، بابەتەکی گرنگە و ئاریشەکە، ئەلعیراق تە هایتی و هەتا هەنوکەشێ هەولێر تێنەدان بۆ چارەکردنا ئەڤێ ئاریشان، کوردستانیش وەك پارچەکی ژ عیراقێ ئەڤێ ئاریشانێ ئەڤێ گرت، ئەڤ پێشنیاریت هاتین و ئەڤ کو ئەڤ پارانەی بیتە تەرخان کرن، هەتا حەدیکی دێشێتن، چارەکردنا کێشەی کە تەمبەلێ هەمی کێشێ چارەسەر ناکات، برادەرا مە ئاخر مە گرن، ئەز پشتگیریا کاك دڵشادێ دکەم، داخوازکری 250 ملیار ببنە 200 ملیار و ئەو 5 ملیارەی تر بچێتە سەر قەرزی عەقاری، پارێزگا و قەزا و ناحیە ژ ڤیرێ وەك یەك لێ بێن، چونکە ئەڤ بەرێ خەڵکێکی بەرنە گوندا و ناحیە و قەزا، نەکو بەرو ڤاژی، بەس بەریا بریارێ هەندێ بێتە جێبەجێ کرن، پێدڤیا ئەم کێشە و گرفتێ تەسویە ئەردائی گەلێ بەلەدیاتێ بکاتە مەی تە پارێزگا دهۆکێ گەلەك کێشە و گرفتی دکەین، هەر چەندە پارێزگاها دهۆکێ گەلێ هەوڵێ داین حەتا بۆ نموونە المجمعات السکنیە، لە هەوڵێ داین کو ئەو موجەمەعە تەملیك بکەن و بدەنە خەڵکێك هەتا بێ کێشە و رازی بوون نەهاتیە سەر بابێ، دیسان ئەز پشتیڤانی کاك دڵشادی دکەم، دیسانەکە دت هەمان شێوە بێت، هەمان سیستەمە، یان ژ هەندێ بیر و بۆچوون و تەعلیماتی دیتر هەنە، پێش ئەڤ خاڵە بێتە بەردەنگدانێ و پەسەندکرنێ، پێدڤیا ئەوانە بچێت بزانن هەروەسا جەنابی وەزیری حازر بوو، ئەز وەختی خۆیدا ئەڤ پرسیارێك ژ کردبوو، ئەرێ سەرچاوێ ئەڤێ پارەی چیە؟ ئایا قەرزە؟ یان ڤینەکی حیکمەتی دابین کرن، هەندێ جوابێ مە نەدابوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار سیوەیل فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت خاڵی یەکەم تەرخانکردنی گوژمەی 350 ملیار، کرایتە 250 ملیار زۆر باشە، دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی دەکەم، بەڵام ئەو 100 ملیارە پێم باش بوو بخرێتە سەر قەرزی خانوو بەرە، بە نیسبەت قەرزی خانووبەرەش، پێم باش بوو فەرق و جیاوازی نەبێ، ئەگەر زیاد بکرێ بڕەکە، نەك 15 ملیۆن، چونکە 15 ملیۆن بەشی هیچ ناکات، بڕەکە زیاد بکرێ، 20 تا 25 ملیۆن بێت، فەرق و جیاوازیش نەبێ لە نێوان شار و گوند و دێ، لەبەر ئەوەی نەموونەیەك بێنێن، ئەگەر یەك قەلاب قوم و چەگل بێ بۆ خەڵکی شارەکەی لەوانەیە بە 100 هەزار دینار بێ، بەس ئەگەر بچێتە ناحیە و قەزا و گوندەکە بە 150 هەزار بۆی دێ، مەعنای ئەوەی خەڵکی قەزا و ناحیە و گوندەکان زیاتر پارە سەرف دەکەن، بە تایبەت لە گەیاندنی کەل و پەلەکان بۆیان، فەرق و جیاوازی نەبێ، زۆر پێم باشە، بە نیسبەت ئەو پێشنیارەی هاژە خان کردی، 100 م دووجا، خاوەنی 100 مەتر دووجا قەرزی خانوو بەرە بیگریتەوە، ئەوە باشە، تەبعەن ئەو نەفەرە پێی خۆشە 200 مەتری هەبێ و 100 مەتری هەبێ و ئەیکاتە حەدیقە دوایی چەند قاتی دەکات، جا لەبەر ئەوەی ئەزمەی سەکەن نەمێنیت، 100 مەتریەکیە نا عیلاجیە بیدرێتێ، زۆر پێمان باشە، بە نیسبەت ئالیەتی سەرف کردنی پارەکە، کاك دڵشاد زۆر باسی کرد، ئالیەتەکە چۆن بێ و چۆن نەبێ، بە نیسبەت ئەو گوژمە پارەیەی تەرخان کراوە، ئێمە دوو شێوە بودجەمان هەیە، تەشغیلیمان هەیە و وەبەرهەمهێنان، ئیستیسماریمان هەیە، تەشغیلی ئەوە دەزانین مووچەیە و لەگەڵ مینەح و ئیعاناتە، ئیستیسماریش ئەوە زانیمان ئەو بودجەیە بۆ مەشاریعە، بەس ئەو بڕە پارەیەی کە داندراوە نازانین لە کام بودجەیە، ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی بۆمان روون بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار عظیمة فەرمووو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم، تەرخان کردنی گوژمە پارەیەکە کە 350 ملیار دینارە بە مەبەستی پشتگیری پرۆژەکانی سندوقی نیشتەجێ کردن، من پێم وایە ئەم خاڵە، ئەو 250 جێی خۆیەتی، بەڵام با قەرزی درێژ خایەن بێت بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتی بتوانێ سوودێ لێ وەربگرێ، خاڵی دووەم: تەرخان کردنی گوژمەیەك کە بڕەکەی 30 ملیار دینارە بۆ پشتگیری پرۆژەکانی بانکی پیشەسازی، من پێم وایە کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2010دا، ئەبوایە زۆر زیاتر، گوژمە پارەیەکی زۆرلەو پارانەی کە 30 ملیار دینار بۆ کەرتی پیشەسازی، بانکی پیشەسازی و هەروەها 50 ملیار بۆ کەرتی کشتوکاڵی، ئەم دوو خاڵە، ئەم دوو بوارە جیاوازە دەبوایە گرنگی زۆر زیاتری پێ بدرابایە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ لە کوردستاندا کەرتی کشتوکاڵی و بووژاندنەوەی لادێیەکان و هەروەها ئەو پێداویستیانەی کە لە کەرتی کشتوکاڵی ئەبێتە هۆی ئەوەی کە لادێیەکانیش ئاوەدان بنەوە و کەرتی کشتوکاڵیش لە کوردستاندا بەرەو پێش بچێ، لە هەمان کاتدا کەرتی پیشەسازی، ئێمە ئەتوانین بە پێدانی

بڕی پارەیەکی زۆرتر لەوە، کەرتی پیشەسازی ببووژێتەوە و هەروەها خەڵکێکی زۆریش لەو بێکاریەی کە لە کوردستان هەیە سوودی لێ وەربگیرێت، خاڵێکی تر کە خاڵی سێیەم، بەردەوام بوونی وەزارەت بە دابین کردنی قەرزی خانوو بۆ هاووڵاتیان، من پێم وایە ئەم خاڵە زۆر باشە، بەڵام ئەو بڕە پارەی کە دانراوە بکرێ بە 15 ملیۆن دینار، هەموو شارەکان، پارێزگاکان و قەزا و ناحیە و لادێیەکانیش بە هەمان گوژمە پارەیان بدرێتێ، بەڵام یەك خاڵی تر لەم قەرزی خانووبەرەیە، بۆ کەس و کاری شەهید و ئەنفال و کەم ئەندامەکان، ئەو لە 2٪ی سووەی کە لە پێشتر وەریان گرتووە، من پێم وایە لەو حالەتەدا حکومەت ئەو پارەیەی بگەڕدرێتەوە، چونکە ئەوانەی کە پێشتر سوودمەند بووینە لە 2٪ شمولیان کردووە، ئەبێ بدرێتەوە، ئەگەر حکومەت ئەو بڕە پارەیە لە کەس و کاری شەهید و ئەنفال و کەم ئەندامەکان خۆش بێ وەکو هاوکارییەکی ماددی و مەعنەوی، جێی دەستخۆشیە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانم کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من سەبارەت بە بڕگەی 3 و 4ی ماددەکەیە، سەبارەت بە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی، بە رەئی من لە دونیادا پەرلەمان ناتوانێ تەصدیقی بودجە بکات، ئەگەر لەباری ئابووری وڵات دیراسەتی نەکردبێ، لەبەر چاوی روون نەبێ، ئەگەر ورد بینەوە ئێمە لە حاڵی ئەو فیتاعە لە کوردستان تێئەگەین کە لە هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی لە فەیرانێکی گەروە ئەژین، بەرچاوی هەمووومان روونە کە لە ئێستادا ئەم دوو کەرتە چەند ئیزافەیان هەیە بۆ سەر ئابووری هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەك کە لە مەجالی کشتوکاڵیدا ئێمە هەموو پێداویستیەکانمان تەقریبەن هەموویان لە دەرەوە بۆمان دێ، لە کەرتی پیشەسازیشدا من جگە لە مەعمەلی ئاو لە کوردستاندا، من نازانم ئەگەر مەعمەلێکی دیکە هەبێ، خۆی ئەمە فەیرانە، دیارە هەر هەوڵێك بۆ چاککردنەوە ئەم فەیرانە و بووژاندنەوەی ئەم دوو کەرتە جێگای دەستخۆشیە، بەڵام ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان لێرە کە قسە لەسەر ئەم حاڵەتە ئەکەین، ئەبێ بپرسین ئایا چ پلانێك داندراوە؟، مەسەلەن جەدوای ئیقتیصادی ئەم تەرخان کردنە بە گوژمەی 30 ملیار بۆ پرۆژەی پێشەسازی، یان بۆ ئەوەی کشتوکاڵی جەدوای ئیقتیصادییەکەی چەندە و ئەبێ بەڕێزان لە

ئەنجومەنی وەزیران بەرچاو روونیمان بدەنێ، کە ئایا بەم تەرخان کردنانە ئەم دوو کەرتە ئەتوانرێ ببووژێنێتەوە و ببرێنە پێشەوە؟، بە مەرجێك کە خوتەیەکی ورد هەبێ بۆ ئەم حاڵەتە، نەوەکو لە مەجالی کشتوکاڵی بەداخەوە ساڵانە هاوکاری هەبووە، بەڵام ئەو هاوکاریە بە ئاراستەیەکی خەراپ داندراوە، ئێمە ئەزانین لە بری ئەوەی پێداویستیەکانی تری فەلاح بێنێت بۆ وڵات، پیکابی دەبل کابینە بەسەر خەڵك تەوزیع کراون، لەسەرەتای ساڵی 2009، لە هەولێر کۆنفرانسێکی گەورە بەسترا بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم کۆنفرانسە بە چەند تەوصیاتێك هاتە دەرەوە، خوتەیەکی پێنج ساڵی دانا بە بڕی 10 ملیار دۆلار بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، ئەم تەرخان کراوانەی لێرە هەیە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی، ئایا چەندێك لەگەڵ ئەو تەوصیاتانە دێتەوە کە لە کۆنفرانسەکە پێشنیازکراوە و بەرزکراوەتەوە؟، ئەمە پرسیارە جیدیەکەیە، ئایا ئەم تەرخانکردنانە، کۆتایی قسەکانم بەو پرسیارە دەهێنم، ئایا ئەم تەرخان کردنانە لە بەڕێز وەزیری پلان دانان دەپرسم، چەندێك ئەمەلی بووژاندنەوەی ئەم دوو کەرتەی لە خۆ گرتووە، جەدوای ئیقتیصادیەکان چەندە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە مولاحەزەکانی من زیاتر شەکلیە، لەسەر صیاغەیە، (تلتزم وزارة)، لە بری ئەوەی کەوا نووسراوە، باشتر وایە تلتزم وزارة المالیة و الاقتصاد بما یأتي، یەکەمیان، رصد مبلغ، ئەو پارەیە وەکو خۆی، لاغراض دعم، لاغراض زیادة، لدعم مشاریع صندوق الاسکان، ئەوە کافیە، دووەمیان وەکو خۆی بمێنێتەوە، فەقەرەی سێی، استمرار الوزارة، تۆ لەسەرەوە وتووتە، تلتزم الوزارة، پێویست ناکات دووبارە بێتەوە، الاستمرار، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەم فەقەرەیە بمێنێتەوە، فەقەرەی تەئکیدە، ئایا ئەگەر ئەم فەقەرەیە نەمێنێ، وەزارەت رائەوەستێ لە قەرزی عەقاری؟، ئەوە پرسیارە، ئەگەر رائەوەستێ لە قەرزی عەقاری، ئەوە با ببێت ئەو فەقەرەیە، ئەگەر راناوەستێ، ئەوە پێویست ناکات و زیادەیە، فەقەرەی چوار، بە رەئی من بەم جۆرە بێت: رصد مبلغ 50 ملیار دینار لتعزیز مشاریع القطاع الزراعي عن طریق المصرف الزراعي، ئەمە لەوەی کە لەبەر دەستم دایە، لە هی ئەوەی مەشروعەکەی و ئیقتیراحاتەکانیش، من نازانم لە فەقەرەی سێ ئەو پارانەی کە بۆ مەسرەفی عەقاری داندراوە، جارێ لە رووی صیاغەوە: رصد مبلغ 50 ملیار دینار لتعزیز القرض العقاري للمواطنین لا ببەین، بنووسین في الاقلیم، و زیادة مبلغ القرض الى 15 للمواطن في المحافظة او القضاء او الناحیة، دوایی من نازانم ئێستا لە لادێ ئەیدرێت یان نایدرێت، ئەگەر لە لادێ نەدرێت، ئێمە چی بڵێین زیادە، خۆی ئەصڵەن نیەتی، دەبێ فەقەرەی لادێ ئیزافە بکرێ، ئەگەر لە لادێ نەدرێ، چونکە ئەو زیادەیە دەبێ شەملی ئەوانە بکات، دەبی بدرێ بە موحافەزە و قەزا و ناحیە و بەلادێشەوە، ئەگەر

نەیدرابێ ئێستا ئەو زیادەیە نوقصان دەردەچێ، هەدڤی خۆی ناگەیێنێ نەصەکە، هەر دووبارە ئەوەش لە موقتەرەحەکانە، دەڵێم (استمرار الوزارة في تأمین القرض العقاري)، باشە ئێمە لێرە 50 ملیار دینار لە فەقەرەی سێ هاتووە، بۆ چی لە فەقەرەی چواردا، الاستمرار في تأمین القرض العقاري، یەعنی مەبەست چیە؟، ئەم دوو فەقەرەیە کە تۆ لێرە زیادی دەخەیتە سەری، لە خوارەوە بۆ چیتە ئیستمرارەکە؟، لە لای من فەقەرەی شەشی موقتەرەحاتەکە بە 50 ملیۆن هاتووە، نازانم رەنگە غەڵەتی مەتبەعی بێت، ئەوە بکرێتەوە بە ملیار و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە کۆی ماددەکە وەکو مەبدەء پشتگیری لێ دەکەم، هەندێ تێبینی خۆم هەیە لەسەری، سەبارەت بە پێشنیارەکەی هەردوو لێژنەی ئابووری و دارایی و یاسایی، لە کەمکردنەوەی ئەوەی کە بۆ سندوقی نیشتەجێبوونی دیاری کراوە، ئەو بڕە پارەیە لە 350 بۆ 250، ئەوە کارێکی باشە، ئەو 50 ملیارەی کە پێی دراوە بخرێتە سەر پرۆژەکانی کشتوکاڵی و 50ی تری بۆ سەر سولفەی عەقار، لەوەی سولفەی عەقار، من پێم باشە و پێشنیاری ئەوەی دەکەم کە بە 15 ملیۆن دیاری بکرێ بۆ شار و شارۆچکە و لادێیەکان هەموو وەکو یەك بن، جیاوازیەکانی کە تا ئێستا هەبووە، هەڤالانی ترم قسەیان لەسەر کرد، بەراستی ئەوە نەمێنێ، عەدالەتێك بەرقەرار بکرێ لە بەینی شار و شارۆچکەکان، بە تەصەوری من ئەوەی کە هەندێ بۆچوون هەبوو کە ئەو پارەیە هەمووی تەرخان بکرێ بۆ سولفەی عەقار، پێم وایە ئەوە جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لە بەینی ئەوەی سولفەی عەقاری وەرگرتیە و ئەوەی کە هیچ پارەیەکی نیە بۆ دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون، ئەوەی کە سولفەی عەقاری وەردەگرێ بە دڵنیاییەوە ئەو بۆ خۆی پاشەکەوتێکی وەرگرتیە ئینجا سولفەی عەقار وەردەگرێ، کە پارچەیەك زەویە، ئەوەی کە من بیستوومە لە ئەم دەعمی صندوقی نیشتەجێبوونە کە حکومەتیش ئیلزام دەکات لەناو ماددەکە، ئەوەیە، ئەوەی کە لە کەناڵەکانی راگەیاندن لە ماوەی پێشوودا گفتوگۆی بودجە ئەکات، قسەی لەسەر کراوە، هەندێ بەرپرسی حکومی قسەی لەسەر کرد کە ئەو کەسە مەرج نیە، یەکەم: عەرزی هەبێ، سوودمەند دەبێ لە ئەم سندوقی نیشتەجێبوونە، دوو: ئەوەی کە سوودمەند بووە جاران لە صندوقی نیشتەجێبوون، خۆی پێشەکیەکی ئەدات، ئەو کاتە شوقەیەك یان هەر شوێنێکی نیشتەجێبوونی دەست ئەکەوێت، وتوویانە ئەو پێشەکیە حکومەت خۆی ئەیدا، حکومەت خۆی ئەیدا بەو هاولاتیەی کە داواکاری پێشکەش ئەکات بۆ سوودمەند بوون لەم بەشەی تری، دیارە حکومەت پێشتریش لە کابینەی پێنجەم، پرۆژەی صندوقی نیشتەجێبوونی

هەبووە، خەڵكێكی زۆر سوودمەند بووە لێی، بە شێوەیەكی بەرچاویش تەئسیری هەبووە لەسەر كەم كردنەوەی كێشەی نیشتەجێبوون، ئەمە جیاوازیەكی تریشی هەیە، ئەوە تەنیا ناوەستێت لەسەر شارەكان، لەوەی كە باس كرا، گوندەكانیش و خەڵكی گوندیش سوودمەند بن لێی و قسە لەسەر ئەوە دەكرێ، ئەگەر لە گوندەكان بە شێوەی پرۆژەی نیشتەجێبوونی بە یەكەوە نەبێت، بە عیماراتی سەكەنی، پارەكە دەدرێت بەو كەسە خۆی زەویشی پێ بكڕێ و بە خۆشی خانووەكەی دروست بكات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم ماددەیە، دەنگدان لەسەری، وەكو هەندێ هاوكارانم باسیان كرد، تەئجیل نەكرێ، بەڵكو ئێمە دەنگی لەسەر بدەین، بەڵام دواتر لە تەوصیاتدا داوای ئەوەی بكەین كە ئەو تەعلیماتەی پێ دەربچێت، وێنەیەكی بێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی پەرلەمان لێی ئاگادار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شلێر فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵەكانی ماددەی 20، رصد مبلغ 350، زۆر لە برادەران و دوایی لیژنەی داراییش كەمی كردۆتەوە، من بە نیسبەت خۆم كە لەگەڵ هاووڵاتیان سەردانی زۆر ئەو گەڕەكە هەژارنشینانە ئەكەین، مەئساتێك ئەبینین، بەراستی نەك ئەم پارەیە، ئەگەر ئێمە بۆ چەند ساڵ خەریكی بین هێشتا ناتوانین، كە ئێمە بەلای ماڵێكەوە بڕۆین و نایلۆنی شینی پێوە نەدرابێ؟، لەبەر ئەوە ئەم هەنگاوە زۆر زۆر باشە، هەر چەندە بەردەوام بوونی ئەوانەیە كە لە كابینەی پێنجیشدا كە بەراستی دەستەی وەبەرهێنان بیری كردەوە چۆن خزمەتی خەڵكی هەژار بكات؟، خەڵكی كەم دەرامەت زۆر زۆرە، خەڵكێكە لە ژێر خەتی فەقرەوە دەژیت، هەرچەندێك ئەتەوێ عیلاجیان بكەی، سەیر ئەكەی هیچ دەرامەتێكی نیە كرێی خانووی پێ بدات، من چوومەتە ماڵی وا كە لە ژوورێكدایە 100 دۆلار كرێ ئەدا، ئەڵێ: شتێكم بۆ بكەن هەتا ماوم من كرێچی حكومەت بم باشترە، چونكە هەموو رۆژێ دەری ئەكەن، لەبەر ئەوە ئەم حاڵەتە، من پێم باشە ئەوەی لیژنەی داراییش دایناوە، لەبەر ئەوەی ئەم ساڵ ئەگەر فریا بكەوێ و بە پێی ڕێنمایی كە بەراستی خەڵكێكی زۆر كەم دەرامەت ئیستیفادەی لێ بكات، بە پێی ئیحصائیات، نەك دیسان مەجموعە خەڵكێكی هەل پەرست لە ژێر چەتری ئەوەوە، ئەوە نابێ، كەم ئەندام ئەبێ و كچی قەیرە و بەراستی ئەوانەی تر كە جێی نیشتەجێبوونیان نیە، وا بزانم دەستیشیان پێكردووە، تا ئێستا 30 هەزار یەكەی نیشتەجێبوون كە خەڵكێكی باش قسەی لێ دەكات، بە نیسبەت ئەوەی كە قیستی عەقار زیاد بكرێ، ئەمە خۆی لەوانەیە بۆ ئەم ساڵ تا رادەیەك یارمەتی خەڵك بدات، خۆتان ئەزانن تەوزیعی ئەرز وەستاوە، لەبەر ئەوە، زەوی زۆر گران ئەكات و هەم دیسان كەس پێی ناكڕێت و سوودی لێ وەرناگرن، بۆ ئەو 100 مەتریانەش تەنیا وەجبەیەكی موحەددەد ئیستیفادەی لێ دەكرێ، چونكە ئەو 100 مەترە دەبێ روكن بێت، كەواتە مەجموعەیەكی قیتعەی روكنیە، ئەگەر تۆ عەقاریشی بدەیتێ، ئێمە داوا لە حكومەت دەكەین بەراستی بە

نیسبەت کەرەستەی بیناسازی، ئەگەر بێت و خەڵك دەعم نەکرێ، ئەو پارەیە بچێتە بازاڕەوە، لەو بڕوایە نیم کە زۆر کەس ئیستیفادەی لێ بکات، ئێمە سێ کارگەی چیمەنتۆمان هەیە لە سلێمانی، بۆ وەبەرهێنانن، بەڵام دەبێ ئەوانە بە پێی تەعلیماتێك ئیجبار بکرێن، کە بۆ هاووڵاتی کەم دەرامەت بەتایبەتی، پارمەتیان بدەن بۆ دابین کردنی ئەو مەوادانە، لەبەر ئەوە بە نیسبەت گوندەکان، بەڕاستی گوندەکان ئەگەر ئیحصائیە نەکرێ، بە هەڕەمەکی بکرێ، ئەوەش ختوەیەکی باش نابێ، چونکە دەبێ گوند دانیشتوانی زۆر بێ، ئینجا کە ئێمە دانیشین بە پێی تەعلیماتێکی باش ئەو خانووانەیان بۆ دابین بکەین بۆ مەصرەفی صناعی و زراعی، ئەمەیان هەردووکی ئەگەر بە صناعاتی غیزائی بکرێ، چونکە ئەو پارەیە بەڕاستی بۆ صناعە کەمە، مەصرەفی صناعی، بەڵام ئەگەر ئەوە بکرێت، لەوانەیە زۆر سوودی هەبێ کە تۆ بەرەوت دا بە قیتاعی زراعیەکە، تەبعەن ئەو وەختە ئەو بەرهەمانەی کە دێت زۆری لە صناعەتی غیزائی دا بەکار دەهێندرێ، تۆ ئەوەندە لە دەرەوە نایهێنی، بە نیسبەت بڕگەکەی کە پێشنیارەکەی لێژنەی وەبەرهێنانی مەشاریعی کشتوکاڵ، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئەو پارەی ئەو ماددەیە لە بودجەی ئاسایی دا ئەوە ناکرێ بە وەبەرهێنان، یەعنی تێکەڵ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سمیرة عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گوژمەی (350) ملیار دینار، لەگەڵ ئەو هاوکاریانەی کە حکومەت لێیان وەرناگرێتەوە، لەگەڵ لابردنی سوود لەسەر پێشینەی خانوو و بەرە و قەرزی نیشتەجێبوون، ئەوە مەبەست لەو پرۆژانەی خزمەتی کەم دەرامەت و گوند نشینەکانن زیاتر، پێم باشە ئەو پارەیە کە زیاتر لە (50٪)ی لە گوندەکان صەرف بکرێت، چونکە ناوشار زۆر قەڵەباڵغ بووە و دەستی کاری تێدا نەماوە، لەگەڵ دابین کردنی ڕێگاوبان و کارەبا لە بۆیان، بە نیسبەت سلفەی عەقاریش، پێم باسە لە دێ و شار و شارۆچکەکان هەموو وەکو یەك بێ، پشتگیری ئەو (100) مەتریەش دەکەم بۆ ئەو کەم دەرامەتانە، بە نیسبەت پیشەسازی، حەز دەکەین پلانێك هەبێ وەکو ئامارێك، کە لە پارەوە کراوە، کە (120) کارگە داخستراوە، ئەگەر بمانەوێ کوردستان ڕووناك بکەینەوە، دەبێ گرنگی بە بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی بدەین، بە نیسبەت خاڵی چوارەم لەو ماددەیەدا، ئەو بڕە پارەی داندراوە بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ، ئەگەر هەموو بوارەکانی کشتوکاڵ بێ، ئەوە زۆر پێمان کەمە، ئەگەر تەنها هی صندووقی کشتوکاڵیش بێ، ئەوە شتێکی ترە، وامان پێ باشە کە لە ناحیەی کشتوکاڵیش پارەکەی زیاد بکرێ، بۆ؟ چونکە تاکە ڕێگایە بۆ ڕووناك کردنەوەی هەرێمی کوردستان، پێم باشە کە گرنگی بدرێ بە ژێرخانی وەرزشیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار زکیە صالح، فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت خالاً یەکێ، ماددە (19)، دیارە پارە هاتیە تەرخان کرن بۆ پرۆژە ئیستیسماریا هاتیە تەرخان کرن، ژ بەرهەندێ ئەز دبینم وەکو پارەیەکی زۆرە، ئەگەر ببیت (200) ملیار، پێنجی ملیارێ وی بچیتە

سەر قەرزی خانووبەرە، چونكە دزانین پشتی وە هەلگرتنا وی، زیادە سەر سولفایە عەقاری، تەشجیعە یا خەلكێ هاوولاتی بۆ وەرگرتنا سلفە زۆرتریان لێ هاتی، ژ بەرهەندێ ژی ئەگەر پێنجی ملیارێ دی بچیتە سەر پتر خەلك ئیستیفادە دەكەن، دەبێتە هاریكارییەك بۆ خەلكی كەم دەرامەت ژی، نیسبەت ئەوێ خالا سێیێ، بۆ ناو باژێری (15) ملیۆن دیناری دانای، ئەگەر بەراوردێك بكەین دگەلێ سیعرا مەوادێ ئینشائی كوردستانێ بكەین و عیراقێ بەگشتی بكەین، دبینین مەوادی ئینشائی لە كوردستان گرانترە، ژبەرهەندێ من پێ باشە وەكو ئەڤ (15) ملیۆنە بۆ ناو باژێرێ ببێتە (20) ملیۆن، دیسان ژی ئەگەر بەراوردەكی بكەین بۆ گوندی دیر، بۆ نموونە گەندەكی سەر سنوورییە، هەتا مەوادیش ناو باژێری دباتە وێ، ئەو دی كومەكا یا مەصرەڤ لێ كرد، هەتا دەباتە وێرێ، ژبەرهەندێ من پێ باشە ئەڤ (12) ملیۆنە ژی ببێتە (15) ملیۆن دینار، نیسبەت ئەو پارە هاتیە دانان زێدەكرن بوو بۆ پالپشتیا بەرنامەیێ وەبەرهێنانە، یان كشتوكالی، ئەز دبینم ئەوە پارەكی باشە بێتە دابین كرن، دیارە بودجە یان حكومەتا هەرێما كوردستانێ پتر گرنگیا دایە سەرچاوەی ئاوی، ئەڤەش ژ بەرهەندێ وەكو سالێ بەری نووكەش لەبەرهەندێ وشكە سالی هەبوویە لە كوردستانێ، وەزارەتا كشتوكالێ ژی پلانەكا (5) سالی هەبوو، ژبەرهەندێ پتر گرنگیا بودجە دا ڤێیەكی هاتیە دان، ژبەرهەندێ من پێ باشە ئەو (5) ملیارە بچێتە سەر پرۆژەی كەرتی كشتوكالی، دەشێتن تا ڕادەیەكی هاریكار بێت بۆ ڤێیەكێ، لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئەم زانین عیراقا بە گشتی صندووقی نەقدا دەولی، هاریكاریا پرۆژەیا ئا كنجی بوونا كێتن، ئایا ئەو پارەیە لێرە هاتیە دانان، ئەڤ مەبلەغە لەو خالەدا هاتیە تەرخان كرن، ئەڤە شیش وی پارەیە بۆ حیصەیا هەرێما كوردستانێ؟ یان ژێ دەرەكیدی هەیە؟ ئەگەر بۆمە هاتیە دیاركرن، مەعیار چیە بۆ دابەش كردنی، ڤان پرۆژەیەت دێت، ئاڤا كردنا ئا كنجیا، بۆ نموونە بۆ پارێزگایەك، بۆ پارێزگایەكی تر، بۆ باژێرێك، بۆ باژێرێكی تر، ئایا معیارێ تەخصیص كردنێ چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ثائر عبدالأحد فەرموو.

**بەڕێز ثائر عبدالأحد أوغسطین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن زۆربەی قسەكانی من باس كرا، بەس لێرە لەسەر یەك خالێ تەئكید دەكەم، لەسەر دروستكردنی ژێرخانی وەرزشی بەڕاستی، لە هەموو بوارەكانی ژیان، لەو یاسایە باسی هەموو شتەكان كرایە، باسی ژێرخانی وەرزشی نەكرایە، هەرچەندە ئێستا زۆربەی ڕاپۆرتەكانی لێژنەكان كە سەردانی گەندەكان و قەزایەكان دەكەن، زۆربەی مەتالبی ئەوانە كە دەڵێن: یاریگامان نیە، جا من دەبینم فورصەتێكی باشە لێرە پەسندی بكەینەوە، بڕێ پارەی بۆ تەرخان بكەین، كە نزیكەی (15) ملیار، (20) ملیار بێ، ئەوە ببڕێتەوە لە صندووقی ئیسكان، بڕیار درا كە (250)، بڕیار نەدرایە و پێشنیار كرایە (250) بێ، ببێتە (230)، (20) ملیاریش بخەیتەوە سەر دروستكردنی ژێرخانی وەرزشی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەیان أحمد فەرموو.

**بەڕێز بەيان أحمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت خالا ئێكێ، ئەژی دگەل هەندێ دامە، دگەل وێ بیر و بۆچوونێ مە هەڤالێ مـە بـەری نوكـە گۆتی ئەڤ برێ پارەی كە هەنە كەم ببیتن بڕاستی، ئەڤە بێتـە ئیزافـە كـردن بـۆ بـوارە سـلفەی عـەقاری و بـوارێ كەرتی كشتوكالی و سناعیش، خالا دوهێ من پێ باشە ئەڤ قەرزە عەقاری كو هاتیە دابین كردن بـۆ خـەلكێ مە بڕاستی جهێ دەست خۆشیەیە، بڕاستی ئەز دبێـژم روحـەكیا پەیـدا كریـە نـاڤ خـەلكێ مـەدا خاسـەتەن ئەڤێ كەم دەرامەت لبەر هەندێ جهێ دەست خۆشیەیە، ئەز لڤێـرێ دوپـاتی هەنـدێ دكـەم بیروبۆچـوونێت مە ژی دگەل بیروبۆچونێت هەڤالێت مە بەری نوكە كو تەئكیـد كـری زێـدە ببـێتن ئـەڤ ڕێـژا هـەنێ وەكو عیراقێ ببـیتن كـە 30 ملیۆنـە، ئـەم ژی لڤێـرێ وا لێ بكـەین تـا كـو پـتر خـەلكێ مـە ئیسـتیفادەی لێ بكاتن بڕاستی بۆ ئەوە كە خەلكەك سوومەند ببـیتن، دگـەل ڤـێ چـەندێ دڤـێتن كـو هەنـدەك تـەعلیماتێت وازح هـەبیتن بـۆ سـلفە دانـێ، تەسـهیلات هـەبن بڕاسـتی، دگـەل هەنـدێ دا كـو خالـەكا گەلـەك بـاش بـوو جهـێ ئیستیفادە بێت بۆ خەلكێ مە مقابلی هەندێ تەسهیلات ژی هەبن، ئەڤ پارچـە عاردێـت سـەد مـەتری، ئـەڤ جهێت كو هاتینە و تاپۆ نەكرینە تەبعـەن شـوێنان نـاگریتن كـو خەلكـەكێ گەلـەكی مـەزن بـن ڤـێ ویدایـە، یـەعنی پێتڤیـا بڕاسـتی ئەڤـە هەنـدێ ژی بگـریتن، خەلكـەكی گەلـەك هـەژارە بـۆ خ ئاڤـاكری، ئەڤـە نوكـە پێویستە ڤاتێ دووێ بۆ خـۆ ئاڤـا بكاتن، بـلاش وانـە بهێـت تەسـهیلات بڕاسـتی ئـەم داخـازا هەنـدێ دكـەم، تەسهیلات هەبن لبەر هەندێ ژی هەروەسا یەعنی یەكسان بیتن شار وشارۆچكە و گوندا هەمیا پێكڤە وەكی یەك بیتن ڕێژا هەنێ، چنكی ئەڤرۆكە ئەم لوێ قەناعـەتێ دامـە پێویسـتە كـو هەلمەتـەك بـۆ ئاڤـەدانكردنا گوندێت مەیێ كوردستانێ ژ ڤێرێ دەست پێ بكاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د. صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، چەند بۆچوونێكم هەیە پێشكەشتانی دەكـەم، ماددەكـە دیـارە ماددەیـەكی باشـە، لـە ئاراسـتەكردنی بودجـەی هـەرێم بـەرەو پەرەپێـدانی كـەرتی پیشەسـازی و كـەرتی كشـتوكاڵی و چارەسـەری كێشەی نیشتەجێ بوون، غەرەزی ماددەكە لە ڕاسـتیدا چارەسـەری گیروگـرفتی نیشـتەجێ بوونـە، هـەروەها پێشخستنی وەزعی پیشەسازی و وەزعی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان دا، لـە ڕاسـتیدا غـەرەزی ماددەكـە، غەرەزێكی زۆر بەرز و بڵند و مایەی پشتیوانی هەموولایەكە، بەڵام ئەوەی كە جێـی پرسـیارە، بـە نیسـبەت صندووقی نیشتەجێ بوون، ئەو بڕە پارەیـەی كـە دیـاری كـراوە، یـەعنی ئەگـەر ئێمـە بمانـەوێ چارەسـەری كێشەی نیشتەجێ بوون بكەین، لەوەمان پێویسـتە، بـەڵام بـە پێـی قـەدری توانـا دیـارە ئـەو مەبلەغـەی كـە

تەرخان کراوە، لە خۆوە نیە و شتێکی ئیعتیباتی نیە، پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی دارایی دەکەم، کە ئەو مەبلەغەی کورت کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە (8) مانگمان ماوە کە ئەو ساڵە تەواو ببێ، بەڵام پێویستە تەئکید بکەینەوە لەسەر مواصەفاتی ئەو یەکەی نیشتەجێ بوونانەی کە ئەنجام دەدرێ، یەعنی ئەوە نەبێ کە شتێك بە ڕواڵەتی ئەنجام بدرێ و چەند پرۆژەیەك ئەنجام بدرێ، ئێمە ڕواڵەتێك لە کێشەکەمان چارەسەر کردبێ، سەبارەت بە ژێرخانی وەرزشی کە دیارە غیابی هەیە لە بودجەی ئەو ساڵدا، منیش پشتگیری لەو دوو بەڕێزەی پێش خۆم دەکەم، کاك شێرداڵ و کاك د. ثائر کە ئێمە دەبێ بە چاوێکی زۆر گرنگیدانەوە تەماشای کەرتی وەرزش بکەین، ژێرخانی وەرزشی کوردستان بەهێز بکەین، بۆ ئەوەی کوردستان بتوانێ ببێتە جێی کۆکردنەوەی زۆر لە چالاکییە وەرزشیەکانی هەرێمایەتی و ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش، سەبارەت بە سلفەی عەقار، ماددەکە دەڵێ: (إستمرار الوزارة بتأمين القرض العقاري للمواطنين حسب الضوابط و التعليمات المرعية)، دیارە ئەو تەعلیماتانەی کە ئێستا هەیە، ئەوەی کە پەیوەندی بە زەوی (100) مەترییەوە هەبێ، شمولی سلفەی عەقار نەکات، داوا دەکەم کە ئەو مەرجە لابردرێ، بەڵکو هەر کەسێکیش (100) مەتر زەوی هەبێ، بتوانێ بەهرەمەند ببێ لە وەرگرتنی سلفەی عەقار، چونکە ئەو قانونە کاتی خۆی کە دانراوە، کە خانوویەك، کە زەویەك لە (150) مەتر تاپۆ نەکرێ، ئەوە هەل و مەرجێکی زوو بووە، هەل و مەرجێ بووە کە وەکو ئێستا کێشەی نیشتەجێ بوونمان نەبووە، بۆیە داوا دەکەم ئەو مەرجەی (150) مەتریە، یەکی (100) مەتری دەبێ، بەری نەکەوێ، ئەو مەرجە لابردرێ، (200) مەتریش بتوانێ ئەو کەسەی خاوەنی زەویەکی (100) مەتریە بتوانێ بەهرەمەند بێ، سوودمەند بێ لە سلفەی عەقار، ئینجا ئەو کە باسی زەوابت و تەعلیماتی مەرئی دەکات، ئەو زەوابت و تەعلیماتانەی کە ئێستا هەیە، ئەو ڕسووماتەی کە وەردەگیرێ بەڕاستی ڕسووماتێکی زۆرە، داوا دەکەم کەم بکرێتەوە، موتەناسیب بێ و بگونجێ لەگەڵ ئەو کارانەی کە بانق پێی هەڵدەستێ، هەروەها پێدانی سلفەی عەقار نەبەسترێتەوە بە سپاردنی پارەیەك بە صندووقی دڵنیایی، کە ئێستا هاووڵاتیان کاتێ کە دەچن سلفەی عەقار وەردەگرن، دەڵێن: دەبێ پارەیێ بخەیتە ناو صندوقی دڵنیاییەوە، ئەوە چونکە عەقدی تەئمینی تیجارییە، لە ڕوی شەرعییەوە ئیشکالاتی زۆری لەسەرە، داوا دەکەم ببێ بە (حسب الضوابط و التعليمات الشرعية)، نەك (المرعية)، یەك حەرف بگۆڕین کێشەکە حەل دەبێ، پاشان گرنگیەکی زیاتر بدرێ بە کەرتی کشتوکاڵی، هەروەها کەرتی پیشەسازی زیاد لەو مەبلەغەی کە دیاری کراوە، ئاخیر مولاحەزەم، مولاحەزەیەکی لوغەوییە لە دەقە کوردییەکەدا، کە دەڵێ: ( وەزارەت خۆی دەبستێتەوە)، ئەو وشەیە وشەیەکە ئەدەبیەن جوان نیە، (خۆی پابەند دەکات) باشترە، ئیلتیزام یەعنی پابەندبوون، نەك خۆ بەستنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سمیر سلیم، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم أمین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تا بەیانی سەعات (10:30) کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، سبەی سەعات (10:30) ئامادە دەبن بۆ بەردەوام بوون، خواتان لەگەڵ.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**ارسلان بایز اسماعیل**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## دووشەممە ڕێكەوتی 12\4\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2010/4/12

كاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2010/4/12 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2010/4/12 دا بەم شێوەیە بێت:

1 ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژە بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن3 ، ڕۆژی دانیشتن 2010/4/12، بەرنامەی كار:
بە پێی حوكمەكانی بڕگە 1ی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەمواركراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمان ـ كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە

3ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر 10,30ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی دوو شـەممە، ڕێکـەوتی 2010/4/12 دا بەم شێوەیە بێت:

1 ـ بـەردەوام بـوون لەسـەر گفتوگـۆکردن و بڕیـاردان لەسـەر پـرۆژە بودجـەی سـاڵی 2010ی هـەرێمی کوردستان ـ عیراق.

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان و هەروەها بەڕێز هێرش محرم دەکەین، داوا لـە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، فـەرموون، بـەڕێزان دوێنـێ ئـەخیر کـەس کـە قسەی کرد ڕێزدار سمیر سلیم بوو، ئێستا ڕێزدار کاك عبداللە کەرەمکە.

**بەڕێز عبداللە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆشبەختانە رایەکانی من لەلایەن زۆر لە بەڕێزانەوە گفتوگۆی لەسەر کرا، چونکە لە ئەسڵدا پرۆژەکە بـە هـەموو خاڵەکانیـەوە زۆر لـە خزمـەتی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان دایـە، مـن ئـەوەی دەمـەوێت تـەنها پشتیوانی لە ڕای برادەران بکەم، ئەوەی کە پرۆژەی نیشتەجێ کردن کەم بکرێتەوە هـەتا 200 ملیاردەکـە، پرۆژەی پاڵپشتی قەرزی خانووبەرە یەکیان بکرێتە 100 ملیار، ئەوەی تریـان ئەوەیـە کـە شـارودێهات وەك یـەك لێ بکرێـت، ئـەوەعاملێکی موساعد دەبێـت بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی دێهاتـەکان و بـۆ بووژانـەوەی کـەرتی کشـتوکاڵیش، چـونکە 15 ملیـۆن یـان 20 ملیۆنـەی کـە دەدرێـت هـیچ کـەس بـۆ ئـەرز بـەکاری نـاهێنێ بـۆ کەلوپەلی دروست کردنی خـانوو بـەکاری دەهێنـێ، ئەوانـەش هـەموویان لـەلادێ گـرانترن وەك لـە شـار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ئەگەر لە ڕوانگەی ئیقتسادیەوە سەیری بکەین، سوودێکی زۆری دەبێت و دەتـوانین لـە ڕێگـەی ئەم ماددەیەوە ئێمە خزمەتێکی زیـاتر بـە کۆمـەڵێك کـەرت بکـەین لـە وڵاتەکەمانـدا کـە گـرنگن بـۆ ژیـانی هاووڵاتیـان، ئەوانــەش کەرتــەکانی پیشەســازی و کشــتوکاڵ و چارەســەرکردنی کێشــەی نیشــتەجێ بوونــە، چارەسـەرکردنی ئـەو سـێ کەرتـەش بەڕاسـتی بـە هـۆی ئـەم ماددەیـەوە سـوودێکی گـەورەی دەبێـت بـۆ وڵاتەکەمان، ئەگەر بێتو ئێمە لە ڕابردوو دا سەیری جێ بەجێ کردنی ماددەیـەك بکـەین بـە هـەمان شـێوە قەرزی خانووبـەرە مەبەسـتمە لێـرە کـە لەلایـەن حکومـەتی هەرێمـەوە جـێ بـەجێ کـراوە، ئـەوە بەڕاسـتی لەگەڵ ئەوەی کە دانانی بەرنامەکە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون بووە، ئەگەر چـی لە شارە گەورەکاندا هەنـدێك ڕۆڵـی خـۆی بینیـوە، بـەڵام پێچەوانەکەشـی بەڕاسـتی دەتـوانین بڵـێین ڕاسـتە لەبەرئـەوە بـوو بـە هۆکارێـك لـەوەی کـە ئیمتیازاتـەکان ئێمـە لـە شـارەکان کۆبکەینـەوە، وە لادێ و شـارە

بچووکەکان بەڕاستی کۆچ بکەن بۆ شارە گەورەکان، ئەو چارەسەرەی کە لە شارەکاندا کرد بەڕاستی بە هەمان شێوە کێشەی تری دروست کرد کە خەڵکێکی زۆر ڕووی کردووەتە شارەکان، بۆیە کێشەی نیشتەجێ بوون بە پێی پێویست چارەسەر نەکرا، جیاوازیەکی زۆریش لە پێدانی ئەو قەرزی خانووبەرە لە نێوان شارەکان و شارۆچکەکان و لادێکاندا هەیە، ئەوەش بەڕاستی کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئێمە بە یەك چاو، کە بە چاوێکی هاووڵاتی بوون سەیری خەڵکەکە بکەین، جیاوازیەکمان دروست کرد وەکو تەبەقات و دەرەجات لە نێوان خەڵکدا، بۆیە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە چۆڵکردنی دێهاتەکان، ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم مەسئولیەتێك داین کە بتوانین بەڕاستی ئەو هەڵانەی کە ڕووی داوە چاکی بکەین یان ئەوانەی کە کراوە ئیجابیاتی هەبووە باشتری بکەین، جیاوازی نەکرێت لە دابەشکردنی پێدانی ئەو قەرزی خانووبەرە بە لادێ و شارۆچکە و قەزاکان لەگەڵ شارە گەورەکاندا، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کۆچی پێچەوانە دروست بکەینەوە لە شارەکانەوە بۆ لادێکان، ئەگەر دەشکرێت بەڕاستی ئێمە بە لادێکان زیاتر بدەین تاوەکو شارۆچکەکان و شارە گەورەکان، لەبەرئەوە ئەگەر هاتو خەڵکەکە گەڕایەوە بۆ لادێکان ئێمە کێشەی کشتوکاڵمان بۆ چارەسەر دەبێت، کێشەی نیشتەجێ بوونیش غیر مەباشر لە شارەکانەوە کۆچ کردنەوە بۆ لادێکان، ئەویش بەڕاستی یەکێکە لە هۆکارەکانی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون، من بۆیە پێشنیار دەکەم کە قەرزی خانووبەرە زیادبکرێت، ئەو ڕێژەیە کەمە، ئەگەرچی گۆڕانێکی باشی بەسەرداهاتووە و لادێکانیشی بەرکەوتووە، بەڵام جیاوازی هەیە بە 15 ملیۆن بۆ شارەکان و 12 ملیۆن بۆ لادێکان، من داوا دەکەم وەکو یەکی لێ بکرێت، بەهەمان شێوە و هەمووشی زیادبکرێت، وەکو بەغدای لێ بکرێت و ببێ بە 30 ملیۆن، سەرچاوە هەیە بۆ ئەمە، لەبەرئەوە ئێمە لە بەندی یەکەمی بڕگەکە لە 350 ملیارەکە ئێمە 100 ملیارمان گەڕاندووەتەوە، دەکرێ 50 ملیاری بخەینە سەر ئەو کەرتە و زیادی بکەین، ئێمە بە 50 ملیار توانیومانە 15 ملیۆن تەرخان بکەین بۆ شارەکان و 12 ملیۆن بۆ لادێکان، کە کردمان بە 100 دەتوانین بیکەین بە 30 ملیۆن، کەواتە لێرە کێشەکەمان چارەسەر دەبێت، خاڵێکی تریش دەکرێت ئەو 50 ملیارەی تریش کە گەڕاندوومانەتەوە لە بڕگەی یەکەم دا تەرخانی بکەین بۆ بووژانەوەی کەرتی وەبەرهێنان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان و بتوانین زیاتر ئاو و گڵ بدەینەوە، هەروەها کارەبا دابین بکەین لەڕێگای دروست کردنی سەرچاوە ئاویەکانەوە بۆ دروست کردنی بەنداوی زیاتر........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تەئکید و تەرکیز لەسەر تەخسیساتەکە بکەوە، ئەوەندە ملیۆن کەمە و ئەوەندە زۆرە و وەك یەکی لێ بێت و ئەوانە بەس بە نوقات، نەك بچی شەرحی بکەی، چونکە ئەنجومەنی وەزیران تەعلیماتی خۆی هەیە بەوە دەری دەکات، بەس ئێمە ئەو تەخسیساتەکەی کە داندراوە، ئایا بکرێت باشە یان نەکرێت؟ کەمە، زۆرە؟ کاك عبداللە کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنداوەكان سوودی لێ ببینن بۆ كشتوكاڵ و بۆكارەباش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك كاردۆ كەرەمكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە دانانی ئەو بودجەیە بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون چارەسەر كردنی قەیرانی نیشتەجێ بوونە لە كوردستان، حكومەتیش سێ كەناڵی داناوە بۆ چارەسەركردنی ئەم قەیرانە، یەكێكیان سندوقی نیشتەجێ بوونە، یاسایەكی تر هەیە كە یاسای ژمارە 7 لە 2008 دەرچووە، ئەویش دابین كردنی خانووی نیشتەجێ بوونە لە كوردستان كە پێویستە حكومەت لەم ڕێگایەوە بەشێك لەم بودجەیە تەرخان بكات بۆ ئەم یاسایە كە خزمەتی هاووڵاتی دەكات لە چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێ بوون، خاڵێكی تر هەیە كە پەیوەندی بە سلفەی عەقاریەوە هەیە، لەم سێ ڕێگایەوە دەیەوێت چارەسەری كێشەی نیشتەجێ بوون بكات، ئامانج لە پشتیوانی كردنی یان كەم كردنەوەی بودجەكە ئەوەیە كە ئایا ئەم بڕە پارەیە چەند دەتوانێ چارەسەری نیشتەجێ بوون بكات لەو تەجروبەی كە لە ڕابردوو ڕووی داوە؟، ئێمە پێمان وایە ئەوەی كە سندوقی نیشتەجێ بوون دەیكات بەو تەجروبەی هەیە كە لە كوردستان كراوە تا ئێستا، ئەگەر بەراوردی بكەین لە گەڵ ڕێگاكان كە چەند ئیستیفادەی هەیە بۆ چارەسەركردن و خزمەتی هاووڵاتی، هەست دەكەین گرنگی دان بەو بڕە پارەی بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون، لایەنێكی نێگەتیفی هەیە، لەبەرئەوەی دابەشكردن لە سندوقی نیشتەجێ بوون لەسەر ئاستی ئاسۆییە، یەعنی بەرەبەرە ئێستا شوێنەكان وا دابەش دەكرێت زەوی ڕەنگە ببێتە كێشەیەكی گەورە بۆ نەوەكانی ئایندەش، ئەمە خاڵێكیان، دووەم: كوالیتی ئەم خانووانە باش نیە، سێیەم: تێ چوونەكەی زۆر زۆرە، یەعنی زیاتر بەلای قازانجی ئەو كۆمپانیایانە كە ئەم خانووانە دەگرنەوە لەوەی كە هاووڵاتی ئیستیفادەی لێ بكات، لەبەرئەوەی بڕی پارەكەش زۆرە، سەرەڕای ئەوەش حكومەت هاوكاریەكی زۆریان دەكات لە خزمەتگوزاری و پارە پێدان، ئینجا هاووڵاتی هەژار ناتوانێت ئەو بڕە پێشەكیە بدات كە پێویستە لە سندوقی نیشتەجێ بوون، لەبەرئەوە من پێم وایە دەبێت ئەو بڕە پارەیە كەم بكرێتەوە و بخرێتە سەر یاسای ژمارە 7ی 2008 كە حكومەت خۆی تەنفیزی دەكات لەڕێگەی دانی زەوی كە شارەوانی دەیدات، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بە كارەكە هەڵدەستێت، بە تەجروبەی هەولێر مەسەلەن ئەگەر سەیری كەسنەزان بكەی پێش ماوەیەك پارێزگای هەولێر بۆ فەرمانبەران هەندێ خانووی دابەش كردو خەڵكی زۆر هەژار ئیستیفادەیان لێی كرد، وە زۆر جیاواز تر و زۆر باشتریش بوو لەو تەجروبەی سندوقی ئیستسمار كە كردوویەتی، یەعنی بۆیە دەبێت ئێمە قسە لەسەر ئەوە بكەین ناكرێت ئێمە یاسایەك فەرامۆش بكەین كە پەرلەمانی كوردستان دەری كردووە بۆ چارەسەركردنی كێشەی نیشەجێ بوون، لە سولفەی عەقار كەبەڕاستی ئەویش یەكێكە لەو هەنگاوانەی كە دەتوانێ چارەسەری كێشەی

نیشتەجێ بوون بکات، من پێم وایە بڕی دیاری کراو زۆر کەمە، مـن هەمیشـە ئـەو پرسـیارەم لـەلا دروسـت دەبێت، ئێمە 17٪ی عیراق وەردەگرین، بۆ دەبێت لە ناوەند بڕی دیاری کراو زیاتر بێت لەلای ئێمـە کـەمتر بێت؟ کە دێتە سەر بەرژەوەندی و دابەشکردنەکە قسە لەسەر نەتوانینی جێ بـەجێ کردنـی ئـەوە دەکـەین کەچی لە ناوەند بە هەمان بودجە 30 ملیۆن دەدرێت، ئەمە خاڵێکە بەلامـەوە گرنگـە کـە پێویسـتە ئێمـە هەر شتەك بەرژەوەندی هاووڵاتی تیدایە لـەو نیسـبەتەی کـە لـە عـیراق بـەرمان دەکـەوێت بـەو یەکسانیە دابەشی بکـەین بـەو ئیمتیـازەوە کـە پەیوەنـدی بـە هاووڵاتیـەوە هەیـە، لایـەنێکی تـر کـە بەلامـەوە گرنگـە جیاوازی نەکردنە کە برادەران و هاوکاران زۆر تەئکیدیان لێی کردەوە، جیـاوازی نـەکردنی شـارولادێیە، بـۆ دەبێت لە خانوو، لە ئاوەدانکردنەوە، لە کاتێك دا لایەنی فەرامۆش کـراوی تـر هەیـە کـە ئـەو پێویسـتی بـە ئاوەنداکدرنەوەی زیـاترە، ئێمـە وەکو شـار مامەڵـەی لەگـەڵ ناکـەین، مـن پشـتیوانی ئـەوە دەکـەم کـە هـیچ جیاوازیەك لە بـەینی شـارو لادێکـان نـەکرێت، چـونکە ئامـانجی ئێمـە یـەعنی لـە پـێش خسـتنی وڵاتەکـەی خۆمان نەهێشتنی جیاوازی نێوان لادێ و شارە، ئەمە جگە لەو خاڵانەی کە پەیوەندی بـە کـەرتی کشـتوکاڵ و کەرتی پیشەسازی هەیە کە پشتیوانی هـەڤاڵانم دەکـەم لـەوەی کـە پێیـان وایـە کـە ئـەم بـڕە لـە بودجـەی ئیستسمار کەم بکرێتەوە بۆ سەر کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی پیشەسازیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاروان کەرەمکە.

**بەڕێز کاروان صالح احمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بۆ هـەمان مەبەسـت لەگـەڵ ئـەو 250 ملیـارە نـیم، بـۆ ئـەوەی کـە تەجروبـە دەری خسـت کـە ئـەو پرۆژانـەی کـە بـۆ سـندوقی نیشـتەجێ بـوون لـە سـاڵی ڕابـردوو و لـە سـاڵانی تـر تـەرخان کرابـوو ئەزمـەی نیشتەجێ بوونی کۆتایی پێ نەهێنا، ئەوانەی کە سوودمەند بوون لەو خانووانە، بەڕاستی ئەوانە بوون کـە خاوەنی خانووبەرە بوون و خاوەنی ئیمکانیەتەکان بوون، هاووڵاتیـانی کـەم دەرامـەت کـەمترین موسـتەفید بوونە لەو مەسـەلەیە، وە بـە دەرەجـەی یەکـەمیش کۆمپانیاکـان موسـتەفیدی یەکـەمن لـەو بـوارەوە، بۆیـە پێشنیار دەکەم 150 ملیار لەو 250 یە بێتە سەر بڕگەی 3 بۆ قەرزی خانووبەرە، سـەدی سـەد پشـتیوانی لەو برادەرانە دەکەم کـە پێیـان وایـە ببێـت بـە 30 ملیـۆن وەکو عیراقـی لێ بێـت، بـۆ ئـەوەی هـاووڵاتی بـە ئیسراحەتی خۆی بتوانێ خانووەکەی تەواو بکات، 50 ملیاریش بێتە سەر بڕگەی 5 بۆ پرۆژەکـانی کـەرتی کشـتوکاڵی کـە بەڕاسـتی کەرتێکـە کـە ئەهمیـەتی خـۆی هەیـە لـەو وڵاتـەی ئێمـە، چـونکە ئێمـە وڵاتێکـی تاحەدێك کشتوکاڵین کە تا ئێستا لەو بوارەدا کشتوکاڵ لە ئاستێکی زۆر نزم دایە، 50 ملیارەکەی دیکەش بۆ سەر بڕگەی 6 کە لە بڕگەی 6 دا 50 ملیار بۆ پاڵپشتی بەرنامەی وەبەرهێنانی وەزارەتـی کشـتوکاڵ و 50 ملیاریش بچێتە سەر سەرچاوە ئاویەکان، بەڕاستی لە وڵاتی ئێمەدا ئەهمیەت دان بـە سەرچـاوە ئاویـەکان و گلدانەوەی............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خۆی چوار بڕگەیە، نە پێنجەم و نە شەشەم، ئەو بڕگەیە کامەیە؟ مەبەستت چیە؟ ئەگەر ڕوونی بکەیەوە، بەڵێ کاک عونی؟

**بەڕێزعونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستی ڕاپۆرتەکەیە جەنابی سەرۆك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە، کاك کاردۆ کەرەمکە.

**بەڕێز کاروان صالح احمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە بەڕای من 50 ملیار بە تەنها بۆ سەرچاوە ئاویەکان دابندرێت، چونکە سەرچاوە ئاویەکان لە ئەنجامی ئەوەی کە ئێمە لە وشکە ساڵی تووشی کۆمەڵێك گرفتی زۆر بووینەوە و هاووڵاتیانمان و ژینگەی وڵاتەکەمان و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و سامانی ماسی و ئەوانە، بەڕاستی زۆر پەیوەندارن بە سەرچاوە ئاویەکان، بۆیە 50 ملیار تایبەتمەند بکرێت بە سەرچاوە ئاویەکان، جگە لە 50 ملیارەکەی کە بۆ کشتوکاڵ داندراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڤیان خان کەرەمکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، دەتوانین ئیشارەت بە ئەوە بدەین کە گەورەترین کێشە لەم هەرێمەی ئێمە دا قەیرانی نیشتەجێ بوونە، ئەهمیەتیش لەو بودجەیە کە ئێمە ئێستا موناقەشەی لەسەر دەکەین، پێویستە بە جدی قەیرانی نیشتەجێ بوون چارەسەری پێ بکرێت، ئەهمیەت لە نووسینی ئەم ماددەیە تەنها نووسینەکەی نیە کە 350 ملیار دینار دابین بکرێت بۆ چارەسەری قەیرانی نیشتەجێ بوون، بەڵکو ئەهمیەتەکە لە ناوەڕۆکەکەیەتی، ئایا بە فعلی ئەم 350 ملیارە بە جدی تەرخان دەکرێت بۆ چارەسەری قەیرانی نیشتەجێ بوون؟ ئایا ئەو بڕەی کە تەرخان کراوە بەو شێوەیە دەبێت کە هەموو چینەکان لەم هەرێمەی ئێمەدا بتوانن ئیستیفادەی لێ بکەن؟ هەم خەڵکانی هەژار و چینی ناوەند؟ ئایا حکومەت دەتوانێ ئەو کۆمپانیایانە کە دەتوانن ئیشتراك بکەن لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان؟ دەتوانن بدرێت بەو کۆمپانیایانەی کە تەنها تەمەنیان 2 -4 ساڵ نەبێت، یان زەویەکی زۆریان بۆ تەرخان بکرێت یەعنی ببێتە هۆی بەفیڕۆدانی ئەم پرۆژانە و پەککەوتنی پرۆژەکان لەبواری جێ بەجێ کردندا پێویستە حکومەت بتوانێ بە کوالێتی باش و بەچاودێریەکی باش چاودێری بکات، پاشان دابین

کردنی ئەو زەویانە بە شێوەیەك بێت کە زۆرترین کێشەی نیشتەجێ بوون چارەسەر بکات لەم هەرێمەی ئێمەدا، بە نیسبەت دیاری کردنی ئەو نرخی شوقەکانیش پێویستە بە شێوەیەك بێت کە هەموو چینەکان بتوانن ئیستیفادەی لێ بکەن، بە نیسبەت بڕگەی 3 کە باس لە دابین کردنی قەرزی خانووبەرە دەکات، من پشتیوانی ڕایەکەی کاك کاردۆ دەکەم کە بتوانین ئێمەش بە پێی یاسای ژمارە 7ی عیراقی لێ بکرێت کە باس لە سولفەی عەقاری عیراقی کە 30 ملیۆن دینارە، ئەمیش بۆ زیاتر پشتیوانی لە شارو قەزاو ناحیە و گوندەکان بێت و هەموویان بەو شێوەیە بێت کە بۆ ئەوەی زیاتر ببێتە هۆی ئاوەدانکردنەوە، بە نیسبەت بڕگەی 2 و 5 کە باس لە بانکی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵی دەکات، من بە هەمان شێوە داوادەکەم ئەمەش زیادبکرێت، چونکە هەر دوو ئەو سێکتەرەی کە باس دەکرێت لە هەرێمی کوردستان دا تا ڕادەیەك دواکەوتوویی بە خۆیەوە دەبینێت، بۆیە پێویستە ئێمە لەسەر بودجە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم بودجەیە زیاد بکرێت، بۆ زیاتر بەرەوپێش چوون و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی و ڕەخساندنی بوار بۆ بەرەوپێش چوونی بانکی پیشەسازی دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گۆران کەرەمکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ستراتیجیەی حکومەت لەم ماددەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەوڵ دانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان، ئەمیش بە تەرخان کردنی 350 ملیار لەلایەك بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون و لەلایەکی تر لەسەر سولفەی عەقاری، من بەڕاستی پشتیوانی لە سندوقی نیشتەجێ بوون دەکەم لەوەی کە لە سندوقی نیشتەجێ بوون خەڵکانی کەم دەرامەت و خەڵکانی بێ زەوی دەبن بە خاوەن خانوو، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هانی خەڵك دەدەین کەوا فێری ژیانی نیشتەجێ بوونی ستوونی بن، کە ئەمەش بۆ ئایندەی ئەم هەرێمە زەویەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو کە نابێتە هۆی فراوان بوونی مەساحەیەکی زۆر و جێ بوونەوەی کەمترین خەڵك لەناو ئەو مەساحەدا، جگە لەوە خزمەتگوزاری کە بۆ ئەم خانووانە دابین دەکرێت کە دەبێتە ئەرکی کۆمپانیاکان کە ئەمەش ئەرکی حکومەت لەم لایەنەدا سووك بێت و زیاتر بپرژێتە سەر خزمەتگوزاری تر، بەڵام من گومانم نیە سەرجەم ئەندام پەرلەمان و هەموومان موتەفقین لەسەر ئەوەی ئەم ماددەیە بە شێوەیەك دابڕێژرێت کە چارەسەی کێشەی نیشتەجێ بوون لەم هەرێمەدا بکات، بەڵام ئەوەی وامان لێ دەکات کە بەشێکمان بە گومانەوە سەیری ئەم ماددەیە بکەین، کە بریتیە لە هەندێ هەنگاوی ڕابردوو کە کوالیتی خانووەکان باش نەبووە و سعریان بەرز بووە وەك پێویست نەبوونە، بەڵام ئەو هەنگاوەی ئێستا هەیە، ئەوەی ئێمە بیزانین هەنگاوێکی تازەیە و هیچ ڕێنمایی و وردەکاریەك لە بەرچاوی دەستی ئەندام پەرلەمانەکان دا نیە، وە

لەبواری عەمەلی دا ئەو خاڵە باشانەی گوتمان جارێك نەهاتووەتە بەرچاومان بزانین ئەم هەدەفانە تەحقیق بووە یاخود نا؟، ئەم هەنگاوەش وابزانم بۆ ساڵێك نیە و بۆ ماوەی 10 ساڵ بەردەوام دەبێت، بۆیە من پشتیوانی دەکەم کە هەنگاوێکی باشە، بەڵام لەبەرئەو خاڵانەی کەوا ئاماژەم پێی دا، پێم باشە 50 ملیاری کە لەبەرئەوەی ئەم ساڵ هەنگاوێکی سەرەتاییە بگوازرێتەوە بۆ سولفەی عەقاری و وابکرێت سولفەی عەقاری زیادبکرێت، ئەگەر ئەو ئەهدافە باشانە ئەم ساڵ تەحقیق بوو و گومان تیا نیە سەرجەم ئەندام پەرلەمانان لە ساڵی داهاتوو داوای زیاتری ئەم مەبلەغە دەکەن، بە نیسبەت سولفەی عەقاریش من پشتیوانی لە رەئیەکەی لیژنەی قانونی دەکەم کەوا زیادبکرێت و جیاوازی نەهێڵدرێت لەنێوان شارو شارۆچکە و لادێکان، زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان باسی ئەوەیان کرد کە باسی نەهێشتنی جیاوازی دەکەین بۆ هێنانەدی دادپەروەری کە نەبێتن، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مەسەلەی ئەو 100 مەتریە لە بودجەشدا یەك لابێتەوە کە لە سلێمانی هەیە و لە هەولێر و دهۆك نیە، ئەمە هەم مۆرکی دوو ئیداریە و هەم جیاوازی هەیە لەو مەسەلەی ناعەدالەتیە، بۆیە پێدانی سولفەی عەقاری بە مەسەلەی 100 مەتری لە هەموو شارەکان دا هەبێت، بە نیسبەت بواری کشتوکاڵیش من نازانم ئەگەر وەك پێشنیار یان وەك پرسیار بیکەم لەو سندوقی بانکی کشتوکاڵی لەساڵانی ڕابردوو کە وشکەساڵی بوو جوتیاران قەرزیان کردووە لەم بانکە و بەهۆی وشکەساڵیەوە تاوەکو ئێستا ئەم قەرزە نەدراوەتەوە و حکومەت ڕای گرتووە، واتە لێی خۆش نەبووە بەڵکو ڕاگیراوە، ئەگەر مەبەستمان ئەم ساڵ بووە لە ساڵانی داهاتوو گرنگی دانە بە بواری کشتوکاڵی، من پێشنیاری ئەوە دەکەم و داوایەکی واش هاتووە بەردەم بەڕێزتان لەم پەرلەمانەوە، ئێمە کە سەردانی ئەم دێهاتانەمان کردووە ئەم قەرزەیان لەسەرەو ناتوانن بیدەنەوە، لەبەرئەوە لەو قەرزەیان خۆش ببن لەم ساڵدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر کەرەمکە.

**بەڕێز قادر حسن قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گشتی پشتگیری لە ماددەکە دەکەم، بەڵام سەرەتا پرسیارێکم هەیە لەبەڕێز وەزیری دارایی کە ئایا ئەم پارەیە لە چ سەرچاوەیەکەوە هاتووە؟ لە زمنی بودجەی هەرێمی کوردستانە یاخود سەرچاوەکەی شوێنێکی ترە؟ چونکە ئەگەر وابێ با لێرە باس نەکرێت لە شوێنێکی تر موناقەشەی بکەین، پاشان لێمان کەم دەکرێتەوە ئەگەر لە بودجەی هەرێم نەبێت، هەروەها پێشنیار دەکەم 50 ملیار بخرێتە سەر سلفەی عەقار، ئەو بڕە پارانەی کە بۆ کەرتی کشتوکاڵ و بانکی پیشەسازی دیاری کراوە، من بە کەمی دەزانم، چونکە ئەو دوو بوارە هەردووکی یەکیان لەوەی تریان گرنگترە، بەڵام ئەوەی بە لای منەوە زۆر گرنگە، ڕێگا چارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەو شارۆچکە و گوندانەی بە تایبەتی کە لە شریتی حدودیەکان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ ڕاگوێزرابوونەوە تاوەکو ئێستاش سەنەدە و تاپۆی خانووبەرە و موڵك و

ئەملاكیان وەكو پێویست نیە، كەواش بێت مومكینە ئـەو سلفەی عـەقارە نەیانگرێتـەوە، بۆیـە مـن لێـرەوە پێشنیار دەكەم كە ڕێگا چارەیەك و میكانیزمێك بدۆزرێتەوە كە شمـولی ئـەوانیش بكـات، ئاوەدانكردنـەوەی ئەو شوێنانە زۆر تایبەتمەندی خۆی هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك فاضل بەشارەتی كەرەمكە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان زۆر باس لە مەسـەلەی كـەمی یـان زۆری ئـەو بودجەیـە دەكرێـت بـۆ دوو مەبەستی زۆر گرنگ كە لـە كوردسـتان پـێم وایـە زەرووریـاتی زۆر گـەورەن بـۆ هـەرێمی كوردسـتان، بـە حەقیقەت من پێم باشـترە بـاس لـەوە بكرێـت كـە مـن بەڕاسـتی نـاوێرم بڵـێم زۆرە یـان كەمـە، چـونكە بـە حەقیقەت ئەو بودجانەی لە رابردوو بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەكان سەرف كـراوە لـە ڕاسـتی دا موسـتەفیدی یەكەم كۆمپانیاكانن و بردوویانە لەو بودجەیەی كە بۆ ئاوەدانكردنەوەی كوردستان یان بۆ خەڵكی فـەقیر و هەژار بـۆ بنیادنانـەوەی ژێرخـانی ئـابووری لـەم هەرێمـە، بەڕاسـتی مـن ئەوەشـی دەگێڕمـەوە بـۆ نـەبوونی چاودێری دارایی لەم وڵاتە و لەهەمان كاتدا من پێم خۆشە بە واقعی ئەوە بڵێم، بەڕاستی لەلایـەن زۆربـەی خەڵكی كوردستانەوە گومان لە بەرپرسە باڵاكانی هـەرێمی كوردسـتانیش دەكرێـت لـە بـێ دەنگیـان و قەپـە گەورەیەی كە كۆمپانیا زەبەلاحەكان لە ئەو بودجەیە دایـدەگرن كـە بـۆ ئاوەدانكردنـەوە و بـۆ ئیسـتیفادەی خەڵكی فەقیر و هەژار دایدەگرن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەڕاستی ئەوەی كە باس دەكرێت لـە مەسـەلەی سولفەی عەقار من پشتیوانی لە ڕای ئەو بەڕێزانـە دەكـەم و پـێم وایـە بەڕاسـتی ئێمـە وەكو حـەق دەبێـت پێمـان وابێـت و بمانـەوێ ژێرخـانی ئـابووری ئـەم وڵاتـە ئـاوەدان بكرێتـەوە دەبێـت تموحێـك لەبـەردەمی لادێكانی كوردستان دروست بكەین، ئەو كۆچەی پێچەوانە دروست بكەین كە ئێستا زۆربەی زۆری لادێكـانی كوردستان چۆڵ كراون، هەموو دەزانین و زۆربەی كات لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن لـەناو میـدیاكان بـاس لـەوە دەكرێت كە گوایە هەرێمی كوردستان تەنها دووكاندارەكە كوردە، ئەمە زۆر كات ئەم وشـەیە بـەكارهاتووە و بەكاردێت، لە حەقیقەت دا ئەگەر ئێمە بمانەوێ ژێرخانی ئابووری خۆمان بنیادبنێینەوە بەڕاسـتی دەبێـت ئیهتمام بە ئاوەدان كردنەوەی لادێكان بدرێت، بـەڵام لێـرە كەمیـەتێك بـەلادێكان دراوە لەگـەڵ ئـەوەی لـە سولفەی عەقار حەقی شار زیاتر حیساب كراوە لەوەی كەحەقی لادێ، هەمووومان دەزانین ڕۆڵی لادێكان لـە رابردوو و لە بەردەوام بوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد، لادێكان چۆن بوونـە گـەورەترین كەرەسـتەی شـۆڕش و گـەورەترین زەخیـرەی شـۆڕش، بۆیـە داواكـارم و پێشـنیار دەكـەم ئەگـەر ئیهتمـامی زیـاتریش بـە لادێكان نەدرێت وەكو شار حیسابی بـۆ بكرێـت، لەبـەر ئـەوە ئەمـە مـن بـە حـەقێكی ڕەوای دەزانم و تمـوح دەخرێتە بەردەمی لادێكان بۆ ئاوەدان كردنەوە، خـاڵێكی تـر كـە پـێم باشـە بـاس بكرێـت، بەڕاسـتی چـەند ساڵێكە نەك تەنها ئەم ساڵ، باس لە دروست كردنی بەنداو دەكرێت بۆیە مەبەسـتم ئـەو عـەدەدەی بودجـە

که 350 ملیار دینار دیاری کراوه، بەڕاستی من پێشەکی ئیشارەتم پێیدا کە نالێم زۆرە یان کەمە، بەلاّم هەمووومان دەزانین ئەمساڵ گەورەترین سامانی ئاو لە دەست هەرێمی کوردستان دەرچوو، ئەگەر ئێمە ئەو بەنداوانەی لەڕابردوو باس دەکرێت دروست بکرانایە هەم بۆ ئاوەدان کردنەوی لادێکانە، هەم بۆ دێراو کردنی زەویە کشتوکاڵیەکان، ئەو سامانە گەورەیەکە ئەمساڵ کە خوای گەورە بە ئێمە و بە هەموو جیهانی بەخشی ڕاستیەکەی ئێمە هیچ ئیستیفادەیەکمان لێی نەکردو لە دەستمان دەرچوو، لایەنێکی تر ڕاستیەکەی مەسەلەی کشتوکاڵ کە بە حەقیقەت باسی ئەوەی کە کشتوکاڵ لە کوردستان هەمووومان دەزانین کە ئێستا و چەند ساڵێکە بەڕاستی دەتوانم بڵێم لە ساڵی 1991 ەوە بە هۆی نەبوونی وەبەرهێنان لە کوردستان، کوردستان ئێستا بووەتە سەرچاوەی نەخۆشی، چونکە لە وڵاتێکی زراعی ئەگەر وەکو ئەوەی هەمووومان بینیمان بە تایبەتی لە پێرار لە مناسەبەی سیانزە بەدەری ئێران کیلۆیەك تەماتە چووە تەقریبەن چوار تا پێنج هەزار دیناری ئێستای خۆمان، ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ سکەی سویسری چەند دەکات؟، ئەگەر وەکو جاران بوایە خەڵك دەتۆقی لەوەی کیلۆیەك تەماتە بچێتە ئەو حەدە، لەبەرئەوە بە حەقیقەت ئەمە غەدرێکە لە خۆمانی دەکەین، بۆیە من هیوادارم لە مەسەلەی کشتوکاڵیش ئیهتمامێکی تەواو بە مەسەلەی کشتوکاڵ بدرێت لە کوردستان، چونکە ئەوە دەبێتە بناغەیەکی ئەساسی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و رزگاربوونی خەڵکی کوردستان لەو قەیرانە و بەو گرفتاریەی کە خەڵکی کوردستانتێی کەوتووە لە هەموو ڕوویەکەوە، لەڕووی پەلەوەر، لەڕووی زەوی و زراعەت، هەتا لەڕووی گۆشت، یەعنی ئێستا دەچین گۆشتی چەند ساڵی بەرازیل دێنین و لەم وڵاتە سەرف دەکرێت، لەهەمان کات دا هەمووومان بینیمان لە ڕابردوو کوردستان سەرچاوەی گۆشت و زەوی و زراعەت و هەموو ئەو پێداویستیانە بووە بۆ وڵاتانی دەوروبەریش، ئەمەش بە حەقیقەت ناکرێت هەر ئەمساڵ بدەینە دەست ساڵێکی تر و جوتیارانیش هەر لە چاوەڕوانی دابن، ئاخر قسەم ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیار دەکەم کەوا سەندوقێکی قەرەبوو بۆ جوتیاران لە کوردستان دابندرێت، چونکە هەمووومان دەزانین ساڵانە دەیان خەلە و خەرمانی خەڵك دەسووتێ و کەس............ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرە سەر بابەتەکە، ئێمە باسی تەخسیسی پارەیەك دەکەین بۆ خانوو ئایا بکرێت، باشە یان نا کەمە یان زۆرە، سەرچاوەکەی لە کوێیە؟ ربح دێتە سەری یان نا؟ کوردستان چەند پێوەی مەربوتە؟ تۆ باسی ئەوانە بکە، ئەوە مەسەلەیەکی ترەو لە وەختێکی تر، ، کاك فاضل کەرەمکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر هەورامی کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صديق محمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتای قسەکانم بە ئاراستە کردنی پرسیارێکە لە جەنابتان و لە لیژنەی یاسایی دەست پێ دەکەم، ئەویش ئەوەیە بڕی بودجەی تەرخان کراو بۆ ئەمساڵ بۆخەرجیەکان (پانزە ترلیۆن و چوار سەد و سی و دوو ملیار و سەد و حەفتا و شەش ملیۆنە)، بڕی داهات (سێ سەد و چل و هەشت ملیار و شەش سەد و حەفتا و نۆ ملیۆنە)، وەعەجزەکەشی (هەشت سەد و سی و پێنج ملیارە)، ئەو بڕەیەی کە ئێستا لەبەردەستمانە 350 ملیار لە هیچ کام لەم خاڵانەی سەرەوەتان کە ئاماژەم پێیدا نیە؟ ئایا لەڕووی یاساییەوە وارده لەناو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بڕێك هەبێت کە نە لە خەرجی و نە لە داهات نە لە عجز هەبێت؟ وە ئەگەر بڕیارە وەکو قەرز بێت باشتر نەبوو لە ماددەی یەکەمی پرۆژەی بودجە باسی لێوە بکرابایە کە حکومەت بە نیازە 350 ملیار قەرز بکات؟ وە ئەگەر بە نیازن قەرز بکەن لە چ بانکێك دەکرێت ئەو قەرزە؟ بە چ ربحێك و بە چەند ساڵ ئەم پارەیە دەدرێتەوە؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر بڕیارە، ئەگەر ئاساییەو یاساییە، ئەم بڕە قەرز بکرێت بەپێی ئەو لێکدانەوەی کە بەخێرایی بۆ ئەم ژمارەیە کردوومە، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی یەکەم نزیکی(20 -30)ملیار دینار وەکو فائیدە ئەبێ بدات، ئەگەر بڕی فائیدە لەسەر قەرزەکە بە 10٪ بێت ئەبێ ئەوەندە بدات بەو بانکە یان ئەو شوێنەی کە قەرزی لێ دەکات، ئەمە تەنها بۆ ساڵێك، ئەی ئەگەر تۆ قەرزەکەت بۆ 10 ساڵ کرد حەتمەن بڕەکە زیاتر دەبێت، ئایا تەرخانکردنی یان پێدانی ئەم بڕە زۆرە لە سامان و موڵکی خەڵکی کارێکی باشە؟، لەکاتێکدا ئێمە وەکو صندوقی نیشتەجێ بوون، لە ساڵانی ڕابردوو تەجوربەیەکمان هەبوو، تەسەور ناکەم کەم تا زۆر ئەگەر بەراوردی بکەین بەم پرۆژەی کە ئێستا پێشکەش کراوە، زەرەرو زیانی زیاتربێ، من تەسەور دەکەم ئەوەی پێشوو باشتر بوو، لە لیژنەی داراییش کاتێ کە کاك ( هێرش محرم) لەوێ هەندێ تەوزیحاتی پێداین بۆمان دەرکەوت کە تاقەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو کۆمپانیانەی کەوا لەپرۆسەی وەبەرهێناندا بەشدارن، لە حدودی (100 – 200)ملیار دینار بووە لە حدودی 2 ساڵدا، ئەو خانوو ویەکەی نیشتەجێ بوونانەش کە پلانی بۆ دانراوە، لەماوەی ساڵێکدا زۆر کەمتر بووە لەوەی کە ئێستا تەقدیر کراوە، لەماوەی 2 ساڵدا نزیکەی 22 هەزار ئەوەندە یەکەی نیشتەجێبوون بووە، هەروەکو بەڕێزیشی لەدانیشتنی لیژنەی دارایی ئاماژەی پێدا، کە بەشێك لەو یەکەی نیشتەجێبوونانە هێشتا تەواو نەبوون، واتە لەبواری جێبەجێکردندان، من ئەپرسم ئەم بڕە بەو قەبەییە بۆ لەکاتێکدا توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە دیارە، کە ئەوەندە نیە، بۆ ئێمە ئەم هەموو بارگرانیە بخەینە سەر دەستەی وەبەرهێنان و ئیلتیزام کردنی وەزارەتی دارایی بەپێدانی ئەو بڕەو پێدانی ئەو بڕە، من پێشنیار دەکەم، ئەگەر بڕیارە ئەم بڕە بمێنێتەوە و بەڕا وەرگرتنی بەڕێز وەزیری داراییش، ئایا تاقەتی حکومەت بەفیعلی چەندە بەپێدانی قەرزی خانوو بەرە یان قەرزی سولفەی عەقاری؟، (15) ملیۆن (20)ملیۆن یان (25)ملیۆن؟، ئەم پرسیارە لەبەڕێزیان بکرێت بۆ ئەوەی پەرلەمان بڕیارێك بدات دواتر تەنسیق و هاوکاری

هەبێت لەبەینی پەرلەمان وحکومەت، بۆ ئەوەی دوایی نەوترێت تاقەتی حکومەت زیاتر بووە یان کەمتر بوو، بەڵام پەرلەمان بەو شێوەیە بڕیاری دا، من پێشنیار دەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەستەی وەبەرهێنان بەو تەجروبەی کە هەبوو لە ساڵانی ڕابردوو بەوە پابەند بێت، تا ئەوەی ئەم پرۆژەیە دیراسەتێکی باشتری بۆ بکرێت، چونکە بە حەقیقەت تەرخان کردنی ئەم بڕە هەم لە ڕووی ئیلتیزاماتی مالیەوە حکومەتی هەرێم و هاووڵاتیان بارگرانی مالیان بۆ دروست دەبێت، هەم لەڕووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئیحتیمال دەکات گرفتێك یان کێشەیەك بۆ حکومەتی هەرێم دروست بکەین، چونکە بەپێیی ئەوەی کە بیستوومانە ئەوەشی کە وتراوە لە ڕاگەیاندن، ئەم بڕە زیاتر بۆ ئەو یەکە نیشتەجێبوونانەیە کە عەمودییە، من پرسیار دەکەم ئایا دیراسە لەسەر ئەوە کراوە؟، کەخواستی هاووڵاتیانی کوردستان لە وەرگرتن و نیشتەجێبوون لەیەکەی عەموودی باشە لەڕووی دەروونیەوە ئارامی بۆ دروست کردوون؟، ئایا نەبووە بەهۆی دروست کردن یان زیاد کردنی کێشەی کۆمەڵایەتی؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر نورەدینی، فەرمووو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا درێژەدان بەبەرنامەی چارەسەرکردنی نیشتەجێبوون لەکوردستان، بەبەرنامەیەکی گشتی وەکو پرەنسیپێك کارێکی باشە، چونکە جگە لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بوونی ئەم قەیرانە ڕەگێکی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو، چونکە دەبینین لەڕابردوودا یەکێك لە سیاسەتەکانی ڕژێم، بریتی بوو لە سیاسەتی کۆچ پێکردنی بەزۆرەملێ و ڕاگواستن، ئەمە بۆخۆی لە ڕووی نیشتەجێبوونەوە، قەیرانێکی دروست کرد کە تا ئێستاش شوێنەوارە سلبیەکانی هەر بەردەوامە، بۆ نموونە لە ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە ساڵی 1989 تا ساڵی 1992 دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە ماوەی (3 – 4) ساڵ چوار جار خانوویان ڕووخێندراوەو دروست کراوەتەوە، ئەمە بەنیسبەت هاووڵاتیەوە بارگرانیەك بووە تا ئێستاش ئەو ناوچانە لەڕووی مەسەلەی نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە گرفتی تایبەتیان هەیە، بەڵام من پێشنیار دەکەم، لەگەڵ ئەوەی ئەم بەرنامەیە بەردەوام بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی پێبدات، بەڵام زیاتر جەخت بکرێتە سەر مەسەلەی سولفەی عەقارو قەرزی خانووبەرە، واتە لەوێ ئەو نیسبەتەی کە دیاریکراوە بەڕێزانیش کە پێشتر ئیشارەتیان پێدا کە قەرزەکە بکرێت بە (100)ملیار ئەمە پێشنیارێکی باشە، بۆ باشە؟ با بپرسین بۆ باشە؟ کە ئەم ڕێژەیە زیاد بکرێت، یەکەم: ئەگەر ئێمە ئێستا بێین بەراورد بکەین لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، دەبینین داواکاری هاووڵاتیان، موعامەلە کردنیان بۆ وەرگرتنی قەرزی خانووبەرە، چەندین بەرامبەر زیادی کردووە، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیاندا مەسەلەی ڕیبا چارەسەر بکرێت، ئەمە وای کردووە کە هاندان زۆر بووە بۆ وەرگرتنی قەرزی

خانووبەرە، خاڵێکی تر ئەوەیە لە مەسەلەی وەرگرتنی قەرزی خانووبەرە، هاووڵاتی ڕەغبەتی خۆی تەحقیق دەکات لە دروست کردنی جۆری خانووەکەی، واتە لەڕووی نەخشەوە، لەڕووی بەشداری کردن لە جێبەجێ کردنی خانووەکەی خۆی، ئەمە دەرگا دەکاتەوە لەبەردەم هاووڵاتیان، چونکە دەبینین لە هەرێمی کوردستان هەندێ هاووڵاتی بە کۆمەك خانوو دروست دەکەن یان بەخۆیان دروستی دەکەن، کە ئەمەش لەڕووی تێچوونیشەوە، ئەگەر قەرز بدرێت کەمتر لەسەر هاووڵاتی دەکەوێت، خاڵێکی تر ئەوەیە کە لەڕێگای سولفەی عەقارەوە دروست کردنی خانوو پرۆسەکەی خێراتر تەواو دەبێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە کۆمپانیاکان دەیکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو موشکیلەی کە بەڕێزان پێشتر باسیان کرد، مەسەلەی 100 مەتری و 200 مەتری ئەوە چارەسەر بکرێت، چونکە پارە دەدرێت لەسەر ئەساسی دروستکردنی خانوو نەك لەسەر ئەساسی ئەوەی کە زەوییەکەی چەندە؟، بۆیە تا ئێستاش دەبینین یەکێك لەو گرفتانەی کە هاووڵاتیان بەدەستیەوە دەناڵێنن مەسەلەی خانووی 200 مەتریە کە دابەشی دەکات بۆ دوو خانووی 100 مەتری، ئەبێ یەکێکیان تەنازول بکات بۆ ئەوی تریان، ئەمە گرفتێکە لە دائیرەکان لە وەرگرتنی سولفەی عەقاردا، بەربەستێکی گەورەی دروست کردووە پێویستە ئەمە چارەسەر بکرێت، هەروەها تەئیدی ئەو ڕەئیەش دەکەم کە بەڕێزان کردیان، باسیان لەوە کرد کە جیاوازی لەنێوان شارو لادێکاندا نەمێنێ بۆ ئەوەی ئەمە بکرێت بە بەشێك لە هاندان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دامو دەزگا پەیوەندیدارەکان لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەعلیماتێکی ورد دەربکەن بۆ ئەوەی کە شریتە حدوودیەکان ئەوەی کە باسکرا، ناوچە ڕاگوێزراوەکان لەگەڵ لادێکان لە مەرجی تاپۆ ئیستیسنا بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عیماد، فەرمو.

**بەڕێز عیماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: لەسەرەتا پشتگیریا وێ بۆچوونێت دکەین، کوا هاتیە ئازراندن ژ لایا ژمارەکا ئەندامێ پەرلەمانی، سەبارەت دیار کرنا سەرچاوەت ڤێ بڕێ پارەی، چونکە سەرچاوەکە بۆمە ڕوون نیە؟، ئەگەر ژ 17٪ێ لە بودجە بیتن، ئەڤە تشتەکی دییە، ئەگەر ژی نە، جهێ پرسیارێیە، دووەم: سەبارەت پێشنیارا هەردوو لیژنەیەن یاسایی و دارایی، پێشنیار دکەم ڤێ ڕەنگێ بت، (200)ملیار دینار بێنە تەرخانکرن بۆ مەبەستێن پشتگیریا پرۆژەت سندوقا نیشتەجێبوونێ، (100)ملیار دینار بێنە تەرخانکرن بۆ تەعزیز کرنا قەرزێ عەقاریی، بڕێ پارە پێشنیار کری بۆ تەرخانکرنا قەرزا عەقاری لە پارێزگەهاو قەزا وناحیاو گوندەکان وەکی ڤیت، ڕێنماییا تایبەت بۆ وەرگرتنا قەرزێ عەقاری بێنە دارێتن، سەبارەت بەو دەڤەرێن تەسوییەو تاپۆ لێ نەهاتیە کرن، بەڕاستی وەکی مە ئیشارەت پێدای، سەرچاوەیا ڤێ پارەیا بۆمە ڕوون نینە، ئەگەر ژێ 17٪ ێ بودجا هەرێما کوردستانێ نەبیتن، بۆمە گومانێك یا دروست بوویە ئەڤە

ئیحتیماله قەرزەك بیتن، ئەگەر قەرزیش بیتن بەڕاستی مە ناچارین ئیتیجاها ئاخافتنا خۆ بەرەڤ ئاراستەیەکی دی ببەینەوە، بۆمە هەندەك و کۆمەڵێك پرسیارا دیار بوویە، ژوانا ئایا ئەگەر قەرز بیتن، ئەڤ قەرزە ل کام بانقێ هاتیە وەرگرتن؟، دوو: ئەگەر ئەڤ بانقە هی ناوخۆیە یان هی بیانیە، سێ: ڕێژا فائیدەی چەند بیت؟، چار: بۆ ماوەیا چەند سالأنە؟، پێنج: کۆیە گشتیە فائیدەی بۆ ماوەی قەرزی دەبیتە چەند؟، ئومێدەوارم ئەڤ چەند پرسیارا بۆمە بێتە ڕوونکرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم محمد، فەرموو.

**بەڕێز شونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی کە هەم بوو زۆبەی زۆری لەلایەن هاوڕێکانمەوە باسکراو پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا بەڕاستی منیش هەر بەوە دەست پێدەکەم ئەم سەرچاوەی پارەیە دیار نیە؟، ئەمەمان بۆ ڕوون بکرێتەوە زۆر باشە، ئەم ماددەیە بەڕاستی ماددەی (19) ماددەیەکی زۆرگرنگە، پەیوەندی بەژیانی یەکە یەکەی هاووڵاتیانەوە هەیە، من وا ئەزانم بابەتێکی هێندە گرنگە، چونکە ئێستاکە خەڵك چاوەڕێ دەکات لێرەدا بڕیارێکی چۆن دەدرێت لەسەر ئەو بابەتە، بەنیسبەت خاڵی یەکەم بەڕاستی ئەو بڕەی کە بۆ صندوقی نیشتەجێبوون دانراوە، من پێم وایە ئەمە نیوە بکرێت، من پێم وایە ئەم بڕە زۆرە، لەبەر چەند هۆکارێك بەڕاستی، یەکەم: من پێم وایە ئەو خانووانەی کەوا لە ڕێگای صندوقی نیشتەجێبوونەوە کراون و لەڕێگای کۆمپانیاکان کە زۆریان بردووە کەموکورتی زۆریشی تێدا بووە، دووەم: بەڕاستی مەرجی زۆر قورسی تێدا بووە، کە هاووڵاتی ئاسایی نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی خانوو، سێیەم: ئەو خانووانە وەکو پێویست بەڕاستی نەیانتوانیوە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکەن، لەبەر ئەوە من پێم باشە، نیوەی ئەوە بخرێتە سەر خاڵی سێیەم کە پێشینەی خانووبەرەیە، من ئەوە زۆر بەپێویست دەزانم، پێشینەی خانووبەرە، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە تاکو ئێستا تەفعیل نەکراوە، لەبەر چی؟، لەبەر چەند هۆیەك، هۆی یەکەم: لەبەر ئەوەی سووی لەسەر بووە، خەڵکێکی زۆر نەیانتوانیوە سوودی لێ وەربگرن و پارە وەربگرن لەبەر مەسەلەی سووەکە، هۆی دووەم: پارەکە خۆی لەخۆیدا کەم بووە، هۆی سێیەم: وەکو هەولێر من تا دوێنێش لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرە قسەم کردووە، ئەو بڕە پارەیە کە (12)ملیۆنە بۆ

(200)مەترە، یەعنی دوو کەس ڕێك دەکەون لەسەر ئەوەی کە (200)مەتر بکرن، ئەگەر هەر کەسێك گەڕەکە تازەکانی هەولێر ببینێ دەبینین لە 85٪ تا 90٪ی خانووەکان (100)مەترن، لەبەر ئەوە خەڵك توانای ئەوەی نیە، کە زەوییەکی (200)مەتری بکڕێت، ئەم بڕە پارەیەش بۆ (200)مەترە، دێن بەدووکەس دەیکرن، پاشان کێشە لەوە دروست دەبێت کە دەبێ یەکێ لەوانە تەنازول بکات بۆ ئەوی تر لە (12)ملیۆنەکە، ئەگەر وەری بگرێت، لەوەدا کێشە دروست دەبێت لەوانەیە یەکێکیان تەنازول نەکات، بۆیە هەندێکی هەر وەرینەگرن، ئەو خەڵکەی کە پێم وایە (200)مەتر ئەکڕێ و ئیمکانیەتی هەیە بکات بەخانوو، بێگومان ئیمکانیەتێکی باشی هەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئاستی ژیانی هاووڵاتیان لەوەدایە، کە من وتم لە 85٪ تا 90٪ی من گەڕەکەکانی هەولێرم تەماشا کردووە، بۆیە من پێم باشە بۆ تەفعیل کردنی ئەم کارە، کە ئێستا جێگای دەستخۆشیە کە سوودەکە هەڵگیراوە، ئێستا خەڵکێکی زۆر زەوی هەیە بەس بۆی ناکرێ بەخانوو لەبەر ئەو هۆیانە، یەکەم: بڕەکەی زیاد بکرێت لە (25 – 30) ملیۆن کەمتر نەبێت، دووەم: کێشەی خانووی (100)مەتریش لە هەولێر چارەسەر بکرێت، واتە ئەم پارەیە بۆ خانووی (100)مەتریش بدرێت، دوا پێشنیارم ئەوەیە کە ئێمە کێشەیەکمان هەیە، ئەو کچەی کەوا بەخێوکەری خێزانەکەیەتی، بەهەر هۆکارێك لە هۆکارەکان ئەم بووە بە بەخێوکەری خێزانەکەی، لەکاتێکدا کە زەوی هەیە، بۆی نیە ئەم پارەیە وەربگرێت، بەپێیی ئەوتەعلیماتەی کە هەیە ئەم پارەیە وەرناگرێت، بۆیە داوا دەکەم ئەو کەسانەی کە پێویستیان بەم پارەیە هەیە با وەریبگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا گومان لەوە نیە، کە چارەسەر کردنی کێشەی نیشتەجێبوون شتێکی زۆر چاکەو جێگای دەستخۆشیە، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا یەك لە کێشەو ئاریشە گەورەکانمان مەسەلەی نیشتەجێبوونە، بەڵام مەسەلەی نیشتەجێبوون چەند گرنگە، گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە ئاگاداری مەسەلەی ئابوری خۆمان بین، یەعنی ئەوەندەی کە قازانج دەکەین، زەرەرو زیانەکان لە قازانجەکان زیاتر نەبێت، ئینجا چ لایەنی ئابووری بێت، چ لایەنی ئایینی بێت، چ لایەنی کۆمەڵایەتی بێت، چ لایەنەکانی تر بێت، بۆیە من دەڵێم ئەو پارانەی کە دیاریکراوە، ئەو پارانە بۆ صندوقی نیشتەجێبوون یان بۆ سولفەی عەقار، بەلای منەوە کەم بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتی دەگەڕێتەوە، زیاتر بۆ بەرژەوەندی وەبەرهێن دەگەڕێتەوە، بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاکان دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویست بەوە دەکات دیسان پێداچوونەوەیەکی باشی بۆ بکرێت، چ لە ئالیەت و میکانیزمی دانی پارەکان چ لە موراعات کردنی یان موتابەعە کردنی کوالێتی دروست کردنی ئەم خانووانە، هەندێ مەرج لە دانی پارەکان هەیە، بەڕاستی مەرجەکان موجحیفن، مەرجەکان ناداد پەروەرن، یەکێك لەوانە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا نەبووبێت، واتە شووی نەکردبێ یان

ژنی نەهێنابێ، پارەی نادرێتێ، لەم نزیکانە چەند کەسێکە ئافرەت و پیاو هاتنە لای من و داوایان کرد، لەتەمەن بەسەرچوو بوون، لەبەر ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام نەداوە، ناتوانن ئەم قەرزە وەربگرن، هەرچەندە زەویشیان هەیە، بۆیە ئەمە شتێکی نادادپەروەرە، بۆیە پێویستە ئەوانە هەمووی بگرێتەوە، شووی کردووە یان نەیکردووە، بیدرێتێ، دەستخۆشی لەهەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە لەلادانی سوو (ریبا) بەشدار بوون، کە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر روو لە وەرگرتنی ئەو پارەیە بکەن، بەڵام دیسان دەڵێمەوە بەداخەوە مەرجێکی تریان تێدا داناوە کەوا مەرجی شەریکەی تەئمینە، کە ئەویش بڕە پارەیەکی زۆرە، ئیلزامیشە، ئەمە لەلایەنی شەرعیەوە مشتومڕی زۆری لەسەرە، زۆربەی زانایان ئەمە بەشتێکی شەرعی دانانێن، کە مەسەلەی تەئمین هەبێت، بەڵام دەکرێ ئەمە شتێکی ئیختیاری بێت، بۆ جەبری بێت، کەسێك دەیەوێت بۆ خۆی با خانووەکەی خۆی تەئمین بکات، ئەگەریش ئەو کۆمپانیایە مەبەستی لەو تەئمینە ئەوەیە کە زەمانێك بۆ قەرزەکەی خۆی دابنێت، ئەوە زەمانەکە نەفسی خانووەکەیە، یەعنی خانووەکە خۆی حجزی لەسەرە، نافرۆشرێت تا پارەکە تەواو نەبێت، کەواتە خانووەکە بۆ خۆی زەمانە، پێویست بەزەمانەکەی تر ناکات، من پێم وایە، پێشنیاریش دەکەم، کە صندوقی دووەم، کە صندوقی یەکەم لە ساڵی 2009 دەستی پێکرد، وابزانم تا ئێستاش بەردەوامە، چونکە تا ئێستاش هەر دەدرێت و خانوو دروست دەکرێت، ئێستا ئەوەی کە ئێمە باسی لێوە دەکەین ئەمە صندوقی دووەمە، یەعنی صندوقی 2010یە، ئەم صندوقە، یەکەم: من پێشنیار دەکەم ڕابگیرێت، جارێ تەنفیز نەکرێت تا ئالیەت و میکانیزمی جێبەجێکردنەکانی نەیەت بۆ پەرلەمان، تا بزانین چۆن جێبەجێ دەکرێت، بەچ شێوازێك جێبەجێ دەکرێت، دووەم: تا بزانین سەرچاوەی ئەم پارانە لەکوێوە دێت؟، چۆنیش دێت؟، چۆنیش سەرف دەکرێت؟، دیارە ئەمە باسکرا کە ئەو (350)ملیار دینارە، سەرچاوەکەی دیار نیە، من نەك ئەو (350)ملیارە، بەڵکو من دەڵێم نزیکەی (830)ملیار دینار، کە لەم یاسایەدا هاتووە، سەرچاوەکەی دیار نیە، بۆ نموونە، ئەو (150)ملیار دینارەی کە دانراوە بۆ دروست کردنی قوتابخانە نموونەییەکان لە زمنی میزانیەکەدا نیە، ئەو (120)ملیار دینارەی دانراوە بۆ تەنمییە، ئەویش دیار نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، وەرە سەر بابەتەکە نەك ئەوانەی کەتێپەڕین و چوون، فەرموو.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرچاوەی پارەکان بەدیار بخرێن، بزانین ئەم پارانە لە کوێوە دێن؟، ئەگەر ئەمانە لە بەعزێك لە بانکەکان بەقەرز وەرگیراوە، یەعنی حکومەت بەقەرزی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی خانووی پێ دروست بکات بۆ هاووڵاتیان، با بزانین ئەمە بە قازانجی چەندە؟، ئەمە خۆی شەرعەن مشتوومڕێکی لەسەرە، لەوانەیە ئەمە ریبا بێت و ئەوەش دەکرێ لەوەختی خۆیدا باسی لێوە بکرێت، بۆیە بەراستی داوا دەکەم لیژنەی دارایی پێمان بڵێ ئایا ئەم قازانجە زۆرو زەبەلاحە، کە نزیکەی (2)ملیار دۆلار زیاتر دەکات، لە ماوەی ئەو

(10)ساڵەدا، کەوا حکومەت خۆی پێوە مولزیم کردووە، بیدات بەو بانقانە، ئایا ئەمە لەقازانجی ئێمەدایە یان نا؟، لەقازانجی کوردستانە یان نا؟، ئایا ناکرێت ئەو قازانجەی کەوا دەدەرێت بەو کۆمپانیایانە کە نزیکەی (70)هەزار زیاتر یەکەی نیشتەجێبوون بەس بە قازانجەکان دروست بکرێت بۆ خەڵکی کوردستان، باشە بۆ ئەمە بۆ خۆمان باشتر نیە، لە جیاتی ئەوەی قازانجەکەی بدەین بە کۆمپانیاکان و بانقەکان، با قازانجەکە حکومەت خۆی بیکات بە خانوو بۆ هاووڵاتیان، لەپاشان بەدیلی تر، ئەگەر هەر ڕێگا نیە، یەعنی لابد هەر ئەبێ ئەو بانقانە بێن وتەداخول بکەن، با بانق بۆ خۆی بێت خانووەکە دروست بکات، بە قیست بیفرۆشێت بەخەڵکی، ئەمە ڕێگاو بەدیلێکی زۆر چاکترە، بۆیە من پێشنیار دەکەم صندوقی دووەم نەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، تا ئەمانەمان بۆ ڕوون نەبێتەوە، یان تا ئەم پرۆژەیە نەیەتە پەرلەمانەوە، ئەگەر ئەمەش لە زمنی میزانیە نیە، باشە بۆ لەزمنی میزانیە موناقەشە دەکرێت، بۆ لێرە موناقەشە دەکرێت؟، دەتواندرێت ئەمە بە قانونێکی تر بێت، یان بەداوایەکی تر بێت، لەپاش باسکردنی میزانیە ئەمە بێتە پەرلەمان و باسی لێوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەرسەلان، فەرموو.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: دیارە هەموومان دەزانین مەسەلەی سوکنا، کە لەکوردەواری خۆماندا پێیی دەڵێن سوکنە چەند موهیمە، ئینسان ئەگەر لەدەرەوە برسی بێت، هەرچی مەشاکیلێکی هەبێت، کە چووەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بۆڵە بۆڵی کرێچی بەسەرەوە نەبێت چەند نەفسیەن مورتاح دەبێت و مەشاکیلەکانی تەقریبەن چارەسەر دەبێت، بۆیە ئەبێت ئێمە بە هەموو توانای خۆمان هەوڵی ئەوە بدەین سوکنایەك بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دابین بکەین، بەڵام ئەو سوکنەیە چۆن دەبێت؟ ئەبێت ئێمە دیراسەی بکەین، هاوکاری و هەماهەنگی بکەین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چۆنیەتی دروست کردنی ئەو سوکنەیە، بەمەرجێك پارەکەی نەچێتە گیرفانی کۆمپانیاو ئەوملاو ئەولا، ئەبێ صیغەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی چۆن ئەو سوکنەیە دروست بکەین، هاووڵاتیانی کوردستانی خۆمان، هەروەکو برادەرێکیش باسی کرد، حکومەتەکانی عێراقی چۆن توانیوویانە بەشێکی زۆری دیهات وشارۆچکەکانی ئێمە تەخت بکەن، بۆیە سوکنەکە زۆر گرنگە، دووەم: نەبووە هەموو شتەکان بەیەك ئاست گەشە بکەن، حەتمەن شتێك پێشتر دەکەوێت لە گەشە کردن، ناکرێ ئێمە بڵێین هەموو بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە، کشتوکاڵ، صناعە، خوێندنی باڵا، هەمووی بەیەکەوە گەشە بکات و لەسەر یەك ئاست بن، چونکە یەکێك هەر پێش دەکەوێت، بەڵام دەبێ جۆرێك تەنسیق لەنێوانیان هەبێت، بۆ ئەوەی فەرقەکەی نێوانیان زۆر نەبێت، بۆیە زۆر تەبیعیە، کە شتێك پێش شتێکی تر گەشە دەکات، ئینجا دەربارەی ئەوەی کە ئێمە لیژنەمان هەیە لە پەرلەمان، لیژنە

ئاوەدانکردنـەوەمان هەیـە، لیژنـەی داراییمـان هەیـە، لـە داهـاتوودا لیژنـەی چـاودێری دارایـیش دروسـت دەکەین، حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان خـۆی چـاودێری هەیـە، ئـەبێ ئێمـە ئـەوە بکـەین چـۆن چـاودێری دروست کردنی ئەو خانووانە بکەین؟، بۆ ئەوەی خەڵکی تێدا نیشتەجێ بێت، لەبارەی سولفەی عـەقار مـن پێم باشە، پێش ئەوەی تەحدیدی سولفەی عەقار بکەین، با حکومەت دیراسەی ئەوە بکات و پەرلـەمانیش هاوکاری بکات، نرخی دروست کردنی خانوویەك لەم ناوچەیە بۆ ئەوناوچەیە چەند فەرقی هەیە؟، هەندێ ناوچە هەیە دەستی کرێکار فەرقی هەیـە، هـەرزانترە، گواسـتنەوەی مـەواد لەهەنـدێ جێگـا هـەرزانترە وەك لەجێگایەکی تر، کڕینی مەواد لە هەندێ شوێن هەرزانترە وەك لە هەندێکی تر، لەبەر ئەوە مـن پـێم باشـە دوای دیراسەکردنی ئەو مەسـەلانە، ئینجا ئێمـە تەحدیـدی ئـەوە بکـەین، کـە ئایـا خانوویـەك چـەندی تـێ دەچێت، لـەبارەی دروسـت کردنـی خانووەکەشـەوە کـە کـێ دروسـتی دەکات؟، پارەکـە دەدەیـت بـەخۆی یـان شەریکەیەك دروستی دەکات، ئەوە دەتواندرێت دیراسە بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەی ئێمە کەی بـەرەو شارو شارۆچکەی هاوچەرخ بڕۆین؟، کەی دەستی پـێ بکـەین؟، هـەر بڵـێین کوردسـتان هێشـتا وەخـتی مـاوە، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە بەرنامەی شارەوانیەکان جێبەجێ بکەین، بەلانی کەمەوە با بەرنامەی شارەوانیەکان ڕەچاو بکەین لەبارەی خانووەکان، ئیلتیزامێکیشمان هـەبێت لـەبارەی چـۆنیەتی گەشەکردنی شارو شارۆچکەکان لەسەر ئاستێکی تازەتر، من پێشنیاری ئەوەش دەکـەم بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئەو مەسەلانە لەدوای قبـوڵ کـردن و ڕەزامەنـدی پەرلـەمان بـۆ ئـەم ماددەیـە، هاوکـاری هـەبێت لیژنەیـەك هەبێت لەنێوان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، یان ئەو وەزارەتەی یـان ئـەو هەیئەتـەی کـە ئـەو شـتانە دروسـت دەکـات، لەگـەڵ لیژنـەی دارایـی یـان ئاوەدانکردنـەوەی پەرلـەمان، بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئـەو ماددەیـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا جەنابی وەزیری دارایی داوا لەبەڕێزت دەکەین کەوا ڕوونکردنەوە بدەیت لەسەر ئەو پرسیارانەی کـە ئەندامە بەڕێزەکان کردیان لەجەنابت، فەرمو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر پرسیار کرا، ئێستا ئەوەی من دەمەوێت وەڵامی بدەمەوە، تەبعەن کاك هێرشیش ئەمڕۆ ئامادەیە لێرە، بـۆ ئـەوەی یارمـەتی دەرمـان بێـت بەتایبـەتی، لەگـەڵ جـەنابی وەزیـری پلانداناندا، ئـەویش وەڵامـی پرسـیارەکانی تـر دەداتـەوە، ئـەم پڕۆژەیـە بەگشـتی وەکـو پڕۆژەیـەك، وەکـو سیسـتەمێك هاتـە ئەنجومـەنی وەزیران، لە ئەنجومەنی وەزیران دیراسەت کرا، ئیقـراری لەسـەر کـرا، ئینجـا ئـەم فەقەرانـە لـەم ماددەیـەدا پێشنیاز کرا، کە باس لەوە دەکرێت سیولەی ئەمـە ئایـا پارەکـە دانـراوە یـان دانـەنراوە؟، عادەتـەن ئەمانـە تەخصیصە، تەخصیص ماوەیەکی دیاریکراو سەرف نابێت، ئێمە ئەگـەر بێینـە سـەر مەسـەلەی سیولە، کـە هەموو جارێکیش باسمان کردووە، ساڵەکە دابەشی (12)دەکرێـت(12)کـەش زۆر جـار بەسـێ جـار سیولەی

مانگێکمان بۆ دێت لە ساڵێکدا، سیولەی نەقدی قەت نەلێرەو نە لە عێراقیشدا هەیە، عادەتەن لە تەخصیصدا دەبێت ئەمە، بۆیە ئەمە سەقفی ئەعلای تەخصیص کە ئیقتراح کراوە، کە سەقفی ئەعلای تەخصیصەکە دانراوە، لەزمنی ئەوە بەچەند ساڵ ئەو ئیشە تەواو بێت، بەچەند مانگ تەواو بێت، بەتەدریج لێی سەرف دەبێت، باس لەوە دەکرێت ئەم پارەیە لە میزانیەدا نیە، لەکوێ قەرزکراوە، بەڕاستی ئێمە جارێ وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانین هیچ قەرزێك لە هیچ شوێنێك وەربگرین، ئەوە ئیشوکاری حکومەتی فیدرالی مەرکەزییە، ئەو پارەی کەئێستاکە هەیە هەروەکو وتم لەیەك فەترەدا سەرف نابێت، لەناو ئیحتیاتاتی وەزارەتی داراییدا سەرف دەبێت، ئەوەی کەباس دەکرێت، ئێستاکە ئێمە بۆچی وەکو عێراق ئەو پارەیە، ئەو سولفەیە نادەین؟ وەکو بەغداد، بۆ لە 17٪ وەردەگرین، دیارە ئێمە پار ڕوونمان کردەوە پێشتریش هەر ڕوونمان کردۆتەوە، ئەمجارە کە وەزیری دارایی عێراق هاتە هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی خۆیدا باسی کرد، وتی هەتاکو ئێستا کوردستان لە 17٪ی وەرنەگرتووە، لە 12٪ی وەرگرتووە، بەلام من ئەڵێم لە 12٪ کەمتر، چونکە کە میزانیەی عێراق وەردەگیرێت هەموو نەفەقاتی سیادی وحاکیمەی لێ دەردەکرێت، ئەوکاتە لە 17٪ی ئەدرێت بەکوردستان، لەڕووی ئەوەی کە بۆچی ئێمە وەکو عێراق (30)ملیۆن نادەین، یەکەم: لەلای ئێمە ئێستا حەز دەکەم بزانن، سەرەتا لە عێراقدا قازانجێکی زۆر خراوەتە سەر ئەو پارەی کە دەدرێت، ئەو قازانجە لەکوردستاندا تەقەبول نەکرا، ئەوە بوو لەسەرعەقاریش لادرا، دوای ئەوە ئێمە مەجالمان زۆر زۆر هەیە بۆ زیاتر پێشکەش کردنی خەدەمات بەهاووڵاتیان، لە هەموو ڕوویەکەوە، هەتا لەڕووی دائیرەکانی خۆشمانەوە، لەبەر ئەوەی لێرە ئەمن وئیستقرار هەیە، هەر پارێزگایەکیش لە پارێزگانی ئێمە ئێستا بێین موقارەنەی بکەین، لەگەڵ یەکێك لەپارێزگاکانی جنوب و ناوەڕاست ئەبینین 10 بەقەد ئەوێ ئیش کراوە، ئەوەش مانای وایە ئەو پارەی کە هاتووە، فیعلەن بۆ ئیشوکاری حکومەتی هەرێم سەرف کراوە، لەهەموو کابینەکاندا، جا لەبەر ئەوە ئەو ئەمن و ئیستقرارە، هۆکارە بۆ ئەوەی کە ئێمە توانیومانە هەرچەندە ئەوەشی کە کراوە بەنیسبەت میللەتی خۆمان بەکەمی دەزانین و پێویستە زۆر زۆر زیاتریش بێت، بۆ حەلی ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەوانەی کە ڕەغبەتیان هەیە، ئەو قەرزە وەربگرن بەو فائیدەی کە ئێستا لەسەری هەیە لە عێراق، ئێمە داوامان کرد لەوەزیری دارایی، موافەقەتیشی دەربڕی و نووسراویشمان نووسیوە دوای ئەوە، تاوەکو وەزارەتی دارایی کە بانکی رەشیدو بانکی رافیدەین بێنە کوردستان، لێرەو دوو فەرع بکەنەوەو ئەو فەرعانە بتوانن ئەو پارانە سەرف بکەن بۆ هاووڵاتیان بەو شەرت و شروتەی خۆیان لە زیمنی ئیش و کاری خۆیان دەبێت، ئەمە لەلایەك، دوای ئەوە ئەو ئیحتیاتەی کە ئێستا لە وەزارەتی دارایی عێراق هەیە، ئەو سیولەی کە ئێستا لە وەزارەتی دارایی عێراقدا هەیە، نە ئەو سیولەمان دەدەنێ وەکو باسم کرد، نە ئەو ئیحتیاتەشمان هەیە، کە ئێمە بتوانین ئەو جۆرە قەرزانە بدەینەوە، بەنیسبەت ئەو مەسەلەی کە باس دەکرێت دەڵێن سەد مەتری، بەڕاستی ئێمە لە زۆر شوێن بە سەد مەتری ئێمە پارەمان داوە وەکو سولفەی عەقاری بە زەوابت و دەیدەین وەکو وەزارەتی دارایی، لە مەرجەکانی ئێمە یەك مەرجی تێدایە دەبێت

ئیجازەی بینای هەبێت، ئەو ئیجازەی بینایە سەبەبە، بێ ئیجازەی بینایە نادرێت، ئەو ئیجازەی بینایە وەزارەتی شارەوانی لە هەندێك لە شارەكان و ئەوانە ئەو ئیجازەیە نادات بە سەد مەتری، دیارە لەگەڵ تەصمیمی ئەساسی ئەو شارانە ناگونجێت، بۆیە نایانداتێ، ئەوەی كە گونجاوەو ئیجازەی بینایەی پێ دراوە، ئێمە ئەوەمان داوە پێی، واتا ئەو پارەیەمان پێ داوەو بۆشیان سەرف دەكرێت، من هەر ئەوەندەم هەبوو ئەگەر پرسیاری تر هەبێت، ئێستا كاك دكتۆر عەلی و برادەران ئەگەر جەنابت ئەمر بكەیت، ئەوە وەڵام دەداتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی كەرەم بكە، پاشان.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ناوم نووسی بوو ناوم نەخوێندرایەوە، ئەمە دووەمین جارە دووبارە دەبێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دڵنیا بە عەمدی نییە، بەڵام ناوی خۆت بڵێ و قسەكانیشت بكە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر ئەم ماددەیە زۆر باس و قسە كراو، بەڕێز وەزیری مالیەش روون كردنەوەیدا لەسەر سەرچاوەی ئەو پارەیەوە، بەڵام من لێرە پرسیارێكی ترم هەیە، كە دەڵێین باسی عەجز دەكەین، ئێمە هەشت سەدو سی و پێنج ملیار دینارمان هەیە عەجزە، لێرەش كە پاشەكەوت هەبێت لە وەزارەتی مالیە، لەو پاشەكەوتە ئەو عەجزە تەقریبەن بەشێكی ئەو عەجزە پڕ نەكاتەوە، ئەمە خاڵێك.

لەسەر ماددەكانی تر، من پشتیوانی بۆچوونەكانی كاك كاردۆ دەكەم، ئەگەر ئێمە بمانەوێت خێزانە كەم دەرامەت و هەژارەكان سوود لە پرۆژەی نیشتەجێ بوون بكەن، دەبێت گرنگی بدەین بەو پرۆژە نیشتەجێ بوونانەی كە لە پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچووە، چونكە ئەوە زیاترین خەڵكی كەم دەرامەت سووی لێ دەبینێت.

لەسەر مەسەلەی قەرزی خانووبەرە، سولفەی عەقار، دیارە سولفەی عەقار حكومەت خۆی چەند مەرجێكی هەیە بۆ ئەوانەی كە سولفەی عەقار دەدات بە هاووڵاتیان، یەكێك لەو مەرجانە قانونیە، تاپۆیە، هەر چ زەویەك تاپۆی نەبێت سولفەی نادەنێ بیكاتە خانوو، كەواتە ئەمە زیاترین ژمارە لەناو شارەكان سوودمەند دەبێت، قەزاو گوندو ناحیەكان لەبەر ئەوەی تاكو ئێستا كێشەی تاپۆیان هەیەو یەكلایی نەكراوەتەوە بۆیان سوودمەند نابن، ئەوە خاڵێكە حەقە ئێمە بەزووترین كات چارەسەری ئەو كێشەیان بۆ بكرێت و جیاوازیش نەبێت لەنێوان سولفەی شارەكان و قەزاو ناحیەو گوندەكان كە دەدرێت.

خاڵی چوارەم/ دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم لەسەر مەسەلەی ئەو پەنجا ملیار دینارەیە، کە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ تەرخان دەکرێت، دیارە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، واتا بووژاندنەوەی کوردستان، ئەو بودجەیەی بۆ وەزارەتی زراعە دانراوە زیاترین تەرخان کراو بۆ سەرچاوە ئاوییەکان، ئەوە خۆمان هەموو لایەکمان دەزانین کشتوکاڵ مەرجێکی سەرەکی بۆ گەشە کردنی کشتوکاڵ و مەسەلە ئاودێریەکانە هەتاوەکو نەتوانین ئاو دابین بکەین، سەرچاوە ئاوییەکانمان زیندوو بکەینەوە، ناتوانین کەرتی کشتوکاڵ گەشەی پێ بدەین، هەر خۆی لە خۆیدا کەرتی کشتوکاڵیش چەند کەرتێکی تری لێ دەبێتەوە، وەکو کەرتی سامانی ئاژەڵداری و بەیتەرە، کەرتی خزمەتگوزارییان هەیە، کەرتی دارستان و پاوەن و باغدارییان هەیە، ئەم کەرتانە هەمووی رەبتی بە یەکەوە هەیە، ئەگەر ئێمە بتوانین بودجەی کەرتی کشتوکاڵی زیاد بکەین و کەرتی کشتوکاڵی گەشە پێ بدات بەو کەرتانەی کە هەیە، ئەو کاتە بە دڵنیاییەوە کشتوکاڵی وەڵاتەکەمان گەشە دەکات و زیندوو دەبێتەوەو هەلی کاریش زیاتر دەرەخسێت بۆ هاووڵاتیان و تەئسیریش دەکاتە سەر کەرتی پیشەسازی، لە هەمان کاتیشدا دەبێت بە سەبەبێکی رەئیسی بۆ گەڕانەوەی خەڵك بۆ گوندەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر وەڵامەکەی بەڕێز وەزیری داراییە، لەسەر ئەو سێ سەدو پەنجا ملیار دینارەیە، دیارە بەڕێزیان ئەوەی باس کرد ئەگەر هەڵە نەبم، کە ئەمە لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی ئەم پارەیە دادەنرێت، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لە بەینی ئەو پارەیەی کە بۆ وەزارەتی دارایی دانراوە لەگەڵ ئەم پارەیە یەك ناگرێتەوەو ناگونجێت، ئەمە یەك.

دووەم/ ئەگەر مەبەست ئەوەیە لە ساڵانی داهاتوودا ئەمە تەکمیلە بکرێت، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەبەردەمی ئێمە دایە پرۆژەی بودجەی ساڵی 2010یە، ناتوانین ساڵێکی تر پرۆژەیەکی بەردەوامی تر تەعامولی لەگەڵدا بکەین، ئەمە شتێکی عیلمی و حیسابیە، ئەگەر مەبەست لەوەیە وەزارەتی دارایی پێشتر ئیحتیاتی ساڵانی دیکەی هەیە، من ساڵی پارو پێرار خۆم ئەم پرسیارەم لە بەڕێزیان کردووە، کە ئایا ئەم حکومەتەی ئێمە، پارەیەکی ئیحتیاتی هەیە لەبانکدا، لە وەڵامدا گوتی نەخێر، لەبەر ئەوە ئێمە ساڵانە دەبێت تەصفیەی ئەم سولفەیە بکەین، کە لە مەرکەزەوە بۆمان هاتووە، کەواتە ئەوەی ساڵانی رابردووە، نە ئەوەی ساڵانی داهاتووە، نە ئەوەی ئێستایە، ئەی ئەم پارەیە لەکوێیە؟ من وای تێگەیشتووم، حەز دەکەم وەڵامەکەی روونتر بێت، بۆ ئەوەی تێ بگەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر وەڵامەکەت.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەروەکو پێشتریش باسم کرد، ئەم پارەیە تەخصیص دەکرێت و، مەرج نییە هەمووی بە یەکەوە سەرف بکرێت، ئێمە لە زیمنی حەددی ئەعلای ئەو تەخصیصەی کە پەرلەمان موافەقەتی لەسەر دەکات، ئێمە لە زیمنی ئەوانە بە تەدریج سەرفی دەکەین، ئەوەش لە ئیحتیاتی وەزارەتی داراییەوە، راستە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی رەنگە کەم بێت، یەعنی بەو شێوەیە ئەوە راستە، بەڵام ئێمە لەو وفوراتانەی کە لە هەموو شوێنێك دەستمان بکەوێت، ئەگەر دەستمان کەوت، ئەوەش دەخەینە ئەوێوە، بەڵام پرسیاریشم کرد ئەمە پرۆژەیەکی دە ساڵیە، هەرچەندێك لە ساڵێکدا لەو مەبلەغە کەمتری دەوێت ئێستاکە لەو مەبلەغەی کە دانراوە، بەڵام هەتا دە ساڵ پرۆژەیەکە جەنابیان پاشان باسی دەکەن بەردەوام دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان کەرەم بکە بۆ وەڵامدانەوە.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز دەکەم پێشەکی هەر ئەوەندە بڵێم، چونکە لەوانەیە وەڵامی زۆربەی ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کردووە، لەوانەیە هەندێکیان وەڵامەکەیان موشتەرەك بێت، لەبەر ئەوە ناوی کەس ناهێنم، پێشەکی ئێمە لەگەڵ حکومەت لەلامان قەناعەتمان بەوە هەیە، کە کێشەی بابڵێین قەیرانی نیشتەجێ بوون شتێکە، واقیعێکە هەیەو ئەمەش ئیتر یەکێکە لە سیناریۆکان بۆ چارەسەر کردنی، ئەگەر زۆر بەکورتی بچمە سەر باس کردنی خەلفیەکەی، یان ئەو شتەی کە روویداوە لە ساڵانی رابردوو، لەوانەیە هەندێك وەڵام بدرێتەوە، لە کابینەی پێشووتردا لە مانگی هەشتی ساڵی 2008 بۆ یەکەمین جار لە تاریخی عێراقدا پرۆژەیەك بەناوی سندوقی ئیسکان دەستی پێ کرد، بە حەقیقەت وەکو برادەران ئیشارەتیان پێدا پێشتر ئەوەی کە هەبووە دوو میکانیزمی تر بووە، یەکیان/ عەرزی عەقاری بووە، ئەوەی تریان کە حکومەت خانوو دروست بکات بەشێوەیەك لە شێوەکان بدرێت بە فەرمانبەر، یان بدرێت بە هاووڵاتیان، ئەم سندوقەی کە دروست کراوەو دەست بەکار بوو ئیستینادی کرد بووە سەر کۆمەڵێك تەحلیلات، کە لەسەر روو پێوێك لە هەموو عێراق ئەنجام درا بوو، بە یارمەتی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم بەشدار بوو، بانکی نێودەوڵەتی ئەم روو پێوە بەپێی ئەو تەحلیلاتانەی وەزارەتی پلاندانانی ئەوسا، ئیحتیاجی هەرێمی کوردستان لە یەکەی نیشتەجێ بوون تەقدیر کرا بوو بە نزیکەی سەد هەزار یەکە، هەندێك زیادەش تەبعەن سەدو سی و پێنج هەزار، ئەمە باسی ئێستا دەکەین، یان باسی ساڵێك لەمەوبەرو تاکو ئێستا، بۆ ئەو مەبەستە دیسان هەموو رێگا چارەکان خرانە بەر، کە یەکێکیان ئەم سندوقە بوو، ئەم سندوقەش ئیستینادی ناحیەی قانونیەکەی ئەرکەکەی سپێردرا بە دەستەی وەبەرهێنان، بەپێی یاسای

ژماره (4)ی ساڵی 2006 دامەزراوە، ئەوانیش بە کۆمەڵێك رێنمایی بۆ ئەم کارە کە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پەسند کراوە، کە یاسای با بڵێین رێنماییەکانی ژمارە (1) بووە پێشەکی، ئێستاش ئەمساڵ رێنمایی تر دەرچووە بۆ بەشی دووەم، با بڵێین رێنمایی ژمارە (2)ە، وابزانم پاش مشوەرت کردن لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، ئەگەر ئێمە هەموو خاڵەکان بەتایبەتی بەنیسبەت سندوقی ئیسکان ئەگەر لە چەند خاڵێکی سەرەکی هەموو مولاحەزەتەکان لە چەند خاڵێك کۆ بکەمەوە، سەبارەت بە تەرخان کردنی گوژمەی گشتی کە چەند بێت؟ یان چەند نەبێتن؟ بەنیسبەتی سەرچاوەکە، ئەوە بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامی دایەوە، چەند تەرخان بکرێت؟ یان چەند کەم بکرێتەوە؟ ئەوە بۆ بەڕێزتان بەجێ دەهێڵم، چونکە رەئی جیاواز هەبوو، ئەو پێشنیارەی کە هاتووە وازیحە، بەنیسبەت شێوازی تەنفیز کردنی سندوقی نیشتەجێ بوون، وەکو باس کراو برادەرانیش باسیان کرد، کە دوو شێواز هەیە، شێوازێك ئیشی پێ کراوە، شێوازێکی تریش، کە ئێستا ئیقتیراح کراوە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەرح کراوە، تەبیعی هەر ئالیەتێك لەمانە مەحاسن و مەساوی خۆی هەیە، ئەوەی کە پێشتر هەبووە، ئێستا نزیکەی سی هەزار وەحدە بەپێی ئەو رێنماییە لەسەریان تەتبیق بووەو جێ بەجێ بووە، نزیکەی هەشت هەزار لەم وەحدانەش تەواو بووە لە هەرسێ پارێزگا لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك، لە مەرکەزی موحافەزەش و هەندێکیش لە ئەقزیەکانیش، ئەوەی کە دەمێنێتەوە نزیکەی بیست و دوو هەزارە ئەوەش تەحتە تەنفیزە، ئەوە بەپێی ئەو رێنماییە قەدیمە دەڕوات کە سیفاتە ئەساسیەکانی ئەوە بووە، کە لەوێ سێ تەرەف موشارك بوون لەناو عەمەلیەکە، لەناو پرۆسەکە، موشتەری، موستەسمیر، لەگەڵ حکومەت، تەجروبەکەش باش بووە، هەندێك کێشەی هەیە، چونکە لەوێ حکومەت سی هەتا پەنجا لە سەد، سی بۆ هەموو کەسێك، پەنجا بۆ مەجموعەیەك شەرائیح، کە گەنجی خوار سی ساڵ، قەیرە کچ، خانەوادەی ئەنفال، ئەمانە مەشمول بوون بە 20٪ی زیاتریشیان بردووە، هەروەها قەزاو ناحیەکانیش ئەمانە 50٪ حکومەت کولفەی خانووەکە دەدات، ئەو یەکەی نیشتەجێ بوونە، خانووە، شوقەیە، تەبیعی نرخی ئەم یەکە نیشتەجێ بووانە لە بیست و شەش هەزار دۆلارەوە دەست پێ دەکات، هەتا پەنجا هەزار، سەقفی ئەعلای پەنجا هەزار دینار بووە، پەنجا لە سەدی ئەم پارەیە حکومەت دابینی دەکرد بەشێوەی قەرزێکی موریح لە خیلالی دە ساڵ لە موشتەرەیەکە دەبڕێتەوە، هەندێك جار دەکاتە مانگی سەد دۆلارو شتێکی وا، لەبەرامبەردا فەرقی ئەمە، تەبیعی ئەمە پێش ئەوەی کە موقارەنەی بکەم لەگەڵ سیستەمی شێوازی نوێ، بە حەقیقەت ئەمە لەگەڵ سولفەی عەقار شتێکی زۆر جیاوازەو ئیجابیاتیشی زۆرترە لە سولفەی عەقار، چونکە لێرە سولفەی عەقار شتێکە، تەجروبەیەکە، وابزانم هەر هەمووومان لێی دەزانین، پێویست ناکات بچمە ناو تەفسیلی شێوازی کار کردنەکەی، بەڵام لە سولفەی عەقاردا جیهەتێك کە خەدەماتەکان تەوفیر بکات، یەك جیهەت هەیە ئەویش حکومەتە، ئەگەر حکومەت پێی نەکرا، یەعنی مومکینە خانوو دروست ببێت بەبێ خەدەمات کە رووشی داوە لە عێراق ئەوە زاهیرەیەکی مەعلومە، ئەم پرۆژەی سندوقی ئیسکان ئیمتیازی لەسەر سەرووی سولفەی عەقار ئەوەیە، کە موستەسمیر ئیشەکەی دەکات لە هەمان کاتیشدا مولزەمیشە بە

خەدەمات، یەعنی بەپێی قانونەکە، بەپێی تەعلیماتی سندوقی ئیسکان هەموو خەدەماتەکانیش دەکەوێتە ئەستۆی موستەسمیر، کە ئەوە بار سووکیەکە بۆ حکومەت و شتێکی باشیشە بۆ هاووڵاتیان.
بەنیسبەتی رێنماییە نوێیەکان، بابڵێین کە تەبەنا کراوە، تەبیعی یەکێك لە نوقاتی زوعفی رێنماییەکانی پێشوو، رێنمایی ژمارە یەك ئەوە بوو کە هەتا 50٪ش کە دەدرا لە کۆی گشتی بیست و شەش هەزار، یان پەنجا هەزار، تەبیعی ئەوانەی کە دەمایەوە دەبوایە موشتەری، یان هاووڵاتی خۆی بیدات، کە ئەوەش بۆ هەندێك خەڵك ئەو برە مەبلەغەش هەر دیسان کێشە بوو، هەرچەندە مەسەلەن لەوانەیە رەقمەکە زۆر گەورەش نییە، بەلآم بەهەر حاڵ حاڵەتی واش هەبووە، بەس بە کۆی گشتی وەکو باسمان کرد نزیکەی سی هەزار وەحدە بەم شێوازە بەرێوە چووە، شێوازی نوێ، ئێمە چوار تەرەفمان هەیە لەناو مەوزوعەکە، موشتەرییە، موستەسمیرە، حکومەتە، بانکێکە کە قەرز دەدات بە موستەسمیر لەو حاڵەتەدا، ئیستیفادەی شێوازی کار کردنەکە بەو شێوەیە دەبێت، کە بەڕاستی بەرێز سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان زۆر تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە، لەسەر خاڵێك کە تەرحی بکەم، ئەویش ئەوەیە چونکە وابزانم ئاخیر کەس بەرێز کوێستان خان ئیشارەتی بەوەدا، کە ئیلتیزامی ساڵانەو ئەوانە ئەم پرۆژەیە بەپێی ئەم تەعلیماتە، چونکە ئەوە شتێکە هەر باس دەکرێت ئیلتیزامی دە ساڵی دەوێت، ئەگەر ئیلتیزامی دە ساڵی مەوجود نەبێتن، ناکرێتن پرۆژەکە لەناوەڕاستدا لە وەختێکدا بیچرێت، چونکە ئیلتیزاماتێك دەکەوێتە سەر حکومەت، تەرەفی موستەفید بە ئیعتیبار هاووڵاتیە لێرە، کە شێوازەکەشی بەو شێوەیە کە 10٪ هەتا 20٪ وەکو سولفەی یەکەم، تەبیعی موشتەری کە دەداتن، ئەوە حکومەت تەکەفولی ئەو مەبلەغە دەکاتن، یەعنی بێ موقابیل 10٪ـەکە دەدرێتن، ئەوەی کە دەمێنێتەوە مەبلەغی ماتەبەقا هەمووی دەکرێت بە ئەقسات، یەعنی لەسەر موستەسمیر واجیبە کە بە ئەقسات بیداتە هاووڵاتی، بەلآم موستەسمیر کە پارەی بە قەرز هێناوە قازانج دەچێتە سەر ئەو قەرزەی کە هێناویەتی، کە پارەی لە بانکێك بە قەرز هێناوە، ئەو سێ سەد ملیۆنەی کە تەلەب کراوە بەشێکی بۆ ئەو 10٪ دەڕوات، ئەو پێشەکیانە کە 10٪ـە، تەبیعی ئەمەش تەفاسیلی هەیە، ئەگەر لە شوقە بێتن 5٪ زیاتری دەدرێتێ، بۆ ئەوەی تەشجیع بکرێن، کە مەسەلەن شوقە زیاتر بێتن، ئەگەر لە قەزاو ناحیەکان بێتن 5٪ زیاترە، بە هەر حاڵ ئەوە تەفاسیلی خۆی هەیە، ئەو سێ سەد ملیۆنە بەو شێوازە تەقسیم دەبێتن، کە بەشێکی بۆ پێشەکیەکان دەچێت، بەشێکی تریشی بۆ دەعمی فەوائیدی ئەو بانکانە دەچێت، کە پارەیان داوە بە موستەسمیر بۆ ماوەی دە ساڵ، ئەمەش کە کۆ دەبێتەوە، وابزانم هەندێك لەبەرێزان لەناو قسەکانیاندا ئیشارەتیان بە ئەرقامدا، وەکو گوتمان مودەکە دە ساڵە، یەعنی ئەگەر سێ سەد بێتن بەرنامەکە دە ساڵ بەردەوام بێتن دەکاتە سێ ملیار، بەشێکی لەو سێ ملیارە کە دەکاتە دوو ملیارو شتێك ئەوە دەبێتە ئەرباح، بەلآم ئەوەی تر ئێمە وەکو مەبلەغ گەورە دێتە بەرچاو، بەلآم سیستەمی زۆر لەو بەرێزانە کە مەعلوماتیان هەیە لەسەر دەرەوەی عێراق، چ لە تورکیاوە بگرە هەتا ئەمریکا، هەتا شوێنی تر سیستەمی نیزامی (مۆرگج)و نیزامی ئەوە هەر هەیە، ئەویش ئەوەیە شێوازەکەی، ئینجا ئەو شێوازە یان هاووڵاتی خۆی تەحمولی دەکات، یانیش حکومەت تەحمولی دەکات، مەبلەغەکەش

چەند بێتن ئەوەیە، ئینجا لێرە بە حەقیقەت لەبەر ئەوەش ئیشارەتم پێدا، چونکە ئەمە دیارە بەنیسبەتی ئەم بەرنامەیە گرنگە ئیلتیزامەکە وازیح بێت، ئیلا ئیشەکان هەرچەندێك بێتن، یەعنی سیعەی تەنفیزی ئەمسالّ بابڵێین هەرچەندێك بێت، یەعنی سالّی ئایندە، بەس ئیلتیزامەکە پێویستە بۆ بەردەوام بوون، ئەگەر ئیجازەم بدەنێ یەك لەحزە، تەبیعی ئیشارەت بەوە درا مەسەلەن ئەمە ئایا ناحیەی ریباو تەئمین، بەڕاستی من مەرجەع نیم بۆ ئەمە، بەلاّم سیستەمی کار کردنەکە وایە، یەعنی ئەو فازانجەی کە دێتە سەر، بابڵێین ئەو فائیدەی کە دێتە سەر قەرزەکە لێرە بە حیساب حکومەت تەحمولی دەکاتن، ئیتر ئەوە ناحیەی شەرعیەکەی چی لێ دێت نازانم، بەس حکومەت تەکەفولی ئەوە دەکات، خەڵك نایداتن، بەنیسبەتی کوالیتیش، تەبیعی لە سی هەزار وەحدەی کە دروست کراوە، زۆربەیان کوالیتیان باش بووە، کە پێشتر دروست کراوە، بەلاّم ئەگەر کێشەشیان تێدا هەبێتن، وابزانم شتێکی تەبیعیە ئالیەتی موراقەبەت و ئەوانە پێشتریش ئالیەتەکە هەبووە، ئێستا بە رەسمیش دراوەتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو مەسئوولیاتەکان تەشخیص کراون، هەروەها سالّێکیش زەمان هەیە بۆ هاووڵاتی کە بچێتە ناو ئەو وەحدەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا زۆر سوپاس بۆ روون کردنەوەکەی بەڕێز وەزیری پلاندانان، بەلاّم من نوقتە نیزامیەکەم ئەمەیە، ئەم پرۆژە یاسایە پرۆژە یاسای سالّی 2010ـەیە، واتا لە رووی حیسابی و یاساییەوە دەبوایە ئەم بڕە چوار ملیارو سێ سەد ملیۆن دینار بوایە، نەك چل و سێ ملیار دینار، کەواتە ئەم پرۆژەیە چوار سەدو سی ملیار دینار، دەبوایە چوار ملیارو سێ سەد ملیۆن دینار بوایە، کەواتە ئەمە ئەگەر حیسابی بۆ بکەین ئەم ماددەیە ماددەی پرۆژە یاسای بودجەی سالّی 2010 و 2011 و 2012 و 2013و 2014و تا 2020ـە، بۆیە چوار سەدو سی ملیار دینار دانراوە، دەبوایە لە ئەساسدا چوار ملیارو سێ ملیۆن دینار دابنرایە، هەڵەکە لێرەیە، چونکە ئەمە لە رووی حیسابی و یاساییەوە ئەگەر لێکی بدەیتەوە، خۆ ئەمە پرۆژە یاسای دە سالّ نییە، هی یەك سالّە کە سالّی 2010ـەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عەمەر نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئەم ماددەیە بەڕاستی چەند پرسیار ورووژێنرا زیاتر لەوەی کە جەنابتان ئیشارەتتان پێ کرد، یەکیان/ وابزانم کاك عومەر هەورامی بوو باسی ئەوەی کرد کە توانای حکومەت چەندە بۆ ئەمە؟ ئەم

مەوزوعە وەكو دوێنێ بـا نەچـین بەسـەریدا، پێویسـتی بـە روون كردنـەوەی زیـاتر هەیـە، كـە وەلاَم موقنـع نـەبوو بـۆ پەرلـەمانتار ناچـارین پرسـیارەكان دووبـارە بكەینـەوە، باسـی سـەقفی توانـای حكومـەت روون بكرێتەوە، ئەو بـڕە ئیحتیاتـە كـە جەنابی وەزیـر باسـی لێـوە دەكـات، چۆن بەگریمانـە دەبێـت؟ جەنابیان ئاماژەیـان بـەوە كـرد، ئەگـەر تـەوفیرمان هـەبوو چۆن ئێمـە دەتـوانین بودجـە بخـەملێنین بـە گریمـان وبـە ئەگەرو بـە ئیحتیمـالات؟ دوای ئـەوە موسـتەفیدی تـر كێیـە؟ ئـەم قازانجانـە بەڕاسـتی بـەرەو كـوێ دەچـن؟ ئەمانـە هـەمووی پرسـیاری جـددین، جگـە لـەوە كـە ئەسـڵی ژێـر دەرو سەرچـاوە لایـەزال لای مـن وەكـو ئەندامێكی پەرلەمان لێرە دوای ئەو هەموو روون كردنەوانە روون نییە، سەرچاوەی ئەم بڕە كوێیە؟ چیە؟ ئەهمیەتی ئیسكان جەنابی دكتـۆر ئەرسـەلانی باسـی لێـوە دەكـات، وا دەزانم كـەسمان نكولیمـان لـەوە نییـە، واجیبی سەرشانی هەموومانە بە پەرلەمان و بـە حكومەتـەوە، كـە گـرفتی نیشـتەجێ بـوون بـۆ هاووڵاتیـان چارەسەر بكەین، بەلاَم وەختێك ئێمە مەجموعەیەك گرفتی تر، یان یاسایی، یان شەرعی، هەم عـورفی، هـەم ئـابووری، مـن وادەزانم گرفتـە ئابووریـەكانی زۆر زیـاترن لەوانـە، یـەعنی لـە چـەند روویەكـەوە گـرفتی جۆراوجۆر دروست دەبێت، تكایە با بە پەلە نەچین بەسەریداو روون كردنەوەی زیاتر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە تەوزیحاتی حكومەت بابەتی نوێ هاتنـە وجـود، كـە مـن بـاوەڕ دەكـەم بەنیسـبەتی هـەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمان ئەم بابەتە هەمووی تازەیە، من بەش بە حاڵی خـۆم بـۆ مـن 100٪ی تازەیـە، چونكە من خۆم حـازر كـردووە گفتوگـۆ لەسـەر میزانیـە بكـەم كـە میزانیـەی سـاڵێكە، مـن نـاتوانم لێـرە بەشـداری مەوزوعێك بكەم، كە ئیلتیزامی دە ساڵی ئاینده بخاتـە سـەر حكومـەت، بۆیـە بەڕاسـتی مـن داوای تـەوزیحی زیاتر دەكەم، یان كاتێك بە پەرلەمانتاران بدرێت، یان روون كردنەوەی زیاترمان پێ بـدرێت، چـونكە ئـەوە تا پێشی تەوزیحی حكومـەت بـاس كـرا بابـەتێك بـوو، ئـەوەی كـە ئێسـتا لـە وجـود دایـە بـە تێـڕوانینی مـن بابەتێكی ترە، كۆمەڵێك گوتنی تر هەن، بەلاَم پێم دەگوترێت ئەمانە خارجی نیزامن، بۆیە نالێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم شت ئێستاش روون نییە لەلامان وەك ئەندامی پەرلەمان مەصدەری مالیەكەی، هی ئەم ماددەیە.

دووەم/ ئەگەر یەك لەسەر دەش بێت وەك بەڕێز وەزیری پلاندانان دەڵێت، یـەك لەسـەر دە دەكاتـە نزیكـی چوار ملیار، ئەمە لەلاپەڕەی سێی ئـەو تـەقریرەی مالیـە كـە دراوە بـە ئێمـە، نووسـراوە ملیارێـك و هەشـت

سەدو بیست و دوو هی وەزارەتی مالیە، یەعنی هەر تەختیەی ناکات چوار ملیارەکە، یەعنی من سەر لەم شتە دەرناکەم، بۆ ئەو دوو نوقتەیە، یەك/ مەصدەرەکەی، دوو/ ئەگەر یەك لەسەر دەش بێت، دەکاتە چوار ملیار، نەك ملیارێك و هەشت سەدو بیست و دوو، داوای تەوزیح دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر عەلی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر تەعقیب لەسەر مولاحەزەی بەڕێز کاك دڵشاد شەهاب، وابزانم لە جەلسەکانی پێشتریشدا حاڵەتی وا روویدا، یەعنی هەندێك تەفاسیل هەیە بە حەقیقەت لەلای وەزیری مەعنی، یان دەزگای مەعنی، بەپێی مەعلوماتی من لیژنەی دارایی و ئابووری لەگەڵ بەڕێز کاك هێرش موحەرەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان دانیشتوون، ئەم تەفاسیلەی کە باسم کرد بەحەقیقەت ئەمانە تەعلیماتن کەدەردەچن، تەعلیماتیش لە شوێنێکی تر دەردەچێت، بەس ئەو تەعلیماتە بەپێی تێگەیشتنی من ئەمە هەمووی لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی دارایی و ئابووری باس کراوە، یەعنی لەبەر ئەوە ئەگەر هەندێك لە برادەران مەسەلەن وەکو کاك دڵشاد ئیشارەتی پێ دەدات، ئەگەر هەندێکیان ئیتیلاعیان پێ نەبێت، ئەوە وەلامەکەی دیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك پرسیارم بۆ جەنابی وەزیر هەیە، نەك روون کردنەوە، دەڵێت لە مادده (تقوم وزارة المالية والاقتصاد الالتزام بـ)، یەعنی ئێوە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری، تکایە ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنم تا کاتژمێر (3،30) بیری خۆتان بکەنەوە، وەلامەکانیشتان حازر بکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام بین بۆ تەواو بوون، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، دانیشتنی ژمارە 3ی پێش نیوەڕۆ، داوا لە لێژنەی یاسایی و دارایی دەکەم کەرەم بکەن بۆ شوێنەکەی خۆیان، بەڕێزان دوای دانیشتنەکە دەردەشەیەك کرا لەگەڵ بەڕێزانی لێژنەی یاسایی و دارایی و وەزیرە بەڕێزەکان، شتێکیان حازر کردووە، لێژنەی یاسایی کەرەم بکەن بزانن بەڕێزان گوێیان لێ بێ، چتان کردووە گوێمان لێ بێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێزان وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان و هەروەها وەزیری پلان دانان و بریکاری وەزارەت و هەروەها ڕێزدار هێرش محرم، سەرۆکی دەزگای وەبەرهێنان لە کوردستان، لەگەڵ سەرۆکایەتی لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی، کۆبوونەوەکەمان ئەنجامدا کە صیاغەی ماددەی 19 بەو شێوەیە بکرێ، ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە، پاش ئەوەی کە سەرنج و مولاحەزاتی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر پرۆژەکە بە چ شێوەیەك تەقدیم کرا، کۆی ئەو گفتوگۆیانە کە بەیانی ئەنجامدرا، کۆکراوە لەو ماددەیەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

المادة 19:

تلتزم وزارة المالية و الاقتصاد بما يلي:

أولآ: تخصيص مبلغ قدره 200 مليار دينار للاستمرار في دعم مشاريع صندوق الاسكان.

**ثانياً: تخصيص مبلغ قدره 100 مليار دينار لتعزيز القرض العقاري للمواطنين في الاقليم و زيادة مبلغ القرض الى 15 مليون دينار للمحافظات و الاقضية و النواحي و القرى، و استمرار الوزارة في تأمين القرض العقاري للمواطنين حسب الضوابط و التعليمات المرعية.**

**ثالثاً: تخصيص مبلغ قدره 30 مليار دينار لدعم مشاريع القرض الصناعي.**

**رابعاً: تخصيص مبلغ قدره 50 مليار دينار لدعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.**

**خامساً:تخصيص مبلغ قدره 50 مليار دينار لدعم المنهاج الاستثماري لوزارة الزراعة و الموارد المائية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەمە تەرخان كرا تەنها بۆ ئەمساڵ، بۆ میزانیەی 2010، ئەو پابەندییە بە 10 ساڵ و 20 ساڵ و ئەوانە لادرا، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، تەنها كۆكرایەوە لەناو میزانیەكەی ئەمساڵ.**

**بەڕێز رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 19:**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری پابەند دەبێ بە:**

**یەكەم: تەرخان كردنی گوژمەیەك كە بڕەكەی 200 ملیار دینارە بۆ بەردەوامی پشتگیری پرۆژەكانی نیشتەجێبوون.**

**دووەم: تەرخان كردنی گوژمەیەك كە بڕەكەی 100 ملیار دینارە بۆ پاڵپشتی قەرزی خانووبەرەی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان و زیادكردنی قەرزی خانووبەرە بۆ 15 ملیۆن دینار بۆ شار و قەزا و ناحیەكان و گوندەكان، بەردەوام بوونی وەزارەت بۆ دابین كردنی قەرزی خانوو بەرە بۆ هاوڵاتیان بە پێی یاسا و رێسا.**

**سێیەم: تەرخان كردنی بڕی 30 ملیار دینار بۆ پشتگیری كردنی بانكی پیشەسازی.**

**چوارەم: تەرخان كردنی بڕی 50 ملیار دینار بۆ پشتگیری كردنی پرۆژەكانی كەرتی كشتوكاڵ لە رێگای بانكی كشتوكاڵییەوە.**

**پێنجەم: تەرخان كردنی بڕی 50 ملیار دینار بۆ پاڵپشتی بەرنامەی وەبەرهێنانی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاوییەكان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شێردڵ فەرموو.**

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد حمادی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ پێشنیارێکمان کرد بۆ وەرزش، چونکە لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومی ناوی وەرزش نەهاتووە و هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ئەو پێشنیارەی کە کرایە بۆمان پەسند بکرێت، چونکە وەرزش ئەهمیەتێکی خاصی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پێشنیارێك هەبوو کە زیاتر لە 10 ئەندام پەرلەمان کردوویانە، ئەو 15 ملیۆن دینارەی سولفەی عەقاری ببێتە 20، بەس نەخرایە دەنگەوە، ئەمە یەك، دووەم: چەند پێشنیارێك ئەخرێتە دەنگەوە ئەوە صیاغەی نیهائی ئەخوێنێتەوە کاك عەونی و ڕۆژان خان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، صیغەی نیهائی نەبوو، ئەوە بوو کە لەسەری کۆك بوون، ئێستا پێشنیارەکان لە لای منە، لە دوێنێ و ئەمڕۆ چ موناقەشە کراوە، پێشنیارەکان هەمووی لەبەر دەستە، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو پێشنیارە کۆك بن، وا بزانم شتێکی خراپ نیە، چونکە یەکەم: لەو چەند ساڵەی کە هەرێمی کوردستان ئەبێت پابەندی دانەوەی قەرز بێت، لەوە خەلاص بووین، ئەمە بۆ میزانیەی ئەم ساڵە، لەناو ئەم ساڵ کۆ ئەبێتەوە، دێینە سەر یەکەم، هەمووی وەك یەك بێت گوند و دێ و ئەمانە، حەز دەکەن پێشنیارەکانتان دەخوێنم بۆ ئەوەی هەر کەسێك هەڵوێستێ و بڵێ من وتوومە، ئەو پێشنیارانەی ئەمڕۆ کراون، یەکەم، پێشنیارێك هەبوو ئەڵێ با شار و دێ وەك یەك بێ و جیاوازی نەبێ لە تەقسیمی ئەو پارانە، دووەم: پارەکە بخرێتە سەر پرۆژەکانی کشتوکاڵ و صیناعەوە، سێیەم، بەشی تایبەتی لێ دیاری بکرێ بۆ وەرزش، چوارەم: 15 ملیۆن بکرێتە 20 ملیۆن، پێنجەم:(25) ملیۆن بۆ شار و شارۆچکەکان، ئەوە پێشنیاری یەکێکی ترە، بۆ گوندەکان 12 ملیۆنە، بکرێتە 100 ملیار، یاسایەك دابنرێ بۆ صندوقی ئیستیسماری، هەشتەم : لێژنەی موحافەزات لێی ئاگادار بێ، نۆیەم: بکرێتە 200 ملیار، دەیەم: بچێتە سەر ئیستیسماری، یازدەم: دەنگی بۆ بدرێ پاشان داوای تەفصیلات بکرێت، دوازدەم: پارەکە بکرێتە 50، نیوەی بۆ شار بێت و نیوەی بۆ گوند بێت، سیازدەم: لە بودجەی ئیستیسماری کەم بکرێتەوە بۆ سەر کشتوکاڵ و صیناعە، چواردەم: 150 ملیار بۆ ئاوەدان کردنەوە و نیوەی بۆ صیناعە، 50 بۆ سەر بڕگەی شەش، پازدە: بە شێوەیەك دابڕێژرێت لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت، 50 ملیاری لێ بخرێتە سەر عەقارات، گرنگی زیاتر بخرێتە سەر گوندەکان، هەژدەم: پابەند بین بە تەجروبەی ساڵی رابوردوو، یەعنی ئەوان چۆنیان کردووە، نۆزدەم:سەرچاوەکە روون نیە، تەوزیح بکرێ، بیست: لە 50٪ نیوە بکرێ پارەکە، نیوەی بۆ ئاوەدان کردن و نیوەی بۆ زراعە و صیناعە، بیست و یەك: بەو سوودەی کە ئەدرێتەوە ئەو بانکانە، واز لە سوودەکە بێنین و خۆمان لەناو

خۆمان، له هەرێم پێی بکەین، هەمووی، وا بزانم ئەو پێشنیارانه هەمووی لەو پێشنیارەیە، بۆ گوند و شاریش وەکو یەکی لێ کراوە، ئەوە نیه به جیا بێت، نوقتەی نیزامی فەرمووو.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بزانم زیاد له شەش، حەوت کەس، 25 و 30 داوا کردووە، ئێستا 15 نووسراوە لەوێ، لەبەر ئەوە، ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە پێم وایه بۆ عەقار 25 تا 30 ملیۆن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمان ناتوانن قەرز بکەن، ئەو شتەی لەبەر دەستیانه بۆ یەك ساڵێك بەو شیکله به حیسابات داینناوە، کاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمه له چەند حەفتەی رابوردوو بینیمان حکومەت یەك، دوو پرۆژەی ئیعلان کرد پێش ئەوەی موصادەقه لەسەر میزانیه بکرێ، له حەقیقەتدا من لەو رۆژانەی رابوردوو گوێم له ئیفتیتاحی پرۆژەیه بوو له شەقلاوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن وەرە سەر میزانیەکە.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من گوێم له ئیفتیتاحی پرۆژەیەك بوو، موشابیهی ئەم پرۆژەی صندوقی ئیسکان بوو له شەقلاوە کە حکومەت پرۆژەیەکی کردووتەوە و ئیفتیتاحی کرد و هاووڵاتی مانگێ 200 دۆلار ئەدات، یەعنی من ئێستا ئەپرسم له سەرۆکی دەزگای ئیستیسمار، ئایا ئەم پرۆژەیه نەچوویتە بواری جێبەجێ کردنەوە نیهائیەن؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هێشتا بڕیاری لەسەر دەدەین برای من، ئەگەر شتی وات هەیه و لێژنەی خۆت هەیە، برۆ لەو لێژنەیە بەدواچوونی بۆ بکە، ئەو خەبەرەی زانیوتە، راپۆرتی خۆتان بنووسن، له لێژنەکەتان کۆ ببنەوە، بە سێ، چوار لێژنە بەدواچوونی بۆ بکەن بزانن چۆنە و چۆن کراوە، بۆ کراوە؟، لەسەر ئەم بودجەیە یان لەسەر هی 2009یە، ئەوجا بڕیاری لێ بدەن ئێستا لێرە ناتوانین، کاك کاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو پێشنیارانە ئەوە بوو کە چەندین ئەندام پەرلەمانیش پشتیوانیان لێکرد، یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008 کە دەبێ بڕێکی، یەعنی حکومەت مولزەمە کە .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە یەك كەس بوو، باشە، ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە موشكیلە نیە، كاك عومەر كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی کرد، لە پاش ئەو زیادکردنەی بۆ قەرزی خانووبەرە ئەکرێ، ئایا توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڕی تەرخان کراو بۆ قەرزی خانووبەرە بۆ هەر یەکەیەك یان بۆ هەر خانووەك چەندە؟، 15 ملیۆن؟ 20 ملیۆن؟ 25 ملیۆن؟، بۆ ئەوەی بە موحەدەدی ئێمە بزانین توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندە؟، ئەوەش بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێ لە کاتی بڕیار دان لەسەر مەبلەغەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەم بکە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو بەڕێز سەرۆکی لێژنەی دارایی باسی و موناقشە کرا، ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا بووین بە 15 ئیستیقرار بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا ئێستا ئەو شتە روون نیە، ئەوە ئیحتیاتاتی وەزارەتی دارایی زۆر زۆر دەکات بەو حیسابە بێت، پلانەکە پێشتر بۆ 10 ساڵ بوو، وتمان ئەمە بەشێکی ئەم ساڵ جێبەجێ دەکرێ، بەڵام ئێمە 430 ملیارەکەمان هەمووی هێنایە سەر ئیحتیاتاتی وەزارەتی دارایی، پێشتریش بینیمان لە 120 ملیاری تواناسازیشدا هەر لە ئیحتیاتاتی وەزارەتی دارایی بوو، باشە ئەگەر بەو حیسابە بێت، ئیحتیاتاتی وەزارەتی دارایی نزیکەی 10/1ی هەموو بودجەی ئەم ساڵ دەبێتە ئیحتیاتاتی وەزارەتی دارایی، تکایە روونکردنەوەیەك هەبێت دەربارەی ئەم خاڵە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشتریش باسم کرد، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر میزانیەکە ئەبینین ئەو 120 ملیارە لەسەر تەخصیصاتی ئەنجومەنی وەزیران دانراوە، بە نیسبەت ئەوەی کە ئێستا ئەو فەقەرانەی کە تازە هاتووە، ئەوانەی کە قەرزە ئەصڵەن خۆی پارەکان دەگەڕێتەوە جارێکی تر، بە ئیستیمراری، لەبەر ئەوە، ئەوەی کە ئێستا بوویتە 200 ملیار دینار، ئێمە فیعلەن لەوێ ئەتوانین ئەوە جێبەجێ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی لە دەسەڵاتتان هەیە، لەناو ساڵێك ئەو پارانە بدەن کە ئەوە، مەشروعانە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، تەنها بۆ ساڵی دارایی ئەمساڵ، هەر بە پێی قانونی موازەنەکە ئەتوانین جێبەجێ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی هیچتان هەیە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی کاك شێردڵ تەبیعی ئەوە باس کرایە لە پرۆژەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، پێیناوی دووبارەی بکەینەوە، داوای کرد کە زیادە بکرێ لەسەر ئەو ماددەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددە کە خوێندرایەوە، خۆی ئەو پێشنارانەی تێدایە، داوا دەکەم لە سەرۆکی پەرلەمان بیخاتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پارەیەی وەرزشە تەنها دوو کەس وتوویانە، نەبووە بە سێ کەس، ئێمە ئەوەی عورفە دائیمەن سێ کەس زیاتر ئەبێ ئیقتیراحێك بکات و پشتیوانی لێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد حمادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی سێ کەس بوو کە پشتگیری لەوە کرد، دووەم/ئەوەی کە کاك عەونی دەڵێت لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چەند یاریگایەکی صیناعی گچکۆکە بۆ قەزا و ناحیەکان، ئێمە ئێستا حیصار لەسەر وەرزش لە عێراق هەیە، بەس لەسەر کوردستان هەڵگیراوە، هەموو بوتولاتی دەولی دێتەوە کوردستان، ئەوەی بێتەوە سەر عیراق، دووەم شت: لە 2012 گەورترین بوتولەی تۆپی پێی ڤیفا دێتە کوردستان کە 10 دەوڵەتی ئەورۆپی موشارەکە دەکات، بۆیە من داوا دەکەم ئەو پێشنیارەی خۆم پارەی بۆ دابنرێ، ئەوەی کاك عەونیش دەیڵێت بەس بۆ وەزارەتە و بۆ یاریگای بچووکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چەندی بۆ دابنرێ بە رەئی جەنابت؟

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد حمادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا 50 ملیار بێ باشە، ئیشەکانمان دەڕوات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت لەو مەوزوعە؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە نیسبەتی وەرزشەوە، ئەوەی کە جەنابی کاك شێردڵ تەحسین باسی دەکات، تەخصیص کردنی پارە بۆ وەرزش، بەراستی ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئێمە ئەو حیسابەی کە تا ئێستا کردوومانە، ئێستاش لە کۆبوونەوەیەکدا ئەمڕۆکە جارێکی تر، ئەوە ئەگەر بێت و هەر پارەیەکی تر غەیری ئەوانە تەخصیص بکەین، ئەبێت لە شوێنێکی تر هەڵیبگرین، لەبەر ئەوە، ئەوە ئەگەرێتەوە بۆ جەنابتانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی وەرزش ئەخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، یەکەم: ئایا بۆ وەرزش لەم بابەتە، لەم پارەیە تەرخان بکرێ، یان نا؟، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوجا دێینە سەر رەقەمەکە، بەڕێزان ئێستا پێشنیارێك هەیە، چەند برادەرێك پشتیوانیان لێ کردووە و ئەمن لەو میزانیە ئەمەی تەرخان کراوە بۆ ئاوەدانکردنەوە، قسمێکی بۆ زیراعەیە و بۆ صیناعەیە و قسمەکیشی بۆ وەرزش ئیزافە بکرێ، ئەگەر موافق بن ئەوجا حیسابێکی بۆ ئەکەین، تکایە کێ لەگەڵێدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 55 کەسی لەگەڵە و من و کاك فرسەتیش وکاك دکتۆریش لەگەڵینە، 54 کەس لەگەڵێتی، کێ لەگەڵدا نیە؟، 17 کەس لەگەڵدا نیە، بڕیار درا شتێکیان بۆ تەرخان بکەین، زۆر سوپاس، فەرموون لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی و جەنابی وەزیر لەگەڵ یەك

موشاوەرەتێك بكەن بۆ ئەوەی شتێكی موعیەن بۆیان تەخصیص بكەن، بەڕێزان بە نیسبەت ئەو موقتەرەحەی وەرزش ئەوە ئامادەیان كرد و ئەیخوێننەوە، پاش ئەوەی كە تەواو كە بوو ئەوجا دێنە سەر ئەوەی تر، ئەو 15 ملیۆنەی كە هەندێ بەڕێز داوای كردووە ببێتە 20، هەندێ داوای كردووە ببێتە 25، جەنابی وەزیر رەئیتان بەرامبەرە ئەوەی چیە؟، پێشنیارتان هەیە؟،( خیر الامور اوسطها ) نە 25 بێت و نە 15 بێت، بكرێتە 20، راستە ژمارەی كەمتر دەكەوێت با ئەو عەدەدە نەكرێ و كەمێك كەمتر بێت، بەڵام بگونجێ و خەڵكێ بتوانێ پێی بكات، رەئیتان لەسەر ئەو بابەتە تكایە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لەوەتێ سوو نەماوە لەسەر قەرزی عەقاری، ئەوەی جاران ئەماندا، ئێستاكە پێنج بەرامبەر و شەش بەرامبەر پارە ئەدرێ، رۆژانە ئەو پارەیە و ئەو سیولە نەقدیەی كە ئێستاكە ئەیدەین، قەت ئێمە ناتوانین تەحمولی لەوە زیاتر بكەین، لەگەڵ سیولەی نەقدی ئێمە ناگونجێت، تەخصیصاتیشمان ئەوەندە نیە بەشی ئەوەندە بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوەی وەرزش تكایە لێژنەی یاسایی بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەقەرەك ئیزافە دەكرێ، فەقەرەی سادسا:

تخصیص مبلغ قدره 10 ملیار دینار لدعم المنشأت الریاضیة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دووبارەی بكەنەوە با وازیح بێ رەجائەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەقەرەك ئیزافە دەكرێ، لەسەر ماددەی 19 بەو شێوەیە:

تخصیص مبلغ قدره 10 ملیار دینارلبناء المنشأت الریاضیة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نووقتەی نیزامی كاك عبد السلام.

**بەڕێز عبد السلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەمەویٚ مەعلومەیەکی دەقیقی مالی بدەم، حەز دەکەم برادەرانی موختەص بڵێن، لە ئەڵمانیا بۆ ئیستیعداد بۆ کأسی عالەمی رابوردوو، مەلعەب هەبوو 500 ملیۆن دۆلاری تەکلیف کرد، ئەگەر بمانەویٚ مەلعەبێك دروست بکەین، من لەگەڵیمە، من خۆم نیمچە ریازیەکم، دەبیٚ ستادیۆمێکی وامان هەبیٚ کە یاری نێودەوڵەتی لیٚ بکریٚ، یاریگایەك کە هەموو کورسی بن و لە 30 هەزار کەس زیاتر بیٚ، مەداخیلی نیزامی بن، ئەزوائی نیزامی بن، موستەحیلە بە 200 تا 250 ملیۆن دۆلار کەمتر بکریٚ، رجاتان لیٚ دەکەم، ئەگەر بمانەویٚ دەعمی ریازە بکەین، حەز دەکەی ئێمە تەبەروع دەکەین، بەس ئەم مەبلەغە نە مونشەئاتی ئینشا دەکات، یەك ستادیۆمی ئۆڵۆمپی گەورە بە 100 یان 200 ملیۆن دۆلاری ناکریٚ، بۆ مەعلوماتیش تەئکید بکەن. بەس ویستم ئەوەندە بڵێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی کاك شێردڵ وتی ساڵی 2012 ئۆڵۆمپیاد لە هەولێر دەکریٚ، ڤیڤایە نازانم چیە، ئێمە پێشنیارمان کردیە بۆ ئەو ساڵە ئەوەندەیە، بۆ ساڵی 2011 و 2012 خوا کەریمە ئیمکانیات باش حکومەتی هەرێم دەتوانیٚ هەموو شتێك بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت چیە، ئەو 10 ملیارە باشە یان زیاد بکریٚ یان کەم بکریٚ، رەئی جەنابتان چۆنە؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند کەم بیٚ ئەوەندەمان پیٚ باشە، بەڵام حەقە ئەو پرسیارانە کە بۆ زیاد کردن لە وەزیری دارایی نەپرسن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو موقتەرەحانەی کە کران برادەرێك باسی فەقەرەی 7ی کرد، ئەگەر بۆم بیلێتەوە، چونکە لێرە، دووبارەی بکەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008، تایبەت بە دابین کردنی خانووی نیشتەجێبوون، کە حکومەت خۆی وەزارەتی شارەوانی زەوی ئەدات و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە تەنفیزی دەکات، ئەوە بە جیاواز لەو بوارەی کە صندوقی ئیستیسماری ئەیکات، ئیجابیترە بۆ خەڵکی فەقیر و ئیستیفادەی زیاتری لیٚ ئەکەن، لەبەر ئەوە

ئەم پێشنیارە پێویستە بودجەیەکی دیاری کراوی بۆ تەرخان بکرێ، کە هەر مەبەست چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوونە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان لەو مەوزوعە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە قانونێك لە پەرلەمان دەرچوو بە ژمارە 7ی ساڵی 2008، بەڵام قانونەکە نەکەوتە بواری جێبەجێ کردن، لەبەر ئەوەی حکومەت مەشاریعی دی هەبوو، بۆیە بە ئەفزەلی زانی لەو قانونە، ئێمە لە پەرلەمان نەمانتوانی بەراستی بەدواداچوونی بۆ بکەین، یاسایەکە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی، ئەم پێشنیاری بەڕێزتان هی هەردوو لێژنەکە و بەڕێز وەزیری داراییە، کە بۆ گوند و شار و شاروچکە وەك یەك تەرخان ئەکرێ؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ وەکو یەك حیسابیان بۆ کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامە بەڕێزەکان ئەگەر لەگەڵ بن پێشنیارەکەیان ئەخوێننەوە جارێکی تر ئەیدەینە دەنگدان، تکایە بیخوێننەوە، هەموو شتێك خەلاص.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 19:

تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بما يلي:

أولآ: تخصيص مبلغ قدره 200 مليار دينار للاستمرار في دعم مشاريع صندوق الاسكان.

ثانيأ: تخصيص مبلغ قدره 100 مليار دينار لتعزيز القرض العقاري للمواطنين في الاقليم و زيادة مبلغ القرض الى 15 مليون دينار للمحافظات و الاقضية و النواحي و القرى، و استمرار الوزارة في تأمين القرض العقاري للمواطنين حسب الضوابط و التعليمات المرعية.

ثالثأ: تخصيص مبلغ قدره 30 مليار دينار لدعم مشاريع القرض الصناعي.

رابعأ: تخصيص مبلغ قدره 50 مليار دينار لدعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.

خامسأ:تخصيص مبلغ قدره 50 مليار دينار لدعم المنهاج الاستثماري لوزارة الزراعة و الموارد المائية.

سادساً: تخصيص مبلغ قدره 10 مليار دينار لبناء المنشأت الرياضية في الاقليم.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جاری پێشووش دەستم بەرز کردەوە، ئێمە ئەو 350ی کە حکومەت ناردوویەتی، بڕیارمان دا بیکەین بە 200، 150ی دەمێنێتەوە، ئەو 150یە پێش ئەوەی، با باسی ئەوەی وەرزشەکە نەکەین جارێ، ئەو 150یە، 50 چووە سەر سولفەی عەقار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن سۆزان خان لەگەڵ وەزیر قسەمان کرد، وتی ئەوەی لێرە هاتووە، ئێمە ئەتوانین لە وەزارەتی مالی دەعمی ئەو یاسایە بەو شیکلەی هاتووە بکەین، سەرچاوم.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19:

وەزارەتی دارایی و ئابووری پابەند دەبێ بە:

یەکەم: تەرخان کردنی گوژمەیەك کە بڕەکەی 200 ملیار دینارە بۆ بەردەوامی پشتگیری پرۆژەکانی نیشتەجێبوون.

دووەم: تەرخان کردنی گوژمەیەك کە بڕەکەی 100 ملیار دینارە بۆ پاڵپشتی قەرزی خانووبەرەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و زیادکردنی قەرزی خانووبەرە بۆ 15 ملیۆن دینار بۆ شار و قەزا و ناحیەکان و گوندەکان، بەردەوام بوونی وەزارەت بۆ دابین کردنی قەرزی خانوو بەرە بۆ هاووڵاتیان بە پێی یاسا و ڕێسا.

سێیەم: تەرخان کردنی بڕی 30 ملیار دینار بۆ پشتگیری کردنی بانکی پیشەسازی.

چوارەم: تەرخان کردنی بڕی 50 ملیار دینار بۆ پشتگیری کردنی پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگای بانکی کشتوکاڵییەوە.

پێنجەم: تەرخان کردنی بڕی 50 ملیار دینار بۆ پاڵپشتی بەرنامەی وەبەرهێنانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان.

شەشەم: تەرخان کردنی بڕی 10 ملیار دینار بۆ دروست کردنی دەزگاکانی یاخود مونشەئەکانی وەرزش لە هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر ئیعتیراز لەسەر ڕەقەمەکان نیە، هەمووی بەیەکەوە ئەدەینە دەنگدان، ئەگەر نا یەك، یەك ئەیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تێبینی ئەوەم كرد كە لە كاتی خوێندنەوەی فەقەرەی سێیەم، بە هەڵە خوێندراوە، هەڵەیەكی تەبعی تێدابوو، ئێستا دووبارە دەیخوێنمەوە:**

**ثالثاً: تخصيص مبلغ قدره 30 مليار دينار لدعم مشاريع المصرف الصناعي.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵە؟ ئێستا هەمووی، دەست بەرز بكەن كە بەم ماددانە رازی بوون، تكایە دەستتان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، دوو كەس لەگەڵدا نیە، بۆ ماددەیەكی تر تكایە دەستتان خۆش بێ، سەرتان ساغ بێ، شتێك لای منە، با ماددەكە بخوێننەوە، لە جەنابی وەزیر دەپرسم، ئەگەر ئیجازە بدەی، مەسەلەی هینەكانە، ئەوە كۆمیشنەكانی مینحەی وەزارەتی نەوتە، فەرموو كەرەم بكە.**

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو كاتەی كە هاتینە  سەر ئەو پرۆژە یاسایە، وا بڕیار بوو چەند ماددەیەكی بۆ زیاد بكەین، تەنها ئەو ماددەیە نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كوێستان خان ئیجازە بدە، ماوە لێژنەی یاسایی كۆمەڵێك تەوصیات و ماددەی ئیزافیان هەیە كە هاتینە سەری ئەیكەین، ئێستا ئەو ماددەیە تەواو بێ، هەیە لەبەر دەستمە و ئاگام لێیەتی و ئێستا لەبەر دەستمە ئەگەر ویستیان لایبەن، ناهێڵین، فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة العشرون:**

**في حالة حصول تغير في حصة موازنة حكومة اقليم كوردستان، يخول وزير المالية و الاقتصاد بتخفيض او زيادة المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة، أو ما يراه مناسباً لتسديد العجز.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست و دووەم لە ئەصڵی پرۆژەكە بووە ماددەی بیستەم:**

**لە حاڵەتی روودانی گۆڕینێك لە بەشی بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەوە وەزیری دارایی و ئابووری دەسەڵاتی پێ دەدرێ بە كەم كردنەوەی یان زیادكردنی سەرجەم كۆژمەكەی بودجە، بە هەمان رێژە یاخود كە بە موناسیبی دەزانێ بۆ پڕكردنەوەی كورت هێنانەكە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی رەئیتان تكایە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ خاڵە هاتنە راست كرن و ڤی رەنگ كرین، في حالة حصول تغير في حصة موازنة حكومة اقليم كوردستان، يخول وزير المالية و الاقتصاد ب:

أ-تخفيض المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة لتسوية العجز.

ب- في حالة حصول الزيادة في الموازنة تستحصل موافقة البرلمان عن كيفية الصرف.

ئەمە ئیقتیراحی لێژنەی یاسایی و داراییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ باشە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر كەس مولاحەزەی لەسەر ئەوە نیە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی كاك رزگار كەرەم بكە.

**بەڕێز رزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئیقتیراح دەكەم كە بەم جۆرە بێت ئەو نەصە:

تضاف اية زيادة قد تحصل في حصة الاقليم من الميزانية الاتحادية الى نفقات المشاريع الرأسمالية دون التشغيلية، بينما تخصم النقص الحاصل فيها من المبلغ المخصص للنفقات التشغيلية فقط، و في كلا الحالتين تقدم بمشروع ملحق قانون للموازنة من مجلس الوزراء الى البرلمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی و دارایی رەئیتان؟

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رای ئێمە ئەوەیە كە زۆر دەستی حكومەت نەگرین، ئازادییەكی بدەینێ لە كاتی ئەو گۆڕانكارییانە كە ئەبێت، ئەوە رەئی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا وەكو ئاخیر صیاغەی كە لێژنەی یاسایی خوێندیانەوە، بە عەرەبی و بە كوردی، ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كران بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە الحادیە و العشرون:

تقوم وزارة المالية و الاقتصاد و بالتنسيق مع وزارة الموارد الطبيعية بتخمين و تقدير الموارد التي تتحقق من نشاطات و استثمار الموارد الطبيعية المستحقة للاقليم وفق الدستور العراقي و تضاف الى الواردات المتحققة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردی كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 23 كە ئێستا بوویتە 21:

وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، ئەو داهاتانە دەخەمڵێنێ كە لە چالاكی وەبەرهێنانی داهاتی سروشتی موستەحەقی هەرێم دەستی دەكەوێت، بە پێی دەستووری عیراقی دەخرێنە سەر ئەو داهاتانەی كە دەستكەوتوون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر پێش ئەوەی بێینە سەر موناقەشە، كەرەم بكە لێژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە، پێشنیاری زیادكردنی وشەی( الاتحادی) دەكرێت دوای دەستەواژەی (الدستور العراقی) و زیاد كردنی ئەم رستەیە (اعلام البرلمان بذلك للمصادقة علیە) لە كۆتایی ماددەكە، بەم شێوەیە دەقی ماددەكە وەكو خوارەوە دەبێت:

تقوم وزارة المالية و الاقتصاد و بالتنسيق مع وزارة الموارد الطبيعية بتخمين و تقدير الموارد التي تتحقق من نشاطات و استثمار الموارد الطبيعية المستحقة للاقليم وفق الدستور العراقي الاتحادي و تضاف الى الواردات المتحققة و اعلام البرلمان بذلك للمصادقة عليه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر چەند پرسیارێك هاتووە، یەكێك لەوانە ئەمەیە: ئەڵێ لەناو پرۆژە یاساكەدا ئەو ماددەیەی كە پەیوەندی بە داهاتی سامانە سروشتیەكانەوە هەیە، نا ڕۆشنی تێدا هەیە، نازانرێت ئایا مەبەستی

بۆنسی کۆمپانیاکانی نەوت، یان چ داهاتێك، بۆیە باشترە پێش ئەوەی گفتوگۆ دەست پێ بکات، ئەگەر روونکردنەوەکمان بدەنێ مەمنوون دەبین.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆبوونەوەکانی پێشتری پەرلەمانیش ئەوەبوو داوامان لێ کرا و روونکردنەوەمان دا، ئێمە هەتاکو ئێستاکە ئیراداتی نەوت نەهاتووتە ناو بودجەی وەزارەتی داراییەوە، ئەو ئیراداتانە کە هەشیان بێ، لە هەر جۆرێك ئیرادات بێ لە وەزارەتدا خۆیان وصولاتی قەبزیان هەیە و موستەنەداتیان هەیە، مەفروزە لەوێ داخیل ببێ، لەلای ئەوان، ئاخیر جار داوای رەقەمی حیسابێکیان لێمان کرد و ئێمە رەقەمی حیسابەکەمان داوە پێیان، ئێستاکە و ئیتر لەمەودوا ئەویش وەکو هەموو وەزارەتێك ئیرادات لە لای خۆیانەوە ئیراد دەکرێ و ئاگاداری وەزارەتی داراییش ئەکرێ، ئێستا ئەو قانوونەی کە ئێستا هاتووە لەو ماددەیە، ئەمە زیاتر ئێمە ئیلزام ئەکات کەوا پێکەوە دابنیشین و ئیراداتەکانیان تەسجیل بکەین و بیخەینەوە پێش پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان رەئیتان؟

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موشکیلەم نیە لەگەڵ صیغەی ئەو ماددەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە( وفق الدستور العراقی)، تەفسیری کێ؟، من، جەنابی وەزیری دارایی، تەفسیری پەرلەمان؟، ئەوە لە جەوهەری موشکیلەکە دایە، ئێمە تەفسیری داهات و تەفسیری دابەش کردنی داهات کێ حەقی هەیە کە وەریگرێ، حکومەتی عیراق یان ئێمە؟، هێشتا ئەو کێشەیە لە ماددەی 112 ی دەستووری عیراقی حەل نەکراوە، جا لەبەر ئەوە قابیلە للتفسیر، من ئامادەم بۆ ئەوەی هەر چی یەك دۆلار بێ بیخەینە حیسابێکەوە، بەڵام ئەوە تێگەیشتووین لە خاریجی موازەنەیە، من حەز دەکەم داهاتی ئێمە، ئەوەی کە پەیوەندی بە هینە، بە پارەی مینحەکان و هاوکارییەکانی موقاولەکان لە گرێبەستەکانی نەوت، من حەز دەکەم، پێشنیاری من وایە لەگەڵ جەنابی رەئیس وزراش باسمان کرد، دوێنێ و ئەمڕۆ، یەکەم: حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێتەوە لە وەزارەتی دارایی، سەرپەرشتی موباشیری لەوێ بێ، دووەم: تەرخان بکرێ بۆ پرۆژە بێ بودجەکانی عەقدەکانی نەوت کە ئێمە ئیلتیزاممان هەیە بەرامبەر موقاولەکان، بەڵام بەسەرپەرشتی مەجلیسی وزرا، ئەوەی کە داهاتی عامە یان مینحەی عامە، مەجلیسی وزرا بڕیاری لەسەردا بۆ چ پرۆژەیەك تەرخان بکرێ، (علی العموم خاضعة للرقابة المالية) و سەرپەرشتی پەرلەمانیش، یەك کێشە ئەمێنێ: ئایا حیسابی ئەکەین کە داهاتە لە موازەنە یان خاریجی موازەنەیە؟، ئەوە بڕیاری جەنابتانە، من هیچ موشکیلەم نیە، بەڵام پرۆسەکە تەعامولی لێ ئەکەین وەکو پارە، پارە دێتە وەزارەت، چۆن تەرخان دەکرێ بە پرۆژە، ئەبێ رەقابەی لەسەر بێ، رەقابەی

مالی، رەقابەی پەرلەمانی لەسەر بێ، ئەبێ گرێبەستەکان، موقاولەکان ئاگادار بن چۆن پارەکانیان سەرف کراوە، ئەوەندە کێشەیە هەیە، کامە بە دڵتانە، ئێمە ئامادەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من وێستم لێرە خاڵێك روون بکەمەوە، دەستەواژەی دەستووری عیراقی خۆی لە ئەصڵی پرۆژەکە هاتووە، لە ئەصڵی ماددەکە کە ماددەی 23یە، بۆیە ئێمەش تەنها وشەی ئیتیحادیمان ئیزافە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ ناو بنووسن، لە ئاخیرەوە دەست پێ دەکەین، تکایە یەك، یەك ناوی خۆتان بڵێن، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسیوە:

گۆران ئازاد، کاردۆ، عبدالسلام، سمیر سلیم، کاروان، عەزیمە خان، عبداللە، سەرهەنگ، رزگار محمد، شوان احمد، حمە سعید، بیلال، خەلیل عوسمان، حسن محمد، زانا رؤوف، شاهۆ سعید، سۆزان شهاب، بشیر خلیل، اسماعیل گەلاڵی، ئەڤین عومەر، ئارام قادر، د.احمد، عومەر عبدالعزیز، برهان رشید، تەواو کەسی تر نیە؟، بەڕێز گۆران ئازاد کەرەم بکە بەس تکایە، چونکە زۆر لەسەر ئەو مەوزوعانە رۆیشتووین موحاوەلە بکەن لە 2 دەقیقە زیاتر نەبەن، کەرەم بکە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە ماددەیەکی گرنگە باس لە نەوت دەکات، نەوتیش دەچێتە بابی مەسەلەی داهات و داهاتیش خاڵێکی ئەساسیە لە کاتی موناقەشەکردنی بودجەدا، ئەوەی لە ماددەی 21 دا روونە، باس لە داهات و دروستکردنی لێژنەیەك دەکات لە لایەن هەردوو وەزارەتەکە بە هاوبەشی، بە گوێرەی دەستووری عیراقی، کە بۆ دەستوور ئێمە دەگەڕێینەوە لە یاسای نەوت و غازیشدا، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکانیش کاتی خۆی کە باسی داهاتی بۆ ئەندامەکانی پەرلەمان شی کردەوە، داهاتی ئەو نەوتە خامەی کە دەفرۆشرێ بۆ هەرێمی کوردستان نیە، ناچێتە ناو ئەوە، بەڵکو دەچێتە ناو ئەو سندوقەی کە لە ماددەی 19دا باسی کردووە و لەوێندەردا لە 17٪ دێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر کە تا ئێستا لە عیراقدا یاسای نەوت و غاز دەرنەچووە، لە هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و غاز دەرچووە و بە گوێرەی ماددەی 115ی دەستووری عیراقی کاتێك یاسای هەرێم و یاسای بەغدا تەناقوزی تێکەوت، ئیش بە یاسای هەرێم دەکرێ، کەواتە لە هەموو کاتێك ئەگەر یاسا لە بەغدا دەرچووبێت، بەلام لەم یاسایە ئەوەی روونە لە ماددەی 15 لە خاڵی 5 باسی ئەوە دەکات کە تاوەکو ئەو کاتە ئێمە لەگەڵ حکومەتی

عيراقيدا دەكەوينە ئيتيفاق، وەكو ئەو داهاتەی كێڵگە نەوتيەكان دادەنرێ و حيصەی بۆ هەرێمی كوردستان لێ دەدرێ، مادەيەكی تيايە كەوا ئەم داهاتە دێتە ناو داهاتی هەرێمی كوردستان و دەبێتە داهاتی حكومەت، بە بۆچوونی من ئەوەی ئيشكالی گەورەيە لە هەرێم و ئەو موناقەشەی بودجە بەشێكی زۆری موناقەشەی با نەوت بێت، گفتوگۆی خاياند، بريتيە لە جێبەجێ نەبوونی ياسای نەوت و غاز لە هەرێمی كوردستان، ئەگەر ياسای نەوت و غاز وەكو خۆی لە هەرێمی كوردستان ئێمە جێبەجێ بكەين، ئەو خاڵانە، كێ بەرپرسيارە، كێ موتابەعەی پارە دەكات، دەچێتە كوێ؟، زۆر بەوازيحی ديارە، بەڵام ديارە ئەمە ئيشكاليەكی گەورەيە كە ئێستا لێرە جێی نيە و دوای موناقەشەی بودجە جارێكی تر لەم شتەيە بپرسينەوە، من لێرەدا بەڕاستی لە وەزيری سامانە سروشتيەكان دەپرسم: كە ئەگەر ئەم داهاتە بۆ هەرێمە، با ئێمە ياسای نەوت و غاز جێبەجێ بكەين، هيچ ئيشكالمان نابێ، ئەگەر مەبەستمان لەم پارەيە تەنها ئەو مينەحانەيە و ئەو بەخشينانەيە كە كۆمپانياكان دەيدا، ئێمە موتەفيقين لەسەر ئەوەی كە ئەگەر بخرێتە ناو پرۆژەی بودجەی هەرێمی كوردستان، ئەوە لە 83٪ لێ دەبڕدرێ، پێشنياری ماددەيەكی ئيزافە دەكەم لە پرۆژەی بودجە كە ماددەيەك دابندرێ كە ئەو وەزيری سامانە سروشتيەكان لەگەڵ وەزيری دارايی هەموو ئەو مينەحانە كەوا دێ بۆ حكومەت بە تايبەتی لە گرێبەستە نەوتيەكاندا، بۆمان دياری بكەن و بێتە پەرلەمان، و پەرلەمانی كوردستان قەراری لێ بدات، ئەم مينەحانە لە چ بوارێك سەرف دەكرێ و بۆ چ پرۆژەيەك سەرف دەكرێ؟، نەك پێشتر دابندرێ و رابكێشرێ و سەرۆكی حكومەت و وەزارەت بڕياری لەسەر بدەن بۆ ئەم پرۆژەيە سەرف بكرێت و دواتر تەنها بۆ عيلم بێتە پەرلەمان، نەخێر ماددەكە بەو شێوەيە بێت كە ماددەيەكی سەربەخۆ بێت، بۆيە لێرەدا قسەكانم بەوە كۆتايی پێ دێنم كە ئەو ماددەيە بە بۆچوونی من زيادە و ئيلغا بكرێ و لە شوێنی ئەم ماددەيە، ماددەيەكی نوێ بۆ مەسەلەی مينەح پێشنيار بكرێ لە لايەن وەزيری سامانە سروشتيەكان و دارايی، بێتە پەرلەمان و لە پەرلەمانەوە قەرار لەسەر ئەم پارانە بدرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز هەر بۆ روونكردنەوە و بۆ ئەوەی برادەرانی تر لەسەری نەچن، ئەمە رەبتی نيە بە مينەح، بۆ مينەح ماددەيەكی تايبەت دائەنێن، زۆر وازيح بێ، لەناو حيسابێك بێ، بێتە ئەم پەرلەمانە، لەم پەرلەمانە بزانين چەندمان هەيە، ئينجا ئەو مەشروعەی بەو پارەيە سەرف ئەكرێ، ئەو مەشروعانەش بێتە ئەو پەرلەمانە قەراری لێ بدەين، ئەمە مەسەلەيەك بڕاوەتەوە، ئەوە ئێستا باسی ئەكەن، مەواريدەكە ئەوە وەزارەت مەجالاتی تری هەيە، دەسكەوتی تريان هەيە، ئەوانە ديار بێت، ئێستا رێزدار كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەوت مەسەلەيەكی گرنگە، داهاتەكەشی دەتوانين بڵێين كاريگەريەكی زۆر لەسەر ئاوەدان كردنەوە و پيشكەوتنی ژيانی ئێمە ببينێ، بەڵام ئەوەی ئێمە لە جەنابی وەزيرمان بيست كە بۆی باس كردين لەوە

پێشتر داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان یەکسان بوو بە سیفر، یەعنی ئێستا کاتێك ئێمە لیژنەیەك دروست دەکەین، ئەم لیژنەیە بۆ چیە؟، بۆ مەسەلەی داهاتە ئێمە وەکو کاك گۆران وتی، ئەگەر یاسای نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەین، ئێمە هیچ ئیشکالێکمان نابێ لەسەر ئەم داهاتەی کە پەیوەندی بە دەستووری عیراقەوە هەیە، ئەگەر نا ئەوەی کە پەیوەندی بە مینەحەوە هەیە، وەکو جەنابت باست کرد، ماددەیەکی بۆ دادەنێین، ئێستا وەزیری سامانە سروشتیەکان بەڕێزی لێرەیە، لە 3/18 نووسراوێکی کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، باسی ئەوە دەکات دەڵێ: ئێمە دەتوانین ئەومادانەی کە ئێستا بڕیارمان لەسەر دا کە پەیوەندی بە ماددەی 16 و 17 و 18 هەبوو، دەتوانن بیخەنە ئەستۆی خۆیان وەکو داهاتێك، داهاتێکی روونە، بۆ دەبێ ئەم داهاتەی کە ئێستا هەیە کە نزیکەی 500 ملیارە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بودجەی ئەم ساڵە و ئاوەدانکردنەوە بۆ زۆر بوار کە ئێمە یەکێك لە ئیشکالاتە گەورەکانمان، زاڵی بودجەی تەشغیلی لەسەر ئیستیسماری و ئاوەدانکردنەوە، نەیخەینە خزمەت ئەو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوەڵەن: 500 ملیار نیە، بۆت روون بکەمەوە 5 ملیارە، دوو: مینەح تکایە لێرە داخیلی ئێرە مەکەن، تەنها ماددەیەکی بۆ دائەنێین ئیزافەی دەکەین، حکومەت و وەزارەتەکەی پێ ئیجبار دەکەین، ئەو حیسابەمان بۆ بنێریتە ئێرە تا بیزانین چۆنە و چۆن سەرف دەکرێ، ئێستا ئەمە بەس ئەوەیە کە لە بەغداوە بۆمان دێت ئەو 17٪، باسی ئەوە بکەن بۆ ئەوەی وەختەکە نەکوژین، تکایە تەرکیز بکەینە سەر ئەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە موخالیفم کە دەڵی مینەح داهات نیە، دەکەوێتە ئیرادات و.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برا تۆ ئەتەوێ83٪ی بدەیتە بەغدا؟، دە فەرموو بیدە، ناکرێ بەڕێز، کە کردتە داهات ئەبێ لە 83٪ بیدەیتە بەغدا، بیکە مینەح من لەگەڵتم و هەموو پەرلەمانتارەکان دڵسۆزن، بزانین چۆن سەرف دەبی و چەند نەك هەر هی نەوت، هی تریش هەیە، مەواریدی تریش هەیە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە جیاوازە لەگەڵ 5 ملیار دۆلارەکە، ئەمە 500ەکە خۆیەتی، نووسراوی خۆیەتی لەبەر دەستە، وەزیری بەڕێز با بۆمان روون بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى برواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی جەنابت دەکەم کە تۆ ئەو پێشنیارەت کرد تاکو ئێمە لەسەری نەڕۆین، تەنها تەرکیز بکەین لەسەر ئەوە تاکو غەلەت نەکەین، من پێم وایە ئەم ماددەیە زۆر زۆر سەریحە، ئەگەر هات و یاسایەك بۆ داهاتی نەوت و غاز لە بەغدا دەرچوو بەپێی دەستوور، دوو شتی تێدایە، یەکێکیان دابەش دەکرێ بەسەر هەموو هاووڵاتیانی عیراق لە پارێزگاکان بە پێی ڕێژە، دووەمیان: ئەم تەعلیماتەی تازە دەرچووە کە یەك دۆلارە بۆ موحافەرزەی بەرهەمهێنەر، ئەگەر هات و بە پێی دەستوور، ئەو دەسەڵاتانەی کە بە هەرێمەکان دراون، وەزارەتی ئێمە یان لە بواری داهاتی سروشتی بە پێی دەستوور هەمان بێت، من تەصور دەکەم زۆر زۆر وازیحە، رەبت ناکرێ بە ئەوەی مینەح و شت، یەك مولاحەزەی تریشم هەیە، لەسەر پێشنیارەکەی لێژنەی دارایی، من تکا ئەکەم ئەوەمان لەبەر چاو بێت، لە دۆکیومینتی یاسایی با بە لوغەتی یاسا قسە بکەین، عیراق ناوی (جمهورية العراق)ە، لە ماددەی دووەم یان سێیەم لە نظام الحکم الفدرالي، واتا ناوی رەسمی عیراق (جمهوريه العراق)ە، ناوی دەستوورەکەشی (دستور جمهوريه العراق)ە، ئەم ئیزافە کردنی دەستووری عیراقی ئیتیحادی یان فیدرالی تەصەوەر دەکەم دەقیق نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سمیر سلیم فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ حەمەبەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم مەسەلەی نەوتە گفتوگۆی چڕ و پڕی زۆری هێنا لە دوای خۆیەوە، بۆ دەرباز بوون لەو حاڵەتە کە داخیلی میزانیە و بودجە نەکرێ، تەنها مینحەکە نەبێ ئەوەی جەنابت فەرمووت، ئەکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، ئەوەی مەشاریعەکانیش هەر بێتە پەرلەمانەوە بە حیسابێکی تایبەت و لێرەوە بڕیاری لەسەر بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیەکم لەسەر بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان هەیە، ئەویش کە دەڵێ: حیسابێکی نوێ بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەینەوە، بۆ ئەوەی لەمەودوا داهاتی نەوت بێتە ناو ئەو حیسابە بۆ ئەوەی بزانین حیساب لە کوێیە، بەڵام ئەی تا ئێستا ئەو حیسابانە بۆ دیاری ناکرێ؟، بۆ ئەوەی بزانین هەموومان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارە تەوجیهی بکە و توڕەش مەبە لەسەر خۆ، بڵێ پرسیارێکمان هەیە.

**بەڕێز كاروان صالح احمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە ڕێزمان هەیە، ئێستا من بە صەراحەت دەڵێم، تا ئێستا كە ئەوەندەی بەڕێزی هاتووتە ئەو پەرلەمانە، ئێمە جۆرێك لە گومان لە ئاشكەرا و ڕوونی لە گرێبەست و ئەو موعامەلانەی كە تا ئێستا بە نەوت دەكرێ لە لامان دروست بووە، مەسەلەن بۆ نموونە ئەو ڕۆژەی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان، برای من، عەزیزم، ئێستا موحاسەبە نیە، ئێستا لەسەر ئەم ماددەیە چۆن بێ، پرسیارت هەیە لێی بكە، چیت دەوێ تەوزیحی بكە، كامەت پێ باش نیە یان پێت باشە لای ببە، وامان كرد و وامان كرد، ئەوە لەناو لێژنەكان بانگی بكەن و حەشری پێ بكەن، ئەگەر نوقصانی هەبوو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە دەیلێین، جۆرێك لە نا شەفافی هەیە لە پرسی نەوت، جەنابی ئەوە بۆ چەندین جارە دێتە لێژنەكان، دێتە پەرلەمان، كە دەڵێ: تا ئێستا حیسابیك، ئەوە تازە حیسابێكی نوێ بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە دەكات، بۆ بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری دەكات؟، باشە تا ئێستا ئەو حیسابە لە كوێ بوو؟، چەندە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار عەزیمە خان.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە كە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەكان ئەو داهاتە ئەخەملێنێ، بەڵێ ئەو داهاتە كە تا ئێستا ئێمە موناقەشەیەكی زۆر كراوە لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتیەكان لەسەر پارە و داهاتی نەوت لە بودجەی 2010، بەڵام ئەوەی كە تا ئێستا ڕوون بوویتەوە، ئەوەی كە هاتووتە بەردەست ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی كە گوێمان لێ بوو تا ئێستا بە ڕوونی هیچ پارەیەكی داهاتی نەوتی كوردستان دیار نیە، با بە وەزیری دارایی و ئابووری خۆی بەرەورووی وەزیری سامانە سروشتیەكان كە ئەڵێ: هیچ پارەیەك نەهاتووە، بەڵام تا ئێستا بەرچاو ڕوونیەك نەخراوەتە بەر ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پارەیە چەند بووە و لە كوێیە و چی لێ هاتووە؟، تەنها ئەو مینحەیە كە باس كراوە 5 ملیار دینارە، ئێستا ئەمانەوێ لەم خاڵەدا، وەكو پاڵپشتی قسەكانی كاك گۆران و كاك كاردۆیە، كە ئەم مینحەیە یان لە بڕگەیەكدا جێی بكرێتەوە لەم ماددەیە، یان لە ماددەیەكی تایبەت، بتوانین ئەم مینحەیە ئاشكرا بووە، پرۆژەیەك ناخرێتە سەر داهات، بكرێت بە پرۆژەیەك و پرۆژەكانی دیاری كراو بێت، لایەنێكیش سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالله مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پرسیارەی كە من ئاراستەی جەنابتانم كرد، مەبەستم ئەوە بوو كە بەرچاومان روون بێت، ئێمە لە میانی گفتوگۆیەكانمان قسە لەسەر چ بابەتێك بكەین؟ لەسەر چ داهاتێك بكەین؟ ئایا ئەو داهاتەیە كە وەكو بە نەص حیساب دەكرێت؟ یاخود ئەو داهاتانەی تره كە بەپێی دەستووری عێراقی، هەروەها بەپێی ئەم یاسایە دانراوە، كە سندوقێك دروست بكرێت بۆ داهاتەكانی حكومەتی هەرێم، بەهاوكاری لەگەڵ حكومەتی عێراقدا، من پێموایە لەم مەسەلەیە، بەڕاستی پرسیارم ئەوەیە، كە ئایا بەڕێز جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەكان بۆچی یاسایەكە جێ بەجێ ناكات؟ یەعنی ئەگەر ئەو سندوقە دروست بێت، ئێمە پێویستمان بەو ماددەیە نییە كە لەناو ئەو پرۆژە یاسایەدا هاتووە، واتا ئێستا ئێمە لەبەردەم دوو پرسی جیاواز داین، پرسێكیان پەیوەندی بە نەصەكانەوە هەیە، ئێوە بڕیارتانداوە لە كۆتایی موناقەشەكاندا قسەیان لەسەر بكەین، پرسێكی تری ئەوەیە كە پەیوەندی بەم سندوقەوە هەیە، كە یاسایەك هەیە جێ بەجێت نەكردووە، بۆچی ئێستا من یاسایەكی تر دابنێم؟ كە من گومان دەكەم ئەوێش جێ بەجێ بكرێت، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیارەكەی لیژنەی دارایی دەكەم، لەبەر ئەوەی لە پرۆژە یاسایەكە ناوی پەرلەمان نەهاتووە، بەڵام پێموایە لیژنەی دارایی ئاگادار كردنەوەی پەرلەمانیان بۆ زیاد كردووە، بەڵام تەنها یەك پێشنیارم هەیە، ئەویش هەروەك كاك عبدالله گوتی ئەم یاسایە شتێكی تازە نییە، لەبەر ئەوەی پێشتریش لە پرۆژە یاسای نەوت و گاز ئەم یاسایە وجودی هەیە، بەڵام جێ بەجێ نەكراوە، لەبەر ئەوە من پێشنیاز دەكەم، كە ماوەكەی، ئەو زەمەنە دیاری بكرێت، كەوەزارەتی سامانە سروشتیەكان لەگەڵ وەزارەتی دارایی پەرلەمان ئاگادار بكاتەوە، بۆ ئەوەی مولزەم بێت لەو ماوە دیاری كراوە، پەرلەمان ئاگادار بكرێتەوە، بەڵام ئەگەر بەو شێوە مەتاتیە بمێنێتەوە، كاتێكی دیاری كراو نییە، ئەویش هەر بەو شێوەیە ناتوانێت لێ پرسینەوە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەكان بكەیت، كە بۆچی تاكو ئێستا پەرلەمانی ئاگادار نەكردۆتەوە؟ لەبەر ئەوە ئەگەر كاتەكە دیاری بكرێت، من تەسەور دەكەم زۆر باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار رزگار محمد فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ئەگەر سەیری بکەیت، جارێ لە دێری یەکەمدا هەردوو وەزارەتی مالیەو وەزارەتی مەواردی تەبیعی مەبەستی لە کوردستانە، دەڵێت (بتخمین وتقدیر)، ئەوە مەبەستیان چیە؟ دوو کەلیمە، یان موڕادفیان هێناوە بۆ یەکتر، هیچ مەدلولێکی جیاوازیان هەیە؟ مەبەستیان دوو شتی جیاواز بێت، ئەگەر مەبەستیان دوو شتی جیاواز نەبێت، نابێت ئەو دوو کەلیمەیە بەکار بێنن، ئەمە لە رووی صیاغەوە، ئەگەر مەبەستیشیان دوو شتی جیاوازە، من بەڕاستی خۆم نازانم یەعنی حەز دەکەم دوایی روونی بکەنەوە، ئەمە یەك.

دوو/ دەڵێت ئەو مەواریدانەی کە (تحقق من نشاطات واستثمار الموارد الطبيعية المستحقة للاقليم)، (المستحقة للاقليم) بەشێوەیەکی موتلەق هاتووە، بەپێی دەستووری عێراقی، کە دەڵێت (المستحقه للاقليم)، واتا لە هەموو عێراقدا، ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە، ئەوانەی کە لە ئیقلیم دەردێت ئەو مەواریدە تەبیعیانە، ئەوە صیغەکەی غەڵەتە، دەبێت بڵێیت (المنتجة في الاقليم)، ئەگەر وا نەبێت ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ هەموو عێراق مۆریدەکانی، دوایی کە باس لە دەستووری عێراقی دەکەیت، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ماددەی (111 و 112)، لێرە لایەنی عێراق ئیهمال کراوە، چونکە مەواریدی تەبیعی، یان ئیدارەی نەوت و غاز ناکرێت کوردستان بە تەنیا لەناو خۆیدا قسە بە تەنیا بکات لەسەری، ئەو تەنسیقە دەبێت کوردستان لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادیدا بیکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ تەوزیحی بەرچاوی جەنابتان و ئەم بەڕێزانە، قانونی نەوت و غاز لە بەغدا لەگەڵ هەرێم لەسەری رێك نەکەوتین، ئەوە بۆ ئەوەی وازیح بێتن، لە ساڵی 2007 پرۆژەیەك حازر کرا هەردوولا موتەفیق بوون لەسەری کە بدرێتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ببێتە پرۆژە یاسا، پاشان کە چووە صیاغە، ئەوان دەستکاریان کرد، کە دەستکاریان کرد لێرە رەفز کرا، کە رەفز کرا، دووبارە موناقەشە کرا چی بکەین؟ ئیتیفاقێکی سیاسی لەبەینی قیادەی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە عێراقیەکان ئیمزا کرا، ئەگەر تا 2007/5/31 قانونەکە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرنەچوو، هەر لایەك حەقی خۆیەتی ئیستیخراجی مەواریدی خۆی بکات و تەسەروف بکات و عقود بکات، ئەوە دیکۆمێنتێکی تاریخییە هەیە، هەتاکو ئەم لەحزەیە ئەو یاسایە، ئەو ماددە دەستووریەی کە لە دەستووری عێراق هەیە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەگەیشتونەتە قەناعەت، ئەو ماددە دەستووریە بکرێتە یاسا، لەبەر ئەوە هەر لایەك بە کەیفی خۆی تەسەروفی کردووە، هەر لایەکیش حەقیقەتەکانی خۆی بە تەواوەتی بە لایەکەی تری نەگوتووە، ئەوە بۆ مەعلوماتی جەنابت.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەصەکە دەڵێت حکومەتی ئیتیحادی بە تەنسیق لەگەڵ حکومەتی ئیقلیم، دوایی ئەو بڕە پارانە بەشێوەیەکی عادیلانە دەبێت تەوزیع بکرێتەوە، دوایی بەپێی قانونێك کە دەڵێت ئەو دەریدەکات، کەواتە باس لە دەستووری عێراقی مەکەن، کەلیمەی دەستووری جمهوریەی عێراقی لێ لابرێت باشە ئەگەر وابێت، چونکە ئەگەر خۆمان ببەستینەوە بە دەستووری عێراق، ناکرێت ئیهمالی ئەو نەصە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەتا قانونی نەوت و غاز لە عێراق دەرنەچێت بە تەواوی، ئەم داهاتە بە داهات تۆمار نەکرێت، چونکە 100٪ ئەو ئیستیقتاعەی 83٪ـە دەبڕێت، ئەمە زیانێکی گەلەك گەورەیە بە گەلی کوردستان دەکەوێت، کەسیش لەگەڵ زیان و زەرەر نییە، پێموایە ئەمە لەگەڵ مینح بەشێوەی بڕگەیەك لە بڕگەکان تەنزیمی بکەین، یەعنی ئەم داهاتەش حوکمی مینح وەردەگرێت لە کوردستان بۆ سەرف کردنی، یان شێوەی ئەو پرۆژانەی کە بەو داهات و بەو مینحانەی دروست دەکرێت لە ژێر ڕەقابەی مالیدا دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەوزوعە، تەبعەن مەوزوعێکی ئاڵۆزو گرنگیشە، سەرەتا حەز دەکەم چارەنووسی ئەو نووسراوەی کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان کردوویەتی و پەیوەندی بە داهاتی نەوتەوە هەیە، بە دەقیقی چوار سەدو حەفتا ملیار دینارە، ئەوە بۆمان روون بێتەوە، کە دەڵێت ئەو داهاتەم هەیەو دەتوانم لە بڕی ئەو ماددانەی شازدەو حەڤدە دایبنێم، ئەوە روون بکرێتەوە بزانین مەصیری چیە؟

خاڵێکی تر، من پێشنیار دەکەم کە ماددەیەك بۆ ئەم پرۆژە یاسایە زیاد بکرێت، ماددەکە ئەم بڕگانەی تیا بێت، یەکەم/ پارەی مینح دیاری بکات و ئیلزامی بکات، کە ئەو پارەی مینحە دیار بێت، ئەمە بڕگەی یەك.

بڕگەی دووەم/ ئەو مەشروعانەی، ئەو پرۆژانەی لەسەر حیسابی نەوت دەکرێت، ئەو پرۆژانەش بە جەدوەل دیاری بکرێت، کەمیەکانی، مەبلەغەکانی چەندی تێ دەچێت؟ بۆ کوێ دەکرێت؟ ئەو مەبلەغە دیار بێت.

خاڵێکی تر، من داوای جێ بەجێ کردنی ماددەی نەوت و غازی کوردستان دەکەم، کە هەندێك ئیشکال و مەسائیلمان بۆ چارەسەر دەکات، هەروەها ئەخیر داواو پێشنیارم ئەوەیە، داهاتی نەوت تاکو ئێستا، یەعنی

ئێمە ئێستا لە رابردوودا، ئایا بە مینح بووە؟ ئایا بە مەشروع بووە؟ بە هەر شێوەیەك بووە، داوا دەكەین بۆمان روون بكرێتەوەو ئاشكرا ببێت بە شەفافی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بەو ماددەیە كۆمەڵێك لە قسەكان كران، بەتایبەتیش پشتگیری ئەم پرۆژەیەی كە لیژنەی دارایی ئامادەی كردووە، دەستخۆشیان لێ دەكەم شتێكی زۆر باشە، زیاد كردنی ئەم ماددەیەش كە جەنابت و چەند بەڕێزیك باسیان كرد، منیش تەئكیدی لێ دەكەمەوەو پشتگیری لێ دەكەم، كە ماددەیەك تایبەت بێت بە مینح، ئەمە شتێكی زۆر باشە، بەلاّم دوو پرسیارم هەیە ئاراستەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكانی دەكەم، كە یەكێكیان ئەوەیە كە جەنابیان پێشتر فەرموویان داهاتی ئێمە یەكسانە بە سفر لە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، دوایی خۆی داوا دەكات چوار سەدو حەفتا ملیار دینار ئامادەیە سەرف بكات بۆ ئەم بودجەیە، ئەی بۆ پێشتر لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی ئەم مەوزوعەی باس نەكردووە؟ لای ئێمە گوتی سفرە، ئێستا ئەو پارەیە چیە پەیدا بووە؟ ئایا ئەم پارەیە ئەوەیە كە ئەم تانكەرە نەوتانەی كێڵگە نەوتیەكانی..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، رجائەن كاك بلال دووبارەی مەكەنەوە، رجائەن ئەوە چەند مولاحەزەم بۆ دێت، دەڵێت بەپێی نیزامی ناوخۆ هەر بەڕێزێك نابێت قسەی تر تیكرار بكات، تۆ دەتوانیت بڵێیت پشتیوانی لێ دەكەم، بەلاّم ئەگەر تەسنیەی بكەیت، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان، بەلاّم دووبارە بیلێیتەوە، دووبارە تیكرار بكرێتەوە، پرسیارتان هەیە بیكەن، ئیزافە هەیە بیكەن، تەعدیلێك لەسەر ئەو ماددەیە بیكە، ئێمە ماددەیەكەمان لەبەردەستە مەفتوع لە دوو خەت و نیو پێك هاتووە، لەسەر ئەوە قسە بكەین، بۆ وای كرد؟ بۆ وای نەكرد؟ دەتوانن لیژنەكەتان، لیژنەی نەزاهە، لیژنەی پیشەسازی و وزە بانگی بكەن، بچنە لای تەفاسیل بێنن، راپۆرت بدەن بۆ ناو پەرلەمان موناقەشەی بكەن، بەس ئێستا ئێمە ئەم دوو خەت و نیوەمان لەبەر دەستە، ئایا ئەمە باشە؟ ئیزافە بكرێت؟ كورت بكرێت، قەبولی بكەین، رەفزی بكەین؟ بە ئازادی تكایە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ روون كردنەوەكەی بەڕێزتان، بەس من تەئیدم كرد كە ئەو ماددە مینحە زیاد بكرێت، لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا بەلای كەمی سێ كەس تەئیدی بكات، منیش یەكێكم لە موئەیدەكان، پرسیاری من لێرە

ئەوەیە، ئایا ئەو ژمارە حیسابە کە پێشتریش چەند مانگ پێش ئێستا باس کرا، کە ئەو ژمارە حیسابە داوامان کردووە بۆیان بکەینەوە، بۆ وەزارەتی دارایی چی رێگرە ئەم ژمارە حیسابانە ناکرێتەوە؟ کە ژمارە حیساب لە ماوەی دوو سەعاتدا دەکرێتەوە ئەوە پرسیارێکە.

پرسیاری دووەمم/ ئەو نەوتە رەشەی کە لە کێڵگە نەوتیەکان دەڕوات بۆ حاجی ئۆمەران و باشماخ، رۆژانە بە دەیان تانکەر دەڕوات، ئایا ئەمە داهاتە؟ یان مینحە؟ پارەکەی لە کوێیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار خەلیل عوسمان فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە برادەران قسەی زۆریان کرد، بەڵام من بەڕاستی قسەم لەسەر داهاتێکی ترە، ئەویش هەروەکو لە یاسای بودجەی عێراقیدا هاتووە، بڕی داهاتی نەوتی خاو و غازی هەر پارێزگایەك، کە بۆ هەر پارێزگایەك بڕی دۆلارێك دەبڕدرێت، بۆ پرۆژەکانی ئەو پارێزگایە سەرف بکرێت، داواکارم ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی بکرێت بە فەقەرەی دووەم لەو یاسایە جێگەی بکرێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حەسەن محەمەد فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە قانونی بودجەی ساڵی 2010 موناقەشە دەکەین، بۆیە تەفاسیلی داهات پێویستە لە نیهایەتی ساڵ لەگەڵ حیسابی خیتامی موناقەشە بکرێت، بەنیسبەت داهاتی ئەمساڵ، چونکە بزەبت ئەم ماددەیەش بۆ ئەوە هاتووە، من لەگەڵ ئەو شێوەی ماددەیەم کەوا لە لیژنەی دارایی هاتووە، بەنیسبەت داهاتی ساڵی پار هەڵبەتە مەبەستم لێرە مینح نییە، چونکە هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، دەکرێت ئێمە بە ماددەیەکی تر ئیزافە بکرێت، بەڵام ئەگەر داهاتێك هەبێت بەنیسبەتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەپێویستی دەزانم لێرە خاڵێك ئیزافە بکرێت، کە ئەویش مودەوەر لە حیسابی خیتامی نیشان بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە تەعدیل بکرێت، بکرێتە سێ بڕگە:

برگەی یەکەمیان/ وەکو خۆی باس بکرێتەوە بە ئیستیسنای کەلیمەی ئیتیحادیەکە لابرێت، لەسەر قسەکەی کاك عبدالسلام ئاماژەی پێدا، چونکە ئێستا لە عێراقدا دەستووری عێراقیەو دەستووری عێراقی ئیتیحادی نییە، بەس بنووسرێت دەستووری عێراقی نافیز، یاخود شتێکی بەو شێوەیەی لێ بکرێت.

برگەی دووەمیان/ بگوترێت لیژنەی باڵای نەوت و غاز، کە هەر بەپێی یاسای نەوت و غاز هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا هەڵبستێت بە دەست نیشان کردنی ئەو پرۆژانەی کە بەهۆی ئەو گرێبەستیانەوە دروست دەبن لە کۆمەکی بەرپرسیاریەتی و کۆمەڵایەتی و کۆمەکی تواناسازی و ئەنفال، وەکو لە نووسراوی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکاندا هەیە، بۆ تەقدیر کردنی جەدوای ئەو پرۆژانەو ئەو شوێنانەی کە ئەو پرۆژانەیان تیایدا جێ بەجێ دەکرێت.

برگەی سێیەم/ ئەم پرۆژانە بە هەموویەوە پێشنیار بکرێتە بەردەمی پەرلەمان لە مولحەقێکدا، لە وادەیەکدا کە لە $6/1$ تێپەڕ نەکات، بۆ ئەوەی سەقفێکی زەمەنیشمان هەبێت بۆ ئەم حاڵەتە، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان موصادەقەی لەسەر بکات و بە تەندروست بە مەرجێك پەرلەمانی کوردستانیش بەپێی پەیرەوی ناوخۆ وەکو لە ماددەی $73$ ئاماژەی پێ کراوە، مەفروزە پەرلەمانی کوردستانیش زیادی بودجەیە، ئیعتیماداتی تازە بە زووترین کات بڕیاری لەسەر بدات.

یەك خاڵی تریش ماوە، کە ئیشارەتی پێ بدەم بەڕاستی، لە قسەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە بۆم دروست بوو، کە بەڕاستی گومانێکی گەورە جارێکی تر دروست بۆوە، یەعنی من تەمەنا دەکەم لێرەدا لەم برگەیەدا، کە باشترین شوێنە وەڵامێکم لێ دەست بکەوێت، ئەویش ئەوەیە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان زیاد لە جارێك دەڵێت تاقەی ئینتاجی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەتوانێت سەد هەزار، دوو سەد هەزار ساڵانە، بۆ نموونە ئەگەر توانا هەیە نەوت دەربهێنرێت، باس لەوە دەکرێت شەریکەیەکی وەتەنی هەیە، یاخود دەولی هەیە بەناوی سۆمۆ کە ئەم ئەرکەی خستۆتەوە، باشە تۆ بە رەسمی ئەگەر باس لەوە دەکرێت، ئێمە لە $17$٪مان لێ دەست دەکەوێت، ئەگەر ئێمە لەناو بودجەدا ئیشارەتی پێ بدەین، ئیتر لە $83$٪یەکە بۆ حکومەتی ناوەند دەڕوات، بۆ لێرە کە دێیە سەر باس کردنی ئەو تەوەرەیەی کە دەڵێن کاکە بۆ لە $83$٪یەکە بنێرینەوە بۆ حکومەتی ئیتیحادی؟ بەلام کە دێینەوە سەر ئەو برگەیان، قسە کردنەکە وایە وەکو ئەوەیە هەموو داهاتەکەی بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، باشە ئێمە لە $17$٪ و لە $83$٪مان هەیە، ئەگەر لە $17$٪ەکە بۆ خۆمانە، ئەوە ئەو کاتە دەتوانین بە ئاشکرا ئاماژەی پێ بدەین، ئەگەر لە $83$٪یەکە بۆ ناوەندە، پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، من دەڵێم لێرەدا بنووسرێت، ئەمە مینحەیەکە لە داهاتی نەوت دەستمان کەوتووە، بۆ ئەوەی چیتر ئەم پرسە دووبارە نەبێتەوە، کە وەکو ئیشکالیەتێك لەلامان دروست بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ روون کردنەوەی بەرچاوت، مینحە جیایە لە داهات، ئەو سەد هەزار بەرمیلەی کە دەفرۆشرێت پارەی ئێمە نییە، دەچێتە میزانیە $17$٪ی بۆ ئێمەیە، مینحە ئەوەیە خێرییان پێمان کردووە، دەڵێت من

ئەم مەشروعە دەکەم ئەوەنـدە هەدیـە دەدەم بـۆ ئـەو مەنتیقەیـە، بـۆ خەڵکەکـە، یـەعنی دوو شـتی گـەلێك جیایە، بۆیە حەز دەکەم پێش چاوتان روون بێت، داهاتی نەوتی حکومەتی ئیتیحادی 17٪ی دەداتە ئێمـە، 83٪ی بۆ خۆیان دەبەن، یەعنی دوو شتی زۆر جیایە لە یەکتر، پارەکەش نادرێتە هەرێمی کوردسـتان، هـەر بۆ مەعلوماتت هەر لە مەرکەزەوە دەبردرێت، ماوەیەکی زۆریش بوو لەسـەر ئـەوە شـەڕ بـوو، بـەڵام بـەپێی دەستوور دەبێت بۆ ئەوان بچێت، بەڕێز شاهۆ سەعید.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی پێی بەڕێزتان تەئکیدتان کردەوە، کە لە ماددەیەکی جیادا باس لە حیسابی مینح دەکرێت، مـن ئەم ماددەیەم لا پەسندە، بەڵام بە مەرجێك ئەم ماددەیە بڕگەیەك بێت لە ماددەیەکی سێ بڕگەیی، بڕگەی یەکەمی ماددەیەکی سێ بڕگەیی، بڕگەی دووەمی هەروەکو هاوڕێم دکتۆر زانا ئاماژەی پێـدا، لیژنـەی بـاڵای نەوت و گاز بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان، ئـەو پرۆژانـە دیـاری بکـات، بڕگـەی سـێیەم/ بـە مولحەقێك بەو واریداتانە ئاراستەی پەرلەمان بکرێت، پەرلـەمان ئاگـادار بێت، پەرلـەمانیش بەشـدار بێـت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لیژنەی باڵای نەوت و گاز حیسابی خۆی لـەو بارەیـەوە دەنێرێـت بـۆ پەرلـەمان، هـەروەکو هـاوڕێم دکتـۆر رێبـاز گوتی سـەقفێکی زەمـەنیش دیـاری بکرێـت، واتـا لـەم ماددەیـەدا سـەقفێکی زەمەنی تەحدید بکرێت، واتا کراوە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من پڕاو پڕ پشتگیری لەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم، بەڵام لە هـەمان کاتـدا هـاوڕام لەگـەڵ ئەو بەڕێزانەی کە تەرحیان کرد بکرێت بە سێ بڕگەوە، بـۆ ئـەوەی یەکسـەر ئێسـتا دەنگـی لەسـەر بـدەین، ئەو بکرێتە سێ فەقەرە، فەقەرەی یەکەم/ هەروەکو خۆی بێت ما عەدا (الاتحادي) لابرێت.

فەقـەرەی دووەم/ بـاس لـە میـنـح بکـات، بـەپێی ئـەو ماددەیـەی کـە وتمـان ئیزافـەی دەکـەین بـۆی، لەسـەر حکومەت پێویستە بودجەیەکی تەواوکاری سەبارەت بەو کۆمەك و بەخششانەی پێـی دراون و وەریگرتـوون پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆ موصادەقە کردن لەسەری، ئەوسا کێشەی ئەم میناحانە چ بـە پـارە بێـت، چ بە پـرۆژە بێـت، بـە هـەر چیەك بێـت پەرلـەمان لێـی ئاگـادار دەبێتـەوە، بـۆ لەمـەودوا داواکارین بەڕاسـتی وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان یاسـای نـەوت و غـاز جـێ بـەجێ بکـات، ئەگـەر هـاتو وەزارەتـی سـامانە سروشتیەکان یاسای نەوت و غازی جێ بەجێ کرد هەموو ئەم ئیشکالانە هیچی نامێنێت، چونکە هـەمووی

بەپێی یاسایەکە دەخرێتە بەردەستی پەرلەمان، بەپێی ئیعلام بکرێت، لەبەر ئەوە منیش دەمەوێت بکرێتە سێ بڕگەو یەکسەر ئێستا دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر خەلیل فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە داهاتی ئەم مەواریدە تەبیعیانە لە سامانە سروشتیەکان و لەوانە پێم باشە شوێنێك بکەینەوە، ئەگەر ئیمکان بێت بۆ موخەصەصاتی تەنمیەی ئەقالیم، لەبەر ئەوەی وەکو جەنابتان ئاگادارن کەوا تەنمیەی ئەقالیم لە ساڵی 2006ـەوە لە عێراق پەیڕەو دەکرێت و ئیشی پێ دەکرێت، بەڵام لە قانونەکەی میزانیە هەمووی لە بیدایەتەوە تا نیهایەت شتێکمان نەبینیوە ناوی تەنمیەی ئەقالیم بێت، کەوا شتێکی بۆ تەخصیص کرا بێت، مەعلومیشە کەوا پارێزگاکان ئەگەر بەخۆیان دەستکراوە بن، زۆر پرۆژە بە تەنفیزی موباشیر کاری پێوە دەکەن، یەعنی ئێمە لەوانەیە حەملەکەو لۆدەکەش لەسەر وزارەتەکان تەخفیف دەکات، وەکو دەبینی لە شاری هەولێر ئێستا زۆر لە لایەن پارێزگاوە مزگەوت دروست دەکرێت، قوتابخانە دروست دەکرێت، زۆر ڕێگاو بان نۆژەن دەکرێتەوە، ئەوانە کەوا کاری وەزارەتەکانن، بەڵام لەسەر تەنمیەی ئەقالیمەوە دروست دەکرێت، بۆیە دەکرێت من داوا دەکەم ئەگەر بکرێت لە داهاتی ماددەی بیست و یەك بڕەك پارە بۆ تەنمیەی ئەقالیمەکان، بۆ پارێزگاکان تخصیص بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەکەی سۆزان خان، کە تەئکید دەکاتەوە لەسەر یاسای نەوت و غاز، بەڕاستی ئەگەر یاسای نەوت و غاز جێ بەجێ بکرایە، ئێستا ئەم کێشانەمان هیچی نەدەبوو، پێموایە ئەو مەوزوعانەی ئەمڕۆ ڕووی نەدەدا، من تەنها بۆ تەئکید ببێتە سێ کەس و چوار کەس بڕیار لەسەر ئەوە بدەین یاسای نەوت و غاز، مادام یاسایەك لەم پەرلەمانە چەند جەلسەی بۆ کرا بێت، بەڵام ئەوە دوو ساڵە جێ بەجێ ناکرێت، ئیتر هیچ فرسەت نەدرێت بە حکومەت خۆی بدزێتەوە لە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، بۆیە من داوا دەکەم ئەم یاسایە بخرێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەنیسبەت مینحەوە جەنابت تەوزیحی باشتدا، من قسەی لەسەر ناکەم، بەڵام لەنیسبەت داهات لە فرۆشتنی نەوت، ئەمساڵ بەپێی یاسای بودجەی عێراقی، بۆ هەر بەرمیلە نەوتێك، یان بۆ هەر مەتر مکەعەب غازێك داهاتێك هەیە بۆ ئەو ناوچانە، بۆ ئەو ناوچانەی کە لێی دەردێت، بۆیە وەکو تەوەقوع دەکرێت، چەند جارێکیش لە زاری بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ئەوەمان بیستووە، کە تاقەی صادیراتی نەوتی کوردستان زیاد دەکات، ئەوە

دەبێتە داهاتێکی زۆر، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم وەکو بودجەیەکی تەکمیلی، کە ئێستا موتەبەعە لە عێراقدا، سالأنە بودجەیەکی تەکمیلی هەیە دەنێردرێت بۆ پەرلەمان موصادەقەی لەسەر بکرێت، چونکە لەوە دەچێت ئیتر لە ئایندە رەقمێکی زۆر بکات، بۆیە داوا دەکەم ئەو داهاتە بکرێتە بودجەیەکی تەکمیلی و بنێردرێت بۆ پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پارەکە حکومەتی عێراق بفرێت، نایدەنێ، هەر بۆ مەعلوماتت، ئەوە حیسابێکی ترە، مینح جیایە، مینح لەبەر دەستیانە، بەلأم ئەوی تر لەبەر دەستیان نییە، رێزدار ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەگەڵ ماددەکەم دەقاودەق وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ زیادەیەکی بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوەی کە لێرە هاتووە نەصەکە زۆر سەریحە باسی ئەوە دەکات دەڵێت تەخمین و تەقدیری ئەو مەواریدانەی کەوا لە نەشاتات و ئیستیسماری مەواریدی تەبیعی، ئێمە بەپێی دەستووری عێراقی هەمووومان دەزانین کەوا مەواریدی تەبیعی کە لێرە هاتووە ئەو مەواریدانە ناگرێتەوە کە لە فرۆشتنی نەوتدا وەدەست دێ، نەوت لێرە دوو مەوریدی تەبیعییە، کە مەواریدی نەوتی هەیەو مەواریدی غەیری نەوتیش هەیە، ئەو مەواریدە تەبیعیەی کە لێرە باس کراوە، مەواریدی غەیری نەوتیە، لەبەر ئەوەی مەوریدی نەوتی دەفرۆشرێت لە رێگای شەریکەی سۆمۆوە، کە دەڕوات بۆ عێراق، تەنانەت ئەو یەك دۆلارەش کە تەخصیص دەکرێت بۆ مەناتیقی مونتیجە، یان موحافەزاتی مونتیجە، دیسان بە پارەوە دێتەوە بۆ کوردستان، نەك بلێین لەسەر بەرمیلێك نەوت کە لێرە دەفرۆشرێت و ئیستیسمار دەکرێت، ئەو بەرمیلە نەوتەی دەفرۆشین دۆلارەکەی بۆ ئێمە بێتەوە، جا بۆیە بە رەئی من ئەو دەقە ماددەیە چۆن هاتووە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە کارێکی تەحصیل حاصل لەنێوان دوو وەزارەتدا لەناو ئەنجومەنی وەزیران، کە خۆیان تەنسیق دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو داهاتانەی لە مەواریدی غەیری نەوتی، یان مەواریدی تەبیعی غەیری نەوتی بە دەستی حکومەت دێت، ئەوان لەو کاتە دەتوانن خۆیان بە تەنسیق و بۆ فرۆشتنەکەش و پارەکە چۆن دەچێتەوە سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئارام قادر فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێزان لیژنەی دارایی دەکەم، بەلأم یەك زیادە، ئەویش داهاتەکە سنوودار نەکرێت و بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، بەڵکو بەپێی ماددەی (43) فەقەرەی یەك لە قانونی موازەنەی عێراقی بۆ هەر پارێزگایەك نرخێکی داناوەو بایەخ بدرێت بە ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان، یەك دۆلار بۆ

دەرهێنانی نەوتی رەش، یەك دۆلار بۆ پالآوتن، هەروەها یەك دۆلاریش بۆ غازی سروشتی، كە ئەوەش بێگومان جگە لەوەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان باسی لەوە كرد، كە ئێمە ئەم داهاتەی ناخەینە سەر، یەعنی نایننووسین، لەبەر ئەوەی نەگەڕێتەوە بۆ عێراق، ئەوەش تەئكید لەسەر ئەوە دەكاتەوە باس لە پارێزگاكان بكەین، بۆ ئەوەی كە ئێمە بایەخ بەپارێزگاكان بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە هەردوو پێشنیارەكەی یاسایی و دارایی دەكەین بۆ زیاد كردنی ئیعلامی پەرلەمان (بذلك للمصادقة علیە)، چونكە ئەمە وا دەكات كە شەفافیەت لە داهاتەكاندا بێت، بەڵام پێشنیار دەكەم كە مینح، ئەوانەش بەڕاستی جێگایان بۆ بكرێتەوە لەناو ئەم ماددەیەدا، بۆ ئەوەی كە تەفسیراتی جۆراوجۆر بۆ ئەو مینحە نەكرێت، ئەو بەخششانە كە زەجەیەكی زۆری لەماوەی ڕابردوودا دروست كرد، هەم بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەكانیش باشترە، هەم بۆ حكومەتی هەرێم و بۆ پەرلەمانیش كە شەفافیەتی زیاتر تێدایە، بۆ ئەوەی كە ئەو مینحانە دیارتر بن، هەتا ئەو كاتەی كە یاسای نەوت و غاز لە هەرێمی كوردستان جێ بەجێ دەكرێت، كە پێویستە پەلەی لێ بكرێت بەڕاستی، ئێمە یەك لە كێشەكانمان ئەوەیە كە یاساكان دەدەچن، بەڵام جێ بەجێ ناكرێن، سەبارەت بەوەی كە بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێت ئەو ئیراداتانە تا ئێستا نەهاتوونە بۆ لای ئێمە، بەڵام لە ئاییندەدا بڕیار وایە كە ئیراداتەكان ئاگادار بكرێینەوە لێی، پرسیارەكە ئەوەیە لە وەزیری دارایی ئایا تەنها ئاگادار دەكرێینەوە؟ یاخود ئەو داهاتانە دەخرێنە ناو خەزێنەوە؟ كە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەكانەوە دەست دەكەون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی بیست و یەك، من دوو، سێ تێبینیم هەیە، یەكێكیان/ باسی وشەی تەخمین و تەقدیرە، كە برای بەڕێزم كاك حاكم رزگار ئاماژەی پێی كرد، بەڵام من وادەزانم دەقیق تر لەمە وشەی تەحدید، یان دیاری كردنە، بۆچی ئێمە باسی تەقدیرو تەخمین بكەین؟ بۆ باسی تەحدید نەكەین، وەختێك باس لە باسی قەبز و وسوڵات و شەفافیەت و هەموو مەسائیلەكان دەكرێت چارەسەری ئەوە بكرێت، چونكە مەبالیغی ئاوا و داهاتی وا ناكرێت بە خەملآندن قسەی لەسەر بكەین، بەداخەوە ئاخیر كەسم، ڕەنگە كەس نەبێ تەسنیەی بكات، بەڵام دەقیق تر ئەوە بوو لە عەرەبیەكەی بڵێین (تحدید) و لە كوردیەكەش بڵێین (دیاری كردن)، لەگەڵ زۆربەی ڕای ئەو براو خوشكانەی ترم، كە مەسەلەی ماددەیەك ئیزافە بكەن بۆ

مینح و، لەڕووی زمانەوانیشەوە ئەو وشەی (و)ی (بالتنسیق)ە وابزانم برایانی لیژنەی یاسایی لەگەڵمن کە ئەوە زیادە، نایەوێ (تقوم وزارة المالية بالتنسيق مع وزارة) ئەو (و) زیادە، بەنیسبەت یاسای نەوت و غاز، من تێبینیەك عەرز دەکەم، لەم ماددەیە دەبێت ڕەچاوی دوو مەسەلەی زۆر گرنگ بکەین، یەکێکیان ئەوەیە کە شتێك نەکەین کە خۆمان ببەستینەوە بە مەسائیلێکەوە، دوایی لەگەڵ یاسای نەوت و غازی عێراق گیرۆدەمان بکات و دەستوور پێمان بگرێ، دووەم/ بەڕاستی زۆر گرنگە ئەوەی کە براو خوشکانی تریش ئیشارەیان پێی کرد، کە لە سنووری یاسای نەوت و غازی خۆمان، هی هەرێمی کوردستاندا هەموو چالاکیەکانیان و نەشاتاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ببێت، یەعنی لەو مەجالە دەرنەچێ و بگونجێنرێت لەگەڵ یاسای نەوت و غاز، گرفتی ئەساسی دووبارە هەر هەمان گرفتە کە ئەو براو خوشکانەی تر ئیشارەیان پێی کرد لە دیاری نەکردنی، یەعنی لێرە باسی خەملاندن و تەقدیر و ئەوانەمان کردووە، بەڵام گرفتی ئەساسی لەم ماددەیە، یان لەم داهاتی سامانە سروشتیانە، ئەوەیە ناخرێتە سەر بودجەو بوارەکانی سەرفیشی بۆ دیاری نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو ماددەیە بەڕاستی من هەندێك تەعقیبم لەسەری هەیە، جارێ کە دەڵێت (وفق الدستور العراقی)، بەڕای من ئەوە لابىردرێت ،حاکم رزگاریش شتێکی وای گوت، لابىردرێت باشترە، لەبەر ئەوەی ئێستا کە ئێمە لەگەڵ بەغدا ناگونجێین ئیختیلاف هەیە لە تەفسیری ئەو ماددەیەی کە عیلاجی ئەوە دەکات، لە دەستووری عێراقی کە لەدوای ماددەکانی 110 یە، ئەو ماددەیە ئێمە وا تەفسیرمان کردووە کە دەڵێین مادام لە ئمووری حەسری و هینا تەوزیعی سەلاحیەت دەدات لەگەڵ بەغدا جیانە کراوەتەوە، ئەولەویات بۆ ئەو لایەیی کە یاساکە لە پێشەوە دەردەکات، ئێمە دەڵێین ئێمە پێشتر یاسای نەوت و گازمان دەرکردووە، جا بەڕاستی ئەو (وفق الدستور العراقی)یە ترسێکی پێوە دیارە کە ئێمە ئەوەمان نووسیوە، من بۆیە ئیقتیراح دەکەم ئەوە هەر لابىردرێت ئەو (وفق الدستور العراقی)یە، لە دوایشدا کە (وتضاف الى الواردات المتحققة) بەڕەئی من ئیزافەیەکی بۆ زیاد بکرێت ئەگەر جەنابت لەلای خۆت بە مولاحەزە بینووسی (وترسل وفق الميزانية التكميلية) لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەو مینەحە بە مولحەق نانێردرێت، بە میزانیەی تەکمیلی دەنێردرێت، (وترسل وفق الميزانية التكملية وبغضون شهرين من اقرار الميزانية) یەعنی لە ماوەی دوو مانگ لە دوای ئیقراری میزانیە، من ئەمەم پێ باشە لەبەر ئەوەی گوتم بە مولحەق

نانێردرێت، بـه میزانیـەی تـەكمیلی عادەتـەن دەنێردرێـت، خـاڵی دووەمـم/ تەئیـدی قسـەكانی كـاك حمـە سەعیدو برادەرێكی تر لەوەدا دەكەم كە دەڵێت مادام جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەكان لێرە ئـەو 470 ملیار دینارەی باسی كردووە بۆ مان ڕوون بكاتەوە، دووەمیان/ ئایا داهات لە باشماغ و حـاجی ئۆمـەران ئـەو تەنكەرە نەوتانە ئیزافـە كـراوە  یـان نـەكراوە؟ ئـەو عەقـد و تەندەرانـەی وەزارەتـە بەڕێزەكـەیان دەیـدات، پێمان بڵێین چۆنە و چۆن نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان تەواو بوو ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەكەین، ڕەئی خۆیان لەسەر موداخەلەی ئەندامە بەڕێزەكان بدەن، كەرەمكە كاك د.ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینـەكانی ئێمـە هەنـدێكی مـن وەڵامـی دەدەمـەوە و ئـەوەی تـریش هـاوڕێی بـەڕێزم كـاك عـونی وەڵامـی دەداتەوە، بە حەقیقەت ئەو بابەتانەی كە ئێستا بـاس كـرا لەلایـەن ئەندامـە بـەڕێزەكان هـەمووی پێشـتر و چەند جارێكی دیكە لە وەزیرە بەڕێزەكان پرسیار كراوە دووبارەن و وەڵامیشـی هـەبووە، بـەڵام هـاتنی ئـەو ماددەیـە بـەو شـێوەیە كـە ڕێگەگرتنـە لەبـەردەم ئـەو بۆچـوونانەی كـە هەیـە و ئـەو نـا ڕوونیـە و ئـەو ناشەفافیەتەی كە هەنـدێك كـەس باسـی دەكـات، بـەم ماددەیـە ڕێگـە لـەوە دەگـرین، یـەعنی ماددەكـە وەڵام دانەوەیە بۆ ئەو پرسـیارانە كـە كـاتی خـۆی كـراوەو وەڵامـیش دراوەتـەوە، دەربـارەی سـیاغەی ماددەكـە بـە حەقیقەت من  تا ڕادەیەك ناتوانم قسەی تیا بكەم، دەكرێـت ئـەوەی بـەڕێز كـاك حـاكم رزگـار و برادەرانـی دیكەش ئیسارەیان كرد موناقەشەی لەسەر بكرێت، بەڕێزێكی دیكە گوتی پێویستە ماددەكە بڵێی تەخمین و تەقـدیر، لەڕاسـتی دا هـەر دەبێـت تەقـدیر بێـت یـان تـەخمین بێـت، چـونكە تـۆ باسـی موازەنـە دەكـەی، موازەنەش تەقدیریە، عادەتەن تەحدید بۆ ئەو بەڕێزەی كە باسـی كـرد لـە كۆتـایی دایـە كـە لـە حیساباتی خیتامی دایە، لەبەر ئەوە وشەكە هەر بە تەخمین دەمێنێتەوە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە لەسەر قسەی ئەو برادەرانەی كە باس لەوە دەكەن وشەی ئیتحادی لاببردرێت، ئێمـە لـە لیژنـەی یاسـایی بەڕاسـتی لەگـەڵ ئـەوەداین وشـەكە بمێنێتـەوەو پشـتگیری قسەكانیشـمان پەیوەسـتە بـە دیباجەی دەستووری عیراقی كە ئیقرار دەكات و لە دێرەكانی ئەخیری دەڵێت (خلال نظام جمهوری اتحادی) ئەوە یەك، مـاددەی یەكـەم لـە دەسـتوور دەڵێـت (جمهوریـة العـراق - الدولـة الاتحادیـة)، ئـەوە دوو، سـێیەم: هـەرێمی كوردسـتان كـاتی خـۆی یاسـایەكی دەرهێنـا كـە ئیقـرار دەكـات بـە فیدرالیـەت، وشـەی فیدرالیـەت

کەلیمەیەکی بیانیە، بەڵام ئیتیحادی کەلیمەیەکی عەرەبیە، واتە ئیقرار کراوە بەوەی کە عیراق دەوڵەتێکی فیدرالّیە و دەوڵەتێکی ئیتیحادیە، دەستوورەکەش هەر بەو شێوەیە دەبێت تەفسیر بکرێت، هەتا ئێستا چەند یاسایەك لە پەرلەمان دەرچووە کەسەك ئیعتزازی لەسەر نەکردووە، واتە ئەگەر کێشەیەك لەو بابەتە ڕووی دا، ئەوا دەبوو موراجەعەتی مەحکەمەی ئیتیحادی عولیا بکرێت لە عیراق، ئەوان بڕیاریان لەسەر بدابا و کێشەکە یەکلایی کرابایەوە، ئەوە یەك، سەبارەت بە قانونی نەفت و غاز کە لە پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە 22 لە ساڵی 2007 دەرچووە ئەم یاسایە کەوتووەتە بواری جێ بەجێ کردن، لەبەرواری 2007/7/29 و پاش ئەوەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان موسادەقەی لەسەر کرد و ئیقراری کرد، بە پێی دەستوور لە ماددەی 117 مادام کە قانونی خۆمان دەرچووە لە کوردستان ئەگەر کێشەیەك بوو لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی قانونی خۆمان زاڵ دەبیت لەسەر قانونی عیراقی، بە پێی ئەو یاسایانەی کە لە کوردستان دەرچووە، واتە یاساکانی خۆمان جێ بەجێ دەکرێت، سەبارەت بە مەوزوعی نەفت و غاز، مەعلومە لای هەمووومان کەوا نەفت و غاز مولّکی هەموو عیراقیانە لەهەر شوێنێك بێت، واریداتەکەی دەچێتە خەزێنەی حکومەتی عیراقی ئیتیحادی، واتە ئێمە نیسبەمان هەیە بە گوێرەی وەلەو ئیحسائیە لە کوردستان نەکراوە بۆ ئەوەی ژمارەی نفوسی کوردستان کە ئەمە ئێستا دەڵێین 5 ملیۆنە و زیاتریشە، بەڵام کە ئیحسائیە نەکراوە، ئەوە پەیوەستە بەوەی ئیحتمالە ئەگەر ئیحسائیەك بکرێت لە عیراق حسەکەمان زیاتر دەبێت لەو نیسبەیەی کە 17٪ یە، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی بە هاوبەشی پێشکەشمان کردووە دووبارە ئێمە پابەندین بە پێشنیارەکەی خۆمان و پشتگیری لێی دەکەین، رەئی کۆتایی رەئی ئەندامانی پەرلەمانە کە ئایا پەسەندی دەکەن یان بە شێوەیەکی دیکە دایدەڕێژنەوە، ئێمە لەگەڵ داین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلانەی کە گوێتان لێی بوو، کەرەمکە کاك بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو موداخەلانەی کە کراوە زیاتر پەیوەندی بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە هەبوو، وە بە نیسبەتی ئێمەوە جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە ئێمە رەقەمی حیسابمان داوە و ماددەکە هاتووە ئیلتزام دەکەین بە بڕیاری پەرلەمانەوە بۆ جێ بەجێ کردنی، هەر پارەیەك دەچێتە ئەو حیسابەوە ئێمە کەشفی پێ تەقدیم دەکەین، هەر پارەیەکی کە لێی سەرف دەبێت کەشفی پێ تەقدیم دەکەین بۆ پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، انشالله سەرفی لێ ناکرێت تاکو موسادەقە نەکرێت، کەرەمکە کاك بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئێمە دەڵێین هەر پارەیەك کە سەرف دەکرێت، دیارە جارێکی تریش دەیڵێمەوە وەزارەتی دارایی ئامر بیسەرف نیە، وەزارەتی دارایی قائیم بیسەرفە، لەبەرئەوەی ئێمە قائیم بیسەرفین، هەموو پارەیەك بە ئەمر سەرف دەکەین، کە ئەمریشمان بۆ دێت دەبێت ئەوانیش ئیستنادیان کردبێتە سەر یاسایەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی دەست بە قسە کردن بکەی پرسیارەکان دوو لایەنی وەرگرتووە، ئەوەی لای جەنابتە یەك، تازە دەڵێن ئەوفەرمووی تازە حیسابێك کراوەتەوە، جارانیش پارەمان هەبووە، ئەو پارەیە لە چ حیسابێك بووە، چەنی هاتووەو چەندی نەهاتووە؟ بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوون بێت، جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان کەرەمکە.

**بەڕێز ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی ئەوە سوء تەفاهومە با بڵێین، ئێمە سێ مەسدەری پارەمان هەیە، یەك/ فرۆشتنی نەوتی خاو، دوو/ فرۆشتنی موشتەقات، کە ئەوە داهاتە، بە پێی دەستووری عیراق و بە پێی یاسای نەوت و غازی کوردستان ژمارە 22 ی ساڵی 2007 دەبێت بە داهات بچێتە حیسابی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ولەگەڵ پریفۆ و لەگەڵ ربح هەمووی ئاشکرا بکرێت وەکو داهات، تەبعەن بە موجەبی ماددەی 18 و 19 ی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان دەبێت بەرامبەرحکومەتی فیدراڵ ئێمە تەنسیق بکەین و ڕێککەوین کە موستەقبەل چۆن پارە دەدەین بە ئەوان یان ئەوان پارەی ئیزافیمان دەدەنێ؟، ئەوە لە دەستووردا داندراوە ولە یاسای ژمارە 22ی نەوت و غازی کوردستان داندراوە، بە نیسبەت موشتەقات کەواتە فرۆشتنی نەوت دەبێت داهات بێت بچێتە حیسابی وەزارەتی مالیە موباشەرەتەن، حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێتەوە کە ئێمە دەیفرۆشین موباشر حیسبابەکە دەچێتە ئەوێوە و ئەوان ئاشکرای دەکەن پەیوەندی بە ئێمەوە نەبێت، وەکو وەزارەتی مالیە و نەوت لە بەغدا، ئێمە نامانەوێ خاوەنی دۆلار بین کە چۆن سەرف دەکرێت، ئەو پارەیە ئێمە حیسابی بۆ دەکەینەوە و ئەو حیسابی بۆ دەکاتەوەو عەقد دەبێت و نەوت دەفرۆشرێت، داهات هەیە و موشتەقات هەیە وداهات هەیە و صافی عایدات دەچێتە حیسابەکەوەو لەوێ سەرپەرشتی لەسەر دەکرێ و سەرف دەکرێت بە شێوەیەك کەتەنسیق بێت لەگەڵ دەستوور و لەگەڵ یاسای ژمارە 22 ی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە مینەحە، ئەوەشتێکی ترە کە باسمان کرد، من دوو ئیقتراحم هەیە ئەگەر مەجالم بدەن بیخوێنمەوە، یەکەم/ بەرامبەر ئەو ماددەیەی کە ئێستا داندرا ئیقتراحێکم هەیە کە بۆ ئەوەی شمولی ئەم داهاتە بکات کە بە شێوەیەکی ڕێك وپێك نەك غموزی تیا بێت، ماددەی 21 (تقوم وزارة المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة الثروات الطبيعية لاستلام العائدات التى تتحقق بإستلامها مباشرة من قبل الاقليم من مبيعات النفط الخام ومبيعات مشتقات النفط وفق الدستور العراقى وقانون النفط والغاز لاقليم كوردستان وأن تضاف الى الواردات المتحققة وإعلام البرلمان

للمصادقة عليه ) ئەوە شمولی هەموو داهات دەکات کە پەیوەندی بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو، وموشتەقاتەوە هەیە، با غموزی تیا نەبێت باسی داهاتی تر ناکەین، هەر ئەو دوو داهاتەمان هەیە ئێمە، ئینجا لە باتی ئەو ماددەیە وەزارەتی سەروواتی تەبیعیە، مەواردی تەبیعی نیە ناوی وەزارەتەکەمان، ئینجا ئەگەر ئەوەتان پەسەند کرد من ئامادەم و حازرم حیسابێك بکرێتەوە و چی دەفرۆشرێ و چیش فرۆشراوە لە پێش ئەوە، حیسابەکە تەحویلی وەزارەتی مالیە دەکەین، ئێمە لەمەودوا ئێمە هەر عەقد دەکەین، کە عەقد کرا پارەکە یەکسەر موباشر دەچێت بۆ وەزارەتی مالیە، ئەوە بە نیسبەت ئەو ماددەیە، ماددەیەکی تر ئیزافە بکرێت کە ئیقتراحە بۆ مینەح، (أن تودع جميع المبالغ والمنح المستحصلة من خلال العقود النفطية والغازية في الاقليم فى حساب خاص في وزارة المالية، وأن تخصص هذه المبالغ من قبل مجلس الوزراء للمشاريع المقصودة حسب العقود النفطية والغازية وكذلك لمشاريع البنية التحتية في الاقليم وعلى ان تخضع صرف هذه المبالغ وكذلك تنفيذ المشاريع المقررة تحت الرقابة المالية والاشراف المباشر من قبل البرلمان) (تشمل الحل الكامل لكل المسائل بالنسبة لكم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر ئەوەی کە بووە لەمەودوا، بەڵام ئەوەی من تێی گەیشتم و ئەوەی کە جەنابی باسی کرد بۆ لەمەودوا لەم ساڵەوە دەبێت کە ئەوە فەقەرەیەکی بۆ زیادبکرێت، ئەوەی کە بووشە هەتا ئێستا .......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ مەعلوماتت وتی ئەوەی ڕابردووش، وتی هەمووی، وای وت، ئەوەی ڕابردوو و ئەوەی داهاتووش هەمووی وازح بێت لەناو حیسابێك، دوایی هەمووی قسە دەکات، لیژنەی یاسایی تکایە، پێشنیارەکەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی ماددەی (23) کە ئێستا ژمارەکەی (21)ە بەم شێوە دەبێت:-

المادة الحادية والعشرون:

أولاً: تقوم وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع وزارة الثروات الطبيعية باستلام العائدات التي تتحقق مباشرة من مبيعات النفط الخام في الاقليم ومبيعات مشتقات النفط وفق الدستور العراقي وقانون النفط والغاز لإقليم كوردستان وتضاف الى الواردات المتحققة وإعلام البرلمان للمصادقة عليها قبل التصرف بها.

ثانياً: تودع جميع مبالغ المنح بما فيها المستحصلة من العقود النفطية والغازية في الاقليم في حساب خاص لدى وزارة المالية والاقتصاد وتخصص هذه المبالغ من قبل مجلس الوزراء للمشاريع المخصصة لها حسب العقود النفطية والغازية بالنسبة لعقود النفط والغاز وكذلك مشاريع البنية التحتية في الاقليم على ان تقترن بمصادقة برلمان كوردستان قبل التصرف بها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا مادده زیادكراوەكان یەكە یەكە بخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئیزافەكردنی چەند ماددەیەك لە پڕۆژەكە هاتووە، بەم شێوەی خوارەوە:

مادة مضافة:

1 - تستقطع النفقات المخصصة لانشاء وتعمير الأبنية الخاصة للاحزاب والمشاريع المكررة وتنقل لحساب المشاريع الخدمية للمحافظات مع مراعاة التوزيع العادل عليها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

با بەكوردیش بیخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێشنیاركراو:

ئەو خەرجیانەی كە بۆ دروستكردن و چاككردنی باڵەخانەی تایبەت بە پارتە سیاسیەكان یاخود حزبەكان و پڕۆژە دووبارە بووەكان دەبڕدرێن دەگوازرێتەوە بۆ حسابی پڕۆژە خزمەتگوزارییەكان لە پارێزگاكانی هەرێم بەرەچاوكردنی دابەشكردنی دادپەروەرانە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ خاڵە بەری هەنوکە دەنگێ لەسەر دای، مە گوتی ئەو پرۆژەیەت دێنە لادان، یان تێنە ڕاگرتن، د ێ ل هەمان پارێزگا پرۆژی پێ دێنە دروست کرن، ئەڤ خاڵە دەنگێ لەسەر دبێتە دووبارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

با دووبارە بێت یان نا؟ موهیم ئەوەیە تەئکیدی لەسەر بکەینەوە، تکایە ئێستا کێیی لەگەڵە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێیی لەگەڵ نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی زیادکراوی تر.

أولاً:- على وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم تحقيق المساواة بين رواتب ومخصصات موظفي الاقليم مع رواتب ومخصصات اقرانهم من موظفي الحكومة الاتحادية.

ثانياً:- تحقيق المساواة بين رواتب المتقاعدين في الاقليم مع رواتب متقاعدي الحكومة الاتحادية.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێشنیار کراو:

یەکەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم، یەکسانی لەنێوان مووچەو دەرماڵەی هەرێم وموچە و دەرماڵەی فەرمانبەرە هاوشێوەکانیان لە حکومەتی فیدراڵدا بێنێتە دی.

دووەم: بەدی هێنانی یەکسانی لەنێوان مووچەی خانەنشینانی هەرێم ومووچەی خانەنشینە هاوشێوەکانیان لە حکومەتی فیدراڵدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە میزانیەی پاردا ئەم قەرارە دەرچوو، کەوا یەکسانی بکەین، بەڵام دەرماڵەمان لێ لادا، ئەمساڵیش ئەگەر بێت و ئێمە دەرماڵە داخڵ بکەین، ئەو دەرماڵە زیادانەی کە ئێستاکە هەیە لە هەرێمدا ئەبێ بیبڕین، یەکێك لەوانە مەسەلەن دەرماڵەی مامۆستایانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەسەر ئەو خاڵە قسە بکەن ئێستا ناویان دەنووسین، باشە کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم خاڵانــە هــەموویان دەنگمــان لەســەر داوە، پێویســتە ئێمــە دەنــگ بــدەین ئایــا ئــەو شــتەی کــە ئێمــە پەسەندمان کردووە، دەنگمـان لەسـەر داوە، بخرێتـە نـاو یاسـاکە وەکـو مـاددە یـان نـا؟، قسـە کردنـی لەسـەر نابێت، چونکە ئێمە دەنگمان لەسەری داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەم پڕۆژەی ئەمساڵدا دەنگمان لەسەر ئەم بابەتە نەداوە، تکایە با ناوتان بنووسم، ئینجا یەکـە، یەکـە قسـە بکەن، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم لەدوای ئەوەی کە مووچەی فەرمانبەرانی هـەرێم و مەرکـەز هاوسـەنگ بکرێـت، بـە وازحـی ناوی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە، بێت، بۆ؟، چونکە 2 ساڵ پێش ئێستا ماددەیەکی وامـان بـە تەوصیات دا بەحکومەت، کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و مەرکەز هاوتا بکرێت، ئـەو تەوصـیەی ئێمـە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشـمەرگەی نەگرتـەوە، بۆیـە داوا دەکـەم کـە ئەوانـە بگرێتـەوە، بەتایبـەتی ئەوانە مەغدورن، جگـە لـەوەش مـن داوا دەکـەم لەسـەر ئـەو قسـەی بـەڕێز وەزیـری دارایـی کـە ئـەوە هـیچ دەرماڵەیەك نەگرێتەوە، چونکە هەندێ دەرماڵە هەیـە لێـرە لـە مەرکـەز نیـە، بـا بـا سـی دەرماڵـە نـەکرێت تەنها مووچە بێت، دەرماڵەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەتایبەتی هی مامۆستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەقسەکەی جەنابی وەزیرەوە دەست پێدەکەم کە باسی ئەوەی کرد، ئەگەر ئێمـە ئەوانـە زیـاد بکەین ئەبێ دەرماڵەی مامۆستا ببڕدرێت، یەعنی یەکسەر ترساندینی بـۆ ئـەوەی داوای زیـادکردنی شـتی تـر نەکەین، مـن بـۆ خـۆم لەکاتێکـدا کـە داکۆکی دەکـەم لەسـەر ئـەوەی کـە هـەموو جۆرەکـانی دەرماڵـە بـەهی مامۆستاشەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەرماڵەش هاوتا بێت لەگەڵ هی بەغداد، چونکە ئێمە لـە دەرماڵەشـدا موشکیلەمان هەیە، بۆ نموونە توێژەری کۆمەڵایـەتی یـان ئەوکەسـانەی کـە لـە زینـدانـەکان یـان چاکسازییە کۆمەڵایەتیەکان کار دەکەن، فەرقێکی یەکجار زۆر لەبەینی دەرماڵەی ئەوان و دەرماڵـەی هاوشـێوەکانیان لـە بەغداد هەیە، کە ئەمـە بەڕاسـتی جۆرێـك لـە نـاڕەوایی پێـوە دیـارە، جگـە لـەوەی کـە پێشـمەرگە، زینـدانـی سیاسی، زۆربـەی زۆری چین و توێـژەکانی تـر جیاوازییـەکی یـەکجار ڕوون بـە خانەنشینانیشـەوە لەبـەینی مووچەی هەرێم و مووچەی عێراقدا هەیە، کە ئەمە هەردووکیان لە یەك وڵاتدان و یەك سـەقفی ئـابووری

**کۆیان دەکاتەوە، لەبەر چی ئەو زەریبەیە بدەین یان ئەو جیاوازییە هەبێت؟، بەڵام هاوتاکردن مانای کەمکردنەوەی هیچ جۆرە دەرماڵەیەك نەبێت، ئەگەر لە هەرێمدا زیاتر بێت لە بەغداد، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**دڵشاد شهاب، فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بێشك هەمووومان لەگەڵ ئەوەداین کە تەحقیقی عەدالەت بکرێت و مووچەو دەرماڵەی فەرمانبەرانی هەرێم وەکو هی مەرکەزی لێ بکرێت، بەڵام لە مەوزوعی دەرماڵە، ئیحتیماله جیاوازییەك هەبێت، هەندێك دەرماڵە پەیوەستە بە کۆمەڵێك قەزایەی تایبەت، بەو بیئەیە، بەو وەزعە، بەو زروفەی کەوا یەکێ تێیدا کار دەکات، مومکینە ئێمە هەندێ جیاوازیمان لەگەڵ مەرکەز هەبێت لەم مەسەلەیەدا، مومکینە ئێمە لەهەندێ دەرماڵە لەوان زیاتر بین، زروفێك وا دەخوازێ، مومکینە لە هەندێکی تری لەوان کەمتر بین، ئیحتیمالیشە نەکرێت ئەوەی کە هی ئێمە زیاترە وەکو خۆی بیهێڵین، یان ئەوەی کەمترە بڵێین با وەکو هی ئەوێی لێ بکرێت، بۆیە من تەئیدی ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر دەکەم، کە مووچەکان وەکو یەك بن، بەڵام دەرماڵەکان بەپێیی بارودۆخ بێت، چونکە ڕەنگە جیاوازییەك هەبێت لەم زروفانەدا، بەدیتنی من ڕەنگە بەوە قازانجی فەرمانبەران لەوەدا بێت، کە جەنابی وەزیر گوتی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سیوەیل خان، فەرموو.**

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەکەم: بەنیسبەت زیندانی سیاسی باسمان لێوە نەکرد، جارێك کوێستان خان باسی کرد، وتتان لەیەکێك لەماددەکان شوێنی بۆ بکەنەوە، باسی لێوە نەکرا، دووەم: مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێت، بەنیسبەت دەرماڵەوە، بۆچی دەرماڵە لاببەین هی مامۆستایان، ئەگەر دەرماڵەی مامۆستایانمان لابرد یەعنی هیچمان بەهیچ نەکرد، مووچەی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە هاوتا بکرێت، لەگەڵ ئەوانەی بەغداد، بەمەرجێك مووچەی نان بڕاوەکانیشی تێدا بێت، زۆرسوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر دیارە باش لە جەنابت تێنەگەشتوون، تکایە بۆیان ڕوون بکەرەوە، فەرموو.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـه عەكسـەوە مـن ديفـاعم لـە مامۆسـتا كـرد، يەكـەم: وتم بۆيـە مەسـەلەی دەرماڵـە بـاس نـەكرێت چـونكە مامۆستايان لێرە دەرماڵەی تايبەتيان هەيە، لە عێراقدا نيە، ئەگەر بێت و ئێمە دەرماڵەش يەكسان بكـەين، دەبێ ئەوانەش ببڕين، من باسی ئەوەم كرد، بە عەكسەوە ئەو خوشك و برايانـە باسـی دەكـەن، مـن تەئكيـد لەسەر ئەوە دەكەمـەوە كـە مامۆسـتايان ئـەو دەرماڵـەيان هـەبێت، دووەم: بـۆ ئـەوەی زيـاتريش لەسـەر ئـەو مەوزوعە باس بكەم، ئێستا هەندێ دەرماڵە هەيە، ئێمە لێرە بەتـەوعی نايـدەين، مەسـەلەن، ئەگـەر بێـت و وەزيرێك و ئەندامێكی پەرلەمان، لەگـەڵ عێراقـدا موقارەنـەی بكـەين، بـۆ مـەعلوماتتان وەزيـر 12 مليـۆن ونيو لەعێراق وەردەگرێت، لێرە 7 و نيو وەردەگرێت، پەرلەمانيش بەهەمان شێوە، ڕەنگە لـە عێراقـدا دوو بەرامبەر بێت، بۆيە بۆ دەرماڵە من پێم وايە يەكسان نەكرێت، بـەڵام عەدالـەتێكی باشـی تێـدا هـەبێت، بـۆ ئەوەی بتـوانين ئـەوەی كـە تـا ئێسـتا وەرگـيراوە بتـوانين صيانەی بكـەين و هـەر بمێنێتـەوە، ئەوەشـی كـە وەرنەگيراوە ئيمكان هەبێت بيكەين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عەزيمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش پشتگيری لەڕای كوێستان خان و پەيمان خان و هەموو بـرادەرانم دەكـەم، لەگـەڵ ئـەوەدام كـە پـارەی پێشـمەرگەو پـۆليس و ئاسـايش هاوتـا بكرێـت، لەگـەڵ بەغـداد، لەگـەڵ ئەوەشـدا زينـدانی سياسـی لـەهيچ ماددەيەكدا، لە هيچ شوێنێكدا باس نەكراوە، حەقی خۆيانە كەزيندانيانی سياسی وەكو هی عێراق، حسابی بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لەقسـەكانی مـن كـرا، ئـەوەی تەئيـدی لەسـەر دەكەمـەوە لەهـەرێمی كوردسـتان پـاش (18)سـاڵ لـە حوكمڕانی بەڕاستی مومكين نيە ئێستا فەرق و جياوازی هـەبێت لـەنێوان مووچـەی كارمەنـدەكانی هـەرێم لەگەڵ ئەوانەی عێراق، من زۆر تەئكيد لەسەر ئەوە دەكەم، كە هاوتا بكرێتەوە، بەهەر شێوەيەك بێت، پێم وانيە ئەو بارگرانيە داراييەش لەسەر حكومەت دروست بكات، چونكە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە تێگەشـتين ديـارە لە ئيحتياتاتی وەزارەتی دارايی پارەی باش هەيە، لەلايەكی تر پێويستە حيساباتێكی تايبەت بۆ زينـدانيانی سياسی بكرێت، ئێمە تەصريحاتی هەندێك ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی عێراقيمان گوێ لێ بوو، هی خـولی پێشوو ئەو خولەی كە كۆتايی هات، كە باسی ئەوەيان كردووە، مووچەی زينـدانيانی سياسـی هـاتووە، بـەڵام

نەدراوە، من داوا لە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی دەکەم، لە ڕێگای جەنابتانەوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە وەڵامێکی دەقیقی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئایا مووچەی زیندانیانی سیاسی لەهەرێمی کوردستان چی بەسەر هات؟، گەشتووەتە کوێ؟، هاتووە، نەهاتووە؟، ئەمە حاڵەتێکە بەڕاستی ئەبێ وەڵامێك هەبێت بۆ ئەو پرسیارە، لەگەڵ هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە، شتێکی تریش هەیە بەڕاستی ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، وابزانم جیاوازی هەیە لەنێوان مووچەی مامۆستا لێرە لە بەینی هەولێر و سلێمانی ئەمەش بۆ خۆی حاڵەتێکە، ئەبێ ئەو شتانە بە قەناعەتی من هەمووی ڕێك بخرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکاتی خۆیدا جارێکی تر مەسەلەی زیندانی سیاسی وەڵامم دانەوە، ئێمە ئێستا پارە بۆ زیندانی سیاسی سەرف دەکەین، هەر کەسێك ئیسپاتی هاتبێتەوە، بە موستەمسەکی ڕەسمی کە زیندانی سیاسیە، بۆی سەرف دەکەین لەکاتی خۆیشیدا باسمان کرد، بۆ ئێمە (390)هەزار سەرف دەکەین؟، لەبەرئەوەی شەهیدەکانی ئێمە (400) هەزار بووە، ئێستاش ئێمە مولزەم دەبین بەهەر یاسایەك کە پەرلەمان دەری دەکات، ئایا ئێمە وەکو عێراق سەرف بکەین، یان ئەمە لێرە بە یاسایەك دەردەچێت؟ ئەمە قەراری پەرلەمانە، ئێمە هیچ تەقسیرێکمان نەکردووە، لەسەرف کردنی پارەی زیندانی سیاسی و قائیمەکانیشیان لەلامان حازرە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حاکم رزگار، فەرموو

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم نەصە بە بۆچوونی من نەصێکی گرنگە، تەنانەت دەبێ لەناو دەستوریشدا جێگای بکرێتەوە، تەبعەن لەکوردستان کە شۆڕش کراوە، هەستی بە نابەرامبەری کردووە، کە زوڵم هەیە لەسەری، لەبەر ئەوە ئێستا لە سایەی حکومەتی خۆماندا ناکرێ مافی هاووڵاتی ، مافی خەڵك کەمتر بێت، لە مافی مەرکەز، بۆیە نەصەکە بۆ ئەوەی ئیشکالیاتی مالی کە وەزیریش باسی کرد، دەبێ بڵێین ناکرێ حقوقی کەمتر بێت، یەعنی ئەگەر بەم عیبارەتە بێت (يجب ان لاتقل حقوق ورواتب ومخصصات، اعضاء وموظفي ومنتسبي السلطات والمؤسسات والدوائر الرسمية في لاقليم و متقاعديه عن حقوق ورواتب ومخصصات اقرانهم في السلطات والمؤسسات والدوائر الرسمية لدى الحكومة الاتحادية)، ئەگەر مەسەلەکە مووچە بێت، ئەوە مووچە خۆی یەکسانە، ئێستا مووچە ئەوەی من بزانم بەپێیی لیستی مووچە، لەگەڵ بەغداد فەرقی نیە، بەڵام ئەوەی کە ئەشکال دروست دەکات،

هەندێ حقوقی ئیزافی هەیە، هەندێ دەرماڵە هەیە، ئەوانەیە کە کەمترە لە هی بەغداد، بۆیە بە بۆچوونی من ئەم نەصە ئەبێ حەتا لەدەستووری کوردستانیش جێگیر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەحقیقی عەدالەت بەحەقیقەت ئەو شەریحانەی کەباسکراون، من لەگەڵ ئەوەدام کە هاوتا بکرێت لەگەڵ عێراق، ئەگەر کەم و زیادیش بێت من لە 100٪ لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بزەبت وەکو عێراق بێت، ئەگەر(10)هەزاری زیاتر بێت یان کەمتر بێت، با خصوصیەتێکی کوردستانمان هەبێت، بەس بەحەقیقەت دەبێت مەغدوریەتی پێشمەرگە لەبەرچاو بگیرێت، لەناو ئەو دەقەدا ناوی پێشمەرگە بە زەقی بێت، کە لەهەموو شەریحەکان پێ بەپێ مووچەیان زیاد کراوە تەنها شەریحەی پێشمەرگە نەبێت، ئێستا پۆلیسێك دوو بەرامبەر بە پێشمەرگە وەردەگرێت، ئاسایشێك نزیکی سێ بەرامبەر بە پێشمەرگە وەردەگرێت، کە ئەرکی پێشمەرگە ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نیە لەهی ئەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددە دیارە لەپێناو خزمەتکردن بە توێژە خاوەن پێگەو جێگە تایبەتەکانە لە کوردستاندا، سەبارە بە یەکسان کردنی ئاستی بژێوی فەرمانبەرانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهاو چەشنەکانیان لە بەغداد، ئەصڵی ماددەکە ماددەیەکی زۆر دڵخۆشکەرە، لەڕاستیدا ئەم مەبەستە دەبێ هەموومان دەستخۆشی لێ بکەین، بەڵام تا صیاغەی ماددەکە بەهێزتر بێت، بەقوەت تر بێت، وابزانم زیاتر ئەتوانین خزمەت بە غەرەزی ماددەکە بکەین، بۆیە ئەو صیاغەی کە بەڕێز کاك حاکم رزگار پێشکەشی کرد، کە بووترێت (یجب ان لاتقل) وابزانم زۆر بەهێز ترە لەوەی کە بوترێت یەکسان بکرێت، یەکسان کردن ڕەنگە هەندێجار، زەرەری فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی لێ بکەوێتەوە، صیغەیەك بێت بەو شێوەی کە کەمتر نەبێت، یەعنی ئەگەر زیاتر بێت ئەوە قەیناکە لەبەر ڕەچاوکردنی خصوصیەتی گەلی کوردستان، بە تەئکید ئەبێ ئێمە پشتگیری بکەین لەهەندێ لەو چین و توێژانەی کە خصوصیەتیان هەیەو ئێمە بەگشتی قەرزاریانین، وەکو هێزەکانی پۆلیس، پۆلیسی هاتووچۆ، زیندانیانی سیاسی، وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئێمە ئەتوانین سەرمان بەرز بێت کاتێ کە دیفاع لە حقوق و لە ئیمتیازات و لە مووچەی ئەو خەڵکە بکەین، بۆ ئەوەی هەست نەکەن لە سایەی حکومەتی خۆماندا غەدریان لێ دەکرێت، یان هەست بە غەدر بکەن، خاڵێکی تر کە ئەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئێمە کاتێك کە ئەمانەوێت یەکسانی هەبێت لەنێوان فەرمانبەرانی هەرێم و هی بەغداد،

لەلایەکی تر ئەبێ ئاگامان لەوە بێت لەناو کوردستانیشدا ئەبێ هەمان یەکسانی هەبێت، بەپێی ئەو زانیارییانەی کەهەمە، مامۆستایان لە دەڤەری سلێمانی بە بەراورد لەگەڵ هاو پلەکانیان لە دەڤەری هەولێر و دهۆك، نزیکەی 100 هەزار دینار فەرق هەیە، کاتێ کەمووچەیان بۆ ئەبەسترێت، ئەبێ حەلی ئەو موشکیلەیەش بکەین، بۆیە پێشنیار دەکەم، هەر لەم ماددەیەدا بڕگەیەك ئیزافە بکرێت کە هیچ جۆرە جیاوازییەك لەنێوان بەستنی مووچەی هیچ مامۆستایەك یان هیچ توێژێك لەنێوان هەرێمی کوردستاندا نەبێت وەکو ئەوەی کە هەم پەرلەمانی کوردستان هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەیەوێت یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە بەدی بێنێت لەنێوان هەرێمی کوردستاندا، هیچ تارماییەکی دوو ئیدارەیی نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەڕای کوێستان خان و پەیمان خان و کاك حاکم ڕزگار دەکەم، بەڕاستی بۆ زیاد کردنی مووچەکان، لە لیژنەی ناوخۆ لە یاداشتی کۆتایماندا کەبەرزمان کردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و دارایی، بە ماددەیەك دەستنیشانمان کردووە کە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و فەرمانبەرانی ناوخۆش، بەهەمان شێوە وەکو حکومەتی عێراقی لێ بکرێت، هەڤاڵێکم ئیشارەتی بەوەدا کە دەرماڵەی ئێرە لەگەڵ هی ئەوێ جیاوازییەکی هەبێت، من لەوە تێناگەم مەنتقی ئەو جیاوازییە چییە؟، بۆ نموونە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، کە لە 2008 بڕیارێك هەیە کە وەکو حکومەتی عێراقی لێ بکرێت، (210)هەزار دەرماڵەی بەدەل ئەرزاقیان هەیە، کەلێرە پێیان نادرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەی برام لێرە شەرحی مەکە یان بڵێ زیاد بکرێت یان زیاد نەکرێت، پێویستی بە شەرح نیە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندێکی تریش زیندانیە سیاسیەکان حەقی خۆیانە، بەو پێیەش کە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی ئاماژە بەوە دەکات کە پێوەری مووچەی شەهیدان دەکات بۆ زیندانیە سیاسیەکان، بەڵام ئێمە دەیان جۆر مووچەو فەرمانبەرو کارمەندی ترمان هەیە، پێوەرەکەش ئەوە نەبووە ببەسترێتەوە بە مووچەی شەهیدەکان، کەلەمووچەی شەهیدەکان کەم نابێتەوە، بۆ بەستراوە بە ئاخر مووچەی شەهیدەکانەوە، ئەوانیش وەکو حکومەتی عێراقی لێ بکرێت کە (500) هەزارە، پێشنیارێکی تریشم هەیە ، خاڵێك زیاد بکەین،

لەداهاتووشـدا هـەر زیـادکردنێکی تـر ڕوویـدا ڕاسـتەوخۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـێ گەڕانـەوە بـۆ پەرلەمان و حکومەت، جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لـەهاوڕێیانم دەکـەم، کـە بـەڕوونی نـاوی هێـزی پێشـمەرگە و جێبـەجێ کردنـی یاسـای ژمـارە(4)ی عێراقـی بـۆ زینـدانیانی سیاسـی ئـەوە بـەڕوونی هـەبێت لـەناو ماددەکـە فەقـەرەی یەکـەم، پێشـنیار دەکـەم فەقەرەیەکی تر زیاد بکرێت ئەویش حکومەت لەم ساڵ ئەولەوییەت بدات بە دامەزراندنی ئـەو کەسانەی کـە لە دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکانن، لەبەر ئەوەی فورسەتی ئیش کردن لەدەرەوەی پارێزگاکان کەمترە، وەك بە بـەراورد لەگـەڵ سـەنتەری پارێزگاکـان، ئـەو جوڵـە ئابووریـەی کـە هەیـە زیـاتر فورسـەت دەدات بـە گـەنجان بەتایبەتی کە کار بکەن، بەڵام لەناو قەزاو ناحیەکان ئەو فورسەتە کەمترە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەڕەچـاو کردنـی عەدەدی میلاك و ڕەچاوی ئەو شوێنە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەو شـێوەیە ماددەکـەمان داڕشـتوەو پێشکەشـی بـەڕێزتان دەکـەین، چـاك کردنـی مووچـەی فەرمانبـەرانی هەرێمی کوردستان، بە هەمان مووچەی هاوشـێوەکانیان لـە عیراقـی فیـدراڵ، ئـەوە بـڕگەی یەکـەم، بـڕگەی دووەم، چـاك کردنـی مووچـەی زیندانیـە سیاسـیەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان، بـە مووچـەی زیندانیـە سیاسیەکان لە عیراقی فیدراڵ، هاوتاکردنی مووچەی ماموستایان لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بڕگەیـەکی تـر هاوتـاکردنی مووچـەی پێشـمەرگەو ئاسـایش و پـۆلیش لـە هـەرێمی کوردسـتان بـە هـەمان مووچەی هاوشێوەکانیان لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لە بەغدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ڕەجائەن، یەك نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە کێشەکە لەگەڵ ئێرەو ناوەند لەسەر مووچەکە نیە، هەردوولا لەسەر یەك بەرنامە دەڕوات، لەسـەر یەك سیستەمە، بەڵام جیاوازیەکە لـە موخەسەسـاتە، مـن نموونەیـەکت بـۆ دەهێنمـەوە، مـن خـۆم دکتـۆرم، مووچەی دکتۆریشم وەرگرتووە، لێرە مووچە ئەسلیەکە هەمان مووچەیە، بەڵام موخەسەسـاتەکە جیـاوازە، ئەوان لەوێ لە 100٪ ختورە وەردەگرن، بەڵام لێرە نیە، کێشەکە لەسەر موخەسەساتەکەیە نەوەکو لەسـەر مووچە ئەسلیەکە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندەك موخەسەسات هەیە، تەبیعەتی وەزعی عیراقی ئێستاكە لە ڕووی ئەمنیەوە، پێویست دەكات كە بدرێت، وە ئەو موخەسەساتە هەر لە ڕووی ئەمنی و ئیستیقرارەوە، ڕەنگ هەیە بەو شێوەیە پێویست نەكات بدرێ، بە نیسبەتی مووچەوە، ئێمە هەتاوەكو ئێستا مووچەكانمان وەكو یەك بووە، بەلاَم من یەك تێبینیم هەیە، بە نیسبەتی زیندانیە سیاسیەكان، ئێمە لاریمان نیە، بڕیاری پەرلەمان چۆنە تەنفیزی دەكەین، بەلاَم قەیدی ناكا ئەگەر لە مووچەی شەهیدان، شەهیدی سەنگەر زیاتر بكات، قەینا بە زیادەكەشەوە، ئەو مولاحەزەیە بەس ئەوەندە، خۆتان بەنەزەریەتی باشەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە، من پێموایە ئەو موخەسەساتی ختورەی كە بۆ هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە، لە مەركەز سەرف دەكرێت، بۆ هەرێمیش سەرف بكرێت، ئەگەر ئێمە ئەمانەوێ هێزەكانمان ببنە هێزی نیزامی، ئەگەر ئەمانەوێت ئەو هێزانە بەڕاستی ببنە هێزێكی یەكگرتوو بۆ نەتەوەو نیشتیمان، دەبێت هەمان ئیمتیاز و هەمان موخەسەساتی مەركەزیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رەجائەن، كێ دەیەوێت قسە بكات ناوتان دەنووسم، فەرموو، ناوت بڵێ ناوت دەنووسم، چونكە هەمووی قسە كردنە، فەرموو كەرەمكە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی ئەوە دەكرێت، یەعنی ئەگەر مووچەی ئیسمی حیساب بكرێت، هەرسێ سەدو دەیە، پۆلیسی بەغداو ئێرە، ئەگەر بەهەڵە نەچوبێتم، بەلاَم باسی ختورەی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس دەكرێت، بەڕاستی من پێشمەرگەیەكمان نارد بۆ جەلەولا و قەرەتەپە بە دوسەد هەزار، سێ سەدو پەنجا، بەلاَم جوندی عیراقیش كە بە عەقد دەبێت بە جوندی، مانگی بە نۆسەد هەزارە، ئەمە ڕەوای حەق نیە، هەم شت ئەگەر وەزارەتی مالیە بیانووەكەی ئەوەیە ختورەی نیە لێرە، ئەدی كاكە پارو پێرار لە هەولێر تەقینەوە نەبوو؟، ئەی ئەو ئاسایشەی كە لێرە وجودی نەبوو، كێ پارێزراوە، ئەی نابێت ئێمە ئەوەندە مووچەیان بدەینێ كە ساڵانە چەند دانەیەكیان شەهید دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموایە جەنابی وەزیری مەبەستی پێشمەرگە نەبوو، پێشمەرگەو قوەی ئەمنی داخلی موستەحەقی هەموو شتێکن بۆیان بکرێت، کەرەمکە جەنابت.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکام وایە، ئەو قسانەی من لە ڕووی فەنی ومالیەوە قسە دەکەم، بە عەکسەوە ئێمە ئێستاکە خەتەواتێکی باش لە وەزارەتی پێشمەرگە دانراوە، وە چوار لیوای پێشمەرگە ئێستا هەموو مەعاش و موخەسەسات، هەموو شتەکانیان وەکو عیراق وایە، وەلەمەودواش هەر لیوایەك بەرلەوەی کە تەشکیل دەبێت، وای لێ دێت، بەنیسبەتی پۆلیسیشەوە حکومەت کە ئێمە ئەو قسەیەمان کرد، ئەمە چەندەها جار لە حکومەت دیراسە کراوە، ئەمە هەر ئەوە نیە رەئی وەزارەتی مالیە بێت، وەزارەتی مالیە بڵێ نابێ و ناکرێ، بەڕاستی وەزارەتی مالیە بەو شێوەیە نیە، کە هەموو شتێك ئەو بڵێ نە نەکرێت، ئەم مەوازیعانە تا ئێستا چەندەها جار لە ئەنجومەنی وەزیران ئەمە موناقەشەی لەسەر کراوە، دیراسەت کراوە، هەتاوەکو ئێستاکە، وە ئێمە چەندەها جار، جارێکی تریش ئەگەڕێمەوە سەر ئەوە، وەزیری دارایی ئەندامێکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە لەوێ بڕیار دەدرێت، وەزیری دارایی جێبەجێی دەکات بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شوان أحمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابی وەزیر باسی کرد، بە حەقیقەت پێشمەرگە سەقفی زەمەنی نیە، ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد بە دوو ساڵی تر تەواو نابێت، جا بۆیە یەعنی پێشمەرگە، یەعنی ئەو غەدرە گەورەییەی کە لە پێشمەرگە کراوە، لە هیچ کەسێك نەکراوە، لە کوردستان، پێشمەرگەیەکی ئاسایش 260 هەزار دیناری وەردەگرێتن، بەلاَم ئاسایشێك لەناو شار 600 هەزار دینار وەردەگرێتن، دوو بەرامبەرو سێ بەرامبەر دەکات، جا بۆیە یەعنی ئەو سیغەیەی کە هاتووە، زۆر زۆر لە جێیە، زۆر پێویستە جێبەجێش بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سەعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بۆ چارەسەری ئەو ئیشکالەتە، تەبعەن هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە مووچەی زیندانیانی سیاسی و هێزەکان و پێشمەرگەو هەموو مامۆستایان و هەموو فەرمانبەران وەکو ناوەندی لێ بێت، چونکە

ئەوانیش هیلاك دەبن وەكو ئەوان، بەلاّم ئیشكالەكە لە مووچەی ئیسمی و ئەو موخەسەساتەیە كە باس كرا، وابزانم بەو عیبارەتە كە سێ كەس تەسنییەی كرد، لەسەر قسەكەی كاك حاكم رزگار، ئەو ئیشكالە حەل دەبێت كە كەمتر نەبێت، یەعنی مووچەو موخەسەسات كەمتر نەبێت، ئیتر ئیشكالەكە حەل دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان كەرەمكە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن حەمەخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو خاڵەی كە ئیزافەیان كردووە لیژنەی یاسایی، هاوتا كردنی مووچەی مامۆستایان لە هەرێمی كوردستان، ئەو پێشنیارەی كاك د.صباح كردی، تەنها مامۆستایان ناگرێتەوە چینی تریش هەیە كە جیاوازیان هەیە لە سلێمانی و هەولێر، من نموونەم لایە ئەوانەی كە خەریجی قانونن لە هەولێر تەعین دەبن، مەعاشیان زیاترە لەوانەی كە لە سلێمانی تەعین دەبن، لەبەر ئەوە ئیزافەی سەرجەم ئەو فەرمانبەرانە هەموویان بكرێت، نەوەكو تەنها مامۆستایان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە زیندانیانی سیاسی هەیە، بە پێی یاسایی ژمارە(4) ساڵی كەلە عیراق دەرچووە، ئەوەی بۆ زیندانیانی سیاسی دەرچووە مینحەیە نەوەكو مووچە، 2006-2007، واتە ئەبێت جیاوازیەك لە نێوان مەسەلەی مووچەو منحەدا بكرێت، چونكە زیندانیانی سیاسی لەوانەیە لە جێگایەكی تر لە دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزیفەیان هەبێت، مووچە لە شوێنێكی تر وەربگرن، چونكە بە پێی یاساش ناكرێت فەرمانبەرێك دوو موچە وەربگرێت، بۆیە ئەبێت تەركیز بكرێتە سەر زیندانیانی سیاسی كە منحە بێت، من لێرەدا پێشنیار دەكەم، بۆ ئەوەی كە زیندانیانی سیاسی بەهرەمەندبن لەم پرۆژە یاسایەی كە ئەم ساڵ دەردەچێت لە پەرلەمانی كوردستان، ئەگەر بكرێت 10 هەزار دینار، لەوەی شەهیدانی سەنگەر كەمتر بێت، بۆ ئەوەی خسوسیەتێك هەبێت لە نێوان مووچەی شەهیدان و منحەی زیندانیانی سیاسی، بەلاّم ئەو كاتەی كە مووچەی شەهیدان زیاد كراوە، حیساب بۆ ئەو زیادەیە بكرێت، بۆ منحەی زیندانیانی سیاسی، لە پاڵ ئەوەشدا من پشتیوانی لە بۆچوونەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، ئەوەی پەیوەندی بە زیاد كردنی مووچەی ئاسایش و پێشمەرگەو هێزەكانی ترەوە هەیە، چونكە لە بەشێك لە ناوچەكانی كوردستاندا، كە هێشتا لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە كوردستان نین، پێی دەوترێ مەناتقی موتەنازع، ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و ڕوبەڕووی مەترسیش دەبنەوە، هیوادارم ئەم

**مەسەلەیەش هاوتا بكرێت، لەگەڵ ئەوەی كە لە عیراقدا هەیە، چونكە هێشتاكە بەشێك لە هێزەكانی پۆلیس و پێشمەرگەو ئاسایش و لە ناوچەكانی تریشە، بەشێك لە واجبات دەگێڕن كە پەیوەندی بە داهاتووی هەرێمی كوردستانەوە هەیە، هیوادارم ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**عظیمەخان فەرموو.**

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ئەو بڕگەیەی كە زیاد كراوە، بۆ زیاد كردنی بابڵێین بۆ هاوتا كردنی مووچەی مامۆستایانی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان، بەڵێ ڕاستە ئەو جیاوازیە هەیە، لەبەر ئەوەی بە بڕیارێك، ئێستا من نوسخەكەیم لایە، كەلە وەزارەتی پەروەردە هێناومانە، ئەو كاتە دوو ئیدارەیی بووە، لە ساڵی 2005 لە مانگی یەكەوە بەرز كردنەوەی مەرتەبە بووە، ئەو پارەییەی هەولێرو دهۆك جیاوازە لە گەڵ سلێمانی، بەلاَم خۆی سیستەمەكە یەك سیستەمی مووچە هەیە، بەلاَم ئەو زیاد كردنە لە وەزارەتی دارایی ئەو كاتەی هەولێرو دهۆك كراوە ئەوەی سلێمانی نەكراوە، ئەو جیاوازیە هی ئەو بەرز كردنەوەی مەرتەبەیە، دەرەجەكانی پێ گۆڕاوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**پەیام خان فەرموو.**

**بەڕێز پەیام أحمد محمدامین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە من لێرە دەڵێم بۆ زیندانیانی سیاسی، ئەو جیاوازیە هەیە، ئەوان شەهیدی زیندوون و ئەوانی تر شەهیدانن، ئەمە ئەو جیاوازیە هەیە، چ فەرقێك هەیە لە بەینی زیندانیانی سیاسی، لەسەر قسەی جەنابی وەزیر، بۆ وەكو ئەوەی عیراق نەبێت، ئایا گەنجانی ئێمە لە گەنجانی تر كەمتر لە زیندانا بوون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڵێ، زۆر سوپاس، ئەمە كەوتە ئەوەی كە چەند زیاد بێ و چەند كەم بێت، ئیجازە بدەیە برات، لەبەر ئەوەی ئیلتیزامی ماددی هەیە، پێویستی بە دیراسەیەكی زۆر باش هەیە، پرۆژەیەك حازر بكەن، 10 ئەندامی پەرلەمان بێتە پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی مناقەشەی لەسەری بكرێت، بەحەقیقەت چونكەناتوانن، ئەگەر دوبار سێ بار ڕاتب زیاد بكەن، ناتوانێت، بەو شكلە هاتووە ئەوەی لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، ئیزافەی تەقاعدەكانیش بكەنە سەری، زۆر تەبیعیەو چاك بكرێت، ئەگەر لەوە دەربچێت، من پێشنیار دەكەم پرۆژەیەك حازر بكەن، چونكە ئێستا لەو جەلسەیە ناتوانن بڵێن ئەوهای لێ بكە یان ئەوهای لێ بكە.**

**بەڕێز پەیام أحمد محمدامین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز با قسەكەم تەواو بكەم.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا لە بەینی ئەو مادده تازەیە، پێشنیارە تازەیەی كە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، لەگەڵ قسەكەی جەنابی وەزیر، ئیختیلافێك هەیە، ئەبێت ئەو ڕێك بكەینەوە، بەڕێزیان بابڵێین وا هەمواریان كردۆتەوە، وا ڕێكیان خستۆتەوە كە هاوتای مووچە هەبێت، وەڵامەكەی بەڕێز وەزیری دارایش ئەوەبوو، كە سیستەمی مووچە یەك سیستەمە، جیاوازی لە نێوان موخەسەساتدا هەیە، كەواتە ئێستا فەرقێك هەیە لە بەینی ئەو دوانەدا، ئەگەر ئێمە ئیقرار لەسەر پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی بكەین، هیچ ناگۆڕێت لە كاتی تەتبیق كردندا، چونكە سیستەمی مووچە یەك سیستەمە، فەرقی مووچەكانیش ئەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی لەناو موخەسەساتدا هەیە، كەواتە من پێشنیار دەكەم، ئەگەر هەمان پێشنیاری ئەوان وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام مووچەكە وارێك بخرێت كە مووچەو موخەسەسات بگرێتەوە، یەعنی كۆی ئەو دەخلەی كە مووچە خۆر وەری دەگرێت، بەڕاتب و موخەسەساتەوە هەردوكی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان ئێمەش ئەو مەشروعەی یاسای ژمارە 4 كە دەبێت نفازی پێ بدات حكومەت، بەرزمان كردۆتەوە لە ڕێگەی كتابی ژمارە 63، لە ڕێگەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە، ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران كراوە، ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەكی دروست كردووە، لە هەرسێ بەڕێزان وەزیری شەهیدان و ئەنفال كراوەكان، چونكە ئێمە دەزانین بەڕێوەبەرایەتی زیندانیانی سیاسی ئەوەتا لەناو ئەو وەزارەتەدا هەیە، وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی، یەك وەزیری تری تیایە بزەبت نازانم كامیانە، بەهەر سێكیان دابنیشن ڕەئی نیهائی بدەن لەسەر ئیقرار كردنی، یەعنی وەكو بۆ حكومەت، ئایا ئیقرار بكات یاسای ژمارە 4، یاخود حكومەتی هەرێمی كوردستان یاسایەكی نوێ پێشكەش بكات، ئێستا ماوتەوە لەسەر ئەو دوو ڕەئیە، من پێم باشە ئەم پارەیەی زیندانیانی سیاسی بەهۆی ئەوەی من خۆم یەكێك بووم لەو تەرەفانەی كە لە خولی پێشوو بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشەیە داخل بووم، لەكاتی خۆی كە ڕێكاری ژمارە 21 دەرچوو، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەو ئەساسەی كە دانرا، ئەوەبوو كەمترین مەعاشی شەهیدان چەندە؟، ئەو كەمترینە دادەنرێت، 10 هەزار لەو كەمتر، بەو پێیەی كە كەمترین مووچە 400 هەزار بوو، ئەوان كرانە 390 هەزار، بە پێی ئەم زیادەیەی مووچەیە، مادام هێنی شەهیدان زیاد كرا، دەبێتە 500 هەزار، ئەوانیش ببێتە 490 هەزار، ئەوە وەجبە وەجبە دێت هەمووی بەیەك وەجبە نایەت، كە ئەبێت

لەلایەن لیژنەی باڵای زیندانیانی سیاسی عیراقەوە، هەموو ئەم ناوانە پاك نووس بكرێت، وەبە ئیسباتاتەوە دیاری بكرێت كە ئەمانە فعلەن زیندانی سیاسین، ئینجا پارەكە سەرف دەكرێت، یەعنی ئەمە بۆ مەودایەكی دوورە، لەبەر ئەوە من داواكارم مادەم هینی شەهیدان زیاد كرا، بوو بە 500 ئی ئەوان، 490 ئەو لەبەر یەك ئیعتیبارا، لەبەر ئەوەی ئەوان لە ژیاندا نەماون، موعیلیان نیە، ئەو داهاتەی كە هەیە تەنها ئەو مووچەی شەهیدانەیە، بەڵام زیندانی سیاسی منحەیە لەپاڵ مەعاشەكەی خۆیان وەری دەگرن، یەعنی ئەبێتە خاوەنی دوو دەخل، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەگەر ئەو پارەیە كەمتر بێت، بۆ مەعنەویەت بۆ كەس و كاری شەهیدانیش باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وادیارە نارۆشنیەك هەیە، ئێمە لە مانگی 12 پرۆژەیەكمان تەقدیم كردووە، بەناوی پرۆژە بڕیاری جێبەجێ كردنی یاسای 4 ساڵی 2006 ی ئیتیحادی، كە نەوەكو هەر مەعاش حقوق و ئیمتیازاتی بە زیندانی سیاسی داوە جێبەجێ دەكرێت، بۆیە ئێستا فرسەتە بەڕاستی، هەم پەرلەمانیش ئەتوانێت ئیشی لەسەر بكات، هەم بۆ كاری تر خۆی تەخسیس بكات، ئێستا بخرێتە برگەیەك لەو جێگەیە، نوقاتی دووەم، من داوا لە بەڕێزتان دەكەم، ئێستا دكتۆرەكان و حقوقیەكانی دەوائر هەڕەشەی مان گرتن دەكەن، دوو هەفتە، سێ هەفتە پێش ئێستا دادگای سلێمانی مانی گرت، 250 هەزار موخەسەساتیان هەبووە، داواكارین بۆیان بگێڕدرێتەوە، ئەوەش بكرێت بە پێشنیارێك، لەبەر ئەوەی زۆر مەغدورن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله مام علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەنیسبەت زیندانیانی سیاسی هەمان بۆچوونم هەیە، كە وەكو ئەوەی شەهیدان زیادی كردووە ئەویش زیاد بكرێت، ئەگەر بكرێت بە فەقەرەیەك ئیزافە بكرێت، كە بۆ ڕێز لێنانی گیانی پاكی شەهیدان، یەعنی دەكرێت ئەوان بە قەرارێك بێت، كە 10 هەزار لە ئەوان كەمتر بێت، بە نیسبەت ئەو پێشمەرگانەی كە ناچنە داخلی ئەو چوار لیوایەوە یەعنی گوناحیان چیە؟، كە ئەوان ئامادەترن بۆ هەموو شوێنێك حازرن، بۆ هەتاوەكو لیواكان تەرتیب دەكرێن، ئەوان بە مووچەیەكی كەم بمێننەوە، داوا دەكەین كە هەموویان وەكو یەك لێبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەوە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تر من داوای لێبوردن دەكەم ئەگەر بگەڕێمەوە سەر ئەوە، ئێستا مووچەی پێشمەرگە یەكسان كراوە، وە زیادی كردووە، وە بێجگە لەو چوار لیوایەوە، هەروەكو وتم ئەو چوار لیوایە نەواتە، ئێستا موستەمرن لەسەر ئەوەی كە هەموو پێشمەرگەكانی تر لەوەزارەتی پێشمەرگە تەنزیم بكرێت، بە نیسبەتی ئەوەی كە زیندانیانی سیاسی كە ئێستا زۆر باسی لێ دەكرێت، من جارێكی تر تەئكید دەكەمەوە بۆ پەرلەمان چۆن بڕیاری لەسەر دەدات، ئێمە ئامادەین، بەڵام بۆ جێبەجێ كردنی، بەڵام ئەوەتانێ من وەكو ڕوون كردنەوەیەك ئەو مەوزوعەم باس كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاكم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورن، من ئەو موقتەرەحەی كە ناردم بە نووسراو بۆ جەنابتان، ئەوانە هیچی پەیوەندی نەبوو بەوەی كە خوێندیانەوە، ئەگەر ئەو موقتەرەحە ئەخرێتە دەنگدانەوە، با بیخەنە دەنگدانەوە، نەسی قاعیدەی قانونی، نەسی عام و موجەرەدە، ئێمە ئەگەر بێین باس لەوە بكەین، شەریحەكان و فیئەكان جیا بكەینەوە، فیئاتی تریش زۆرە كە پێویستیان بەوە دەبێت زۆر كەسی كە باس بكەین، ئەو نەسە باس لەوانە هەمووی دەكات، بەبێ ئەوەی تۆ ناویشی بەری، لەبەر ئەوە من هینەكە داوادەكەم ئەو موقتەرەحە، بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل كەرەمكە.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو نەسەی كە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، مۆزەف هاتووە بە شێوەیەكی گشتی، جەنابی وەزیری مالیە باسی ئەوەی كرد كە جیاوازی مووچە هەیە، لە پلە تایبەتیەكانا، بە تایبەتی بۆ نموونە وەزیریش بە مۆزەف حیسابە، ئەو وەختە ئەگەر ئاوا بە شێوەیەكی گشتی بڕوات بەڕاستی، مووچەی وەزیر و ئەوانە زۆر زیاد دەكات، حەتمەن ئەچێتە سەرووی مووچەی پەرلەمانەوە، كە ئەوە ئیشكال دروست دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەروەزیر مۆزەف نیە، بۆ ئاگاداری، جەنابی وەزیر، كەرەمكە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە فعلەن وەزیر مۆزەف نیە،مەشمول نیە، بەلاّم ئێمە ئەگەر باسی مووچەمان كرد، كە مووچە بەعام، بە موتلەقی باس كرا، ئەو وەختە ئەوانیش شمول دەكات و وە ئێمە لە حكومەتی كوردستانیش، وە پێموایە لە پەرلەمانی كوردستانیش، قەت لەگەڵ ئەوە نەبووینە كە مووچەو موخەسەساتی وەزیر و پەرلەمانتار زیاد بكەین، وە تەبعی خۆمانیش كەممان كردووە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر، ئەگەر موخەسەسات بخرێتە پاڵی تەعدیلی رەواتب، وەكو وەزیری دارایی تاقەتتان هەیە تەمویلی بكەن؟.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەروەكو وتم، لە هەموو شوێنێك و وەزارەتێك، وەكیلی وەزارەت مەسئولی فەنیە لە وەزارەتەكە، ئاگای لە هەموو حیسابێك و تەخمینێك زیاتر هەیە، وەزیر زیاتر دەرەجەیەكی سیاسیە، وە من هەموو جارێ موستەشاری وەزارەتی دارایی، لەگەڵ وەكیلی وەزارەتەكانیشا هەردووكیان، یەعنی لەسەر ئەوە تەئكید دەكەنەوە، كە ئەو ئیمكانیەتە ئێستا نیە، وە ئێمە جارێكی تریش ئەگەڕێمەوە سەرەوە، یەكسانی موخەسەسات نەك تەنها شەریحەی مامۆستایان زەرەری تیا دەكات، مەسەلەن بۆ میسال قوتابیان لەلای ئێمە موخەسەساتیان هەیە، لە عیراق نیە، چەندەها شەریحەی تر هەیە، لێرە موخەسەساتی هەیە لەلای ئێمە لە عیراقدا نیە، بۆیە تكام وایە ئەوە بابگەڕێینەوە بە پێی میزانیەو ئیمكاینیاتی خۆمان بێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، تكایە سیاغەكەتان بخوێننەوە، ئەیدەینە دەنگدانەوە، بیخوێنەرەوە سیاغەكە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة المضافة**

**اولاً: على وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم تحقيق المساواة بين رواتب موظفي الاقليم مع رواتب اقرانهم من موظفي الحكومة الاتحادية.**

**ثانياً: تحقيق المساواة بين رواتب المتقاعدين في الاقليم مع رواتب متقاعدي الحكومة الاتحادية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پێشمەرگە، فەرموو، رەجائەن تەواو، ئاخیر سیاغە دەخوێندرێتەوە، پێشمەرگەی ئیزافە دەکرێت، تەقاعودی ئیزافە دەکرێت، زیندانیە سیاسیەکان ئەڵێن منحەیە، ئەوە لە مەجالێکی تر باسی لێوە دەکرێت، پۆلیسیش و ئاسایشیش ئیزافە دەکرێت، تکایە تەکمیلەی بکەن بە کاملی بیخوێننەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم، یەکسانی لە نێوان مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و مووچەی فەرمانبەرە هاو شێوەکانیان لە حکومەتی فیدرالدا بێنێتەدی.

بڕگەی دووەم: بەدی هێنانی یەکسانی لە نێوان مووچەی خانە نشینانی هەرێم و موچەی خانە نشینە هاو شێوەکانیان لە حکومەتی فیدراڵدا.

بڕگەی سێیەم: یەکسانی لە نێون موچەی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس لە هەرێمی کوردستان لە گەڵ هاوشێوەکانیان لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپا لە عیراقدا.

وەزارەتی دارایی هەڵوێستی خۆی ڕوون کردەوە کە لە توانایان نیە دەرماڵەکان یەکسانی بکرێت، تەنها مووچە، ماددەی پێشنیار کراو کە لە سێ بڕگە پێك دێت:

بڕگەی یەکەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێم یەکسانی لە نێوان مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و مووچەی فەرمانبەرە هاوشێوەکانیان لە حکومەتی فیدراڵدا بێنێتەدی.

بڕگەی دووەم: بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان مووچەی خانە نشینانی هەرێم و مووچەی خانەنشینانی هاوشێوەکانیان لە حکومەتی فیدراڵدا.

بڕگەی سێیەم: یەکسانی لە نێوان موچەی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ موچەی هاوشێوەکانیان لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپا لە عیراقی فیدراڵدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ سوپاس، دوو کەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی موزافەی تر،

تلتزم كافة الوزارات والدوائر الغير مرتبطة بوزارة توزيع النفقات التشغيلية والاستثمارية على محافظات الاقليم وفق الكثافة السكانية لكل المحافظات بعد استبعاد تخصيصات مركز الوزارة.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویسته لەسەر وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەستەکان بە وەزارەتەکان، هەڵسن بـە دابـەش کردنـی تێچوونی وەگەڕخەرو وەبەرهێنان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، لەسەر بنەمانی ڕێژەی دانیشتوان بۆ هەر پارێزگایەك، لە دوای دەرکردنی تەرخانکراوی ناوەندی وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت، تکایە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو ماددەیە داین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێزد.علی سندی (وەزیری پلان دانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بەو شێوە قەتعیە مومکنـە تۆزێـك مرونـەتی تێـدابێت، بـەعزێك جـار یـان بەعزیك مەسائلی یان بەعزیك پرۆژەی ئیستراتیجی هەیە، کە موشتەرەکە، لەبەر ئـەوە دەکرێـت بگوترێـت بۆ نموونە کە رەچاوی یان موراعاتی کەثافەی سکانی بکرێت، بەڵام ئەگەر ئیلـزام بێـت، وابـزانم ئـەبێت بـە کۆسپێك لە ڕێگای تەنفیز کردنی پرۆژەیەك کە مەسلەحەتی هەموو هەرێمی تێدابێت، وە زیاتر لە وەزعی هەرێمیەوە ئەمانباتەوە بۆ وەزعی محافەزات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز من تەعقیبێکم لەسەر قسەی بەڕێز د.علی وەزیری پلان دانان هەیە، من داواکارم ئیلزامی بێـت ئـەو ماددەیە، نەوەك تەوازی، لەبەرچی ئیلزامی بێت، لەبەر ئـەوەی ئەگـەر سـەیری پـرۆژە پێشـنیارەکانی سـاڵی 2010 بکرێت، نیسبەی کەسافەی سکانی لە سلێمانی 45٪ دانیشتوانی هەرێمە، لە کاتێکدا ئەگەر حیسابی پرۆژەی پێشنیار کراو بکەی بۆ 2010 لـە سـلێمانی محافـەزەی سـلێمانی لـە 27٪ی بـۆ دابـین کـراوە، بۆیـە پێویستە ئەو ماددەیە ئیلزامی بێت و بـە پێـی کەسـافەی سـکانی بێـت، نوقتـەی دووەمیشـم، توخـوا بـەڕێز سەرۆکی پەرمان، ئەگەر شتێك بە نەزەری ئیعتیبار وەرگری، بۆ پرسیار کردن لە بەڕێز وەزیری دارایی، کە پێشتر ویستم ئەو قسە بکەم مـەجالت نـەدام، کـە دەڵێـت میزانیـەی وەزارەت بەشـی ئـەو پارەیـە ناکـات، بـۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، بەرمیلی نەوت بە 62.5 تەقدیر کراوە، ئەم چوار مانگەی ڕۆیشـتووە، هـەر لـە 84 دۆلار دانەبـەزیوە، لەبـەر ئـەوە میزانیـەی تـەکمیلیش دێـت لـە بەغـدا، حەقـە ئێمـە چاوێك بـەو شـتانە بخشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئەسەرلان فەرموو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە شتێك ئیزافە بکرێت، هەندێك شوێن زیاتر وێران کراون، یەعنی ئەوە ئیزافە بکرێتە سەر کەسافەی سکانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت هەندێك شوێن، پێشنیارێکی تایبەت هەیە، ئەویش لەبەر دەستمانە وەکو گەرمیان مەسەلەن، وەکو قەلآدزێ وەکو هەڵەبجەو مەنتیقەی بارزان، ئەو شوێنانەی بەر کیمیا باران کەوتووە، ئەوە لە تەوسیات هەیە، ئەولەویاتە حکومەت ئەبێت ئیلتیزامی پێ بکات، ئێستا دێینە سەری، ئەوەی کە تەوزیعی نەفەقات، یەعنی بەرەئی من مەسەلەن تو مەتارێك دەگەی لە شارێکی گەورە، بە تەئکید میزانیەکەی زیاتر دەبێت، سەرفێك دەکەیت، یەعنی ئینجا موراعاتی ئەوەش بکرێت، من لەگەڵ ئەوەی بە نیسبەتی سکانی ببێت، بەلاّم مع مراعات مەشاریعی گەورەش بکرێت، جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس روونکردنەوەیەکم هەیە، بە نیسبەتی قسەکانی کاکە برهانەوە، دیارە مەوزوعی سعری بەرمیلی نەوت لە عیراق دەست نیشان دەکرێت، وە کە میزانیە دادەنرێت، عیراق ئەو سعرە دەست نیشان دەکات، بۆ دانانی میزانیە، ئێمە وەکو کوردستان، وەکو هەرێمی کوردستان ئەو دەسەلآتەمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم، ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێت،

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر مەشاریعی ستراتیجی لە خەدەمی جیا بکەنەوە، بە نیسبەت خەدەمی زۆر تەبیعیە، بەو نیسبەی سکان وەربگری، بەلاّم مەشاریعی ستراتیجی، کاك شاهۆ کەرەمکە.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەشاریعی ستراتیجیش ئەبێت بە شێوەیەکی عادیلانە دابەش بکرێت لە نێوان هەموو ناوچەکانا، هەندێك مەشاریعی ستراتیجی ئەبێت بکەوێتە سلێمانی، هەندێك مەشاریعی ستراتیجی ئەبێت بکەوێتە دهۆك، هەندێك مەشاریعی ستراتیجیش بکەوێتە هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس سەدێك بکەیت لە جێگایەك، موساعدە لە شوێنێکی تر مساعد نیە مەسەلەن، ئەویش هەیە، ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، کە ناویان بنوسین، چونکە نیزامیش هەر قسە کردنە، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو فەقەرەییەی کە خوێندرایەوە و ئەو ماددەیەی ئیزافە دەکرێت؟، ناوتان دەنووسم، پێنج کەس هەیە، احمد وەرتی، یەشار نجم الدین، اسماعیل سعید، برهان رشید، زانا ، جعفر، ، ڕێباز عبدالله، عظیمة، ئاشتی عزیز، ناسك تۆفیق، ئەوانەی ئەیانەوێت کە قسە بکەن، کەسی تر دەیەوێت قسە بکات، ناوت بڵێ، گوڵیزار، بلال سلیمان، د.أحمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.أحمد ابراهیم علی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ماددەکەدام، بەڵام من پێم باشە یەك ڕستەی بۆ زیاد بکرێت، بە شێوەیەك بێت کە داد پەروەری ڕەچاو بکرێت لە دابەشکردنی ئەو پرۆژانە بەسەر پارێزگاکاندا، یەعنی ئەو کاتە ئەگەر بە شێوەیەکی دادپەروەری بێت، هەم جۆرێك تەخفیف دەکات لەم ئیلزامیەی کەلەسەر وەزارەتەکان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار یەشار کەرەمکە.

**بەڕێز یەشارنجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە، پایتەختیش خسوسیاتی خۆی دەبێت لەپێش چاو بگیرێت، بە حوکمی ئەوەی هەموو وەفدە نێو دەوڵەتیەکان کە دێن، دێنە پایتەخت، لەبەر ئەوە پێویستە پایتەخت ئەو پرۆژە ستیراتیجیانە، کە پێویستە بۆ پایتەخت لە هەولێر دەکرێت، ئەوا اعتیادیە کە لە شارەکانی تر ناکرێت، ئەو تایبەت مەندیە دەبێت لە پێش چاو بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆتایی گفتوگۆی ئەم بودجەیەداین، یەعنی ئیلزامی بێت یان ئیلزامی نەبێت؟، دەنگمان لەسەر هەمووی داوە بەڕاستی، بەڵام من داوای فەقەرەیەك دەکەم کەم ئیزافە بکرێت، ئاخر عیلاقەی بەوەوە هەیە بەڕێز، یەعنی ئێمە پێمان وایە، چەند جارێکیش ئەوە تکرار کراوەتەوە، لەچەند ناوچەیەکیش

بەراستی، خەڵك هاتووە داوای ئەوە دەكات كە ناعەدالەتی هەیە لە تەوزیع كردن، پێمان وایە ئەمساڵ حەتمەن بودجەی تەكمیلی دێت، ئەمەی ڕۆیشتووە، ڕۆیشتووە، بەلاّم فەقەرەیەك زیاد بكرێت لەناو ئەو بودجەیە، لە بودجەی تەكمیلی، جوبرانی ئەو مەنتیقانە بكرێت، كەبەڕاستی بە شێوەیەكی عادلانە بودجەیان بەر نەكەوتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەوەی كە لیژنەی یاسایی و دارایی خوێندیەوە، ئەگەر لەگەڵی متەفقن، دەیخەینە دەنگدانەوە، هیچ قسە لەسەری ناكەین، ئەوەی نایەوێ، وابزانم ئەوە زۆر بە عەدالەت هاتووە، ئەڵێ بەتەوازن بەهەموو شكلێك بە تەوازن تەوزیع بكرێتن، كاك عبدالله كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم خۆش بوو قسە بكەم، بەلاّم پێم باشە ئەو عەدالەتە، دیارە لەبەر ئەوەی دیارە عەدالەت نیە، فەترەیەكی زەمەنی بێت بۆ چاك كردنی ئەو ناعەدالەتیە، چونكە من بۆ نموونە كفری بابڵێین كێشەی هەیە، ئەگەر من نەزانم پڕۆژەكانی چیە، لە ئایندە چۆن بتوانم وەكو ئەندام پەرلەمان دوای پەسەند كردنی چاودێری بكەم، ئەبێت من هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بكەم، حكومەت بزانێ كەی بۆی دەردەكەوێت كە عەدالەتی تیا نیە، بۆیە پێشنیار دەكەم لە ماوەی مانگێكا ئەم پێداچوونەوە بكرێت، بۆئەوەی ئێمە بزانین پڕۆژەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

برای بەڕێز تۆ لەسەر ئەوەی ئەڵێی بودجەكە بەتەوازن، بە حەسەب كەسافەی سكانی تەوزیع بێت یان نا؟، ئەوە ئەو ماددەیەی جەنابت دەیڵێی ماوە، ئێستا دێتن دێینە سەری، كاك دڵشاد، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو مەبدەئی ئەو عەدالەتی دابەش بوونە، كارێكی باشە، بەلاّم مەگەر خوێندنەوەیەكی تۆزێك وردتری بۆ بكەین، بنەمای دابەش بوونی دوو ئیدارەیی و میزانیەی دوو بودجەیی لە هەرێمی كوردستان، لەسەر ئەو ئەساسی دابەش بوونی سكانی كرابوو، كاتی خۆی كە مەنتقەكە دابەش بوو لەسەر ئەو ئەساسە بووە، تاوەكو ئێمە 100٪ مولزەم بین بەوەوە، هەم دیسان، نەوعێكی ئەو نەبوونی تەوحیدە، تەسەوریش ناكەم ئەوە، بە موتلەقی دروست بێت كەوا هەموو شتێك ئەبێ بزەبت بە نیسبەتی ئەوەوە بێت، بەیانی ئێمە مەسەلەن سكەیەكی قیتار دروست دەكەین، بە سێ، چوار شاردا دەڕوات، یەعنی مەنتق نیە تۆ بڵێی ئەو مەسافەیەی كەوا بە سلێمانی دادێت هەتاوەكو دەگاتە حدودی هەولێر، لەسەر شاری سلێمانیە، ئەوەی لە هەولێر دەچێ تاوەكو دەگاتە دهۆك لەسەر دهۆكە، ئەوەی تریش وەلحاسڵ بە شێوازێكی تر، بۆیە من دەڵێم ناكرێت ئاوا بە موتلەقی بێت، فعلەن هەندێك مەشاریع ستراتیجین لەسەر ئاستی هەرێمن، حیسابی

هەرێمیان بۆ بکرێت، تاوەکو ممکن ئەوانی تریش لە مەشاریعە خەدەمیەکان رەچاوی ئەو دابەش بوونە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز برهان رشيد حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەندێك لە قسەكانم كاك اسماعیل كردی، بۆ ئەوەی كە ئەڵێت ئەو میزانیە تەكمیلە دوای ئەوەی لەو پارێزگای نەوتە دێت، با بە یەكسانی دابەش بكرێت بەسەر ناوچەكاندا، دووهەم قسەم باسی مەشاریعی ستراتیجی كرا، ئێستا مەسفای نەوتی بازیان دەوڵەتی عیراقی مەسرەفی دەكێشێت، سەدەكان د. لەتیف رەشید كە مەشروعی ستراتیجیە لە مەشروعەكان، تەسریحی داوە كە وەزیری ئاوی عیراقیە، ئەڵێت ئێمە نزیكی 10 سەدە بە بچووك و گەورەو متوەستەوە لە هەرێمی كوردستان دەكەین، لەسەر پارەی دەوڵەتی عیراقیەو شتێكی سیادیە، یەعنی لەبەر ئەوەی ئاو ئێمە ناتوانین بە تەنیا تەحەكمی پێوە بكەین، ئیتیفاق هەیە، دەستوور هەیە، دارو بەرددەبێ، كە ئێمە لەگەڵ بەغدادایین ئەو شتە، یەعنی هەندێك شت هەیە ستراتیجی نیە، دوای ئەوە من پرسیارێك لە جەنابتان دەكەم، ئەكرێت من لە شوێنێكدا مەشاریعی ستراتیجی كۆ بكەمەوەو، لە شوێنێكی تر نەیكەم، لەو شوێنە ئیشی هەبێت و خەڵكی ناوچەكانی تر بێ كاربێت، لەو ولأتانی ئەوروپا خەڵك لەلادێ بژیت و لە شار بژیت، لەهەرچ شارێك بژیت، نەفسی خەدەمات هەیە، نەفسی ئیش هەیە، تۆ ناكرێت ئیش لە شوێنێكدا كۆ بكەیتەوە، بە نیسبەت مەشاریعی ستراتیجیەوە بۆ نموونە، مەتار دەهێنمەوە، ئەكرێت من خەڵكی سلێمانیم پێم خۆشە با بەسەراحەت 10 مەتار هەبێت لە سلێمانی، بە ئەهلی و بە حكومیەوە، بەڵام ئەكرێت دوو مەتارم هەبێت لە سلێمانی ، دووم هەبێت لە هەولێر، خەڵكی دهۆك مەتارێكی نەبێت، ئەی ئەویش وەكو من هاووڵاتی ئەم وڵاتە نیە، وەكو من ماف و واجباتی نیە، بۆیە من داواكارم ئەمجارەش باسی گەرمیان و قەڵادزێ و ڕانیەو هەڵەبجەكرا كە زەرەر مەندن، بەڕێزینە لە میزانیەی پێشنیار كراوی ئەو پرۆژە پێشنیار كراوانەی 2010، ئەگەر جەمعی بكەی لە 45٪ دانیشتوان پێك دەهێنێت خەڵكی محافەزەی سلێمانی، كە هەڵەبجەو گەرمیان و قەڵادزێ و كفری و ئەمانەی تێدەكەوێت، 27٪ پرۆژەی پێشنیار كراوی هەرێمی بۆ تەرخان كراوە، بۆیە داواكارم ئەمجارەش، رەجائەن، با هیچ نەمن پێم خۆشە زاخۆ توشی بێ بەشی بێت، نە دهۆك، نە سنجار، نە سلێمانی، نە كفری، نە هەولیر، نە هیچ شوێنێك، با ئەوە هاوتا بێت لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە بێكاری خەڵكەوە هەیە، پەیوەندی بە ئینتیماو وەتەنیەتی هاووڵاتیەوە هەیە، هەست بكات، كە فەرق ناكرێت و خەڵكی ئەم وڵاتەیەو ئینتیمای بۆ ئەو ئالأیە هەبێت كە ئێمە لەبەر دەمیا دانیشتووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا كەرەمكە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك خاڵ بۆ ئەوەی كە هەڵە نەبم، بە ڕێزان لە لیژنـەی یاسـایی یـەك دەسـتەواژە هەیـە، ئـەویش ئەوەیە كە مراعـاتی عەدالـەت لـە قەزیـەی نەفـەقاتی تەشغیلیە، مـن نـازانم ئـەلێرە ئایـا تـۆ بـەس كـار بـۆ ئیستیسماری دەكەی؟، یان بـۆ تەشـغیلی ئـەو شـتە ئیجبـاری و هینەكـە، تەشـغیلی یـەعنی بـەعزێكی هەیـە، پەیوەنـدی بـە مووچـەو راتبـی فەرمانبەرانـەوە هەیـە، موراعـات و تـەوازن ئـەوە میلاكـاتی وەزارەت و دەوائیرەكان خۆیان دەست نیشانی دەكەن، ئەوەمان بـۆ ڕوون بكرێتـەوە، نەفـەقاتی تەشـغیلی بـۆ چ بوارێكـە، عەدالەت لەمەداو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار جعفر كەرەمكە.

**بەڕێز د. جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ماددەكەم كە بە پێی زۆری و كەمی ژمارەی دانیشـتوان مەشـاریعە خەدەمیـەكان دابـەش بكـرێن، بەڵام یەك بڕگەی تری بۆ ئیزافە بكرێت، بەتەنها زۆری و كەمی ژمـارەی دانیشـتوان لەبـەر چـاو نـەگیرێت، بـەڵكو ئـەو زیانـەش لەبەرچـاو بگیرێـت كـە بـەر هەنـدێك ناوچـەی كوردوسـتان كەوتوونـە، چـونكە ئێمـە هەمووومان دەزانین هەندێك ناوچە لەگەڵ ئەرزا تەخت كراوە، یەعنی هیچی بەسەر هیچەوە نـەماوە، بۆیـە هەقی خۆیەتی، پڕۆژەی خەدەمی زیاتری بۆ بكرێت، چونكە پێویستی پێیـەتی بەڕاسـتی، ئەمـە خاڵێكیـان، مەسەلەی مەشاریعە ستراتیجیەكانیش من جارێكی تـر دەمـەوێت تەئكیـد لـەوە بكـەم بەڕاسـتی، مەشـاریعی ستراتیجی هیچ دروست نیە، وەبەهیچ پێوەرو هیچ مەنتقێكی عیلمی و عەسریش، كەلـە هەنـدێك ناوچـەی كوردستان كـۆ بكرێتـەوە و هەنـدێك ناوچـەی تـری لێ بـێ بـەش بكرێـت، لەبەرچـی؟، لەبـەر ئـەوەی تـۆ لـە سـەنتەری پارێزگاكـان كاتێـك كـاری سـتراتیجیەكان دێنـی لەناوچـەیەكی دیـاری كـراوەوە لـە سـەنتەری پارێزگاكان كۆی دەكەیەوە، غیر موباشـر دەتـەوێت تـەوزیعی دیمـوگرافی دانیشـتوانی كوردسـتانیش بگـۆڕی، لەكاتێكدا خەڵك بـە لێشاو كـۆچ دەكـات بـۆ سـەنتەری پارێزگاكـان، لەبـەر ئـەوەی مەشـاریعە سـتراتیجیەكان لەوێیە، لەبەر ئەوەی كاری دەست دەكەوێت لـەوێ، لەبـەر ئـەوی نزیـك دەبێـت لـە كۆمـەڵێك مەشـاریع، كـە گرنگە بۆ ژیان و بۆ حەیاتی ئەو، بۆیە پێویستە ئەم مەشـاریعانەش، دوای هـیچ پاساوێك كـە ڕەنگـە قبـوڵ نـەكرێت، هەنـدێك ناوچـە هەیـە كـە ڕەنگـە بەكـەڵكی ئـەوە بێـت سـەدی ئـاوی لێ بكرێـت، ناوچـەیەكی تـر بەكەڵكی ئەوە دێت مەشروعێكی تری ستراتیجی سەحی لێ بكرێت، ناوچەیەكی تر بەكەڵكی ئەوە دێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا تۆ چیت دەوێت بیڵێ چاوەكەم، شەرحی موحازەرەم بۆ مەكە، بڵێ با ئاوا بێت و تەواو، فەرموو.

**بەڕێز د. جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیار دەکـەم بەتـەنها مەشـاریعە خەدەمیەکان،بـەپێی نیسـبەی سـوکانی دابـەش نـەکرێت، بـەڵکو مەشاریعە ستراتیژییەکانیش بەهەمان شێوە بەسەر شارو شارۆچکەکاندا دابـەش بکرێـت، ئـەو زیانـەش کـە بەرناوچەکان کەوتووە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر ئەم ماددەیە خۆمان باوەڕمان پێیی نیە، لەناو پڕۆژە یاساکە دایبنێین، چۆن ئیعتیمـاد بکەینـە سەر حکومەت کە جێبەجێی بکەین، لەبەر ئەوەی ئەمە شتێکە بەسەرماندا ڕۆشت، ئێمـە خۆمـان ئـەو دوو پێوەرەی کـە ئێسـتاکە بـاس دەکرێـت، لەسـەر ئەساسـی ناوچـە زیـان لێکـەوتووەکان یـاخود لەسـەر ئەساسـی ژمارەی دانیشتوان، لە پـڕۆژە وەبەرهێنانـەکان هیچیان جێبـەجێ نـەکراوە، بەزۆرینـەی دەنگیش دەنگمـان لەسەردا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، ئێستا ئەم ماددەیەت پێ باشـە یـان پێـت خراپـە؟، تـەنها ئـەوەم پـێ بڵـێ، موناقەشـەی مەکـە تکایـە، چاوەکەم تۆ وەرە ئێرە، ئەگەر ئەتەوێ لایبدەیت وەکو کاك جەعفـەر وتـی بـا بـۆ ئیسـتراتیژی و خـەدەمی یەکسان بێت لە گشت کوردستـان، بـە حـەزی نفوسـەکە تـەواو بێـت، برادەرێکـی تـر بـە عەکسـەوە دەڵێـت، جەنابت کامەیانت پێ باشە وا بڵێ نەك ئەوە وابێ ئەوە وابێ، بـۆ ئـەوەی ئەمشـەو تـەواوی بکـەین، چـونکە کاتمان کەمە، هەمووشتان هیلاکن، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی کە ئێمە دامانناوە بۆ ئەم پڕۆژە یاسایەی بودجەی خەمڵێندراوی ئەم ساڵە یان بۆ ساڵێکی ترە، ئەگەر بۆ ئەمساڵە بۆ جێبەجێ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری پلاندانان، فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی زۆر لـەم مولاحەزاتانـەی کـەباس کـران، پێشـتریش وترابـوون، ئێمـە دوای ئـەم هـەموو ماوەیـە وابزانم هەموو پێکەوە، چ ئێمە، ئەوانـەی لایـەنی حکومەتـەوە هـاتووین، چ بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، بـەعزێك مولاحـەزات هەیـە، لەسـەر تـەوزیع کردنـی پڕۆژەکـان لـە هەنـدێك شـوێن، کـە ئـەویش هۆیەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوائیری مەعنی لەو شوێنانە بەشێوەیەك لە شێوەکان، ئیحتیاجاتیان تـەرح کـردووە، ئەمـە

زیاتر لە خوارەوە هاتووە تا لە سەر دەوائیر ولەسەر مەناتق فەرز بکەین، من هەرچەندە پێشتر پێشنیارێکماندا، ئێمە وابزانم ئیتیفاقمان لەسەر ئەوەش هەیە کەس گلەیی لەسەر ئەوە نیە، ئەگەر بودجەی تەکمیلی هەبێت یان پارەیەکی ئیزافی هەبێت، واردێکی ئیزافی هەبێت، ئەو کێشانەی کەبەڕێزان لەم هۆڵەی پەرلەمان باسیان کردووە، ئەولەویەت بۆ ئەوەیە کەئەوانەی پێ چارەسەر بکرێت، دەمێنێتەوە ئەم مادده قانونیەی کە ئێستا ئیزافە دەبێت، وابزانم دوای ئەوەی کە ئەم هەموو مولاحەزاتانە وترا، تەقریبەن تەنانەت مەسەلەی عەدەدی کەسافەی سوکانی زائیدەن مەشاریعی ئیستراتیژی، وابزانم کافی نیە یەعنی دەکرێت، وەکو بەڕێزان باسیان کرد، ئەوانەی کەڕۆشتووە تەواو ڕۆشتوە، ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە هەر ئیزافەیەك هەبێت و بێتە پێشەوە، چ لە تەکمیلی بێت یان لەناحیەی واردێکی تر بێ کە لەلایەکی ترەوە ئیحتیماله هەبێت، ئەم مەعایرانەی خوارەوە یان ئەم پێوەرانەی خوارەوە دەبێت ڕەچاو بکرێن:

یەکەم: کەسافەی سوکانی، دووەم: ڕێژەی زیان لێکەوتووی ناوچەکە، سێیەم: زەروورەتی کارەکە، یەعنی من ئێستا چونکە بەعزێك تێکەڵاوی لەم تەعبیرەم دروست بێت، ئێمە کە دەڵێین پرۆژەی ئیستیراتیژی، ئەگەر لە پارێزگایەك یان شارێك هەبێت، مەشروعی ئاوی لێ نەبێت، بۆ نموونە ئاوی ئاکرێ، ئەگەر (200)ملیۆن دیناری بۆ دیاریکرا، ئیحتیماله بودجەی ئیستیسماری ئەو پارێزگایە ئەو ساڵە هەمووی بۆ ئەوە بڕوات، ئەوە پرۆژەیەکی ئیستیراتیژییە، لێرە مەقصەد ئەوە نیە ئەو پرۆژە چەند بەرهەمی هەیەو چەند خەڵك تێیدا ئیش دەکات و ماوەیەکی دیاریکراوە، ڕاستە، بەڵام بە پرۆژەیەکی ئیستیراتیژیی حسابە، لەبەر ئەوە ئەو مەعایرانەی کە بەنەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت، یەکێکیان: کەسافەی سوکانی بێت، دووەمیان: ڕێژەی زەرەرمەندی ئەو ناوچەیە بێت، سێیەمیان: زەروورەتی ئەو شوێنەیە بەهەر پێوەرێك بێت، تەنیا ئیکتیفا بەو پێوەرە بکەین، ئێمە وابزانم جارێکی تر دەڵێمەوە لەوەزعی هەرێمی وئیستیقرار کردن، وەکو هەرێم دەباتەوە بۆ وەزعێکی وەکو پارێزگاو کۆمەڵێ قەزاو ناحیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەی کەزیاد کراوە، بۆ ئەو پرۆژانەی کە بکەوێتە ناوچە جیاجیاکانەوە، من پێم وایە، ئەگەر بەپێیی ئەو پرۆژانەی کە هاتووەتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، هیچ یەکێك لەئێمە ڕازی نەبووە، بەو پرۆژانەی کە هاوسەنگیەکی تێدا بێت یان بەیەکسانی دابەشکرابێ، بەڕاستی هەر هەموو

لیژنەكان ناڕازی بوون، ئەوە بوو كە دەنگیشی لەسەردرا، زۆرینـە بەعەكسی كـاری نـاو لیژنەكانـەوە دەنگـی لەسەر درا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، باسی دەنگدان مەكە، ئەندامی پەرلەمان ئازادە، ئینسانێكی واعیە، كاملە، بەكەیفی خۆی قسە دەكات و دەنگ دەدات، باسی ناو لیژنە مەكە وەرە سەر ماددەكە، تكایە، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە من پێم وایە خاڵی یەكەم ژمارەی دانیشتوان ڕەچاو ناكرێت، ڕەچاویش نەكراوە، من پێم وایـە یەكەم خاڵ ئەو ناوچانەی كە زەرەرمەندبوون، یان زیانمەند بوون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا خوشكی من تۆ ئەتەوێت چۆن بێت؟، ئەم دەڵێ بەتەوازون، هەندێ ئەندامی تریش دەڵێن بەكەسافە، جەنابی وەزیر سێ پێوەری هێنا، جەنابت ئەتەوێ چۆن بوو یان چۆن دەبێت؟، لە لیژنەكەدا بڕۆی ڕاپۆرتی خۆت بدەیت بەپەرلەمان، بەڵام ئێستا كامەت پێ باشە؟، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەوەم پێ باشە، ئەو پڕۆژانە بچنە ئەو ناوچانەی كە زەرەرمەند بوون، ئەو شوێنانەی بەر كیمیاباران و ئەنفال و شاڵاوەكان كەوتوون، من پـێم وایـە ئەولەوییـەت بـدەن بـەو ناوچـانە، ئەگـەر بێـت و سـەیری ئـەو پڕۆژانە بكەین كە دانراوە بۆ ئەو ناوچانە، هـەر زۆر بەكـەمی لەچـەند شـوێنێك هەیـە، وەكـو دێیـی (گـۆپ تەپە)، كە سەر بەچەمچەماڵە بەر شاڵاوی ئـەنفال و كیمیابـارانیش كـەوتووە، یـەك پـڕۆژەی تێـدا نیـە كـە كۆمەڵێك خەڵكی زەرەرمەنـدی تێدایـە، ناحیـەی شۆڕشـە كەلـە چەمچـەماڵە، ئەمانـە خـەڵكی زەرەرمەنـدی تێدایە، هەتا ساڵی 2003یش چەمچەماڵ لەبانی مەقانەوە لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراقیدا بوو، ئێستا هەموو پڕۆژەكانی سەیر بكە، سێ پڕۆژە بۆ ئەو شارە كە (150 – 160)هەزار كەسی تێدایە، ئەگەر بێیتە سەر ژمارەی دانیشتوان هەر كەمە، ئەگەر بێیتە سەر ئەولـەوییان بـەو ناوچـانەی كـە زەرەرمەنـدن جێگـای خۆی نەگرتۆتەوە لەو پڕۆژانەدا، بۆیە داواكارم وەزیری پلانـدانان وەزارەتـەكانی تایبەتمەنـد لـەو پڕۆژانـە تایبەتمەندی بدرێت بەو ناوچانەی ئێمەش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من لێی تێگەشتم حەز دەکەم سەرۆکی لیژنەی دارایی، وەڵامی ئەوەم بداتەوە، من واتێگەشتم ئەم ماددەیە بۆ ئیلزام کردنی حکومەتە بۆ داهاتوو، چونکە بەڕاستی منیش ئەو مولاحەزەیەم هەبوو، کە پرۆژەکان تەواو تێپەڕیوە چۆن دابەشکراوە تەواو بوو، دەنگی پێدراوە، من وای لێ تێدەگەم، ئەم ماددەیە بۆیە زیاد کراوە بۆ ئەوەی ئیلزامی حکومەت بکات بۆ مانگی 10 پرۆژەی 2011 دێتە پەرلەمان، ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات، من وای لێ تێگەشتم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەم میزانیەیە کە ئیشی پێ دەکەن، بەو شێوەیە تەعامولی لەگەڵ دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی تر وەگەڕخەرو وەبەرهێن، ئایا وەگەڕخەر مەبەستی تەشغیلیە، بۆ ئەوەی تەوزیعاتی تەعیناتی فەرمانبەر یەکسان بێت، یان چی؟ من تێناگەم، خاڵێکی تر، نەك تەنها لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوان، بەڵکو لەسەر بنەمای قەرەبووی ناوچە زیان لێکەوتووەکان، چونکە پێم وایە، هەتا ئەو شوێنانەی کە کاولکاری زیاتری لێ کراوە، ئەوانە تەعویز نەکرێنەوە ناکرێ ئێمە بچین بۆ شتی کەمالیات و ئەو شتانە، جارێ با زەروریات تەواو بکەین، ئەو شوێنانەی کەزیانیان لێکەوتووە، ژیانیان ناڕەحەتە، پێویستیان زیاترە، لەکەمالیات با ئەوان تەواو بێت ئینجا دەچینە سەر شتی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گولیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گولیزار قادر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو ماددەیە دەکەم، پێشنیاریش دەکەم لەم ماددەیەدا ئەولەوییەت بدرێت بەو شوێنانەی کەزۆر وێرانن وەکو هەڵەبجەو پێنجوێن و قەڵادزێ و ناوچەی هەورامان بەتایبەتی، کەتائێستا هیچ شتێکی بۆ نەکراوە، بەتایبەت تر شارۆچکەی خورماڵ، کەدەبینین هەتا ئێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی پێ نەگەشتووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەولەوییەت بدرێت بەو ناوچانەی کە هیچیان بۆ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی ودارایی دەکەم، بۆ ئەم ماددەیە وە دەستخۆشیش لە جەنابی وەزیری پلاندانان دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوەی، بەڕاستی تەئیدی ئەو دەکەم، بەڵام قسەکانی منیش زۆربەی کرا،

بۆیه دووبارەی ناکەمەوە، بەس هەر ئەوەندە دەڵێم زەمانەت چیە؟، بۆ ئەوەی کە هەم دیسانەوە جارێکی تر ئەو ناوچە زیان لێکەوتووانە ئیهمال ناکرێنەوە، وەکو ئەوەی خوشکە گولیزار و چەند کەسێکی تر باسیان کرد، کەناوچە سنوورییەکان زۆرترین زەرەریان کردووە، زۆرترین پێداویستیشیان هەیە، تەئیدی قسەکەی جەنابی وەزیریش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی قسەتان هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەن ئەندام پەرلەمانێکەوە پرسیارێك ئاراستەی من کرا، کە گوایە من ئەو ماددەیەم داناوە، ئەو ماددەیە ئیقتراحی من نیە، ڕای شەخصی خۆم من لەگەڵ ئەو ماددەیەدا نیم، وەختێك من ئەو ماددەیە لەگەڵیدام کەحکومەت تەختیتێکی مەرکەزی جەبری هەبێت، خۆی مەشاریع دابنێت بۆ ئەو وڵاتانە من زۆر نامەوێت بچمە ناو موناقەشەوە، ئەوەی مەسئولە لەوە لەمودیری ناحیەوە لە قائیم مەقامەوە، لە پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاوەیە، ئەوانەن تەحدیدی مەشاریع دەکەن، بەس من زۆرجار هەیە نامەوێ جواب بدەمەوەو بچمە ناو تەفاصیلەوە، ئەگەر تەختیتی مەرکەزییە، ئەگەر حکومەتێکی مەرکەزییە، ئەو دایناوە، ئەوە منیش لەگەڵتام، بەلاَم مەشاریعی ئێمە، قەراراتی ئێمە لەوەوە دەست پێدەکات، مودیری ناحیە، قائیم مەقام، پارێزگار، ئەنجومەنی پارێزگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، پێشنیارەکەی ئەخیر بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تلتزم كافة الوزارات والدوائر الغير مرتبطة بوزارة توزيع النفقات التشغيلية والاستثمارية علي محافظات الاقليم وفق الكثافة السكانية لكل المحافظات والمناطق الاكثر تضرراً بعد استبعاد مصاريف مركز الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

علي وزارة المالية والاقتصاد تقديم تقرير دوري كل ستة اشهر من السنة عن الوضع المالي لاقليم كوردستان العراق وتقديم الحساب الختامي وفقاً للقانون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە لەسەر وەزیری دارایی و ئابوری، هەموو شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەبارەی دۆخی دارایی هەرێمی كوردستانی عێراق پێشكەش بەپەرلەمان بكات، دوای ئەوەش حساباتی كۆتایی پێشكەش بكات، بەپێیی یاسا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین بەپێی یاسا بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە كاك عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم بخرێتە ئاخر مادده، چونكە ئێستا ماددەی تری هەیە، حەقە پێش ئەم ماددەیە بكەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا، زۆر باش لەجێگای خۆی هاتووە، كەوەزارەتی مالیە مولزەمە كە ڕاپۆرتی خۆی بدات، بۆ چی نەیدات، با بیدەن، بەڕێزان ئێستا كێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێیی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە پێشنیار دەكەن كە تەخویلمان بكەن بە گۆڕینی ژمارەی ماددەكان، چونكە ئەو ماددانەی كە زیاد كران وا ئیجاب دەكات ژمارەكانیان بگۆڕدرێت، سەبارەت بەو ماددانەی كەماوە ماددەكانی پرۆتۆكۆلی كە ئێستا دەیانخوێنمەوە.

المادة الرابعة والعشرون: كە لەپرۆژەكە واهاتووە.

المادة الرابعة والعشرون:

للوزير المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون خلال اسبوعين من تأريخ إصداره.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی زۆرە، خێرە کاك دڵشاد، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەست لەو مادده پرۆتۆکۆلیانە ئەوە بێت کە کۆتایی بە یاساکە هاتووە، باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماوە ئیزافەی دەکەن، پێش ئەوەی ئەو ماددانەی کە ئیزافە دەکرێن، ئیحتیماله هەندێك بۆچوون هەبێ لە ناو پەرلەمان، ناویان دەنووسم، چەند کەس مولاحەزەی هەیە؟ لە ناو قاعە دانیشتوونە، تکایە موراعات بکەن، گوێ لەیەك بگرن، دەنگ بەرز مەکەن، بۆ ئەوەی لە یەك تێبگەن، جەنابی وەزیرەکانیش تکایە لەسەرخۆ قسە بکەن، ڕجائەن، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان نووسیوە: عومەر نورەدینی، عبدالرحمن حسین، کاردۆ محمد، ، سالار محمود، عبدالله مـلا نـوری، دڵشاد شهاب، برهـان رشـید، شـاهۆ سعید، کوێستان محمد، پەریهان قوبلای، پەیام أحمد، حسن محمد، نەریمان عبدالله، کێی تر ماوە؟ کەس نیە، بەڕێزان، لێژنەی یاسایی ڕاسپاردەکان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بەڕێزان گوێیان لێ بێ، بۆ ئەوەی تیکرار نەبێ، ئەگەر پاشان شتێك هەبوو لەسەر ئەوەی ئەوان، ئیزافە بکرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێمە ئەو ماددانەی کە زیادمان کرد، مەبەستمان ئەوە بوو بە ماددەی قانونی داخلی پرۆژەکەی بودجەی ساڵی 2010 بێت، بەڵام هەندێك مادده نەمانویست بە ماددەی قانونی داخیل بێ، لەبەر ئەوەی صیاغەکەی مەعقول نیە، قانونیش نیە، بۆیە پێشنیارمان کردکە بە تەوصیات بێ، ئێستا ئەو تەوصیاتانە دەخوێنینەوە:

1- إعطاء الأولية في تنفيذ المشاريع الخدمية للمناطق الأكثر تضرراً بحملات الأنفال و الأسلحة الكيمياوية و الترحيل و العمليات العسكرية و الأكثر حاجة للخدمات.

ئەوە تەقریبەن ئیزافە کرا لەسەر ئەو ماددەی کە ئێستا دەنگمان لەسەر دا، (المناطق الأكثر تضرراً).

2-على مجلس الوزراء إتخاذ الإجراءات اللازمة لتوحيد قوى الآسايش خلال مدة لا تتجاوز (6) أشهر.

3-على مجلس الوزراء إتخاذ الإجراءات اللازمة لتوحيد ديوان الرقابة المالية و مؤسسة الألغام في الإقليم.

**بەڕێز عمر حمد أمین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ریعایەت کردنی ئەو ناوچانەی کە زیانیان لێ کەوتووە، بە زۆر تووشی ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی بە زۆرە ملی ببوون، بڕیار بوو لە لێژنەی یاسایی لەسەر ئەوە ئیتیفاق کرابوو کە ئەوە بە شێوەی

**ماددەیەك لە یاساكە بێ، بەڵام ئێستا جارێکی تر گۆڕانی تێدا کراوە، کراوەتە تەصیە و ڕاسپاردە، بۆیە جارێکی تر ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەوە وەکو ماددەیەك لە یاساکە دەنگی لەسەر بدرێ و ببێتە ماددەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەی تەوصیە بچێتە دەرەوە، چونکە ئەوە زەروورە و پێشتریش ئیتیفاقمان لەسەر کردبوو لە لێژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار عبدالرحمن، فەرموو.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین أبابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە گوێ بیستی لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی بووین، کە چەند ماددەیك زیاد کران لەو پرۆژەیە، بەڵام گوێمان لێ نەبوو کە ئەو پرۆژانەی ئێمە لابردین، یەعنی باسی لێنەکردن، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە ئەو پرۆژانەش باس لێ بکەین، کە چەند پرۆژەمان لابرد..........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە دانیشە، ڕجائەن دانیشە، کاك کاردۆ کەرەمکە.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە ئێمە لە کوردستان بە ئاسانی ناتوانین ئەو یاسایانەی دەردەچێ، کە جێ بەجێی بکەین، بۆیە ئەو مەسەلەی یەکگرتنی ئاسایش و دیوانی چاودێری نابێ بکرێتە ڕاسپاردە، بەڕاستی دەبێ لە ماددەیەکی قانونی دا بێ، مولزەم بێ کە بیکەن ئەوە، چونکە ڕاسپاردە جیاوازە، ئەوە خاڵێك، دوو: لەسەرجەمی بودجەکە هەست بە نائیختیصاصی دەکرێ لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکە، ئێمە پێویستە دەقێکمان هەبێ کە هەموو پرۆژەکان بە ڕێگای ئیختیصاصی جێبەجێ بکرێ، یەعنی بۆ وەزارەتێکی تر نیە کە کارێك بکات کاری ئەو نیە، ئەوە خاڵێکە کە بەلامەوە گرنگە، جگە لەوەی کە مەبەستم باسی ئاسایش و دیوانی چاودێری، باسی مەبەستم ئەلغامیشە، کە ئەویش وەکو مەوادێکی قانونی سەیر بکرێ، لەبەر ئەوە من پێشتر پێشنیارێکم کرد، کە پێموابوو بۆ نەهێشتنی ئاساری ئەم دوو ئیدارەییە، بەڕاستی ئیستاش لەگەڵ ئەوەم کە بودجەیان بۆ صەرف نەکرێت، جگە لە مووچە، بودجە صەرف نەکرێ، مەبەستم نەسریانە، هەتا یەکگرتنەوەیان، کە ئێمە دامانناوە شەش مانگ، ئێستا وا لە مانگی چوارین، دوو مانگ ماوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار سالار محمود، کەرەمکە.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە ماوەیەكی زۆرە گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای بودجە دەكەین، لە حەقیقیەت دا وەكو ڕۆڵی پەرلەمانیش كە بەشێكی بریتی یە لە چاودێری كردنی جێبەجێ كردنی یاساكان، لەو ماوەیەشدا گلەییەكی زۆر لە جێبەجێ نەبوونی ئەو یاسایانە كراوە كە لە پەرلەمان دا كراوە، حكومەتیش مولزەم بووە پێیان، بەڵام كەم تا زۆر گلەییمان لە پەرلەمانی كوردستان و لە خۆمان نەكرد، كە ئێمە یاسای دیوانی چاودێری داراییمان دەركردووە، تا ئێستا ئیشی پێ ناكرێ، لەلایەن زۆر كەسایەتی باڵا لە هەرێمی كوردستان، لە ناوەندەكانی تریش دەبیستینەوە كە ئەو دیوانی چاودێریانە شەرعیەتیان نیە، بۆیە من ڕام وایە مەسەلەی پێداچوونەوە بە بڕیاری خۆمان، بە ئەرك و كاری خۆمان مەسەلەیەكی گرنگترە بۆ خۆمان لە حكومەت، بە تایبەتی لەو خاڵەی كە پەیوەندی بە یەكگرتنەوەی دیوانی چاودێری داراییەوە هەیە، ئەو ماوەیە ماوەیەكی زۆرە، من پێشنیار دەكەم لە شەش مانگەوە بكرێت بە سێ مانگ، بۆ ئەوەی ئێمە تۆزێك لەو بارگرانی و گلەییانە بچینە دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شەش مانگ لە مانگی یەكەوەیە، ئێستا وا لە ناوەڕاستی مانگی چوارین، مانگ و نیوێكی ماوە تەقریبەن، بەس دەبێ لەو نزیكانە تەواو بێ، من لەگەڵتم سەد لە سەد، نابێ زیاتر دوا بكەوێ، بۆ ئەوەی چاودێری دارایی دەست بە كارەكانی بكات، ئەو شتانەش لەبەر دەستمانە ئێستا، ئەوانەشیان پێ بدەین، بۆ ئەوەی بە دواداچوونێكی یاسایی بۆ بكەن، ڕێزدار عبدالله محمد كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو كاك كاردۆ ئاماژەی پێدا، هەندێك بابەت هەیە بەڕاستی بە تەوصیات چارەسەر ناكرێ، ماددەی قانونی بن باشترە، من هەندێكیان پێشنیار دەكەم، پێشنیار دەكەم بە ماددەیەك كە هەموو ئەو پرۆژانەی كە شوێنەكانیان دیار نیە، ماوەی تەواوكردنیان دیار نیە، یاخود عینوانەكانیان دیار نیە، بە ماددەیەك ئەوە دیاری بكرێ، بۆ ئەوەی ئێمە لە میانی چاودێری كردن دا بزانین ئەو پرۆژانە لە كوێن لە ئایندەدا؟ لە دوای پەسندكردنی بودجەكە، هەموو ئەو پرۆژانەی، هەموو ئەو بڕە پارانەی كە بۆ كەرتی تایبەت تەرخان كراون، ئەو بڕە پارانە ببڕێن و بكرێنە خزمەتگوزاریی بۆ ناوچەكانی خۆیان، بۆ پارێزگاكانی خۆیان، هەروەها پێشنیار دەكەم بۆ ئەو ماددانەی كە لە میانی ئەو دانیشتنە بە تایبەت لە دوادواییەكان دا كە پێشنیار كران، فەترەیەكی زەمەنی دیاری بكرێ بۆ جێبەجێ كردنیان، چونكە گرنگە فەترەی زەمەنی، لە ماوەی مانگێكدا پێویستە ئەو بڕگانەی كە تازە ئیزافەمان كردووە، هەمووی جێبەجێ بكرێ، هەروەها ئەگەر بشكرێت، حەز دەكەم برادەرانی قانونی یەكلایی بكەنەوە، هەر لە ناو هەمان ئەو پرۆژە یاسایەیە، لە كۆتاییەكە دەستنیشان بكرێ كە حیسابی خیتامی لە ماوەیەكی دیاری كراو دەبێ لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دڵشاد شهاب، کەرەمکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشی ئەوەی کە چەند تەوصیەیەك بڵێم کە زەڕوورن، پێشنیار دەکەم ئێمە بەندێك زیاد بکەین، کە ئەو تەوصیاتانەی کە پەرلەمان موصادەقەی لەسەر دەکات، تەوصیات بە صیفەتی گوتنی خۆی لوغەویەن ئیلزامی تێدا نیە، بەندێك لە قانونەکە زیاد بکرێ، کەوا حکومەت مولزەمە بە جێبەجێ کردنی ئەو تەوصیاتانەی کەوا بە مولحەقی پرۆژە یاسای، پرۆژەی بودجەکەوە دەنێردرێتەوە، بۆ ئەوەی صیفەتی جێبەجێ کردن وەربگرێ، نەك وەکو تەوصیە بمینێت، ئیختیار بمینێت، ئایا جێبەجێی دەکات؟ ئایا جێبەجێی ناکات؟ ئەگەر وابێت، دەچێتە قالبی موناقەشەیەکی سادەوە، وەکو هەر شتێکی کەوا گوترا، پێویست بە تەدوینی ناکات، ئینجا ئەگەر ئەوە کرا، من پێشنیار دەکەم کەوا حکومەت لە ماوەیەکی دیاری کراودا، کە لە مانگێك تێپەڕ نەکات، بە لائیحەیەك، نازانم چۆن دەنووسرێتەوە؟ بەهەر حاڵ پرۆژە بەردەوامەکان، ئەوەی کە تێبینیمان کرد لە گفتوگۆی لێژنەکان و هی ناو پەرلەمانیش، پرۆژە بەردەوامەکان هەموویان، یاخود بەشێکی زۆریان ڕۆژی دەستپێکردنیان مەعلووم نیە، مەسەلەن پرۆژەیەك هەیە لە ساڵی 2007 دەستی پێکردییە، مەفرووز وایەلە لائیحەیەکدا ئاگاداری پەرلەمان بکرێت، ئەو پرۆژەیە ماوەی دەستپێکردنی، یان ڕۆژی دەستپێکردنی ئەو ساڵەیە، لە ساڵی یەکەم تەرخانی چەندی بۆ کراوە؟ نیسبەی ئینجازیشی چەند بووە؟ لە ساڵی دووەم چەندی بۆ تەرخان کراوە؟ نیسبەی ئینجازی چەند بوو؟ لە میزانیەی ئێستا چەندی بۆ تەخان کراوە؟ چەندیشی ماوە بۆ موستەقبەل؟ مودەی موتەوەقع بۆ خەڵاص بوونی پرۆژەی بەردەوام کەیە؟ خۆ پرۆژەی بەردەوام هەر ئەوە نیە تەسمیە بکرێ، ئیتر (ما لا نهاية) هەر بەردەوام بێت، چونکە هەست دەکەین کەوا زۆر لە پرۆژە بەردەوامەکان نە خاڵی دەستپێکردنیان لە بودجەکەدا دیاری کراوە، نە لە کاتی دیاری کراو بۆ کۆتایی هاتن، (على الأقل) کاتی تەخمینی دیاری کراو بۆ کۆتایی هاتنی، ئەوە بە لائیحەیەك ئاگاداری پەرلەمان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین موتابەعەی بکەین، هی دووەم: یەکێك لەو ماددانەی کە ئێمە پەسندمان کرد، مەوزووعی دروستکردنی قوتابخانەکان بوو، ئەویش پێویستە لەسەر حکومەت کەوا ئاگاداری، چونکە ئەوانە پرۆژەی ئیستیسمارین، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کرد کەوا کێ بیکات؟ موناقەشەکان زۆرتر لەسەر ئەوە بوون کە وەزارەت بیکات، بۆرد بیکات، بۆیە بەهەرحاڵ قەرارمان دا کەوا بۆردێکی بۆ دابنرێت، بەڵام هەم دیسان دیار نیە، نە کولفەی ئەو مەدرەسانە چەندە؟ چەند مەدرەسەی پێ دروست دەکرێ؟ تەکالیفی هەر وەحدەیەکی چەندە؟ لە کوێش دروست دەکرێ؟ حکومەت پێشی دەست پێکردنی ئەو پرۆژەیە، دوای ئەوەی کە وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی پەروەردە، ئەوە ئیتیفاقی لەسەر دەکرێ کە ئەو (120) ملیارە بۆ قوتابخانەکان، سەد و پەنجا بوو، یان بیست بوو، بکرێتە کار ئاگاداری پەرلەمانی پێ بکرێت، بۆ غەرەزی

موتابەعە، بۆ ئەوەی موتابەعەی لەسەر بکرێ، بزانین لە کوێ دروست کراینە؟ من تەئیدی گۆتنی کاك عبداللە دەکەم، پرۆژەکانی گەرمیان لە شوێنێکدا هاتیە، حکومەت ئاگادارمان بکات، پرۆژەکانی گەرمیان چین و لە کوێن؟ بۆ غەرەزی موتابەعە، لە لەو لائیحەیەدا بێت، چونکە نووسرایە تەحدید، یاخود تەخصیصی مەبلەغ ئەوەندە بۆ پرۆژەکانی گەرمیان، لەو تەوصیاتەی کە هاتووە دەڵێت: تەوحیدی هێزەکانی ئاسایش و دەزگاکانی تر، ئێمە لە موناقەشەی بودجەداین، من لەگەڵ ئەوە هیچ خیلافێکم نیە کە ئێمە ئیلزامی حکومەت بکەین تەوحیدی ئەو دەزگایانە بکەین، بەڵام ئەوەی کە لەو دانیشتنەدا مومکینە بوترێت، تەوحیدی میزانیەی ئەو دەزگایانەی کەوا بە دوو میزانیە هاتووە، ئینجا ئێمە بنود و قەوانینی ترمان هەن بەوەی کەوا دەبێ دام و دەزگاکانی کە مۆرکی دوو هەرێمیان پێوەیە یەك بخرێنەوە، ئەوا لەسەر پەرلەمانە بە دواداچوونی بۆ بکات، لێپێچینەوە بکات بۆ تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، من مەبەستم ئەوەیە نەك تەوحیدی ئەجهیزەکان لە بودجەدا، بەڵکو تەوحیدی میزانیەی دەزگاکان، چونکە ئەوە کاری ئێمەیە لەو دانیشتنە، ناوچە زەرەمەندەکان، من لەگەڵ ئەوەدام ماددەیەك بێت، نەچێتە تەصیاتەوە، ماددەیەك بێت ئەوەی کە ناگەرێمەوە سەری، ناوچە مەتەزەریرەکان، خوێندرانەوە ئەوانەی کە بە سەبەبی ڕاگواستن، بە سەبەبی شەڕ و بەسەبەبی کیمیاباران و ئەنفال، وەکو هەڵەبجە و گەرمیان و شارە حدودیەمان کە تووشی کاولکارییەکی زۆر هاتوون، پێشنیار دەکەم ئەوە ماددەیەك بێت، چونکە چاوەڕوان دەکرێ وەکو لە ئایندە ئێمە میزانیەی تەکمیلی و شتی وامان هەبێت، گرنگیتر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار برهان رشید، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من جارێ تەعقیبێکم هەیە لە بەڕێز قسەیەکی لێژنەی یاسایی، کاك عەونی بەزاز وتی: ئەوانە تەوصیە بێت، بەڕێزینە من وەك قانونییەك دەمەوێ هۆشیاری هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوە ڕاکێشم، تەوصیە هیچ قوەتێکی ئیلزامی نیە لە قانون دا، کە قوەتی ئیلزامی نەبێ، یەعنی حکومەت ئارەزووی خۆیەتی جێبەجێی دەکات یان نایکات، ئەگەر وایە، بانگی مەغریبی داوە بۆچی ئێمە ئەو خەڵکەمان لێرە مەحتەل کردووە و موناقەشەی دەکەین، لەبەر ئەوە یان بکرێ بە ماددەیەك، یان ئەگەر کاك عەونی قسەیەکی جوانی کرد، دەڵی: ناکرێ ئەوانە ماددەی میزانیە بێ، باشە با بە یەك مادده بڵێ: ئەو تەوصیاتەی لە مولحەقدا هاتووە، بەشێکی دانەبڕاوە لەو قانونە و قوەتی ئیلزامی هەیە، ئەگەر ئەوە سەرنجی بدەین، بەڕاستی تەوصیە بێ حەق نیە ئێمە ئەو خەڵکە ئاوا هیلاك بکەین، لەبەر ئەوەی ئیمامی عەلی دەڵێ: (لا خير في حكم لا نفاذ له)، بەڕاستی کە هیچ نەفازێکی نەبێ، ئەو خەڵکە بۆ هیلاك بکەین، هەندێ پێشنیار هەبوو، پێش (3/7)، پێش ئینتیخابات بڕیارمان دا ئەو پێشنیارانە بە ئەکسەرییەت

بڕیاری لەسەر بدات، یەکێك لەو پێشنیارانە، بڕینی ئەو چەند هەزارەیە، کە نزیکی (10) هەزار مووچەی کادیری حیزبیەکە لەسەر وەزارەتی مالیە مووچە وەردەگرن، مووچە خۆرن، بەڵام فەرمانبەر نین، فەرمانبەری دەولە نین، ئەوە لە هیچ شوێنێکی، لە هیچ جێگەیەکی دونیا نیە، بڕوا ناکەم لە سوریا و ئێرانیش کە لە پەنامان دان، کە نیزامی یەك حیزبی.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان ئەگەر ئیسباتت کرد یەکێك لەوانە، من ناڵێم نیە، ناڵێشم هەیە، ئیسباتت کرد بەڕێگەی یاسایی، خۆت دەڕۆی ئیسباتت کرد، دەبێ ببڕدرێت، ئەوە شتێکی نا شەرعییە، نا مەعقوولە، ناشبێت هەبێ، نامەنتیقیە، بەڵام ئەگەر ئیسباتت کرد بە رێگایەك ئا، بەڵام لێرە خۆی هەموو قانونێك دەڵێ: دەبێ شتی وا نەبێ، لە هەموو شوێنێك دەڵێ: شتی وا نەبێ، کە هەیە ئیسباتی بکە لە ڕێگەی لێژنەکەتەوە، تەقدیمی مەحکەمە بکە، شکات بکە لای، بەڵام لێرە ئێمە لە ناو میزانیە ناتوانین، جێگەی نیە، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوەی بەڵگە بە دەستمەوە، بەڵێ من سێ لیستم لەلایە بە مۆری وەزارەتی داراییەوە، دەتوانم بەیانی بۆت بێنم، دەتوانم بەیانی بۆت بێنم، ئێستا لە سەیارەکەمدایە، ئەوە یەك، دووەم: بە ئەکسەریت بڕیاری لێدرا کە مووچەخۆری حیزبی ببڕدرێ، وابزانم ئینکاریش نەکراوە، دووەم شت کە بڕیاری لێدرا پێش (3/7)، ئەوەبوو بودجەی ڕاگەیاندنە حیزبیەکان بـبڕدرێ، سەرگوڵ خان بوو وابزانم، ئێستا وتی: تەلەفزیۆنێك مانگێ (500) هەزار دینار وەردەگرێ، ئەوانی تریش وابزانم هەیانە، ئەوەش بڕیارمان لێی دا بە ئەکسەریەت بـبڕدرێ، پێش ئەوەش بڕیارمان دا مووچەی کادیرە حیزبیەکان کە موەزەف نین، مووچەخۆرن، ببڕێت، بڕیاری بە ئەکسەریت لێی داوە، حەق نیە یەعنی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمان صەرفی نەزەری لێ بکات، حەقە بە نەزەری ئیعتیبار وەریبگرێ، لەبەر ئەوەی ئیحتیرام گرتنی بڕیارێکی پێش وەختی خۆمانە، کە هەموومان، هەموو لیستەکان بە ئەکسەرییەتی دەنگ بڕیارمان لەسەر داوە، پرۆژەی حیزبیش هەر بڕیارمان لێ دا، مەڵبەندی قەرەچوغ و خانەقین و چەند بینایەکی لقی دوو، داواکارم بە نەصی ماددەیەکی تریش، دیسانەوە کەوا چوار، پێنج زەمیلم، ئەندامانی پەرلەمان وتیان: یاسای (4)ی 2006ی زیندانیە سیاسیەکان بکرێ بە ماددەیەکی سەربەخۆ، بەڕاستی مەزلوومن، نەك بەس بۆ مووچەکەیان، بۆ ئەو حقوق و ئیمتیازاتەی کە یاساکە پێیداون، یاساکە یاسایەکی ئیتیحادییە لێرە جێبەجێ دەکرێ، شتێکی تر هەیە، بەڕاستی من تەئیدی قسەکەی کاك دڵشاد دەکەم، نووسراوە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان دا، کارەبا بۆ (11) گوندی شارەزوور، بۆ (7) گوندی گەرمیان، تەسنیەی بکە بۆمان، بەیانی بچم بزانم کردووتە، ئەوەش حەقە لە پێشنیارەکاندا ئەگەر بکرێ بە مولحەقی یاساکەوە، بە یەك ماددە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

برای بەڕێز ئەو تەفصیلاتە نانووسی، تۆ لیجانت هەیە، (19) لێژنەت هەیە، بڕۆ تەعقیبی بکە، کەس ناتوانێ ڕێگات لێ بگرێ، ئێستا ئەو شتەی لەبەر دەستە، ئەو ماددانەی دەتەوێ ئیزافە بکرێ، نەصێك بنووسە، پێشکەشی بکە، دوو برادەر تەسنیەت بکات، دەخرێتە دەنگدانەوە، لەوە زیاتر نیە، خۆ لێرە دانەنیشتووینە مەحکەمە بکەین، یاسا دادەنێین، یاسای میزانیە، ڕجائەن لە ناو مەوزووعەکە دەرمەچن، هیچ یەکێك، بەڕاستی زۆر مەوزووع باس دەکرێ ڕەبتی بە میزانیەوە نیە.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم با کورت بکەمەوە، مووچەی کادیری حیزبیەکان و مووچەی ڕاگەیاندنە حیزبیەکان و پرۆژە.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، کاك شاهۆ سعيد کەرەمکە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعيد فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ قسەکانی کاك عمر نورەدینی، کاك کاردۆ، کاك برهانم، سەبارەت بەوەی کە تەعبیری تەوصیە بەکار نەهێنندرێ، چونکە ئەگەر تەعبیری تەوصیە بەکار بێنین، پەرلەمان لە دەزگایەکی تەشریعی و ڕەقابی مولزیمەوە دەکەین بە دەزگایەکی.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ڕجائەن، تەوصیات لە تەئریخی، لە عورفی پەرلەمانی ئێمە هەیە، تەوصیەیەکە، قوەتێکی ئەدەبی هەیە، ئەگەر حکومەت جێبەجێی نەکرد، لیجانەکان دەڕوات، لێی دەپرسێتەوە، ئەگەر سەبەبەکەی مەعقول نەبوو، ئینجا ئیجرائاتی خۆی لەگەڵ دەکات، بەڵام بڵێی لە دەزگایەکەوە دەگۆڕێ، شتی وا نیە، ماددەت هەیە، دەتوانی هەموو ماددەکان دانێی، تەوصیاتیش لە عورفی پەرلەمانی کوردستان، لە ڕۆژی دامەزراندنی تا ئێستا هەیە، لە پەرلەمانەکانی زۆربەی ئەو شوێنانەی کە ئاگاداری لەوێش هەیە، زۆر تەبیعیە تەوصیە، بەڵام ئەو شتەی بەلای جەنابت موهیمە، داوا بکە وەکو ماددەیەك ئیزافە بکرێت، ئەو بەڕێزانە قەناعەتیان هات، دەنگی بۆ دەدەن، بەڵام بڵێین تەوصیە ئیلغا بکەین، ئەوە لە جێگەی خۆی نیە.

**بەڕێز د. شاهۆ سعيد فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەگەر تەوصیەکان قوەتی ئیلزامیان هەبێ ئەوە بە بەندێك بنووسرێ، لە حاڵەتێکی وا ئەگەر ماددە بێ و تەوصیە بێ یەك شتە، ئەگەر هەردووکیان ئیلزامی بن، من لەگەڵ هەمان ڕاوبۆچوونی کاك کاردۆدام،

**كە هەموو ئەو دام و دەزگایانەی کە سیمای دوو ئیدارەییان پێوەیە، لە سەقفێکی زەمەنی دا، تەنها بودجەی کارمەندەکانی بدرێ، بودجەی ئەو دام و دەزگایانە نەدرێ، کە سیمای دوو ئیدارەییان پێوە دیارە، من بە هەمان شێوە ڕام وایە کە ماددەیەك، بە پێی ماددەیەك پرۆژە بەردەوامەکان ئیلزام بکرێن بەوەی کە تەعریفەکانیان دەقیق بێ، شوێنەکانیان دەقیق بێ، ئەگەر نا ئێمە ناتوانین موتابەعەی بکەین، جەنابت بە کاك بورهانت وت: تۆ دەکرێ موتابەعەی بکەی، خۆ دەبێ لەسەر ئەساسێك موتابەعەی بکەین، ئێمە پرۆژە بەردەوامەکان تا ئێستا ڕۆشن نیە بەلای ئێمەوە، تاوەکو ئێستا لە سایتی پەرلەمان و حکومەت دا بڵاو نەبۆتەوە، دەبێ ئێمە لەسەر ئەساسێك موتابەعەی ئەو پرۆژانە بکەین، بە هەمان شێوە من لەگەڵ ئەو جێبەجێ کردنی یاسای (4)ی 2006ی تایبەت بە زیندانە سیاسیەکانم و، بڕینی مووچەی کادیری حیزب و ئیعلامی حیزب لە حاڵەتێکی وادا، جەنابت زۆرجار پرسیارت دەکرد، بەڕێز وەزیری دارایی، کە ئایا لە تاقەی وەزارەتی دارایی دا هەیە؟ من لەو بڕوایە دام ئەگەر مووچەی کادیری حیزبیەکان و مووچەی ئیعلامی حیزب بگەڕێتەوە، ئەوە تاقەی وەزارەتی دارایی باشتر دەبێ لەو بارەیەوە، من لەگەڵ بووژاندنەوەی تۆڕی ئیجتیماعی و کاراکردنی تۆڕێ ئیجتیماعیم، حاڵەتێکی تر هەیە، ئەویش حاڵەتی سزادراوە سیاسیەکانە، وابزانم لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ فراکسیۆنەکانیشدا باس کرا، زۆر زۆر گرنگە پەرلەمانیش بە ماددەیەکی بودجە پشتگیری ئەو داواکاریە بکات، کە مووچەی هەموو سزادراوە سیاسیەکان بگەڕێتەوە، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار کوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من ئیزافەی چەند ماددەیەکم هەیە، لەبەر ئەوەی من تەجروبەیەکی باشم نیە لەگەڵ تەوصیاتی پەرلەمانی پێشوو لەگەڵ حکومەت، یەکەم: ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کە کادیر مووچەی نەبێ، بەڵام مادام پارە تەخصیص کراوە بۆ حیزبەکان، ئەی ئەو پارەیە بۆ چیە؟ بۆ ئەوەیە کادیرەکانی پێ بژێنێ؟ بۆ ئەوەی ئیعلامەکەی بەڕێوەبەرێ؟ بۆیە بە ماددەیەك بڕینی مووچەی کادیری حیزبی، بڕە پارەی تەرخان کراو بۆ ڕاگەیاندنەکانی حیزب و، ئەوە هەیە و بەرجەستەیە، بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوە ئەوە شتێك نیە نەبێت و پێویستی بە موستەمسەك هەبێت، پێشتریش کۆی ئەندامانی پەرلەمان، بە هەموو لیستەکانەوە، دەنگمان بۆی داوە، لەبەر ئەوەی حیزب ئێستا بودجەی خۆی هەیە، ئەوە بە تەنها بۆ حیزبێك و دووان نیە، بۆ سەرجەم حیزبە سیاسیەکان پێویستە مووچەی کادیرەکانی خۆی، ڕاگەیاندنی حیزبەکەی لەو بڕە تەرخانکراوەی کە بۆی دانراوە بە ماددەیەك، لەوە بیدات، ئێمە پێشتر دەنگمان داوە لەسەر بڕینی بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی مەلعەب شەعب، دیزاینی زانکۆی سایبس و، نەفەقاتی تەشغیلی و قوتابخانەی شوەیفاتی هەولێر، ئەوە تەبعەن لە تەوصیات نیە، ئەگەر بۆتە ئیلزامی و حکومەت**

دەیبڕێ، زۆر باشە، ئەگەر نا، حەقە بە ماددەیەك بنووسرێ، چونكە كۆی ئەندامانی پەرلەمان، كۆببوويين لەسەری، دەنگمان بۆی داوە، خاڵی سێیەم: بووژانەوەی تۆڕی كۆمەڵایەتی و كاركردن پێی كە لە پێشتر تەنها مانگێك ئەو پارەیەش دراوە، یەك مانگ لەو سەردەمەدا، كە بەڕێز جەعفەری سەرۆك وەزیرانی عیراق بوو، یەك مانگ ئەو پارەیە درا لە هەرێمی كوردستان، لە سەرجەم شارەكان، دوایی نەما، پێویستە ئەو تۆڕە ببووژێنرێتەوە، كاری پێ بكرێ، پێموایە لە كاتی موناقەشەكان دا، بەشێكی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان، بەتایبەتی ئەوانەی كە لە لێژنەی كۆمەلآیەتی بوون، قسەیان لەسەر ئەو مەسەلەیە كرد، هەروەها پشتگیری ئەوە دەكەم كە ئەو پرۆژانەی كە ناویان نیە، كاتیان نیە ڕێك بخرێنەوە، هەر وەك هاوكارەكانم باسیان كرد، بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێ........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، تكایە هەر پێشنیارێكت هەیە، بینووسە، بە صیغەیەك بینووسە، هەر بەڕێزێك پرۆژەی هەیە، پێشنیاری هەیە، ماددەیەك ئیزافە بكرێ، ماددە، ماددەكانیان صیاغەیەكی جوانیان بكەن، بە نووسین بینووسن، چەنكە ئاوا هەر تەواو نابێ، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیەكی تر: (جێبەجێ كردنی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006ی ئەنجومەنی وەزیران، تایبەت بە زیندانە سیاسیەكان)، پێنجەم: هەر ئەوەی كە بەڕێزان پێشی من باسیان كرد، لە كاتی موناقەشە كردندا بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا، كە ئەو هەموو مانگێك مووچەی ئەو كەسانەی كە سزای سیاسی دراون چۆتە وەزارەتەكانی خۆیان، هۆشداریشی داینێ كە ئەوە كاری پەرلەمانە، بچێ لەو وەزارەتانە موتابەعە بكات، بزانێ ئەو مووچانە چی لێهاتووە؟ بۆیە بە ماددەیەك ئەو مووچانە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەكانیان، چونكە هەموو مانگێك وەزارەتی دارایی صەرفی كردووە، چۆتە وەزارەتی پەیوەندیدار، لەوێ چارەنووسی نادیارە، كە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ خاوەن مافەكان، بدرێتەوە بە خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕای كاك عبدالله دەكەم، لەوەی كە لە پرۆژە بەردەواكان و پرۆژە پێشنیارەكراوەكان، ئێمە كات و شوێن بە دەقیقی دیاری بكرێ، لەبەر ئەوەی ئەوە بۆ موتابەعەكردن، ئەوە بە كورتی، هەروەها ئێمە

بەعزێ بڕگە و مادده دەنگمان بۆ داوە، كوێستان خان وابزانم ئێستا هەموو پێشنیارەكان دەخاتە بەردەست، هیوادارم كە ببێ بە بڕگەیەك، مادده، نا تەوصیە، لەبەر ئەوەی مادده دەبێ بە قانون و تەنفیز دەكرێ، هەروەها پرۆژە تایبەتەكان، ئەهلیەكان، ئێمە بە كۆی دەنگ، دەنگمان لەسەری دا كە هەمووی لابرێ، لەبەر ئەوەش ئەگەر بخرێتە، وەكو پێشنیار بنووسرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیام، فەرموو.

**بەڕێز پەیام أحمد محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من هاوڕام لەگەڵ هاوڕێكانم كە پێشتر ئەو پێشنیارانەیان كرد، تەئكید دەكەمەوە لەسەر ئەوەی یاسای ژمارە (4)ی زیندانە سیاسیەكان، كە ئەوە مینحە نیە، بەڵكە ئەوە بودجەیە، ئەویش بەڵگەكەیە لەبەر دەستماندایە، كە هاتووە، دەڵێ: كە دەكاتە (68) ملیار دینار، بە پێی ئەو بودجەیەی ساڵی 2010، دەزگای زیندانانی سیاسی عیراق، كە بریتی یە لە (400) ملیار دینار، دیارە ئەوە بەڵگەیە و ئاشكرایە كە ئەوە مینحە نیە، مووچەیە، ئەوەی زیندانانی سیاسی ئەگەر بكرێتە ماددەیەك و ئیزافە بكرێ، كە ببێتە شتێكی ئیلزامی، دوو: باسی ئەو پرۆژانە كرا كە پێشتر باسمان كردووە و خۆیشم هەر لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەختیت دا باسم كردووە، وتوومە: ئەو پرۆژانەی كە ناویان نیە، كە شوێنیان دیار نیە، یان ماوەكەی دیار نیە، وتی: بۆتانی دەنێرین و ئاشكرای دەكەین، دیارە تا ئەم كاتە پێمان نەگەیشتووە، هیوادارین ئەوەش شوێنەكان دیار بێ، ناوەكان دیارە، بۆ ئەوەی وەكو كاك دڵشاد وتی، ئێمەش بتوانین موتابەعەی بكەین، پێداچوونەوەی بۆ بكەین، ئەوەی كە باس كرا بۆ یەكگرتنی ئەو ئاسەواری دوو ئیدارەییە نەمێنێ، وەكو یەكگرتنی ئاسایش، هەروەها دیوانی چاودێری، دواتر: كاراكردنی تۆڕی كۆمەڵایەتی كە ئەوە چارەسەركردنی چەندین گیروگرفتی كۆمەڵایەتی دەكات لەلای ئێمەدا، هەروەها ئەوە وەكو پێشتر باس كرا، بەڵام دیارە نەخرایە ئەوەوە، ئەو پارێزگارانەی كە نەوتی تێدایە، بە پێی دانیشتووان ئەوە بووە كە یەك دۆلاری بۆ تەرخان بكرێ، دیارە ئەوە بۆمانی ئاشكرا بكرێ و دیاری بكرێ، ئەوانە كێ شمول دەكات؟ چۆن چۆنینە؟ هەروەها بودجەی پەرەپێدانی هەرێم و پارێزگاكانیش دیاری بكرێ، جگە لەوە كە خاتوو كوێستانیش باسی كرد، بڕینی مووچەی كادیرانی حیزب و ڕاگەیاندنەكانی حیزبی، هەروەها ئەو پارەیەی كە لە سزادانی سیاسی بڕاوە، مووچەكەیان بڕاوە، كە پێشتر وەزارەتی دارایی صەرفی كردووە بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان، ئەوانەیان داوە بەو فەرمانبەرانە، بەو پۆلیسانە، ئەوە بگەڕێتەوە و بۆیان تەعویز بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار حسن محمد، كەرەمكە.

**بەڕێز حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر بەکورتی یەکەم: پێشنیار دەکەم بە نیسبەت پرۆژە پێشنیارکراوەکان، حکومەت لە کات و شوێنی جێبەجێ کردنی ئاگادارمان بکاتەوە، وەکو پەرلەمان، بۆ ئەوەی پەرلەمانیش ئاگاداری لێژنەی پەیوەندیدار بکاتەوە بۆ موتابەعەکردنی، دووەم: بەڕێزتان دەزانن کە هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە لێژنەکان ماوەیەکی زۆر، هەروەها زۆر خۆیان ماندوو کرد بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێژنەکان، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ڕاپۆرتی لێژنەکان مولحەق بکرێ بە قانونەکە، بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی کەڵکی لێ وەربگیرێ، خاڵی سێیەم: بە نیسبەت پرۆژە بەردەوامەکان، پێشنیار دەکەم کە ئاگادار بکرێین کە چەندیان پارە لێ صەرف کراوە؟ چەندی ماوە؟ کەی تەواو دەکرێ؟ خاڵێکی تر: بە نیسبەت مەناتیقی موتەزەریرە کە لە پرۆژەکەی کە کاك عەونی خوێندییەوە، بە تەوصیات هاتووە، داوا دەکەم و دیارە ئەوە پێشنیاری زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بوو، کە بکرێ بە ماددەیەکی یاسایی، نەك بە تەوصیات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار نەریمان عبداللە، کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم هاوڕام، سەبارەت بەوەی کە ئەو خاڵانەی پەیوەندییان بە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی لە چەند دەزگایەك خۆی دەبینێتەوە، بکرێ بە ماددەیەکی یاسایی، لە تەوصیات بچێتە دەرەوە، ئەو یەکگرتنەوەش بەڕاستی ئێمە تا ئێستا وەکو ئەندامی پەرلەمان، کە نوێنەری خەڵکی خۆمانین، کاریگەرییەکی زۆری خستۆتە سەر بەڕێوەچوونی کاری حوکمڕانیمان، ناوبانگی حوکمڕانیمان، بۆیە لەو ڕۆژە بەدواوە، ئەگەر ئێمە موصادەقە بکەین لەسەر ئەو ماددانەی کە تایبەتە بە بودجە دابین کردن بۆ ئەو دەزگایانەی کە یەکتریان نەگرتۆتەوە، کەواتە هۆکاری یەکگرتنەوەکە ئێمە تیایدا بەشدار دەبین، پشتگیریمان کرد کە دوو ئیدارەیی بەردەوام بێ، بەڵام لە ئەنجامی دانیشتنمان لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دەزگاکان یەکیان نەگرتۆتەوە، بە تایبەتی هەردوو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، هێزەکانی ئاسایشی گشتی هەولێر و سلێمانی، لێپرسراوە یەکەمەکان بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە بودجەکەیان بۆ تەصدیق بکەن، ئێمە وەعدتان دەدەینێ لە ماوەی سێ مانگ دا، هەموو یەکگرتنەوەکان بکەین بە یەکگرتنەوەی فیعلی، نەك تەنها بودجە، یەکگرتنەوەی بودجەی یەکگرتنەوەی یاساکەیان، یەکگرتنەوە و تێکەڵاوکردنی فیعلیان، بۆیە ئەوە ڕەئی خۆیانە، بەڵام لە ماددەکە ئێمە بە شەش مانگ هێناومانە، ماددەکە لە دەرچوونی یاساکەوەیە، نەك لە $(1/1)$وە، ئەگەر بکرێ ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، تاریخەکەی بۆ دەستنیشان بکرێ بۆ $(1/1)$، ئینجا بوترێ شەش مانگ قەیناکە، بەڵام ئەگەر لەو بەروارەوە بوو سێ مانگیان بۆ بکرێ، کە ئەوە داواکاری خۆیانە، بۆ ئەوەی ئێمەش نەبینە بەشێك لە پشتگیری کردن لە بەردەوام بوونی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان، من قسەیەکی ترم هەیە لەسەر ئەوەی کە بە نووسراوێکی ڕەسمی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دا،

وەڵامی نووسراوێکی فراکسیۆنی ئێمە دراوەتەوە کە هەردوو دەزگای دیوانی چاودێری بە ناشەرعی لە قەلەم داوە، دەڵێ: ئەو دوو دەزگایەی لەبەر ئەوەی یەکیان نەگرتۆتەوە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، ڕجائەن، ڕوونمان کردۆتەوە سەد جار بۆتان، دەزگایەکمان داناوە، قانونی ڕەقابەی مالی لەو پەرلەمانە دەرچووە، کاتێ ئەو قانونە دەرچووە، گشت قانونەکانی تر کاریان پێ ناکرێت، سەرۆکی ئەو دەزگایە لە نزیکترین وەقت، کە داندرا لەو پەرلەمانە، ئێوەی بەڕێز دایدەنێن، ئینجا ئەو ئالیاتانەی کە هەیە دەکەونە کار بەو قانونە تازە، باشە برای من.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسراوێکی ڕەسمی لەلایەن جەنابتانەوە هاتووە، دەڵێ: ناشەرعیە و نوێشە نووسراوەکە، .........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی قانون، بەڵێ، بە پێی قانون ناشەرعیە هەتا وەکو دەست بەکار دەبن بە قانونە تازەکە، لە زووترین کات موەزەفی ئەو هەرێمەن، فەصل نەکراون، دەرنەکراون، راتبی خۆیان وەردەگرن، ڕەئیسەکەیان دادەنرێت، ئەو موەزەفانەی کە ئەمڕۆ لە هەموو کوردستان دەکەونەوە کار بەو قانونە تازەی کە تازە هەیە و بەو راتبەی کە ئێستا هەیانە، ئیحتیمالە زۆریشیان تەرفیع بکەن، زۆر سوپاس، ئێستا ڕێزدار کاك فرست موداخەلەیەکی هەیە، کەرەمکە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی برادەران باسی پرۆژەکانیان کرد، داوای ئەوەیان کرد کە وەکو نەصەکی قانونی لە ناو قانونی بودجە دابنێین، بۆ موتابەعەکردن، من بە ڕەئی من موحتاجی ئەوە نابێت، هەموو قەوانینی عیراقی ئەوەی پێش (1991) دەرچووبن، قەوانینەکانی عیراقی تەغتیەی هەموو ئەو مەجالاتانە دەکات، لەگەڵ ئەنزیمە و تەعلیمات، (نافذ المفعول)ن لە هەرێمی کوردستان، دەتوانن ئەوە بەجێ بێنن، هەر پرۆژەیەك مەفرووزە، ئەوە لە بەدیهیاتە، مەبلەغەکە دیار بێت، موددەکە دیار بێت، ئەگەر بە موقاوەلە بێت، ناوی مقاولیش دیار بێت، ئەگەر تەنفیزی موباشیر بێت لە دائیرەیەك، نەفسی شت، موددەش دیار بێت، دیار کرابێت، مەبلەغەکەش دیار بێت، ئەگەر هاتو دائیرەیەکی مەعنی ئیلتیزامی بەوە نەکردبێت، ئێمە وەك پەرلەمان حەقمان هەیە موتابەعەی بکەین، موحاسەبەش بکەین، نەصەکی صەریح لە ناو نیزامی داخلی هەیە، موحتاجی ئەوە نابێت ئێمە نەصەکی قانونی دابنێین، با ئەو نەصە بۆ جەنابتان بخوێنم، (یحق للجان الدائمة أن تطلب عن طریق نائب رئیس المجلس من الدوائر الرسمیة و المنظمات الجماهیریة و المهنیة تزویدها بالمعلومات التي تحتاجها لدراسة المواضیع المعروضة علیه)، چ مەوزووعەك بێت؟ (إذا إمتنعت الجهة المبینة في الفقرة أعلاه عن تزوید اللجان الدائمة بالمعلومات المطلوبة فعندئذ یتم إعلام رئیس مجلس الوزراء

بذلك عن طريق رئيس المجلس و في حالة عدم إجابة الطلب خلال خمسة عشر يوماً يعرض الموضوع على المجلس للبت فيه)، بە کتابێکی ڕەسمی لێژنەی مەعنی دەتوانێ داوای ئەو مەعلوماتانە بکات، موفاتەحەی مەجلیسی وەزیران بکەین، ئەگەر هاتو ئیستیجابەیان نەبوو حەقمان هەیە هەتا ئیستیجوابی وەزیری مەعنی بکەین، لەبەر ئەوە موحتاجی ئەوە نابن، ئێمە نەصێکی قانونی دابنێین بۆ ئەو ئیشانە، عەدای ئەو نیزامی داخیلیەش قەوانینی وەزارەتی تەختیتی عیراقی ئەوی (نافذ المفعول) لێرە ئەو شتانە هەمووی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ لەوێوە دەست پێ بکەم، لە قسەکانی کاك برهان، کە ناوی منی هێنا، تەبیعی ئەو تەوصیانە من بە تەنیا دام نەناوە، ئەوە بەڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی یاسایی ئەو تەوصیانەمان دانا، دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە تەوصیە وردەکارییە، ناکرێت بیکەینە ماددەیەکی قانونی، بەڵام ماددەکی قانونی بێت کە پێشنیار کراوە، قەواعیدی قانونیە، مولزەمە، تەحدیدی واقیعێك دەکات، یان حوکمی واقیعێکی قانونی موعالەجە دەکات، ئەوە بە مادده قانونی دەکرێ، تەوصیەش دەوری خۆی هەیە کە مەعلوومە لای جەنابتان، دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان سێ دەسەڵاتە، دەسەڵاتی تەشریعی، دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، دەسەڵاتی دادوەری، پەرلەمان ئیشی چیە؟ تەصدیق کردنی بودجە یەکەم کاری پەرلەمانە، دووەم: بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی یاساکان، سێیەم: موحاسەبەی حکومەت، لێرە ئەگەر پێشنیارێك کرا، یان قانونێك دەرچوو، ئەگەر حکومەت جێبەجێی نەکات، باشە ئیشی ئەندام پەرلەمان، لێژنەکان چیە؟ دەتوانن موتابەعەی مەوزووعێکی، وەك کاك فرست تەوزیحی کردەوە، ئەگەر هاتو حکومەت نەیکردەوە، بە موسائەلە بێ، بە هەر ڕێگایەکی قانونی بێ کە لە قانونی پەرلەمان و لە نیزامی داخلی پەرلەمان دیاری کراوە، دەتوانێ موحاسەبەی حکومەت بکات، بانگهێشت بکرێ بۆ پەرلەمان، موسائەلە بکرێ، ئیجرائاتی مەنحی سیقە و سەحبی سیقەی لێ بکرێت، ئەوە بە نیسبەت ئەوە، برادەرێك باسی ئەوەی کرد کە دەڵێ: یاساکە کەی ئیصدار دەکرێ؟ تاریخ ئیصداری نیە، نەخێر، لە لێژنەی یاسایی و دارایی پێشنیارمان کردووە، کە تاریخی (2010/1/1) ئیزافە بکرێ لەسەر قانونەکە، واتا قانونەکە لە (2010/1/1) ئیشی پێ دەکرێ، لە ڕاپۆرتەکەش هەروا هاتووە، ئەوە ڕای منە، برادەران ئەگەر تێبینیان هەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان لەسەر ئەو تەوصیە و ئەو ماددانەی کە پێشنیار کرا، ئیزافە بکرێ؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو تەوصـيانەی کـە ئێـستا بـاس کـرا، هـەمووی ئـەو تەوصـيانە بـەجێن، ئێمـەش وەکـو وەزارەتـی دارايـی، بەڕاسـتی پێمـان وايـە، ئـەو دەزگايانـە، جـارێ يـەك بگرێتـەوە، يـەعنی ئـەوە بـە نيـسبەتی دەزگاکانـەوە، ئيستيعجاليشـی تيـا بکـرێ، مودەکـەش زۆرە کـە بۆيـان دانـراوە، بـە تايبـەتی ديـوانی چـاودێری دارايـی، مەوزوعێکی تر هەيە زۆر ئيلحاحی لەسـەرناکرێ، يـان جاروبـار نـايێ ناوەکـانی، بـۆ مـەعلوماتی جـەنابتان، ئێستا دەزگای ميل لە سلێمانی سەر بە وەزارەتی داراييە، يەعنی ئەوە يەکێکە لەو موشکيلانەی کە من خۆم وەك وەزارەتی ماليە هەمە، لێرەش کەچی دەزگای ميل هەيە، ئەوە جێبەجێ کردنـی، ئـەوە يەکگرتنـەوەی، ئەوە دەبێت بۆ وابێت؟ بۆ هەتا وەکو ئێستا نەکرێ؟ تکامان وايە منـيش لەگـەڵ ئـەو خوشـك و برايانـە کـە داوايان کردووە ئەو دەزگايانە يـەك بگرێتـەوە، لـە ڕووی ئـەو ياسـايانەش کـە ئيزافـە کـراوە و کـاك عـەونی لەگەڵ تەوصياتەکان باسی کرد، ئێمە لەگەڵ هەر هەمووياننين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ياسايی ئەو تەوصيانەی هەتانـە، يـەك، يـەك بيخوێننـەوە، تکايـە تەوصـياتەکان بخـە ئـاخير، ماددەکانی ماوە با بەردەوام بين.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەو ماددانەی کە ماوە، لە مادده (24) لە پرۆژەکە ڕەقەمی (24) لەوێوە دەيخوێنمەوە:

- لوزير المالية و الإقتصاد إصدار التعليمات اللازمـة لتسهيل تنفيـذ أحكـام هـذا القـانون خـلال إسـبوعين مـن تاريخ إصداره.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش بچينە سەر ئەوە يەك تەصويتێك دەکەين، چونکە زۆر لەو بەڕێزانە پێشـنياريان کـرد، تەوصـياتەکان ببێتە ماددەيەکی قانونی، ئەو پێشنيارە دەخەينە دەنگدانەوە، پێشنيار کرا تەوصياتەکان ببێتە ماددەيەکی قـانونی، ببێتـە بڕيـار، ئيسـتا دەيخەينـە دەنگدانـەوە، کـێ لەگـەڵ ئەوەيـە تەوصـياتەکان ببێتـە ماددەيـەکی قانونی لە ناو پرۆژە ياساکە جێگير بێ؟ تکايە کێ لەگەڵ ئەوەيە ئەو تەوصياتانە ببێتە ماددەيەکی قانونی، قوەی قانونی هەبێ، ئيلزام بێ، لە ناو ماددەکە بـێ تکايـە دەسـتی بـەرز بکـات؟ (48) کـەس لەگـەڵ ئەوەيـە ببێتە ماددەيەکی قانونی، قوەی قانونی هەبێت و ئيلزام بێ، کێ لەگەڵدايە تەنها تەوصـيات بـێ و قوەيـەکی ئەدەبی هەبێ، تەوصيە بێ، ئيلزامـی قـانونی نـەبێ، تکايـە ئەوانـەی لەگـەڵ ئەوەنـە دەسـتيان بـەرز بکـەن؟ تەوصيەکان کە جوان دائەڕێژرێ قوەی قانونی هەبێ، بۆيە نابێتە تەوصيات، دەبێـتە بڕيار، بۆيە دەبێ زۆر بە جوانی دابڕێژرێتـەوە، حـازری بکـەن، بـە نووسـراو بمانـدەنێ، بـۆ ئـەوەی بـەيانی يـەك، يـەك تەصـويتی لەسەر بکەين، ئێسـتا کۆتـايی بـە دانيشـتنەکە دێـنين تـاوەکو سـبەی سـەعات (11)، بـۆ ئاگاداريتـان بـەيانی سەعات (8:30)ی بەيانی هەمووتان لە پەرلەمان بن، ڕوفاتی ئەنفالکراوەکان کە بۆ گەرميان دەيانبـەن، بـۆ

چەمچەماڵ دەیانبەن، لە ناو پەرلەمان لە پێشیان دەوەستین، رێز بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە سەر بەرزانە، تکامان لێتانە (8:30)ی بەیانی هەمووتان لە پەرلەمانی کوردستان ئامادە بن، خواتان لەگەڵ.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

ارسلان بايز اسماعيل
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**سێ شەممە رێکەوتی 13\4\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2010/4/13

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2010/4/13 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کـەرکووکی) سـەرۆکی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (4)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2010/4/13 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بـەردەوام بـوون لەسـەر گفتوگـۆ کـردن و بڕیـاردان لەسـەر پـڕۆژەی بودجـەی سـاڵی 2010ی هـەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەم هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێـدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (4)، ڕۆژی دانیشتن 2010/4/13، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمـەکانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (4)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکەوتی 2010/4/13دا بەم شێوەیە بێت:

بەڕێزان.

پێش بچینە فەقەرەی یەك و بەردەوام بین، ئەمڕۆ ڕۆژێکی دڵتەزێنە لە مێژووی میللەتەکـەمان، خوشـك و برایەکی زۆر منداڵەکانیان کـە ئـەنفال کـرا بـوون، لەگـەڵ دوو خوشـکی دوو گیـان، بۆیـە ڕێزگـرتن بـۆ ئـەو سـەربەرزانەو مەئسـاتی نەتەوەکـەمان دەقیقەیـەك رادەوەسـتین ئیحـتیرام بـۆ گیـانی ئـەو بەڕێزانـە، زۆر سوپاس.

ئێستاش دێینە سەر فەقەرە یەکی بەرنامەی کار:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر گفتوگـۆ کـردن و بڕیـاردان لەسـەر پـڕۆژەی بودجـەی سـاڵی 2010ی هـەرێمی کوردستان – عێراق.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی کەرەم بکەن بۆ شوێنەکانتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی دوێنێ پێشنیار کرا هەندێك لەو تەوصیاتانەی کە باسمان لێوە کرد، بکرێت بە ماددەی قانونی داخیلی پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ ساڵی 2010، ئێمە لە لیژنەی یاسایی دوای دیراسەت کردنی بابەتەکە لەگەڵ لیژنەی دارایی، ئەو ماددانەی کە ئیمکانە داخیل بێت لە ناحیەی قانونی کێشەمان بۆ دروست ناکات، قانون مەجال دەدات، ئێستا دەیخوێنمەوە ئیمکان دەبێت داخیلی پرۆژەکە بکرێتەوە، دوای خوێندنەوەی ماددەکان، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان رەزامەندیان لەسەردا با بخرێتە بەردەم بۆ دەنگدان لەسەری.

ماددەی یەکەم: یەکخستنی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز هەندێك نا، بڕیارماندا هەموو تەوصیەیەك، ئەگەر پەرلەمان پەسندی بکات ببێتە ماددەیەك لە قانونەکە، قوەی قانونی هەبێت، نەك بەشێکی، بەڵکو هەمووی، ئەوانەی لە پێشدا تەوصیە بووە لە راپۆرتەکان، ئەوە ئێستا حکومەت مولزەمە جێ بەجێی بکات لە بابی تەوصیە دەردەچێت، دەچێتە بابی ئیلزام، بەلاّم ئەوانەی ئەمڕۆ کە یەك، یەك دەیخوێننەوە، هەر کامی دەنگی هێنا، ئەوە قوەی قانونی دەبێتن، بەو شێوەیە دەنگماندا لەسەریان، کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە یەك یەك بیخوێنینەوەو رەئی قانونیشی لەسەر بدەین، هەتا ئیشکالاتمان بۆ دروست نەکات و وازیح بێت لەلای ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بە چ دەدەن، ئەگەر رەئی جەنابیشتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان چ قەرار بدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە، فەرموون، یەك، یەك بە تەئکید دەبێت بخوێندرێتەوەو وازیح بێت، ئەگەر موخالەفەی یاسایی نەبێت، بەڕێزێك، یان دوو بەڕێز لەگەڵی بێت قسە بکات، یان دژیەتی، قسە بکات، ئینجا دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ یەکخستنی بودجەی هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە سیمای دوو ئیدارەی پێوە دیارە لە ماوەیەکدا کە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات.

ئێمە بەباشی دەزانین ئەوە ببێتە ماددەیەکی قانونی داخیلی پرۆژەی یاسای بودجە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ خاڵی دووەم تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم/ لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە پاشکۆیەك ئامادە بکات بە پرۆژە بەردەوامەکان و بڕی پارەی تێچوو و شوێن و کاتی دەست پێ کردنی و تەواو بوونی پێشکەش بە پەرلەمان بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەگەر کەس قسەی لەسەر نییە، ئەویش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ خاڵی سێیەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تر/ زیاتر بایەخ بەو شوێنانە بدرێت کە زیانی زیاتریان پێ کەوتووە لە هەڵمەتی ئەنفال کردن، چەکی کیمیاوی، ئاوارە کردن و، ئۆپاراسیۆنی تری سەربازی و ئەو شوێنانەی کە پێویستی زیاتریان بە خزمەت هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەت هەیە، نوقتەی نیزامی هەیە، سێ کەس، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نەصە هەست دەکەم تۆزێك لاستیکییە، لەبەر ئەوەی دەڵێت بایەخی پێ بدرێت، بایەخەکە روون نەکراوەتەوە لە چی؟ کە ئێمە پێشتر قسەکانمان لەسەر ئەوە بوو، بایەخدانەکان لەو پرۆژانە بێت کە لابراون، یان کەم کراونەتەوە، ئەو پارەیە بۆ ئەو ناوچانە زیاتر سەرف بکرێت، ئەو بایەخدانە لاستیکیەو دیار نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ئیزافەیەکی بۆ ئێمە زیاتر مەبەستمان شوێنە ڕاگوازراوەکانە، کە ئەوانەی تەرحیلیان پێ کراوەو ئێستا گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، پێویستیان بە ئاوەڕدانەوەی زیاتر هەیە، لەبەر ئەوە شوێنە ڕاگوازراوەکانیش ئیزافە بکرێت، نەك ئاوارەکان، بەڵکو ڕاگوازراوەکان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عومەر کەرەم بکە.**

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە ماددەکە پێویستی بەوە هەیە دووبارە دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**(حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو گەیاندنی خزمەتگوزاری بایەخی تایبەت دەدات بەو ناوچانەی کە زیانیان پێ کەوتووە، بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفال و پرۆسەی زۆر ڕاگواستن و هەروەها چەکی کیمیاوی و تۆپبارانیش)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عومەر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی کە کاك عومەر باسی کرد، کە کاك عەونیش خوێندیەوە، دیارە فەرقێك لە تەرجمە کوردی و عەرەبیەکەدا هەیە، تەوصیەکە بە عەرەبیەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە، ئەگەر بفەرموون جەنابتان:**

**(اعطاء الاولوية في تنفيذ المشاريع الخدمية للمناطق اكثر تضرراً بحملات الانفال والاسلحة الكيمياوية والترحيل والعمليات العسكرية والاكثر حاجةً للخدمات).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوە باشە، کە باسی (اكثر تضرراً بحملات الانفال)، مەسەلەن مەنتیقەی گەرمیانە، قەلآدزێیە، هەڵەبجەیە، بارزانە، شوێنەکانی ترە، یەعنی ئەگەر ناو بێنین ناوەکان گەلێك زۆر دەکات، بەلآم بە حەقیقەت ئەمە دیار بێت، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ خاڵێکی تر تکایە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیار کراوە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006ی عێراقی تایبەت بە زیندانیە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ بکرێت.**

ئێمە ڕەئیمانوایە ئەوە ناکرێت بکرێتە ماددەیەك لە ماددەکانی بودجە، چونکە عیلاقەی بەوی نییە، بەڵام هەرچەندە پرۆژەیەکی تایبەت پێشکەش کراوەو، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەمەوپێش لەسەر ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رای لیژنەی قانونیمان دەربڕی لەسەر ئەو بابەتەو پێشنیارمان کرد، کەوا مەوزوعەکە ئاراستەی حکومەت بکرێت، چونکە ئیلتیزاماتی مالی تێدایەو ئینتیزاری وەڵامی حکومەت دەکەین بێتەوە، ئیعتیادی دەبێتەوە قانونێك لە کوردستان کاری پێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان لەسەر ئەوە تکایە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەروەکو پێشوو تریش باسمان کرد، ئێمە لاریمان نییە هەر بڕیارێك پەرلەمان دەیدات بۆ ئەوانە، بەڵام بە مەرجێك بگونجێت، ئەو یاسایەی کە ئێستا هاتووە، وابزانم پێشتریش هاتووە بۆ حکومەت، ئەگەر تەئکید بکرێتەوە لەسەر حکومەت، من خۆشم رادەگەیەنم بۆ ئەوەی کەوا بە پەلە وەڵامی پەرلەمان بدرێتەوەو لێرە عەرزم کرد لەلای بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم دوێنێ بە دەنگدان بڕیار درا چی پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەمە یەك.

دووەم/ شت قسەکانی جەنابت ئەم بەیانییە وازیح بوو، کە پێشنیار پێشنیار دەخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە ئێمە داواکاری بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باوەڕ ناکەم کەس لەو پەرلەمانە لەگەڵ ئەوە نەبێت، کە باری زیندانە سیاسیەکان بارێکی باش بێت، گوزەرانیان باش بێت، هەموو شتێکیان بۆ بکرێت، بەڵام ئێمە لەبەردەم قانونێکین کە قانونی ڕەقم (4)ـە لە بەغدا دەرچووە، ئەم قانونە قانونێکی ئیتیحادییە، ئەگەر بمانەوێت قانونێکی ئیتیحادی لێرە جێ بەجێ بکرێت، دەبێت پرۆژەیەك تەقدیم بکرێت بۆ ئینفازی ئەو قانونەو بێتە ئەو پەرلەمانە، ئەم پەرلەمانە قەراری لەسەر بدات، یاخود ئەوەتەیە دە ئەندامی پەرلەمان پرۆژە ئینفازەکە تەقدیم بکەن، بچێتەوە بۆ حکومەت، لەبەر ئەوەی عونصوری مالی تێدایە، دەبێ ڕەئی حکومەت وەربگیرێت، ئینجا بێتە ئەو

پەرلەمانە، ئێمە پەسندی بکەین، ناکرێت ئێمە بە ماددەیەکی قانونی لێرە بێینە ناو قانونێکی ترو، قانونێکی بەغدا لەناو موازەنەی عێراقی لێرە ئەو قانونە جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە رووی مالییەوە جەنابی وەزیر داوا دەکات دەڵێت با بکرێتن، بەلأم لە رووی یاساییەوە، دەمەوێتن رەئی لیژنەی یاسایی وەربگرم جارێکی تر، دوایی ناوتان دەنووسم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئێمە ئاگاداریمان لە نوقتەیەك بێت، ئەو پارەیە لە حکومەتی عێراقی تەرخان کراوە مینحەیە، ئەو پرۆژەیەی کە تەقدیمی حکومەت کراوە هەتا وەلأمی نەیەتەوە، ئێمە لەوەو پێشتریش هەر رەئی خۆماندا، ناکرێت ئێمە ئیشی لەسەر بکەین و داخیلی قانونی بودجەی هەرێمی کوردستان بکەین، هەتا رەئی حکومەت وەرنەگیرێت بە تەحدیدی، عەجەبە ئیمکانیەتیان هەیە ئەو پارانە بدەنەوە، یان نا، چونکە لەویّ وەکو گوتم بە مینحە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رێزدار کاك فرسەت موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئینفاز کردنی قەوانینی ئیتیحادی لە هەرێم دوو مەوزوع هەنە، یەکێکیان/ ئەگەر قانونێك بە موجیبی ماددەی (110)ی دەستووری ئیتیحادی دەرچوو بێت، کە سەلأحیاتی حەصری حکومەتی ئیتیحادییە، ئەوە تۆماتیکیەن لێرە نافیزی مەفعول دەبێتن، قەوانینی تر ئەوەی خارجی مادده (110) دەربچێتن، ئینجا لە زیمنی سەلأحیاتی موشتەرەك بێت، ئان غەیری ئەو بێت، مەفروزە قانونێك لە پەرلەمان دەربچێت قوەتی نەفاز بەو قانونە بدات، چونکە ئەگەر وا نەبێت مانای ئەوە دەزگایەکانی ئێمە هەر یەکێك بە کەیفی خۆی هەر قانونێك لە بەغدا دەربچێت حەزی لیّ بێتن تەنفیزی دەکات، حەزی لیّ بێتن تەنفیزی ناکات، لەبەر ئەوە لازمە مەرجەعیەتێك هەبێتن، مەرجەعیەتەکەش پەرلەمانە، راستە، بەس بۆ ئینفاز کردنی قانونێك، لازمە قانونێك دەربچێت، نەك ماددەیەك لەناو قانونێکی تر دەربچێت عیلاقەتی لەگەڵ نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئەو روون کردنەوەی رێزدار کاك فرسەت کافیە، بۆیە دەچینە خاڵێکی تر، نایخەینە دەنگدانەوە، موخالەفەی قانونی ناکەین، ئەوە روونی دەکاتەوە، تکایە لە جێی خۆت قسە نەکەیت، رجائەن، بڕۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕینی مووچەی سەرجەم کادیرە حزبییەکان، کە لە حکومەت مووچە وەردەگرن و فەرمانبەری حکومی نین، بخرێتە سەر بڕە بودجەی تەرخان کراو بۆ حزبە سیاسیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئیتان لیژنەی یاسایی لەو بڕگەیە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە کە ڕەبتی بە مووچەی کادیرە حزبییەکان و ئیعلامەوە هەیە، ئەو ڕاگەیاندنانەی کە پارە وەردەگرن، ئەمە پێویستە بە پرۆژەیەکی تایبەت بێتە پەرلەمان و قسەی لەسەر بکرێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوسا دەنگ دەهێنێ، یان نایهێنێ، ئەمە جێی لەناو میزانیەدا نابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە ئەو بڕگەیە دەخوێنمەوە کە بەو شێوەیەی جەنابتان ئاراستەتان کردووە، دوای وەرگرتنی مولاحەزات، بڕینی مووچەی سەرجەم کادیرە حزبیەکان کە لە حکومەت مووچە وەردەگرن و فەرمانبەری حکومی نین و عینوانیان نییە، بخرێتە سەر بڕە بودجەی تەرخان کراو بۆ حزبە سیاسیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

با ئەو موقتەرەحەی هاتووە بە ئیزافەی عینوانییان نییە، عینوانی وەزیفیان نییە، دەخەینە دەنگدانەوە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ پێشتر ئەمە دەنگدانمان لەسەری کردووە لە تەوسیاتەکاندا کە مووچەی هەموو کادیرێکی حزبی ببڕدرێت، دەنگدانمان لەسەر ئەوە کردووە کۆی ئەندامانی پەرلەمان دەنگمان لەسەر ئەوە داوە لە تەوسیاتەکانی پێشوو، کە بڕە بودجەی تەرخان کراو بۆ ئیعلامی حزبەکان ببڕدرێت، تەبعەن لەڕووی یاساییەوە نابێت دەنگدانی لەسەر بکرێتەوە، ئەمە کە بۆی زیاد دەکرێت کە ئەوەی عینوانی نییە، ئەو عینوانانە وەهمین، من مووەزەف نیم، ئەسڵەن شەهادەم نییە، نەخوێندەوارم پلەی مدیری تەنفیزیان داومەتێ لە بەڕێوبەرایەتی ڕێکخراوەکان، ئەمە عەفوم بکەن فێڵێکی قانونیە کراوە، لەبەرئەوە دەبێت کە ئەو حزبە بڕێکی بودجەی بۆ دانراوە، پێویستە لە بودجەی خۆی پارە بدات بەو کادیرەی خۆی، پێشتر کە

ئەمە كراوە، لەبەر ئەوەی بە یاسایەك بووە، یان لە بودجەدا دەست نیشان نەكراوە كە ئەم حزبانە بودجەیان هەیە، بۆیە ئەمە كراوە، ئێستا كە تۆ بە ماددەی 19 لەم یاسایە هەموو حزبێك بودجەی خۆی هەیە، پێویستە بەكاری بهێنێ بۆ ژیاندنی كادیرەكانی، بۆ بەڕێوەبردنی ئیعلامەكەی، دەنگمان لەسەری داوە، بەپێی یاسا نابێت دەنگی لەسەر بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورن، من یەك لەوانە بووم كە بودجەكەمان خوێندەوەو موناقەشەمان كردووە، من یەك بڕگەم نەدیت لەناو بودجە نووسرابێت ئەوەندە پارە دەدرێت بە كادیرانی ئەو حزبە و ئەو حیزبە، بۆیە كە شتێك لەناو بودجە نەبێت، من دەبینم و نازانم موبەریر چیە كەوا داوا بكەین بۆ شتێك كە نییە، ئەمەی كە دەوترێت خەڵكێك هەیە حزب دایناوە لێرەو لەوێ بەناوی موبەتەن، ئەمە عیلاقەتی بە بودجە و بە قەرار نییە، ئێمە لیژنەمان هەیە با بچین و من لە گەڵ ئەوانم، كە ئەم جۆرە شتانە نەمێنن، بەڵام ئێمە كە لێرە تەوسیات دەنێرین لەسەر بودجەیەك حكومەت پێشكەشی كردووە، داوا دەكەین بڕگەیەك لە بودجە دەربكرێت، كەچی بڕگەكە ئیشارەی پێ نەدراوە، من تەسەور دەكەم هیچ عیلاقەی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، موقتەرەحەكە بەبێ ئیزافەی عینوانیان نییە، دەخەینە دەنگدانەوە، بیخوێنەرەوە وەكو ئەسڵەكەی، كەرەمكە كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕینی مووچەی سەرجەم كادیرە حزبیەكان كە لە حكومەت مووچە وەردەگرن و فەرمانبەری حكومی نین بخرێتە سەر بڕە بودجەی تەرخان كراو بۆ حزبە سیاسیەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە كە ئاوا بمێنێ دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، (45) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵ دانییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، (55) كەس لەگەڵدا نییە، ئەوە وەرنەگیردرا، برۆ بۆ بڕگەیەكی تر تكایە، كەرەمكە كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(بووژاندنەوەو كاراكردنی تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی).

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە لیژنەی یاسایی دیراسەتی ئەو بابەتەمان کرد، لەبەرئەوەی ئەوە تەبیعاتی مالی لەسەردایەو، بودجە تەواو بوو ناکرێت ئیلتزاماتی نوێی مالی بخەینە سەر حکومەت، لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوە دانین و ئەوە جێ بەجێ ناکرێت، بەتایبەتیش قانونی ریعایەی ئیجتماعی هەیە، دەتوانین بە پرۆژە تەقدیمی پەرلەمان بکرێت، ئەگەر ویستمان زیادە بکرێت لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو پێشنیارە یەك کەس دیفاعی لێ بکات و یەك کەس دژی بێت، ئینجا دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، جاری پێشوو بیدایەت کە ئێمە داوامان کرد بودجە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت خرایە دەنگدانەوەو رەفز کرا، کە جاری دووەم بەڕێز کاك شێروان حیدری و کاك........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە نیزامیەکەتم پێ بڵێ، چاوەکەم، کاکە نیزامی نییە، فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جاری دووەم کە کاك عمر و کاك شێروان و مەجموعەیەك برادەر داوایان کرد، گوتت خراوەتە دەنگدانەوە، نەتخستە دەنگدانەوە، مەوزوعی بڕینی کادیری حزبی ئەگەر سەیری جەدوەلی ئەعمال بکەی من لە جیاتی جارێك دە جار تەئکیدات دەدەین بە بەڕێزتان، چوار، پێنج........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئەوە پەرلەمانە و دەنگ دەدات، رجائەن دانیشە، بەڕێزان ئەو فەقەرەیە بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی یەکێك دیفاعی لێ بکات و ئەگەر موخالفە بوو، ئەو وەختە دەنگ نەدات، کەرەمکە کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بووژاندنەوەو کاراکردنی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تەئیدی دەکات، کەرەم بکە کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیە، لە مەرکەز هەیە ئەمە و ئەم پارەیە نێردراوە بۆ هەرێم، پێشتر تەنها یەك مانگ لە هەرێمی کوردستان دراوە، بڕەکەی 100 هەزار بووە، ئەو کاتەی کە بەڕێز جەعفەری

سەرۆکی وەزیران بووە، مانگێك دراوە بە ئەو کەسانەی کە شمولی ئەمە ئەکەن، دیارە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك، کۆمەڵێك خەڵك بەبێ دانانی کۆمەڵێك پرنسیپ و ئەوانە، کۆمەڵێك خەڵك بەناوی هەژار و بێوەژن و پیرو پەککەوتە نووسراون کە پارەیان ئەدرێتێ، ئەم تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیە ئەمە رێك ئەخاتەوە، ئەوەی کە مەشمولەو پێویستی پێیەتی، رێکی ئەخات، جگە لەوەی ئەو پارە کەمە کە ئێستا هەیە سی هەزار دینارە، بێوەژنی وا هەیە 5 منداڵی هەیە، هیچ مەصدەرێکی تری مەعیشی نییە، 30 هەزاری هەیە، کچی وا هەیە چوویتە تەمەنەوەو هیچ کەسی نییە بەخێوی بکات، لە ماڵێکە، یان لە شوێنێکە 30 هەزاری هەیە، بە هەمان شێوە پیاوی وا هەیە ژنی نییەو خوشکی نییە و برای نییە، مانگێ 30000 هەیە، کە ئەمە نایژینێت، بڕێکی زۆر کەمە، لە پەنا ئەوەشدا رەنگە، ناڵێم وایە، رەنگە کۆمەڵێ خەڵکی نا موستەحەق نووسراوە، تیایتی هەندێ بە هەندێ تەزکیەی تایبەت 500000 هەیە، کە موستەحەقیش نییە، وەکو ئەوەی کە 30 هەزاری هەیە، بۆیە ئەگەر ئەم تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایتیە کاری پێ بکرێت، موستەحەق و نا موستەحەق لە یەك جیا ئەکاتەوە، کە ئەوەشی موستەحەقە بڕێکی وای ئەدەیتێ کە پێی بژی، کە لایەکی لێ بکاتەوە، من پێموایە 100 هەزارەکەش کەمە، بەڵام 30 هەزار بەڕاستی رۆژانەی منداڵی هیچ یەکێك لە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەنگی موخالیفی هەیە بۆ ئەوە؟، کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزان قسە دەکەم، وەکو ئەندامی پەرلەمانیش، بووژاندنەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی، من وەکو وەزیری کۆمەڵایەتی نازانم مەعنای چیە؟ چبکەم.

دووەمیان/ تۆڕی کۆمەڵایەتی لە عێراق لە هەلومەرجێك هاتۆتە کایەوە لای ئێمە، من تەئیدی زۆر لە قسەکانی کوێستان خان دەکەم، ئەو کەموکوڕییانەی تێدایە.

سێیەم/ بەحەقیقەت ئێمە لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەت خەریکین ئەم بوارە تۆزێك هەڵسێنین، بەشێوەیەکی رێکوپێك پرۆژە پێشکەش بکەین، بۆیە من تەسەوەر دەکەم، یەك/ ئەم جوملەیە هیچ ئیزافە ناکات و هیچ ئیلتیزامێك ناکات و هیچ گۆڕانکارییەك ناکات، دوو/ ئەم تەفاصیلە، ئەمە و تەفاصیلی تریش پێویستیان هەیە لە موناسەبەیەکی تر قەرار لەسەری بدرێ، بەڵام ئەوە ناکرێت لە هی بودجە، بۆیە من تەصەور دەکەم ئەمە نەتەئسیری دەبێت و نە فائیدەی دەبێت، من بۆیە دژم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان گوێتان لێ بوو، دوو ڕەئی هەبوو، یەکێکیان تەئیدی دەکات، ئەوەی تر موخالیفە، ئێستا کێ لەگەڵە وەکو ئەو، توخوا کاک عەونی ئاخیر جار بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بووژاندنەوەی کاراکردنەوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (40) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (52) کەس لەگەڵدا نییە، بۆیە ئەمە ڕەفز کرا، بۆ خاڵێکی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بڕینی سەرجەم ئەو گوژمە پارانەی کە بۆ ڕاگەیاندنی پارتە سیاسیەکان تەرخان کراوە).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵیدا؟، یەك بەڕێز دیفاعی لێ بکات و یەکێکیش دژی بێ، ئەگەر هەبێ، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناحیەی قانونی ئەوە جێگای لە یاسای بودجە نابێ، ئەگەر ئیمکان بوو لە موستەقبەل پرۆژە یاسایەك پێشکەشی پەرلەمان بکرێ، دەتوانین موعالەجەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە پێشتر لە بڕگەی تەوصیات دەنگی لەسەر دراوە، ئەوە یەك.

دوو/ پێشتریش دەنگ درا کە تەوصیاتەکان ئیلزامی بن بۆ حکومەت.

سێ/ مادام حزبەکان بودجەیان لە حکومەت وەردەگرن، کەواتە بودجەی ڕاگەیاندنی حزبی دەبێ لەسەر بودجەی حزبەکان بێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئی کادیرەکان و دەزگای ڕاگەیاندنەکانیش ببڕێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەوصیات ئەوە تازە لەبەر دەستمانە و دەنگ دەدەین، ئەوانەی لە پرۆژەکان هاتبوون لە پێشدا، ئەوانە بوون، کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لێرە کە قسە ئەکەین، یەعنی ئەمە تەسەور دەکەم قسە کردنێکی زیاد بێ، چونکە پرۆتۆکۆڵ هەیە، دەتوانین بگەڕێینەوە سەری، راگەیاندنی پارتە سیاسیەکان و کادیرەکانیان بەکۆی دەنگ دەنگی لەسەر دراوە، بەڵام ئەوە پێش $3/7$ بوو، ئەگەر لە دوای $3/7$ شتێك گۆڕاوە ئەمە فەرق دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر شتێك پێشتر دەنگی لەسەر درابێ جێگیر بووە، بۆیە لێرە نەخرێتە دەنگدانەوە، کاك عەونی کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر تەوصیات بوو لە کاتی موناقەشە کردنی بودجەکە، ئێستا موناقەشەی قانونی بودجەی دەکەین، بابەتەکان جیاوازە، ناکرێ ئەو بابەتە لەیاسای بودجە جێگیر بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەگەڕێنەوە پرۆتۆکۆلەکان کەلیمە بە کەلیمە، جوملە بە جوملە بە ئامانەتەوە دێتە سەر کاغەزو ئیشی پێ دەکرێ، کاك دڵشاد کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو مەبدەء لەسەر ئەوەی کەوا هیچ تەخصیصاتی تر بۆ هیچ بوارێکی کاری حزبی، چ بۆ موخەصەصات، یەعنی مووچەی کەوادر، چ بۆ دەزگای راگەیاندن لە غەیری ئەو بڕە میزانیەی کە بۆ حزبەکان تەرخان دەکرێ، بەپێی یاسا بێگومان هەموویان دەچێ، بەڵام ئەم مەسئەلەیە تەحقیقی دەوێ بە دیتنی من، پێداچوونەوەی دەوێت، راگەیاندنی حزبی چیە؟ کێیە؟ چۆن ئیسپات دەکرێ کە ئەم راگەیاندنە حزبیە بڕی پارە وەردەگرێت؟ کامانەن ئەو دەزگایانە کە تەسمەیە دەکرێن؟ من کە شەوێ بە دیاری تەلەفزیۆنەکان دائەنیشم، من بەش بە حاڵی خۆم نازانم کامە حزبیە و کامە غەیری حزبیە؟ چونکە هەمووی نەفسی وەتیرە لێ دەدات، ئینجا بۆیە من دەڵێم دەبێت ئەم مەسەلەیە تەدقیق بکرێت، بە پرۆژەیەك رێك بخرێت، ئەگینا من تەسەور ناکەم کەسێك وەکو مەبدەئ لەگەڵ ئەوە بێت لە غەیری ئیستحقاقی حزبەکان لەزیمنی میزانیەی خۆیاندا شتێکی تر بۆ حزبەکان بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(بڕینی سەرجەم ئەو گوژمە پارانەی كە بۆ ڕاگەیاندنی پارتە سیاسیەكان تەرخان كراوە).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، (44) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، (53) كەس لەگەڵدا نییە، بۆ فەقەرەیەكی تر كەرەمكە كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(گەڕانەوەی مووچەی سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی كە سزای سیاسی دراوە).

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، هەموومان ئاگامان لێیە كە سەرۆكی هەرێمی كوردستان لیژنەیەكی تەحقیقی داناوە، بۆ ئەو مەبەستە بەدواداچوونی كێشەكە دەكات، ئێستا ناكرێت لە یاسای بودجە باسی ئەوە بكرێت، چونكە نازانین ژمارەیان چەندە؟ كێنە؟ فەرمانبەرن؟ یان فەرمانبەر نینە؟ لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین كە ئەوە بكرێت بە ماددەیەكی قانونی لە پرۆژەی بودجەی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر سەحبی نەكەن، مەجبورین، یەكێك لە گەڵی بێت و یەكێك دژی بێت، كاك زانا كەرەمكە.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمه كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەو كەسانەی كە ئێمە باسیان دەكەین وەكو سزای سیاسی دراون، ئەوانەی كە قسەمان لەسەریانە سەرجەمیان فەمانبەری حكومین، لەڕۆژی وازهێنانیان، یاخود نەهێشتنیان بۆ چوونە سەر دەوامەكانیان، بەشێكیان بە بڕیاری زارەكی دوور خراونەتەوە، بەشێكیان بە نووسراو دوور خراونەتەوە، كاتێكیش كە ئیسپات بوو ئەمانە سزای سیاسی دراون، ئەمانە مافی خۆیانە هەمان ماف و ئیمتیازاتی خۆیان وەربگرنەوە، ئەو مووچەیەی كە هەیانە دیارە گلدراوەتەوە، لە خزێنەی حكومەتدا دەبێت گلدرابێتەوە وا ئیفتراز دەكرێت كە گلدراوەتەوە، بۆ ڕێكخستنەوەی ئەو حاڵەتەش كە ئێمە بەشێكیش لەوان گەڕاونەتەوە بە فیعلی كە لەبەردەستمانە بە مووچەكانی خۆیان، كەواتە لێرە لەبەردەمی گلدانەوەی پارەیەك داین كە حكومەت تەرخانی كردووە لە نەفەقاتی تەشغیلی لە زیمنی ئەو پارەیەی كە بۆ فەرمانبەران تەخصیص كراوە، كاتێك كە لیژنەكان دروست كراون، ئێمە دەستخۆشی لە هەموو ئەو جیهەتانە دەكەین، كە كار دەكەن لەسەر ئەوەی كە گەڕانەوەی مافی ئەو كەسانە، چونكە ئەمە پرسێكی ئینسانیە بەدەر لەوەی كە

بەرپرسیاریەتێکیشە لە هەمان کاتدا کاتێك کە تۆ فەرمانبەرێك دەگەڕێنیتەوە سەر وەزیفەکەی خۆی، لە هەمان کاتدا مەفروزە هەمان ماف و ئیمتیازاتیشی بۆ بگەڕێنیتەوە، کە بە هۆیەك لە هۆیەکان لێی زەوت کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدا نییە و کەس ڕەئی موخالفی هەیە؟ نییە، ئێستا لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(گەڕانەوەی مووچەی سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە سزای سیاسی دراوە).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(هەموو ئەو گوژمە پارانەی کە بۆ کەرتی تایبەت تەرخان کراون ببڕدرێن و بکرێنەوە بە پرۆژە لە هەمان پارێزگا).

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە ماددەیەکی قانونی لەوەی پێشتر دەنگمان لەسەریدا، دووبارە ناتوانین ئەوە پەسەند بکەینەوە، چونکە تیکرار دەبێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەی قانونی دەنگتان بۆ داوە؟ مولاحەزەت هەیە کەرەمکە کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕوونکردنەوەی کاك عەونی باسی دەکات، بەڵێ، زۆر ڕاستە ئەو پرۆژانەی کە قسەی لەسەر بوو پرۆژە تایبەتەکان خرانە دەنگدانەوە، بەلام ئەوەی کە دەنگی هێنا لابېردرێت........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناکرێت ئەمە، جەنابت ئەندامی پەرلەمانی دوو دەورەیە، شتێك دەنگی بۆ درابێتن بە ئێستا لانابردرێت، تەواو بوو، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**با قسەکەم تەواو بکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز کاك عەونی دەڵێت دەنگی لەسەر دراوە، بەڵێ باشە دەنگی لەسەر دراوە، ئەم پڕۆژە تایبەتانە راستە دەنگی لەسەر دراوە، بەلام سیانیان دەنگی هێناوە کە لابردرێت، لەبەرئەوە ئێمە دەبێت بە وازیحی، من دەپرسم لە وەزیری دارایی مولزەمن ئەو سێ......... .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوە پەرلەمانە و واجبیەتی موراقەبەی بکات بە جدی دەبێت لابدرێت، مادام دەنگی لەسەر دراوە جارێك، ئێستا دەنگتدا، نەیهێنا، ئەوجا دەبێت چاکی بکەیتەوە، ئەوە یەك جار بڕواتەوەو خەلاس، ئەوەش ناخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسایی بۆ خاڵێکی تر، کاك عەونی فەرمو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیاری تر نەما ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پڕۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان، کە لە ماددەی (24) راوەستا بووین، رەقمی پڕۆژە یاساکە لێرە (24)ە، دەیخوێنمەوە بە زمانی عەرەبی.**

**المادة الرابعة والعشرون:**

**لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون خلال اسبوعين من تاريخ اصداره.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**نوقتەیەکی نیزامی هەیە، کاك عبدالله فەرموو.**

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە دوێنێ پێشنیارێکمان کرد کە فەترەیەکی زەمەنی بۆ چارەسەر کردنی ئەو کەموکورتیانە دابندرێت، بۆ نموونە بوترێت لە ماوەی مانگێکدا، ئەم پاشکۆیە بنێردرێتە پەرلەمان، بۆیە داواکارم ئەو فەقەرەیە زیادبکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی رەئیتان لەو بابەتە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو تەوسیاتانە کە پێشنیار کرا بە ماددەی قانونی و ئەوە حوکمی ئیلزامی هەیە لە قانونەکە جێگیر بوو و دەبێت حکومەت جێ بەجێ ی بکات.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.ڕۆژان كەرەمكە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 24 بە پێی دەقی ئەو پرۆژەیەی كە لەلایەن حكومەت هاتووە:

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچوێنێت بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی حەكمەكانی ئەم یاسایە لەماوەی دوو هەفتە لە مێژووی دەرچووانەنیەوە،

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕەئی لیژنەی دارایی چیە؟ كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆچوونا لیژنا دارایی و لیژنا یاسایی بەڤێ ڕەنگیە:

على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، لاسيما لتحديد صلاحية الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز 15 يوما من تاريخ نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو (لاسیما)یە زیادە تا ئێستاش لە هیچ یاسایەك دا بەو شێوەیە نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەیەكی نیزامی هەیە، كاك رفیق كەرەمكە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی پرۆژە یاسای بودجە كاتێ پەسەند دەكرێت لە 2010/1/1 ەوە جێ بەجێ دەكرێت، كاتێك دەڵێین 15 ڕۆژ نزیكەی 4 مانگمان تێپەڕاندووە بەسەر......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان كەرەمكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماوەی ئەو دوو هەفتەیەی کە لە دەقەدا هاتووە بۆ ئەوە پێشنیار کراوە بۆ ئەوەی لەبەرواری دەرچوواندن و پەسەندکردنی یاسایەکە، بەڵام یاسایەکە لە 1/1 ەوە جێ بەجێ دەکرێت، ئەوە ئەگەر دەنگی هێنا ئەو ماددەیە، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە لەلایەن وەزیری دارایی کراوە تەنها ئەوە جەوازیە دەقی پرۆژەکەی کەلەلایەن حکومەت هاتووە، دەڵێ وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە، ئێمە دەمانەوێ بیکەینە وجوبی و شتەکە ملزەم بێت، بڵێین پێویستە ئەو ڕێنماییە دەربکات لە جەوازی بیکەینە وجوبی، گۆڕانکاریەکە تەنها ئەوەندەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لیژنەی دارایی بە بێ (لاسیما) بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بەڕێزان ڕەئیان لەسەری هەبێت.کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونا لیژنا دارایی و لیژنا یاسایی بەڤێ ڕەنگیە:

على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، لتحديد صلاحية الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز 15 يوما من تاريخ نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان قانون شتێکی رۆتینیە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس.

کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة25

لا يعمل بأى النص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟.

**بەڕێز د.ئاراس حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕامان وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو ماددەیەش زۆر یاساییە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس.

کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کاك عونی فەرموو.

ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة26

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە لای لیژنەی یاسایی و دارایی پەسەندە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر کەس قسەی نیە لەسەری دەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 27

ينشر هذا القانون فى الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ويعتبر نافذا اعتبارا من / / 2010.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر کەس قسەی نیە لەسەری دەیخەینە دەنگدان، لێژنەی دارایی کەرەمکەن، د. ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو ماددەیە پێشنیاری زیادکردنی بەرواری 2010/1/1 دەکەین بۆ ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەگەڵ ئەوەی کە بەرواری 2010/1/1 ئیزافە بکرێت بۆ ماددەکە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، نوقتەی نیزامیت هەیە کەرەمکە کاك د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددانە کوردیەکەیان نەخوێندرایەوە، دەبوایە کوردیەکەش بخوێندراباوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکەی کراوەتە ئەساس، چونکە بە عەرەبی بۆمان هاتووە تەرجومەی کوردی کراوەتەوە، شتێکی زۆر ڕۆتینیشە ئەو ماددانە، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەو بابەتە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیار دەکەین سەرۆکایەتی تەخویلمان بکات بە ڕێك کردنی ڕەقەمەکانی یاساکە، چونکە بە ئیزافە کردنی ئەو ماددانە ڕەقەمەکان گۆڕاون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست بە تەخویل ناکات، ئەرکی ئێوەیە ڕێکی بخەن بە پێی پرۆتۆکۆڵ و لەگەڵ سکرتاریەتی پەرلەمان، ئێستا گشت پرۆژەکە لە بیدایەت تا نیهایەت بە کۆ دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ هەمووی تەسویت کراوە ئەو بەڕێزانەی بۆ هەندێك شت دەنگتان نەداوە ئەگەر پێتان خۆش بێت دەنگ نادەن، ئەوەی دەنگی داوە دەتوانێ دەنگ بدات، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ 72 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ 33 کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، زۆر زۆر دەستتان خۆش بێت، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز کە هەمووتان بەجدی کارتان کرد، بە دڵسۆزی و بە دڵپاکی هەموو نیتەکان ئەوە بوو کە چاك بکرێت، هەڵەکان لادراو کەم و کورتیەکان لادرا، شتی باشتان ئیزافە کرد، ئەمە سەربەرزیە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ نوێنەرە دڵسۆزەکانی میللەتی ئێمە، ئومێدەوارین لە داهاتوو میزانیەکی باشترمان بۆ بێت و باشتر کار بکەین و زۆر تر لەسەری داکۆکی بکەین بۆ ئەوەی هیچ خەلەلێکی تیا نەبێت، پیرۆزبایی لە پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بە پەسەند کردنی بودجەکە، ئێستاش داوا لە ڕێزدار وەزیری دارایی دەکەین کە ئەگەر گوتنێکی هەبێت کەرەمکات فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز جەنابی کاك فرست، بەڕێزان هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی خۆشەویست، زۆر زۆر سوپاسی پەرلەمان دەکەین، ئێمە وەکو حکومەت بۆ ئەو هاوکاری کردنەی، بەو ڕەخنانەی کە لێمانتان گرت، بۆ ئەو هەڵانەی کە تیایدا دەست نیشان کرا بۆ چاککردنەوەی، بۆ ئەو هەموو تەوجیهاتانەی کە پێمان درا، انشالله ئێمە ئەوانە هەمووی بە نەزەر ئیعتبار وەردەگرین و ئیلزامیشین بەوەی هەموو ئەو کەموکوڕیانە ئەگەر بینیمان تیایدا هەبێ و تەوجیهاتەکانی بەڕێزتان انشالله هەمووی وەکو خۆی و بە ئەمانەت جێ بەجێ دەکەین، دووبارە زۆر زۆر سوپاستان دەکەم، یاخوا خوا مۆفەقتان بکات هەمووتان بە تایبەتی لیژنەکان کە زۆر لەگەڵماندا ماندووبوون، سوپاستان دەکەم.